هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 36

سالی/ 2006 – بەرگی سی و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالی 2007

له بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی (2006)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
بەرگی: 36
چاپی یەکەم: 2007
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرِیست


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممــە 2006/1/21 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/1/24 ل15

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/2/22 ل55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/3/9 ل87

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/3/16 ل102

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/3/29 ل133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/3/30 ل182

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/4/3 ل221

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – هەینی 2006/4/14 ل323

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/5/7 ل359

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/6/4 ل388

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/6/19 ل404

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/6/20 ل4117

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/6/21 ل420

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/6/26 ل428

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/6/29 ل 431

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/7/2 ل472

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/7/3 ل493

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/7/4 ل537

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/7/10 ل552

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/8/23 ل600

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**شەممە رێکەوتی 2006/1/21**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی 2006/1/21

کاتـژمێر (1,25)ی پـاش نیـوەڕۆ ڕۆژی شـەممە ڕێکـەوتی 2006/1/21 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بـەڕێز محمد قـادر عبـداللە جێگری سـەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(1)ی نائاسایی خـولی دووەمـی هەڵبـژارن, سـاڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگـە (1)ی مـاددەی (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە بڕگە (1) ی ماددە (20)ی پەیڕەوەکە و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردسـتان بـۆ دانیشـتنێکی نائاسایی بڕیـاردرا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنەکە لەسـەعات سـێ و بیسـت و پێـنج دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2006/1/21 ساز بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بەرچاوخسـتنی پێکهـاتنی تایبـەت بـە یەکگرتنـەوەی هـەردوو ئیدارەکـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان (هەولێر – سلێمانی).

2-ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, بەناوی گەلی کوردستان, بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان دەکەینـەوە, سـەرەتا, زۆر بـە گەرمی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم, لەپێش هەموویانەوە جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ, بـەڕێز کاك مەسعود بارزانی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان, جـەنابی زاڵمـای خـەلیلزاد بـاڵیۆزی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا, ولیـام بـاتی بـاڵیۆزی کۆمـاری چـینی میللـی, بێرنـارد بـاژۆلی بـاڵیۆزی فەرەنسا, کـازمی قـومی هەڵسووڕێنەری کاروبـاری باڵیۆزخانەی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران, د. ئـەیاد عـەللاوی, جێگـری سـکرتێری گشـتیی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان, لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی ی.ن. ك و سکرتێری مەکتـەبی سیاسـیی پـارتی و ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسیی هەردوولاو سکرتێرو لێپرسراوانی حزبـە کوردسـتانی و عێراقییـەکان. زۆر بـەخێر بـێن بەسەرچـاوان, هـەروەها بەخێرهاتنی بەڕێزان د. ڕۆژ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و هۆشیار زێباری و د. بەرهەم دەکەم.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە بریتییە لە:

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگـە (1)ی مـاددەی (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە بڕگە (1) ی ماددە (20)ی پەیڕەوەکە و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردسـتان بـۆ دانیشـتنێکی نائاسایی بڕیـاردرا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنەکە لەسـەعات سـێ و بیسـت و پێـنج دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2006/1/21 ساز بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بەرچاوخسـتنی پێکهـاتنی تایبـەت بـە یەکگرتنـەوەی هـەردوو ئیدارەکـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان (هەولێر – سلێمانی).

2-ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

بـەڕێزان بـەر لـەوەی دەقـی ڕێککەوتنامەکـە بخوێندرێتـەوە, حـەز دەکـەم ئامـاژە بـەوە بـدەم, کـە ئـەم ڕێککەوتنـە پـاش چـەندین کۆبوونـەوەی یـەك لەدوایـەك لـەنێوان هـەردوو مەکتـەبی سیاسـیی ی . ن. ك و پ.د.ك وەکـو خـاڵێکی گرنگـی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن, کە لەلایەن هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کـاك مەسـعود – ەوە ئیمـزا کرابـوو, هـەنگاوێکی زۆر جێبەجێکران, بەڵام ئەم هەنگاوە ئینشائەڵلا کۆتاییە, سەرکەوتنێکی گەورەیە, دەستکەوتێکی تری گـەورەی گەلەکەمانـە, ئاواتێکی ترە کـە دێتـە دی, ئینشاڵلا بـەو ڕێککەوتنـە ئاواتـەکانی تـریش دێنـە دی, چـونکە ئـەم ڕێککەوتنـە هـەنگاوێکی کاریگـەر دەبێـت بـۆ بەیاسـاییکردن و بـە دامـەزراوەییکردنی دەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان. هـەروەها

جێبەجێکردنی ماددەی (58) کەبووەتە ماددەی (136) لەدەستووری عێراقدا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بۆ ئەوەی کاریگەرانە گەلی کوردستان بەشداریی لەبنیاتنانەوە و دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی فیدراڵدا بکات, چونکە بەم هەنگاوە دەتوانین کاریگەرتربین لە دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵدا.

دیارە ئەم ڕێککەوتنە پاش ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە, بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود ئیمزای دەکەن و وتەی خۆیانتان پێشکەشدەکەن, بەڵام چەند یاسایەك هەیە کە پێویستە هەموار بکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

بڕیار بوو برگەی دووەم کە وەکو باسمانکرد ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لێرەدا دەستنیشان بکرێت, بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتنەدا, چەند یاسایەك هەیە پێویستی بەهەموار کردنە, لەوانە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران, کە پێویستە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت, بەو پێیەی کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە, دەستنیشانکردنی سەرۆك و جێگرەکەی چەند رۆژێك دوادەکەوێت تا سەرەتای هەفتەی داهاتوو, کە ئەو دوو یاسایە لەناو پەرلەماندا هەموار دەکرێن و ئینجا رادەگەیەندرێن و داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە تەکلیفیان بکات و لەو ماوە دیاریکراوەدا حکومەت رابگەیەندرێت, هەر بۆیە لە هەفتەی داهاتوودا ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی داواکاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانتان پێشکەش دەکەین, سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم, پاشان دەقی ڕێککەوتنامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە, ئێستا دەقی داواکاریەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بابەت/ پەسند کردنی ڕێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان**

سڵاو ڕێز

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, پڕۆژەی ڕێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستانتان پێشکەش دەکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە نێو بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن, بۆ پەسند کردنی لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامانەی کە ئیمزایان کردووە

د. ناصح غفور رمضان, خورشید شێرە, شێخ الله ابراهیم, جعفر مصطفی معروف, عزالدین سلیم, احسان عبدالله قاسم, سالم محمد علی, حاتم حمە جان, اخر شێخ جمال, فتاح نقشبندی, سردار هرکی, کریم بحری برادۆستی, رشاد احمد, شێروان حیدری, طارق جامباز, عونی بزاز, عبدالکریم ابوبکر هەمەوەند.

بەڕێزان ئێستا دەقی ڕێککەوتننامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

ڕێککەوتنامەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان, ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ئەوە دەخوازێ کە ڕۆڵەکانی یەکدەست و یەکڕیز, وزەو توانای خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگوچەڵەمەکانی ئەم دۆخە هەستیار و چارەنووسسازەی کوردستان و عێراق, زیاتر یەکبخەن, بۆ ئەوەی:

1-قۆناغی نوێی دیموکراسی و فیدراڵییەت سەرکەوتووانە ببڕن.

2-بۆ مسۆگەر کردنی دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان و هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی, بە چەسپاندن و جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی راستەقینە.

3-لەپێناوی گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگارو مەخمورو ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە بۆ ئامێزی کوردستان.

4-هەروەها بۆ پەرەپێدان و گەشە کردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و باشتر جێگیرکردنی ئارامی و ئازادییەکان و چەسپاندن و یەکخستنەوەی یەکجارەکی حکومەتیی هەرێمی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان, بە پێی بنەماکانی شەراکەت وتەوافوق و تەحکیم و هاوسەنگی, ڕێککەوتن لەسەر:

یەکەم: پۆستی نوێ بەناوی جێگری سەرۆکی هەرێم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دەستنیشان بکرێت, کە لەهەمان کاتدا دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کەلەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی, لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پێکەوە دەستنیشان دەکرێن و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی هاوبەش تەکلیف دەکرێن و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوی کابینەکە پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

سێیەم: سەرۆکی پەرلەمان لەیەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت, تاکو هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2007, بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارتی ویەکێتیی بەیەك لیست, وەکویەك بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن و ئەو کاتەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پارتی وەریدەگرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش یەکێتیی وەریدەگرێت, ئەمە بۆ دوو ساڵ, پاش ئەوە پارتی و یەکێتی جێگۆڕکێ بە پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەنەوە.

ئەگەر هاتوو لە کۆتایی ساڵی 2007 هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا و پێشبینی ئەوە کرا کە هەڵبژاردن دوادەکەوێت, ئەوا جێگۆڕکێ بە هەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت.

چوارەم: هەر کوتلەیەکی وەزاری یەکێتی و پارتی, ئەگەر لە کابینەی هاوبەش کشایەوە, ئەوا کابینەکە بەدەستلەکارکێشاوە (مستقیل) دەژمێردرێت.

پێنجەم: پۆستی وەزارەتەکان, بەم شێوەیە دابەشدەکرێن:

أ-وەزارەتەکانی (ناوخۆ, داد, پەروەردە, تەندروستی, کاروباری کۆمەڵایەتی, ئەوقاف, سەرچاوەی ئاو, گواستنەوە, ئاوەدانکردنەوە, پلاندانان, مافی مرۆڤ) بۆ یەکێتیی نیشتمانیی دەبن.

ب-وەزارەتەکانی (دارایی, پێشمەرگە, خوێندنی باڵا, کشتوکاڵ, شەهیدان, ڕۆشنبیریی, کارەبا, سەرچاوەی سروشتی, شارەوانی, وەرزش و لاوان, وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن.

ج-وەزارەتەکانی تر دەدرێن بە پارتە کوردستانییەکانی تر.

د-وەزارەتەکانی دارایی, پێشمەرگە, دادو ناوخۆ, لەماوەی کەمتر لەیەك ساڵ یەك بگرنەوە.

ئەم چوار وەزارەتە, تاکو یەکگرتنەوەیان بۆ هەر وەزارەتێك وەزیرێك و وەزیرێکی هەرێم دەبێت بۆ کاروباری وەزارەتی تایبەتمەند, هەریەکە و بۆ بەشی ئەو وەزارەتەی کە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە.

شەشەم: بودجەی ساڵی 2006 وەکو بڕیاری لێدراوە, بەڕێوە دەچێت, بەڵام بەشی بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم, پەرلەمان, ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی دادوەریی و هەر بابەتێکی دیکەی هاوبەش, لەهەر لایەك وەك یەك جیادەکرێنەوە.

پاشان بۆ ساڵانی داهاتوو, بودجەی هەرێمی کوردستان, دوای وەرگرتنی لەلایەن حکومەتی یەکگرتووی هەرێمەوە, پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و دوای پەسند کردنی, بۆ ناوچە جیا جیاکان, بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان و بەپێی ڕێککەوتن لەناو حکومەتی یەکگرتوودا. تەرخان دەکرێت.

حەوتەم: دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵا لە ژێر چاودێریی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ بەدامودەزگاییکردنی( مؤسسات) و یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان لەماوەی دوو ساڵدا، وەکو دامودەزگای یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، دوور لەبنەمای حزبایەتی.

دوای دەستبەکاربوونی حکومەتی یەکگرتوو، لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا (هەولێر) خولێکی تایبەتی بۆ دەرچووانی زانکۆکان، بەمەبەستی دامەزراندنیان لەئاسایشی پارێزگاکان وەك هەنگاوی یەکەم بگرێتەوە، لە پێناوی یەکخستنەوە و دامەزراندنەوەی ئەم دەزگا گرنگانەی گەلەکەمان.

هەشتەم: نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەدا، بەپێی رێککەوتنی هەردوولا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی، دادەنرێن.

نۆیەم: لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا، لیژنەیەکی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ چارەسەر کردنی گرفت وکێشەکان، دادەمەزرێت.

دەیەم: هەردوولا، بەڕێز مام جەلال، بۆ پۆستی سیادی حکومەتی فیدراڵی عێراق کاندید دەکەن.

| | |
|---|---|
| مەسعود بارزانی | جەلال تاڵەبانی |
| سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان | سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 21/کانوونی دووەم/2006 | 21/کانوونی دووەم/2006 |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بڕیار وابوو بڕگەی دووەم کە وەکو باسمان کرد ناوزەدکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی وەزیران لێرەدا دەستنیشان بکرێت، بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو رێککەوتننامەیە کە ئێستا بۆتان خوێندرایەوە، چەند یاسایەك هەیە پێویستی بە تەعدیلە، لەوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یاسای ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەوەش پێویست دەکات گۆڕانکاری تێدا بکرێت و بەو پێیەی کە لەو رێککەوتننامەیە داهاتووە، بۆیە دەستنیشان کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك چەند رۆژێك دوا دەکەوێت تاکو هەفتەی داهاتوو لەپەرلەمان ئەو یاسایە تەعدیل دەکرێت، ئینجا ئیعلان دەکرێت و داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین کە تەکلیفیان بکات لەو ماوەیە دیاریکراوەدا حکومەت ئیعلان بکرێت، بۆیە کە لەتەلەفزیۆن ئیعلان دەکرێت لە هەفتەی داهاتوو ئەم کۆبوونەوەیە دەکرێت، داوا لە جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مسعود دەکەین بفەرموون ئیمزای بکەن.

ئەگەر ئیجازەم بدەن دوو کەلیمە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بڵێم، ئەم رێککەوتننامەیە نێوان دوو هێزی سەرەکی هەرێمی کوردستانە کە زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستاندا، بە پێی یاسا ئەم رێککەوتنە خوێنراوەتەوە وەکو رێککەوتننامەی واشنتۆن کە لە پەرلەماندا ئیقرار کرا، ئەمەش بۆ ئەوەی مەعنەویەن و قانونیەن وجەماوەریشمان داوا دەکات کە پەرلەمان ببێتە رەقیب، چاودێر بەسەر جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە، بۆیە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم هەمووی، لەبەر ئەوەی نەمانخوێندەوە بڕگە بە بڕگە، چونکە ئەمە یاسا نییە، وەکو وەسیقەیەکە پێویستی بە تەصدیق کردن هەیە، وەسیقەکە لە پەرلەماندا دەمێنێت، لەبەر رۆشنایی ئەمە پەرلەمان شاهیدە لەسەر ئەوە بۆ جێبەجێ کردنی، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم پشتگیری لەمە بکەن و ئەوەی پێی باشە دەستی بەرزبکاتەوە، سوپاس، ئەگەر کەسێك دژی ئەم رێککەوتنەیە با دەستی بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس. کەواتە بە کۆی دەنگ وەرگیرا. داوا لەسەرۆکی کۆماری عێراق دەکەین کە بفەرمێ دوو قسە بۆمان بکات و پاشانیش جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش قسەی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، فەرموو.

**وتاری بەڕێز مام جلال/ سەرۆکی کۆماری عێراق:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

السيد رئيس اقليم كردستان العراق الاخ العزيز كاك مسعود البارزاني الموقر.
السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني السيد عدنان المفتي المحترم.
والاخ الدكتور علاوي المحترم.
السادة السفراء والضيوف الكرام.

ايها الجمع الكريم:

احييكم اجمل تحية في هذه المناسبة التاريخية المجيدة, مناسبة توحيد ادارتي الاقليم في حكومة واحدة لاقليم كوردستان العراق. لقد دل هذا الحدث التاريخي الهام على استجابة القيادة الكوردستانية عموماً و قيادتي الاتحاد الوطني الكوردستاني والحزب الديمقراطي الكوردستاني خصوصا لنداء و رغبات جماهير كوردستان و تطلعاتها المشروعة نحو الوحدة الوطنية وحكم القانون والشرعية في اقليم كوردستان اولاً و على نضج القيادتين وادراكهما لمسؤوليتهما الوطنية و وعيهما بالشعور الوطني الذي يضع مصالح الشعب فوق المصالح الحزبية والمحلية الضيقة ثانياً, وعلى تحقيق الوعود التي قطعتها القيادتان لجماهير كوردستان العراق ثالثا.

ولاريب ان هذا الانجاز الكبير سيخدم العراق ومسيرة شعبه الديمقراطية والسياسية ويحصن كوردستان العراق التي غدت قاعدة صلبة للديمقراطية والوحدة الوطنية والتوافق الوطني كما يعطي مثالاً حياً لكيفية حل القضايا المستعصية بالصبر والتأني والتروي و التوافق والمشاركة الاخوية في عراقنا الجديد, ولذلك يحق لنا ان نعتبر هذا الانجاز الهام تحقيقا لمصالح وطننا العراقي والوحدة الوطنية الشاملة, مثلما يحق للقيادة الكوردستانية ان تفخر بانها ليست جزءاً من مشاكل العراق, بل جزءاً وطرفا هاما في حل هذه المشاكل باعطاء الامثلة و النموذج من جهة ومن جهة ثانية بالعمل الجاد كقاسم مشترك بين المكونات الاساسية وسائر المجموعات القومية والمذهبية, من أجل تحقيق الوحدة الوطنية القائمة على اسس حق المواطنة المتساوية والديمقراطية والفدرالية ومشاركة الجميع في حكم البلاد.

ويقينا فان هذا الانجاز الهام وسائر مكتسبات الشعب العراقي الابي لم يكن يتحقق لولا تحرير العراق من ابشع دكتاتورية مجرمة تسلطت على رقاب الشعب بقوة النار والحديد, دكتاتورية آثمة تركت وراءها الدمار والخراب والمقابر الجماعية التي تضم مئات الالوف من الموطنين المسالمين من الكورد والعرب و التركمان.

وكان نصيب الشعب الكوردي من آثامه استعمال الاسلحة الكيمياوية في حلبجة و قرداغ وخوشناو و مركة وآلان وحملة ما سميت بالانفال, التي ذهب ضحيتها اكثر من مائة وثمانين الف مواطن كوردستاني مسالم من النساء والرجال والشيوخ والشباب والاطفال والرضع.

لذلك حق علينا واجب تقديم الشكر لدول وقوات التحالف التي اسهمت في تحرير العراق وقبلها اسهمت في ايجاد الملاذ الآمن لشعب كوردستان وفي عودة مئات الالوف من الكورد المشردين الى ديارهم, الذين لولا المساعدة الانسانية الايرانية والتركية المشكورة لهلك عشرات الالوف منهم, ثم توفير الامكانيات اللازمة لاجراء اول انتخابات حرة في كوردستان انبثقت عنهاحكومة اقليم كوردسـتان مما ادى الى ازدهار كوردستان العراق و تقدمها الثقافي والاجتماعي والتجاري خاصة بعد تحرير العراق.

وبذلك ابطلت المقولة القديمة بان لا ملاذ لشعب كوردستان الا جبالها فها هو اليوم ينعم شعب كوردستان (وكذلك سائر الشعب العراقي) بصداقة ومساندة تمتدان من الصين واليابان وكوريا مروراً باوروبا وبريطانيا وصولا الى الولايات المتحدة الامريكية.

فلهم جميعاً الشكر الجزيل والعرفان بالجميل مع التمني عليهم جميعاً بمساندة الشعب العراقي اكثر فاكثر حتى يتم القضاء على آثار الدكتاتورية والدمار والارهاب والتأخر الاقتصادي والحضاري في بلد كان يوماً ما مهد الحضارات الانسانية.

والسلام عليكم ورحمة الله و بركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆك مام جلال سەرۆکی کۆماری عێراق بۆ ئەو وتە بە نرخەی, ئێستاش داوا لە جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە وتەکەی ببەخشێت.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی برای بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ دەکەم, هەروەها بەخێرهاتنێکی گەرمی برای بەڕێز جەنابی د. ئەیاد عەلاوی دەکەم, باڵیۆزە بەڕێزەکان.

بەڕێز زەڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و باڵیۆز ولیەم پێت باڵیۆزی بەریتانیا و باڵیۆز لی هوان شی باڵیۆزی چین و باڵیۆز بێرناند باڵیۆزی فەرەنسا و ئاغای کازیمی قومی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران, هەروەها بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەین.

لەم رۆژە مێژووییەدا جێگەی شانازییە بۆ هەموو ئەو برایانەی کە رۆڵیان لە دروست کردنی ئەم رۆژەدا بینی, رۆژێکە کە ساڵەهای ساڵە گەلی کوردستان و هەموو دۆستەکانی چاوەڕوانی بوون و بەتەمای بوون, چەند ساڵ پێش ئەمڕۆ دیسان لەم شوێنە و لەبەردەمی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە گوتم: هەر رۆژێك بگاتە ئەوەی بەرژەوەندی حزبی, من دڵنیام پارتی و یەکێتی هەردووکیان بەرژەوەندی نەتەوەیی هەڵدەبژێرن, پێش هەڵبژاردنی ئەمجارەش زۆر بەڵێنمان بە جەماوەری کوردستان و دۆستەکانیشتمان دا, کە دوای هەڵبژاردن لەگەڵ جەنابی مام جەلال و سەرکردایەتی هەردوو حزب, یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بە هیمەت و هاوکاری هەموو هاوپەیمانی ترمان هەموو جهودمان دەخەینە کارو تەرکیز دەکەینە سەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, سوپاس بۆ خوای گەورە ئەمڕۆ ئەوە بوو بە واقیع و ئەوەتە هاتە دی.

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 کە بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان و سوپاسیان دەکەین, دەرفەتێکی تازە هاتە پێش, دەرفەتی بونیادنانی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فرە حزبی, کە بەشی زۆری لەوقوربانیانەی کە دامان وەکو گەلی کوردستان بۆ هێنانەدی عێراقێکی فیدراڵ بوو, هەتا رۆژی کە شۆڕشی گەورەی گەلی کوردستان, شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد, دروشمی ناوەندیمان دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو ئەوسا لە 1961. مانای ئەوەیە بەبێ ئەوەی کە عێراق عێراقێکی دیموکراتی بێت نە کێشەی گەلی کوردستان و نە هیچ کێشەیەکی تر لە عێراق چارەسەر ناکرێ, ئەمڕۆش ئەو دەرفەتە هاتۆتە پێش, دیسان بۆ ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان جێگەی شانازییە کە رۆڵێکی سەرەکیمان بینیوە و لەمەودواش دەیبینین لە دامەزراندنی ئەو عێراقە فیدراڵیەدا.

رۆژێك کە تەکلیف لە من کرا بۆ وەرگرتنی مەسئولیەتی سەرۆکایەتی هەرێم, پێم وابووە کە مومکینە بتوانین خزمەتێك بەم گەلە بکەین, هەروەها بە عێراقیش. بۆیە ئەم مەسئولیەتەمان وەرگرت و مەبەستی سەرەکیش بۆ ئەوەبوو کە ئێمە دامەزراوەیی بین و ببین بە نموونە بۆ عێراق و زۆر شوێنی تریش, بەراستی لەلای من گرنگ نییە کێ کام پۆست وەردەگرێ, گرنگ ئەوەیە ئێمە بەرەو دامەزراندنی دامەزراوەیی ببات.

ئێستا شێوەی خەبات گۆڕاوە, ئێستا خەباتێکی مەدەنی, سیاسی و دەستوورییە, زەمانی خەباتی چەکداری تەواو بوو, لێرەدا من دەمەوێ پڕ بەدڵ سوپاسی پارتی ویەکێتی وهەموو پێشمەرگە قارەمان و کادیرەکانیان و هەروەها حزبە هاوپەیمانەکانی کوردستانی بکەم بۆ هەموو ئەو قوربانیانەی داویانە لەکاتی خەباتی چەکداریدا, بەڵام ئەمڕۆ دەبێ ئەو هەقیقەتە لەبەرچاوی هەموومان بێت کە دونیا گۆڕاوە وشێوەی خەباتیش گۆڕاوە, داواشم بە تایبەتی لە یەکێتی و پارتی ئەوەیە, هەروەها پێشبینیشم ئەوەیە چۆن پێشڕەو بوون لە پێشکەش کردنی قوربانیدان, لە پێشکەش کردنی قوربانیدان, لە پێشکەش کردنی هەرچ قوربانییەك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشڕەو بن, چونکە بەبێ ئەوە ئێمە ناتوانین ئەو ئامانجە سەرەکیانەی کە هەمانە جێبەجێیان بکەین.

ئومێدەوارم هەردوو حزب ببنە نموونە بۆ حزبەکانی تریش, ببن بە حزبی مەدەنی و بەهیچ شێوەیەك تەدەخول لە ئیشوکاری حکوومەت نەکەن, بەڵکو پشتیوانی لێ بکەن, لەمەودوا دەبێ زۆر زیاتر شەفافیەت هەبێت, بودجە دێت بۆ پەرلەمان و هەموو شت بە پلان و بە عەدالەت بێت لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد, هەروەها دەرفەت بۆ هەموو خەڵکێك بکرێتەوە, دەبێ هەموو لایەك هەوڵ بدەین, بڕوا بەهێز بکەین لەنێوان جەماوەر و حکوومەتی هەرێم, راسپاردەی من بۆ هەردوو بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی ئەوەیە هەموو ئەو برایانەی لە کابینە بەشدار دەبن, دەبێ یەکێك لەو دووانە هەڵبژێرن یا مەسئولیەت یا بازرگانی, نابێ هەردووکی پێکەوە بگرێ.

مەسەلەی ئازادی مەسەلەیەکی مەبدەئیە, دەبێ جەماوەر و تاکە فەردیش هەموویان لە دەربڕینی رای خۆیاندا ئازاد بن, بەڵام دیسان دەبێ لە چوارچێوەی یاسادا بێت, دەربڕینی را یا ناڕازیبوون ئەوە نییە جێگە بسووتێنی و تاڵان بکەیت و تەجاوزی سەر مافی خەڵکی تر بکەیت, ئەو فەرهەنگە پیسە دەبێ نەیەتە کوردستان, بەشێوەیەکی شارستانیانە دەتوانی

گوزارش له رای خۆت بکەیت و هیچ هێزێك ناتوانێ و ناشبێ رێگە له هیچ خەلکێکی کوردستان بگرێ له دەربڕینی رای خۆی، بەلام هیچ کەسێکیش بۆی نییە بە توند و تیژی و بە فەوزا رای خۆی دەربڕێ، دەبێ هەموومان رێز له یاسا بگرین و دەبێ یاسا حاکم بێ.

من لێرەدا زیاتر ئەو قسەیەم ئاراستەی برایانی یەکێتی و پارتی دەکەم، من زۆر چاك دەزانم ئەو رۆژەی کە سوێندم خوارد چ ئیلتیزاماتێك کەوتە سەرشانم، بۆ من و بۆ ئێوەش ئەمڕۆ زیاتر ئەوە گرنگە کە دەتوانین چ بۆ کوردستان بکەین، ئەو قوربانیەی کە داوتانە له پێناوی کوردستان و له پێناوی عێراقی فیدرالی دیموکراتیدا بووە. ئەگەر چ لەناو پارتی یا لەناو یەکێتی کەسێك هەبێت تەسەوری وابێت بە ناتەبایی دەتوانین شتێك بکەین، بەداخەوە زۆر لەو رێگایانەش تەجروبە کران و له ئاکامدا هەمووومان گەڕاینەوە بۆ رێگەی برایەتی و تەبایی و هاوکاری، چونکە رێگەی راست تەنها ئەوەیە، لەبەر ئەوە تەنها مەرجی سەرکەوتن، تەنها مەرجی بەدەستهێنانی گەورەتر بۆ گەلەکەمان ئەوەیە تەبا بین و پێکەوە بین، هەم پارتی و یەکێتی هەم لەگەڵ حزبەکانی هاوپەیمان.

بۆیە من دلنیای هەموو ئەو برایانە دەکەم و پەیمانیش بەگەلی کوردستان دەدەم، کە من وەکو برایەك بۆ هەموو لایەك وەکو یەك دەبم، هیچ فەرق و جیاوازیەك نابێ، پێشی هەڵبژاردن چەند جار لەگەڵ رێکخراوە جەماوەرییەکان دانیشتم، یەکێتی قوتابیان و کۆمەڵەی خوێندکاران هاتن و گوتم: وشەی دوایی لای من گرنگە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان یا یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئەو کوردستانییە لای من گرنگە، ئەویتر کۆمەلە یا خوێندکار یا قوتابی، ئەوە کەیفی خۆتانە.

تەنها خالێك کە من تا ئێستاش بەرامبەری هەست بە ئیحراجێکی گەورە دەکەم، کەسوکاری قوربانیانی شەڕی ناوخۆیە، بەراستی دەبێ ئێمە ئەو گرییەش لای خۆیان و لای خۆشمان نەمێنێ، من جارێکی تریش لێرە دووبارە داوای لێبوردنیان لێدەکەم، تەنها ئەوانەن من هەست دەکەم پێویستیان بەوەیە مرۆڤ داوای لێبوردنیان لێ بکات.

لەبارەی دابەشکردنی دەسەلات، ئەوەلەن دەسەلاتی موتلەق، بێگومان گەندەڵی دروست دەکات، لەبەر ئەوە دەبێ دەسەلات دابەش بکرێ و شەفافیەت لەهەموو شتێکدا هەبێت، دەبێ بە پێی میزاج حوکم نەدرێ، دەبێ لەهەموو شوێنێ، بەپێی یاسا حوکم بدرێ، ئەم یەکگرتنە زۆر گرنگە بەراشکاوی دەڵێم: ئەگەر پارتی و یەکێتی بە بڕواو تەبایی و برایەتیەوە بەرەو دامەزراندنی دامەزراوەیی نەچن و نەبن بە حزبی مەدەنی باوەڕ بکەن من زۆر خۆشبین نابم، من دەترسم ئەنجامەکەی خراپتر بێت، لەبەر ئەوە داوا له میللەت و پەرلەمانیش دەکەم، ئێوە رێگە نەدەن، ئەگەر رۆژێك له رۆژان تەماشا بکەن بەرەو ئەوە دەچێ کە ئەو تەباییە بچووکترین خەلەلی لێ دروست دەبێت، بەراستی دەبێ ئێوە رێگە نەدەن، چونکە ئەگەر تەبا نەبن و پێکەوە نەبن، باشترە تۆزێك لێك دووربن، بێگومان لێك دووربوونەکەش هەمووومان دەزانین مەساوی چەندە و چەند بە زیانی ئێمە تەواو دەبێت، ئەم یەکگرتنە سەرکەوتنی هەرە گەورەی لەوەدایە کە پارچەکانی تری رزگارکراوی کوردستان بە ئاسانی دێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەمە نەبا بەهانەیەکی بەهێز بوو بەدەست هەر کەسێك بیویستبا کۆسپ لە رێگەی گەڕانەوەی شوێنەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بکات.

لێرەدا من دەمەوێ دلنیا بوونێکی تەواو بدەم بە برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری کە کوردستان وڵاتی هەمووومانە و برای یەکین، هەموو مافەکانیان دابین کراوەو دابین دەکرێ، هەروەها دلنیاین کە وەکو برا پێکەوە دەبین لەم وڵاتەدا.

هەروەها پەرلەمانیش دەبێ بەڕاستی وبەتەواوەتی رۆڵی خۆی ببینێ، هەر وەکو هەمیشە کورد رۆڵی خۆی بینیوە، له بونیادنانی عێراقی فیدرال لەمەودواش رۆڵی خۆی دەبینێ، پێشم وایە دوای ئیعلانی ئەنجامی هەڵبژاردن، هەرچەندە من پێموایە دەسکاری کراوە و لەمەشدا هەندێ غەدر له ئێمە کراوە وەکو خەلکی کوردستان، بەلام دەبێ ئێمە رۆڵی ئیجابی خۆمان هەر ببینین و دەبێ لەسەنگەری دژی تیرۆردابین و تا رزگارکردنی عێراق له تیرۆر و تیرۆریستان دەبێ کۆڵ نەدەین و کۆڵیش نادەین، من لێرەدا دەمەوێ سوپاسی جهودی برای بەڕێزم جەنابی مام جەلال بکەم، هەروەها جارێکی تریش سوپاسی هەوڵ و تەقەلای هەردوو سەرکردایەتی و هەموو دۆستانی گەلەکەمان دەکەم کەگەیشتینە ئەم

ڕێککەوتنە مێژووییە و جارێکی تریش سوپاستان دەکەم و بەخێرهاتنی هەموو مێوانە بەڕێزەکان دەکەم و سەلام و عەلێکم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی وتاری بەڕێز کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین, هەردوو وتارەکە تەعبیرە لە ئیرادەی گەلەکەمان دەکات بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی, ئینشاڵڵا سەرکەوتوو دەبێ و هەموو جێبەجێ دەکرێن, بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین, زۆر سوپاسی ماندووبونتان دەکەین و هەر بژین.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**سێ شەممە رێکەوتی 2006/1/24**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی

## سێ شەممە رێكەوتی 2006/1/24

كاتژمێر (1,25)ی پاش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/1/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە یەكی مادده شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، و بەپێی برگە یەكی مادده بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی، بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (1,25)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/1/24 دا ساز بدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراوی هەرێم و، گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و، گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی (2)ی نائاسایی دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كار: پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق و بەپێی برگە (1)ی مادده (20)ی پەیڕەوەكە و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی، بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە كات (1,25)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/1/24دا ساز بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراوی هەرێم و، گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و، گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بفەرموون بۆ خوێندنەوەی هەردوو پێشنیازەكە، پێش هەموو شتێك داوای لێبوردن دەكەم لە دواكەوتنی دەست پێ كردنی كارەكانمان، لەبەر هۆی فەنی و تەكنیكی صیاغە كردن و تەرجومە كردنی، لە یەكە یەكەتان داوای لێبوردن دەكەم، ئینشائەڵلا هەموو جار هەوڵیش دەدەین و وەعدیش دەدەین دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمانتان پێشکەش دەکەین, سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (1992) یاسای ئەنجومەنی وەزیران.

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

**ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواکارییە, پرۆژەی یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992) پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن.**

**لەگەڵ ڕێزماندا**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:

1-شێروان حەیدەری.

2-عەونی بەزاز.

3-عەبدولکەریم هەماوەند.

4-طارق جامباز.

5- کەریم بەحری برادۆستی.

6- -خەلیل ئیبراهیم.

7-د. ناصح غەفور رمضان.

8-جەمال محمد قاسم.

9-رەشاد ئەحمەد.

10- سەردار هەرکی.

11-خەمان زرار.

12-مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵلا.

13-شیرین عەبدوڵرەحمان.

14-د. شوکریە رەسول.

15-فخریە مستەفا محەمەد.

16-شوکری نێرۆیی.

17-احسان عەبدوڵلا.

18-خورشید شێرە.

ئێستاش برای بەڕێزم کاك عەبدولکەریم پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خودای گەورەو دلۆڤان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

پشت به بڕگەی (1) لە ماددەی (56)و مادده (53)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / /2006 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2006

## یاسای هەموار کردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق

## ژمارە (3) بۆ ساڵی 1992ی هەموار کراو

**ماددەی یەکەم:**

1-ئەو بەدەرکردنەی (الاستثناء) لە هەموار کردنی یەکەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی هەموار کراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

2-مەرجە ئەو کەسەی بۆ پۆستی بریکاری وەزارەت دادەنرێت بەلای کەم هەلگری بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆ بێت.

**ماددەی دووەم:**

1-بڕگەی (1) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموار کردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت).

2-بڕگە (2) لە هەمان مادده هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت).

3-بڕگە (3) لە هەمان مادده هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە: أ-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات. ب-لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

4-بڕگە (2)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە, ( لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کار و فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (15) رۆژ و پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.

أ-ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:

1-وەزارەتی ناوخۆ.

2-وەزارەتی دارایی و ئابووری.

3-وەزارەتی داد.

4-وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

5-وەزارەتی گواستنەوە.

6-وەزارەتی پەروەردە.

7-وەزارەتی تەندروستی.

8-وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

9-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

10-وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکان.

11-وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

12-وەزارەتی پلاندانان.

13-وەزارەتی مافی مرۆڤ.

14-وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

15-وەزارەتی کشتوکاڵ.

16-وەزارەتی کاروباری شەهیدان.

17-وەزارەتی رۆشنبیری.

18-وەزارەتی کارەبا.

19-وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

20-وەزارەتی شارەوانی.

21-وەزارەتی وەرزش و لاوان.

22-وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

23-وەزارەتی بازرگانی.

24-وەزارەتی پیشەسازی.

25-وەزارەتی ژینگە.

26-وەزارەتی گەشت و گوزار.

27-وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

ماددەی چوارەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاَو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان-العراق

استنادا لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم (   ) لسنة 2006**

قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق

رقم (3) لسنة 1992 المعدل

المادة( الأولى):

1-يلغى الاستثناء الوارد في التعديل الاول للمادة الرابعة من قانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق المعدل حول شرط العمر.

2-يشترط في من يعين بمنصب وكيل وزارة أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الاقل.

المادة (الثانية):

1-تعدل الفقرة (1) من المادة الاولى من قانون التعديل الخامس لقانون مجلس الوزراء وتقرأ كالآتي:

(( يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونائِبه والوزراء))

2- تلغى الفقرة (2) منها وتحل محلها مايلي:- (( يكون لرئيس مجلس الوزراء نائب))

3- تلغى الفقرة (3) منها وتحل محلها مايلي:-

أ- لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه.

ب- في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نائبهُ.

4-تعدل الفقرة (2) من المادة ( السابعة) منه وتقرأ كالآتي:-

(( في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه نائبهُ لتمشية الامور لحين تسمية رئيس جديد خلال (15) خمسة عشر يوماً وتشكيل الوزارة الجديدة))

المادة ( الثالثة ):

تلغى المادة التاسعة من قانون مجلس وزراء الاقليم والتعديلات الجارية عليها وتحل محلها مايلي:-

أ- يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:-

1- وزارة الداخلية
2- وزارة المالية والاقتصاد
3- وزارة العدل
4- وزارة شوؤن البيْشمەرگە
5- وزارة النقل
6- وزارة التربية
7- وزارة الصحة
8- وزارة العمل والشوؤن الأجتماعية
9- وزارة الاوقاف والشوؤن الدينية
10-وزارة الموارد المائية
11- وزارة الأعمار والاسكان
12- وزارة التخطيط
13- وزارة حقوق الانسان
14- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
15- وزارة الزراعة

16- وزارة شوؤن الشهداء

17- وزارة الثقافة

18- وزارة الكهرباء

19- وزارة الثروات الطبيعية

20- وزارة البلديات

21- وزارة الرياضة والشباب

22- وزارة شوؤن المناطق خارج الأقليم

23- وزارة التجارة

24- وزارة الصناعة

25- وزارة البيئة

26- وزارة السياحة

27– وزارة الاتصالات

ب- يجوز أن يضم مجلس الوزراء وزراء أقليم

المادة ( الرابعة):

لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون.

المادة (الخامسة ):

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة ( السادسة ):

ينفذ هذا القانون إعتبارأمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان ئەگەر یاسایەكەی تریش بخوێنیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پێشنیاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانتان پێشكەش دەكەین, سەبارەت بە پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای سەرۆكایەتی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (1) ساڵی 2005.

بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

ب/ پرۆژەی یاسا

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواكارییە, پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2005) پێشكەش بە بەڕێزتان دەكەین, داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە ئیمزایان كردووە:

1-شێروان حەیدەری.

2-عەونی بەزاز.

3-عەبدولكەریم هەماوەند.

4-طارق جامباز.
5- کەریم بەحری برادۆست.
6-خەلیل ئیبراهیم.
7-د. ناصح غەفور رمضان.
8-جەمال محمد قاسم.
9-رەشاد ئەحمەد.
10- سەردار هەرکی.
11-خەمان زرار.
12-مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵلا.
13-نازناز محمد.
14-چنار سعد عبدالله.
15-د.شوکریە رەسول.
16-شیرین عبدالرحمان.
17-فخریە مستەفا.
18- عزەدین سەلیم.
19- احسان عەبدوڵلا.
20-چرۆ علی حمە ئەمین.
21- شوکری نێرۆیی.
22- خورشید شێرە.

ئێستاش برای بەڕێزم کاك عەبدولکەریم پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرموویت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا یاسای هەموار کردنی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە.

بەناوی خوادی گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پشت بە برگەی (1) لەمادەی (56) و مادە (53) ی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ولەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / / 2006 بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە( ) بۆ ساڵی 2006**

**یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق**

**ژمارە (1)بۆ ساڵی 2005**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) بۆ ساڵی 2005 هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**1**- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر بەخۆی سەرۆکی بالآی دەسەلآتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

**2**- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کەهاوکاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەلآتەکانی دا دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

**3**- سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەلآتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.

**ماددەی دووەم:**

برگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی یاسایەکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: ( دوای دەستنیشانکردنیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەك وەزیران و جێگرەکەی ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە)

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی ( یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.

(مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی چوارەم:**

هەردوو ماددەی سیانزدەم و چواردەمی یاساکە هەڵدەوەشێندرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلآو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**باسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

***المجلس الوطني لكوردستان العراق***

إستناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم (    ) لسنة 2006**

**قانون التعديل الأول لقانون رئاسة أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (1) لسنة 2005**

**المادة( الأولى):**

تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته.

**المادة (الثانية):**

تعدل الفقرة ( الثانية عشرة) من المادة ( العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:(تكليف رئيس الوزراء و نائبه بعد تسميتهما من قبل المجلس الوطني لكوردستان – العراق بتشكيل الوزارة وذلك خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ تكليفهما).

**المادة ( الثالثة ):**

تعدل المادة (الحادية عشرة) من القانون و تقرأ كالآتي:(يحدد راتب و مخصصات رئيس الاقليم ونائبه بقانون)

**المادة (الرابعة):**

تلغى المادة الثالثة عشرة و الرابعة عشرة من القانون.

**المادة ( الخامسة ):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون

**المادة (السادسة ):**

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم لە ماوەی دوو سەعات و چارەكێك بەم یاسایەدا بچنەوە موناقەشەی بكەن, رەئی خۆیان هەموو حازر بكەن, بۆ ئەوەی بتوانین دەرگای موناقەشە بكرێتەوە و بیكەین, بەلأم سەرنج بۆ شتێك رادەكێشم, ئەویش ئەوەیە ئێمە لە ئەساسدا پرۆژەكە بە زمانی عەرەبی نووسراوە, لەبەر ئەوە ئیعتیماد دەكرێت, چونكە مولاحەزم كردووە لە تەرجومە كردنیدا چەند هەڵەیەك هەبوو, تەعدیل كردن هەڵوەشاندنەوە نییە, بەڵكو هەموار كردنە, پێویستە ئەم وشەیە لە كوردیەكە بگۆڕێتن, هەروەها لە قانونی سەرۆكایەتی لە مادده یەكدا بە عەرەبیەكەی نووسراوە (يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته), ئەوەش كوردیەكەی وەكو عەرەبیەكەی لێ بكرێتەوە, سەعات چوار كۆ دەبینەوە, برگە بە برگە موناقەشەی دەكەین, ئینشائەڵلا تەواوی دەكەین, زۆر سوپاستان دەكەم, لێرەوە كۆتایی بە دانیشتنەكەوە دێنین تا سەعات چوار, زۆر سوپاس.

## دانیشتنی (2) پاش پشوو:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان تەواو دەكەین, ئەو مولاحەزەیەی كە دامان بۆ ئەوەی تەرجومە كوردیەكە چاك بكرێتەوە و ئێستاش چاك كراوەتەوە, ئەوە لە ژێر دەستتانداییە لەوانەیە نوسخەشی كەم بێت و پەیتا پەیتا بۆتان دێنین, لەبەر ئەوە ئەگەر ئیختیلافێكیش بوو لە نێوان هەردوو نەصە عەرەبیەكە وكوردیەكە دەگەڕێینەوە سەر عەرەبیەكە, فەرموو كاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست بە موناقەشە كردنی تەعدیلی قانونی ئەنجومەنی وەزیران دەكەین, پاشان دێینە سەر قانونی دووەم, بەنیسبەت قانونی تەعدیلی ئەنجومەنی وەزیران ئێستا برای بەڕێزم كاك كریم دیباجەكە دەخوێنێتەوە بە كوردی

لەگەڵ ماددە یەك, پاشان كاك عەونی دیباجەكە و ماددە یەك دەخوێنێتەوە بە عەرەبی, ئێمە ماددە بە ماددە رای خۆمان دەدەین و پاش ئەوە دەچینە ناو گفتوگۆ و موناقەشە كردنی پرۆژەكە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەناوی خودای گەورەو دڵۆڤان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق**

پشت بە بڕگەی (1) لە ماددەی (56)و ماددە (53)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / /2006 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2006**

**یاسای هەموار كردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**ژمارە (3) بۆ ساڵی 1992ی هەموار كراو**

**ماددەی یەكەم:**

1-ئەو بەدەركردنەی (الاستثناء) لە هەموار كردنی یەكەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی هەموار كراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

2-مەرجە ئەو كەسەی بۆ پۆستی بریكاری وەزارەت دادەنرێت بەلای كەم هەڵگری بڕوانامەیەكی سەرەتایی زانكۆ بێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان-العراق

استنادا لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (3) لسنة 1992 المعدل**

**المادة( الأولى):**

1-يلغى الاستثناء الوارد في التعديل الاول للمادة الرابعة من قانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق المعدل حول شرط العمر.

2-يشترط في من يعين بمنصب وكيل وزارة أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الاقل.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشتر تەوزیحێك دەدەم, دوایی رای لیژنەی قانونی لەسەر ماددەكە دەدەم, بەنیسبەت تەوزیحەكە بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وێنەیەكی ئاشكرایان هەبێ لەو تەعدیلە, تەعدیلی رەقەم یەك كرا لەسەر قانونی ئەنجومەنی وەزیران كاتی خۆی كە تەمەنی وەزیر وەكو تەمەنی ئەندامی پەرلەمان بوو كە (30) ساڵ بوو, بەڵام تەعدیلی بەسەر داهات بووە (21) ساڵ, ئێستا ئەو ئیستیسنایە لادەدەین, وەزیر بە هەمان تەمەنی ئەندامی پەرلەمان دەبێت كە (30)

سالْ كەمتر نەبێت, ئەمە بەنیسبەت فەقەرە یەك, فەقەرەی دووش وا ئیتیفاق كرا كە ئەوەی تەعین دەكرێ بە مەنصەبی وەكیل وەزارە ئەبێ شەهادەیەكی جامیعی ئەوەلی هەبێت, وصیغەكەش وەكیل وەزیر نییە, بەڵكو وەكیل وەزارەیە, تێبینی لیژنەی قانونی تەنها ئەوەندەیە كە وەكیل وەزیر ببێتە وەكیل وەزارە و لەگەڵ ڕێزمدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەروەكو مولاحەزەیەك ئەمجارە كوردیەكە راستترە, تەنیا وشە كە بگۆڕێ ئەویش وەكیل وەزیرە ببێتە وەكیل وەزارە, كێ قسەی لەسەر ئەم دوو بڕگەیە هەیە, سێ كەس قسە دەكەن, كاك محمد فەرەج, كاك جەعفەر, كاك شێخ ادهم, كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یانی ئەو شەرتەی كە دانراوە كە شەرتی عومرە, ئەڵێ ئەچێتەوە سەر پەرلەمان, یانی لێرە وەزارەت نابەستڕێتەوە بە پەرلەمان, ئەبێ ئەوە دیاری بكرێ, دەبێ (30) ساڵەكە بگوترێ, ئەگینا بە مەفتوحی یانی هەر چەند ئەوە یەك, بە نسبەت بڕگەی دووەم ئەڵێ شەهادە جامعییە ئەوەلیە, یانی ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت مەسەلەن صنفی یەكە دووە, ئەمە شتێكی گونجاو نییە, یان بڵێن ئا یان بڵێن نەء كە شەهادەی جامعی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت مولاحەزەی یەكەمت وەنەبێ لەبەر ئەوەی پەرلەمان (30) ساڵە و وەزارەتیش (30) ساڵ بێت, لەلای من وەكو پەرلەمانیش وایە وەكو پێشتریش قانونی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر (30) ساڵ بوو, ئەو تەعدیلەی كە كراوە ئیستیسنایەك بووە بۆ حالەتێكی تایبەت و بگەڕێتەوە سەر ئوصوڵی خۆی لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا شروتێك كە وەزیر دانراوە بە هەمان شێوە دەگونجێت, بەنیسبەت مولاحەزەی دووەمەوە كە دەڵێ شەهادە جامعییە ئەوەلیە یانی بەكالۆریۆس, چونكە ماستەریش هەیە و دبلۆم عالیش هەیە و دكتۆراش هەیە, فەرموو كاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من فەقەرەی دوو ئەو حەصانە دانەنرێ, لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزانین كادیرێكی زۆر هەیە كە نەیتوانێ بگاتە ئەو شەهادەیە با ئیحتیرام هەبێ بۆ شەهادەكە, با كراوە بێت ئەوەی ئەو شەهادەی هەبێت یان نەیبێت كە خەریجی مەعهەدە یان ئامادەیی, حەقە ئەو مەجالە بدرێ بە وەكیل وەزیرەكان, سوپاس.

**بەڕێز شێخ ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر بەحسێ من ڤیچەك دەركەڤێ لە هەردوو مادده, بەلێ پەیوەنداره بە ڤە هەردوو مادده, هەروەكی هەمی پەرلەمانتارێت بەڕێز و سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ ڤێ چەندیت دەزانێ ڤە بڕیارا پاش تەوافقێك ماڤبەینە هەردوو حزبا سەرەكی دا ڤە رێككەوتننامە هاتیا و ئیمزا كرن ڤە یاسا دەرچوون و هەندێك تەعدیل تێدا چوون و لێرە ئەز وەكی كوردەكی دەسپێكی دا, وەكی كوردەكی دبێژم, وەكی پەرلەمانتارێكیش, ئەز داوایێ شێوەیەك بكەن لە هەمی پەرلەمانتارێت بەڕێز كە موناقەشە ڤێ یاسایێ بە شێوەیەك بێتە كرن كە ئەڤرۆ سەرۆكێ هەرێما كوردستانێ جەنابی بارزانی وەكی سەرۆكی پارتیش و سەرۆكا ئەنجومەنی وەزیرانیش كە كاك نێچیرڤان بارزانی یە ئەویش لە پارتییە, برایێت یەكێتی موناقەشە ڤێ مەوزوعەی بەو شێوە نەكەن كە دەسەلاتێ زیاتر دەنە جێگرێ ڤە هەردووكا لە سەرۆكاتیا هەرێم و سەرۆكایەتیا ئەنجومەنا وەزیران بۆ! چونكە دوو تەوافقە مابەینا هەردوو حزبا داهەی, پاش دوو سالێ دی عەینی حاڵ بەلكی سەرۆكا ئەنجومەنی وەزیران ببێتە یەكێتی و سەرۆكا هەرێمی دەبێتە یەكێتی,

ئەز داوا دەكەم وەكی كوردەكی موناقەشە ڤێ مەوزوعە بێتە كرن كە هەم قانونـەكی سـەروبەرا و رێـك وپێـك دەربكـەین بۆ ئایندەیە میللەتی كورد وكوردستانێ و نە لە سیاسەتی دوو حزبایەتی وسوپاس بۆ هەمیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, مولاحەزەكەت بەجێیـە, بـەڵام هێشتا كـەس موناقەشـەی وای نـەكردووە و ناشـبێ ئینشـاللا, چونكە ئێمـە لێـرە قانون دادەنێین, مەبەستمان قانونەكەیە, تەعدیلاتی ئەم قانونەیە لەبەر رۆشنایی ئەو رێككەوتننامەیە كە ئیمـزا كـراوە و پەرلەمانیش موصادەقەی لەسەر كردووە, بەنیسبەت ماددەی یەكەم موناقەشە تەواو بوو, تەنیا یـەك مولاحـەزە هەیـە دەمەوێ بڵێم كـە شـەهادەكەی مـەرج نییـە بـەكالۆریۆس بێت و دەكرێ سانەوی بێت یـان دبلـۆم بێت, ئەگـەر كەسـێك تەئییدی ئەو ئیقتراحە دەكات با دەستی بەرزبكاتەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی زیاتر بكەین, ئەگەر نا وەكو خۆی دەیدەینـە دەنگدان, لەراستیدا جێگری وەزیر جێگرێكی پرۆفیشنەڵە, وەزیر مەنصبێكی سیاسیە دەكرێ ئینسانێك لەبـەر خـەباتی, لەبەر پێشمەرگایەتی, لەبەر كەسایەتی, لەبەر هەر سەبەبێك بێت دەبێتـە وەزیـر, بـەڵام بریكاری وەزارەت مەسئولە لـە هەموو بابەتێكی وەزارەت, لـە هـەموو بەشـەكانی, ئەگـەر شـارەزایی تـەواوی نـەبێ, علمێكـی تـەواوی نـەبێت وەزارەتەكە ئیمكان نییە پێش بكەوێت, ئیمكان نییە سەركەوتوو بێت, بۆیـە بـۆ وەزیـر هـیچ شـەرتێك دانـەنراوە, بـەڵام بـۆ وەكیـل وەزیر ئەو شەرتە دابنرێت پێمان وایە لە قازانجی وەزارەتەكەیە, فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە پێشنیار كرا بۆ وەكیلی وەزارەت من ناڵێم خراپە كە شـەهادەی گشـتییە, بـەڵام یـەك شـت واقیعەكەیـە هـەموو خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارن من پێنج ساڵ ونیو وەكیـل وەزیـر بوومـە, پێشـنیار دەكـەم ئەگـەر وەكیـل وەزارەت شەهادەی دبلۆمی هەبێ یان صاحب شەهادە بێت و, بەڵام ئیقتراح دەكەم و هەرچەندە لە فەقەرەدا نییە وەكیـل وەزیر ئەوەی صلاحیەت بێت نیەتی و وەزیر ئەوەی پێـی بگوترێـت صـلاحیەت نەیداوەتـە وەكیـل وەزیـر, هـەتا رۆژێـك كاك عدنان بە منی وت نابێ هەواش بخۆی, ما یخولە الوزیر وەرە بـزانم ئـەو صلاحیەتە چییە, دەسـەڵاتی وەكیـل وزیـر مایقررە الوزیر, ئینجا لەبەر ئەوە شەهادەی سێی ناوەندی بكرێت باشترە نەوەك صـاحب شاهەدەیەك قوربەسـەر بێـت و هیچی پێ نەكرێت, ئەمە حەقیقەتە, وەكیل وەزیر هیچ صـلاحیەتی نییـە, لەبـەر ئـەوە بـەرای مـن ماددەیـەك ئیقـتیراح دەكەم بكرێ هەر نەبێ بەعزێ صلاحیەت بۆ ئەو وەكیل وەزیرە فەقیرە دابنرێت, چونكە رەنجەڕۆیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیقتراحێكی بەجێیـە, بـەڵام تائێستا بـە پێـی عورفـەوە تەفاهومێكـە بـەینی وەزیـر و وەكیـل وەزیـر, وەزیـر هەیـە هەموو دەسەڵاتی خۆی و زۆربەی دەسەڵاتی خۆی دەداتە وەكیل وەزیر, بەتایبەتی ئەگـەر وەكیـل وەزیـر شـارەزا بێـت لـە بوارەكەی خۆی لە بۆ خۆی باشە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مولاحەزەیەكی باشە لـە نیزامـی ئەنجومـەنی وەزیـران یـان وەزیرەكان یان وەزارەت حەقە رەچاو بكرێت لە موستەقبەلدا, بەڵام وەكـو مەبـدەئی وەكیـل وەزارەت مـەفروزە صـاحێب ئیختیصاص بێت, ئەوەی موافقە لەسەر ئەو برگەیە, با ئێستا وەكو خۆی دەخوێنمەوە دوایی دەیدەینە دەنگدان, ماددەی یەكەم: ئەو بەدەركردنەی یـانی (الاستثناء) لـە هـەمواركردنی یەكـەمی مـاددەی چـوارەم لەیاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستانی هەمواركراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە. دووەم: مەرجە ئەو كەسـەی كەبۆ پۆستی كاری وەزارەت دادەنرێت بەلانی كەم هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ بێت, ئەگـەر رازیـن ئـەو ماددەیـە دەخەینە دەنگدان, ئەوە مولاحەزەی كاك فرسەتە, قانونیە, ئەوە ماددەیە دەبێ پێكەوە بدرێتە دەنگدان بڕگـە بـە بڕگـە نییە, و لەرووی پرۆتۆكۆڵەوە دوو مەوزوعی لێك جیاوازن, كەواتە بڕگە بە بڕگە دەیخەینە دەنگدان.

یەكەم: ئەو بەدەركردنەی یـانی (الاستثناء) لـە هـەمواركردنی یەكـەمی مـاددەی چـوارەم لەیاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستانی هەمواركراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

كێ موافیقە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ بـە ئەكسـەریەت وەرگـیرا دوو كـەس ئیعتیرازی هەیە,

دووەم: مەرجە ئەو کەسەی کەبۆ پۆستی کاری وەزارەت دادەنرێت بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت.
کێ پشتگیری لەوە دەکات دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە؟ بە ئەکسەریەت وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**ماددەی دووەم:**

1-بڕگەی (1) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموار کردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار بکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت).

2-بڕگە (2) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت).

3-بڕگە (3) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە: أ-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات. ب-لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

بڕگە (2)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە, ( لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کار و فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (15) ڕۆژ و پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

المادة (الثانية):

1-تعدل الفقرة (1) من المادة الاولى من قانون التعديل الخامس لقانون مجلس الوزراء وتقرأ كالآتي:

(( يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونائبه والوزراء))

2- تلغى الفقرة (2) منها وتحل محلها مايلي:- (( يكون لرئيس مجلس الوزراء نائب))

3- تلغى الفقرة (3) منها وتحل محلها مايلي:-

أ- لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه.

ب- في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نا ئبهُ.

4- تعدل الفقرة (2) من المادة ( السابعة) منه وتقرأ كالآتي:-

(( في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه نائبهُ لتمشية الامور لحين تسمية رئيس جديد خلال (15) خمسة عشر يوماً وتشكيل الوزارة الجديدة))

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین, و تەئییدی هەر چوار بڕگەی ماددەکە دەکەین, تەنها ئەوەندەیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی یاسای پێشتر سێ نائیبی هەبوو, واتە صیغەتی جەمع بەکار هاتبوو, ئێستا صیغەتی موفرەد بەکار هاتووە, چونکە یەك نائیبی هەیە ئیزافەتەن لەسەر ئەوە لێرە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە تەخویلی هەندێ دەسەڵات بۆ نائیبەکەی بکات و ئەگەر هاتوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران غائیب بوو, جێگرەکەی دەسەڵاتەکان بە کاردەهێنی, ئەمە بە حەقیقەت ئەو گۆڕانکاریەیە کە لەسەر ئەو ماددەیەدا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئێستاش کێ لەسەر ئەو ماددەیە مولاحەزەی هەیە با دەستی بەرزبکاتەوە و ناوەکان بنووسین, ناوەکان, کاك جەمال, کاك محمد, کاك بارزان, کاك مەلا ئەنوەر, کاك بکر, کاك خورشید, کاك رشاد, دکتۆرە شوکریە, خوشکە کوێستان, کەسی ترمان لەبیر چووە, کاك جمال فەرمووە.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەرجومەی عەرەبی فەقەرەی (أ) (أ- لرئيس مجلس الوزراء تخويل نائبه بعض من صلاحياته.) من پێم وایە ئەوها دروستترە, لەجیاتی (لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه. ) تەنها تەقدیم و تەئخیرەكە ببێت, هەر ئەوەندە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, ئەگەر ناحیەی لوغەویەكە ئەوە راستتر بێت, قانونیەكان تەماشایەكی بكەن, فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها یەك تێبینیم هەبوو لەسەر ئەوەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یەك جێگری هەیە, یانی تەسبیت بووە كە تەنیا یەكی هەبێت, یان مەجال هەیە كە دووانی هەبێت, كەسیان ناوێ لە بەینیان بێت باشترە, بەرای من سێیان بێت باشترە, ئینجا نەتەوەی تر هەیە توركمان هەیە, ئاشور هەیە, خەڵكی تر هەیە, یانی با سییان بێت باشترە مەجالەكە تەسك مەكەن لەبەینی دووندا, ئەگەر موشكیلەیەك هەبێ یەكێك هەبێ لە بەینیان باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا وەكو مولاحەزەیەك ئێمە ئەو قانونەمان تەعدیل كردووە, لەبەر رۆشنایی ئەو رێككەوتنەی كە تەصدیقمان كرد لێرە, لەو رێككەوتنە هاتووە رەئیسی مەجلسی وەزەرا و نائیبەكەی, ئەگەر سبەینێ زروفەكی تر هاتە پێشەوە و كەركووك رزگار كرا كەوتە سەر هەرێمی كوردستان, ئیجابی كرد كە جێگرێكی تریش هەبێ و لەبەر ئەوەی نەتەوەی توركمان گەورەتر دەبن دابنێین, یاخود هەر شتێكی تر پێویست بكات, ئەو وەختە تەعدیلی دەكەین و ئێستا وەزعی كوردستان بەو رێككەوتنەی كە تەصدیقمان كرد كیفایەتە و ئیجاب دەكات ئەو تەعدیلە بكەین, كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من پرسیارم لا دروست بووە, ئەنجومەنی وەزیران بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ كردنی هەرێم دادەنرێت لەسەرۆك و جێگرەكەی پێك دێت, ئەی سەرۆكایەتی هەرێم بەشێك نییە لە دەسەڵاتی تەنفیزی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەرۆكی هەرێم نووسراوە لە قانونەكە, ئەگەر سەرۆكی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێ كردنە, ئەمە باسی حكومەت دەكات, باسی ئەنجومەنی وەزیران دەكات, ئەویش جوزئێكە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن, بەڵام سەرۆكی دەسەڵاتی جێ بەجێ كردنە, فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەكەم باسی ئەوە دەكات كە ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ كردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەكەی و وەزیرەكان پێك دێت, بە بۆچوونی من بڕگەی دووەمی زیادە, چونكە تەئكید كردنەوەیە لەسەرۆك و جێگرەكەی و وەزیرەكان پێك دێت و بڕگەی دووەمیش هەر دەڵێ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێكی دەبێت, ئەوە دووبارە بوونەوە نییە؟ یانی هەر یەك شێوازە, سوپاس.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم فەقـەرەی سـێ و لقـی أ سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسـەڵاتەکانی خـۆی بـە جێگرەکەی بدات, من پشتیوانی لە قسەکەی کاك خورشـیدیش دەکـەم, تەبعـەن پەرلـەمان چـی نـەکردووە بـۆ وەزیـر چ دەسەڵاتێکی هەبێ و یـا بـۆ وەکیـل, یـا بـۆ رەئـیس وەزەرا چ دەسـەڵاتێك بـدات یـان نـائیبی رەئـیس, لێـرە پـێم بـاش بـوو تەرجومەکەی هەر وابێت بڵێین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەندێك لـە دەسـەڵاتی خـۆی بـە جێگرەکـەی دەدات, بـۆی هەیە لەوانەیە بە هەوەسی خۆی بێت, یان نایدا, بەهەوەسی خۆیەتی, بەڵام ئەگەر وا بنووسرابایە سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران هەندێك لەدەسەڵاتی خۆی بدات بە جێگرەکەی, ئەمـە پشـتیوانی لـە قسـەکەی کـاك ادهـەمیش دەکـات یـانی بـۆ ئەوە نییە ئەمە بۆ مەرحەلەی ئایندەیە, رەنگە دەسەڵاتەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت, بـۆ هـەردوو لایـە, لەبـەر ئـەوە ئـەو شـتانە نەختێك وازیح بێت, پێم وایە پێویستی بە یاسای تریش هەیە بۆ روونکردنەوە و لەناو پەرلەمان بۆ دەرکردنـی هەنـدێ یاسای تر, یانیش چۆنیەتی تەحدید کردنی ئەو دەسەڵاتانە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێ شتێکی بە روونی و بە صەراحەت بڵێین, قانونێکی عام هەیـە لـە دونیـادا نییـە مەسـئولێك وجێگرەکـەی بـە قـانون دەسـەڵاتەکەیان جێبـەجێ بکـەین, موئەسەسـەیەکە, رەئـیس هەیـە, نائیـب هەیـە, لیژنـەی تـەنفیزی هەیـە و مەجلیسی ئیستیشاری هەیە, ئەگەر تەفاهوم لە نێوانیاندا نەبێت بە قانونیش تەفاهوم دروست ناکرێت, بەڵام بـە قـانون تۆ تەقسیمی سوڵتات بکەیت و دەسەڵات تەوزیع بکەی, راست نییە و لەهیچ شوێنێك نەبووە, لەبەر ئەوە هەر دەبـێ ئـەو جوملەیە کە لەهەموو دونیادا مەقبولەو دانراوە, لـە تـەعریفی وەزارات و لـە نیزامـی داخیلـی وەزارات, وەزیـر دەسـەڵاتی وەزارەتەکەی هەیە و بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکەی بداتە جێگرەکەی و بیداتـە بریکـاری وەزارەتەکـە, ئـەوە لەبـەر رۆشنایی تێگەیشتن, لەبەر رۆشنایی تەفاهوم, لەبـەر رۆشـنایی چـۆن راپەڕانـدنی ئـیش وکارەکـان دەبێتـە وەکیـل وەزیـر, ئەگەر بێتو لێرەدا ئێمە ئەو ململانێیە تەسبیت بکەین قانونیەن, مانای وایە رێگە نادەی بـە دامەزرانـدنی موئەسەسـات, بـەڵام ئەگـەر وەزیرێـك پێـی وابـێ هـەموو دەسـەڵاتەکە تـەنها لـەلای خۆیـەتی, تـەنها خـۆی ئـەبێ ئیمـزا بکـات, ئەمـە دەگەڕێتەوە سەر باش تێنەگەیشتنی وەزیرەکە بۆ ئیشەکەی, ئەگەر نا وەزیر بۆ خۆی باشترە کە وەکیـل وەزیرەکـە وەکـو عەرزم کردن پرۆفشنەڵە, فەنییە, تەکنیکیە, هەرچی ئیشی وەزارەت هەبێ عیلاقەی بە جانبی فەنی و تـەکنیکی هـەبێ, مەفروزە بدرێتە وەکیل وەزیرەکە, ئینجا وەکیل وەزیرەکە لە حزبەکـەی خـۆی بێـت یـان لـەوی تـر بێـت, مـەفروز نییـە لەوەزارەت ململانێ بکرێ و حزبایـەتی هـەبێت, لـە وەزارەت مـەفروزە ململانـێ هـەبێت بـۆ باشـترین خزمـەت کـردن بـۆ خەڵك, راپەڕانـدنی ئـیش وکـاری خـەڵك, جێبـەجێ کردنـی ئـیش وکاریـان, نەهێشـتنی رۆتـین, پـرۆژە تەقـدیم کـردن و ئەوانە هیچێکیان ئیجاب ناکات بڵێ ئەوەندە بۆ مـن وئەوەنـدەش بـۆ تـۆ, بۆیـەش مـن بـەش بـەحاڵی خۆمـەوە پـێم بـاش نییە, من خـۆم وەزارەتیشـم کـردووە, لـە سـەدا حـەفتاو پێـنجی مەسـئولیەتم داوەتـە بریکـار لـە وەزارەتـی داد بـووم, بـۆ خۆمیش هەر قازانج بوو و ئیشەکانیش باشتر رۆیشت, ئێستاکەش ئەگـەر ئیجازەش هـەبێ لـە رووی فەنییـەوە ئـەویش داوێتە لیژنەکان, هەرچی شتێك دەبوو لیژنە وەرە کۆبـبـەوە وشـتێ بکـە, بۆیـە مـن پـێم وایـە ئـەوە باشـترین ئسلوبە بـۆ راپەڕاندن, چونکە وەزیرێك دەچێتە سەر وەزارەتەکەی عەلەل ئەکسەر مەنتیقەن وەکیـل وەزیرەکـە باشـتر تێـدەگات لـە ئیش وکاری وەزارەت, لەبەر ئـەوە ئەگـەر نەیـدا ئـەوە مەسـئولیەتەکە خـۆی تەحـەمولی دەکات, فەشـەلی هێنـاوە, خـۆی یەکەم کەسە کە فەشەل دەکات و دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو, بۆیە مەنتیقەن ئەوەیە وەزیر خۆی دێت بـە وەکیلەکـەی دەڵێت هەرچـی ئیشـی فەنییـە و ئیشـی وەزارەتـی رۆژانەیـە کـە عیلاقـەی بـە خیـبرەوە هەیـە بـۆ تـۆ بێـت, جـا قـەرارە سیاسیەکە بۆ من بێت لە کۆتاییدا, قەرارێك پێویست بـە گـۆڕین دەکـات و رەچاوی زۆر شت بکرێـت لای مـن بێـت, کـاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له فەقەرە چواردا هاتووە دەڵێ لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆی بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لەماوەی پازدە رۆژدا, حەز دەکەم ئەوە بڵێم ئێمە موشکیلەیەکی بچووکی نیو سەعاتیمان بە حەفتەیەك پێ حەل ناکرێت, تەشکیلی وەزارەتێك موشکیلەیەك دروست بوو پازدە رۆژ, بەرای من ئیحراجێکی زۆر گەورەیە, بەلانی کەمەوە مانگێك فرسەتیان بدەنێ, یانی قەناعەتی هیچ کەسێك لە ئێمە کە واقیعی خۆمان دەبینین نازانم هەتا چەند ساڵ بووە, پازدە رۆژ لە تەشکیلی وەزارەت ئەوە خۆمان دەبینین لە دوو سێ تەجروبەوە, بۆیە ئیقتیراح دەکەم ببێتە (30) رۆژ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبینین هەندێ جار تەوزیح دەدەم بۆ ئەوەی شتەکە دووبارە نەبێتەوە, لێرە ئەوەی لێرە هاتووە دەڵێ (فی حالە خلو منصب رئیس الوزراء ) خلو یانی خوانەخواستە ئیستیقالەی داوە, حادیسەکی بەسەردا هاتووە, نەك ئیستیقالەی وەزارەت, ئەگەر وەزارەت ئیستیقالەی بکات ئەوە ئەزمەیەکی وەزاری هەیە, کەواتە مەسەلەکە تەنها گۆڕینی رەئیسی وەزەرایە, کابینەکە ناگۆڕێت دەستنیشان کردنی رەئیس وەزەرا کرا و ئەوە پازدە رۆژی ناوێت تا گۆڕانکاری بوێت, تەشکیلی وەزارەت مانگێکی بۆ دانراوە کە تەکلیف دەکرێت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە مانگێکی بۆ دانراوە, بەڵێ قسەی جەنابت راستە بۆ ئەو حاڵەتە دەڵێ ئەگەر خلوی کرد مەسەلەکە, کەواتە دەستنیشانکردنی تەنها ئەو شەخصەیە دوو هەفتە بەسە, کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده دوو ژمارە سێ, فەقەرە (أ) (لرئیس الوزراء) وای بەباش دەزانم ببێتە (علی رئیس الوزراء تخویل بعض صلاحیاته الی نائبه) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(علی) ناکرێت قانونەن, (علی) وەکو ئەمرە, لێرە دەسەڵات دانە, هەرچەندە من قانونی نیم, بەڵام لەناو ئەوانە فێر بوومە (یجب, علی) و ئەوانە لە قانوندا زۆر دروست نییە, یانی دەسەڵاتەکەی دەدەیتێ و ئیحتیرامەن ئەو جوملەیە بەبەلاش نەهاتووە, (للرئیس) ئەصلەکە هی خۆیەتی تۆ پێت نەداوە, (یجب)ەکە زەعیفی دەکات (یخول لە ) ئەوانە باشترە, خۆی صەلاحیەتەکە هەیە, د. شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رای خۆم دەخەمە پاڵ رای کاك بکر فتاح, چونکە بەراستی لێرە هیچ دیار نییە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کامە لە دەسەڵات, ئێمە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەزانین چییە, ئەی هی وەکیل وەزیر چییە, بۆمان روون بکەنەوە بۆ ئێمە و ئەو کاتە شتێك, هەڵێك دروست نەدەبوو, ئەو بڵێ ئیشەکانی من تۆ ئەیکەی و من ئەو ئیشە ناکەم چونکە هی من نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زۆرە, ناکرێت ئێمە لە قانونێکدا یەك, دوو, سێ, چوار, دەسەڵاتی هەیە لە ئیمزا کردنی کتێب تا سەرف کردنی پارە, تا ئیمزا کردنی شتی موشتەرەیات, تا ناردنی خەڵك بۆ دەرەوە ئەوانە هەموو دەسەڵاتن, بۆی هەیە هەم سەرۆك وەزیران و هەم وەکیل وەزیر ئەو دەسەڵاتانەی کە دیارە بەشێکی بداتە نائیبەکەی یان بەشێکی بیداتە بریکارەکەی, دوایی ئەوە ئیتیفاقێکە و موصادەقەمان لەسەر کردووە, لەبەر رۆشنایی ئەو ئتیفاقە ئەو تەعدیلاتەمان کردووە, ئەوان بە نیزامی مەجلیسی وەزەرا ئەوە قانونە, بەڵام خۆشیان نیزامیان هەیە, وەکو هەر وەزارەتێك نیزامی خۆی هەیە, بە نیزامەکە دەسەڵاتەکان تەحدید دەکرێت دەدرێت بەو کەسە کە ببێ بە مودیر عام تا دواییش, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی پرسیارەكان جەنابت وەڵامت دایەوە, بەڵام من حەز دەكەم تەنها یەك روونكردنەوە بڵێم ئەویش ئەوەیە: ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەساسی ئەو ڕێككەوتننامەیە كراوە, واتە مەبدەئی تەوافق و مەبدەئی شەراكەت دەورێكی ئەساسی هەیە لەو پرۆژەیە و ئێمە نەمانویستووە بچینە عومقی مەسەلەكان, تەنها ویستومانە تەرجومەی پرۆژەكە بكەین بە یاساكردنی پرۆژەكەیە, حەق وایە ئێمە هەندێ مەجال بەجێ بهێڵین بۆ ئەنجومەنی وەزیران, كابینەی تازەی یەكگرتوو ئەگەر هات دەوامی كرد بۆ خۆیان پرۆژە تەقدیم بكەن و چی بیانەوێ بۆیان بكەین, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی جەنابت روونكردنەوەت دا, بەڵام من جارێكی تر تەئكید لە قسەكەی كاك جمال یوسف و كاك بەكر دەكەمەوە, راستە ئێستا ئیتیفاقی سیاسی هەیە لە نێوان پارتی و یەكێتی بۆ دەورەیەك و دوو دەورەی تر, بەڵام بۆ موستەقبەلی كورد ئێمە ئەم یاسایە هەموار دەكەین, زەمان چییە كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەندێ لە صەلاحیەتەكانی خۆی بدات بە جێگرەكەی, شتێكی تر هەیە بڕگە چوار كە نووسراوە لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆكدا جێگرەكەی كارو فەرمانی پۆستەكە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەڕاندنی كاروبارەكان تا دەست نیشان كردنی سەرۆكێكی نوێ لە ماوەی پازدە رۆژ و پێكهێنانی وەزارەتێكی نوێ, ئەوە وازیح نییە, ئەو وەزارەتێكی نوێ مەبەست چییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ دەربارەی زەمان, (ضمان) پێش هەموو شتێك متمانە و سیقەیە, زەمان ئەو ڕێككەوتنەیە كە لێرە هەردوو بەڕێز مام جەلال و كاك مەسعود ئیمزایان كرد, زەمان ئەوەیە كە پەرلەمان شاهیدە, بێجگە لەوە شتێكی تر هەیە, دەڵێ ئەگەر لایەنێك لە حكومەتەكە ئینسیحابی كرد حكومەتەكە سقوت دەكات, كەواتە ئەگەر بێتو هەر تەرەفێك ئیلتیزامی نەكرد بەو ڕێككەوتنە دەتوانێ ئیجرائاتی خۆی وەربگرێت و ئینسیحاب بكات و ئەو وەختە حكومەت سقوت دەكات, بۆیە زەمانەكە لەوەدایە, بەنسبەت نوقتەی دووەمی كە ئەگەر بێتو سەرۆك وەزیران نەما, وەزارەتەكە ئیعتیبار دەكرێ بە موستەقیل, یانی ئۆتۆماتیكیەن, ناكرێت تەنها سەرۆك وەزیرانەكە تەعین بكەیت, دەبێ رەئیس وەزەراكە كە تەعین كرا ئەگەر عەینەن لە وەزارەت ماوە یان تەعدیلی كردووە بێتەوە ئێرە و جارێكی تر متمانە بدات, چونكە سەرۆك وەزیران مەنصەبەكەی خلوی كرد بە هۆی هەر سەبەبێك بێت, ئیستیقالە بێت, یا وازهێنان بێت, گۆڕانكاری بێت, ئەوە وەزارەتەكە هەمووی ئیعتیبار دەكرێ بە موستەقیل, ئیتیفاقە هەردووكی وەكو یەكە, فەرموو كاك ادهەم.

**بەڕێز شێخ ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئاخافتنێ نوكەی جەنابتەدا تەناقوضە ك دەبینم, كاك خورشید پرسیار كری بۆ ماوە, كە ماوەی درێژ كەی, جەنابت لێرە نوكە گوتت ڤە ماوەی پازدە رۆژە تەنها یەك شەخص دێتە گۆڕین, لەبەر حادیسەك یا هەر شتەكێ, نوكا جەنابێ تە جوابا پرسیارا پەرلەمانتارێ دا جەنابت بێژێ ئەگەر سەرۆكی ئەنجومەن چووتبێ وەزارەت هەمیێ بێتە ڤە گۆڕین, ئایا لێرە چ تەناقوض تێدا نابینی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر تەناقوض نییە, عەفوم دەكەی یاشێخ, سەرۆك وەزیران كە نەما حكومەتەكەی ئیعتبار دەكرێ بە موستەقیل, بەڵام ئەزمەیەك دروست نەبووە تۆ قەرار بدەی وەزیرەكان بگۆڕی, یاخود ئەزمەیەكی سیاسی نییە لەگۆڕێ, تەنیا ئەو تەرەفەی كە رەئیس وەزەرایە و لەلایەن ئەوەوە كە دەڵێ فلان كەس رەئیس وەزەرایە, لەبەر ئەوە ئەو كێشەیە دروست نابێت, بڵێ وەزیر كێیە و من موافقم لەسەر ئەوە, نەخێر ئاوا نییە, یانی كادیرەكە حازرە كەدەست نیشان كرا دێت, بەڵام قانونەن كە رەئیس وەزەرا نەما وەزارەتەكە ئیعتیبار دەكرێ موستەقیلە, دوا وەڵام كە كاك مەلا ئەنوەر بوو باسی كرد كە دەڵێ مەجلیسی وەزەرا ئەعلا هەیئەی تەنفیزیە لە هەرێم و (یتكون من الرئیس و نائبە و الوزراء) پێشتر

وانەبووە، ئەوە دیسان لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقەکەیە، هەیئەتەکە هەیئەی تەنفیزیە وبەرزترین هەیئەیە بریتییە لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان، ئەو صیغەیە لەگەڵ نەصی ئیتیفاقەکە دەگونجێ، بەڵام ئەوە بۆ تەوزیحی پرسیارەکە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، دەڵێ هەیئەتی رەئیس وەزەرا ئەعلا سوڵتەی تەنفیزیە، بەڵام کە دێیە سەر سەرۆکی هەرێم، دەڵێی (الرئیس الاعلی للسلطة التنفیذیة) ئەوە جیای کردۆتەوە، فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کەواتە وشەی وەزارەتێکی نوێ ئەبێ بگۆڕێ بۆ سەرۆکێکی نوێ، چونکە وەزارەتەکە وەزیرەکان دەگرێتەوە، کابینەکە وەکو خۆێ دەمێنێتەوە، تەنها سەرۆکی حکومەت دەگۆڕێ لەو کاتە، پرسیارەکە ئەوەی لای ئێمە روون نییە، ئایا بە گۆڕانی سەرۆکی حکومەت بەهەرچ هۆیەك بێت ئەنجومەنی وەزیران دەگۆڕێ یان بەس سەرۆکەکە ئەگۆڕێ، ئەگەر بەس سەرۆکەکە بگۆڕێ دەبێ ئەو وشە بگۆڕێ ببێتە سەرۆکێکی نوێ نەوەك وەزارەتێکی نوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونەن باسمان کرد، وتمان ئەگەر سەرۆك جێگاکەی خلو بوو یان نەما، وەزارەتەکە ئیعتیبار دەکرێ سقوتی کردووە، ئیستیقالەی کردووە، بەڵام مەنتیقەن تەنها رەئیس وەزەرا دەگۆڕێ، بەڵام بۆی هەیە کە بێ تەقدیمی وەزارەتەکەی دەکات، جارێکی تر سوێند بخۆن و گۆڕانکاری بکات، بەڵام مەبدەئیەن هیچ گۆڕانکاریەکی پێ ناوێت تەنها رەئیسەکە دەگۆڕێت، ئەگەر بێتو ئیمزا بکات و وەزیرێك بگۆڕی و دوو وەزیر بگۆڕی، بۆی هەیە، چونکە وەزارەتەکە تازەیە هەمووش دەتوانێ بگۆڕێ، بەڵام من وەڵامەکەی کاك خورشیدم بۆیە داوە وتم پازدە رۆژ، لەوە ناچێت ئەگەر بێتو رەئیسی وەزەرا مەنصەبەکەی ئەگەر خلوی کرد و نەما لەبەر هەر هۆیەك بێت، مانای وایە ئەزمەیەکی وەزاری دروست بووە، یاخود تەرەفێك ئیستیقالەی کردووە، کێشەیەك هەیە تەنیا شەخصێکە، بۆیە تەصور ناکرێت ئاوای لێ بێت، ئەو شەخصە کە تەسمیە کرا مەفروزە بێ کێشە لە خیلالی چەند رۆژێکدا ئەو پەڕی دوو هەفتەدا بتوانێت وەزیرەکان ئەگەر گۆڕانکاریش بکات، ئەو گۆڕانکاریە فەرق دەکات لەگەڵ ئەوەی تۆ ئینتیخاباتێکت کردووە و تەکلیفی رەئیس وەزەرا و یان جێگرەکەش دەکەی بۆ تەشکیلی وەزارەت ئەو وەختە زۆری دەوێت، راوێژی دەوێت لەگەڵ حزبەکانی تر، گفتوگۆی دەوێت، ئیتیفاقی دەوێت، لەوانەیە حزبێك بڵێ ئەو وەزارەتەم ناوێ ئەوەم دەوێ ئەوە وەختی دەوێ، بەڵام لەو حاڵەتەدا ئەوەی تێدا نییە، ئەگەر موناقەشەتان نەماوە فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو وەزارەتانە بکرێ بە کابینە باشترە، مادام باسی رەئیسە کە نەما کابینەکە ئەویش هەڵدەوەشێتەوە، کابینە باشترە لە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانوندا کابینە نییە، لە ئیعلام و لە لایەنی سیاسی کابینە هەیە، بەڵام لە قانوندا وشەی کابینە نەهاتووە، لەبەر ئەو هۆیە نەمانهێناوە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من رەئیس وەزەرا لە پازدە رۆژ دابنێین، بەڵام لە شوێنێکی تر ئەگەر تەشکیلی کابینەی تازە سی (30) رۆژ بێت بۆ ئەوەی رەئیس وەزارەت تەشکیل بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برام ئەوەم دوو سێ جار روون کردەوە، دانانی وەزارەتی تازە لەبەر رۆشنایی یان گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت، یان هەڵبژاردن دەبێت پێویست دەکات گفتوگۆو راوێژی لەسەر بکرێت، وەکو ئێستا هەیە، ئێستا ئێمە تەشکیلی وەزارەتێکی

یەکگرتوو دەکەین, کاتی ویست تاکو گەیشتینە ئەو ئیتیفاقە, کاتیشی دەویٚ تاکو ریٚك دەکەوین فلان ببیٚتە وەزیر و فلان ببیٚت بە وەزیری تر, بەلاٌم ئەوە شتیٚکە کە سەرۆك وەزیران شویٚنەکەی چۆلٌ دەبیٚت, لەبەر هەر هۆیەك بیٚت واتە دەست نیشان کردنی سەرۆك وەزیرانە, بەلاٌم ئەوەشمان وت, وتمان ئەگەر ئیجاب بکات گۆرِانکاری بکات, قانونەن وەزارەتەکە بە موستەقیل حیساب دەکریٚت و سقوت دەکات, یانی مولابەسەکەی فەرق دەکات, لیٚرە پازدە رۆژە چونکە ئاسانە, قەیران نییە, کیٚشە نییە, لەویٚ (30) رۆژە پیٚویست بە کاری زیاتر دەکات و پیٚویستی بە گفتوگۆی زیاتر دەکات, خۆی لە کوردیەکە ماددەی دووەم کە دەلٌیٚ (ئەنجومەن بالاٌترین دەسەلاٌتی جیٚبەجیٚکردن) خۆی (دەستەی جیٚبەجیٚکردنە ) ئەوە لاتان چاك بکریٚتەوە, پیٚشتر عەرزم کردن ئەگەر ئیختیلاف هەبوو هەر نەصە عەرەبیەکە ئەساسە, هەر ئیختیلافیٚك هەبوو لە کوردیەکە, ئیٚمە نەصە عەرەبیەکەمان لا ئەساسە, چونکە لە عەرەبی تەرجومە کراوە بۆ کوردی, فەرموو.

**بەرِیٚز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەرِیٚز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تەوزیحیٚکم هەیە لەسەر قسەی کاك رشاد کە دەلٌیٚ (علی رئیس مجلس الوزراء تخویل بعض صلاحیاته) جەنابت گوتت کە ئەمە صیغەی ئەمرە و شتیٚکی نایاساییە, تەنها ئەو تەوزیحەم هەیە قەواعیدی قانونی کە تەعریف دەکریٚ هەموو صیغەی کە پیٚی دەگوتریٚت (قواعد امره و مجرده) تەنها ئەوە بوو, سوپاس.

**بەرِیٚز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخویٚنینەوە, ماددەی دووەم برِگە یەکی لە ماددەی یەکەمی هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار دەکریٚت, بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚنریٚتەوە:

یەکەم: ئەنجومەن بە بالاٌترین دەستەی جیٚبەجیٚ کردنی هەریٚم دادەنریٚت و لە سەرۆك و جیٚگرەکەی و وەزیرەکان پیٚك دیٚت.

دووەم: برِگەی دوو لە هەمان ماددە هەلٌدەوەشیٚنریٚتەوە و ئەمەی خوارەوە جیٚگەی دەگریٚتەوە:

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جیٚگریٚکی دەبیٚت :

سیٚ یەم: برِگەی سیٚ لە هەمان ماددە هەلٌدەوەشیٚنریٚتەوە و ئەمەی خوارەوە جیٚگەی دەگریٚتەوە:

1-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندیٚك لە دەسەلاٌتەکانی خۆی بە جیٚگرەکەی بدات. بیەویٚ لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جیٚگرەکەی جیٚگەی ئەو دەگریٚتەوە.

ئەمە بەیەکەوە بەستراوە ئەم سیٚ خالٌە, رەنگە چوارەم هەندیٚ جیاوازی هەبیٚت, ئەم سیٚیانە پیٚکەوە دەیانخەینە دەنگدانەوە, ئەوەی موافیقە لەسەری دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, ئەوەی ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ یەك کەس ئیعتیرازی هەیە, برِگەی دوو ماددەی حەوتی یاساکە, لە ماددەی پیٚشوو حەوتە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەو سیٚ خالٌە هەیە دیٚتە ماددە دوو و هەموار دەکریٚت بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚنریٚتەوە:

لە حالٌەتی چۆلٌ بوونی پۆستی سەرۆکدا, جیٚگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگریٚتە ئەستۆ بۆ رِاپەرِاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکیٚکی نویٚ لە ماوەی پازدە رۆژەوە پیٚك هیٚنانی وەزارەتیٚکی نویٚ, کیٚ موافیقە لەسەر ئەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کیٚ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە ئەکسەرییەت وەرگیرا.

**بەرِیٚز عونی کمال سعید بەزاز:**

ماددەی سیٚیەم:

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەلٌدەوەشیٚندریٚتەوەو ئەمەی خوارەوە جیٚگەی دەگریٚتەوە.

أ-ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگریٚتە خۆ:

1-وەزارەتی ناوخۆ.

2-وەزارەتی دارایی و ئابووری.

3-وەزارەتی داد.

4-وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

5-وەزارەتی گواستنەوە.

6-وەزارەتی پەروەردە.

7-وەزارەتی تەندروستی.

8-وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

9-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

10-وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان.

11-وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

12-وەزارەتی پلاندانان.

13-وەزارەتی مافی مرۆڤ.

14-وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

15-وەزارەتی کشتوکاڵ.

16-وەزارەتی کاروباری شەهیدان.

17-وەزارەتی رۆشنبیری.

18-وەزارەتی کارەبا.

19-وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

20-وەزارەتی شارەوانی.

21-وەزارەتی وەرزش و لاوان.

22-وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

23-وەزارەتی بازرگانی.

24-وەزارەتی پیشەسازی.

25-وەزارەتی ژینگە.

26-وەزارەتی گەشت و گوزار.

27-وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و, تەئیدی ماددەکە دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتـی ژمـارە 10 هەڵەیـەکی تێـدا هەیـە لـە کوردییەکـەی, تەبعـەن مـوارد مائیـە هەیـە بـە عەرەبییەکـەی, بـەڵام کوردییەکەی کراوەتەوە وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان من پێم وایە بە هەڵە تەرجومە کراوەتەوە, (المـوارد المائیـة) مانـای (الثروة المائیـة) دێـت, ئینجا ئەگـەر پێتـان باشـە عەرەبیەکـەش بکەنـە (الثـروة المائیـة), بێـت باشـترە, هـەرەك بـە خـۆی واریدێکە بڵێین الثروة المائیة, بەڵام تەرجومەکەی بکەینـە وەزارەتـی سـامانە ئاوییـەکان, باشـترە, چـونکە مـورد جودایـە, لێرە مورد دەستکەوتی پارە نییە, الموارد المائیە یەعنی (الثروة المائیة) دێ, یـان عەرەبیەکـەی بکەنـە(الثـروة المائیـة), ئـەو

كاتەی كوردییەكەی دەبێتە سامانە ئاوییەكان, چونكە لێرە بە غەڵەت تەرجومـە كراوەتـەوە, ئەمـە خاڵێـك, خـاڵێكی تـر, وەزارەتی 22 كاك كـريم خـۆی چاكی كـردەوە, خـۆی تەبعەكـەی بـە غەڵـەت هـاتووە, وەزارەتـی كاروبـاری ناوچـەكان لـە دەرەوەی هەرێم خۆی چاكی كردەوە, وتی وزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئێمە زیاتر ئیعتیمادمان لەسـەر نـاوی وەزارەتـەكانی حكومـەتی فیـدراڵ كـردووە, حكومـەتی فیـدراڵ دەڵێـت المـوارد المائیـە, بـە كوردییەكـەی دەبێتـە مـواردی مائیـە, كوردییەكـەی چ بێـت وا دەنووسـرێ, مـن وتم عەرەبییەكـەی قبوڵـە كوردییەكەی چ بێت ئەوە قبوڵە, ئەوەی تریش خوێنرایەوە و چاك كرایەوە, لامەكە زیادە, كاك دیلمان, فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وا پێ دەچێت ناوی ئەو دوو وەزارەتە لەسەر حكومەتی فیدراڵ هاتبێ, بە تەسەوڕی مـن ئـەو دوو وەزارەتـە زیـادن, یەعنی هەژماردن لەو وەزارەتـە لـە حـدودی 38 كـەس بێـت, ئەگـەر پێـنج شەشـەكی زیـادیش هـەبێتن, دوو وەزارەتـیش خارجی اقلیم, ئەو وەزارەتە بۆ ساڵێك بێتن, چونكە دەستوری عێراق ئەمما بـە پێـی (58)ەكـە, لـە 2007 تـەواو بـیتن, ئینجا دێینە سەر ئیلغای ئەو وەزارەتانـە, لـە جیـاتی ئـەو وەزارەتانـە هەیئـەتێك بـیتن تـابعی ئەنجومـەنی وەزیـران بێـت باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەمە حكومەتی فیدراڵ چەندە, ئەوەی كە پێویستە بۆ هەرێم لێمان وەرگرتـووە, ئێمـە وەزارەتـی خارجیمـان نییـە, چـونكە لێـرە ئیختصاصـی حكومـەتی فیدراڵـە, چـونكە هەنـدێ وەزارەت هەیـە هـەروا, بەنیسـبەت وەزارەتێـك بـۆ دەرەوەی هەرێم, لەبەر ئەهمیەتی كەركووك و ناوچەكانی تر كە دەبێت بگەڕێنـەوە بـۆ جێبـەجێ كردنـی مـاددەی 136 كـە بـە مـاددەی 58 مەشـهورە, موئەسەسـەیەكمان دەوێـت لـە موسـتەوای وەزارەت بـێتن, زۆر موناقەشـە كـراوە, بۆیـە وەزارەتێكمان دایتێ, چونكە پێش كۆتایی 2007, دەبێت ئـەو ماددەیـە جێبـەجێ بكـرێتن, پێویسـت دەكـاتن هـەموومان, هەموو جهودێكمان بۆ سەرف بكەن, بۆ ئەهمیەت دانێكە بەو ناوچانە, گرنگیەكی زۆر هەیە, كـەی جێبـەجێ بـوو؟ ئێمـە وەزارەتەكە ئیلغا دەكەین, شیرین خان, فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمان دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (ب) كە دەڵێت(یجوز ان یجم مجلس الـوزراو وزراو اقلـیم), بـەلای مـن باشـترە بكرێتـە(یجب ان یجـم مجلـس الوزراو وزراو اقلیم), بەس ئەڤە, یەعنی ئەو (یجوز)ە داعی نیینە, بۆچی یجوز؟ بۆچی ئیحتیمال, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یجوز باشـترە, چـونكە هەنـدێ حاڵـەت دێتـە پێشـەوە وەزیـری هـەرێمی نـەوێت, وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری تایبەتـە, مەسەلەن لەبەر ئەوەی ئیتفاق هەیە دوو وەزیر یان چوار وەزیری هەرێممان هەیە, بـۆ كاروبـاری وەزارەتێكـی تـر, بـەڵام ئەگەر ئەوەش نەبێت, هەندێ جار وەزیری هەرێممان دەوێت بۆ كاروباری دەرەوە یان بۆ ئەنجومەن یان بۆ هـەر شـتێكی تر بێت, لەبەر ئەوە بوترێتن یجوز, دەرگا دەكرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها ئیزافەیەك بۆ وەزارەتی كاروباری شـەهیدان ئـەنفال ئـەڵێم بكرێـت, چـونكە ئـەنفال, عەمەلییـەی جینۆسـایدە, حاڵەی شەهیدی تەبیعی نییە, چونكە ئەو حاڵەتـە ئەنفالـە مـن وا دەزانم ئەگـەر حكومـەتی مەركـەزی بكەوێتـە حاڵـەی ئەوەی تەعویز وەربگرینەوە لێیان, یەعنی وەك حاڵەتێكی بەشدار كردنی حاڵەتی جینۆسایدەكە, وەكو شـەهیدی تـەبعی نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەش راستە, بەلاّم شەهیدان ئەنفالیش هەر شەهیدن, فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە مـن ماوەیـەكی زۆرە لەسـەنتەری ئـەنفال ئـیش دەكـەم, چـەند حالّـەتمان هـەبووە, ناردوومانـە بـۆ شـەهیدان, دەلّێن ئەمە لەگەلّ ئێمە یەك ناگرێتەوە, شەهید جیایەو ئەنفالیش جیایە, لەبەر ئەوە بـەرای مـن یـەعنی زیـاد بكرێـت, وەزارەتی ئەنفال, یان جینۆساید, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خـۆی دەكرێـت ئەگـەر نـاویش نـەكرێت, دەزگـای بەدواچـوونی كێشـە ئەنفالـەكان دروسـت بكـرێتن, تـا ئێسـتاش خـۆ شەهیدانیش خۆ وەزارەت نەبووە, دەزگایەك بووە لە هەولێر بەتایبەتی, لە سلێمانی پرۆژەش هەبوو كە ببێتـە وەزارەت, نازانم خۆی دەكرێت هەردوو ناوەكە پێكەوە بێتن و, دەشكرێ كە ناوەكان بە جـودا بێـت, باشـە بـا بـزانین كیـێ تـر قسـە لەسەر ئەو بابەتە دەكات؟ فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاروباری ئەنفالەكان عیلاقەتی بە وەزارەتی مرۆڤایەتیەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راستە ئێمە لە سلێمانی وامان لێكردووە, بەلاّم لێـرە وەزارەتـی مـافی مـرۆڤیش بـە جودایـە و عیلاقـەی بـە ئـەنفال نییـە, منیش حەزم دەكرد ئەو وەلاّمە بلّێم, بەلاّم لەوێش لەت كراوە, لەوێش نییە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قانەعەتی من لەسەر وەزارەت شەهید یـان ئـەنفال هـیچ كـات جیـا ناكرێتـەوە, وەكـو شـەهیدێكی میللـەتی ئێمـە جیـا ناكرێتەوە, یەعنی وەكو وەزارەتی شەهیدان حیساب دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئی بوو, نوقتەی نیزام نەبوو, فەرموو كاك خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هـەروەكی ئێـوەی هێـژا دەزانـن, پێكهاتـا گـەلێ كوردسـتانێ, گشـت كـوردێ موسـلمان و هـی كـوردی ئێزیـدی و هـی بـرای كرستیانیێ پێك هاتیە, ئەگەر كوردستانێ قـەدەرێك پـراكتیـك بـاش مـافێ مـەی دی پاراسـتینە وریـز هاتـە گرتینـە, ئێمـە گەلەك پێ خۆش بوو, ئەنجومەنی وەزیران مادام یاسایەك دارشـتن, یاسـا پشـتیوانێ وێ كـارێ پراكتیـك بـۆ ئێمـە دەسـت هاتی كردبا, ئەڤە یەك, حكومەتا بەغدایێ ئەگەر بەراورد بكرێت لەگەلّ حكومەتا فیدرالّ, حكومەتا نـاو كوردسـتانێ ڤـە كری ترە, وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی, ئێمە هی دین و دیانەت و تایفە چی كری؟ بەدیتنا من دیـان و تایفـە پـتر بسەنگدەترە وی دین و وی تایفە, ئەم و وەكو كوردێت ئێزیـدی وەك بـرا كرسـتیان جێـی مـە ڤـە وەزارەتـێ چییە؟ ئـەم نزانین مە راوەسـتین تـا حكومـەتا مـە یـەك دەبـیتن كـە حكومـەتا بـەخێر یـەكی گـرت و كـێ مـە تشتەكی خـۆ نـەدیت, وەزیرێك بۆ برا توركمان و وەزیرێك بۆ برا كرستیان, ئەم كوردین و ئێمە مافێ خۆ دوێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەو برایە كە وتی, ئێستا لە وەزارەتی ئەوقاف مەشروعێك هەیە, مەشروعێكی تـەواو كامـل, بەنیسـبەت دیانـەتی یەزیـدی و, مەسـیحی و, هـەتا مەسـەلەی كاكـەیی نووسـراوتەوە بـە كـاملی, ئیشیشـی تێـدا كـراوە و, ئـەم مەشـروعە وەك

ئەوەی کە من ئاگادارم دراوەتەوە ئەنجومەنی وەزیران, چاوەڕێ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەت دەکەین, بۆ ئەوەی ئەم مەشروعە بێتە پەرلەمان, هەموو شتێکی بۆ حازر کراوە, سوپاس.

**بەڕێز تافگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دوای ئەوەی کە وەزارەتەکان دانراون و, ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و, هەولێر هەستیان بەوەی کرد کە فەراغێك هەیە, بۆ هەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, هەریەکەیان ئافرەتێکیان تەعین کرد, بەناوی راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری ئافرەتان و کاروباری ژنان, جا نازانم ئێستا یان فەراغی ئەوەیە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئافرەت لەو دانیشتنانە هەبووە, یان دەزانم لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئەوانە, مەسەلەی ئافرەت مەسەلەیەکی عالەمییە ئەمڕۆ, قەزیە ئەوە نییە کە بڵێی ئافرەت مافی نییە, لەبەر ئەوە دەبێت وەزارەتی هەبێت, الحمدلله مافەکانی زۆری دەستەبەر بوون, بەلاَم هەست دەکەم فەراغێك هەیە, ئەگەر وەزارەتی ئافرەتان یان وەزارتی ژنان دابنێین, بۆ کاروباری ژنان و, خۆشیش نییە, ئەگەر وەزارەتی هەرێم دابنێین, (وزارە الدولە لشؤون المرأە), وەزارەتێکی فعلی بێت, ئێمە وەکو ئافرەتان و ژنانی پەرلەمان پێمان خۆشە ببێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك غفور, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

لەسەر وەزارەتی ژمارە هەشت وەزارەتی کاروباری کۆمەلاَیەتی بە عەرەبییەکەی دەلێت( وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية), دەبێت ئەوەش بکرێتە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی, ئەوە تەرجومەکەی, دواتر لەسەر کاروباری شەهیدان, من دەنگ دەخەمە پاڵ ئەو بەڕێزانەی کەباسی مەسەلەی ئەنفالەکانیان کرد, لەبەر ئەوەی بەداخەوە ئەنفالەکان وەکو پێویستە تا ئێستا کاروباری ئەوان راناپەڕێندرێ وەکو پێویست بایەخیان پێ نەدراوە و, ئەگەر ئێمە تێبینیش بکەین, زۆربەی زۆری کەس وکاری ئەنفالەکان گلەیی زۆریان هەیە لەو مەجالە, بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام یان وەزارەتێك بەناوی کاروباری ئەنفالەکان هەبێتن, یان ئەوەتە ئیزافەی سەر ئەوە بکرێت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالەکان, بەنیسبەت وەزارەتەکانی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, من پێم باشە وەزارەتی ناوچە بە عەرەب کراوەکانی کوردستان بێتن, لەبەر ئەوەی دیارە مەبەستمان ئەو ناوچانەیە, ئەو ناوچانەش پێویستان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە, پێویستیان بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان هەیە, پێویستان بە وەرگرتنەوەی ئەو موڵکە زەوت کراوانەی خۆیان هەیە, بۆیە ئێمە وای لێبکەین, وەزارەتی ناوچە بەعەرەب کراوەکانی کوردستان, هەم بە قوەت تریش دەبێتن, لەبەر ئەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان, هەر دەبێت دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, بەلاَم پاش ماوەکانی بەعەرەب کردنی کوردستان هەر دەمێنێ ئەو ناوچانە, پێویست بەوە دەکاتن بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین, کە پاشماوەکان ئەو تەغیرە دیموغرافیەی لەو ناوچانە کراوە هەمووی نەهێڵین, تێبینیەکانم هەر ئەوەندە بوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ناوی وەزارەتەکە راستە, دەبێت بە کوردی ناوی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی بێت, چونکە لە عەرەبیەکەی نووسراوە(وزارە العمل و الشؤون الاجتماعیە), دەبێت بە کوردیەکەش وا بێت, مولاحەزاتەکانی ترت, رای موختەلیف هەیە, جیاواز هەیە, دوایی موناقەشەی لێدەکەین, کاك جمال, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی کۆمەڵگایەك کە بیر دەکاتەوە لەوەی مەجموعەیەکی زۆر وەزیر دادەنێ بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە, ئەوەی من تێبینی دەکەم لە کۆمەڵگەی مەدەنی مەجموعەیەك بەشی تر هەیە, کە گرنگی پێدراوە لەو وەزارەتەی ئێمە گرنگی پێ نەدراوە, وەکو وەزارەتێك بۆ هەڵبژاردن, وەکو وەزارەتێك بۆ کرێکار, ئەمە لە هەموو عالەم گرنگی پێدراوە, وەکو وەزارەتێك بۆ سەیارە تەبیعی لای ئێمە وەزارەتی ناوخۆ وشەی سەیارش چارەسەر دەکات, بەلاّم لە شوێنانی تر ڤیکل خۆی دامودەزگایەکی تری هەیە, هەروەها تەئمین وەزارەتی تایبەتی خۆی هەیە حەقە بیر لەوەش بکرێتەوە.

بەنیسبەت دەستکەوت و زەریبە وەزارەتی تایبەتی خۆی هەیە, کە بیر دەکاتەوە لەوەی هەموو لایەك زەریبەی خۆی بدات, هەموو لایەك دەستکەوتەکانی خۆی بخاتە بەر دەست.

بێ کاری و تەئمینی ژیانی بێ کاری, ئەوە وەزارەتێکە, ئەم خالاّنە ئەگەر بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و بیری لێ بکرێتەوە وەزارەتەکە فراوانتر بکرێت و ئەم مەجالانەی تیایدا زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم وەزارەتانەی کە دەستنیشان کراوە, وەکو عەرزم کردن لەبەر رۆشنایی وەزارەتەکاندا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ, ئەمە یەك.

دوو/ ئەو وەزارەتانەی کە ئیقتراح دەکرێن هەمووی بەشن, یان مدیریاتن لە وەزارەتی جیا جیا, وەکو تەئمینە, وەکو زەریبەیە, ئەوانە.

سێ/ وەزارەتی هەڵبژاردن نابێت بە رەئی من, عەفوم دەکەی لەوەدا نابێت وەزارەت بێت, جارێ نابێت یەکسەر حکومەتیش بێت, دەبێت هەیئەتێکی موستەقیل بێتن پەرلەمان پشتگیریی لێ بکاتن, موستەقیل بێتن لە ئەحزاب هەتا لە حکومەتیش, لەبەر ئەوە ئەگەر وەزارەت لە ولاّتێکی تردا هەبێت, یان زۆر پێشکەوتووە, کە حکومەتیش بێتن تەئسیری لەوە ناکات لە بێ لایەنی خۆی ناکاتن, یان سیستەمێکیان هەیە ئەو وەزارەتە وا لێ دەکاتن سەربەخۆ بێتن, ئەوە لەلای ئێمەدا نییە, ئەگەر دروستیش بکرێتن هەیئەتی نەزاهەیە, هەیئەتی هەڵبژاردنە, هەیئەتی چاودێرییە, ئێستا کە عایدی حکومەتە, هەیئەتی چاودێریش ئەگەر بە مەنتیق تەماشای بکەین, نابێت عایدی حکومەت بێتن, چونکە خۆی چاودێری حکومەت دەکاتن, خۆی رەقابەی حکومەت دەکاتن, چۆن دەبێت عایدی حکومەت بێتن؟ مەفروزە موستەقیل بێتن سەرۆك پەرلەمان بێت, کە دەڵێم موستەقیل لە رووی قانونییەوە سەرۆك پەرلەمان بێتن, هەیئەی هەڵبژاردن لە بەغدا موستەقیلە, هەیئەی فەسادە, نزاهەیە موستەقیلە, ئەوانە هەمووی دەبێت موستەقیل بن.

فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران گەلێك ئاخافتن لەسەر چین و بێژن, بەس هەروەکی خۆیا بوو ئەو وەزارەتا بۆ کاروباری دەرەوەی هەرێم, وابزانم وەزارەتێکی وەختییە, وەکی جەنابێتە گوتی وەزارەتێکا وەختییە, ئەگەر هاتو کەرکووك ئان شەنگار نەهاتە سەر وەزارەتا, ئەو وەزارەتا لەغو دەبێت, ئان هەر دەمینێت کارێ خۆ ئەدا دکەت, ئێك.

ئان بێژیت ئەگەر ماددا پەنجاو هێشتێ هەتا تەتبیق کرن, ئەم دێ ئیستیغنائ وەزارەتێ, ئان نا, وەك پرسیار, یەعنی روون کردنەوە بۆ چەندێ, وەزارەتا هەرێمیش مەنەڤێتن رەزامەندیا, ئان رازی بوونا خەلکەکی ئیت ڤان وەزارەتا هەر وەزیرێك هەبێت, ئان خەلکەك هەبێت وەزیرێکی بۆ دائەنێ بێ کار و بێ تشتەك هەبێتن و وەزارەتێك دابنێت, بەڕاستی ئەوە تشتێکی موزمینەو نە ئیجابییە ئەو تشتە, بەس ئەگەر وەزارەتا هەرێم دانێین بۆ کاروبارێت فلان تشتی دەست نیشان بکەین ئیت لە یاسایێدا مەعقولترە وەکو وەزارەتا پشتی هێڤی دانان بۆ کاروبارێ ڤان تشتا, ئەمە وەڵلاّ فەراغێکی چونکە کەسێك بێتن وەزیرەك هەبیتن بۆ وەزیری هەرێمێ هەموو شتك سلبییە بەڕاستی.

وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێ ئیسلامی وابزانم ئەگەر ئەمە ببێت کاك خدر گوتی ئەو وەزارەتەش بێتە کرن, بەس لە قانونێ ئەحوال شەخسیدا هەیە ئەم داخوازیت کەرکوك لە دەستووریدا بێتە چەسپاندن وەکو قانونێکی ئەحوال شەخسی هەبێتن و کاروباری ڤێ خەلکی ئاینی ئەڤرۆبە بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم, ئەوە زۆر موناقەشەمان کردووە, تەبعەن لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ماددەی (136) کە بە ماددەی پەنجاو هەشت ناسراوە, خۆی ئەوە ئیشەکەی نامێنێتن, بەلاّم هەر وەختێك پێویستی بێت و ئیشەکەی مابێت, جا چ کەرکوك بێت و, چ سنجار بێت, چ خانەقین بێت ئیش و کارەکەی خۆی دەکاتن, بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر تەماشای قانونی ئەنجومەنی وەزیران بکەین, کە لە ساڵی 1992 دەرچووە, هەتا ئێستا شەش جار تەعدیل کراوە, "استحداث"ی وەزارەت کراوە, دەمجی وەزارەت کراوە, ئیلغای وەزارەت کراوە بەپێی پێویستی ئەنجومەنی وەزیران, ئەو تروحانەی برادەران دەکەن هەمووی لە جێگای خۆیەتی, ئیمکان هەیە لە موستەقبەل دیسان تەعدیلات بکرێت, گۆڕانکاری بکرێت, ئستیحداسی تازە بکرێت, وەزارەتی تازەش بکرێت, ئیلغاش بکرێتەوە, بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە موناقەشەیەکی زۆری برد, داوا دەکەین کە بدرێتە دەنگدان لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوانە, وشەی وەزیری هەرێم ئەگەر بۆ کاروباری شتێك نەبێتن, ئەمە ئیتیفاقێکە, رەنگە لەبەر ئەوەی ئیتیفاقێکی سیاسییە, رەنگە وەکو گوتمان حکومەتێکی ئیئتیلافییە, یەعنی ئیمکان هەبێت بۆ رازی کردنی لایەك, وەزارەتی هەرێم بدرێتن بێ دەست نیشان کردنی کاروبارەکەشی, فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەزانم جەنابتان باستان کرد, کە ئیتیفاق کراوە لەسەر ئەو وەزارەتانەو تەوزیعیش کراوە, بەلاّم هەروەکو تێبینی دەمەوێت پێشنیاری خۆم بدەم لەسەر ئەو وەزارەتانە.

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن, هەموومان دەزانین نیشتەجێ کردن نەخۆشییەکی درێژ خایەنی ئەم وڵاتەیە ئەزمەیەکی زۆر گەورە هەیە, یەعنی بە رەئی من وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە جیا بوایە لەگەڵ وەزارەتی نیشتەجێ کردن, ئەویش جیا بوایە, لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە فراوانتر و شتی زۆرتر دەگرێتەوە, هەمووتان دەزانن کوردستان چەند وێران و کاوڵە, نیشتەجێ کردنیش کێشەیەکی رۆژانەی خەڵك و زۆریش موزمینە, من پێم باش بوو وەزارەتی کارەبا و ئاو بەیەکەوە بوایە, لەبەر ئەوەی لە ئاوی خواردنەوە دەست پێ بکە تاوەکو دروست کردنی ئاوی بەنداو, ئاودێری کارەبا و ئاو پەیوەستن بەیەکەوە, بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو ئێمە وەزارەتی کارەبا و ئاو بەیەکەوە بوایە, لە کاتێکدا کێشەی ئاو پێویستی بەوەیە کارەبای بۆ دابین بکەین, ئاسانتر بوو بۆ وەزیرێك تەعامول لەگەڵ ئەو وەزعە بکات, من پێم باش بوو وەزارەتی عەقارات و زەوی و زار هەبێت, چونکە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە تاوەکو ئێستا کێشەی زەوی و زار بەردەوامەو چارەسەر نەکراوە, من هەر بۆ نموونەش پێتان دەڵێمەوە, ئەمە سەنەدێکی سەد ساڵیە, سەد ساڵ بەر لە ئێستا ئەم سەنەدە لە دائیرەی تاپۆ بەناوی کێ نووسراوە, تاکو ئێستا ماوەتەوەو چارەسەر نەکراوە, وەزارەتی عەدل راستە تاپۆ وەکو خۆمان دەڵێین عایدی وەزارەتی عەدلە, بەلاّم وەزارەتی عەدل مەشغولی دادگایەکانە, زۆر گرنگی بە عەقارات و ئەوانە نادات, یەعنی بەڕاستی ئەوە کێشەیەکی موزمینە ماوەتەوە نە خاوەن زەوی و زار دەتوانن بەکاری بێنن, نە نەوەکانیش دیارە, رەنگە بەناوی کەسێکەوە تۆمار کراوە ئەمە لە ساڵی 1329 تاکو ئێستا بەردەوامە هەر بەناوی ئەو وەرسەوە دەڕۆینەوە, وەرسەکە دەگەینێتە دوو هەزار کەس, یەعی حەق وا بوو ئەو وەزارەتەشی شمول کردبوایە, چونکە کێشەیەکی درێژ خایەنە, سەبارەت بە ئەنفالیش بە رەئی من ئەنفال

کێشەیەکە زۆری دەوێت وەزارەتێکی تایبەتی دەوێت, بەڵام ئەگەر چی ناکرێت رێککەوتن هەیە لەسەر ئەوە وەکو جەنابتان فەرمووتان, لە بەغدا بەگوێرەی وەزارەتەکانی بەغدا ئێرەش دانراوە, حەق وایە وەکو کاك غەفور وتی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئەنفالیش بخرێتە پاڵی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو شوکری نێرۆیی.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ئەم مەوزوعە نەك بە تەسەوری من هەموو دەزانن ئەم مەوزوعە لە دەرەوەی پەرلەمان زۆر موناقەشەی لەسەر کراوەو لەناو پەرلەمانیش لیژنەی یاسایی دیارە زۆر دیراسەتی کردووە, ئەم هەموو موناقەشەمان کردووە توانیمانە وەزیر بکەینە وەزارەت و, دەسەڵاتیش بکەینە دەستە و, وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و کار زیاد بکەین, زیاتر هیچ شتێکی ترمان نەکردووە لە قسە کردن زیاتر, بە تەسەوری من ئەم هەموو موناقەشەی پێ ناوێت, چونکە شتەکە کراوەو ئیتر دەست بەرز بکەینەوە بۆ دەنگدان لەسەری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی موناقەشە داخرا, ئەگەر خاڵی نیزامی هەیە, ئەگەر خاڵی نیزامی نەبێت, دەڵێم خاڵی نیزامی نییە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بمبوورە سەرۆکی پەرلەمان, مامۆستا نازناز ناوی نووسی بوو پێم وایە تێبینیەکەشمان تۆزێك لە جێی خۆیەتی, بەس ئەگەر ئیجازە بدەیت, یان ئەو قسان بکات, یان من لە جیاتی ئەو قسە بکەم, خاڵی نیزام نییە, دەزانم بەس ئیدی ناچارین قسە بکەین, سەبارەت بەناوی پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئیزنم نەداوی قسە بکەی, تۆ پێشنیارێکت کرد, رەئیم نەداوەتەوە, جا نازناز نازانم بۆ ناوی نەنووسراوە, تێبینیشم کرد کە دەستی بەرز کرد, بۆ ئەوە تا قسە بکات قسەکانی خۆی داوەتە تۆ, فەرموو خاتوو نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەرجومەی وەزارەتەکان بکەین, لێرە هەڵەیەك هەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالی, چونکە لەوێ نووسراوە وەزارەتی تەعلیم عالی و بەحسی عیلمی, کەچی لە تەرجومە کوردیەکە بۆتە خوێندنی باڵا, خوێندن تەرجومەی تەعلیم نییە, کەواتە لێرە دەبێت ببێتە فێرکردنی باڵا, فێرکردنی باڵاش بۆ دیراساتی عولیا غەڵەتە بەڕاستی, چونکە خۆی لە ئەساسدا دیراساتی عولیایە, بۆیە با ئێمە لە تەرجومە کوردیەکە راست بڕۆین لە ئێستاوە لەسەر تەرجومە عەرەبیە چەوتەکە نەڕۆین, بیکەین بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەر هەمان تەرجومەکەی خۆمان, بەڵام وەزارەتی پەروەردە با ببێتە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن, چونکە بەشێك لە پرۆسەی ئەو دوانزدە ساڵەی کە قوتابی دەخوێنێت فێرکردنە, بۆیە فێرکردنەکەی پێوە بلکێنین, چونکە تەنها ئێمە جانبی پەروەردەییمان لەبەرچاو نییە, جانبی پەروەردە هەدەفی یەکەمە, هەدەفی دووەم فێرکردنە, بەتایبەتی لەخوێندنی دوای سێی ناوەندی, بۆیە پێشنیار دەکەم با ئێمە هەر لە ئێستاوە با راست بڕۆین, وەزارەتی پەروەردە زۆر لە لیژنەی پەروەردەش موناقەشەی ئەو شتەمان کردووە, وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بێت, ئەویتریشیان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکەت بەجێیە بەنیسبەت وەزارەتی خوێندنی بالاَ, بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دانووسیووە, لە بەغداش هەروایە, ئەگەر چی لە واقیعدا پەرەوردە تەنیا ئەوە نییە, تێبینیەکەت فێرکردنیشە, بەلاَم بەڕاستی ئەگەر ئێمە هەموو تێبینیەك لێرە وەربگرین لە حکومەت تێك دەدەین, چونکە مەسەلەی ئەوانە زیاتر لە ئەساسدا دەبوایە پرۆژەکە لە حکومەتەوە بۆمان بێتن, ئەمە ئیستیسنایە, ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەو ئیتیفاقە قسە دەکەین و قانونەکان تەعدیل دەکەین, ئەگەرنا تەعدیلی وەزارەتەکان, ناوی وەزارەتەکان, ئیستیحداسی وەزارەتەکان, مەفروزە پرۆژەیەك بێت لەلایەن حکومەتەوە بۆمان بێت, بەو پەلە پەلیەش بووە هەموار کردنی وەزعەکە, لەبەر رۆشنایی ئەو ئیتیفاقەی کە دەنگمان بۆ دا, زۆر مەجالمان نییە, هەتا ئەگەر وەزارەتیش دابنێین, پێویستە حکومەت پێمان بلێتن و پرۆژەیەکمان بداتێ, بلێت ئەو وەزارەتە ئەوە پێداویستیەتی, تکایە یاسای دامەزراندنی ئیستیحداسی بکەن بۆمان دابنێین, بەڵێ کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەدەف لە دانیشتنەکەی ئێمە, وەکو جەنابت رۆشنت کردەوە, بریتی یە لە تەعدیل کردنی قانونی ئەنجومەنی وەزیران لە (17) وەزیر, یان لە (15)وەزیر بووە بە (27) وەزارەت, یەعنی ئەوە ئێستا کاتی ئەو موناقەشە نییە, چ وەزارەتێکی تر هەبێت و چۆن بێت و لەبەر رۆشنایی حکومەتی فیدراڵە قەزیەکە, وەکو جەنابت ئیشارەتت پێ کرد, دەبێت واقیع رۆژگار وا لە پەرلەمان بکات ئیستیحداسی وەزارەتێکی تر بکات و قسەی لەسەر بکرێت, لەبەر ئەوە وەخت کوشتن بەو شێوازە و بەو مەغریبە, لەوانەیە لە مەسلەحەتی دانیشتنەکە نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێژی مەغریبی قەزا بکەوە مامۆستا, ئەو هەموو موناقەشەیە کۆتایی پێ دێنین, خاڵی نیزام تەواو, تەنیا یەك خاڵ هەیە لە موناقەشەکان دووبارە بۆوە, ئەویش مەوزوعی وەزارەتی شەهیدانە, ئایا ئەنفالی لەسەر ئیزافە بکرێتن, پێم وایە دەکرێتن, ئەگەر پێتان باشە ئەنفال ئیزافە بکرێتە سەر وەزارەتی شەهیدان, یەعنی خۆی دوو رەئی هەیە, ئایا ئەنفال ببێتە زمنی تەشکیلاتی وەزارت, یان وەکیل واتا مودیریەشی بۆ دابنرێت لە زمنی وەزارەتی شەهیدان, یاخود ببێتە وەزارەت, هەر دەبێ مودیریەتێکی هەبێت, ئەگەر نا وەزارەتی شەهیدان بە تەنیا مودیریەتیشی دەبێت, ئەگەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بێت, ئەوە ئەو وەختیش دەبێت مودیریەتی هەبێتن, جا ئەوەی پێی وایە ناوی ئەنفالکراوەکان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بێت من دەیخەمە دەنگدان, کێ پێی وایە لەگەڵی بێتن؟ خۆشم تەئیدی ئەوەم, کێ پێی وایە وەزارەتی شەهیدان بە تەنیا بمێنێتەوە دەستی بەرز بکات؟ ئەکسەریەتی دەڵێت دەبێت وەزارەتی شەهیدان ئەنفالکراوەکانیش لەگەڵ بێت, فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە, هەندێك شت هەیە وا موناقەشە ناکرێت, ئەمە, یان ئەوە, بەڕاستی مەسەلەی ئەنفال تۆزێك موناقەشەو دانوستاندن هەڵدەگرێت, شتێکی زۆر زۆر گرنگە, ئێمە مافمان نەداوە بە ئەنفالکراوەکان وەکو باس کرا, بەلاَم دانانی کێشەی ئەنفال لەگەڵ شەهیدان بە بۆچوونی من کارێکی هەڵەیە, چونکە ئێمە نابێت ئەنفالکراوەکان بە شەهید دابنێین, چونکە ئەگەر بە شەهیدمان دانا دەبێت ئەو مەلەفە دابخرێت, بۆیە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئێمە نییە, ئەو کارە لەگەڵ شەهیدان رێك بخرێت, دەتوانرێت وەزارەتێکی هەرێم بۆ ئەنفال دابنرێت, دەکرێت لەگەڵ کاروباری کۆمەلاَیەتیدا یەك بخرێت, دەکرێت لەگەڵ زۆر وەزارەتی تر بکرێت, بۆیە ئەم مەسەلەیە بەڕاستی دەبێت تۆزێك وردتر بیری لێ بکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم دەنگمان لەسەر دا, دووەمیش بۆ وەلاَمدانەی کاك دلێر, کە دەڵێ وەزارەتی شەهید و ئەنفال, مانای وایە کێ هەویەی شەهیدی پێ داون, مانای وایە ناگرێتن, بەپێچەوانەوە ئەگەر گوتت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان جیات

کردەوە, خۆی لە خۆیدا جیات کردەوە, ئەوە بە پێچەوانەوە خۆت جیات کردەوە, خاڵی نیزام, فەرموو تۆ قسەت نەکردووە.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من دوو وەزارەت هەبێت, وەزارەتی شەهیداو وەزارەتێ ئەنفالێ فەرقیەك خستومە نێوان هەردووکێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە عەفوم بکە, ئەوە پێشنیارە, کاك مەحمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر قیاسی ئەم وەزارەتانە لەسەر بەغدا بکەین, لەوێ وەزارەتی هیجرە هەیە, دەکرێت حەللی ئەم کێشەیەی پێ بکەین, یەعنی مادام وەزارەتی هیجرە لەوێ هەیە, لێرە وەزارەتی ئەنفال و ئاوارەکان بۆ نموونە, دەتوانین ئەو ئیشکالەی پێ حەل بکەین, یەعنی ئەوە لەوێ هەیە, مادام لەوێ هەیە, دەکرێت لێرە ئەمەی پێ حەل بکەین هیجرەت بکەین بە وەزارەتی ئەنفال و ئاوارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك مەلا سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە جەنابی سەرۆك ئەدی ئەنفال شەهید نییە, با بەڕێوەبەرایەتی ئەنفال, کە یەکێك چۆتە سەنتەری ئەنفال لە دەزگای شەهیدان قەبولیان نەکردووە, مانای ئەوە نییە, کە ئەنفال شەهید نییە, دەتوانین قەرارێکی لەسەر دەربچوێنی, خۆزگە وەزارەتی ئەمنی قەومیش هەبوایە, کە ئێستاکە زۆر زۆر پێویستیمان پێ هەیە وەکو قەومی کورد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە دەنگی لەسەر درا, ئەگەر چی لەبەر ئەوەی ڕێی گەورەیە, ئەگەر نا ئێمە هەر چۆنێك بێت ئیتیفاقی پێ جێ بەجێ دەکەین, ئیتیفاقێکە دەیکەینە قانون, لەبەر رۆشنایی ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیم کراوە بە تێگەیشتنی هەموو شتێك, بەڵام رەغبەتی زۆری ئەوەیە کە ئەنفال ئیزافە بکرێتن, دووبارەی دەکەمەوە یەکەم مانای ئەوە نییە, کە ئەنفال بەشێکە لە شەهیدان, بەپێچەوانەوە ئێستا جیای کردەوە, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, واتا بەشێکی شەهیدان و بەشێکی ئەنفالکراوەکان, ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە, دەیخوێنمەوە بەرەچاو کردنی تێبینیەکانی کە لە موناقەشەکەتان دا بوو:

ماددەی سێیەم:

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.

أ- ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:

1-وەزارەتی ناوخۆ.

2-وەزارەتی دارایی و ئابووری.

3-وەزارەتی داد.

4-وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

5-وەزارەتی گواستنەوە.

6-وەزارەتی پەروەردە.

7-وەزارەتی تەندروستی.

8-وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

9-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

10-وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکان, گوتمان عەرەبیەکەی (الموارد المائية) چی بێتن وای لێ بکرێت.

11-وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

12-وەزارەتی پلاندانان.

13-وەزارەتی مافی مرۆڤ.

14-وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

15-وەزارەتی کشتوکاڵ.

16-وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

17-وەزارەتی رۆشنبیری.

18-وەزارەتی کارەبا.

19-وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

20-وەزارەتی شارەوانی.

21-وەزارەتی وەرزش و لاوان.

22-وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

23-وەزارەتی بازرگانی.

24-وەزارەتی پیشەسازی.

25-وەزارەتی ژینگە.

26-وەزارەتی گەشت و گوزار.

27-وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە, ئەوەی تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, دوو کەس دژیەتی, ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الرابعة: لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الخامسة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة السادسة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی شەشەم بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە, دەیخەینە دەنگدانەوە, تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەگشتی دەنگ وەرگیرا, یاسایەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە, یاسای هەموار کردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو, کە ماددەکانمان خوێندەوە یەکە یەکە دەنگمان لەسەردا, ئێستا بەگشتی دەیخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دەرچونیەتی دەستان بەرز بکەنەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس.

کاك شێروان یاسایەکەی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست بە پرۆژەی دووەم دەکەین, برای بەڕێز کاك عەبدولکەریم دیباجەو ماددەی یەك دەخوێنێتەوە بە کوردی.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوادی گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پشت بە بڕگەی (**1**) لەمادەی (**56**) و مادە (**53**) ی یاسای ژمارە (**1**) ی ساڵی **1992**ی هەموارکراو ولەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / / **2006** بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

یاسای ژمارە( ) بۆ ساڵی **2006**

یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان — عیراق

ژمارە (**1**)بۆ ساڵی **2005**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (**1**) بۆ ساڵی **2005** هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**1**- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر بەخۆی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

**2**- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کەهاوکاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دا دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

**3**- سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش كاك عەونی بەزاز دیباجە و ماددەی یەك بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە, با بفەرموویێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**باسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

إستناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون التعديل الأول لقانون رئاسة أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (1) لسنة 2005**

**المادة( الأولى):**

تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین, بەس یەك تێبینیمان هەیە, لەبەر ئەوەی ئێمە صیغەی (تلغى) کردمان بە (تعدل), دەبێت لە کۆتایی فەقەرەکەش بڵێین (وتقرأ كالاتى) لە جیاتی (وتحل محلها مايلى), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکەتان بەجێیە من خۆشم بە قەڵەم لێرە نووسیومە, کە گوتت تەعدل (تقرا کالاتي), ئەگەر ئیلغا بوایە دەبووە (تحل محلها مايلي), کێ دەیەوێت قسە بکات, فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەخمین کردنی هەردوو نائیبەکە, هی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە (لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه), بەلاَم لە هی سەرۆك هاتووە (يُخَوِلِ رئيس الاقليم نائبه), ئایا جیاوازییەکی تێدا نییە لە تەعریفەکەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونیەن جیاوازیەکی هەیە, بەلاَم لوغەویەن جیاوازیەکی وا نییە, لە سەلاحیەتی عەینی شت دەکات, فەرموو کاك رۆبیتان.

**بەڕێز روبیتان ابراهیم روستم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەکەم هاتووە دەڵێت (في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نا ئبهُ),( في حالة خلو منصبه), لەوەی سەرۆکی ئیقلیم لەو جۆرەی تیا نییە, لەوەی (في حالة خلو منصب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەش عەفوم بکە, لە قانونە ئەساسییەکە هەیە, بۆیە لێرە باس نەکراوە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارە بەڕاستی, سەبارەت بە دانانی سەرۆکی هەرێم, ئێمە دەزانین بە هەڵبژاردن دەبێت, بەلاَم جێگرەکەی کێ دەستنیشانی دەکات, راستە ئێستا بە ئیتیفاقە, بەلاَم پێتان وا نییە لێرە فەراغێك هەیە لە رووی قانونیەوە, کێ موخەوەلە دەستنیشانی بکات, ئایا پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات, مەعلوم ئەوە غامزە, پرسیارێکە دەمەوێت وەلاَمم بدەنەوە.

دووەم/ سەبارەت بەو سیفەتانەی کە دەبێت لە جێگر دابێت, ئێمە دەزانین چەند مەرجێك هەیە بۆ سەرۆکی هەرێم, ئایا دەبێت ئەو مەرجانەی بۆ سەرۆك دابین کراوە هەمان مەرج دەبێت تەتبیق بکرێت لەسەر ئەو کەسەی کە دەبێتە جێگری سەرۆکی هەرێم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیانەی چنار خانم هەبوو, بەپێی ئەو رێککەوتننامەی لە دانیشتنی پێشوودا تەسدیقمان کرد, رێککەوتننامەکە بەپێی بنەمای شەڕاکەت و تەوافوق و تەحکیم و هاوسەنگ نییە, من پێم وایە وا باشە لەم یاسایە ئەو شەراکەتە رەنگ بداتەوەو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گێلاس.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاسایەکەو بۆ ئایندەیە, پابەند نییە بە شەخسێکەوە, یان بە لایەنێکەوە بۆ ئایندەیە, بۆیە من دوو تێبینیم هەیە لە ماددەی یەکەم خاڵی دووەم (سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کە هاوکاری لە راپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەکات), بۆچی کە هاوبەشی نەکات, ئەمە خاڵێکم.

خاڵی دووەمم/ سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات, نابێت ئەو ئەرك و دەسەڵاتانە دیاری بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت تێبینیەکەی چنار خان بەجێیە, پێشتریش باسمان کردووە, بەلأم پێم وایە کەی ئەوە دەستنیشان کرا ئالیەتەکەی دەکرێت لێرە باسی بکەیت, بەلأم ئەوەی ئێستا ئەهمیەتی هەیە و ئەوانە بەپێی ئەو ئیتیفاقیەتەی هاتووە, لەو ئیتیفاقیەتە ئەو خاڵە یەك لا نەبۆتەوە, ئێمەش نەمانویست دوای بخەین, ماوەیەکی تر بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو ئالیەتە بدۆزینەوە جێگرەکەی چۆن دەبێت, بەلأم مەنتیقەن پێویست دەکات هەرکێ بێت لێرە لە پەرلەماندا تاوەکو متمانەی پێ بدرێتن, لەو مەرحەلەیەدا هەرچەندە ئیشی شەخسی خۆمە, بەلأم دەگەڕێتەوە سەر ئیتیفاقی هەردوولا, یەعنی دوو صیغە هەیە دەکرێتن لێر سەرۆکی هەرێم دەستنیشانی بکاتن, دەکرێتن لە پەرلەمانیش دەستنیشانی بکرێتن, بەلأم بەهێزتر وایە لە پەرلەماندا دەنگی بۆ بدرێت, ئەوە خاڵێکی بەجێیە بەڕاستی.

بەنیسبەت کوێستان خان کە دەڵێت ماوەی شەراکەتەکە دیاری بکرێتن, قانون ناتوانێتن بڵێ وەڵلا پەنجا بۆ من, پەنجا بۆ تۆ, شتی وا لە قانوندا نییە, ئالیەتی شەراکەتەکە لە ئیتیفاقەکەدا هەیە, لێرە موصادەقەی لەسەر کراوە یەك, دوو, سێ, چوار بەو شێوەیە ئەوە شەراکەتەیە و, لەو یەك دوو ساڵەیە, بۆ هەڵبژاردنی داهاتووشە, ئەو ئالیەتە قیادەی هەردوو تەرەف لێی مەسئوولن, ئەو شەراکەتە جێ بەجێ بکەن, ئەگەر بێتو لایەنێك پێی وا بوو شەراکەتەکە نییە, نموونەیەکی نوێ رێگا هەیە بۆ چارەسەر کردنی لەوەشەوە گوتمان لە حکومەتەوە ئەگەر جێگرەکەی ئیسراحەتی کرد کابینەکە سقوت دەکات, ئەوە شەراکەتەکەیە, بەلأم قانونەن ناکرێت تەرسیخی ئەو حالەتە, ئەو حالەتە مەفروزە موەفەتە, تاوەکو دامودەزگای حکومەت دادەمەزرێتن, کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێتن, یاسا دەبێتە سەروەری هەموو شتێك, ئەو وەختی دەکرێتن بە نەوعێکی تر بکەینەوە, لەبەر ئەوەی ئەو تێبینیانەم وەلأم داوە, کەس نییە لەسەر ئەوە تێبینی هەبێت, ئێستا دەیخوێنمەوە بۆتان (تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخوِل رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته), لەڕاستیدا ئەسڵەن ئیختیساساتەکە لە قانونی سەرۆکدا هاتووە لەوێش زیادە, سەلأحیاتی هەیە, ئیختیساسات زیادە, لێرە کە هاتووە هەندێك کەس دەڵێن زیادە, لە ئەسڵدا زیادە, لە ئەسڵدا سەرۆك مومارەسەی سەلأحیاتی خۆی دەکات, ئیختیساس ئەندازیاری مەدەنییە, کۆمپیوتەرە, ئەوانە ئیختیساساتن, یەعنی لە ئەسڵدا لەوە هاتووە, لەبەر ئەوە ئەو هەڵەیە شەرح ئیزافییە, ئەگەر بمێنێتەوە چ فەرقێك ناکات, بەلأم ئەگەر نەمێنێتەوە یەکێك دێت پرسیار دەکات باشە سەلأحیات و ئیختیساسای خۆی یەعنی یەك شتە, بۆیە لەوێدا هاتووە, چونکە لە ئەسڵەکە هاتووە, بەلأم لە ئەسڵەکەشدا زیادە, ئەوە رەئی خۆم شەخسییە, بۆیە ماددەی یەك دەخوێنمەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە:

ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (**1**) بۆ ساڵی **2005** هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**1**- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر بەخۆی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

**2**- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کەهاوکاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دا دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

3- سەرۆكی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەكانی خۆی بەجێگرەكەی خۆی دەدات).

هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە, كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ گیلاس خان ئیعتیرازی هەیە, لەبەر ئەوە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, كاك شێروان ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی دووەم برای بەڕێزم كاك عەبدولكەریم بە كوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرموویێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

بڕگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی یاسایەكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دوای دەستنیشانكردنیان لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە سەرەك وەزیران و جێگرەكەی ڕادەسپێرێت بە پێكهێنانی كابینەی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی رۆژ لە مێژووی راسپاردنەكەیانەوە).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرموو كاك عەونی ماددەی دووەم بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (الثانية):

تعدل الفقرة ( الثانية عشرة) من المادة ( العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:(تكليف رئيس الوزراء و نائبه بعد تسميتهما من قبل المجلس الوطني لكوردستان – العراق بتشكيل الوزارة وذلك خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ تكليفهما).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەكلیفەوە لە نیزامی پەرلەمانی عادەتەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران, كاتێك تەكلیف دەكرێت لەلایەن سەرۆكی وڵاتەوە, ئێستا لە كوردستانەوە لە سەرۆكی هەرێمەوە تەكلیف دەكرێت, ئیتر پێویست ناكات (ونائبە), یەعنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كافییە بۆ ئەوەی كە دەست نیشان بكرێت, ئینجا بە نیسبەت ئەوەوە (بتشكیل الوزارة) با بنووسرێت (بتشكیل الحكومة), حكومەت و وەزارەت چ جیاوازیەك هەیە, كاتێك كە دەڵێت تۆ سەحبی سیقە دەكەیت لە حكومەت, لە حكومەت سەحبی سیقە دەكەیت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە عەفوم دەکەیت, وەکو تۆ دەڵێی ئەوە هیچ موشکیلە نییە, ئەمە یەکێکە لە خاڵەکان کە ئیتیفاقی لەسەر کراوە, ئێمە دانیشتینە ئەوە تەعدیل دەکەین, چونکە تەسمیەکە دوو حکومەتە, بۆ ئەوەی ببێتە یەك حکومەت دەبێت سەرۆك و جێگرەکەی پێکەوە دەست نیشان بکرێت, بۆیە دەبێت تەکلیفەکە وا بێت, بەنیسبەت ئەوە کە حکومەتە, یان مەجلیس وزەرایە, حکومەت گرنگترە, حکومەت شاملترە, دووەمین کابینەش هەیە, سەرۆکی هەرێم باڵاترین دەسەڵاتی حکومەتە, فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم عەینی تێبینیا کاك عادلە, لە رووی ئیتیفاقەوە دەبێتن ئەوە ئیتیفاق بێتن, بەس لە رووی قانونییەوە وابزانم ئەوە شتێکی تازەیە, لە هیچ شوێنێك نەبووە پەرلەمان تەکلیفی سەرۆکی هەرێم و ئان جێگرەکەشی بکات لە رووی قانونییەوە, بەڵام وابزانم لە رووی قانونی ئەوە تێگەیشتینە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ سەرۆکی هەرێم نییە, سەرۆکی حکومەتە و جێگرەکەیەتی, گوتمان دوو حکومەت هەیە, دوو کیان هەیە, دوو ئەنجومەنی وەزیران هەیە, حالیەن بۆ تەوحیدەکەیان لەو قۆناغەدا ئەوە پێویستە, ئەوە ئیتیفاقێکە موسادەقەی لەسەر کراوە, لەبەر ئەوە موناقەشەی لەسەر ناکەین, کاك غەفور مەخمووری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئی برادەرانم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن لە ئیتیفاقەکە هاتووە, لێرەش هەر وایە, تەسمیەکە سەرۆك و جێگرەکەی دەگرێتن, بەڵام تەقدیم کردنی بۆ پەرلەمان, کە دێتن تەقدیم دەکاتن بۆ پەرلەمان یەك کەس تەقدیم دەکاتن, خۆ ناکرێت دوو کەس بێت, تەقدیمەکە یەك کەس دەکاتن, ئەگەر مەقسەدتان ئەوەیە هەر یەك کەسە, کاك بەکر ئاخیر کەسە قسە دەکاتن, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نەصەکەدا هاتووە دەڵێ لە ماوەی سی رۆژدا دەبێت کابینەکە تەشکیل بکرێت, ئەی ئەگەر لە سی رۆژدا نەیتوانی, حەقە ئیشارەت بەوە بکرێت, لە سی رۆژدا ئەگەر نەیتوانی چی دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لێرە دەگەڕێتەوە پەرلەمان, پەرلەمان یان تەمدیدی دەکات, یانیش ئەوانەی کە تەکلیف کراون ئەگەر ناتوانن, یاخود عوزریان هەیە ئەوە یەکێکی تر تەکلیف دەکات, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە باسی ئەوەیان کرد, بەنیسبەت ئەم پەرلەمانەوە بەپێی ئیستحقاقاتی ئینتیخاباتی ئێمە ئینتیخابی نەبووە, لەبەر ئەوە دوو ئیدارەش یەك دەگرێتەوە, حاڵەتێکی شازە, یەعنی لەبەر یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە پێم وایە بەحس کردن لەسەر ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ موناقەشەیەکی بێزەنتی, لەبەر ئەوە پێم وایە واز لێ بێنین باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سی رۆژەکە بە ژمارە بنووسرێت باشترە, چونکە لەوانەیە سێ و سی لە یەکتر نزیك بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سی ڕۆژەكە بە ژمارەش بنووسرێت, ماددەكە دەخوێنمەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە:

**(ماددەی دووەم:** بڕگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی یاسایەكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:(دوای دەستنیشانكردنیان لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە سەرەك وەزیران و جێگرەكەی ڕادەسپێرێت بە پێكهێنانی كابینەی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی ڕاسپاردنەكەیانەوە), كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ئەگەر بە زمانی كوردی بو شتێكی ئەدەبی بڵێی, تاوەكو ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر وشەی یاسایی كوردی بێت تاكو ئێستا, لەبەر ئەوە ئیعتیماد دەكرێتە سەر نصوصی قانونی كە دەكرێتن بە عەرەبیەكەی ئیعتیمادی لەسەر دەكەین, تاكو كوردییەكەی یەكلای دەكەینەوە, لە رووی یاساییەوە چ ئیتیفاقی لەسەر نەكرا, بۆیە هەر خیلافێكمان هەبێتن دەگەڕێینەوە سەر عەرەبیەكە, عەرەبیەكەی دەكەینە ئەساس تا ئەو ڕۆژەی لە ناحیەی زمانی كوردییەوە موشكیلەمان نامێنێت بۆ وشەی یاسایی, بۆیە دەبێت ئەوە ڕەچاو بكرێت, نە گوترێت حكومەت, پەرلەمانیش ئەگەر چی لە دەستووری هەرێم وابزانم داوا كراوە, پێشنیار كراوە كە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بگۆڕێت بۆ پەرلەمانی كوردستان, بەڵام تاكو ئێستا ئێمە نەصە عەرەبیەكە بەكار دەهێنین, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەچینە ماددەی سێ كاك عەبدولكەریم بە كوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرموویێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم:**ماددەی ( یازدەم)ی یاساكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە. (مووچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی بەیاسا دیار دەكرێت).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عەونی ماددەی سێیەم بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە, با بفەرموویێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعدل المادة (الحادية عشرة) من القانون و تقرأ كالآتي:(يحدد راتب و مخصصات رئيس الاقليم و نائبه بقانون).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین, ئەوەی ئیزافە كراوە (ونائبە) لە فەقەرەكە ئیزافە كراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی چوارەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدەی یاساكە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تلغى المادة الثالثة عشرة من القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە دەڵێت (رئیس الاقلیم وقائد قوات پێشمەرگە اقلیم كوردستان العراق)، دووەمیش دەڵێت (یعین رئیس الاقلیم نائبا قائد)، ئەوانە نەما هەمووی چووە ماددە یەك، كە چووە ماددەی یەك ئەو ماددە سیازدە موجیب ئیلغایە، بۆیە ئیلغای ماددەی سیازدەمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس ئیعتیرازی هەیە؟ ماددەكە بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:ماددەی چواردەمی یاساكە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تلغى المادة الرابعة عشرة من القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقی ئەو ئیلغایە تەئید دەكەین، چونكە ماددەی ئەسڵی ئەوە بوو ئەگەر هاتوو سەرۆكی هەرێم غائیب بوو كاروبارەكانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەیدیت، لەبەر ئەوەی تەحدید ئەو حاڵەتانەمان كرد، ئەو ماددەیە پێویستی بە ئیلغا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم یاسایە جێبەجێ دەكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەو یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بلاّو دەكرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نەصێکی ئیعتیادییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, هەموو تەعدیلی قانونەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگەوە وەرگیرا.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, ئەگەر چی ئێمە لە تەعدیلی قانونی مەجلیسی وزەرا کۆتاییمان پێ هێنا دەنگیشمان بۆ دا, بەڵام تێبینیەك, هەم لە کاك فەرسەتەوە, هەم بە وەرقەش بۆم هاتووە, دەربارەی گۆڕینی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال, ئیشکالێك هاتۆتە پێشەوە, بەڵام هەرچەندە دەنگمان بۆ داوە, بەڵام قەرار دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە, تێبینیەکەتان پێ دەڵێم, یان دووبارەی دەکەینەوە لە ماوەی پێنج دەقیقەیەك یەکلای دەکەینەوە, یانیش ئیعتیباری دەکەین کۆتایی هاتووە, دوو تێبینیان داوە, یەکێکیان دەڵێت وەزارەتی ئەنفال, یەعنی ئەنفال, قەزیەی ئەنفال مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە, زیاتر لەوەی مەسەلەیەکی شەهیدان بێت, لە سلێمانیش رەبتی وەزارەتی مافی مرۆڤە, لێرەش رەبتی وابزانم وەزارەتی کۆمەڵایەتییە, لەبەر ئەوە مەنتیقەکە بەقوەتە تەئیدی ئەوەی کاك دلێر دەکەین, کە دەڵێت نابێت ئەنفالکراوەکان بیسەلمێنین ئێستای شەهیدان, ئەگەر چی بە مەبدەئی هەموومان دەزانین کەسیان نەماوە, بەڵام قانونیەن بۆ بەدوا داچوونیان, بۆ قەرەبوو کردنیان دەبێت چارەسەر کردنی کێشەی ماڵ و منداڵەکانیان, ئەمە یەك تێبینی.

تێبینی دووەم/ دەڵێت ئەو پرۆژەیە لە لایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە, ناوی وەزارەتەکان بۆ گۆڕانکاری دەبێت پرس بەوانیش بکرێت و رەئی ئەوانیشی تێدا هەبێت, جا ئەو تێبینیە دەخەمە بەردەم ئەگەر تێبینی تر لە لاتان بەقوەتە بۆ هێشتنەوەی ناوی وەزارەتەکان و دووبارە کردنەوەی موناقەشە بکەین, یان بەجێ بهێڵین وەکو خۆی پاش موناقەشە کردن و دەنگدان, ئەگەر پێتان وایە ئەو فەقەرەیە بگۆڕێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە, دەبێت یەکەم جار رازی بن لەوەی دووبارە نیقاش بخرێتە سەر تەعدیلەکە, لیژنەی قانونیش رەئی خۆی دەدات لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە بە رەئی من دەنگی لەسەر دراو کۆتایی پێ هات و, بە ئەکسەریەت ئەوە ئیقرار کرا, ئەوە یەك.

ماددەکە وەکو ماددە, وەکو یاسایەکە بە کاملیش دەنگی لەسەر دراوە, یەعنی دوو دەنگی لەسەر دراوە, ئەگەر تەعدیلات هەبێت پاشان فەیدی ناکات, نەك لەو دانیشتنە بە رەئی من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە رەئی قانونی دەخوات, چونکە ناتوانین قانون بشکێنین, ئەمە تێبینیەك بوو بۆمان هاتبوو بە کاغەز, چەند تێبینیەك, دیارە ئەو کەسانە لە تەلەفزیۆن موتابەعە دەکەن وایان گوتبوو, بەڵام ناتوانین قانونەکە بشکێنین, ئەوە کۆتایی پێ هاتووە, ئەگەر زۆر زۆر پێویستی کرد لە داهاتوودا گۆڕانکاری تێدا دەکرێتن, زۆر سوپاس, کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین, بەخێر بێن.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژماره (3) نائاسايى**

**چوارشەممە رێكەوتى22\2\2006**

**خولى دووەمى هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( 3 )ی نـائـاسایی

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/2/22

**كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/2/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/2/22 دا ساز بدرێت , بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.**

**1-دەستنیشانكردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەی.**

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار, ژمارەی دانیشتن سێی نائاسایی رۆژی دانیشتن 2006/2/22 بەرنامەی كار پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی,**

بڕیار درا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە کاتی (11,7)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/2/22 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1-دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەکەماندا کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی نائاسایی کۆبووینەتەوە بە پێی عورف دەستووری لە هەموو نوزمی پەرلەمانی دونیادا, لێرەش خۆشمان لە دوو کوتلەی هەرە گەورەی ناو پەرلەمان, پارتی و یەکێتی ڕێککەوتوین بە پێی ئەو بەرنامەیە و ئەو ئیتیفاقەی کە لەوێدا خوێندراوەتەوە و تەصدیقمان لەسەر کرد لەسەر تەرشیح کردنی بەڕێز کاك نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاك عومەر فەتاح بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان, بە پێی فەقەرە سێی مادده (6) لە یاسای ژمارە (1) ی 1992ی هەموار کراو. پێش ئەوەی داوا لە ئێوە بکەم یان بیخەمە دەنگ ئەو تەرشیحە حەز دەکەم دوو خاڵتان بۆ ڕوون بکەمەوە.

ئەم دوو بەڕێزە کە تەرشیح کراوە لەلایەن هەردوو حزبەکەوە بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنەی کە لێرەدا باسمان کرد و خوێندرایەوە و تەصدیقمان لەسەر کرد بە پێی قانونی خۆمان ژمارە (3)ی مادده (56) ساڵی 1992ی هەموار کراو پاش ئەوەی کە دەنگیان بۆ دەدەین, ئەوە دەستنیشان کردنە, لەپەرلەماندا دەستنیشانی سەرۆك و جێگرەکەی دەکەین بە پێی ئەو قانونەی کە ئاماژەم پێکرد, دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لەسەرۆکایەتی هەرێم دەکات کە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پەرلەمان تەکلیفی ئەو دوو بەڕێزە بکات بۆ ئەوەی حکومەت تەشکیل بکەن, ئە و دوو بەڕێزەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو تەکلیفە لە ماوەیەکدا نابێ لە ڕۆژی تەکلیف کردنیان نابێ لە مانگێك زیاتر بێت, دەبێ کابینەکە تەشکیل بکەن پاش ڕاوێژ کردن لەنێوان خۆیاندا لەگەڵ لایەنەکانی تردا کە بەشداری دەکەن لە حکومەتدا, ئینجا دێنە ئێرە ئەو وەختی بەرنامەی کاری حکومەت و کابینەکە لێرەدا داوای سیقەی لێ دەکەن, ئەو کاتی خۆشیان حازر دەبن و لێرەش موناقەشە دەکەین, تەبعەن کە سیقەیان پێ بدەین سوێند دەخۆن لەبەردەم ئێوە, ئەو ماوەیەی کە دیاریش کراوە بۆ تەشکیل کردنی ئەو کابینەیە مانگێکە بە پێی قانونی ژمارە (1)ی 2005ی ڕئاسەتی ئیقلیم کە لەساڵی 2006 دا دەرچووە, جا من داوا لە بەڕێزتان دەکەم لەم ڕۆژە مێژووییەدا کە گەلەکەمان ماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی ئەو وەختەی دەکرد کە هەردوو ئیدارە یەك بگرێتەوە و بەڵێنیشمان بە خەڵکەکە دابوو کە لە کاتی هەڵبژاردندا پەرلەمان بە واجبی خۆی هەڵبستێت و یەکێك بوو لە موهیمەتەکانی کە هەردوو حکومەتەکەی یەك بگرێت, ئەوەتا ئاواتی گەلەکەمان هاتە دی و ئەمڕۆ هەنگاوی یەکەمی ئەو ئاواتەیە بەوەی لێرەدا دەستنیشان دەکرێت, وەکو ئاماژەم پێکرد هەردوو بەڕێز کاك نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەت و کاك عمر فتاح بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت, بۆیە لێرە ئێمە دەستنیشانی دەکەین, کە هەردوو کیان دوو کوتلەی سەرەکین لە پەرلەمان و ڕێژی زۆریان هەیە, بۆیە داوا دەکەم ئەوەی ڕازییە بەو داواکارییەی هەردوو ئەو کوتلەیە دەستی بەرز بکاتەوە بۆ دەنگ دان بۆ هەردوو بەڕێز, سوپاس, کێ دژی ئەو دەستنیشان کردنەیە دەستی بەرزبکاتەوە, کەواتە بە تێکڕایی دەنگ درا بەدەست نیشان کردنیان, ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو ئاواتەی گەل دێتە دی و حکومەتی یەکگرتووی کوردستان تەشکیل دەبێت بەم زووانە.

خاڵی دووەم لەبەرنامەی کارماندا خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندنە (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستاندا. داوا لە کاك شێروان و کاك عونی دەکەم بێن بۆ خوێندنەوەو موناقەشە کردنی پرۆژەکە و داوا لە نوێنەری لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆش دەکەم بێن, چونکە داوا لەوانیش کرابوو کە ڕاپۆرتیان هەبێت, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز خوشك وبرایانی بەڕێز.**

هەروەکو هەمووتان ئاگادارن لە 12/27 /2005 پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا, پاشان ئەو پرۆژەیە ئیحالەی لیژانی پەیوەندار کرا, لیژنەی یاسا, لیژنەی مافی مرۆڤ, لیژنەی ناوخۆ, بۆ ئەوەی موناقەشەی ئەو پرۆژەیە بکەن و راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن, ئێستاش راپۆرتەکان ئامادەیە و ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ئێستا دیباجەی پرۆژەکە دەخوێنینەوە و لەگەڵ ماددەی یەکەمی یاساکە, پاشان راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنرێتەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی, دوایی راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ, دوایی راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ, دوایی دەچینە گفتوگۆی پرۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی, ئێستا دەست پێدەکەین بە خوێندنەوەی راپۆرتەکان لە لیژنەی یاساوە دەست پێ بکەین, مامۆستا کاکە بفەرمێ راپۆرتەکە بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە راپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایيە لە ئەنجومەن بە کوردی دەیخوێنینەوە.

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان-عیراق تاوتوێ کرد، کە لە 2005/12/27 بۆی ناردرابوو. ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوەش راپۆرت و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی خۆی سەبارەت بە پرۆژەکە پێشکەش دەکات:

لیژنەی یاسایی، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لەم پرۆژەیە دەکات، دوای ڕەچاوکردنی ئەم تێبینی یانەی خوارەوە:

**یەکەم:**لیژنە بەپەسەندی دەزانێ مادەیەکی سەربەخۆ بۆ پێناسکردنی کاری تیرۆریستی بۆ پرۆژەکە زیاد بکرێت، بەمەرجێ وەك مادەی یەکەم لەسەرەوەی پرۆژەکەدا دابنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

ماددەی یەکەم:

(کاری تیرۆر، کردنی هەر کارێکی تاوانکاریی رێکخراوە , یان هەرەشە پێکردنیەتی, یان هاندانە بۆی, کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات, بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تاوانکاری تاك تاك، یان کۆمەڵکوژی، وکەسێ، یان کۆمەڵە کەسانێك، یان گرووپێك دەکاتە ئامانج، یان کوێرانە ، ئەنجامی دەدات بەمەبەستی تۆقاندن و ترس و دادوفیغان و ئاژاوەنانەوە لەناو جەماوەردا یان بیانترسێنێ بەجۆرێ کە پێرۆ و سیستەمی گشتی بشلەژێنێ, یان ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگەو هەرێم تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگە, بەدام ودەزگا, بە موڵکی گشتی یان بەموڵکی تایبەت بگەیەنێ یان سەرچاوەی دەسهاتێکی سروشتی بخاتە بەر مەترسی).

لیژنەکەمان لە داڕشتنی پێناسەی کاری تیرۆردا ئەوەی رەچاوکردووە کە ئەم پێناسەیە هەمووەکی و گشتگیر بێت بۆهەر کارێکی تیرۆری چاوەروانکراو وهەموو ئەو کارە تیرۆریستیانەی دیارکردووە بە پێودانگی ئەو حاڵەتانەی کە لە بەرامبەریان لە مادەکانی پرۆژەکەدا هاتوون و بەرامبەر هەریەکەش لەم حاڵەتانە سزاکەی دیارکراوە. بەزیاد کردنی ئەم مادەیەش زنجیرەی مادەکانی دیکەش هەموار دەکرێن.

**دووەم:** تیبینیەکان سەبارەت بەمادەی یەکەمی برۆژە پێشکەشکراوەکە:-

1- دەربارەی سزای لەناوبردن (اعدام) بۆ ئەو کارانەی لە مادەی یەکەمی پرۆژەکەدا هاتووە ئەوا زۆرینەی ئەندامانی لیژنە پشتگیری لەم سزایە دەکەن ، لەبەر ئەو بارو دۆخە نالەبارەی عیراق و هەرێم پێیدا دەڕۆن و لەبەر زۆریی کاری تاوانی تیرۆر لە عێراقدا، بۆ ئەوەی تیرۆر لە هەرێمدا بنبڕبکرێت و بەری لێبگیریت وبواری هاتنە ناو هەرێمی نەبێت, هەرچەند هەندێ کاری تیرۆریش گەیشتە هەرێم, هەروەها بۆ ئەوەی سزاکە ببێت بە بەربەستێکی یاسایی و رێگا لەوانە بگرێ کە بیر لەئەنجامدانی هەر تاوانێکی تیرۆریستی دەکەنەوەو بەرلەوەی تێوە بگلێن بیرلەوەبکەنەوە کە سزاکەی ئیعدامە. بەڵام ئەگەر بینی سزاکەی سەرەنجام هەر دەبێ بە زیندانیی هەتا هەتا, ئەوسا لەوانەیە گوێی پێ نەدات ودوودڵی لە ئەنجامدانی نەکات بە هیوای ئەوەی ئەگەر لە ژیاندا بمینێت, رۆژێك دێت لە رەوشێکی سیاسی یان یاساییدا

بەری دەدەن، جا لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانەی ئەو تاوانە تیرۆریستیانە ئەنجام دەدەن، شایەنی ژیان نین و پێویستە کۆمەڵگە پاکتاویان بکات تا لەرووی یاسایی و کۆمەڵایەتی وئاسایشەوە سەقامگیربێت. سزای ئیعدام وێڕای ئەوەی کەزۆر توندە، لەهەمان کاتیشدا دەستەبەرە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و ئاسایش وسەقامگیریی کۆمەڵگە، بەڵکو تاکە سزایە کە دەستەبەری ڕێگاگرتنە لەرووادنی هەندێ تاوان، چونکە ترس دەخاتە دڵی تاوانکاران و ڕێگای تاوانیان لێ دەگرێت وئەوپەری لەدەمدانەوەی تاوانکاران لەخۆدەگرێت ولە گشت سزایەك کاریگەرترە لە بەدیهێنانی ئامانجی کۆمەڵگا لەبەرەنگاربوونەوەی تاوانکاری تۆقاندن وبەدیهێنانی دادپەروەری.

2-زۆرینەی ئەندامان بەرەو بنەمای توندکردنی سزاکانی پرۆژەکە دەروات بەتایبەتی لەناوبردن (اعدام) بەهۆی ترسناکیی تاوانە تیرۆریستیەکان وئەو زیانەزۆرەی لێیان دەکەوێتەوە. بەئامانجی ئەوەی پێش ڕوودانی بەرەنگاری ببینەوە وخۆی لێ بپارێزین . چونکە ئامانج لە پرۆژەی یاساکە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وپارێزگاری لە سەروسامانی هاوڵاتیان وسامان ودەزگا گشتییەکان وپاراستنی ئاسایش وسەقامگیریە لە هەرێمدا , سەرباری پارێزگاری لە ئازادیە گشتیەکان وتایبەتیەکان وهێنانەکایەو دەستەبەرکردنی کەشی لەبارو دروستی پێویستە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ژیانێکی سروشتی بگوزەرێنن.

3-هەرچی بڕگە (4)ی ماددەی یەکەمی پرۆژەکەیە، ئەوە لیژنە ڕای وایە دەسەواژەی

( بەمەبەستی تیرۆریستی) زیاد بکرێ,و لە کۆتایی ئەو بڕگەیەدا دابنرێ، وبەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە.

( رفاندن, گرتن, دەستبەسەرکردن, یان لە ئازادی بێبەشکردنی کەسێك, بەهەر ڕێگەیەك بێت بۆ قاچاندنەوەی دارایی یان بەمەبەستی سیاسی وپاڵنەری تیرۆریستی).

4- لیژنە پێشنیار دەکات ڕستەی نیشمانی ونێو نەتەوەیی حکومی وناحکومی بخرێتە دوای وشەی ڕێکخراوەکان لە دێری دووەم , لەبڕگە 5/ی مادەی یەکەم دابندرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

دەستبەسەرکردنی کەسێك, یان کۆمەڵە کەسانێك بە بارمتە بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر دەزگاکانی هەرێم , یان دەستە وڕێکخراوە نیشتمانی و نێونەتەوەیی حکومی وناحکومیەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی سوود یا کەلکێك, لەهەر جۆرێك بێت , یان ناچاریان بکات کارێك ئەنجام بدەن یان ئەنجام نەدەن یان بۆ نانەوەی بارێکی ترس ودڵەڕاوکێ.

5- لیژنە ڕای وایە وشەی ( تاوانکار) لە دوادێری بڕگەی (7)ی مادەی یەکەمی پرۆژەکە لابرێت چونکە لەو جێگایەدا زیادە و پێویست بەمانەوەی ناکات و، لە ڕستەی پێشەوەی بڕگەکەدا هاتووە.

**سێیەم:** تێبینیەکان سەبارەت بەمادەی دووەمی پرۆژەکە:-

1- لیژنە بە پەسەندی دەزانێت وشەی (بەئەنقەست) لە بڕگە(7) لاببردرێت و وشەی یان (تایبەت) لەدوای (سامانە گشتیەکان) دابندرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(تێکدان, ڕووخاندن, لەکەلك خستن, یان زیانپێگەیاندنی تەواو, یان هەندێك بە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, تایبەت, یان تەرخانکراو بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندیە حکومیەکان,یان دەزگا گشتیەکان وبارەگای ئەو پارت وکۆمەڵانەی بەیاسا ناسراوون, یان یەکێك لە دامەزراوە نەوتیەکان یان هەر شتێکی دیکە لە دامەزراوەکانی هەرێم , ئیستگەی وزەی کارەبا وئاو, یان پرد, بەنداو , بۆریەکانی ئاوی گشتی, هۆیەکانی گەیاندن ودامەزراوەکانی, شوێنەکانی تەرخانکراو بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان, شوێنەکانی خواپەرستی, شوێنی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, یان هەر سامانێکی دیکە، کە گرنگ بێت بۆ ئابووری نیشتمانی , بەپالنەرێکی تیرۆریستی بۆ لەقکردنی ئاسایشی وسەقامگیری لە هەرێمدا).

2- ڕای لیژنە ئەوەیە، بڕگەی (7)ڕاگوێزرێ بۆ شوێنی بڕگە(2)ی ماددەکە، چونکە تاوانکاری بەرامبەر بە فڕۆکە زۆر گەورەیەو، فڕۆکەو فڕگەش لە کوردستاندا شتێکی تازەیە، هەروەها، ڕای لیژنە، ئەوەیە وشەی ''یان ڕفاندنیان '' بخرێتە دوای ''دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەکانی مەدەنی''وگۆڕینی ڕستەی ''ئەگەر کارەکە بوە هۆی (بە ڕستەی) ئەگەر کارەکە لێی کەوتەوە''چونکە ئەمیان، لە ڕووی یاساییەوە زیاتر لەبارە بۆ وەسف کردنی ئەو بارەی کە چاوەڕوان دەکرێ، هەروەها وشەی (پتر) لە کۆتایی بڕگەکە زیاد بکرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(دەستبەسەرداگرتنی فرۆکە مەدەنیەکان یان فڕاندنیان وسزاکەشی دەبێتە لەناوبردن(اعدام),ئەگەر کارەکە مردنی مرۆڤێك یان پتری لێکەوتەوە).

3- لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (رێگەکان) بە وشەی (هۆیەکان) بگۆردرێت لە برگە 3/ی مادەکە و برگەکە بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(پەکخستنی هۆیەکانی گەیاندن و سیستەمی کۆمپیوتەر، چوونە ناو تۆرەکانی و ژاوەژاو دانان لەسەری, یان زانیاری و داتا خستنە ناویانەوە بەمەبەستی ئاسانکاری ئەنجامدانی تاوانە تیرۆریستیەکان)

4- بەم پێیەش زنجیرەی برگەکان رێك دەخرێنەوە.

**چوارەم:-** تێبینیەکانی لیژنە سەبارەت بە مادەی سێیەمی پرۆژەکە:

1- لیژنە رای وایە دەسەواژەی (حکومەتی هەرێم بە مەبەستی تیرۆریستی) لە دوای وشەی (فەرمانەکانی) لە کۆتایی برگەی یەکەم زیاد بکرێ و وەك ئەمەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

(دەسەلاتی فەرمان پێکردنی لەسەر کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوەخۆ , یان زێرەڤانی هەرێم هەبێت وداوای لێکردن یان رایسپاردن کار لەسەر پەکخستنی فەرمانەکانی حکومەتی هەرێم بکەن بە پاڵنەرێکی تیرۆریستی).

2- وشەی (هاوشێوەی) لە دوای رستەی (شریتی تۆمارکراو) لە برگە /3ی مادەکە دابندرێت و بەم جورە بخوێندرێتەوە:-

(بە بەدنیازی نووسراو, چاپەمەنی, شریتی تۆمارکراو, یان هاوشێوەی, یان وێنەی وا کە دنەدان , بەچاك زانین, یان برەوپێدان لەخۆ بگرن بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستیەکان بە مەبەستی دابەشکردن وبلاوکردنەوەیان, یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لێ ئاگادار بکاتەوە).

3- دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی دووەم) لە برگە 4/ی مادەکە بگۆرێت بە دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی یەکەم) بۆ ئەوەی لێبەدەرکردنەکە کەم بکرێتەوە و تەنها خزمی پلەی یەکەمی لێ بەدەربکرێت, کە دەکاتە باوك ودایك ومنداڵان لەگەڵ هاوسەر(ژن ومێرد).

**پێنجەم:** تێبینی لەسەر مادەی چوارەمی پرۆژەکە نیە.

**شەشەم:** سەبارەت بە مادەی پێنجەمیش لە پرۆژەکە, لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (یەکلاکەرەوە)لە دێری کۆتایی بکرێت بە وشەی (بنبڕ) وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(نا بێ تۆمەتبار بە تاوانە تیرۆریستیەکان بەربدرێن بە دەستەبەر تا حوکمێك یان بریارێکی بنبڕ لە داواکە دەردەچێت).

**حەفتەم:**تێبینی لە سەر مادەکانی شەشەم وحەفتەم نیە.

**هەشتەم:** سەبارەت بە مادەی هەشتەمی پرۆژەکە, کەمینەی لیژنە پێی وایە برِی بەخششەکەی لە مادەکەدا هاتووە برێکی مغری دیاربکرێت بە پێی بارودۆخ زیاد وکەم بکرێت.

**نۆیەم:** سەبارەت بە مادەکانی نۆیەم ودەیەم ویازدەم ودوازدەمی پرۆژەکە لیژنە تێبینی لەسەریان نیە تەنها گۆرینی وشەی (لێپرسینەوە) کەلە مادەی دوازدەم هاتووە, بە وشەی (شکاتکردن).

**دەیەم:** سەبارەت بە مادەی سێزدەم, ئەندامانی لیژنە ناکۆك بوون لەسەر هێشتنەوەی یان نەهێشتنی بەلام سەرۆکی لیژنە پشتگیری لایەنی پشتگیر لە نەهێشتنی دەکات.

**یازدەم:** لیژنە پێی چاکە دەستەواژەی (یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان بخرێتە سەر برگە (أ) ی مادەی چواردەم و ئاماژە بە هەردوو یاسای) سزای عیراقی و بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان بکرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(حوکمەکانی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە/111 ی ساڵی 1969و یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان/ی ژمارە 23ی ساڵی 1971 ی کارا لەسەر هەر شتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت, پیادە دەکرێت).

**دوازدەم:** لیژنە بەباشی دەزانێت کاتێکی دیارکراو بۆ کارپێکردنی ئەم یاسایە دیاربکرێت و مادەی پازدەم بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:-

((ئەم یاسایە بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری پێدەکرێت لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە ودەکرێش درێژ بکرێتەوە).

**سیازدەم:** لیژنە بە پەسەندی دەزانێت سێ مادەی دیکە لە پرۆژەکە زیاد بکرێت دوای لادانی مادەی سیازدەمی پرۆژەکە زنجیرەشیان بەم جۆرە دەبێت:-

(مادەی سیازدەم: دەبێ دەزگا گشتیەکان رەچاوی بنەماکانی حوکمەکانی دەستوور ویاسا وپەیمان وبەڵێننامە نێونەتەوییەکانی تایبەت بە ماڤ مرۆڤ بکەن لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایەدا ).

مادەی چواردەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق چاودێری خاوخێزانی قوربانیانی کارە تیرۆریستیەکان دەکات وقەرەبۆی زیانەکانی زیان لێکەوتوان دەکاتەوە''.

**مادەی پازدەم:** لیژنەیەکی نیشتمانی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوەخۆ وداد وئەوقاف کاروباری ئایینی ورۆشنبیری وپەروەردە وپێشمەرگە ودارایی ودەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێك دەهێنرێت بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێم دا تا وەکو نەهێلن رووبدات و لەگۆڕبندرێت بەو شێوازانەی بە گونجاوی دەزانن''.

**چواردەم:** بەدووبارە رێکخستنەوەی زنجیرەی مادەکان مادەی چواردەمی پرۆژەکە دەبێتە شازدەم و مادەی پازدەمیش دەبێتە حەڤدەم، بەم جۆرە ژمارەی مادەکانی پرۆژەکە دەبێتە حەڤدە مادە لەجیاتی پازدە مادە.

**پازدەم:** دواجار سەبارەت بە هۆیەکانی خوازیاری دانانی یاساکە، لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

هیواداریین بفەرموون, چاوی پێدا بخشێنن وبخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ تاوتوێکردنی رای گونجاوی لەسەر بدرێت. لەگەڵ رێزدا..

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاك عونی راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**إلى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

لقد قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون مكافحة الارهاب في اقليم كوردستان - العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2005/12/27 وتقدم اللجنة تقريرها و توصياتها واقتراحاتها بشأنه و كمايلي:-

أولاً: ان اللجنة القانونية تؤيد المشروع بشكل عام بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات الآتية:

اضافة مادة مستقلة الى المشروع بتعريف الفعل الارهابي على ان تكون تلك المادة في مقدمة المشروع وكمادة اولى وتقرأ كالآتي:-

المادة الاولى( الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي منظم والتهديد به أو التحريض عليه يلجأ إليه الجاني تنفيذاً لمشروع إجرامي فردي اوجماعي يستهدف فرداً او مجموعة افراد أو جماعات او بشكل عشوائي القصد منه ايقاع الرعب والخوف والفزع والفوضى بين الناس او ترويعهم من شأنه الاخلال بالنظام العام او تعريض امن وسلامة المجتمع والاقليم للخطر او ايذاء الافراد او تعريض حياتهم او حرماتهم او امنهم للخطر او الحاق الضرر بالبيئة او باحد المرافق او الاملاك العامة او الخاصة او تعريض احد الموارد الطبيعية للخطر)

وقد اخذت اللجنة القانونية بنظر الاعتبار عند صياغتها لتعريف الفعل الارهابي جعل التعريف عاما وشاملاً للافعال المتوقعة وتحديد كل فعل ارهابي بالحالات المبينة في مقابلها الواردة في مواد المشروع والعقوبات المقابلة لكل حالة من تلك الحالات وبعد تثبيت التعريف اعلاه للفعل الارهابي تعديل تسلسل ارقام المواد تبعاً لذلك.

ثانياً: الملاحظات المتعلقة بالمادة الاولى من اصل المشروع:-

1- فيما يتعلق بعقوبة الاعدام للافعال الوردة في المادة الاولى من المشروع يؤيد اكثرية اعضاء اللجنة ما جاء في المشروع من تحديد العقوبة بالاعدام نظراً للظروف التي يمر بها العراق والاقليم وكثرة الافعال الاجرامية الارهابية في العراق وبغية مكافحتها في الاقليم والحيلولة دون وصولها الى الاقليم(رغم وصول بعض منها) وحتى تكون العقوبة رادعاً قانونياً ومانعاً لمن يفكر في ارتكاب اية جريمة ارهابية قبل الاقدام عليها, اذا فكرَ بعقوباتها وعلم بوجود عقوبة الاعدام اما اذا وجد بان العقوبة تنتهي في النهاية بالسجن فانه من المحتمل ان لا يتردد في الاقدام عليها وعلى امل ان يأتي يوم من الايام فيمااذا بقي على قيد الحياة ان يطلق سراحه لاي ظرف سياسي او قانوني كان, و بما ان امثال من يقدمون على ارتكاب الجرائم الارهابية لايستحقون الحياة و على المجتمع تصفيتهم من بين ظهرانيه حتى يستقر المجتمع قانونياً و اجتماعياً و امنياً و ان عقوبة الاعدام رغم قساوتها فهي صمام الامان لحماية المجتمع و امنه و استقراره بل هي العقوبة الوحيدة التي تكفل منع و قوع بعض الجرائم حيث يبعث الخوف في نفوس المجرمين و يردعهم من اقتراف جرائمهم لانها تتضمن اقصى قدر من الزجر و هي اكثر العقوبات اثراً في تحقيق هدف المجتمع في مكافحة الاجرام و الارهاب و تحقيق العدالة.

و لقد اتجهت اكثرية اعضاء اللجنة الى مبدأ تشديد العقوبات الواردة في المشروع لاسيما الاعدام نظراً لخطورة الجرائم الارهابية قبل جسامتها و الاضرار المتولدة منها مستهدفة مكافحتها و الاحتراز من و قوعها قبل و قوعها و حدوثها. فالهدف و الغاية من مشروع القانون هي مكافحة الارهاب بغية حماية ارواح و ممتلكات المواطنين و الاملاك و المرافق العامة و حماية الامن و الاستقرار في الاقليم بالاضافة الى حماية الحريات العامة و الخاصة و خلق و تامين الاجواء المناسبة و السليمة الضرورية لممارسة المواطنين حياتهم الطبيعية.

2- بالنسبة للفقرة (4) من المادة الاولى من المشروع ترى اللجنة اضافة عبارة ( بدافع إرهابي) الى آخر تللك الفقرة و لتقرأ كالاتي:-

(خطف شخص او القبض عليه او حجزه او حرمانه من حريته باية و سيلة كانت للابتزاز المالي او لاغراض سياسية بدافع ارهابي)

3- ترى اللجنة إضافة العبارة التالية (الوطنية و الدولية الحكومية منها و غير الحكومية الى ما بعد كلمة و المنظمات الواردة في السطر الثاني من الفقرة (5) من المادة الاولى و لتقرأ كالآتي:-

(احتجاز شخص او مجموعة من الاشخاص كرهائن بقصد التأثير على سلطات الاقليم او الهيئات و المنظمات الوطنية و الدولية الحكومية منها و غير الحكومية العاملة في الاقليم بغية الحصول علي منفعه او مزية من اي نوع كان او الاجبار على القيام بعمل او الامتناع عن عمل معين او خلق حالة من الرعب و الفزع).

4- ترى اللجنة حذف كلمة (الجاني) من السطر الاخير من الفقرة (7) منها لكونها زائدة عن موقعها و عدم الحاجة الى بقائها لورودها في سياق الفقرة ابتداءً.

ثالثاً: الملاحظات المتعلقة بالمادة الثانية من اصل المشروع:-

1-ترى اللجنة حذف كلمة عمداً من الفقرة (1) منها و إضافة كلمة (اوالخاصة) الى ما بعد و الاملاك العامة الواردة فيها و لتقرأ كالآتي:-

(تخريب او هدم او اتلاف او احداث ضرر كلي او جزئي بالمباني و المؤسسات و الاملاك العامة او الخاصة او المخصصة للدوائر و المصالح الحكومية او المرافق العامة و مقرات الاحزاب او الجمعيات المعتبرة قانوناً او احدى منشآت النفط أو غيرها من منشآت الاقليم او محطات الطاقة الكهربائية و المائية او الجسور او السدود او مجاري المياه العامة او وسائل المواصلات و منشآتها او الاماكن المعدة للاجتماعات العامة او اماكن العبادة او الاماكن المعدة لارتياد الجمهور او اي مال له اهمية في الاقتصاد الوطني بدافع ارهابي لزعزعة الامن و الاستقرار في الاقليم).

2-ترى اللجنة نقل الفقرة (7) منها اي من المادة الثانية الى محل الفقرة (2) منها لهول الفعل الاجرامي بشأن الطائرات و كون الطائرات و المطارات حديثة العهد بالنسبة لكوردستان بعد اضافة عبارة ( او اختطافها) الى ما بعد الاستيلاء على الطائرات المدنية و تغيير عبارة (اذا أفضى الفعل)إلى عبارة (اذا ادى الفعل) لكونها اكثر

ملائمة من الناحية القانونية لوصف الحالة المتوقعة و كذلك اضافة كلمة (اكثر) الى أخر الفقرة المذكورة و لتقرأ على الشكل الآتي : 

(الاستيلاء على الطائرات المدنية او اختطافها و تكون العقوبة الاعدام اذا ادى الفعل الى موت انسان او اكثر).

3-ترى اللجنة تبديل كلمة (سبل) الواردة فى الفقرة (3) منها الى كلمة (وسائل) وتقرأ الفقرة بعد ذلك كالأتي :

(تعطيل و سائل الاتصالات و انظمة الحاسوب او اختراق شبكاتها او التشويش عليها او ادخال معلومات او بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الجرائم الارهابية )

4-تعاد ترتيب تسلسل الفقرات على ضوء ذلك .

رابعاً: ملاحظات واقتراحات اللجنة بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع:

1. ترى اللجنة إضافة عبارة(حكومة الاقليم بدافع ارهابي) الى ما بعد كلمة أوامر الواردة في الفقرة(1) منها ولتقرأ كالآتي:

(كان له سلطة الامر على افراد قوى الامن الداخلي او حرس الاقليم وطلب اليهم او كلفهم العمل على تعطيل اوامر حكومة الاقليم بدافع ارهابي).

2. إضافة كلمة(او نظائرها) الى ما بعد كلمة(او اشرطة مسجلة) الواردة في الفقرة(3) منها ولتقرأ كالآتي:

(حاز أو احرز بسوء نية محررات أو مطبوعات او اشرطة مسجلة او نظائرها او صوراً تتضمن تحريضاً او تحبيذاً او ترويجاً لارتكاب الجرائم الارهابية بقصد التوزيع او النشر او لاطلاع الغير عليها).

3. تبديل عبارة( واقاربه الى الدرجة الثانية) الواردة في الفقرة(4) منها الى عبارة(واقاربه من الدرجة الاولى) بغية تقليل الاستثناء من حكم الفقرة للاقارب وحصره بالدرجة الاولى أي الاباء والامهات والاولاد فقط بالاضافة الى الزوج او الزوجة.

خامساً: لا توجد ملاحظات على المادة الرابعة من المشروع.

سادساً: اما بالنسبة للمادة( الخامسة) من المشروع فترى اللجنة تبديل كلمة(فاصل) الواردة في السطر الاخير منها الى كلمة(بات) ولتقرأ كالآتي:

(لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار بات في الدعوى).

سابعاً: لا توجد اية ملاحظات بالنسبة للمادتين السادسة والسابعة من المشروع.

ثامناً: اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع ترى الاقلية من اعضاء اللجنة تحديد مبلغ المكافئة الواردة فيها بمبالغ مغرية ومحددة قابلة للزيادة والنقصان حسب تبدل الظروف.

تاسعاً: اما بالنسبة للمواد العاشرة والحادية عشرة والثانية عشرة من المشروع فلا توجد للجنة اية ملاحظات عليها سوى تبديل كلمة( مساءلة) الواردة في المادة الثانية عشرة الى كلمة(مقاضاة).

عاشراً: اما بالنسبة للمادة( الثالثة عشرة) فهناك خلاف بشأنها حول الابقاء عليها او إلغائها والرأي الذي صوت له رئيس اللجنة تؤيد الغاءها.

حادي عشر: اما بالنسبة للمادة( الرابعة عشرة) فترى اللجنة اضافة قانون اصول المحاكمات الجزائية ايضاً الى الفقرة(أ) منها والاشارة الى ارقام قانوني العقوبات والاصول ولتقرأ كالآتي:

(أ - تطبق احكام قانوني العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969واصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 النافذة بكل ما لم يرد به نص في هذا القانون).

ثاني عشر: ترى اللجنة تحديد سقف زمني(مدة معينة) للعمل بالقانون وتغيير صيغة المادة الخامسة عشرة من المشروع لتقرأ كالآتي( ينفذ هذا القانون لمدة اربع سنوات من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وقابل للتمديد).

ثالث عشر: - ترى اللجنة اضافة ثلاث مواد الى المشروع إبتداءً من المادة (الثالثة عشرة) بعد الغاء المادة الثالثة عشرة من المشروع و يكون تسلسلها كالآتي: -

المادة الثالثة عشرة ( المضافة الجديدة)

(على السلطات العامة مراعاة المبادئ الواردة في احكام الدستور والقوانين وفي العهود والمواثيق الدولية الخاصة بحقوق الانسان عند تنفيذ احكام هذا القانون)

المادة الرابعة عشرة ( المضافة الجديدة)

( تتكفل حكومة اقليم كوردستان. العراق برعاية عوائل ضحايا الافعال الارهابية و تعويض المتضررين منها).

المادة الخامسة عشرة (المضافة الجديدة)

( تشكل لجنة وطنية من ممثلي وزارات الداخلية والعدل والاوقاف والشؤون الدينية والثقافة والتربية والپێشمەرگە والمالية والهيئة العامة لأمن الاقليم لاتخاذ الخطوات اللازمة لمكافحة الارهاب في الاقليم ولتلافي وقوعه والقضاء عليه بالطرق والوسائل التي تراها مناسبة).

راجين التفصل بالاطلاع وعرض المشروع على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی مافی مرۆڤ با ڕاپۆرتی خی بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ ڕاپۆرتی لیژنە

ئەمڕۆ دیاردەی تۆقاندن کە تاسەرسەری جیهانی گرتۆتەوە, بوەتە ترسناکترین نەخۆشی بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی, ئەم دیاردە دزێوە ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە, بەڵکو خۆی خزانوەتە ناو زۆر لە فیکرو ئایین و ئایدیاو سیاسیەت و پەیوەندییەکانەوە, زۆر دەمێکیشە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کەوەتۆتە بەر ترس و شاڵاوی تۆقانندنیەوە.

بۆ ڕێگاگرتن و هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو دیاردە دزێوە, نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1970 وە یەکەمین جاڕنامەی بەناوی (بنەماکانی یاسای نێوە دەوڵەتی تایبەت بە پەیوەندییەکان دۆستایەتی و هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان دەرکردووە), کە ئەمە بەناوبانگترین جاڕنامە دەژمێرێت کە دەربارەی تیرۆر دەرچووە, دواتر لەبەر مەترسیداربوونی و بەرفراوان بوونی ئەو دیاردەیە هەتا ساڵی 1996 زیاتر لە 13 جاڕنامە و بەڵگەنامەی دەرکردوە, بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەوڵی چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی لەسەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان.

تەواوی ئەو بەڵگەنامە و جاڕنامانە هەموو جەخت لەسەر چەند بنەمایەك دەکەنەوە و داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکانی دەکات کە بە جددی پابەند بن پێوە.

1-نابێ هیچ دەوڵەتێك نە پشتگیری و نەخۆشی دەستی هەبێ لە هەر کارێکی تیرۆریستی دا.

2-دەبێت هەموو دەوڵەتەکان بەرەنگاربوونەوە و سزای هەر کارو کەسێکی تیرۆریستی بدەن.

3-دانان یان هەموارکردنی یاسا ناوخۆییەکان بەجۆرێ بێ کە لەگەڵ تەواوی جاڕنامە و بەڵگەنامەکاندا بگونجێ بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤەوە.

لە عێراق و کوردستان دوای دیکتاتۆریەتدا هەمان ڕێوشوێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر گیراوەتەوە بەر.

هەر بۆیە لە پەرلەمانی کوردستانیش دا ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر خرایە بەر دەست بۆ خوێندنەوەی, لیژنەی مافی مرۆڤیش بە مافی خۆی زانی و داوای وەرگرتنی ئەو ڕەشنووسە بکات و, بۆ ئەوەی خوێندنەوەی خۆی لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە لەسەر بکات.

لیژنە لە کۆبوونەوەیەکیدا بە ئامادە بوونی ئەندامانی گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر ڕەشنووسەکەی کردو, دواتر بە پەسەندی زانی بانگهێشتی کۆمەڵێ لە نوێنەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا لە کوردستان دا کار دەکەن بکات بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی یاساکە, هەڵبەت ئەمەیش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

له رۆژی 2006/1/15 به ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو رێکخراو و کۆمەڵانە لیژنە کۆنفراسێکی یەك رۆژەی بەست، که باس لە گرنگی یاساکە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە دزێو کراو، هەروەها جەخت لەسەر داکۆکی و پارێزگاری لەبەرزترین بەها و پیرۆزی مرۆڤ کرایەوە، کە ئەویش ماف وئازادیەکانن.

دواتر لیژنە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خۆی دا تەواوی پێشنیارەکانی تاوتوو کرد و ئەم خاڵانەی خوارەوەی گەڵاڵە کرد:

1-ماددەیەك لەیاساکەدا بۆ پێناسەی زارەوە و دەستەواژەکان زیاد بکرێت.

2-دانانی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو یاسایە، چونکە راگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی (الطوارئ) بۆ خۆی گرفت و لەمپەر لەبەردەم هەموو چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆژنامەگەریەکان دروست دەکات.

3- سزای لە سێدارەدان کە ئێستا لە دنیای پێشکەوتوودا بەرەو کۆتایی هاتنە لەبەر ئەوەی جێگای خۆیەتی لێرەیشدا بازنەکەی کەم بکرێتەوە.

4-برگەی سێیەمی لە ماددەی 1 چەکی میکرۆبی بکرێتە چەکی بایەلۆژی.

5-برگەی 1ی ماددەی 2 لەدوای وشەی کۆمەڵەکانەوە بکرێتە کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیەکان.

6-برگەی 5 لە ماددە 3 لە کۆتایی دا ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت (بەمەرجێك ئەم خاڵە رۆڵی رۆژنامەگەری رەخنەگرتن و رۆژنامەگەری ئازاد کەم نەکاتەوە).

لە ماددەی دوانزەهەم دا و لەدێری سێهەمدا لەدوای بۆ (داکۆکی لێ کردنی) ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (داکۆکی لێ کردن و شوێن و چارەنووسی دیاری بکرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین ئەوانیش راپۆرتی خۆیان پێکشەش بکەن.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت/ رای لیژنەی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە دوای ئەوەی لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بە تاوتووکردن لەسەر پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان بە تێکڕای دەنگ دەقی پرۆژەکە پەسەند دەکات، لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کەوا لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەسەر کردووە.

لەگەڵ رێزماندا

اخر شێخ جمال

جێگری لیژنەی ناوخۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ هەرسێ لیژنەی سایایی و ماڤ مرۆڤ و ناوخۆ، پێش ئەوەی دەست پێ بکەین بە موناقەشەی یاساکە، من داوا لە هەموو بەڕێزان ئەندامان دەکەم، کە پرۆژەکەیان لە پێشە و ماوەیەکیشە وەریان گرتووە، یەعنی لەو ماددانەی کە بۆچوونیان هەیە، تەواو قسە بکەن، چونکە وەختەکە کەمەو ئەگەر بێت و لەسەر هەموو ماددەکە قسە بکەین، زۆر دەخایەنێت، ئەگەر لەسەر زۆری ماددەکانیشدا قسەیان هەبوو، قسەکە با تکرار نەبێتەوە بلێت قسەی من کرا، پشتگیری

لەو قسەیە دەکەم کە فلاَن کردی, بۆ ئەوەی وەختەکە بەشێوەیەك بەش بکات, تاوەکو یاسایەکە تەواو بکەین ئینشائەلاَّ, هەروەها ماددەیەکیش کە دەخوێنینەوە, لیژنەی یاسایی رەئی خۆی بداتن و, لیژنەی مافی مرۆڤیش رەئی خۆی بداتن, ئینجا موناقەشەی دەکەین, لەبەر ئەوەی لیژنەی ناوخۆ هیچ رەئی نییە و پشتگیری خۆی لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکات, دەتوانێت لە جێگای خۆی دابنیشیتەوە, کاك محمد فرج بمێنێت بۆ هاوکاریکردنی ئێمە, زۆر سوپاستان دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددەی (1) دەخوێنمەوە, پاشان دەچینە سەر گفتوگۆکردن لەسەر ماددەکە.

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2006

یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی

کوردستانی – عێراق دا

ماددەی یەکەم:

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن و سزایان لە سێدارەدانە:

1-دامەزراندن, رێکخستن یان بەڕێوەبردنی رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێك, بە ئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

2-تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی, ئایدیۆلۆجی, یان بەکافردانان.

3-بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان و رووخاندن لەرێگەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بە ئامێری لە دوور ئاراستەکراو, یان مینرێژکردنی ماشێن, چاندنی بۆمبی خاپوورکار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوورکار, یان نامەی مینرێژکراو, مادە, یان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

4-دەست بەسەر فڕۆکە داگرتن, بەهەموو جۆرەکانیەوە.

5-ڕفاندن, دەستگیرکردن, دەستبەسەرکردن, یان بێبەشکردنی کەسێك لە ئازادی, بەهەر شێوازێك بێت, بۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی.

6-بە بارمتەگرتنی کەسێك, یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لە دام و دەزگاکانی هەرێم, یان لەو دەستە و رێکخراوە نێوە دەوڵەتەییانەی لە هەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك یان کەڵکێك, یان بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لە ترس و تۆقاندن.

7-کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێو دەوڵەتی دەیانگرێتەوە, یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە و دەستە دەبلۆماسی و کۆنسوڵگەری و دامەزراوە و کۆمپانیای بیانی و رێکخراوە نێو دەوڵەتییە حکوومی و ناحکومییەکان, یان ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن, وتاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت, وسزاکەی دەبێتە زیندانی تاهەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوەو.

8-چوونە ناو هەر رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, یان (عصابە), بنکە, یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, یان ئەگەر تاوانکار مەشقی سەربازی, یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

9-هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی, یان هەر رێکخراو, کۆمەڵە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات, یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکران ئەنجام بدات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێش ئەوەی بچینە سەر موناقەشە کردنی ئەو یاسایە, ئێمە لێرە هەندێك تەوزحاتمان هەیە و, هەروەها موفتەرەحێکیشمان هەیە, هەروەکو لە راپۆرتەکەدا هاتووە.

تەبیعی ئەو مسوەدەی یاسایە کە هاتە لیژنـەی قانونی ئێمـە بەتەفصیل موناقەشـەمان کـردو, چـەندین کۆبوونـەوەمان لەسەر ئەنجامدا, بەتایبـەتی لـە مەسـەلەی تـەعریفی ئیرهـاب زۆر موناقەشـەمان کـرد, ئێمـە لـە لیژنـەی قـانونی هاتینـە قەناعـەت کـە پێویسـت ناکـات وشـەی ئیرهـاب تـەعریف بکـەین, بـەڵکو وشـەی کـاری تـیرۆری ئێمـە تـەعریفی بکـەین و پێناسەی بکەین, لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی, یەکەمیان ئەوەیە, ئێمە بە پێی زانیاری خۆمان لەزۆربەی وڵاتـانی دنیـا پێناسەیەکی موەحەد, پێناسەیەکی جامع نییە, بۆ وشەی تیرۆر و, لەهەمان کاتدا ئتیفاقێکی نێو دەوڵەتیش نییە لەسـەر پێناسـەی تـیرۆر, بۆیـە ئێمـە وەکـو لیژنـەی یاسـا, خۆمـان لـەو تەعریفـە لادا, بـەڵکو چـووینە تـەعریف کردنـی کـاری تیرۆرستی, ئەمە خاڵی یەکەم, دووەمین خاڵ ئەوە بوو بە حەقیقەت, سەرچاوەی ئیش کردنی ئێمـە لەسـەر ئـەم یاسـایە چەند سەرچاوەیەك بوو, یەکێکیان پرۆژەی یاسای ئیدارەی سلێمانی و پرۆژەی یاسـای ئیـدارەی هـەولێر, زائیـدەن یاسـای تـیرۆری عێراقـی فیـدراڵ, زائیـدەن هەنـدێ لـەو یاسایانەی وڵاتـانی دەوروبـەری خۆمـان, وەکـو ئیمـارات و, وەکـو ئـوردن, ئەمانیش بەهەمان ئیتیجاه رۆیشتوون و, تەعریفی ئیرهابیان نـەکردووە, بـەڵکو تـەعریفی کـاری تیرۆریسـتیان کـردووە, واتا (الفعل الارهابی), خاڵی سێیەمیش بە حەقیقەت, لەم بەینەدا موئتەمەرێك بەسترا لە ئەڵمانیا خوبەرایەکی زۆر لـەو موئتەمەرە حازر بـوون و, رەنگـە راپـۆرتی موئتەمەرەکـەش ئێمـە ئیتیلاعمـان لەسـەری کـرد, چـەند خوبـەرای تـیرۆری ئامادەی ئەو موئتەمەرە بوون, بەهەمان شێوە ئەمانیش نەگەیشتنە پێناسەیەك کە بۆ تیرۆر دەست نیشان بکـەین, بۆیـە ئێمە ئەو هەڵوێستەمان وەرگرت لە پێناسەکە.

بەحەقیقەت ئەمە بوو بەکورتی ئەو خاڵانەی کە من ویستم تەوزیحی بکەم لێرە, زائیدەن خاڵێکی تریش هەیە, ئـەویش ئەوەیە ئێمە لە مادده یەك و لەمادده سێ و, لەمادده دووش عیبارەتێکمان ئیستعمال کـردووە کـە دەڵـێین (تعتـبر الافعـال الاتیه جرائم ارهابیه) زۆر کەس لە ئێمە دەپرسی, ئێوە ئەگەر ئەزانن جەریمەی ئیرهابی چییە؟ تەعریفی نەکەن, چۆن دەتوانن دەست نیشانی کارە تیرۆرستیەکان بکەن, بۆیە ئێمە ئەو پێناسەمان دانا بە شێوەیەکی رێك وپێك تەغتییەی ئـە کارە تیرۆرستیانە بکات, لەە کۆتاییدا داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم کە موقتەرەحەی ئێمـە بـەرەورووی ئەنـدامانی پەرلەمان بکـات, بـۆ ئـەوەی گفتوگۆی لەسـەر بکـرێ و, موناقەشـە بکـرێ, پـش ئـەوەی بچینە موناقەشـەی مـاددە یـەکی پرۆژەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوێتان لە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بوو, ئیقتراح دەکەن کە پێناسەك بۆ کاری تیرۆرستی بکرێت و, ماددەیـەکیان هێناوەتە پێش کە ببێتە مادده یەك, تەعریفی کاری تیرۆریستی بکات, پێم باشە کـە موناقەشـەی لەسـەر بکـەین, فعلـەن وجهەت نەزەرەکەی مەقبولە, دەیخوێنمەوە بۆتان ودەیخەینە موناقەشە, بۆ ئـەوەی کـە پەسـەند کـرا بیخەینـە سـەرەتای یاساکە.

کاری تیرۆرکردن هەرکارێکی تاوانکاری رێکخـراوە, یـان هەڕەشـە پێکردنیـەتی یـان هاندانـە بـۆی, کـە تاوانکـار پـەنای بـۆ دەبات, بۆ ئەنجامدانی کاری تاك تاك, یان کۆمەڵکوژی و کەسـی, یـان کۆمەڵەکەسـانێك یـان گروپێـك دەکاتـە ئامـانج, یـان کوێرانە ئەنجامی دەدات بەمەبەستی تۆقاندن و ترس ودادو فیغان و, ئاژاوەنانەوە لەناو چەماوەردا, یان بیان ترسێنێ بـە جۆری کە پێڕەو سیستەمی گشتی بشێوێنێ یان ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگە وهەرێم تووشی مەترسی بکـات, یـان زیـان بە ژینگە و بەدام و دەزگا و بەموڵکی گشتی یان بە موڵکی تایبەت بگەیەنێ یان سەرچاوەی دەسـتهاتێکی سروشـتی بخاتـە مەترسی.

ئەمـە پێناسـەی کـاری تیرۆرسـتیە کـە لیژنـەی یاسـایی پێشـنیاری دەکـات, کـێ دەیـەوێت قسـەی لەسـەر بکـات, بـا دەسـتی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسین.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچـەندە لیژنــەی قــانون محاوەلــەی کردیــە پێناســەیەك بــۆ کــاری تیرۆرســت بکــاتن, بــەلام هێشــتا ئــەو پێناســەیە کەموکورتییەکی زۆری تێدا هەیە, چونکە هیچ حەددێکی فاصڵی دانەنایـە, لەبـەینی کـاری تیرۆرسـتی بـۆ چ مەبەسـتێك, یاخود حەددی فاصڵ لە بەینی کاری تیرۆرستی و یان مقاوەمە, ئێمـە باسـی ئـەو مقاوەمـە ناکـەین کـە ئێسـتا لـە عێـراق هەیە, باسی خەباتی خۆمان دەکەین, باسی مقاوەمەی خۆمان دەکەین هێشتا ئێمە نـەبووین بەشـت, هێشـتا چارەنووسـی ئێمە دابین نەکرایە, نازانین سبەی یان دووسبەی دووچاری چ داگیرکـەرێك دەبـین, دووچـارەی چ شکەسـتێکی تـر دەبـین, (لاسمح الله) با لە ئێستاوە ئێمە خۆمان نەخەڵەتێنین بە دیموکراسییەت و, دەستوور و, فیدراڵیەت و ئینتیخابات, چونکە لـە وڵاتـانی رۆژهـەڵات ئـەو هـەموو موعـادەلاتی عەسـکەر بـەقوەت دەبێـت هـەموو موعـادەلاتی دەسـتووری و سیاسـی بەلەحزەیەك تێك دەچێت,ئەوە نموونەی پاکستانیش لەبەر چاومانە, بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە کە فەقەرەیەك ئیزافـە بکرێت لەسەر ئەوە, لە کاتی تووشبوونی کوردستان لە کارێکی داگیرکاری, یانیش هەر شتێکی دیکـە حـەڵێك هـەبێت لـەو یاسایە, ئەو یاسایە قیمەتی نەمێنێت, یاخود تەعریفەکە زیاتر تێـر وپـڕ بکرێـت حـەدێکی فاسـل لـە نێـوان موقاوەمـەی شەرعی شەریف و تیرۆر دابنرێت, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یەکەم جار نییە پەرلەمانی کوردستان, لەسەر ئەم بابەتە, یان ئەم دیاردەیە وتووێژ دەکات, ئێمەی کورد لە هەموو گەلێکی دنیا پتر دوچاری تیرۆر و کوشتن و لەناوبردن بووینە, بەلام لەم پەرلەمانەدا, بەتایبەتی دوای رووداوە مێژووییەکەی کەوا کارەساتی لێ قەوماوە لە 11ی ئەیلوولی 2001, لەم پەرلەمانەش بایەخێکی تایبەتی درا بەم دیاردەیە, لە رۆژی 21ی/2001/10 لە دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەدوور و درێژی باسی ئەم دیاردەیە کرا, بەلام بەداخەوە ئەو کاتە نەتوانرا ئەم دیاردەیە وەکو ئێستا چۆن یاسای بۆ دەردەکرێت, تەنها پێشنیاری ئەوەی بۆ کرا, کە ئێمە بەردەوام بین لەسەری, بڕیارێك, یان یاسایەك لە پەرلەمان دەربچێت لەبارەی ئەم دیاردەیە, خۆشبەختانە ئێستا ئەو بوارە رەخساوە, ئەمڕۆ ئێمە باسی ئەم بابەتە دەکەین, بۆ ئەوەی یاسایەك لەبارەی ئەم دیاردەیە پەرلەمانی کوردستان دەریبکات, من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم, کە فیعلەن ئەوان پێناسەیەکیان حازر کردووە, بەلام داوای لێبووردنیان لێ دەکەم, من پێشنیارم هەیە بۆ دەستکاری کردنی ئەم پێناسەیە, ئەگەر رووخست هەبێت بیخوێنمەوە, لەسەرخۆ دەیخوێنمەوە, بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن شتێکی لێ بنووسنەوە, من مەمنونیان دەبم, وەکو ئەوان دەستی پێ دەکەم (کاری تیرۆر کردن هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, یان بانگەشەو هاندانە بۆی, یان هەڕەشە پێ کردنە, کە تاوانکار بەهۆی بیر و بۆچوونی رامیاری و ئایدیۆلۆجی جیاواز لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا هانای بۆ دەبات, مرۆڤ چ بە تاك و, چ بە کۆمەڵ بێت ئەنجام دەدات بە مەبەستی تۆقاندن و ترساندن و رفاندن و بارمتەگرتن و بزر کردن و لەناوبردن وکوشتن و شێواندن و ملکەچ کردنی بە زۆرە ملێ و چەوساندنەوە, یان ئاژاوە نانەوە لەناو جەماوەر و شێواندنی سیستەم و پەیڕەوی گشتی, یان ئاسایش و سەلامەتی کومەڵگەو هەرێمی کوردستان تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگەو دامودەزگاو موڵکی گشتی, یان بە موڵکی تایبەتی بگەیەنێ, یان زیان بە سەرچاوەی دەستهاتێکی سروشتی بگەیەنێت, یان بیخاتە بەر مەترسییەوە), هەر ئەمە بەلام من تۆزێك ئیزافەم خستۆتە سەری, ئەگەر پێیان باش بێت تەسلیمیان دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلام تکایە یەعنی بەدیلی تەعریفەکە دەمانخاتە ناو موناقەشەیەکی زۆر, ئەگەر کەسێك بەدیلێکی هەبێت, وشەی زیادی هەبێت, یان وشەیەکی پێ زیاد هەبێتن, ئەوە با دەست نیشانی بکات, چونکە ناکرێتن ئەوەی لا ببەین و, ئەوەی دانێین, ئەو تەعریفە دراوە, چ وشەی زیادە بڵێ ئەو وشەیە زیادە, چ وشەیەك کەموکوڕی هەیە, با بڵێ ئەو وشەیە ئیزافە بکرێت, چونکە ناتوانین ئەوەی وەربگرین و, ئەوە زۆری دەخایەنێت, یان یەکێکی تر دەڵێت صیغەیەکی

تر دانێن, بۆیە دەست نیشانی ئەو وشەیە بکەن, کە پێتان وایە کەموکوڕی تیایە, بۆ ئەوەی ئیزافەی بکەین, یان وشەیەی پێتان وایە بگۆڕدرێت بیگۆڕن, بۆ ئەوەی لیژنەکە تێك نەچێتن.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدیلم دانەناوە, من تەنها گۆڕانکاریم لەناو پێشنیارەکەی ئەوان دەکەم, نەك بەدیل, ببوورن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ عەفو, یەعنی من مەقسەدم بەدیلیش نییە, هەر بڵێ ئەو وشەیە لە جیاتی ئەو وشەیە, بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت بۆ وەرگرتنی تێبینیەکان, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم, کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی رێکخستنی ئەو پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرن, بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە لەلای ئێمە وەکو دەڵێن سەرەتایەکە, تازەیە, بۆ ئەوەی هەمووومان بەرامبەری زۆر لەبەر چاو روون نینە, بۆیە پێمان وایە یاسایەکە جۆرێك لە تێکەڵی و پێکەڵی تێدایە, وەکو پێی دەڵێن موزدەوەجە, وەکو دەڵێت هەندێك برگەی هەیە بە دە دینار کابرا بەرائەی بێنێت, یان ببێت بە ئیعدام, مەسەلەن ئێستا کۆمەڵێك قوتابی و خوێندکاران موزاهەرە بکەن لە پێناو گەندەلی ئیداری, لە پێناو ماڤ وەرزش کاران, لە پێناو ماڤ خوێندکاران پەلاماری دائیرەیەك دەدەن کورسی مێزێك بسوتێنن دەتوانیت ئەم یاسایە بیکات بە تیرۆر و ئیعدامی بکات, بۆیە من لەبەر ئەو مەسەلەیە فیعلەن لەلای من تۆزێك بەرچاو روون نییە, من پێشنیار دەکەم ئەم پرۆژە یاساییە دوا بخرێت, تا ئەو کاتەی وەزارەتی داد یەکتر دەگرێتەوە, ئەو کاتە ئێمە دەتوانین لەبەر چاو روونتر و بە باشترو تێرو تەسەلتر فەقەرەکان دابرێژین, بۆ ئەوەی هەموو خەڵك پێی مورتاح بێت, من پێشنیارم ئەوە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت, ئەو کاتە هەردوو وەزارەتی داد یەکتر دەگرێتەوە, ئەو کاتە کاری پێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە بە حەقیقەت لە 2005/12/27وە ئێمە خەریکین, ئەو سەرچاوانەی کە ئیشارەتمان پێدا, هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە پەنامان بۆ بردووە, لەگەڵ ئەو موئتەمەرەی کە کرا, هەتا بەنیسبەتی یەکی شوباتی ئێمە ئیستیفادەمان لە موقەرەراتی کۆمەڵگای مەدەنیمان کردووەو, موقەرەراتی ئەو کۆنفرانسە, هەندێکیشمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە, بۆیە بە حەقیقەت ئەو مەسەلەیە گەلاّڵە کراوە, لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە وەکو ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش بە پەرلەمان کراوە, ئێستا زۆر ئیعتییادیە موناقەشەی بکرێت, بەلاّم ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ تەئجیل نین, لەگەڵ ئەوە داین یاسایەکە موناقەشە بکرێت و مەجرای خۆی وەربگرێت و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, منیش رەئیم لەگەڵ لیژنەی قانونییە, چونکە ئەو پێشنیارە دەبوایە لە خوێندنەوەی یەکەم, کە خوێندرایەوە و, درا بە لیژنەکان, سێ لیژنەکە داوایان لێ کرا راپۆرت بنووسن, ئەو وەختە دەبوایە پێشنیارەکە تەقدیم بکرێت, چییە خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە جەنابت پێش ئەوەی برادەرانی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ بانگ دەکرێت, جەنابت پرسیارت کرد بوایە, ئایا بیخوێنینەوەو بیخەینە دەنگدان و موناقەشە کردن, یان نا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جار ئەوە خاڵی نیزامی نییە, دووەمیش ئەو پرۆژەیە لە 2005/12/27ەوە دەکاتە دوو مانگ و نیو پێش ئێستا خوێندراوەتەوە, واتا خوێندنەوەی یەکەمی کە خوێندرایەوە, داوا لەو سێ لیژنەیە کرا کە پەیوەندیدارن بەو یاسایە, ئەم پرۆژەیە دیراسەت بکەن, ئێمە لەسەر داوای ئەوان دوامانخست, هەتا کۆنفرانسێك هاتە پێشەوە, کۆنفرانس بەبۆنەی یەکی شوباتەوە لەسەر مەسەلەی تیرۆر ئەویشیمان لەبەر ئەوە بوو, بۆ ئەوەی هەرچی پێشنیاریان هەیە بیدەن بە پەرلەمان بۆ ئەوەی رەچاوی بکەین, هەرسێ لیژنەکەش دیراسەتیان کرد, یەعنی هەر پێشنیارێك بۆ دواخستنی موناقەشەکە دەبوایە لە خوێندنەوەی یەکەم بکرایە, نەك ئێستاکە ئێمە هاتووین و بڕیار دراوەو خراوەتە بەرنامەی کار دوا ناخرێت, منیش ئیعتیبار دەکەم لە ماوەیەکی کورتدا هەردوو حکومەت یەك بگرنەوە, بەڵام ئیلحاحی هەردوو ئیدارە هەیە لەسەرمان بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێتن, لەبەر ئەوەیە رەفتارەکە یەکە, هەتا ئەگەر حکومەتیش یەك نەگرێتن, ئەو دیاردەیە لە سلێمانی بێت, لە هەولێر بێت, لە دهۆك بێت, لە کەرکووك بێت وەکو یەکە, دەبێت رەدەکەی رەدی هەبێت قانونی بێت, ئێمە واجیبمان ئەوەیە, یەعنی مەسەلەیەك نییە جیاوازی هەبێت لە هەردوو ئیدارەکە, رەئیەك نییە, کە بۆچوونەکەی جیاواز بێت لەسەری, دووەمیش ئەو تێبینیەی کە کاك عوسمان دای لەسەر ئەوەی کە موزاهەرەیەك بکرێت, مومکینە وا تەرتیب بکرێتن, هەموو یاسایەك ئەگەر بتەوێ چوونیەك نەبێت بە تێگەیشتنی, مومکینە بەکاری بهێنیت بە سەرۆك, بەڵام لێرەدا ئالیەتمان داناوە, ئەویش ئەوەیە نوێنەری ئەو هەموو وەزارەتانە بەشداری دەکەن, وەزارەتی دادە, وەزارەتی ناوخۆیە, چەندین وەزارەتی تر کەسەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن, خۆمان لە پەرلەمان لیژنەمان هەیە موتابەعەی ئەوە دەکات چۆن ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکرێتن و راپۆرت دەنووسێت, لەبەر ئەوە نابێت خۆمان رێگا بدەین ئەو یاسایە بەشێوەیەکی نا تەبیعی, یاخود لە شوێنێکی تر ناگونجێت لەگەڵ مەبەستی ئەو یاسایە بەکار بێتن, بۆیە ئەگەر موزاهەرەیەك لە شوێنێك بکرێتن, کەس ناتوانێت بەو یاسایە حوکم بکاتن, موزاهەرەیەك کە دەکرێتن دژی گەندەڵییە, دژی ئیدارەیە, دژی وەزارەتێکە ئیجازە دەکرێتن, هەر موزاهەرەیەك بە ئیجازە کرا وەزارەتی ناوخۆ دەبێت موحافەزەی ئەوانە بکاتن کە موزاهەرەکە دەکەن, بۆیە دەبێت ئێمە ئەوە لای خەڵکیش یەکلا بکرێتەوە, لای حکومەت و لای ئێمەش ئەو یاسایە نابێت بەکار بێتن دژی ئەو شتانەی مەبەستی تێدا دیاری نەکراوە, کاك محەمەدی حاجی مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تیرۆر بەڕاستی حەقە زیاتر لەسەری بوەستین ئەو مەوزوعە, چونکە خۆتان دەزانن ئێمە زیاتر لە هەشتا ساڵە بەدەستی تیرۆرەوە گیرمان کردووە, بەهەموو شێوەکانی قانونیشیان بۆ بەکار هێناین, شەرعیشیان بۆ بەکارهێناین, بەناو تیرۆریان کردین, زۆریان هەوڵدا لەگەڵمان ولأتەکەشیان سوتاندین بە قانون, ئیعدامیشیان کردووین بە قانون, بۆیە من پێم وایە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ زۆر کەمە بۆ قەرارێکی وا گرنگ, ئەوانەی لێرە قەرارێك دەدەن, تەنها ئەوە نییە کە ئێمە ئەو قەرارە ئەوە بێت خۆمان لێرەین و قەرارەکە دوورە, ئەو قەرارە بۆ هەمووومانە, قەرارێکە کە ئێمە مومکینە بۆ دەیان ساڵی تر ئەو قەرارە جێ بەجێ بکرێت, ئێمە لە عێراق لەگەڵ کێ دەژین, لەعێراقدا لەگەڵ ئەوانە دەژین, کە سبەینێ جەیشیان هەبوو پەلامارمان بدەنەوە, بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك جەمال بووم, ئێمە جیایی بکەینەوە, چونکە مەسەلەی تیرۆر و, مەسەلەی موقاوەمە جیان, سبەینێ ئەگەر بێنە سەرمان, بەو قانونەی خۆمان بێن لەناومان بەرن, دەبێت ئەو مەوزوعە جیا بکرێتەوە, مەوزوعی ئەوەی کاك عوسمانیش باسی کرد, من لەگەڵ ئەو رەئیەم مەسەلەن ئەگەر فەرزە لەسەرمان هەر ئەمڕۆ دەبێت دەنگی بۆ بدەین و جێ بەجێی بکەین, جا بۆ پرس بە ئێمە دەکەن لە پەرلەمان, خۆتان بیکەن و پرس بە ئێمە مەکەن, ئەو دوو ئیدارەیە بکات, ئێمە رەئیمان هەیە, پێویستە ئەو قەرارو مەوزوعە عەجەلەی لێ نەکرێت, زۆر بە وردی جیا بکرێتەوەو, دەست نیشان بکرێت راستە ئەو برا

بەڕێزانە ئیستیفادەیان لە بۆچوونی خۆیان و دەرەوە و لایەکانی تریان کردووە, بەلاّم ئەوە هێشتا کافی نییە, بۆ ئێمە قەرارێك بدەین, باشە قەیدی ناکات ئەمڕۆ, مومکینە بۆچوونێکی سیاسی ئەو قەرارەی دابڕێژێت, بەلاّم ئەگەر سبەینێ گۆڕانێکی تر بوو بە عەینی قەرار بەگیان خۆمان بێتەوە, ئەوە من پێم وا نییە ئاسان بێت, ئێمە لەو مەوزوعە قەرار بدەین, من پێم وایە مەوزوعی وشەکەش تیرۆر, یان ئیرهاب, هەرچەندە لەوانەیە لە زمانەوانی زۆر شارەزا نەبم رەشەکوژی, یەعنی بۆ نە بە لاتینی بێت, نە بە عەرەبی, بکرێتە رەشەکوژی پێم وایە باشتر بێت, منیش داوا دەکەم ئەو مەوزوعە پەلەی لێ نەکرێت و بە وردی و تاخیریش بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تەوزیحم هەیە, ئەویش ئەوەیە من حەز دەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سوڕەتێکی وازیحیان هەبێت لەو مەسەلەیە, ئینجا ئازادیشن هەرچ قسەیەك دەکەن, ئەو فەقەرانەی کە ئێمە لە قانونی تیرۆر هاتینە خوارێ برایان هەمووی لە قانونی عقوبات هەیە, حەز دەکەم ئەوە بزانن, بەلاّم جۆری عقوبەکە ئەمڕۆ لە قانونی عقوبات شتێکە, لە قانونی ئیرهاب شتێکی ترە, ئێمە لە قانونی ئیرهاب بەرەو تەشدیدی ئەو عقوباتانە چووین, بەلاّم لە قانونی عقوبات هەمووی سزای موخەففە, یەعنی بەڕاستی ئەوە نییە ئەو مەسەلەی هەندێك لە بەڕێزان ئیشارەتی پێ دەدەن, قانونەکەشمان بەڕاستی تایبەتمەندی خۆی هەیە, قانونی تیرۆرە لە هەرێمی کوردستانی عێراق, یەعنی ئێمە ویستمان تایبەتمەندیەك بدەین بە یاسایەکە, بۆ ئەوەی لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق پیادە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سەید کاکە.

**بەڕێز سید کاکە اسماعیل عمر سید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی قسەی کاك محمدی حاجی مەحمود, کە دەڵێ سەبرێکی لێ بگرن, هەروەها کاك عوسمانیش دەڵێت سەبرێکی لێ بگرن, نازانم مەسەلەی تیرۆر رۆژانە دەچێت لەناو سەیارە خۆی دەتەقێنێتەوە, دەچێت لەناو مزگەوت خۆی دەتەقێنێتەوە, دێتن لەناو عەمەلەو کرێکار خۆی دەتەقێنێتەوە, لەسەر چی لێ رادەوەستی, پاشان ئەو مەحکەمەیە دەخسرێتە پەرلەمان ترسنۆکییە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتە کوردەکانی ئێمە, چونکە ئێمە سەورەوین, کابرایەك هەستایە بەرامبەر سەورە شۆڕش دەکات, شەڕت لەگەڵ دەکات, ئێستا شەڕە لە گۆڕێ, حەقە مەجلیسی قیادەی سەورە حیساب بکاتن, هەر شەڕێك لەگەڵ هەر کەسێك بکەیت, چی لێ کردی و لەگەڵێ دەکەیت, تۆ دەیگەڕێنیت دەبێت تەسمیلی بێت, ئەگەر ئەوها لە قانون دایبنێیت, دانیشە لێرە خەڵکێکی زۆر بزانێ چی لەگەڵ بکەیت تەسمیلی بیت باشترە, ئەو حکومەتە بۆ حکومەتیەتی دەکرد, بۆچی بیکات, ئەوە مەجلیس قیادەی سەورە دەبێت ئەو قەرارەی بدات, چی لێ کردیت, دەبوا شۆڕشی لەگەڵ بکەیت, چی لێ کردیت منداڵی لێ دەکوژێ, دەبێت هەموو بکوژرێن, ئەگەر وەکو ئەو نەکەی, دەبێت تەسمیلی بیت, ئەو قسانە و دانیشتانانە و قانون وا بکات و فلان ئەوە بکات, ئەوە سەورەیە, حکومەتی بەغدا تازە هاتووە, حکومەتە کوردەکەی ئێمەش تازە هاتووەو, ئێمە شۆڕشمان کردووە, کۆمەڵێك میللەتەمان بە کوشتن داوە, کۆمەڵێك پێشمەرگەمان بە کوشتن داوە, هاتینە لە سەر ئەوە راوەستین ئەو بێت لە مزگەوت بمکوژێت, منیش لە دیاری راوەستم و قانونی بۆ دانێم و مەجلیسێکی بۆ کۆبکەمەوە, وەرن قانونی بۆ دانێم و تەبعی بکەم, کەی

له دنيا وايه, ئەوە ترسنۆكى قيادەكانى ئێمەيە, ئەوە عيلاقەى بە شۆڕشەوە هەيە, عيلاقەى بە مەجليس قيادەى سەورەوە هەيە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خاڵ سيد كاكە, ئێمە تەبعەن دەرگا كراوەيە, جارێ برێك زياتر موناقەشەى بكەين, بۆ رەئى زۆربەى زۆرى ئەندامان, بە يەك دوو رەئى تێ ناگەين رەئى پەرلەمان چيە, تەنيا يەك مولاحەزەم هەيە بە ئيجازەى ليژنەى قانونى, ئەوان زۆر بە چاكى روونيان كردەوە, كە ئەو سزايە بەرامبەر تاوان خۆى هەيە لە قانونى عقوباتدا, يەكێك كەسێك بكوژێتن, يەكێك قونبەلەيەك بتەقێنێتەوە, قانونى عقوبات حوكمى دەكاتن, دەگاتە ئيعدام, موئەبەد, چەند ساڵە, بەگوێرەى قانونەكە, تەنيا ئەوەيە ليژنەى قانونى وتيان ئەمە زياتر روون دەكاتەوە, تايبەتمەنديەكى دەداتێ بۆ ئەوەى ئەو قانونە لە ئاستى ئەو دوژمنە بێتن, كە دەيەوێتن هەموو شتێكمان لێ تێك بدات, دەيەوێت كۆمەڵگا تێك بدات, دەيەوێت مرۆڤ بكوژێت, لەبەر ئەوە مەسەلەيەكى وا بە تەبيعى وايە, ئێمە لە وەزعێك داين كە كۆمەڵگاكەمان تووشى نەخۆشييەك بووە لە ناو كۆمەڵدا, ئەوەى كە ئێستا پێى دەڵێن تيرۆر و ئيرهاب و هەموو لايەكى دەگرێتەوە, بۆيە قانونى عقوبات كافى نييە, دەبێت قانونێكى تايبەت هەبێت, بۆ ئەوەى چارەسەرى بكات, ئەمە يەك.

دوو/ ئەو مولاحەزەيەى كە دەدرێت, ئەگەر بێتو ئێمە ئەمرۆ لە حوكم دابين و سبەينێ دوژمنان خوانە خواستە بتوانن جارێكى تر حوكمى ئەو قانونە بەكار بێنێت, من دوو مولاحەزە دەدەم:

يەكێكيان: ئينشائەڵلا رۆژى ئەوەى رۆيى كەس بتوانێتن دژى گەلەكەمان جارێكى تر وڵاتەكەمان داگير بكات و هەمان سياسيەت بەكار بێنێتن.

دووەميش: ئەو دوژمنە دڕندەيە خوانە خواستە, ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دەستى رۆيى, قەت بە قانونى ئێمە رەفتارمان لەگەڵ ناكات, ئەوە دڵنيا بن لەوەى, لەبەر ئەوەى ئيعتيراف بەو پەرلەمانە نەكاتن, قەت ناڵێت, رابردووشمان ديارە, هەر بەپێى قانونى نەكردووە, دەسەڵاتى داوەتە يەكێك, مەجليس قيادەى سەورە كە ناشەرعييە, قانونى دەرهێناوە عەلى حەسەن مەجيد هەموو دەسەڵاتى داوەتێ لە هەشتاو پێنجەوە لەو كوردستانە چى خراپە كردوويەتى, چەكى كيمياى بەكار هێناوە, ئەنفالى كردووە, دێهاتى سووتاندووە بەبێ ئەوەى هيچ قانونێك هەبێت, تەنيا دەسەڵاتێك لەلايەن ئەنجومەنێك پێى دراوە كە ناشەرعييە, لەبەر ئەوە رانەوەستێت لەسەر ئەوەى وەڵلا كارەكەى من قانونييە تۆ دەكوژم بە قانون, هەر ئيعيتراف بەو قانونە ناكات, لەبەر ئەوە ئەگەر چى حوجەتى مەنتيقى هەيە, ئەو قسەى كە كرا لەلايەن كاك جەمال و كاك محەمەدى حاجى مەحمودەوە, بەلأم لە واقيعدا نابێت كۆسپ بێت لەبەردەم دەرهێنانى ئەم قانونە, ئەوە موناقەشەكە بەردەوامە, با بزانين رەئى بەڕێزان يەكە يەكە, هەر ئەوە ئيشارەتێكە بە قەرارێكى پەرلەمان لە ساڵى 1992ەوە دەرچووە لەلاى خۆمان دەڵێت:"يعاقب بالسجن" يەعنى سزادان بە زيندان زياتر نەبێت لە پانزدە ساڵ, هەر كەسێك هەڵستێت بە دروست كردنى, يان هێنانى شتى تەقينەوەو تۆقاندن بەبێ ئيجازە لە سوڵتاتى حكومەت, ئەو شتانەى كە دەيهێنن بۆ تەقاندنەوەو بەكارى دەهێنن, هەموو ئەو ئالەتانەش و ئەوانەش كە بەكارى دەهێنن لە حوكمى ئەو ماددەيەدا سزا دەدرێت.

دووەم/ سزا دەبێت بە ئيعدام, هەر كەسێك ئەو تەقەمەنيانە بەكار بهێنێت بە هەدەفى تەخريب, ياخود لەبەر رۆشنايى ئەو پەيوەنديەى لەگەڵ دوژمنانى گەلەكەماندا هەيەتى, ژيانى هاووڵاتيان دەخاتە مەترسييەوە.

يەعنى ئەمە لە ساڵى 1992ەوە كە هێشتا تيرۆر بەو شێوەيەى كە ئێستا پەرەى سەندووە نەببوو, ئەو قەرارە لە ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان دەرچوو.

ئێمە ئێستا دواكەوتووين, جمعييەى وەتەنى عێراقى ئەوە چوار پێنج مانگە ئەو قانونەى دەركردووە, تەواو بووە رەفتارى لەسەر دەكاتن, ئێمە دەبوايە ئۆتۆماتيكيەن ئەو قانونە بێنين لێرە پاش تەعديل كردنى موناقەشەى بكەين و وەكو ياسايەك دەربچێتن, لەبەر ئەوە شتەكە واجيبێكە لەسەرمان لە وڵاتێكدا نازين بڵێى وەڵلا سەبەبێكمان هەبێتن, ئەوە چەندين كەس هەنە گيراون و كارى تيرۆريستيان كردووە, لە محكەمەدا چاوەڕوانى ئەو قانونەن, ئيعتيرافيان

کردووەو خۆتان لە تەلەفزیۆن دیتتان، بەهەر حاڵ موناقەشەکە تەواو دەکەین، هەر سەریەك ئەگەر کەسێکم لەبیر چوو بوو، ناوم نەنووسی بوو پێم بڵێ، خاڵی نیزام چییە فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاراستەی لیژنەی قانونییە، کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەیەکی نائاساییە، لە بەرنامەی کارەکەشمان دوو خاڵ هەیە دەست نیشان کردنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، ئەوە دەکرێت لە باری ئیستیسناو لەباری کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دابنێین، بەڵام کۆبوونەوەی خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەوە دەکرێت ئێمە بیخەینە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمجارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعییە ئەو خاڵانەی کە دیاری کراون لە بەرنامەی کار لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی عەرز بکرێن، بەڵام نابێت خاڵێکی تر ئیزافە بکرێتن، تەنیا ئەو دوو خاڵە دەبێت موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە لە کار کردنی پەرلەمان و فەلسەفەی کار کردنی پەرلەمان پەیوەستە بە واقیعی کۆمەڵەوە، ئێستا هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە تیرۆر دیاردەیەکەو هەیە، دەبێت پەرلەمانیش شتێك بەرامبەر بە تیرۆر بکات، کەواتە مەبدەئیەن پێویستیمان بە قانونەکە هەیە، دەبێت قانونێك هەبێت بۆ ئەوەی ڕەدعی ئەو تیرۆر و تیرۆرکارانە بکات.

دووەم/ بەنیسبەت ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە سوپاسەوە لەبەردەم هەموو ئەندامە بەڕێزەکان هەیە، بەڵام ڕاپۆڕتی لیژنەی مافی مرۆڤ کە زۆر بە گرنگی دەزانم، تەنیا مامۆستا محەمەد فەرەج خوێندیەوە لەبەردەم ئەندامان نییە، داوا دەکەم ئەویش وەکو ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر بخرێتە بەردەم ئەندامەکانەوە، بێینە سەر پێناسەکە کۆمەڵێك وشەی (یان) هاتووە، لە زماندا وشەی یان بۆ جیاوازی دادەنرێت، من داوا دەکەم ئەم (یان)انە هەمووی بکرێت بە (و) باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ پاشان دەتوانێتن ئەو ڕاپۆرتەی خۆی بدات بە ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو کاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من تەنها لەسەر پێناسەی تیرۆرە، بە تەسەوری من تیرۆر زاهیرەیەکی عالەمییە، سیاسی و فیکرییە، زۆر کۆنە ئێستاش نییە، وشەی ئیرهاب هەتا لە کتابی سەماویش هاتووە، کە دەسەڵات دروست بوو ئیرهابەکەش دروست بوو، لەو هەموو کەسەش تا ئێستا کەس نەیتوانیووە تەعریفێکی موتەفیق لەسەر ئیرهاب بدۆزێتەوە، تەعریفەکەش دەبێت موحەدەد بێت، کورت بێت، موختەسەر بێت، وازیح بێت، ئەوەی کە ئێستا هەیە، بە تەسەوری من تەعریفەکەی تەواو نییە، ڕەنگە ئەگەر بچینەوە لەناو تەعریفەکە هاتووە، لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، هەمان موستەلەحات لە ئەسبابی موجیبە هەن، بەمانای ئەوەی لیژنەی قانونی بەخۆی نەیتوانیووە تەعریفێك دانێتن وازیح بێتن بۆ تیرۆر لەسەر ئاستی کوردستانی بێتن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم تەعریفەکە نەمێنێتن، هەر ئیلغای بکەین و، بگەڕێینەوە بۆ پرۆژەی یاسایەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەسبابی موجیبە بەڕاستی مولەخەسی دەرچوونی یاسایەکەیە, ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە بەڕاستی ئەو تەعریفەی کە داماننا‌وە حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە لە خۆمانەوە دامان نەناوە گەڕاینەوە بۆ قانونەکانی ولأتانی دەرەوەو, لە هەمان کاتدا ئیستیفادەمان کردووە لە ناحیەی سزاو تاوان و ئەوانەمان هەمووی لێك داوەتەوە, ئینجا هاتوینەتە سەر ئەو تەعریفە, بە مەرجێك تەعریفەکەمان داناوە ئەو کارانەی کە دیاری کراون لە یاسایەکە هەموو کارەکان دەگرنەوە, کە بە کاری تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە, یەکەمیان: لە ماددەی یەکەم و تەعریف کردنەکەش شتێك هەیە نادیارە, ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو تیرۆریستە کە کارەکە ئەنجام دەدات هاوولأتی کوردستانییە, یان عێراقییە, یان بیانییە, لەو حاڵەتەدا قانون چۆن بەسەریدا لە عقوبە جیاوازی دەبێت, چونکە ئێمە بەشێك لە تیرۆرمان هەیە هی دەرەوەی هەرێمە, یان هی دەرەوەی عێراقە, لەو حاڵەتەدا ئێمە بە چ شێوەیەك موعامەلەی لەگەڵ دەکەین, چونکە لەوانەیە ببێتە قەیرانێك و تەنگژەیەکی ئیقلیمی لەناوچەکەدا لە ولأتانی ترەوە هاتبن, لێرەدا ئەمە دەبێت روون بکرێتەوە لە قانونەکە کە عقوبات چۆن دەبێت لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە بیانییە لەگەڵ ئەو کەسەی کە هاوولأتی کوردستانییە, یان عێراقییە.

دووەمیان/ هەر لە تەعریفەکە دوو وشە هەیە کە دژ بەیەکن, ئەو دوو وشەیە:

یەکەم/ دەڵێت کاری تیرۆر کردن هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوەو, لەدواییدا لە دێری سێیەم دەڵێت کوێرانە, ئەمە دوو شتی دژ بەیەکە, یەعنی ئەگەر ئەم باندە, یان ئەو شەخسە, یان ئەو گروپە تەنزیمێکی دیراسە کراو و بە بەرنامە و بە ئامانج و بە فلان هاتۆتە پێش, کەواتە بۆ بە کاری کوێرانە بەنجام بدات, هەمووی موبەرمەجەو لە پێشەوە دیراسە کراوەو ئینجا کارەکە ئەنجام دەدات, بەڵام ئەگەر کەسێك هاتو جاری وا هەیە ئێمە لەو جینایانەی کە لە دنیا ئەنجام دەدرێت دەبینین منداڵێکی هەرزەکاری چواردە ساڵی, لەوانەیە بچێت هوتێلێك بتەقێنێتەوە نەخۆشی نەفسی هەبێت, یان رەدی فیعلێکە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت, بۆیە لێرەدا ئەمەش دەبێت دەست نیشان بکرێت, کە بەڕاستی هەموو ئێمە تەئکید بکەینەوە, ئەوانە تەنزیمێکن رێکخراوە دیراسەیان کردووە بە مەبەستێکی دیاری کراو, جا بۆ ئەو مەبەستانە کە دیاری کراوە ئەنجام دەدات, نەك وشەی کوێرانە نابێت بەکاری بێنین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونەکە هاتووە کەلیمەی (الجاني) هەمووی دەگرێتەوە, ئەگەر هاتوو خەڵکی ئێرە بێت, یان خەڵکی ئێرە نەبوو بەشێوەیەکی گشتی هاتووە, ئەو قانونە لەسەری تەتبیق دەبێت, ئەوە یەك.

دوو/ رەنگە لە تەرجومەیەی بۆ کوردی ئەوەی نازناز خان گوتی لەوانەیە بەو شکلە تەفسیر بکرێت, بەڵام لە عەرەبییەکە هاتووە کاری تیرۆریستی مونەزەمە ئیمکان هەیە بە عەشوائیش بێتن, عیشوائیکە مانای ئەوە نییە مونەزەم نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەنگە مەقسەدی ئەوە بێتن ئەو کەسەی ئەنجامی دەداتن سەر بە ڕێکخراوەیەك بێتن, یان چ بە کوێرانە بەبێ تەنزیم بێتن, چ مونەزەم بێت, یان نامونەزەم بێت هەمان شتە, کاك کەریم ئەگەر تەفسیرێکی هەبێتن فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا خۆی ئیرهاب بەشێوەیەکی مونەزەم پێی هەڵدەستێت, بەڵام ئەنجامدانی بەشێوەیەکی عیشوائییە, ئەنجامدانی تاوانەکە بەشێوەیەکی عەشوائی دەبێت, خۆی مونەزەمە, بەڵام ئەنجامدانی بەشێوەیەکی عەشوائی دەکاتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو چنار.

**بەڕێز چنار سعد عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ هەبوونی تەعریفێکم بۆ ئەو مەسەلەیە, ئەوەی لیژنەی یاسایی کردیەتی پێم وایە شتێکی شمولییە, بەڵام من نەقسێك دەبینیم, یەعنی ئەوان هەوڵیان داوە ئالیەتەکە و ئەو وەسیلەیەی کە ئیرهاب بەکاری دەهێنێت و کەسی تیرۆریست هەموویان تەحدید کردووە, بەڵام ئامانج دیار نییە, یەکێك لەو ئامانجانە باشانە بۆچی کەسی تیرۆریست خەڵك دەترسێنێ بۆ تۆقاندن, بۆ کوشتن, بۆ شلەژان, بۆ وێران کردن, بۆ بۆ بۆ....., ئەوانە هەمووی وەسیلەنە, ئامانجەکە شتێکی ترە لەپشت ئەوە, دەترسێنێ, دەتۆقێنێ, ئەوە سەبەبێکی ترە, یەکێکیان یان ئەوەیە گروپێکی باندمان هەیە, کە بەوە رزق پەیدا دەکەن, ماددە بە دەست دەهێنن. یان ئەوەتا گروپێکی تیرۆریستمان هەیە بەتایبەتی ئەوەی کە ئێستا زۆر شائیعە هەوڵ دەدات بەزۆر سوڵتە بەدەست بێنێت, فەرزی رەئیی ئایدلۆژییەتی خۆی دەکات بەزۆر لە ڕێگەی ئەوانەوە, ترساندن, کوشتن, شڵەژاندن, بۆیە لێرەدا پێم وایە ئەم مەسەلەی بەزۆر فەرز کردن, یان خۆ فەرزکردنی ئایدلۆژییەت و گرتنە دەستی دەسەلات, لێرەدا غائیبە بۆیەش کاك عوسمان کەدەڵێ ئەگەر ڕێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران ئەگەر موزاهەرەیان کرد و لەبەر هەر مەسەلەیەك و حاجەتێکی ئەوانە, ئامانجی ئەوان پێم وانییە زۆر خۆ فەرزکردن بێت, یان ئایدلۆژییەتی تایبەتی ئەوان بێت, ئامانجی گروپی خوێندکاری یان قوتابی ئەگەر بۆ وانیش بکات حاجەتێکی هەیە یان داوای شتێك دەکاتە ئامانجێکی رەنگە موفەدەسی هەبێت, بەڵام مەبەستی ئەوە لێرە ئەگەر ئامانجەکەی تەحدید بکرێ بۆ وا دەکات بۆ دەترسێنێ, بۆ دەکوژێ, بۆ وادەکات؟ ئامانجەکەی ئەوە ناشەرعییە, نائینسانییە, بۆیە لێرەدا من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەقەکە تەحدید بکرێت و چەند ئامانجێکی هەیە, سەبارەت بەوەی کە هەندێك قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە دوا بخرێ, یانیش پەلەی لێ نەکرێ من دەڵێم ئەگەر ئێمە لە وڵاتێك باین کە تیرۆر بەرۆکی نەگرتباینە رەنگ بوو زۆر لەسەر خۆ بیرمان لەوە دەکردەوە, وەقایە لە بۆ تووش بوونمان زیاتر وەخت بدەینە خۆمان, بەڵام ئێستا ئێمە رۆژانە تووشی ئەوە دەبینەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تیرۆر نەقصێکی گەورەیە, ئێمە چۆن مواجەهەی ئەو دیاردەیە بکەین, ناڵێم پەلەی لێ بکەین, بەڵام دەڵێم بە دیراسە کردن و قسەشی لەسەر بکەین و خۆمانی لێ دوور نەخەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەشبەحاڵی خۆم بە گومان نیم لە ئامانجی ئەو یاسایە, بەڵام پێویستە ئێمە واقیعی کوردستانی خۆمان لەبەر چاو بێت, بەش بەحاڵی خۆم لەبەر چاوی دەگرم هێشتا ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان ماوە, هێشتا ئاسارەکانی سیاسەت و یاساکانی حکومەتی بەعس لە کوردستان ماوە, هێشتاکە دام و دەزگاکانی ئاسایشمان دوونە, دام ودەزگاکانی پێشمەرگەمان دوونە, ئەوە بڕیار درا کە حکومەت یەکبخرێتەوە, بەڵام هێشتا دام و دەزگاکانی ئاسایش یەك ناخرێتەوە و, ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ هەموو ئەو واقیعەی کە ئێمە دیتمان حەقە لەبەر چاوی بگرین, من لۆخۆم دڵنیام کە ئەو یاسایە یاسایەکی باشە و لەگەڵ ئەوەشدام ئەگەر سزاکە لە ئیعدامیش بەتووندترین شێوە ئەو کەسە ئیعدام بکرێت, بەخراپترین شێوە یان بە قورسترین شێوە ئیعدام بکرێت, من لەگەڵ ئەوەدام, یانی کێشە نییە لەو مەوزوعە, بەڵام

کێشەکە ئەوەیە کێ ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکات یان چۆن جێبەجێ دەکرێت, من بەش بەحاڵی خۆم لێرە بە گومانم, مەسەلەکە بە گومان بێ لە دوارۆژی ئەو واقیعەی کە ئێستا تێیداینە, مەترسیم هەر لەوە نییە کە داگیرکەر دێتەوە, بەڵێ داگیرکەر ئەزانین هەشتا ساڵە کاری تیرۆری بەرامبەر کردووینە, ئێستا کە باسی تیرۆر دەکەن من جەنابی سەرۆکم دێتەوە بیر کە بە کاری تیرۆری دەوڵەت بریندار بووە, کاتێ باسی تیرۆری تەکفیری دەکەین هەر ئەوم لەبەر چاوە دیسان جارێکی تر ئەو بەرکەوتووە, یانی مەترسیەکانمان هەمووی لەبەر چاوە, بەڵام مەترسی تریش هەیە لە کوردستان کە ئێمە هێشتا نەگەیشتوونە ئەنجام, من بەش بەحاڵی خۆم نابینم گەیشتبینە ئەو واقیعەی بەراستیەکەی ئێستا لەو قۆناغەدا یاسا سەروەر بێت, بە پێی یاسا ئێمە شتەکان بکەین, رەنگە لە نەتیجەی ململانێ و لە نەتیجەی هەندێ مەشاکیلی تر, من خۆم بە گومانم دوای ئەو یاسایە خۆمان لەبەر دەمی خۆمان بەشێوەیەکی خراپ بەکاری بێنین, لەبەر ئەوە داوام وایە ئەو واقیعە لەبەر چاو بگیرێ و لیژنەی یاساش کە ئەو کارەی کردووە دەستیان خۆش بێت, کارێکی زۆر زۆر باشیان کردووە و سوودمەندیشە, بەڵام تا یەکگرتنەوەی دام و دەزگاکانی ئاسایش و یاسا لە هەرێمی کوردستان, ئەو مەسەلەیە لێ بگەڕێین, و کەدەڵێن دوژمن ئەگەر هات ئیعتیراف بە یاساکانی ئێمە ناکات, ئەو وەختە ئەگەر ئیعتیراف پێ نەکات وەکو دەڵێن (کلمة حق یراد بها باطل) رەنگە لە دژمان بەکاربێنێت, ئەگەر خوا بەو رۆژەی نەکات, رەنگە لە دژمان بەکاربێت, ئێستاش حکومەتی بەعس بەو هەموو دڕندەیەی خۆی رۆیشتووە و لەسەر کار نەماوە و لەناوچووە, کەچی ئێمە ئێستاش گیرۆدەی دەستی ئەو یاسایەین کە رژێم دەری کردووە, ئێستاش مەخمورکە لە 96 خراوەتە سەر موسڵ وناخرێتەوە سەر کوردستان و کار بەو یاسایە دەکرێ کە دژی ئێمە دەرکراوە, بۆچی ناکرێت دەوڵەتێك بێت یان مەرکەزێك بێت دوای ئەو یاسایە دژی ئێمە بەکاری بێنێتەوە, ئەوە نوقتەیەك بوو, نوقتەی دووەم پرسیارێکم لە کاك شێروان هەیە کەدەڵێ ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی, ئایا ئەو لۆی هەیە وەکو لیژنەی یاسایی یان وەکو سەرۆکی لیژنە دوای ناخەین ئەوە پرسیارە, سێیەم نوقتەش ئەگەر ئیجازە هەیە لە ماددەی یەکەم لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی کاری تیرۆری کردنی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە ئەو کردبی, نایێ هەر لە زمانەوانی, هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراو, چونکە کردنی لە زمانی کوردی کردن کردار دەخرێتە کۆتایی جوملە و ئەو بزوێنە جێی کارەکەی دەگرێتەوە, لە شوێنێکی تریش لە پەرەگرافی دووەمیشدا ئەو پێناسەیە لەپەرەگرافی سێیەمی هەمان ماددەی یەکەمدا هەمووەکی, هەمووەکی نا گشتی یان گشتگیر یان وشەیەکی تر لەباتی ئەوە بەکارهاتووە, ئینجا لەسەر پێناسەکە پێم باشە بە کورتییەکەی ئەو مەسەلە دوابخرێ تا یەکگرتنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە کە دەڵێ کاك شێروان حەقی هەیە وەڵام داتەوە یان نا؟ بەڵێ کاك شێروان حەقی هەیە, چونکە ئێمە خۆمان تەهیئە کردووە هەموو ئەندامانی لیژنە و لەوێ لەسەر ئەو رەئییە بووینە کە ئەو پرۆژەیە موناقەشە بکرێت, بۆیە من ئەو دەسەڵاتەم هەیە وەکو رەئیس لیژنە بە ناوی ئەوانەوە ئەو قسەیە بکەم, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا زۆربەی قەرارو ئەو مەشروعانەی کەدێتە پەرلەمان, بمانەوێت و نەمانەوێت ئەبێ رەزامەندی هەردوو لیستی لەسەر بێت و هەر پرۆژەیەکیش لێرە نارەزایی بەرامبەر دەربدەبڕێت بەتایبەتی سەرۆکی یەکێك لە لیستەکان و کۆمەڵێك لە ئەندامەکان, باشتر وایە پێش ئەوەی موناقەشە بکرێت تەصویتێکی بۆ بکرێتەوە لەناو پەرلەمان, چونکە هەر لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی رووداکاتە پرۆژەکە, بەراستی یەك بوونی دوو ئیدارەکە و یەکگرتنەوەی کە قەرارە ببێت, زۆر شت لەمانە دوابخەین تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, چونکە ئێستا بەشێکی زۆر ناڕازین بەو قەزیەیە, ئێمە ئەوەڵ قەرار و یەکەم ئیشمان یەکبوونی هەردوو ئیدارەی حکومەتە, تەکلیف کردنی سەرۆکی حکومەتە, با ئەو بەشەی پێش بخەین, پرۆژەکە تەصویتێکی بۆ بکەین و پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە دەبێ ئەو پێشنیارە یەکلا بکرێتەوە کە ئەو برادەرانە کردیان, بەش بەحاڵی خۆم منیش تەئییدیان دەکەم, پێم وایە ئەو دانیشتنە دانیشتنی دووەمی خوێندنەوەی پرۆژەی یاساکە بێت و خوێندنەوەی راپۆرتەکان بێت, هەندێك کەم وکوڕی هەبوو لە راپۆرتەکە, راپۆرتی ماڤ مرۆڤ چاپ نەکرا و نەکەوتۆتە بەردەستی ئەندامان, پێم وایە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی برادەران لەوانەیە شتێکیان لەبیر کردبێ لە ماددەی یەکەم .....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوە نوقتەی نیزام نییە, وەڵڵا من هەندێ روونکردنەوە دەدەم لەسەر قسەکانی کاك ئارێز, کە ئاماژەی بە من کرد کە من بریندار بووم و ئەوە راستە, لەو رۆژەی کە ئەو کارە تیرۆریستە کرا سەد هەڤاڵ و برادەر و دۆست و خۆشەویست لەبەر چاوی خۆم شەهید بوون, بەڵام هەمیشە رێگە نادەم بە خۆم کە لێرە دابنیشم بەو شتە شەخصیە تەماشای ئەو قانونە بکەم, کە ئەو قانونە قانونێکە دەبێ یاسایی بێت, دەبێ هەموو لایەنەکان رەئیی لەسەر بدەن, دراوەتە ئەو سێ لیژنەیە و من رێگە نادەمە خۆم لەبەر بۆچوونی خۆم شەخصی رایەك بدەم, ئەگەر نا زۆر فەرقم نییە لەگەڵ کاك سید کاکەی لەوانەیە لە رد فعلی شەخصی وەربگرم ئەویش هەر تووشی ئەو کارە بووە, ئەمە یەك, دوو من یەکەم کە باسی ئەوە دەکەن کە دوو ئاسایش هەیە و دوو وەزارەتی ناوخۆ هەیە, دوو پێشمەرگە هەیە, کێ ئەوانە رێك دەخات, ئێمە واجبمان ئەوەیە کە رێکیان بخەین, ئەگەر قانونی مولزەم دەرنەهێنین بۆ رێکخستنیان و مولزەم بێت بۆ هەموو لایەك, کێ رێکیان دەخات, ئەمە هەنگاوی یەکەمی یەك حکومەتی ئەمرۆ دامان نا, کە ئەم دوو برادەرە تەکلیف دەکرێن و کابینەکە لە خیلالی مانگێك دەبێ ئیعلان بکرێت, دووەم لەو قانوونەدا هاتووە لیژنەیەك پێك دێت لە وەزارەتی ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ کێیە؟ وەزارەتی داد کێیە؟ ئەو وەزارەتانە تێکەڵن, سەرۆکی حکومەتە, جێگری سەرۆکی حکومەتە, هەردوو حکومەتەکەن و هەردوو ئیدارەکەن, لەبەر ئەوە ئەو قانونە هەردووکیان جێ بەجێی دەکەن , من ئەندامی مەکتەبی سیاسی لایەکم هیچ شتێکم نەبیستووە کە پێیان وابێت ئەو قانونە دەرنەچێت, یانی خەڵك واتێبگات, هەریەکە بۆچوونی ئازادە کاك عوسمان قسە دەکات, من قسە دەکەم رەئیی خۆیەتی و تێگەیشتنی خۆیەتی لەو فورسەتەدا دەبێت وابکرێت, کاکە حەمە قسەی کرد حزبێکی تریشە, ئەمە بۆچوونێکە, تێگەیشتنێکە جێگای رێزە, هەندێك پێیان وایە دوابخرێت پاش ئەوەی کابینەکە ئیعلان بکرێت و قوەتی زیاتر بێت, مەنتیقی هەیە ئەوە, بەڵام قەرارێك نییە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی یان مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو بڵێت زوو دەریبکەن, ئەو بڵێت درەنگ دەریبخەن, رەئیی هەیە لە هەردوو لا دەڵێ پەلەی لێ بکەن, رەئیی هەیە لە هەردوو لا دەڵێ لەسەر خۆ بن, من شەخصی پێم وایە رێزی هەیە با جارێ گوێ لە قسەکانی ترتان بگرین, ئەگەر رەئیی زۆرینە ئەوەبوو کە دوای بخەین دوای دەخەین, بەڵام پێم وایە ئەو ئەسبابانەی تا ئێستا تەقدیم دەکرێن مەنتیقی هەیە, بەڵێ قوەتیشی هەیە, بەڵام ئێمە دواکەوتووین, سێ چوار مانگە لە بەغدا ئیقرار کراوە ئەو قانونە و ئیشی پێ دەکرێ, خۆ جارێ لە بەغدا نەجەیشی عێراقی هەیە ونە پۆلیس هەیە, ئەو ئیتیهامی ئەو دەکات, ئەو دەڵێ میلیشیاتی فلان وای لێ کردم, ئەوانەش نییە, بەڵام قانونەکە دەرچووە و کاری پێ دەکەن, ئەو قانونە دەبێتە هۆی ئەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی ئیتیحادی زووتر بەکاربێت, قانونێکیان هەیە رەفتار دەکەن کێ دەبێتە وەزارەتی ناوخۆ و کێ دەبێتە وەزارەتی بەرگری, دەبێ بەپێی ئەو قانونەی کە لەلایەن جەمعیەی وەتەنییەوە ئیقرار کراوە رووبەرووی ئیرهاب بێتەوە, ئێمە کێ ئەو حکومەتە بووین, یەك حکومەتێك کە هەتا ئەو ماوەیەی ئەگەر ئێمە ئیقرارمان کرد, حکومەتەکە دواکەوت, لەو ماوەیە هەرچی قەرارێك بەرامبەر ئەو تیرۆرە بدرێت لە سلێمانی بێت یان لە هەولێر دەبێ رەفتاری ئەو قەرارە بکات کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت و تەشریع دەکرێت و ئیقرار دەکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە. فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره زۆر باسمان له تیرۆر کرد, پێشتریش له کۆبوونەوەکانی رابردووشدا دوو مانگ لەمەوبەر باس لەوە کرا کە تیرۆر چ کاریگەریەکی خستۆتە سەر ژیانی خەڵك و چ مەترسییەکی خستۆتە سەر ژیانی خەڵك, بۆیە پێش ئەوەی کە تیرۆر رەگی دابکوتێت, بەرەنگاربوونەوە و ریشەکێش کردنی ئەرکێکی هەموو لایەکە, پەرلەمانیش لەپێش هەموویانەوە یاسایەکی بۆ دەربکات بە مەبەستی ریشەکێش کردنی و بنبڕکردنی تیرۆر یان بەرەنگاربوونەوەی, من پێم وایە دەکرێ بووترێت لێی زیاتر ووردبینەوە, بەڵام دواکەوتنی بە قازانج نازانم, زیاتر لێ ووردبوونەوەی بە قازانج دەزانم چەند جەلسەیەکی بۆ دابنێین باشترە لەوەی کە بڵێین دوای بخەین و بۆ ماوەیەکی تر لێ ووردبوونەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەم و کوڕیانەی کە هەنە چارەسەر بکرێت, لە تەعریفەکەشدا من دوو سەرنجم هەیە لەسەری کاری تیرۆر و ئەنجامدانی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, ئەو بزوێنە رستەکە لێرە لەنگ دەکات لەرووی زمانەوە, رێکخراوە بە عەرەبیەکەی (منظم) یان هەڕەشە پێکردنی یان هاندانی بۆی کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات, ئەو (ی)و (ت)یەی کە پاشگریەتی زیاتر ماناکەی لەنگ دەکات, لەجیاتی بەمەبەستی بۆ تۆقاندن ترس و ئەو دادو فیغانە هیچ مانایەکی نادات, مانایەکی ئەوتۆ نادات کە بڵێین یان نەمێنێت ئەو داد و فیغانە یان هەراسان کردنە لە جێگەی دادو فیغان, بەڵام هیچ مانایەکی نادات وەکو هاوتایەکی لاببدرێت, ئاژاوە نان لەناو جەماوەردا ئەو مەبەستەش لەجیاتی مەبەستی بۆ تۆقاندن, ئیتر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو تەعدیلە زیاتر بە تەعدیلی شەکلی دەزانم, تەعدیلی سیاسی نییە, هەر جەریمەیەکی عادی ئەگەر رەبت بکرێ بە مەسەلەیەکی سیاسی ئەبێتە تیرۆر, ئەگینا هەر جەریمەیەك سیاسەتی لێ دوور خرایەوە دەبێتە جەریمەیەکی عادی, ئەمە تەعریفێکی سیاسی نییە, هەندێ حاڵەتی عقوبەدان ئەمە لە قانونی عقوباتی عێراقیدا هەیە, دائیمەن مەسەلەی تیرۆر بۆ مەسەلەی ئیبتیزازی سیاسی تەقویزی نیزامی سیاسی بۆ ئەوانە دێت, تەعریفێك لە لایەك هەیە جیاواز بێت, تەعریفێك لە ئیدارەی تر جیاواز بێت, بەڵام لە هەمووواندا بە گشتی ئەگەر لە نێوان غەرب و ئێرە ئەگەر تەعریفێکی موەحەد نەبێ بۆ تیرۆر ئەوە مەسەلەیەکی سیاسی, ئەگینا تیرۆر بە مانای سیاسی دێت, کەسبی سیاسی و تەقویزی سیاسی و بەحسی سیاسی بەرامبەر بە کەسان بەو مانایە دێت, لە وڵاتی ئێمەشدا ئێستا ئێمە لە مەرحەلەی رزگاری نیشتمانیداین, هەندێك ئیستیحقاقات کەلەسەر شانی دەسەڵات هەیە بەرامبەر بە هاووڵاتیان, لە بنیادی موجتەمەعی ئێمەدا صەحافەی حور, دەزگای موەحەد, لەم وڵاتەی ئێمەدا تا ئێستا تەمییزێك نییە, دوو وەزارەی عەدلمان هەیە, زۆر شت لەمانە کە ئیستیحقاقاتە لەسەر شان ئەمە زەمینەی ئیرهابی دەوڵەت دێنێتە ئاراوە, من پێم وایە ئەمە لەسەر هاووڵاتی نەکەین چیت کرد وات لێ دەکەین و وادەکەین, ئەبێ رەدعێکیش بۆ ئیرهابی دەوڵەتیش دابنێین, وابەستەبوون, دەستگرتن بە سوڵتەوە, تەسك کردنەوەی بواری دیموکراتی, ئا ئەمانەش حاڵەتی منع تەوازن ئەداتە قانونەکە, شەکێك و وەزنێکی سیاسی دەداتێ, من پێم وایە زۆر بایەخ نەدرێتە لایەنە قەواعیدیەکەی, حەرفێك زیادە یان نا, وەزنی قانونەکە چۆنە و چۆن نییە, با هاووڵاتی باجی لەسەر دابنێت, زیان گەیاندن بە ژینگە ئەگەر تەعریفی سیاسی تەخریبی نەدرێتێ ئەبێ نەورۆزیشمان لێ مەنع بکرێت, لەبەر ئەوە تەخریب ئەگەر رەبت کرا بە مەسەلەی سیاسی ئەو کاتە ئەبێتە تیرۆر, سوپاس.

**بەڕێز سارا فقی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یانی چارەسەر یان رووبەرووی تیرۆر ببینەوە, من پێم وایە چارەسەر کردنی تیرۆر راستە زەرووره کە بەیاسا بەرەنگاری بکەین, بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە چ لەسەر پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکانیش تەنها وەك رووی بەرەنگاربوونەوەکە بنوێنین بۆ تیرۆر, کە ئەویش تەنها بە یاسایە کە چارەسەری ئەو مەسەلەی بکەین لە کوردستان, با ئەو هۆکارانەش گرنگی پێ بدەین کە بوونەتە هۆی ئەوەی تیرۆر بەربڵاو بێت یاخود بێتە کوردستانەوە, یان ئەو هۆکارانە چین کە وا لە گەنجێکی کورد دەکەن ببێ بە تیرۆریست, یانی حەقە ئەو لایەنانە هێندە و چەند سەرقاڵن کە بەیاسا چارەسەری بکەین با بە

لایەنەکەی تریشەوە گرنگی پێ بدەین و هەوڵی جدی بدرێ بۆ ئەوەی کە ئەو دیاردەیە کە کۆمەڵایەتیشە کاری بۆ بکرێت, ئەوە تێبینیەك, دوو پرسیاریشم هەیە, یەکێکیان ئەوەیە ئایا ئێمە کە دەڵێین یاسای تیرۆر وەکو هەندێك دەڵێن مادام یاسای سزادان هەیە کە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە ئیشارەتی پێدراوە, ئایا ناکرێ لە داهاتوودا یاخود دوای نووسینەوەی دەستوور کە یاسای نوێ دادەرێژرێ بۆ سزادان, ناکرێ ئەو یاسایەش گۆڕانکاری تێدا بکرێت, بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سەردەم و ئەو بارودۆخەی ئێستادا بگونجێ کە مەسەلەی تیرۆر هاتۆتە پێشی, یاسای سزادان کە هەیە یاسای سزادانی عێراقی بڵێین کوردستان کە لە داهاتوودا دەنووسرێتەوە, ناکرێ گۆڕانکاری بکرێ لەو یاسایە, یانی لەگەڵ ئەو سەردەمەی ئێستادا بگونجێ؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە ئایا تیرۆری ژنان دەکەوێتە کوێی ئەو یاسایە؟ بەو شێوە دڕندانەیە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکرێ, کە ئەنجام دەدرێ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و دڕندانە بەرامبەر بە ژنان دەکەوێتە کوێی ئەو یاسایە؟ یەك روونکردنەوەشم هەبوو لەسەر ئەوەی کە نازناز خان ئاماژەی پێدا, مەسەلەی کوێرانەیە, پێم وایە لەرووی ڕێزمانەوە ئەو مەسەلەیە ئەگەر مەجال هەبێ روونکردنەوەیەك بدەم, دەڵێ ئەگەر یەکێك کە گرووپێك دەکاتە ئامانج یان کوێرانە ئەنجامی دەدات, وابزانم لێرە مەبەست ئەوەیە جاری وا هەیە راستە گرووپە تیرۆریستە رێکخراوەکە, بڕیار دەدات کارێکی تیرۆریستی بکات, لەوانەیە ئەو رێکخراوە مەبەستی بێت کە کەسێکی موعەیەن تیرۆر بکات, لەوانەیە مەبەستی بێت کۆمەڵە خەڵکێك تیرۆر بکات, لەوانەشە هەر مەبەستی بێت تەقینەوەکە ئەنجام بدات, ئینجا کێ بەبەر دەکەوێت گرنگ نییە, گرنگ ئەوەیە شێواندنێك بکات, وابزانم ئەو کوێرانە بەو مانایە دێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا دوو سێ نوقتەی ئیسارە کرد, بەنسبەت چارەسەرکردنی تیرۆر بەراستی ئێمە لیژنەیەکی وەتەنیمان دروست کردووە لەناو یاسایەکە و مادەیەکی تایبەتی هەیە, ئەو لیژنەیە ئەو کارەی هەیە و ئەو کارەمان لەیاساوە پێداوە, بەنسبەت جێگای ئافرەت لە یاساکە, بەحەقیقەت ئەگەر ئافرەت تیرۆریست بێت یاساکە ئیعتیادی دەیگرێتەوە, ئەوە بە تەفصیل لە یاسای سزای عێراقی هاتووە ئەوەی ئەو تەفصیلاتەی داوە, لە مادده (406) زۆر بە روونی ئەو مەسەلەی چارەسەر کردووە, بەنسبەت هەموار کردنی یاسا زۆر ئیعتیادیە, ئێستا لێرە لە لیژنەی قانونی موقتەرەحێك هەیە کە ئەو یاسایە نافیزی مەفعول بێت بۆ ماوەی چوار ساڵ, نەك مەسەلەی تەعدیلات و ئەو شتانە و لەزیمنی ئەو چوار ساڵەش ئیمکان هەیە تەعدیلات لە زیمنی ئەو قانونە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەر مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەو خاڵەی کە باسی کرد, مەسئولیەتی کێیە, هەر ئێمەیە, لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئایینی و هەموو لایەك دەگرێتەوە, ئەگەر لەو کۆنفراسەی کە کرا بۆ دژایەتی تیرۆر ئەو مەوزووعە زۆر باس کراوە, ئەو دیکۆمێنتەی کە بڵاویان کردۆتەوە لە کۆنفراسەکە, مەسئولیەتی رووبەرووبوونەوەی تیرۆر دەخاتە سەر هەموو کۆمەڵگا, لە پێش هەموویانەوە پەروەردە, رۆشنبیری, وەزارەتی داد, وەزارەتی ناوخۆ, پەرلەمان, ئەوەی عایدی پەرلەمانە قانونە, لەرووی قانونەوە ئێمە چۆن رووبەرووی تیرۆر دەبینەوە؟ بەڵام واجبی وەزارەتی پەروەردەشە, واجبی زانایانی ئایینیە, واجبی حزبە ئیسلامیەکانە, واجبی وەزارەتی دادە, واجبی هەموو حزبەکانی ترە کە رۆشنبیری بڵاو بکەنەوە و دادپەروەری لە کۆمەڵگە هەبێت, رۆشنبیری هەبێت, دەست نیشان بکرێت کە تیرۆر چەند دژی مرۆڤە, چەند دژی خۆیەتی, ئەو کەسەی کە تێی نەگەیشتووە, لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین لە جیاتی هەموویان لە قانوندا ئاماژە بەو شتانە بکەین, بەڵام ئەوانیش هەر یەك لەدڵی خۆیەوە, هەریەکە لە مەوقیعی خۆیەوە دەبێ بەو مەسئولیەتەوە هەڵبستێت.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەکو باس لە دیاردەیەکی مێژوویی گەورە دەکەین, من لەگەڵ کاك دیلمانم باسی ئەوەی کرد دیاردەی تیرۆر دیاردەیەکی نوێ نییە, دیاردەیەکی مێژووییە, بەبیروبۆچوونی من ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە موڵکداریەتی تایبەتی وهۆیەکانی بەرهەمهێنان هاتۆتە ئاراوە, هۆکارێکی زۆر زۆر هەیە کە تیرۆری دروست کردووە, ئەم تیرۆرە گەشەی کردووە بە جۆرەها شێوە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا, بە جۆرەها شێوە خۆی نیشان دەدات, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی ترەوە دانوستاندن و باسکردنەکانی ئێمە بۆ تیرۆر بە داخەوە ئەوە نیشان دەدات کە تاکو ئێستا ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان تێڕوانینێکی ئاشکراو دیارمان نییە بۆ تیرۆر و بۆ ئەو دیاردانەو ئەو شتانەی کەباسی دەکەین, هەر بۆیە هەندێك گیروگرفت و هەندێك موناقەشەی زیادە ئەکەین هەندێ جار, داوای لێ بوردن دەکەم بۆ ئەو وشانەی کە بەکاردەهێنم دەربارەی ئەو یاسایانەی کە دەریدەکەین, هەندێك جار ئەبێتە هۆی کات بە فیڕۆ بردن, بۆیە من ئەوە دەخەمەوە یادی بەڕێزتان کە کاتی خۆی مەسەلەیەك هەبوو کە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا بچینەوە, ئەگەر ئێمە ئەوەمان بکردبا, بەراستی هەندێك چاکسازیمان بکردبایە لە پەیڕەوی ناوخۆکە, بۆ نموونە یاخود کۆمەڵێك سمینارمان بگێڕیبایە بۆ خۆمان, بۆ ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە دیاردەی تیرۆر بەو مەسەلانەی کە موناقەشەی دەکەین, پێم وابێ ئەنجامەکەی باشتر دەبوو لە ئێستا, بەهەرحاڵ بێمە سەر کرۆکی مەسەلەکە, من پێم وابێ ئێمە ناتوانین ئەگەر بێتوو پێناسەی دیاردەی تیرۆر نەکەین, ناتوانین کاری تیرۆریستی پێناسە بکەین, بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە تیرۆر پێناسە بکرێت, بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر جەنابتان ڕێگەم بدەن من پێناسەی خۆمم هەیە بەراستی هەندێ موساهەمە و هەندێ شتم نووسیوە, هەندێ کۆڕو سمینارم کردووە لەو بابەتە, بۆیە حەق بە خۆم دەدەم قسە بکەن, ئەگەر جەنابت ڕێگەم پێ بدەیت ئەو پێناسەیەی خۆم دەخوێنمەوە, (تیرۆر بریتییە لە بەرکارهێنان یان هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی بەشێوەیەکی سیستیماتیکی لەلایەن کەسێکەوە یان گروپێکەوە, بۆ لەکارخستنی و لەناوبردنی نەیاران یان تێکدانی هێمنی لە پێناو بەدەست هێنانی مەبەستێکی سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی, هتد.. بەمەرجێك ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی وئاسایشی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا) بەعەرەبیش بۆتان دەخوێنمەوە ( الارهاب عبارة عن استعمال او محاولة استعمال العنف بصورة منظمة من قبل شخص او مجموعة من الاشخاص لهدف تهويش او القضاء على المنافسين او خلق بلبلة حالة عدم استقرار لاغراض سياسية, اجتماعية الخ بشرط ان تؤدي الى الاخلال بالامن والاستقرار العام في اقليم كوردستان العراق ) بە بیروبۆچوونی من ئەم پێناسەیە لەلایەك ئەو کێشەیە کە کاك جمال خستیە ڕوو, دیسان کاك محمد تەئکیدی کردە سەر کە ئەمە لەلایەن دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزکاریخوازی گەلی کوردستانەوە بە کاردەهێنرێت, ئێمە دەتوانین بە پێی ئەمە چونکە ئێمە باسی هەرێمی کوردستان دەکەین, یانی ئەوەی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا دەکرێ تیرۆر نییە, بۆیە ئەمە هەم لەو لایەنەوە ئیستیفادەی لێ دەکەین, هەم ئەتوانین شتەکان ئاسانتر بکەین, بۆیە من پێم وابێت لەو ڕووەوە ئەتوانین شتێك بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام من لەجیاتی لیژنەی قانون شتێك دەڵێم, پێم وایە فەرقێك هەیە ئەگەرچی پێناسەکەی جوانە, جەنابت ڕاستت فەرموو, بەڵام ئەوان ئیرهابیان پێناسە نەکرد, کاری ئیرهابیان پێناسە کرد, ئەو فەرقە هەیە وابزانم لە مەسەلەکە, خاتوو خەمان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئییدی دکتۆر دلێر دەکەم کاتێك دەڵێ ئێمە لەناو خۆشمان ئەندامانی پەرلەمان بیروبۆچوون و تێبینی و هەندێ جار ڕەنگە ڕەئیی سەیر و نادروستیشمان هەبێت, من لە خوێندنەوەی یەکەمی یاسای تیرۆر و بەداخەوە ئەمجارەش لە خوێندنەوەی دووەمی ئەم پرۆژەی یاسایەی کە دانراوە هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکەم, ئەویش ئەوەیە ئەوەندە پەلە پەلی داڕشتن لەو پرۆژەی یاسایە کراوە, یان ئەم پەلە پەلیەی ئێستاکە ئەمانەوێ بە سەریعی بڕوات و بەتایبەتی کاتێك کە ماددەکان دەخوێنینەوە هەست دەکەم ترسێك لای من دروست دەکات بشمبوورن, بەڵام ترسێك لای من دروست دەکات لەو عەقڵیەتی کە ئەم خەڵکانەی کە ئەم ماددەیان داناوە, چونکە ئەوەندەی ڕەد فعلێکە بەرامبەر بە کارێکی

نادروستی نائینسانی که لەلایەن خەڵکانێکی تیرۆریستانەوە ئەکرێ, ئەوەندە کارێکی نایاسایی نییە, ئەوەندە بیروڕای خەڵکێکی یاسایی و هێمن دایان نەڕشتووە, لەبەر ئەوە من دیسان پێم وایە ئەم یاسایە ناکرێ ئەم پەلە پەلیەی لێ بکرێت و بەراستی ئەبێ زۆر دانیشتنی تری بۆ بکرێت و ئەبێ تێبینی زۆرتری لەسەر بکرێت, ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە ئێمە دائیمەن دەڵێین ئەم یاسایانە جارێ دووبارە کردنەوەی یاساکانی قانونی عقوباتە, ئەمانە موعالەجە دەکرێن, خۆی یاسای عقوبات لە ساڵی 1969 دانراوە, یاسایێکە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە, مەعقول نییە ئێمە ئێستا یاسایەکی تر بێنینەوە بەناوی یاسای تیرۆر کە تەشدیدتر و پێشێلکارتر بێت لە یاسای سزادانی 1969 بڵێین ئەوە بەناوی بنبڕکردنی تیرۆرە بۆ مافەکانی مرۆڤ یان پێشێلکاری جارنامەی مافی مرۆڤیش بکەین, لەبەر ئەوە ئەبێ بەراستی پەلەی لێ نەکرێت و دیراسە و دانیشتنی زۆرتری لەسەر بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پەلەی لێ بکرێت و پەلەی لێ نەکرێت ئەوە مەسەلەیەکە, بەڵام نوقتەیەکی تر هەیە لە پاڵ ئەوەدا حەز دەکەم عەرزتان بکەم, ئەویش ئەوەیە مەوزووع پەلە کردن و پەلە نەکردن نییە, دیاردەی تیرۆر دیاردەیەکە سەرتاسەری دنیای گرتۆتەوە, هەموو ئەو وڵاتانەی کە رووبەڕووی تیرۆر بوونەتەوە چ وڵاتە ئیسلامیەکان و چ وڵاتە ئەوروپییەکان و چ ئەمریکا قانونی عقوباتیان هەیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێدا دەچنەوەو لەدوای ئەوەدا دەگەڕێن پێناسەی ئیرهاب بکەن, قانونێك بۆ ئیرهاب دابنێن, پێش چەند رۆژێك بەریتانیا قانونێکی دەرهێنا و پەلەشی لێکرد و بە ئەکسەریەتیش وەرگیرا, زۆریش موناقەشەی لەسەر کرا, چونکە ناتوانن راوەستن, بەرامبەر کاری ئیرهابی ناتوانن راوەستن وەڵڵا پێداویستی هەیە و رای لیژنەی قانونی وەردەگیرێ لەپەرلەماندا کە ئیقرار کرا دەبڕێتەوە, لەبەر ئەوە مەوزووعەکە وەك پەلەشی لێ نەکراوە, وانەبێ دوێنێ هێنابێتمان ئەوە نزیکەی دوومانگە, دوو مانگە خوێندنەوەی یەکەم کراوە, لە دوو مانگدا هیچ قانونێك نییە ماوەی دوو مانگیشی بدەیتێ و پەلەش بێت, لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی مافی مرۆڤ داوای کرد کە تەئخیر بکرێ و تاخیرمان کرد, کۆنفراسمان بەست بە کاملی, و پشتگیری لە ناو پەرلەماندا گوێمان لە هەموو بۆچوونەکانی رێکخراوەکان بوو کە موهتەمن بە مافی مرۆڤ, کۆنفراسی دژە تیرۆر کە کرا لەسەر وانیش هەر راوەستاین, لیژنەی قانونی داوای ماوەیەکی تری کردبوو پێم وایە ماوەمان دان, لیژنەی ناوخۆ ئەوانیش دیراسەتیان کرد پەلەی لێ نەکرا, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دوو ئەندامی بەڕێز ماون قسە بکەن, فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی مولاحەزەکانم وترا بەتایبەتی منیش لەگەڵ تەئجیل کردنی بووم, بەڵام کە هەر موناقەشەیەك دەکەین من لەگەڵ مانەوەی پێناسەی تیرۆرم, بەڵام بە عام پرۆژەکە ئەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی تەرجەمەکەی خراپە, زۆر لاوازە بەتایبەتی پێناسەکە, زۆربەی ئەندامانیش لەسەر پێناسەکە کە هەندێك (ی) لابەرە و بزوێن لابەرە, یانی ئەگەر بکرێ پێناسەکە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی مەفهومتر بێت, سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیرهاب موستەلەحێکە لە موستەلەحاتی قانونی جەزائی, لیژنەی یاساییش هەر بەو زاویەیە سەیری کردووە, هۆکارێکە لە هۆکارەکانی فشار بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دیاریکراو, من زۆر تەئییدی ئەوە دەکەم فعلەن نەقصێك لە تەعریف هەیە و زۆر لە قەوامیس و مەعاجم دیاریکراوە قانونی سیلاریوس موعجەمی موستەلەحاتی فیقهی و قانونی و موعجەمی موستەلەحاتی علومی ئیجتیماعی, قاموسی سیاسی, مەوسوعەی عەرەبی عالەمی, مەوسوعەی سیاسە, ئەمانە هەموو باسی عونصرێك دەکەن لە تەعریف کە خوشکە چنارو کاك بارزان ئیشارەتیان پێکرد, یانی نە تەنفیزن لە مەشروعی ئیجرامی, خۆی فیعلەکە فیعلێکی ئیجرامییە, بەڵام (وصولا الى تحقيق اهداف و غايات معينه ... سیاسییە

ئایدۆلۆجییه, ماددییه یەعنی مەکاسبی ماددیه, ئیشارەت بە غەرەز هەتا لە تەعریف باسی غەرەزی سیاسی کە عونسرێکی موهیمه بۆ ئیرهاب یان ئایدۆلۆجی, یەعنی موهیم غەرزێکی تره غەیری ئیرهابی و, ئەوە ئیزافە بکرێت بۆ تەعریف زۆر باشە, شتێکی تر لەو مەعاجم قەوامیسانەم دیت, زۆر ئیشارەتی بەوەی داوە کە استعمال عنف غیر قانونی, یعنی ئیزافەی قەیدی غەیری قانونی تا مەوزوعی تەحریر, مەوزوعی مقاوەمە ئەم شتانە نەچێتە ژێری, ئەم دوو قەیدە باشە ئیزافەی بکرێت, یەعنی لە جیاتی بڵێین یجری الیه الجانی لمشروع الاجرامی, ئەڵێین(وصولاً الى تحقيق الاهداف او الغايات السياسية او ايدولوجية), یان هەر شتێکی تر تەواو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئەو تەعریفەمان پێشکەش کردیه, بە ئیجماعی لیژنەی قانونی بووە, هیچ ڕەئییەکی موخالیف نەبووە بیمام فیهم کاك خلیل کە لەگەڵمان بووە, ئەوە یەك, دوو بە قەناعەتی من ئەو قانونە یەکەمین یاسایە دوای پەسەند کردنی دەستووری عێراق کە تابعی جەزائی هەیە, لە هەرێمی کوردستان, موناقەشە دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت, باشە ئێمە هەر چاوەڕێ بکەین لە بەغداوە یاسامان بۆ بێتن و ئەوی تەتبیق بکەین, یان خۆمان وەکو هەرێم تایبەتمەندییەك بپارێزین ئەو جۆرە یاسایانە بە زووترین کات لە پەرلەمان پەسەندی بکەین, ئەمە خاڵێك خاڵێکی تریش هەیە, ئەگەر ئەمە لە خۆمانەوە ئەو بڕگانەمان نەهێنایە حەزدەکەم ئەو بزانن, یەعنی لەوانەی صیاغەکەش لە هەندێك ئێمە بەشدارمان کردبێ, هەمووی لەمەصادر وەرمان گرتیە, ڕاستە ئێمە جانبی جەزائی و عیقابیەکەمان بە نەزەر ئیعتیبار وەرگرتیە, ئەوە لەگەڵە, من لە بیدایەت ئیشارەتم بەوەدا کە ئێمە خۆمان دوور خستۆتەوە لە تەعریفی ئیرهاب, ئەو مولاحەزاتانەی ئەو برایانە کە مولاحەزەی لەسەر دەدەن, زۆربەی دەچێتە سەر تەعریفە ئەصلیەکە کە ئیرهابە, کە ئێمە خۆمان لەو تەعریفە لاداوە, بەنیسبەت بنەماکانی ئەوەی مافی مرۆڤ, ئێمە ماددەیەکی صەریحمان پێشنیار کردیە, ئەگەر ڕاپۆرتەکە مولاحەزە بکەن, کە پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکرێت لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە, هەرچەندە ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی دەستوورییە, بەڵام وتمان با قسەو قسەلۆکی لەسەر نەکرێت, ئەگەر بێتە ناو قانونەکەش وابزانم هیچ زەرەرێکی نییە, لەلایەکی تریشەوە, بە حەقیقەت ئێمە حەق نییە فەراغێکی وا دروست بکەین, یاسایەك پیادە بکرێت کە عقوبەکەی لەسەر تیرۆرستان خەفیفە, چەند تەئجیلی ئەو پڕۆژەیە بکرێت بە قەناعەتی ئێمە ئەوەندە ماوە دەدەین کە ئەو تیرۆرستە عقوبەی خەفیف وەربگرێت, نەك بکەوتە ژێرباڵی ئەو یاسایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك بکر, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە زۆر باسی ئەوەیان کرد, تەبعەن بە نیسبەت تەئجیل کردنی ئەو ماددەیە, ئەویش ئەسبابی موجەبی هەیە, بۆ بەردەوام بوون و تەصویت کردنی ئەسبابی موجەبی هەیە, هەریەکە ئەسبابی خۆی هەیە, پێم وایە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, پێویستە ئێمە کە قانونێك دادەڕێژین, هیچ کەلەبەری تێدا نەبێت, هیچ درزێکی تێدا نەبێت, ئەوەتا لەسەر تەعریفەکەی موناقەشاتی زۆر هەیە, نابێ ئێمە بەو نەفەسە قسە بکەین کە ئەمڕۆ جێبەجێی دەکەین و, نابێ بەو نەفەسەش قسە بکەین کە تەئجیلی دەکەین, ئێمە هەموومان دووچاری ئافەی ئیرهاب بووینەتەوە و, ئیرهاب تازە نییە, ڕەنگە لەو ماوەی دواییە زەحتەکەی کەمتریش بوویتەوە لەساڵانی رابردوو, تەئجیل کردنی یان موناقەشە کردن لەسەری, من پێت دەڵێم موناقەشەکردن لەسەری زۆری دەوێت و, پێویستە ئێمە زۆر بە وردی قسەی لەسەر بکەین, جا یەکێك لەو شتانەی کە من خوێندوومەوە, مەسەلەن بۆ ڕێگرتن برادەرێکی تریش باسی

کرد, وابزانم ئیرهابی دەوڵەت هیچی تیادا نییە, ئیرهاب هەر ئیرهابە, مەفروزە ئێمە لە قانونەکەماندا هیچ ڕێگا بەوە نەدەین کە ئیرهابی دەوڵەت, لەناو ئیدارەی ئێمەدا هەبێت, جگە لەوەی دەبێت ئەو قانونەی کە دەری دەکەن, ئەسەری رەجعی نەبێت, ئێمە بەداخەوە بە فەترەیەکدا تێپەڕ بووین, کە رەنگە رووبارێکی خوێن هەبووە لە کوردستانی ئێمەدا, کۆمەڵێك جەریمەی کردووە, جەریمەکە ئیتر بۆی دروست کراوە, یان کردوویەتی نازانین, ئەوانە لەوانەیە جارێکی تر بێتەوە ئەگەر لە قانونەکە جێگەی بۆ نەکەیتەوە, نابێ ئەو قانونەی کە دەری دەکەین لە موستەقبەلدا ئەسری رەجعی هەبێت, یەکێکی تر بێنین بەو توهمەتە موحاکەمەی بکەین, لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەمە موناقەشەیەکی زۆری دەوێت و, پەلەی تێدا نەکەین, وا نەکەین کە شتێکی وا بکەین کاڵ وکرچ بێت و زەرەری بۆ هەندێ هەبێت, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەسەری رەجعی, قانون ئەسەری رەجعی نییە, بە پێی بنەمایەکی دەستووری, نەك بە پێی بنەمایەکی قانونی, ئەوە مەفروغ منە, بەنیسبەت تەئجیل کردنەوەی, ئێمە وەکو لیژنەی یاسا مافێکی سروشتی خۆمانە لێرە لەگەڵ ئەوە بین کە موناقەشە بکرێت, جەنابیشت مافێکی سروشتی خۆتە کە بڵێی تەئجیل بکرێت یان موناقەشە بکرێت, بۆیە ئەوەی من وتوومە تەمسیلی لیژنەی قانونی دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێم وایە یاسا بۆ هەر مەسەلەیەك چوارچێوە و مەرجەعی ئەساسی ئەو شتەیە, یەعنی ئێستا ئێمە کە یاسایەك بۆ تیرۆر دادەنێین, ئەمە دەبێتە مەرجع, دەبێتە چوارچێوە بۆ هەموو موعالەجەتەکانی تر, یەعنی موعالەجەی تیرۆر بەلای کەمەوە پێویستی ماوە هەم لە رووی سیاسیەوە, هەم لەڕووی ئەمن و, هەم لەڕووی پەروەردەوە, هەم لەڕووی رۆشنبیرییەوە, هەم لەڕووی دینییەوە, لەڕووی فیکرییەوە, زۆر روو هەیە دەبێت موعالەجە بکرێت, بەڵام دانانی یاساکە مەرجەعە بۆ هەمووی, چوارچێوەیە بۆ هەمووی, هەمووی ئەو موعالەجەتانە دەبێت لەو چوارچێوەیانەوە بێت, لەبەر ئەوەی ئەمە تا مەحەکم ترو توکمەتر بێت, زۆر بە قوەت ترە, من ئەوەی کە دەیبینم لێرە, لەو وشانەی کە هەمیشە بۆ تەعریف کراوە, دووشت هەیە جیایە, فیعل ئاسەوارەکانی ئەو فیعلە لەگەڵ مەبەستەکە, ئیرهاب هەمیشە فعلەکەی لە جێگایەك دەکات, مەبەستەکەی ئاراستەی جێگایەکی تر دەکات, یەعنی خوێنێك, کاوڵ کارییەك لە شوێنێکدا دروست دەکات, بۆ ئەوەی فشار لەسەر دەسەڵات یان کیانێك دروست بکات بۆ دوو مەبەست, یان کارێکی هەیە, دەیەوێت پێی بکات, یان مەسەلەیەك هەیە دەیەوێت ئەو دەسەڵاتە خۆی لێ بوێرێ, ئیتر ئەمە دەبێت لە تەعریفەکە ئەم دوو شتە دەبێت دیار بێت, فیعلەکە بۆ موباشیر نییە بۆ بەرامبەرەکە, هەرگیز نایەوێت دیبلۆماتکارێك بکوژێت, مەگەر رێی پێ بکەوێت بڵێت تازە بەرچاوم کەوتووە با بیکوژم, بۆ ؟ چونکە ئەزانێ ئەمە رێگەی دیار نییە, بەڵام لە شوێنێکدا مەساحەیەکی خوێناوی دەکات, ئەوە کاریگەری زیاتر دروست دەکات, لەسەر دەسەڵاتەکان نەك نەفەرێك بکوژێ, ئەمە دووشتی جیاوازن, فیعلێك لە جێگایەك روودەدات, زەحایەکان قوربانین, تەعریفی ئیرهاب هەمیشە ئیعتیماد لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە دیاریمان نەکردووە, دەبێت ئێمە بڵێین زەحایەکانی ئەو کردەوە خراپە دزێوە, خەڵکانی بێ تاوانن, بەڵام بە ئامانجێکی سیاسی یان بە ئامانجێکی تر کە دیاری دەکات, حەزم لێیە ئەوەش بڵێم هەر بۆ رۆشنکردنەوە نەك بۆ شتی تر, تاریخی دەست پێکردنی ئیرهاب وەکو جەریمەیەکی مونەزەم تەئریخەکەی بزەبت لە 1793/3/10 لە جمهوریەتی یەکەمی فەرەنسا دروست بووە, رۆبسبێر کە سەرۆکایەتی ئەو ئینقیلابە مەدەنیەی کرد لە فەرەنسا لەسەر پاشایەتیدا ئەو و رەفیقەکانی دایتۆن و ماراتا و, باکوۆنیك و کۆمەڵێك لەوانە کە هەستیان کرد کە مەترسییەکە بەرامبەر بە دەسەلاتەکەیان هەیە, هەستان جەیشێکیان دروست کرد, جەیشێك بۆ ئیرهاب, یەعنی 150 بەس مەدەفەعی هەبوو, ئەو جەیشە, 6000 هەزار ئەندامی هەبوو, مقصەلەیان دانا بۆ سەربڕینی خەڵك, عەمەلی مونەزیم لەگەڵ جەریمە, من پێم وایە لێرە ئێمە ئەوەش جیا بکەینەوە, یەعنی کە ئەڵێین کەسێك بە کارێك هەڵسا ئەوە نابێتە

ئیرهاب, عەمەلی مونەزەم هەمیشە بۆ داڕێژراوە, کۆمەڵێك خەڵك دەیکات, بەڵام تەنفیزەکەی تەنیا کەسێك دەیکات یان دەکەسە, ئەمە نابێتە مەسەلە, ئەصڵ ئەوەیە کە ئەمە شتێکی بەدواوە دێت, ئەگینا ئێستا کابرایەك مەسەلەن هەڵدەستێ دە کەس دەکوژێ زۆر بەگرنگ نایگرین بۆ, چونکە عەمەلێکی فەردییە, جەریمەیە, بەڵام کۆمەڵێك هەڵسن, ئەمە داڕێژن, کە بێگومان کە ئەمە دادەڕێژن بەڕاستی هەمیشە دەستێك لە پشتیەتی, هەمیشە ئیمکانیەتێکی بەهێز لە پشتیەتی, لەبەر ئەوە دەبێت ئیرهاب ئەم دوو شتە جیا بکاتەوە, یەعنی نێوان تاوان و تیرۆر زۆر جیاوازە, نابێت بە کەسێك بڵێین بەوە هەڵدەستێت, نەخێر کەسێك بەوە هەڵبستێت دەبێتە تاوان یەك نەفەرە, بەڵام ئەمە داڕێژراوەو کاری بۆ کراوە دەستێکی گەورە لە پشتیەتی ئیمکانیەتێکی بەوەیە کە لە پشتییەتی, ئێستا دەبینین لە عێراقدا ئەمریکا بەم هەموو توانایەو بەو هەموو تەکنەلۆجیەی بەدەستەوە, ئەمە بە نەفەر دەکرێت, خەڵکی عێراقمان بینی توانای لە کوێ دایە, کەوا بوو یەعنی جیاوازی ئەم دوو شتە بکرێت, ئەوەش کە دەڵێین ئەم یاسایە ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ کراوە, زۆر جوانە کراوە هەندێکی, بەڵام هەموو نا, مەسەلەن بۆ نموونە لە عەهدی دەولی (للحقوق السیاسیە والمدنیە), پرۆتۆکۆلی دووەمی مولحەقی ئەوە ئیعدام کردن مەمنوعە, یەعنی (تحریم الاعدام), ئێمە دەبێت بڵێین بە شتی تر چارەسەری ئەمە بکەین, چارەسەری ئەم مەسەلەیە بە دوو شت دەکرێت:

یەکەم/ ڕێز گرتنێکی جوان لە مافەکانی مرۆڤ.

دووەم/ لە یاسا سەروەری.

چونکە مەبەستی ئەساسی تیرۆر لە ئەسڵدا شکاندنی ئەم دوو بنەمایەیە, لەناو بردنی مافەکانی مرۆڤە, لەناو بردنی یاسا سەروەرییە, دەبێت ئێمە بڵێین ئەم دوو بنەمایە بەقوەت بکەین, تا بتوانین ئەم لایەنانەی ئەوان زەعیف بکەین, بەڵام هەندێ جار لە چارەسەرە ئەمنیەکاندا ئەم دووانە هەردووکیان لاواز دەبن, هەم سەروەری یاسا لاواز دەبێت, هەم بنەماکانی مافی مرۆڤیش دەبن بە ژێرەوە, لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە دواکەوتووین, دەکرێت زۆر جوانتر, زۆر باشتر لە خەڵکانی تر ئەمە تەرتیب بکەین, من وابزانم هەر موناقەشەکە تەبیعەتەکەی وایە درێژ دەبێت, ئێستا ئەوا ئێمە دوو کاتژمێرە دانیشتووین لە تەعریفەکە دەرنەچووین, کە ئەوا دەکرێت چەند ماددەمان ماوە, (17) ماددەمان ماوە, لەبەر ئەوە وەختی بدەینێ بەناوی موناقەشە کردن شتێکی زۆر باشە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا, یەکەم هەروەکو مولاحەزەیەك من ڕەئیم وایە ئیرهاب پێش سەورەی فەرەنسی بوو ڕۆبسبێر و ئەوانە زۆر کۆنترن, لەگەڵ مرۆڤ دروست بووە کاری ئیرهابی هەبووە, بەڵام شێوەکەی ئێستاکە بەو شێوەیە نەبووە.

دووەم/ سەروەری یاسا, وەکو مامۆستا محەمەد فەرەج فەرمووی ڕاست دەکات, سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ ئەساسن, بەڵام نابێت هیچ وەختێك ئەم وشەیە کۆسپ بێت لەبەردەم ئەوەی ئێمە بە یاسا ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بینەوە, بەشێوەیەك وەکو پەرلەمان دەتوانین مافی مرۆڤ بپارێزین, سەروەری یاسا بمێنێت و بچەسپێت, ئەویش ئێمە ئالیەتێکمان هەیە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ئاسایش و ئەمن و ئەوانەیە, ئەگەر ئەو قانونەیان بەشێوەیەك ڕەفتاریان لەگەڵ نەصی قانونەکە نەگونجێت, بۆمان هەیە وەزیرەکە بانگ بکەین, لێرە لەبەردەم پەرلەمان, لەبەردەم میللەت بە شەفافیەت, بە عەلەنیەت ڕووبەڕووی ئەو دیاردانەی بکەینەوە, کە لە لایەن لیژنە جیاجیاکان و پەرلەمان تەقدیم دەکرێتن, لەبەر ئەوە نابێت لەوە بترسێین, ئێمە پەرلەمانین دەسەڵاتی گەلمان هەیە, دەتوانین بچینە وەزارەتەکان, دەتوانین تەحقیق بکەین, ئەوە ئەرکی پەرلەمانە, نەترسێتن, لەبەر ئەوەی خۆمان مەسئوولین و چاودێری بکەین, بزانین ئەو قانونە چۆن جێ بەجێ دەکرێتن, هەر کەم تەرخەمیەك, هەر پێشێل کردنێك, یاخود هەر ئیستیغلالێك لەو قانونەدا بکرێت نوێنەرانی حزبێك, یان دەسەڵاتێك, ئێمە بۆمان هەیە وەزیرە پەیوەندیدارەکە بانگ بکەین و, ڕووبەڕووی بکەینەوەو داوای لێ بکەین تەحقیق بکاتن, ئەگەر کەم تەرخەمی هەبێت لێیان, دوو سێ کەس داواتان نەکرد بوو قسە بکەن, ئێستا داوا دەکەن, ڕاستیەکەی ئێستاکە ئەگەر ئیجازەم بدەن, چونکە موناقەشەکان بە ئیتیجاهێك ڕۆیشتن, لەبەر ئەوە ناچارین ئەو ئیتیجاهە بخەینە بەردەم دەنگدان, ئەویش ئەوەیە دوابخرێت, یان دوا نەخرێت, ئینجا ئەوەی داوا دەکات دوا بخرێت دەبێت ماوەکەی بۆ دیاری بکەین, چونکە بەڕاستی خۆی دواکەوتووە,

لێرەدا پێشنیارێك هەیە ئاڵوگۆڕی رەئیمان كرد لەسەری كە یەكەم كۆبوونەوەی ساڵی 2006ی پەرلەمانی ئاسایی, كە لە سەرەتای مانگی سێدا دەكرێتن, ئەوە بخرێتە بەرنامەی كار, ئەوەی پێی باشە كۆبوونەوەكە تەئجیل بكرێتن بۆ یەكەم كۆبوونەوەی ئاسایی ساڵی 2006 دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, دووبارەی دەكەمەوە تێ نەگەیشتن, لەبەر رۆشنایی موناقەشەكانتان و موداخەلەكانتان لە لایەن زۆربەی زۆری رەئی ئەندامان تەرح كرایەوە, هێشتا جارێ بە پێناسەكەیە موناقەشە كراو, داوا كرا كە دوا بخرێت, دوا خستنەكەی, كاك عوسمان خاڵی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوای ئەوەمان كرد گوتمان تا هەردوو وەزارەتی داد یەك دەگرێتەوە دوای بخەین, نەمانگوت تا مانگێك, چونكە با بیكەینە وەرقەیەكی زەختیش بۆ یەكگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داد, بۆ ئەوەی یاسای بەرەنگاری تیرۆر لە دوای ئەو مەسەلەیە جێ بەجێ بكرێت, چونكە من ئێستا حەز دەكەم ئەمە نەخەیە دەنگدانەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بەس جەنابت وتت دوابخرێت بۆ یەكگرتنەوەی دوو وەزارەتەكە, بەڵام ئەوانەی موداخەلەیان كرد داوای تەئجیلیان كرد و رەبتیان بەوە نەكرد, رەبتیان بەوە كرد زیاتر پێویستی بە تاوتۆكردن هەیە, پێویستی بە موناقەشەی زیاتر هەیە, ئیزافات لەسەر تەعریفەكە بكرێت, لەبەر ئەوە من مولاحەزاتی گشتیم وەرگرت, تەنیا یەك رەئی هەبوو دوابخرێت تاوەكو حكومەتەكە یەكتر دەگرێتەوە, من پێم وانییە رەبتی بەوەوە هەبێت, چونكە ئەمە قەرارێكە كابینەكە دەبێت دابمەزرێت لە ماوەی مانگێك دایە, یەعنی ئەو شكە نابێت بخەینە ناو دڵمانەوە, كە كابینەكە تەواو بووە, هەم بۆتە قەرار, هەم تەسمیە كراوە, ئینشائەڵڵا لە ماوەی مانگێكدا تەواو دەكرێتن, خاڵی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو رەئیەی كاك عوسمانم هەیە, تا ئەو دوو وەزارەتەی داد یەك دەگرنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك د. كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.كمال كركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

بە حەقیقەت ئەو یاسایە چەند رێك و پێك بێت باشترە, بەڵام ژیانی هاووڵاتیانی كوردستان گەلێك لە هەموو شتێك گرنگترە, لە یەكگرتنی ئیدارەش گرنگترە, ئەمڕۆ تیرۆرێك, تاوانێك بكات, ئێمە ناتوانین بەو یاسایە سزای بدەین, چونكە یاساكە دەرنەچووە, بۆیە چەند زووتر بتوانین رێكوپێكتر یاساكە دەربكەین لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان و هەرێمی كوردستان و دژ بە تیرۆر و ئیرهابە, ئیرهاب دیاردەیەكی زۆر كۆنەو, زۆریش موعەقەدە, لەبەر ئەوە یاساكە دەربچێت بەپێی زوروف و بەپێی پێزانین, دەتوانرێت تەعدیل بكرێت و گرنگتر بكرێت, یەعنی ئەمە نەبێتە عەرقەلە, منیش لەگەڵ رەئی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانم بۆ یەكەم دانیشتنی ئاسایی مانگی داهاتوو كە دانیشتنی دەستپێكە پێشنیار بكەن, بەرنامەی كار دابنێن لەناو مانگی سێ كۆتایی پێ بێنین و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. كەمال بۆ موداخەلەكەی, بۆ ئەوەی پێشنیارەكە ببێتە یەك پێشنیار, ئەویش ئەوەیە ئێمە دوای دەخەین بۆ یەكەم خولی ئاسایی ساڵی 2006 كە لە (3/1)ەوە دەست پێ دەكات, تا ئەو وەختی ئێمە بیرو را ئاڵوگۆڕ دەكەین و چالاكتری دەكەین, ئەگەر چ كۆسپێك لەبەردەم نییە دەیخەینە كۆبوونەوەی یەكەم, بزانین كۆسپ و رەئی وا

هەیە لە لایەن هەردوو ئیدارەکەوە, کە دوای بخەین تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ئیعلان دەکرێت, دەتوانین بیخەینە دواتر, جا ئەوەی لەگەڵ تەئجیلە بەو شێوەیەی کە بخرێتە کۆبوونەوەی یەکەمی خولی ئاسایی کە لە مانگی سێەوە دەست پێ دەکات, لەبەر رۆشنایی گفتوگۆ کردن هەموو لایەکانی پەیوەندیدار, ئەگەر بە پێویستمان زانی دەیخەینە کۆبوونەوەی یەکەم, ئەگەر بە پێویستمان زانی دەیخەینە کۆبوونەوەی دواتر, کێ لەگەڵ تەئجیلە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ دژی تەئجیلە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, زۆرینەی دەنگ دواخرا, زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك**

**یەك شەممە رێکەوتی 3\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك

**شەممە رێکەوتی** 2006/3/9

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی 2006/3/9 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی دەستپێکی خولی دووەم، ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-دەقیقەیەك وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

2- رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وتاری کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان پێشکەش دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، رێوڕەسمی کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

بەپێی حوکمەکانی برگە (1,2)ی مادده (54) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراودا، بڕیاردرا دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم شێوەیە بێت:

1-دەقیقەیەك وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

2-رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وتاری کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان پێشکەش دەکات.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان.

خوشك و برایانی خۆشەویست.....

بڕیار وابوو کە بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەشداریی لە کردنەوەی ئەم خولەی پەرلەمان بکات و وتارێك بەو بۆنەیەوە پێشکەش بکات، هەروەها وەك نەریتێکی باو لە کردنەوەی خولەکانی پەرلەماندا ژمارەیەك لە لێپرسراوانی حزب و حکومەتی هەرێمیش ئامادە بن، بەلاّم بەهۆی سەرقاڵیی هەمووﻻیەکیان بە گفتوگۆکانی بەغدا و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پێداویستی بارودۆخەکە وایکرد کە زۆربەیان لە دەرەوەی هەرێم بن و لە پایتەختی عێراقی فیدراڵیدا بمێننەو. ئومێدەوارین لە کارەنیاندا سەرکەوتووبن و ئەنجامی باشی بۆ گەلی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەم رۆژانە چارەنووسسازن لە بنیادنانەوەی عێراقی تازە لەبەر رۆشنایی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە دەنگمان بۆ داوە بە ئومێدی چەسپاندنی مافەکانمان و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ.

لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا، چەند مەسەلەیەکی گرنگ هەیە، کە پێویستە باسیان لەسەر بکەین، دواییش هەڵوەستە لەسەر ئەرك و رۆڵی پەرلەمانەکەمان بکەین لە قۆناغی ئێستاو داهاتووی نزیکدا کە دەخوازێ و چاوەڕوان دەکرێت کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی چۆن خەڵك متمانەی بە ئێمەدا ئاوەها لە ئاستی ئەو مەسئوولییەتەدابین وەعدو بەڵێنەکان جێبەجێ بکەین و پابەندی ئەو سوێندەبین کە لەبەردەم پەرلەماندا خواردوومانە.

سەرەتا لە مەسەلەی عێراق دەست پێ دەکەم، کە خۆتان دەزانن پاش ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بلاّو کرایەوە، سەرەڕای ئەو زوڵمەی کە لە گەلی کوردستان کرا، لە کاتی راگەیاند و دیاریکردنی رێژەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا، ئێمە پشتگیریمان لە پرۆسەکە کرد، بەرژەوەندیی گەلانی عێراق پێویستی بەوە دەکرد

بەگیانێکی لێبووردەییەوە بەشداریی لە پرۆسەی سیاسی و بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ بکەین، لەسەر بنەمای یەکتر قبولکردن و رەچاو کردنی بەرژەوەندیی گشت پێکهاتەکانی عێراق، کە پێمان وایە بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگ و بنچینەییەکان و وەرگرتنی بڕیارە چارەنووسسازەکان، پێویستە بەشێوەی تەوافوق و رێزلێگرتن بێت.

ئەوە مانگێك بەسەر راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق تێپەر دەبێت هێشتا ئەنجومەنی نوێنەران نەیتوانیوە کۆببێتەوە لەبەر ئەو گیروگرفتانەی هاتوونەتە پێشەوە، لە پێش هەموویانەوە هەرەشەو هەوڵی تیرۆریستان بۆ تێکدانی ریزەکانی گەل و نانەوەی شەڕی تایفەگەری لەنێوان شیعەو سوننەدا کە هەر لەسەرەتاوە پیلانی بۆ گەنیان بۆ داناوە تا گەیشتە ئەوەی کە پەلاماری مەزاری هەردوو ئیمامی پیرۆز (عەلی ئەلهادی و حەسەن ئەلعەسکەری) لە شاری سامەڕا بدەن و تێکیبدەن، کە بەداخەوە کاردانەوەی توندی چەکداریی بەدواداهات، بەهۆیەوە پەلاماری دەیان مزگەوت و شوێنی پیرۆزی خواپەرستی دراو تێکدران، لە ئەنجامدا دەیان کەس بوونە قوربانی ئەم جۆرە ئاژاوانە، بەلام گەلی عێراق و سەرکردە سیاسیەکان و مەرجەعە ئاینییەکان بەهەستکردن بەلێپرسراوێتی مێژوویی لەم قۆناغە ناسکەدا، تا ئاستێکی باش توانییان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەلام هێشتا ئەو مەترسییە گەورەیە هەر لەئارادایە، پێویستە هەموولایەك بە هوشیاریی و لێپرسراویەتییەوە رووبەڕووی پیلان و مەرامی گلاوی تیرۆریستان ببنەوە، بۆ ئەوەی لە رووی فیکریی و عەمەلی و کۆمەلایەتی و ئایینەوە بەرنامە گلاوەکانیان لە گۆڕبنرێت، ئەمەش ئەرکی هەمولایەك و پێکهاتەیەکی عێراقەو تەنانەت هاوولاتیانیش بەرپرسن لەوەی کە ئەمن و ئاسایش و ئارامی بۆ عێراق بگەڕێتەوە.

بەپێی هەواڵەکانی دوێنێ، بڕیاروایە رۆژی یەکشەممەی داهاتوو ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوونەوەکانی لە بەغدا دەست پێ بکات کە لە یەکەم دانیشتنیدا دوای سوێندخواردنی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی خۆی و دواتریش سەرۆکایەتی کۆماری عێراق هەڵبژێرێ، ئەویش داوا لە گەورەترین کوتلەی پەرلەمان دەکات، کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دیاری بکات، کە ئەمەش پێشتر لە لایەن لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووەوە راگەیەنراوە کە بەڕێز ابراهیم جەعفەری یە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان سەرەرای تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەدائی حکومەتی د.جەعفەری لەماوەی رابردوودا کە وەك پێویست نەبوو، تێبینیەکانی گەلەکەمان لەسەر کەموکورییەکانی سیاسەتی بەڕێز جەعفەری بەرامبەر بەکوردستان بۆ سەرەتای حکومەتەکەی و مەراسیمی سوێند خواردنی کابینەکەی دەگەڕێتەوە، کە تیایدا وشەی فیدراڵیەتیان لە ناوەرۆکی سوێندەکە لابردبوو تا دەگاتە (58)، کە هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیەو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووك نەنا، هیچ ئیلتیزامێکیشی بەرامبەر بە کۆمیتەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی (58) بەجێ نەگەیاند، سەرەڕای کەمتەرخەمیی حکومەتەکەی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو دابینکردنی خزمەتگوزاریی و باشکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵکی عێراق، بە ئومێدی دۆزینەوەی رێگا چارەی ئەم کێشانە بووین، کە لەبەر رۆشنایی گفتوگۆیەکی برایانە لەگەڵ لیستی (ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو) کە وەك دۆستێکی ستراتیژی هاوپەیمانیی کوردستان لە رابردوودا بۆ ئێستاو ئایندەی عێراقیش بەرژوەندیی هاوبەش بەیەکەوەمان دەبەستێتەوە لەو عێراقە دیموکرات و فیدراڵەدا.

بەداخەوە چەند گیروگرفتێك هاتووەتە بەردەم رەوتی ئەو کۆبوونەوانەی کە ئێستا لە بەغدا لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بەرێوە دەچێت کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك لایەنی نزیك لە د.جەعفەری خەتی سووریان بۆ هەندێك کەسایەتی دیاری نێو لیستەکانی پەرلەمان دیاریکرد، کە نابێت داخیلی حکومەت بن، کە ئەمەش لەگەڵ هەوڵەکانمان و تێگەیشتنی ئێمە بۆ عێراقی نوێ ناگونجێت کە پێمان وایە، عێراقی تازە پێویستی بە حکومەتێکی نیشتمانیی بنکە فراوان هەیە، کە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بەشداریی تێدا بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی ئەندامانیان لە نێو پەرلەماندا تاکرەوی سیاسەتی د.جەعفەری گەیشتە ئەو رادەیەی کە لە پرێکداو بەبێ هیچ پێویستییەکی ولات و بەبێ ئاگاداریی لایەنەکانی تری حکومەتی عێراق کە بەپێی قانونی ئیدارەی دەوڵەت کە تا ئێستاش لە کاری سیاسی حکومەتی عێراق کاری پێدەکرێت تا ئەو رۆژەی کە پەرلەمانی نوێ کۆدەبێتەوە، بە یاوەریی وەفدێکی حکومەتەکەی خۆی کە تەنیا لەو کەسانە پێکهاتبوو کە خۆی دیاری کردبوون و متمانەی پێیان هەبوو سەردانی تورکیای کرد.

ئەم هەنگاوەشی وەکو هەنگاوەکانی پێشووتری, بووە هۆی وروژاندنی مەترسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی و سەرجەم هێزەکان و پێکهاتە سیاسییەکانی تری عێراق بەگشتی لەبەردەوامبوونی بەڕێز جەعفەری لەسەر پەیڕەو کردنی سیاسەتی تاکڕەویی لە دەسەڵاتدا.

بۆیە هاوپەیمانیی کوردستان رایگەیاند: کە پێویستە ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو کەسایەتییەکی تر بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستنیشان بکات, کە بتوانێ متمانەی هەموو لایەنەکان و گەلانی عێراق وەربگرێت و بەئاراستەیەکیش کاربکات, کە پشت بە بنەمای هاوبەشیکردن لەبڕیاردان و هاوئاهەنگیی و گیانی برایانەو رێزگرتن لە ئیرادەی پێکهاتەکانی تر ببەستێت.

ئەمەش تەنیا هەڵوێست و بۆچوونی هاوپەیمانیی کوردستان نییە, بەڵام تێروانین و هەڵوێستی لیستەکانی (تەوافوقی عێراق و ئەلعراقیە)و تا دەگاتە ناو خودی (ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو)ەوە.

بۆیە پێمان وایە کە پێویستە بەڕێز د.جەعفەری رەچاوی ئەو هەموو هەڵوێست و بیروڕایانە بکات و بەگیانێکی لێبووردەییەوە رێگا بدات هەڤاڵ و هاوبیرێکی تری خۆی لەنێو لیستی ئیئتیلافدا بەم ئەرکە هەڵبستێت, ئەگەر ئەم کارە بکات بۆی ئەژمار دەکرێت و لە کەسایەتیی ئەو زیاد دەکات, نەك کەمدەکاتەوە, چونکە ئەو کەسایەتییەکی بەڕێزو ناسراوەو دەورێکی کاریگەری لە خەبات دژی رژێمی سەددام بینیوەو خۆی و حزبەکەشی لەو پێناوەدا قوربانییان داوە, بەڵام بەرژەوەندیی گەلانی عێراق و قۆناغە چارەنووسسازەکە, ئەم لەخۆبووردییەی پێویستە.

ئەگەر نا پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوادەکەوێت, ئەمەش لە قازانجی دوژمنانی گەلەکەمان و تیرۆریستاندایە.

لێرەدا دەستخۆشیی لە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ جەنابی مام جەلال و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی داویانەو دەیدەن لە بەغدا, لە پێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ قەیرانی سیاسی لە عێراقدا ئەمەش ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە گەلی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی رۆڵێکی گەورە لە بنیاکردنەوەی عێراق دەبینن و فاکتەرێکی گرنگی چەسپاندنی دیموکراتییەتی راستەقینەن لە عێراقی نوێدا, ئومێدەوارین بەهاوکاری هەموو لایەنەکانی تر, لەبەر رۆشنایی بنەمای دیموکراسی و دیالۆگ و لێك تێگەیشتن, ئەنجامی باش لەم نزیکانە بە گەلانی عێراق رابگەیەنرێت.

خوشك و برایانی بەڕێز.

لە کاتێکدا خولی نوێی ساڵی (2006) دەست پێدەکات پاش تێپەربوونی زیاتر لە (9) مانگ بەسەر یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کوردستان لە دوای هەڵبژاردنی خولی دووەمییەوە, ئەگەر سەیری (9) مانگی رابردوو بکەین سەرەڕای کەموکوڕییەکان کە بەشێکی زۆریان بابەتی بوون, پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵساوەو لە ئاستی مەسئولییەتدا بووە بەرامبەر بەو سوێندەی کە ئێوە خواردووتانە کە دەبێ بەرژەوەندیی گەل لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە بێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە لە هەڵبژاردندا بەڵێنمان بە خەڵکی کوردستان دا, لە ئاستی مەسئولییەتدابین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان, لە پێش هەمووشیانەوە یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کەخۆشبەختانە پەرلەمان دەوری خۆی تێدا بینی لە پشتگیرییکردنی گفتوگۆکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و متمانەی بەو رێککەوتنە مێژووییەشدا کە لەبەردەم پەرلەماندا لەلایەن هەردوو بەڕێزان جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مەسعود ئیمزا کرا, کە دواتریش لە دانیشتنێکی نائاساییدا دەست نیشانی بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران وکاك عومەر فەتاح بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی وەزیران کرا.

چاوەڕوان دەکرێ لەم رۆژانەدا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بە رەسمیی تەکلیف بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك بهێنن, ئەمەش هەنگاوێکی گەورەو کاریگەر دەبێت بۆ ئەوەی پەرلەمان باشتر بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت.

دیارە هەندێك جار گلەیی لە پەرلەمان دەکرێ کە گوایە وەك پێویست بە دەوری خۆی هەڵنەستاوە! بۆ داڕشتنی یاسای پێویست و چاودێری کردنی حکومەت و بانگهێشت کردنی وەزیرەکان بۆ گفتوگۆکردن و لێپێچینەوەو بەدواداچوونی

کەموکوڕیی وەزارەتەکان, لێرەدا وەکو هەمیشە باسمانکردووە ڕەخنەیەکی بەجێیە, ئەگەر ئەو کەسانەی کە ڕەخنە دەگرن لە ڕاستییەکان ئاگادار نەبن! ڕاستییەکەش ئەو بەڵێنەیە, کە بە خەڵکمان دابوو, دەبێ ئەو دوو ئیدارەیە یەکبگرێتەوە, کە خۆشبەختانە ئێستا هاتووەتەدی.

بۆیە پێویستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە ئاماژە بەوە دەکەم, کە بەپێی بڕیاری ژمارە (24)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2002/11/6)دا دەریکردووە, تیایدا دەڵێت: پەرلەمانی کوردستان مامەلە لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە دەکات, واتە (ئیدارەی سلێمانی – ئیدارەی هەولێر) تا ئەو کاتەی کە یەکدەگرنەوە, یان هەڵبژاردنێکی گشتیی بۆ پەرلەمان دەکرێتەوە, کامەیان زووتر بێت.

کە هەڵبژاردنیش کرا بەپێی ئەو بڕیارەی پەرلەمان, مامەلە کردن لەگەڵ ئەم دوو ئیدارەیە ڕاگیرا, بۆیە هیچ پرۆژەیەکی تیایبەتی و یاساییمان لێوەرنەدەگرتن و متمانەشمان بە گۆڕانکاریی نێو وەزارەتەکانیان نەدەدا, چاودێریی پێویستی ئەدائی کارەکانیشمان نەدەکردن. بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی پەرلەمان وەکو کارتێکی گوشار بۆ سەر هەردوولا ببێتە هۆی پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە.

سەرەڕای ئەو واقیعەش, پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی (9) مانگی ڕابردوودا (22) دانیشتنی خۆی کردووە, کە (18)یان کۆبوونەوەی ئاسایی و (4)یشیان کۆبوونەوەی نائاسایی بوون, لەو ماوەیەشدا (4) یاسای گرنگ و (19) بڕیاری دەرکردووە, کە لە هەموویان گرنگتر (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) و پاشانیش هەموار کردنی یاساکەو پەسند کردنی (ڕێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەگەڵ چەندین یاساو بڕیاری دیکە کە بە پێویستی زانیبێت.

خوشك و برایانی بەڕێز.

بەهۆی گرنگیی قۆناغی داهاتوو, دەبێت پەرلەمان و پەرلەمانتارانیش تەواوی کاتی خۆمان و قورسایی خۆمان تەرخان بکەین, بۆ بەهێز کردن و پشتگیری کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان و چاودێری کردنی وەزارەتەکان و هەموار کردنی چەندین یاسای تر کەپێویستن, بەتایبەتی پاش پیادە کردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق چ ئەو یاسایانەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەردەچێت, چ ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆمان دەنێردرێت, هەروەها ئەو یاسایانەی کە وەك پرۆژە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە, لە پێش هەمووشیانەوە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و یاسای وەبەرهێنان (استثمار)و یاسای ژینگەو...... هتد. دیارە پێویستە یاسای وەزارەتە تازەکانیش دابڕێژرێت, بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژمارەی وەزارەتەکان و پێکهاتەی حکومەتدا لە پەرلەمان بڕیاری لەسەردراوە ئەمەش پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆمان بەرز بکرێتەوە.

لێرەدا ڕوو لە ئێوە دەکەم لە لیژنە جیاجیاکانی پەرلەمان, کە ئەو پرۆژانەی ڕووبەڕووی ئێوە دەبێتەوە کاریگەرانە ڕۆڵی خۆتان لە دەوڵەمەند کردنیاندا ببینن, لە ڕووی یاسایی و زانستییەوە, بە ڕەچاو کردنی تایبەتمەندیی و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. هەروەها لیژنەکان لە کاتی پێویستدا دەتوانن هاوکاریی و ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی سەرجەم بوارەکاندا بکەن, بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پەیڕەوی ناوخۆیی بە لیژنەکانی داوە. هەروەك چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا چەندین وەفدی وڵاتان سەردانی کوردستان و پەرلەمان بکەن, یاخود چەندین وەفدی پەرلەمان سەردانی وڵاتانی دەرەوە بکەن, ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی پەرلەمان و گەلی کوردستان لەگەڵ گەلان و پەرلەمانی وڵاتان بەهێز بکرێت, بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بێت.

بەڕێزان.

دیارە بەنیسبەت لیژنەکانی نێو پەرلەمان, هەر لیژنەیەك بەکاروباری وەزارەتێك پەیوەستەو پێویستە چەندین لیژنەی دیکە بەپێی ژمارەی وەزارەتە تازەکان دابنرێن, هەروەها پێویستیمان بە لیژنەیەکی تایبەت هەیە بۆ بەداواداچوون و

پشتگیری کردن له ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان له پێشخستنی کۆمەڵ لەسەر بنەمای دیموکراسی و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ببینن.

بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت بەتەواوەتی به ئەرکی خۆی هەڵبستێ, جگە له ئەرکە دیاری کراوەکانی, دەبێت له قۆناغی داهاتوودا کۆششی زیاتر بکات, بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و چاك کردنی گوزەرانی خەڵك و چارەسەر کردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵ, ئەمەش به تێگەیشتنی تەواو دەبێت, دەبێت هەموو لایەکمان ئەو ڕاستییه بزانین که دژایەتی کردنی گەندەڵی و نەهێشتنی کاری نایاسایی دژایەتی کردنی حکومەت نییه, بەڵکو هەنگاوێکی گرنگه بۆ پشتیوانی کردن و بەهێز کردنی حکومەت, بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەنگاوێکی گرنگ پێویسته:

1-بەهێز کردنی سەربەخۆیی دەستەی دادوەری و دادگاکان له هەرێمی کوردستان, بەدوا داچوونی ڕاپۆرتەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی.

2-یەکخستن و کاراکردنی دیوانی چاودێریی دارایی و پێویسته لیژنەکانی نێو پەرلەمان ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان, که لەم بوارەدا هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکاندا بەهێزتر بکەن.

3-دامەزراندنی دەستەی نەزاهەت (دەستپاکی) که دەبێت سەر به پەرلەمانی کوردستان بێت, بەهاوکاریی لەگەڵ لیژنەی نەزاهەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ که به یاسا دامەزراوە.

4-داڕشتنی یاساو دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ ڕێگرتن له دیاردەی گەندەڵی و پیادە کردنی شەفافییەت له کاری ڕۆژانەی دامودەزگاکانی حکومەتدا.

بەڕێزان.

وەکو خۆتان دەزانن که یەکێك لەمەسەله هەرە گرنگەکان که له ئەستۆی پەرلەماندایه, نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانه, بۆ ئەمەش لیژنەیەکی تایبەت به بڕیاری ئێوەی بەڕێز دانراوە تا ئێستا قۆناغی باشیان بڕیوەو کۆبوونەوەو هەوڵەکانیان بەردەوامه بۆ تەواو کردنی نووسینەوەی دەستوور, بۆ ڕەچاو کردنی ئەوەی که:

1-ئەم پرۆژەیەی که له لایەن حزبه سیاسیەکانی کوردستانەوە له کۆتایی ساڵی (2002) پێشکەش به پەرلەمان کراوە. کراوەته بنەمای نووسینەوەی دەستوورەکە.

2-لەنووسینەوەی دەستوورەکەشدا ڕەچاوی دەستووری هەمیشەیی عێراق کراوە, که دەنگمان بۆ داوەو بەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا جێگیر کراوە.

3-لەم نزیکانەدا, که پرۆژەکە ئامادە دەبێت, دووبارە دەیخەینە بەردەم حزبه سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی خەڵك و له میدیاکانیشدا بڵاو دەکەینەوە, بۆ ئەوەی له ماوەیەکی دیاریکراودا سەرجەم لایەنەکان, سەرنج و پێشنیاز و بۆچوونی خۆیان لەسەر پرۆژەکە بۆمان بنێرن.

له پێناو دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی دەستوورەکە. که دواتر دەخرێته بەرنامەی دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەری.

دیاره سەرجەم دانیشتنەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە پەخشکراوە, بەبێ شاردنەوەی هیچ ڕاستییەك له ڕوانگەی ئەوەی که بڕوای تەواومان به ئازادیی کاری میدیاکان و مافی هاووڵاتیان هەیه لەوەرگرتنی زانیاریی و به ئاگابوونیان له گفتوگۆکانی ناو پەرلەمانەوە سەرچاوەی گرتووە, ئەم هەنگاوەش دەرفەتێکی باشی بۆ کوردستانیانی ناوەوەو دەرەوە ڕەخساندووە که له نزیکەوە له ڕێی سەتەلایتەکانی کوردستانەوە ئاگایان له ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان و دید و بۆچوونی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بێت, لێرەدا به پێویستی دەزانم که سوپاسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو ڕادیۆکان بکەین که دڵسۆزانه ڕۆڵی گرنگیان له گواستنەوەی دانیشتنەکاندا بینیووە.

له کۆتاییدا هیوادارم بەهاوکاریی هەموولایەك بتوانین لەم خولەی ساڵی نوێی پەرلەماندا, وەك پێویست ئەرکەکانی سەرشانمان جێبەجێ بکەین.

خواست و داواکانی گەلی کوردستان بەدی بهێنین.

ژیان بۆ کوردستان و نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی گەلەکەمان و, هەر بژین و زۆر سوپاستان دەکەم.

بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, زۆر سوپاستان دەکەین, بە ئومێدی ئەوەین لە دانیشتنەکانی داهاتوومان لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە, کە بیرو رای ئێوەش بوو بەدی دەهێنین, زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2006/3/16

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی هەڵبژاردن

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/3/16

کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/3/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(1)ی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/3/16دا بەم شێوەیە بێت:

1-پێنج دەقیقە راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید.

2-وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەم بۆنەیە.

3-خستنەڕووی یاداشتنامەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە کە پێشکەش کراوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەستپێدەکەین. بە پێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10/45) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2006/3/16 بەم شێوەیە بێت:

1. پێنج دەقیقە راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید.

2. وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەم بۆنەیەوە.

3. خستنەڕووی یاداشتنامەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە, کە پێشکەشکراوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق.

سەرەتا لەبەر ئەوەی کاك فرسەت سکرتێری ئەنجومەن لێرە نییە, بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێ بۆ ڕاپەڕاندنی کۆبوونەوەکە داوا دەکەم دەنگ بدەن بە کاك شێروان لەبەر ڕۆشنایی هەمان شەرح کە پێشتر کردوومانە بە خبرەتی, نەك لەبەر استحاقاقات و ئەوانە, بۆ ئەوەی بە کاروباری سکرتێر هەڵبستێت, ئەگەر موافقن دەستی بۆ بڵند بکەن, بۆ ئەوەی دەست بەکاربێ. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. فەرموو کاك شێروان. دوو دەقیقەی تر لە هەموو کوردستاندا پێنج دەقیقە راوەستان دەبێت بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە, بۆیە لەم دوو دەقیقەیە داوا دەکەم مۆمەکان لەلای خۆتانەوە پێبکەن بۆ ئەوەی لە کاتی(11) راوەستانەکە دەستپێبکا. ئێستاش سەعات یانزەی تەواوە داواتان لێدەکەم پێنج دەقیقە بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان بوەستن.

خاڵی دووەمی کۆبوونەوەکەمان چەند قسەیەکە لە خزمەتتانە لە یادی ئەم ڕۆژەدا بیکەم.

بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە و بەناوی ئێوەوە هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شاری هەڵەبجەی هەمیشە زیندوو, خۆشەویست, بۆ شەهیدانی سەرجەم قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و شەهیدانی گەلی کوردستان, بەرز و گەورە رادەگرین, ئەم یادە پیرۆزە کە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا دوژمنانی گەلەکەمان, دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان رژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ چوو, رژێمی سەدامی لەناو چوو لە ساڵی 1988 بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئینسانیەتدا چەکی وا کوشندە و قەدەغە کراو بە کۆمەڵ کوژ دژی میللەتێك, میللەتی خۆی بەکاربێنێت بەناو, کە میللەتی خۆیەتی, واتە رژێمی عیراق لەم ڕۆژەدا چەکی کیمیاوی لە بەشێك لە عیراق چارەیەکی عیراق, بەکارهێنا, کە بووە هۆی ئەوەی پێنج هەزار کەسی ئەم شارە خۆشەویستە شەهید بن, دوژمن پێی وابوو وەك سیاسەتەکەی پێشوو کە پلانی بۆ دانابوو, دای ڕێشت بوو بۆ لەناو بردنی گەلەکەمان و سەرکوت کردنی بزووتنەوەکەی و نەهێشتنی پێشمەرگە و لەناو بردنی گەل بە عەرەب کردنی, بە بەعس کردنی چەند ساڵێك بوو هەموو جۆرە چەکێکی بەکارهێنا دژی گەلی کوردستان, ئەوەی کە پێیبڵێین جینۆساید بۆ لەناو بردنی گەلەکەمان, هەر لە سالی (1974)ەوە قونبوولەی ناپاڵم لە کوردستان بەکارهات, هەزاران کەس بوونە شەهید و قوربانی, دواتر لە ساڵی 1976 ەوە دەستی پێکرد بە بەرنامەیەکی تر بۆ لەناو بردنی گەلەکەمان, ئەویش ئەوەبوو بە تێکدانی دێهات و سووتانی دێهاتەکان و دروست کردنی ئۆردوگای زۆرە ملییەکان, وەکو بەرنامەیەك بۆ نەهێشتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دواتر بە عەرەب کردنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کورد جارێکی تر نەتوانێت دەنگی بەرز بکاتەوە و داوای حەقی خۆی بکات ئەم سیاسەتە بۆگەنە نەك هەر سەری نەگرت و کوردیش نەك هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەباتی خۆی دەوام بداتن و داوای مافەکانی خۆی بکاتن, بەڵکو کوردستان بوو بە بناغەی خەباتێکی دوور و درێژ بۆ لەناو بردنی ئەو دوژمنە دیکتاتۆرە فاشیستە, کە لەسەر هیچ بنامەیەکی ئینسانی ئەو سیاسەتەی بەکار نەدەهێنا, هەموو جۆرە چەکێکی دژی گەلی کوردستان بەکارهێنا, سووتاندن, کوشت,ن بڕین, ئەشکەنجەدان, لەناو بردنی بە کۆمەڵ, بەکارهێنانی ژەهر, ئیعدام کردن, بزر کردن تا گەیشتە ئەوەی چەکی کیمیاویش بەکاربێنێتن, هەر بەو هەدەفەی کە پێشتر پلانی بۆ دانابوو, چەکی کیمیاوی بە هەڵەبجە دەستی پێنەکرد, بەڵکو پێشتریش بە چەند مانگێك لە شێخ وەسان, لە بالیسان, لە بادینان, لە گۆپ تەپە, لە یاخ سەمەر, لە دەیان شوێنی تر, هێشتا سەرەتای دروست کردنی ئەو چەکە, بوون هێشتا وا بەو شێوەیە

کوشتن له سەرەتای تاقیکردنەوەکانی بوون, به مەدفەع بەکاری هێنا, ئێمەش نەمان دەزانی چییه ئەو جۆره چەکه, تەنها بۆنی سێوی بۆگەنی لێی دەهات, ورده ورده زانیمان ئەوه چەکی کیمیاویه, تا له شێخ وەسانان بەکارهات هەتا, خەڵکی ناوچەکه به هێزەکانی حکومەتیشەوه نەیاندەزانی ئەم بریندارانه هۆیان چییه و چیان بەسەر هاتووه, چەند سەد کەسێك له شێخ وەسانان گواسترانەوه بۆ هەولێر, عەسکەر خۆی گواستییەوه بۆ ئەوەی بزانن ئەم نەخۆشییه چییه نه گوللەییان پێ کەووتوه نه بریندار بوون, بەلاّم خەڵکانێکن دەمرن, له خستەخانەکانی هەولێر چەند شەوێك مانەوه, بەلاّم دواتر ئەمریان بۆ هات له بەغداوه دەیانزانی ئەمان کێن شوێن بزریان کردن, دەنگ و باس بۆ ئێمه هات که ئەوانه ئەم حادیسەیه بەم شێوەیه روویداوه ئێمه, دەمانزانی ئەمانه کیمیاوی لێدراوون, دواتر پاش راپەڕین ئاشکرا بوو زینده به چاڵیان کردبوون, به جل و بەرگیانەوه له قەبرستانێکی به کۆمەڵ له رێگای مەخموور, بەشێکیان لەوێ شاردرابوونەوه به جل و بەرگیانەوه خۆم, لەوێ شایدم که کۆمەڵه قەبرسانەکه ئاشکرا بوو, چووین هەمووومان دانەوه خەڵکی شێخ وەسانان دواتر له گۆپ تەپه, له بادینان له بالیسان, بەلاّم گەوەترین تاوان له بەکارهێنانی کیمیا له هەڵەبجەی شەهید بوو, له رۆژێکی وەکو ئەمرۆدا سەعات (11) تەیارەکانی حکومەتی عیراق دەستیان پێکرد لەسەر هەڵەبجه بسووڕێنەوه وەرەقەیان فڕێ ئەدا بۆ ئەوەی بزانن هەوا بەکام لا دەچێتن, بۆ ئەوەی که چەکەکەی لێ بدەن به خەسار نەچێت, سەعات دوانزه کەم چارێك یەکەم ساروخیان لەو شارەدا ئەوەی ئەو هەوایەی مژی شەهید بوو یاخود بریندار بوو, جگه له دەنگدانی شارەکه جگه له ئاسەواری که تا ئێستا ماوه جگه لەو حەیواناتانەی که هەموو بەو چەکه فەوت بوون, دوژمن وای تەسەور کرد بەو چەکه ئیدی کۆتایی به گەلی کوردستان دێتن, نەیزانی لەو رۆژەدا گۆڕی خۆی هەڵکەند, دونیای ئەوا ڕۆشتبوو, سەردەمی تازه دەستپێکرد له دونیادا, ئەویش ئەوه بوو ئەو تاوانه گەورانه ناشاردرێنەوه, وەکو پێشتر تاوانی زۆر دەکرا له دژی گەلەکەمان, بەلاّم لەبەر ئەوەی دونیا به شێوەیەك بوو ئەو تاوانه نەدەگەیشته عالەم, نەدەگەیشته دەوڵەتان, ئەو رۆژەی ئەم چەکه بەکارهات وەکو هەمیشه تاوانەکانی پێشوو, به تەلەفۆن به بەیاننامه باسمان کرد, بەلاّم کەس باوەڕی پێنەدەکردین, تا ئەو لەحزەیەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و رۆژنامه روویان کرده هەڵەبجه, به چاوی خۆیان کارەساتەکەیان بین,ی وێنه و رەسمی ئەو خەڵکه گەیشته دونیا و هەموو دونیای هەژاندەوه, تەنانەت ئەو کەسانەی که هاوکاری رژێمی سەدام بوون, دۆستی رژێمی سەدام بوون پشتگیریان دەکرد هەتا ئەو دەوڵەتانەی هاوکاریان داوه له رێگای کۆمپانیاکانیانەوه بۆ دروست کردنی ئەو چەکه, نەیانتوانی بێ دەنگ بن, ئەم رۆژه, بەڵێ رۆژێکی کارەساته رۆژێکی, خوێناوییه رۆژێکی پڕ غەمە, رۆژێکی له دەست دانی هەزاران شەهیده, بەلاّم له هەمان کاتدا رۆژێکی گەورەیه بۆ گەلەکەمان.هەڵەبجه به عەکسی خواستی دوژمن, بوو به ناسنامەی گەل, هەڵەبجه شارێکی رەوشەنبیری, مەڵبەندی خەبات له کوردستانی عیراق, بوو به شارێکی نێودەوڵەتی, ناوبانگی چووه رێزی هیرۆشیما و ناکازاکی, ئەو شاره گەورانەی که تاوانی گەورەی لێکراوه, لەبەر ئەوه جێی خۆیەتی هەموو ساڵ یادی بکەینەوه, بەرزی رابگرین, خزمەتی شارەکه بکەین, خزمەتی کەس و کاری شەهیدان بکەین, قەرەبووی زیانەکانیان بکەین, جێی خۆیەتی که زیاتر به دونیای بناسێنی,ن جێی خۆیەتی له هەموو مەراحیلەکانی خوێندن وەکو دەرسێك بووترێتەوه له سەرەتایی, له ناوەندی له زانکۆکان, چونکه من هەمیشه دەیڵێم گەلی کوردستان پێشتر بەوه ناسرا بوو که تەنیا دۆستی شاخه, هەر وەختێك دوژمن پەلاماری دابێ چووینەته شاخ و دیفاعمان له خۆمان کردووه, بەلاّم ئێمه ئەمڕۆ خاوەنی ئەو کارەساتانەین که قوەتێکی گەورەیان بۆ ئێمه هێشتووه و له ئایندەشدا هەر دێ ئەو قوەته زیاتر وامان لێ بکات که هێزەکانمان یەك بخەین, یەك هەڵوێست بین, خەباتمان ئیدامه بداتن تا گەیشتن به هەموو ئامانجەکانمان دیاره, دۆستی تریشمان هەیه ئەویش ئەوەیه ئەو قەزیيەیه, کێشەی کورده, کێشەی میللەتی کورد که جاران دەیانویست وا بکەن دونیا لەبیری بکا, ئێستاکه لەبەر ئەو خەباته دوورو درێژەی, ئەو قوربانییه گەورەییەی که گەلی کوردستان له پێناو ئامانجەکانی خۆی داویەتی و, ئەو کارەساتانەی که بەسەرمان هاتووه, وەکو هەڵەبجه و ئەنفال, بوونەته ناسنامه, بوونەته هۆی ئەوەی خەڵك له دووره وڵاتەوه بێتن روو بکاته ئێره, بۆ ئەوەی لێرەوه بڵێ من پشتگیری ئێوەم, ئەوەتا چەندین وەفدی دەرەوه هاتوون له ئیتالیا له یابان له وڵاتانی تری ئەوروپا بۆ ئەوەی

بەشداریمان بکەن, لەو رۆژەدا پێمان بڵێن ئێمە هاودەنگین بۆ ئێوە, هاو هەڵوێستین لەگەڵ گەلی ئێوەین و دژی ئەو کارەساتەین کە بەرامبەر بە گەلەکەتان کراوە.

لە یادی هەڵەبجەی شەهید دەبێ بە تەنیا بە قسەش باسیان نەکەین, بە تەنیا دیار نەبێت ساڵێ جارێك کۆببینەوە باسی بکەین و راوەستین تۆزێك فرۆقێ تەواو, حکومەتی هەرێمی کوردستان قەد درێغی نەکردووە, ئەوەندەی لە توانادا بێت لە خزمەتکردنی ئەم شارە پلانی بۆ پێشخستنی داناوە, بەڵام پێویستە زیاتر ئیهتیمامی پێ بدات پێویستە زیاتر بایەخ بە ویستی خەڵکی هەڵەبجە بداتن, بۆ پێشکەوتنی, بۆ پێشخستنی لە هەموو روویەکانیەوە, حکومەتی عیراقی فیدراڵی کە ئەمرۆ حکومەتی خۆمانە, ئەو دوژمنە درندەیەی کە لەوێ بوو, ئەو بڕیارەی دا ئەو چەکەی بەکارهێنا لە جیاتی ئەو دوژمنە حکومەتێکە هی میللەتە, خەڵك دەنگی بۆ داوە, گەلی کوریش بەشداری دەکاتن لەو حوکمە, سەرۆك کۆمار جەنابی مام جەلالە, خۆشمان لە هەرێمدا بەرەو ئەوە دەڕۆین هەموو دام و دەزگاکانی خۆمان تەواو بکەین, کەرکوك بگەڕێنینەوە, ناوچەکانی تر بگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان, جەنابی کاك مەسعودیشمان هەڵبژاردووە وەك سەۆکی هەرێم, داوا لە هەردوو بەڕێز دەکەین سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی یەکگرتوو کە لەم چەند هەفتەیەدا پێك دەهێنرێت, هەموو هاوپەیمانانی خۆمان کە بەشدار بوون لە خەبات دژی دیکتاتۆر ئەوانیش قوربانیان هەیە و ئێستاش قوربانی دەدەن ئەوەتا تەماشا دەکەین دوژمنانی گەلەکەمان بەردەوامن لە بەستنی رێگا بۆ گەیشتمان بە ئازادی, کە لەم چەند هەفتەیەی رابووردوودا پلانی تیرۆرستان پلانی دوژمنەکانمان گەیشتۆتە رادەی ئەوەی مەزاری پیرۆزی ئیسلام لە سامەرا بتەقێننەوە, مزگەوت بتەقێننەوە, بە کۆمەڵ خەڵك بکوژن. بۆیە لەم وەختەدا کە ئەم یادە پیرۆزە دەکەینەوە, یادی هەڵەبجە دەکەین, ئیدانەی ئەو هەموو تاوانانە دەکەین کە بەرامبەر بە گەلی عیراق دەکرێتن لە لایەن دوژمنانەوە. یەك رێگامان هەیە, رێگای ئازادیە, رێگای دیموکراسییە, رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانمانە, بۆیە ئەم رێگایە هەموو دونیای لەگەڵە, ئەگەر عیراق وەربگرین, لە عیراقدا هەموو مەلاییینی عیراقی لەگەڵە چەند, سەد کەسێك دەیانەوێت لێمان تێك بدەن, بە وشیاری گەل, بە هەستی گەل ئینشائەڵلا حەتمەن فەشەل دێننەوە لەسەر دۆزەخی جەهەنەم و تاریخەوە جێگای رەشیان دەبێتەوە, لەوێندەر میللەتیش هەر سەرکەووتوو دەبیتن.

لە یادی هەڵەبجەدا دەبێ وشیار بین, هەمووماندەبی وشیار بین هەموو گەلی کوردستان, خەڵکی هەڵبجە لە هەمووماندەبی زیاتر, حەقی خەڵکی هەڵەبجە لەسەر هەمووومان هەیە و, ئەوە منەت نییە بەسەریانەوە بکەین, ئەگەر خزمەتیان بکەین هیچ منەتی تێدا نییە, چونکە واجبەکی سەرشانی ئێمەیە چ خەڵکی هەڵەبجە چ خەڵکی شوێنەکانی تری قوربانیانی کیمیاو, چ ئەوانەی کە قوربانیانەکانی ئەنفالن, ئێمە هەمووومان قەرزاری ئەوانی,ن لەبەر ئەوە چی حکومەتی هەرێم لەبۆیان دەکاتن بە مەمنوونیەت لەبۆیان بکاتن. بەڵام دەبێ خەڵکی هەڵەبجەش وشیار بن, ئاگادار بن کە ئێمە هێشتا کە پێویستیمان بەوە هەیە بەیەکەوە خەبات بکەین و, کار بکەین بۆ خزمەتی هەڵەبجە و گەلەکەمان, هەڵەبجە جیا نییە لە خەباتی گەلەکەمان, بەڵکو سونبولێکە, نەیێڵین, رێگا نەدەین دوژمنانی گەلەکەمان هیچ فرسەتەك ببیننەوە بۆ ئەوەی بێنەوە ناومان, وەزعییەتمان تێك بدەن, ئەمنیەت و ئاسایشمان لێ تێك بدەن. خەڵکی هەڵەبجە و خەڵکی هەولێر و بادینان یەك دەنگن لە بەرامبەر دوژمندا, یەك دەنگیشن لە یاد کردنەوەی هەڵەبجەدا, برینی خەڵکی هەڵەبجە و خەڵکی سلێمانی و کەرکوك و دهۆك و هەولێرو هەموو شوێنەکانی ترە. پەرلەمانیش وەك نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەمرۆ کە ئەو یادە ئەکاتەوە, دووبارە بەرز ڕادەگرین ئەو یادە, دووبارە سڵاو, رێز بۆ گیانی پاکی شەهیدان, کەس و کاری شەهیدان دڵنیا دەکەینەوە کە هەردەم لە خزمەتیان دەبین وە ئەوەی بۆمان بکرێتن جێبەجێی دەکەین, من لێرەدا کۆتایی بە قسەکانم دێنم, سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی بچمە سەر خاڵی سێیەم کە ئەویش ئیدامەیە بۆ قسەکانم. چونکە خاڵی سێیەمیش هەر باس کردنی هەڵەبجەیە. یاداشتنامەیەك لەلایەن خەڵکی شاری هەڵەبجە پێش چەند هەفتەیەك درا بە نووسینگەی هەڵەبجە, ئەندامانی پەرلەمان, نووسینگەی پەرلەمانی هەڵەبجە, پێش ئەوەی یاداشتنامەکە بخوێنمەوە نامایەکی تریشمان بۆم هاتووە بە ئیمزای پێنج هەزار کەس لە خەڵکی هەڵەبجە بە دەستمان گەیشتووە, بۆ پەرلەمانیان ناردووە, داواکارییەکانیان تیادا نووسیوە کە ئەو پێنج هەزار کەسە هەموو توێژەکانی ناو کۆمەڵی هەڵەبجە دەگرێتەوە هەموو جیهاتەکان, هەموو حزبەکان, بۆیە تەعبیر لە خەڵکی هەڵەبجە

دەكاتن بەڕێزەوە وەرمان گرتووە و دەخەینەوە بەردەم كۆبوونەوە و دیراسەت كردنی. كە لە ئەساسدا داواكارییەكانیان هەمان داواكاری ئەو خۆپیشاندەرانەن كە (مژكرە)یەكیان داوەتە سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی هەرێم و پەرلەمان وحكومەتی عێراق و حكومەتی یەكگرتووی كوردستان, بەناوی كۆمەڵەی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجەیە, بۆتان ئەخوێنمەوە, چونكە ئەندامانی پەرلەمان وەعدیان دابوو كە بیگەیننەوە بە ئێمە, ئێمەش لەم رۆژە بۆتان ئەخوێنینەوە كە لەگەڵ پێنج هەزار ئیمزایەكەش یەك دەگرێتەوە, داواكارییەكانیان وەكو یەكە كەواتە ئەو خوێندنەوەی ئەوە, خوێندنەوەی داواكاری ئەو پێنج هەزار كەسەكەیە, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:-**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەكەم یاداشتنامەكەی خەڵكی هەڵەبجە, لەلایەن یەكێك لە خەڵكی هەڵەبجە لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان كە لێرەن لەسەر منەصە بخوێنرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:-**

ئەوە بە سەرۆكایەتی دراوە, لەبەر ئەوە خۆی دەخوێنێتەوە, ئەگەر سەبرت كردبا پاشی خوێندنەوەی اقتراحەكەت بە نەوعەكی تر جێدەگرێتەوە. بۆ منیش نووسراوە, تەوجیهی من كراوە, لەبەر ئەوە هەر دەبێ خۆشم یبخوێنمەوە.

بەڕێز سەرۆك كۆماری عیراقی فیدراڵ هەڤاڵ مام جەلال

بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مەسعود بارزانی

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق

پەرلەمانی كوردستان

حكومەتی هەرێم

وەزارەتی مافی مرۆڤ, لایەنە سیاسیەكان, شارەوانی هەڵەبجە, قائمقامی قەزای هەڵەبجە, جەماوەری خۆڕاگر و شەهید پەروەری كوردستان. سلاڵوی گەرمی كەس و كاری شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجەتان لێبێت پاش تێپەڕ بوونی هەژدە ساڵ بەسەر كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجەدا ئێمەی كەس وكاری شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە ئەو ڕاستییە وەبیر بەڕێزتان دەهێنینەوە, كە ئەو ئێش و ئازارەی كە لە دڵی ئێمە دایە بەڕێزیشتان درك بەو ڕاستییە دەكەن وە دەزانن ئەو برینە چەندە كاریگەرو بەردەوام و خاس و پێویستی داواكارییەكانی كەس و كاری شەهیدانی شارەكەمان چییە؟ ساڵانێك و تەمەنێكە بە هیواین خواست و ئاواتەكانمان بێتە دی وێرای, جێبەجێ كردنی هەندێ كاری باش و دیاری كە جێگەی ئەو پەڕی رێز و ستایشمانن وە ڕێز لە كارو پرۆژەكانتان دەگرین, بەلاّم زۆرێك لە داواكارییەكانمان ماون كە پێویست دەكات زۆر بوێرانە بڕیاری لەسەر بدرێت و كاری بۆ بكرێت و چاوەڕێ دەكەین لە یادی هەژدە ساڵەی كیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەم خالاّنەی كە تۆمار كراون خاسن بە كەس و كارمان جێبەجێ بكرێت لەگەڵ ڕێزماندا.

1-قەرەبوو كردنەوەی زیانی مادی و زیانەكانی هەڵەبجە و بە تایبەتی كەس و كاری شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر بوجەی عیراق.

2-چارەسەر كردنی بە پەلەی بێ قەید و شەرتی بریندارانی ئەو كارەساتە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

3-دانانی بوجەیەكی تایبەت بۆ بوژاندنەوەو هەستانەوەی شارەكەمان لەلایەن حكومەتی عیراقەوە.

4-دانانی مووچەیەكی شیاو بۆ كەس و كاری شەهیدانمان و بەپێی ژمارەی شەهید.

5-ناساندنی 3/16 وەك رۆژی شەهید و ماتەمین لەسەرتاسەری عیراق و لە كوردستاندا.

6-دروست كردنی خانوو بۆ كەس و كاری شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە.

7-دانانی نوێنەری كەس و كاری قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە لە پەرلەمانی كوردستان و عیراق.

8-پێدانی مووچە بەو خێزانانەی كە لەبەر بوونی یەك شەهید یان ئاڵ و گۆڕی لیست مووچەكانیان بڕاوە و قەرەبوو كردنەوەیان.

9-دروست كردنی بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەت بە كیمیاباران و, كەس و كاری شەهیدانی كیمیاباران سەرپەرشتی بكەن.

10-دروست كردنی سەنتەرێك بۆ كۆمەڵەكەمان كە تیایدا وادەكان و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێدا بكرێت.

11-پێدانی زەوی بە وارسان, كە تا ئێستا زەویان وەرنەگرتووە.

هیوای سەربەرزی و سەرفرازی بۆ هەموو لایەكتان.

دوای ئەمە لە بەرنامەكە ئەوە نەبوو كە غەیری خوێندنەوەی وتارو ئەو هینە, بەلاّم زۆر پاشی موناقەشە كردن لەگەڵ مەسئولی فراكسیۆنەكان و كاك د. كەمال و كاك شێروانیش وامان بەباش زانی هەر بۆ ئەوەی خاڵێك لەوێدا هاتووە دانانی نوێنەری كەس وكاری قوربانیانی هەڵەبجە لە پەرلەمانی كوردستاندا بۆ ئەوەی خەڵك بزانیتن لە پەرلەمانی كوردستاندا ژمارەیەكی باش ئەندامانی پەرلەمان بەپێی شایستەی خۆی خەڵكی هەڵەبجەن, بۆیە وای بەباش زانی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی خەڵكی هەڵەبجە, چ تێبینیەك دەیانەوێ قسە بكەن, لێرەدا قسە لەسەر ئەو هینە بكەن و چ اقتراحێكیان هەیە دوایش ئەوەی كە پێویستە دەیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان. خەڵكی هەڵەبجە كاك محمد تۆش خەڵكی هەڵەبجەی. عەفووم دەكەی مامۆستا, ئێمە دەمانەوێ پیشان بدەین لە پەرلەماندا چەند ئەندام هەیە خەڵكی هەڵەبجەن, چونكە ئەوە یەكێكە لە داواكاریەكانیان كە تەواومان كرد دەكرێ جەنابیشت قسە بكەی.كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:-**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان, ئەمڕۆ بە تەئكید ئەوەی جەنابتان باستان كرد, هەڵەبجە یەكێكە لەو جێگایانەی كە بووە پێناسەی میللەتەكەمان, و دەنگی خەفە كراوی خەڵكی كوردستانی گەیاندە هەموو دنیا, وە عەتفی هەموو دنیاشی ڕاكێشا و كۆنفراسی 89ی پاریسی لێ كەوتەوە, ئەوانە خۆی بۆ خۆی هەرچەندە لە كاتێكدا میللەتانی دونیا زۆری بە خۆپیشاندانێك ئەناسرا یا سەربەخۆی بە دەست هێنا, بەلاّم ئێمە بە داخەوە پێنج هەزار شەهید بوو بە پێناسەی میللەتەكەمان, بەلاّم ئەو پێنج هەزار شەهیدە نەك خوێنیان بە زایع چووە, بەڵكو خوێنیان بووە بە بورگانێك و بە جۆرێك ئازاری 91 و 2003/4/9ی لێكەوتەوە, كە ئەمڕۆ وەكو جەنابتان ئیشارەتان پێدا رئیسی جەمهور و یەكخستنەوەی ماڵی كوردی و رئیسی هەرێمی كوردستان و هەنگاو نان بۆ یەكگرتنەوە, ئەوانە هەمووی بەرهەمی خەبات و خوێن و فرمێسكی میللەتەكەمانن لە هەموو چین و توێژە جیاجیاكانیەوە. ئەمڕۆ یادی هەژدە ساڵ دەكرێتەوە, یادی هەڵەبجە, ئێمە پێمان وایە ناڵێین هیچ نەكراوە بۆ هەڵەبجە, شت كراوە بۆ هەڵەبجە بە پێی توانا و زروفەكانەوە ئەوەندە یارمەتی دراوە هەندێ شت كراوە بۆ هەڵەبجە, بەلاّم دەبوو ئێمە هەڵەبجە وا لێبكەین وەكو ئەوەی چۆن هەمیشە بیلێینەوە یان بیكەین بە حوسێنی خۆمان وون نەبێت, بۆ ئەوەی زیاتر عەتفی دونیا وە هەروەها مەزندەی میللەتەكەمان پیشانی دونیا بدەین, بۆ ئەوەش و بۆ دڵخۆش كردنی كەس و كاری شەهیدان و بۆ مانەوەی شوێنەوارەكانیش زیاتر شتیان بۆ كرابێت, بە تەئكید ئێمە دوێنێش كۆمەڵێك لە رۆشنبیران و خەڵكی هەڵەبجە ئەو پێنج هەزار ئیمزایانەی هێنا بۆ پەرلەمان, ئەوە داوای هەموو پێكهاتەكانیەتی بە حیزبەكانیش نەك هەر تەنها خەڵكی هەڵەبجە بە تەنها, هەموو لایەك بووە, ئەوان ئێستا مومكینە هەندێك گلەیی و ئەو شتانەیان هەیە, ئێمە پێمان وایە پێویستە هەندێك كاری وا بكرێت یەكێك لەوانە ئێمە هەموو ڕەسمی شەهید عمر خاوەر بە یەقەی هەمووتانەوەیە, ماڵەكەی دروست كراوە, كراوەتە مۆزەخانەیەك؟ واتە ماڵەكەی تا ئێستا وەك كەلاوەیەك كەوتووە, هەوڵ بدرایە زانكۆیەك بۆ هەڵەبجە شتێكی گرنگ بوو كرابێتەوە, وە هەوڵیش بدەین ئێمە زۆر جار باسی ئەوە ئەكرێت ئەگەر وەزعی ئیداری مەنتیقە یارمەتی ئەدات, هەڵەبجە بە پێی نفوسەكەی داوا ئەكەن بكرێ بە پارێزگا, ئەوە ئەو خاڵە سەرەتاییانەن كە هەن, جگە لەوانەی كە جەنابتان لە یاداشتەكەی خۆیانە باسیان كردووە ئەوانەن, بەلاّم ئەمڕۆ بەڕاستی ئەوەی كە ئێمە بیستمان خەڵك هەندێك خۆپیشانانیان كردووە, بۆیە من لێرەوە داوا دەكەم چ لە خەڵكی هەڵەبجە هەموو چ لە توێژەكانەوە جەنابیشتان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان داوایەك بكرێت, هەم لە حكومەت داوا بكرێت توندو تیژی لەناو هەڵەبجە بەكار نەهێنێنرێت, چونكە تا ئێستا شەهیدێك و چوار برینـدار هەیە, هەروەها داوا لە خەڵكی هەڵەبجەش بكرێت, ئێمە یادی هەڵەبجە ئەكەینەوە, خەڵكی هەڵەبجە ڕاستە حەقیان هەیە داواكانیان پێشكەش

بکەن, بەلاَم نەك بەو توندوتیژییە, یاخود بـڕۆن مـەزاری شـەهیدان بسووتێنن, ئـەوە بەڕاسـتی یـەعنی شـتێکە هـەم بـۆ ئەوانیش خەراپە, هەم بۆ هەموو لایەك خراپە, بۆ ئێمەی خەلکی هەلەبجە خراپـە, بـۆ هـەموو خـەلکی تـریش خراپـە, بۆیە ئێمە داوا ئەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان, سـەرۆکی پەرلـەمان هـەم داوا لـە ئیـدارەی هەلەبجـە بکـا, وە هـەم داوا لـە خەلکی هەلەبجەش بکات کـە هـەردوو لا هێمنی ڕاگـرن, چـونکە ئـەمڕۆ وەفـدێك هـاتووە, وەفـدی دەرەوە, ڕێگایـان نـەدا بچێتە سەر مەزرای شەهیدان, کە بە ڕاستی بـەو شـێوەیە مـن پـێم وا نییـە هـەموو شـتەکان چارەسـەر ئـەکرێت, چـونکە ئێمە هەموو لێرە, نەك ئێمە لێرە, ئەمڕۆ لە نەرویج و لە ئەوروپاو لە هەموو دونیادا یادی هەلەبجە دەکرێتەوە, یـەعنی ئەگـەر شـتێکی وا بکـرێ لـە هەلەبجـە, بچـووك کردنــەوەی ئەوەییێکـە زەرەر لـە هـەموومان ئـەدا, مـن جـارێکی تـر زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووکاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابتان ڕێگەم بدەن, من ئەمەوێت پێشەکیەکی کورتی لەسەر بـاس بکـەم, سلاَو بـۆ پێـنج هـەزار شـەهیدی بـێ گوناهی هەلەبجە و, دە هـەزار بریـنـداری بـێ سـەرو شـوێن, سلاَو بـۆ خـەلکی هـەولێر, کـە زۆر مەردانـە بوونـە پـەناگای هەموو ئـەو لێقەوماوانـەی کیمیابـارانی هەلەبجە, مـن وەکـو شـایەد حالێـك, سـوپاس بـۆ هەلەبجەییـەکان, کـە منیـان بـە هەلەبجەیی قبولَ کرد, کاتی لێدانی شاری هەلەبجە, من و چەند هەڤالێکی کە, یەکێك بووین لـەو کەسـانەی کـە لـە دوای کارەساتەکە چووینە هەلەبجە, هەلەبجە هەرچییەك بلێن هەڤیانە, من تەشجیعی ئەو توند و تیژییە ناکەم کە ئێستا لـە هەلەبجە دەستی پێکردووە, بەلاَم هەلەبجە سێ جار تووشی کیمیاباران بوو, جارێکیان بە چـەکی کیمیـاوی وەکـو جـەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد, ئەو شەوەی کە ئێمە چووینە هەلەبجە, شەوی دووەمی کیمیابارانەکە بوو, تەنها لە شاری هەلەبجە چەند پیرەژنێك و دوو پیرەمێردی پەککەوتە مابوونەوە, پیرەژنەکانیان لە مالێك کۆ کردبـوو و سەرپەرشـتیان دەکرد, تەقریبەن پانزە پیرەژن ئەبوون, بۆ بەیانی کە هاتینە دەرەوەی شار, تەماشای چـی, کـە ڕۆژ بـۆوە هاتینـەوە نـاو شارەکە, هیچ کەسێکی تیـا نـەبوو, تـەنها یـەك دوو سـەیارەی سـوپای پاسـدارانی ئـێران, ئـەوەی مـن لـە هەلەبجە بینـیم, شەهیدێکی بێ ئەنـدازە, مـن تەصـەور ئەکـەم لـە پێـنج هـەزار زیـاترە, بـەلاَم ئـەو لیژنەیـەی کـە چـوو بـە پێـنج هـەزار تەقدیری کرد, لەناو گوندی عەنەب, هیچ زیندەوەرێك نەمابوو, مەڕ و مالاَت و تەیرو ئینسانەکان هـەمووی بـە تێکـەلێ مرد بوون, من بە چاوی خۆم بینیم, کە دایك منالەکەی لەبەر مەمکی بووە هەردووکیان پێکـەوە گیانیـان دەرچـوو بـوو, من ئەو کاتەی چوومە سەر جەنازەی شەهید عومەری خاوەر, لە تەنیشتی شەهید عومەری خاوەر, سـەیارەیەکی پاسـدار کە لەوێ بینیمان, خەریکی تالاَن کردنی مالێك بوو, شتی بۆ خۆی ئەدزی, دوکان و بـازاڕی هەلەبجـە بـەبێ ئـەوەی کـەس دەرابەکە بکاتەوە, هەموو خۆی کرابووەوە, لە زەختی تەیارەکان دەرابـەکان دەرچووبوون, بازاڕەکـە بـە بـازاڕێکی کـراوە ئەبینـرا, یەك پیرەمێردمان بینی, ئێمە سەیارەکی عەسکەریمان پێ بوو, هاواری لێ کردین بەجێم نـەهێلن, بانگمـان کـرد چی ئەکەی لێرە؟ وتی ژنەکەم و حەوت منداڵم شەهید بوون لەناو دێراوی گۆلی تەماتەکاندا شاردومنەتەوە گلم کردووە بەسەر جەنازەکانەوە, لەسەر حەوزی عەنەب, تەقدیر ئەکرا بە شـەش سـەد جـەنازە, چـونکە هـەمووی بـۆ سـەر ئاوەکـە چوو بوون دوایێ پێکـەوە شـەهید بـوو بـوون, لـە نێـو مزگـەوتی عەنـەب, تەقـدیر ئـەکرا بـە حـەوت سـەد, هەشـت سـەد جەنازە, دیسان بۆ سەر ئاوەکە چوو بـوون, لـە بـەینی هەلەبجـە بـۆ عەنـەب, کیلۆمـەترێك ئـەبێ, پاشـان سـەیارە بەسـەر جەنازەکان ڕەت ئەبوو, تاصەی لەسـەر ئـەکردن, لـەوێ شـەهیدێکی زۆر هـەبوو, بریـنـدارێکی زۆریـش درا بـوو, کاریسـەی دووەم کە بەسەر هەلەبجەدا هات, وەکو جـەنابتان دەزانـن, تێکدانـی شـارەکە بـوو, تەقاندنـەوەی شـارەکە لـە خلالـی دوو مانگ, حکومەتی عیراقی بە (T.N.T) و بە شەفلَ شارەکەی وێران کرد بە تەواوەتی, لەگەلَ خاکدا یەکسـانی کـرد,واتـە ئەمە زەرەرێکی گەورەتر بوو, لە بەینی تێکدانی شارو, لە بەینی کیمیابارانەکە بـە داخـەوە تـالاَن کردنـی هەلەبجـە بـوو, خەلکی هەلەبجە ئەمە بەلایانەوە قورس تر بوو, ئێمە کاتی خۆی قایممقامی هەلەبجـە نوێنـەری جەمهوریـەی ئیسلامی

ئێران هاتە ئەوێ, ئێمە داوامان لە جمهوریەی ئیسلامی ئێران کرد, کە ئەو محەویلەو عەمموودە کارەباییانەی کە بردوویانە بیدەن بە شارەکە, وەعدیشیان دا ئێستاش لە پاوەن, ئەویش نەیانگێڕایەوە, پاش تێکدانی شارەکە, تالآن کردنی پاشان تێکدانی, خەڵکی هەڵەبجە, کە من زۆر لەگەڵیان ژیاووم و لە خزمەتیان بووم, ئەوان بەوە زیاتر موتەئسیر بوون, ئەو کات هەڵەبجە ئاوی نەبوو, مەشروعی ئاوەکانی کەمە جەنابتان دەزانن, ئەو مەشروعەی کە لەم دواییە ئێستا بە فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی هێنامان, ئەو کاتە بە تەقدیری یەك ملیۆن و نیو دینار هێنامان, خەڵکی هەڵەبجە کە عادەتەن نەخۆشی زۆر تیا بڵاودەبێتەوە هی پیسی ئاوی بیرەکانیانە, چونکە زۆربەی زۆری بیرەکان جەنازەی تیا کەوتبوو و ئێستاش ئاسەواری ماوە, لە ڕێی ئاوەدانیەوە, ئێمە لە پاش ئەو وەزعەی کە بەسەر هەڵەبجەدا هات, ناڵێم خزمەتمان کردن, بەڵام کۆمەڵێك ئیشی زۆر بەسیتمان کرد ئەوەندەی کە توانیمان, یەکێك لەوانە, گەڕانەوەی رووناکی بوو بۆ شارەکە بە کڕینی چەند محەویلەیەك, لەپاشان هێنانی مەشروعی ئاو لە زەڵمەوە, لەپاشانیش قیرتاوکردن و کۆنکریت کردنی چەند شەقامێکی ناو شارەکە, پاك کردنەوەیەکی زۆر جوزئی ناو بازاڕەکە, خەڵکی هەڵەبجە, کە گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەن, بڕواش ناکەم هیچ شەرعیەتێك بدەین بەوەی کە بڵێین لەبەر فلآن شت, ڕاستە هەڵەبجە کە تووشی کیمیابارانەکە بوو, لە شەڕی ناخۆش زەرەری قورسی بەرکەوت, چونکە بووە سێگۆشەیەك لەو مەیدانە, هەمیشە ئان و دەم و واتە هەڵەبجە لە شار نەدەچوو, لە معەسکەرێك دەچوو, هێزێکی زۆری چەکداری هەمەلایەن, هەمە حزبی تیابوو, هەموو شەوێك لە هەڵەبجە موشکیلەیەك دروست ئەبوو, هەتا ڕۆژانی یادەکانی هەڵەبجە, کاك محمدی حاجی محمود لەنزیکەوە لەوە ئەچێ ئاگاداربێ یان برادەران کە لێرەن, کارەساتی وا روو ئەدا, دیسان برینەکانی قوڵ ئەکردەوە, خەڵك دەکوژرا, خەڵك بریندار ئەبوو لە کاتی یادەکانی هەڵەبجە, زۆر جار شەڕمان ئەبوو لەسەر چۆنێتی یاد کردنی هەڵەبجە, یەعنی هەڵەبجە بوو بە موڵکی کۆمەڵێك خەڵك, نەبوو بە موڵکی میللەت, ئەوەی کە من لە نزیکەوە ئاگامان لێیان بوو, ئەوەی کە داواکاری خەڵکی هەڵەبجە بوو, ناڵێم خەڵکی دەرەوە هاتوون, مونەزەمەی کرۆش کۆمەڵە خەدەماتی لە ناوچەکە پێشکەش کرد, کۆمەڵێ ئیشی باش بۆ هەڵەبجە کراو لە ئەتراف بە تایبەتی, نزیکەی چل پەنجا بیر لە ئەتراف هەڵەبجە لێدراوە, کۆمەڵە خەدەمات لە ناوچەی هەڵەبجە پێشکەش کراوە, بەڵام خەڵکی هەڵەبجە ئێمە کاتی خۆشی وەك پێشنیارێك ئەوانەمان دا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان, بۆ خەڵکی هەڵەبجە پێویست بوو شارەکە عەزل بکرێت, بەشێکی هەرە زۆری شارەکە کە وێران بوو بەجێبهێڵرێت, شاری هەڵەبجەی تر لە بەردەم هەڵەبجە دروست بکرێتەوە, وە یاخود بچێت لە پشتی هەڵەبجە دروست بکرێتەوە, بەڵام ئەمانە هیچی نەکرا, ئەو مونەزەمانەی کە هاتنە هەڵەبجە, ئەو دەوڵەتانەی کە وەکو دەڵەتی ئەڵمانیا, کە ئیعتیرافی کرد ئەوان اشتراکی کیمیابارانی هەڵەبجەیان کردووە بە دروست کردنی ئەو چەکە, ئەوانە وەعدیان دابوو کە قەرەبووی بکەنەوە, قەرەبووەکە جێبەجێ نەکرا, خەڵکی هەڵەبجە داوامان لێ ئەکەن شارەکە نوێ بکرێتەوە, زۆر بە داخەوە هەتا ئەمڕۆ وەك کاك محمدی حاجی محمود باسی کرد ووتی هێشتا ماڵی عومەری خاوەر خانووەکەی دروست نەکراوەتەوە, فعلەن دروست نەکراوەتەوە, نەك دروست نەکراوەتەوە, شەقامە رئیسیەکان پان نەکراوەنەتەوە, بازەڕەکان بە وێرانی ماوەتەوە, تەنیا کەرتی تایبەت نەبێ توانیان چەند شوێنێك دروست بکەن, سەرو سیمایەکی بێ سەروبەری, ئەمە بەنەقدی حکومەتی ناڵێم, بەس بێ سەرو بەریەکی زۆر بە شاری هەڵەبجەوە دیارە, ئێمە بۆیەش کاتی خۆیشی خەڵکی هەڵەبجە زۆر تەئکیدیان لەسەر بوونە (محافظة)کەی ئەکردەوە, لەبەر ئەوەی کە بتوانێ کە بوو بە(محافظة) برینەکانی سارێژ بکا, کە بوو بە محافظة زانکۆی تیا ئەکرێتەوە, کە بوو بە موحافەزە ئەتوانێ مەعهدی تیا بکرێتەوە, موخافەزە بینای ڕێك و پێکی تیا دروست بکرێت, بەڵام تا ئێستا بە داخەوە وەکو ووتم هیچی جێبەجێ نەکراوە, ئەوەی کە کراوە زۆر زۆر جوزئیە, بۆیە داوا ئەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان, ئێمەش پشتگیری داواکاری ئەو پێنج هەزار کەسە ئەکەین و لەگەڵ ئەو خالآنە داین کە جەنابتان خوێندتانەوە, کە هەوڵ بدرێ لە کاتی زوودا, ئەگەر چاوەڕێی حکومەتیش نەکەین کەی یەك ئەگرێتەوە, لیژنەیەکی موشتەرەك پێك بهێنرێت خزمەتی شاری هەڵەبجە بکات, زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:-**

فەرمووکاک محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن ئـەوەی ئەمـەوێ بیڵێم نووسیومە، بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان. بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستان، بەڕێز خوشك و برایانی پەرلەمانتار، سڵاوی پـڕ میهرەبـانی خواتـان لـێبێ، وە زۆر سوپاسیشـتان ئەکـەین بـە ناوی پەرلەمانتارانی دەڤەری هەڵەبجە، بۆ هەم سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و، هـەم بـۆ بـەڕێزتان، کـە ئـەم ڕۆژە کردمـان بـە نەریتێك بۆ دانیشتنی یاد کردنەوەی شاری هەڵەبجە، یەکێك لـەو سـەروەریی وشانازییانەی هـەر گـەل و نەتەوەیـەك کـە خۆی پێ بە سەر بەرز دەزانێت و بەوەش پێناسەی خۆی دەکات و، دەیکاتە داستانێکی نەتەوایەتی بۆ نەوەکانی ئاینـدەی ئەوێ، دوای پشت بەستن بە خواو، لەسەر زەویشدا بە فیداکاری ودلسۆزی و ڕۆڵە بە وەفایەکانیەتی بۆ گەیشتن بـە مافـە ڕەواکانی، گەلی کورد لەو مەیدانەدا دوو خاڵی گرنگ و گەورەی هەیە، یەکێك لـەو خاڵـە گرنگانـە کارەسـاتی کیمیابـارانی هەڵەبجەی شـەهیدە، کـە لەهـەناوی نائومێـدی و تاریکـە شـەوی سـتەمی ڕژێمـی بەعسی دیکتـاتۆرو، بـێ دەنگیـەکی نێـو دەوڵەتیـدا و لەبەرامبـەر کێشـەی ڕەوای گەلەکەیـەوە، هەڵەبجـە جـارێکی تـرو بـەهێزترین شـێوە نائومێـدی ڕەوانـدەوە پەردەی ڕەشی ئەو ستەمەی دڕانـدو، ئـەو بـێ دەنگیەشـی تۆقانـد، وەکو شـەمعە بـۆ پەروانەکـەی خـۆی سـووتاندو، گڕی بەردایە جەستەی خۆی و ڕۆڵەکانی، بەڵام بە رووناکی گڕەکەی گشت ئاقاری گەلەکەی رووناك کردەوە، بە قیـژەو هـاوارو فۆغانی دایکان و باوکان و کچان و کوڕان هەست و سـۆزی زۆر شـوێنی دونیـای بـەرەو کێشـەی ڕەوای گەلەکـەی هەژانـد و هێنا، هەروەها بە گڕی ئاگرەکەشی تەنوری سزا دان بۆ تاوانبارانی ئەو کارەسـاتە گـەرم کـرد، ئـەوەی هەڵەبجـەی شـەهید کردوویەتی هیچ منەتێکی تێدا نییە، بەڵکو ئەوە ئەرکی خۆیەتی لە پێناو سەربەرزی گەلە ستەم دیدەکەی کردوویـەتی، ئەو قوربانی و دەربەدەری و کاولکارییەی لەو پێناوەدا بەسەری هاتووە بە مەدالیای شـەرەف دەزانـی، هەڵەبجـەی شـەهید بـەو جـۆرە خزمـەتی گـەل و کێشـە ڕەواکـەی کـرد، کـە ئـەمڕۆ بـۆ ئێمـە و ئاییندەیـەکی گـەش تـر بـۆ نـەوەی دادێ لـێ دەکەوێتەوە ئنشاالله، بەڵام ئایا ئـەرکی ئێمـە لـە پەرلـەمان و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ قوربانیـان و ئـەو شـارە شەهیدە چییە؟ دیارە کاری خزمەتگوزاری و یارمەتی دان و ئاوەدانکردنەوە لە لایەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید کراوە، بەڵام قوولی برینەکە و قەوارەی کارەساتەکە ئەوەندە گەورەیە پێویسـتی بـە خزمـەت و بـە دەمەوە چوونی زیاتر و باشتر هەیە، بۆ ئەو مەبەستە پێشنیار دەکەم: یەکـەم: ئـەوەی ئـەمڕۆ پەرلـەمان کـردی، بکرێتـە نەریتێکی ساڵانەی پەرلەمان، بۆ ئەو ساڵیادەو بکرێتە دەروازەیەکی بۆ بە دەمەوە چوونی جدیانەی ئەو شارە شەهیدە و گشت ناوچە کیمیاباران کراو و ئەنفالکراوەکان. دووەم: پەرلەمانی کوردسـتان بـە فـەرمی حکومـەتی یـەکگرتووی ئاینـدە تەکلیف بکا، کە ئاوەدانکردنـەوەو خزمـەت کردنـی شـاری هەڵەبجە بکاتـە ئەولەویـەتی کـاری خـۆی و بـۆ ئـەو مەبەسـتە بودجـەی دیـاریکراوی بـۆ تـەرخان بکـات. سـێیەم: پەرلـەمانی کوردسـتان داوا لـە پەرلـەمانی عیراقـی فیـدراڵ بکـات، ئـەو یارمەتیە نێو دەوڵەتیانەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ئەو بودجەیەی کـە دەوڵـەت بـۆ ئاوەدانکردنـەوە دیـاری دەکـات، پشکێکی شیاو وگونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەی شەهید تەرخان بکات. چـوارەم: پەرلـەمانی کوردسـتان حکومـەتی هەرێم تەکلیف بکات بۆ بە پارێزگا کردنی هەڵەبجەی شەهید بە ڕەسمـی و ئێمـە لـەم بارەیـەوە داواکارییـەك بـۆ تەئکیـد کردنەوە دەخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ زانیاری جەنابیشتان ئـەو داواکارییـەی کـە دامـان بـە پەرلـەمان بـۆ یاد کردنەوەی ئەم ڕۆژە هەمان داواکاریشمان داوە بە پەرلەمانی عێراق لە ڕێگەی پەرلـەمانتارە کوردەکانـەوە، هیـوادارین بە گوێمان بکەن. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـەین, کـە ئـەم کۆبوونـەوەو کـاری بەرنامـەیان تـەرخان کـرد بـۆ مەسەلەی هەڵەبجەی شەهید, بەڕێزان منیش بە کورتی چەند ئاماژەیەك دەکەم و ناچمە نـاو تەفاصیلەوە, بـەڕێز کـاك محمدی حاجی محمود ئاماژەی کرد بۆ وەزعی ئێستای هەڵەبجە کە ئەو بۆنەیەش لەوێ هەیە, ئێمـەش بـە هـەمان شـێوە بیرتان دەکەینەوە کە شتێکی ئاوا بـووە, بـەس هـەر لێـرەوە داوا دەکـەین لـە خـەڵکی هەڵەبجە, کـە چـۆن هەڵەبجە بۆتـە مەڵبەندی رۆشنبیری و ئاینی و لەنگە فرۆشەکان, هەرواش مەسیرەی هەبێت, هەرواش پرۆسـەی هەبێـت, داوای دەکـەین بە ئاشتیانە وبە زانستیانە وبە ئصولیانە داواکانیان پێشکەش بکـەن و پـەنا بـۆ شـتی تـر نەبـەن, خۆشەویستان ئـەوەتان یاد کەمەوە ئەگەر بێتاقەتی خەڵکی هەڵبەجە هەبێت, لەم رۆژە بێزاری هەبێت, ئەوەش بۆ دوژمنایەتی نییە, بەڵکو بـۆ دڵسۆزیە, دەیانەوێ پرۆسەی هەڵەبجە پارێزراو بێت, دەیانەوێ ئەو ناسنامەیەی کە هەڵەبجە داویەتی بـە کـورد پـارێزراو بێت, تەنها مەبەستی خەڵکی هەڵەبجە لێرەدا ئەوە بێت تەنها ئەو پێناسەیە بپارێزرێت, کە کوردی ناسـاند پـێ دەچـێت لەم رۆدا لە دەرەوەش نەك لە کوردستان یـادی هەڵەبجە بکرێـتەوە, خۆشەویستان دەمـەوێ بـە کـورتی ئامـاژە بکـەم بـە تاریخی هەڵەبجە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران, بۆ ئـەوەی جەماوەرەکـەمان چاکتر و باشـتر هەڵەبجـە بناسـن, هەڵەبجـە سـەدو حەڤدە ساڵە قەزایە, ساڵی 1889 لە سـەردەمی عوسمانیـەکان, عوسمـان پاشـای جـاف یەکـەم قائیمقـامی هەڵەبجـە بـووە, کەواتە هەڵەبجە جێگای بایەخە, نزیکەی(55)هەزار دانیشـتوانی هەیـە, و هەڵەبجـە(146) گونـد لـە دەوروبـەری هەیـە, ئەمە کورتەیەك  باسی ئەو وەزعی هەڵەبجە, و زیاتر کاتتان لێ نەگرم, دەڵێم لێرەوە دام ودەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێم ئیشـی کـردووە بـۆ هەڵەبجـە, بـەلاَم ئایـا بۆچـی دیـار نییـە؟ لەبـەر ئـەوەی هەڵەبجـە وێرانـە بـوو, هەڵەبجـە کـەلاوە بـوو, هەڵەبجە پـێش سـاڵی 1988 پـێش کیمیابـاران شـار بـوو, بـەلاَم دوای ئـەوە بـوو بـە وێرانـە, دام و دەزگاکـانی حکومـەتی هەرێم ئیشی بـۆ کـردووە, بەرپرسـی وەحـدەی ئیـداری هەڵەبجـە بەرپرسـانی مەیـدانی, دەڵـێن ئەوەنـدە ئـیش کـراوە بـۆ هەڵەبجە30٪ئیش کراوە بۆ هەڵەبجە وەکو ساڵانی پێش 1988ی لێ بێتەوە, واتە ماویەتی لە70٪ ماویـەتی هـەتا وەکـو ساڵی پێش 1988لێ بێتەوە وئاوەدان بێـتەوە, بۆیە ئەو پرۆژانەی پێوە دیار نییە, چونکە کەلاوە و وێران بووە, کەواتـە ئیشی بۆ کراوە, با نەڵێن هیچی بۆ نـەکراوە, لەگـەڵ ئەوەشـدا تایبەتمەنـدی هەڵەبجـە دەخـوازێ, دەکـرا شـتی باشـتری بـۆ بکـرێ, بـەلاَم وەزعـی خۆمـان ئـاوا بـوو وا هـاتووە, ئومێـد دەکـەین لـە داهـاتوودا وا نـەبێت, وە لێرەشـەوە داوا دەکـەم لـە برایانی ئەندام پەرلەمانتاران کە یەك دەنگ بین ئاماژەکانمـان تـەعبیری سیاسـیانەی تیایـدا نەخوێندرێـتەوە, واتـە یـەك دەنگ بین, بۆ هەڵەبجە, چۆن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی کرد کە هەڵەبجە موڵکی هەموومانە, با هەمووشمان بەو شێوەیە قسە بکەین بۆ هەڵەبجە, ئەگەر واش نەبێت پێ ئەچێت قسەکانمان بەرهەمی نەبێـت, خۆشەویسـتان بـە کـورتی عەرزتان دەکەم, هەڵەبجە چی بۆ کراووە, وەکو چۆن بۆتان عەرزم کرد بۆ قەزاکانی تریش کراوە, بەلاَم چـونکە وێرانـە و کاول بووە, بۆیە پێوەی دیار نییە, داواکانی خەڵکی هەڵەبجەش, من لێرەوە داوا دەکەم لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ولـە ئەندامانی پەرلەمان کە برپارێکی چاك و تاریخی چارەنووس ساز بـدەین بـۆ هەڵەبجـە, بـۆ ئـەوەی دڵـی جـەماوەر خـۆش بکـەین, بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە مێژوویـەك بـۆ پەرلـەمان, ئـەم چـەند خاڵـە کـورت دەکەمـەوە, وە بـەڕێزانیش پـێش مـن ئاماژەیان پێکرد, کە داواکاریەکانی خەڵکی  هەڵەبجە ئەوەیە وەك عەرزم کردن بۆ ئەوەی ئەو ناسنامەیە بپارێزین,

خاڵی یەکەم: ئەوەیە کە هەڵەبجە ببێتە پارێزگا, ئەگەر لە رێگای دەستوریی عێراقی فیدراڵیەوەو هـەرێمی کوردسـتانەوە لـە رووی یاسـاییەوە رێگـە بـدرێت, لـە رووی قـاتعی ناوچـەکەوە, جوگرافیـای ناوچـەکەوە, دانیشـتوانی ناوچـەکەوە, تایبەتمەندی ناوچەکە, بەڵگەی هەیە و رێگە هەیە کە بکرێتە پارێزگا. زانکۆیەك بۆ هەڵەبجە زۆر زەروریـەو داواکاری خەڵکی هەڵەبجەیە و, پێدەچێ لە قەزا و ناحیـەکانی تـر زانکـۆ هـەبێت و, هەڵەبجـە زیـاتر دەرازێنێـتەوە و پێدەچـێ لـە بادینانەوە بۆ ناوچەی گەرمیان قوتابیانی کوردستان حەز ئەکەن قوتابیانی ولاَتانیش حـەز ئەکـەن لـە زانکـۆی هەڵەبجە دەوام بکـەن, کەواتـە گونجـاو و لـەبارە زانکۆیـەك هـەبێت. ئومێـد دەکـەین کـە گرفـت و داواکـانی کۆمەڵـەی قوربانیـانی هەڵەبجە مەشغولیەتی هەڵەبجە لـەم دانیشـتنەدا و لـە حکومـەتی یـەکگرتووی ئایینـدەدا, بـە تـەواوی داواکـانی کۆمەڵـەی قوربانیان چارەسەر بکرێتەوە, کە سەرۆکی پەرلەمان خوێندیەوە, هەروەها ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو نیشتەجێ کردن و نەمانی ئاساری ئەو وێرانیە ئومێد دەکەین لەم رووەوە پرۆسەیەك دابرێژین, بەڕێزان دەمـەوێ عەرزتانکـەم هەڵەبجـە

مەزارێکی بۆ کراوە، مۆنۆمێنتەکی هەیە هەر ئەوە دیارە، بیانیەکان و خەڵکە بێگانەکان کە دێن مەزارەکە دەبینن، کە دەچێتە ناو هەڵەبجەوە سەیر دەکات وێرانی پێوە دیارە، ئەوە دەبێتە تەعنێك بۆ خۆمان، لەبەر ئەوەی ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە پێناسەکەمان چاکتر دەپارێزێ و زیاتر رێز و قەدرە بۆ هەمووومان، چۆن هەڵەبجە رێزێکی مەعنەوی و سیاسی بۆ هەمووومان دروست کرد، پێویستە هەمووومان ئەو رێزە بپارێزین، هەروەها داواکاری خەڵکی هەڵەبجە ئەوەیە کە سندووقێکی مەرکەزی هەبێت بۆ ئەو خێرخوازانەی، بۆ ئەو رێکخراوانەی کە هاوکاری بۆ هەڵەبجە دەنێرن، ئەو سندووقە مەرکەزیەش نوێنەری حکومەتی تێدا بێت، خانەوادەی شەهیدان، رێکخراوە مەدەنییەکان، بۆ ئەوەی زیاتر ئیهتیمام بە هەڵەبجە بدرێت، خۆشەویستان لەرووی باری تەندروستی و رۆشنبیری و هەروەها کشتوکاڵ و، هەروەها پارك و باخچەو ئەوانەش ناچمە ناو تەفاصیلەوە، کاتتان لێ ناگرم، لەبەر ئەوەی داواکارییەکان و پرۆسەکە لەبەردەم بەڕێزان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە و ناچمە ناو تەفاصیلەوە، زۆر پێویستیشی بەوانە هەیە هەڵەبجە، هەروەها سەنتەری رۆشنبیری و یاریگایەکی بۆ دەرچووە هەڵەبجە، تاکو ئێستاش هیچی بۆ نەکراوە، هەروەها هۆڵی نییە، شوێنی پێویستی نییە، عەرزم کردن ئەگەر بتوانرێ لە بەرنامەکەماندا چاکتر هەڵەبجە بکەینە شوێنێکی ئاوەدان، شوێنێکی دیار، بۆ هەمووومان چاکترە، بۆ ئایندەمان چاکە، داوا دەکەین کە لە ئەمڕۆوە ئاماژە بە خاڵێك بکەین رۆژێکی تایبەت دیاری بکەین بۆ هەڵەبجە، چونکە ئەمە بۆنەیە وەکو عەرزم کردن پێ دەچێ ئەمڕۆ لەدەرەوەی هەرێمیش یادی هەڵەبجە بکرێتەوە، بەڵام پەرلەمان رۆژێك دیاری بکات بۆ خواستەکانی خەڵکی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی جەماوەری هەڵەبجە هەموو دڵخۆش بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئینشائەڵڵا هەڵەبجە بەرێتە دۆخێکی ترەوە، جارێکی تر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم دانیشتنە تایبەتیە بەراستی سوپاسێکی گەرمی سەرۆکایەتی ئەکەین، کە ئەم دانیشتنەی تایبەت کردو، داواکاری ئەندامانی هەڵەبجە و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی تر، ئیستیجابەیەکی گەرمی لەگەڵدا کرا، لەم پەرلەمانە، پەرلەمانی کوردستان هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانمان ئەنێرین، شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی ترمان، ئێمە خۆشحاڵین وەکو تاکێك لەناو هەڵەبجەوە لەگەڵ هەموو موعاناتەکانی هەڵەبجە بەراستی کاتمان بردووە، هەر لە قەصف بەرکەوتە بووین، لە کیمیا بارانیشەوە ئەتوانین بڵێین عومرێك کە سەراپای کارەساتە دوا لەدوایەکەکانی هەڵەبجە تیایە پشکی خۆمان تێدا بووە، خەونی هەڵەبجە کوردستانێکی ئازاد بوو، بۆنی پەرلەمانێکی سەربەخۆی خۆی بوو، ئەگەر شەهیدانی هەڵەبجە ئەمڕۆ بیانتوانیبایە قسە بکەن دڵخۆش بوون، ئاهەنگیان دەگێرا بەم حزورەی کوردستان و بەم پەرلەمان سەربەخۆیە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە سەرسام دەبوون لە کۆمەڵێك شت دوای دە ساڵ، لە دیمەنی هەڵەبجەیەکی کیمیا بارانی ناسنامەی ناساندنی کورد بە دونیا و بەسەر گەلانی جیهان، حەز دەکەم ناخی خۆم بەراستی لێرە بخەمە بەر دیدی جەنابتان، لە جەژنی قوربانیدا حەزم کرد جەژن لە هەڵەبجە لەناو کەس وکارم بکەم، بەڵام بریا ئێستا لەپێش چاوی جەنابتان دەبوو بانگیان کردم، تەبعەن دوو، سێ رۆژ لەسەر یەك باران بوو، بانگیان کردم بەیانی زوو وەرە دەرەوە سەیری کۆڵان بکە، بینیم مندالانی کۆڵان هەموو خۆیان گۆڕیوە و جلی جوان و دەم بەزەردە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ رێزم بۆ جەنابتان پێڵاویان لە عەرز گیر بوو بوو لەناو قوڕەکە، بەهیچ جۆرێك نەیاندەتوانی قاچیان لە عەرز بکەنەوە، یانی دڵ گرانیەکی وام بۆ دروست بوو، بەراستی وادەزانم لە بەینی دوو کۆڵاندا ویستم دوو سەردان بکەم، سێ جار سەیارەکەمان چەقی، نەمدەزانی خەجاڵەتی چۆن بکەم، ئێمە پاداشتمان بۆ هەڵەبجە و بۆ کەس وکاری هەڵەبجە وائەزانم خەونەکانیان زۆری هاتۆتە دی، سوپاس بۆ خودا کوردستان ئازادە و پەرلەمانی خۆمان هەیە، ئەشێ بڵێین داواکارییەکانیان شتانی بەدیهی نین، ناتوانین ئێمە بیکەین، ئەگەر بێتو بە هەند بگیرێ لەلایەن هەموو لایەکەوە، هەڵەبجە وەکو دەزانین دوای کیمیا بارانیش و دەست پێکردنەوەی ژیانی ئازاد، جارێکی تر بەداخەوە لە پاڵ دیوارە رووخاوەکانی بووە لانکەی شەڕی ناوخۆ و ئازاردانی دایکە جەرگ سووتاوەکان، ئێمە ئەو لاپەرانە هەموو بەلاوە دەخەین و بە گیانێکی پێکەوە بوون و لەم پەرلەمانە بڕیار بدەین، بۆ نموونە ئەمڕۆ لە ساڵیادی کیمیا بارانی هەڵەبجە و لە $3/16$دا لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵەبجە دروست ببێ و لەگەڵ پاڵپشتێك بۆ هەموو ئەو

پێشنیاره باشانەی کەکران, بەڵام ئەمەش شتێکی دیاریکراو و کاتی بێت و زەمەنی بۆ دیاری بکرێت, بەدواداچوونێکی گەرم بکات بۆ سەرجەم ئەو داواکارییانەی کەس وکاری شەهیدان و هەموو هاوڵاتیانی ناو هەڵەبجەوە, وا ئەزانم بەرکەوتە بوون و بێ بەش نەبوون لەو زەرەرمەندیە, لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو زۆرێك لە خواستەکانیان چ لە بواری تەندروستی, کە بەراستی وەکو لیژنەیەکی پەرلەمان سەردانی هەڵەبجەمان کرد و خەستەخانەکەمان لە نزیکەوە بینی, بەڕێزان ئەندامانی نووسینگەی هەڵەبجە ئەزانن, ئەو خەستەخانە گەورەیە خاوەن سێ سەد بەتانی کۆن بوو, کەلەو کۆڵانانە بکەوێ کەس هەڵیناگرێ, نەخۆشەکان خۆیان سۆبەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو, وەڵڵا بەشی بووژانەوەی دڵ, بەراستی ئەوەی ساغ بووبایە بە نەخۆشی ئەهاتە دەرەوە, کارەبای هیچ تێدا نەبوو, هەمووی خەمە حەز ناکەین بچین دیمەنەکان ببینین, بەراستی ئەمڕۆ بەدڵ حەزم دەکرد لەسەر مەکۆی گۆڕی ئەو دۆست و ئازیزانەم بم, بەڵام نەمدەزانی بڵێم ئاها ئێمە بێ ئینصاف نین, کراوە و نسبەتێکی باشیشە, بەڵام لەچاو کارەساتە گەورەکەی هەڵەبجەوە وادەزانی لە ئاستی پێویستدا نییە, رق و کینەی ئەمڕۆی لاوانی هەڵەبجە هەمووی بەسەلبی لێك نەدەدینەوە, ئەگەر دوو سێ هەفتە پێش ئێستا بەراستی وائەزانم لە لاپەڕەی رۆژنامەکانەوە هەموو قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەمە رووئەدا, لیژنەیەکی بە سەریعی بەدواداچوونێکی بکردایە و بەڵێنی بدابایە بە سەقفێکی زەمەنی داواکارییەکانتان جێبەجێ دەکەن, وابزانم ئەو خۆپیشاندان و جەوە ناشایستەی کە کەسمان پێمان خۆش نەبوو ئەمڕۆ رووبدات, لە هەڵەبجە رووینەئەدا, بۆیە جارێکی تر دووبارەی ئەکەمەوە داواکاریم ئەوەیە کە لیژنەیەکی تایبەت لەم دانیشتنە تەشکیل بکرێت, لە مودەیەکی زەمەنیدا بەدواداچوونێك بکات بۆ داواکارییەکانی خەڵکی هەڵەبجە وبشتوانین بەراستی پێیان بڵێین و رایبگەیەنین کە ئێمە توانیمان لەسەدا ئەوەندەی داواکارییەکانتان کە رووی لە ئێمە ئەکرد, بۆتان جێبەجێ بکەین, سوپاس بۆ هەموو لایەك و سوپاس , سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دەستخۆشی ئەم کۆبوونەوەیەتان لێ دەکەم, من پێشنیار دەکەم کە هەموو ساڵێك لە یادی $3/16$ دا کە ئەم ساڵ نەکرا بەداخەوە, پێشنیار دەکەم لە ساڵانی ئایندەش لە $3/16$ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی بۆ هەمیشە بەرزو پیرۆز راگرتنی ئەو یادە لە هەڵەبجەی شەهیددا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ, برادەران ئیشارەیان بە زۆر شت دا, من دەڵێم هەڵەبجە با وەك موعاناتی شارێك چاو لێ نەکەین بەراستی, هەڵەبجە وەك هەموو غەمی نەتەوەیەکە کە پێویستیمان بە پرۆژەی نەتەوەیی و بەرنامەی نەتەوەیی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی هەڵەبجە لە هەموو بوارەکاندا, جا بە حوکمی ئەوەی من خەڵکی دەڤەرەکەم و سەرپەرشتی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم لە هەڵەبجەی شەهید, زۆرترین چین وتوێژە جیاجیاکانی خەڵکی دەڤەری هەڵەبجە و ناوچەکە دێنە نووسینگەی پەرلەمان, پێشنیار و داواکاری پێشکەش بە ئێمە ئەکەن, بۆیە من کۆمەڵێك پێشنیار و داواکاری بەناوی ئەوانەوە لام گەڵاڵە بووە, حەز دەکەم عەرزی جەنابتانی بکەم, سەرەتا پێشنیار دەکەم $3/16$ وەك رۆژێکی نێو نەتەوەیی پەرلەمانی کوردستان هەوڵی بۆ بدات, وەك رۆژێکی نێو نەتەوەیی بۆ بەگژداچوونەوەی چەکی کیمیاویی و کۆمەڵ کوژ لە جیهاندا.

دوو: سەدام حوسێن و رژێمەکەی لە هەڵەبجە دادگایی بکرێن.

سێ: هەروەك برادەران ئیشارەیان پێدا هەوڵ بدرێ ئەگەر لەرووی یاسایی و دەستوورییەوە گرفت نەبێت, هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا.

چوارەم: قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی سەرجەم قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە و زیان لێکەوتوان.

پێنج: داوایەکی یاسایی تۆمار بکرێت لەسەر ئەو وڵات و کۆمپانیانەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەستیان هەبووە, یان هاوکاری رژێمی بەعس بوونە لە دروست کردنی چەکی کۆمەڵ کوژ و کیمیاوی, کە بێگومان ئەگەر ئەو داوا یاساییانە بەری هەبێت, ئەوە ئەبێت بە دیکۆمێنتێکی نێو نەتەوەیی بۆ مەسەلەی نەتەوەییمان, وەك ئەتوانرێ وەك هەڵۆ کۆستەکەی جولەکە بەراستی ئیستیسمار بکرێ لە ئایندەدا, سەرەڕای ئەوە ئیلتیزاماتێکی زۆر ئەخاتە ئەستۆی ئەو وڵات و کۆمپانیایانە کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری لە دەڤەرەکە و لە کوردستانیشدا.

شەش: من داواکارم لە کاتی دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستاندا, بودجەیەکی تایبەت بە بوژاندنەوە و ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە دیاری بکرێت, یان ئەگەر ئەوەش نەکرێت سندوقێکی ئەعماری تەنمیە دابمەزرێت, لەرێگەی ئەو سندوقەشەوە موفاتەحەی دوەلی مانحە و ئەو وڵات و رێکخراوە و لایەنانە بکرێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوسۆزن لەگەڵ کێشەی هەڵەبجە یان لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد.

حەوت: داوا لە حکومەتی ئیتیحادی بکرێت کە هەروەك چۆن هەمیشە پابەندبوونی خۆی و ئیلتیزاماتی خۆی بەرامبەر بەو پرۆتۆکۆل و ئیتیفاقیە نێو دەوڵەتیانەی کە سەدام حوسێن و رژێمەکەی لەسەردەمی ئەوان کراوە لە زۆر موناسەبات و بۆنەدا پابەند بوونی خۆیان رادەگەیەنن, ئاواش وەکو ئیلتیزاماتێکی ئەخلاقی و ویژدانی دەرهەق بە هەڵەبجە و کێشەی هەڵەبجە بودجەیەکی تایبەت دیاری بکەن, بەدەر لە بودجەکەی هەرێمی کوردستان و, بەرنامەی ئاوەدان کردنەوەیان هەبێت.

هەشت: بەداخەوە بەهۆی کارەساتی نەگریسی شەڕی ناوخۆوە و, دەرهاوێشتەی ئەو شەڕە ناوخۆیەش, وەزعێکی نا تەبیعی و ناسروشتی لە هەڵەبجەدا, بەدەر لە ئیرادەی خەڵکی ناوچەکە باڵا دەست بوو, وایکرد کە هاوکاری و ئاوەدانکردنی حکومەتی هەرێم, بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تردا کەمتر بگاتە دەڤەرەکەی ئێمە, هەر بۆیە لێرە داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان لە کەناڵەکانی خۆیەوە, حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیلتیزام بکات بەوەی کە بە بەرنامە و پرۆژەی تێروتەسەلی و هەمە لایەن حکومەتی هەرێمی ئایندە, قەرەبووی چەند ساڵەی غیابی خۆی لە ناوچەکە بکاتەوە, بە دروست کردنی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە و ئاوەدانی لە دەڤەرەکەدا.

نۆ: من داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان بەرەسمی داوا لە تیپی زەیتونی کۆریا بکات, کە بەشێك لە کارو پرۆژەو چالاکیەکانی لە هەڵەبجە جێبەجێ بکرێت.

ئەمە سەرجەم ئەو پێشنیار و داواکارییانەن, ئومێدەوارم لە ئایندە پەسند بکرێن و کاریان بۆ بکرێت, هەوڵ بدرێت بەشێك لە موعاناتی ئەو خەڵکە کەم بکرێتەوە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ببورن ئەوانەی ئەندامانی پەرلەمان کە خەڵکی هەڵەبجەن, ئەوان قسە بکەن, لەبەر ئەوەی پاش دکتۆر فوئاد ئەوانەی کە زۆر داوایان کرد بە ئیجازەی ئێوە رێگەیان پێ بدرێ قسە بکەن.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستاندا, تاوانێکی مرۆیی گەورە بوو و, بەکارهێنانی لەشاری هەڵەبجە تاوانێکی نمونەیی بوو, ئەتوانین بڵێین وەك تاوانەکانی خاپوور کردنی هیرۆشیما و ناکازاکی بوو, بەداخەوە کارەساتی هەڵەبجە تەنها ئەوە نەبوو پێنج هەزار کەسی بێ تاوانی کرد بە قوربانی, نزیکەی بیست هەزار کەس لە دانیشتوانەکەی تا ئێستاش ئەناڵێنن بە دەست چەکی کیمیاویەوە, بەڵام ئەو ئاسەوارەی لەسەر ژینگە و لەسەر دانیشتوانەکەی بەجێ هێشتووە, لێکۆڵینەوە زانستیەکان دەریانخستووە کە بەدەیان ساڵی تر و بۆ نەوەکانی داهاتوو بەداخێکی زۆر گرانەوە لەوانەیە بەردەوام بێت, ئێمە لەساڵی 1998دا بە یارمەتی مەعهەدی کوردی لە واشنتۆن, بەیارمەتی و هاوکاری زانکۆی هەولێرو سلێمانی و دهۆك, لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان کرد و دەرکەوت کەوا دانیشتوانی شاری هەڵەبجە ئەناڵێنن بە دەست چەندین نەخۆشی دەروونی و عەزوییەوە, وەکو نەخۆشی سەرەتان و نەخۆشی زگماکی و نەخۆشی دەروونی و نەخۆشی پێست و چاوو و هەناسە و گەلێك نەخۆشی تر کە ئەمانە هەموویان بارگرانیەکی نەك هەر تەندروستی و کۆمەڵایەتی, شێواندنی ژیانی کۆمەڵایەتی وئابووری ئەو شارەیان دروست کردووە, ئەمەوێ لێرە بڵێم کارەساتی کیمیا باران لە کوردستاندا, بە بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بەرفراوانی بەرنامە دارێژراو لەلایەن رژێمی صەدامەوە لەساڵی 1987 و 1988 دا, لەکوردستاندا بێجگە لەشاری هەڵەبجەدا دوو سەدو پەنجا دێ و شارۆچکەی ئەم کوردستانە بەکیمیاوی لێدراوە, ئێمە مەزندە دەکەین دوو سەدو پەنجا هەزار کەس لەم کوردستانە قوربانی چەکی کیمیاوین, کەتا ئێستاش هەندێکیان لەوانەیە خۆشیان نەزانن کە لەدوا رۆژدا بەداخەوە چیان بەسەردێت, بەڵام ئێمە لەراستیدا

دەستمان لەسەر دڵمانە بۆیان کەوا لەوانەیە گەلێك لەوانەی کە چەکی کیمیاویان بەرکەوتووە لەشارەکان و لەو دێهاتانە کە لەئەنجامدا تووشی گەلێك نارەحەتی و نەخۆشی ببنەوە، لەبەر ئەوە من نامەوێ گەلێك لە داواکانی برادەرانی خۆم دووبارە بکەمەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە بەلای منەوە وەکو پزیشکێك، کەوا داوا بکەین دەزگایەکی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە ژینگەی هەڵەبجە، بەتایبەتی لە ئاو ولە هەواو لە خۆڵی هەڵەبجە تا بزانین زیانی چییە بۆ نەوەکانی کە ئێستا لە هەڵەبجەدا دەژین، لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پیاچوونەوە و دیراسە کردنی، بۆ ئەوەی شتەکان بە هەرەمەکی نەکرێت، کەوا چی پێویستە بکرێ وچی پێویستە لە پێشەوە بکرێت، ئەولەویات چییە، لەبەر ئەوە ئێمە لەو رۆژانە کە سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی سلێمانیمان کرد، لەگەڵ کاك عومەر فەتاح دا دانیشتین و دەرکەوت کەوا لەو چەند ساڵەدا نزیکەی بایی حەفتا ملیۆن دۆلار پرۆژە لە هەڵەبجە کراوە، بەڵام هەروەکو برادەران ئاماژەیان پێکرد هەڵەبجە شارێك بوو وێران کرابوو، کارەبای تێدا نەبوو، ئاوی تێدا نەبوو، تەلەفۆنی تێدا نەبوو، بینای تێدا نەمابوو، کۆڵانەکانی بووبو بە زبڵخانە، کاتی خۆی لە پاش راپەڕین بەسەدان تەن بەلەدیەی سلێمانی هەموو ئالیاتی خۆیان برد بۆ هەڵەبجە، بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شار نموونەی وێرانکردنی پێوە دیار بێت، پێم وایە شتێکی سەیر نییە، بەڵام ئەمە پاساو نییە بڵێین نابێ هیچ ئیش نەکرێ، بەراستی ئەبێ زۆر شتی تر بکرێت، ئەبێ دڵنەوایی خەڵك بکرێ و لایەنێکی گەورەی کارەساتی هەڵەبجە شێواندنی دەروونی خەڵکە، ئەو کارەساتە تەنها کارەسات نەبووە لە هەڵەبجە لەساڵی 1974 رژێمی پێشوو شارەکەی بۆمباران کرد، لە ساڵی 1987 گەڕەکێکی سەرتاپای شارەکەی وێرانکرد، لەبەر ئەوە کارەساتی هەڵەبجە، کارەساتێکی بەردەوام بووە لە دەیان ساڵی پێشووەوە و راپێچ کردنی خەڵکەکە بۆ دەرەوەی کوردستان و ژیان لەژێر بارێکی نالەبار لە ئوردوگاکاندا و گەڕانەوەیان دووبارە ئاوارەکردنیان بۆ جێگەی دوور لەشاری هەڵەبجە، ئەمانە هەمووی بارێکی دەروونی وا نالەباری دروست کردووە، کە من پێم سەیر نییە خەڵکی هەڵەبجە کە بەداخەوە ئەیڵێم ئەمڕۆ وا رەنگدانەوەی ببێت بەسەر رەوتی یاد کردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە، کە ئەمە لەراستیدا شتێکی ناشیاوە، ئێمە ئەبێ بزانین کارەساتی هەڵەبجە، کارەساتی هەڵەبجەییەکان نییە، کارەساتی تاکی هەڵەبجە نییە، کارەساتێکی جینۆسایدە کە بەرامبەر بە کورد کراوە، ئەبێ ئێمە ئاوا تەماشای کارەساتی هەڵەبجە بکەین، وا بە گەورەیی هەڵیبسەنگێنین، بچووکی نەکەینەوە و بیکەین بە کارەساتی عەشیرەت و بیکەین بە کارەساتی کۆمەڵ و حزب و لایەن و تاکە کەس، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ ئەو کارەساتە وا بە گەورەیی رایبگرین و داوا لە حکومەتی عێراق بکەین کە پیاچوونەوەیەکی هەبێت بۆ تاوانبار کردنی رژێمی پێشوو، کە کاری جینۆسایدی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من ئەزانم هەمووتان حەز دەکەن قسە لەو یادە بکەن، چونکە هەریەکە دەیەوێ هەستی خۆی بەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە بڵێت، پێشم وایە ئەوانەی قسەیان کرد تەعبیر لە هەریەکە لە ئێوە دەکەن و هەریەکە لە ئێمەش دەکەن، لەبەر ئەوە ئیجازەم بدەن ناتوانم مەجال بدەم هەموو قسە بکەن، تەنیا پێشتریش چوار کەس داوایان کردبوو، ئەو چوار کەسە ناوم نووسیوە، عەفوم بکەن ئەگەر هەموو بێت زۆر دەبێت، مەجالی یەکێك بدەم مانای دەبێ مەجالی هەمووان بدەم، چوار پێنج کەس زیاتر نییە، ئەو ناوانە دەنووسم عەفوم دەکەی کاك عوسمان، لەبەر ئەوەی ناوم نەنوسیوە، ئەگەر مەجالی تۆ بدەم دەبێ مەجالی هەمووان بدەم، ئیجازە بدە داوامان کرد لە ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، قسەیان کرد، ئەگەر رێگا بدەم هەمووتان دەبێ قسە بکەن، چونکە دەزانم هەر هەموویان دەیانەوێ هەستی خۆیان بڵێن لەو رۆژەدا، پێشم وایە تەعبیر لە هەستتان دەکەن، ئینجا یان دەبێ رێگە بدەم هەمووتان قسە بکەن، یان دەبێ ئیجازە بدەن خۆم ئیختیار بکەم، کاك دکتۆر کەمال قسە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە:(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان, لەراستیدا چەند باسی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان بکەین کەمە, بەس من لەسەر چەند خاڵێکدا رادەوەستم, ئەوە ئەڵێم کە لە هەڵەبجە درا رژێمی دیکتاتۆر لێی نەدا, لەبەر ئەوەی دژی هەڵەبجەیە, لەبەر ئەوەی هەڵەبجە خاکی کوردستانە و لەگەڵ خەڵکی کوردستان داوای مافی خۆی و دیموکراتیەتی خۆی دەکات, لەبەر ئەوە لە هەڵەبجە درا, لەبەر ئەوە لە شوێنەکاتی تری یەکە یەکەی کوردستان درا, هەر بەردێکی کوردستان ئەگەر جوان لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت, گوللە و ناپالم و چەکی کۆکوژی پێوەیە, هەر کوڕێکی کوردستان چی هەڵەبجە, چی زاخۆ, چی سلێمانی, چی کەرکووك, لە هەموو شوێنێکی کوردستان شەهید و برینداری هەیە, لەبەر ئەمە لە هەڵەبجە درا, بۆیە بۆ هەڵەبجە وەکو شوێنێکی تری کوردستان هەرچی بکەی کەمە, لەگەڵ ئەو داخوازیانە, بەڵام ئەبێ بزر نەبێ لامان هەمووومان ئەزانین هێشتا کەموکورتیمان زۆرە, کەم وکورتیمان لە هەڵەبجە هەیە, لە کەرکووك هەیە, لە زاخۆ هەیە, لە سلێمانی, لە دهۆك, ئەبێ ئێمە وەکو تیمێك, وەکو پزیشکی پسپۆر کار بکەین, بۆ ئەوەی ئەو برینانە پێکەوە چار بکەین, خۆمان جیا نەکەینەوە لەیەك, بڵێین من کەرکووکیم عیلاقەم نییە بە هەڵەبجەوە, من سلێمانیم عیلاقەم نییە بە کەرکووکیەوە, نەخێر ئێمە هەمووومان یەك عائیلەین, خاوەنی یەك قەزیەین, ڕووبەڕووی دوژمنی دڕندە بووبوینەوە وئێستاش کەسانێك هەن ئەیانەوێ ئاسەواری ئەو دوژمنە, کردەوەی ئەو دوژمنانە, ئەو دیکتاتۆرانە چەپڵەی بۆ لێدەن و بمێنێ, بۆیە ئەبێ ئێمە بەیەك تێن هەوڵ بدەین ئەو وەزعانە چاك بکەین, کەرکووك, سنجار, زەمار, مەخمور, خانەقین, دیالە, شارەبان, بدرە, جەسان, ئەمانە هەمووی ئەمڕۆ پارچەیەکی خۆشەویستن لەلەشی ئێمەدا دابڕاوەو لە جێگایەکی تردا دانراوە, کاری بۆ بکەین, بیگەڕێنینەوە سەر شوێنی خۆی, پێویستمان بە خەڵکی هەڵەبجە و دڵ راگرتنیان و هەروەها خەڵکی هەموو کوردستان و هەموو کوردێك هەیە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت, ئەوەی هیچ نەکراوە ئەوەش گوناحە, یانی بەراستی خوێن و ئارەقەی شەهید و پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان ئەم پەرلەمانەی پێك هێناوە, حکومەتی کوردستانی پێك هێناوە, دەستووری عێراقی مەجبور کردووە دان بە مافەکانی کوردستان و کورد بنێن لە ناوی, لە دەستووری عێراق دان بەوە نراوە کە کورد نەتەوەیەکی رەئیسیە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لەو وڵاتە, دانی بە زمانی شیرینی زگماکی کوردی ناوە کە ئەم زبانە زبانی رەسمی دەوڵەتی عێراقە, ئیعتیرافی بەوە کردووە کە کوردستان ئەبێ پێشمەرگە بیپارێزێ, ئیعتیرافی بەوە کردووە فیدراڵی هەبێت, ئیعتیرافی بەوە کردووە سەروەت و سامانی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان بەکاربێت, ئیعتیرافی بەوە کردووە هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی تر لە هەموو سەفاراتی عێراق لەسەرتاسەری دنیا نوێنەرایەتیان هەبێت, ئەمە هەمووی خەون وئارەقەی ئەو شەهیدانەی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان و خەباتی جەماوەری کوردستان و لەبن نەهاتوی هیلاکی پێشمەرگەی ئێمەیە, بۆ چاك کردنەوەی وەزع لەگەڵ ئەوەین ئەو داخوازیانە کە شتێکی زۆر بەسیت و کەمن لە داخوازی خەڵکی هەڵەبجە, ئێمە ئەبێ زۆر لەوە زیاتریان بۆ بکەین, زیاتر بە پیریانەوە بڕۆین و ئەو شارە بریندارە بە شێوەیەك موراعات بکرێت, وەکو منداڵێك کە تازە لە دایك دەبێ, ئێمە سەبر سەبر لەگەڵی ئەڕۆین, بەڵام چاککردنی هەموو کوردستان مەشاریعی زۆر گەورەیە, وەکو پەرلەمان پشتیوانی لێ بکەین, داوا لە ئیدارەی خۆمان بکەین کە لەو پارە زۆرەی کە بۆ بنیاتنانەوەی عێراق دانراوە, بۆ سندوقی نەقدی دەولی کە قەرزی بە عێراق داو, کە هەموو کوردستان پێکەوە رەبت بکرێت, لەباتی قوتابخانەیەك, یان شتێکی بچووك بکەین, ڕێگای ئاسنی ئۆتۆڤان لە خانەقینەوە, بۆ لە هەڵەبجەو سلێمانی و کەرکووك وهەولێر و حاجی ئۆمەران و زاخۆ و دهۆك و شوێنەکانی تری کوردستان بگات, حەقی خۆمانە, مافی خۆمانە, سەروەت و سامانی خۆمانە, ئێمە داوای ئەوانە بکەین کە کوردستان ئەبێ هەمووی پێکەوە رەبت بکەین, هەڵەبجەش دەبێ لەناو ئەو قوڕو چڵپاوە رزگاری بێت, مناڵەکانیشیان ئەتوانن تەعین بن و بتوانن بژێوێکی باشیان هەبێت, لە هەمان کاتدا دەبێ وریا بین, یەك ریزی میللەتی ئێمە لە یەك بووندایە, لەبەر ئەوەی لە دێیەکەی من یان لە شارەکەی من شتێك ناکرێت بەرامبەر قیادەکەی خۆم بوەستم, عەرقەلە بخەمە پێش کە ئەم هەموو شتەی ئەمڕۆ قیادە ئەیکات لەگەڵ خەڵکێکی بیر توند و دواکەوتوو خەریکە ئەمڕۆ کێشەی هەموو عێراق رزگار بکات, ئەمڕۆ رەئیسی کۆماری عێراق رێزدار مام جەلال کوردە, سەرۆکی هەرێم کە هەموو دونیا لە دوەلی عوزماوە بگرە لە هەموو دنیاوە ئیعتیرافی پێکرا کە ئەم هەرێمە هەرێمێکی فیدراڵیە, یەکەی فیدراڵی لەناو عێراق ئەتوانم بڵێم ئەبێتە نموونەیەکی بەرزو جوان بۆ هەموو

شەرقی ئەوسەت، ئێمە ئەبێ یەك هەڵوێست بین، تانە لەیەكتر نەدەین، نەقدی یەك نەكەین، ئەوانەی كە كەم وكورتی ئەبینین ئەبێ بە هێمنی وەكو یەك عائیلە كە نەمانەوێ سرمان دەرچێ و بچێتە پێش دەمیان، لە میانێكدا بڕۆین دەست بخەینە نا و دەست خەڵكی زاخۆ و هەڵەبجە و كەركووك و سلێمانی و هەولێر و حاجی ئۆمەران پێكەوە كار بكەین، لەكەمین نەبین بەرامبەر یەك، ئەها ئەم خراپەی كردووە و بە كوتەك لەسەری یەك بدەین، ئێمە بەیەك هەڵوێستی سەرئەكەوین، بەیەك هەڵوێستی دوارۆژێكی باشتر و روونتر و خۆشتر و بەرزتر بۆ هەموو كوردستان و لەناو كوردستان و هەڵەبجەش دروست دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكام وایە ئەوانەی قسە دەكەن، دوو دەقە زیاتر قسە نەكەن و تیكراری نەكەنەوە، كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نامەوێ لەسەر هەڵەبجە و كارەساتی هەڵەبجە و ئێش وئازاری هەڵەبجە قسە بكەم، چونكە وەكو جەنابت گوتت راستت كرد پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، بەڵام هەندێ لە خوشك و برایانی هەڵەبجە كە باسی هەڵەبجە دەكەن، حەقە باسی ئەوەش بكەن كە چی بۆ هەڵەبجە كراوە، هەر نەڵێن هیچی بۆ نەكراوە كاك شێخ جعفر دەڵێ، دوایی باسی خەڵكی تریش بكرێ، حەقە لێرە من پێشنیاری ئەوە دەكەم جەنابت و هەموو پەرلەمانیش سوپاسی جمهوری ئیسلامی بكەین، كە تەنها تاكە دەوڵەت بوو ئەو كاتی، دەنگی هەڵەبجە و دەنگی كوردی بە دونیا ناساند، ئەو كاتی ئێمە هیچ رادیۆ و كەناڵ و تەلەفزیۆنمان نەبوو پیشانی دونیا بدەین، كاك شێخ جعفر دەڵێ ئەوە بۆ لەسەر پەرلەمان نەكەین، كاك شێخ جعفر دەڵێ سەیارەی پاسدارمان دی دزییان دەكرد، كە بەداخەوە من پێم وایە حەقە سوپاسی جمهوری ئیسلامی بكەین، چونكە ئەو رەسمانەی كە ئێستا لە ناو دونیا و پەرلەمان دەیبنین، هی جمهوری ئیسلامیە گرتویەتی و پیشانی دونیای دا، دوو ئەو خوشكە دەڵێ هیچ بۆ هەڵەبجە نەكراوەو سەیارەم لەناو قوڕ چەقیوە، یان نەخۆشخانەی هەڵەبجە ببینین كۆنە بەتانی لێیە و كەس پێی ناخەوێ، هی سی ساڵ پێش ئێستایە، حەقە بانگی وەزیری تەندروستی بكرێت بۆ ناو پەرلەمان تاكو بزانین وەزیری تەندروستی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی چی بۆ هەڵەبجە كردووە، حەفتا ملیۆن دۆلار لەیەك ساڵ و بیست ویەك رۆژدا بۆ هەڵەبجەی شەهید صەرف كراوە، من كە خۆم گوێم لەسەرۆكی حكومەتی هەرێم بووە ئیدارەی سلێمانی حەفتا ملیۆن دۆلار لە ساڵێك و بیست ویەك رۆژدا بۆ هەڵەبجە صەرف كراوە، سەدان ملیۆن دۆلاریش ئێستا لە پرۆژە دایە، برادەران ئەندامانی پەرلەمانی هەڵەبجە خۆیان دەتوانن شایەدی ئەوە بدەن كە لەجێبەجێ كردن دایە، ئیدارەی سلێمانی ساڵێك و بیست و یەك رۆژە هەڵەبجەی بەدەستەوەیە، چی بكات لەوە زیاتر، ئەو پارەی كە جەنابتان باش دەزانن كە لە پارەكەوە دەست نیشان كراوە، من ویستم ئەوە باس بكەم بەراستی، جگە لەوەش سەدان قوربانی دراوە تاكو هەڵەبجە ئازاد كراوە، دەیان سەركردە و كادیر و پێشمەرگە شەهید بوون تا هەڵەبجە لەو وەزعە رزگار بێت، بۆ ئەوە بیگەیینە رۆژێكی وەك ئەمرۆ، حەقە بەراستی سوپاسی ئیدارەی سلێمانی بكەین، من دەڵێم پێویستە زۆر لەوە زیاتری بۆ بكرێ، كە بۆی كراوە، ئەوەی كە تەقدیمیان كردووە وەكو جەنابی كاك دكتۆر كەمال وتی هیچ نییە زۆر كەمە، پێویستە زۆر لەوە زیاتریان بۆ بكرێت، بەڵام حەقە شتەكانی تریش وەكو خۆی باس بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

سەرەتا لەو رۆژەدا پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی كەس وكارو بنەماڵەی شەهیدانی ئەو كارەساتە دەكەین، هیوای چاك بوونەوە بۆ ئەو بریندارانە دەخوازین كە تا ئێستاكە چاك نەبوونەتەوە، من لێرەدا دوو پێشنیارم هەیە من نامەوێ بگەڕێمەوە سەر قسەی برایان، یەكیان ئەوەیە كە پەرلەمانی كوردستان داوا لە پەرلەمانی عێراق بكات كە لیژنەیەك پێك بێت، لیژنەیەكی كاتی بەناوی لیژنەی قەرەبووكردنەوەی هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی بەداخەوە تا ئێستا قەرەبووی زەرەر لێكەوتوانی هەڵەبجە نەكراوەتەوە، لەماوەی ئەوەندە ساڵەی كە ئێمە كاردەكەین بۆ ئەمە ئیشی لەسەر

نەکراوە, هەر دوێنێ و پێرێ تەماشا دەکەین ملیارێك و زیاتر لە ملیارێك بۆ مەدینەی صەدر صەرف کرا, ئێ باشە دەبێ لە بودجەی عێراقیش کارێکی وا بکرێت مەبلەغێکی ئاوا بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە صەرف بکرێت و قەرەبووی زەرەرلێکەوتوان بکرێتەوە, ئەوە یەك, دوو من پێم باشە لە پەرلەمانی کوردستاندا لیژنەیەك بەناوی لیژنەی بەدواداچوونی ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە پێك بێت, ئەو لیژنە دەست بەکاربێت, ئێستا چۆن لیژنەی بە دواداچوونی ماددەی پەنجاو هەشت هەیە, لیژنەیەکی بەو شێوەیە هەبێت, حکومەتی هەرێمی کوردستانیش مولزەم بکرێت لەیەکەم کاریدا دەست بەئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە بکات, ئەو لیژنەیەش بەدواداچوونی هەبێت, ئەگەر لە کاتێکدا حکومەتی کوردستان وەکو پێویست بە ئەرکەکانی خۆی رانەبوو, بتوانین ئەوانەی کە مەسئولیەتی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە سەرشان, بیانهێنینە پەرلەمان و محاسەبەیان بکەین و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**(و اذا الموؤدة سئلت بأي ذنب قتلت).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم لە باسی هەڵەبجە هەر باسەکە هەر ئەوە, بەڵام بانگەوازێك لە جەماوەری بالیسان رابگەیەنم کە ئەویش هەر لەسەر کارەساتی کیمیا بارانە.

بۆ بەڕێزان بەڕێز مام جلال سەرۆکی کۆماری عێراق

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز عدنان مفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێزان وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ لە حکومەتی عێراقی فیدراڵی, لە حکومەتی هەرێمی کوردستان, گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان.

یەکەم کارەساتی کیمیا بارانی جینۆساید کردنی بەکۆمەڵ بە چەکی کیمیاوی لە ناوچەی بالیسان, بەتایبەتی لە گوندەکانی شێخ وەسان و بالیسان و وەرێ و خەتێ لە بەرواری 1987/4/16 بە کارهێنرا و زیاتر لە دوو سەدو شەست شەهید و چوار سەد بریندار قوربانی هەبوو, جگە لە زیانێکی زۆری لە رووی ژینگە و سامانی ئاژەڵ و سامانی گشتی و هەموو بوارەکانی تر, بۆیە بە پێویستی دەزانین:

یەکەم: کارەساتی 1987/4/16 بکرێت بە کێشەیەکی تایبەت و کاری پێویستی بۆ بکرێت و بۆ دادگایی کردنی تاوانباران کە دەستیان لەو تاوانەدا هەیە, وەکو بڕیاردەر و جێبەجێکەر و فرۆکەوان.

دووەم: قەرەبووکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و بریندارەکان و زیان لێکەوتوانی ئەم تاوانە.

سێیەم: چارەسەر کردنی بریندارەکان و ئەوانەی بەهۆی بۆ ماوەیی کاریگەری کیمیاییان لەسەر ماوە بەشێوەیەکی بەردەوام و بنبڕ.

چوارەم: دیراسە کردنی ئەم کارەساتە بە شێوەیەکی مێژوویی و ئەکادیمی, لەڕووی راگەیاندنەوە گرنگیەکی زیاتری پێ بدرێ, کە لەگەڵ ئاستی مێژووی ئەم کارەساتە بگونجێ.

**لەگەڵ رێزماندا**

**جەماوەری دۆڵی بالیسان**

بەڕێز جەنابی سەرۆك, ئەو قسانەی کە ئەو برایانەی ئەندامانی پەرلەمان لە هەڵەبجەی شەهید کردیان, تەبیعی ئەوە هەمووی جێگەی دەست خۆشییە و هەمووشمان دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگە, بەڵام من پەندێکی کوردی دەڵێم (هەرکەسێك چاوەڕوانی ماڵی جیران بێت چێشتی بۆ بێنێت بە برسیەتی سەر ئەنێتەوە) بۆیە پێویستە بە خۆمان خەم لەو مەوزوعە بخۆین و ئەگەر خۆمان بەردمان لەسەر یەك دانا, خەڵکی تر دێت یارمەتیمان دەدات, ئەوە مەوزووعی یەکەم, پێشنیارێکم هەیە تەبیعی من لە دۆڵی بالیسان لە ساڵی 1987 ئەو رۆژەی کە کیمیا باران کرا و خەڵکێکی زۆر کە تووشی ئەو کارەساتە بوو, مەنتیقەی موحەرەمە بوو, من یەکێك بووم لەو کەسانە, چونکە نەدەوێران کەس تەجاوز

بکات له مەنتیقەی بالیسان بەخۆم زیاتر له بیست کەس زیـاتر لـه کارەسـاتەکە کـە وەفاتیـان کردبـوو شووشـنران و کفـن کـران و مـن تـەلقینم دان کـە بـە قاچـاغی چـووین بـۆ ئـەو شـوێنە, چـونکە کـەس نـەدەوێرا بچـێت, پێشـنیار دەکـەم لـە پەرلەمانی کوردستان ئەو بیست کەسە کە زیاتر منداڵی ساوای تێدا بوو و دایکی تێدا بوو و پیرەمێردی تێدا بوو, لەسەر لێواری رووبارێکمان شاردونەتەوە, پێشنیار دەکەم بە مەراسیمێك ئەو جەنازانە بچن بۆ گۆڕستانی بالیسان کـە شـوێنێکە میکرۆکۆیەك دانراوە, بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەو کارەساتە وەفاتیـان کـردووە, ببێـت بـە مەعلـەمێك و مەراسـیمێك بێت تا ئەو خەڵکەی کە لەوێدا شاردراوەتەوە زیاتر له بیست کەسە رووبار نەیبات و ئەو خەڵکانە شێوازێکیان بۆ بکرێت باشە, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز د. هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مـن خـەڵکی هەڵەبجـە نـیم, بـەڵام لـەو فـەترەی ئـەخیردا, سـێ جـار سـەردانی مەنتیقـەی بالیسانم کـردووە, لـە نزیکەوە بـۆم دەرکـەوت ئـەو کارەسـاتە کۆتـایی پـێ نـەهاتووە, ئـەو کارەسـاتە رۆژانـە دووبـارە دەبێتـەوە, رۆژانـە منـداڵی مشـەوەهو کـەم ئەنـدام لـەدایك دەبێـت, رۆژانـە خـەڵك موعانـاتی هەیـە, ئـازاری هەیـە ئـەمری خـوا دەکـەن, پێـرێ دوو نەخۆش له بالیسان ئەمری خوای کردووە بە موزاعەفاتی نەخۆشی کیمیـا بـارانی سـاڵی 1987, یـانی تـا ئـەمڕۆ شـتەکە دووبارە دەبێتـەوە رۆژانـە, بۆیـە مـن پێشـنیارێکم هەیـە کـە بودجەیـەك تـەرخان بکرێـت بـۆ ئـەو نەخۆشـانە کـە لـەناو هەرێمـدا چارەسـەر نـاکرێن, رەوانـەی دەرەوەی وڵات بکرێـت, بـۆ ئـەوەی رێ لـەو موزاعەفاتانـە بگـرین, هـەر چـاومان لەدەستی رێکخراوەکان نەبێت کە بێن ئەوان یارمەتیان بدەن ورەوانەی دەرەوەی وڵاتیان بکەن, ئەگەر خۆشمان نـاتوانین, حکومەتمان ناتوانێت ئەو شتەیان بۆ بکات, ئێمە یەك ملیۆن فەرمانبەرمان هەیە کە مووچـە خـۆرن, ئەگـەر مانگانـە لـە مووچەی هەر فەرمانبەرێك یەك دینار دانرێ بۆ ئەو نەوعە پرۆژانە, دەکات مانگانە یەك ملیۆن دینار, ئەوە کـەم نییـە, هـەر خۆمـان دەتـوانین یارمـەتی خۆمـان بـدەین, ئـەو کاتـە ئێمـە دەتـوانین بـە متمانـە داواکـاری هـەموو رێکخـراوە مرۆڤاییەکان بکەین, یان خەڵکانی دەرەوە بکەین کە یارمەتیمان بدەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر بانی مارانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس کە ئەمڕۆ ئەم یادە هەم لە پەرلەمانی کوردستان و هەم لە بەشێك لە وڵاتـانی ئـەوروپا بـەرز راگیرا, ئـەمڕۆ لە یادی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید هەزاران هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجەی قارەمـان دەنێـرین, بـە داخەوە ئەمڕۆ کەس وکاری شەهیدانی هەڵەبجە بەم شێوە توند وتیژیە داواکاریەکانی خۆیان پێشکەش کرد, کـە زەرەری بە هەموو لایەك گەیاند, من کە لەم کاتەدا یادی کیمیا بارانی هەڵەبجـە دەکرێتـەوە چـەندین وفـودی بیـانی هـاتووە, کـە لەم رۆژەدا لەگەڵ موعاناتی ئێمە, لەگەڵ ئێش وئازارەکانی میللەتی ئێمە بەشداری بکـەن, لەرێگـەی ئـەو شـتانەوە زیـاتر کاری خزمەت گوزاری باش بـۆ خـەڵکی هەڵەبجـە بکرێـت, بەداخـەوە ئـەمڕۆ ئـەو کـارە روویـدا, دیـارە بـەڕێزان سـنووری حکومەتی هەرێم لە کارەساتی لەم شێوەیە جگە لـە هەڵەبجـە چـەندین شـێوەی تـری هەیـە وەکـو ئـەنفال و کیمیـا بـاران کردنی چەندین شوێنی تر کە برادەران باسیان کرد, کـە بـە هـەزاران دێهـات و جگـە لـە کیمیابـاران و ئـەنفال, بـە دەیـان گوندیش کاول کرا کە تـا ئێسـتا قـەرەبووی زۆربـەی زۆری دێهاتـەکان و شـوێنەکانی تـری کوردسـتان نەکراوەتـەوە, دیـارە کوردستان شـوێنێك بـووە بەتایبـەتی سـنووری رۆژهـەڵاتی کوردسـتان, بڵـێین سـنووری ئیـدارەی سلێمانی بـە هـۆی گـەرم وگـوڕی بـەرەنگار بوونـەوەی داگیرکـەرانی کوردسـتان, فعلـەن زەغـتی زیـاتر لەسـەر بـووە, بڵـێین یـان نـەڵێین هێـرش و پەلاماردانی داگیرکەران زیاتر لەو سنوورە بووە و زەرەرو زیانی زۆرتر لەو ناوە کەوتیـە, بۆیـە ئـاوەدان کردنـەوەی دیـارە کاتی دەوێ, دیارە هـەموو لایـەك ئاگـادارن هەڵەبجـەی شـەهید تـا ئـازادکردنی عێـراق لەلایـەن شەمشـەمەکوێرەکانی دژی ئاوەدانی و دژی شارستانیەت داگیر کرابوو, وخودی هەڵەبجە بەشێك بوو لە ئەفغانستان تا ئازادی عێـراق, لەگـەڵ ئـازادی عێراق توانرا دەستی ئاوەدان کردنەوە بگات بە هەڵەبجە, دیارە ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەوە کێشەی هەڵەبجە و کێشـەی بالیسان و کێشەی کەرکوك و کێشەی ئەنفالەکان, کە هـەموو کێشـەی میللەتەکـەمانن و بارزانیـەکان و هـەموویان, بۆیـە

هەق نییە ئێمە تیروتوانج بدەین, حەقە هەموومان دابنیشین تەگبیر بکەین, چی بکەین بۆ ئەو مەئساتە گەورانەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە؟ دیارە ئێمە تەنها بەیەك ریزی میللەتەکەمان دەتوانین هەم قەرەبووی ئەم زیانە گەورانە بکەینەوە و هەم ئەو کیانەی کە بۆ میللەتەکەمان هاتۆتە کایەوە بیپارێزین, بەڵێ ئێستا جگە لە هەڵەبجە, بالیسانیش هیچی بۆ نەکراوە, شێخ وەسانیش هیچی بۆ نەکراوە, وەرێش هیچی بۆ نەکراوە, هەشت هەزار بارزانیش هیچی بۆ نەکراوە, سەدو هەشتاو دوو هەزار ئەنفالیش هیچی بۆ نەکراوە, ئەگەر خەڵکێك پێی وابێ هیچ بۆ هەڵەبجە نەکراوە, رەنگە بێ ویژدانی بێت, هەڵەبجە حەفتا ملیۆن دۆلاری بۆ صەرف کراوە, بەڵام فعلەن کاول کراوە, هەڵەبجە پێوەی دیار نییە, ئێمە بە تەئکید حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی بە تەنها ناتوانێ ئەم هەموو زیان لێکەوتوانەی سنووری وەکو باسم کرد گەرمیان و هەڵەبجە و بالیسان, کە هەمووی بێ بەختی کەوتۆتە ئەو سنوورە, بەتەنیا ناتوانێ بەو بودجەیە ئاوەدانی بکاتەوە, دیارە دەبێ هەموومان پێکەوە موساهەمە بکەین, حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان کە ئینشائەڵڵا لە چەند رۆژی داهاتوو دروست دەبێ, هەموومان پێکەوە موساهەمە بکەین لە ئاوەدان کردن و قەرەبووکردنەوەی سەرجەم خەڵکی کوردستان کەزیانیان لێ کەوتووە هەر لە زاخۆ تاکو خانەقین, خۆشمان هەموو بەیەك دەنگی زەغت بخەینە سەر پەرلەمان و حکومەتی عێراق کە بەشێك لە داهاتی عێراق و ئیجباریان بکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنەوارە جینۆسایدەکەی کوردستان دیاری بکەین, لە ئەڵمانیا پێدابگرین بۆ ئەوەی ئەڵمانیا کە ئەو کۆمپانیایەی کیمیایی داوە بە حکومەتی عێراق, مەسەلەن مانگانە یان ساڵانە وەکو چۆن جولەکەکان لە دونیا ئەوە وەردەگرنەوە, ئێمەش ئەوە وەربگرینەوە وبۆ هەڵەبجەی صەرف بکەین پێی ئاوەدانی بکەینەوە, بۆیە داواکاریم لە هەموو هەڤاڵانی پەرلەمان و هەموو برایانی بەرێزی پەرلەمان ئەوەیە, خۆمان زۆر لەوە زیاتر بە مەسئول بزانین لە ئاستی کارەساتەکان, نەك تەعن لێ دانی ئەولایەن و ئەولایەن, یان برادەرێك هەستێ ئەو سنوورە خەسارەت مەندە کەوتۆتە سنووری ئەو ئیدارە و بەعەکسەوە باسی بکەین, داواکارم لەمەولا هەموو بەیەك تێن, بەیەك دەنگ داوا بکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی و چاك کردنەوەی سنوورەکان, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەوە هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و شێخ وەسان و بالیسان و گۆپتەپە دەنێرم, بەراستی مەسەلەی هەڵەبجە مەسەلەیەکی تەقلیدی ساکار نییە, بەڵکو دەتوانین بڵێین مەسەلەیەکی سیاسی, مرۆیی, ئەخلاقیە, مەسەلەی هەڵەبجەمەسەلەیەکە کە رژێمی بەعس بەشێوەیەکی مەدروس نەخشە بۆکێشراو, بۆ تواندنەوەی دیمۆگرافیایی کورد و لەگەڵ خاکی کوردستان دایناوو, هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە کە ئەمرۆ ئێمە یادی دەکەینەوە لە عەقلیەتی بەعسدا نەخشەی بۆ دارێژرا بوو, جا بۆیە ئێمە کە باسی یادی هەڵەبجە دەکەینەوە, ئەوە هەژدە ساڵە ئێمە وشە هەڵدەرێژین, سێ ساڵیشە هەڵەبجە ئاوەدان دەکرێتەوە, چونکە هەڵەبجە ببووە تەراتێنی حزبە ئیسلامیەکان و حزبە دەسەڵاتدارەکان, ئەگەر سێ ساڵە ئاوری لێ درابێتەوە, هێشتا زۆر زۆری دەوێت بەپێی ئەو کارەساتە گەورەیەی کە روویداوە لە مێژوودا, بۆیە دەتوانین بە دڵسۆزیەوە لە ئێش و ئازارەکانمانەوە لە هەست و نەستی هەموو کوردەوەوە, کە ئەمرۆ لە هەموو دنیادا, هەموو کوردەکانی دنیا یادی هەڵەبجە دەکەنەوە, سەیری لاپەڕەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان بکەن, کێ هەیە لە کوردەکان, لە شوێنەکان یادی ئەم رۆژە نەکاتەوە, بۆیە کە ئێمە دەڵێین ئەمرۆکە پێویست ناکات ئێمە رەخنە لە یەکتری بگرین, پێویستە لە جیاتی ئەوەی رەخنە لە یەکتری بگرین, ئەو وەڵامی ئەوە بداتەوە چی بکەین بۆ هەڵەبجە, من لێرەوە هەژدە خاڵم نووسیووە زۆریان ئێوە باستان کرد, ئەوەی کەوا پێویستە کە ئێمە دەڵێین لە جیاتی ئەو تراژیدیە گەورەیە نییە وەکو هۆلۆکۆست, وەکو هیرۆشیما, وەکو قەتل و عامی ئەرمەنییەکان, کە هەموو دنیا لە رێگەی کەناڵەکانی دنیاوە بە دنیای ناساند و توانیان زۆربەی قەرەبووەکان وەکو هۆلۆکۆست ئێستا بکەنەوە, ئێمە دەبێت هەنگاو بەرەو ئەوە بنێین, داوا بکەین کە لیژنەیەك دابنرێ, یاخود ئێمە چی بکەین, ئێستا دۆسیەکی تایبەتی لە بەغدا کە دۆسێی هەڵەبجەیە دەخرێتە بەردەمی سەددام حوسێن و دارو دەستەکەی, ئێستا پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین هەڵەبجەیەکان و دەنگی هەڵەبجەییەکان بە رووی ئێمە دابنێین, ئێستا پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین کە داوا لە کۆماری

ئیسلامی ئێران بکەین, ئەو وێنانە, ئەو کاسێتانەی کە کاتی خۆی گرتۆیەتی بمان دەنێ سوپاسیشی دەکەین, چونکە لەو کاتی ئەوان لەگەڵ رژێمی عێراق شەڕیان بوو و, بە هەلیشیان زانی کە نەخۆشەکان بگوازێتەوە بۆ دەرەوەو, ئەو وێنەیەش نیشانی دنیا بدات, بۆیە سوپاسیان دەکەین, ئەوانیش مەرامێکیان هەبوو, جا بۆیە من لێرەدا دەڵێم ئێمە چی بکەین بۆ هەڵەبجە هەر کەمە, هەڵەبجە هەر تووشی ئەوە نەبوو خەڵکەکەی لەناو چوو, بەڵکو ئەوەی کە ماوەتەوە لە هەڵەبجە ئێستا بەپێی ئەو دیراسەتانەی کە ئێمە رۆژ بەرۆژ خوێندومانەتەوە لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵە, زۆر لە کەسانی هەڵەبجە چ ژن, چ پیاو تووشی نەزۆکی بوون, ژنەکانیان تووشی نەخۆشی سەرەتانی مەمك بوون, پیاوەکانیان زۆریان پەککەوتەن, زۆر لەو کەسوکارانە تووشی نەخۆشی نەفسی و دەروونی بوون, ئێمە چۆن بتوانین مەعنەویاتی ئەو خەڵکانە بەرز بکەینەوە, ئێمە لە رێی ئەو میللەتە داوا لە دەسەلأتداران دەکەین, کە بەڕاستی بە چاوێکی وەك باوك, وەکو پێویستییەك سەیری بکەین, وەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی و مرۆیی خۆمان دەبێت بۆ خۆمان ئەم کارە بکەین, دەنگی هەڵەبجە بکەینە خاڵێك کەوا پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان, لەم رۆژەدا ئێمە هەرچەند باسی هەڵەبجە بکەین هێشتا هەر کەمە, من دووبارە کردنەوەی قسەکانی برادەران و خوشکەکان ناکەمەوە سەبارەت بەو قسانەی کە کردیان, تەنیا وەکو پێشنیازێك:

1-ئێمەی پەرلەمانی کوردستان داوا بکەین لە پەرلەمانی عێراق کەوا عوزر بخوازێت لە خەڵکی هەڵەبجەی شەهید, ئەوەش ئاکامی قانونی لێ دەبێتەوە.

2-ئەمڕۆکە کۆمەڵێك پێشنیاز لەلایەن ئەو برادەرانەی کەوا خراوەتە بەردەم ئێوەی بەڕێز, جگە لە وتەکانی پەرلەمانتارانی تر, هەموو کۆ بکرێنەوە لیژنەیەك پێك بێت, بۆ پێداچوونەوەی ئەو پێشنیازانە, پاشان بخرێتە بەردەم لیژنەی قانونی وەکو برِیارێك, یان قانونێك لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێت, ئەو دەمەی کەوا حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دروست دەبێت, ئەو حکومەتە پابەند بێت بەو قانونەوە, پەرلەمانیش بە دوای دابچێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو هەموو پێشنیازانە, لەبەر ئەوە تکا دەکەم ئەو لیژنانە لەگەڵ ئەو داواکاریانە بەزووترین کات کۆ بکرێنەوەو دەست بەکار بن, بۆ ئەوەی برِیارێك, یان قانونێکیان بۆ پەسند بکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامە بەڕێزەکان, زۆر سوپاس کە توانیمان ئەمڕۆ ئەو یادە پیرۆزە بەرز رابگرین و, پێم باش بوو ئامادەکاری بکرایە, کە لەم رۆژەدا سەردانی مەزاری شەهیدانمان بکردایە لە هەڵەبجە, هەڵبەتە ئەو برادەرانە زۆر باسی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە کردیان, هەڵەبجە تەنیا کارەسات نییە و, هەڵەبجە بۆ خۆی چەندین کارەساتی بەسەردا هاتووە, جا سەیری ئەو کارەساتانەی تر بکەین لە قەڵادزێ و لە گەرمیان و لە ئەنفال و, ئەو جینۆسایدەی لە کوردستاندا روویداوە بەگشتی, دەتوانم بڵێم لە کارەساتێکی حەقیقی بووە لە کوردستان روویداوە, هەرچی بۆ هەڵەبجە بکەیت کەمە, هەرچی بۆ هەموو ناوچەکانی تر بکەیت هەر کەمە, من بۆ خۆم باوکم هەڵەبجەییە, بۆ خۆشم بریندارى کیمیایی بووم, لە پێش هەڵەبجەش بریندار بووم بە کیمیایی, خێزانەکەشم بریندار بووە, هەر لەو شوێنەی من بریندار بووم سێ سەد بریندار و چل شەهیدی کیمیایی هەبوو, لەبەر ئەوە موعاناتی کیمیایی باش دەزانم, باشیشم بیرە, کە

باسی ئەوە دەکەم ئەمە حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی مونەزەم دەیویست کورد ئیبادە بکات بە ڕەچاو کردنی سیاسیەتی زەوی سوتناك، یان بڵێین جینۆساید، بووە هۆی ئەوەی لە 70٪ی کوردستان وێران بکرێت، تەنها ئەو شارانە مابوون سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و دهۆك مابوون، هەموو دێهاتەکانی تر تەخت بوون، لەبەر ئەوەی کە باسی هەڵەبجە دەکەین بەشێکە لەو کارەساتەی کە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، من پشتگیریی لەو پێشنیارانە دەکەم کە ئەو ئەندامە بەڕێزانە کردیان بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵەبجەو، پێم وایە بۆ هەڵەبجە نەبێت، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان بێت و، بۆ هەموو دێهاتانەی کە وێران کراون و تەخت کراون، بەڵام بیرمان نەچێت کە من یەك شت هەیە گرنگە بە لامەوە، ئەوەیە کە هەڵەبجە ڕەنگە زۆر دەستی ئاوەدانکردنەوەی نەگەیشت بێتێ لێرەدا نامەوێت باسی ئەو یادەوەریە تاڵانە بکەم، کە کوردستان بەسەری هاتووە، فەرموو هەمووتان دەزانن خۆ خەڵکی غەریب نین لەم وڵاتە، هەمووشتان نوێنەرانی خەڵکن، لەبەر ئەوە هەموومان دەزانین وڵاتەکەمان بە چ مەرحەلەیەك تێپەڕیووە، ڕەنگە هەندێ کەس بڵێ ئەوە شانزدە ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام شانزدە ساڵەکە وەرن خۆتان سەیری بکەن بە چ مەرحەلەیەکدا تێ پەڕیووەو، ئەو حەسارەی لەسەر کوردستان بووە، ئەو شەڕە خوێناویەی کە ئینشائەڵڵا هەتا هەتایە کوردستان نایبینێتەوە، بووە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە کوردستاندا دوابخات و زۆر بەرەو دواوە بچێت، لەبەر ئەوە کۆمەڵێك ئەسبابی تریش هەیە کە وای کردووە، کە نەمان توانییوە بەپێی توانا دەستی ئاوەدانکردنەوە بۆ هەموو کوردستان و، بەتایبەتیش هەڵەبجە درێژ بکەین، چونکە لە هەڵەبجە وەزعێکی تایبەتی ئەوهای هەبووە، یەك مەسەلەی تر هەیە حەز دەکەم باسی بکەم کەوا زۆر گرنگە بەلامەوە دەستی گێرەشێوێنی بۆ گزێو کردنی یادەوەریەکانمان، ئێوە خۆتان دەزانن حکومەتی عێراق بە هەموو توانایەوە هەتا ڕووخانیشی وای ئیدیعا کرد کە حکومەتی عێراق لە هەڵەبجەی نەداوە، هەڵبەتە ئێمە زۆر لە خەڵکی کوردیش، من پێم وایە هیچ هەستی نەتەوایەتیان نییە، دەیانگوت گوایە ئەگەر پارتی و یەکێتی ئێرانیان دەعوەت نەکردایە هەڵەبجە وای لێ نەدەهات، خۆتان بیستووتانە، من هەموو جار دەڵێم، ئەو برادەرانە هەندێکیان وتیان سوپاس بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران کە ڕێگای دا ئیعلام بگاتە کوردستان و، ڕەسمی بگرن، دوو جار ئیعلام فریای ئێمە کەوتووە، یەکەمیان لە هەڵەبجە کە جمهوری ئیسلامی ئێران تەبعەن بۆ بەرژەوەندی خۆی، کە ئەو وەختە هەردوولا دەمانویست ڕژێمی عێراق بڕووخێنین دزێوی بکەین لەناو کۆمەڵگا، ئەوە بوو ئەو ڕەسم و فلیمانە گەیشتنە دەست میدیای جیهانی و، ئەم کارەساتە خۆ لە هەموو شوێنەکانی تر بوو، ئەوە لە گۆپتەپە، ئەوە لە بالیسان، شاناخسێ، هەموو کوردستان تووشی کارەساتی شەڕی کیمیایی بووە، بەڵام ئەم قەزیە گەورە بوو لەبەر ئەوەی کە ڕێگا درا بتوانێت میدیای ئێران ئەمە بگوازێتەوە بۆ میدیای جیهانی.

دووەم کارەسات کە میدیا دەوری ئەساسی بینی کارەساتی کۆڕەو بوو، گەر میدیای جیهانی بڵاوی نەکردبایەوە ئەو ڕەسمە بخاتە بەردەمی عالەم، کارەساتی کۆڕەو ڕەنگە وەکو کارەساتی تری جنووب بوایە، لەبەر ئەوە فیعلەن دەبێت سوپاسی ئەوە بکەین، کە میدیا توانی ئەم کارەساتە وەکو خۆی بە زیندوویی ڕایبگرێ، ئێستا هەندێك گێرە شێوێن، کە پێم وایە ئەمە زەرەر لە میللەتەکەمان دەدات، چونکە هەموو سەرتانسەری جیهاندا دەڵێن پێشنیارەکانتان داوا دەکەن بیکەن بە ڕۆژی جیهانی، لە هەموو سەرتانسەری جیهانی ئێمە دەمانەوێت ئەم ڕۆژە بەرز ڕابگرین مەراسیمی بۆ بگێڕین، کەچی لە هەڵەبجە نەتوانین ئەم مەراسیمە بکەین، ئەمە بۆ خۆی کەمکردنەوەی ئەو قەزیە گەورەیە نییە مردنی قەزیەکە نییە؟ لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە کە قسە دەکەین، دەبێت مەسئوولانە قسە بکەین و، موزایەدەش نەکەین و، هەوڵ بدەین ئەم قەزیە وەکو گەورەیی خۆی بیهێڵینەوە، بەچی بە گەورەیی خۆی بیهێڵینەوە، واقیعەکە ڕوون بکەینەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، دەستی گێرەشێوێنی نەهێڵین لەناو ئەو خەڵکانە بتوانین کە ئەو مەسەلە گەورانە کە خۆمان شانازییان پێوە دەکەین، کە دەبێت سەری ڕێز و نەوازش دانێین، بۆ سەرجەمی شەهیدانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یادی هەڵەبجە من سڵاو دەنێرم بۆ کەسوکاری شاری هەڵەبجەو، هەموو شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان و هەموو هەڵەبجەکانی تری کوردستان، چونکە پێم وایە کارەساتەکان زۆرن هەموو شکلێکە لە هەڵەبجە، بەڵام بە شێوازێکی تر دووبارە بوویتەوە، یەك داواکاریم لە شاری هەڵەبجە هەیە، ئەوان مافی خۆیانە کە داوا بکەن نوێنەریان هەبێت و تایبەت بێت و خەڵکی شاری هەڵەبجە بێت، بەڵام من ئەو داوایەیان لێ دەکەم کە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری هەموو کوردستانین و ئێمەش بە نوێنەری خۆیان قەبوڵ بکەن، وەعدی ئەوەشیان پێ دەدەین وەکو کەسی خۆم تەئکیدشم کە برادەران لێرە حەتمەن وەکو هەڵەبجەیی کار بۆ هەڵەبجە دەکەین، چونکە هەڵەبجە بەشێکە لە کوردستان و جیا نابێتەوە، من دوو پێشنیارم هەیە، پێم وایە ئەگەر پەرلەمان دیراسەی بکات و هەوڵی بۆ بدەین، ئەوە زۆر لە بەرژەوەندی هەموو کوردستانەو هەڵەبجەش بەشێکە لەوە، ئەوە عورفێکە لە دنیادا، کاتێك شوێنێك تووشی کارەساتێك دەبێت لە ئەنجامی ئەوەی کەسێك تاوانبار دەبێت، ئینجا بە ئەسلیحەیەك، یان بە هەر شتێك بەکار دێت دژی نەتەوەیەك، ئەو خەڵکە حەقی ئەوەیان هەیە لەسەر ئاستی دەولی موحامی بۆ خۆیان بگرن، بۆ ئەوەی دیفاع لە قەزیەکەیان بکات، ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە ئەو وڵاتانەی کە چەکی کیمیاییان فرۆشتووە بە عێراق، دەبێت ئەو وڵاتانە لە محکەمەی دەولی داوا بکەین قەرەبووی ئەو زیان لێکەوتووەکان بکەن، یەعنی لێرەدا هۆڵەندا یەکێك لەوانە بوو کە بازرگانەکە وەکو ئاگادار کراین ئەوە مەحکوم کرا لەوە، پێم وایە زۆر لە وڵاتانی دیکە تاوانبارن لەوەی کە چەکی کیمیاییان فرۆشتووەتە عێراق، بۆ دەبێت ئێمە لەسەر ئەوانە دەعوا تەسجیل بکەین و ناچاریان بکەین مادییەن بێن قەرەبووی ئەو ناوچانە بکەنەوە، قەرەبووی خەڵکی ئەو ناوچانە بکەنەوە.

پێشنیاری دووەم/ ئەوەیە وەکو من ئاگادار بوویمە کە شیعە داوایان کردووە لە نەوتی عێراق بەشێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی جنوب بەکار بێت، ئێمەش دەبێت داوا بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمەش زیان لێ کەوتووین، دەبێت لەو نەوتەی لە عێراق دەفرۆشرێت و دەدرێتەوە قەرد و دەدرێتەوە جنوب، دەبێت بەشێکیش لەو نەوتە بۆ ئەو مەنیتقانەی کوردستان دابین بکرێت، کە زەرەریان پێ کەوتووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەترسم لە دەرەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قەرزار بار بین، ئەویش ئەوەیە رەخنەمان لێ دەگیرێت و خەریکە دەبینە چەند بەشێك لەسەر باس کردنی هەڵەبجە، حەزم نەکرد قسەکان ئاقارێکی وا وەرگرن، کە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە و چی بۆ هەڵەبجە کراوە، وەکو ساحەی فتبۆلی لێ دێت، ئەم فرێی دەداتە ساحەی ئەم و، ئەمیش فرێی دەداتە ساحەی ئەو، وا خەریکە دەخرێتە ساحەی چەند لایەنی تریش، ئەوەندەیە من وەکو ئەندام پەرلەمانێك پشتگیری دەکەم کە چی لە توانای حکومەتی هەرێمدا هەیە بۆ هەڵەبجە بکرێت، هەروەها دەرزێك، من پێم خۆش نەبوو زۆر شت لە رووداو باس بکەم، بەڵام غەیری مەسەلەی هەڵەبجە، بەڵام ئەم گێرە موزاهەرەیە وای لێ کردم کە پێشنیارێك بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وەکو عەرەب دەڵێت (الوقایة خیر من العلاج)، بە حەقیقەت جەماوەری کوردستان کە ئێمە نوێنەریانین زۆر بێ تاقەتن، بێ تاقەتی و نارەحەتی و گوێ نەگرتن لێیان زۆر جار وا دەکات کە پەنا بۆ خۆپیشاندان و موزاهەرە ببەن و، من خۆم پێم باش نییە ئیدانەی دەکەم، سوتاندنی مەزارەکان و دامودەزگا حزبیەکان، بەڵام با ئێمە

پێش لەوە بگرین کە جەماوەر روو لە حاڵەتی وا بکەن, ئێستاش کێشەیەکی گەورە لە کوردستان هەیە, ئەویش کێشەی ئەزمەی سووتەمەنییە, من تکام وایە پەرلەمانی کوردستان برایان پشتگیر بن کە هەردوو بەرپرسی سووتەمەنی لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بانگ بکەینە ئێرە لە جەلسەیەکی نزیکدا لە هەفتەی داهاتوودا, بزانین ئەم کێشەیە بۆ چارەسەر ناکرێت, چونکە دوایێ خەڵك رێی موزاهەرەی خراپ دەگرێتە بەر, ئێمەش گلەییان لێ دەکەین لەو کاتەو, من پێشنیارێکیشم هەیە بۆ قەزیەی هەڵەبجە, پشتگیری هەموو ئەو پێشنیارانەی کە کراون دەخەمە بەردەم ئێوەو ئیدارەی حکومەتی هەولێر وەکو دیارییەك لە میزانیەی 2006 میزانییەك, رێژەیەکی گونجاو بۆ شاری هەڵەبجە تەرخان بکات, چونکە ئێمە دەزانین لە میزانییەی 2006 هەردوو ئیدارەکەو حکومەتیش یەك بگرێتەوە مایەوەو وەکو یەك ماوەتەوە, هەر یەکە میزانیە لەلای خۆیەتی, داوا دەکەین لە ئیدارەی سلێمانی رێژەیەکی زیاتر لەوەی کە باس کراوە حەفتا ملیۆن دۆلار سەرف بکات, لەولاوەش لە ئیدارەی ئێرەش رێژەیەك وەکو دیاری بۆ شاری هەڵەبجە بۆ ئاوەدانی شارەکە سەرف بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ئێمە ئەمرۆ یادی هەڵەبجە دەکەینەوە, دیارە وەکو زۆر لە بەرێوەبەران باسیان کرد, کارەساتەکە گەورەیە, ئەو کارەساتەش تەنیا لە هەڵەبجە رووی نەداوە, دیارە ئەگەر باسی چەکی کیمیایی بکەین لە زۆر ناوچەی تر چەکی کیمیایی بەکار هاتووە, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم راستە ئەمرۆ یادی هەڵەبجەیەو هەڵەبجەش کراوەتە رەمز, بەلاّم با ئەوە یادی هەموو ئەو کارەساتانە بێت کە بە چەکی کیمیایی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووەو, کاتێك کە باسی هەڵەبجە دەکەین, وەکو لێرەش زۆر لە برادەران باسیان کرد, باسی هەموو ئەو شوینانەی تریش بکەین, کە بەبەر چەکی کیمیایی کەوتوون, ئەوە یەك.

دوو/ کاك بەکر باسی ئەوەی کرد, کە ئێمە قەرزاری راگەیاندنین, بە تەئکید وایە لەبەر ئەوە من لێرە پێشنیار دەکەم, لە کوردستان چەندی دەکرێت راگەیاندن ئازاد بێت, بۆ ئەوەی چی تر خەڵك تووشی مەرگەسات نەبێت, یەعنی ئەو یاسایەی کە دەردەکرێت ئازادی تێدا بە تەواوی بەرقەرار بێت.

سێ/ ئەمرۆ پێویست بوو لە هەموو رۆژان زیاتر فشار بخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەردوو ئیدارەکە یەك بگرێتەوە, لەبەر ئەوە بە رای خۆم هیچی تر لە لای من قەبول نییە یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, ئەو قسانەی تاکو ئێستا دەکرێت لە سەرکردایەتی سیاسی من رێزم هەیە بۆ سەرکردایەتی سیاسی مولتەزمین بە هەموو ئەو قەرار و قانونەی لە سەرکردایەتی سیاسی دەردەچێت, بەلاّم لای من قەبول نییە چی تر بێنە ئێرە بۆ یەك نەگرتنەوەی ئیدارە, لەبەر ئەوەی پێویست بوو ئەمرۆ زیاتر فیشار بخەینە سەر هەردوو ئیدارەکە, بۆ ئەوەی یەك بگرنەوە, راستە ئێستا ئێمە یادی کارەساتەکانی رابردوو دەکەینەوە, بەلاّم دڵنیاش بن لەوەی هێشتا مەترسی کارەساتمان لە پێش ماوە, رەنگە بە قەدەر ئەو کارەساتەی بەسەرماندا هاتبێت, بەلاّم هەر خۆمان ئێستا واقیعەکە دەبینین, هەتا ئێستاش گەلی کوردستان لەبەر هەڕەشەی دوژمنان دایە, هەتا ئێستاش کورد لە ژێر ناوچەی هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێتن, لەبەر ئەوە وەکو رۆژێکی وا ئێمە داوا لە هەردوو ئیدارەکە نەکەین یەك بگرنەوە, ئەگەر لەو یادە دا سەرکردایەتی ئەو گرنگیە لەبەرچاو نەگرێت, کەی لەبەرچاوی بگرین, لەبەر ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم داوا دەکەم یەك خاڵی تر هەیە, چۆن داوا کرا ئیش بۆ خەڵکی هەڵەبجە بکرێت, منیش لێرە داوا لە دەوڵەمەندەکانی هەڵەبجە دەکەم, لە رۆشنبیرانی هەڵەبجە دەکەم, لە دکتۆرەکانی هەڵەبجە دەکەم, ئەوانیش خۆبەخشانە و بە گیانێکی نیشتمان پەروەرانە روو لە هەڵەبجە بکەن, پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە, پرۆژەی پیشەسازی, دکتۆرەکان لە نەخۆشخانە تیماری نەخۆشەکان بکەن, ئەوانیش لە جێی خۆیانەوە, ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین زۆر لە خەڵکی هەڵەبجە لە هەڵەبجەییەکان لە شوێنەکانی

ترن, ئێستا دەتوانن بەشێوەیەك لە شێوەكان خزمەتی ناوچەكەی خۆیان بكەن, نەك هەر ئەوەو ناوچەكانی تریش و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی هەزاران سلاَو و درود بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كارەساتی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی تری كوردستان, بێگومان ئەو دانیشتنە جێی خۆی بوو, كە ئەمڕۆ بكرێت, حەز دەكەم روونی بكەمەوە, ئەمە یەكەم دانیشتن نەبوو لە پەرلەمانی كوردستان بەبۆنەی هەڵەبجەوە بكرێت و, چەندین دانیشتنی تر كراوە بەبۆنەی ئەم یادەو, جگە لەوە لەم پەرلەمانە بڕیار وەردەگیرا كە پێنج دەقیقەی كە ئێستا راوەستاین, ئەم پێنج دەقیقەیە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوەو, هەروەها یەكێك لە داواكانی ئەو خوشك و برایانەی كە قسەیان كرد بۆ پارێزگا كردنی هەڵەبجە بوو, لەم پەرلەمانە بڕیار دەرچووە, بەلاَم جێ بەجێ كردنەكەی حەتمەن پێویستی بە زەمان و كات هەیە, یەعنی پێویستی بە بارودۆخی گونجاو هەیە, ئەگەرنا لەم پەرلەمانە بڕیار وەرگیراوە بە پارێزگا كردنی ئاكرێ و, هەڵەبجە لەگەڵ سۆران, بۆیە ئەو بڕیارە هەیە لێرەدا, من بەداخەوە وا هەستم كرد لە برادەران كە باسی كارەساتەكانیان كرد لە هەڵەبجە, من پێم وایە حەقی خۆیانە باسی كارەساتەكانی هەڵەبجە بكەن, باسی كەموكوڕیەكانی خۆیان بكەن, ئەم كارەساتە پێش هەژدە ساڵ روویداوە, حكومەتی هەرێمی كوردستان تەنیا سێ ساڵ نییە لەوێ, بەڵكو شازدە ساڵە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە, یەعنی ئەوە چەند كابینەیە, وا خەریكە پێنجەم كابینەیە دروست دەكەین لە هەرێمی كوردستان, یەعنی عیلاقەی بە یەك كابینەوە نییە, یان بە یەك كاتەوە نییە, یەعنی لە ماوەی ئەم شازدە ساڵە چی بۆ هەڵەبجە كراوە, یەعنی مەفروزە وا لێك بدرێتەوە, ئەگەر گلەییش كرا حەق نییە خەڵكی تر برادەران بۆ لایەنێكی قەبول بكەن, حەقی خۆیانە گلەیی بكەن, ئەی ئەگەر ئەو وا لەناو ئاگرەكەیە و لەناو ئێش و ئازارەكەیە, ئەو زیاتر هەستی پێ دەكات, فەرقی هەیە میسالی هەڵەبجە لە زۆر شوێنی تر كارەسات بووە, بەلاَم هەڵەبجە تایبەتمەندی خۆی هەبوو, بەبۆنەی چەكە كیمیاییەكەی كەوا ئێمە باسی دەكەین, ئەگینا 182 هەزار ئەنفالمان هەیە, هەشت هەزار بارزانیمان بێ سەرو شوێن كران و ئەنفال كران, گەلی بازێمان هەیە, دەڵێن تەنها گوایە لەم ناوچانە موقاوەمەت كراوە, لە حەقیقەت وا نییە, موقاوەمەتی كوردستان لە هیچ بن بەردێكی ئەم كوردستانە نییە, كە موقاوەمەت و شۆڕش و بەرخودانی تێدا نەكرا بێت, ناكرێت بەو شێوەیە لێك بدرێتەوە, راستە تایبەتمەندیش هەبوو كە هەڵەبجە بە كیمیا لێدرا, یەعنی بە حەساسیەت شتەكان وەرنەگیرێ, یەعنی ئەگەر ئێمە باسی هەڵەبجە بكەین باسی شوێنی تر ناكەین, نەخێر باسی هەموو شوێنەكانی تر دەكەین, بۆ ئاگاداری لەوانەیە سبەی خەڵكی كەركووك بێن لێرە موزاهەرە بكەن, سێ ساڵە ئێمە كەركووكمان ئازاد كردووە, چیمان بۆ كەركووك كردووە؟ مەسەلەن هەندێك شت كراوە, بەلاَم لەو ئاستەدا نەخێر, من كە لێرەوە دەچم بۆ كەركووك دەبینم بۆ نموونە گورگە چاڵ, شۆڕاو ئاوەدان كراوەتەوە, شۆڕاو تەبعەن لە جێگای خۆی نەبوو لەم لاوە تر ئاوەدان كراوەتەوە, ئەوەی تەماشای گورگە چاڵ دەكاتن, ئەوەی تەماشای شۆڕاو دەكاتن دوو شتی جیاوازن, ئەوەی بۆ شۆڕاو كراوە دەڵێی بۆ دەوڵەمەندەكان كراوە, باشە ئەی ناو شاری كەركووك, ئێوە بڕۆن ئەو شوێنانە ببینن, بزانن چ كارەساتێكی لێ قەوماوە, لەبەر ئەوە خەڵكی ئەو مەنیتقانە وەختێك گلەیی دەكەن حەقی خۆیانە, بەلاَم دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزەرێتەوە, چۆنیەتی چارەسەر, یان باسی ئێران دەكرێت, راستە لە رێگەی راگەیاندنی ئێرانەوە ئێمە ئەو شتانەمان بینی و زانیمان, مانای ئەوە نییە ئەگەر كەموكوڕیەك, یان خەلەلێك ئێرانیەكان دروستیان كرد بێت, ئێمە نابێت باسی بكەین, نەخێر, فیعلەن ئەوانەش كراوە, نەك بەداخەوە خەڵكی خۆشمان ئەو دەست درێژی و شتی ناڕەوای كرد بێت لێرە, من خۆم دێتە بیرم یەكێك لەوانەی كە كوردە ئەو وەختە سەر بە رژێم بوو موقابەلەی تەلەفزیۆنی سویدی هاتبوو لەگەڵیاندا دەكرد, حكومەتی بەغدا بردبووی بۆ ئەوێ, بۆ ئەوەی موقابەلە لەگەڵ ئەو خەڵكە بكات, دەیوت بڵێن ئێران لێیداوە, ئەو كابرایە ناوی محەممەد پیرۆزە خەڵكی كەركووكە, كاتی خۆی موحافز بوو,

یەعنی ئێمە جاشی واشمان هەبوو، دەچوو دەیگوت بڵێ ئێران لێیداوە، نەیدەگوت عێراق لێیداوە، لەبەر ئەوە ناکرێت، ئێمە شتەکان با نەشارینەوە، حەقیقەتەکە چۆنە با بیخەینە بەر چاو، بەڵام دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، من لەگەڵ ئەو داواکاریەم، ئەو پێنج هەزار کەسەی داوایان کردووە، لەوانەیە هەندێکی چارەسەر کرا بێت، لەوانەیە فیعلەن هەندێکی پێویستی بە چارەسەر کردن هەبێت، من پێم وایە تەنها ئیشی پەرلەمان نییە، تەنها لیژنەیەکی پەرلەمان ناتوانێت ئەمە بکات، دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داواکاریە پێشکەش بکرێت، چونکە ئەوە میزانیەی پێویستە، ئینجا ئەو میزانیە حکومەت بەپێی قۆناغەکە ئەمە جێ بەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو خەڵکێکی قەڵادزێ دەمەوێت هاوخەمی خۆمان دەربڕین لەو ڕۆژە پرسە و سەرەخۆشی لە خەڵکی شاری هەڵەبجە دەکەین، لام سەیر بوو لەو یادە لە کاک بەکری زیاتر کەس باسی قەڵادزێی نەکرد، چونکە قەڵادزێ بە دەستە خوشکی هەڵەبجە ناسراوە لە تاریخی کۆنماندا، وەکو لە بیرمان بێت لە 1974/4/24 قەڵادزێ بەدەستی ڕژێمی بەعس بۆردومان کرا، لە 1974/4/26 هەڵەبجەش بۆردومان کرا، لەبەر ئەوە هاوخەمی و هاوشێوەیەکە لە نێوان قەڵادزێ و هەڵەبجە، لەبەر ئەوە من وەکو کەسێکی قەڵادزەیی هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لەگەڵ هەموو ئەو داواکاریانە داین کە خەڵکی هەڵەبجە پێشنیاریان کردووە بۆ پەرلەمان و حکومەت و، لەگەڵ هەموو ئەو ئەندام پەرلەمان بەڕێزانەدا ڕەئیمان داوە کەوا داکۆکی لە داواکاری ئەو خەڵکە بکەین و داوای قەرەبووی زیان لێ کەوتوو ئەو شارە بکەین، هەروەها داوای قەرەبووی کەسوکاری شەهیدانی شاری هەڵەبجە دەکەین، هیوادارم ئەو لیژنانەی کە پێك دێت باس لە قەرەبوو کردنەوە دەکرێت، وەکو مەسەلەیەکی تەواوەتی و شمولی کوردستان تەماشا بکرێت و، ئەو لیژنانە پێك بێن بۆ ئاوەدانکردنەوەو قەرەبوو کردنەوەی هەموو شارەکانی کوردستان، ئێمە دەزانین حەوزی پشدەر، یاخود پشدەر بەگشتی، بێجگە لەو بۆردومانەی کە یەکەم کاری جینۆساید بەرامبەر بە کورد کرا، بەڕاستی ئەو کاتەی کە قەڵادزێ بۆردومان کرا کۆمەڵ کوژی نەبوو، یەکەم کاری کۆمەڵ کوژی لەسەردەمی بەعس بوو، هیوادارم لە ڕاگەیاندنەکانیشدا لە دادگایی کردنی سەددام حوسێنیشدا ئەو مەسەلانە بخرێنە بەرچاو، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێت کار بۆ ئەو شارانە بە تایبەتی بکرێت، بودجە تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت، هەروەکو بەڕێزان باسیان کرد، ئەو شوێنانە شتیان زۆر بۆ کراوە، ناڵێین بۆیان نەکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر خاکێکی خاپوور کار کراوە، بۆ نموونە قەلادزێش و گوندەکانی دەوروبەریشی هەر هەمووی تەخت کراون، کاتێك کە ئیش کراوە هەر لە شوێنە کۆنەکان کار کراوە، لەبەر ئەوە هیواداریین چاوێکی تایبەت بەو شوێنانەی هەڵەبجەو، بە قەڵادزێ، هەموو شارەکانی کوردستان بخشێنرێت، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی هەموومان دەزانین کارەساتی هەڵەبجە کارەساتێکی دژ بە مرۆڤایەتییە، تەنها من پێم باشە لە چوارچێوەیەکی ناوخۆیی سەیری نەکەین، چونکە ئەمڕۆ گەورە کردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە لێدانە بەڕاستی بۆ هەموو ئەو ئەنزیمە سیاسیانەی کە بەو شێوازە دەسەڵاتیان بردۆتە ڕێوە، ئیتر لەمەودوا خەریکە بڵێم ژیانی سیاسی لە سەرتانسەری جیهان خەریکە بەو شێوازە دەڕوات، کە ئیتر قەبولی ئەو دەسەڵاتانە نەکرێت، هەڵەبجە یەکێکە لەم ڕەمزانەی کە ئەمڕۆکە لەم سەردەمەدا ڕەمزێکە بۆ ئەم روو بەڕوو بوونەوەیەو، من نامەوێ بچمە زۆر تەفاسیلەوە، هەندێك پێشنیار هەیە دەکرێت، ئێمە وەکو پەرلەمان عەمەلی ئیشی لەسەر دەکەین، پێم وایە باشترین شت ئەوە بێت کە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان عەجەلەی لێ بکرێت کە ئەوە ڕاستە و پێویست دەکات بەڕاستی ئێمە لەمڕۆوە بڕیار بدەین کە

لەو حکومەتە یەکگرتووەی کە دروست دەبێت لە کوردستان پابەند بوونێك دروست بکەین, کە ئەو پابەند بوونە هەندێك پرۆژەی جددی بێت بۆ چاك کردنی بارو گوزەرانی ئەو ناوچانەی کە فیعلەن بوونەتە قوربانی سیاسەتی جینۆساید, کە لەوانە نەك هەر هەڵەبجەیە بەتەنها, فیعلەن هەڵەبجە رەمزی گەورەترییانە تیایاندا, بەڵام بالیسان و گۆپتەپە بەڕاستی گەورە بووە تیایدا, لە بادینان کراوە, چونکە ئەگەر ئێمە سەیری تاوان بکەین وەك تاوانی نێودەوڵەتی بە ژمارەی زۆری نییە, ژمارەی دیاری کراوی نیەتی ئیجرامی بەرامبەر ئەو تاوانە لە هەموویاندا هەیە, کەواتە ئەمە بۆ خۆی هەر لە ماددەیەکەوە بەشێکە لە تاوانێك کە نیزامێك کردویەتی, کە ئیتر قەبول ناکرێت, جارێکی تر لە عێراقیشدا و لە کوردستانیشدا ئەو نەوعە دەسەڵاتە جێی ببێتەوە لە وڵاتی ئێمەدا, بۆیە دەبێت ئێمە لە پەرلەمان ئەمجارە تەئکید لەوە بکەین کە پابەند بوونێك دروست بکەین کە ناکرێت ئێستا, فیعلەن وەکو دکتۆر ناصح وتی قانونیەن ناکرێت, چونکە هێشتا حکومەت پێك نەهێنراوە, بەڵام دەکرێت پابەند بوونێك, یان پرۆژەیەك, یان پێشنیارێك بخرێتە بەردەم حکومەتی یەکگرتوو, چونکە بەڕاستی ئەو بودجەیەی دانراوە, بودجەکان بەجیاوازی دانراون بە دیاری کراوی, ئێمە دەکرێت بیکەینە ئیلتیزامێك کە ئیشی لەسەر بکەین, کە بەڕاستی کوردستان هەمووی چاکسسازی دەوێت, هەمووی ئیشی پێ دەوێت, بەڵام ئەم شوێنانە بکرێنە شوێنی باشتر, چونکە من بەش بە حاڵی خۆم گۆپتەپە زۆر دەبینم, من لە کاتی رووداوی کیمیابارانی گۆپتەپە و شێخ وەسانانیش لە هەردوو رووداو لەوێ بوومە پیا رەت بوومە لە هەردووکیان, ئێستاش دەچمە گۆپتەپە هیچم تیا نەبینیووە لە رەمزێك زیاتر, فیعلەن من بۆ خۆم کە پێشمەرگە بوومە لەو ناوە شعور دەکەم و خەمی لێ دەخۆم تا دەچمە ئەو ناوچەوە, یەعنی زیاتر پێویستە بگرین بە دەم و چاوییانەوەو هەستی پێ بکەن تا دەکرێت, لە بالیسان پێویست دەکات, لە بادینان پێویست دەکات, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان ئامێدی فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا تێگەیشتم کە تەنها نوێنەرانی هەڵەبجە قسە دەکەن, لەبەر ئەوە ناوی خۆمان تەسجیل نەکرد, رێز و سڵاوّمان هەیە بۆ خەڵکی هەڵەبجەی سەر بەرزو پشتگیری تەواوی داواکانیان دەکەم و, وا دەزانم ئەو داواکاریانە کەمە جێ بەجێ بکرێت, چونکە یاسایەك لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دەرچووە قەرەبوو کردنی قوربانیەکانی رژێمی دیکتاتۆری سیاسەتەکانی و لە زمنی ئەو یاسایە باشە فەرموویە بیکەینە ئەندامانی نوێنەرانی کوردستان لەوێ کە تەفیعلی ئەو یاسایە بکەین.

دوو پێشنیارم هەیە: یەکەم درێژ خایەنە ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاشەرۆژ شارێکی نوێ لە هەڵەبجە دروست بکاتن بۆ قەرەبوو کردنی وەك شارێکی کوردستانی بۆ هەڵەبجە.

دووەم/ پێشنیارێکی تازە بۆ ئەولەویاتی ئەمڕۆی پێداویستیەکانی خەڵکی هەڵەبجە, کە داوا دەکەن بودجەیەك لە بودجەی هەردوو ئیدارە, کە دەڵێین هەردوو ئیدارە, چونکە بەپێی رێککەوتنی هەردوو بەڕێز تاڵەبانی و بارزانی لە پەرلەمان مۆریان کرد بودجەی ساڵی 2006 هەر ئیدارەیەك بۆ خۆیەتی, تەنها ئەوەی موشتەرەکە بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە, لەبەر ئەوە بودجەیەك لە هەردوو ئیدارەکە هەبێتن بۆ ئەولەویاتی ئەمڕۆی خەڵکی هەڵەبجە, داوا دەکەین لە خەڵکی هەڵەبجە کە داواکاریەکان بە توند و تیژی سەرنەکەون و, بەڵکو بە هێمنی و رێگای یاسایی, ئێمە پاڵپشتی داواکانیان دەکەین, ئومێدەوارم لەگەڵ حکومەت بە ئاسانی کارەکانیان چارەسەر بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یادە جێگەی خۆیەتی چەند گرنگی و بایەخی پێ بدەین هەر کەمە, پڕیەتی لە ئێش و ئازار بۆ هەریەك لە ئێمە, بەتایبەتی ئەوانەی کە تیا ژیاوین و بەشداریمان تیا کردووە, لەم مینبەرەوە مینبەری پەرلەمان درودو سڵاوی خۆم دەنێرم بۆ شەهیدانی هەڵەبجە ئەو خوشك برا ئازیزانەمان کە گیانیان بەخشیووە, بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان, بەڕاستی دەمەوێت ئەوە بە بیری هەمووتان بێنمەوە, هەڵەبجە و هەموو دەڤەرەکانی تری کوردستان هەموو بەرهەمی عەقلیەتی شۆڤێنی, بەرهەمی فیکری دیکتاتۆری خۆویستییە, بەڕاستی دڵخۆشم لە کاتێکدا ئێمە یادی ئەوە دەکەینەوە ئێستا دیکتاتۆر کێش دەکرێت بۆ دادگا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت, کە ئەوە چارەنووسی هەموو دیکتاتۆر و خۆپەرست و شۆڤێنیەکانە, من لە زۆربەی ئەمسالی ئێوەش لە زیندان گیانیان بەخشی, لەڕاستیدا دەمەوێت عەرزی ئێوە بکەم کە من پشتیوانی خۆم لەو داوایانە دەکەم حەقی خۆیانە, ماڤی خۆیانە دوو شت ئازار دانە, بەڵام دنیای مرۆڤ ئەوەی تیا دەکرێت, جێی خۆیەتی پەرلەمان بپرسێتەوە بۆچی ئێستا خەڵکی هەڵەبجە بێ تاقەتن و دڵ گەرمن نارازین لەوەی کەوا یەکێك بچێت سەردانیان بکات, لە هۆکاری ئەوە بکۆڵینەوەو لەسەریدا تێپەر نەبین, لە مینبەری پەرلەمانەوە ئەو شتانە کە. دەبینین کە پەرلەمانیش دەبێتە جێگای ململانێ, ئەوە شتێکی ئاساییە, دەبێت ئاسایی وەری بگرین, بەڵام پێویستە کاری بۆ بکەین, داوای ئەو برادەرانە منیش تەئیکدی لێدەکەمەوە, بەڕاستی لەم رۆژە کە رۆژی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە و گیان بەخشینی هەزاران خوشك و برامانە, داوای یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم و جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کە دراوە زوو بکرێت, ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی پەرلەمانیش داویەتی بۆ پارێزگارکردنی هەڵەبجە, من ئەڵێم هەلەبجە جیا بکەینەوە لە دەڤەرەکانی تر, چونکە ئەو تایبەتمەندی خۆی هەیە, وەکو هەندێ لەو خۆشك و برایانەی ئەماژەیان پێکرد, ئێمە دەتوانین هەڵەبجە بکەین بە شارێك و رەمزێك, هەتا هەتایە ببێت بە داهاتێکیش بۆ هەرێمی کوردستان, ببێ بە نەخش و لەعنەتێکیش بەناوچاوی هەموو دوژمنانی مرۆڤایەتی ئەوانەی کە حەز ویستەکانی خۆیان دەخەنە سەر گیانی خەڵکی و خوێنی خەڵکی دەڕێژن, من لەم بەرەوە داوا دەکەم, انشاالله هەمووومان لاپەرەی تازە هەڵبدەینەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەدەمچوونەوەی هەموو ئەو خوشك وبرایانەمان لە دەڤەرەکانی کوردستان کە زەیحەی دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسیەکانن, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد, بەڕاستی بەرەغمی ئەوەی کە وشەی جیاواز بەکار هات, بەرەغمی ئەوەی کە نوێنەری لایەنی جیا جیا بوون, تەعبیرەکەیان لە وشەی جیا فەرقی هەبوو, بەڵام هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد, تەئکیدیان لەسەر ئەو داواکارییانەیان کردەوە کە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکی هەڵەبجە چ بە یاداشتەکە, چ بە پێنج هەزار ئیمزاکە, کە بە ئێمە گەیشتووە, بۆیە وەکو پەرلەمان کوردستان پشتگیری لە داواکارییەکانیان دەکەین, لەبەر رۆشنایی ئەو قسەکردنە کە هەمووتان تەئیدتان کرد, ئەو شتانەی کە جێبەجێ نەبووە, بەڕاستی لە نەتیجەی ئەو موناقەشە بۆ من دەرکەوت, کە زۆر شت هەیە, جێبەجێ بووە, بەڵام رەنگە خەڵك لێی بێ ئاگابێ+, مەسەلەن لە داواکارییەکانیان دەڵێن دەبێت نوێنەری هەڵەبجە هەبێتن لە پەرلەمان, ئەمڕۆ هەشت کەس بەناوی نوێنەری هەڵەبجە لێرە قسەی کرد, ئەمە یەکیان جێبەجێ بووە و, بەزیادیشەوە, حەقی خۆیەتی, دوو داوا دەکەن, رۆژی هەڵەبجە, پەرلەمان بڕیارێکی هەبێت, لە ساڵی 1992/11/21 بە بڕیارێکی پەرلەمان ئەم رۆژە ئیعتیبار کرا کە بە رۆژی شەهیدی کوردستان, ئەمەش لە دواکارییەکانە, بەڵام ئەو بڕیارە نەهاتۆتە ئەوەی کە هەموو خەڵك تێ بگاتن, دەبوایە حکومەتی هەرێم, چونکە ئێمە پەرلەمان کە بڕیارێك دەردەکات, جێبەجێ کردنەکەی حکومەت پێی هەڵدەستێ, بڵاوکردنەکەی جێبەجێ کردنەکەی کاری حکومەتە, بەڵام ئەو بڕیارە لە پەرلەماندا هەیە, دەڵێن زۆر شت نەکراوە بۆ هەڵەبجە, بەڵێ وایە, بەڵام ئەوە وانییە هیچ نەکرا بێت, پێم وایە شتی باش کراوە, من ناڵێم زۆر کراوە, بەڵام شتی باش کراوە, بەڵام ئەو ماوەیەی کە مەجال بووە, شتی باش بکرێت, هەمووی سێ ساڵە, لەبەر چەند هۆیەك, یەکەم لە 91 ەکەوە وەزعی کوردستان هەمووی خراپ بووە, چەند ساڵە, ئێمە خۆمان هەولێر و سلێمانیش وەزعی خراپ بووە, حکومەتی هەرێم یەکەم جار کە یەك حکومەت بووە, پاشان کە بووە بە دوو حکومەت, ئەوەندەی من ئاگادارم کە وەزیری دارایی بووم, لە سلێمانی لە 15 ی مانگەوە دەستمان کرد بە معاش دان, بە پانزە رۆژ ئەگەر فریای

معاشدان بکەوتباین, لەبەر ئەوەی مەجالێکمان نەبوو بۆ بنیادنانەوەی یاخود ئاوەدانکردنەوەی, یاخود قەرەبوو کردنی هەڵەبجە, شتێکی گەورە بکەین, بەرەغمی ئەوەش کە یەکەم فرسەت بووە, لە پێش هەموو پرۆژەکانی تر بووە هەڵەبجە بۆ ئاوەدنکردنەوەی ئەوەندی پێمان کرا بێت, تەبعەن کێشە هەبوو لە ناوچەکە, وەزعێکی نائارامی هەبووە, چەکدرا هەبووە, حکومەتی هەرێم فەترەیەکی دوورو درێژ نەیتوانیوە بگاتە ئەو ناوچانە, شەڕی ناوخۆ تەئسیری خۆی هەبووە لەسەر ئەو ناوچانە, بەڵام لەوەتی ڕژێمی سەددام و گۆڕبەگۆڕ چوو رووخاوە, دەرگا کراوەتەوە بۆ هاوکاری کردن, لەو رۆژەوە هیچ مەهانەیەکی نییە, حکومەتی هەرێمی کوردستان, ئەگەر کەم تەرخەمی بکاتن لە ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی شارەکە, چەندین پرۆژە هەیە لە داواکارییەکاندا هاتووە, ئەوەندەی من بزانم بڕیاری لەسەر دراوە و, بودجەی بۆ دانراوە, تەنانەت دەستیش پێکراوە, یەعنی حەجری ئەساسیشی بۆ دانراوە لەوانە یاریگاری ناو شارەکە مەکتەبە, زۆر شتی تریش کە لە داواکارییەکاندا هەیە, وەکو پرۆژە ئیقرار کراوە, میزانیەشی بۆ دانراوە, تەنانەت هەندێکیش دەست پێکراوە, بەڵام داواکارییەکانیان دیسان دەڵێم حەقە, حەقە حکومەتی هەرێم زیاتر بایەخیان پێبدات, حەقە ئێمەش زیاتر بایەخیان پێبدەین, ئیهتیمامیان پێبدەین, بەتەنیا جارێك لە 16ی مانگ بەبیرمان بێتەوە, دابینشین و قسەی لەسەر بکەین, بەڵکو بەدواچوونی ئەو مەسەلانە ئەرکی هەمموومانە, جا لێرە چەند پێشنیارێك کرا, بەڵام خولاصەی پێشنیارەکان ئەوەی لەگەڵ واقعیەت و ئیمکانیەت بگونجێتن, کە مەسەلەن لەحیاتی دانانی لیژنەیەك, چونکە ئێمە کێشەی زۆرمان هەیە لەڕاستیدا, من پێم باشە مادام ئەو حەوت هەشت ئەندامەی پەرلەمان هەیە لە هەڵەبجەدا, نووسینگەیەکی بە قوەتمان هەیە لە هەڵەبجە, ئەو نووسینگەیە مەسئول بیتن بۆ بەدواداچوونی ئەو داواکارییانەی کە ئەمڕۆ خرایە بەردەمتتان, بەهاوکاری هەموو ئەو لیژنانەی تر کە پەیوەندییان بەو مەسەلەیە هەیە, هیچ لیژنەیەك لێرە نییە, پەیوەندی نەبێت, لیژنەی پەروەردە پەیوەندی هەیە, لیژنەی رۆشنبیری پەیوەندی هەیە, بەڵام ئەساسەکە بکرێتە سەر نووسینگەی هەڵەبجە, هەم بەدواداچوونی هەم یەقەگرتنی حکومەتی هەرێم, ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێ کراوە, پێویستی بە ئیدامە هەیە, ئەو پرۆژانەی کە بڕیاری لێدراوە, دەبێت دەست پێ بکرێت, ئەو پرۆژانەش کە پێویستە ئیقرار بکرێت, جا تەبیعی حکومەتی هەرێم کە دەڵێن یەکگرتووە, بەڵێ ئیشارەت بەوە کرا, کە میزانیەی 2006 جیاوازە, لە 2006دا, لە سلێمانی لە میزانیە بودجە تەرخان کراوە, ئەگەر پێویستی کرد دەبێت حکومەتی هەرێم لە بەشەکەی خۆی لە هەولێردا بۆ میزانیەی 2006 بەشداری بکات, من لەوە دڵنیام, چونکە من جەنابی سەرۆکی هەرێم جارێکیان لە قسەکردنیان وتی ئەگەر بێت و پاشی ئەوە حکومەت تەشکیل بکرێت, سەردانێکی ناوچەی هەڵەبجە بکەم, حەزدەکەم کارێکیان بۆ بکەین, یەعنی ئەو سەردانە مانای ئەوەیە دەتوانین داوای لەوە بکەین کە بودجەیەك تەرخان بکرێتن, خۆی ئیقتیراحی خۆیەتی, برادەرێك وتی و سوپاسی دەکەین, ئەمەش وا دەکات کە زیاتر خزمەتی ئەو ناوچەیە بکەین, لەبەر ئەوە خولاصەی قسەکانتان, ئەوە باشە نووسینگەی هەڵەبجە بە هاوکاری هەموو لیژنەکانی تر بەدوای ئەو دواکارییانە بچیتن, بەڵام یەك شتیش بە خوشك وبرایانی شاری هەڵەبجە دەڵێم, ئەو داواکارییانە حەقە بە پێنج هەزار ئیمزاوە کە دێتە پێش چاوی ئێمە, زۆر سەداو قوەتی مەعنەوی رۆژانەی زیاترە, چەند کەسێك بەناوی ئێوەوە ئاژاوە بنێتەوە, بچنە کێ, کێندەر تێك بدەن, مەزاری شەهیدان, ئەوە رەمزی ئێوەیە, رەمزی شەهیدەکانە, دەتوانن بەرێگای فەرمی بزانم چی دەڵێی, فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەی من نوقتەی نیزامییە, بەڵام من گوێ بیستی شتێك بووم, هیوام وایە غەڵەت بێت و, واش نەبێت, و راستیش نەبێت, بەڵام گوێ بسیت بووم, ئەڵێ ئەو خەڵکەی کە خۆی پیشانداوە, بەشێوەیەکی توندو تیژ خۆیان پیشانداوە, چوونەتە هەڵەبجە و بەحیساب ئەو مۆنەمێنتەیان سووتاندووە, لە ئەنجامی ئەوەشدا خەڵکانێك کوژراون, خەڵکانێك بریندار بووینە, بەم هیوایەم راست نەبێت ئەمە, بەڵام ئەگەر ئەوە راست بێت, ئێمە نووسینگەی هەڵەبجە کردووە, با بڵێین ئەو لیژنەی بەدەمداچوونی ئەو کارانەوە بچێت, بەزووترین کات ئەو نووسینگەیە هەر لەمڕۆوە بگەنەوە هەڵەبجە, دەست بە ئیش وکارەکانی خۆیان بکەن...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووم دەکەی, ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, چونکە دەبوایە داوای قسە بکەی, ئەو واقیعە لە قسەکردنەکەتدا باس بکەی, ئێمەش جواب بدەینەوە, نوقتەی نیزامی نەبوو, تۆ باسی ڕووداوێك دەکەی, مەعلوماتێکت پێگەیشتووە, ئێمە ناتوانین بە دیقەت وەربگرین, نە پێمان گەیشتووە بەڕەسمی, بەلاّم ئەمڕۆ ڕووداوێك بووە, خۆم ئاماژەم پێکرد, دەڵێم خەڵکی هەڵەبجە حەقی خۆیانە, دواکارییەکانیان بە شێوەیەکی ڕەسمی و قانونی بمان دەنێ, ئەمە پێنج هەزار ئیمزایە, زۆر کارێکی جوانە, بەقوەتە, کەس ناتوانێ لێی بێدەنگ بێ, یاداشت نامەکە بە موزاهەرەکە خۆپیشاندانێکی ڕەسمی بە قانونی چوونەتە بەردەم نووسینگە, موناقەشەی لێکراوە کە د. فوئاد بابان قسەی بۆ کردوون, یاداشتنامەکەی وەرگرتووە کە یەکێك لە لایەنەکانی کە پێشکەشی کراوە ئەو یاداشتنامە پەرلەمانە, خستوومانەتە ناو بەرنامە و موناقەشەی دەکەین, کارێکی قانونییە, داوای خۆپیشاندان دەکەن, بچنە بەردەم حکومەتی هەرێم, کارێکی قانونییە, بەلاّم لە ڕۆژێکی ئەوها, خەڵك دونیا چاوی لە هەڵەبجەیە, بۆ ئەوەی بەرز ڕابگیرێت, وەفد لە دەرەوە هاتوون بۆ ئەوەی بچن بەشداری لەوێ بکەن, دیاریان بۆ کەس کاری شەهیدان هێناوە, ڕێگا بگرین لەوەی کە مەراسیمێك لەوێ بکرێتن, بچێت سەر مەزاری شەهیدان, من بە کارێکی باشی نازانم, من پێشم وایە نابێ خەڵکی هەڵەبجە ڕێگە بەوە بدەن, تەئکیدی ئەوەش دەکەمەوە کە حەقی خۆیانە 100٪, داواکارییەکانیان بەرز بکەنەوە, دەنگیان بەرز بکەنەوە لەڕۆژنامەکاندا بنووسن, لە ڕادیۆدا قسە بکەن, یاداشتی ئەوهامان بدەنێ, ئەوانە هەمووی حەقی خۆیانە, ئێمەش واجبمان بە دەنگیانەوە بچین, بەلاّم دەبێت شتێکمان لە پێش چاودا بێتن, ئێمە لە ولاّتێکی ئەوروپا بێین, موشکیلە نین, دەورو پشتمان هەموو دوژمنن, کارێکی ئەوها مومکینە بە ئاسانی تیرۆریستێك بێتن, ئەو هەموو شتانەمان لێ تێك بداتن, لەبەر ئەوە دەبێت وشیار بین لەو شتانەدا, لە عێراق بە تەواوی دامەزراوە حکومەتی فیدراڵیەت, کە بتوانین ئەتمئنان بکەین, کێشەکانی عێراق خۆتان دەبینن, نەخۆمان حکومەتەکەمان ئیعلان کراوە, نە کەرکووکمان بۆ گەڕاتەوە و, نە ئاسایشی خۆمان دەتوانین سەدلەسەد بڵێین ئەمنیەتی پاراستووە, بۆیە نابێ ڕێگا بدەین کاری وا, موناسەبەتی وا گەورە لێمان تێك بدرێت, دیسان تەئکید دەکەمەوە, ئەو قسانەم بە مانای ئەوە نەفیزەکەی, بەڵکو بە مانای بەدەنگەوە چوونی خەڵکی هەڵەبجە, بەدەنگەوە چوونی داواکارییەکانیان, چونکە ئەو داواکارییانە بەو ڕێگایە دەبێت, جێبەجێ بکرێتن, کە لیژنە دابنێین, داوا لە حکومەت بکەین, پارەیان بۆ تەرخان بکرێتن, ئاوەدان بکرێنەوە, هەدەف چییە؟ هەدەف ئەوە نییە, وەزعی هەڵەبجە چاك بکرێت, هەدەف ئاوەدانکردنەوە نییە, هەدەف ڕێگاو بان نییە, هەدەف ئەوە نییە کە هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا, ئەو شتانە بەکاری قانونی ڕێگای خۆی هەیە, بۆ ئەوەی بکرێتن, لەبەر ئەوە من بەناوی پەرلەمانی کوردستان, دەنگی ئێوە تەئیدی داواکارییەکانی خەڵکی هەڵەبجە دەکەم, ئەو لیژنەیەش پێدابچێتەوە و, ئەو هەموو داواکارییانە دەبێتە ئەوە, من پێم باشە ئەگەر موافەقەت بکەن, ڕۆژێکی تر دابنێین بۆ هەڵەبجە و شێخ وەسانان و ئەنفال و ئەمانە, بە تێرو تەسەلی تەرخان دەکەین بۆ ئەمانەو, ئەو ڕۆژەش بەدوای ئەو دەچینەوە, بزانین ئەمڕۆ چی کراوە, کۆبوونەوە تا ئەمڕۆژەی دیاری دەکەین, بزانین ئەمڕۆ چی دەکرێ و, جەلسەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێین, بۆ موناقەشە کردنی ئەو هەموو شتانە, ئێمەش لە حەقیقەتدا وەکو د. کمال ئیشارەتی پێکرد, ئەم دانیشتنەمان بەو ڕووداوەی ئەمڕۆ نییە, هەفتەیەك پێش ئێستا بە باشمان زانیوە وەکو بڕیاری پەرلەمان, ئەمڕۆ ڕۆژی شەهیدە, لە 1992 دا داویەتی, جەلسەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین, یاداشتەکەش بخەینە بەردەمتان و موناقەشەی لەسەر بکەین, بچین داوا لە حکومەتی هەرێم بکەین, داوا لە حکومەتی بەغدا بکەین, کە ئەو داواکارییانە بەدەنگیانەوە بچین, جێبەجێی بکەین, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باش بوو, لە کۆتایی جەلسەی ئەمڕۆ پەرلەمان بڕیاری ئەوە بدات کە پاش شەش مانگی تر جەلسەیەکی تایبەت ببەسترێت, بە شاری هەڵەبجە و داواکاری خەڵکی هەڵەبجە و, کە بزانین چەندی جێبەجێ بکرێ, تەحدید بکرێ....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ, ئەوە خۆم باسم کرد, وتم دانیشتنێکی تایبەت دەکەین, ئێمە خۆمان دیاری وەختەکەی دەکەین, با مانگێکی تر بێت, شەش مانگی تری بۆ چییە, لەوانەیە دوو سێ هەفتەی تر بێ, بۆ ئەوەی زیاتر عەمەلیەن بەرنامەیەك دابنێین, چۆن خزمەتی خەڵکی هەڵەبجە و بالیسان و, شێخ وەسان و, بادینان, هەموو شوێنەکانی کە چەکی کیمیایی لێ بەکار هاتووە, هەروەها مەسەلەی ئەنفالیش کە گەورەترین کارەساتە بەرامبەر بە گەلەکەمانەوە کراوە, قوربانیەکانشی دەیان هەزارن, لەبەر ئەوە ئەوە واجبێکی ئێمەیە, من لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکانمان دێنین و, زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/3/29**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی هەڵبژاردن

چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/3/29

کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/3/29 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2006/3/29دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە، کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین، کاك شێروان بەرنامەی کار دەخوێنێتەوە، ئینجا دەست پێ دەکەین، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2006/3/29دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

**ئەندامانی بەڕێز.**

دیارە ئەم پرۆژەیە کە لەبەردەمتاندایە زۆر گرنگی هەیە، چەند مانگێك پێش ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دوای ئەوەش درایە لێژنەکانی تایبەت لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ، ئەوانیش ماوەیەکی باشیان وەرگرت بۆ دیراسە کردنی و کۆبوونەوەی جۆراوجۆری لەسەر کرا، دانیشتنێکی ترمان کرد ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانمان خوێندەوە، لەسەر داوای ئێوە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕاوبۆچوونی خۆتان حازر بکەن، داواتان کرد دوابخرێت، ئێمەش دوامان خست بۆ ئەمڕۆ، چەند خاڵێك هەیە حەز دەکەم پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین ڕوونی بکەمەوە، ئێمە ئەمڕۆ نزیکەی (26)و (27) ڕۆژە داواتان کرد ئەم پرۆژەیە تەئجیل بکەین، ئێمەش داوامان کرد ڕاوبۆچوونتان بە ڕاپۆرت بنووسن بۆ لیژنەکان، بەڵام شتێکی ئەوتۆ بۆ لیژنەکان نەهاتووە لەسەر ئەم پرۆژەیە، یەعنی چاوەڕوان دەکرا ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەند بکرێت، بەڵام دیارە مولاحەزەکان بۆ ئەمڕۆتان حازر کردووە، بۆ ئەمڕۆ موناقەشە بکەن، بەڵام بۆ لیژنەکان هیچ ڕاپۆرتێك نەهاتووە، تەنیا یەك ڕاپۆرت نەبێتن لە لایەن دکتۆر ناصحەوە، مەقالەیەکیش لە لایەن ڕۆژنامەکان لەسەرەوە نووسراوە، وابزانم کاك بارزانە چی تر نەهاتووە.

دوو/ خاڵێك هەیە دەمەوێت لێرە ڕوونی بکەمەوە، زۆر کەس وا تێگەیشتبو لەبەر موناقەشاتی پێشوومان، کە مەترسییەکی پەیدا کرد بوو، بۆیە ببووە سەبەبی ئەوەی دوا خستنەکە، تێ نەگەیشتنی موداخەلەیەکی کاك شێروان بوو، کە ئەو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەم یاسایە و، هیچ یاسایەکی جینائی ئەسەرێکی ڕەجعی نابێت و، نییە، خەڵکانێك، ژمارەیەك وا تێ گەیشتوون، کە دەڵێت ئەسەرێکی ڕەجعی هەیە، هیچ یاسایەکی جینائی ئەسەرێکی ڕەجعی

نییە, هەتا یاسایەکی تریش, مەگەر خاڵێك هەبێتن بڵێ ئەم یاسایە, یاخود ئەم بڕیارە تاریخێکی کۆنی بۆ دابنێت بۆ جێ بەجێ کردنی, لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیەش کە لەبەر دەمتاندایە, لە کاتێکدا لەلایەن ئێمەوە پەسند دەکرێت و تەشریع دەکرێت, کەی ئیمزا کرا لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە, لەو رۆژەوە جێ بەجێ دەکرێت.

خاڵی دووەمم/ ئەو مولاحەزەتانەی باس کراوە, مەسەلەی پێناسەیە دێینە سەری, کە ئایا پێناسە هەبێت, یان نەبێت, ئێوە قەرار دەدەن لەسەر ئەوە, ئەو سێ راپۆرتەی کە پێشکەش کران, دیار بوو لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینیەکیان لەسەر پرۆژەکە نەبوو, پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنەی یاساییان کرد, بەڵام لیژنەی یاسایی تێبینی زۆری هەیە, هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤیش, بۆیە من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی بێن لێرە دانیشن, هەروەها کاك محەمەد فەرەجیش کە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤە, ئەویش چەند تێبینیەکی هەیە بێت دابنیشێت, لە کاتی موناقەشە کردندا وەڵام بدەنەوە, فەرموون, داواکاریەکی ترمان هەیە, هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆشمان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە زۆر موناقەشە هەڵدەگرێت, برگەکانی یەکە یەکە, ماددە بە ماددە, پاشی تەواو کردنی فەقەراتی ماددەکان, دیارە دەنگی بۆ دەدرێتن, داواکاریەکانم ئەوەیە ئەگەر هاتوو لەسەر هەموو ماددەیەك ئەو ژمارە زۆرەی کە دەیانەوێت قسە بکەن, مانای ئەوەیە بە چەند رۆژێکیش تەواو نابین, بۆیە داواکاریەکەم ئەوەیە کە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان ئەو خاڵانەی کە دەیانەوێت موناقەشەی لەسەر بکەن, تێبینیان لەسەر هەیە, تەنیا ئەو خاڵانە موناقەشە بکەن, نەك هەموو ماددەکان, تێبینیشی نەبێت رەئی لەسەر بداتن, یان ئەگەر تێبینی هەبێتن ئیختیار بکاتن کام ماددە پێی وایە پێویستە ئەم تێبینیەی لەسەر نیشان بداتن.

دوو/ ئەگەر رەئییەك بوو وەك لە پەیرەوی ناوخۆشدا نووسراوە, پێشتر ئەندامێکی بەڕێزی تر ئاماژەی پێ کرد بوو, سوپاسی دەکەین بڵێ رەئیەکەی من ئاماژەی پێ کراو دووبارەی ناکەمەوە.

سێ/ تەحدید کردنی کات, ئیجازە بدەن ئەگەر زۆر بوو ناتوانین لەسەر هەموو ماددەیەك هەموو ئەندامەکان قسە بکەن, بۆیە تەحدیدی ژمارەیەك بەپێی ئەهمیەتی ماددەکە, بەپێی هەڵگرتنی موناقەشەکە, سەرۆکایەتی تەحدیدی کاتەکە دەکاتن, بە مانای ئەوەی نە حەقی کەسێکمان خواردووە خوانە خواستە, مانای ئەوەیە برگەی تر هەیە دەتوانێت موداخەلە بکات, بەتایبەتی ئەگەر تێبینیەکان دووبارەی تێ کەوت, من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم برگە بە برگە بخوێنێتەوە ئەسڵەکەی و بەدیلەکەی ئەگەر تێیدا هەبوو, بۆ ئەوەی بکەوینە موناقەشە کردن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.**

لە کۆبوونەوەی 2006/2/22 گفتوگۆ کرا لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان, گفتوگۆیەکە لەسەر ماددەی یەك راوەستاو دواخرا بۆ زیاتر دیراسەت کردنی یاسایەکەو, دەوڵەمەند کردنی بە پێشنیاری نوێ, بەڵام وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا, هەتا ئێستا جگە لە دوو پێشنیار لەلایەن دوو لە برادەرانی پەرلەمانتار هیچی ترمان بۆ نەهاتووە, یەکێکیان لەلایەن دکتۆر ناصحەوە, ئەویتریان لەلایەن بەڕێز بارزانەوە هاتووە, ئێستاش بەڕێز مامۆستا کاکە پێشنیاری لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی یەکەم دەخوێنێتەوە, پاش ئەوەی پێشنیار دەکەم کەوا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات, ئایا تەعریفی تیرۆر هەبێت, یان نەبێت, ئەو خاڵەش بخاتە دەنگدانەوە, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەم جۆرەیە:

یەکەم: لیژنە بە پەسندی دەزانێت ماددەیەکی سەربەخۆ بۆ پێناسە کردنی کاری تیرۆریستی بۆ پرۆژەکە زیاد بکرێت, بە مەرجێك وەك ماددەی یەکەم لەسەرەوەی پرۆژەکەدا دابنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:
ماددەی یەکەم: کاری تیرۆر کردنی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, یان هەرەشە پێ کردنیەتی, یان هاندانە بۆی, کە تاوانکار پەنای دەباتە بەر, بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تاوانکاری تاك تاك, یان کۆمەڵ کوژی و کەسێك, یان کۆمەڵە کەسانێك, یان گروپێك دەکاتە ئامانج, یان کوێرانە ئەنجامی دەدات بە مەبەستی تۆقاندن و ترس و داد و فیغان و ئاژاوە نانەوە لەناو جەماوەردا, یان بیانترسێنێت بە جۆرێك کە پەیرەو و سیستەمی گشتی بشلەژێنێ, یان ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا و هەرێم تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگە و دامودەزگاکان و موڵکی گشتی و, یان بە موڵکی تایبەت بگەیەنێت, یان سەرچاوەی دەستهاتێکی سروشتی بخاتە بەر مەترسی.
لیژنەکەمان لە دابەش کردنی پێناسەی کاری تیرۆردا ئەوەی رەچاو کردووە, کە ئەم پێناسەیە هەموو وەکی و گشتی بێت بۆ هەر کارێکی تیرۆری چاوەڕوان کراو و هەموو ئەو کارە تیرۆریستانەی دیکەیان کردووە, بە پێودانی ئەو حاڵەتانەی کە بەرامبەریان لە ماددەکانی پرۆژەکەدا هاتووەو, بەرامبەر هەریەکە لەو حاڵەتانەش سزاکەی دیار کراوە, بەزیاد کردنی ئەم ماددەیەش زنجیرەی ماددەکانی تریش هەموار دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددە یەك بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

(المادة الاولى: الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي منظم, او تهديد به, او تحريض عليه يلجأ اليه الجاني تنفيذا لمشروع اجرامي فردي, او جماعي يستهدف فرداً, او مجموعة افراد, او جماعات, او بشكل عشوائي, يقصد منه ايقاع الرعب والخوف والفزع والفوضى بين الناس, او ترويعها من شأنه الاخلال بالنظام العام, او تعريض امن وسلامة المجتمع والاقليم للخطر, او ايذاء الافراد, او تعريض حياتهم, او حرماتهم, او امنهم للخطر, او الحاق الضرر بالبيئة, او باحد المرافق, او الاملاك العامة, او الخاصة, او تعريض احد الموارد الطبيعية للخطر).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەمە کە لیژنەی یاسایی بۆ پێناسەی فعلی تیرۆری دایناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی خۆی رەئی چییە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تەئیدی مەشروعەکە دەکات بەگشتی, داوا دەکات ماددەیەك ئیزافە بکرێت بە تەعریفی فعلی ئیرهابی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دیارە لە پرۆژەکە پێناسە نییە, پێشنیارێکی لیژنەی یاسایی هەیە کە دەڵێت پێناسەی هەبێت, ئەم مەسەلەیە پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین, موناقەشەی ئەوە بکەین ئایا ئەم یاسایەی کە دەریدەکەین پێناسەی هەبێت, پێناسەی تیرۆری تێدا هەبێت, یان نەبێت, لیژنەی یاسایی پێی وایە پێناسەی تێدا هەبێت, بۆیە دەرگا دەکەمەوە بۆ چەند کەسێك کە لەگەڵ ئەوەیە پێناسەی هەبێت, سێ چوار کەس باس لەوە بکات کە پێناسەی بۆچی هەبێت, سێ چوار کەسیش پێناسە بۆچی نەبێت, ئینجا دەخەینە دەنگدانەوە, ئەگەر کۆی دەنگەکان گوتیان پێناسەی هەبێت, ئینجا دەچینە سەر موناقەشەی پێناسەکە بەو شێوەیەی کە هاتووە بکرێت, چۆنە, چۆن ئیزافاتی بۆ بکرێت, یان تەرك بکرێت, کێ موئەیدی ئەوەیە کە پێناسەی تێدا هەبێت, دەستی هەڵبگرێت, نەخێر عەفوم دەکەن پێشتر وتم چوار کەس رەئی بداتن و قسە بکاتن لەسەری, کێ دەیەوێت قسە بکاتن لەسەر ئەوەی کە پێناسە هەبێت, کاك سەردار, کاك ئارام,

کاك ناصح, دکتۆرە شوکریە, بەسە چوار کەس, چونکە هەمووتان موئەیدی ئەوەن کە پێناسە هەبێت قسەکان وەکو یەك دەبێتن, کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆر ماددەکان کە باسی تەعریفی تاوانەکان دەکات لە زۆری هاتووە دەڵێت (بقصد ارهابی), ئەگەر بێتو تەعریفی تێدا نەبێتن, یەعنی دەمێنێتەوە قابیلیەی تەئویل بەپێی ئیرادەی حاکم, بەلاّم کە تەعریفمان بۆ دانا شێوەکەی دەبەستێتەوەو مەجالی تەئویل کردنی تێدا نامێنێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بتەوێت یاسایەك دەربکەیت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر, بە رەئی من پێویستە پێناسەی تیرۆر, یان پێناسەی کاری تیرۆر لە پێشەکی ئەم یاسایەدا هەبێت, کە لە یاسای چەند ولاّتانی تریشدا بەدی دەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هەردوو بەڕێزان, کە پێناسە هەبێت باشترە, نەك هەر باشترە, چونکە وەکو ماددەکە ئەگەر پێناسەی نەبێت, چۆن ئێمە دوایی دەتوانین تیرۆر بەپێی ماددەکانی تر چۆن باسی تیرۆر بکەین, یان تیرۆر کێ دەگرێتەوە, ئەمە لایەنێك.

لایەنێکی تری بڵێم خەڵکی تر تا ئێستا تەعریفی تیرۆری نەکردووەو بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە بەرامبەر بە تیرۆر, ئێمە دەزانین لە مەسەلەکانی سیاسی دەوری بینیووە, تاکو ئێستا لەوەی کەوا تیرۆر تەعریف بکرێت, ئینجا ئەو بلۆکانەی کە هەبوون هێشتا بە واقیع و بە کامیرا وەکو خۆیان ماونەتەوە, راستە ناوی بلۆکیش لە غەرب نەماوە, بەلاّم ئەو بلۆکانە تا ئێستا ماونەتەوە, بۆ نموونە رێکخراوی حزبی دەوریشیان نییە ئێستا لەناو حکومەتەکاندا, لەلایەن هەندێك ولاّتەوە بە تیرۆریست دادەنرێن, لە لایەن هەندێ ولاّتەوە پێشوازی لێ دەکرێت, لەبەر ئەوە بۆچوونی جیاواز هەیە راستە, بەلاّم بە نیسبەت ئێمەی کوردستانەوە, ئێمە خۆمان کوشتەی دەستی تیرۆرین, لەبەر ئەوە پێم وایە زۆر زۆر دەبێت بە وازیحی بڵێین تیرۆر چ دەگرێتەوە, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر یەك لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان, کە هەڵدەستن وەکو پەیڕەوی ناوخۆ بەکار بێنن, واتا ناوی خۆیان بڵێن, بۆ ئەوەی لە ئینسات چاپ بکرێت, فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین دوو نامەی ماجستێر لەسەر تیرۆر پێشکەش کراوە, لە زانکۆی سلێمانیش یەکێکی ماجستێر, بۆ هەر یەکێك لەمانە پێناسەیەکی زۆر کراوە بۆ مەسەلەی تیرۆر, هەر یاسایەکیش ئەگەر دەربچێت, پێویستە پێناسەیەکی هەبێت, لە خودی خۆمانەوە بگرە, کە دەڵێت تکایە خۆت بناسێنە بۆ راگەیاندن, تۆ کێیت؟ تۆ پێناسەی خۆت دەکەیت, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام پێناسەیەکی هەبێت, بۆ ئەوەی بە خەڵك رابگەیەنین کە ئامانجی ئێمە لە پێناسە کردنی ئەمە چییە, ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تریش حەز دەکەم وەکو تێبینیەك, ئەم پێناسەیە زۆر زۆر دوور و درێژە, من ئەم دوورو درێژەم زۆر کورت کردۆتەوە, کردوومە بە چوار خاڵ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەوەی کە ئەو پێناسەیە نەبێت, ئەگەر ویستت ئەو قسانەی کە دەکەین ئیزافەی بکەن, ئەوە دوایێ ڕێگەتان پێ دەدەم, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسای تیرۆر پێناسەیەکی جیهانی نییە, ئێمەش دەمانەوێت ئەو یاسایانە نزیك بێت لە یاسا نێو دەوڵەتیەکان, هەروەها تیرۆر بۆخۆی چەنتێکی سیاسییە, بەڵام حاڵەتی ماددی بەرجەستە دەکات, نەك سیاسی, پاشان تیرۆر نە هی دەوڵەتە, نە هی ئایینە, بەم شێوەیە ئێمە ئەگەر پێناسەیەکی بکەین, پێم وایە بە سەرکەوتوویی دەرناچێت, پاشان لە بەشێکی ئەو تەعریفە هاتووە دەڵێت ئەم پێناسەیە دەبێتە پێناسەیەکی شمولی, بۆ هەر ئەگەرێك کە ڕوویدا, کەواتە ئەگەر شتێکی کتوپڕی, شێتێك, حاڵەتێك, وەزعێك کە گومان هەیە ڕووبدات, ئەو تەعریفەی بە شێوەی خۆی بۆ تەفسیر دەکرێت و پێناسە دەکرێت, من پێم وایە ئەو تەعریفەی نەبێت باشە, لەبەر ئەو هۆیانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن پێناسە لە هەموو شتێك گرنگە, بەڵام خاڵێك لە پێناسەکە دیاری بکرێت, کە لە کاری جینائی شەخسی جیا بکرێتەوە, یەعنی یان مولاحەزەیەك لەگەڵ پێناسەکە, چونکە ئەوە پێناسەکە کاری تیرۆر, کارێکی تاوانکاری ڕێکخراوە, چونکە ئەوە خەتەری گەورەیە کاری پێ ڕێکخراوە, ئەگەرنا خۆ جاری وا هەیە تاکە کەسێك کارێکی جینائی زۆر گەورە دەکات, لەوانەیە بەکارێکی ڕێکخراویش هەر ئەوە بکرێت بۆ نموونە, جاری وا هەیە یەك تاکە شەخسێك کارێکی کردووە نۆ کەسی کوشتووە, بە شاراوەیی دوای فەترەیەکی زۆریشەوە بووە, ئەگەر لە پێناسەکەدا مولاحەزەیەکی وا دیاری نەکرێت, کە لە کاری جینائی جیا بکرێتەوە, ئەو کاتە کاری جینائی لەگەڵ تیرۆر تێکەڵ دەکرێت واقیعەن وازیحیش نابێت, بەنیسبەت پێناسەوە پێناسە زۆر زۆر گرنگە, چونکە باقی شەرحیاتی ماددەکانی دیکە لەڕاستیدا دەبێت لەسەر پێناسەکەدا هەڵچنرێ, بۆ نموونە پێناسەی کیمیا و فیزیا, باسی هەموو کیمیا و فیزیا لە ئەساسی پێناسەی فیزیا و کیمیاوە وەردەگرێت, لە زمانەوانیشدا مەسەلەن تەعریفی فعل باسی فراوانی فیعل کە دکتۆرای لەسەر وەردەگیرێت لە پێناسەکەوە سەرچاوە وەردەگیرێت, بۆیە لەڕاستیدا پێناسە زۆر زۆر زەرورە, ئێمە وەکو کورد لە کوردستانی خۆماندا, ڕاستە لە دنیا تا ئێستا پێناسەیەکی موەحەد نییە, بەڵام گرنگە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا عوسمان ببوورە, تۆ موئەیدی پێناسەی منداڵان بکە کە ئەوەی یەکێ بگیرێتن, کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بوونی پێناسەکەمە, بەڵام ئەو پێناسەیە بەڕاستی پێناسەیەکی دوور و درێژە, هەندێ کەلیماتیشی تێدا هاتووە, باسی (ایقاع و رعب و خوف و فزع) دەکرێت, ئەگەر پێناسەکە کورت بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ جەنابیشت وەکو کاك عوسمان موئەیدی, مامۆستا تۆش موئەیدی وا بە ڕێگایە.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێناسە نییم، بۆچی؟ لەبەر ئەوە لەگەڵ پێناسە نییم، چونکە من پێم وایە تیرۆر پێناسەی نییە، هەوییەکی نییە، خەڵکێك هەبێت بەناوی تیرۆر ئاشکرا و مەعلوم بێت لە دنیا کە ئەوە خەڵکێکی تیرۆرە، لە هەموو دنیا ئەوەی پەنای بردە بەر ئەو کارە تیرۆرە، ئەو تۆقاندن و گرتن و کوشتن و ترساندنە، ئەگەر منیش بم هەر تیرۆرە، لەبەر ئەوە تیرۆر پێناسەی نییە، پێناسەیەکی بۆ دانانرێت، هەوییەکی نییە، وەکو خەڵکێکی موعیەن و مەعلوم ئەوە تیرۆرە، هەر خەڵکێك پەنای بردە بەر ئەو کارە تیرۆرە، بێگومان ئەوە تیرۆرە، جا بۆیە من پێم وایە ئەوەی تیرۆری کرد، ناوی لێ بنرێت تیرۆر، سزایەکەشی بە توندی سزا بدرێت. لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت دیاری کردنی پێناسە کارێکی زۆر سەخت و گەورەیە، بەتایبەتی لە کاتی پیادە کردنی یاسا لەسەر ئەو بنەمایە، تا ئێستا بیروبۆچوونی زۆر جیاواز هەیە لەسەرتانسەری جیهان، بۆ دەست نیشان کردنی پێناسە، یەعنی کەس نەیتوانیوە بگاتە ئەو مەوزوعە دیاری بکات، بە قەناعەتی من ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی خۆی لەخۆیدا پێناسەیە، من لەگەڵ نیم، بەڵام ئەگەر بە پەسندی بزانن ئەوەی لە قانونەکە هاتووە، هەم وەکو پێناسە نییە، هەم بنەمایەکە دەتوانرێت ئیستیفادەی لێ بکرێت، ئەسبابی موجەبە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مەوزوعەکە نییە، پێناسە هەبێت، یان نەبێتن تەنیا، جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە پێناسەکە نەبێت، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەست دەکەم لە موناقەشەکاندا تێکەڵی دەکرێت، نێوان رەئی بۆ ئەوەی کە پێناسەی کاری تیرۆر هەبێت، یان پێناسەی تیرۆر نەبێت، باشە با ئەوە تەحدید بکرێت، ئێمە کامیانمان دەوێت و کامیانمان ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن، دوو قسە هەیە، بەڵام پێش ئەوەی بخەینە دەنگدان، روونکردنەوەیەك بکەین، پێناسە شتێکە، موستەڵەحە، یەعنی وەسفە، ئەویتر دیاری کردنی کاری تیرۆرە، ئەم کارانە کاری تیرۆریستینە یەك و دوو و سێ و چوار ئەوانە هەنە، مانای وایە دیاری کردنی ئەو کارانەی کە پێی دەڵێن کاری تیرۆریستی شتێکە، وەسف کردنی کارەکە، موستەڵەحەکە شتێکی ترە، وەسف کردنی ئەو کارانەی پێی دەوترێت تیرۆریستی خیلاف لەسەر نییە، لە تەفسیلاتدا، مومکینە خیلافێکی بچووك هەبێت، لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی یاسای تیرۆریستیان هەیە، لەوە دەچێت لە کاری تیرۆریستی ئیتیفاقیان هەیە، بەڵام لە پێناسە خیلافێك هەیە، بۆچوونێك هەیە، جیاوازی بۆچوون هەیە لەو موستەڵەحەدا، کام کار تیرۆریستە، لە هەندێ وڵاتاندا، بەتایبەتی لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا دەیانەوێت جیای بکەنەوە، کاری تیرۆریستی تێکەڵ نەکەن لەگەڵ ئەوەی کە پێی دەڵێن موقاوەمە، فەلەستینیەکان بەرامبەر بە ئیسرائیل، بەڵام ئێستاکە بە حەقیقەت لەو سێ چوار ساڵەی دواییدا، کاری تیرۆریستی شمولیەتی پەیدا کردووە، پەرەی سەندووە، بەلای منەوە تەواوەتی جیا بۆتەوە لە مەسەلەی موقاوەمەی وەتەنی، موقاوەمەی وەتەنی کە مەدەنی کوشت، ئەوە لە موقاوەمە دەردەچێت، پێویست ناکات مەترسیمان لەوە هەبێت، کە تەوەجوهی کرد مەدەنی کوشت، مەدەنیەکە هەتا لە دوژمنەکانیش بێت، ئەمە کارێکی ئیرهابییە لە وەتەنیەت دەردەچێت، وەتەنیەت ئەوەیە تۆ داگیرکەرەکە، ئەگەر راست

دەكەيت فعلەن داگیركەرەكە بەپێی قانون و، بەپێی مەبادیئ و وەتەنیەت داگیركەر بوو، رووت لە داگیركەر كرد، دیفاعت لە خۆت كرد، ئەوە كارێكی وەتەنییە و موقاوەمەیە، بەڵام كە تۆ خەڵكی مەدەنیت كوشت، ئەوە لەوە دەرچووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی ئیتفاقێكی دوەلی هەبێت لەسەر پێناسە، لەسەر پێناسەی ئیرهاب، ئیختیلافێك هەیە لەنێوان ئەم وڵاتە و تا ئەو وڵاتە، لە نێوان ئەم قارەیە تاو ئەو قارەیە، بەڵام لەسەر كاری تیرۆریستی خیلاف نییە، ئەم كارانە لێرەش وەسف كراوە كاری تیرۆریستییە، كوشتنی خەڵك بە كۆمەڵ، تێكدانی دامودەزگاكانی حكومەت بە هەدەفی ئیرهاب وەكو هاتووە، بۆیە هەردوو لایەكە هەڵدەگرێت، تەبعەن ئەگەر ئیقراریشتان پێ كرد، ئەو وەختی ئەو مولاحەزاتانە درا لەسەر خودی پێناسەكە موسەتەڵەحەكە موناقەشەیەكی هەڵدەگرێت، ئەو جوملەیە هەبێت، یان نەبێت، ئیختیسار بكرێت، یان نەكرێت، ئەوانە هەمووی قابیلی موناقەشەن، قابیلی زیاد كردنن، قابیلی كەم كردنن، قابیلی گۆڕانی وشەیەكن لێرەو لەوێ، بەڵام مەبدەئەكە بەو شێوەیە، جا ئەگەر پێتان باشە، خاڵی نیزامە، فەرموو كاك تەڵعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەندامانی لیژنەی یاسایی پێدابچنەوە كاتێك كە موناقەشە دەكرێت، لەنێوان بوون و نەبووندا كورتتر بكرێتەوە لە تەعریفەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە كاك تەڵعەت عەفووم دەكەی، لیژنەی یاسایی رەئی وایە پێناسە هەبێت، بەڵام منیش عەرزم كردن رەئی خۆم نییە، پێناسە هەبێتن، یان نەبێتن، بەڵام پێتان دەڵێم ئیختیلافێك هەبێت لەسەر ئەوەی پێناسە هەبێتن، یان نەبێتن، فەرموو كاك دكتۆر نوری خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بە زۆرینەی دەنگ بوو، بە تێكڕای دەنگی ئەندامانی لیژنەی یاسایی نەبوو، كە گوتیان پێناسە هەبێت، یان نەبێت، پێم خۆشە كەوا لیژنەی یاسایی ئەوە روون بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە خاڵێكی نیزامییە، لە لیژنەی یاساییش بە زۆرینەی دەنگ بووە پێناسە هەبێت، یان نا، ئینجا وەكو عەرزم كردن، تەبعەن ئەگەر پێناسەش نەبێت بە رەئی خۆم شەخسی، بەبێ ئەوەی بڵێم موئەیدی ئەوەم پێناسە هەبێت، یان نا، بەڵام لە قانونەكە كەم ناكاتەوە، تۆ مادام كاری ئیرهابیت تەحدید كردووە، قانونەكە دەڕواتن كەموكوڕی نییە، پێناسە هەبێت باشترە، بەڵام مادام ئیختیلاف هەیە، بەڵێ كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەعریفی عەمەلی ئیرهابی بەزۆرینەی دەنگ نەبووە لە لیژنەی یاسایی، بە ئیتیفاق بووە، لەوانەیە ئەو رۆژەی قەرارمان لەسەردا دكتۆر نوری لەوێ نەبوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە كاك نوری غائیب بووە، بە زۆرینەی دەنگ نەبووە، بەڵكو بە تێكڕای دەنگ بووە، كە غائیب بووە حەقی نییە دوایی دەنگ بدات، ئێستا وابزانم ئەو برادەرانەی كە قسەیان كرد تەئیدی ئەوەیان كرد كە پێناسە هەبێتن، ئەو برادەرانەی كە تەئیدی ئەوەیان كرد پێناسە نەبێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر پێتان باشە پێناسە هەبێتن، ئینجا دەیخەینە موناقەشەوە، كێ پێی باشە ئەو پرۆژەیە پێناسەی هەبێتن دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ پێی باشە پێناسە نەبێتن دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كەواتە پێناسەی هەبێتن و دەكەینە موناقەشە، جارێكی تر من دەیخوێنمەوە:

(ماددەی یەکەم: کاری تیرۆر کردنی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, یان هەرەشە پێ کردنیەتی, یان هاندانە بۆی, کە تاوانکار پەنای دەباتە بەر, بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تاوانکاری تاك تاك, یان کۆمەڵ کوژی و کەسێك, یان کۆمەڵە کەسانێك, یان گروپێك دەکاتە ئامانج, یان کوێرانە ئەنجامی دەدات بە مەبەستی تۆقاندن و ترس و داد و فیغان و ئاژاوە نانەوە لەناو جەماوەردا, یان بیانترسێنێت بە جۆرێك کە پەیڕەو و سیستەمی گشتی بشلەژێنێ, یان ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا و هەرێم تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگە و دامودەزگاکان و موڵکی گشتی و, یان بە موڵکی تایبەت بگەیەنێت, یان سەرچاوەی دەستهاتێکی سروشتی بخاتە بەر مەترسی).

ئەمە پێناسەکەیە کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات دەستی بەرز بکاتەوە, وەکو عەرزم کردن, کاك خورشید خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە جەنابت بە موافەقە و بێ موافەقە موناقەشەی پێشوو کرا, تەحدید بکرێت چەند کەس قسە بکات باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, دە کەس ناوی نووسراوە دەخوێنمەوە (کاك سەردار, کاك دکتۆر ناصح, کاك محەمەد فەرەج, کاك مەلا سەعدەدین, کاك بارزان, کاك ئارێز, کاك کەریم بحری, کاك محەمەد حەکیم, کاك دیلمان, کاك محەمەد عەبدولڕەحمان, چنار خان, کاکە حەمە), ئەگەر ئەوانە قسەیان کرد, ئەو بەڕێزانەی کە ناوم نەنووسیوون قسەیەك نەکرا بوو, رێگە دەدەم قسە بکەن, بەس ئێستاکە بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی کاك خورشید جێ بەجێ بکەین, فەرموو چنار خان خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کات دابنێی, هەر کەسێك تەنها یەك دەقیقە یان دوو دەقیقە قسە بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من بە دوو دەقیقەش مەمنوونم, فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێگام پێ بدەی پێناسەکە بە عەرەبیەکە جارێکی تر بخوێنمەوەو پێدادەچینەوە, چونکە دەبینم ئەو تەعریفە قابیلیەی تەئویل کردنە (المادة الاولى: الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي او فردي او جماعي منظم, يستهدف فرداً, او مجموعة افراد, او جماعات بشكل عشوائي, او قصد منه), ئینجا لێرە دەڵێت ئەو, من ئەوەی تەرك دەکەم دێمە سەر ئەوەی دەڵێت (ايذاء الافراد, او الحاق الضرر بالبيئة), یەعنی ئەگەر بەس ئەو دووەی وەرگرین, تەعریفەکە وای لێ دێت (المادة الاولى: الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي او فردي او جماعي منظم, يستهدف فرداً, او مجموعة افراد, او جماعات بشكل عشوائي, الهدف منه إيذاء الافراد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دەخوێنیەوە لەلای من وا نییە, دوو سێ شت تۆ خوێندتەوە لەلای من نییە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەهەر حاڵ جەنابی سەرۆك کاك کەریم پێشنیار دەکات دێرێکی ئیزافە کردووە, لە کۆتایی بڕگەکە بڵێی (بقصد تحقيق مأرب سياسية او عقائدية عن طريق العنف), ئەگەر ئەو دێرەی بۆ زیاد بکرێت مەجالی تەئویلی تێدا نامێنێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك سەردار ئەو پێناسەی تۆ خوێندۆتەوە لەگەڵ پێناسەكەی ئێمە فەرقی هەیە، ئەوەی (21)ی مانگ لەسەر نووسراوە ئەوە هەوە، كاكە با بە عەرەبیەكەتان بۆ بخوێنمەوە (المادة الاولى: الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي منظم، او تهديد به، او تحريض عليه يلجأ اليه الجاني تنفيذا لمشروع اجرامي فردي، او جماعي يستهدف فرداً، او مجموعة افراد، او جماعات، او بشكل عشوائي، او قصد منه ايقاع رعبي والخوف والفزع والفوضى بين الناس، او ترويعه من شأنه الاخلال بالنظام العام، او تعريض الامن وسلامة المجتمع والاقليم للخطر، او ايذاء الافراد، او تعريض حياتهم، او حرماتهم، او امنهم للخطر، او الحاق الضرر بالبيئة، او باحد المرافق، او الاملاك العامة، او الخاصة، او تعريض احد الموارد الطبيعية للخطر)، ئەوە عەرەبیەكەیە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر هەمان مانا دەدات لەگەڵ چەند گۆڕانكارییەك، ئەگەر بێتو ئەو دێڕەی كۆتایی ئیزافە نەكەین، لەبەر ئەوەی تەعریفەكە لەو حاڵەتە وای لێ دێت (الماد الاولى: الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي منظم، او تهديد به، او تحريض عليه يلجأ اليه الجاني تنفيذا لمشروع اجرامي فردي، او جماعي يستهدف فرداً، او مجموعة افراد، او جماعات، او بشكل عشوائي، القصد منه إيذاء الافراد، او االحاق الاضرار بالبيئة)، ئەوە ناكاتە ئیرهاب مەسەلەن تۆزێ شتێكی مونەزەم دژی یەكێك بەكار دەهێنی، بۆ زەرەر گەیاندن بە كەسێك، یان بیئە، ئەوە ناكاتە ئیرهاب، ئەگەر بێتو ئەو دێرەی بۆ ئیزافە نەكەین (القصد منه تحقيق مآرب سياسية او عقائيدية عن طريق العنف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی من بە نووسراو پێشنیارێكم ئاراستەی لیژنەی یاسایی كرد و، جارێكی تریش خوێندمەوە. یەعنی گۆڕانكاریەك لەنێوان ئەوەی من و ئەوان هەیە، واتا فەرقی هەیە، تۆزێك وزوحی زیاترە، بەقەناعەتی خۆم من پێم وایە باشترم داڕێژتۆتەوە، هەر پێناسەكەی ئەوانە و لەگەڵ هەندێك ئیزافاتی تر، مەسەلەن لە ئیزافاتەكان من باسی رفاندن دەكەم، جا ئەگەر رێگەم بدەی پێشنیارەكەم بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی وزوحی زیاتر تێدا بێت، من پێشنیارێكم هەیە، ئەویش پێناسەیەكەم بەتەواوی كردووە لەسەر پێشنیارەكەی ئەوان، پێشنیار بۆ پێناسە كردنی كاری تیرۆر (كاری تیرۆر كردنی هەر كارێكی تاوانكاری رێكخراوە، یان بانگەشە كردنی و هاندانە بۆی، یان پەنا بۆ بردن و هەرەشە پێ كردنیەتی، كە تاوانكار بەهۆی بیر و بۆچوون و هەڵوێستی ئایدۆلۆجی، رامیاری، كۆمەڵایەتی، عەقائیدی، ئاینی جیاواز لەگەڵ بەرامبەرەكەی، چ بە تاك بێت، یان بە كۆمەڵ ئەنجامی دەدات بە مەبەستی تۆقاندن و رفاندن و بەبارمتەگرتن و بزكردن و لەناوبردن وشێواندن و كوشتن وملكەچ كردنی بە زۆرە ملێ و چەوساندنەوەیان، یان ئاژاوە نانەوە لەناو جەماوەرو، شێواندنی پەیڕەو و سیستەمی گشتی و، یان زیان گەیاندن بە ئاشتی و ئاسایش و ئارامی و سەلامەتی كۆمەڵگا و بەرژەوەندی باڵای كوردستان یان زیان گەیاندن بە ژینگە و دامودەزگاكان و موڵكی گشتی و، یان بە موڵكی تایبەتی هاووڵاتیان و، یان زیان گەیاندن بە سەرچاوەكانی دەستكەوت و بەروبوومە سروشتییەكان).

ئەمە ئەوەی هی لیژنەی یاساییشی هەموو تێدایە، بەڵام تۆزێك دەستكاریەك و صیاغەیەكی تێدایە، ئەگەر پەسندی بكەن، من مەمنون دەبم و پەسندیشی نەكەن، ئەوە قەراری ئێوەو پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شتێكی باشە بەڵام ورد كراوەتەوەو تەفسیلاتی زیاتر دراوەتێ، ئەگەرنا لە جەوهەردا خیلافێكی نییە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پـێم وایـە یـەعنی سـەبەبی ئـەوەی كـە تـیرۆر پێناسـە نـەكراوە بـە دوو قۆنـاغ تێپـەڕیووە, قۆنـاغی یەكـەم/ قۆنـاغی ئیستعمار بوو, رێك نەدەكەوتن, یەعنی هەتا بیدایەتی نەوەتەكان, ساڵی حـەفتا یەكـەم بـاس لەسـەر تـیرۆر دەرچـووە لـە نەتەوە یەكگرتووەكان, لەوێوە دەستی پێ كردووە, بۆچی رێك نەكەوتووە؟ لەبەر ئـەوە ئـەو پێناسـانەی شـەرعیەتی دەدا بە موقاوەمە دژ بە داگیركەر و ئیمپریالزم, لەدوای نەوەتەكان بابڵێین غەرب, رۆژئاوا پێیان خۆش بوو, كـە پێناسـەیەكی بكەن, ئەم پێناسەیە ئیسلامی پێوە دیار بێت, لەبەر ئەوە وا رێككەوتبوو لەو ماوەیە بـەدواوە زۆرتـری ئـەو كارانـەی كـە دەكرا گروپی ئیسلامی تونـدڕۆ پـێ هەڵدەسـتان, وڵاتـە ئیسلامیەكان, یـان رێكخـراوە ئیسلامیەكانیش مـەجالی ئـەوەیان نەدان, ئیتر ئەم دیاردەیە بەبێ پێناسە ماوەتەوە, ئەم پێناسەیەی كە ئێستا لەبەر دەسـتتدایە, دەبێـت پێناسـەی هـەبێت, ئەوانەی هەموو كۆكن لەسەری, دەبێت ماددەكان ئەم پێناسەیە ئەم وشانە بن:

یەكەم/مەبەستێك هەبێت, بەبێ مەبەست نییە.

دووەم/دەبێت سازكراو بێت, من پێم باشـە لـەحیاتی رێكخـراو, چـونكە رێكخـراو مونەزەمەیـە, نـەك مونـەزەم, سـازكراو, شتێك كە سازی دەكەیت, ئامادەی دەكەیت, دەبێت سازكراو بێت, ئەو وشەیە نەخشەی بۆ كێشرا بێت, وەكو بڵێی دارێژرا بێت, وەكو لە كردندا, لە دەرئەنجامەكەی دەردەكەوێت.

سێهەم/لێكەوتنەوەی زیان و تۆقاندن.

چوارەم/ئەو خەڵكەی كە لەسەری تەتبیق دەبێت, خەڵكی مەدەنی بن.

دەبێت هەر تەعریفێك بۆ ئیرهاب دەكرێت, ئەم چوار خاڵەی تیا بێت, مەبەستێك دیار بێت, سازكراو بێت, لێكەوتنەوەی تۆقاندن و زیانی تێدا بێت, ئەو كەسەشی كە لەسەری دەكرێت خەڵكی مەدەنی بێت, بۆ ئەوەی لەم مەسـەلەیەش دەربـاز بین, ئەگەر نەمانتوانی تەعریفی كورت بكەین, ئەمە تەعریف نییە, ئەمـە مـەفهومی ئیرهابـە, چـونكە دەڵێـت ئـەو ئـەو ئەو, ئەوە نا ئەو, ئەوە نا ئەو, ئەو ئەو ئەو, ئەوە تەفسیلە, تەفسیل لە تەعریفدا هەرگیز نابێت, دەبێـت دوو شـت بێـت, یـان تـەعریفێكی كـورت لـە دوو دێـردا, یـان ئەگـەر نـەبوو بڵـێین مـەفهومی تـیرۆر ئاوایـە, ئەمـەی كـە لیژنـەی قـانونی دارێژراوە, دەكرێت ناوی لێ بنرێت مەفهوم, من كورتییەكەم نووسیووە, ئەگەر پێتان باش بوو:

(تیرۆر بریتییە لە بەكارهێنانی توند و تیژی سازكراو, بە مەبەستێكی سیاسی, بە لێكەوتنەوەی كوشتن و وێران كردن و تێكدانی باری ئاسایش و تۆقاندنی خەڵكی مەدەنی بە ئیجبار كردنی, كردنی كارێك, یان نەكردنی), چونكە ئەو كەسـەی كە ئەم ئیشە دەكات, دەیەوێت لە جێگایەك بیكات كە حكومەتە, یان لایەنێكـە, یـان دەسـەڵاتێكە, یـان هـەر شـتێك بێـت, ئیجباری بكات بە كردنی شتێك, یان بە نەكردنی, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە روونكردنەوەی مامۆستا محەمـەد فـەرەج لـە تەعریفەكـەی زۆر وازیحـە, ئێمـە ئیشارەتمان پێدا لـە لیژنـەی قانونی, كەوا شمولی فەرد دەكات, كە فەرد زائیدەن موجتەمەع و ئیقلیم بەشێوەیەكی گشتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا سەعددەین.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەبیعەتی ئەو قانونەدا, قانونێكی تەوارییە, یەعنی قانونەكە بزەبت ماوە و كاتێكی دیاری كراوی بۆ دانراوە, جا لەو تەعریفی فیعلی ئیرهابی  هەندێك شت هاتووە غموزی تێدایە, یەعنی كە باسی جەماعەت دەكات, یەعنی ئەگەر بەیانی جەماعەتێك هەڵبستێتەوە مەشاكیلێك دروست بكات, نەفسی ئەو شتەی لەسەر تەتبیق دەبێتن, وا باشە شتەكان دیاری بكرێتن, یەعنی ئەعمالەكان, یان فیعلەكان, یان تەعریفەكەی دیاری بكرێتن, ئەوە حاڵەتێك.

حاڵەتی دووەمیش/باسی ئەوە دەكرێتن, كە تەعریفی ئیرهاب نەكراوە, بەڵێ تەعریفی ئیرهاب زۆر كراوە, ئێستا ئەو دەوڵەتەی كە قانونی ئیرهابی دەرهێناوە هەمووی تەعریفی ئیرهابی كردووە, یەكێك لەوانە مەسەلەن هەتا باسی ئیتیحادەكان و مونەزەمەكان بكەین, ئیتیحادی ئەوروپی تەعریفێكی زۆر زۆر وازیحی لەسەر ئیرهاب هەیە و باس دەكاتن, ئەمریكا گەورەترین دەوڵەتە, ئێستا تەعریفی ئیرهابی كردووە, بەریتانیا تەعریفی ئیرهابی كردووە, شتێكیش هەیە حەز دەكەم باسی بكەم, لە هەڵەبجە لەسەر ئەو شتە, یەعنی هەتا لە هەولێری بوایە من باسم دەكرد, كە ئەمری ئیعدام لە بۆ دە دوانزدە كەس هاتبێتن, كە قسە هەیە ئێستاكە, بەڕاستی هەتا ئەم قانونە دەرنەچێت, ئایا بە چ حەقێك ئەو دوانزادە كەسە ئیعدام دەكرێن, یەعنی ئیعادە نەزەرێك بەو ئیشە بكرێتەوە, ئەگەر وا بێت, ئەگەر وا نەبێت شتەكە ئەسڵ و ئەساسی نییە, تەعریفەكەش بۆت بخوێنمەوە, یان بە راپۆرت بۆتی رەوانە بكەم, تەعریفی ئیتیحادی ئەوروپی كە تەعریفێكی زۆر زۆر رێك و پێك و بەجێیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا لە مەوزوع دەرمەچوو, چونكە ئێمە باسی موناقەشەی شتێك دەكەین, تۆ رەئی قسەی حاكمێك دەكەیت, كە ئیشی ئێمە نییە.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر قانون دەرنەچێت, چۆن عەمەل بەو شتە دەكات, ئەگەر قانونی لەسەر تەتبیق بكرێت, زۆر زۆر شتێكی تەبیعییە, ئێمە پشتگیریشی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفووم دەكەی ئێستا پێت دەڵێم, ئەوە رەئیەكی حاكمە, قسەیەكی كردووە, رەئی خۆی بووە, وەلاّم دانەوەی پەیوەندی بە حاكمەوە هەیە, بە تەمییزەوە هەیە, بەكاری موختەسەوە هەیە, ئیشی ئەو كۆبوونەوەیە نییە, لە بەرنامەشماندا نییە, لەبەر ئەوە بگەڕێوە سەر مەوزوعەكەت تكایە.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا نیو دەقیقە مەجالم بدەیێ, كە تەعریفی ئیتیحادی ئەوروپی بكەم, كە تەعریفێكی زۆر زۆر رێك و پێكە, داوای لێبووردنیش دەكەم كە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

(وهو العمل الذي يؤدي الى ترويع المواطنين بشكل خطير, او يسعى الى زعزعة الاستقرار, او تقوض المؤسسات السياسية, او الدستورية, او الاقتصادية, او الاجتماعية لاحدى الدول والمنظمات, مثل هجمات ضحايا الافراد, او الهجمات ضد السلامة الجسدية للافراد, او اختطاف واحتجاز الرهائن, او احداث اضرار كبيرة بالمؤسسات الحكومية, او اختطاف الطائرات ووسائل النقل الاخرى, او تصنيع, او حيازة مواد الاسلحة الكيمياوية والبيولوجية, او ادارة جماعة ارهابية, او مشاركة في انشطة الجماعات الارهابية).

ئەوە تەعریفەكەی ئیتیحادی ئەوروپی یە, هەموو شتێكی دیاری كردووە, یەعنی هەموو لایەنەكانی دیاری كردووە, زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتێك كە باسی تەعریف دەكرێت, من وەك ئەندامێك لە لیژنەی یاسایی لە ئەنتەرنێت زۆر گەڕام, تەنیا عێراق تەعریفی هەیە, لە دەوڵەتەكانیشی تریش كاری, یان فیعلی, یان عەمەلی ئیرهابی هەیە, هەتا ئێستا لە یوئێنیش دوو سەد خەبیر دانیشتوون, بۆ تەعریف رێك نەكەوتوون لەسەر وشەی ئیرهاب, بەڵام عەمەلی ئیرهاب هەیە, ئەوە یەك. دوو/دڵنیاتان دەكەمەوە, ئەو قانونە كە دەرچوو, پاش دەرچوونی جێ بەجێ دەكرێت, جێ بەجێ ناكرێت, ئێستا حادیسەیەك لە هەولێر روویداوە, یان لە سلێمانی, یان لە كەركووك, یان لە دهۆك, بەڵكو پاش ئەوەی جێ بەجێ دەكرێت, وەك جەنابی سەرۆكی پەرلەمانیش باسی كرد, كە لەلایەن سەرۆكی هەرێم تەوقیع دەكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك مەلا.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی نیزامیم هەیە لەسەر ئەوەی كە دەڵێتن من بە ئەنتەرنێت لەسەر ئەو مەوزوعە, با مەوقعەكەی بدەمێ لەسەرە كە مەوقیعی ئەمریكایە, لەسەر مەوقیعەكانی تریشت پێ پیشان دەدەم تەعریفەكانیشتان پێ پیشان دەدەم, كە لە نەصی مادده دەستووریەكاندا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی منیش ئاگادار بم هیچ تەعریفێكی نێودەوڵەتی لەسەر ئیرهاب نییە, لەسەر فیعلی ئیرهاب نووسراوە, وڵاتان فیعلی ئیرهابیان تەعریف كردووە, وەكو پێناسەیەك, ئێستا دەنووسرێت ئەو كارانەی خوارەوە ئیرهابی حیساب دەكرێن, كاری تیرۆریستین, ئەوانەش لە زمنی ئەوەیە, ئەو تەعریفە نییە, ئەو تەعریفە ئیختیلافی لەسەر هەیە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی تر, مەسەلەن لێرە باسی (اسلحة الدمار الشامل)ی كردووە, باسی (اختطاف الطائرات)ی كردووە, لە وڵاتی تر ئەوانە نییە, ئەو وڵاتانەی كە موعەرەزن بۆ ئەو شتە, مەسەلەن ئەمریكا بە تەیارە لێیان داوە باس دەكاتن, ئێمە لێرە تەیارەمان نییە, رەنگە لە بیرمان چوو بێت, رەنگە هەبێت باشترە, بەڵام ئەوەی جەنابت باست كرد, ئەوەندەی من ئاگادار بووم هەمووی تەحدید كردنی ئەفعالی ئیرهابییە, ئەگەر هەبێتن مەمنونت دەبین, پێمان بڵێ, بەڵام من شەكم هەیە قانونێك دەرچووبێت لە ئەورووپا تەعریفی قانونی ئیرهابی كرد بێت, چونكە من ئاگام لێ نییە, فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكی خاڵێكا نیزامێ, بە رەئی من پێویست نییە جەنابێتە سەرەقف لە هەر پەرلەمانتارێكی تەعلیقێكی هەبێت, چونكە زۆربەیا هەی رەئی خۆی دەردەبری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەم, ئەوە تەعلیق نییە, بەڵام چاكردنەوەی مەعلوماتێك بوو, بۆ ئەوەی ئێوە بزانن, ئەو شتەی دەڵێتن, ئەگەر تەعریفێكی ئەوروپی هەبوایە, دەبوایە لیژنەی قانونی بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرێتن و بەقوەتی بكاتن, لەبەر ئەوە بۆ زیاتر ئاشنایی كردن, ئەگەر كەسێكیش پێی وایە تەعریفێكی ئیرهاب هەیە لە هەر وڵاتێكەوە, من حەز دەكەم زانیاری لیژنەی قانونی دەوڵەمەند بكاتن, چۆن ئێستا كاك تاریق وتی, منش وتم ئێوە هەر كەسێك شتێكی هەبێتن بڵێتن, كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم, کە تۆ دەڵێ پێناسە یەعنی تەحدید دانانی چوارچێوەیەك, ئەمە لێرە نووسراوە (هو کل فعل اجرامي منظم), دەتوانین ئیزافەی بکەین بڵێین (لغرض او لغایة سیاسیة وعقائدیة), وەك ئەو برادەرانە باسیان کرد, ئێستا لە فەرەنسا حەڵەتی موشاغەبەیە, موعارەزە پێی دەڵێن (قانونی اجتماعی)یانە نەخراوەتە خوار تیرۆرەوە, بۆ ئەوەی قانون نەبێتە شتێك, هەر بزانین خۆپیشاندانێك مەدەنیانە, یان یەکێك شتێکی لێ بکەوێتەوە, نەچێتە قاڵبی سیاسییەوە, کابرای ئاژاوە دەکات نەبێتە ئیرهابی, دەبێت ناحیە سیاسیەکەی دیاری بکرێت, سیاسی عەقائیدی ئایدیۆلۆجی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە مامۆستا خەلیل ئیبراهیمیش پێشنیارێکی تەقدیم کردووە, سەبارەت بە ئیزافە کردنی وشەی (غير قانوني للعنف), دووەمین (لتحقيق الاغراض السياسية الايدلوجية او الوطنية او الدينية), ئەگەر دەیخەنە دەنگدان کە ئەوەش ئیزافە بکرێت, وابزانم شتێکی باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکەشی بڵێن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە پاڵی بنووسرێت یاسایی نەبێت, یەعنی بەکارهێنانی توندوتیژی نایاسایی.

دووەمیش/ کاتێك کە باسی پاڵنەرو هۆکارەکانی دەکرێت, بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستێکی سیاسی, یان ئایدیۆلۆجی, یان نەتەوەیی, یان ئاینیی), یەعنی ئەو مەبەستەی کە داوایان کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, ئەگەر قەرارێك دەردەچێت, چۆن ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داش عێراقە, بڕیارەکەش بەهەمان ناو بێت, نەك کوردستان یەکسەر کوردستان - عێراق بێت, وەکو ئێستا هاتووە یاسای دژە تیرۆر لە هەرێمی کوردستان, ئەو هەرێمە پێویست ناکات, چونکە ناوی ئەنجومەنەکە هێنرا, کەواتە پێویستە قانون و قەرارەکەش بە گوێرەی ناوەکە بێت, ئەوە یەك. دوو/ داواکارم لەمەودوا ئەو برادەرانەی لیژنەی یاسایی کە زۆر ماندووش دەبن دەزانم, بەڵام دوای ئەوەی کە خۆیان بە کوردی دایدەڕێژن, بیدەنەوە لیژنەیەکی تایبەتی زمانی کوردی, بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی وا بێتن ئینسان تێبگات, چونکە من لێرەدا (یان هەڕەشە پێ کردنیەتی), هەرەشە پێ کردن زۆر جار لە کوردەواری دەڵێت من خێزانەکەت ئیبادە دەکەم, عەشیرەتەکەت ئیبادە دەکەم, یان هەندێ وشەی تێدایە بەهەر حاڵ نوێنە دێنە ناو زمانی کوردی, پێویستە لێی بە دیقەت بین, لەبەر ئەوە پێم باشە بدرێتە زمانی کوردی, بدرێتە لیژنەیەکی پسپۆڕ لە زمانی کوردی, ئەوە دوو.

سێ/ ماددەی یەکەم دەڵێت کاری تیرۆر, کاری تیرۆر یەکسەر نیو رستەیە, یەعنی دەبوو بە مانشێت هاتبوایە خوارێ, ئێمە پێناسەی کاری تیرۆر دەکەین, کاری تیرۆر پێناسە دەکەین, یان پێناسەی کاری تیرۆر, ئینجا هاتبوایە جارێکی دووبارە کرا بوایەوە, لە پاڵ ئەوەش ئێمە بەکاری دەهێنین کۆمەڵە کەسانێکە, یان گروپێکە, دەوڵەتیشی بخرێتە پاڵ, چونکە ئێمە میللەتی کوردستانین ئەوەندەی کوشتەی دەستەی ئیرهابین, ئەوەندە کوشتەی دەستی گروپ و تاقمەکان نین, لە شوێنێکی تریش لە ریزی پێنجەم باسی ئەوە دەکاتن بشلەژێنێ, لە جیاتی ئەوەی بشلەژێنی تێك بدات, تێکدان,

نەك شلەژاندن, چونكە شلەژاندن زۆر سوكترە لە تێكدان, زۆر جار دەبینین شتێكی سادە دەبێت شلەژان دەبێت, لە ریزی پێنجەم لە ئاسایش و سەلامەتی كۆمەڵگاو هەرێم, كۆمەڵگا خۆی ولاَتیش دەگرێتەوە, موجتەمەعیش دەگرێتەوە, چونكە كۆمەڵ یەعنی موجتەمەع, (گا)ش یەعنی شوێنە هەردووكی دەگرێتەوە, پێویست ناكات دووبارە بكرێتەوە, لە كۆتاییشدا داوا دەكەم لەمەودوا تەنیا بە زمانی كوردی بخوێندرێتەوە, بۆ ئەوە وەكو بەرێزتان باس دەكەن, پێویستە هەموومان قسە بكەین, زۆرتریش ئەندامانی پەرلەمان قسە بكەن و گفتوگۆیەكەمان تێرو تەسەل تر بێت, ئەو وەختەی بە عەرەبی دەخوێندرێتەوە با بە زمانی كوردیەكە بێت, رستەیەكی تریشم هەیە ئیزافەی بكەین, ئەگەر بە پەسند بزانرێت ئیزافەتەن بۆ ئەوانە لە شوێنێك جێگەیان بۆ بكرێتەوە, من هەر وا سەر پێیی باسی دەكەم, ئەوەش بخرێتە ناو پێناسەكە (پەلامار دانی سیمبولە نیشتمانیی و نەتەوەییەكانی پەرلەمان مۆنەمێنتی شەهیدان, گۆڕی سەركردەكانی سنبلە ئاینەكانی وەك مزگەوت, كەنیسە, گۆڕی پیاو چاكان بە كاری تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێت, هەروەها هێرش كردنە سەر مۆزەی كتێبخانەی گشتی و شوێنەوار و دەزگاكانی خزمەتگوزاری وەك پەروەردەو تەندروستی و دادگاش, ئەوانەش بخرێنە قالبی كاری تیرۆریستییەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی زمان, ئێمەی لیژنەی یاسایی لە كۆبوونەوەی رابردوو راپۆرتەكەمان خوێندرایەوە, بە داخێكی زۆرەوە یەك برادەر لەو هۆڵە بە یەك وشە ئێمەی بەسەر نەكردەوە, كە ئێمە ئەوە چابكەینەوەو هەڵەكان چاك بكەین, سوپاسی كاك ئارێز دەكەم پێم خۆشە لە ئایندەدا كە شتێكتان وەرگرت بۆمان بنووسن, هەتاكو ئێمە تەئكیدی بكەینەوەو سوودی لێ وەربگرین, ئەوە یەك.

كاك ئارێز باسی شتێكی تری كرد, كە دەڵێت جێی گشتی, جێی گشتی ئەو شوێنە دەگرێتەوە كە تەعریف باسی كرد, (اماكن عامة) ئەو شوێنە گشتیانە هەموو دەگرێتەوە, بەلاَم ئەگەر ئێمە كورتی بكەینەوە, ناگەینە نەتیجەیەك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم بەحری فەرموو, بەس تكایە دووبارە نەبێت.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەی یاسایی بەشداریم كردووە لە دارشتنی ئەو پێناسەدا, بەلاَم دوایی, بەڕاستی بۆم دەركەوت وەكو بەڕێز كاك محەمەد فەرەج ئەندام پەرلەمان فەرمووی, ئەو پێناسەیە چوار توخم دەبێت, بەلاَم پێم وایە پێنج توخمە, واتا پێنج عونسورە, لە عونسوری پێنجەمیش قەصدەكەی كەمە, یەعنی قەصدەكەی قەصدی تیرۆر ئەو كارە تیرۆرە دەبێت چی بێت, من پێم وایە ئەوەی كاك سەردار باسی كرد (بقصد تحقیق مآرب سیاسیة وعقائدیة) ئیزافە بكرێتە سەر ئەو پێناسەیە, لەگەڵ ئەو پێناسەیەی كاك محەمەد فەرەج باسی كرد پوخت بكرێت, كورت بكرێتەوە, پێم وایە باشترە لەوەی بە تەفسیلی هاتووە, هەروەها شتێكی تریشم هەیە ئیزافەی بكەم, ئەو برادەرانەی كەوا دەڵێن لە ولاَتانی تر پێناسە بەو شێوەیە هەیە, من پێم وایە راستە هەیە, بەلاَم هەر ولاَتێك پێناسەی تایبەتمەندی خۆی هەیە, لەبەر ئەوە دەبێت تایبەتمەندی خۆشی هەبێت و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی کە کاك کەریم ئیشارەتی پێدا, ئێمە ئیشارەتمان پێداوە, بە عەرەبیەکەی (او بشكل عشوائي, القصد منه) قەصدەکە شمولی هەموو دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەصدەکە بکرێت بە ( الهدف منه) دوایێ بکرێتە (بقصد تحقيق مآرب السياسية والعقائدية), ئەویتریان بکرێتە (الهدف منە), ئەوە هەدەفە, سوپاس.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەصد و هەدەف هەردووکیان هەمان شتە, هەمان مانای دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من یەکەم جارە قسە دەکەم, قسەیەکم هەیە ئەگەر بمبوورن دەیکەم, دوو تێبینیم هەیە, یەکەم/ هەموو تاخیر بوونەکەتان ماوەی مانگێك زیاترە, بیست و حەوت رۆژە, ئەویش هیچ شتێکمان پێ نەگەیشتووە, بەحەقیقەت من پێم وایە ئەو خوشك و برایانەی کە لەگەڵ تاخیر دابووین, بۆ ئەو مەبەستە نەبوو, کە ئێمە پێشنیار بنووسین, لەسەر خودی بڕیارەکە تێبینیمان هەبوو, کە لەو هەلومەرجەدا دەرنەچێت, کە ئیدارە یەکی نەگرتۆتەوەو دادگاش تا ساڵی 2006 بە جیاوازی دەمێنێتەوە لە 2007 یەکتری دەگرێتەوە, لە ئیدارەی هەردوولا, ئەوە حەقیقەتێکە, ئەوە تێبینی یەکەم, بۆیە ئەو پێشنیارەشمان نووسی.

تێبینی دووەم/ جەنابتان دەڵێن ئەو بڕیارە ئەسەری رەجعی نابێت, چونکە ئەوە پەیوەندی بە ئەمنیەتەوە هەیە, ئەو بڕیارە دەردەکرێت, من ئاگادارم دامودەزگاکانی هەردوولا چاوەڕوانی ئەم بڕیارەن, ئەوە حەقیقەتێکە هەتا برادەران داوایان لێ کردووم و نوسخەیەی تریشم بۆ هەندێ برادەر ناردووە, دەڵێن ئێمەش چاوەڕوانی ئەوەین, بە دەرفەتی دەزانم بەڕاستی وەکو حزبێك ئێمە کێشەیەکمان هەیە چاوەڕێی ئەو بڕیارەین کە دەربچێت, بۆ ئەوەی کێشەکانمان حەل بکات, برایانی بەڕێز ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین نوێنەری خەڵکێکین, ئێمە لەبەر ئەوەی لیستی حزبەکان بووە نوێنەری جەماوەری حزبەکانمانین ساڵێکە ئەم پەرلەمانە کە بڕیار دەردەکات, بۆیە بەحەقیقەت ئێمەش لەبەر ئەوەی بڕیارەکان صیغەیەکی عام و مەبەستێکی نەتەوایەتی هەبووەو, بەرەو برایەتی و یەکگرتنەوەی ئیدارە, هەمووی دەستمان بۆ هەڵبڕیوە, لەم بڕیارە کە قسە دەکەین و موعارەزە دەردەبڕین و قسەی تێدا دەکەین, چونکە ئەوە مەسی ژیانی هاووڵاتیان دەکات, مەسی ژیانی حزبەکەی منیش دەکات, ئێمە لە کاتێکدا رۆڵ و جوهدی چەند ساڵەی دامودەزگا ئەمنیەکان بەرز دەنرخێنین, دیارە پێشیان خۆشە دائیم سوپاسیان بکەین و مەدحیان بکەین, ئێمەی حزبەکان و سەرکردایەتی سیاسی هەردوو حزبەکەش لە هەمان کاتدا دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بن, کە حەقی خۆیەتی لە پەرلەمان هەندێ تێبینی خۆی دەربڕێت, یەعنی ئێمە لەم قانونە لە وشە موشکیلە نییە, قانونەکە چۆن تەرکیز دەکرێت, جیهەتی تەنفیز کێیە؟ کەی لە ئێمە و لە عێراقیشدا بە ئەمری دادگا خەڵك دەگیرێن, کەی ئێستا تەوقیف پانزدە رۆژەو دوایی تاوانبار دەدرێتە محکەمە, ئەو تاوانبارانە (المتهم برئ حتى تثبت ادانته), چوار ساڵ تاوانبارەو نادرێتە دادگا, بەڵێ دەزانم قسەکان لە صولبی مەوزوعدا نەبن, بەڵام ئێمە چاوەڕێین کەوا ئەم بڕیارە دەردەچێت, کە مەسی ژیانی

هەموو لایەکمان دەکات, کە بە حەقیقەت وا دەربچێت کە واقیعی بێت و مەشاکیلمان بۆ حەل بکات, ئێمە کۆمەڵە مەشاکیلێك رووی تێ کردووین, داوا لە پەرلەمان دەکەین دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە, کە ئەو کێشانە چارەسەر بکات, کۆمەڵە گیراوێك هەنە چوار ساڵە بێ مەحکەمە گیراون, ئێمە وەکو کۆمەڵەی ئیسلامی ئیدانەی هەموو کارێکی تۆقێنەر و کوشتن و ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا دەیبینین کوشتنی مەدەنی و ئەوانە دەکەین, بەلاّم لە هەمان کاتیشدا حەقی خۆمانە تاوانبارێك سەر بە حزبی ئێمەیە, یان حزبێکی ترە دیفاعی لێ بکەین و وەلاّمێك وەربگرین, بەداخەوە تاکو ئێستا وابزانم من لە رۆژنامەش خوێندمەوە, کە داواکاری کۆمەڵە گیراوێك گەیشتووە, هەموو چاوەڕوانن, بەس من لەو قانونە حەلی ئەو کێشانەی تێدا نابینم, یەعنی ئەو قانونە پڕە لە ئیعدام, یەعنی زمانی گفتوگۆی کەمتر تێدایە, یەعنی ئەوەی کەوا حەقی تاوانبار بێت, حەقی مافی مرۆڤی کەمتر تێدا بەدی دەکرێت, بۆیە داوام وایە, چونکە هەر ئەو جارەش لەسەر ئەو قانونە قسە دەکەم, تکام وایە ئێمە ورد بین لە مەسەلەکەدا و, لەبەر ئەوەی جیهەتێکی تەنفیزی دامودەزگا ئەمنیەکانین, داوام وایە لە رێی پەرلەمانەوە لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەی ئێمە وا بن لە ئاستی واقیعەکە بن, هەموومان وەکو چۆن جوهدیان لە پاراستنی کوردستاندا دەرنەرخێنن, هەروەها تەعامولیش لەگەڵ تاوانبارانـدا بدەینە دادگا, شتەکان زوو روون بێتەوە, ئەگەرنا مەترسیمان لە خودی قانونەکە نییە, مەترسیمان لە خراپ بەکارهێنانی قانونەکەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت قسەکانی کاك محەمەد سەبارەت بە ئەسەری رەجعی قەوانینی جەزائی هەرگیز ئەسەری رەجعی نییە, بۆ تەسبیت کردنی ئەو واقیعەتەش نەصی دەستووری عێراقی دەخوێنمەوە مادده (19) بە عەرەبی دەخوێنمەوە بڕگەی (10-لا يسري القانون الجزائي بأثر رجعي الا اذا كان اصلح للمتهم), واتا بۆ نموونە جەریمەك ساڵی 2000 کراوە, بەپێی قانونێك, قانونەکە ئەو وەختی حوکمی پانزدە ساڵ بوو, ئێستا قانونێك دەربچێتن حوکمی ئیعدام بێت, قانونە کۆنەکە لەسەری تەتبیق دەبێت, نەك قانونی ئێستا, واتا قانونی جەزائی ئەسەری رەجعی نییە ئیتلاقەن, لەو رۆژەی بلاّو دەکرێتەوە پاش ئیسدار کردنی لە هەرێمی کوردستان, لەو رۆژە جێ بەجێ دەکرێت, ئەگەر ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دانەنرا بێت, لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موداخەلات حەقی خۆمە بیکەم ئەگەر پێویست بێتن, ئێستاش بە پێویستی دەزانم, چەند مولاحەزەیەکت کاك مامۆستا محەمەد حەکیم, من رەدی ئەو مولاحەزانەن دەدەمەوە, ئێمە ئەو قانونەمان دوا نەخست, کە ئەو قانونە پێویست نەبێتن لە هەرێمدا, ئەو قانونە لە هەرێمدا پێویستە, ئەو قانونەمان دواخست, چونکە زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد و مەترسیان هەبوو لە بەکارهێنانی ئەو قانونە بەشێوەیەکی ناتەبیعی, لەبارەی پێناسەکەوە مەتەفیق نەبوون لەسەری, هەندێك تەفاسیلیان هەبوو, هەندێك پێیان وا بوو ئەسەری رەجعی هەیە, لە کۆتایی قسەکاندا من باش بە بیرم دێت, ئێمە قانونەکەمان دواخست, بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پێشنیازی هەیە, راوبۆچوونی هەیە بیداتە لیژنەی قانونی, واتا دوامان نەخست بۆ ئەوەی ئیلغای بکەین, ئەوە یەك.

دوو/ حەقیقەتێك هەیە حەز دەکەم لەبیرتان بێت و لەبیرمان بێت, ئەو پەرلەمانەی ئێستا پەرلەمانی نەوەتەکان نییە, ئێمە ئێستا پابەندین بە عێراقێکی فیدراڵەوە, کە دەستوورەکەی دەنگمان پێداوە, هەر یاسایەك لەوێ دەربچێتن, ئەگەر ئێمە لێرە پەسندی نەکەین, هەمواری نەکەین, ئەو یاسایە مولزەمە لێرە, ئێستا ئەو قانونە لێرە دەرنەکەین, مەحاکم لە کوردستاندا دەتوانن پشت بە یاسای تیرۆر کە پەسند کراوە لەلایەن جەمعیەی وەتەنییەوە ببەستن بڕیاری خۆیان بدەن, ئەگەر ئێمە لێرە تا دەست پێ کردنی حکومەتی عێراق, لەو رۆژەی حکومەت ئیعلان دەکرێت, دەستوور کە دەنگمان بۆ داوە, مولزیمە بەجێ بەجێ کردنی و قانونەکانیش مولزەمە, بۆیە لێرە ئێمە حەقی خۆمانە بەپێی ئەو

دەستووره ئەو قانونانەی لێره دەردەکرێن, لێره موناقەشەی بکەین و پەسندی دەکەین, یان هەمواری دەکەین لەبەر رۆشنایی گۆڕانکاری, ئێمە زۆرمان هەموار کردووەو, باشترمان کردووە, ئەو کەموکوڕیانەی کە پێمان وایە نوقسانییە لە یاسایەکەی بەغدا لە پرۆژەکەی ئێمە تێدا نییە, لەبەر ئەوە ئەو قانونە زەروورەتێکی هەرێمە, ئەوە یەك.
دووش/ تەئکید دەکەمەوە کە ئەسەری رەجعی نییە, ئەگەر کەموکوڕی لە شوێنێك هەبێت, ئەو کەموکوڕییە بۆ ئەوە نابێت تۆ شوێنەکانی تر تەجمید بکەیت, کۆمەڵگا بە سێ چوار شتە, دەسەڵاتی تەشریعی, دەسەڵاتی تەنفیزی, قەزا کۆمەڵگای مەدەنی ئەوانە هەمووی بەڕێوە دەبەن, ئێمە ئیشمان دانانی یاسایەو چاودێری کردنی حکومەتە, ئەو یاسایە کە دایدەنێین خۆمان چاودێریشی دەکەین, کە چۆن جێ بەجێ دەبێت, کە لێره دەڵێم ئەسەری رەجعی نییە, هیچ محکەمەیەك بۆی نییە بەپێی ئەو قانونە یەکێك حوکم بداتن پێش دوو ساڵ گیرا بێت, قانونی عقوبات هەیە ئێستا دەتوانێت بیداتە محکەمە, زۆر حوکم دراوە بە قانونی عقوبات, بەڵام لە پاش دەرچوونی ئەو قانونە هەر کەسێك ئەگەر گیراو تاوانی تیرۆریستی پێوە کرا, ئەو قانونە لەسەری مەشمولە, لەبەر ئەو دوو خاڵە حەزم کرد لای ئەندامان روون بێت, بەتایبەتی بۆ ئەوەی پێمان وانەبێت, ئێمە یاسای دادەنێین بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ, چونکە ئێمە حکومەتێکی فیدراڵین, ناوچەیەکی فیدراڵمان هەیە, پابەندین بە دەستووری عێراقیشەوە, فەرموو کاك محەمەد حەکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسم کرد, کە باسی دەکەن دەڵێن چاوەڕێی ئەو قانونەین, تۆ دەبێت لێرەدا بڵێیت ئەوانەی پێشتر بە قانونی عقوبات یەعنی چی, یان دەبێت تەعمیمێکی پەرلەمان بێت, لەلایەن هەردوو حکومەتیش دەربچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا محەمەد حەکیم جەنابت ئەندامی پەرلەمانی و مەسئوولێکی سیاسیشی, یەکێك قسەی دەکاتن مولزەم نیم پێی, تۆش مولزەم نی پێی, با بۆ خۆی قسە بکاتن, ئێمە لێره قانون دادەنێین, ئەو قانونە مولزەمە, کە پاشان ئیسدار دەکرێتن, مەسئوولێکی ئەمنی دەڵێ چاوەڕێی ئەو قانونەین, ئەو چاوەڕوانی کردووەو بەرنامەی خۆی لە داهاتوو دادەنێتن, نەك بەرنامەی پێشوو بۆ ئەو قانونە جێ بەجێ بکاتن, ئەوە مەوزوعێکی ترە مامۆستا, ئەوە لە جەلسەیەکی تردا لەگەڵ تۆ, لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ باسی دەکەین, فەرموو کاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میدیاکان بەڕاستی لەوەی خەڵکدا دەتوانن تا رادەیەك چاوەشە کردووە, زۆر شت بڵاو دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی شارەزایی یاساییان هەبێت شتەکە بڵاو دەکەنەوە, ئەو شتەی کە محەمەد حەکیم باسی کرد, دەڵێت هەندێك مەسئوولین ئەوە رەئی شەخسیتی, قانونەکە وەك سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد لە تەنفیز و تەتبیق شەرتە لەو رۆژەی کە دەردەچێت, من ئەوە دووبارە دەکەمەوە شتێکی دەستووریە لە هەموو دنیادا قانونی جەزائی رەجعیەتی نییە, یەعنی تەواو ناگەڕێتەوە, لەم رۆژەی کە جێ بەجێ دەکرێت لەمەو پاش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شت هەیە کە ئێمە دەڵێین ئەسەری رەجعی نییە, تەنیا ئەگەر قازانجی تاوانباری تێدا بێت ئەسەری رەجعی هەیە, یەعنی قانونی عقوبات هەیە, ئەو قانونەش هەیە ئەگەر تاوانبارێکی پێشوو ئەو قانونە قازانجی بێت, دەتوانێت بەکاری بێنێت, فەرموو کاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی موحەددەدم هەیە, رەنگە هەندێ لە بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد بێت, بەڵام کامل نەبوو, لەبەر ئەوە دەڵێم لە دێری دووەم کە دێتن (تنفيذا لمشروع اجرامي فردي, او جماعي) ئەو پێشنیارە لەوێ ئیزافە بێتن (لبواعث سياسية او عقائدية او تكفيرية او طائفية او عنصرية اضافة والقتل على اساس هوية) چونکە سبەینێ مەسئوولی ناوچەکانی تریش

دێنە سەر کوردستانێ لەوەی هێزەکانی کوردستانێ بکوژن لەسەر ئەساسی هەویە، کە دەڵێت (یستهدف فردا، او مجموع افراد، او جماعة) لەوە بێتن (الدولة، او کیانها السیاسي باعتبارها منظما للسلم الاهلي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەعریف لە ماددەی یەکەم باسی لەسەر ئەوە کردووە، دەڵێت (الفعل الارهابي هو کل فعل اجرامي)، من پێم وایە هەرچەندە برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەرکێکی زۆریان کێشاوەو، تەعریفی ئیرهاب کارێکی ئاسان نییە، هەروەها بتوانین بە چەند دێرێك باسی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە تا ئێستا ئەو تەعریفە بە شامل نەهاتووە، من پێم وایە هەر چەندە برادەرانی لیژنەی یاسای ئەرکیان لەسەر کێشاوە، راستە زۆر تەواوە ئیرهاب شتێکی زۆر فراوانە، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە تەعریفێکی جامیعی،مانیعی، شاملی بداتێ، کە وەسفی ئیرهابیەکە بکات بە کاملی، من پێم وایە ئەگەر برادەران بە ئەرکی نەزانن، کە دەڵێت (الفعل الارهابي هو کل فعل اجرامي) ببێتە (الفعل الارهابي هو کل اسلوب مرتکب بواسطة الرعب والعنف بقصد تحقیق هدف معین)، ئەمە لێرە ئەگەر بەم نەصە بێت، تەکیفی قانونی بۆ حاکمی تەحقیق، بۆ دادگای موختەس، کە ئەو ئیرهابیە بەو حالەتانە سەهل تر دەبێت، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی دیکە، هەر لە تەعریفەکە باسی لە فیعل و تەحریز کردووە، فیعل یەعنی دەست کردن بە عەمەلیەت، یەعنی تەنفیز و ئیتمامی عەمەلی ئیجرامیەکە دەکرێت، تەحریزیش یەعنی هاندانە، بەڵام لە ماددەی چواری هەر ئەو قانونە خۆیدا باس لە عقوبەی شروع کراوە، لە تەعریفەکە نەهاتووە، من پێم وایە عقوبەی شروع لە زمنی تەعریفەکە بکرێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە کاك عومەر پێشنیارەکەی خۆی بە نووسین پێشکەشمان بکات، پێش ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کۆ ببێتەوە، ئەوە یەك.

دووەمین/ سەبارەت ئەو خاڵەی کە ئیشارەتی پێدا، وابزانم لیژنەی قانونی زۆر بە وردی بۆ تەعریفی فیعلی ئیرهابی چووە، کە تەعریفێکی دەقیقی کردووەو، شمولی هەموو حالاَتی موتەوەقیع دەکاتن و، شروع پەیوەندی بەو مەوزوعەدا نییە، شروع لە ماددەی چوار بە جیاوازی باسی لێ کراوە، تەحدیدی حاڵەتەکانیشی بۆ کراوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش سەبارەت بە پێناسەکە لە دانیشتنی پێشووش هەر هەمان تێبینیم دا و، دووبارەی دەکەمەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك سەردار و کاك بارزان و کاك محەمەد فەرەج و کاك کەریم بەحری و کاك دیلمان ئامێدی لەوەی کە لەو تەعریفە من هەست دەکەم هەدەف دیار نییە، یەعنی هەمووی وەسیلەیە دەکوژی و بە کوشتن لە پێناو کوشتن نییە، بۆیە وێران کردنی لە پێناو وێران کردن نییە، بەڵکو قەصدێکی تری هەیە، جا تکا دەکەین قەسدەکە لێرە تەحدید بکەن، جا هەدەفەکە سیاسییە، گەیشتن بە سوڵتەیە، هەدەفی تر نییە، هەر قەصدێکە لێرە قەصدەکە تەئکیدی لەسەر بکرێت، یەك تێبینیشم هەیە بۆ بەڕێز کاك محەمەد حەکیم، بەڵێ راست دەکات، رەنگە لە کۆمەڵگای ئێمە جار جار قانونەکە پێشێل دەکرێت، وەکو پێویست جێ بەجێ ناکرێت، بەڵام پێم وایە ئەوە زوعفی خودی ئەندام پەرلەمانەکانە

لەوەی ناتوانن موراقەبەی قانون بکەن, لە کوێ ئەگەر قانون پێشێل دەکرێت, ئێمە لەوێ بە جواب بێین, بۆیە لەمەودوا جەنابی و من و هەموو ئەندامانی پەرلەمان با موراقیبی ئەو مەسەلە قانونانە بین, بزانین لە کوێ پێشێلکاریمان دیت قسەی لێ دەکەین, بەڵام دیفاع لە حەق دەکەین, نەك لە تاوانبار, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نەزەری من تەعریفەکە زۆر درێژەو, بۆ مەسەلەی تەعریفی ئیرهابکاریش, ئێمە با بگەڕێینەوە سەر قاموسی زمان, بزانین تیرۆر لە چیەوە هاتووە, تیرۆر وشەیەکی فەرەنسییە, وەکو بۆ خۆتان دەزانن, ئەسڵەن لە عالەمی ئیسلامیش هەڵنەقولیووە ئەو وشەیە, جا مەسەلەی تیرۆر و ئەفعالی تیرۆر زیاتر لە تەعریفەکەدا لە کوشتن و تەقاندنەوەو ئەوانە کورد هەلاَتووە, بە نەزەری من مەسەلەی تیرۆر هەندێك مەسەلەی تر دەگرێتەوە, جگە لە تەقاندنەوەو کوشتن و ئەوانە, بۆ ئەوەی کە بتەوێت رەئی خۆت فەرز بکەیت لەسەر خەڵکێکدا بە چاوسوور کردنەوە, یان بە هەر شێوەیەکی تر بێت.

مەسەلەیەکی دیکە قەزیەی تیرۆری سوڵتە, یەعنی سوڵتە و حکومەت جاری وا هەیە هەندێك شت دەکات زۆر کاری تیرۆریستەکەی بەقوەتر و کاریگەر تر و سلبی ترە لەوەی کە خەڵکێك, یان کۆمەڵێك, یان فەردێك بیکات, جا بارودۆخ و دەوروبەرو بیئەش کاریگەری هەیە لەسەر دەرخستن و دەرکردنی قەرارات, مەسەلەن کوردستانی ئێمەش بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە, بەڕاستی یەعنی موراعاتی ئەو شتانە بکرێت و, ئەوەی کاك محەمەد حەکیمیش باسی کرد, بەوەی کە خەڵکێکی ئێمە گیراون چەند ساڵە محکەمە نەکراون, ئەوە مافی خۆمانە لە پەرلەمان, بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و خەڵکی خۆشمان لە ژێر زختێك داین, بزانن کە ئێمە دیفاع لە حەقی ئەوان دەکەین, بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەدانیین با قانونی ئیرهاب دەربچێت, چونکە ئێمە وەکو ئیسلامی زەحیەی ئیرهابین لەو مەسەلەدا, بەڵام کە خەڵکێك سێ چوار ساڵە گیراوە, ئێمە داوایەکەمان داوایەکی زۆر شەرعی و قانونییە, دەڵێین با محکەمە بکرێن, ئەگەر ئەوەش ئەسەری رەجعی نییە, من وەکو عیلاقاتی کۆمەڵەی ئیسلامی لە هەولێر چەند جاران بە رەسمی پێمان راگەیەنراوە, دەڵێن کاکە سەبر بگرن هەتا قانونی ئیرهاب لە پەرلەمانی کوردستان دەرئەچێت, ئینجا ئێمە جوابی خۆمان هەیە بۆ ئێوە, بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مەوزوعەکەی دەرچووی, عەفووم بکە, من تەئکیدم کردەوە ئێمە ناتوانین لێرە دانیشین لەسەر یەکێك تەفسیرێکی خۆی هەیە, یان وەلاَمێکی بۆ ئەوە داوەتەوە, بۆ ئەوەی تەحمول بکاتن لە مەسئوولیەتی, یان لە وەلاَمدانەی پرسیاریەوە, ئێمە لێرەدا مەسئوول نین بیخەینە بەرنامەوەو رەئیەك بدەین کە نایناسین کێیە؟ فەرموو کاك محەمەد حاجی مەحمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێناسەی تیرۆر, من لەو رۆژانە زۆر بە دوایدا گەڕام, بەڕاستی لەو کاتەوە تا ئێستا (45) هینم بینی کە باسی تیرۆر دەکات, هیچیان نەگەیشتونەتە نەتیجە, لە هەموو سایتەکان زۆر هەوڵمدا, لە (45) وتەدار هیچی نەگەیشتۆتە تەعریفێکی تەواو, بۆ ئەوەی تیرۆر چۆن دەکرێت, لەبەر ئەوە وەکو مامۆستا محەمەد باسی کرد, پێشتر هەردوو جەمسەرەکەی سیاسی دنیایە, هەم غەرب و هەم شەرق, لایەکیان بە موقاوەمە زانراوەو, لایەکی بە تیرۆر, لە دوایشدا هەندێك شتی بۆ کراوە, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا, ئێمە پێمان وایە مەسەلە قانونەیەکە زەرورییە, جێ بەجێ کردنی قانونەکان چۆن دەکرێت, ئەوە من پێم باشە چوارچێوەیەك هەبێت, ناتوانین ئێمە پێناسەکە دابنێین بڵێین ئەوە فلان و فلان تیرۆرە, ئەوە فلان تیرۆر نییە, من پێم وایە ئەوەمان بۆ بە ئاسانی جیا ناکرێتەوە ئێستا, بەڵام

چوارچێوەیەك دابنێین, ئێمە لەو چوارچێوەیە باس دەكات, ئێستا بەپێی ئەمە بێت, كە دەڵێت مەسەلەن پارەی خەڵكی بردووەو, یان هی حكومەت, دەبێت سجنێكی گەورە بكەینەوە, لە ئێستاوە هەر بەشی ئەم خەڵكە ناكات لە ماوەی سێ ساڵ چی كراوە, یەعنی ئەوە یەكێكە لەوانە, زۆری تر لەو مەسەلانە, مەسەلەن ئەو مەسەلەی مامۆستا محەمەد حەكیم باسی كرد, من ئەمرم لەلایە ئەمری ئیعدام, داوامان كرد گوتمان ئەوە نەتیجەكەی چیە؟ گوتیان چاوەڕێی ئێوە دەكەین كاكە, راست دەكات ئەمری ئیعدامەكان لەلایە هی شەش حەوت كەس, هەموو ئەمرەكان بە لیست لەلای منە, دەڵێن چاوەڕێی نەتیجەی ئێوە دەكەین, ئەوە یەكێكە لەو مەوزوعانە ئەمرەكەشتان دەوێت تەسلیمتان دەكەم, جا لەبەر ئەوە من پێم باشە مەسەلەی دانانی چوارچێوەكە بۆ مەسەلەی تیرۆر باشە, بەلام جێ بەجێ كردنەكەی هەردوو وەزارەتی داد كە یەك دەگرنەوە مەسەلەن, هەردوولا مەسەلەی ئاسایش و مەسەلەی ئەوە, چونكە هەمووی دەست نیشان كراوە, یەعنی تەداخول بكەن, یەعنی پێم باشە وا هەم ئەسەری رەجعی تیا نەبێت, هەم ئەوەشم پێ باشە, ئەو تەعریفەی مامۆستاشم پێ باشە, لەگەڵ ئەوانەی چنار خان و ئەوانە ئیشارەتیان پێدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی تەهدید و تەحریز و ئەوانە كرا, یەعنی من پێم باشە بۆ ئەوەی تۆكمە تر بێت باسی مەنعی تەمجیدی ئیرهابیش بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی ئیزافەی هەیە, یەعنی نەكرا بێتن, یەك, دوو, سێ, چوار, پێنج, بەسە تەواو, فەرموو كاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەقریبەن شتەكان زۆر باس كران, بەس ئەوەی تیایە یەكێ لەوانە, وابزانم ئەو مەوزوعە سێ جەلسەیە ئێمە لەسەر ئەو یاسایە قسە دەكەین, دەبوایە تەواو و تەكوین بكرێت, بەتایبەتی لەو هەلومەرجەی كوردستان, حەقە زوو كۆتایی پێ بێنین, ئەوە یەك.

دوو/ لە پێناسەكەدا هاتووە, دەڵێت بە مەبەستی تۆقاندن و ترس و دادو فیغان, نازانم دادو فیغان بكرێتە تۆقاندن و ترس و دڵەڕاوكێ زۆر باشترە, چونكە دڵەڕاوكێیەكە لە دادو فیغانەكە بەهێزتر بێت لەناو پێناسەكەوە, بە پێچەوانەشەوە من لەگەڵ هەندێ رەئی نیم, حەقە ئێمە هەوڵ بدەین هیچ مەنفەزێك نەهێڵینەوە بۆ كاری پۆلیسی, چونكە ئەمڕۆ ئێمە زیاتر لەمڕۆوە هەرەشە لێكراوین, كە كاری تیرۆیستیمان بەرامبەر بكرێت, بۆیە حەقە لەو هەلومەرجەی كوردستان ئێمە زۆری لێی بە ئاگا بین, هەوڵ بدەین هیچ مەنفەزێك نەهێڵین بۆ هیچ كارێكی پۆلیسی, كە ئەنجام دراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو سارا.

**بەڕێز سارا فقی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر كۆتایی پێناسەكەیە, بەشی دواوەی كە دەڵێت (زیان بە ژینگە و بە دامودەزگاكان, بە موڵكی گشتی, یان تایبەت بگەیەنێت) وا تێدەگەم ئەوەیان كاری تیرۆریستی نەبێت, تەخریب بێت, واتا تێكدان, یەعنی تێكەڵ كرابێت لەگەڵ ئەو پێناسەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك محەمەد فەرەج لە ليژنەی مافی مرۆڤ تەوزيحی هەيە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وايە ئەوەی لەبەرچاو گيراوە لەو ياسايە, ئەو كەسەی كە ئێستا مەلەفی هەيەو گيراوە, ئەوە بە قانونی عقوباتی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت, ئەو كەسەی كە بەر ئەم ياسايە دەكەوێت, ئەو كەسە دەبێت دوای ئەمە ئەم ياسايە لەلايەن سەرۆكی هەرێمەوە ئيصدار دەكرێت, لە دوای ئەوە هەر كەسێك بەم تۆمەتە گيرا, ئەم ياسايە شمولی ئەو كەسە دەكات, ئەوە يەك.

دوو/ من پێم وايە بۆ خۆ رزگار كردن لەم ئەزمەيە, لەم قەيرانی تەعريفە, لە نەتەوە يەكگرتووەكانيش هەروايە, هەتا ئێستا (25) ياسا دەرچووە, هەر جارەی شتێكی خستۆتە سەر, كە شتێك روويدا تەيارە فڕاندنە, يان شوێن تەقاندنەوەيەكی گشتييە, ياسا بەوە دەرچووە, من ئێستا نازانم ئێمە بمانەوێت ئەو شتانەی ئێستا ئيرهاب بۆتە رووبەڕوو بوونەوەی ئيرهاب, وا نازانم ئێستا ئێمە بتوانين لەم پێناسەيە جێی بكەينەوە, ئێمە شتێكی جامیع و مانیع دروست بكەين, دوايی بۆ تاكەكانی دەبێت ياسای تر دەربكەين, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو ڤيان خان.

**بەڕێز ڤيان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتای پێناسەكەوە دەمويست ئەو قسەی خۆم بكەم, بەڵام ئێستاكە پێناسەی ئيرهاب ئەوەی كە چنار خان و برادەرانی تر باسيان كرد, لە باسی پێناسەكە تەنها رێگايەك باس دەكات, بەڵام هەدەفەكە نييە, من قانونی نيمە باسی بكەم, بەڵام پێناسەی ئيرهاب پێويستە بكرێت و ماوە زەمنيەكەی بۆ دابنرێت, تيرۆر لە تاوان جيا بكرێتەوە, چونكە قانونەكە لە بەرژوەندی گەل و جەماوەر و خەڵك لەبەر چاو بكرێت, نەك دەسەلات, چونكە دەبێت ئەوە زياتر لە پێشخستنی مافی تاك و مرۆڤ بێت, لە دەسەڵات ئەوەی بە رەئی من ئەوەی ئەو برادەرانەشيان وتيان زياتر رێگايەكان بوو, نەك ئامانجی تيرۆرەكە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی نيزامی هەيە.

**بەڕێز خورشيد سليم شيره:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مامۆستا لە تەعريفەكە دەڵێ ئەسەری رەجعی باس دەكات, دەڵێت ئەوانەی كە ئێستا گيراون محكەمە نەكراون, ئەوان بە قانونی عقوبات محكەمە دەكرێن, كەواتە ئەوان تاكو ئێستا حوكم نەكراون تەوقيفن, ئايا بەو قانونەی كە ئێستا دەردەچێت محكەمە دەكرێن, يان بە قانونی عقوبات, چونكە ئەوان محكەمە نەكراون, وا نيشان دراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرسيارە كاك عەونی وەڵام دەداتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو كەسەی كە ئێستا كێشەی لەسەرە لە دادگا گيراوە, تەوقيفە, بەپێی قانونی عقوباتی عێراقی كە ئێستا بەكارە لە كوردستان بەوی موحاكەمە دەكرێن, نەك بەو قانونەی كە ئێستا جارێ نەبۆتە قانون, ئەو قانونە شمولی ئەو حاڵەتانە دەكات, كە پاش دەرچوونی و پەسند كردنی, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعلیقم هەیە بەڕاستی، ئێمە ئێستا زۆر قسەمان کرد لەسەر ئەوەی ئایا ئەمری ئیعدامی بۆ دەرچووەو چاوەڕێی ئەمە دەکەن، یەعنی ئەمە هەمووومان بزانین وەکو دەزگایەکی یاسا دانان، یاسا کۆمەڵێ قۆناغی هەیە، پرۆژە، موناقەشە، دەنگدان، دوایی ئیصدار، دوایی ماوەی تەنفیزی، ئەمە حەقیقەتێکە دەبێت هەموو لایەك بیزانین.

تەعلیقی دووەمم ئەوەیە، من ئیزدیواجیەتێکم بینی، دەنگ درا لەسەر ئەوەی کە ئیرهاب تەعریفی هەبێت، بەلآم هەموو قەناعەت ئەوەیە کە تا ئێستا ئیرهاب نەتوانراوە تەعریفێك بکرێت و، بە ئاسانی تەعریف ناکرێت، لەبەر ئەوەی زۆر مەوزوعێکی حەساسە، من مەوزوعی ئیرهاب بەوە تەشبیهی دەکەم، چۆن لەشی مرۆڤ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بێت، دکتۆری زیرەك و زانا و لێزان بە ئەشیعەی لێزەر دەیەوێت خانە سەرەتانیەکە بکوژێت، قانونی ئیرهاب دەبێت ئێمە ئەوەندە ورد بین تیایدا خانەی زیند و باش نەکوژین، یەعنی بەڕاستی ئەم مەوزوعە زۆر حەساسە، یەعنی من خۆم دژی ئەوەم کە تەعریف هەبێت، بەلآم لەگەڵ ئەوەشم کە کردارەکانی ئیرهاب دانە بە دانە، یەك/ بۆ ئەوەی ئێمە حەسری بکەین، بۆ ئەوەی مەجال نەدەینە قازی ئیرادەی خۆی لە کاتی جێ بەجێ کردندا بخاتە شوێنی ئیرادەی موشەڕیع، کە پەرلەمانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گوڵناز.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك/ ئەو تاوانانەی بەناوی تیرۆر دەکرێت، رەنگە پێش دادگا خەڵك پێناسەی بکات و بزانێت ئەمە کارێکی تیرۆرییە، یان کارێکە لە ئەنجامی داخوازیەکی کۆمەڵە خەڵکێکەوە هاتووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە ماددەی یەکەمدا کە دەڵێت (کاری تیرۆر کردنی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە، بەهۆی پاڵنەرێکی دەرەکی، یان ناوخۆییەوە)، پاڵنەرەکە دەست نیشان دەکرێت، کە ئایا ئامانجی داخوازی پێویستی و زانینەکانی خەڵکە، یان ئامانجێکی تێکدەرانەیە، یان بەهۆی ئامانجێکی سیاسییانەیە، یان بەهۆی ئامانجێکی دەولیەوەیە.

دووەم/ مەسەلەی دادو فیغان، یان شلەژاندن ناگاتە عەمەلی فیعلی، عەمەلێکە زیاتر لە پروپاگەندەوە نابێتە ئەوەی کە فیعل بەسەریدا تەتبیق بکرێت، لە کۆتایی رستەکە دا هاتووە، دەڵێت (سەرچاوەی دەستهات و سروشتی بخاتە بەر مەترسی) دەبێت بڵێین (کەوتە بەر مەترسی)، چونکە ئەمانە هەموویان، ئەگەر بێتو ئێستا لەگەڵ ئەم تەعریفە ئێمە نامیلکەیەك، یان کۆمەڵێك شەرحیاتی گەورەمان نەبێت ئازادیەکانی دەخاتە مەترسییەوە، هیوادارم نەك بە پێناسە، بەڵکو بە شی کردنەوەیەکی تەواو لیژنەی یاسایی بۆ حاڵەتەکان کاری ئەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێژیت بە تەعریفی نینا ئەلعالەمێ، ئەم کوردستانێ خۆ گونجین تەعریفێکێ بەخۆوە وەك خۆ، ئەو تەعریفە ئەگەر جیاواز بیت لە هەندەك کۆمەلە گەل لە کۆمەلی دی، چونکە ئەوان مەسالحی خۆی هەینە، دەولەتا مەسالحا خۆی هەینە، هەر یەکە بۆچوونەت خۆ لەوێ تەعریفێت دێتن، ئەز موناقەشە فیعلی ئیرهابی ناکەم، بەلآم تەعریفێ ئەم گشتی، تەعریفێ کو وازیحانە شمولیا ژی، ئەگەر عەرەبی بوایە بۆ جەنابێتە بخوێنم، چونکە ئیسلوبا ئیرهابێ گەلەکن ئیقتیصادیدیە، سیاسییە، ئیجتیماعیە، دینییە، عەقائیدیە، زۆرن، ئەوەی فیعلی ئیرهابی دێتە بەحس کرن، تەعریفێکە بە عەرەبی دەخوێنم (هو اشاعة الرعب والخوف وای منحی اخر نتیجة التطرف والعنف بغیة التطاول علی الارواح

والامـوال العامـة بخـلاف احكـام القـوانين المرعيـة والمواثيـق والانظمـة الخاصـة بحقـوق الانسـان)، ئـەوە پێشـەكیە بـۆ ئـەو تەعریفەی ئیرهاب هاتبێتە دانان باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەم بەبۆنەی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، كە بەڕاستی خەونێكی لە مێژینەی هەموو كۆمەڵانی خـەڵكی كوردسـتان بـوو، دیـارە ئـەوە حەدەسـێكی گەورەیـە كـاری ئێمـەش لێـرە گۆڕانی بەسەر دادێت، هەم لە رووی بیركردنەوەمان، هەم لە رووی تـەفعیل كردنـی ئەنـدامانی پەرلـەمان و لیژنـەكانمان، دیارە ئەوە كارێكی زۆر باشە و خۆشیەكی گەورەی خستۆتە دەروونی هەموومانەوە، بەداخـەوە ئـەمڕۆ یەكـەم جەلسـەیە دوای یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، ئێمە لەجیاتی كـاری خزمـەتگوزاری و، كـاری قـانونی لـە خزمـەتی خـەڵك پێشـكەش بكەین، ئەوە ئەمڕۆ باسی قانونی تیرۆر دەكەین، كە تا ئێسـتا هیچمـان بـۆ خـەڵك نـەكردووە، مـن وەكـو رەئـی خـۆم هـەر لەگەڵ ئەوە بوومە هەردوو وەزارەتی داد یـەكتر بگرێتـەوە، ئینجـا ئـەو قانونـە جـێ بـەجێ بكرێـت، ئـەوە رەئییـە، ئیـنج بكرێت و نەكرێت دەبێت رەئی خۆم بدەم.

خـاڵێكی تـر پێشـنیار دەكـەم تێكـدانی مـەزاری شـەهیدان، پەرلـەمان بـە رەسمـی ئیدانـەی بكـات، كـەوا بـە كـارێكی زۆر ناشارستانی و كارێكی خراپە بەڕاستی، پێشنیاریش دەكەم ئەگەر ئەو یاسایە جێ بەجێ بێـت لـەماددەی پێنجـەم وابـزانم هاتووە باسی سووتاندن دەكات، یەعنی سووتاندن و ئەوانە نابێتە كارێكی تیرۆری، یەعنی هەتا ئەو سـووتاندنەی لێـرەش بكرێتەوە، زیاتر كارە تەقێنـەرەكان كـاری تیرۆریسـتینەو، داواش دەكـەم ئەگـەر ئـەو یاسـایە جـێ بـەجێ بێـت سـەقفێكی زەمنی بۆ دیاری بكرێت، ئەویش لە دوو ساڵ تێپەر نەبێت، پاشی دوو ساڵە پێدابچینەوەو جەلسـەی بـۆ بكرێـت، ئەگـەر خاڵی لاوازی هەبوو گەشەی پێ بدرێت، ئەگەر خاڵی باشیش هەبوو تەئیدی لەسەر بكەینەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمـە هۆیـەكانی موناقەشـە كردنـی ئـەو پرۆژەیـەمان بـاس كـرد، نـاتوانین راوەسـتین لەسـەر ئـەوەی حكومـەت ئـیعلان دەكرێت، گوتم حكومـەتی بەغـدا لەگەڵ ئـەوەی دەسـت بـەكار بـوو، ئـەو قانونـەی لـەوێ پەسـند كـراوە لێـرە موجەمـەد دەبێت، ئەگەر ئێمە هەموارمان نەكرد بێت لە وەختی قانونی خۆیدا، هەندێك خـاڵ بـاس كـرد پەیوەنـدی بـە خاڵەكانی ترەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەی دەستوورەكە بۆ پێش دەستووری عێراقی ناخرێت، واتا دەستووری كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەستووری هەرێم شتێكی ترە، ئەو یاسایە شتێكە، دەستوور قـانونی ئەساسـییە، وەختمـان هەیـە بـۆ ئـەوەی موناقەشـەی بكەین و، یەعنی شتێكی پەلە نییـە لەسـەریدا، لیژنەكـەش بەردەوامـە لەسـەریاندا، یـەعنی ئەگـەر دەسـتوورمان سـاڵێكی تـریش بێـت، دەسـتووری عێراقـی لێـرە پـەیڕەو ناكرێـت، هـەرێم دەسـتووری خـۆی هەیـە بـەپێی دەسـتووری عێـراق كـە دەنگمان بۆ داوە شەرحی كردووە، هەر هەرێمێك دەستووری خۆی دەبێت، مـاوەی زەمـنی بـۆ دانـەنراوە ئەوەنـدە، ئەگـەر نەكرێتن قانونی بەغدا دەستووری بەغدا لێرە دەبێتن، چونكە ئێمە خسوسیەت و تایبەتی خۆمان هەیـە، هـیچ قانونێـك جێگای ئەو خسوسیاتە نابێتەوە.

لە مەسەلەكانی تـری كـە كـاك عوسمـان ئامـاژەی پێـدا، مـن وەختێكـی تـەواوم پێـدا بـۆ موناقەشـە كردنـی، ناكرێـت دوای بخەین، بەڵام ئەو موداخەلانەی كە ئێستا كرا، وەكو لـە سـەرەتادا باسمـان كـرد مەسـەلەیەكی گـرنگ و حەساسـە، قـانونی ئەوەیە جیاوازی هەڵدەگرێت، ئیختیلافـاتی هەڵدەگرێت، ئێسـتا وشـەیەك زیـاد بكـرێتن بەشـێوەیەكی تـر بخرێتـە جێـی،

جێی خۆیـەتی نیگـەرانی هـەبێتن لەلایـەن زۆر کەسـێکەوە, مەسـەلەیەکی تازەشـە, نـەك تـەنیا لـە کوردسـتان, بـەڵکو لـە عێراق و, لە رۆژهەڵاتی ناوەندی و, لە دنیاشدا, جیاوازیەکە وەکو ئاماژەمان پێدا لـە هـەموو شـوێنێك چارەسـەری هەیـە, بۆیە دیارە ئەو پرۆژەیە تەواو نابێت, ماددەکان زۆرن, ئەم خاڵە, ئەم ماددەیە گرنگە واتا پێناسەکە گرنگە, مـن پێشـنیار دەکەم ئێستا دەنگی بۆ نەدەین, بیخەینە کۆتایی جەلسەکە, واتا جەلسەی تر, لەو ماوەیەدا ئەو برادەرەی قسەی کـردووە لەسەر پێناسەکە, پێشنیاری داوە بە نووسین بدەنە لیژنەی قانونی, هـەر کەسـێکی قسـەی نـەکردووە, رەئیـەکی تایبـەتی هەیە بدەنە لیژنەی قانونی, بۆ ئەوەی ئەگەر سبەینێیە, یـەعنی ئەگـەر ئـەمڕۆ جەلسـەکەمان تـەواو کـرد, پـاش نیـوەڕۆ باوەڕ ناکەم تەواو بکەین, پشوویەکی بۆ دەدەین, ئەگەر هەیە ئێمە لەو ماوەیە موناقەشەی بکەین, بەڵام داوا دەکەم هەر ئەمڕۆ ئەوەی قسەی کردووە بە کورتی و پوختەیی ناوی خـۆی بنووسـێت و بداتـە لیژنـەی قـانونی, بـۆ ئـەوەی بتـوانین تەعدیلاتی پێویست بکەین لەسەر پێناسەکە, دواتر کە خاڵەکانی ترمان تەواو کـرد دێینـەوە سـەری, وەختێکـی تـری بـۆ تەرخان دەکەین, چونکە ئەوانە دەهێنێتن, ئەگـەر ئیتیفاقمـان لەسـەر نـەکرد, ئـەوە دەیخەینـە دەنگـەوەو دەیخەینـە نـاو پرۆژەکەوە.

ماددەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی کاری (تۆقاندن) دادەندرێن و سزایان لە سێدارەدانە:

1- دامەزرانـدن, رێکخسـتن, یـان بـەڕێوەبردنی رێکخـراو, کۆمەڵـە, دەسـتە, بانـد, بنکـە, یـان کۆمـەڵێك, بـە ئامـانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

2- تیرۆر کردن بۆ مەبەستێکی سیاسی, ئایدۆلۆجی, یان بە کافردانان.

3- بـەکارهێنانی کەرەسـتەی تەقینـەوە, سـووتێنەر, گڕگـر, ئـامێری دروسـتکراو بـۆ تێکـدان و رووخانـدن لـە رێگـەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بەئامێری لە دوور ئاراستەکراو, یان مینرێژ کردنـی ماشـێن, چانـدنی بـۆمبی خـاپوور کـار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوور کار, یان نامەی مینـرێژکراو, مـاددە, یـان گـازی ژەهـراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

ببوورن ئەو خاڵی (4)ی پێشتر رەش بکەنەوە, ئەوی پاشی دێت دەبێتـە خـاڵی چـوارەم ئـەوانی تـریش گۆڕانیـان بەسـەر دێت, بەخۆی لە چاپ غەلەت دەرچووە, جارەکەی تریش وابزانم عەرزم کردن, خالی چوارەم رەش بکەنەوە, وەرنـە سـەر خاڵی پێنجەم, دەبێتە خاڵی چوارەم.

4- رفانـدن, دەسـتگیر کـردن, دەسـت بەسـەر کـردن, یـان بێبەشـکردنی کەسـێك لـە ئـازادی, بەهـەر شـێوازێك بێـت, بـۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی.

5- بەبارمتە گرتنی کەسێك, یـان کەسـانێك بـۆ کارتێکردن لـە دامودەزگاکـانی هـەرێم, یـان لـەو دەسـتەو رێکخـراوە نێـو دەوڵەتەییانەی لە هەرێمدا کار دەکەن, بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك, یـان کـەڵکێك, یـان بـۆ ناچـار کردنیـان بـۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لە ترس و تۆقین.

6- کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە, یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە و دەستە دەبلۆماسـی و کۆنسوڵگەری و دامەزراوەو کۆمپانیـای بیـانی و رێکخـراوە نێـو دەوڵەتییـە حکومی و ناحکومییـەکان, یـان ئـەو کەسـانەی لەگەڵیاندا کار دەکەن, تاوانەکەشی بە مەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت, سزاکەی دەبێتە زیندانی تاهەتایی, ئەگەر هێـرش بردنکە مردنی لێنەکەوتەوە.

7- چوونە ناو هەر رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند (عصابە), بنکـە, یـان کۆمـەڵێك کـاری تۆقانـدن ئـەنجام بـدات, ئەگـەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشـمەرگە) بـوو, یـان ئەگـەر تاوانکـار مەشـقی سەربازی, یان هەواڵگری لە یەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

8- هاوكاريكردن لەگەڵ وڵاتێكی بیانی, یان هەر رێكخراو, كۆمەڵە, باند, بنكە, یان كۆمەڵێكی دەرەوەی وڵات, یان كار بۆ بەرژەوەندی هەر یەكێكیان بكات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسكراوون ئەنجام بدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من پێم وایە پێویست ناكات بە زمانی عەرەبی بخوێندرێتەوە, بەلاْم فەقەرە بە فەقەرە رەئی لیژنەی قانونی وەردەگرین, بە زمانی عەرەبی با ئەو كاتی بخوێندرێتەوە, فەقەرەی یەكەم لە ماددەی دووەمدا: ئەم كردەوانەی خوارەوە بە كاری تیرۆر (تۆقاندن) دادەنرێت, سزایەكەی لە سێدارەدانە, یەعنی ئەو فەقەرانەی خوارەوە ئەنجام دەدەن بە سزای سێدارە ئیعدام دەكرێن.

1-دامەزراندن, رێكخستن, یان بەرێوەبردنی رێكخراو, كۆمەڵە, دەستە, باند, بنكە, یان كۆمەڵێك, بە ئامانجی ئەنجامدانی یەكێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

بە زمانی عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الأولى:

تعد الافعال الاتيه جرائم أرهابيه و يعاقب عليها بالاعدام:-

1- تأسيس أو تنظيم أو إدارة منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة أو تولي زعامتها أو قيادتها بهدف ارتكاب إحدى الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر نییە, پشتگیری لە ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەروەكو ئەو دامودەزگایانەی كۆمەڵەی مەدەنیشمان دواند, هەموو لەسەر ئەوە كۆ بووینەوە لەسەر ئەوەی سزای لە سێدارەدان نەمێنێت, بەلاْم ئەگەر لەو قۆناغە ئەگەر بە پێویستی دەزانن بمێنێت, یەعنی وشەی ئیعدام تەرجومەی لە سێدارەدان قورسە, سێدارەدان هەڵواسینی زەلامی قولۆشیەوەیە, ئەگەر بریار بێت سزادان بۆ رەدع و تەسجیلی تاوانبارێك بێت, ئەمە وەكو بڵێین سۆزی بۆ دروست بكات, زەلامی هەڵدەواسیت و ملی درێژ دەبێت, هەتا ناتوانین نیشانی بدەین, مەفروزە یاسا سزاكە نیشانی خەڵك بدات, بۆ ئەوەی رەدع بێت, لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم ئەم وشەی لە سێدارەدانە بگۆرێت, ئەگەر هەتا وشەی ئیعدامەكە بمێنێت, یەعنی سرینەوەیەك دیار نەخستنە, شتێكی تر دابنێین لە جێگای كوشتنەوەی شتێك بگونجێت لەگەڵ ئێستای مافی مرۆڤ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی تكایە رەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیعدام تەرجومەكەی بەو وەزعە دەرچووە, بەلاْم هەر دەتوانین بە ئیعدامیش بەكاری بێنین, وشەی ئیعدام لە جیاتی لە سێدارەدان, یان مەرگ كردنی لە ژیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جۆرەكانی ئیعدام چەند جۆرێكن لە دنیا, یان گوللە باران كردنە, یان لە سێدارەدانە, یان ژەهرە, یان لە ژوورێكی دادەنێن, بە رەئی خۆم ئەگەر وشەی لەناوبردن دابنێین, هەمووی دەگرێتەوە, چونكە ئەو ئینسانە نامێنێت بە هەر جۆرێك بێت, بەلاّم لە سێدارەدان یەكلا دەگرێتەوە, بەلاّم لەناو بردنەكە هەموو جۆرەكان دەگرێتەوەو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێت ئێمە لێرە جیاواز بكەینەوە بەنیسبەت تاوانی عەسكەری, یان عەسكەری ئەگەر تاوانێكی بكات, ئەگەر هاتو حوكمی ئیعدامی لەسەر دەرچوو بە گوللە رەمی دەكرێت, بەلاّم بەنیسبەت مەدەنی رەمی كردن نییە, دەبێت بە لە سێدارە بێت شەنق بێت هەتا مردن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو كوێستان محەمەد.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش دژی لە سێدارەدانم, بەلاّم ئەگەر خرایە دەنگدان و لە سێدارەدان مایەوە, منیش لەگەلّ ئەو پێشنیارەی لیژنەی مافی مرۆڤم, كە مەسەلەی لە سێدارەدان زۆر تەسك بكرێتەوە, هەر عەمەلێكی ئیرهابی سێدارەدانی بە دواوە بێت, ئەگەر ئەنجامەكەی مردنی خەڵكی بەدواوە بێت, بۆیە پێشنیار دەكەم خاڵی یەك لە ماددەی دووەم كە ئێستا خوێندرایەوە بچێتە بابی سزای هەمیشەییەوە, نەك لە سێدارەدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمڕۆ قسەی باش دەكەیت, فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشيد سليم شيره:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا سزای لە سێدارەدان و ئیعدام كردن, سێدارەدان وشەیەكی كوردی پەتییە تەرجومەی ئیعدامە كردنەكەیە, لە هەموو ئەو نووسینانەی خوێندمانەوەو بیستوومانە وشەی لە سێدارەدان لە كوردی بەكار هاتووە, پاشان ئەوەی كە لە سێدارە دەدرێت كێیە؟ ئەوەی كۆمەڵێك خەڵك دەكوژێت, ئەوەی خێزانێكی خەڵك وێران دەكات, ئەوەی ولاّت وێران دەكات, بۆ ئێمە پێی نەوێراین كابرا ئەو هەموو تاوانەی كرد تۆزێك ملی درێژ دەبێت, ئەوە چ پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە, ئەی مافی ئەو مرۆڤانەو, مافی ئەو خێزانانەو منداڵانە كە وێران كراوەو پارچە پارچە كراوە, ئەوان مافیان نییە جەنابی سەرۆك؟ ئەی زگمان بەوان نەسووتێ, ئەی ئەوان ملیان درێژ نەبووە, لەبەر ئەوە پێم وایە وشەی لە سێدارەدان وشەیەكە پڕ بە پیستی خۆیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە من زمانەوانیش نیم, بەلاّم لە سێدارەدان ئیعدام نییە, سێدارەدان شەنقە, ئیعدام شەنقیش دەگرێتەوە, رەمیش دەگرێتەوە, بەكارەبا كوشتنیش دەگرێتەوە, بە گاز, بە حەبل, هەمووی دەگرێتەوە, لەبەر ئەوە پێم وایە شاملتر لەناوبردنە, چونكە وام پێ باشترە, ئەگەر لیژنەی قانونی تەفسیریان هەیە, ئەو قسانەی كە كرا مولاحەزەیان لەسەر هەبوو, خاڵی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەوە دەکەم لە وشەی ئیعدام, ئەگەر ئیعدام بنووسرێتەوە, بەس لەناوبردن بێت پاش ئەوەی ئیعدام بێت, ئەو کاتە ئیشکالەکە هەمووی چاك دەبێت بە کوردی و عەرەبییەکە, واتا لە ناوبردن (ئیعدام).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش باشە, ئەگەر لیژنەی یاسایی پەسندی دەکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ پەسندی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕەئییەکی ترتان هەیە قسە بکەن, ئەگەر نا ئەوەی قسە کرا لەسەر ئەو مەوزوعە ڕەئیەکی تر موخالف, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە ماددەی یەکەم ئەم کردەوانەی خوارەوە بەتاوانی تیرۆرکاری تۆقاندن دابنرێت سزایان کوشتنە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سزایان لەناوبردنە (ئیعدام) شاملترە, مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم کە دانراوە پێشی تەعریف بووە, یەعنی تەعریفەکە ئێستا دەمج نەکراوە, بۆیە دەڵێت (تعد الأفعال الاتية جرائم أرهابية و يعاقب عليها بالاعدام), ئێمە لە تەعریفدا باسی ئەفعالەکان دەکەین, یەعنی باسەکە باسی فیعلە, ئەگەر بێتو تەعریفەکە بێتە ناوەڕۆکەوە, ئەوە زیاد دەبێت, جا من پێشنیارم وایە ئەو شەش, هەشت ماددەیە بۆ ئیعدام زۆرە, هەر کردەوەیەك کوشتنی لێکەوتەوە ئیعدامی هەبێت, جا چ قەتلی فەردی بێت, یان جەماعی, بەڵام ئەگەر بکەوێتە بابی ترساندن و تۆقاندن و هەر یەك لەوانە, ئەوە بچێتە حوکمی موئەبەد باشترە, چونکە ماددەکان زۆرن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر حالاتی ئیعدام تەحدید کراوە, لە ماددەی یەکەم بەو حالەتانەی داڕێژراوە, لەماددەی دووەم حالەتی سجنی موئەبەد, واتا سجنی هەتاهەتایی دیار کراوە, لە ماددەی سێیەم سزای هەتا پانزدە ساڵ نەبێت دیار کراوە, لەماددەی چوارەم باسی حالەتی شروع کراوە, ئەویش حوکمەکان دێتە خوارێ ئەگەر ئەنجامەکەی تەحقیق نەبوو, واتا تەوزیحمان کردووە جیاوازیەکە دیارە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو کەژاڵ.

**بەڕێز کژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم لەسەر ماددەی دووەم هەیە, پێشنیار دەکەم نابێت بکرێت بەو کردەوانەی خوارەوە, تەنانەت تیرۆرکاری قانون دابنرێت و,سزایان لە سێدارەدانە, یان سجنی هەتاهەتایی, چونکە ئێستا هەموو دنیا بەرەو ئەوەیە لە سێدارەدان

نەمێنێت، با لە سێدارەدان نـەمێنێت، بـەڵام تایبـەتمەنـد نـەبێت بـەو ماددەیـە، بـا مـەجالێکیش هـەبێت و قـازیی دەسـتی کراوە بێت، ئەگەر کەسێك زۆر مجرم بێت، با بیکاتە سجنی هەتاهەتایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ئاگادارن کە ئێمە لەسەر تەعریفی موقەدیمەکە، موتەفیق نـەبووین، مـن و دکتـۆر نـوری ڕەئیمـان وا بـوو کە پێناسەکە بەو شێوەیە بێت: سزای لە سێدارەدانە، یان سجنی هەتاهەتایی، هەر بۆ هەمان مەبەست، بۆ ئەوەی ئیعـدام کەم بێتەوە لێرە هەشت بڕگەمان هەیە ئیعدام بێت، لەوانـە دوویـان هـەبێت مردنـی لـێ ناکەوێتـەوە، ئەگـەر مردنـی لـێ ناکەوێتـەوە ئیعـدام نـەبێت باشـترەو، قـازیی دەسـتی واڵا بـێتن و مـەجالێکی هـەبێت، بـۆ ئـەو کەسـەی ئەدیلـەی سـبوتی بەقوەتی نییە، لەو حالەتە ئەگەر ئەو ماددەیەی لەسەر جێ بەجێ نەبێت، ئیعـدام نـەبێت، دەبێـت قـازیی ئـازادی بکـات، لەنێوان ئازاد کردن و ئیعدام کردن مەسافەیەکی زۆر زۆر هەیە، ئەگەر لە پێناسەکە بنووسین لە سـێدارەدان، یـان سـجنی هەتاهەتایی، ئەوە باشترەو ڕەئی ئێمە بووە لە لیژنەی قانونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی دوو ڕەئی هەیە:

یەکەم/لە سـێدارەدانەکە تەقریبـەن ئەکسـەریەتەکە وایـە کـە وشـەیەکی زۆر بـەجێ نییـە، بکرێتـە لـەناوبردن (ئیعـدام) باشترە، وابزانم خیلافێکی ئەوتۆی لەسەر نییە.

دەمێنێت لەسەر خاڵی تر، کە خیلافی لەسەرە، هەندێك ڕەئییان وایە دژی ئیعدامن، هەنـدێکی تـر پێیـان وایـە حوکمەکـە هەتاهەتایی بێت لەجیاتی ئیعدام، کاك محمد تەوزیحێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لێکەوتنەوەکـەی زۆر بـوو، یـەعنی خـەڵکی زۆر بـوو، ئـەوە سـزاکەی ئیعـدام بێـت، بـەڵام ئەگـەر یـەك نەفـەر بـوو، ئێستاکە لە قانونی عقوبات یەك نەفـەر بێـت هـەر سـجنە، بـەهۆی یەکێکـەوە، یـەکێك ناکوژرێتـەوە، لـە هـەموو دنیـا لـە قانوندا، ئەگەر یەك نەفەر بێت بیکەینە سجنی هەتاهەتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر خاڵی نیزامی نییە، موناقەشەکە بە تێرو تەسەلی کراوە، ئیلا ئەگەر خاڵی نیزامی هەبێت، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا تەوزیحێك وەکو لیژنەی یاسایی، سەبارەت بەو تاوانانـەی کـە لـەو پـڕۆژە دیـاری کـراوە، فەلسـەفەی ئـەو تاوانانـە لـە خوتورەتی تاوانەکە سەرچاوە دەگرێتن، بۆیە سێ خاڵی بۆ دانراوە (ئیعدام، زیندانی هەمیشەیی، زینـدانی کـاتی)، بـەپێی خوتورەتی تاوانەکە ئەو خاڵانە دانراون، ئەندامانیش ئازادن لە را دەربڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من خاڵی نیزامی نییە، تەنیا ئەو خاڵانەی کە کۆکراونەتەوە، کە هەر یەکەیان سزای ئیعدامیان بۆ دانـراوە، یەعنی من دەپرسم؟ ئایا ئەو تاوانانە جیاوازیان نییە؟ ئەگەر جیاوازیان هەیـە، دەبێـت سزایەکەشـیان جیـاوازی هـەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەخۆی پرسیارەكەت خۆی لەخۆیدا شەرحیش بوو, عەفووم دەكەن, ئێمە لێرە حالەتێكی ناتـەبیعی موناقەشـە دەكـەین, لە وەزعێكی ناتەبیعی داین, لە عێراقیش, لە كوردستانیش, لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش, لە عالەمیشدا, هـەموو دنیـا ئـەو ناتەبیعییە بە بڕیاری ناتەبیعیش بابڵێم, ئەگەر ناویشی دەنێـێن ناتـەبیعی, چونكە ژیانمـان تێكچووە, فـەرموو وڵاتێكـی پێشكەوتووی وەكو بەریتانیا قەوانین دەردەكات, كە دووسەد ساڵە رایگرتووەو كاری پێ ناكات, چونكە تەماشا دەكەن ئـەو كارانە پەرەی سەندووەو ژیانیان لێ تێكداوە, وەنەبێت كەس نییـە ئـەمڕۆ لەگـەڵ سـێدارەدان بێـت, ئەگـەر لـە وەزعێكـی تەبیعیـدا بـێتن, لـە وڵاتێكـی بـێ موشـكیلەدا بـێتن, خەتـەری لەسـەر نـەبێتن, مـەجال هـەبێتن زینـدان ببێتـە جێگـای پەروەردەی خەڵك, بكرێتە جێگای ئـەوەی ئـەو تاوانبـارە پەشـیمان بێتـەوە, پـاش ئـەوەی كـە سـزایەكەی تـەواو دەكـاتن, بیست ساڵە, بتوانێت بگەڕێتەوە ژیانێكی تەبیعی, كۆمەڵ هەمووی لە خەتەر دایە, موجتەمەع لە خەتەر دایە, یاساكانی لە خەتـەر دان, لەبـەر ئـەوەی ئـەو یاسایەی كـە دەردەكـەوێتن, بـۆ وەزعێكـی ناتەبیعییـە, چـوار سـاڵ پێشـنیار كـرا بـوو, رەئیەك وا بوو كە كاك عوسمانیش ئیشارەتی پێ كرد, بكرێتە دوو ساڵ, دوو ساڵی تر پەرلـەمان كۆببێتـەوە بزانێـت ئـەو قانونە چۆن تـەتبیق كـراوە, دوایـی بـزانن وەزع گۆڕاوە, تـاوەكو ئـەو قانونـە رابگـرن, یـان نـا, ئـەو قانونـە قانونێكـە بـۆ وەختێك تاوەكو ئیرهاب لەناو بچێت ئینشائەڵڵا, دوو ساڵی تر ئەگەر پێویستی كرد زووتریش, بەپێی یاسـا ژمارەیـەك لـە ئەندامانی پەرلەمان هەر وەختێك دەتوانن داوا بكەن موناقەشـەی ئـەوە بكرێتـەوە, لەبـەر ئـەوە مەسـەلەكە ئـەوە نییـە, ئێمە دانیشتووینە پشتمان كردۆتەوەو هیچ موشكیلەیەكەمان نەبێتن موناقەشەی ئەوە بكەین, بۆیە بۆ ئـەوەی بچینـەوە سەر رێگەی خۆمان, دوو رەئیەكە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رەئیەی خۆم وتـوەو, لـەناوبردن (ئیعـدام)ی تێـدا بـێتن, یـان تێـدا نەبێت, ئەو ئەندامە بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەیە ئیعـدامی تێـدا بێـت دەسـتی بـەرز بكاتـەوە, زۆر سـوپاس, ئـەوەی لەگـەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ئەكسەریەت پەسندی كرد كە ئیعدامی تێدا بێت.

1-دامەرزاندن و رێكخستن یەعنی لە سێدارەدان, ئەوانە دەگرێتەوە, لەناوبردن بووە ئیعدام, ئـەوە تـەواو بـوو لـەناوبردن دەبێت (ئیعدام), ئەوە تەواو دەنگمان بۆ دا, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی من چی لێهات, لە سێدارەدان + سجنی هەتاهەتایی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەناوبردنەكە سەری گرت, ئەویتر نابێت, شتی موعەلەق بەجێ دێلێتن, بۆ تەفسیری حاكم بەجێ دەمێنێت.

ئەم كردەوانەی خوارەوە بە تاوانی كاری (تۆقاندن) دادەندرێن و سزایان لە ناوبردنە (ئیعدام):

1-دامەزراندن, رێكخستن, یان بەڕێوەبردنی رێكخراو, كۆمەڵە, دەستە, باند, بنكە, یان كۆمەڵێك, بە ئامانجی ئەنجامـدانی یەكێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

پەسندە لەلاتان, لیژنەی قانونی چ پێشنیارێكتان هەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پەسندی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیری كردووە لە راپۆرتەكەی پێشوودا باسی كردووە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر فیعل عقوبە دەدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دووبارە دەیخوێنمەوە, بۆ ئەوەی بچینە سەر بڕگەکەی تر:

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی کاری (تۆقاندن) دادەندرێن و سزایان لە ناوبردنە (ئیعدام):

1- دامەزراندن, ڕێکخستن, یان بەڕێوەبردنی ڕێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێك, بە ئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

تکا لەو ئەندامانە دەکەم ئەوەی موافیقە لەسەر ئەو بڕگەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کەس هەیە ئیعتیرازی هەبێت؟

2- تیرۆر کردن بۆ مەبەستێکی سیاسی, ئایدیۆلۆجی, یان بە کافردانان.

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ موئەیدە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە, دەستی بەرز بکاتەوە, بە ئەکسەریەت ئەوەش پەسند کرا, بڕگەی سێیەم.

3- بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان و رووخاندن لە ڕێگەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بەئامێری لە دوور ئاراستەکراو, یان مینرێژ کردنی ماشێن, چاندنی بۆمبی خاپوور کار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوور کار, یان نامەی مینرێژکراو, مادده, یان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتمان زۆر لەگەڵ ئەوەین کە بکرێتە بایۆلۆجی, یەعنی میکرۆبی مانای ئەوەی نییە, ببێتە چەکی بایۆلۆجی, جار وا هەیە ڤایرۆسە, مەرج نییە هەر میکرۆب بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو بڕگەیە بکات, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی دوو برگە سێ, ئەو فەقەرەیە هاتووە (بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گرگر, ئامێری دروستکراو), لێرەدا (مفرقعات و متفجرات) خۆی وشەی دووبارەیە, ئەگەر ئێمە (مفرقعات) بەکار بێنین شاملە, هەم مەواد حەریقەش دەگرێتەوە, هەم مەواد موتەفەجیرەش دەگرێتەوە, ئەو وەختی (متفجرات) زیادە, لەگەڵ سوتەمەنیش دەبێت (سریع الاشتعال)یش, ئەویش دەبێت بەکار بێنین, ئەگەر ئێمە (متفجرات) بەکار بێنین لەگەڵ مەواد حەریقە, (مفرقعات)ەکە زیادە, دەبێت لەوێ هەڵ بگیرێت, ئەمە لە ناحیەی فەنی زیادە.

تێبینیەکی ترم هەیە لە هەمان فەقەرە لە ڕێزی سێیەم (مینرێژ کردنی ماشین), تەبعەن دەست خۆشی لەو برادەرانە دەکەم, کە وەریانگێراوە لە عەرەبی بۆ کوردی, واتا (تفخیخ) نابێتە مینرێژکراو, دەبێتە تەڵە کردن, ئەگەر هاتبوایە بە عەرەبی نووسرا بوایە (تلغیم الالیات), ئەو وەختی دەبووە مینرێژ کردن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرە سێ لیژنەی یاسایی پشتگیری دەکات, هیچ ڕەئی لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا (تفخیخ) کردن, مینرێژ کردن نییە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تفخیخ و تلغیم) بەنیسبەت ئەو جۆرە چەکانە هەمان شت دەگەیەنێت, چونکە ئەوە ئالەیە جیاوازی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە تەرجومە کردن, تکایە ئەو وشانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن و چاکی بکەنەوەو هەمواری بکەن, بەپێی ئەسڵەکە, فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(استخدام دوافع ارهابیة) لە کوردیەکە تەرجومە نەکراوەتەوەو, (استخدام بدوافع ارهابیة مواد مفرقعة), یەعنی ئەو (بدوافع ارهابیة) بچێتە ئاخیری رستەکە, هەر (استخدام مواد مفرقعة), ئەوە یەك.

دووەمیان/ فەقەرە دوو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان (الاغتیال لبواعث سیاسیة او عقائدیة او تکفیریة), تەکفیریش دەچێتەوە زمنی عەقائیدی, بە نەزەری من مەستەلەحێکی زیاتر هی شیعەیە بڵاو بۆتەوە, ئەگەر بە کافر دانان دروست نەبێت لەسەر بە کافردانان ئیغتیال بکرێت, دروست نییە لەسەر بە موسڵمان بوونیش ئیغتییال بکرێت, کەواتە تەکفیریەکە لابچێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی دووەم دەنگی لەسەر درا تەواو بوو, بەنیسبەت برگەی سێیەم مەجالی موناقەشەی هەیە, دەتوانین ئیرهابیەکە بخەینە ئاخیری رستەکە, ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیان لەسەر هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ لە ناحیەی صیغە و زمانەوانی هەیە چاك بکرێتەوە, فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە زۆربەی زۆری موناقەشەکانمان لەسەر ئەو زمانەوانی و مانایەکانە, بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێستا لیژنەیەك لەو پسپۆڕانەی لە زمانی کوردی پسپۆڕن دابنرێن, بۆ تەرجومە کردن و ڕێکخستنی ئەو بڕیار و یاسایانەی لیژنەی قانونی دەردەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیار بوو کاك خورشید, کاك دلێر شاوەیس فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی سێیەم نووسراوە مینرێژکردنی ماشێن, ئەی ئەگەر ماشێن نەبوو شتێکی تر بوو مینرێژ کرا, ئەمە یەك. بەلأم تۆزێك عمومیاتی تێدا بێت, چونکە مەرج نییە, لەوانەیە شتی تریش بێت, وەکو عارەبانەش مینرێژ دەکرێت, گیانلەبەر مینرێژ دەکرێت, لە کۆتایی ئەم خاڵە هاتووە, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك یان پتری لێکەوتەوە, ئەی ئەگەر کەسێك شتێکی تەقاندەوە بە سودفە کەس نەمرد, بەلأم کۆمەڵە خەڵکێك بریندار بوو, خۆی بە نیازی کوشتنی کۆمەڵە خەڵکێك کرد بووی, بۆیە من وا بە باش دەزانم ئەگەر کارەکە مردن, یان بریندار بوونی کەسێك یان پتری لێکەوتەوە, بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە پێم وایە چاکتر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتەی کە کاك دلێر ئیشارەتی پێدا, لە ماددەی دووەم باسی لێ کراوە, ئێستا ئێمە باسی تاوانەکانی ئیعدام دەکەین, لەوەی عقوبەی ئیعدامە, یان سجنی موئەبەدە, لە ماددەی دووەم و سێیەم باس کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن, ئەو مەبەستی کوشتنی خەڵك بووە, بەلأم بە سودفە خەڵك نەکوژراوە بریندار بووە, یەعنی ئەمە موڕاعاتێکی زۆر سەیرە بۆ پیاو کوژ, ئەمە موڕاعاتێکی زۆر سەیرە بۆ کاری تیرۆریستی, ئەمە تەبەنی کردنی کاری تیرۆریستییە لەڕاستی, من وای بۆ دەچم ئەمە تەبەنی کردنی کاری تیرۆریستییە, من پێم چاکە ئەمە دووپات بکەمەوە, ئێمە بەرامبەر بە حاڵەتێکین, حاڵەتێکی زۆر ناتەبیعی, تیرۆر و کاری تیرۆریستی لێرە مەترسییەکی گەورە, نەك تەنها لە وڵاتی ئێمە, لە سەرانسەری جیهانە, یەعنی ئێمە دەبێت بۆ پاراستنی وڵاتی خۆمان, بۆ پاراستنی خەڵکی خۆمان, بۆ پاراستنی میللەت و خەڵکی کوردستانی خۆمان, هەندێك هەنگاو هەیە دەبێت بینێین, نەك بۆ موڕعات کردنی پیاو کوژەکان بێ, ئیدعای هەندێك لایەن و شیعاراتی ئینسانی بکەین بەو ناوە, بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ پیاو کوشتنەکە نیم, من لەگەڵ ئیعدام کردندا نیم, من پێم خۆش نییە, کەس ئیعدام بکرێت و, کەس بکوژرێت, بەلأم کە کار هاتە سەر ئەوەی بە هەڵواسینی کەسێك و بە کوشتنی کەسێك و کۆمەڵە خەڵکێك و ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزێت و, بۆ نا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئەو خاڵەی کە بریندارەکانی تێدایە چۆن نووسراوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوار: شروعەكان

ا-یعاقب بالسجن المؤبد كل من شرع في إرتكاب إحدى الجرائم المنصوص علیها في المادة (ألاولى) من هذا القانون.

ب-یعاقب بالسجن المؤقت  كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص علیها في المادة ( الثانیة) من هذا القانون.

ج-یعاقب بالحبس الشدید كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص علیها في المادة ( الثالثة) من هذا القانون.

واتا ئةطةر ئةو حالةتانةي ئیشارةتي ثيَ دراوة لة ماددةي يةك و دوو, سيَ, ئةنجامي نةدرا, ماددةي ضواري لةسةر تةتبيق دةبيَت شروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەی كاك دكتۆر دلێر دەڵێ راستە, بەلام ئێمە لێرە بەڕاستی قانونی بەغدا وەكو جەنابت دەڵێ وایە, بۆ ئەوەی تۆزێك بە نەزەرمان وەرگرتووە, راپۆرتی مافی مرۆڤ ئەگەر كوشتاری تێدا نەبوو ئیعدام نەكرێتن, دەمێنێتەوە بۆ حاكم و بۆچوونی قەراری محكەمە, لە نەتیجەی محكەمەدا ئەو خۆی قەرار دەداتن, بەلام لێرە ئەگەر كەس نەكوژرا بێتن بڵێ ئیعدام دەكرێتن, گوتمان با خەفیف تر بێت لە هی بەغدا, بۆیە گۆڕانكاری كراوە, ئەگەر نا لە ئەسڵی قانونەكە لە بەغدا ئەو مولاحەزەیە هەیە, دەڵێ ئەگەر برینداریش بێت كەسیش نەكوژرا بێت دەبێت هەر ئیعدام بكرێت, خاڵی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوی كاك دكتۆر دلێر دەكەم, بەلام لەسەر تەوزیحی كاك عەونی, كە دەڵێت شروع, شروع مانایەكی تر دەداتەوە كابرا نیەتی هەبووە تاوانەكە بكات, بەلام لەبەر سەبەبێكی دەرەوەی ئیرادەی ئەو نەكراوە, بەلام ئەوەی كاك دكتۆر دلێر باسی دەكات, دەڵێت مەسەلەی كوشتنی تێدا نەبێت, یەعنی جەریمەكە ئەنجام بدرێتن, نەوەك شروع, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرموو كاك محەمەد حەكیم.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر تێبینیەك لە پەرلەمانتارە كوردیەكانی پەرلەمانی بەغدام بیستووە, دەڵێت لەكاتی دەنگدان بۆ بڕیارەكە زۆربەی كوردەكان چونەتە دەرەوە, هەر پێم خۆشە ئێمە لێرە باسی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفووم دەكەی ئەوەش خاڵی نیزامی نییە, قانون كە بە ئەكسەریەت بوو, ئەوەی چووتە دەرەوەو, ئەوەی دژی دەنگی نەداوە, مولزەمە پێی, ئێمە لە قانونی هەڵبژاردن, هەر موشارەكەمان نەكرد, نیسابی قانونیان وەرگرت پەنجاو یەك كەس بوو یەك كوردیش تێدا بەشدار نەبێت لە لیستی هاوپەیمانی, بەلام هەڵبژاردنەكە لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە كرا, كە لیستی هاوپەیمانی كوردستان دەنگی بۆ نەدا, لەبەر ئەوەی ئەو كوردەی دەنگی بۆ نەداوە مولزەمن پێی عەفووم دەكەی, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر كارێك بكرێت, ناتوانرێت تەنها قەرارێك دەربكرێت, بۆ هەموو كارەكان, بەتایبەتی لە یاسا, یاسا دەبێت پێوانەیەك هەبێت حیساب بۆ هەموو تاوانێك وەكو خۆی بكات, كاك حەمەی حاجی وتی یەك بكوژرێت نابێت ئیعدام بكرێت, قانون وا ناڵێت, ئێستا ئەگەر تۆ یەكێكت كوشت, یان شەڕت لەگەڵ یەكێك كرد لە كاتێكدا چەكەكت دەرهێناو كوشتت, لەوانەیە دە ساڵ, یان دوانزدە ساڵ حوكم بدرێت, بەلام شەڕت لەگەڵ یەكێك دابوو چوویتە ماڵەوە چەكەكت هێناو بە شوێنیدا گەڕایی كوشتت بیست و پێنج ساڵ حوكم دەدرێت, بەلام ئەگەر پیاوەكەت گرت و كوشتت هەر هەمان پیاوت بە چەقۆ پارچە پارچە

کرد, یان سەرت بڕی, ئەوە ئیتر کوشتن نامێنێت, دەبێت تۆچەر, تۆچەر حوکمی ئیعدامە, لەبەر ئەوەی تەنها کەسێك بێت, یان کۆمەڵ بێت, ئەوە شتێکی بنەما نییە بۆ ئیعدام, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم لە ماددەی یەکەم نووسراوە ئەو کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەنرێن سزایان لە سێدارەدانە, دەستەواژەیەکی بۆ زیاد بکرێت, بەم شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگمان بۆ داوە تەواو بووە, کاك شێخ اللە فەرموو.

**بەڕێز شێخ اللە ابراهیم شێخ اللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رەئیەکەی کاك دکتۆر دلێر دەکەم, چونکە هەر دەمویست ئەوە باس بکەم, خەڵکێك, تیرۆریستێك بۆمبێك لە شوێنێك دادەنێت چل کەس دەفەوتێنێت, بە مەبەستی ئەوەش دادەنێت هەمووی قڕ بکات, نەك هەر کەسی لێ دەربچێت, خەڵکانێك لەو بریندارانە دەمێنێنەوە هەموو لاحەزەیەك هیوای مردن دەخوازێت, بە زەییمان بەو تیرۆریستە دێت, باسی ماف مرۆڤی بۆ دەکەن, نازانم ئەوە چ مرۆڤێکە, بۆ ئەوەی سزاکەی شتێکی تر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سالم محەمەد عەلی.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەل هێندە مە لە فەقەرە (اذا) شەرتیە, ئەو (اذا) لابرێت, (اذا ادى الفعل الى موت انسان او اكثر), بەلکی دەهینیتە سەر دەه دوکان دەتەقینێت, کەس نایەتە کوشتن, دیارە ئەڤە ئیعدام نابێت, ئەو دەبات بۆ محکەمە, ببێتە نوقتە و تەواو نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر مینرێژ کردنی ماشێن, من ئیزافەم هەیە, لێرەش جیرانەکان دیسان رەئیان هەیە, بەس لە جیاتی ئەوەی بڵێن مینرێژ کردنی ماشێن, بڵێین مینرێژ کردنی هەر کەس و گیانلەبەر و ماشێن و شتێکی تر, چونکە زۆر شتی تر مینرێژ دەکرێت, یەعنی شەرت نییە ئیلا ماشێن بێت, کەسێك, شەخسێك مینرێژ دەکرێت, زۆر خەڵك هەیە ئەوانەی کە کوژراون, کە ئێمە بە تیرۆریستیان دادەنێین, لە واقیعدا بۆ خۆیان ئەوانەی کە مینرێژ کراون, خۆیان تیرۆریست نیین گیراون و تیرۆریستەکان گرتوویانن و مینرێژیان کردوون و ناردوویانن خەڵکیان پێ کوشتوون, ئەوە کەسێکە.

یان بۆ نموونە گوێدرێژێك دەهێنن مینرێژی دەکەن, یان مەسەلەن عارەبانەیەك دەهێنن مینرێژی دەکەن, یەعنی بۆیە باشترە بڵێی مینرێژ کردنی هەر کەس و گیانلەبەر و ماشێن و هەر شتێکی تر, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لیژنەی قانونی ئەو رەئیە پەسندە بە رەئی من, لە جیاتی ماشین ئامێر بنووسرێت و, هەر شتێکی تر, لە شوێنێکی تریش نووسراوە دەڵێت حیزامی ناسیف بۆ ئەوانەی شەخسی, بەهەر حاڵ لیژنەی قانونی صیغەیەك بدۆزنەوە کە هەر وەسیلەیەك بگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت لەناوبردنی پسپۆڕی دروستكەری موتەفەجیراتەكانیش زیاد بكرێت, ئیتر نازانم ئەوەش دەكرێت, یان ناكرێت, ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دلێر محەمەد.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە ئەو یاسایە دادەنێین, دیارە بێگومان قانونی عقوباتمان لەبەر چاوە, یەعنی بۆ خۆی ئەو قانونە موشەدەدە, یەعنی ئەساسەن مەبدەئی تەشدیدی تێدایە, بۆ حاڵەتێكی موحەدەدیش كە پێی دەڵێن تیرۆر, یەعنی كەواتە كۆمەڵێك تاوان هەیە لە پێناوی ئەوە ناومان نا ئەوانە تیرۆرن, ئێمەش قانونێك دادەنێین كە موشەدەدە لە ئەسڵدا, یەعنی لە ئەسڵدا بەزەیی تیا نییە و, هیچ پەیوەندیشی نییە بەو مەسائیلانەی كە لێرە باس دەكەین, دەڵێت تا هەندێك حاڵەتی تر ئێمە دەبێت رەچاوی بكەین, ئەوەش كە پەیوەندی هەیە بە هەندێك حاڵەتی تایبەت بەو شەخسەی كە تاوانەكە دەكات, كە بە مەبدەئی موخەففەف لە ویژدانی ئینسان, یان لە ماددەی دوودا جێی كراوەتەوە, بۆیە كاتێك كە حاڵەتێك روودەدات, ئەسڵەن بۆ خۆی موشەدەدە, تۆ لە هەموو حاڵەتێكی كوشتن, چونكە قەتلی عەمدمنمان هەیە, قەتلی ناعەمدی لە قانونی عقوباتدا بۆ خۆی موخەففەفە, كەدەبێتە عەمد و سەبقی ئیسراری لەگەڵدا دەبێت, بۆ خۆی دەبێتە موشەدەد, لێرە موشەدەدترە لەوێش, لەبەر ئەوەی بۆ خۆی لەناو قانونی ئیرهاب دایە, لەم حاڵەتە ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت دافیعە ئیرهابیەكە كە لە كوردیەكە نەهاتووە بەڕاستی, من پێم وایە كلێشەی كوردیەكە زۆر نارێكە, تەرجومەكەی بەداخەوە, عەرەبیەكە زۆر رێكتر هاتووە, هەندێ موفرەداتی قانونی هەیە لە قانوندا بەدەست ئێمە نییە وەكو كورد, من تەمەنا دەكەم سەرچاوەكان و هەموو شتەكان بە كوردی بێت, بەڵام هەندێك موفرەدات هەیە بۆ خۆی بوعدی مەكانی و زەمانی هەیە لە تەفسیری قانونیدا, كاتێك كە دەیكەیتە زمانی كوردی نامێنێت, نازانی مەتاتیەتی بۆ دروست دەبێت, لەبەر ئەوە باشترە بگەڕێینەوە سەر هەندێ وشەی تر, یان بە لایەنی كەم عەرەبیەكەی لە تەك دانێین, بۆ ئەوەی كە موشەریع, یان قازی كاتێك كە تەفسیری دەكات تەئویلی تری بۆ دروست نەكات و ئیشكالاتی قانونی لەسەر دروست نەبێت, بەتایبەتی لەو حاڵەتە دروست دەبێت, ئەگەر یەكێك كەمی بۆ دابنرێت حوكمەكەی كەمترە, یەكێكیشیان حوكمێكی درێژتر, بەڵام باشتر وایە لە هەموو ماددەكان لە بیرمان نەچێت, دەبێت دافیعی ئیرهابیەكەی تیا بێت, بە قەناعەتی من تەئكید كردن لە قەسدی ئیجرامی لە جەریمە دەبێت لە بیر نەچێت, كە ئەسڵەن قانونەكە خۆی قانونی ئیرهابە, دافیعەكەش دافیعی ئیرهابییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر تەئكیدەن لەسەر قسەكانی برای بەڕێزم كاك دلێر, ئێمە لە قانونەكە ماددەیەكمان داناوە ئەگەر هاتو هیچ تاوانێك لەو قانونە زیكر نەكرا بوو, ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ قانونی عقوبات 111 ساڵی 1969, لە هەمان كاتدا لە ئیجرائاتەكە فەرق و جیاوازی هەبوو لەو قانونە نەبوو دەگەڕێینەوە سەر قانونی ئوسولی موحاكەماتی جەزائی, بۆ پڕ كردنەوەی ئەو فەراغاتانەی لەو قانونەدا لەكاتی جێ بەجێ كردن دروست دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیزافە بێتن پێت دەبڕم ببوورە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك خاڵە دیارە دوای تەعدیل كردنە لە لای لیژنەی یاسایش هاتووە, بەڵام لەسەر خاڵەكان نەهاتووە, ئەویش ئەوەیە كە دەڵێت رای لیژنە ئەوەیە بڕگەی حەوت بگوازرێتەوە بۆ شوێنی بڕگە دوو, بڕگەی دووی ماددەكە یەكێكیان رفاندنی تەیارەو دەست بەسەر داگرتنی تەیارە, بەڵام ئەوە نەهاتووە وەكو فڕۆكە, بەڵام لەو نۆ خاڵانە نەهاتووە, دەبوایە بهاتبوایە, چونكە ئەوە یاسای سزای ئیعدام دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەكەم بۆ هەر خاڵێك بوو, كە دەخرێتە موناقەشەوە ناو بنووسرێت, ناوێكی موحەدەدیش یەعنی سێ كەس بێت, یەعنی ئێستا هەرچی دەستی هەڵدەبڕی هەڵدەستێت قسە دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەم خاڵێكی نیزامی باش بوو, سوپاسی ئەو پێشنیارەت دەكەم, بەڵام خۆتان ئیلزام ناكەن, چوار كەسم دەست نیشان كرد, هەموو لە هەر ماوەی قسە كردندا دەیەوێت قسە بكاتن, ئەگەر رێگاشی پێ نەدەم رەخنەیەكم لەسەر تەسجیل دەكات و, لە دوو كۆبوونەوەی تر رەخنەكە دووبارە دەكاتەوە, لەبەر ئەوە باشتر وایە قسە بكاتن, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دوو فەقەرە سێ لە زمانی كوردیەكەی دەڵێت ئەم كردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆركاری (تۆقاندن) دادەنرێن و سزایان لە سێدارەدانە, ئەمە زۆر موتلەقە (3- بەكارهێنانی كەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر), یەعنی هەر بەكارهێنانی, ئیتر دەبێتە ئەوەی كابرا لە سێدارە بدرێت, یەعنی لە عەرەبیەكە نووسراوە بە دەوافعی ئیرهابییە, بەڵام لە كوردیەكە هیچی ئاماژە بەوە نەدراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە سەرەتا عەرەبیەكە دەخوێنمەوە, چونكە لە كوردییەكە وازیح ترە:

(إستخدام بدوافع أرهابية), دوایی كۆتایی رستەی ماددەكە دەڵێت (إذا أدى الفعل إلى موت إنسان أو أكثر), واتا زۆر وازیحە دەوافیعی ئیرهابی تێدایەو مردنی مرۆڤیشی لەدوایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ چاكردنەوەی مولاحەزەكانتان, پێویستە لیژنەی یاسایی پێدا بچێتەوە, لە تەرجومە كردنەكەی لە عەرەبیەكەی بۆ كوردییەكەی, مولاحەزەكانتان وەربگرێت, لە بڕگەی سێیەمەوە پێم وایە یەك خیلاف لەسەرە, ئەویش ئەوەیە تەنیا ئەگەر یەكێكی تێدا بمرێت, یاخود بریندارش بێت, لیژنەی قانونی زۆر لە هینەكانیش, كە پێشتر موناقەشەیان كردووە, رەچاوی ماڧ مرۆڤ دەكەن, ئەگەر كوشتنی تێدا نەبێت لە جێگایەكی دیكە چارەسەری كردووە, بە سزای حوكمی هەتاهەتایی, بێجگە لەو خاڵە هیچ خیلافێكی ترمان نییە, جگە لە زمانەوانیەكان بە رەچاو كردنی ئەو تێبینیانەی كە لیژنەی قانونی دایان, بە رەچاو كردنی تر پێویستە لە رووی زمانەوانییەوە دیقەت هەبێتن, تەنیا میكرۆبیەكە بایۆلۆجی یەكە باشترە, ئەو وشەیە بگۆڕدرێت, مەسەلەی ئەوەی تەنیا بریندارش ئەو قانونە بیگرێتەوە, یان نا, وەكو خۆی هاتووە, تەنیا ئەو كەسەی كە ئەو

شتانە دەكاتن, دەبێتە هۆی ئەوەی یەكێك, یان زیاتر بكوژرێت ئیعدام بكرێت, ئەوەی كە لەگەڵ ئەوەدا وەكو خۆی بمێنێتەوە, خاڵی نیزامیە, ئەگەر دەوڵەمەندی دەكەیت, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەی ئەگەر بێتو بریندارێ تێ بخەیت, بریندار لەو حوكمە بخەیت, بریندار بوون دەكەوێتە حوكمی شروع, حوكمی شروعیش ئەحكام عامە, حوكمی شروع حوكمی جیای خۆی هەیە, لەگەڵ مەسەلەی قەتل یەك ناگرێتەوە, بۆیە ناكرێتن بریندار لەو ماددەیە دابنرێت, دەبێت لە هەمان ماددەی چوار رەچاو بكرێت, ناكرێت بخرێتە دەنگدانەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو قسەیە پێشین كرا, لەبەر ئەوەشدا سوپاس, كاك دكتۆر كەمالیش دەیەوێت قسە بكات فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز, كە بە رێكی موناقەشەكان دەكەن, زۆر شتیش روون كرایەوە, ئەم یاسایە دادەنرێت لەبەر ئەوەی كارەكە زۆر سەخت و گرنگ و دژوارە, بۆیە ئەم موناقەشەیە دەكرێت و, ئەم یاسایەی بۆ دادەنرێت, چونكە قەوانین هەیە بۆ كەسێكی یەكێك بكوژێت, یان بریندارێ بكات جەریمەی عادییە, یەعنی بۆ ئەوەی تیرۆریستان و, ئەوانەی بیری لێ دەكەنەوە, بزانن حوكمێكی قاسی بەرامبەریان هەیە, بۆیە ئەم یاسایە دادەنرێت, بە رەئی من ئەوانەی ئیعدام دەیانگرێتەوە, پێش ئەوەی ئیعدام بێت, ئەوانەی كە حوكم دەیانگرێتەوە لە ماددەی دوو فەقەرەی سێ و چواریش دێتە ژێر ماددەی یەك, بۆ ئەوەی ئەوانیش حوكم بیانگرێتەوە, مەسەلەن فەقەرەی سێی مادده دوو لە ئاسانكاری هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆریستان, یان دابین كردنی شوێنی حەوانەوەیان شاردنەوەیان, یان حەشاردانیان, بەخۆیان, یان بە كەسێكی تر بۆ یارمەتیدانیان بە هەوڵدانیان پێشكەش كردنی ئەو زانیاریانەی پاڵی پێوە دەنێن بۆ پلان دانان, یان بۆ دەست پێ كردنی جێ بەجێ كردنی تاوانی تیرۆركاری, بەمەرجێك بە كارەكە بزانێت, ئەمە بێتە ماددەی یەك, نەك ئێستا دەنگ بدەین لەسەر یەك بڕۆین, ئەوە دوابخرێتن, بۆیە ماددەی یەك و سێ و چوار ببردرێتە ئەو ماددەیەی كە حوكمی ئیعدام بیانگرێتەوە, نەك هەتاهەتایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئێمە بڕگەی سێ لە ماددەی دوو بە رەچاو كردنی وەكو وتم چاكردنەوەی زمانەوانییەكەو, وەرگرتنی ئەو مولاحەزتانەی كە لیژنەی قانونی داویەتی, ئەگەر پەسندی دەكەن دەستتان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بڕگەی چوار, كاك عەونی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی چواری ماددەی یەك لیژنەی یاسایی رای وایە دەستەواژەی بە مەبەستی تیرۆریستی زیاد بكرێت و لە كۆتایی ئەم بڕگەیە دابنرێت, بەم شێوەیە خوارەوە بخوێندرێتەوە, دوایی بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دووەم لەسەر پێشنیاری هەندێ برادەرانی لیژنەی یاسایی, پاش نووسینی راپۆرت.

4-رفاندن, دەستگیر كردن, دەست بەسەر كردن, یان لە ئازادی بێبەشكردنی كەسێك بەهەر رێگەیەك بێت, بۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی و, پاڵنەری تیرۆریستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی رەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە كە ئەم فەقەرەیە بچێتە مادده دوو, واتا سزایەكەی ئیعدام نەبێت و سجنی هەتاهەتایی بێت, فیعلەن ئەگەر تەماشای بكەین وەكو ئەو شتانەیە لە ماددەی دوو داهاتووە, كێ قسەی لەسەر ئەو فەقەرەیە, فەرموو كاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرە چوار لە مادده یەك (رفاندن, دەستگیر کردن, دەست بەسەر کردن, یان بێبەشکردنی کەسێك لە ئازادی, بەهەر شێوازێك بێت, بۆ فاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی), ئەوە زۆر پێویستە بخرێتە ماددەی دوو, لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك برفێندرێت, بزانێت ئەوەی رفاندیەتی دوایێ دەیکوژن بەهیچ شێوەیەك ئازادی ناکات, لەبەر ئەوە زۆر زۆر پێویستە بخرێتە ماددەی دوو, واتا برگەی چوار لە ماددەی یەك بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینیا من نوقتە نیزامی بێت لە دوو تەوزیحاتی نوکە پێش جەنابێتە دای, کە رەئی یاسایی لە بەغدا دەرچوو, هەرێما کوردستانێش لە دوو دەستووراو دیار کریێ عێراقیێ, یان مولزەمە تەنفیز, یان جیێ جیێ کردنە هەرە یاسایی, ئەگەر بشێت ئایا چۆن ئاندیشێن, ئەڤە مادده لە فلان بەندیێ بگوازێتن بۆ بەندیێ, یەعنی لە بەندا زیندانیێ کردنا هەمیشەیی بوو بۆ بەندا ئیعدام کردن, یان بە پێچەوانە, ئایا ئەڤە نابێتە دژایەتی یاسا کە لە بەغدا دەرچووە, هەر لەسەر تەوزیحاتیێ پێش جەنابتەدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو یاسایەی لە بەغدا دەردەچێت لێرە مولزەمە, وەکو عەرزم کردن, بەلاٌم پەرلەمان بۆی هەیە هەمواری بکات, مولاحەزەی خۆی بدات و, ئەوەی لەویێ لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەیەیان تەقدیم کردووە, پێشتر ئەو ژمارە قانونەیەی لیژنەی قانونی پێدا چوونە, لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی هەندیێ دەستووری عێراقی, ئەو گۆڕانکاریانەی لێرە کردوومانە, حەقی دەسەلاٌتی خۆمانە, ئەگەر خوا نەخواستە شتێك هەبوو خیلاڤ ئەوە بوو, ئەوە ئەو وەختە بەغدا دەتوانێت ئیعتیراز بگرێت محکەمەی دەستوور قەرار بدات, ئێمە راستین, یان ئەوان راستن, کۆتایی محکەمەی دەستووری رەئیەکەی مولزەمە لەسەر هەردووکمان.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەستووری عێراقی کە 144 ماددەیە, لەویێ لە هەندیێ مادده بە راشکاوی دان بە پەرلەمانی کوردستان و یاسایەکان دادەنێن, بە شەرتیێ موخالیفی دەستووری عێراقی نەبێت, ماددەی 115 ئەگەر بگەڕێیەوە سەری, لەگەلٌ ماددەی 141 بە راشکاوی دان پیێ دادەنیێ و, تایبەتمەندیەکەش ئەگەر خیلافیشی هەبوو لەگەلٌ ئەوان, هی ئێمە دەخوات, هی ئەوان جیێ بەجیێ ناکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبداللە قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە چاریێ رەڤاندن و دەستگیر کردن و دەست بەسەر گرتن, یان بێبەشکردنی کەسێك لە ئازادی, بەهەر شێوازێك بێت, لەوانەیە لەو فەترەیە کابرا دەست بەسەر بکرێتن لە دەستی ئەوانەوە, ئان لە زیندانی ئەوانەوە تووشی مردن ببێتن, یان کوشتنی لیێ بکەوێتن, ئەگەر ئەوە چووە بەندی ماددەی دووەم, مانای وایە چووە حوکمی موئەبەد, ئەگەر لێرە لە حالەتی گرتن و دەست بەسەر کردن و مردنی لێکەوتەوە, ئەو کاتە دەبێت عقوبەی خۆ عقوبەی ماددەی یەکەم بێت ئیعدام بێت, لەبەر هەندیێ دەبێت ببێتە دوو حالەت, حالەتا ئەوە کە هاتە گرتن مردنی لێکەفت ئەڤە جودایە, ئەگەر هاتە گرتن و بۆ ماوەیەك ئازادی لە دەستدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی چ تەعلیقتان لەسەر ئەوە هەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر, هیچ قسەمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گێلاس.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەم خاڵە پێم باشە, پێشنیار دەكەم كە وشەی (اغتصاب), یان دەست درێژ كردنە سەر ناموسی بۆ ئیزافە بكرێت, لەبەر ئەوەی ئێستا كارە تیرۆریستیەكان بەشێك لەوەی تیایە.

تێبینیەكی ترم هەیە, ئەوەی بۆ قاچاچندنەوە, تۆزێك نەناسراوە, ئەگەر وشەیەكی تری بۆ بەكار بێنن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو شمسە خان.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە بڕگەی چواری ئەم ماددەیەدا, ئەو شتانەی هاتوونە, ئەو حاڵەتانەی وەكو رفاندن, دەستگیر كردن, یان ئەوانەی كە لە دواوە هاتوون جیایە لەگەڵ (ابتزاز)ی مالی بێت, یاخود سیاسی بێت, زۆر جار مەسەلەی كۆمەڵایەتیشە, چونكە جاری وا هەیە رفاندن دەكرێت, لەوانەیە بۆ سوكایەتییە, یان بۆ تۆڵەیە, دەكرێت لە خێزانێك ئافرەتێك دەبردرێت, مەسەلەن لە حاڵەتی دەست درێژیشی لەسەر جێ بەجێ دەكرێت, بۆ سوكایەتی پێ كردنە, یاخود زۆر جار لەبەینی كێشەی دوو خێزان, مەسەلەن خێزانێك پێش ئەوەی قەراری محكەمە دەربچێت, مەسەلەن لەسەر منداڵەكان بینراوە, ئەوە حاڵەتی وا بووە مەسەلەن منداڵێك بمێنێتەوە لە لای دایكەكە, یان لە لای باوكەكە, پێش ئەوەی محكەمە قەراری بەسەر بدرێت منداڵەكە لە لایەن لایەكیانەوە, مەسەلەن ئافرەتەكە چۆتەوە ماڵی باوكی فرێی داوە, ئەو حاڵەتی رفاندنە لێرە, پێویستە ئەو مەسەلەیە بۆ كۆمەڵایەتیش جێگای بكرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵانەی كە ئەو دوو خوشكە بەڕێزە ئیشارەتیان پێدا, لە قانونی عقوباتی عێراقی جێ بەجێ كراوە بەشێوەیەكی تەواوی لە ماددەی 423 و 424, واتا ئیجاب ناكات ئێمە لێرە ئیشارەتی پێ بدەین, چونكە ئیعتیبار ناكرێت لە تاوانەكانی ئیرهابی, هەروەها ئێمە ماددەیەكمان داناوە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەڵێن قانونی عقوباتی عێراقی قانونی ئوسول موحاكەماتی جەزائی تەتبیق دەبێت لەو حاڵەتانەی كە كەموكوڕی هەیە لە قانونەكەی ئێمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بەكر.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە سزا دان, بەتایبەتی ئەو قانونەی دەمانەوێت دەربكەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیرهاب زیاتر بۆ ڕەدع و ئیسلاح بێت, نەك ئینتیقام بێت, پێم وایە هەندێك قاسی بێت لەو حاڵەتانە, پێم وایە ئەو خاڵە وەكو لە پێشەوەش باسم كرد فەرقی هەبێت لەگەڵ ئەو تاوانانەی كە كراوە, لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر ڕەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێكڕای بۆچوون و رای برادەرانم, پێم باشە دوو شت بكرێت.

یەكەم/هەموو پرۆژەكان پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان لەسەر ئەلف و بێ ئێمە موناقەشەی بكەین, كە زۆربەمان تایبەتمەند نین, بدرێتە لیژنەیەكی زمانەوانی پێدابچێتەوە, بۆ ئەوەی ئێمە موناقەشەكەمان لەسەر ناوەڕۆكی ماددەكە بێت, نەك لەسەر بۆچوونمان, بە رەئی من ئەوەم پێ باشە, چونكە ئێمە لە كۆمەڵە شوێنێكی جیا جیا هاتووین تێگەیشتنمان ڕەنگە بۆ وشەكان بۆچوونی جیای هەبێت, بەڵام بۆچوونەكان با لە ڕێگەی كۆمەڵێك خەڵكی تایبەتمەندەوە لەسەری ئیتیفاق بین.

دووەم/دانانی دادگایەكی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر, كە كات و پێداویستی بۆ ئامادە بكرێت, مەجالی ڕەئی قازی, یان حاكم ببێت, ئێمە وەكو وامان داناوە, كە محكەمەكە خۆمان كردوومانە, لێرە تاوانبار لەسەر غەرەزەكە موحاكەمە دەكرێت, نەك لەسەر نەتیجەكەی, وەكو كاك دلێر ئاماژەی پێدا, من چووم تەوقیتی سەیارەیەكم كردووە, بە سودفە گوێ درێژێكی بە تەنیشتدا دێت, بەڵام من بۆ سەد كەسم داناوە, بۆ كۆمەڵێك قوتابیم داناوە بەرێكەوت وا نەهاتوون بە گوێ درێژێكدا تەقیتەوە, من نیەتەكەم تاوان بووە, سبەینێ من بە تاوانی كوشتنی گوێ درێژێك موحاسەبە ناكرێم, نیەتەكەی من لە ناوبردنی كۆمەڵێك مرۆڤ بووە, مەفروزە ئەو مەجالە بۆ حاكم بەپێی شارەزایی خۆی بنێردرێتەوە, ئەویش لە ڕێگای دانانی دادگایەكی تایبەت بە تیرۆر, كردنەوەی كۆمەڵێك دەورات لەناوەوەو دەرەوە, بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرەنگاربوونەوەكەدا بن.

سێیەم/ ئێمە بەرەنگاری تیرۆر دەبینەوە, كە وەكو واقیعێك هەیە, بەڵام ئیش كردن بۆ روو نەدانی تیرۆر زۆر زەرووره, كەوا كارێكی پشتگیری دەوێت لە رووی پەروەردەییەوە, لە رووی خەدەماتی گشتییەوە, لە رووی رێكخستنی گەندەڵییەوە, كە ئەمانە زەروریترن وەك لە هەندێك ئەو واقیعەتەی كە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باس لەوەی كرا كە بڕگەی چوار بخرێتە زمنی ماددەی دووەمەوە, من پێشنیار دەكەم ماددەی یەكەم و دووەم بكرێتە یەك ماددە, شتێ عورفێكی قەزائی هەیە پێی دەگوترێت (سوڵتەی تەقدیری) تایبەتمەند لە قۆناغە جیاجیاكانی تەحقیقدا دەگاتە دەرئەنجامێك, كە ئایا ئەوە لە زیندانی هەتاهەتایی بێت, یان لە سێدارەدان, پاشان بۆ هەموو ماددەكان مەفروزە دەستەواژەیەك ئیزافە بكرێت, كە ئەویش مەبەست لە ئەنجامی كارە تیرۆریستیەكەیە كە ئەنجام دەدرێت بە تاوانی تیرۆركاری دادەنرێت, لەبەر ئەوەی هەموو تاوانێك لە دوو روكن پێك دێت, روكنی ماددی, روكنی مەعنەوی, روكنە ماددیەكە ئەوەیە كە تاوانەكە ئەنجام دەدەن, روكنە مەعنەویەكەش ئەوەیە كە مەبەست لە ئەنجامدانی كارە تیرۆریستیەكەیە, چونكە ئەگەر روكنە مەعنەویەكە رەنگدانەوەی لەسەر ماددەكان نەبێت, دەچێتە زمنی قانونی عقوباتی عێراقییەوە, پێویست بە دانانی ئەو ماددانە ناكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی دکتۆر ڕەمەزان، جائیز نییە محاکمی تایبەت دابنرێت بۆ تاوانەکانی ئیرهابی، دەستووری عێراقی ئەوەشی کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش محکەمەی تایبەتیمان نییەو، نابێت هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ خوشکە گێلاس خان و خوشکە شمسە خان، چونکە لەبەر ئەوەی دەست درێژی کردنیش دەتوانن بەکار بێنن وەکو کاری تیرۆری، وەکو ئەوەی شێخ زانا چەندەها  ژنی بەکار هێنا بۆ ئەو کارە، کەواتە ئەوە یەکێکە لە زمنی موخەتەتاتی تیرۆریستیەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیغتیصاب کردنی ژن و ئەزیەت دانی ژن بە بارمتەگرتنی بۆ نەخرێتە ناو ئەم بەندانەوە، هەرچەندە من خۆم لەگەڵ حوکمی ئیعدامەکە نیم، بەڵام ئەگەر دەکرێت شتێکی وا بێت، دەبێت حەقی ئەوەشی تیا هەبێت، ئەگەر ژن بە بارمتە گیرا، یاخود ئیغتیصاب کرا، یاخود تەعەدای لێ کرا، پیاو و ژن فەرق ناکات، بەڵام دەست درێژی کردن بۆ خۆی دەبێت تیایدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەبدولڕەحمان.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوو خاڵم هەیە لەم بڕگەیە:

خاڵی یەکەم/بێبەشکردن لە ماڧ ئازادی، یان دەست بەسەر داگرتن، ئەگەر دامودەزگایەکی حکومەت کردی، واتا دەزگایەکی موخابەڕات لە پاڵ حکومەت ئەم کارەی کرد، ئایا یاسای لەسەردا جێ بەجێ دەکرێت، یان نا؟

خاڵی دووەم/بۆ ڤاچاندنەوەی دارایی، هەمووی هۆیەکی کۆمەڵایەتییە، ناچێتە خانەی تیرۆرییەوە، بەشێك لەو بڕیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری ڕەئیەکانی سۆزان خان و ئەو خوشکانە دەکەم، بەڵام دەکرێت ماددەیەکی تر پێشنیار بکرێت لەدەرەوەی ئەو ماددەیە، تاوانی جنسی تەنها ئیغتیصاب نییە، ئیغیتصاب چارەسەر کرا لە قانونی عقوبات لە ماددەی 393 پێم وا بێت، عقوبەکەی پانزدە ساڵە، تاوانی جنسی غەیری ئەو تاوانەی هەیە، وەکو ئەوەی لە گروپەکەی شێخ زانامان بینی، بۆیە دەکرێت پێشنیار بکەین ماددەیەکی تر لە زمنی ماددەی دووەم لە فەقەرەیەك بگوترێت (استخدام الوسائل الجنسية) یاخود (غير مشروعة وابتزاز وضغط على المجنى عليه بغية تحقيق اهداف سياسية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گوڵناز.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم شازە، بۆچی مەسەلەی دەست بەسەر داگرتنی فرۆکە لەم یاسایەدا نەبێت، کە ئێمە بۆ خۆمان فرۆکەخانەمان هەیە، ئەو شتە پەیوەندی بە ناوچەی ئێمەوە هەیە، ئەمە یەك.

دووەم/شت من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە ماددەی یەکەم بڕگەی چوار و پێنج و شەش لەگەڵ هەشت و نۆ بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دووەم, لە ماددەی دووەم بڕگەی سێ و چوار و پێنج و شەش بێتەوە بۆ ماددەی یەکەم, چونکە ئەو تاوانانە زۆر قورسترن لە ماددەی پێشوو, کە لێرە ئیعدامە, لەوێش زیندانی هەتاهەتایی, تێبینیەکی زەق لەسەر یاسایەکە ئەوەیە, کە ئێمە بچووکترین مەیدانمان داناوە بۆ لە سێدارەدان, کەچی زۆرترین خاڵی بردووە, ئەوە نەقسێکە, دەکرێت ماددەکانی تر زۆرترین عقوبەی تیا جێ بەجێ بکرێت, ئەو گۆڕانکارییە پێویستە بۆ ماددەکان بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی ئاسان نییە, تۆش زیاتر قورسی دەکەیت, ماددە بە ماددە لەسەری, ئەو هەموو ماددانە کێ دەتوانێت بڵێ ئەوە لە شوێنێك جێی ببێتەوە, ئێستا ئێمە لە فەقەرە چوارین, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم خۆشە ئیشارەت بدەم بە ماددەی 423 لە قانونی عقوباتی عێراقی, بەتایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خوشکە بەڕێزانە, کە داوایان کرد ببێتە ماددەیەك.

الماده 423:(من خطف بنفسه, او بواسطة غيره, بطريقة اكراه او حيلة ذكراً او انثى تمت 12من العمر, يعاقب بالسجن مدة لا تقل عن 15 سنة, واذا صاحب خطف وايقاع المجنى عليها, او الشروع فيه, فتكون العقوبة الاعدام او السجن المؤبد),

واتا ئێمە هیچ پێویستیمان نابێت لە قانونی ئیرهاب ئیشارەت بەو ماددانە بدەین, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە شتێکمان لەبیر نەچێتن, ئێمە ئێستا باسی ئیرهاب دەکەین, باسی تیرۆر دەکەین, زۆر جار ئەوە چارەسەر کراوە لە قانونی عقوبات و لە قانونی جەزائی, ناکرێتن بچینەوە سەر ئەو هەموو تافاسیلانە, ئەوە مادام بەم شێوەیە چارەسەر کراوە, پێویست ناکات لەوێ دووبارەی بکەینەوە, لەبەر ئەوە بڕگەی چوار لە ماددەی یەك دەخەینە دەنگدانەوە, ئەگەر پەسندە دەیروێنین دەبەینە ئەو شوێنەی کە ڕەئیتان داوە, ڕەئی بدەن لەسەر ئەوەی هەم پەسندە, هەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, کێ موئەیدە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ موئەیدی نییە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا, ئێمە چوار فەقەرەمان ماوە لە ماددەی یەکەم, هەندێ برادەر مولاحەزەیان ناردووە دەڵێن پشوو وەربگرین, ئایا ئەو چوار فەقەرەیە تەواو بکەین, پێم باشە تەواوی بکەین, فەقەرەی پێنجەم کاك عەونی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕگەی پێنج لە ماددەی یەك دەخوێنمەوە, لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی:

ترى اللجنة اضافة العبارة التالية:(الوطنية والدولية الحكومية منها وغير الحكومية الى ما بعد الكلمة والمنظمات الواردة في السطر الثاني من الفقرة 5 من المادة الاولى ولتقرأ كالاتي:

5-احتجاز شخص أو مجموعة من الأشخاص كرهائن بقصد التأثير على سلطات الاقليم أو الهيئات والمنظمات الوطنية الدولية الحكومية منها وغير الحكومية العاملة في الاقليم بغية الحصول على منفعة أو مزية من أي نوع كان أو الاجبار للقيام بعمل أو الامتناع عن عمل معين أو خلق حالة من الرعب والفزع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك مامۆستا عەبدولکەریم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیار دەکات ڕستەی نیشتمانیی و نێونەتەوەیی حکومی و ناحکومی بخرێتە دوای وشەی ڕێکخراوەکان لە دێری دووەم لە بڕگەی پێنجی ماددەی یەك دابنردرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

(دەست بەسەر گرتنی کەسێك، یان کۆمەڵە کەسانێك بەبارمتە، بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر دەزگاکانی هەرێم، یان دەستەو ڕێکخراوە نیشتمانیی و نێو نەتەوەیی و حکومی وناحکومیەکان کە لە هەرێمدا کار دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی سوودێك، یان کەڵکێك لە هەر جۆرێك بێت، یان بۆ ئەوەی ناچاریان بکات کارێك ئەنجام بدەین، یان ئەنجام نەدەن، یان بۆ نانەوەی بارێکی ترس و دڵە ڕاوکێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەو خاڵە نییە دەستی بەرز بکاتەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها هەندێك لە وشەی هەرێم چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر بگرێت لە کوردستان لەوانەیە جوانتر ڕێك بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووم دەکەن، ئێمە دوو سێ یاسا دادەنێین، یاسای هەرێمی کوردستانە، کە یاسات دانا دەبێت وشەکانیش قانونی بێت، لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێتن، بەلأم مەقالە دەنووسی، کۆنفرانس دەگری، شت دەنووسی، بەلأم کە یاسات دانا، دەبێت ئەو وشەیە بەکار بێنیت، چونکە ئەم یاسایە دەچێتە بەغدا، دەچێتە محکەمەی دەستووری، بۆ شتێك دابنێین، دوایێ بڵێین ئێرە دەبێت وای لێ بکەن، بڕگەی شەشەم کاك عەونی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی شەشەم لە ماددەی یەکەم:

(ترى اللجنة حذف كلمة الجاني من السطر الاخير من الفقرة 6منها، لكونها زائدا عن موقعها، وعدم الحاجة الى البقاء لورودها في سياق الفقرة ابتداء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە تەعدیلەوە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە رای وایە وشەی تاوانکار لە دوا دێر لە بڕگە شەشەمی ماددەی یەکی پرۆژەکە لابرێت، چونکە لەو جێگایەدا زیادەو پێویست بە مانەوەی ناکات و لە رستەی پێشەوەی بڕگەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بیخوێنەوە بە تەعدیلەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە، یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە و دەستە دەبلۆماسی و کۆنسوڵگەری و دامەزراوەو کۆمپانیای بیانی و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان، یان ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کار دەکەن، تاوانەکەشی بە مەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت، سزاکەی دەبێتە زیندانی هەتاهەتایی، ئەگەر هێرش بردنکە مردنی لێنەکەوتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وازیحە یەعنی لە لەناوبردندا ئەگەر کەسێك نەمرد, بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم دەکرێت, کێ لە لای پەسندە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە, سوپاس, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. فەرموو بزانم ئیزافەکە چییە دەیخەیتە سەری, هەرچەند دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێك هەیە ئەویش تەسلیم کردنی ئیرهابیەکانە بۆ وڵاتانی دەرەوەو, وەرگرتنی ئیرهابیەکان, چ ئەوانەی هاووڵاتیانی کوردستان بن, چ ئەوانەی بیانی بن لە کوردستان, یاخود ئەوەی جنسیەی موزدەوەجی هەیە, واتا جنسییەی هەیە عێراقییە و, جنسیەشی هەیە بیانییە, ئەو خاڵە ئەگەر ئیزافە بکرێتن و شوێنێکی بۆ بکرێت, بە رەئی من زەروورە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك جەمال باسی کرد, تەبعەن ئەوە سەلاحیاتی ئیتیحادییە, ئیتیفاقیات دەوڵەت دەیکات, دەوڵەتی فیدراڵی کە عێراقە, بەگوێرەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئیتیفافیان لەگەڵ دەکات بۆ تەسلیم کردنی تاوانبارەکان بەگوێرەی ئەوە عێراق دەیکات, هەرێم ئەو دەسەلاتەی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامە, فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێشنیارە, بەلام لە رێگەی خاڵی نیزامەوە دەیکەم, چونکە مەجالتان نەهێشت لە سەرەتا قسە بکەم, بەڕاستی من جۆرە تەناقوزێك دەبینم لەو برگەیە, لە سەرەتاوە دەڵێت کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی, دوایێ دەبلۆماسی و ئەو شتانە, لە کۆتاییدا دەڵێت سزاکەی دەبێتە زیندانی هەتاهەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوە, ئەوە وەکو ئەوە وایە ئەگەر بڵێی تۆ ئەو کوشتنە, کوشتنی لێنەکەوێتەوە, من پێم باشە رستەی پێش کۆتایی لە سزاکەیەوە هەڵبەوەشێتەوە, نەمێنێت و هەڵبگیرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیتان هەیە لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆتایی پێ هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامییە, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو دێرەی کۆتایی زیادە, لەبەر ئەوەی لە ماددەی چوارەم باسی (الشروع في الجرائم) کراوە, مانای وایە ئەوە زیاد دەبێتن (وتکون العقوبة السجن المؤبد), لەبەر ئەوەی لە ماددەی چوار باس کراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتە تەفسیر ئەوە دەكات, ئەگەر حاڵەتەكە بریندارى لێكەوتەوە, نەك مردن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە تەبیعییە بمێنێتن, ئەگەر لەو شوێنانەی كە دەڵێت زیندانی هەتاهەتایی حوكم دەدرێتن, تەئكیدەن لەوەیە, بەڵام لێرە مردن باس دەكاتن, رفاندنی دبلۆماسی و ئەو كەسانە بە زەقی باسی كراوەو تایبەتە بەوان تەناقوچیش نییە, لەوێوەش هاتووە, دەنگیشمان بۆداوە, مانەوەی لێرە تەئكیدێكە بۆ دوایی, ئەگەر بریندار بوو, ئەوەی تریش تەئكید دەكات.فەرموو كاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمەو ئیعتیدا چییە؟ ئەوەی قسە دەكاتن دەڵێ سجنی موئەبەد, باسی بریندار ناكات, باسی ئیعتیدا دەكات, نەوعی ئیعتیدائەكە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەڵێ كوشتنی خەڵك, ناڵێت ئیعتیدا, یەعنی ئەو فیعلانەی سەرەوە ئەگەر كەسی لێ نەكوژرا و بریندار بوون, ئەوە سزایەكەی زیندانی هەتاهەتایی دەبێت, تكایە بڕگەی حەوتەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

7- الانضمام إلى أية منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة تمارس الإرهاب إذا كان الجاني من منتسبي قوى ألامن الداخلي أو حرس الاقليم ( البێشمەرگە) أو كان قد تلقى تدريبات عسكرية أو أمنية لدى أي منها.

ترى اللجنة حذف كلمة الجاني من السطر الاخير من الفقرة 7منها, لكونها زائدا عن موقعها, وعدم الحاجة الى البقاء لورودها في سياق الفقرة ابتداء)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا عەبدولكەریم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

-چوونە ناو هەر رێكخراو, كۆمەڵە, دەستە, باند (عصابە), بنكە, یان كۆمەڵێك كاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر كارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, ئەو (تاوانكار) دەبێت لابرێت, مەشقی سەربازی, یان هەواڵگری لە یەكێك لەم لایەنانەدا پێكرا بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی تاوانكارەكە زیادە, دووبارەیە, تێبینیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە زیاتر ئەمە عیلاقەی بە قانونی عقوباتی عەسكەرییەوە هەیە, بۆچی عیلاقەی بە محكەمەیەكی مەدەنیەوە هەبێت؟ بەڵام ئەوان دەتوانن لەوێ خۆیان قانونی عقوباتیان هەیە و هەمان ئیجرائاتیش.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئاریێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئەو ڕستەی ئەو ماددەیە ڕوون نییە, لە لایەك دەڵێت چوونە ناو, لە لایەكی تر دەڵێت ئەگەر ئەنجامدەر, یەعنی یەك ماددەیە چوونە ناو فەرقی هەیە, ئەنجامدەریش فەرقی هەیە, هەتا ئەو مەسەلەیە یەك نەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەقسەدی ئەوەیە ئەو كارمەندەی ئاسایش ئەگەر بچێتە ناو ئەو ڕێكخراوەی كە كاری ئەنجامدانی تیرۆریستی بكاتن, یەعنی شەرت نییە ئەو ئەندامەی ئاسایش, یان دامودەزگاكانی حكومەت بچێتە ناوی, ئەوەی كۆمەڵەكە ئەنجام دەدات, لە عەرەبیەكە زۆر وازیحە, بەڵام لە كوردیەكە نازانم, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا دەزانن ئەگەر ئەمە وشەیەكی بۆ زیاد بكرێت بە مەبەستی تیرۆركاری لەم گرفتە ڕزگارمان دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە تەنها بۆ ئاسایش و پێشمەرگە و ئەوانەیە, ئەی ئەگەر هاووڵاتی چووە ناو ئەو ڕێكخراوانە ئیشی كرد و كاری تیرۆریستی كرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باسی ئەوەش هاتووە وابزانم, فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە سزای ئیعدام كە دانراوە لەم یاسایانەدا بۆ ئەو كارانەیە كە لە ماددەی یەكدا ناویان هاتووە, بەشێوازێكی گشتی بە ڕەوا دانانرێت, لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری ئەو یاسایانە بكەیت, كە لە ماددەی یەكدا هاتوون هەموویان لە یەك ئاستی مەترسیدا نین, واتا مەترسیدار هەیە مەترسیەكەی كەمترە, بۆ نموونە ئەگەر سەیری بڕگەی حەوت لە ماددەی یەك بكەین دەبینین خوتوراتی كەمترە بە بەراورد لەگەڵ بڕگەكانی تری ئەم ماددەیە, لەبەر ئەوە بڕگەی حەوت باس لە چوونە ناو ڕێكخراو و كۆمەڵە دەكات, مەرج نییە ئەو كەسە كاری تیرۆریستی ئەنجام بدات, هەر بوونی بە ئەندام بەپێی ئەم ماددەیە, پێویستە سزای ئیعدامی لەسەر دابنرێت, بەڵام یەكێك لە بنەما ئەساسیەكانی قانونی جینائی ئەوەیە سزای هەر كارێك بەپێی ئەو مەترسییەو زەرەرە بێت, بەپێی ئەو كارە دەكەوێتن, كەواتە لێرەدا من بە باشی دەزانم هەر كارێك لەو ماددەی یەكدا هاتووە با بە ئاستی خوتورەی خۆی سزای بۆ دابنرێت, لە لایەكی ترەوە ئەوەی شایستەی باس كردنە سزای لەسێدارەدان, بەپێی مافەكانی ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی, پێویستە جێ بەجێ بكرێت, بەڵام ئەم ماددەیە واتا ماددە یەك ئەم سزایە بە فراوانی دانانرێت لە مافەكانی مرۆڤدا, پێویستە مافی ژیان لە كەس نەسەندرێتەوە, تەنیا لە كاتێكدا بێت, كە هیچ وەسیلەیەك لە دەستاندا نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەوزیحی زیاتر بوو, بۆ چوونێك تایبەتمەندی داوەتە ئەو كەسەی لە ئاسایش, یان پۆلیس دەبێت, لە شوێنێكی تر هی هاووڵاتی چارەسەر كردووە, لە فەقەرەی نۆ, دەڵێت هەر كەسێك تەعاون بكات لەگەڵ وڵاتێكی بیانی, یان ڕێكخراوێك, یان كۆمەڵێك, یان جەمعیەیەك, یان هەیئەتێك, یان عەسابەیەك, ئەوانە حوكمیان بە ئاشكرایە لە فەقەرەی نۆوە هەیە, ئەوانیش باس كراوە, بەڵام تایبەتمەندیەكە دراوەتە ئەندامانی ئاسایش, زیاتر بڕگەیەكی تایبەت تەوزیحی

تێدا بێت, کێ پشتگیری لەو بڕگەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ پشتگیری ناکات دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس, بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا, تکایە بڕگەی هەشتەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعاون مـع دولـة أجنبيـة أو أيـة منظمـة أو جمعيـة أو هيئـة أو عصابة أو مركـز أو جماعـة مـن خـارج الاقلـيم أو العمـل لمصلحة أي منها للقيام بأية جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون).

ليژنەی ياسايی هيچ مولاحەزاتی لەسەر نييە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا عەبدولكەريم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوكاريكردن لەگەڵ ولاَتێكی بيانی, يان هەر ڕێكخـراو, كۆمەڵە, بانـد, بنكـە, يـان كۆمـەڵێكی دەرەوەی ولاَت, يـان كـار بـۆ بەرژەوەندی هەر يەكێكيان بكات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم ياسايەدا دەقنووسكراوون ئەنجام بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو بڕگەيە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ پەسندی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, بە كـۆی دەنگ بڕگەكە پەسـند كـرا, لێـرەدا كۆتـايی بـە دانيشـتنەكەمان دەهێـنين, سـبەينێ دانيشـتنيمان سـەعات 10 دەسـت پـێ دەكات, سوپاس.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی) | عدنان رشاد مفتی |
| --- | --- | --- |
| سكرتێری ئەنجومەنی نيشتمانيی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی | سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**پێنج شەممە رێکەوتی 2006/3/30**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)ی خولی هەڵبژاردن
## پێنج شەممە رێكەوتی 2006/3/30

كاتژمێر (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2006/3/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردنی، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2006/3/30دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، كۆبوونەوەكەمان دەست پێدەكەین، سەرەتا داوای لێبوردن دەكەین، لەبەر ئەوەی مەوعیدمان سەعات 10 بوو، رێپێوانێكی ژمارەیەك لە گەنجان هەبوو، سەبارەت بە هەڵەبجە پێشوازیمان لێ كردن، برەك قسەمان لەگەڵ كردن، بۆیە دوا كەوتین، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەكەین، كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) لە هەرێمی كوردستان- عێراق.

بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی و سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم، بێنە جێگای دانیشتن.

دوێنێ موناقەشەی دوو مەسەلەمان كرد، یەك پێناسە و، ماددەی یەكەم بە فەقەرە جیاجیاكانەوە، پێناسەكە لەبەر رۆشنایی ئەو موداخەلانەی بەڕێزتان كردتان، داوا لە لیژنەی یاسایی كرا، بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، ئەوەی پێویستە ئیدخالی بكات، بۆیە دوێنێ دەنگمان بۆ نەدا، بۆیە ئەمڕۆ لەگەڵ وەرگرتنی ئەو مولاحەزاتانە جارێكی تر دەیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، دواتر لە مادده یەكەكەش دەیخوێنینەوە بۆ جاری كۆتایی دەیخەینە دەنگدان بە كۆی دەنگەوە، ئینجا دەچینە ماددەكانی تر.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم، پێناسەكە پاش چاككردنی لەڕووی زمانەوانی و، لەڕووی ئەو وشانەی كە پێویستە داخیلی بكەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز برایانی ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا بەڕێز مامۆستا كاكە پێناسەی تیرۆر بە زمانی كوردی بۆتان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێناسەی كردەوەی تیرۆر:

كردەوەی تیرۆر بە بەكارهێنانی توندوتیژی نایاسایی سازدراوە، هەڕەشە پێكردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانیەتی كە تاوانكار هانای بۆ دەبات، بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەیەكی تاوانكاری تاك یان بەكۆمەڵ یان كوێرانە، بە مەبەستی تۆقاندن و ترس و، شڵەژان و، ئاژاوەنانەوە بۆ تێكدانی سیستەمی گشتی یان بۆ ئاسایش و سەلامەتی كۆمەڵگەو هەرێم یان ژیانی هاووڵاتیان، یان ئازادییان، یان پیرۆزییەكانیان بخاتە مەترسییەوە، یان زیان بە ژینگە، یەكێك لە سەرچاوە

سروشتیەکان, یان سامانە گشتیەکان, یان تایبەتییەکان بگەیەنێت, بەنیازی بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی سیاسی یان هزری ئایینی یان تایفەگەری یان رەگەزی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعریف الفعل إرهابی:

الفعل إرهابي هو أستخدام المنظم الغير القانوني للعنف أو التهديد به, أو التحريض عليه أو تمجيده, يلجأ أليه الجاني تنفيذاً لمشروع إجرامي فردي أو جماعي يستهدف به فرداً أو مجموعة أفراد, آو جماعات أو بشكل عشوائي القصد منه إيقاع الرعب والخوف والفزع والفوضى بين الناس, الاخلال بالنظام العام أو لتعريض أمن وسلامة المجتمع و الإقليم أو حياة الأفراد أو حرياتهم أو حرمتهم أو أمنهم للخطر أو الحاق الضرر بالبيئة أو بأحد الموارد الطبيعية, أو المرافق أو الممتلكات العامة أو الخاصة تحقيقاً لمارب سياسية أو فكرية أو دينية أو مذهبية أو عرقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێناسەیەی کە خوێنرایەوە رەچاوی دوو شتی کردووە لە مولاحەزاتەکانی دوێنێ کە چەند کەسێك مولاحەزەیان داوە, تەعدیلی تێدا کراوە, هەروەها لەڕووی زمانەوانییەوە کوردیەکەشی چاککراوەتەوە, تەنیا یەك وشە لەعەرەبییەکە هاتووە, کاك شێروانیش مولاحەزەی دا, پێم وایە لیژنەی قانونی ئەوەی لادەن باشترە, عەرەبییەکەی دەخوێنمەوە(الفعل إرهابي هو أستخدام المنظم الغير القانوني للعنف أو التهديد به), ئەوان نووسیویانە الغیر القانونی, خۆی استخدام الفعل إرهابی هەمووی غیر قانونی دەبێت, لەبەر ئەوەی شەتب بکرێت باشترە, پێویست ناکات بووترێت(الغیر القانونی), ئەوی تر ناتوانم بڵێم کامیلە, خۆی پێناسە ئیختیلافی لەسەرە, دەوڵەمەند کردنی دەوێت, بەلام وەکو سەرەتا لەبەر رۆشنایی موناقەشەی دوێنێ, ئەمە ئیتیفاقی لەسەر کراوە, لە دوارۆژدا موتابەعەشی دەکەین, لە دنیادا پێناسەکە چی بەسەر دێت, ساڵێك بێت یان دوو ساڵی تر بێت, ئێمە بەسەری دادەچینەوە, ئەگەر پێویستی کرد تەعدیلی دەکەین, جا لەبەر ئەوە جارێکی تر داوا دەکەم بە کوردییەکەی بیخوێننەوە, ئینجا بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێناسەی کردەوەی تیرۆر:

کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە, هەڕەشە پێکردنیەتی, هاندانە بۆییان پێهەڵدانیەتی کە تاوانکار هانای بۆ دەبات, بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاك یان بەکۆمەڵ یان کوێرانە, بە مەبەستی تۆقاندن و ترس و, شڵەژان و, ئاژاوەنانەوە بۆ تێکدانی سیستەمی گشتی یان بۆ ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگەو هەرێم یان ژیانی هاووڵاتیانیان ئازادییان پیرۆزییەکانیان بخاتە مەترسییەوەیان زیان بە ژینگە, یەکێك لە سەرچاوە سروشتیەکانیان سامانە گشتیەکانیان تایبەتییەکان بگەیەنێت, بەنیازی بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی سیاسی یا هزری یا ئایینی یان تایفەگەری یان رەگەزی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی با دەستی بەرز بکاتەوە, کێ لەگەڵی نییە؟ نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێزد. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دوێنێ بڕیار درا کەوا ئەو پێناسەیە بدرێتە لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی پێدابچێتەوە و, دایڕێژێتەوە, لیژنەی قانونی کۆنەبۆتەوە تاکو ئەو شتە ئامادە بکات, وای لێبکات, کە ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی ئەمڕۆ لە سەعات هەشت و نیوەوە کۆبوویـنـەوە و, هـەمووومان ئامـادە بـووین ئـەو برادەرانـەی کـە تـاخیر بوون و, ئامادە نەبوونە, ئێمە زەنبمان چییە؟

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس ئاگاداری نەکردین, ئەوا ئێستا دەزانین؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێـنی لـەناو قاعـە هـەمووتان بـەڕەسمی ئاگـادار کراونەتـەوە, تـەکلیفی لیژنـەی قـانونی کـرا, مانـای هـەمووتان ئاگـادار کراونەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەرحاڵ ئەمە کەم و کوڕییەکی بەسیتە, دەبوایە لیژنەی قانونی هەموو ئەنـدامان ئاگـادار بکاتـەوە, بـەلاّم کـە زۆرینـە ئامادە بووە و, دەنگیشمان بۆدا,

جارێکی تر لە کۆبوونەوەکاندا با هەموو ئەندامانی لیژنەکە ئاگادار بکرێنەوە, زۆر سوپاس.

وتمان کێ لەگەڵی نییە؟دووکەس لەگەڵی نییە, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس.

دوێـنێ مـاددە یـەك فەقـەرە بـە فەقـەرە خوێنرایـەوە و, دیسـان هەنـدێ کـەلیمات لـە بـەر رۆشـنایی موداخـەلاتی ئێـوە گۆڕانکاری تێدا کرا, ئێستا داوا لـە لیژنـەی قـانونی دەکـەم, جـارێکی تـر ماددەکـە هـەمووی بخوێنێتـەوە, مـاددەی دوو بـۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم:

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن وسزایان لەناو بردنە(الاعدام):

1- دامەزراندن, رێکخستن, یان بەرێوەبردنی رێکخراو,کۆمەڵە, دەستە, باند,بنکە, یـان کۆمـەڵێك, بـەئامانجی ئەنجامـدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

2-تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی,ئایدیۆلۆجی, یان بەکافردانان.

3-بـەکارهێنانی کەرەسـتەی تەقینــەوە, سـووتێنەر, گڕگـر, ئـامێری دروسـتکراو بـۆ تێکـدان وڕووخانـدن لەڕێگـەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بەئامێری لەدوور ئاراستەکراو, یان مینرێژکردنی ماشێن, یان هەر شـێوازێکی دی, چانـدنی بۆمبی خاپوورکار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوورکار, یان نامەی مینـرێژکراو, مادە, یـان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, بە مەبەستی تۆقاندن, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

4-ڕفانـدن, دەسـتگیرکردن, دەستبەسـەرکردنیان بێبەشـکردنی کەسـێك لـە ئـازادی, بەهەرشـێوازێك بێـت, بۆقاچـاندنەوە (ابتزاز) ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی.

5-بـە بارمتـەگرتنی کەسـێك, یـان کەسـانێك بـۆ کـارتێکردن لـە دامودەزگاکـانی هـەرێم, یـان لـەو دەسـتەو رێکخـراوە نێودەولەتییانەی لە هەرێمـدا کاردەکـەن بۆبەدەسـتهێنانی هـەر جـۆرە سوودێك یـان کـەڵکێك, یـان بـۆ ناچـارکردنیان بـۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لەترس وتۆقین.

6-کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵـەتی دەیانگرێتـەوە, یـان کوشـتنی کارمەنـدانی فەرمانگـە ودەسـتە دەبلۆماسـی وکۆنسۆلگەری ودامەزراوە وکۆمپانیـای بیـانی ورێکخـراوە نێودەوەلەتییـە حکوومی و ناحکومییـەکان, یـان ئەوکەسـانەی

لەگەڵیاندا کاردەکەن و, تاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت و, سزاکەی دەبێتە زیندانی هەتا هەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوە.

7-چوونە ناو هەر رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند ( عصابە)، بنکە, یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, یان ئەگەر تاوانکارمەشقی سەربازی, یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

8-هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتیکی بیانی, یان هەر رێکخراو, کۆمەڵە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات, یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون ئەنجام بدات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة( الثانية):**

**تعد الافعال الاتية جرائم ارهابية ويعاقب عليها بالاعدام:**

1- تأسيس أو تنظيم أو إدارة منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة أو تولي زعامتها أو قيادتها بهدف ارتكاب إحدى الالجرائم إرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.

2-الاغتيال لبواعث سياسية أو عقائدية أو تكفيرية.

3-استخدام بدوافع ارهابية مواد مفرقعة او متفجرة أو حارقة أو سريعة الاشتعال أو أجهزة مصممة للتخريب والهدم عن طريق التفجير مباشرة أو بواسطة أجهزة التحكم عن بعد أو تفخيخ آليات أو باية وسيلة اخرى, او زرع العبوات الناسفة أو إستخدام الأسلحة الحربية بأنواعها المختلفة أو استعمال أحزمة ناسفة أو رسائل ملغومة او مواد أو غازات سامة أو جرثومية أو مشعة إذا أدى الفعل إلى موت إنسان او اكثر.

4-احتجاز شخص أو مجموعة من الأشخاص كرهائن بقصد التأثير على سلطات الاقليم أو الهيئات والمنظمات الوطنية الحكومية منها وغير الحكومية و الدولية العاملة في الاقليم بغية الحصول على منفعة أو مزية من أي نوع كان أو الاجبار للقيام بعمل او امتناع عن عمل معين او خلق حالة من الرعب والفزع.

5- قتل الاشخاص المشمولين بالحماية الدولية او منتسبي الدوائر والهيئات الدبلوماسية والقنصلية والمؤسسات والشركات اجنبية والمنظمات الدولية الحكومية منها وغير الحكومية او الاشخاص العاملين معها بدافع ارهابي وتكون العقوبة السجن المؤبد عند الاعتداء على احدهم اذا لم يؤدي الى الموت.

6-الانضمام الى اية منظمة او جمعية او هيئة او عصابة او مركز او جماعة تمارس الارهاب اذا كان الجاني من منتسبي الامن الداخلي او حرس الاقليم (البيشمەرگە), او اذا كان قد تلقى تدريبات عسكرية او امنية لدى اي منها.

7- التعاون مع دولة اجنبية او اية منظمة او جمعية او هيئة او عصابة او مركز او جماعة من خارج الاقليم او العمل لمصلحة اي منها للقيام باية جريمة من الجرائم إرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی تۆ لە عەرەبییەکە دوو خاڵت نەخوێندۆتەوە بۆ؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خطف شخص ئەوە نەقل کرا بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

استيلاء الطائرات لابرا بوو, بەڵام خطف مابوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر خطف شخص لابرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلآم لە کوردییەکە مابوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا کاکە بە هەڵە خوێندیتیەوە.

مامۆستا کاکە کە بە کوردی خوێندییەوە, خاڵەك کە لابرایەتەوە بۆ ماددەی دوو, دووبارە تکراری کردەوە, ئێستا ماددەی دووەم لە مەشروعی قانونی ئیرهاب بووە حەوت خاڵ, لە جیاتی حەوت بڕگە, بوو بە هەشت بڕگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سۆزان خان نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ دەنگمان لەسەر ئەوەدا, لەو خاڵەی کە ئێستا بوو بە شەشەم(الانضمام الى اية منظمة), کەلیمەی الجانی تاوانکار لابرێت, دەنگیشمان لەسەر دا, ئێستا کە خوێندتەوە کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جانی یەکەم ماوە, بەلآم جانی دووەم نەماوە نەمخوێندۆتەوە, با جارێکی تر بۆتان بخوێنمەوە(الانضمام الى اية منظمة او جمعية او هيئة او عصابة او مركز او جماعة تمارس الارهاب اذا كان الجاني من منتسبي الامن الداخلي او حرس الاقليم (الپيشمەرگە), او اذا كان قد تلقى تدريبات عسكرية او امنية لدى اي منها), ئەوە ئاخیر صیغەیە کە تەسبیت کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەی دووەم لادرایە, فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی چوارەم وشەیەکی تیایە بۆقاچاندنەوە, ئێمە دوێنێ وتمان نەناسراوە, ئەگەر بکرێت بگۆڕێت بە بەدەستهێنان باشترە, سوپاس.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەجیاتی ئەو زاراوەی قاچاندنەوە, ئێمە زەفتمان هەیە, ئەڵێ شتەکەی لێ زەفت کردم, یەعنی وەرگرتن بە زۆر.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوت لێرە, پێم وایە برادەران باشی لێدەزانن, هەم پرسیاریش دەکەم, ئیجرای ئەمنی داخیلی و خارجی نییە, لە عقوباتی عێراقی سزای بۆ دانەنراوە, پێویست ناکات دووبارە ببێتەوە, لە خاڵی حەوتەم ماددەی یەك ناچێتە قاڵبی ئەمنی داخیلی و خارجی عقوباتی عێراقی, پێویست دەکات لێرە دووبارە بێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی حەوتەمی نوێ(التعاون مع دولة اجنبية او اية منظمة او جمعية او هيئة او عصابة او مركز او جماعة من خارج الاقليم او العمل لمصلحة اي منها للقيام باية جريمة من الجرائم إرهابية المنصوص عليها في هذا القانون), خارج اقلیمە, باسی دەرەوەی هەرێم دەکات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, دوێنێ موناقەشەی ئەمە تەواو بوو تكایە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لێرە لەم ماددە كۆمەڵێك خاڵ چووە ماددەكانی پێشوو تر, ئینجا بەنیسبەت ماددەكانی تریشەوە, رەنگە خاڵ هەبێت بێتە ئەو ماددە یەك و دووە, ئەگەر ئێستا ئێمە دەنگی لەسەر بدەین, نابێتە رێگر بۆ خاڵانی تر بێتە سەر ئەو ماددە, ئەوەیە پرسیارەكەی من؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوایی بڕیاری لێدەدەین, ئێستا نوقتەی نیزام فەقەت, لوغەوی, ئێستا موقتەرەحێك هەیە, دوایی بۆتان دەخوێنمەوە, لیژنەیەك دادەنێین, بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانی ئەو شتانە, چارەسەری دەكەین, چ خەلەلێكی لوغەوی هەبێت, قانونەكە پێش ئەوەی چاپی بكەین, چاكی دەكەین, فەرموو, كاك خچر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ تەواوكردنی ئەو قسەی جەنابت, وەك سەرنجێك بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزەی كە هیمەت دەكێشێت, لە عەرەبی ئەیكاتە كوردی, ئێمە دەرگەی ئەوەی ناكەینەوە بۆچی كرمانجی خواروەوە, نەخێر, بەڵام تكامان سەرنجێكە ئەگەر وشەیەك دەڤاودەق لە كرمانجی خواروو نەبوو, لە لەهجەیەكی تری زمانی كوردیدا هەبوو, بۆ وشەیەكی وا دەهێنین كە نەگونجێ, بۆ نموونە ئەوە ئێستا باسی قاچاندن كرا, راستی پێم سەیرە قاچاندن, لە كرمانجی سەروودا قورچاندن هەیە, ئەوە یەك, دووەم (الرعب والفزع), رعب تەرجوومەكرایە بە ترس, ترس خوفە, الرعب والفزع لە كرمانجی ئێمەدا تۆقین و بزداندن, ئەوان كردوویانە بە ترس, ترس خوفە, ترس كەمترە لە فەزع, لەمەودوا ئەگەر لە زاراوەی كرمانجی خوارووا نەبێت, با پەنام ببنە بەر زاراوەی تری كوردی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەم هەیە, یەكەم ئیقتیراحێك هەیە, كە لیژنەیەك دابنێین بۆ زمانەوانی, ئەو لیژنە دوایی دادەنێین, پێش ئەوەی ئەو یاسایە چاپ بكرێت و ئیمزا بكرێت, نوقتە نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا لە بەڕێزتان دەكەین, تەنها بە كوردی بخوێندرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەنها ناكرێت بەس بەزمانی كوردی بخوێندرێتەوە, كە ئیختیلافمان هەبێت لەسەر وشەیەك, مەسەلەن ئیبتیزازەكە, قاچاندنە یان قرچاندنە, یان هەر كامەیان بێت.

تۆش نوقتەی نیزامت هەیە, نوقتەی نیزامی فەقەت, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم موشكیلا مە رەئیسی وەكو ئەم زمان كە چاك بنوسی یان نا, ئەز داخازیت دكەم, عەرەبی بێتە خوێندن, چونكە مە بڤێت یان نەڤێتن, زمان كوردی زمانێكی ئەدەبی راستە, دروستە, بەس زمانێكی نەقانونی, یەعنی قانونی ئیلتماسی تێدا هەیە, مە بڤێت یان نەڤێت مە عەرەبی ئیعتمادی لەسەر دكەین, هەتا لیژنە قانونی ئیعتیماد لەسەر زمانی عەرەبی دەكات, پاشان تەرجومەی دەكاتەوە, ئێمە لە كۆری ئەدەبی دانینە هەتا بێژین بە كوردی بخوێنین یان بە عەرەبی, ئەمە مەسەلەیەكی قانونییە, مە وشەی قانونیمان نییە, زمانی ئەدەبیمان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خوی بە هەردوو زمان دەخوێندرێتەوە, بۆ یاسا زەرووڕەتە, بۆ ئێمەش باشترە کە بە هەردوو زمان بخوێندرێتەوە, عەرەبییەکە موشکیلەی تێدا نەبوو, بەلأم کوردیەکە هەندێ موشکیلەی تێکەوت, ئێستا بەس بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان, ئەو دوو خاڵە مەخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن وسزایان لەناو بردنە(الاعدام):

1- دامەزراندن, ڕێکخستن, یان بەڕێوەبردنی ڕێکخراو,کۆمەڵە, دەستە, باند,بنکە, یان کۆمەڵێك, بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

2-تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی,ئایدیۆلۆجی, یان بەکافردانان.

3-بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان ورووخاندن لەڕێگەی تەقاندنەوەی ڕاستەوخۆ, یان بەئامێری لەدوور ئاراستەکراو, یان مینڕێژکردنی ماشێن, یان هەر شێوازێکی دی, چاندنی بۆمبی خاپوورکار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوورکار, یان نامەی مینڕێژکراو, مادە, یان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, بە مەبەستی تۆقاندن, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

4-بە بارمتەگرتنی کەسێك, یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لە دامودەزگاکانی هەرێم, یان لەو دەستەو ڕێکخراوە نێودەولەتەییانەی لە هەرێمدا کاردەکەن بۆبەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك یان کەڵکێك, یان بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لەترس وتۆقین.

5-کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە, یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە ودەستە دیبلۆماسی وکۆنسوڵگەری ودامەزراوە وکۆمپانیای بیانی وڕێکخراوە نێودەولەتییە حکومی و ناحکومییەکان, یان ئەوکەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن و, تاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت و, سزاکەی دەبێتە زیندانی هەتا هەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوە.

6-چوونە ناو هەر ڕێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند ( عصابە)، بنکە, یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هیزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, یان ئەگەر تاوانکارمەشقی سەربازی, یان هەوالگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

7-هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتیکی بیانی, یان هەر ڕێکخراو, کۆمەڵە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات, یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراوون ئەنجام بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەگەر هەر نوقتەیەکی نیزامی هەبوو لەبارەی زمانەوانی, ئەوە وەکو پێم ڕاگەیاندن لیژنەیەکی زمانەوانی هەیە پێیدادەچێتەوە, ماددەکە دەخەمە دەنگدان, پاش خوێندنەوەی ئەخیری, کێ لەگەڵ ماددەکەیە با دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆر و تۆقاندن دادەنرێن و سزاکەی بەندکردنی هەتا هەتایە:

1- تێکدان یان ڕووخاندن یان لەکەلك خستن یان زیان پێگەیاندنی بە ئەنقەست بە تەواوی یان بە بەشێك لە تەلار و دامەزراوو سامانی گشتی, یان ئەوانەی تەرخان کراون بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندییە حکومییەکان, یان دەزگا گشتیەکان و بارەگای ئەو حزب یان ئەو کۆمەلأنەی بە یاسا ناسراوون, یان یەکێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان, یان هەر شتێکی

دیكه له دامەزراوه پیشەسازییەكانی هەرێم, ئێستگەی وزەی كارەبایی و, ئاوی, پرد, بەنداو, ئاوەڕۆی گشتی, هۆیەكانی گەیاندن و دامەزراوەكانی ئەو شوێنانەی ئاماده كراوون بۆ كۆبوونەوە گشتیەكان و شوێنەكانی خواپەرستی, شوێنەكانی ئامادەكراو بۆ هاموشۆی جەماوەر یان هەر سامانێك گرنگی هەبێت له ئابووری نیشتمانیی, به مەبەستی شێواندنی ئاسایش و ئارامی له هەرێمدا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تعد الافعال الاتية جرائم إرهابية ويعاقب عليها بالسجن مؤبد:

1- تخريب او هدم او اتلاف او احداث ضرر كلي او جزئي عمداً بالمباني والمؤسسات والاملاك العامة او المخصصة للدوائر والمباني الحكومية او المرافق العامة و مقرات الاحزاب او الجمعيات المعتبرة قانوناً او احدى منشأت النفط او غيرها من منشأت الاقليم او محطات الطاقة الكهربائية والمائية او الجسور او السدود او مجاري المياه العامة او وسائل المواصلات و منشأتها او الاماكن المعدة للاجتماعات العامة او اماكن العبادة او الاماكن المعدة لارتياد الجمهور او اي مال له اهمية في الاقتصاد الوطني بدافع إرهابي لزعزعة الامن والاستقرار في الاقليم.

2-تعطيل سبل إنظمة الحاسوب واختراق شبكاتها او التشويش عليها او ادخال معلومات او بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الجرائم إرهابية.

3-تسهيل دخول او خروج إرهابيين وتوفير المأوى لهم او إخفائهم او التستر عليهم او مساعدتهم بتزويدهم بالاخبار والمعلومات التي تستعمل في التخطيط او الشروع لتنفيذ الجريمة إرهابية مع علمه بذلك.

4- تقديم او جمع او نقل او تحويل الاموال بطريق مباشر او غير مباشر داخل الاقليم او خارجه, بقصد استخدامها او علمه باستخدامها في تمويل اي جريمة إرهابية.

5- إثارة النعرات الطائفية او العنصرية بين أبناء الاقليم او تصريح المواطنين او حملهم على التسلح بعضهم ضد البعض الاخر, وتكون عقوبة الاعدام اذا ادى ذلك الى حالة من الاقتتال الداخلي.

6-تدريب شخص او اكثر على إستعمال الاسلحة او وسائل الاتصال او تعليم الفنون الحربية او الاساليب القتالية بقصد اعداده لتنفيذ جريمة إرهابية.

7-الاستيلاء على الطائرات المدنية وتكون العقوبة الاعدام اذا ادى الفعل الى موت إنسان.

ترى لجنة القانون حذف كلمة عمداً من الفقرة الواحدة منها واضافة كلمة او الخاصة الى مابعد الاملاك العامة الواردة فيها لتقرأ كالاتي:

تخريب او هدم او اتلاف او احداث ضرر كلي او جزئي بالمباني والمؤسسات والاملاك العامة والخاصة او المخصصة للدوائر والمصالح الحكومية او المرافق العامة ومقرات الاحزاب او الجمعيات المعتبرة قانوناً او احدى منشأت النفط او غيرها من منشأة الاقليم و محطات الطاقة الكهربائية او الجسور او السدود او مجاري المياه العامة او وسائل المواصلات ومنشأتها والاماكن المعدة للاجتماعات العامة او اماكن العبادة او الاماكن المعدة لارتياد الجمهور او اي مال له اهمية في الاقتصاد الوطني بدافع إرهابي لزعزعة الامن والاستقرار في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەقەرەیەك ماوه تەبعەن, له عەرەبیەكەی كه دەڵێت (خطف شخص او القبض عليه او حجزه او حرمانه من الحرية بأي وسيلة كانت بأبتزاز مالي او لاغراض سياسية), ماددەی پێشتر دێته ئەو فەقەرەیە, كوردییەكە ماددە بە ماددە رادەوستین, چونكە موناقەشەی دەكەین, بۆیە موفاتەعەم نەكردو, دەمزانی, لەبەر ئەوەی عەرەبییەكەی بە یەكجار خوێندەوه باشتر, ئێستا دێینە سەر مولاحەزەی لیژنەی قانونی لەسەر فەقەرە فەقەرە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێیەم: تێبینیەكان سەبارەت بەمادەی سێیەمی پرۆژەكە:-

1-ليژنه بـه پەسـەندی دەزانێت وشـەی (بەئەنقەسـت) لـه بڕگـه(1) لابربدرێـت و وشـەی(یـان تایبـەت) لـەدوای (سـامانه گشتیەکان) دابندرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

تێکدان, ڕووخاندن, لەکەلك خستن, یان زیانپێگەیاندنی تەواو, یان هەندێك بە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, تایبـەت, یان تەرخانکراو بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندیە حکومیەکان, یان دەزگا گشتیەکان وبارەگای ئـەو پـارت وکۆمەڵانـەی بەیاسا ناسراون, یان یەکێك لە دامەزراوە نەوتیەکان یان هـەر شـتێکی دیکـە لـە دامـەزراوەکانی هـەرێم , ئیستگەی وزەی کارەبا وئاو, یان پرد, بەنداو, بۆریەکانی ئاوی گشتی, هۆیەکانی گەیاندن ودامەزراوەکانی, شوێنەکانی تەرخانکراو بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان, شوێنەکانی خواپەرستی, شوێنی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, یان هەر سامانێکی دیکـە، کـە گـرنگ بێـت بۆ ئابووری نیشتمانیی, بەپاڵنەرێکی تیرۆریستی بۆ لەقکردنی ئاسایش وسەقامگیری لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزاتی لیژنەی قانونی دەقیقن, ئەگەر هەرکەسێك بیەوێت قسە بکات, با ئاگادار بێـت کـە ئـەو تەعیدلاتـەی لەسـەر داواکاری لیژنەی قانونی هاتووە.

**بەڕێز د. دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم لە عەرەبیەکە بدافع ارهابی لەدوا(الاقتصاد الوطني)هاتووە, ئـەوەیان پـێم وایـە زەروری تـرین, یـان بـا بڵێین کەلیمەیـەك لـەو بڕگەیـە, ئەگـەر ئـەوەی تێـدا نـەبێت, هـەموو ئـەو ڕووداوانـەی لـە کوردسـتان دەکـرێن ئەبێتـە حەڵەتێکی یەك.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بەرەئی من زۆر مەترسی تێدا هەیە, ڕەنگە تەحەمولی تەئسیری موتـەباین بکـاتن, تەجروبـەی دیموکراسـی ئێمـە تازەیـە, ئـەو هەنـدە تەنسـیق نەبووینـە, زۆر فـەعلی جـەماوەری دروسـت دەبـن, هەنـدەك زەرەری جـوزئی بـە دامودەزگای دەولەت دەکەوێت, یان دەبنە سەبەبی زەعزە و ئیستقرار لە هەرێمدا وەکو زۆر حاڵـەت کـە ڕوویـداوە, لەبـەر ئەوە پێشنیار دەکەم زەوابتـەك هـەبێت لێـرە بـۆ ئـەوەی تەئیسـیری موتـەباین نـەبێت, یـان لـە ئـاخیری ماددەکـە شـتێك هەبێت بڵێت ئەگەر ئەو بڕیارە لە زومنی سیاقی ماددەی یەکەمـدا هاتنـە ئەنجامـدان, چـونکە مـاددەی یەکـەم لەسـیاقی ئەوەدا شەرحی تەعریف اعمالی ئیرهابی دەکاتن, مومکینە ئەگەر شتێکی وا نەبێتن تەئسیری ئـەو مـاددە هـەبێت لەسـەر هەر کارێك ببێتە تێکدان و سوتاندن و ئەو شتانە دروست ببێت, لە مەحاکم, بۆ ئـەوەی ئـەو مـاددە لەسـەر ئـەو حاڵەتـە تەتبیق نەبێت, بچێتە حاڵەتی قەوانینی ئیعتیادی عقوبات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئێوە جەوابتان هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ماددەکە زۆر بە ڕێکوپێکی دارێژتراوە, موعالەجەی هەموو حاڵەتەکانمان کردووە, هیچ تەفسیرێکی بـۆ ناکرێـت, دافیع ارهابی تێدایە, ئەگەر دافیع ئیرهابی تێدا نەبێت, مانای وایە جەریمەکی عادیە و هیچ مـەشمول نابێـت بـە قـانونی ئیرهاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگـەر ئیجـازە بـدەن, منـیش جوابـت بدەمـەوە, هـەمووی ئـەعمالی ئیرهابییـە, بـەلآم ئـەو فەقەراتانـە عقوبەتـەکانیان جیاوازە, هەمووی لە زومنی ئەعمالی ئیرهابی حیساب دەکرێتن, هەندێکی بە ئیعدامە هەندێکی هەتاهەتایە, هەندێکیش لەوانەیە موخەفیف تر بێتن.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری قسەكانی كاك دیلمان دەكەم, ئەو ماددەیە قابیلی تەئویل كردنە, بەتایبەتی لە كۆتایی ماددەكە دەڵێت بدافع ارهابی لزعزعه الامن والاستقرار, یەعنی دافع ئیرهابیەكەی حەصر كردیە بە زعزعه الامن والاستقرار, واتە ئەگەر بێت و موزاهەرەك بكرێت, هەندێك گەنج موزاهەرە بكەن و, هەندێك ئەموالی دەوڵەت تێك بدەن, بۆ تێكدانی ئەمن و ئیستقرار, بێ ئەوەی دافیعی ئیرهابیان هەبێت, بە ئیرهابی دادەنرێن, بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە بدافع ئیرهابی یەك حەرف بۆ زیاد بكەن ولزعزعە الامن والاستقرار, بەس یەك حەرف هەبێت, ئەوە یەك, دوو, پێم وایە لەو دێڕەی كەدەڵێت (الاملاك العامة والخاصة او المخصصة للدوائر والمصالح الحكومية والمرافق العامة), پێم وایە (المخصصة للدوائر والمصالح الحكومية) زیادە لەبەر ئەوەی دەوائیر زیمنی المرافق العامه والاملاك العامەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو (المخصصة للدوائر والمباني الحكومية) كە كاك سەردار ئیشارەتی پێدا, مەبەستمان ئەوەیە ئێستا دەوائیری حكومی زۆر خانی هاووڵاتیان بەكرێ دەگرن, غایەمان ئەوەیە حیمایەی ئەو شوێنانەش بكەین, مەقەراتی حیزبە بەكرێ گیراوە, خانووە بۆ مونەزەمات بەكرێ گیراوە, مەبەستمان لەو(المخصصة للدوائر والمباني الحكومية), حیمایەی ئەوانە بكرێ.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە بەس تەعقیبێكم هەیە, لێرەدا الاموال الخاصه, ئەگەر بێت و ئیرهابی بێكی بدەن, لدافع ارهابی لزعزعە الامن والاستقرار, ناكاتە ئیرهاب, كەچی پێویستە ئەویش زومنی بێتن, بێ ئەوەی تەنها موخصەصە بێت بۆ دەوائیری دەولە, دووبارەی ئەوەش دەكەمەوە ئەو حەرفە زیاد بكرێ, دافع ارهابی وزعزعه الامن والاستقرار, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە واریدە دەتوانرێ موعالەجەی ئەوە بكرێت, ولزعزعه الامن, ئەوە دەكرێ.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانم تەقریبەن كاك دیلمان و كاك سردار كردیان, بەڵام من حەز دەكەم هەندێ وازیح تر بێت, چونكە ئەو مەسەلەیە لەوانەیە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات, دەكەوێتە سەر ئارەزووی حاكمەكە, ئێمە تەجرووبەكی زیندوومان هەیە, دەیان ساڵە, موزاهەرات دەكرێت, هی قوتابیان, كرێكاران, مونەزەماتی تر, ئەحزاب, موزاهەرات دەكرێت, بە دافیع سیاسی نەك, ئیرهابی, نەتیجەی ئەو موزاهەراتانە, لەوانەیە دەربچێت ئەو شتانەی لەناو ئەو ماددەدا نووسراوە بكرێتن, سوتاندنە, تەخریبە, هەتا لەوانەیە لەگەڵ شورتە تووشی ئیصتدام و كوشتنی لێ پەیدا بێت, بەرەئی من شتێكی وا نیشان بدرێ, هەرچەندە من لە قانون نازانم, بەڵام لەوانەیە شتێكی وا نیشان بدرێ كە ئارەزووی حاكمی تێدا نەبێتن, تەحدید بكرێت كە ئەم مەسائیلانە تۆزێك لێك جوودا بكرێتەوە, چونكە خەتەرێكی گەورەیە, ئەوە چۆن دەبێت بۆ نموونە سبەی موزاهەرەتێك كرا, كۆمەڵێك تەڵەبە كردیان, كۆمەڵێك خەڵك كوژرا, كۆمەڵێك شت سوتێنرا, موئەسەساتی حكومەت سووتا, ئایا ئەوە ئیرهابە, ئەگەر ئیرهاب نەبێت, ئەی چییە؟

لەبەر ئەوەی من پێم وایە برادەرانی لیژنەی قانونی یان ئەوانەی لەم كارە دەزانن شتێكی لێك جیا بكرێتەوە, تێكەڵاو نەكرێت, من بە تێكەڵاوی دەزانم, چونكە دەكەوێتە سەر رەغبەتی حاكم, كە بكەوێتە سەر رەغبەتی حاكم شتی ئیرهابیش نەبێت دەیكاتە ئیرهابی و, ئیرهابی بێ نایكاتە ئیرهابی, لەبەر ئەوە من رەئیم وایە زیاتر تەوزیح بكرێت, با تووشی غەڵەت نەبین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە ماددەكمان دانا بۆ تەعریفی فعلی ئیرهابی, مانای وایە مەحكەمە موقەیدە بەو ماددەیە, ئەگەر ئیزافەشی لێكرا بەتایبەتی مەعاریف سیاسیە ئایدۆلۆجییە, مانای وایە مەحكەمە كە تەتبیقی قانون دەكات, مراجەعەتی ئەوەلەن تەعریفی فعلەكەی ئیرهاب دەكات, دوایی فەقەرە فەقەرە ماددەكانی تەتبیق دەكات, ئەگەر مەشمول نەبێت بە فعلی ئیرهابی, مانای وایە جەریمەكە ئیرهابی نییە, ئەو فەقەرە تەتبیق نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن, منیش هەندێك رەئی خۆم بڵێم لەسەر ئەو ماددەیە, ئەگەر بە موجەرەدی وەربگرین, ئەو مەترسییانەی كە دەڵێن هەمووی جێی خۆیەتی, بەلام لە هەموو دنیادا هەر قانونێك تەقدرێك بۆ مەحكەمە بەجێ دەهێڵێت, مەحكەمە بۆ مەحكەمە, حاكم بۆ حاكم, بۆ ئەوەی پاشی ئەوەی كە قەرائینەكان كۆ دەكاتەوە, قانون لەبەردەمە واقیعێك روودەدات, شاهێدی هەیە, بەڵگەی هەیە, شتێك تەقدیر دەكات, ئەگەر تەقدیرەكەی غەڵەت بوو, ئەو كاتی خەڵكی تر هەیە, بەدوای تەقدیرەكە دابچن, پەرلەمان و لیژانی پەرلەمان ئیشیان چییە؟ ئەگەرحاكمێك ئەو قانونەی بە هەڵە تەتبیق كرد, ئێمە بۆمان هەیە ئیعتیزاز بگرین, مەحكەمەی تەمییز بۆیان هەیە ئیعتیراز بگرن, ئیدیعای عام بۆی هەیە, ئیعتیراز بگریت, موجتەمەعی مەدەنی و میدیاكان بۆیان هەیە ئیعتیزار بگرن, لەبەر ئەوە جێبەجێ كردنی ئەو یاسایە خۆ بەكەیفی كەسێك نییە, بڵێ ئەو قانونە هەیە, برۆ فلان و فلان ئیعدام و موئەبەد بكە, لەبەر ئەوە مەسەلەكە مەسئولیەتێكی فراوانە, ئەوە دەسەڵاتێك نییە, بیدەینە حاكمێك بە فەردی بێ قەرائین و بێ ئیدعای عام, بێ مەترسی لە قەراری نەقزی مەحكەمەی تەمییز, لەبەرچاو نەگرتنی موئەسەساتی موجتەمەعی مەدەنی و مافی مرۆڤ, قەراری خۆی بدات, ئەمانە و ئێمە لەپێش هەموویانەوە پەرلەمان, هەمووومان چاودێری جێبەجێ كردنی ئەو یاسایە دەكەین, لەبەر ئەوەی ئەو مەترسییانە لە حاڵەتێك هەیە, كە حكومەتەكە حكومەتێكی دیكتاتۆر بێت, حكومەتێك ئازادی تێدا نەبێت, پەرلەمان نەتوانێت مەحكەمەی كەس بكاتن, مەحكەمەی تەمییز ئازاد نەبێت, حاكم ئازاد نەبێت, بەلام لە موجتەمەعەدا, ئێمە بەرەو كۆمەڵگای مەدەنی دەڕۆین, مەحكەمە قودسیەتی خۆی هەیە, دەسەلاتی خۆی هەیە, مەسئولیەتی گەورەی خۆی هەیە لەوەی كە جێبەجێی ئەوە بكاتن, بۆیە من پێم وا نییە ئەو مەترسییانە زۆر كۆسپ بن لەبەردەم ئەوەوە, بەلام واوێك نوقسانە یان واوێك زیاد بكرێت, ئەوە دەمێنێتەوە سەر زمانەوانی, بەڕاستی تا ئێستا من نەگەیشتوومە سەر قەناعەتێك كە ئەو واوە پێویستە یان نا, ئەگەر پێویست بێت, ئێمە دادیدەنێین, بەڕێز گوڵناز خان, فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جیاوازییەكی زۆر هەیە, لەبەینی كوردییەكە و عەرەبیەكە, بۆ نموونە لە ماددەی دووەمی عەرەبییەكە لە خاڵی پێنجەم و....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, هێشتا ئێمە لە ماددەی یەكەمین, عەفووم دەكەی, كەی گەیشتینە خاڵی دووەم ئەو كاتی, ئێمە ئێستا موناقەشەی خاڵی یەكەم دەكەین, كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەم مەوزوعە یان ئەو ماددەیە تۆزێك نارێكە, چونكە ئەگەر ئەو عمداً) لابەرین, لە شوێنان ئەگەر یەكێك سەیارەك لێبخوری خۆی بدا بە مزگەوتێكدا یان خۆی بدات بە عامودێكدا, ئەمە تەبیعی ئەگەر عمد نەبێت, یان هەڵەیە یان سودفەیە, لەسەر هەڵەو سودفە خەڵك حوكمی زۆر نادرێ, عادەتەن لە شوێنان هەر ناشگیرێ, لەبەر ئەوە هەندێك شتی تێدا هەیە, ئەگەر بچی خۆت بدەیت بە بۆرییە نەوتێك, تەبیعی ئەمە ناتوانیت بڵێت, ئەمە سودفەیە,

چونكە ئەمە تەفريبەن خۆی لە خۆيدا عەمدی تێدايە, لەبەر ئەمە ئەم شتانە ئەگەر جيابكرێتەوە و, ئەگەر جياش نەكرێتەوە, ئەم كەليمەی عمدەنە بمێنێ, ئەگەر نەمێنێ, بۆ نموونە من ئەگەر لێخورم قسە لەگەڵ خێزانەكەم دەكەم خۆم دا بە عامودێكی كارەبا, مانای ئەوە نييە, من دەبێت ئيعدام بكرێم, لەبەر ئەوە ئەم نوقتەيە حەز دەكەم ئەگەر بە پەسەندی بزانن, پياچوونەوەيەك بكرێ, ئەو ماددانەی لێ جيا بكرێتەوە كە شتێكی مەعموليیە, خەڵك بەسەيارە خۆی دەدات لە مزگەوت يان خۆی دەدات لە مەكتەب يان لە دائيرەی حكومەت, نابێت ئيعدام بكرێت, يان سی ساڵ حوكم بكرێت, يان حوكمی ئەبەدی بكرێت لەسەر ئەوە, لێرە ناڵێت تەفينەوە, دەڵێت زەرەر بگەيەنێ, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

زۆر سوپاس, ليژنەی قانونی فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لە ماددەكە ئيشارەتی پێدراوە كە (بدافع ارهابی و لزعزعە الامن والاستقرار), ليژنە ئەو عمدەنەی بە زيادی دەزانی, لەبەر ئەوە ئەو جوملەيە (بدافع ارهابی ولزعزعە الامن والاستقرار), تەكميلەی دەكاتەوە, خۆ نيوەی جوملەكە ناهينينەوە و نيوەی بەجێ بهێڵين, جوملەكە بە تێكڕايی دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

سوپاس, بۆ ليژنەی قانونی, منيش ئيزافەيان بۆ دەكەم, فيعلەن مادام وتت ئيرهابييە, عمدەن نابێت بڵێی, جەريمەيەكی ئيعتيادی دەبيت بڵێ عمدا, بەڵام تۆ موعالەجەی فعلەكی ئيرهابی دەكەی, فعل ئيرهابی موسبەقەن, قەصدەكی عەمدەنی هەيە, پێويست ناكات بينووسی بۆ ئەوەی فەرقی بكەينەوە لەگەڵ جەرائيمی تر, عمدەنەكە بيزات دەبێت لێرە نەنووسرێتن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لەو خاڵەدا موناقەشەی زۆر نەكرێت, وەك برايان وتيان پێدەچێت لە رووخاندنی ديوارێكدا, لە رێ پێوانێكی هێمنانەی كاسبكاران, يان فوتابيان, ديوارێك دەرووخێ, ئەوە تەفسير بكرێت بە حاڵەتێكی ئيرهابی و خۆی ئينفيعالێكی شەخصی بووە, ئەو شتەی كردووە, با جيا بكرێتەوە....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

عەفووم دەكەی, ئەوە نوقتەی نيزام نييە و, ناويشت نووسراوە دەتوانی پاشان قسە بكەی, فەرموو كاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە دوو ئيزافەم هەيە, لەدێری چوار ئەڵێ گشت بارەگای ئەو حزب و كۆمەڵانەی كە بە ياسا ناسراوون, بەڵام لە هەولێر حزب هەيە, هێشتا بە ياسا نەناسراوە, ئەوانە خۆ بەرەڵا ناكرێن, ئەوە هەيە, ئەو حزبانەش دەبێت حيسابێكيان بۆ بكرێت, لە دێری هەشت دەڵێت گشت شوێنەكانی خواپەرستی, من داوا دەكەم, شوێنەوارە مێژووييەكانيش ئيزافە بكرێت, چونكە شوێنی مێژوويشمان هەيە, زۆر گرنگە ئيزافە بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی يەكەم سێ تێبينيم هەيە, لەسەر كوردييەكەی, منيش پێم وايە كوردييەكەی بكرێتە ئەساس, عەرەبييەكە دوايێ لەگەڵ كوردييەكە هەموار بكرێت باشترە, بەنيسبەت دێری چوارەمەوە بارەگای ئەو حزبە, يان ئەو كۆمەڵانەی بە ياسا ناسراوون, من پێم باشترە بووترێت بارەگای ئەو پارت و رێكخراو و ئەو كۆمەڵانەی بە پێی ياسا مۆڵەت دراون, ياسا ناسراون جيايە و, مۆڵەت دراون جيايە, چونكە جەمعيات پێويستی بە قانون نييە, وەزارەتی ناوخۆ رێگای پێداوە, بەڵام رێگەپێدانەكەی دەبێتە رێگەيەكی ياسايی, لەبەر ئەوە باشترە مۆڵەت پێدراون, من وام پێ باشترە,

وشەی حزبیش هەرچەندە دەبێتە وشەیەکی کوردی, بەڵام ئەگەر بیکەنە پارت و رێکخراو, چونکە مونەزەماتیش هەیە, نەك هەر تەنها جەمعیات, مونەزەمات و جەمعیات, پارت و رێکخراو و ئەو کۆمەڵانەی بەپێی یاسا مۆڵەت دراون, یەعنی رێگەیان پێدراوە و مۆڵەتێکی رەسمییان وەرگرتووە, ئەمە یەك, دوو بەنیسبەت لەدوای وشەی ئاوەڕۆی گشتی بکرێت بە ئامرازو هۆیەکانی گەیاندن, کوردییەکەی ئامرازو هۆیەکانی گەیاندن, تەنها هۆ نەبێت ئامرازو هۆیەکانی گەیاندن, بەنیسبەت تێبینی سێیەمم, نووسراوە شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, بەڕاستی لە کوردییدا ببورن شتی وا مەعلوم نییە, مەبەست چییە؟ من پێم وایە مەبەستی ئەوەیە شوێنە گشتیەکانی تایبەت بە گەشتیاری و, سەیران و کات بەسەر بردنی جەماوەر, یەعنی هەم سەیرانە و, هەم گەشتیارییە و, هەم تایبەتە, جا لەبەر ئەوە شوێنە گشتیەکانی تایبەت بە گەشتیاری و سەیران و کات بەسەر بردنی جەماوەر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, کاك عبدالرحمن, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو بڕگەیەوە, لەبەر ئەوەی باری ئێستا دەتوانین بڵێین باری ئێستا بارێکی نائاساییمان هەیە, دادگایەکی باڵا و سەربەخۆ نییە, ئینجا برایانیش ئاماژەیان کرد, کە تەفسیری جیاجیای بۆ دەکرێت, ئەو کردارانە ئەنقەستی هەیە, سەرلێشوان هەیە, هەڵەی هەیە, با بڵێین (عمد و شبه عمد و خطأ), پێدەچێت مەسەلەن وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد, رێپێوانێك مەسەلەن, هەندێك کاسبکاری یان هەندێك خوێندکار, ئینفعالێکی شەخصی یان موشکیلەیەکی شەخصی پاڵ بە دیوارێك دەنێن, یان قتعەیەك بسووتێنێ, جا ئەمە ناکاتە ئەوە کە شتێکی عەمدی ئەنقەستە, من لەگەڵ کاك جمال دام, ئەو ئەنقەستە هەندێك مەجال دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە تەفسیری جیاجیای بۆ نەکرێت, ئێمە دەتوانین مەسەلەن ئەو بڕگەیە لە شتەکانی تر جیا بکەینەوە کامە قەصد و عەمدییە و کامە غەیرە عەمدییە, لەبەر ئەوە تەئکید لەوە دەکەمەوە وابزانم برادەرانیش هەمموو باش دەزانن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەی بەڕێز کاك شێخ جەعفەر, لێرە بەنیسبەت (جمعیات معتبرة قانونا), دەڵێت ئەحزاب هەیە, غیر موعتەبر ئیجازەیان نییە, تەبیعی قانونی دەوڵەت حیمایەی ئەو شتانە ناکات کە موجاز نەبن بە شێوەیەکی رەسمی, ئەوە یەك, بەنیسبەت ئاسار ئیشارەتی پێدا, ئێمە لێرە باسی ئەوەمان کردیە مرافق عامە, مصالح حکومیە ئەوە هەمموو لە چوارچێوەی ئاساریش دەگرێتەوە, نا بەتەنیا, بەنیسبەت مامۆستا عبدالرحمن, دووبارەی دەکەمەوە کە وەڵامی کاك جمالان داوە, (بدافع إرهابي ولزعزعة الامن والاستقرار في الاقليم), مانای وایە ئەو حاڵەتانە تەتبیق نەبیتن, ئەو فەقەرەیەی لەسەر تەتبیق نابێت.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د. ناصح باسی شتێکی کرد, باسی پارت و رێکخراوو کۆمەڵ, هەمموو کۆمەڵێك هەمموو رێکخراوێك لە کوردستان, قانونێکی تایبەتی هەیە, قانون جەمعیات, مانای وایە وەزارەتی ناوخۆ کە مۆڵەتیان بداتێ, بەو قانونە دەیانداتێ, پێویست ناکات لێرە بە یاسا, چونکە ناسراون, ئەوە خاڵێك, خاڵی دووەم, قانونی ئەحزابیشمان هەیە, ئەو حزبانە کە ئیجازەی حیزبیان وەرگرتبێت, ئەوە جیاوازە, ئەوی وەری نەگرتبێت, ئەوە موخلیفی قانونە و, تەواو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك دیلمان و کاك سەردار کردیان, منیش پشتگیریان دەکەم و, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەم خاڵە زۆر قسە دەكرێت, بەڵام من حەز دەكەم ئێمە بزانین كە لە هەموو دنیادا كە موزاهەراتێك بێ, زۆر جار ئەعمالی شەغەب ئەبێ, كە پێی دەوترێت(اعمال الشغب), واتە تەخریب, یەعنی ئەمە زۆر ئاساییە, لە فەرەنسا لەسەر قانونی كار ئەوە چەند رۆژە حكومەتی فەرەنسی بەو هەموو قوەتەی خۆیەوە خەڵك دارو دیوار دەشكێنێ, من لەگەڵ ئەوەدا نیم كە ئەوە ببێتە داب و نەریتێك لە وڵاتی ئێمەدا, بە عەكسەوە ئێمە لەجیاتی ئەوە دەبێت بینا بكەین, نەك بروخێنین و بسووتێنین, بەڵام بۆ ئەوەی ترس و دڵەراوكێ لە دڵی ئێمەدا وا بە ئاسانی نارەوێتەوە, لەبەر ئەوە هەتا ئێستا دادگایەكی سەربەخۆی موستەقیلمان نییە و, هەر كەسێك هەڵدەستێ تەصریحێك دەدات, یان قسەیەك دەكات, دڵی زۆر خەڵك دەخاتە گومان و ترسەوە, لەبەر ئەوە من ئەڵێم ئەم خاڵە زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێ كە قسەی لەسەر بكەین و, دەبێت جیای بكەینەوە, ئەوە ئایا بە فعلێكی تیرۆرستییە, یەعنی ئەوە عەمدەن دەیكات, تیرۆرستە ئەوە دەكات, یاخود لە لەحزەیەكی هەڵچووندایە و, هەمووومان بەشەرین و, لەوانەیە لە ماڵی خۆشماندا رقمان هەڵبستێ و قاپێك بشكێنین, دەبێت ئێمە زۆر تەئكید بكەینەوە لەسەر ئەم خاڵە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەتبیقاتی قەوانین لە مەحاكم, قەصدی جینائی ئەساسە بۆ هەر كارێك, ئەگەر قەصدەكە دەرچوو ئیرهابییە, ئەوە قانونەكەی لەسەر تەتبیق دەبێت, دەرچوو ئیرهابی نییە, لەسەری تەتبیق نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بەشێك لە بڕگە یەكدا هاتووە دەڵێت كە یەكێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەكان, دیارە لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەوە گۆڕاوە بە دامەزراوە نەوتییەكان, لەگەڵ ئەوەی ئەوە بە زەروور دەزانین كە دامەزراوە نەوتییەكان هەبێت, بەڵام پێمان باشە دامەزراوە نێو دەوڵەتیەكانیش جێی بۆ بكرێتەوە, چونكە بەشێكن لە موئەسەساتی نێو دەوڵەتی كە كاریگەری زۆریان دەبێت لەكۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەتی لە كوردستاندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی من دەمویست بیكەم, كوێستان خان كردی, تەنها سێ وشەیە, من دەمەوێت پێتان رابگەیەنم, یەكەم, لە عەرەبییەكە نووسراوە جسور, لە كوردییەكە نووسراوە پرد, جسور یەعنی پردەكان, سدود, یەعنی بەنداوەكان, نووسراوە بەنداو, وشەی هاموشۆ, داوادەكەین بگۆڕێ بۆ هاتوچۆ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش رای خۆم دەخەمە پاڵ ئەو رایانەی كەوا ئێستا باسیان كرد, نازانم من ترسێكم هەیە بەڕاستی, زیندانی هەتا هەتایی, وەكو ئێستا برادەرانیش ئاماژەیان پێكرد, یەعنی كە موزاهەرەیەك دەكرێت, دەستێكی دەرەكی دێتە ناوەوە, وەكو ئەوەی هەڵەبجە, ئەوەی هەڵەبجەش من دوێنێ لە جەریدە خوێندمەوە, لە رێگای رێكخراوێكی ئیتاڵی كەسەكانیان نەقڵ كردووە, هەندێكیش بە پێ رایان كردووە بۆ ئێران, باشە ئەوە لەدەستمان چوو, موزاهەرەكە فیعلەكە ئیرهاب نییە, ئەوانەی كە رایان كردووە ئیرهابین, كەواتە من پێویستە ئەوانە بگرم كەوا زیندانێكی هەتاهەتاییان بكەم, لێرە من هەرچەند ئەمە دەخوێنمەوە بیرێك ئەكەمەوە لەناو وڵاتی خۆمدا بەیانی موزاهەرەیەك بكرێت, چون تەفسیری بكەم بڵێم بیناكە تێكدرا و ئەمە بكەم بە ئیرهابی؟ ئەمە خاڵێك, خاڵێكی تر من پێم خۆشە بەڕاستی كە ئەینووسین با كوردانە بیر بكەینەوە, لە دەرسێكمان هەبوو لە زانكۆ, پێیان دەوت تەرجەمە, ئەم تەرجەمەیە بە سێ خاڵ دەكرا, یان نەصەن كەلیمەكانت نەقل دەكرد, تەرجەمەت دەكرد, یان مەفهومەكەت وەردەگرت, با ئێمە كورد چۆن بیر دەكاتەوە,

چۆن تێدەگەین لە یەکتری, نەك کەلیمە بە کەلیمـە, ئەمـە دوو خـاڵ, خـاڵی سـێیەم, مـن بـیر دەکەمـەوە هـەموو شـوێنێ تەرکیز کراوە لەسەر دوو لایەن, لایەنێکی بەرجەستەیی و, لایـەنێکی شـوێنی, بـا ئێمـە هـەموو شـوێنەکان ڕێـك بخـەین, تەلارە, فەرمانگەیـە, دامـەزراوە, ئێستگەیە, کارەبایـە, شـوێنی ئامـادەکراوە, شـوێنی خواپەرستییە, شـوێنی پیشەسازییە, ئەمانە هەمووی ڕێك خەین بەیەکەوە, پاشان ئینجا بێینە سەر ئـەو لایەنـەی کـە بەرجەسـتە نییـە, کـە ئێمەینـە, ئەمـە زۆر بە جوانیش ڕێکدەکەوێت, هیوادارم ئەو لیژنەیەی تەرجەمەی دەکات, یان دائەرێژێتەوە یان لیژنەی یاساییە کە مـن تا ئێستا تێنەگەیشتووم, ئایا یاسا تەرجەمەی دەکات, یان لیژنەیەکمان هەیە لـە نـاو پەرلـەمان, ئەمـەی کـە (یـان) بـەکار دەهێنن یان هەر لەم چەند دێرەدا, حەوت (یان)یان بەکارهێناوە, لە جیاتی ئـەو (یـان)ە فاریزەیـەك دابنـێن و ڕزگارمـان بـبێ, لایـەنێکی تـر کـە هاتۆتـە سـەر تـەلار, ئـەڵێت لـەوەی کـە چـاکیان کردۆتـەوە لیژنـەی قـانونی رایـان هەیـە, دەڵێت(ڕووخاندن, لە کەلکخستن, یان زیان پێگەیاندنی), پاشان دێت دەڵێت هەندێك بە تەلار, کورد ناڵێت هەنـدێك بـە تەلار, هەر ئەڵێی یان تێکدانی تـەلار, نـەك بـە تـەلار, بەتـەلار هـیچ وازیـح نییـە, تەلارەکە تـۆ دێـی تێکـی دەدەیـت, بـۆ هەندێکیشـی دادەنێـی و تێکـی دەی, هـەر تەلارەکـەی تێکـداوە و ڕووخانـدووە, لـە کۆتـایی ئـەو دێرەشـدا بەمەبەسـتی شێواندنی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەو خوشك و برایانە قسەیان لێکرد, لە تەتبیقەکەیەتی, تەتبیقی ئـەو یاسـایە ترسـێکی پێـوە دیـارە, وەکـو بڵێـی بازنەی ئازادییەکان تەسك دەکاتەوە, ئەوە شتێکی دیارە, من پێشنیاری ئەوە دەکەم, ئـەو فەقـەرەی یەکـەم کـەوا سـزاکەی سجنی موئەبەد بێ, ببێتە سامانە نیشتمانییەکان, یەعنی تەنها بۆ سـامانە نیشـتمانییەکان بـێ, وەکـو نـەوت و, کارەبـا و, ئاو و, ئابووری هەرێم, ئەوانی تر بچنە ماددەی چوار, یـەعنی ئـەو عقوبـە موشـەددەدە تـەنها لەسـەر ئـەو دەسـت درێـژی کردنە بێ کە لە سەر ئەو سامانە نیشتمانییانە وەکو نەوت و, کارەبا و, ئاو و, ئابووری هەرێم دەکـرێ, ئـەوانی تـر بچـنە ماددەی چوار, یـەعنی ئـەو عقووبـە موشـەددەدە تـەنها لەسـەر ئـەو دەسـت درێـژی کـرد نـەبێ ئـەوانی تـر, مونشـەئات و ئەعمالی شەغەب هەمووی کاریگەری لەسەر ئەوانە بێت, ئەعمالی شەغەب کاریگـەری لەسـەر ئـەمن و ئاسـاییش دەبێـت, لەسەر تێکدانی دامودەزگای حکومەت دەبێـت, لەسـەر دامودەزگـای حـزب دەبێـت, لەسـەر شـوێنی ئـایینی دەبێـت, یـەعنی ئەماکنی عامە دەبێت, وەکو دەیبیـنین, نـەمازجمان بـینی لـەم ماوەیـە, لـە زۆر شـوێن, لەبـەر ئـەوەی تێکەڵیـەك دروسـت دەبێت, لە دنیا ئەمە یەك گرفتی ئیرهاب, یەعنی ئەعمالی شەغەب لە هەندێ شوێن سـوڵتە دەتـوانێ بیکـات بـە ئیرهـاب, ئـەتوانێ بیکـات, بـۆ ؟ چـونکە لـەبارە ئاسـانە, تێکـەڵکردنی بەیەکـدا, بـەڵام ئەگـەر ئەمـەمان جیـا کـردەوە ئـەم مەسـەلە نیشتمانییانە, ئەو بخەینە شوێنەکەی تر, هەم زەرفەکەی زۆر موشەددەد نییە, هەم عقوبەشمان داوە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

من بەنیسبەت ئەم ماددەیـە لەگـەڵ ڕەئـی زۆربـەی بـرادەرانم ئازادییـەکان زۆر بـەر تەسـك دەکاتـەوە, خۆتـان دەزانـن لـە کوردستان لەزۆر شوێن خۆپیشاندان دەکرێت, شت دەکرێت لە ئەنجامی ئەوەدا هەوڵدەدرێت, لەوانەیە خەڵکی تـر تێکـەڵ ببێت, ئەو خۆپیشاندانە بە شێوەیەکی ئاشـتیانە بـێتن, ئیتیجاهەکـەی بگـۆڕێتن, ئایا خەڵکەکە هـەمووی دەخرێتـە ئـەو چوارچێوە کارە تیرۆرستییە, ئەوە یەك, دووش, بەنیسبەت ئەو خاڵەی تر کە لێرە باس کـرا, ئێمـە هـیچ یاسـایەکمان بـۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی و شارستانییەکان نییە, من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە دێری پـێش کۆتاییـدا, کـە نووسـراوە شوێنەکانی ئامـادەکراو بـۆ هاموشـۆی جـەماوەر لـەدوای ئـەو بنووسـرێ, شـوێنەوارە مێـژووی و شارسـتانییەکانیش, ئـەوە خاڵێك و, ئەو شوێنی هاموشۆی جەماوەریش, من تەئیدی ڕەئییەکەی د.ناصح دەکەم, دەکرێ ئەگەر مەبەست ئەوە بێتن سـەیرانگا و شـوێنی گەشـتیاری بێـت, بـە نووسـراوی بنووسـرێتن, چـونکە بەڕاسـتی لـەڕووی زمانەوانیشـەوە زۆر ڕەکیـك

هاتووه, هەروەها من تەئیدی ئەوەش دەکەم کە بە مەبەستی کاری تیرۆرستی بخرێتە پێش شێواندنی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

لەسەر ڤێ خالێ ئەز تەئیدا رەئی برای بەڕێز کاك دیلمان و, کاك سەردار هرکی, هەروەها کاك خورشید شێرە دەکەم, بەڕاستی ڤە ماددەکە تەفسیرا جۆراوجۆر دهێنە کرن, هەرچەندە جەنابێتە وەکی سەرۆکی پەرلەمانێ تەوزیحێت لازم و تێبینیت خۆدا و, هەروەها لیژنا یاسایی لەگەلْ ڤە هەندێش ئەز ڤێ باوەرێدا بۆچوونا خوشکا بەڕێز سۆزان شهاب, کە تەوزیحێك دا, کاك عونی جوابا وی دا, گوتی بقصد إرهابی, لێرەد ڤە قەصدا ئیرهابی, وشەیەکا موهیمە, ئایا کی دڤێ خراپکاریێ بە قەصدا ئیرهابی دیار کە, بێگومان سولتەیە, سولتەکی ئاسایشە, ئەگەر ئەم ئاسایشە خۆ تەجزیئە بکەین, مەسەلەن بێین لە ئیدارا هەولێرێ, تا هەنووکە پاراستن بوو ئیدارا سولەیمانیێ زانیاری بی, هەر پارتەکا کە دڤێت مزاهەرەکی پێرەدا بکە, ئو کارەك هاتە کرن, ئیشارەت کر برادەرا و خوشکێت بەڕێز ئەز ناچمە ناو تەفاصیل, بەلێن نەتیجێ ڤێ موزاهەرێ عێجزیەك توورەیەك, عینادە, رفتارە پۆلیسییە, ئاسایشە گەڤێ خەلکێ عکس و عەمەلەك, لە دامودەزگای حکومەتێ هاتە سۆتن, یەك لەمە دامودەزگا هاتە سۆتن, هیچ گومانەك تێدا نییە کە راپۆرتا ئاسایشە بێنە کوردستانێ, ئەڤێ قەصدێ, لە قەصدەکا ئیرهابی دانێ, ئەوەی کاك عونی ئیشارەتی پێکرد, بقصد ارهابی, دڤێ راپۆرتا بقصدێ ئیرهابییە, حاکمێ مە دروستە, حاکمێك و قەزاوەتا دوو قانونەکی یاسایەکی لە قەزا, بەلێ ئایا حاکمێ مە دئیستنادێ قەزا و بۆ خۆ بۆ سەر راپۆرتا ئاسایشێ, سەر راپۆرتا پۆلیسێ, سەر راپۆرتا سولتەیەکە, ڤێرەدا ڤە قصدا ئیرهابی دێ چی بی پڤێ موزاهەرێ, پڤێ کەسەك, پێڤیە موزاهەرەکا سلمی بکا, بیروبۆچوونا خۆ بە ئازادی دەربری هاتە موتەهەم کرن بە تیرۆریست یەعنی بە ئیرهابی, یەعنی راستە ڤە ماددە ماددە ئەوە, چونکی زۆر تیشتیشی هاتیە گوتن, ڤێرەدا کە بیان هەر شتێکی دیکە لە دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێم, ئێستگەی وزەی کارەبا, ئاو, بەنداو, هەر بۆرییەکی ئاوێ, سبەی پێی هەستاکە بێژن, ئەڤە بقصدا تەخریبێ, بیە بقصدا ئیرهابی بییە, یەعنی ڤێرەدا کەسێك لەسەر جەریمەکا, بەو شکلەی کە مەبەستا وش بۆ ئەو نەبوویا, ڤێچی ببێتە موتەهەم ڤە کەسا قەصدەکا ئیرهابی ڤە کارێ کرییۆ, ئەز بێ گوناحیش بێت, ئەم یاسایەکا, هەنووکە دەنگێ بدەین, کەسەك هەتا هەتا بێتە حوکم کرن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا رەئییەکەی مامۆستا محمد بخرێتە دەنگدانەوە, چونکە بەلای زۆرمانەوە پێمان خۆش بوو, رەئییەکەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەنیسبەت ئەو ماددەیە باس لە تەخریب و هدم و ئیتلاف دەکات, بە عقوبەی سجنی موئەبەدییە, لە فەقەرەی حەوتیش باس لە ئیستیلای تائیرات دەکات, عقوبەکەی بە ئیعدام, ئەگەر مردنی خەڵکی تێدا بێت, من پێم وایە زۆر جار لە نەتیجەی هدم و ئیتلاف, زەرەردان بەو شوێنانە ببێتە هۆی مردنی کەسێك یان چەند کەسێك, لەبەر ئەوە قیاسەن بە ماددەی حەوت, ئەگەر ئیستیلای تائیرات خەڵکی لەسەر بمرێت, عقوبەکەی ئیعدام بێت, ئەی لە تەخریب و هدم ئیتلافدا, عقوبەکەی چییە؟ سجنی موئەبەد دەڕوات, یاخوود بە عقوبەیەکی تر دەڕوات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو قسەیەی کاك عمرم دەکردەوە, زۆر جار لە کاری تەخریبیدا, رەنگە کەسانێك یان چەند کەسێکی تیادا بکوژرێت, لەبەر ئەوە لەو حاڵەتە ناکرێت لەو شوێنەدا بهێڵرێتەوە, دەبێت بکرێتە عقوبەتێکی توند تر, سوپاس.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە هەمان دڵەراوکێی کە خوشکان و برادەرانی پێش من باسیان کرد, منیش بەرەئیم لە ئاخیر نوقتە کۆتای بە(لزعزعة الامن والاستقرار في الاقليم), ئەوە لابرێت, لەدوای (بدافع إرهابی) عیبارەتێك دابنرێ (کما منصوص) ئەو شتێکە لەم قانونە, چونکە لە ماددەی یەکەم, لە تەعریفی فعلی ئیرهابی باس کراوە, (تحقيقا لمأرب سياسية دينية, عرقية..الخ), (یعني کما منصوص) برادەرانی لیژنەی قانونی خۆیان باشتر دەزانن, منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی قانونیم بەلابردنی عمداً, مادام لێرە دافع إرهابی هاتووە و, من لەو داڕشتنە برادەران هەندێك باسیان کرد, تێکەڵی هەیە, بۆ نموونە (المرافق العامة), (اماکن إرتیاد الجمهور), یەعنی هەمووی رەنگە یەك شت بێت, باشە ئەوانە یەك بخرێ و کورت تر بکرێتەوە, رجایەکیشم هەیە, ئەوە پەیوەست نییە بەم خاڵە, کە کاتێك لیژنەیەك کە تەرجوومە دەکرێ, پێویستە لەڕووی نەك هەر زمانەوانییەوە, بەڵکو مەبەست لە هەندێ عیبارات, چونکە خەڵك کە مولاحەزە دەکات, هەندێك عیبارات کە دەڵێن بەکوردی وایە, لەوە دەچێت کە ناوەڕۆکی دەقە عەرەبییەکە وا نەبێت, لەلای هەندێکمان کە دەڵێین کوردییەکە وا بێت, لەبەر ئەوە لە تەرجوومە ئەو زۆر زەروورییە, کە نەك تەنها زمانی کوردییەکە, یان زمانی عەرەبییەکە, بەڵکو لە قەصدی تەعبیرەکە تێبگا و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طارق سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر قسەیان کرد دەربارەی دڵەڕاوکێی لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە, ئێمە ماددەیەکمان جێبەجێ کردووە لە لیژنەی یاساییا, ئەوە دەقەکەی دەخوێنمەوە, جارێ هێشتان نەهاتووە, بەلام دڵنیا بن, (دەبێ دەزگا گشتییەکان رەچاوی بنەماکانی حوکمەکانی دەستوور و یاسای پەیمان و بەڵێنە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بکەن لە کاتی پیادەکردنی ئەم یاسایە), ئەمەش ئەوەیە کەوا دڵنیا بوونە لەوەی کەوا حاکم ناتوانێت سوڵتەی تەقدیری خۆی بە تەواوی بدات, چونکە چەند شتێك هەیە, دەبێت پابەند بێت بەو شتانە, ئینجا جێبەجێی بکات, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مولاحەزەم کرد بە حەقیقەت, زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ترسی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەیان هەیە, یان ئەوە بڕگەیان هەیە, لێرە ئەگەر تۆ یاسایەکە بخوێنییەوە, هیچ دەسەلاتێکی موباشیر نەدراوەتە سوڵتاتی تەنفیزی, ئەگەر لە ژێر ئیشراف قەزا نەبێت, ئەوە وەکو مەبدەئێك بەکار هاتووە بەکاریش دێت لەمەودوا, ئەمە یەك, دوو, جیاوازی نێوان جەرائیمی ئیرهابی و, جەرائیمی نائیرهابی چییە؟ جەرائیمی عادی, جەرائیمی عادی لە قانونی عقوباتیش هاتووە, عقوبەی تایبەتی خۆی هەیە, ئەگەر بۆ کارێکی ئاسایی بوو, ئیعتیادی عونصری ئیرهابی تێدا نەبوو, عقوبەکەی زۆر خەفیفە زۆر ئیعتیادییە و زۆر تەبیعیشە, بەلام کە هاتە خانەی ئیرهابەوە, بە تەئکید ئەو یاسایە حوکمی دەکات و, یاسایەکەش حوکمەکەی موشەدەدە, کێ تەقدیری ئەوە دەکات, کە ئەوە داخیلی ئیرهابە یان نا, بە تەئکید مەحکەمە ئیعتیادیەن و, بە گوێرەی هەموو قەوانینێك سوڵتەی تەقدیری خۆی هەیە, کە ئەو جەریمە بێتە خانەی ئیرهاب یان نەیەتە خانەی ئیرهاب, ئەوەش لە چی بەدیار دەکەوێت, لە زروف و مولابەساتی ئەو قەزییە, واتە ئەگەر هاتوو موزاهەرەیەك کرا, ئەو موزاهەرە موجاز بوو, عونصری ئیرهابی تێدا نەبوو, هیچ ئەو یاسایە نایگرێتەوە, هەروەکو هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان بۆی دەچن, بەلام ئەگەر هاتوو ئەو شروتەی تێدا موتەوەفیر بوو, گروپەکی ئیرهابی هاتە ناو ئەو موزاهەرەیە, بە تەئکید ئەو گروپە ئیرهابییە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە, ما تبقایەکەی موزاهەرە

ئـەم یاسـایە نایگرێتـەوە, ئـەم سـوڵتەیەش دەمێنێتـەوە بـۆ مەحکەمـە, لێـرەدا واتـە جێبـەجێ کردنـی یاسـاکە, پێویسـتە موتابەعە بکرێ چاودێری بکرێ, ئێمە لیژانی پەرلەمانمان هەیە, دەتوانن متابەعە بکەن, سقوفی زەمـەنی هەیـە, ئەگـەر هاتوو دەعوایەکە لە مەحکەمە تاخیر بـوو, دەتـوانرێ موتابەعـەی ئـەو جیهەتـەش بکـرێ, داواکـاری گشـتی دەسـەڵاتێکی زۆری هەیە, دەتوانرێ کۆنترۆڵی قەرارەکانی حاکم تەحقیق و مەحاکم بکات, زەوو عیلاقە مافی ئەوەیان هەیـە تـەمییزی بکەن, وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا, تروقـی تـەعلیقی خـۆی اسـتعمال بکـات, یعنـی ئـەو مەسـەلانە بـەو سەهلیە ناڕوات, وەکو هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆی دەچن, بۆیـە بـە قەناعـەتی مـن نەصـەکە لـە جێگـای خۆیەتی و, من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێزان, ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەو مەوزوعە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت تەوزیحێك بدەم لەسەر قسەکانی بەڕێز کاك ادهـم سـەبارەت بـە چۆنیەتی تـەقییم کردنـی ئاسـاییش بـۆ هـەر کێشەیەك؟

ئاساییش, یان جیهازی تەحقیقی یان لە مەراکزی شوڕتە, ئیبتیدائەن کە تەحقیق لە قەزیەکی دەکەن, ئیجرائاتی خۆیان دەکەن بە پێی قانون, پاش ئەوەی کە ئەوراقەکان بۆ حاکم تەحقیقی موختەص دەچێت, حـاکم تـەحقیق قـەراری خـۆی دەدات لە مەوزعەکەی, قەصدی کە ئیشارەتم پێدا قەصدی جینائی مـاددە 33 لـە قـانونی عقوبـاتی عێراقـی بـە وازیحـی ئیشارەتی پێدراوە, ئێستا من بۆ برادەرانم دەخوێنمەوە, کە ئاگایان لە چۆنیەتی ماددەکە بێت.

(1-القصد الجرمي هو توجيه الفاعل ارادته الى ارتكاب الفعل المكون لجريمـة هادفـا الى نتيجـة الجريمـة الـتي وقعـت, او ايـة جريمة اخرى. 2- القصد بسيطا أو بسبق الاصرار."سبق الاصرار" هو تفكير المصمم عليه في ارتكاب الجريمة قبل تنفيـذها بعيداً عن ثورة الغضب العاتي او العلاج النفسي), واتـە قەصـدی جەریمـە بـە سـبق الاصـرار, دوورە لـە حاڵـەتی غـەزەب و توورەبوونی کەسێك, یان کەسانێك بـۆ هەڵسـان بـە تاوانێـك, ئەگـەر قەصـدەکە جنیـائی بـەو شـێوەیە نـەبوو, مەحکەمـە ناتوانێ قەصدی جینائی لە قەزییـەکی تـەتبیق بکـات, ئیتعتبـار بکـات جەریمـەکی عادییـە یـان جەریمـەکی ئیرهابییـە و, ئەمە لە لیژنەی یاسایی کە ماددەکانمان دارێشت, بە حەقیقەت زۆر بە وردی دیراسەتی هـەموو حـاڵەتی موستەقبەلیمان کرد و, هیچ مەجالێکی وا نەدراوە بە مەحکەمە بتوانێ بە کەیفی خۆی تەفسیری قانون بکات کە چۆن بتـوانێ تـەتبیقی بکات بە ئارەزووی خۆی و, لەگەڵ رێزم بۆ هەندێ برادەران کە دەڵێن مەحکەمەکەمان یان محاکمـان سـەربەخۆیی نییـە, من لەگەڵ ئەو رەئییە دانیمە, مەحاکیمی کوردستان زۆر بە توانایە و زۆر بە رێکو پێك ئیشـەکانیان کردیـە, حـاڵەتی وا نـاڵێم رووی نـەداوە لـە جـەهلی حاکیمـە یـان معلومـاتی نییـە تـەعین بـووە, لێـی نـازانی ئـەوەش بەداخـەوە موعالەجـە دەکرێت, بە تەقدیری من یان بەرەئی من دەتوانین دەورات بۆ حاکم بکەینەوە, کە زیاتر شارەزا لە ئیشەکانی خۆیان بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی قەزییەی موزاهەرات ئیشکالییەکی سەرەکییە لە رێگای تـەتبیق کردنـی ئـەو برگەیـە, پێشـنیار دەکـەم, کـە یاسایەکی تایبەتی بە موزاهەرات دابنرێ, زەوابـتی تایبـەتی هـەمووی دەسـت نیشـان بکـرێ, وازیـح بکـرێ تـا ئـەوەی ئـەو تێکەڵاوییە نەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, ئەوە پێش نیازێکە, پەیوەندیشی بەو نوقتەیە نییە, بە هەر حاڵ سوپاس, فەرمووو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەخنـەم لـە ئیـدارەی جەلسـە هەیـە, چونکە مـن داوام کـردووە, دەسـتم بـەرز کـردەوە تـا ئـاخیریش, بـەڵام ناوەکـەم نەنووسراوە, نازانم لەبەرچی؟ ئەوە یەك, چەند جار ئەو شتە تیکرار دەبێت, من قسەش ناکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی مەقصود نییە, لە بیرمان چووە, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەك, گەلەك شت هەیە, ئیجتهادات هەیە بۆ حاکم, یان بۆ قازی, لەبەرچی؟ چونکە شتێك هاتیە بگشتی, پاشی هاتیە ناو, مونشەئاتی نەفتیە, و تاقەی کەهرەباییە و, سدود و نازانم چی؟ ئەو فوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان, ئەوە بەگشتی پێویست نییە, ناوەکان بنووسی, هەر بڵێن (المباني والمنشات والموسسات والاملاك العامة والخاصة وغيرها من المنشأت الاقليم والاماكن العامة), و سەیرانگاکان گشتیان شموول دەکات, مەجالی ئیجتهادیشی تێدا نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکە زۆر بەجێیە, ئەگەر بنووسرێ تەئکیدە, بەلأم ئەگەر بنووسرێ رەنگە شتێك لەبیر بکرێ وایە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك خاڵم هەیە, لە ماددەی سێ لەڕووی یاساییەوە تەعدیلی تێدا کراوە, بەلأم لەڕووی داڕشتنەوە تەعدیلی تێدا نەکراوە, چونکە تەقریبەن تێکەلأوییەك لەناو ئەمە هاتووە و دابەزیوە, لەناو خاڵەکانی دوای ئەویش هەیە, یەعنی بۆ نموونە بڵێ هۆیەکانی گەیاندن هۆیەکانی پەیوەندی پێ کردن, موهیم تێکەلأوییەکی تێدایە, تەقریبەن وەکو پێناسەیەك وایە بۆ خاڵەکانی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند تێبینیەکم هەیە, کە ئیشارەتی پێکرا, یەکێك لەو شتانە پەرلەمانی کوردستان پێویستە یاسایەك دابنێت کە زەمینە بۆ ئازادییەکان زیاتر بەرجەستە بکات, چونکە واقعیەن بە حوکمی وەزعی سیاسی و بارودۆخەکە وابووە حاڵەتی تۆقاندن زیاتر زاڵ بووە و, بە حوکمی دابەش بوونی ئیدارە و سەربەخۆ نەبوونی ئیدارە و, سەربەخۆ نەبوونی قەزاش, بەڕاستی حاڵەتێکی ترس دروست بووە, جا من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایانەی کە ئێمە موصادەقەی لەسەر دەکەین, بەشێوەیەك بن, کە زیاتر دەوری تاك لە کوردستاندا بەرجەستە بکات, نەك بەناوی جۆراوجۆرەوە حاڵەتێکی ترس و لەرزۆکی لە تاکەکانی کوردستان دروست بکەین, بەڕاستی ئەو حوکمی ئیعدامە و ئەو حوکمی هەمیشە هەمیشەیە دوایی ئیستغلال دەکرێت و, مەجالی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان زۆر تەسك دەبێتەوە, خاڵێکی تر بەڕاستی کاتێك کە لە یاساییەك موصادەقەی لەسەر دەکرێت دەقێك بواری ئەوەی نەبێت, دوایی لیژنەی بەدواداچوونی دەقەکە بەزمانی کوردی یان عەرەبی دەستکاری بکات, چونکە من بە بەشەکەی خۆم رازی نابم, لەوانەیە بەشێوەیەك تەرجوومەی تیادا بکات و گۆرانکاری تێدا بکات, ئەگەر بێت و بکەوێتەوە بەڕادان, گۆڕانکاری تێدا بکرێت, جا من داوای ئەوە دەکەم هەر دەقێك لەم پەرلەمانە موصادەقەی لەسەر دەکرێت بەهیچ شێوەیەك نە عەرەبیەکەی نە کوردییەکەی نە فاریزەیەکی بۆ زیاد بکرێت و نەواوێکی لێ کەم بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کۆبوونەوەکانمان زۆر بە نارێکی دەڕۆن, جەنابت داوات لە هەر هەمووومان کرد کە کێ ناوی خۆی دەنووسێ با بنووسێ, 10 ناو, 15 ناو, 20 ناو خۆیان نووسیوە, ئێستا پاشی ئەو ناونووسینە 20 کەس وا قسە دەکات, ئیقتراحێکم هەیە, یان لەمەودوا ئەو ناوانەی کە نووسراون پاشی ئەوان کەسی تر قسە نەکات, یان ئەوەیە لە بیدایەت دەست پێبکە و بزانە کێ قسە دەکات و, کێ قسە ناکات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامێکی بەجێ بوو, سوپاسیشت دەکەم, خوا بکات هەمووومان بەقسەت بکەین, لەمنەوە دەست پێدەکەین, بەڵام ئەندامەکان عاجیز دەبن, هەندێکیان هەیە ئەگەر دەستی بەرز بکاتەوە و هەڵی نەستێنم, تا هەفتەیەك هەر لە دڵی دەمێنێتەوە و, تۆڵەکەشم لێدەکاتەوە, جارێکی تر وای لێدەکەین, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من سێ نوقتەی نیزامم هەیە, یەکیان لەسەر نوقتەی نیزام, نوقتەی نیزام بۆ دوو حاڵەت بەکار دێت, یان ئەگەر پێشێلی کاری هەبوو بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یان پێشێلی کارییەکی یاسایی, نەك بۆ ئەوەی هەریەکە بیەوێت زوو قسان بکات, یاخود پێشنیارێکی هەبێت, ئەوە یەك, دوو, هەر کەسێك کە هەڵدەستێت مەفروزە موخاتەبەی سەرۆکی ئەنجومەن بکات رووی لەوی بێت, با ناویش نەهێندرێت, یەعنی مولاحەزەم کردیە هەندێ بەڕێزان لە جێی خۆیان دانیشتینە کاك عدنان واو کاك عدنان وا, ئەو ئەتکێتی پەرلەمان نییە, بەڕاستی, سێ, هەندێك ئەندامی پەرلەمان هەیە کە ناویان دەنووسن, پاش فەترەك پاش ناو نووسین, جارێکی تر دووبارەی دەکەنەوە ئەوەش لە دەرەوەی پەیڕەوی ناوخۆیە, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە کۆبوونەوەکان هەندێ برادەرەکان ناخۆشیان کردووە, یەعنی جەنابت ئەوە دەجارە بڵێی مەسەلەی زمانەوانی دەیهێڵینەوە بۆ لیژنەیەکی زمانەوانی, ئینجا تا ئاخیر کەسیش ئەوە رەخنەی لەسەر نوقتە و فاریزەش کەلیماتەکانیان گرتووە, دوای دیسانەکە هەموو جارێ بۆیان شەرح دەکرێتەوە بە قصدی ئیرهابی, هەر جارێکی تر دەڵێن دیسانەکە لەوانەیە ئەو خەتەرە مەترسییە, یەعنی با هاوڕێیان و هاوکارانمان تۆزێك دیقەت بکەن, ئەگەر بەو شێوەیە بێت تا دە رۆژ ئێمە ئەو یاسایە کۆتایی پێناهێنین و بەسەریدا تێپەڕیوە, هەر بۆ خاتری خوا وەزعی کوردستان ئەو هەموو کێشەیە هەیە لەناو موجتەمەع تۆزێك بە خێرایی بڕۆینین ئەو مەوزعە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەوە سێ نوقتەی نیزامی رێکو پێك بوو, هەم نیزامی بوون و هەم بە سوود بوون, ئومێد دەکەم هەر هەموومان هەرسێکمان لەبەر چاو بی, کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە ماددەی یەکەم, بەتەواوی هەمووی هەر عەمەلییەی ئیرهابیە, ئەو باسی عبوات ناسفە دەکات, ئەوە باسی تەفقینەوە دەکات, دیسان وەرە سەر ماددەی دووەم دیسان دەڵێت (تعد الافعال الاتیە) دیسان جرائیم ئیرهابییە, لە پاشان هیچ سەلاحیەتێکی نەدایتە حاکم, ئەوا دیارە هەموومان دەزانین بدافع, دافع یەعنی ئیرهابی, بەلام یەك موشکیلە هەیە, ئەو تەعریفە بۆ ئێمەی دروست کردیە, یەعنی کێهان ئیرهاب؟ یەعنی ئەگەر تەعریفێکی بیدائی لە ئەوەڵی نەبێت, نازانی مەبەستی کێهان ئیرهابە, هەر لەگەڵ بیدایەتی ئەوەڵی تعد الافعال الاتیە للارهاب جرائم إرهابیە, لەگەڵ ئەوەی بەدافیعی ئیرهابی تەعاروز پەیدا دەبێت, لزعزعە الامن والاستقرار, لزعزعە تەواو موشکیلەکان حەڵ دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەکمان دانا بۆ تەعریف کردنی الاعمال الارهابیە, واتە تەحدید کرا, چ کارێك ئیرهابیە و چ کارێك ئیرهابی نییە, ئەوە یەك, دووەمین سێ ماددەمان داڕشتییە, ماددەی یەکەم عقوباتیان فەرقی هەیە لەگەڵ دووەم و سێیەم, یەکەمیان ئیعدامە, دووەمیان مۆئەبەدە, سێیەمیان سجنی موەقەتە.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من داوای لێبوردن دەکەم, من داوای قسە کردنم نەکردبوو, بەلآم بەڕاستی دووبارە بوونەوەی هەندێ شت وای لێکردیمە هەندێك تەوزیحات بدەم تەئکیدەن لەسەر قسەکانی دەستەی لیژنەی یاسایی و دەستەی سەرۆکایەتی, مەسەلەی دافیعی ئیرهابی, تەبعەن ئێمە دوێنێ رەنگە پێناسەکە مەقصەدەکە هەدەفەکەی تێدا نەبوو, بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو گلەییانە دەکرا, دروست بوو دوێنێ, بەلآم ئەمڕۆ هەدەفەکەیان تەحدید کردیە مەسائیلی سیاسیە ئایدۆلۆجییە, یان عرقییە یان هەر چییە؟ دوو تێکەلآوی مەسەلەی موزاهەرات دەکەن بە مەسەلەی ئیرهابی, ئەگەر لە ئاکرێ خەلك دەچێ بەنزینخانە دەسووتێنێ, لەبەر ئەوەی نارەزاییە و بەنزینی نییە, یەعنی لێرە دافع بەنزینە, ئەگەر خەلك لە هەلەبجە دەچێت مۆنیمێنت دەسووتێنێ, لەبەر ئەوەی دافیعی هەیە حاجەتێکی هەیە, خانووی دەوێت خزمەتگوزاری دەوێت, ئەگەر لە شوێنێکی تر خەلك دەچێت بینایە دەسووتێنێ, یان دێنە بەردەم پەرلەمان لەبەر ئەوەی دافیعی ئەوەی کە دوکانەکەی ئەوەکرایە, یانیش ئەوەتا غەدری لێدەکرێت, یەعنی حاجاتەکە مەعلومە لێرە, یان بەنزینی دەوێت یان خانوو یان حقوقی دەوێت, حاجاتی ئەوە نییە, بێت دەسەلآتی تێك بدات یان بیەوێت وەزعی ئەمنی هەر لەبەلاش, یەعنی هەدەفەکە حاجاتە, ئەو کەسە حەقیەتی, بێ موزاهەرە بکات و یان خۆپیشاندان بکات, بەلآم حەقی نییە وێرانکاری بکات, بەلآم جار وایە ئەو وێرانکارییە لە نەتیجەی عەقلێکی جەمعی دروست دەبێت, یەعنی لێرەدا تکا دەکەم, تەحدیدی هەدەفەکە بکەین, موزاهەرە دەکات یان ئەگەر بالەخانەی قسمی داخیلی دەسووتێنێ, لەبەر ئەوەی حاجەتی هەیە لەوێ, ئاوی دەوێت, کارەبای دەوێت, یەعنی لێرە شتەکان جیا بکەینەوە, تکایە با لەگەلێ هەدەف ئیرهابی تێکەلآوی نەکەین و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەعلیقێکم هەیە لەسەر قسەکانی چنار خان, پێم وایە مەبەستت ئەوەیە تاوانی ئیرهابی لەگەلێ تاوانێکی جینائی ئیعتیادی جیا بکەیتەوە, ئەگەر نا موزاهەرە حەقی خۆیەتی, بەلآم کە موزاهەرەکە تەتەوری کرد, بۆ کاری توندڕەوی سوتاندن بێت یان کوشتن بێت, تاوانە دەبێت سزا بدرێت بە پێی قونانی عقوبات و, قانونی جەزائی, ئەما ئەگەر کاری موزاهەرەکە ئیرهابی بێت, یەعنی موبەرمەج بێت لەلایەن خەلکانی تیرۆریستەوە بەو ئیتیجاهەی لەو پێناسەدا هاتووە برۆن, ئەوا تاوانی ئیرهابییە, هەردووکی تاوانە بەلآم ئیرهابی شتێکە و, مەبەستت ئەوە, بەلآم بۆ ئەوەی قسەکانت بە هەلە تێنەگەن, لە تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکان, دەزانم تۆ مەبەستت ئەوە بوو کە هەردووکی تاوانە, بەلآم ئەوە تاوانی ئیرهابییە, ئەوەی تر تاوانی جەزائییە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من قسەم کرد, بەلآم پاش کۆمەلێك قسە گەیشتمە قەناعەتێك کە بەشدارییەکی تر بکەم, کە مەبەستەکەش سوود گەیاندن بێت بەو یاسایە, ئێمە یاسای تیرۆر دادەنێین, یاسای تیرۆر خۆی سزادانی تاوانبارە, ئەوانەی کە هەلدەستن بە تاوان, بەلآم لە هەمان کاتدا تیرۆر بەر لەوەی کە تاوان دروست بکات, دژە دیموکراتییەتە بەر تەسك کردنەوەی دیموکراتیەتە, لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت بە دوو روو سەیری بکەین, تەنها ئەوەندە سەیری نەکەین, لەلایەن عقوبەکەی سەیری بکەین, دەبێت جەوهەری دووەم سەیری بکەین, کە زاهیرەی تیرۆر بوویتە چەند هۆیەك کە دیموکراتیەت و ئەفزەلیەی دیموکراتیەت بەرەو شل بوونەوە و, بەرەو لەباربردن بەرێ, لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من هەست دەکەم لەناو قسەکانی هەمووماندا و, لە دەرەوەی پەرلەمانیش بەڕاستی ترس و دلەڕاوکێیەکی گەورە هەیە لەم یاسایە, سەبەبەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە کۆمەلگای کوردستانین, لەڕووی تەجرووبەی دیموکراتیەوە هێشتا لە پرۆفەیەکی بەسیت داین, شارەزاییمان کەمە, بۆیە هەست دەکەین, لەبەینی موزاهەرەیەکی قانونی و لەبەینی حالەتێکی تر لە یەك جیا ناکەینەوە, ئەم حالەتانە لە ئەمری واقیعی ئێمەدا هەیە, بۆیە من بەڕاستی پێم وایە بۆ ئەوەی ئەو دلەڕاوکێیە نەهێلین, بتوانین فعلەن یاسایەکە خزمەت بە تەجروبەکەی خۆمان بکات و, فعلەن تەحدیدی

تاوانبار بكات, باشتر وايه نەچينە دەرەوەی ئەم ياسايە, لەناوياسايەكە و لە كۆتـايى ماددەكانـدا, ماددەيـەك دەقێكـی نـوێ ئيزافە بكەين بەسەربەخۆيی خۆی جيابكەينەوە ئەو حاڵەتانـە لەيـەكتری, بـۆ نموونـە دەتـوانين دەقێـك وا دابرێژينـەوە بڵێين هەموو ئەو كارو هەڵچوون و ئەو ڕێپێوان و, مانگرتن و ئەو شتانەی كە دەكرێ لەناو سەنديكا, يان لە ناو ڕێكخراوە پيشەييەكان يان لەناو ئەحزاب ڕێگەی پێداوە و, قبوڵ دەكرێ بەڕێگەی ياسايی ناچنە خانەی تيرۆرەوە, باقی ئـەوەی تـر بە پێی قانونی عقوبات, بۆ خۆی تاوانە و قانونێك هەيە عقوبەی دەدات و, دەتوانێ تەحديدی بكات, بۆيـە بـەم حاڵەتـە دەتوانين جيای بكەينەوە و, ئەو موشكيلەيەش كە لـەناو خەڵكدا دروسـت بـووە, بـەو ماددەيـە كێشـەكە حـەڵ بكـەين و, نەمێنێت و پێويست نەكات ئەم ترس و دڵەڕاوكێيەمان هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵەمان تەواو كرد, بـەڵام ديسـان هـەر لەبـەر ڕۆشـنايی ئـەو قسـانەی دوايـی, تەئكيـد لەسـەر قسـەكانی نازنـاز خـان دەكەمـەوە, عـەفووم دەكـەن, كـە هەنـدێ جـار موداخەلەكـە لـە چوارچـێوەی خـۆی دەردەچـێت, بـەڵام مـن پـێم وايـە لـە موناقەشەكردنی هەر قانونێك, بەتايبەتی ئـەو قانونـە ئەگـەر بـە شـموولی لـە هـەر خاڵێـك كـە موناقەشـەی دەكـەن, بـە شموولی بير نەكەينەوە, تووشی ئەو ڕەخنانە دەبين كە گوێمان لێ بوو, چ ڕەخنە لە پێشێل كردنی مافی مـرۆڤ, چ لـەوەی دەسەڵات بەكاری بهێنێت بە شێويەكی نادروست, چ لە مەسائيلەكانی تر لێی بترسێين, ئێمە دەبێت چـەند حەقيقـەتێكی پێ بڵێين, ئەگەر تيرۆر و تيرۆرستان نەبان, ئايا هەرێمی كوردستان ئێستاكە چەندان هەنگاوی تـری بـە خۆيـەوە دەبـينی بۆ دابين كردنی ئازادی؟ ئەگەر تيرۆر نەبوايە پاشی 2003, من پێم وايە حكومەتی هەرێم پێش ساڵ و نيوێك دروست دەبوو, ئازادی زۆر زياتر دەبوو, مەحاكم دەوری گـەورەتر دەبـوو, ژيـانی خـەڵك و گـوزەرانی خـەڵك كـە ئێسـتا موزاهـەرە دەكەن, نەوت نييە, ئازادی نييە, بەنزين نييـە, ئەوانـە هـەمووی دابـين دەكـات, سـەبەبەكی گـەورە لـەوەی كـە كارەبـا تـا ئێستا چاك نەبووە, تيرۆرە, چونكە هەموو كۆمپانيەكانی بيانی كـە هـاتبوون بـۆ ئـەوەی كارەبـا چـاك بكەنـەوە, ڕۆيشـتن نەهاتن, لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی تيرۆر دەبنەوە, دەيان كوشتن هەموو كۆمپانيـەكان ڕۆيشـتن, بـەنزين, عێـراق ئەوەنـدە دەوڵەمەندە ئێستا لە توركيا بۆمان دێت, بـۆ ؟ چونكە ڕێگـا نـادەن مەعاميلـەكانمان چاك بكەينـەوە, بـەنزين پـاڵاوتن و نـەوت پـاڵاوتن چـاك بكەينـەوە, خۆشمان ئـەو قودرەتـەمان نييـە, لەبـەر ئـەوەی دواكـەوتووە لـە دابـين كردنـی بـەنزين, ئەمنيەت ئەگەر هەبێت و تيرۆر نەبێت, ئەو هەموو سەيتەرانە بۆچی دادەنرێت, كەواتە ژيانمان تێكچووە لەبـەر ئـەوەی تيرۆر هەيـە, ئينجا هـەتا ئـاينی پـيرۆزی ئيسلاميشمان, ئـەو ئاينـە پـيرۆزە كـە 1400 سـاڵە ژيـانی ئێمـەی ڕێكخستووە خۆشەويستی لەناو خەڵك دروست كـردووە, وای لێهاتووە ئـەو تيرۆرسـتانە ئەوەشـيان خەريكـە لێمـان تێـك بـدەن, لەبـەر ئەوەی ئەگەر ئەمانە هەمووی تێنەگەين لە هەر خاڵێكدا هەر يەكە بـيری شـتێك دەكاتـەوە, مەترسـييەكی دێتـە پـێش و قسەيەك دەكات, ئينجا لەپاڵ ئەوەشدا ئەو قسانەی دوێنێ نامەوێت تكـرار بكەمـەوە, ئـەو قانونـە لـە بەغـدا دەرچـووە و, مولزەمە بە هەمووومان, ئێمە لە عێراقێكی فيدراڵ داين, بۆيە تكام لێتـان ئەوەيـە كـە موناقەشـەی دەكـەن بـەو دوو سـێ قسەيەی كـە عـەرزم كـردن شموولیەتـە تەماشـای بكـەن, ئەمـە ئـەم قـەرارەی نەهێشـتنی تيرۆرسـتان لـە كوردسـتاندا, بـۆ ئازادييە, بۆ پاككردنی ئايينی پاكی ئيسلامە, بۆ دابين كردنـی داواكارييـەكانی خەڵكـە, بـۆ بـاش كردنـی گوزەرانيانـە, بـۆ نەهێشتنی فەقيرييە, بۆ دابين كردنی كارەبايە, كۆسپێك نائێم هەموو كۆسـپەكان, بـەڵام كۆسـپێكی هـەرە گـەورەی پـێش نەكەوتنی كۆمەڵ تيرۆر و تيرۆرستانە, بۆيـە دەبێـت هـەر هـەموومان بەيەكـەوە هـەوڵ بـدەين, ئـەو ديـاردەيـە نـەمێنێت, ئەوسا دەگەڕێينەوە باسی ئەوەش دەكەين, بزانن چەند كۆسپێكی گەورە بوو و, چەنديش پەيوەنديەكانم جـوانتر گـەورە دەبێت, ئازادييەكانمان پێش دەكەوێت, ژيانی خەڵكيش باشتر دەبێت, ئـەو فەقـەرەی يەكـەم بـە مولاحـەزاتی ئێـوەوە, بـە زمانەوانييەوە, ليژنەی ياسايی پێدابچێتەوە, دوايی كـە فەقـەرەكانی تريشـمان كـرد, بـە تەئكيـد ئـەمڕۆش ديسـان تـەواو نابين, وەكو ماددەی يەك و دوو, ئێستاش دێينە سەر ماددیە دوو, دواكارم لـە ليژنـەی ياسـايی بيخوێنێتـەوە, كـاك جمـال نوقتەی نيزاميت هەيە, ئەگەر موهيمە فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك عونی لە یەکێك لە جوابیەکاندا لە بابەتەکە دەرچوو, تەقیمی محاکمی کرد, کە (علی الاساس) دامودەزگای محاکمی ئێمە زۆر ڕێکو پێکە, من بە داخەوە دەڵێم دامودەزگای مەحاکمی ئێمە پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە, لەدامەزراندنی حاکمەوە بۆ پرۆسەی پیادەکرنی یاسایی هەمووی پیاچوونەوەی دەوێت,...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال عەفووم دەکەی, نوقتەی نیزامی نییە و, رەئیەکە لەسەر مەحاکم رەبتی بە مەوزوعەکەمانەوە نییە, نوقتەی نیزامی ئەوەیە وەکو ئەو سێیە باسیان کرد, ببورە, رەئیەکەت بەجێیەو, جێی تەقدیریشە, بەلأم نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی تر پێویستە دەنگی لەسەر بدرێت, پێش ئەوەی بچینە سەر بەشی دووەمی ماددەی سێیەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسمان کرد, وتمان لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەبارەی زمانەوە هەیە لەسەری, مولاحەزاتتان وەردەگیرێتن, وشەیەك دەگۆڕێت وشەیەك حەزف دەکرێت, بۆیە رێگا بدەین و, وەختێك بدەینە لیژنەی یاسایی چاکی بکەنەوە, لەڕووی یاسایی و زمانەوانییەوە, دەیخەینە دواتر هێشتا زۆریشمان لە پێشە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-پەکخستنی هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن وسیستەمەکانی کۆمپیوتەر, چوونەناو تۆڕەکانیانەوە, ژاوەژاو دانان لەسەریان, یان زانیاری وداتا خستنەناوەوەیان, بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆرکاریەکان.

رای لیژنە لەسەر ئەو خاڵە ئەوەیە:

لیژنە پێشنیار دەکات, وشەی رێگاکان بە وشەی هۆیەکان بگۆڕێت لە بڕگە دووی ماددەکە و بڕگەکە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە(2-پەکخستنی هۆیەکانی گەیاندن وسیستەمی کۆمپیوتەر, چوونە ناو تۆڕەکانی ژاوەژاو دانان لەسەری, یان زانیاری وداتا خستنەناوەوەیانەوە, بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆرکاریەکان).

بەڕێز بەنیسبەت کوردی ئەو هەڵەیەی تێدا نییە, تەنها ئەو نەقصە لە عەرەبیەکەیە, بەلأم ئێمە بە هەمان شێوە کردوومانە بە کوردی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعطيل سبل الاتصال وانظمة الحاسوب أو اختراق شبكاتها أو التشويش عليها أو إدخال معلومات أو بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الالجرائم إرهابية.

ترى اللجنة تبديل كلمة (سبل) الواردة فى الفقرة (3) منها الى كلمة (وسائل) وتقرأ الفقرة بعد ذلك كالأتي :

(تعطيل و سائل الاتصالات و انظمة الحاسوب او اختراق شبكاتها او التشويش عليها او ادخال معلومات او بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الالجرائم إرهابية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە زۆر وازیحە, ئەگەر دەتانەوێت قسەی لەسەر بکەن, ئەگەر دوو کەس بێت باشە, فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەمە خۆی پێویستی بە قانونێكی خاصە, ئەمە خۆی پەیوەندی بە قەرصەنەی ئەلكترۆنی هەیە, لەوانەیە زۆر قورستر بێت لە ئەوروپا و لە هەموو دنیا هەبێت, ئەمە یەك, دوو, ئەمە خۆی مەنع دەكات بۆ بەكارهێنانی بۆشێوەی ئیرهاب بۆ كاری ئیرهابی, ئەگینا مەنعی حكومەت ناكات بۆ تەنەصوت لەسەر خەدەماتی شەخصی و عام, من پێم وایە ئەم خاڵە ببێتە دوو بەش, خاڵی ئەلف و با, بكرێتە( يمنع التنصت على الشبكات العامة او الخاصة الا بالقانون او بالتفويض مع محاكم الاقليم. ب- ئەوەی تر بێت كە خوێنرایەوە, چونكە ئەمە مەنعی كاری حكومەت نابێت لە تەنەصت و ئەوانە, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری كاك بارزان, ئەو حاڵەتە ئەو ماددەیە, لە دەستووری عێراقی هەیە, هەروەها لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان تەسبیت كراوەتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەستووری عێراقی لە ماددەی چل هەمان شت باس دەكات, ئەگەر بە شێوەیەكی قانونی نەبێت, ناتوانێت تەنەصوت بكات.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دكەم, ئەم بڕگەیە بێتە گواستن بۆ ماددەی چار, چونكە هەدەفەكە لە (تسهيل أحداث جرائم الارهابية)یە لە ماددەی چاردا هەیە فەقەرەی دوو(صنع او استيراد المتفجرات واستخدامها لارتكاب), ئەوە لێرە ارتكاب جریمەیە و پانزە ساڵ حوكم دەكرێت, ئەوەی تر تەسهیل جەریمەیە (مدى الحياة)ە, وابزانم عقوبەكەی قوڕسە, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئێمە لە لیژنەی یاسایی زۆر دیراسەمان كرد, ئەو حاڵەتەمان زۆر بەباش زانی كە عقوبەكەی سجنی موئەبەد بێت, لەبەر ئەوەی دنیا لە پێشكەوتندایە و, تەعتیلی وەسائیلی الاتصالات و الانیزمەی حاسوب, یان اختراقی شبكات یان تەشویش حاڵەتێكی زۆر بە خەتەرمان زانی, خاصەتەن ئەگەر بووە تەسهیلی ئیرتكابی جەرائیمی ئیرهابی, بۆیە وامان بە باش زانی لێرە بێت, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە پێویستی دەزانم ئەم بڕگەیە زیاتر تەوزیح بكەینەوە, چونكە لێرە تەنیا باس لە هۆیەكانی پەیوەندی كردن كراوە, وازیح نەكراوە, من پێشنیار دەكەم كە ئەو بڕگەیە بەم شێوەیە بێت, پەكخستنی هۆیەكانی پەیوەندی كردن وەك ئەنترنێت, تەلەفۆن, مۆبایل, هەر هۆیەكی تری پەیوەندی كردن و, هۆیەكان گواستنەوە وەك, شەمەندەفەر, میترۆ و, هەر هۆیەكی تری گواستنەوە, لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن یەكێك لەو كارە ئیرهابییانەی كە لە لەندەن كرا لە میترۆی لەندەن كرا, ئێمەش با هەر بیر لەمڕۆ نەكەینەوە, ڕەنگە پاش چەند ساڵێكی تر ببینە خاوەن شەمەندەفەر, ببینە خاوەن میترۆ, حەز دەكەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وا بـزانم ئـەو فەقەرەیـە هیچـی لەسـەر نییـە, زۆر وازیحـە ئیشـکالێکی نییـە, لـەڕووی زمانەوانیشـەوە, هـەر هـەمووی پێدادەچینەوە, مادام ئیشکالی نییە, بۆیە من دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیدایە با دەستی بەرز بکاتـەوە؟ کـێ لەگـەڵی نییە, سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ, سێیەم بخوێنەوە, تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاسانکاری هاتنەژوورەوە وچوونەدەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆریستان, یـان دابینکردنـی شـوێنی حەوانـەوەیان, شاردنەوەیان, یان حەشاردانیان, بەخۆی, یان بەکەسێکی دی, یارمەتیدانیان بە هەواڵپێدان وپێشکەشکردنی ئەو زانیاریانـەی بـەکاردێن بۆ پلاندانان, یان بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی تاوانی تیرۆرکاری, بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە لەسەر ئەم خاڵە هیچ تێبینیەکی نییە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

- تسهيل دخول وخروج إرهـابيين للاقليم وتـوفير المـأوى لهـم أو إخفـائهم أو التسـتر بنفسـه أو بواسـطة غـيره أو مسـاعدتهم بالإخبار والمعلومات التي تستعمل في التخطيط أو الشروع لتنفيذ الجريمة إرهابية مع علمه بذلك.

لا توجد لدى اللجنة اية ملاحظات على هذه الفقرة, وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چەندە ئەو خاڵەش زۆر گرنگ نییە, بەڵام ناوی حەوت کەسم نووسیوە بۆ قسەکردن, کاك رۆمیۆ, فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێشـنیارێکم هـەبوو, بـەڵام دەقـە عەرەبیەکـەی خوێنـدەوە, وا بـزانم ئـەو پێشـنیارەی لـە تەرجەمەکـەوە هەنـدێك گۆڕانکاری کراوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی, لە کۆتاییدا دەڵێت بەمەرجێك بە کارەکە بزانێت, مـن دەپرسـم, ئایـا ئـەوەی هەموو ئەو کارانەی سەرەوە کردوویەتی بە کارەکە نازانێ, یەعنی هەموو ئەو کارانـەی سـەرەوە کردوویـەتی, ئایـا نـازانێ کە ئەمە کارێکی ئیرهابییە؟ دووەم کە سزاکەی داناوە بە بەندی هەتا هەتایی, ئایا ئەگەر ئەمە بە کارەکەی نـەزانی بـێ؟ یاخود ئەگەر بە کارەکەی زانی بێت, دەبێت سزاکە چی بێت, لە هەردوو حاڵەتەکەدا, سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیرهاب وەك دەزانن, شەڕێکە شەڕێکی گەورەشە, هیچ شەڕێك بە بێ دروست کردنـی هێزێکـی لوجیسـتیك نـاکرێ, لەم خاڵە کەوا تەسهیلات دەکات, تەسهیلیش بۆ مەجموعەیـەك دەکات, تەسـهیل دخـول او خـروج إرهـابيين و, خـاڵێکی تریش لەدوای ئەوە تەمویلە, پاشـان تدریبـە, ئـەو سـێ شـتە هەرسـێکیان هێزێکـی زۆر کۆدەکاتـەوە, کـە سـەدان عملیـاتی ئیرهابی دەتوانن جێبەجێ بکەن, یەعنی زیانیان سـەد ئەوەنـدە زیـاترە کـە ئەنجامـدەرێك دەیکات, کـە ئـەو ئەنجامـدەرە حوکمی ئیعدامامان بۆ داناوە, ئەو شەڕە ئیرهابییە بە چوار شت دەکرێـت, بـە تـەنزیم و, تەسـهیل و, تـەمویل و, تـدریب, ئێمە بۆ تەنزیمەکە حوکمی ئیرهابمان داناوە, لە ماددەی دوو فەقەرە یەك, بۆ ئەوانەش خۆیان هەر لـەو شـتە بەشـدارن, یەعنی پێویستە ئەوانە حوکمیان بگۆڕدرێ, چونکە ئەوانە خۆیان مانـەوە, ئەصڵەن حـوکمی ئیعـدام ئەوانـە دەترسـێنێ, نـەك ئەنجامدەرەکـە, ئەنجامدەرەکـە جـاری وا هەیـە, خـۆی دەکـوژرێ, یـەعنی هەنـدێ جـار حـوکمی ئیعدامەکـە بـۆ ئەنجامدەرەکە جائیزەیـە, چونکە هەنـدێکیان وا تێدەگەن, دەچنە بەهەشت, کە ئیعدامیشی بکەی بـە هـەمان ڕێگـادا دەڕوات, لەبەر ئەوە خۆی دەمێنێ, تۆ دەچی حـوکمی ئەبـەدی دەدەیـێ, لەبـەر ئـەوە وا بـزانم کـاك کمـالیش شـتێکی وای ئیختیراع کرد, مـن دەمـەوێت ئـەو سێیە, یـەعنی ماددەی سـێ و چـوار و شـەش بگوازرێتـەوە بـۆ ماددەی دوو حوکمیـان ئیعدام بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تا حەددێکی زۆر تەئیدی ئەو رەئییەی کاك شێردڵ دەکەم, کاك عونی و برادەرانی لیژنـەی یاسایی باشی لێدەزانن, بە تەسهیل و بە تەختیت و بە ئیتیفاق, دەچێتە بابی ئیتیفاقی جینائی, دەچێتە ماددەی 47 و 48و 49 لە قانونی عقوباتی عێراقی, پێویستە عقوبەکەی ئەمان, ئەگەر ئەصڵی ئیرهابییەکە عقوبەکەی ئیعدام بێت, فعلەکەی ئیعدام بێ, بۆچی تەسهیل و تەنفیز بۆ ئیرتکابی جەریمەکە عقوبەکەی سجنی موئەبەد بێت, مەفروزە ئەو فەقەرەیە عقوبەکەی زیاتر بکرێ و بەرز بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بیرو بۆچوونم هەیە, بەڕاستی ئەوانەی ئاسانکاری دەکەن, بۆ ئەو خەڵکانەی بێنە ناو کوردستان کاری تیرۆری ئەنجام بدەن, یان دوای ئەوەی کە کارە تیرۆریەکەیان ئەنجامدا, بە ساغ و سەلامەتی بچنە دەرەوە, بەڕاستی ئەوە حەقی خۆیەتی, ئەو فەقەرەیە بچێتە ماددەی یەك و حوکمەکەی ئیعدام بێت, لە ماددەی دوو, لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەندێ کرادار ئەنجام بدەن, ئەو کرادارانە لە ماددەی دوودا هەبن, ئەو کردارانەی لە ماددەی دوودا هەن, هەموویان حوکمەکەیان ئیعدامە, ئەی باشە ئەو کەسانەی کە رێگا خۆش دەکەن بۆ کۆمەڵە خەڵکێك یان بۆ چەند کەسێك کە بێنە ناو کوردستان, کاری تیرۆری بکەن, کارێکی وا بکەن کە کۆمەڵە خەڵکێك لە ناو بچێت, بۆچی سزاکەیان ئەبەدی بێت؟ با ئەمانە نەمێنن, چونکە دەیان وسەدان و هەزاران رۆڵەی کورد, بە عەشق چوون بەبەرەو پیری مەرگەوە, هەڵیان بژارد پەتی سێدارە بخەنە گەردنیانەوە, دایك و باوك و خوشك و برا و کەس و کاری خۆیان خستە زیندانەکانەوە لە پێناوی کوردستان, ئەوانەی رێگا خۆش دەکەن بۆ تیرۆرستان بێن لە ناو کوردستان تیرۆر بکەن, بەڕاستی هەقە حوکمەکەیان ئیعدام بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی قسەکەی کاك شێردڵ حوێزی دەکەم, کە ئەمە بچێتە خانەی ئیعدامەوە, ئەوە یەك, دوو لێرە لە دێری دووی بڕگەکە(شاردنەوە و حەشار دان), یەك مانای هەیە, سێ ئەمانە کە ئەو کارە دەکەن, ئەمە زیاد بکرێ, یان گواستنەوەیان, چونکە ئێمە کاتی خۆی ئەو بەڵەمانە کە حجز کران لەسەر ئاوەکە, وەسیلەی نەقلی کۆمەڵێك خەڵك بوون, ئەو گواستنەوەشی بۆ زیاد بکرێت و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محەمەد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم وا بوو کە سێ و, چوار و, شەش دەمج بکرێ, بەڵام هەر لێرە بمێنێتەوە بە حوکمی موئەبەد نەك ئیعدام, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبداللە نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

ئەوەی من ئەمەویست کاك زرار باسی کرد, من تەئیدی ئەو رەئیەی دەکەم, بەڵام پێم خۆشە حەقیقەتێك هەیە, باسی بکەم, ئەویش ئەوەیە, تەبیعی هەموو قانونێك لیژنەیەکی بۆ دانراوە, بە تایبەتی ئەو لیژنەی قانونی ئێمە کە لەناو پەرلەماندا هەیە, قانونێك کە دەنووسی و بەرجەستەی دەکات, من پێم وایە ئەمەی ئێمە ئەوەندە زۆر لەسەری دەڕۆین, زۆریش زیادە مەبەستم ئەوە نییە, یەعنی موناقەشە نەکرێ, موناقەشە با بکرێ, بەڵام موناقەشەیەك با لە حدود دەرنەچێ, چونکە بە هۆی ئەوەی کە ئێستا ئەمەی باسی دەکەین, چوار پێنج رۆژی تری دەوێت, پاشان ئیشی لیژنەی قانونی, بۆیە لیژنەکە دانراوە, بە لیژنە دانراوە, ماددەکە نووسراوەتەوە, قانونەکەی داڕێژتووە, بۆ ئەوەی کە خەلەلی

تێدا نەبێت، ئەگەر دوان بن سێیان بن، بۆی هەیە خەلەلێکی تێدا بێت، بەلاّم کە لیژنەیەك لە دە کەس دروست بوو، من پێم وایە جێی ئەمە نییە کە ئێمە لەسەر هەموو نوقتەیەك ئیعتیرازێك بهێنینە پێش بۆ لیژنەی قانونی، نەخێر با ئەمە وابێت یان وابێت.....، ئەوە تەفصیلێکی زۆر هەیە، هی دووەم پێم خۆشە شتێك باس لە مافی مرۆڤ بکەم، یەعنی مافی مرۆڤ زۆر جار باس دەکرێ، حەقیقەتی مافی مرۆڤ ئەوەیە دەبێت داکۆکی تەحقیق کردنە لە حقوقی ئینسان، کە مەبەستی مافی مرۆڤ ئەوە بێت، حقوقی ئینسان دابین بکات، ئەدی مافی مرۆڤ چ دەکات لەو کەسانەی کوڕیان کچیان، کەس و کاریان پارچە پارچە کرا، ئیهانە کرا؟ هەتا کچی خەڵکیان برد، هەتکی ناموسیان کرا، ئەدی نابێت مافی مرۆڤ دیفاع لەو حەقەش بکات، پاشان ئەگەر مافی مرۆڤ راستە من لەگەڵی دامە هەبێ، بەلاّم دەبێت، هەندێك رەچاوی کەمێك قانونی شەریعەتی ئیسلامی بکات، ئایا شەریعەت قبوڵ دەکات کابرایەك بە بێ تاوان بێت کوڕی کابرایەك بکوژێت، هەتکی ناموسی بکات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆچوونەکان دیار بوون، دوو رەئی هەیە، مەبدەئی ماددەکە زمانەوانی ئەگەر هەبێ وشەیەك کەم بێت یان زیاد بێت، ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەلاّم رەئییەکی موهیم هەیە، گرنگە تکایە بە ئینتباهەوە رەئی لەسەر بدەن، چەند برادەرێك، چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئیقتیراح دەکەن، ئەو فەقەرەیە بچێتە ماددەی دوو، واتە سزاکەی ئیعدام بێت، ئەوەی تەئیدی ئەوە دەکات، کە بچێتە ماددەی دوو، با دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، ئەوەی لەگەڵ ئەوە نییە، بچێتە ماددەی دوو با دەستی بەرز بکاتەوە، ئەکسەریەت لەگەڵ گواستنەوەیەتی بۆ ماددەی دوو، 28 کەس، دەنگی دا کە بمێنێتەوە، کەواتە ئەو فەقەرەیە دەگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم کاك شێردڵ ئیقتیراحەکەی وا بوو کە سێ و، چوار و، شەش، پێکەوە بڕۆنە ئەملاوە، ئیتر نازانم ئێمە یەك یەك، موناقەشەی دەکەین، یان نا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە کاك شێردڵ وای وت، بەلاّم من ئیقتیراحەکەی زۆربەی ئەوانەی قسەیان کرد، یەك ئقتیراح نا، ئەوانەی قسەیان کرد، زۆربەیان ئەوە بوو کە ئەو ماددەیە بگوازرێتەوە، ئەگەر ماددەکانی تر کە قسەمان کرد، هەمان شت بوو، وای لێدەکەین، جا لەبەر ئەوەی بچێتە وێ، دەبێت دەنگی بۆ بدەین.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێشتا ماددەکە موافەقەتی لەسەر نەکراوە، ئایا بەو صیاغەتە ماددەکە ئیقرار دەکەین، ئینجا نەقڵ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا منیش وادەڵێم، مەبدەئی گواستنەوەکە رۆیی، بەلاّم دەبێت ئیقراری بکەین، وەکو فەقەرە ناتوانین ئیقراری بکەین، دەبێت ماددەکە هەمووی ئیقرار بکرێت، لەبەر ئەوە دەیگوازینەوە بۆ تەواو کردنی ئیقراری ماددەکە، ئینجا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ صیاغەکەی فەقەرەکەیە با دەستی بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کەواتە ئەو فەقەرەیە چووە ماددەی دوو، بە ئیقرارەوە، فەقەرەی سێ دەچێتە ماددەی دوو، فەقەرەی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕگەی چوار دەخوێنمەوە.

پێشکەشکردن،کۆکردنەوە، گواستنەوە، یان ناردنی کۆمەکی دارایی، راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ لە ناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم، بەمەبەستی بەکارهێنانی، یان بزانێت بەکاردێت بۆ داراکردنی هەر تاوانێکی تیرۆرکاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەم بڕگەیە نییە, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

-تقديم أو جمع أو نقل أو تحويل الأموال بطريق مباشر أو غير مباشر بقصد استخدامها أو علمه باستخدامها كلياً أو جزئياً في تمويل أي الجرائم إرهابية سواء تم ذلك داخل الاقليم أو خارجه.

لیژنە هیچ تێبینیەکی نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەم بڕگەی چوارە لەگەڵ سێ دەکرێت بەیەك بە زیاد کردنی یەك دەستەواژە لەسەرەوە, ئەوەی سەرەوە بە پێشکەش کردنی زانیاری و کۆمەکی دارایی, چونکە لێرە گواستنەوە هەیە, لەوێ ئاسانکاری هاتنە ژوورەوە و, چوونە دەرەوە هەیە, تەنها ئەوەی لێرە زیادە کۆمەکی داراییە, دەتوانین لە بڕگەی سێدا ئەوە زیاد بکەین, لە دێری دووهەمدا, پێشکەش کردنی زانیاری کۆمەکی دارایی بۆ بەکار هێنانی لە پلاندانان دا یان لەهەر شتێکدا, یەعنی وا بزانم ئەو بڕگەی چوارە زیادە, هەر ئەو کەلیمەی تێدایە زیادە, دەتوانین بیخەینە پاڵ ئەمەوە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گواستنەوەی ئێرە, مەبەستمان گواستنەوەی کەس نییە, تەنها گواستنەوەی داراییە, لەبەر ئەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ گواستنەوەکەی تر.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەڤ فەقەرە, فەقەرێ چوارێ یا ماددێ سێیێ, ئەگەر بێتە گواستن بۆ ماددێ دووێ, باعتبار ئەڤ ئەموالە, تشتی متفجرات بکریتن, ئێکی هان بدەی پارە بدەیێ بچیتن خۆی ئینتحار بکا, بچی کۆمەڵەکا شولە بکا, یەعنی تەسهیلاتێت ماددێ شولێت ئیجرامی یان ئیرهابی پێ دێتە کرن, ژبەر هەندێ عقوبە ببێتە ئیعدام و, بچیتە فەقەرە لگەل کو مادێ دووێ, سوپاس.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە ئەو خاڵەی چوارە بۆ ماددەی دووەم بگوازرێتەوە, لەبەر ئەوەی تەقریبەن لەیەك نزیکترن, خاڵەکەشی قورسترە لەوەی کارەکانی, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بیروبۆچوونم هەیە کە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم ماددەیە من تەئید دەکەم, بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دووەم, بەڵام تەنها ئەوەیە دەڵێت پێشکەش کردن و کۆکردنەوە و گواستنەوەیان ناردنی کۆمەك, گواستنەوەی پارە ئێستا لە کوردستان بە هۆی حەواڵە دەکرێ, ئایا ئەو گواستنەوەیە جیاوازییەکە بکرێت بەبێ ئەوەی کەسێك ئاگادارە؟ هەموو خەڵك لە دەرەوە پارە دەنێرێتەوە لە ڕێگای حەواڵەوە, شتێکی تا ئێستا ڕێك نەخراوە گواستنەوەی پارە لە کوردستاندا, با ئەوە لەبەر چاو بگرێ, تەحدید بکرێت,

كە گواستنەوەی پارە, كەسێك بێ ئاگا بێت, لەوە بەریئـە, بێـت لـەو مەكتەبـە پـارە وەبگرێـت بـە عنوانێـك, زۆر عنـوانی غەڵەتیش دەدرێ, زۆر جاریش تەزویریشی تێدا كراوە لەو شێوەیەدا, جا ئەو گواستنەوەیە جیا بكرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری قسەی برادەرەكانم دەكەم, پێم باشترە كە ماددەی سێ بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, بەڵام زیاتر پشتگیری رەئـی كوێستان خان دەكەم, وا بزانم ئەو بوو وتی سێ و, چوار و, شەش هەرسێكیان لـە یـەكتری زۆر نـزیكن, هەرسـێكیان رێـك بخرێن لەڕووی زمانەوانییەوە ببێتە یەك برگە و, بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەی ئەو برادەرانە دەكەم و, داواكاریشم خاڵی چوار بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دووەم, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر نەبوونی سیستەمی بانكی لە وڵاتی ئێمەدا و, تەحویل كردنی ئەموالْ عادەتەن بە انواع رێگەی هەیە, لەبـەر ئـەوە ئێمە دەبێت زۆر لەم خاڵە تەئكید بكەینەوە, كە گواستنەوەی پارەكە ئاگاداری پێوەیە یان بێ ئاگادارییـە, چونكە ئەگـەر لە حاڵەتێكدا پارە تەحویل دەكرێت, خەڵكی وا هەیە بـە ملیـۆن تـەحویلی دەكات رۆژانـە, لەبـەر ئـەوە سیسـتەمی بانـك نییە, بەڵام دەبێت بزانی كە ئایا ئەو كەسە دەزانـێ وا بـەكار دێـت یـاخود نـا؟ وە دەنگـی خـۆم دەخەمـە پـاڵ بـرادەران و خوشكان بۆ گواستنەوەی بۆ بەندی دووەم, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەكە زۆر وازیحە (بقصد استخدامها أو علمه باستخدامها في تمويـل اي جريمـة إرهابيـة), دوایـی لەمـەودوا كوردسـتان ئاوەدان دەكرێتەوە, اتصالاتی دەولی بانق و ئەو شتانە دەكرێتەوە لە كوردستان, ئـەو ماددەیـە حیسابی موسـتەقبەلی بـۆ كرایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ئیقتیراحەكە بخەمە دەنگدان, تەوزیحێك هەیە, حەز دەكەم بیڵێم, ئەوانە ئەگـەر هـەمووی ئیسـپات نـەبێت بـۆ كاری تـیرۆر ئـەو فەقەرەیـەی لەسـەر تـەتبیق نـابێ, یـەكێك پـارە بگوازێتـەوە بـە شـك نییـە, دەبێـت بەڵگـە هـەبێت, ئیسپاتات هەبێ, ئیعتیرافات هەبێ, ئینجا دەچێتە ئەو خاڵەوە, زۆربـەی زۆری ئەوانـەی داواكاری دەكـەن وەكـو فەقـەرەی پێشوو بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, ئەوەی لەگەڵیەتی بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بـۆ مـاددەی دوو بـا دەسـتی بـەرز بكاتـەوە, زۆر سـوپاس, ئـەوەی لەگـەڵ ئەوەیـە كـە لـە شـوێنێ خـۆی بمێنێتـەوە, ئەكسـەریەت دەڵێـت بمێنێتـەوە, لـە جێـی خـۆی دەمێنێتەوە, زۆر سوپاس, فەقەرەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وروژاندنی تایفەگەری, یان رەگەزپەرستی لەنێو هاوڵاتیانی هەرێمدا, یان چەكداركردنی هاوڵاتیان, یان چـەكداركردنیان لە دژی یەكتر, ئەگەر كارەكە باڕێك لەشەڕی ناوەخۆ بنێتەوە.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی نییە لەسەر ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

إثارة النعرات الطائفية أو العنصرية بين أبناء الاقليم أو تسليح المواطنين أو حملهم على التسلح بعضهم ضد البعض الآخـر، وتكون العقوبة الاعدام إذا أدى ذلك إلى حالة من الاقتتال الداخلي.

ليژنه هيچ تێبينيەكى نييە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

له كورديیەكه ئيعدام نەبوو, وابزانم نەبوو, ئەو دێره پەڕييه, نوقتەى نيزامت هەيه, فەرموو.

**بەڕێز باپير كاملا سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمه لەسەر فەقەرەى چوارەم دەنگمان لەسەر نەدا, تەنها دەنگمان لەسەر ئەوەى دا بۆ گواستنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەنگمان لەسەر ئەوەى دا كه بمێنێتەوە, مادام وا بێت پێويست ناكات, دەنگى لەسەر بدەين, چونكه ماددەكه دواى ئەوەى مايەوە, ئاخر دوايى دەيدەين وەكو نەصەكانى تريشمان نەداوە, ئەو فەقەرەى كه گواستراوەتەوە بۆ ماددەى دوو, چونكه ماددەى دووە دەنگمان بۆ داوە, بۆيه دەنگمان بۆ دا پاش گواستنەوەى بۆ پەسند كردنى, ئەوە مايەوە له شوێنى خۆى, دەنگى بۆ نادەين, بۆ ئەوەى به كاملى له جەلسەى داهاتوودا بخوێنرێتەوە و دەنگى بۆ بدەين, جارێكى تر بيخوێنەوە, چونكه كەموكورتى تێدا هەيه.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

5-وروژاندنى تايفەگەرى, يان رەگەزپەرستى لەنێو هاولاَتيانى هەرێمدا, يان چەكداركردنى هاولاَتيان, يان چەكداركردنيان له دژى يەكتر, سزاكەشى دەبێته له ناو بردن, ئەگەر كارەكه بارێك لەشەڕى ناوەخۆ بنێتەوە.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەى كەرتى يەكەم بڕگەكه(إثارة النعرات الطائفية أو العنصرية بين أبناء الاقليم) تا ئێره مەفهوميیەكى زۆر فراوانى هەيه, دەروازەيەكى تايبەتى نييه, بۆ دەست نيشان كردنى تۆمەتەكه, پێشنيار دەكەم دوا بخرێ, ئەو بڕگەى له دوا دێتن, بخوێنرێتەوە بەم شێوەيەى دێت, (تسليح المواطنين او حملهم على التسليح بعضهم ضد البعض الاخر بغية اثارة النعرات الطائفية او العنصرية بين ابناء الاقليم), سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەبەينى عەرەبيەكەو كورديیەكە, وشەيەك پەڕاوە تەرجومەكەى نەنووسراوە, وروژاندنى تايفەگەرى, عەربيەكەى(النعرات), ئينجا نعرات هەست و نەسته خولياية, يەعنى وشەيەك هەبێت شوێنەكەى بگرێتەوە, ئينجا هەست و نەستى بەكار دەهێنين, يان خوليا بەكار دەهێنين لەجياتى النعرات, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وروژاندنى تايفەگەرى يان رەگەزپەرستى له نێوان هاولاَتيانى هەرێمدا, تەبعەن ئەو وروژاندنه زۆر جار شتى وا دەبێت له ناو كۆمەڵى كوردەوارى خۆماندا لەسەر كێشەيەكى كۆمەلاَيەتى زۆر جار گوند بۆ گوند كێشەيەك دەبێت, خەڵك خەڵك دەكوژێت, تەبعەن ئەمه شتى لێ دروست دەبێتەوە, من پێم باشه بكرێت به مەبەستى سياسى يان عەقائيدى له ئاخيرەكەيدا, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان.**

دياره ئێمه له ليژنەى ياساييدا ئەو بڕگەمان دانا, زياتر رەچاوى ئەوەمان كرد, كه پێكەوە ژيانى هاولاَتيانى كوردستان به برايانەو ئاشتيانه به شێوەيەكى چاك, پەرەپێ بدەين و, رێگا له هەر كارێكى دزێو بگيرێ كه ئەو يەك رێزيه, ئەو

پێکەوە ژیانە بشێوێنێ, بەلاّم پێم وایە برگەکە کەموکوڕی تێدا هەیە, چونکە تایفەگەری بەس جیاوازی نێوان مەزهەبەکان دەگرێتەوە, کێشەی مەزهەبی لە کوردستان کەمترە, شیعە و سوونە لە کوردستاندا کەمترە, عنصریش زیاتر بەینی قەومیات دەگرێتەوە, راستە یەك دوو قەومیەت هەنە و, پێکەوە ژیانە لە کوردستان, زیاتر موشکیلەی بەینی عەرەب و کوردە, من پێم وایە فراوانتری بکەین, چونکە لە کوردستان قەومیات پێکەوە دەژین, و ئەدیان پێکەوە دەژین, ئەحزابیش پێکەوە دەژین, شتێك دابنێین عیلاجی هەمووی بکات, دەردی خەڵکی کوردستان لە ساڵانی رابردوو, شەڕی ناوخۆ بوو, کە لە نێوان یەك قەومیەت دوو حزبی سەرەکی چەند هۆیەکی تووشی ئەم بەزمە بووین, چۆن ئێمە لێرە دەستی ئەو گێرەشێوێنانە بگرین, کە دەیانەوێت جارێکی تر ئەو مەینەتانە دووبارە بکەنەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم وشەی تایفەگەری عنصری هەڵبگیرێت, بڵێین اثارة النعرات والفتن بین (ابناء الاقلیم), بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی هەموو جۆرە ئاژاوەیەکی بگرێتەوە کە یەك ریزی میللەتەکەمان تێك بداتن, یان ئاژاوە یان پشێوی لە نێو کۆمەڵگا بنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەڕووی زمانەوانیدا قسەمان کرد لە تەرجەمەکە هەڵەیە, لەڕووی شیکردنەوەشدا ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت کۆمەڵێ کێشەی ئایدۆلۆجی هەیە, کە بۆتە شەڕی ناوخۆ و عەشیرەتەکانیشی تێوە گلاّ, لەگەڵ ئەو رێگەیەی مامۆستا زانام و بکرێت ئەو خاڵە لە دەقە یاسایەکە تۆمار بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی پێنج بە بۆچوونی من لە هەموو فەقەرەکانی تر کە لە ماددەی دوودا هاتووە کەمتر نییە, بۆیە گەلێك شتی کوشندە تری تێدا هەیە, پێم وایە ئەو فەقەرەیەش بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دووەم, چونکە شەڕی ناوخۆی تێدا هەیە, تایفەگەری تێدا هەیە, رەگەزپەرستی تێدا هەیە, ئەوە گەلێك گەورەترە کە حوکمی هەتا هەتایەی تێدا هەبێت, بۆیە پێشنیار دەکەم, تەئیدی کاك شێردڵ دەکەم, کە ئەو فەقەرەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددە دوو, بێتە سەر حوکمی ئیعدام, سوپاس.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە فەقەرەکە ئیشارەتمان کردیە, ( وتكون العقوبة الاعدام اذا ادى ذلك الى حالة من الاقتتال الداخلي).

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مە وەك موجتەمەعی کوردستان, موجتەمەعەکی رەنگاو رەنگە, موزائیکی قەومیات و ئەدیانی تێدا هەیە, مە تەجروبەکی تازە هەیە, ئت مێژوویدا چەندەها فەرمان رابووینە سەر ئەدیان وەك ئێزیدی, وەك مەسیحی, وەك ئێدی فەرمان بووینە, هەردیسان لەناڤ خۆدا بوویە, من پێم وایە ئەوە (النعرات الطائفیة والعنصریة), ئیزافەی (والقومیة والدینیة)ش, بکرێت, تا ئەو نعراتی دینیش نەمێنێ, ئەوەش حەقەکی خۆمانە کو ئەم خۆ بپارێزین, ژ ئالیێ ئاینی ڤەژین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من عەینی شت ئەو تێبینیەم هەبوو, نعرات واتا خولیا بە کوردی بەکار بێت, پێشنیار دەکەم, (اثارة النعرات و الفتن الطائفیة والعنصریة والعقائدیة.... بین أبناء الاقلیم) و, هەتا دوایی, (وتكون العقوبة الاعدام اذا ادى ذلك الى اقتتال الداخلي),(الاقتتال الداخلي )لا ببرێ, چونکە ئەوە دەبێتە شتێکی تر و, بە قانونیش وەکو بزانم ئەوە مەنع کراوە, یعنی

حاڵەت تەحریم کراوە, اقتتال داخلی, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەمە لێرە جێگەی خۆی نییە لێرە, تەحریم و تـەجریم, با بۆتانی راست بکەمەوە, تەحریم و تەجریم کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان, منیش رەئی خۆم دەڵێم راستی, ئـەو خاڵـە بـە حەقیقـەت هەرچـەند بـیری لێدەکەمـەوە, تاوانێکی گەورەیە, بەڵام ئیرهاب هەڵی ناگرێ, یەعنی مەسەلەن پیاوێك موتەعەصیبە بۆ قەومیەتەکەی, بـۆ تائیفەکـەی, نەتێگەیشتنی نەفامی, نەسەقافەتی, مومکینە وای لێباکات بە قەناعەتی من ئەمە تاوانە, بەڵام ناچێتە بابی ئیرهاب, من پێم وایە ئەو فەقەرەیە هەمووی ئیلغا بکرێتن, ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ئیقتیراحتان بۆ دەکات, ئەم فەقەرەیە لـەناو ئەو یاسایەدا نەبێت, کێ لەگەڵیـەتی کـە نـەمێنێ بـا دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس, کـێ لەگەڵیـەتی بمـێنێ؟ زۆرینـە ئیلغای کردەوە, خۆی ئیرهاب نییە, بڕگەی شەش, تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەشق پێکردنـی کەسـێك, یـان کەسـانێك لەسـەر بـەکارهێنانی چـەك, یـان لەسـەر هۆیـەکانی پەیوەنـدی پێوەکردن, یـان فێرکردنـی هونـەرە جەنگیـەکان, یـان شـێوازەکانی شـەڕکردن, بەمەبەسـتی ئامادەکردنیـان بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانێکی تیرۆرکاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە هیچ تێبینیەکی نییە, لەسەر ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تدریب شخص أو أکثر علی استعمال الاسلحة أو وسائل الاتصال أو تعلیم فنـون حربیـة أو أسالیب قتالیـة بقصد إعـداده لتنفیذ جریمة إرهابیة.

لا توجد لدی اللجنة القانونیة ایة ملاحظات علی هذه الفقرة, شکراً.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وابێ ئەو فەقەرەیەش لەگەڵ چوار و سێ, هیچ جیاوازییەکی نییە, فەقەرە چـوار و شـەش و سـێ, بکرێتـە یـەك فەقەرە, بگوازرێتەوە بۆ فەقەرەی ماددەی دوو کـە حوکمەکـەی ئیعدامـە, پرسیارێکیشـم لـە لیژنـەی قـانونی هەیـە, پـێم خۆشە قەناعەتمان پێ بهێنن بۆمان روون بکەنەوە, کە ئەو کەسەی کابرایەکی یەمەنی دەهێنێتـە مـاڵی خـۆی, سـێ شـەو و, سێ رۆژ لە ماڵی خۆی دایدەنێ, رێی بۆ دابین دەکات, تاوانەکەی بۆ دیاری دەکات, دەیبـات خـۆی لـەوێ دەتەقێنێتـەوە, ئەو دەڕوا بۆ بەهەشت, دەچێ نوێژی جەماعەت لە حزوری پێغەمبەر دەکات, بەڵام ئەو تاوانبارە موجریمە, ئـەو خـائین و خۆفرۆشە, ئەو زۆڵە کوردە, تاوانی ئەوەی بەسەردا نەسەپێ و ئیعدام بکرێ, ئەو پرسیارە حەز دەکەم لیژنـەی قـانونی وەڵامم بدەنەوە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موعالەجە کرا, چووە بابی ئیعدام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەسێك کە مەشق بە خەڵکێك بکات, بۆ بەکار هێنـانی چـەك یـان چۆنیەتی بـەکار هێنـانی تەقاندنـەوەی ئامێرێـك یـان خۆکوشـتن, ئەمانـە زۆر لەوانـە خـەتر تـرن, کـە کارەکـە ئـەنجام دەدەن, بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم, نموونـەش بـۆ ئـەم پێشنیارەی ئێمە لە چەند یاسایەکی تری ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیرهابـدا هەیـە, ئەمانـەی کـە مەشـق پێکـری تیرۆرسـتانن,

بەڕاستی بەرزترین عقوبەیان بۆ دەست نیشان دەکەم, بۆیە من پێشنیار دەکەم, ئەمە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی دوو, بۆ ئەوەی عقوبەکەی حوکمی لەناو بردن بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەئکید ئەو قسەی ئەو برادەرانە باسیان لەسەر کرد, تەسهیل و دخول و خروج لە فەقەرە سێ, ئەو ماددەی کە گۆزاریەوەش عقوبەکەی ئیعدام بێ, ئەوە وەکو یارمەتی دەرێکی فەنی وایە, مەواده فەنییەکەی بۆ حازر دەکات, ئەی لە مادده شەش لە فەقەرە شەش, ئەسبابە ماددیەکەی بۆ حازر ئەکات, بەرەئی من هەر بە ماددەی 47 و 48 و 49 و قانونی عقوبات کە بە ئیشتراك دەڕوات, فاعل و شەریك بە یەك عقوبە دەڕوات, پێم باشە دەنگم لەگەڵ دەنگی ئەو برادەرانە بێت, چۆن فەقەرە سێ گوێزرایەوە بۆ عقوبەی زیاتر, ئەویش بڕوات, چونکە ئەو یارمەتیدانە بۆ تەدریب کردن لەسەر ئەسلیحە لەسەر کوشتن, فێری کوشتنەکەی دەکات, باشترە, خەتەر ترە لەوەی کە تەسهیلی دخولەکەی بۆ بکات, مادام تەسهیلی دخول عقوبەکەی ئیعدام بێت, کەواتە من بابی ئەولایەك فێرکردنی کوشتن دەبێت عقوبەکەی ئیعدام بێت, سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوایەك لە جەنابێتە وەکی سەرۆکی پەرلەمانێ دکێت, باسی پرۆژا ترۆرێدا, یان یاسایێ ترۆرێدا, گاڤا کە وشەی ئیسلامێ بەحەشتێ, پێغەمبەرێ خودی(صلی الله علیه وسلم) تێ, جەنابێتە بەرگری لەوا تشتا بکەی, چونکی بەناڤەتی پیرۆز و موقەدەسن, هیچ جێ هەندێ نییە, لبەحسەکی وادا بێنە کرن, یەعنی کەسێك دێتە کوشتن جێگای بەهەشتە, یان کەسەك بژی دچی لە نوێژی...., ئەڤە ئیسلام, دین, قورئان, بەهەشت ئەڤە لەم شتانە بەرزترە کە دباسەکاهودا بێتە کرن, داوای جەنابێتە دکەم کە بەرگری لهەر ئەندامێکی بکەی, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من هیچ تێبینیەکم نییە لەسەر ئەو فەقەرەیەی, بەلاَم پێشنیاری فەقەرەیەکی ترم هەیە, لەبەر ئەوەی ئەوە ئاخیر فەقەرەیە, بۆیە دەبێت لێرە دەست بەرز بکەمەوە قسەی بکەم, ئەوەی لە ماددەی دوو نەقڵ بووە, نازانم پێشنیارەکەم بکەم یان دوای بخەم, یان باس بکەم, باشە, لەسەر پێشنیاری خۆم و هەردوو بەڕێزان خاتوو سوزان و, نازناز خان, ئەوەی دوێنێ بەڕاستی نەگەیشتینە نەتیجەی ئەویش بەکارهێنانی هەندێ ئەسالیبی نامەشروع بۆ زەخت کردن یاخود ئیبتیزاز کردنی مەجنی علیە, ئێمە بە چاوی خۆمان بینیمان کە گروپی شێخ زانا چۆن کە هەندێ ئەسالیبی غیر مەشروعیان بەکارهێنا بۆ تەجنید کردنی هەندێك کەس, بەحەقیقەت لەو قانونەی موعالەجەی ئەو فەقەرەی نەکردیە, ئەو حاڵەتەی و, ئیرهاب هەروەکو لە تەعریفی تیرۆر هاتیە, لەو قانونەی ئیرهاب ئەوە نییە, تۆ کۆمەڵگایەك ئیرهاب بکەی, یان مەجموعە کەسێك, تەنها یەك کەسیش تووشی حاڵەتی تیرۆر بێت, ئەوە تیرۆرە, بۆیە من پێشنیار دەکەم, کە فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێ, بەم جۆرە بێت نەصە عەرەبییەکەی ( أستخدام اسالیب غیر مشروعة وابتزاز و الضغط علی المجني علیه لتجنیده او التاثیر علیه لتحقیق اهداف سیاسیة وعقائدیة), سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم خاڵەش بگرێتەوە بۆ بەندی دوو, سەیرم لەو رایانە دێ کەلەسەر خاڵی چوار دەنگیدا, لەم بەندە بمێنێتەوە, چونکە جێبەجێکەر و پاڵپشتی خاڵی 3 و خاڵی 6 لایەنە ماددیەکەی خاڵی 4, بۆیە دەبێت ئەو سێ ماددەیە پێکەوە هەموومان گوزارشتمان لەسەر ئەوە کرد, کە پاڵنەرێکی سەرەکین بۆ جێبەجێ کردنی کاری ئیرهابی و پێویست بوو عقوبەکەیان لەو کارانەی تر گرانتر بوایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتێك كە دەنگی بۆ درا, تكایە رێزی لێ بگرن, دەنگی بۆ درا بە ئەكسەریەت كە تەعلیقی بۆ نەدرێتەوە.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم لەلایەن چەند ئەندامێکی بەڕێزە پێشکەش کرا, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هی من تەنها پێشنیارە, لە مەجالی (طب عدلی), کە پێیدەوترێت پزیشکی دادوەری, چەند یاسایەك هەیە, دەربارەی ئیستغلالی میهنە بۆ ئەنجامدانی تاوان, سێ میهنە هەیە, کە یەکێکیان پزیشکە, ئەوەی تریان پارێزەرە, پیاوی ئایینیە و, سزادانی ئەمانە توندترە لە هاولاَتی ئیعتیادی, بەلاَم ئەمڕۆ ئەم میهنەو زۆر میهنەی تریش ئیستغلال دەکرێت بۆ ئەنجامدانی تیرۆر, وەکو ئەو دکتۆرەی لە کەرکووك توانی 43 کەس بکوژێت, هەر بەرێگای عیلاج یان لابردنی ئۆکسجین, یان تێکردنی ژەهر, بۆیە پێشنیار دەکەم, فەقەرەك هەبێت, لە یاسای تیرۆر ئیستغلالی میهنەش حیساب بکرێت, نەك هەر بۆ عەمەلێکی جینائی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی موفتەرەحێکی بەجێیە, چونکە بەڕاستی دوێنێ ئەو دکتۆرەمان بینی لە تەلەفزیۆن کە چەند کەسی کوشتووە بەوەی کە میهنەکەی خۆی بەکارهێناوە, ئیستغلالی میهنەکەی خۆی کردووە, بە عەکسی ئەو سوێندەی کە خواردوویەتی, برینەدارەکانی کوشتووە بە ئەمری تیرۆرستان, یەعنی جێگایەکی بکەنەوە لە فەقەرەیەکدا, ئەوە ئیقتراحێکی بەجێیە, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە داوای لێبوردن دەکەم و دەڵێم لەم نوقتەیە, لەوانەیە بیروبۆچوونی من جیاواز بێت, لەگەڵ هاورێکانم, خەڵك کە جەریمە دەکات, چەك یان شوێنی مەشق کردن, جەریمەکە ناکات, مەشق کردن هیوایەتە, لەدەرەوە وەکو چۆن یانەیەکی وەرزشی هەیە, خەڵك دەچێت خۆی دروست دەکات جسمیەن, ئەچێت مەشقی چەك دەکات, رادەهێنن, چونکە حەز دەکات, ئەمە ئەگەرچی لەم کۆمەڵگایەی ئێمە نەبێت, قەرارێك لەم بابەتە بدەین, زۆر لەسەر پەرلەمان دەکەوێت, چونکە ئەمە شتێکی مەشروعە, بەبێ ئەوەی هیچ شتێکت لێ بپرسێ, کە تۆ دەچیت بۆ ئەو شوێنانەی کە هەن, شوێنی مەشق کردنە, جا هەر بۆ ئاگاداری

(in door)یان هەیە, مانای لە ناوەوە,(out door)ریشیان هەیە, واتە لە دەرەوە, هەر مەشقێکت هەبێت, پێت دەکەن, ئەمە هیوایەتە, ئەمە وەرزشە, نابێت بۆ خەڵك بە هیوایەتی ئیعدام بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال عەفوو, بەبێ ئەوەی لیژنەی قانونی وەلاَمت بدەنەوە, بەلاَم ئەوە هیوایەت نییە, نەصەکە دەڵێت بۆ بەکار هێنانی کاری تیرۆری, ئەوە باسی ئەوە ناکات, ئێمە تدریبمان هەیە, لە کولیەی عەسکەری هەمانە لە پۆلیس هەمانە, ئەوان ناگرێتە, ئەوانە دەگرێتەوە کە ئەو کەسانەی خۆیان تدریب دەکەن, تاکو خۆیان بتەقێننەوە و, بچن کاری تیرۆرستی بکەن, چۆن فێری دەکەن, حیزامە ناسفەکە دابنێن, چۆن بەکاری بهێنن؟ ئەمانە دەگرێتەوە, لە نەصەکە نووسراوە بۆ بەکارهێنانی کارێکی تیرۆرستی, فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من لەسەر ئەو خاڵە نییە, هەروەکو روونکردنەوەیەك, بەڕاستی هەروەکو کاك شێخ ادهم فەرمووی, مەسەلەی تیرۆر ئێمە کە بۆی دانیشتووین, دەمانەوێت قانونێك دەربکەین, با بە شێوەیەك بێت هەموو گەلی کورد, هەموو

پەرلەمانتاران بەهی خۆی بزانن و, لە مەسڵەحەتی هەموو لایەك بێت, تـوانج و پلارگـرتن لـە ئیسلام, کـاری تیرۆرسـتی مەلایەك بیکات, شێخێك بیکات, کابرایەکە عەلمانی بیکات, هەر کاری تیرۆرستییە, یەعنی شتەکان خاص نەکەین, بـەوەی کـە بچێتە زهـنی ئەنـدامانی پەرلـەمان, یـان خـەڵکی کوردسـتانەوە, کـە ئـەوەی کـە کـاری تـیرۆری دەکـات, کـە بەتـەنیا کەسانێکن باوەڕیـان بـە قـەبرو قیامـەت و, بەهەشـت و جەهەنـەم هەیـە, خـەڵکی تـر نایکـەن, بـەڵکو ئێسـتا دەبیـنین لـە وەسەت و جنوبی عێراق, زۆر لە بەقایەی سەددام خەڵکی عەلمانین, ئەو مەسـەلەیە دەکـەن, تێبینیەکـەی مـن هـەر ئـەوە بـوو کـە جـەنابت وەکـو سـەرۆکی پەرلـەمان, یـەعنی رێگـە بـەوەی نـەدەی کـە هەنـدێ مەسـائیل دروسـت بێـت, لـەناو پەرلەمانـدا, کـە خـەڵکی تـریش ناچـار بێـت, قسـە بکـات, چـونکە ئێسـتا بـە نـەزەری ئێمـە, لەوانەیـە بڵـێین ئەمـەریکا گەورەترین ئیرهابییە, یەعنی بۆشمان هەیە وەکو حوریەتی خۆمان, ئەوە تێبینییەکانی من بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە تەئکید هەموو کەس ئازادە لـە دەربـڕینی بـیروڕای خـۆی, بـەڵام ئێمـە لەسـەر ئـەوە موناقەشـە دەکـەین, کـە قانونێـك دابنـێین, کۆمەڵگایەکـەمان پێویسـتی پێیـەتی, جەمعیـەی وەتـەنی عێراقـی پەسـەندی کـردووە, سـەرۆکایەتی عێـراق ئیصداری کردووە, بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەیەك هەموومان موتەفقین لەسەری, بە تەئکید هـەر لایـەنێك ئـازادە لـە بڵاوکردنەوەی بیرۆباوەڕی خۆی و, ئایدۆلۆجیەتی خۆی, فەرموو کاك احسان, دوا کەس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمی برگە بەندا دووێ و, بەندا سێدا, تەصەوڕی من بۆشاییەك هەیە, فەراغێك هەیـە, وەکو نوکـە ژی ئیشارەت پێـدا, نووکە مەسەلە دکتـۆرێ وێ کـاری, هـەروا فەقـەرا 4 و 5 , کـو کرینـە یـەك برگـا دووێ, تەصـەوڕی مـن برگەیـەك زێـدە ببیتن, ئەو ژ بێژیتن هەر کردەوەیەکی تیرۆرستی مردنی لێبکەویتن, بە لەناوبردنی سزا بدرێتن, ئەگـەر ئـەو فەقەرەیـە زیاد بکرێت, لە ماددەی دووەم, بە تەصەوڕی من ئەم بۆشاییانە پڕدەکاتن, ئەوی کە پێویستە پڕ ببیتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئێستا وەختی ئەوە هاتووە, کە مولاحەزاتەکان لەسەر فەقەرەکە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێتن, چ لە ناحیـەی زەمانەوانی, چ لەناحیەی وشەیەك زیاد بکرێتن, بەڵام دیسان هەندێك کەس ئیقتراحی ئەوە دەکاتن, ئەو فەقەرەیە بچێتە ماددەی دوو, یەعنی واتە ئیعدام, دەیخەمە دەنگەوە, تەبعەن دەبێت ئەوە بزانین, بەناو بردنـی ئیعـدام سـزایەکی چۆنە؟ مەفروزە پاش موناقەشەکە تێگەیشتبین, بچێتە ماددەی دوو یان نا, ئەوەی دەیەوێت ئەو فەقەرەیە بچێتە مـاددەی دوو, با دەستی بەرز بکاتەوە, سوپاس, ئەوەی دەیەوێت لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە با دەستی بەرز بکاتەوە, سوپاس,....

دوا فەقەرە ماوە بیخوێننەوە, تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایان.**

لە کوردییەکە خاڵی حەوتەم پەڕیوە, من بۆتان دەخوێنمەوە, ئێوەش بینوسن.

7-دەست بەسەر داگرتنی فرۆکەی مەدەنی و سزاکەشی ئیعدام دەبێت, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێکی لێکەوتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنە ئەوەیە, کە برگەی حەوت بگوازرێتەوە بـۆ برگـە دووی ماددەکـە, چـونکە تاوانکـاری بەرامبـەر بـە فرۆکـە زۆر گەورەیە و, فرۆکە و فرگە لە کوردستاندا شتێکی تازەیە, هەروەها رای لیژنە ئەوەیە, وشەی یان رفاندنیان بخرێتـە دوای دەست بەسەر داگرتنی فرۆکەکانی مەدەنی و, گۆڕینی رسـتەی ئەگـەر کارەکـە بـووە هـۆی بەرسـتەی, ئەگـەر کارەکـە لێـی کەوتەوە, چونکە ئەمیان لەڕووی یاساییەوە لەبارە, بۆ وەصف کردنی ئەو بارەی کە چاوەڕوان دەکرێت, هـەروەها وشـەی

پتر له کۆتایی بڕگەکە زیاد بکرێت و, بەم جۆرە بخوێنرێتەوە, دەست بەسەرداگرتنی فرۆکە مەدەنییەکان, یان فراندنیان و سزاکەشی دەبێتە لەناوبردن ئیعدام, ئەگەر کارەکە مردنی مرۆڤێك یان پتری لێکەوتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕگەی حەوتەم بە عەرەبی دەخوێنمەوە, لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی.

ألاستيلاء على الطائرات المدنية بدافع أرهابي وتكون العقوبة ألاعدام إذا افضى الفعل الى موت أنسان.

ترى اللجنة نقل الفقرة (7) منها اي من المادة الثانيـة الى محـل الفقـرة (2) منهـا لهـول الفعـل الاجرامـي بشـأن الطـائرات و كون الطائرات و المطارات حديثة العهد بالنسبة لكوردستـان, بعـد اضـافة عبـارة ( او اختطافها) الى مـا بعـد الاسـتيلاء علـى الطائرات المدنيـة و تغـيير عبـارة (اذا أفضـى الفعـل)إلى عبـارة (اذا ادى الفعـل) لكونهـا اكثـر ملائمـة مـن الناحيـة القانونيـة لوصف الحالة المتوقعة و كذلك اضافة كلمة (اكثر) الى أخر الفقرة المذكورة و لتقرأ على الشكل الآتي:

(الاستيلاء على الطائرات المدنية او اختطافها و تكون العقوبة الاعدام اذا ادى الفعل الى موت انسان او اكثر).

**بەڕێز رفعت محمد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەوە هەر تەیارە نەگرێتەوە, هەموو وەسـیلەکانی نـەقل بگرێتـەوە, چـونکە زۆر جـار هەیـە, پاسـێك خـەڵکی تیایە, دەستی بەسەردا دەگرن و دەیان کوژن, بۆ کارێکی ئیرهابی, یان پاپۆرێك یان ڤیتارێك, بۆیە بەرەئی من بکرێت بـە هەموو وەسائیلی گواستنەوە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پێشنیاری کاك محمدم هەبوو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من لەم ڕۆژگارە بەم هەڵومەرجە, لەناو میللەتی ئێمە ئەمە یەکەم جارە کە فرۆکەخانـە و فرۆکـە دەسـت بەکار بێ, لە وڵاتی ئێمە, من ڕەئیم وایە ئەگەر مردنیشی لێنەکەوێتەوە, دەسـت بەسـەر داگـرتنی فرۆکـە و, فرۆکەخانـە حەقە ئیعدام بکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری مامۆستا رفعت, ئێمـە لـە تـەعریفی ئیرهابەکـە ئیشـارەتمان داوە بەوەسـائیلی نـەقل و ئیتیصـالات, ئەوە یەك, دووەمین, فرۆکەخانە یان متارات لە کوردستان شتێکی نوێیە, ویستمان ئیهتیمامێکی تایبەتی پێبدەین, لەبەر ئەوە ماددەکی خاصمان بۆ داناوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بیرو بۆچوونام هەبوو, کە هەمی وەسائیلی نەقل هەبی, سوپاس.

**بەڕێز کژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئی ئەو ئەندامە بەڕێزانەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بـەڕێزان, ئێمـە ئێسـتا مـاددەی سـێیەممان تـەواو کـرد, بـەڵام دەنگـدان بـۆی دەیخەینــە جەلسـەی داهـاتوو, بـۆ ئـەوەی تەعدیلاتەکانی کە دەنگمان بۆ داوە, صیاغە و چاککردنی زمانەوانی, دەیخەینە جەلسەی داهاتوو, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەك نەخرایتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەی کە نەقل کرا بۆ ماددەی دوو, تەصویت کرا, بەلاْم ئەوەی کە لە ماددەی سێ ماوەتەوە, تەصویتی لەسەر ناکەین, بۆ جەلسەی داهاتوو, جەلسەی داهاتوو پێمان باشە رۆژی یەك شەم بێ, دووشەم, باشە دووشەم سەعات 11 بێت, زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/4/3**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی هەڵبژاردن

## رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/4/3

كاتـژمێر (11)ی پێشـنیوەڕۆی رۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2006/4/3 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبـدالله جێگـری سـەرۆك و، بەڕێز فرست احمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن، دانیشـتنی ژمـارە(4)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژارن، سـاڵی (2006)ی خـۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2006/4/3دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستان – عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێدەكەین، كـاك شـێروان بەرنامەكـە دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرنامەی كار

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992 ی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خـولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2006/4/3دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پـرۆژەی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تۆقانـدن (تـیرۆر) لـە هەرێمی كوردستان – عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی یاسایی و لێپرسراوی لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم بێن بۆ سەر جێگای خۆیان دابنیشن. پـێش ئـەوەی دەست بە قسەكانمان بكەین ڕێگام بدەن یەك دوو تێبینی عەرزی جەنابتان بكەم، دیارە من هەر كۆبوونەوەیەك بكرێت هەنـدێ جار دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامانی بەڕێز ئەگەر ڕەخنەیەك هەبێت، رایەك هـەبێت لەسـەر دانیشـتنەكە پـێم دەڵێن زۆر سوپاسیان دەكەم، لەبەر ئەوە دوو كۆبوونەوەی پێشوومان هەندە ڕەخنـە لەسـەرۆكایەتی گیراوە و ڕەخنـەكانیش بـە جێن، یەكێكیان ئەوەیە كە جەلسەكان تۆزێك دەنگە دەنگی تێدا بووە و كە نابێت لە ناو جەلسەدا دەنگە دەنـگ هـەبێت، یان دوو كەس سێ كەس پێكەوە قسە بكەن، جێگەی خۆیەتی ئـەو ڕەخنەیـە لـە ئێمـە بگـرن و منـیش داوا دەكـەم تكایـە دووبارە نەبێتەوە، دووەم دەنگی تەلەفۆن دێت لەكاتی جەلسـەدا، حـەق نییـە ئەنـدامی پەرلـەمانی بـەڕێز ڕێگـە بـەخۆی بـدات تەلـەفۆنی قـەپات بكـات و دابنیشـێ لەنـاو قاعـەدا، سـێ دووبـارە بوونـەوەی قسـە، بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆی نـابێ قسەیەك كە كرا ئەندامی بەڕێزێكی تر دووبارەی بكاتەوە، ئەمەش بەداخەوە ڕەچاو نـەكراوە، تكایـە لەمـەودوا ڕەچـاوی بكەن، چوار كە ناوەكان دەنووسین دە ناوە، پـازدە نـاوە، چـل نـاوە بـۆ قسـە كـردن، ڕێگـەم داوە پـاش نـاو نووسـین چـەند كەسێكی تر قسەی كردووە، كە ئەمـەش بـە پێـی پـەیڕەو نابێـت بكرێـت، وەڵامـی ئـەو ڕەخنەیـەی دوایـیم بـەوە دایـەوە، ئەگەرچی ڕەخنەكە لە جێی خۆیەتی وتم ئەو یاسایە یاسایەكی گرنگە پەیوەندی بە هەموو ئەندامانی بـەڕێزەوە هەیـە، بە هەموو كەسێكەوە، بەهەموو حزبێكەوە هەیە، لەبەر ئەوە چەند موناقەشە بكرێت، چەند ڕەئیی لەسەر بدرێت هـەتا

ئەگەر هەندێ جار بەداخەوە دەڵێم دووبارەشی تێدا بێت باشترە لەوەی کە قسە نەکرێت, بۆیە ڕێگەم دا و ئیلتیزامم بە پەیڕەو نەکرد کە نابی پاش ناونووسین کەسێك داوا بکات قسەی بکات, ئەگەر یەکێك داوای کرد قسە بکات دەبێ یەکەمجار ناوی خۆی بنووسێ, تکام وایە ئەوەی لەمەودوا ئومێدەوارم ئەوەش دووبارە نەبێتەوە, لەبەر ئەوەی هەم بەپێی پەیڕەو بڕۆین و هەمیش ڕەخنە لە سەرۆکایەتی نەگیرێت, فەرموو لیژنەی یاسایی بەردەوام بن لەسەر یاساکە, گەیشتنە کێ لەوێ قسە بکەن.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی پێشوو لە مادده دوو کە ئێستا بوویتە مادده سێ, بڕگەیەکمان ڕاگرتبوو ئەویش بڕگەی یەکەم بوو, ئەمرتان لەسەر چییە؟ بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو کە بوویتە مادده سێ, لەبەر ئەوەی پێناسەکەی ئیزافە کرا.

ماددەی سێیەم:

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن وسزاکەیان زیندانی تاهەتاییە:

تێکدان, ڕووخاندن, لەکەلك خستن, یان زیان پێگەیاندنی بەئەنقەست, بە, تەواوی, یان بە بەشێك لە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, یان ئەوانەی تەرخانکراوون بۆ فەرمانگە وبەرژەوەندیە حکوومیەکان, یان دەسگا گشتیەکان وبارەگای ئەو حیزب, یان ئەوکۆمەڵانەی بە یاسا ناسراوون, یان یەکێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان, یان هەر شتێکی دیکە لە دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێم, ئیستگەی وزەی کارەبایی وئاوی, پرد, بەنداو, ئاوەڕۆی گشتی, هۆیەکانی گەیاندن ودامەزراوەکانی, ئەو شوێنانەی ئامادەکراوون بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان وشوێنەکانی خواپەرستی, شوێەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, یان هەر سامانێك گرنگی هەبێت لە ئابووری نیشتمانی, بەمەبەستی شێواندنی ئاسایش وئارامی لە هەرێمدا.

**بەڕێز کەریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکان سەبارەت بەمادەی دووەمی پرۆژەکە:-

1- لیژنە بە پەسەندی دەزانێت وشەی (بەئەنقەست) لە بڕگە(7) لابربدرێت و وشەی ''یان تایبەت'' لەدوای (سامانە گشتیەکان) دابندرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(تێکدان, ڕووخاندن, لەکەلك خستن, یان زیانپێگەیاندنی تەواو, یان هەندێك بە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, تایبەت, یان تەرخانکراو بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندیە حکومیەکان,یان دەزگا گشتیەکان وبارەگای ئەو پارت وکۆمەڵانەی بەیاسا ناسراوون, یان یەکێك لە دامەزراوە نەوتیەکان یان هەر شتێکی دیکە لە دامەزراوەکانی هەرێم , ئیستگەی وزەی کارەبا وئاو, یان پرد, بەنداو , بۆریەکانی ئاوی گشتی, هۆیەکانی گەیاندن ودامەزراوەکانی, شوێنەکانی تەرخانکراو بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان, شوێنەکانی خواپەرستی, شوێنی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, یان هەر سامانێکی دیکە، کە گرنگ بێت بۆ ئابووری نیشتمانی , بەپالنەرێکی تیرۆریستی بۆ لەقکردنی ئاسایشی وسەقامگیری لە هەرێمدا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەبعەن موناقەشە کراوە پێشتر, دوو شت هاتۆتە گۆڕین یەکێکیان عمدا (بەئەنقەست) نەماوە, دووش لە عەرەبیەکە (ئیرهابی هەبوو) پێشتر لە نەصە کوردیەکە نەبوو, ئەوە ئیزافە کراوە, لەبەر ئەوە ئەم کارانە کە حوکمی هەتا هەتایی دەدرێن, دەبێ بە مەبەستی تیرۆر بێت, ئەگەر نا بە مەبەستی تیرۆر نەبێت حوکمی هەیە لە قانونی

عقوبات, یانی ئەگەر بۆ کاری تیرۆریستی نەبێت, ئەو کارانەی کە ئیشارەتی پێکراوە قانونی عقوبات دەیگرێتەوە, بۆیە ئەمە پاش ئەوەی کە لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە ئەم دوو گۆڕینە کرا, دەیخەمە دەنگەوە, بەو شێوەیەی کە هەیە بیخوێنەوە ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە, فەرموو کاك کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تخريب او هدم او اتلاف او احداث ضرر كلي او جزئي عمداً بالمباني و المؤسسات والاملاك العامة او المخصصة للدوائر و المصالح الحكومية او المرافق العامة و مقرات الاحزاب او الجمعيات المعتبرة قانونا او احدى منشآت النفط او غيرها من منشآت الاقليم او محطات الطاقة الكهربائية والمائية او الجسور او السدود او مجاري المياه العامة او وسائل المواصلات ومنشآتها او الاماكن المعدة للاجتماعات العامة واماكن العبادة او الاماكن المعدة لارتياد الجمهور او أي مال له اهمية في الاقتصاد الوطني بدافع ارهابي لزعزعة الامن والاستقرار في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەوە موناقەشە کراوە, مولاحەزاتی ئێوەش وەرگیراوە, بۆیە دەیخەمە دەنگەوە, ئەوەی لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس... ئەوەی لەگەڵی نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ دووکەس لەگەڵی نییە, بەزۆرینەی دەنگەوە, ماددەی سێ فەقەرە بە فەقەرە دەنگمان لەسەر دا, هەندێ فەقەرەمان گواستەوە بۆ ماددەی دوو, ئێستاکە ماددەکە هەمووی بە هەموو فەقەرەکانیەوە, ماددەی سێ کە دەنگتان بۆ داوە فەقەرە بە فەقەرە, ئێستا هەمووی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بەتێکڕایی دەنگ دەنگی بۆ درا. سوپاس ماددەی چوار تکایە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاك تاریق ماددەی چوارەم کە پێشتر لە پرۆژەکە سێیەم بوو دەیخوێنێتەوە بەکوردی.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

ماددەی چوارەم:

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنـدرێن و سـزادەدرێت بـە زینـدانی، لـە (**15**) سـاڵ تێپـەڕ نـەکات، هەرکەسێك:

**1**- دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی نـاوەخۆ وزێرەڤـانی هـەرێم وداوای لێکـردن یـان ڕایسـپاردن, بەئەنقەست کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن,

**2**-تەقەمەنی, تۆپتەرەقە, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان, یـان رووخانـدن دروسـت بکـات,یـان هـاوردەی بکـات, یـان لـەلای بێـت, یـان هـەر مادەیـەك لـە پێکهاتـەی ئەوانـەوە بێـت, هـەروەها ئـەو دەزگـا وئـامێر وکەرەسـتانەی لـە دروسـتکردن وتەقاندنەوەیان بەکار دێن, ئەگەر هاتو بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت,

**3**-بە بەد نیازی,نووسراو, چاپەمەنی, کاسێتی تۆمارکراو, یان وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت, کە هاندان, بەچاك زانین, یان پروپاگاندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامـدانی تـاوانی تیرۆرکـاری, یـان بەمەبەسـتی بەخشـینەوەی, بڵاوکردنـەوەی, یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی لێی بەئاگا بکات,

**4**- بە ئەنجامـدانی تاوانێـك لـەو تاوانـە تۆقێنەرانـەی لـەم یاسـایەدا هـاتوون ئاگـادار بێـت ودەزگـا گشـتیەکانی لـێ ئاگـادار نەکاتەوە. فەرمانی ئەم بڕگەیەش هاوسەر وخزمەکانی تا پلە دووی تاوانکار ناگرێتەوە,

**5**-بەئەنقەست, هەواڵ, یان روونکردنەوەیەك, یان پڕوپاگاندەیـەکی تۆقێنـەر بـڵاو بکاتـەوە, یـان هۆیـەکانی ڕاگەیانـدنی بینـراو, بیستراو, خوێندراو, یان ئەلەکترۆنی بەهەڵ وەربگرێت, یان بەکاریان بێنێت, یان لە ئەنتـەرنێت بـەیاناتی ئـەوتۆ بڵاوبکاتـەوە کـە راسـتەوخۆ بگاتـە ڕادەی هانـدان بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانی تیرۆرکـاری وەهـا کـە ئاسایشـی گشـتی بخاتـە مەترسیەوە وترس بخاتە نێو هاوڵاتیان وهەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

6-نەفامی وكەم زانی كەسێك بقۆزێتەوە ولە كاری تۆقاندن بەكاری بێنێت وبەهۆیەوە ئەوكارانە ئەنجام بدات.

7-گزی لە نووسراوێكی فەرمی بكات, یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بكات بۆ ئەوەی كەسایەتیی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆڕێت, یان ئاسانكاری بۆ هاتوچۆی بكات, یان یارمەتی بدات لە كارەكانی, بەمەرجێك بزانێت مەبەست لە گزیەكە چیە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەكە بە عەرەبی دەخوێنینەوە.

المادة الرابعة:

تعد الافعال الاتية جرائم ارهابية و يعاقب عليها بالسجن مدة لاتزيد على خمس عشرة سنة كل من:

1-كان له سلطة الامر على افراد قوى الامن الداخلي او حرس الاقليم و طلب اليهم او كلفهم العمل على تعطيل اوامر الحكومة عمداً.

2- صنع او استورد او حاز متفجرات او مفرقعات او اجهزة مصممة للتخريب او الهدم او اية مادة تدخل في تركيبها و كذلك الاجهزة و الآلات والادوات التي تستخدم في صنعها و تفجيرها اذا كان ذلك بقصد استخدامها لارتكاب احدى الجرائم الارهابية.

3-حاز او احرز بسوء نية محررات او مطبوعات او اشرطة مسجلة او صوراً تتضمن تحريضا او تحبيذاً او ترويجاً لارتكاب الجرائم الارهابية بقصد التوزيع او النشر او لاطلاع الغير عليها.

4-علم بارتكاب جريمة من الجرائم الارهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بامرها و لايسري حكم هذه الفقرة على زوج مرتكب الجريمة (واقاربه الى الدرجة الثانية).

5-اذاع عمداً اخباراً او بيانات او بث دعاية مثيرة للارهاب او استغل و استعمل وسائل الاعلام المرئية او المسموعة او المقروءة او الالكترونية او نشر البيانات على الانترنيت التي تصل الى حد التشجيع بطرق مباشرة لجرائم ارهابية تؤدي الى تقويض الامن العام ونشر الذعر بين الناس و تهديد الكيان السياسي للاقليم.

6-استغل عدم ادراك او قلة الدراية لدى شخص لاستعماله في الاعمال الارهابية وتنفيذ تلك الاعمال بواسطته.

7- ارتكب تزويراً في محرر رسمي او اصطنع محرراً لمرتكبي جرائم الارهاب لغرض اخفاء شخصيته او تغييره عمداً او تسهيل تنقلاته او اعانته في افعاله مع علمه بالغرض المزمع من وراء التزوير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو فەقەرە بە فەقەرە بیخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

بڕگە یەكەم لە ماددە چوارەم:

دەسەڵاتی فەرمانپێكردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوەخۆ وزێرەڤانی هەرێم وداوای لێكردن یان ڕایسپاردن, بەئەنقەست كار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەكانی میری بكەن.

**بەڕێز كریم بحری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنە بەو شێوەیەیە:

- لیژنە رای وایە دەسەواژەی (حكومەتی هەرێم بە مەبەستی تیرۆریستی) لە دوای وشەی (فەرمانەكانی) لە كۆتایی بڕگەی یەكەم زیاد بكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

(دەسەڵاتی فەرمان پێكردنی لەسەر كارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوەخۆ , یان زێرەڤانی هەرێم هەبێت وداوای لێكردن یان رایسپاردن كار لەسەر پەكخستنی فەرمانەكانی حكومەتی هەرێم بكەن بە پاڵنەرێكی تیرۆریستی).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە, فەرموو بە عەرەبیەکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

تعد الافعال الاتية جرائم ارهابية و يعاقب عليها بالسجن مدة لاتزيد على خمس عشرة سنة كل من:

1- كان له سلطة الامر على افراد قوى الامن الداخلي او حرس الاقليم و طلب اليهم او كلفهم العمل على تعطيل اوامر الحكومة عمداً.

ملاحظات واقتراحات اللجنة بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع:

1. ترى اللجنة إضافة عبارة(حكومة الاقليم بدافع ارهابي) الى ما بعد كلمة أوامر الواردة في الفقرة(1) منها ولتقرأ كالآتي:

( كان له سلطة الامر على افراد قوى الامن الداخلي او حرس الاقليم وطلب اليهم او كلفهم العمل على تعطيل اوامر حكومة الاقليم بدافع ارهابي).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئەو ناوانەی کە نووسیتمان (کاك سردار, کوێستان خان, گوڵناز خان, کاك شوقی, کاك سالم, کاك اسماعیل, کاك زرار, سارە خان, شیرین خان, کاك شێردل.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من لەگەڵ لیژنەی یاساییم پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە, ئەو وشەیەی کە هاتووە (عمدا) ئەوە کیفایەت نییە, یانی زۆر جار هەیە زابت یاخود ئەو ئامیرەی کە سوڵتەی هەیە لەسەر ئەوانی دیکە لە حاڵەتێکی نەفسیە تورە دەبێت عن قصد بە شورتە و پۆلیس دەڵێ دەوام مەکەن, بەڵام مەبەستی ئیرهاب نییە, پێشنیاری من ئەوەیە نەك بڵێم بدافع ارهابی بەڵکو بڵێین (بقصد تسهیل ارتکاب جریمە ارهابیە), یاخود (احدى الجرائم الواردة في هذا القانون) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی هیچ مولاحەزەتان هەیە؟

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت (عمدا) زەرووریە لێرە هەبێت, چونکە ئەگەر عەمدی نەبێت ئەصڵەن موساعدە ناکرێت.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت ئەوە جەریمەیەکی عەسکەرییە, ئەو نەصە لە قانونی عقوباتی عەسکەری هەیە, بۆیە من پێم وایە لێرە دووبارە کردنەوەی زیادە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەگەر لە نەصێکی عەسکەری بێت, بەڵام ئێستا ئێمە کە کۆیدەکەینەوە ئەمە یاسایەکی تایبەت بە ئیرهاب دادەنێین, مەبەستمان ئەوەیە لە هەر جێگایەك کە شتێکی مەترسیدار هەبێت بێنین لێرەی کۆبکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پۆستەی کە دەستنیشان کراوە دەسەڵاتی فەرمان پێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆ یان زێڕەڤانی, ئەمە پۆستێکی گەورەیە, ئەگەر کەسێك بەم تاوانەوە بگیرێت ئەچێتە تاوانی گەورەوە, وەکو جەریمەی عوزما, بۆیە لە

پێناسەی یاسای تیرۆردا جێی نابێتەوە, ئەگەر بەو تاوانەش تێوەگلاَ ئەم عقوبە کەمە بۆی, چونکە ئەو کەسێکە لە پۆستێکی بالاَوە ناوچە یان هەرێمێکی بەدەستەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیا منش تەقریبەن نزیکا رەئیا کاك سەرداریا, لە لیژنا قانونیا گوتیا عەمدا یان دانای بدافع ئیرهابی, (بدافع ارهابی) باشە, بەلاَم بێژی تەمام کەی, و بلێی (الی وقوع جریمة ارهابیة), سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی برادەران ئاماژەیان پێکرد لە ماددەی $(3)$ دایە و دەنگی بۆ دراوەو ئێمە ئەنقەستمان لابردووە, رای لیژنە وابووە ئەنقەست لابدرێ, سوپاس.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیە هەر لابىردرێ, لەبەر ئەوەی ئەوە زیاتر پەیوەندی بە جەرائمێك هەیە کە پێشێل کردنی قانونی عقوباتی عەسکەرییە, هەرچەندە لیژنەی یاساییش ئەو وەلاَمەیان دایەوە, بەلاَم ئەگەر هاتوو تەگەرەی تێخست هەرکەسێك کارمەند بێت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوە لە ماددەی حەفت بابلێین لە فەقەرە حەفتی ماددەی دووەم هاتووە, مادام تەگەرەی تێبێخی لە کارەکەی خۆی و پەیوەندی کردووە, کە پەیوەندی کردبێت ئەوە ئەو فەقەرەیە دەیگرێتەوە, و ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیش بێت, ئەوا مەبدەئێك هەیە لە قانون (الخاص یقید العام) کە ئەوە هیچ دەورو تەئسیری نامێنێ, ئەگەر قانونی عقوباتی عەسکەری جێبەجێ بکرێت, ئەو فەقەرەیە لەو ماددەیە هیچ دەورو تەئسیرێکی نابێت لە جێبەجێ کردندا, پێشنیارێکی تریشم هەیە سەبارەت بەو موناقەشانەی کە تا ئێستا کراونەتە سەر ئەو یاسایە, وادیارە دلَەڕاوکێیەك هەیە, یانی چ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە, چ لە دەرەوەی ئەو پەرلەمانە لەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە, من پێم وایە و پێشنیاز دەکەم کە ئەو یاسایە تەفسیری بۆ بکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە, کە زۆر تەبیعی یە هەر یاسایەك لە پەرلەمان دەربچێت لەلایەن پەرلەمانەوە تەفسیری ئەو یاسایە هەبێت, بۆ ئەوەی کە ئەو دلَەڕاوکێیەی, یاخود با بلێین ئەو حالَەتەی کە هەیە لەلای خەلَکەوە یاخود با بلێین لەلای هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان, بۆ ئەوەی هەم سولَتەی قەزائی نەتوانێ بەو پەڕی مەودایەکی بەر فراوان تەفسیر بکات و هەمیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ خەلَکی کە ئەو یاسایە مەوادی بابلێین توندی تێدایە بەرامبەر بەو کەسانەی کە لەو مەسەلەیەدا دەبن, بۆیە من پێم باشە پێشنیار دەکەم کە تەفسیرێکی وا هەبێت بۆ ئەوەی ئەو شتانە کەم بکاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کە موناقەشەی فەقەرەیەك دەکەین, لەفەقەرەکە دەرمەچن, چونکە ئەوە لە بیدایەتی کە موناقەشە کراوە باسمان کردووە, دواییش لە کۆتاییدا ئەگەر پێویستی کرد بە پەرلەمان زیاتر شەرحی بکات مەوزوعێکی ترە, بەلاَم ئێستاکە تەنیا موناقەشەی فەقەرەکە بکەین, جەنابیشت وتت ماددەکە, وابزانم مەقصەدت فەقەرەکە بوو کە لێرە لابچێت.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, بەنیسبەت منەوە ئەو فەقەرەیەی لەو ماددەیەی کە ئێستا موناقەشەی دەکەین, ئەوە لابچێت, نەك ئەوەی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیدایەتەکەی وتت ماددە, وابزانم مەقصەدت فەقەرە بوو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جاری یەكەم وەڵامـان دایـەوە هـی ئـەو خوشـكە كـە هـەمان شـتە, بەنسـبەت ئـەوەی ئەگـەر ئـەوە عەسـكەری بێـت, یـان مەدەنی بێت, هەر عەینی جەریمەیـە و جەریمەكـە ئیرهابیـە, كەواتـە شـتێكی ڕێـك و پێكـە كـە لێـرە دانـرا بێـت, ئەگـەر ئەویش وای تێبگات كە ئەوە لەگەڵ فەقەرە حەفتی ماددەی پێشوو, ئەویان ئینزیمامە, ئەوەی ئێرە جیایە ئەوە نییە, بە عەكسەوە عەمەلیەتێكی تەخریبی یە دەیكات, سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لـە مـاددەی چـوارەم فەقـەرە یـەك هـاتووە دەڵـێ دەسـەڵاتی فـەرمان پێكردنـی هـەبێت, كـە دەسـەڵاتی فـەرمان پێكردنـی هەبێت, حەقە دەسەڵاتی رەتكردنەوەشی هەبێت, نەك هەر فەرمان پێكردن, چونكە كارەكەی كە تۆ دەیكـەی فـەرمانێكی پێ دەردەكەی حەقە دەسەڵاتی رەتكردنەوەشی هەبێت, لە كۆتاییدا دەڵێت كە داوای لێكردن یان رایسپاردن بە ئەنقەست كاری لەسەر تەگەرە تێخستنی فەرمانەكانی میری بكەن, ئەوەش حەقـە وای لـێ بكـرێ رایسـپاردن بـە كردنـی كارێـك كـە دەبێتە هۆی فەرمانەكانی میری, سوپاس.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی پەكخسـتنەكە یـان رەئیـی نـەدان لەلایـەن ئـەوەی فـەرمانی بەدەسـتە جەریمـە نییـە, بـەڵام ئەگـەر پەكخسـتنەكەی بەدافعێكی ئیرهابی بێت, دەبێتە جەریمەی ئیرهابی, بۆ ئەوەی كارێكی ئیرهـابی پـێ ئـەنجام بـدات, دەبێتـە جەریمەیـەكی ئیرهابی لەو خانەیە دانراوە, خۆی ئەصڵەكە ئەمرێكی نەهی و پێ نەكردنی هەیـە ئـەوەی فـەرمانی بەدەسـتە, بـەڵام بـۆ ئەوەی شتێك ڕێك بخات, پاڵنەرێكی ئیرهابی هەبێت ئەوە دەبێتە جەریمەیەكی ئیرهابی, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم هەمان بیروبۆچوون و پێشنیاری كاك سردارم هەیە, دووەم ئەگەر لیژنەی یاسایی لێمان تووڕە نەبن, حـەز دەكـەم بـەو شـێوەیەی خـوارەوە بێـت, مـاددەی چوارەم بـەم جـۆرەی خـوارەوە بخوێندرێتـەوە, چـونكە بەڕاسـتی ئـەو یاسـایانە كەدەردەچن هەموو كۆمەڵانی خەڵك كە دەیخوێنێتەوە, چەند ئاسان و سووك بێ بۆ خەڵكەكە ئەوەندە زیاتر دەچنە نـاو ماددەكەوە, ماددەی چوارەم من پێم باشە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (هەر كەسێك ئـەم كارانـەی خـوارەوە بـە مەبەسـتی تۆقاندن (تیرۆر) ئەنجام بدات, سزاكەی نابێت لە پانزە ساڵ زیندانی زیاتر بێت:

یەكەم: هەر كەسێك فەرمان دەربكات بۆ ئاسایشی ناوخۆ یان پاسەوانی هەرێم, لێرەدا پێم باشە ئەو زێرەڤانیـەش ببێتـە پاسـەوانی هـەرێم, چـونكە بەراسـتی نیـوەی خـەڵكی كوردسـتان نـازانێ مانـای زێرەڤـان چییە, بـەڵام پاسـەوانی هـەرێم سەرتاسەری كوردستان دەزانن مەبەستیان چییە, هەر كەسێك فەرمان دەركات بۆ ئاسایشی نـاوخۆ یـان پاسـەوانی هـەرێم بە مەبەستی تەگەرە دروست كردن لەسەر فەرمانەكانی میری بەبێ هۆ یـان بـە ئەنقەسـت, داوای لێبـوردنیش دەكـەم لـە لیژنەی یاسایی, بەڵام بەراستی ئێستا دەبێ ئەمن یاسایەك دەرچووە پار, هەرچـەندە لـەم یاسـاوە چـوومە دەرەوە, یاسـای سەندیكای پزیشكانی دەدان, بـەڕێزان ئـەم یاسایەم خوێندۆتـەوە چـەند جـار وشـەی ( جـا و ئـەوجا) و شـتی وای تێدایـە بەراستی خەڵك دەڵێ چۆن دەبێ پەرلەمانی كوردستان ئەو شـتانە بنووسـێ, لەبـەر ئـەوە داوای لێبـوردن جارێكی تـر لـە لیژنەی یاسایی دەكەم, یانی ئەگەر بێتوو جار جار رەخنەیەكیان لێ بگرین یان بڵێین نووسینەكە بـەو شـێوەیە نـەبێ بـا بەو شێوەیە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

صیاغە ئێمـە زۆر كـەیفمان پـێ دێـت كـە هـەر كەسـێك صـیاغەیەكی باشـتری بەدەسـت بكـەوێت, بـەڵام ئـەوەی كـاك زرار خوێندیەوە مانای قانونی دەگۆڕی, مانای ئەوەیە لە پازدە ساڵ كەمتر نەبێت, بەڵام ئەگەر نەشی كـەی, ئەگـەر قـەراریش

نـەدەی قەیـدی ناکـات, ئەگـەر حوکمیشـی نـەدەی قەیـدی ناکـات, وای لـێ دێـت بەنیسـبەت ئـەو صـیاغەیەی کـە ئـەو خوێندیەوە مەبەستی ئەوەیە نابێ لە پازدە ساڵ کەمتر بێت, بەڵام ئەگەر هەر نەبێ قەیدی ناکات.

**بەڕێز سارا فەقێ خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت ئەو بڕگانە, یانی ئەو ماددەیە لە حەوت بڕگە پێك دێت, بەڵام سزای هەموویان دەڵێ کـەمتر نـەبێت لـە پـازدە ساڵ, باشە ئەگەر هەر بڕگەیەك ژمـارەی سـاڵەکانی تێـدا دەسـت نیشـان بکرێـت دەقـیقتر نابێـت لـەوەی لـە هـەمان تـاوان ئەگەر دوو دادوەر بڕیاری لەسەر بدەن, لەوانەیە جیاواز بڕیار بدەن بەپێی بۆچوونی خۆی لەو لەحزەیەی, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکە دەڵێ تێپەڕ نەکات, نەك زیاتر بێت, کەمتر دەتوانی , بەڵام زێتر تەسـبیت نـەبووە لەسـەر پـازدەی, ئـەوە سـوڵتەی تەقدیری لە بۆ حاکم دەمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو عقوبەی کـە هـاتووە بـە حەقیقـەت دەڵـێ سـجن, سجن واتـە لـە پێـنج سـاڵەوە دەسـت پێـدەکات, ئێمـەش کـە حـەدی ئەعلامان داناوە دەڵێ (لاتزید عن خمسة عشر سنة) مانای ئەوانەی کە موتەهەمن و سابت دەبێ لەسـەریان ئـەم بڕگانـە لـە پێـنج سـاڵەوە هـەتا پـازدە سـاڵ قـابیلی حوکمـە, تەقـدیری حوکمەکـەش لـە بـۆ مەحکەمـەی مـەوزووع دەمێنێتـەوە, سوپاس.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم فەقەرە دڤێت ئیزافە بکەم, فەقەرەك بی لسەر تەواوا مەعنەوی پتر دیاربدات, ئەویش دبێژیت (تعریض أمن الاقلیم للخطر و التهدید) چونکە ئەوە گرێ دای بە ئەمن و ئاسایشا هەرێما, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر سوڵتەی ئەمنی لەدەست بێت کە تەعقیدی ئـەوامری ئـەو بکـات, تەبعـەن تـەعریزی ئـەمنی ئیقلـیم دەکـات, ئەی چی دەکات.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی منیش هەمان تێبینی کاك اسماعیل بوو, لەبەر ئەوە من تێبینی ترم نییە, سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە عەرەبییەکەی دەڵێ (کان لە سلطة الامر علی الافـراد) بـەڵام لـە کوردیەکـەی دەڵـێ لەسـەر هێـز, سـوڵتەی ئـەفراد لەناو عەسکەری هەمووی هـەر ئـامرن, یـانی لەسـەر ئـامیر حەزیرەیـەك یـانی فەرمانـدەی دەسـتەیەك, هـەتا فەرمانـدەی لیوایەك, هەمووی ئامرن, ئەوانە دەتوانن ئەمریش جێبـەجێ نەکـەن, و دەتـوانن تەگـەرەی باوێنـە نـاوی, بـەڵام هەنـدێ خەڵکی تریش هەنە لە کەناڵەکانی ئیتیصالات ئیش دەکەن, ئەوانیش دەتوانن تەگـەرە بخەنـە نـاو ئەمرەکە, بـۆ نموونـە ئەوانەی لە بەرید ئیش دەکەن, ئەوانەی سەر بەدالە و تەلەفۆن و شـتی وا ئـیش دەکـەن, ئەوانـە دەتـوانن شـتەکە تـاخیر بکەن, ئەوە لە عەسکەری هـەمووی دەکەوێتـە نـاو بـابی (عـدم اطاعـة الاوامـر) لـەوێش هـەمان عقوبـەی هەیـە لـە کـاتی

نەفیدا, تەبعەن ئێمە کە لەدژی ئیرهاب دەردەکەین ئەوەش هەر عەینی نەفی یە, ئینجا ئەگەر مونەتەسیبینیش باوێنە سەری و ئەو مونتەسیبانەی لەو شوێنانە ئیش دەکەن ئەوە باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو ئەوانەی ناویان نووسیبوو, لیژنەی قانونی ئاخیر مولاحەزەتان چییە؟

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی وەکو ئەوەی لە راپۆرتەکە هاتووە تەئییدی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە هەندێ مولاحەزە درا لە ناحیەی زمانەوانی, یاخود گۆڕینی زریڤان بە پاسەوان و ئەوانە, پێم وایە وەکو هەموو مەسەلەکانی تر کە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە, حەقە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیری, پێشنیازێك هەبوو دوێنێ لیژنەیەك دابنێین بۆ ئەوە, پێم وایە ئەو لیژنەیەش دابنێین, لە کۆتاییدا ئەم یاسایە پاشی گۆڕانکاریەکانی لەبەر رۆشنایی موداخەلاتتان پێکراوە, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئامادەم لەو لیژنەیە ئامادە بم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوە نوقتەی نیزام نییە, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئێستاکە باسی کرد وتی ئێمە لەگەڵ ئەو شتانەین کە لەناو راپۆرتەکەدا هەیە, یانی گوێی لەو هەموو ئەو موناقەشاتانە و ئیعتیرازات وشتانە نەبوو, ئەو ئەبێ ئەگەر ئێستا نابێ بڵێ ئەوەی بەس لەناو راپۆرتەکە هەیە, چونکە ئەوە رای خۆیانە, بەڵام رای ئێمەش دەبێ حساب بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا تۆ ئەگەر رایەکت هەیە قسەت نەکردووە و داوات نەکردووە, یەك قسەت نەکردوو و داوات نەکردووە, دووەمیش رەئیی جودا جودا تەقدیم کرا, لەگەڵ یەکتریدا موتەعارزن, تێ ناگەم کامە رای ئێوە دەڵێی گوێ ناگرن, فەرموو کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خوشك وبرایانەی کە موداخەلەیان کرد هەریەکە وەڵام درایەوە, مانای وایە قەبووڵ نەکرا, کە قەبووڵ نەکرا مانای وایە ئێمە هەر راپۆرتەکەی خۆمان وەرگرتیە, راپۆرتەکەی ئێمە تەنیا بەنسبەت نووسینەوەی کوردی و ئەوانە ئێمە موستەعیدین هەریەك بێت لە خزمەت داین و هاوکاریمان بکات, ئەگەر لیژنەیەکیش دابنرێ ئەوە شتێکی باشتریش لەبۆ ئەوەی کەوا ئەو مەسئولیەتە ئەصڵەن لەسەر لیژنەی یاسایی نەمێنێ ئێمە زۆرمان پێ خۆشە, بەڵام وەکو ئەو راپۆرتەی کە تەقدیممان کرد ماددەکەمان بە تەواوی پوخت کردووە, ئینجا هێنایتمانە پێش, ئێستاش هیچ شتێکی وا نەبوو بێتە رێگامان و بۆیە ئەوەمان وت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو مولاحەزاتانەی درا جێی تەقدیر و ئیحتیرامە هەریەکە تەبعەن رەئیی درا, بەڵام ئەوە دیراسەت کراوە, پرۆژە پێشتر کە تەقدیم کرا دیسان بە دیراسات و دیسان موناقەشەی لەسەر کراوە, دواجاریش لیژنەی یاسایی موناقەشەی کردووە و لیژنەی مافی مرۆڤ رەئیی لەسەر داوە, لیژنەی ناوخۆ رەئیی لەسەر داوە, ئەو صیغە نیهائیەی کە خوێندرایەوە ئیتیفاقێکی عامی لەسەرە, مولاحەزەکانیش کە دران هەندێکیان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە

حەقی خۆیەتی, هەندێکیشیان پەیوەندی بەوە هەیە تا ئێستا زۆرجار تێکەڵاویەك دەبێ لەنێوان قانونی عقوبات و بەینی ئەو قانونە, زۆر مەسائیل هەیە ئێمە دەزانین لە قانونی عقوباتدا باسی هاتووە, سزاکەشی دیاری کراوە, بەڵام فەقەرەکە هەندێ جار لێمان تێك دەچێ و تێکەڵاو دەبێ وەکو خاڵی پێشوو کە باسمان کرد, دەبێ دائیمەن لە پێشمان بێت ئەو فەقەراتانەی کە باسیان دەکەین هەموویان پەیوەندیان بە کاری تیرۆریستی هەیە, مەبەستمان رووبەرووبوونەوەی ئەو کارە بین و ئەو تیرۆریستە بین, قانونێك بۆ موعامەلە کردن لەگەڵ ئەو کارەیە, زۆر کاری تر هەیە کە پەیوەندی بەوە نییە, قانونی خۆی هەیە عقوباتە, جەزائییە, رەفتاری لەگەڵ دەکات, ئەوە دەمێنێتە سەر دادوەر و مەحکەمە و ئەوانە بیکەن, بۆیە من ئیقتیراحەکەی لیژنەی قانونی کە گۆڕانکاریان بەسەر داهێناوە بە صیغەی نیهائی خوێندیانەوە بە رەچاو گرتنی مولاحەزەکانی کە لە بۆ زمانەوە درا کە بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگرین, دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ چوار کەس, پێنج کەس لەگەڵی نییە, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بڕگەیەکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- تەقەمەنی, تۆپتەرەقە, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان, یان رووخاندن دروست بکات,یان هاوردەی بکات, یان لەلای بێت, یان هەر مادەیەك لە پێکهاتەی ئەوانەوە بێت, هەروەها ئەو دەزگا وئامێر وکەرەستانەی لە دروستکردن وتەقاندنەوەیان بەکار دێن, ئەگەر هاتوو بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت,

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

صنع او استورد او حاز متفجرات او مفرقعات او اجهزة مصممة للتخريب او الهدم او اية مادة تدخل في تركيبها و كذلك الاجهزة و الآلات والادوات التي تستخدم في صنعها و تفجيرها اذا كان ذلك بقصد استخدامها لارتكاب احدى الجرائم الارهابية.

ليس لدى اللجنة اية ملاحظات حول الفقرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, بەڵام ئایا پشتگیری دەکەن, یاخود تەنها مولاحەزەتان نییە, بەڵێ لیژنەی قانونی پشتگیری ئەو بڕگەیە دەکات, کێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەو بڕگەیە بکات, کاك خدر نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە ئێمە هەندەك مەڤانی تەهەین, ئەگەر بکرێ بزانین مەڤانی مە کینە ئەڤێ لەسەرێ, بێجگە لە رۆژنامەنووس و ئەو ئی میدیا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو جەلسەیە کراوەیە, پێشتر ئیجازەیان وەرگرتووە و بەخێر بێن, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیجازە بدات, من مولاحەزەکەیان بدەمێ, ئەوە قوتابیانی کۆلیژی ئاداب بەشی کومەڵناسین و مەرحەلە سێ, وەکو زیارەتێکی مەیدانی هاتوونە و لەدانیشتنەکە بەشدار بن و ببینن کە قەراراتەکان چۆن دەدرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوار کەس ناوی نوسیوە, سۆزان خان, کاك حاتم, کوێستان خان, کاك عبدالرحمن, نەسرین خان, کێی تر کاك جمال, کەواتە شەش کەس داوای قسەی کردووە, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە جۆرە خەڵتێك هەیە, ئێمە ئەو کەسەی مادەی موتەفەجرات ئەوەیە کە لە خۆی ئەبەستێ و ئەچێ خۆی ئەتەقێنێتەوە, ئەوە ڕۆیشت, لە ماددەی دووەم ئەوەی ئیستیخدامەکە وتومانە ئیعدامی لەسەرە, مع العلم ئەوە پێویست بەوە ناکات, چونکە ئەوە خۆی مرد تەواو ڕۆیشت, لێرەدا ئێمە حوکمی پازدە ساڵمان داوە بەسەر یەکێکدا کە دروستی دەکات و ئیستیرادی دەکات, ئیتر خۆی ئەو مادەیە دروست دەکات و دەیدات بە کەسێکی تر بیتەقێنێتەوە, یانی من لێرە بەس ئەوە تێ ناگەم, ئەوە خەڵتە توزێ لەلای من, ئەوەی ئیستیخدامی دەکات ئەوەیە کە بەکاری دێنێ و چوو بەکاریهێنا و مرد, ئەمەی کە دروستی دەکات ئەوە پازدە ساڵە, ئەوە تێ ناگەم, ئەگەر عەزیەت نەبێ تێمان بگەیەنن, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پازدە ساڵ نییە, لە پێنج ساڵ دەست پێدەکات بەرەو سەرەوە, ئەوەیە بگەڕێوە قانونی عقوباتی 111 ی ساڵی 1969 شتەکان بە وازیحی دیارە, کە دێینە سەر ماددەکە لە کاتی خۆی دیارە, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

داوای لێبوردن دەکەم, پرسیارەکەی من ئەوە نەبوو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی سوزان خان ڕاستە, بەڵام لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەی دەڵێ بە قەصدی ئیستخدامی لە بۆ کاری تیرۆر, یانی لێرە قەصدەکە مەبەستە, دروستیشی بکەی ئەگەر قەصدی جینائی هەبێت, بۆ ئەوەی بە کاری تیرۆری هەڵبستێت, دەبێ عقوبە بدرێت, هەتا ئەگەر دروستیشی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو مولاحەزەیە سوزان خان پێی وایە تێکەڵاویەك هەیە, کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن ئەوانەی کە بەکاری دێنن یاخود دروستیان کردووە, چۆن دەزانی کە ئەوە بەو قەصدەیە یان بەو قەصدە نییە, گیرایە یان نەگیرایە ئەوە, خەڵك هەیە موفەرقەعات بەکاردێنێ بۆ کاری تر, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە و تەقدیری قازی, ئەو دەزانی کە بە پێی ئەو ئەدیلانەی کەوا متەوەفیرە لە جەریمەکەی, لەوێ تێ دەگات ئایا ئەوە بە قەصدی ئیرهابە یان بەشتێکی ترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئەو کەسەی کە خۆی ئەتەقێنێتەوە, یان ئیشە ئیرهابیەکە خۆی پێی هەڵدەستێت, خۆی ئیرهابیە, سزای دیاری کراوە کە لەناو بردنە ئیعدامە, بەڵام هەمووی لەو بابەتە نین, دەرەجاتە ئەوانەی کە جەرائیمی ئیرهابی دەکەن, ئەو کەسەش کە صیناعەتی ئەوە دەکات, یاخود قاچاخچیەتی دەکات, بە قاچاخچیەتیش بێ دەچێ لە دەرەوە تەقەمەنی دێنێت و دەشزانی ئەوە بۆ کاری ئیرهابی بەکار دێنێت, ئالێرەدا ئەو بڕگەیە دەیگرێتەوە, خۆی ئیرهابی ڕەنگە موباشر نەبێت, بەڵام ئەو کارەی کە ئەنجام دەدات بە قاچاخە و بەهەر کارێکی ربحی ماددیە, موباشەرەتەن دەزانێ ئەو کارەی کە دەیکات داخیل دەبێ بۆ کارێکی ئیرهابی ئەو حوکمە دەیگرێتەوە, ئەوەش دادوەر تەعین دەکات, ئەو شەرحە ئەو فەرقە دیارە لە بەینی حوکمی ئیعدام ئەو کەسەیە ئیرهابیە و لەبەینی ئەوەی کە کارئاسانی ئەکات بۆ ئیرهابیەکان

ببات, نـەقلی مـەوادی موتەفـەجیرە, یـان صـونعی مـوادی موتەفـەجیرە, دادوەر دەتـوانێ ئـەو دوو شـتە جیـا بکاتـەوە وحوکمەکەی بدات, فەرموو کاك دلێر نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەینی تاوان و لەبەینی قازیدا مەرحەلەی تەحقیق هەیە, ئێمە کاتێك کە جەریمە دەبێ حاکم نـایێ ئـەو ماددەیـە بخوێنێتـەوە و یەکسـەر حـوکم بـدات, ئـەبێ مەرحەلـەی تـەحقیق ئیسپاتی بکـات قەصـدی جینائیەکـەی چـییە, ئەگـەر قەصدی ئیرهابیە, ئـەبێ لـەوێ کەشـف ببێـت و جیـای دەکاتـەوە لەبـەینی جەریمەیـەکی عـادی و لەبـەینی جەریمەیـەکی ئیرهابیدا, لەبەر ئەوە حاکم دێت لەسەر تەقدیراتی مەرحەلەی تەحقیق حوکم دەدات, بۆیە ئەم حاڵەتانە و ئیشکالاتانە لە مەرحەلەی تەحقیق ئەسەلێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەسەڵاتی حاکم شەرت نییە وابێت, حاکم دەتوانێ تەحدیدی بکات, جیای بکاتەوە ئەو مەسەلەیە, کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو لەم ماددەیە, بە قەناعەتی من و ئەوەی مـن مولاحـەزەی دەکـەم بـە قـەد هـەمان هاوشـێوەی بڕگـەی سـێ لـە ماددەی دوو, ئینجا حەقە لیژنەی یاسایی ئەوەی تەعدیل بکەن یان بگۆزرێتەوە بۆ ماددە دوو, چونکە هەمان هاوشـێوەی خاڵی سێ لە ماددەی دووە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ماددەی دوو ئیستیخدامە, بەکارهێنانیەتی, ئەوەی ئێرە دروست کردنیەتی, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاحەزەی سوزان خانم هەیە, پـێم وایـە هـیچ فـەرق نییـە لـە بـەینی ئـەوەی کـە خـۆی ئەتەقێنێتـەوە و ئەوەی دروستی دەکات, بەڵام پێشنیارەکەی منیش وەکو کاك حاتم وتی بچێتە بڕگەی دوو, یانی سـجنی موئەبـەد نـەوەك پازدە ساڵ, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفەقەرەی دوو لە ماددەی چوار هاتووە دەڵێت (تەقەمەنی و تۆپـژەقـە) خـۆی لـە ناحیـەی تەرجومـە مومکینـە هەنـدێ غەڵەتی تێدا بێت, بەهەر حاڵ ئەو مادانەی کە کابرا هەڵیدەگرێت یان دروستی دەکات یان لەگـەڵی دایـە, تەبعـەن لێـرەدا تەحدید کراوە, دەڵێ بۆ مەبەستی کاری تەخریبی یان تێکدان یان هەر نەوعێکی دی, ئەم کابرا تەحدید کـراوە یـان ئـەو حوکمەی کە پازدە ساڵ زیاتر نییە بەنسبەت ئەم برادەرانە کەمە, بەرەئیی من دەبێ لە مـاددەی دوو بێـت یـانی ئیعـدام, چـونکە گومـانی تێـدا نییـە ئـەو بـرادەرە ئـەو مەوادانـە دروسـت دەکـات یـان دەیهـێنێ یـان لەگـەڵی دایـە, بـۆ مەبەسـت مەبەستیش دیاریکراوە, مادام دیاریکراوە ئەو حوکمە کەمە بەنسبەت ئەو, سوپاس.

**بەڕێز نسرین حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە سەبارەت بە ماددەی چوار لە پرۆژەی یاساکەدا, ئەم ماددەیە لە بڕگەی دوودا باس لە بەکارهێنانی تەقەمەنی و تەقێنەر دەکات بە ئامێری کە دروست کرابێ, بۆ تێکدانێك یان رووخاندنێك, هەروەها باس لە بەکارهێنانی وەسائیلی تر دەکات لە ئەنجامی کاری تیرۆریستیەکەی دا, بەلام لە دوو توێی ئەم یاسایەدا ماددەیەك نییە, یاخود بڕگەیەك نییە باس لە موصادەرە کردنی ئەو شتە بکات کە لەدوای ئەوەی کە تیرۆریستەکە بەکاریهێناوەو حوکم دراوەو دوای ئەوە موصادەرەی ئەو شتانەی بکرێ, لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم بڕگەیەك یاخود ماددەیەك زیاد بکرێت سەبارەت بە موصادەرە کردنی ئەو تەقەمەنیانە لە ئامێر و ئەو شتانەی کە بەکاری هێناوە لەکاری تیرۆریستیەکەیدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزە بکات لە دواوە مەوادی تر هەیە کەوا یەکەمجار دەڵێ ئەگەر شتێك هەر حوکمێك لێرە نەهاتبێ دەگەڕێینەوە سەر ئەحکامی قانونی عقوبات و قانونی ئصولی محاکەماتی جەزائی, لە هەمان کاتیش موصادەرە هاتووە لەدوای ئەوە باس دەکرێت ئینشائەڵلا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەی خاتوو نەسرین لەو ماددەیە هەیە ئەگەر مولاحەزە بکەن, فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی دانانی هەر یاسایەکی نوێ, رەچاو کردن و بەیەکدا چوون و یەکتر بڕینی بڕگەکانی لەگەڵ بڕگەکانی یاساکانی کۆنی پەرلەمان, چەند یاسایەکی کۆنمان هەیە یاسای ژمارە (8) ساڵی 1992 قانون (حيازة و صنع و استعمال المتفجرات و المفرقعات), هەروەها قانونێکی ژمارە (6)مان هەیە لەساڵی 1992 قانونی (حماية الاجانب) دیسان لە بڕگەیەك ئەو رۆژە باس کرا, پێم وایە ئەو یاسا کۆنانە یان ئیلغا بکرێت, یان هەموار بکرێ بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ یاسای نوێ, بەتایبەتی لە هەمان نەوعیەتی عقوبەتە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو ماددەیە کە ئێستا بەو قانونە دەردەچێت, لەدوایی ماددەیەك هەیە دەڵێ کار بەهیچ ماددەیەك ناکرێت و بەهیچ قانونێك ناکرێ کە تەعاروز بکات لەگەڵ ئێرە, ئەگەر تەعاروزیش نەکات ئەوا وەکو خۆی دەمێنێتەوە, ئەوەی تریش کە تەعاروزی کرد ئەوە بەکار نایەت و عەمەلی پێ ناکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارەی دەکەمەوە منیش تەعاروز نابینم, ئەوە بۆ ئیرهابە, ئەگەر هیچ شتێك هەبێت لێرە باس نەکرابێت قانون عقوبات دەیگرێتەوە, ئێستا کۆی ئەو مولاحەزاتانەی, زۆربەی زۆری مولاحەزەکان لەسەر نەصەکە و تەعریفەکە نییە, بەلام مولاحەزات هەیە ئەو کارەش پێویستە بچێتە ماددەی پێشوو کە حوکمی موئەبەدە, لەبەر ئەوە هیچ فەرقی نییە ئەوەی کە صونعی دەکات و لەگەڵ ئەوەی کە کارەکە ئەنجام دەدات مادام ئاگای لێ یە, لەبەر ئەوە من پێش ئەوەی داوا بکەم دەنگ بدەین بۆ فەقەرەکە, پێشنیار دەکەم ئەو فەقەرەیەش بچێتە ماددەی پێشوو کە حوکمی موئەبەدە, لەبەر رۆشنایی موداخەلاتتان, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بچێتە فەقەرەی پێشوو, دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆرینە دەڵێ بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێ واتە حوکمی ئەو فەقەرەیەش موئەبەدە, یانی ئەو فەقەرەیە گوازرایەوە بۆ ماددەی پێشوو, ئێستا فەقەرەکە جارێکی تر بخوێننەوە کە حوکمەکەی موئەبەدە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- تەقەمەنی, تۆپتەرەقە, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان, یان رووخانـدن دروست بکات, یـان هـاوردەی بکـات ,یـان لەلای بێت, یان هەر مادەیەك لە پێکهاتەی ئەوانەوە بێت, هـەروەها ئـەو دەزگـا وئـامێر وکەرەسـتانەی لـە دروسـتکردن وتەقاندنەوەیان بەکار دێن, ئەگەر هاتوو بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صنع او استورد او حاز متفجرات او مفرقعات او اجهزة مصممة للتخريب او الهدم او اية مادة تدخل في تركيبها و كذلك الاجهـزة و الآلات والادوات الـتي تسـتخدم في صنعها و تفجيرهـا اذا كـان ذلـك بقصـد اسـتخدامها لارتكـاب احـدى الجـرائم الارهابية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە ئەکسەریەت وەرگیرا.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن بڕگە دوو چووە مادده سێ, ئەوە دەبێتە بڕگە دوو.

بە بەد نیازی, نووسراو, چاپەمەنی, کاسێتی تۆمارکراو, یان وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت کە هانـدان, بەچـاك زانین, یان پروپاگاندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکـاری, یـان بەمەبەسـتی بەخشـینەوەی, بڵاوکردنـەوەی, یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی لێی بەئاگا بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنە بەم شێوەیە:

وشەی (هاوشێوەی) لە دوای رستەی (شریتی تۆمارکراو) لە برگە /3ی مادەکە دابنـدرێت و بەم جورە بخوێندرێتەوە:-

بە بەدنیازی نووسراو, چاپەمەنی, شـریتی تۆمـارکراو, یـان هاوشـێوەی, یـان وێنـەی وا کـە دنـەدان , بەچـاك زانـین, یـان برەوپێدان لەخۆ بگرن بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستیەکان بـە مەبەسـتی دابەشـکردن وبڵاوکردنـەوەیان, یـان بـۆ ئـەوەی کەسانی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3- -حاز أو أحرز بسوء نية محررات أو مطبوعات أو أشرطة مسجلة أو صوراً تتضمن تحريضاً أو تحبيذاً أو ترويجاً لارتكـاب الجرائم الإرهابية بقصد التوزيع أو النشر أو لاطلاع الغير عليها.

ملاحظة اللجنة هي:

2. إضافة كلمة(او نظائرها) الى ما بعد كلمة(او اشرطة مسجلة) الواردة في الفقرة(3) منها ولتقرأ كالآتي:

(حاز أو احرز بسوء نية محررات أو مطبوعات او اشرطة مسجلة او نظائرها او صوراً تتضمن تحريضاً او تحبيذاً او ترويجاً لارتكاب الجرائم الارهابية بقصد التوزيع او النشر او لاطلاع الغير عليها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە, کاك شێروان ناوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

ناوەكان, كاك زانا, كوردستان خان, كاك زرار, سوزان خان, كاك رشيد, كاك هيوا, شەمسە خان, كاك عوسمان, كاك بارزان, كژال خان, ڤيان خان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە ليژنەی ياسايی تێبينيەكی بچوكم هەبوو لەسەر ئەو بڕگەيە بۆيە قسە دەكەم, تەبعەن ئەو بڕگەيە يەكێكە لەو بڕگە مەترسيدرانەی كە كاريگەری لەسەر ئازادی تاكە كەسەكان زۆر هەيە, لەسەر حوريەتی تەعبير هەيە, لەسەر حوريەتی خوێندنەوە, لەسەر حوريەتی ئيتيلاع, لەسەردەمی عەولەمە و شۆڕشی پەيوەندييەكان, ئەمڕۆ ناتوانی سانسۆر لەسەر مێشكی خەڵك دابنێيت, خەڵك چ دەبينێ, چ دەخوێنێتەوە, تەماشای چی دەكات, بەتايبەتی بۆ ئينسانی لێكۆڵەرەوە (باحث), رۆژنامە نووس, ئەكاديمی, سياسەتمەدار, لەوانەيە پێويستی هەبێ بۆ شارەزا بوون لە فيكر و تەصەوری ئەو گرووپە تيرۆريستيانە, بزانێ ئەوان چۆن بيردەكەنەوە, كتێبەكانيان چييە, گوێ لە وتارەكانيان رابگرن, ديراسەی فيلمەكانيان بكات, ئەوانەی كە بڵاودەكرێنە لە هەندێ ميدياكان, هەرچەندە ئێمە لە ليژنەی ياسايی هەوڵماندا هەندێ شت دابنێين, بەد نيازيمان داناوە يان ئەگەر ئامادە كراوە بۆ بڵاوكردنەوە و دابەش كردن, بەڵام ئاخير شتێ كە هەيە بۆ ئەوەی كەسانی ديكە لێی بەئاگا بێت (لاطلاع الغير عليها) ئەوە كەمێ قورسە, هەريەك لە ئێمە لەوانەيە لە ناو مەكتەبەكەی خۆی, چ مەكتەبە ئەلكترۆنيەكەی, يان مەكتەبەی كتێبەكانی كە هەيەتی, لەوانەيە شتێك لەو بابەتانە هەبێت پێويستی پێ هەيە بۆ ژيانی سياسی و ئەكاديمی خۆی, ئەگەر ئەو خاڵەی لێ هەلگيرێ باشە, ئەگەر بۆ دابەش كردن بێت قەينا, ژمارەی زۆری لە ماڵێ بێ قەينا, چونكە لەوە دەترسين ئەو بڕگەيە زۆر بە خراپە بەكار بهێنرێت, ئەزمونی خراپ هەيە لە كوردستان, من برادەرم هەيە دەيناسم دەستگير كراوە, هەر لەبەر ئەوەی لەناو سەيارەكەی زكری بەيانيان و ئێواران هەبووە, كە ئينسانی ئيعتيادی بۆ خۆی دەزانێ هەندێ زكر هەيە دەخوێنرێت, ئەوەيان كردۆتە بەڵگەنامە لەسەری, كەواتە تۆ ئيسلامی و تۆ تيرۆريستی, بۆيە بڕگەی ئەخيری پێشنياری من ئەوەيە هەڵبگيرێ, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دوو خاڵ هەيە پێم خۆشە روونی بكەينەوە, يەك بەد نيازی (سيئ النية), دووش بۆ ئەنجامدانی تاوانی تيرۆركاری, مانای وايە دوو شت هەيە, ئەگەر ئەو دووشتە نەهاتە جێی ئەو كابرايە بەردەبێ, سوپاس.

**بەڕێز كوردستان پيرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەيە ئەگەر بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێ, لەبەر ئەوەی ئەو كارانەی كە نووسراوە, زياتر سەبارەت بە مەبەستی خراپە, مەبەستی خراپيش زۆرجار كوشتن و بەدبەختی لێ دروست دەبێت, يان وەكو لەگرووپەكەی شێخ زانا زۆر شتی وا بەرچاو هەبوو, ئينجا ئەوە باشترە, چونكە عقوبەكەشی كەمە, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دووبارە داوا لە ليژنەی ياسا دەكەم كە زنجيرەی دوو لە ماددەی چوار بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە (هەر كەسێك بەنيازی خراپ نووسراو, چاپەمەنی, كاسێتی تۆمار كراو) لەبەر ئەوەی شريتيش عەرەبيە هەر بە كاسێتيش بمێنێتەوە

ئیعتیادیه ( وێنەی هەبێ یان بەدەستی بهێنێ که هاندان به چاك زانین یان پروپاگەندە لە خۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تۆقاندن(تیرۆرکاری) یان به مەبەستی ئاگادار کردنەوەی خەڵکانی تر لێی, ئەوەی تریش بخوێننەوه و بیخەنە دەنگدانەوە, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو دەزانین ئێستا رۆژانە رۆژنامەی زۆر هەیە, ئازادییەکی رۆژنامەگەریمان هەیە ئێمە, باوەڕتان هەبێت مەقالاتی وا ئەنوسرێ له ناو ئەو رۆژنامانە هی ئەوەیە کاتێ که تەواو بووی لە خوێندنەوەی, هەستی بەرد بگری بەدەست و دنیا بدەیتە بەربەرد, یانی ئەوە صەراحەکەیەتی, وا هانی خەڵك ئەدات بە شێوەیەکی وا وات لێ دەکات که تۆ تەصەور دەکەی له ژێر حوکمی, ئەبێ چ دکتاتۆرێك بێت, چ تیرۆرێك بەسەر سەرتەوە زاڵە, مەقالاتی وا ئەنوسرێ, ئینجا ئێمە ئەگەر لێره که باس له مەتبوعات و محررات دەکەین و ئەو شتانە, ئەمە رێ ئەگرێ له ئازادی ئەو نووسینه راسته, من ئەیخوێنمەوە بەلام زۆر پێی موتەئەسیر نابم و بەرد ناگرم بەدەستمەوە, بەلام کەسێکی تر بەرد ئەگرێ بەدەستیەوە, کەواتە ئەوە هاندانە, حیازەیە ئەو رۆژنامانە خۆیان ئەو شتانە دەنووسن نووسراوە هەیانە, وێنەکان, وێنە چ رۆژنامەیەك بڵێی لەم ماوەیەی پێشوودا بلاوی نەکردۆتەوە که چۆن هەڵەبجە مۆنمێنتەکە سووتێنرا, چۆن تەقە کرا, چۆن بەرد هاوێژرا, ئەوە لەو کاتەدا ئەوە هەر حیازەیە, نەشرە, ئێ کەواتە یانی ئەگەر وابێ رۆژنامەکان هەمووی ئازادییەکیان لێ ئەبەسترێتەوە, یانی ئێمە لێرە ئەبێ یەك تۆز ئاگادار بین, بەتایبەتی لەو خاڵەدا, چونکه ئێستا رۆژنامەگەری ئازادە تۆ ناتوانی پێی بڵێی حیازەی رەسم, یاخود ئەو رەسمانەی کەگرتووتە, یاخود ئەو شتانەی که کردووتە, راستە لێرە نیەتەکەت و جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر نیەتەکە, بەلام هەر ئەبێ زۆر زۆر ئاگادار بین, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن هەر یاسایەك که دەنووسرێ, لەراستیدا یاسا لەگەڵ رێز و حورمەتم بۆ لیژنەی یاسایی که حەتمەن ماندوویوون وئەزیەتیان کێشاوە و خیبرەشیان زۆرە, بەتایبەتی زۆریان حاکمن, تەبعەن وەکو فیقهی چۆن هەر موصتەلەحێکی فیقهی دوو تەعریفی هەیە, یەکێکیان (اصطلاحن) و ئەوی تر (شەرعەن), بەڵێ ئەو موصتەڵەحە لە رووی ئیستیلاحەوە و له رووی شەرعییەوە مانای ئەوەیه باسەکه دەگۆڕێ, بۆیه وشەی نیاز, بە بەدنیازی نووسراو, راستە برایانی لیژنەی یاسایی باس لەوە دەکەن حاکم پێش حوکمدانی مەرحەلەیەکی تەحقیق هەیە, بەلام پێش ئەو تەحقیقە گرفتێکی گەورەمان بۆدروست دەکات کە لە ولاتە شیرینەکەی خۆماندا, ئەویش مەسەلەی نووسراو کە برادەران باسیان کرد, مەسەلەن ئازادی رۆژنامەگەری, راستە رۆژنامە نووسەکە یان ئەو نوسەرو رۆژنامەنووسەی کە هەمانە له ولاتەکەی خۆماندا, ئەو لە ئەصڵدا بۆ مەبەستێکی خێر دەینووسێ دوایی تەفسیرێکی خراپی بۆ دەکرێ, لەخوارێ خەڵکی خوێنەر که دەیخوێنێتەوە, عەجایب نییه دوایی نەتیجەیەکی تیرۆری لێ پەیدا ببێ, بەلام خۆی پیاوەکە, نوسەرەکە, رۆشنبیرەکه بەنیەتی تیرۆریستی نەینووسیوە, دوایی کە ئەنجامێکی تیرۆریستی لێ پەیدا دەبێت بەپێی ئەو یاسایه رۆشنبیرەکه به تیرۆریست حیساب دەکرێت, ئەو کاتە گرفتێکی ترمان بۆ دروست دەبێ, بەراستی ئەوە شتێکی باشی لێ پەیدا نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم له پێناسەکە ئەوەمان گوتوە کە تیرۆر کارێکی ساز کراوە (منظم)ە, لێرەش ئەڵێین کەسێك, ئەوە ئەگەر کەس بوو هەمیشه ناچێتە قاڵبی تیرۆرەوە, ئەچێتە قاڵبی تاوانەوە, بەلام ئەوەی لێرە ئەکرێ بۆ ئەوەی گرفتەکان کەم بکاتەوە, یەکەم ژمارە یانی ئەو مەتبوعات و ئەو شتانەی کە هەیەتی بە ژمارە زۆر بێت, یانی وشەی (ژمارەی زۆر) بکەوێتە پێشی, یەك و دوو و سێ, کابرا رۆژنامەنووسە ئەتوانێ ئەو شتانە بکات, دووەم ئەوە کاردانەوەی نەبێت لەسەر کاری رۆژنامەنووسی ئازاد, وەکو ئەو خوشك و برایانە وتیان, یانی من ئەڵێم ئەوە هەر بەدنیازیە, کابرای رۆژنامەنووس

ئەیەوێ سری حکومەت هەڵماڵێ ئەگەر بتەوێ ئەمە بناسێنێ ئەم ئەمنیەتە ئەچێتە ناو بەدنیازیەوە, لەبەر ئەوە وشەی بەدنیازی بکرێ بە مەبەستی تیرۆرکاری, یانی هەموو رۆژنامەنووسێك کە بـەدوای ئەسـراردا دەگـەڕێ, دیـارە بۆچییەتی, ئەیەوێ سرێك هەڵماڵێ ئەمەش مانای بەدنیازی, یانی ئەگەر بتەوێ تەرجومەی بکەی, بتەوێ دیاری بکەی, لەبـەر ئـەوە پێم باشە ئەو بەدنیازییەی یەکەم بکرێ بە مەبەستی تیرۆرکاری, دووەمـیش ئەگـەر کـاری شەخصێکە, شـەخص تاوانـە تیرۆر نییە, تیرۆر ئەبێ عەمەلێکی مونەزەم بێت مەترسییەکەی لێرەدایە, کۆمەڵێ خەڵك پێی هەڵدەستن و نەخشەی بۆ دادەنێن و ئەڕۆن بەناویدا ئەویش دەبێتە یەکێك لەوانە, بەڵام یەك نەفەر ئەو کارە بکات ئەوە دەبێتە تاوان, دووەمـیش ژمارە زۆرو ئەو شتانەی کە ئەو بەکاردێنێ ئەبێ بە ژمارە زۆر بێت, ئیتر ئەو ژمارە قانون دیاری دەکات دە زیـاتر, پێـنج زیاتر, سێیەمیش بەراستی کار نەکاتە سەر کاری رۆژنامەنووسی ئازاد, یانی بەمە ئەتوانێ هەموو کەسـێ دەسـت ببەسـتی نەیەڵی هیچ شتێك بڵێ, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم ئەوەی کە بە (سوء النیة) باس دەکەین, لەدوای ئەو تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین (لارتکاب الجرائم الارهابیة) نەك لەبۆ سوء نیەکی ئیعتیادی, لەبەر ئەوە ئەوە جێگەی خۆی تەواو گرتووە, دووەم کە دەڵێ (منظم) لەوێنـدەر مەبەسـتمان ئەوە نییە چەند ئەشخاصێك بێت, کارەکەت تـەنزیم کرابێـت, مودەبـەر بێـت, بـە قەصـد دانرابێـت بـۆ ئـەوەی کـارێکی ئیرهابی پێ دەربچێت, نەك بڵێین لەبۆ شەخصێکە یان تاقمە شەخصێکە, بـەڵێ تاقمـە شەخصـی تێدایـە, بـەڵام ئیرهـاب هەتا یەکێکیان دەتوانێ ئیرهاب بکات و کارێکی مونەزەم دروست بکات بۆ ئەوەی تۆقاندن پەیدا بکات, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ژمارە نووسراو (چاپەمەنی) قانونی هەیە, قانونی (حمایة حق المؤلف) ژمـارە (3) ی 71 دا, لـەوێ دەڵـێ هـەر کەسێك دەتوانێ یەك دانە کۆپی بکات, بووە دوو دانە موخالیفی قانونە و دەدرێتە مەحکەمە, سوپاس.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (بە بەدنیازی) وشەکە بەتەنیا کەلەسەرەتای ئـەم بڕگەیـە هـاتووە, ماناکـە تۆزێـك تێـك دەدات, چـونکە بـەدنیازی جارێ پێشـەکی حـاڵی بـوون لـە نیـەتی خـەڵك, هـەر وائاسـان نییـە تۆمـەتی بکرێـت, وابـزانم سـوء بـەکارهێنانی لەلایـەن دەسەڵاتەوە بۆ دروست دەبێ بە شوبهە رۆژنامەنووسێك ئەگرێت, یان کەسێك کە لەرۆژنامەیەکدا نووسیویەتی, لەوانەیە مانای مەقالەکەی هەندێ تەحریزی تێدا بێت, مـن پـێم وایـە (بـە بـەدنیازی) لابـبرێ, بنووسـرێ هـەر کەسـێك نوسـراو, چاپەمەنی تۆزێك حدودی بۆ دائەنرێت, تەسك دەکرێتەوە, لەجیاتی ئەوە بە بەدنیازی فراوانە ئـەتوانی گـەلێ شـتی پـێ بکەی, ئەگەر هەر کەسێك بێت مەوزوعەکە دەگۆڕێت, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پـێم وایـە بـەدنیازی (سـوء النیـة) لەگـەڵ جەریمـەی ئیرهـابی هـەردووکیان پێکـەوە مـەرج دارن, دەبـێ هـەردووکیان کۆببنەوە, ئینجا ئەو حیازە بە جەریمە دادەنرێ, (سوء النیة) بەتەنیا بە تاوان دانانرێت, یان ئەگەر کارێکی تـیرۆری پـێ کرا, سوء نیەتی ئـەو خەڵکەی تێدا نـەبوو دیسان بـە تـیرۆر دانـانرێ, تەقدیرەکـەش بـۆ حـاکمی مەحکەمـەی مـەوزووع دەگەڕێتەوە, ئێمە لێرەدا حوکمی لەسەر نادەین, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رەئیم وەکو ئەو برادەرانەی تر وایە, قەزیەی نیەت مەسـەلەیەکی کـوردەواری خۆمـان دەڵـێ (شـەرع زاهـیر بینـە) لەبـەر ئـەوە قەزیـەی نیـەت نـاتوانی حـوکمی لـەبارەوە بـدەیت, کـە ئـەم نیەتـەت دانـا بـە بـەدنیازی ئـیتر تەئسـیرەکە

دەگەڕێتەوە بۆ بەرامبەرەکە، بەداخەوە واقیعەکەی ئێمەش وایە، بەدگومانیەك هەیە بەرامبەر بەیەکتر، ئەم واقیعە هێشتا زۆری ماوە بتوانی بە مەتاتی شتەکانی بدەیتە دەست و تەفسیرێکی باشی بۆ بکات، لەبەر ئەوە من ئەم بڕگەیە هەر بە شێوەیەکی گشتی نەبێت، چونکە بۆڕی ئازادییەکان تەواو تەسك دەکات، رۆشنبیرێك شتێك ئەنووسێ بە مەیلی سوڵتەکە نەبێت، ئیتر بۆ خۆی نیەتی بەدنیازی لێ ئەدات و دەڵێ ئەوە تەحریزە وبووە بە ئیرهاب، لەبەر ئەوە هەر نەبوونی بەشتێکی باش دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(سوء نیە) یانی ئەو شەخصە دەگرێتەوە کە کەسێك یا گروپێك لە پشتەوە پاڵی پێوە نراوە کە ئەو کارە ئەنجام بدات و بە سوء نیە ئەنجامی بدات، سوء نیەش لێرەدا لە مولابەسات و زروفی تاوانەکە دەردەکەوێ بۆ دادگا کە سوء نیەی هەیە یان حوسنی نیەی هەیە، لێرەدا ئێمە ئەو یاسایەمان بۆ خۆمان دانانێین، ئەم یاسایە بۆ دادگا و بۆ دادوەران دادەنێین، ئەوان دوای لێکۆڵینەوە و دوای تاوتوێ کردنی دۆسیەی تاوانەکە بۆیان دەردەکەوێ ئەو تاوانە سوء نیەی تێدایە یان حوسنی نیەی تێدایە، لەگەڵ ئەوە کە جەریمەی تیرۆری پێ ئەنجام بدرێت، ئەوجا پێکەوە هەردووکیان جەریمەی تیرۆر تەشکیل دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز کژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی مامۆستا زانام هەیە، پشتگیری لەرایەکەی ئەو دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس تەئکید دەکەمەوە، چونکە گوترا لەراستیدا ئێمە ئاگاداری کەش و هەوای ئێستای کوردستانی خۆمان بین، ئەم ساڵانەی دوایی کەش و هەوایەك دروست بووە کە جێی دڵخۆشیمانە لەگەڵ چەندین تێبینی لەسەری، ئەویش رووی رۆژنامەگەری، رۆژنامەگەری ئازادە و خستنەڕووی دەیان شتی جۆرا و جۆرە لەگەڵ هەر سلبیاتێکدا، بەڵام دەیان ئیجابیاتی جوانی وا دەرخستووە کە کۆمەڵگەکەمان بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەچێت، لەراستیدا من کە ئەو بڕگەیە دەخوێنمەوە لە زهنیەتمدا فەرقێك لە بەینی نوسەرێکی گەنجدا کە مەقالەیەك دەنووسێ بە حەماسەوە لەگەڵ یەك دەزگای چاپەمەنی خاص ئیش دەکات بۆ ئیرهاب جیاوازی تێدا نابینم، یانی ئەشێ هەردووکیان بەر ئەو قانونە بکەون، بۆیە دەڵێم لە دەرکردنیدا رێژە دیار بێت و ئاگاشمان لەو وەعدە بێت کە راگەیاندنێکی ترسنۆك دروست نەکەین هەمیشە لە زهنی ئەندامێکدا لەوا بێ ئەمە چییە و چۆن دایرێژێ، یانی راگەیاندنێکی ترسنۆك، دنیایەکی رۆژنامەگەری ترسنۆك کە نەتوانێ دەست بخاتە سەر گرفتەکان و خەلەلەکانی ناو کۆمەڵگە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە دوو لەگەڵ بڕگە چواری ماددەکە، من جۆرە تەشابوهێك و لێك چوونێکی لێ ئەبینم، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە هەردوو بڕگەکە بکرێ بە یەك بڕگە و بەم شێوەیەی لێ بێت (نووسراو چاپەمەنی، کاسێتی تۆمار کراو یان وێنەی وای لەلا بێت یان بەدەست بێت کە هاندان بە چاکزانین یان پڕۆپاگەندە لە خۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری یان مەبەستی بەخشینەوەی، بلاو کردنەوەی یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لێ بە ئاگا بکات، یان هەواڵ یان روونکردنەوەیەك یان پڕۆپاگەندەیەکی تۆقێنەر بلاوبکاتەوە یان هۆیەکی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو یان ئەلکترۆنی بە هەل وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت بۆ هاندانی کردەوەی تیرۆریزم، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حیاوازی لە نێوان ئەم دوو بڕگەیە زۆرە, یەكێكیان حیازەیە, ئەوی تر عەمەلە, عەمەلێكی ئیرهابیە جیاوازە لەگەڵ حیازە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە من یەك خاڵم هەیە, ئەگەر زیاد بكرێت كاسێت و سیدی یان هاوشێوەی ئەوانە, چونكە لەوانەیە لە بازاڕ لە داهاتوودا شتی تریش دابهێنرێت و بخرێتە بازاڕ, ئەوە یەك وەیان لێرەش وێنەی وای لا هەبێت یان لە كتێبخانەیماڵەوە هەبێت, كتێبخانەی ماڵەوەش ئەگەر زیاد بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە وردی بیخوێنینەوە دەڵێ كاسێتی تۆمار كراو هاوشێوەكانی (نظائرها) مانای ئەوەی كە لەشێوەی دیڤی دیە هەرشتێكی تر لێی هاتە كایەوە هەمووی دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, وەڵڵا من پێش ئەوەی خولاصەی بڕگەكە بخەمە دەنگەوە, یەك دوو تێبینیم هەیە, ڕەنگە هەندێ قسەی خاڵە سەید قسەی تۆ بەكار دێنم, تەعلیقێكی تۆ بەكار دێنم, وابزانم سۆزان خان بوو وتی ئەگەر شتەكان بخوێنینەوە دەست دەدەینە بەرد و دەچینە پێش هەموو دنیاوە, ئەوەی نووسیوەیەتی نووسەرێكە وەكو ئەوەی كە ئێمە لێرە سەد و یازدە كەسین هەر یەكەمان بتوانین وتار بنووسین, تەحریزی بێت, ڕەخنە بێت, ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەبی بیخوێنێتەوە ئەویش بە چاوی ڕەخنە بیخوێنێتەوە مەقالەكە, نابێ هەر مەقالەیەك, هەر ڕەخنەیەك وامان لێ بكات دەست بدەینە بەرد, ئینجا لەبەر ئەوە قسەیەكی خاڵە سەیدم دێتەوە بیر لە 1985 چەند برادەرێك كتێبیان زۆر دەخوێندەوە, دوایی جیا بوونەوە, برادەرێك لە خاڵە سەیدی پرسی وتی ئەرێ ئەوە بۆ جیابوونەوە, وتی وەڵڵا كتێب هەڵیگرتوون, ئینجا ئێمەش بە هۆشیاری ڕۆشنبیری بڵاو بكەینەوە, هەر كتێبێك, هەرمەقالەیەك هەڵمان نەگرێت, وەعیمان هەبێت, ئەوە یەك, دوو لە ئەنجامی موداخەلەكان دوو موفتەرەح هاتۆتە پێش, یەكێكیان ئەوەیە (سوء النیة) لابرێت, چونكە فعلەن منیش ڕەئییم وایە (سوء النیة) جەریمە نییە, سوء نیە هەبێت وجەریمەش هەبێت و سوء نیە نەبێت, كە وتت بە قەصدی ئیرهابی وازیحە سوء نیەكە پێم وایە زیادە ئینجا ئایا لەحیاتی ئەوەی هەرچەندە وشەی ئیرهابی بە قەصدی ئیرهابی هاتووە, تكیراری بكەینەوە لەوێندەر یان هەر شەتب بێت, مولاحەزەیەكی تریش ئەو وشەی دوایی كە هاتووە (لاطلاع الغیر علیها) بۆ ئەوەی خەڵكی تری لێ ئاگادار بێت, ئەمەش پێم زیادە چونكە ئەوە هەبێت و نەبێت ئەوانی تر دەیگرێتەوە, ڕەئیی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (سوء النیة) چونكە ئەوە ڕوكنێكی ماددیە لە جەریمە, جەریمە سێ ڕوكنی هەیە یەكیان نیەتە كە سوء نیەیە, یەكێكیشیان عەمەلەكەیە جەریمە ئیرتتكابیەكەیە, دووەم عیلاقەی سەبەبیە لە نێوان جەریمە و سوء نیەكە, لەبەر ئەوە ئێمە ڕەئییم ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە, بەڵام ئەوەی تر (لاطلاع الغیر علیها) ئەویش بەشتێكی باشی دەزانم ئەگەر نەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەعریفی ئیرهابمان نەكرد, عەمەلی ئیرهابی تەعریف كرا, یانی ئەمە زەننە, عەمەل نییە, قەولە, لەبەر ئەوە هەر دەبێ ئەو وشەیەی بە مەبەستی تیرۆر دێتە پێشەوە ئیتر لە خوارەوە نایەوێ, یانی (ترویجاً للجرائم الارهابیة) لەسەرەوە ئێمە دیاری بكەین, ئەو بەد گومانیە زۆر مەتاتیە هەموو موحەقیقێك, هەموو حاكمێك ئەتوانێ بیدا بەسەر یەكێكەوە, بەتایبەتی ڕۆژنامەنووس, سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە لە لیژنەی یاساییدا (سوء النية) ئەگەر تێدا نەبێت مانای وایە حمایە بۆ خەڵك دانانرێت, لەوانەیە برادەرێك ئاماژەی پێكرد تازە, من شتێك بڵاو دەكەمەوە بە حوسنی نیە, بەڵام دوایی جەریمەیەكی ئیرهابی لێ دەكەوێتەوە, ئایا من حوكم دەدرێم, من بە حوسنی نیە ئەو شتەم بڵاو كردۆتەوە, دەریش كەوت لە زروف و مولابەساتی جەریمەكە دەركەوت كە من ئەو شتەم بڵاوكردۆتەوە بە حوسنی نیە بڵاوم كردۆتەوە, بەڵام دوای ئەوە خەڵكێك ئیستیغلالی كرد و جەریمەیەكی ئیرهابی لێ كەوتەوە, لێرە ئەو شەخصە عقوبە دەدرێ یان نا, (سوء نیة) بۆ پاراستنی خەڵكە, نەك بۆ حیمایەیەتی, نەك بۆ ئەوەی كە بەفراوانی و حاكم لەبۆ خۆی لێكی بداتەوە بەو شێوەیەی كە برادەران بۆی دەچن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەوەی ئەندامی لیژنەی قانونیە بۆی هەیە رەئیی لەسەر بدات, كاك د. نوری فەرمووو.

**بەڕێز د. نوری جميل طالباني:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو بۆچوونانەی كەوا ئێستا گوێمان لێ بوو, كەوا بەشێكی زۆریان لەگەڵ ئەوەدان كەوا دووبارە ئەو تێكستە بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە, ئێستا هەر وا بەپەلە شتێكم نووسی حەز دەكەم بیخەمە بەرچاوی ئێوەی بەڕێزەوە, تێكستەكە بەو جۆرەی لێ دێت (بەدەست هێنانی نووسراو, چاپەمەنی, كاسێتی تۆمار كراو یان وێنە بۆ مەبەستێكی تیرۆریستی, چ بۆ هاندان بەچاك زانین یان پرۆپاگەندە كردن بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لەم قانونەدا دیاری كراون) لێرە كۆمەڵێك دەتوانم بڵێم شەرت و شروتمان داناوە, ئەو مەترسیانەی كەوا ئەو برادەرانە كە پێشتر ئاماژەیان بۆ كرد دەتوانین هەموویان بخەینە چوارچێوەی ئەو شەرت و شروتانە, بۆ ئەوەی كەوا هیچ لایەنێك نەتوانێ بەشێوەیەكی خراپ ئەو پەرەگرافە جێبەجێ بكەن, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یانی خۆی ئێستا دیارە كاك د. نوریش هەر هەمان رەئیی هەیە, ئیقتیراحەكەی نیهایەتەكەی ئەوەیە (سوء نیة)كە نەمێنێت, لەبەر ئەوە من ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگ دان, فەرموو پەخشان خان نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارێكی تر هەبوو كە ئەو فەقەرەیە هەر نەمێنێ, جەنابتان باستان لەو پێشنیارە نەكرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس باسی ئەوەی نەكردووە ئەو فەقەرەیە نەمێنێت, عەفو كە یەكێك رەئییەكی دا مانای وانییە بیخەمە دەنگەوە, ئەگەر رەئییەكە غالبیەتی هەبوو, دووبارە بوو, شەش حەوت كەس تەئییدی ئیقتیراحەكەیان كرد ئەوجا دەیخەمە دەنگەوە, هەر یەكێك وابێت بەسالێك قانونێك تەواو ناكرێت, یەك رەئیی ئەگەر تیكرار نەبۆوە وكەس پشتگیری لێ نەكرد, بەڵام ئەوەی (سوء نیة) زۆر كەس تەئییدی كرد, تیكرار بۆوە كە لاییبەین, مەجبورین بەنەزەری ئعتیبار وەربگیرێ, ئەگەر نا هەر موقتەرەحێك, ئەندامێك رەئییەكی دا بیخەینە دەنگ دان, ئەوە ناكرێت, بەڵام كە تیكرار بۆوە و موداخەلەكە تەئییدی لەسەر بوو ئەو وەختی سەرۆكایەتی دەبێ داوا بكات لە ئێوە دەنگی بۆ بدەن, بۆ ئەو رەئیانەی كە دراون, ئێستا زۆر لە ئەندامان ئیشارەتیان بە دوو شت كرد, یەكێكیان ئەوەیە سوء نیەكە لابدرێ و وشەی كاری ئیرهابی بخرێتە پێشەوە, دووەمیش وشەی ئەخیری جوملەكە لابدرێت و ئەویش كە هیچ ناكات, ئەو دووە پێم وایە بیخەینە دەنگەوە پێش ئەوەی رەئیی بدەن لەسەر فەقەرەكە, ئەگەر برادەرانی لیژنەی قانونی مانعیان نییە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

لیژنە هیچ مانیعیەك نییە ئەگەر رەئیتان وابێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە, وشەی كاری تیرۆری ئەوەی كە كاك محمد فرج ئاماژەی پێكرد بخرێتە پێشەوە و ئـاخیر وشەش (لاطلاع الغیر علیها) بەو شێوەی كە ئێستا ئەگەر بیخوێننـەوە, كـاك شـێروان دەڵـێ (سـوء نیـة)كـە لابـدرێ, بـەڵام (لاطلاع الغیر علیها) لەجێگەی خۆی بمێنێتەوە, بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی پێشوو بگرێتەوە, تەنیا سوء نیەكـە لابـدرێت, فەرموو كاك سەردار ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە چونكە زۆر موناقەشەی لەسەر كرا, فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو (ترویجا لارتكاب جرائم ارهابیة) مەبەستی ئەوە نییە حایز یان ئەوەی ئیحرازی كردووە, مەبەست ئەوەیـە (اشـرطة مسجلة و صور التي تتضمن ترویجا لارتكاب الجرائم الارهابیة)

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وەكو ئەندامێكی لیژنەی یاسایی پێم وایە ئەگەر سوء نیەكە لابـەرن هـەر ماددەكـە هـەمووی لابـەرن باشـترە, چونكە بەراستی تەفسیرەكەی فراوان دەكرێ و دوایی خەڵكێكی زۆر بێ تاوانیش هەمان شێوە سزا دەدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئیی ئەندامێكی لیژنەی قانونییە, دووبارە لابردنی (سوء نیة)كە ئێستا دەیخەمە دەنگەوە, ئـەوەی لەگـەڵ ئەوەیـە كە (سوء نیة)كە لەشوێنەكەی لابرێت ..... جارێ بیخوێنەوە, پاش گۆڕانكاریەكەی.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

ئەو گۆڕانكارییەی كە دەكرێت بە مەبەستی كاری تیرۆركاری نوسراو, چاپەمەنی, كاسێتی تۆمار كراو یان وێنەی وای لـەلا بێت یان بەدەستی بێنێت كە هاندان یان بەچاك زانین, یان پرۆپاگەندە لە خۆ بگرێت, لێرە بۆ ئەنجامدانی تاوانی تـیرۆر كاری چووە پێشەوە (یامەبەستی بەخشینەوە, بڵاوكردنەوە) ئەوەی دواییش نـامێنێ, یـان بـۆ ئـەوەی كەسـانی دیكـە لێـی بەئاگا بكات, ئەو دوو جێگایە لابردرا.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

ئێستا بە عەرەبی دووبارەی دەكەینەوە.

- -حاز أو أحرز بقصد الارهابي محررات أو مطبوعات أو أشرطة مسجلة او نظائرها أو صوراً تتضمن تحریضاً أو تحبیـذاً أو ترویجاً لارتكاب الجرائم الإرهابیة بقصد التوزیع أو النشر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كـێ رازییـە لەسـەر ئـەو گۆڕانكارییـە دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ كـێ لەگـەڵی نییـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا. فەقەرەكـە جارێكی تر بە كوردیەكە بیخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

بە مەبەستی كاری تیرۆركاری نوسراو, چاپەمەنی, كاسێتی تۆمار كراو یان وێنەی وای لەلا بێت یان بەدەستی بێنێـت كـە هاندان یان بەچاك زانین, یان پرۆپاگەندە لە خۆ بگرێت, یان بەمەبەستی بەخشینەوە و بڵاوكردنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

حاز أو أحرز بقصد الارهابي محررات أو مطبوعات أو أشـرطة مسجلة او نظائرهـا أو صـوراً تتضـمن تحریضـاً أو تحبیـذاً أو ترویجاً لارتكاب الجرائم الإرهابیة بقصد التوزیع أو النشر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە؟ بە ئەکسەرییەت وەرگیرا. فەقەرەکەی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادرابێت ودەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە .فەرمانی ئەم بڕگەیەش هاوسەر وخزمەکانی تا پلە دووی تاوانکار ناگرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

رەئیی لیژنەی یاسایی رایەکەی بەم شێوەیە : - دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی دووەم)لە بڕگە 4/ی مادەکە بگۆڕێت بە دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی یەکەم) بۆ ئەوەی لێبەدەرکردنەکە کەم بکرێتەوە و تەنها خزمی پلەی یەکەمی لێ بەدەربکرێت, کە دەکاتە باوك ودایك ومندااڵن لەگەڵ هاوسەر(ژن ومێرد).

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

ئێستا بڕگەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

اذا علم بارتكاب جريمة من الجرائم الارهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بامرها و لايسري حكم هذه الفقرة على زوج مرتكب الجريمة) واقاربه الى الدرجة الثانية)

ترى اللجنة في هذه الفقرة

تبديل عبارة( واقاربه الى الدرجة الثانية) الواردة في الفقرة(4) منها الى عبارة(واقاربه من الدرجة الاولى) بغية تقليل الاستثناء من حكم الفقرة للاقارب وحصره بالدرجة الاولى أي الاباء والامهات والاولاد فقط بالاضافة الى الزوج او الزوجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ قسە بکات با دەستی بەرزبکاتەوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن, کاك ارام, کاك ئارێز, کاك اسماعیل, کاك عادل, کاك جمال, کاك جعفر, کاك حاتم, ڤیان خان, کاك شیردل, کاك عوسمان, کاك سردار, کاك عزالدین.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم بڕگەیە من پێشنیار دەکەم بەشێکی بۆی زیاد بکرێت, دیارە لەسەرەتای بڕگەکە بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەو یاسایەدا هاتووە, ئاگادار بێت و دەزگا گشتییەکان پێ ئاگادار نەکاتەوە, لەدوای ئەوە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت و هەوڵی شاردنەوە و لەناو بردنی زانیاری بدات لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە هیچ ئیستیسنائێکی تێدا نەبێت, بۆ خزم و بۆ کەسی تر, یانی بەکارهێنانی ئەو بڕگە لای من زیاتر لە بڕگەی نەریتێکی عەشائیری دەچێت, تا لە بەندێکی قانونی, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ئەمەی بە مەبەستی ئەوە کردووە کە پارێزگاری لە توندو تۆڵی خێزان بکات, بۆ ئەوەی کەوا لێك هەڵنەوەشێنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو فەقەرەیە دوو شت هەیە، دوو خەڵك هەیە كە دەزانی و خەبەر نادات، یەكێك قەصدەن خەبەر نـادات، دووەم هەشـە لە ترسان خەبەر نادات، دەبی فەرق بكرێت لە بەینی ئەو كەسەی كە دەزانی و قەصدەن نایكات و كە دەترسێ و نایكات، بـۆ نموونـە كابرایـەك هەیـە دوكانـدارە دەزانـی وا لـەوێ خـەڵكێك شـتێكی داناوەتـەوە، ئـەو كابرایـە دەترسـێ سبەی لـە ئینتیقـامی ئـەو خەڵكـە بچـێ سـبەی خەبـەری سـوڵتات بـدات، ئـەوە دەمێنێتـەوە لـەبۆ خـۆی، یـانی نـاكرێ ئێمـە بچـین ئیجباری خەڵك بكەین، بڵێین ئـەتو دەبـی بێـی خەبـەر بـدەی، ئـەو لـەو حاڵەتـە ئێمـە وا لـە خـەڵك دەكـەین كـە هـەموو خەڵكێك ئیجبار دەكەین كە دەبی بێ خەبەری سوڵتات بدات، دوایی ئەمن لەو رەئییە دام كە ئەو كەسەی كـە دەزانـی بـە قەصدەن شتێكی تیرۆر هەیە لە خزمـی دەرەجـە دووش بگرێتـەوە، یـانی ئـەوە هـەلگیرێ لێـرە، چونكە ئـەو كابرایـە كـە دەزانێ قەصدەن بەخۆی هەموو نیەتەكەیە كە دەزانی دەچی خەبەر نـادات، ئـەوجا دەرەجـە یـەك و دەرەجـە دوو ئـەوە زیادە، چونكە ئەوە لە قانونی عقوبات لـە بـۆ جـەرائیمی ئعتیـادی دەگۆترێـت، ئێمـە قـانونێكی خـاص دەردەكـەین ئێستا ئەوە قانونی ئیرهابی پێ دەڵێن، بەرەئی من لێرە دووشت هەیە، چونكە ئەو فەقەرەی سێ و فەقەرەی چوار لەو ماددەیـە زۆر حەساسە، یانی عیلاقـەی بـە مـافی مرۆڤـەوە هەیـە، یـان ئـەوە دەبـێ تـەئجیل بكرێـت موناقەشـەكەی، چـونكە زیـاتر موناقەشەی لێ بكرێت، یان ئیلغا بكرێت ئەو دوو فەقەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی كەوا ئەوكەسانەی كە ناوێرن دەنگ بكەن، بە پێی قانون ئەوانە موكەلـەفن، كـە عـوزری ئـەوەی نییـە، بەڵام غەڵتەكی موخەفەفی هەیە مەحكەمە دەتوانێ بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگری لە بۆ تەخفیفی عقوبە، سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەبەر نەدان بە رووداوی تاوانێك، خۆی تاوانە، بەڵام ئیستیسنا كراوە ئەوەی كـە ئیستیسـنا كـراوە، خزمـەكانی دەرەجـە یـەك ئـەوەش بـۆ ئەوەیـە وەكـو قاعیدەیـەكی یاسـاییە لـە هـەموو وڵاتـانی دونیـا پێـڕەو دەكرێـت، بـۆ ئـەوەی خێـزان و عەناصری خێزان بە پتەوی بمێنێتەوە، خێزان لێرەدا ناوكی كۆمەڵگایە و پـیرۆزە، بۆیـە دائیمـەن موشـەریع هـەوڵی داوە كـە ئـەوە رەچـاو بكـات كـە خێـزان قودسـیەت و پـیرۆزی خـۆی هەیـە، بـۆ ئـەوەی تـا لێـك نـەترازێن لەبـەر هەنـدێ ئـەو ئیستیسنایە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتێ دەگەم مەوزووعەكە چییە، وەكو مەڕی كەڕ، تكایە ناوم بنووسن من زۆر قسەم لەسـەر ئـەو مەوزووعـە هەیـە، هـەر دەپرسم تێنەگەیشتم و لە برادەرانیش پرسیم هەر تێنەگەیشتم، تازە لە كاك كریم گەیشـتم مەوزوعەكـە چییە، لەبـەر ئەوە رجا دەكەم ناوم بنووسن و قسەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئیستیسنائەن لە قەرارەكەی پێشوومان ناوت دەنووسین، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایـە رسـتەی كۆتـایی هـەڵبگیرێت، بـۆ نموونـە باوكێـك ئـەزانێ تـاوانێكی ئیرهـابی دەكرێـت، كـە دەسـەڵات ئاگـادار ناكاتـەوە كوڕەكـەی ئەكاتـە خزمـی دەرەجـە یـەكی، مـەفروز نییـە ئـەو عقوبـەی بگرێتـەوە بەراسـتی، ئـەوە پێچـەوانەی دەستوورە، لەبەر ئەوەی هەموو عقوبەیەك شەخصیە، ئەو كەسە خۆی وەكو كـاك كـریم وتـی خەبـەر نـەدات لـە تـاوانی ئیرهابی خۆی تاوانە، باشە ئەگەر من ئاگام نییە لەو مەوزووعە بۆ تاوانبارم بـەو مەوزووعـە، بەراسـتی ئـەوە موخـالیفی

ماددەی نـۆزدەی فەقـەرە هەشـتی دەسـتوری عێراقییـە, لەبـەر ئـەوەی ئێمـە قاعیدەیـەکمان هەیـە عقوبـە شەخصـییە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە کاك عادل بە سەراوژێر لەمەسەلەکە گەیشت, ئێمە نـاڵێین ئاگای لـێ نـەبێت و عقوبـە بـدرێت, دەڵێین ئەوانـە بەس ئیستیسنا دەکرێن و عقوبە نادرێن, خزمانی دەرەجە یەك (ولا تزروا وازرة وزر اخرى) نییە, ئەوە جیاوازە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت لەیاسا ئەگەر بە وردی سەیری بکەی, هەر کەسێك کـە جەریمەیـەکی ئیرهـابی بکات, حیساب بـۆ دەرەجـە یەك و دەرەجە دوو ناکرێت, حیساب لەسەر مستەوای ئەو زانیاریەی کە ئەو شەخصـە ئـەیزانێ, ئەگـەر خێزانەکـە هـیچ مەعلوماتی نەبێت لەبەر ئەوەی کە مێردەکەی شتێکی کردووە, ئەو خێزانە بـەهیچ شـێوەیەك سـزا نادرێـت, یـان ئەگـەر دراوسێکەی مەعلوماتێکی هەبێت کە هیچ عیلاقەی بەو زەلامە نەبێت, مەفروزە ئەو زانیاریـە بـدا بـە دەسـەڵات, ئەگـەر نەیـدا بەهـەمان شـێوە لـە ئینگلیـزی پـێ دەوترێـت (کۆنسپرسـی تـو ئـەتێم) هـەر کەسـێك زانیـاری بزانـێ بـە پێـی ئـەو زانیاریانەی کە ئەیزانێ محاسەبە دەکرێت و حوکم دەدرێت, ئیتر عیلاقـەی بـە دەرەجـە یـەك و دەرەجـە دوو نییـە, مـن پشتیوانی کاك ئارێز دەکەم ئەو مەقتەعەی ئەخیر لابدرێ, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەبدەئە لە قانونی عقوباتیش هـاتووە, ئـەوە شـتێکی نـوێ نییـە ئێمـە هێنابمـان, لـە دەسـتووریش ئـەوە هـەر هەیـە دائیمـەن دەبـێ حیمایـەی خێـزان بکرێـت, بـەڵام ئـەوەی جـەنابی کـاك جمـال دەڵـێ کـە کۆنسـپریس (تەواتوئـە) تـەواتوء موشارەکەیە هەر عەینی قانونی لەسەر تەتبیق دەکرێـت و هـەر عـەینی عقوبـەی لەسـەر تـەتبیق دەکرێـت ئـەو کەسـەی کەوا جەریمەکە دەکات.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئیزافە کردنی سەر ئەو بڕگەیە, پاش خوێندنەوەی بڕگەکە کە ئەڵێ خزمەکان تا پلەدوو تاوان نایانگرێتەوە, ئەگەر بەشدار نەبوو لـەو تاوانـەدا, ئـەوەی بـۆ ئیزافـە بکرێـت, چـونکە ئەگـەر ئـەوە ئیزافـە نەکـەی ئـەوە تەناقوچ دەکات لەگەڵ پێشەکی ماددەی سەرەوە, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەوەی من باسکرا ئەو برا بەڕێزانە باسیان کرد, بەڵام تەعبیرەکە من دەڵێم داوای لێبوردن لە لیژنەی یاسایی دەکەم بەم شێوەیە رەنگە باشتر بێت ئەڵێ (کەسێك کە ئاگادار بێت لـە ئەنجامـدانی تاوانێـك کـە لـەم یاسـایەدا هـاتووە, حـوکمی پازدە ساڵ زیندانی ئەگرێتەوە, دوای دادگایی کردنی لە هۆی قسە نەکردنەکەی), وابزانم ئەو بـرادەرە باسـی کـرد کـە لـە هـۆی قسـە نـەکردنی لەوانەیـە لـە ئـەنجامی مەحکەمـە و دادگـایی کردنەکـە, شـەبەیەکیش لـەدوای ئەمـە بێتـو کـە ئـەو نەیتوانی قسەی بۆ بکات, ئەویش کەشف ببێت, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری له قسەکانی کاك ئاریز و کاك جمال قاسم دەکەم, پێم باشتره کەوا ئەو ئیستیسنائە لێره نەمێنێ, وشەی هاوسەر و خزمەکان لێره لابدرێ, هەر کەسێك کە ئاگادار بێت لەو تاوانە و ئاگاداری دەزگا گشتییەکان نەکات, ئەویش بە شەریکی جورم دائەنرێت و پێشم باش نییە بۆ تاوانێکی گەورەی وەکو تیرۆر تەنها پازده ساڵ بێت, بەرای من باشتره عقوبەکەی سجنی موئەبەد بێت, تا هەتایی بێت, سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی ئێمە دەڵێن تاوانی ئیرهابی, تاوانێکی مونەزەمە هەموو ئەو شتە مونەزەمانە مەبادیئی هەیە, یەك لە مەبادیئە موهمەکانی تیرۆر نەهێنییە, یانی شتەکە هەموو کەس نایزانێ, شەرت نییە یەکێك بیزانێ و کەس وکارەکەی بیزانێ, بەراستی ئەو کەس وکار و دەرەجە یەك و دەرەجە دوو ئەوانە لە زەمانی بەعس هاتووە, یانی پێش ئەو کاتە ئەوە نەبووە برایەك لەسەر برایەك حوکم بدرێت, لەبەر ئەوە ئەوەی هەر تێدا نەبێت باشتره, چونکە ئەوە شتێکی کۆنە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو بڕگەیەدا کەس لەحیاتی کەس عقوبە نادرێ, بەڵام ئەگەر علمی هەبوو, هەر کەسێك علمی هەبوو کە تاوانێکی تیرۆری ئەنجام دەدرێ و تاوانبارە, دەبێ سزا بدرێت, بەڵام لێرەدا بەس خزمانی دەرەجە یەك, کوڕ, دایك, باوك, کچ, لەگەڵ هاوسەر, ئەوانە ئیستیسنا کراون, ئەوانەی ئیستیسنا کراون عقوبە نادرێن, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە داڕشتنی صیاغەی ئەو بڕگەیە وازیح نییە, بۆیە ئێستا لە نێوان ئەوانەی تێدانە دەرەجە یەك, یان تێدا نینە, ئەگەر دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەکی تر باشتره, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تاوانی تیرۆر تاوانێکی زۆر گەورەیە, پێویستە قانونەکە بەرامبەر ئەو تاوانە بێ فەرق بێت لەگەڵ قانونی جەزائی, هەر کەسێك ئاگادار بێت لە ئەنجام دانی تاوانێکی تیرۆر, پێویستە یاسا بیگرێتەوە و زیندان بکرێت, بەڵام ئەگەر خێزانەکە چونکە تیرۆر ئەوانەی ئەنجامی دەدەن زۆر زیرەکانە و زۆر نهێنیان بەهێزە, رەنگە خێزانەکەی و براکەشی ئاگای لێ نەبێت, ئەگەر لە حالەتێك بۆ مەحکەمە دەرکەوت خێزانەکەی, براکەی, کوڕەکەی, کچەکەی, ئاگای لێ نییە, ئەوا ئازاد دەکرێت, بەڵام ئەگەر زانرا زانیویانە و ئاگاداری دادگایان نەکردووە, ئینجا دادگا بەپێی ئەو قانونەی کە پێی دراوە زیندانی بکات, حەقیەتی زیندانی بکات لە پێنج ساڵ تا پازده ساڵ, ئینجا ئیحتیمالە کەمتر بێ, بەڵام ئەگەر بڵێین وەڵڵا زانیویەتی خێزانەکەی, بەڵام حوکم نایگرێتەوە چونکە حیمایەی عائیلە بکەین, ئەمە لێره تەشجیعێکە دێت, بۆ ئیرهاب, بۆیە ئەبێ زۆر محدد بین بەرامبەری, چونکە قانونێکی ئیستیسنائیە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێم وایە لە قانونی عقوبات دەچێتە قالبی (امتناع عن الاخبار) کە لە قانونی عقوبات بۆی دانراوە, لە ماددەی (10) دەڵێ (تطبق احکام قانون العقوبات العراقیة النافذ بکل ما یرید ) کە ئەوە پێویست بوونی تیکرار بوونەوەی ئەمە چییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش با تەوزیحێك بدەم لەسەر ئەو بڕگەیە ئەگەر ئیجازەم بدەن, خۆی فیعلەن بڕگەکە قابیلی ئەوەیە لە موناقەشەدا تەفسیری جیاواز بکرێت, بەڵام ئەوەی من تێگەیشتم لەوە بۆ ئەوەی لە موداخەلەکانتاندا بزانین چۆنە, ئەو کەسەی کە

خەبەر نادات من وا تێگەیشتم, ئەگەر وانییە با لیژنەی یاسا بڵێ وانییە, ئەو کەسەی کە بە جەریمە ئیرهابیەکە دەزانێ خەبەر نادات, بە پێی ئەو ماددەیە دەگیرێت, بەڵام با بڵێین خێزانی هەیە کوڕ و منداڵ و ئەوانەشی هەیە, ئەوانیش ئاگادارن, بەس خاوەن خێزانەکە دەگیرێت و ئەو حوکمە ئەوانیش ناگرێتەوە, یانی قوەتە بۆ حیمایە کردنی ژن و ماڵ و منداڵەکە, مەسئولی یەکەم لێپرسراوە بەو مەعلومەیە, ئەگەر ئەو فەقەرەیەی تێدا نەبێت ئەو پیاوەی کە گیراوە مەعلوماتی هەیە و خەبەری نەداوە, کەواتە خێزانەکەشی مەعلوماتی هەیە و خەبەری نەداوە بگیرێت و منداڵەکەشی مەعلوماتی هەیە و خەبەری نەداوە بگیرێت, ئەوە حیمایەیە بۆ ژن و منداڵەکان ئەو فەقەرەیەی کە تێدا نووسراوە, یانی لە ماڵێکدا خاوەن ماڵەکە, پیاوەکە منالی هەیە, دایکی هەیە, یاخود کوڕی پێی دەزانێ و باوکەکەش لە کوڕەکەیەوە پێدەزانێ, بەڵام دەنگی نەکردووە ئەوەی کە ئەساسەن پێ دەزانێ خاوەن هینەکە دەگیرێ, بەڵام دەرەجە یەك کە دەکاتە هاوسەری و منداڵەکانی حیمایە دەکرێت و تەنیا ئەو لێپرسراوە لەوەی کەخەبەری نەداوە, لەسەر تاوانێك لە عائیلەیەك چوار کەسن, یەك کەس تاوانبارە کە خەبەر نادات ئەویش مەسئولی عائیلەکەیە, ئینجا هاوسەرەکەیە, ئەگەر نا برا گەورەکەیە, یانی یەکێکیان دەگیرێ و ئەوانی تر ئەو بڕگەیە حیمایەیان دەکات, نەك بەعەکسەکەی تێ گەیشتوون, من وا تێ گەیشتووم ئەگەر وایە لیژنەی یاسایی تەئییدم بکات, ئەگەر واش نییە, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەکە هەمان بۆچوونی بەڕێزتانی هەیە, ئێمە هیچمان نییە, تەنیا ئەوە نەبێ کە پشتگیری ئەو بڕگەیە دەکەین, لەبەر ئەوە ئەمە مەبدەئێکی یاساییە, لە قانونی عقوباتدا زۆر بە فراوانی هاتووە دەرەجە یەك, دەرەجە دوو, و دەرەجە سێ دەپارێزی لە خێزان ئێمە تەنیا دەرەجە یەکمان هێشتۆتەوە, رەئیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتێك فەرز بکەین کە عائیلەیەك ئەم عائیلەیە لە باوك و خێزان و دوو منداڵە, هەر چواریان خانەیەکی ئیرهابین, یەکێکیان عەمەلەیەکە ئەنجام دەدات و دەگیرێ, ئەوانی تر دەڵێن ئاگامان لێ بووە و دەنگمان نەکردووە دەیانەوێ ئازاد بن, هەم دیسان عەمەلیەی ئیرهاب بەردەوام دەبێت, بۆیە رەئیی من وایە ئەوەی لە ئیشی ئیرهابیدا ئاگادار بێت, ئەبێ سزا بدرێت, (ما عدا) ئەگەر یەکێك لە عائیلەکە ئاگای لێ نەبێت, ئەوە بەریئە وەکو هەر کەسێکی تر, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو عائیلەیە خەلیەی ئیرهابیان پێکهێنا, ئەوانە خۆیان بەشدارن لە تاوانەکە, عقوبەکە دەیانگرێتەوە, بەڵام لێرە مەبەست تەنها لە ئاگادار بوونە, دوای ئەوە کە زانرا ئەوانە کە ئەو شەخصەی خێزانەکەیان بەو کارە تیرۆریستە هەستاوە یان هەڵدەستێت, لێرەدا بەس عیلمە, مەبەست ئەوە نییە, ئیتر بەشدار و بەشداریکردن وەکو خەلیە, ئەوە خۆیان عقوبە دەدرێن لەسەر ئەو تاوانە, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جار جار کە قسە دەکەین, لیژنەی یاساش قسەی لەسەر دەکاتەوەو دوایی دەرفەت دەدرێتە ئەوان بە کەیفی خۆیان تەبریرات بێننەوە بۆ سەلماندنی رەئیەکانی خۆیان, دەرفەتی ئێمەش نادرێت, لەو کاتە ئێمە حەقمان دەخورێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەقتان ناسووتێ, ئەوان ئیشیان ئەوەیە هەر رەئیەك هەبێت رەئیی یاسایی بڵێن, ئەگەر رەئیەکان تیکرار بێت, ئەوە سەرۆکایەتی دەیخاتە ڕوو, بەڵام ئەوانە حەقیان ئەوەیە هەر بڕگەیەك موناقەشە کرا و رەئیەك درا لە رووی یاساییەوە وەڵامی بدەنەوە, کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من دووبارەیە لەبۆ قسەی برادەران, سوپاس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لیژنەی قانونی شتەکی دبێژی و ئەمیش شتەکی باس دەکەین, ئەڤە تەشجیعە بۆ ئەو کار ئیرهابیە دکەین, ئەگەر ئیرهابیەك لە ماڵەك دا هەبێت و ئیستیسنا هەبێتن ژ ژنەکا وی, ئا کوڕێ وی, ئان کچا وی, مەعنا وێ ئێمە تەشجیعا بۆ کارا ئیرهابی دکەین, ئەوجا ئیستیسنائێ دەدەین ڤێ حاڵەتێ کو ئەوان علم کە هەیە, ئەوەش یەك ژێ موخالیفی فەقەرە سێ مادده یەکا ژێ, ئەو ئیعدامێت دەبێت هەرچی عیلیم تێدا هەبێت و ئیخباری نەداتن, ئەو جا عیلم تێدا هەبێت و ئیخباری نەدات ئەم کە ئیستیسنا بکەین, ئینجا من ژ رەئیا برادەرانم کاك ئاریز و خوشکە ڤیان و کاك قاسم, وەکو ئەو فەقەرە نەمێنێ, ئەو فەقەرەیە ( ولایسري حكم هذه الفقرة) هەر هەمووی نەمێنێ, هەر کەسەکی ئاگادار بێت بۆ جەریمەکا ئیرهابی سزا بدرێت, سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید لەسەر قسەکانی کاك کمال دەکەم, پشتگیری رایەکەی دەکەم, بەڵام وەکو ئەندامێکی لیژنەی قانونیش ئەمەویت تەوزیحێك لەسەر حاڵەتی جەریمەکە بدەم, ئێمە کاتێك باس لە عائیلە دەکەین باس لە منداڵێکی چوار, پێنج ساڵە ناکرێ, سنی قانونی هەیە بۆ عقوبە یانی لە هەژدە ساڵ بە بانەوە بێت عقوبە دەیگرێتەوە, لەوە بە خوارتر ئەحداس هەیە, لەوە خوارتر کە منداڵە سنی تەمییز و ئەوانە نایگرێتەوە, کاتێك دایك و باوکیش لە بان شەش ساڵ بەبانەوە دیسان حوکمێکی تر هەیە کە پیرە و بەتەمەنە لە حاڵەتی مردندایە, دیسان هەندێ ئەحکام هەیە لەسەری لادەچێ, کەواتە لە وەعیدا باس لە خەڵکێك دەکرێ کە واعیە, باس لە خەڵکێك دەکرێ قودرەتی ئیرادەی ئیشی فیعلی ئیجرامی هەیە, بۆیە لە هەژدە ساڵ بەبانەوە پێم وایە لە ناو عائیلەیە, کاتێك کە ئاگادار دەبێ لە جەریمەیەکی ئیرهابی, کە ئەڵێی جەریمەیەکی ئیرهابی لەو یاسایەدا هاتووە, کەواتە ئەبێت نیەتی ئیرهابی تێدا بێت زائیدەن ئەوەش دەبێ جەریمەکە روویدابێ, یانی جەریمەی قەتل بووە, حاڵەتەکان بووە, ئەمانە هەمووی بووە, بۆیە پێم وایە خزمی دەرەجە یەك لەو حاڵەتە ئەبێ ئێمە جیای کەینەوە کەوا بەشدار نەبێت, چونکە تەنها ئاگادار بوون شتێکە بۆخۆی عقوبەی هەیە, بەڵام کە ئەبێتە بەشدار ئەبێتە حاڵەتێکی تر, ئەو کاتە خۆی شمل دەکات وەکو عقوبە, بۆیە ئەم ماددەیە بۆ خۆی تێك هەڵکێشەیەکی تێدا دروست بووە, باشە من پێم وایە جارێکی تر پیا بچینەوە بەوردی تۆزێك جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە دروست نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو مەفهوم هەیە بۆ ئەم بڕگەیە, مەفهومێکیان وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئیشارەتی پێکرد, ئەگەر من لە خێزانێکدا بم زانیم دراوسێکەم خەریکی تاوانی تیرۆرکارین, ئەگەر زانیمان هاوسەرەکەم تەنیا تاوانبار دەبێت ئەو دەگیرێ, ئێمەش زانیبێتمان ناگیرێن, یانی خێزانێك هەمووی زانیبێتیان کە دراوسێیەکیان تاوانبارە یان تیرۆرکارە, یانی تاوانبارە ئەگەر خەبەر نەدات, ئەو کاتە کە زانرا تاوانبارەکە خەبەر نەدات تەنها هاوسەرەکە دەگیرێ خێزان و ژن و ماڵ ناگیرێ, مەفهومی دووەمیش کە بەڕێز جێگری سەرۆك ئیشارەتی پێکرد زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئیشارەتی پێدا, ئەگەر لە خێزانێکدا زانرا تیرۆر هەیە, من زانیم هاوسەرەکەم یاخود کەسێکی نزیکم لە ماڵەکە خەریکە بە کارێکی تیرۆریستی هەڵدەستێ خەبەرم نەدا ئەو کاتە منیش تاوانبارم, هەمووی دەگرێتەوە لە ماڵەکە, ئینجا نازانم تەوزیحێکی تۆزێك زیاتری دەوێ, بۆ ئەوەی بە مەفهومی بۆ ئەوەی دەنگ نەدەین بۆ شتێك کە بەراستی زۆر مەفهوم نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەخنەکە ئێمە دەگرێتەوە, بەڵام خیلاف نییە, من شەرحم کرد کە وایە, ئەویش ڕەئی وایە کە دەبێ هەمووان بگرێتەوە, ئەوە نەبوو تەفسیرێکی جیاوازی هەبێت, ئەو ڕەئیی وایە تاوانەکە هەرکەسێك پێی زانی لێی مەسئولە, تەنیا برا گەورە یاخود سەرخێزان مەسئول نییە, هەموو ئەو کەسەی بیزانێ, یانی ڕەئی وایە نەوەك بۆچوونەکانمان جیاواز بێت لە تێگەیشتنەکان, فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لێرە صیاغەکە وایکردووە تەفسیری زۆر هەڵگرێ, ئەگەر ئێمە ئاگامان لێ بێت لەسەردەمی صەدام حوسێندا کۆمەڵگەیەکی موخابەراتی دروست بوو لەسەر باوك و لەسەر کوڕ, ئەمە ئەگەر یەکێك علمی هەبێت ئەوە دروست بووە, ئەوە تاوانبار بێت ئیتر قسەی نییە ئەگەر ئیسپات بوو لەسەری, باوك بێت, برا بێت, عیلمی هەبوو بەو ئیشەی ئەکرێ, ئەو تاوانبارە بەپێی عیلمەکەی, بەس ئەمە بۆیە لێرە ئەم داکۆکیانە ئەکرێت, ئەگەر هەر لە ئەساسەوە ئەمە لابرێ, ئیتر دەزگای تەحقیق بۆ گرتن هەرکەسێك ئیشێکی کرد, خێرا باوکی, برا کەسێکی ئەگرن, بەڵام ئەگەر ئەو ئیستیسنایەی تێدا بوو هەتا ئەقاربی دەرەجە دوو و برا وخوشکیش دەگرێتەوە, ئەمانە ئیستیسنا بن بۆ! بەڵام ئەگەر ئیسپات بوو لەسەریان تەبیعییە ئەوانیش تاوانبارن, یان بە موشارەکە یان بە عیلم, ئەگەر موشارەکە بێت ئەوە تیرۆریستە, ئەگەر بە عیلم بێت ئەوە ئەو ماددەیە دەیگرێتەوە, ئەم ئیستیسنایە بۆ ئەوەیە بۆ ئەوەی هەر لە ئەوەڵەوە پەلاماری نەدرێ, یانی نەگیرێ, ئەم کەسە بۆ ئەوەیە لە ئەوەڵەوە نەگیرێ, بەڵام دوای ئەوەی کە ئیسپات بوو تەبیعییە ئەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئیی مافی مرۆڤ بوو, ڕەئیی لیژنەی قانونی نەبوو, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیی کاك شێردل و برادەرانم هەبوو, من لەلایەن یاساییەوەش شتێکی وای لێ نازانم, بەڵام کە نەصی ماددەکە دەخوێنینەوە ئەو بڕگەیە وانیشان دەدات کە خزمەکانی دەرەجە یەك و دووی ئەو ئینسانە, ئەگەر ئاگاداریش بن هەر ئەو تاوانە نایانگرێتەوە, بە قەناعەتی من ئەوە زیادە ئەو بڕگەیە, ئەگەر تاوانبار بێت ئەوە تاوانبار سزای خۆی دەدرێت, تاوانی نەبوو ئەوە هیچ سزا نادرێت, نەوەك دەرەجە دەش بێت ئەگەر تاوانبار بێت عقوبە دەیگرێتەوە, ئەگەر تاوانباریش نەبێت هیچ شتێك نایگرێتەوە, پێویست ناکات هەر ناوی ئەوە بێنین خزمی دەرەجە یەك و دوو تەشخیص بکرێت, ئەگەر تاوانی نەبێت بۆچی بگیرێ, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە من بە عەمدەن وامنەکردووە, بەڵام بەراستی تێنەگەیشتبووم, ئەوە ئیقتراحی من بوو, من سەد لەسەد تەئییدی ڕەئیەکەی د.کمال دەکەم, دەمەوێ ئیجازەکەم بدەیێ هەندێك شەرحی بکەم لەسەر دەرەجە یەك, جارێ پێشەکی نموونەی شێخ زانا دێنمەوە کە یەك لە تاوانبارەکانی کە ژنەکەی کردبووە بەڵگەیەك و لەگەڵ منداڵەکانی خۆی دەیگێڕا تەقەمەنی پێ دەگواستەوە, قەنابلی پێ دەگواستەوە, کارەکەی هەموو لە ڕێگەی ژنەکەی لە سەیتەرەکان بە واسیتەی ژنەکە و منداڵەکانی ئیزنیان دەدا و ژنەکەشی ئاگادار بوو چی دەکرد, ئەو ژنە چۆن موتەهەم نییە کە ئەو کارەی کردووە, یان لە ماڵی من کوڕێکم کارێك دەکات من ئاگادارم, عەمەلی کوڕەکەی من ئەچێ قونبەلەیەك دەتەقێنێتەوە وەکو حادیسەی یەکی شوبات و ئەوانی تر کە لە هەولێر و لە شارەکانی تر ڕوویدا, ئاگادار نەکردنی بە سوڵتات کە کوڕەکەم ئەو کارە دەکات دەبێتە کوشتنی بەدەیان یان بە سەدان کەس, چۆن موشتەریك نیم لە جەریمەکە, چۆن بەریئم هەر لەبەر ئەوەی خانەوادەك تێك نەچی, ئەو سەد خانەوادە تێك دەدات, ئێمە دڵمان بە سەد خانەوادە

ناسووتێ, ئیباده نابێ به سەدان رەئیس عائیله له ناو دەچێت, ماڵ و منداڵ بێ سەرپەرشتی دەمێنن و موجریمێك دڵمان پێ بسووتێ و بێ سەرپەرشتی بمێنێتەوە, بەڕەئیی من ئەوە شتێکی ناڕەوایە و دەبێ ئەوانەش وەکو ئەوانی تر موحاکەمە بکرێن و ئەو ئیستیسنایە بە غەڵەتی دەزانم و تەشجیعەکیشە ئەو قانونە بڵاوبکرێتەوە تەشجیعێکە بۆ ئەو عائیلانەی کە ئەو جەریمانە دەکەن, دەڵێ با منداڵەکانیش وا بکەن خەبەر نادەم, ئەگەر باب و براکانی بزانن ئەوانیش ئیستیمراری لەسەر ئەو عەمەلە دەکەن, چونکە ئاگادارن لە کوڕەکەیان و خەبەریان نەدایە, بە عەمدەن بۆ تۆڵەی کوڕەکەیان لەسەر ئەو کارە ئیرهابیە بەردەوام دەبن, لەبەر ئەوە من رەئیم وایە ئەو ماددەیە نەنووسرێت و دەرەجە یەکی ئیعفا نەکرێت وەکو موتەهەمەکە حیسابی بۆ بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ لابردنی ئەو ئیستیسنایەم, لەبەر ئەوەی جاری وا هەیە تیرۆریست ئەوەندە قاڵ دەبێ لە کاری تیرۆریستیەکەدا خانەوادەکەی خۆی بەکار دێنێ, یان هەر زۆر زۆر تاوانبار بوو, رەنگە کەس وکارەکەی خۆی بکوژێ, نموونەی نزیکیش هەیە لەو حاڵەتانە, سوپاس.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بارێکی تایبەتە یاسا تەقلیدیەکان نایگرێتەوە, من پزیشکم لە یاسا پزیشکیەکاندا سڕی نەخۆش پارێزراوە, بەڵام هەندێ حاڵەت هەیە کە لەنەخۆش تەجاوز دەکات خەتەرە بەسەر کۆمەڵگا, ئەبێ ئیخباریش بکەی, جەنازە لای ئێمە موقەدەسە ئەیشۆین و ئەینێژین, بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا ئەیسوتێنین, عەزلی دەکەین, لێرەدا تیرۆر وەکو ئەو حاڵەتە ئیستیسنایانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت, هەر خانەوادەیەك کە تیرۆری تێدا بوو و ئاگادار بوو بەشێکە لێی, ئەگەر بەشێك نەبێ, تاوانکار ئەو سڕە لەوانیش دەشارێتەوە, دوو بە مانای عائیلەش بێت, ئەو عائیلەی کە تاوانی تیرۆری لێ ئەنجام درا, رەوابتی عائیلی تێدا نامێنێ و دەپچڕێ بە دوو سەر, یەکەم ناسراوە لە تاوانەکە, تاوانکار ناسراوە و ئەزانێ لەچ بنەماڵەیەکە, تۆڵە سەندنەوە دروست دەبێ, ئەگەر من لەگەڵ تاوانەکە نەبم دەستی کوڕەکەم دەگرم و ناهێڵم بیکات, بۆ ئەوەی کوڕەکەم لەدەست نەچێ و بەوەی تاوانێکە منیش بەشێکم لێی, بەوەی تۆڵەم لێ دەسێندرێتەوە, کەواتە ئەو ئیستیسنائە بۆ تاوانی تیرۆر لەجێی خۆیدا نییە, هەموو کەسێکی ئاگادار کراو هاوبەشە تێدا, بەڵام یەك شت دابندرێ پێش روودانی تاوانەکە, خێزانەکەی دڵنیا بکرێتەوە کە ئەگەر ئەو هەڵسا بە ئاگادار کردنی دەزگاکانی یاسا, عقوبەکە لەسەر تاوانکارەکە کەم بکرێتەوە و لەسەر خۆشی بە مەبەستی ئێمە زیاتر مامەڵە لەگەڵ بنبڕ کردنی تیرۆر بکەین و نەك روبەڕوبوونەوەیدا, بەمە تاوانەکە روونادات, گەنجێك هەڵدەستێ کوڕی منە یان کوڕی هەر کەسێکمانە ئەچێت سەرچاوەیەکی ئاو پیس دەکات, کە لەوانەیە هەزارەها کەسی پێ بکوژرێ, باشە هەزاران خانەوادە کێشەی تێدا دروست دەبێت ئەمە قودسیەتی خێزانمان پاراستووە یان قودسیەتی کۆمەڵگامان خستە مەترسییەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسین (کل من علم بارتکاب الجریمة)باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە نەتیجەی موداخەلەکانتان تەنیا یەك مولاحەزە هەیە, ئەویش ئەوەیە ئەو جوملەیە هەڵبگیرێ, مولاحەزەیەکی وا دراوە کە نەگوترێت هاوسەر یان دەرەجە یەك و ئەوانە نایانگرێتەوە, کە هەڵنەگیرێ دەمێنێت بۆ حاکم تەقدیرەکەی, یانی قانونەکە شاملە بۆ هەر کەسێك ئاگادار بێ لە تاوان, لە کارە ئیرهابیەکە و خەبەر نەدات, کێ موافیقە لەسەر ئەوە؟ ئەوانە نوقتەیەکی گرنگیان باس کرد لیژنەی قانونی ئەگەر بە رووتی بمێنێ تەنیا ئەوە لابدەین, قانون عقوبات

تەفسیرەکەی ئەوەیە نەك هەر دەرەجە یەك ناگرێتەوە, بەڵکو دەرەجە دووش ناگرێتەوە, ئامۆزاش ناگرێتەوە, لەبەر ئەوە وشەیەك دەبێ ئیزافە بکرێت, بڵێ بە بێ ئیستیسنا, ئەو وەختە فەرقی دەبێ لەگەڵ قانونی عقوبات و هەموو کەسێك دەگرێتەوە, ئینجا کێ موافیقە لەسەر ئەو گۆڕانکاریە کە ئەوە لابدرێ وبێ ئیستیسنا بخرێتە سەری دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوە نییە ئەو گۆڕانکاریە بکرێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ ئەقەلیەتە, کەواتە ئەو گۆڕانکاریە دەبێت, ئێستا بیخوێنەوە بە گۆڕانکارییەوە, تکایە کاك عبدالکریم بەکوردی و بەعەرەبیەکەی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

علم بارتكاب جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بأمرها ولا يستثنى من ذلك اي).

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادرابێت ودەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە بەبێ لێ بەدەر کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو صیغەیە ئیعادەی بکەنەوە بەشێوەی مەفهوم بێت, دەبێ بنووسرێ کەسی لێ ئیستیسنا ناکرێت, دەنگ دان بۆ فەقەرەکە دوایدەخەین و کاك کریم بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

علم بارتكابجريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة ولا يستثنى منها احد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکە بەم شێوەیە نووسراوەتەوە (وتسري هذه المادة على مرتكبي الجريمة واقاربه دون استثناء)کەواتە دەبێ بڵێ (و يسري حكم هذه الفقرة على مرتكبي الجريمة واقاربه بدون استثناء), کاکە با دوای بخەین, بزانین لیژنەی یاسایی رای چییە بۆ جەلسەی تر, ئەو صیاغەی بە پێی ئەو ئیتیفاقەی کە دەنگمان بۆ نەدا, بەڵام ئیجماعێکی لەسەر بوو, دەنگمان بۆ گۆڕانکاریەکە دا, صیاغەی دەکات, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە خەڵتێك هەیە, ئەوەی کە عیلمی هەیە و ئەوەی کە مورتەکیبە, یانی بەڕێزانی لیژنەی قانونی مورتەکبی جەریمە ئەوە خۆی لە ماددەکانی تردا جیایە و دەرکەوتووە, بەڵام ئەوەی کە عیلمی هەیە, ئێمە مەبەستمان ئەوەی کە عیلمی هەیە لێرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەڵام دەدەمەوە, ئەوەی کە عیلمی هەیەو خەبەر نادات, دەبێتە مورتەکیب, فەقەرەکەی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی چوارەم لە ماددەی چوارەمدا:

بەئەنقەست (هەواڵ) یان روونکردنەوەیەك, یان پڕوپاگاندەیەکی تۆقێنەر بڵاو بکاتەوە, یان هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو, بیستراو, خوێندراو, یان ئەلەکترۆنی بەهەل وەربگرێت, یان بەکاریان بێنێت, یان لە ئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە کە راستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە وترس بخاتە نێو هاووڵاتیان وهەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی نییە و پشتگیری بڕگەكە دەكات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

أذاع عمداً أخباراً أو بيانات أو بث دعاية مثيرة للإرهاب أو أستغل وأستعمل وسائل الإعلام المرئية أو المسموعة أو المقروءة أو الألكترونية أونشر البيانات على الانترنيت التي تصل إلى حد التشجيع بطرق مباشرة لجرائم أرهابية تؤدي إلى تقويض الأمن العام ونشر الذعر بين الناس وتهديد الكيان السياسي للاقليم.

اللجنة تؤيد الفقرة بكاملها.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

ئەوانەی كە ناویان نووسیوە, (كاك جمال, گوڵناز خان, سوزان خان, كاك شوقی, كاك شێخ فتاح, كوێستان خان, گیلاس خا ن, شوكریە خان, كوردستان خان, ڤیان خان, نەسرین خان, كاك بارزان, كەژاڵ خان).

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابێتە لە دەسپێكدا ئاخافتنێ تەئكید كر كە ئاخافتن تیكرار نەبن, بەلێ دیسان ئاخافتن تیكرار دەبنەوە لەسەر یەك مەوزوع, ئەز لەبەر هەندێ پێشنیار دكەم كە جەنابێتە ڤەهەر خالەكی لە خالەكا لە سێ كەسا زیاتر حەقی ئاخافتنێ نەداتێ و بەسە و مەوزوعێ دیارە و لیژنەی یاسایشێ لەسەر رۆیشتینا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكە بەجێیە, بەڵام ئێمە ناوی هەموویان دەنووسین, بەڵام ئەگەر یەكێك ئەو قسەی دەیەوێ بیكات پێشتر كرابێ, رجاتان لێ دەكەم بڵێن قسەكەم فڵانە كەس كردوویەتی و تیكرار ناكەمەوە, ئەوە دەمێنێتە سەر خۆتان, من ناتوانم بڵێم تەواو بن, بەڵام دەبێ یەكێك كە قسەكەی كرا, كە برادەرێكی تر كردی, بڵێ فڵانە كەس تەئیید دەكەم, كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە واقیعدا من دەمەوێ تۆزێك لەسەر ئەو مەوزوعە بدوێم, چونكە ماددەی سێ مەجالم نەبوو, ماددەی سێ و ماددەی پێنج هەردووكی بەستراوە بەیەك, لەراستیدا ئێمە بۆ چوار قەرن تا نزیكەی پێنج قەرن دەچێت, ئێمە خەڵكی كوردستان دەمی بەستراوە نەیانتوانیوە نە بنووسن, نەقسە بكەن, نە رەخنە بگرن, نە هیچ كارێك بكەن, لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین لە واقیعدا دەم گرتنی خەڵكی, خەڵكێك شت بڵاودەكاتەوە, ئیمڕۆ لە عالەمدا سەد نەوع سايد هەیە هەر هەمووی قسە دەكات, هەموو قسەی ناشرین دەكات, هەمووی قسەی خراپ دەكات, هەمووی خەڵك هان دەدات, ئێمە ناكرێ لەسەر هاندان خەڵك پازدە ساڵ حوكم بدەین, هەر لە كوردستان شتێك لەم بابەتە بووە كە گەورەترین نووسراوی خراپ و كە دژ بە سەركردایەتی هەرێمی كوردستان و بە هەموو خەڵكی كوردستان كراوە, ئەو برادەرە حوكم درا بە پازدە ساڵ, بوو بە شەرمەزاریەك لەسەر دام و دەزگای عەدالەتی ئێمە, ئێستا ئێمە ئەمانەوێ هەمان غەڵەت بكەین, ئێمە ئەمانەوێ دەمی خەڵكی بگرین, ئێمە حەقمان نییە دەمی خەڵكی بگرین, بە عەكسەوە ئێمە پێویستە ئەو خەڵكە دەم بكاتەوە, ئێمە سوود لە دەمی ئەوان وەربگرین, خەڵك ئەگەر باسی خراپە دەكات, ئێمە خراپەكان هەڵسەنگێنین چاكی بكەین......

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا لە مەوزوع دەرچووی, با عەرزت بكەم چۆن لە مەوزوع دەرچووی, یانی من چەند جار رجام كردووە لە مەوزوع دەرمەچن, فەقەرە بە فەقەرە, ئێمە باسی رووبەروو بوونەوەی ئیرهاب دەكەین, جەنابت باسی ئازادی دەكەی,

مەقالەیەك دەنوسرێ, رەخنە دەگرێ, لەكوێ؟ ئەوەی كە تەحریزی خەڵك دەكات بۆ كوشتن و بۆ كاری تیرۆریستی لە كوێ؟ زۆر فەرقی هەیە ئەوە هەر جێگای ئێرە نییە نیهائیەن, وكەسیش تێكەڵی نەكاتەوە, رۆژانە دەیان مەقالات دەنووسرێ كەس شكایەتیش ناكات, ئێستا وای لێهاتووە مەحكەمەكان خەڵك بێ تاقەت بووە شكایەت ناكەن لەو مەقالاتانەی كە لەسەر كەسایەتی نوسراوە, فەرقێكی یەكجار زۆرە, ئەگەر ئەوە خەڵك بگرێتەوە مانای وایە رۆژی سەد كەس بگیرێ و دووسەد كەس موحاكەمە بكرێت, ئەوە شتێكی ترە عیلاقەی بە ئازادیەوە هەیە و بە دیموكراتی هەیە, حكومەتی هەرێم دام ودەزگای خۆی هەیە, قەوانینی مەتبوعات هەیە, قانونی پاراستنی كەسایەتی هەیە, قەرارات هەیە لەسەر ئەوە, ئێمە تەنها باسی كاری تیرۆریستی دەكەین, كە رووبەرووبوونەوەی ئەمرۆ ئەركێكی سەرشانی هەموومانە, دەبێ بە تەواوەتی جیای بكەینەوە, نابێ ئەو كارانەی تیرۆریستیەكان دەیكەن لە ناحیەی فیكریەوە, لەناحیەی بڵاوكردنەوەی ئەفكاری خۆیانەوە كە هەموو تێك دەرە, هەموو دەیگەیەنێتە جەریمە و كوشتنی خەڵك و ئەوانە, ئەوانەش دەبێ حەصری بكەن لە شوێنی خۆیدا, لەبەر ئەوە قسەكانت عەفو دەكەی رەبتی نییە بەوە و سوپاست دەكەم, گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو بڕگەیە لەو بەندە زیاتر بە گونجاو دەزانم لەگەڵ یاسای تیرۆردا, لەبەر ئەوە بڕگە سێ زیاتر رێ لە ئازادی چاپەمەنیەكانە, یان هەردووكیان دەمج بكرێ, ناكرێ ئێمە لە یاسایەكدا یان لە ماددەیەكدا دوو بڕگەمان هەبێ زۆر واتاكانیان لە یەك بچێ و یەك ئەهداف بێت, بۆیە ئەم بڕگەیە زیاتر گونجاوە لەگەڵ مەسەلەی تیرۆردا, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تا ئێستا لە دنیادا نەتوانراوە كۆنترۆڵی ئەو سایتانە بكرێت كە ئەو بەیاناتە بڵاودەكەنەوە, ئێمەش هەتا ئێستا تۆڕێكی وامان نییە كە لەلایەن حكومەتەوە دامەزرابێت وبتوانێ كۆنترۆڵی بكات, یانی خەڵك ئازادە ئەچێ سەیری ئەكات, بەڵام لێرە گرنگ ئەوەیە ئەوە بەكارنەهێنێ, بڵاوی نەكاتەوە پرنتی كات و تەوزیعی بكات, یانی كەواتە لێرە ئەبێ جیای كەینەوە, چونكە خەڵك ئازادە من دەچم لە ئەنتەرنێت كافیە كە ئەچم سایتێك ئەكەمەوە و ئەیخوێنمەوە, لێرە قەصدەكە یانی ئەبێ ئێمە لێرە جیای كەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەڵوەستە لەسەر مەسەلەی هەواڵ و مەسەلەی روونكردنەوە دەكەم, ئەوەی تر رەنگە من هیچ موشكیلەم نەبێ لەسەری, بەڵام هەواڵێك كە بڵاودەبێتەوە ئەگەر هاتوو خەڵكێكی وروژاند, یانی غەزەبی خەڵكێكی وورووژاندو تێكدانی لێ كەوتەوە, ئەو وەختە رەنگە ئەو هەواڵە شتێكی بەسیتیش بێت بە غەڵەت تەفسیر بكرێت, وەكو ئەوەی بۆ نموونە ئەگەر تێكدانێكی لێ كەوتەوە هەر شتێك هەتا ئەگەر بچوكیش بێت, ئەوە بڕگە یەك لە ماددەی سێیەم دەیگرێتەوە, ئەوە بەراستی بە قاسی دەبینم ئەو حاڵەتە بەسەر ئازادی رۆژنامەنووسی, بۆیە پێشنیار دەكەم كە ئەو بڕگەیە هیچ كاریگەرییەكی نەبێت بەسەر ئازادی رۆژنامەنووسی لە كوردستان, سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی ئەو بڕگەیە دەكەم و دەستخۆشی لە لیژنەی قانونی دەكەم, حەز دەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە پێم شتێكی زۆر چاكە, بەڵام پێم خۆشە ئاماژە بەیەك شت بكەم, زۆر ئاماژە بەوە دەكرێ كە رۆژنامەنووس ئازادە, بەڵێ با ئازاد بێت, بەڵام حەق نییە لە هەندێ شتدا ئازاد بێت كە دەستدرێژی بێت بۆ سەر زۆر شتی كیانی ئێمە, هەتا دینی ئیسلامیش, سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من یەك پێشنیارم هەیە ئەو وشەی (عمدا) لابدرێت, چونكە ئەوەی كە هەواڵێك بڵاو دەكاتەوە حەتمەن بۆ ئیرهابە بە عەمدەنە, لەبەر ئەوە من كەلیمەی عەمدەن پێم زیادە, سوپاس.**

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش هەمان رای كوێستان خانم هەیە, سوپاس.**

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە ژێر رۆشنایی قسەكانی كاك محمد فرج كە هەمیشە ئاماژە بە فیعلی ئیرهاب دەكات, لێرەدا من ئەو شتانە دەخوێنمەوە كە ئەگەر شتێك تێكدانی تێدا بێت, ئەمن و ئاسایش تێك بدات, قەوارەی سیاسی هەرێمی كوردستان تێك بدات, كەواتە ئەو كەسە بمانەوێ و نەمانەوێ تاوانبارە و تیرۆریستیشە, بەڕای من ئەوە بخرێتە ماددەی سێیەمەوەو حوكمەكەی هەتا هەتایی بێت, سوپاس.**

**بەڕێز كەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دەستەواژەی ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسی و ترس بخاتە نێو هاووڵاتیان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بكات, پێشنیار دەكەم زیاتر روون بكرێتەوە, چونكە زۆر مەترسیدارە و نادیارە, دەتوانین بەرامبەر هەر دەزگایەكی راگەیاندن بەكاری بێنین كە حكومەت رای لێ نەبێت, سوپاس.**

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە, بەڵام تەقریبەن نزیكن لە بڕگەی دووەم, سوپاس.**

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پشتگیری قسەی هەندێ لە برادەران دەكەم كە ئەم بڕگەیە نزیكە لە بڕگەی دوو و هەردووكیان دەمج بكرێ و بمێنێتەوە, سوپاس.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان كرد كە یەكیان حیازەیە وئەوی تریان عەمەلە, یانی ئیرتیكابی جەریمەكە نەك حیازە فەرقیان زۆرە, یەكیان عەمەلەكەی دەكات, ئەوی تەنیا حیازە دەكات فەرقی زۆرە لەگەڵ یەكدی.**

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە لەسەر بەكارهێنانی ئەنتەرنێت لە ماددەی سێ فەقەرەی دوودا شتێكی تر دەڵێت و لێرەش شتێكی تر دەڵێت, خەڵتێك هەیە لەبەینی ئەم دووانە, لە ماددەی سێ فەقەرە دوو دەڵێ (تعطیل سبل الاتصال وانظمة الحاسوب أو اختراق شبكاتها أو التشویش علیها أو إدخال معلومات أو بیانات فیها بهدف تسهیل ارتكاب الجرائم الإرهابیة. ) حوكمەكەی موئەبەدە, بەڵام لەم ماددەیەدا دەڵێ (نشر البیانات على الانترنیت.) پازدە ساڵ زیاتر نییە, ئەمە خەڵتە لە حوكمدان, دوو حوكمی جیاوازە بۆ یەك جۆر تەصەروف كردن, من پێم وایە ئیعادەی صیاغەی بكرێتەوە تا لەگەڵ ئەوەی پێشودا**

بگونجێ, یانی لێرە نەشری بەیانات لەسەر ئەنتەرنێتدا, یانی من شتێك بنووسم بیدەمە یەكێك ئیدخالی بكات, من حوكمی پازدە ساڵ وەردەگرم وئەو سی وەردەگرێت, ئیعادەی صیاغە تەنسیقێك لەگەڵ ئەوی تر دروست بكاتەوە, دوو تەئییدی ئەو خوشكە دەكەم تەقویضي ئەمنی عام هەڵبگیرێ, چونكە مەفهومی ئەمنی عام زۆر زۆر هەڵدەگرێ, ئێستا لە موزاهەرەیەكی عادی تەقویضي ئەمنی عام دەكات وەكو ئێستا لە فەرەنسا هەیە, بەڵام ئیرهابیش نییە, یانی مەفهومەكە زۆر هەڵدەگرێ و تەوزیح بدرێ یان هەر هەڵبگیرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێنەگەیشتم لەگەڵ كامە فەقەرە گوتت.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

لێرە دەڵێ (ادخال معلومات) ئەوە لەسەری حوكمی موئەبەدە, بەڵام نەشر پازدە ساڵە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لە مادده دوو كە ئێستا بووە بە مادده سێ فەقەرە دوو دەڵێ (تعطيل سبل الاتصال) ئەوانە ئیتصالی دەولی و حكومی و ئەوانەیە كە دەچێتە ناوی شەبەكات و ئەو شتانە تێك دەدات و ئەوە پێشتریش قانونی عقوبات زۆر زۆر توندی عقوبە دەدات, بەڵام ئەوەی ئێرە لە ناو شەبەكاتی ئەنتەرنێتی ئەهلی و شتی وا دیعایات دەكات, تەنها مەسەلە لەبۆ دیعایات و تەخریب و ئەو شتانەیە, نەك لەبۆ ئەوەی تر كە سوبلی ئیتیصال تێك بدات.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

لێرە ئیدخالی تێدایە, ناڵێ ئەموالی عامە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خوێندمەوە ئێستا لەبەر فەرقەكە, فەرقێكی تەواوی هەیە, لەوێ تەعتیلی شەبەكاتی ئیتیصال دەكات, كە ئەوە وا دەكات كە جەریمەكە جێبەجێ بكات, و موشارەكەیە لە فیعلی جەریمەكە موباشر, لێرە نەشرە, ئیدخالی بەیاناتە, لەوێ دەڵێ تەعتیل, با بە عەرەبیەكە بۆت بخوێنمەوە (تعطيل سبل الاتصال وانظمة الحاسوب أو اختراق شبكاتها أو التشويش عليها أو إدخال معلومات أو بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الجرائم الإرهابية.) یانی ئەوە بۆ تەسهیلی جێبەجێ كردنی كارە ئیرهابیەكەیە, ئەوە لێرە نەشری فیكرەكەیە, دیعایەیە دیعایەی ئیعلامە, ئەو لەوێ موباشەرەتەن بەشدارە لە جەریمەكە بەوەی لە كاتی جەریمەكە ئەو ئیشانە دەكات, لێرە ئیدخالی مەعلوماتەكە دەكات بۆ تەرویجی ئیرهاب, تەرویج غەیری فیعلی موشارەكەیە, لەبەر ئەوە لەوێ موئەبەدە و لەوێ پازدە ساڵە, لەوێ دەڵێ ئەو كەسەی هەموو ئیتصاڵاتەكان رادەگرێ, بۆ نموونە لەكاتێك با بە نموونە بیهێنینەوە, ئیرهابیەك دێت جەریمەیەك دەكات لەو كاتەدا تەلەفۆنات رادەگیرێت, لەو كاتەدا موبایل تێك دەدرێت, ئەوەی ئەو ئیشە بكات موئەبەدەكە دەیگرێتەوە, ئەوەی تر ئەمرۆ دەیكات جەریمەكە رەبتی موباشری نییە بە جەریمەكە, بەڵام رەبتی هەیە بۆ نەشری فیكری ئیرهاب, بۆ دیعایە بۆ ئیرهاب, بۆیە فەرقەكە ئەوەیە, وازیحە زۆر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێ بڕگە دوو باس لە وەسائیلی ئیتیصال دەكات, لێرە باس لەوەسائیلی ئیعلام دەكات, وەسائیلی ئیعلام جیایە لەگەڵ وەسائیلی ئیتیصالات, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەڵێ (انظمة الحاسوب) ئەوە هەر كۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و بەزم ورەزمە, یانی هەر عەینی شتە, جیاوازی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە بەعەمد بوو فەرقی هەیە سوزان خان, یانی لەكاتی بابڵێین حاسوبەكەش بڵێین, پۆلیسێك لێرە مەسئولی مەركەزێك بە ئیمێل لە ڕێگەی حاسوبەوە خەبەری جێگایەك دەكات خەبەریان دەداتی دەڵێ ئەوە ئەو كارە ئەنجام دەدرێت ئاگاتان لێ بێت, ئەگەر ئیرهابیەك ئەو حاسوبەی تێك دات, یانی موشارەكەی كردووە لە جەریمەكە, ئەوە لە فەقەرەی پێشوو باسمان كرد موئەبەد دەیگرێتەوە, بەلاَم لێرە ئیدخالی مەعلومات شتێكی ترە تەخفیفە, هەمان شت ناكات, ئەو لەوێ لە فەقەرەی پێشوو موشارەكەیە لە جەریمەكە, بەشێكە لە جەریمەكە لە كاتی جەریمەكە, ئەمە لێرە هێشتا جەریمەكە ڕوووینەداوە, پرۆپاگەندەیە هێشتا مەرحەلەی پێشترە, فەرقی زۆرە, كەس نەما وانییە قسە بكات, ئەگەر كەس نییە لێرە تەنیا وشەیەكە تیكرار كرایەوە (عمدا) دەڵێین زیادە, پێشتریش هەر وتمان (عمدا) زیادە, ئەوەی كە جەریمە دەكات (عمدا و غیر عمدا) نییە, كەس نییە بە بەرائەتەوە جەریمەیەك بكات.

**بەڕێز شیردل عبدالله حویزی؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوسراوە (نشر الذعر) ئەی ئەوە جەریمە نییە وەكو جسری ئەئیمە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ چوار كەس وتی (تؤدي الى تقويض الامن العام)ئەمە جیایەو(ادخال ونشر) ئەو شتانە با فەصل بێت (ادخال ونشر) تێكەلاَو بووە, صیاغەی ئەوانە چۆنە, ئێمە یەك هەدەفمان هەیە, صیاغەی قەراری ئەم دوو فەقەرەیە بیكەینە یەك و نەیكەینە یەك حەقە وا حەسم بكرێت, نەك بەرای جەنابتان یان رای لیژنەی قانونی, ئەگەر شتەكان وابوو لە حەسمدا با بڵێین, ناڵێین دەرسی قەواعید وەربگرین ئەلف ولام زیاد بكەین و ئەوە زیاد بكەین, ئێمە ناوەڕۆكی فەقەرەكە ئەمانەوێت بە قوەت بێت, بەهۆی پاراستنی مافی مرۆڤی تێدا دیاری بكرێت, ئەگینا بۆ نموونە (ادخال ونشر) استعمالی ئەنتەرنێت بە ئیدخال دەبێت, خۆ بەیاری منداڵان نابێت, نەشری بەیانات لەسەر ئەنتەرنێت و ئیدخالی مەعلومات فەرقی چییە؟ حەقە لیژنەی قانونی تەساموح بكەن, بۆ ئەوەی صیاغەی هەردوو قەرار بكەن بەیەك و نەفسی مەعنا دەكات, (ادخال ونشر) دەردەكەین, ڕەنگە قەرارەكە بە قوەتریش بێت, ئێمە مەبەستمان دژایەتی تیرۆرە, سوپاس.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو بۆچوونەی كوێستان خان پێم وایە داوا دەكات دەڵێ (عمدا) لابرێت, پێم وایە ئەگەر عەمدەن لەو بڕگەیە لابرێت جەریمە نامێنێ, لێرەدا دەبێتە (خطأ) خەتەئیش دەكەوێتە خانەی جونحەوە و لە جینایات دەردەچێت, ناتوانرێ هەروەكو جەریمەیەكی ئیرهابی باسی لێوە بكەین, بۆیە (عمدا) قەصدەكە تەشكیل دەكات, دەبێ ئەو عەمدەن لە شوێنی خۆی بمێنێ وەكو رای لیژنەی یاسا, سەبارەت بەوەی ئەو رایەی سوزان خان كە دەڵێ ئەوەی بیخوێنێتەوە عقوبە دەدرێ, لەسەر خوێندنەوەی هەر شتێك لە ئەنتەرنێت و كۆمپیوتەر یان لە هەر وەسائیلێكی تری ئیعلام شتێك بخوێننەوە عقوبە نییە, عقوبەی لەسەر نادرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

من ئیختیلافم لەگەڵ كاك كريم هەیە بەراستی, (عمدا) یەكێك كە هەتا بەیانێكیش بنووسێ و تەشجیعی ئیرهاب بكات (عمدا)ی پێ ناوێت, یانی كە نووسیوەیەتی ئەوە سەبقی ئیصراری تێدایە, ئێمە خۆ ناڵێین بەیانێك دەنووسی بۆ ڕەخنە یان دژی حزبێك و ئەوانە, بەیانێك دەنووسێ بۆ نەشری بیروباوەڕی, بۆ تەشجیعی كاری ئیرهابی, (عمدا)ی پێویست ناكات تێدا بێت, ئەوە خۆی عەمدیە, ئەگەر وتت (عمدا) دەكەوێتە ئەوەی كە حاكم دوو دڵی پەیدا بكات و

تەحقیق بکات, من پێم وایە لێرەش وەکو فەقەرەکانی تر عەمدەنی ناوێت, لەکاری ئیرهابی وەکو کاری جەریمەی عادی نییە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مەبدەئێکی یاسای عقوبات, جەرائیمی عەمدی هەیە و جەرائیمی غیر عەمدیش هەیە, جەرائیمی ئیرهاب دەچێتە جەریمەی عەمدیەوە, بۆیە زەرووریە عەمدی لێرە بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارەی دەکەمەوە, ئەوە هەر قسەی خۆتە کە تەئییدی قسەی من دەکات, مادام جەرائیمی ئیرهابیە, کەواتە عەمدیە, ئەوە عقوبات نییە ئەوە ئیرهابیە خۆ پێویست ناکات تەئکید بکەی, ئەگەر موافیقن لەسەر لابردنی وشەی (عمدا) دەستتان بڵند بکەن, کێ موافیقە بۆ لابردنی وشەی (عمدا) لەو فەقەرەیەدا, دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە وشەی (عمدا) دەستی بەرزبکاتەوە؟ ئەکسەریەت دەیەوێ عەمدەن بمێنێتەوە, فەقەرەکە وەکو خۆی بخوێنرێتەوە ئینجا دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

چوارەم: بەئەنقەست, هەواڵ, یان روونکردنەوەیەك, یان پڕوپاگاندەیەکی تۆقێنەر بڵاو بکاتەوە, یان هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو, بیستراو, خوێندراو, یان ئەلەکترۆنی بەهەڵ وەربگرێت, یان بەکاریان بێنێت, یان لە ئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بلاوبکاتەوە کە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە وترس بخاتە نێو هاووڵاتیان وهەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أذاع عمداً أخباراً أو بيانات أو بث دعاية مثيرة للإرهاب أو أستغل وأستعمل وسائل الإعلام المرئية أو المسموعة أو المقروءة أو الألكترونية أونشر البيانات على الانترنيت التي تصل إلى حد التشجيع بطرق مباشرة لجرائم أرهابية تؤدي إلى تقويض الأمن العام ونشر الذعر بين الناس وتهديد الكيان السياسي للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا فەقەرەکە دەخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بەزۆرینە وەرگیرا, فەقەرەی پێشوو وابزانم لیژنەی قانونی حازری کردووە, ئەگەر حازریان کردووە بیخوێنەوە, بڕگە پێنج بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

بڕگە پێنج: نەفامی وکەم زانی کەسێك بقۆزێتەوە ولە کاری تۆقاندن بەکاری بێنێت وبەهۆیەوە ئەوکارانە ئەنجام بدات.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو بڕگەیە دەکات و هیچ تێبینی نییە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

– أستغل عدم إدراك أو قلة الدراية لدى شخص لاستعماله في الاعمال الإرهابية وتنفيذ تلك الأعمال بواسطته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسە دەکات لەسەر ئەم بڕگەیە با ناوەکان بنووسین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

کاك زرار, کوێستان خان, سۆزان خان, گیلاس خان, کاك سالم, کاك کرخی, کاك ئارام, کاك بارزان.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

داواكارین بڕگەی پێنج لە بەندی چوارەم بگوازرێتەوە بۆ بەندی سێیەم, لەبەر ئەوەی ئەو كەسانەی كە خەڵكی نەفام و نەزان و تێنەگەیشتوو بەكار دێنن, بۆ كاری تیرۆركاری, بەراستی دەتوانن كردەوەی پێ ئەنجام بدەن كە سەدان خەڵكی پێ بكوژرێت, خەڵكی نەزان هەیە تۆ دەتوانی لەناو سەیارەكەی تی ئین تی دانێی بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت لە شوێنی خۆی بتەقێتەوە, كابرای نەزان و نەفام دەتوانی هەموو كارێكی خراپی پێ بكەی, لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكانەی كە هەڵدەستن ئەو خەڵكە نەفام و نەزانانە بەكاردێنن بۆ ئەنجامدانی كاری تیرۆریستی, بەراستی حەقە ئەوانە ئەو بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم كە سزاكەی هەتاهەتایە, سوپاس.

بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

منیش هەمان رای كاك زرارم هەیە, چونكە رەنگە خۆیشتی تیابچێت و كۆمەڵێك خەڵكیش تێدا بچن, بۆیە بگۆزرێتەوە بۆ سجنی موئەبەد, سوپاس.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

تەبعەن لێرە من هەمان رای ئەوانم هەیە, چونكە تۆ لێرە خەڵك ئیستیغلال دەكەی و بەكاری دێنی, كەواتە هەر بەهەمان شێوە یانی بچێتە موئەبەد باشترە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

پێش ئەوەی رەئی بدەم, چونكە مولاحەزەكەتان بەجێیە, بەڵام شەرحێكی بچووك دەدەم, بۆ ئەوەی ئەگەر تێبینی هەبێت لەو مولاحەزەیە, ئەو حوكمە لەسەر ئەو كەسەیە كە ئیستیغلالی نەفامی خەڵكی تر دەكات, مانای وانییە كە بەكاری دێنی بۆ كارە ئیرهابییەكە, حوكمە ئیعدامەكە یان موئەبەدەكە بە پێی قانون نایگرێتەوە, یانی ئەوە لاتان روون بێت كە یەكێك ئیستیغلالی یەكێك دەكات بۆ ئەو كارە ئیرهابییە, كابرای بەكاردێنی بۆ كارێكی ئیرهابی, بەمانای ئەوە نییە كە حوكمی ئەو كابرایە بە تەنیا دەیخواتەوە پازدە ساڵ كەمتر حوكم دەدرێت, ئەو ئیستیغلالە حاكم قەراری دەدات پازدە ساڵە, بەڵام كارەكەی كە ئەنجام دەدات, لەوانەیە حاكم ئیعدامی بۆ دەربكات, بۆیە لێرە تەنیا بۆ ئەو كارەش یانی ئینسانێك كە حوكمی لەسەر دەدرێت, رەنگە چوار پێنج حوكمی لەسەر بدرێت, یەكیان ئیعدام بێت, یەكیان موئەبەد بێت, یەكیان پێنج ساڵ بێت, ئەمە بۆ ئەو كارەیان پێنج ساڵ تا پازدە ساڵە, بۆ كارەكەی تر كە ئەنجامی دەدات ئەویش كاری تیرۆریستیە لەوانەیە ئیعدام بێت, ئەگەر بۆ كارەكەی تر بێت نەشری ئەوە بێت نەوعێكی تر بێت, ئەگەر بەكاری بێنێ بۆ راگرتنی پەیوەندییەكان موئەبەدە, هەموو كارەكان جیایە, لەوانەیە عەینی زەلام چوار حوكم بدرێت, لە ئیعدامەوە تاپازدە ساڵ تا موئەبەدیش, بۆیە فەقەرەكە بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە, مانای وانییە كە لێرەت دانا كابرا تاوانبارە لە جەریمەكەی كردووە لەوێ بێ تاوان دەبێت, وابزانم بۆ هەمووان روونە ئەو بڕگەیە, فەرموو گێلاس خان.

بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من هەمان رای ئەو ئەندامە بەڕێزانەم هەیە, بەڵام بۆ تەوزیحەكەی جەنابیشت لە بدایەت نوسراوە حوكمەكەی لە پازدە ساڵ زیاتر نەبێت, یانی ئیعدام نایگرێتەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە, بۆ ئەو تاوانە ئیعدام نایگرێتەوە, بۆ تاوانی ئیستیغلالەکە, پێنج ساڵ تا پازدە ساڵە, بەڵام تاوانەکەی کە جێبەجێی کردووە بەکارهێنانی ئەو حوکمێکی تری هەیە ئیعدامە, ئەگەر بەکاری هێناوە بۆ راگرتنی پەیوەندییەکان حوکمی موئەبەدە, لێرە تەنها بۆ ئەو کارە پێنج ساڵ تا پازدە ساڵە, کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێ باشە ئەڤ ماددە بچێتە سەر ماددەی نۆیەم, ئەوەی تەحریز و مساهم و شەریك و نەفسی عقوبە بێتە حوکم دان لە ئەصڵی مەشروع, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك حەز دەکەم من روونکردنەوەیەك بدەم, هەرچەندە ئەوە تەقدیری مەحکەمەیە, ماددەی نۆ فەرقی زۆرە لەگەڵ ئەوە, لیژنەی قانونی رەئیتان هەیە لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی پێی خۆشە وەکو خۆی بمێنێتەوە, چونکە ئەوی دیکە موشارەکەیە, موشارەکە لە ماددە نۆ هەیە, یانی هەتا ئەوەش ئەگەر موشارەکەی کردبێت عەینی عقوبەی فاعیلی ئەصڵی دەدرێت, بەڵام ئەوە بەس لەبۆ ئەوەیە ئیستیغلالی وەزعەکە بکات, ئیستیغلالی عەدەم فەهمی شێتەکە, منداڵەکە, بکات شتێکی وایە, سوپاس.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو بڕگەیە دوو تاوانی تێدایە, یەکێکیان تاوان لەو کەسە دەکات کە ئیستیغلالی دەکات شێتە, منداڵە, هەر کەم فامێکە, نەزانێکە, تاوانی دووەمیش ئەوە تاوانە ئیرهابیەکەیە, چونکە تەنفیزیشی تێدایە, بۆیە پێم وایە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو برادەرانە لەگەڵ ئەوەی کە جەنابت روونت کردەوە, هەر بۆ ئەو مەسەلەیە کەمە, هەر بۆ ئێرە بێ لەوەی ئەو حوکمانەی تری کە دێتە سەری بۆ مەبەستی تر و شتی تر, هەر بۆ ئەو مەسەلەیە ئەو حوکمە کەمە, بەلایەنی کەم موئەبەد بێت, سوپاس.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە کۆتایی بڕگەکە کە بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدرێت, ئەمە کافی نییە, یان پێویستە ئیشارەت بەوە بدرێت ئەو کارانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە, یان دەستنیشانی کارەکان بکرێت کە پێی ئەنجام دەدات, چونکە دەکرێت کۆمەڵێك کاری تریش بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا, بەلام ئیزافەکەی کاك جەمال حەقی قسەی نییە, من ئیزافەی دەکەم دەڵێ (او غرر باشخاص في اعمال ارهابية), سوپاس.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکانی من گەیشت و لە روونکردنەوەکەی جەنابیشت زیاتر ئاشکرا بوو, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نوقتەی نیزام نییە، بەڵام دەیخوێنمەوە، بەندەکە بەو شێوەیە بنووسرێتەوە....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک زرار مادام نوقتەی نیزام نییە نابێ، چونکە لێرە قسەت کردووە، نووسراوەکەمان بدەیێ، پێم وایە ئەو برادەرانەی قسەیان کرد قسەکەیان بەجێیە، ئەگەر ئەو شەرحەی کە عەرزم کردن رەچاوی نەکەن، یانی پێتان وابێ کە ئەوەی تاوانبارە تەنها بەو حوکمە حوکم دەدرێت، قسەکانتان راستە، بەڵام ئەو کارەی ئەو کابرایە کە موحاکەمە دەکرێت تاوانەکەی کردووە، جارێ ناگاتە ئەو فەقەرەیەی بەو فەقەرەیە موحاکەمە بکرێت، بەو فەقەرەیە موحاکەمە دەکرێت کە حوکمەکەی ئیعدامە، ناگاتە ئەوەش، یانی ئەوە شەرحێکی زیادیشە لەوانەیە، بەڵام ئەگەر تاوانەکەی کردبێت ناگاتە ئەوە، بەڵام ئەگەر حاکم حوکمێك دەدات بە هەر سێ تاوانەکە، دەڵێ یەکەم تۆ ئەوەت کردووە ئەو جەریمەت کردووە، دووەم ئەوەت کردووە، سێ یەم ئیستیغلالی ئەوانەشت کردووە، بە سێ ماددەکە ئەقصاکەی ئەوەیە کە ئیعدامەکە دەیگرێتەوە و ئەویش حوکمی دەدات، لەبەر ئەوە زۆر بە تەبیعی دەبینم بەرەغمی ئەوەی مولاحەزاتتان لە جێی بوو، بۆیە من ئیقتراح دەکەم کە بیخەینە دەنگدان، جارێکی تر بیخوێننەوە بە کوردیەکەو بە عەرەبیەکە، ئینجا دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

نەفامی وکەم زانی کەسێك بقۆزێتەوە ولە کاری تۆقاندن بەکاری بێنێت وبەهۆیەوە ئەوکارانە ئەنجام بدات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

-أستغل عدم إدراك أو قلة الدراية لدى شخص لاستعماله في الاعمال الإرهابية وتنفيذ تلك الأعمال بواسطته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن دائیمەن تەئکید دەکەنەوە، ئەو یاسایە پێش ئەوەی دەریبێنن یاخود تەشریعی بکەین لە رووی زمانەوانیەوە پێدادەچینەوە، ئەو لیژنەی یاساییە کە پێیدا دەچێتەوە لە ئێستاوە کاك زراری تێدا بێت، بۆ ئەوەی مولاحەزەکانی کە دای لە رووی زمانەوانیەوە لەگەڵ ئەوانی تردا رەچاوی بکەن، بۆیە ئێستا فەقەرەکە دەخەمە دەنگدان، فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە نوقتەی نیزامم هەیە لەسەر ئێستا، ئەوە دوو جارە باسی لیژنەی زمانەوانیتان کرد لەبەر ئەوە قسە دەکەم، لیژنەی زمانەوانی ئەگەر لەسەر قسەکانی سەیدا زرار بێت، ئێمە گلەییمان لەسەر هەیە، چونکە ئەو یەکسەر باسی یەك وشەی کرد وشەی زێرەڤانی، ئێمە ئەو لیژنەی زمانەوانی کە دادەنرێت ئەبێ لەو لیژنەیە رەچاوی ئەوە بکەن کە هەموو لەهجات تێدا بەکاربێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام باشە، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**7**- گزی لە نووسراوێکی فەرمی بکات، یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات بۆ ئەوەی کەسایەتیی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆرێت، یان ئاسانکاری بۆ هاتوچووی بکات، یان یارمەتی بدات لە کارەکانی، بەمەرجێك بزانێت مەبەست لە گزیەکە چیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو فەقەرەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسراوە، هالە خان، کاك اسماعیل، کاك سەردار، کاك عوسمان، سوزان خان.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شاردنەوەی کەسایەتی تەنها بە تەزویری ئەوراق و هەویە نییە، ئەمڕۆ شت گۆڕاوە، عەملیات دەکرێت بۆ ئەوەی تەبع ئەصابع بگۆڕدرێت کە باشترین بەڵگە بۆ ناسینی خەڵك تەبع ئەصابعە، ئەمڕۆ بە ئاسانی عەمەلیاتێك ئەکرێت تەبع ئەصابع دەگۆڕێ دەبێتە شەخصێکی تر، هەروەها عەمەلیاتی دەم و چاو، روخساری دەم و چاو دەگۆڕدرێ دەبێتە شەخصێکی تر، پێشنیارم بۆ لیژنەی یاسا ئەوەش بەرچاو بگرن کە تەزویر لە شکلی ئینسان، لە ئەصابعی ئینسان دەکرێ، ئەوەشی تێدا بێت، ئەو نەوعە تاوانەش کراوە لە عێراق، یانی غەریب نییە، سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ گزی لە نوسراوێکی فەرمی بکات، یانی تەزویر لە نوسراوێکی رەسمی بکات، حەقە رەسمی و نارەسمی تێدا بێت، نەك هەر رەسمی، یانی لە ئەنواع شەریکات هەیە تەزویر لە زۆر شت دەکرێت، کە دەبێتە سەبەبی زۆر شتی تێدا دروست ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدمان لە تەزویری ئەوراقی حکومەتە، لە شوێنێکی تردا باسکراوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تزویر في محررات رسمیە. لە قانونی عقوبات موعالەجە کراوە و هەمان عقوبەی هەیە کە پازدە ساڵە، یانی ئەگەر نەشبێت لێرە لەو لا موعالەجە کراوە، بەڵام کە لێرە جەمع دەکرێتەوە شتێکی خراپ نییە، بە حەقیقەت من پێشنیارێکی ترم هەیە لەبەر ئەوەی ئەوە ئاخر ماددەیە، ئاخر فەقەرەیە لەو ماددەیە بۆیە لێرە موناقەشەی دەکەم، تاوانێك هەیە کە دەبینم ئەو یاسایە موعالەجەی نەکردووە، ئەویش ئەندام بوون لە مونەزەماتی ئیرهابی بەبێ ئەوەی ئیرتیکابی جەرائیم بکات، تەنانەت لە ماددە دوو باسی دوو حاڵەت کراوە (تأسیس او تنظیم او ادارة منظمة أو جمعیة) لە فەقەرە هەشت باسی (انظمام الی منظمة او الجمعیة او الهیئة اذا کانت من منتسبي قوی الامن الداخلیة) باشە ئەگەر مونتەسب نەبێت، تەنها کابرایەکی مەدەنییە ئینتیما دەکات لەبۆ مونەزەمەکی ئیرهابی، بەڵام هێشتا نەگەیشتە ئەو حەدەی جەریمەیەك تۆمار بکات، ئیرهاب تەنها ئەندام بوون لە مونەزەمەکی ئیرهابی ئەویش ئیرهابە، بەڵام لەوانەیە ختورەتی جەریمەکە وا نەبێ، بۆیە ئێمە لەو ماددەیە پێشنیار دەکەین پێنج ساڵ تا پازدە ساڵ و صیغەکەش بەو نەوعە من دامڕشتووە ئەگەر ئیزنم بدەن (انتماء الی احدی المنظمات الارهابیة التي ارتکبت جریمة ارهابیة او ذوي اهداف ارهابیة دون ان یرتکب او یحرض علی أیة جریمة) من لێرە روونم کردۆتەوە (ذوي اهداف ارهابیة دون ان یرتکب او یحرض علی أیة جریمة ) لەبەر ئەوەی ئێمە تەعریفی مونەزەمەی ئیرهابیمان نەکردووە، تەنها تەعریفی ئیرهابمان کردووە، بۆیە ئەوەی کە تەئویلی لێ نەکرێت لەناو ماددەکەش صیاغەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ قسەی کاك سردار ئەگەر بچینە سەر ماددەی دوو، یەکەم دەڵێ دامەزراندن، رێکخستن یان بەڕێوەبردنی رێکخراو، کۆمەڵە دەستە، باند بنکە یان کۆمەڵێك بە نیازی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانە لەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

ئەوە تەئسیسە، ئەویٚ تەنزیم و ئیدارەیە، یانی ناكا ئەنـدام بـوون، نـەخێر ئیـدارە شـتێكە و تـەنزیم شـتێكە و تەئسیس شتێكی ترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی هەرچەندە دەنگمان بۆ داوە، بەڵام فیعلەن ئەوەی تێدا نییە، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم پێش ئەوەی كۆتایی بە یاساكە بێنین و دەنگی بۆ بدەینەوە، لە شوێنێكدا فەقەرەیـەك تەحدیـد بكرێـت ئـەوەی كـە ئینتیمـا بـۆ ئـەوە دەكات، راست دەكات مولاحەزەكەت بەجێیە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دوو بڕگە یەك كە دەڵیٚ (تأسيس او تنظيم او ادارة منظمة او جمعية و غيرها) دەگرێتەوە، ئەندام بـیٚ لەوانـە دەیگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نایگرێتەوە، ئەو مولاحەزەیەی كاك سردار بـە جێیـە، لـە شـوێنێكدا جێـی بـۆ بكرێتـەوە، تكایـە لـەبۆ كۆبوونـەوەی داهاتوو ئامادەی بكەن، پێش ئەوەی وەكو یاساكە دەنگی بۆ بدەین، فیعلەن ئەو مولاحەزەیە بكرێت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر مولاحەزەكەی كاك سەردار ئەگەر زەحمەت نەبیٚ (كل من ساهم بوصفه)..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوە نوقتەی نیزام نییە، دامان بە لیژنەی قانونی صیاغەی بكات، ئینجا دوایی موناقەشەی دەكەین، فـەرموو كـاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داڕشتنەكە (گزی لە نووسراوێكی فەرمی بكات) ئینجا دوایی دەڵیٚ یان بە ساختە نوسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانـە دروست بكات تا دوایی، وادەزانم بۆ ئەوەی وازح بێت و ئیشكال هەڵنەگریٚ ڕێكخستن و صیاغەكە بەو شێوەیەی لـیٚ بێـت، (گزی و ساختە) هەردووكی پێكەوە بێت (گزی و ساختە لە نووسراوێكی فەرمی بكات بۆ ئەنجامدەری تاوانە تیرۆریـەكان بۆ ئەوەی كەسایەتی تاوانكار بشارێتەوە یان ئاسانكاری بۆ هاتوچۆو جموجۆڵـەكانی بكـات بـە مـەرجێك بزانـیٚ مەبەسـت لەو گزییە چییە)، مولاحەزەیەكی ترم نەك هەر نووسراوەكان مەسەلەن هەویەو پێنـاس و ڕەگەزنامـە و بـاقی شـتەكانی تر كە زۆرجار تاوانكار خۆی پیٚ دەشارێتەوە و خۆی پیٚ دەرباز دەكات، یانی ئەوەش ئیزافە بكرێت باشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، قسەكانم هەمووی كرا.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوەی لای منیش كاكڵە بوو كاك عوسمان ئیشارەتی پێدا و، سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنسبەت عەرەبی صیاغەكەی ئیعتیادیە، بەڵام بۆ كوردییەكە، كاتی خۆی لیژنەكە دەتوانیٚ دەستكاری لەگەڵدا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ژمارەیەك لە مەوادەكە و فەقەرەكانی تر لە ناحیەی زمانەوانیەوە چاك بكرێتەوە, بەڵام خۆی وەكو خۆی بیخوێننەوە جارێكی تر, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

ئەو گۆڕانكارییەمان تێكرد (بڕگە حەفت – گزی و ساختە لە نووسراوێكی فەرمی بكات, بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە دروست بكات بۆ ئەوەی كەسایەتیی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆڕێت, یان ئاسانكاری بۆ هاتوچووی بكات, یان یارمەتی بدات لە كارەكانی, بەمەرجێك بزانێت مەبەست لە گزیەكە چیە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

7- ارتكب تزويراً في محرر رسمي أو اصطنع محرراً لمرتكبي جرائم الإرهاب لغرض إخفاء شخصيته أو تغييره عمداً أو تسهيل تنقلاته أو إعانته في أفعاله مع علمه بالغرض المزمع من وراء التزوير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرزبكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

ئەو فەقەرەیەی وتمان ئیعادەی صیاغەی بكەنەوە, دیارە كردوویانە, تكایە بیخوێننەوە, بۆ ئەوەی ماددەكە هەموو بخەینە دەنگدان, فەرموو كاك عزالدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنی ئەو كۆبوونەوەی چوویی مە فەقەرا پێنجیش ماددە سێ لادا بوو, وچەند شتێكی گرنگ بوو یان (اثارة النعرات الطائفية والعنصرية والدينية) پێمان خۆشە ئەڤ فەقەرەیە بزڤرتە ڤێ ماددێ ڤە ببێتە .....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە كاكە دەنگی بۆ درا, كە دەنگیشی بۆ درا تەواو بوو, جەنابت سید العارفینی, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

بە ئەنجامدانی تاوانێكی زانی لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادرابێت ودەزگا گشتیەكانی پێ ئاگادار نەكاتەوە بەبێ لێ دەركردنی خزمەكانی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

علم بارتكاب جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بأمرها دون استثناء اقاربه).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو نوقتەی نیزامیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگمان لەسەر (دون استثناء) بەبێ لێ دەركردن دا, ئیتر خزمەكان تازە هاتۆتە سەری نا نیزامیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە تەواومان نەكردووە, وتمان صیاغەیەكی بكەن, دەنگمان لەسەر ئەوە نەداوە دوامان خست وتمان صیاغەی بكەن, پێم وایە لیژنەی یاسایی تەواوی نەكردووە, بۆ ئێوارێی بەجێی بێڵن, پێشنیارێك هەیە ئێوارێ سەعات چوار كۆببینەوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ تەواوی بكەین, ئەمڕۆ بۆ ئێوە باشترە, چونكە ئەوانەی لە هەولێر نین دەگەڕێنەوە, دووەم بەیانی هەندێكمان هەندێ ئیرتباتاتی ترمان هەیە, لە مەنتیقەی سلێمانیەوە و مەسەلەی ئەنفالە كۆبوونەوەمان لەگەڵیان هەیە

و ئەوەی مەسئولی حزبی و شتی وایە و کۆبوونەوەکی هاوبەشی هەیە بۆ ئاسایی کردنەوە و باش کردنی پەیوەندییەکان، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ سەعات چوار پێم باشە کۆتایی پێ بێنین و شتێکی واش نەماوە، شتە گرنگەکانمان تەواو کردووە، باشە سەعات چوار لێرە ئامادە بن، سوپاستان دەکەین.

## دانیشتنی (2) پاش نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە، بەردەوام بوونە لەسەر کۆبوونەوەکەی بەیانی، واتا بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان، بەنیسبەت ئەو هەڵەیانەی لە ناحیەی زمانەوە باسمان کرد و، داواکاریەکیش هەبوو پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بوو، وەکو سەرۆکایەتی لیژنەیەك دادەنێین، ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە لە خەڵکانی شارەزا لە زمان و یاسا و ئەوانە، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی ئەو یاسایە ئیمزا بکەین، ئەوان لە لایەن خۆیانەوە ئیتیفاقیان لەسەر کرد بێت پێشکەشیان بکەین، بەلام ئەو کەسانەی کە دایدەنێین رەچاوی ئەوە دەکەین، کە بتوانن لە هەولێر بن، یەعنی مەسەلەن لەو لیژنەیەی دابنێین پاشان غائیب بێت، بڵێت من لێرە نەبووم و ئەوانە، کەسانێك بن یان لە هەولێر بن، یان لێرە ئامادە بن، چونکە لە کاتی جەلسەدا ناکرێت رۆژانە مومکینە پێویست بکاتن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، ئەو پرۆژەیەی لەبەر دەستیانە، پرۆژەی تریش دێتە بەر دەستیان و بە تەرجومە کراوی، پێش ئەوەی بخرێتە بەر دەمی ئێوەی بەڕێز، لە لایەن ئەو لیژنەی پەسند کرا بێت، لەوانەیە ئەو کێشە و گرفتەی کە لە پێشماندا بوو نەیەتە پێش، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بەردەوام بن لەسەر خوێندنەوەی فەقەرەکان و ئەو فەقەرەیەی کە دواجار دوامان خست، ئەگەر رێککەوتوون لەسەری ئەوەی تەواو بکەین.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بڕگەی سێ مابوو، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێت (بە ئەنجامدانی تاوانێکی زانی لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ئاگادار بێت دەزگا گشتییەکان پێ ئاگادار نەکاتەوە، بە لێ دەرکردن (بدون استثناء) عەرەبیەکەی لە تەنیشت بێت، بۆ ئەوەی مەفهوم بێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بە عەرەبیەکە دەخوێنمەوە (علم بارتکاب جریمة من الجرائم الارهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بأمرها دون استثناء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە لەو ساتەی کە ئیسراحەت بوو، لیژنەی یاسایی پەیوەندیان بە خەڵکی تریشەوە کردووە، بۆ ئەوەی ئەو صیاغەیە صیاغەیەك بێت، کە ئەو مولاحەزاتانەی ئێوە رەچاو بکاتن، ئێستا ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە پاش تەعدیل کردنی، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە نییە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، فەقەرەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کەواتە فەقەرەکان هەموو دەنگمان بۆ دا، ئێستا ماددەکە هەمووی پێکەوە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین، واتا ماددەی چوارەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن و سزا دەدرێت بە زیندانی لە (15) ساڵ تێپەڕ نەکات، هەر کەسێك:

1-دەسەلاتی فەرمانپێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆ، پاسەوانی هەرێم و داوا لێکردن، یان رایسپاردن بە ئەنقەست کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

2- بە مەبەستی تیرۆرکاری نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمار کراو هاوشێوەکانی، یان وێنەی وای لە لا بێت، یان بەدەستبێنێت، کە هاندان، بە چاك زانین، یان پروپاگاندە لەخۆ بگرێت، یان بە مەبەستی بەخشینەوەی بلاو کردنەوە.

3- بە ئەنجامدانی تاوانێکی زانی لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادار بێت و دەزگا گشتییەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە، بە لێ دەرکردن (بدون استثناء).

4-هەواڵ، یان روونکردنەوەیەك، یان پروپاگاندەیەکی تۆقێنەر بلاو بکاتەوە، یان هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلکترۆنی بە هەڵ وەربگرێت، یان بە کاریان بێنێت، یان لە ئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بلاو بکاتەوە کە راستەوخۆ بگاتە رادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە و ترس بخاتە نێو هاوولاتیان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

5-نەفامی و کەم زانی کەسێك بقۆزێتەوەو لە کاری تۆقاندن بەکاری بێنێت و بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

6-گزی لە نووسراوێکی فەرمی بکات، یان بە ساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات، بۆ ئەوەی کەسایەتیی بشارێتەوە، یان بە ئەنقەست بیگۆڕێت، یان ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی بکات، یان یارمەتی بدات لە کارەکانی، بە مەرجێك بزانێت مەبەست لە گزیەکە چیە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تعد الافعال الاتية جرائم ارهابية ويعاقب عليها بالسجن مدة لا تزيد على خمس عشرة سنة كل من:

1- كان له سلطة ألامر على أفراد قوى ألامن الداخلي أو حرس ألاقليم و طلب اليهم أو كلفهم العمل على تعطيل أوامر حكومة الاقليم بدافع ارهابي.

2- صنع أو استورد أو حاز متفجرات أو مفرقعات أو أجهزة مصممة للتخريب أو الهدم أو اية مادة تدخل في تركيبها وكذلك الأجهزة والآلات والأدوات التي تستخدم في صنعها وتفجيرها إذا كان ذلك بقصد استخدامها لأرتكاب أحدى الجرائم الأرهابية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیە دەڕوات بۆ ماددەی سێیەم، بەس خۆێندمەوە، چونکە ئەوە تەواو ببوو

2- حاز أو أحرز بقصد الارهاب محررات أو مطبوعات أو أشرطة مسجلة أو صوراً تتضمن تحريضاً أو تحبيذاً أو ترويجاً لارتكاب الجرائم الإرهابية بقصد التوزيع أو النشر أو لاطلاع الغير عليها.

3- علم بارتكاب جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بأمرها دون استثناء.

4- أذاع عمداً أخباراً أو بيانات أو بث دعاية مثيرة للإرهاب أو أستغل وأستعمل وسائل الإعلام المرئية أو المسموعة أو المقروءة أو الألكترونية أونشر البيانات على الانترنيت التي تصل إلى حد التشجيع بطرق مباشرة لجرائم أرهابية تؤدي إلى تقويض الأمن العام ونشر الذعر بين الناس وتهديد الكيان السياسي للاقليم.

5- أستغل عدم إدراك أو قلة الدراية لدى شخص لاستعماله في الاعمال الإرهابية وتنفيذ تلك الأعمال بواسطته.

6- ارتكب تزويراً في محرر رسمي أو اصطنع محرراً لمرتكبي جرائم الإرهاب لغرض إخفاء شخصيته أو تغييره عمداً أو تسهيل تنقلاته أو إعانته في أفعاله مع علمه بالغرض المزمع من وراء التزوير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خوێندنەوەی كوردیەكە ئەوەی (بدافع ارهابي) گوێم لێ نەبوو بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە كۆتاییدا پێدادەچنەوە عەرەبیەكە ئەساسە, هەر شتێك ئەگەر نەخوێندرا بێتەوە لە كوردیەكە یەك دوو شت فاسیدە و ئەوانە هەبوو بە تەئكید ڕەچاو دەكرێت, لە ناحیە زمانەوانیەوە دڵنیا بە لەوەی هەموو مولاحەزەكان وەردەگیرێت.
ئێستا ماددەی چوار بە هەموو فەقەرەكانیەوە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ ماددەكە نییە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەی چوار بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو ماددەی پێنج.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

أ/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە زیندانی هەتاهەتایی.

ب/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە زیندانی كاتی.

ج/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە بەند كردنی توند.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نییە, پشتگیری لەو ماددەیە دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا عەبدولكەریم ئەگەر بە عەرەبی بخوێنیەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

أ-يعاقب بالسجن المؤبد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الثانية) من هذا القانون.

ب- يعاقب بالسجن المؤقت كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الثالثة) من هذا القانون.

ج- يعاقب بالحبس الشديد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الرابعة) من هذا القانون.

ليس لدى اللجنة اية ملاحظة وتؤيد المادة باكملها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەر ئەو ماددەیە, فەرموو كاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە زیاتر پرسیار بۆ لیژنەی یاسایی, لە شەرع و لە جەرائیمی ئیعتیادی دائیمەن عقوبە خەفیف تر دەبێت, بەڵام ئەوە ئێستا ئیرهابە, لە ئیرهابەكە شروع بە تەسەوری من یساوی تەنفیزە, نموونەیەك دەهێنم یەكێكی ئیرهابی حیزامێكی ناسیفی لەگەڵە چووەتە موجەمەعێكی جەماوەری راوەستان لەبەر خەلەلێكی فەنی حیزامەكە تەفجیر

نەبوو، ئیتر شروعەکەی کرد، بەڵام لەبەر سەبەبێکی فەنی تەفجیری نەکرد، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من لە قانونەکە سێ مادده هاتینە تەحدیدی عقوبات دەکات لە هەموو حالەتی ئیرهابی و، ئیرهابیەکە گەورەترە لە جەریمەی ئیعتیادی، هەر ئەم ماددەیە ئیلغا ببێت و ئیکتیفا بکرێت، یانیش ئەوانەش تەحویل بکرێت وەکو ئەو عقوباتانەی کە هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو مەبدەئێکی عام بۆ قانونی جەزائی دائیمەن کردنی تاوان بەرامبەر شروع نیوە بە نیوەیە، ئێستاش لێرە ئەوەی سزایەکەی ئیعدامە کراوەتە هەتاهەتایی، ئەوەی سزای هەتاهەتاییە کراوەتە سزای (15) ساڵ، ئەوەی سزای سجنە کراوەتە حەبس، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە، چونکە جیاوازییەکی زۆر زۆرە لەگەڵ ئەو کەسەی کارەکە ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەو کەسەی پێی نەکراوە کارەکە ئەنجام بدات بەهەر شتێك بەدەستی خۆشی نەبووە، بەڵام ئەوە شتێکی باشترە، لەبەر ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆری هەیە، نازانم پێم خۆشە خوشك و برایان تەناقوزێك لەناو ڕەئیەکانیان هەیە، جارێك زۆر زۆر بەرەو تەساهولی و سوکی دەڕۆن، جارێکیش زۆر توندی دەکەن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەو ماددەیە باسی شروع نەکەین، دەبێت دادگا بگەڕێتەوە سەر ئەحکام عامە، لەوێدا هەمان مەسەلەی شروع باس کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تۆزێك لەو مەوزوعە تێناگەم لە بڕگەی (أ) ئەوە جێی خۆیەتی، بەڵام هی بڕگەی (ب) ئەگەر یەکێك حوکمەکەی ژیان بێت، چۆن لێرە بەم شێوەیە باس دەکرێت، سزا دەدرێت بە زیندانی کاتی، یەعنی ئەمە مەفروزە ئەمەیان حوکمەکەی زیاتر بێت لەوەی کە لە بڕگەی (ج)دا هاتووە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیندانی فەرقی هەیە لەگەڵ سجن و حەبس کردن، حەبس خەفیفە، زیندانی دوو جۆری هەیە زیندانی موئەبەد هەیە، زیندانی موئەقەت هەیە، زیندانی موئەقەت لە پێنج ساڵ و مانگێك تا (15) ساڵە، ئەمە لەگەڵ ئەوەمانە ئەو کەسەی کە (15) مەئەبەد بێتن تاوانەکەی مەئەبەد و ئەوانە، ئەوەی شروعی دەکاتن لە پێنج ساڵ و مانگێکی هەتا (15) ساڵ محکەمە بۆی هەیە حوکمی بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی یاسایی وەڵامم وەرگرت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە ماددەی یەك هاتووە حوکمی موئەبەد, کەچی لە ئەسڵی مادده ئیعدامە, لە مادده یەك لە مەتنی قانونەکە حوکمەکەی ئیعدامە, لێرە لەو ماددەیە کە ئیشارەت دەدات دەڵێت (حسب ما جاء في المادة الاولى سجن مؤبد), لە ماددەی دووەم (15) ساڵ لەویَ موئەبەدە, ماددەی دووەم لەویَ موئەبەدە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بۆ وەڵامی کاك رەشاد دەڵێت ئەو تاوانانەی لە ماددەی چوار باس کراون, ئەوە شروعن نەك تاوانەکە خۆیەتی, شروعیش بە مانای وایە دەست پیَ کردن بە ئەنجامدانی تاوانێك, ئەو تاوانە ناتوانیت ئەنجامی بدەیت بەهۆی دەرەکی کە خۆت دەستت تێدا نەبێت, یەکێك دەیەوێت قونبەلەیەك بتەقێنێتەوە, پێش ئەوەی بتەقێنێتەوە بیگرن, واتا نەتەقێنێتەوە هیچ زیان نەگەیەنێت, کەس نەکوژێت, ئەوە پێی دەڵێن شروع, شروع جیایە لەگەڵ تەواو کردنی تاوانەکەو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شوکری.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ماددەی چوارەم زیادە, چونکە ئەو ماددانەی لێرە هاتوونە, ئەو شتانەی لەو ماددەدا هاتوون, هەر کەسێك دەست بکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووەم هاتووە سزا دەدرێن بە زیندانی هەتاهەتایی, ئەم فەقەرەیە ئیزافە بکرێتە سەر سجنی موئەبەدە, نەك لێرە ببێتە ماددەیەك, دیسان فەقەرەکانی تریش فەقەرەی (ب) ئیزافە بکرێتە سەر سزا دەدرێت بە زیندانی کاتی, فەقەرەی (ج) ئیزافە بکرێتە سەر سزا دەدرێت بە بەند کردنی توند, لەبەر ئەوە بە تەسەوری من ئەو ماددەی چوارە لێرە زیادە, ئەگەر هەر فەقەرەیەك لەم فەقەرانە ئیزافە بکرێتە سەر ئەو ماددانەی کە تیا هاتوونە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن لە قەوانینی جەزائی ماددەیەکی سەربەخۆ بۆ شروع دادەنرێت, نەك هەر یەکە لەگەڵ هەموو حوکمێك شروع دابنرێت, چونکە ئێستا لەوانەیە لە قانونی عقوبات دوو سەد سیَ سەد مادده هەیە, حوکم هەیە, ئەگەر وا بێت دەبێت لە هەر ماددەیەك شروعێکی بۆ دابنێین, لەبەر ئەوە بە ماددەیەکی سەربەخۆ هاتووە, هەتا لە قانونی عقوباتیش بە سیَ ئەوە بۆی داناوە, کە شروع چەندە, ئەویتریان چەندە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو نەسرین.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم باسی (شروع في الجریمة) بکرێت, باس کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك تەڵعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز كاك كەريم بەحری وەڵامەكەی منی داوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێخەڵلاً.

**بەڕێز شێخ الله ابراهيم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش هەمان تێبينی كاك جەمال قاسمم هەبوو, وەڵاميش درايەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منيش سوپاستان دەكەم, خۆی تەنيا ئەو مولاحەزاتانەی كە كرا, ئەوە بوو ئايا ئەوە پێويستە, يان نا, لەڕاستيدا وەكو ليژنەی ياسايی ئاماژەيان پێ كرد, هەموو تاوانێك وەكو ليژنەی ياسايی گوتيان, تەبعەن منيش لێرە فێر بووم, يان دەخوێنی, يان خەڵكی شارەزا فێرت دەكات, هەموو تاوانێك دەبێت بەندێكی شروعی تێدا بێت, يەعنی فيعلەكە لەگەڵ نيەتی فيعلەكە نييە, يەعنی نيەتی فيعلەكە ئەگەر ئەنجامی نەدابوو, ناكرێت وەكو فيعلەكە ئەنجام درابێت هەمان سزای هەبێت, ئەمە يەك.

جارێكی تر خاڵێكی تر دووپات دەكەمەوە, كە لە دانيشتنی بەيانی باسم لێ كرد, كە بەندێك باس دەكەين, مانای وا نييە يەكسەر بيرمان بچێتە سەر ئەوەی وای دەكرد, يەعنی بە نەكردنيش هەمان كەس ببێتەوە, يەعنی لێرە مەسەلەن باسی ئەو كەسەی دەكەن شروع, مانای وايە تەنيا بە شروع دەيگرێتەوە, رەنگە ئينتيما كردنەش بيگرێتەوە, رەنگە بە سەناعەتی قونبەلەكەش بيگرێتەوە, حاكم تەماشای قەزيەكە دەكات بە عام, ئەو تاوانانەی پێی تاوانبار دەكاتن بە تەنيا يەك نييە, دوو نييە, سێ نييە, مومكينە ماددەی چوار بگرێتەوە, ماددەی سێ بگرێتەوە, ماددەی دوو بگرێتەوە, ئەمە دەبێت بەو شێوەيە تەماشای بكەين, وا تەسەور نەكەين كە ماددەيەك هاتە پێشمان, ماددەی تر قورسترە, وەكو پێشتر عەرزم كردن, ئێستاش كە دەڵێن يەكێك شروع دەكات مانای وا نييە بەس بە شروع تاوانبار بكرێت, مومكينە سناعەتەكەی كردووە, يان نەقلەكەی كردووە, مومكينە بەكار هێنانی زۆر وەزيفەی كردووە لە ماددەكانی تر هاتووە, لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو مولاحەزاتانەی كە درا, موقابيلەكەی ليژنەی ياسايی وەڵامی دايەوەو, زۆربەی زۆری ئەندامانيش پشتگيريان لێ كرد, كە ليژنەی ياسايی شەرحەكەی كرد, بۆيە ماددەكە دەخوێندرێتەوەو دەيخەمە دەنگدانەوە, بە كوردی و عەرەبيەكە بيخوێننەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

أ/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووەمی ئەم ياسايەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە زيندانی هەتاهەتايی.

ب/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی سێيەمی ئەم ياسايەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە زيندانی كاتی.

ج/هەر كەسێك دەست بكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە ماددەی چوارەمی ئەم ياسايەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە بەند كردنی توند.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

أ-يعاقب بالسجن المؤبد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الثانية) من هذا القانون.

ب- يعاقب بالسجن المؤقت كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الثالثة) من هذا القانون.

ج- يعاقب بالحبس الشديد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (الرابعة) من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەكە بەكۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی شەشەم تكایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

نابێ ئەو كەسەی بە تاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەكرێت, بە دەستەبەر (كفالة) بەر بدرێت لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەدا هەتا حوكمێك, یان بڕیارێكی یەكلاكەرەوە لە داواكەی دەرنەچێت.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ئەو تێبینییەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە, سەبارەت بە ماددەی شەشەم لە پرۆژەكە لیژنەی یاسایی پێشنیار دەكات وشەی (یەكلاكەرەوە) لە دێری كۆتایی بكرێت بە وشەی (بنبڕ) بەم جۆرەش بخوێندرێتەوە:

(نابێت تۆمەتبار بە تاوانەكانی تیرۆریستی بەر بدرێت بە دەستەبەر تا حوكمێك, یان بڕیارێكی بنبڕ لە داواكە دەردەچێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ( السادسة ):

لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار فاصل في الدعوى.

ملاحظة اللجنة القانونية بالنسبة للمادة السادسة من المشروع فترى اللجنة تبديل كلمة (فاصل) الواردة في السطر الاخير منها الى كلمة (بات) وتقرأ كالاتي:

لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار بات في الدعوى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جیاوازی نێوان وشەی (فاصل) و وشەی (بات) ئەوەیە, وشەی (فاصل) محكەمەی ئەوەلی دەتوانێت حوكمی وا دەربكات, بەلأم وشەی (بات) بڕیاری كۆتاییە, لەبەر ئەوە وشەی (بات) باشتر و قانونییترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم كە بڕگەیەك بۆ ئەمە زیاد بكرێت, (ئەو كەسەی بە تاوانی تیرۆریستی حوكم دەدرێت, ئەحكامەكانی ئازاد كردنی بە مەرجێك ئیفراج شەرتی, یان عەفوی عام نەیگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دوای ئەوانە ماددەیەك دێت, دەڵێت ئیعتیبار دەكرێت بە تاوانی (مخلة بالشرف), كە ئەوەش گوترا بەبێ ئەوەی عەفوی عام نایگرێتەوەو نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك شوکری نێرۆیی.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەشەم (نابی ئەو کەسەی بە تاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەکرێت, بە دەستبەر بەر بدرێت لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا, وابزانم هەتا حوکمێك, یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە داواکەی دەرنەچێت, ئەوە زیادە, چونکە ئەو تاوانبارە هەتا حوکم دەدرێت بەر نابێت بە کەفالەت, ئەوە مەعلومە, کە حوکم لەسەری درا, یان بێ تاوانە دەردەچێت, یان سجنە بە کەفالەت بەر نابێت, لەبەر ئەوە من دەڵێم هەتا حوکمێك یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە داواکەی دەرنەچێت, ئەمە زیادە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوە زەروورییە بگوترێت, چونکە ئەو کەسەی کە دەگیرێت مەجال هەیە محکەمە بەری بدات, بەڵام کە ئێمە ئەو بڕیارەمان دا, لێرە ئەو کەسەی کە بە تاوانێکی ئیرهابی دەگیرێت واتا تاوانی ئیرهابی هەیە نابێت بەر بدرێت هەتا ئەو رۆژەی کە بڕیارێك دەردەچێت, ئەو کاتی یان بەر دەدرێت, یان بە یەکجاری حوکم دەدرێت, مەبەستەکەش لە قانون هەر ئەوەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش پشتگیری ئەو رایەی کاك بارزان دەکەم, پێم وایە ئەمە نەکرێتە بە تاوانی (مخله بالشرف), بۆیە پشتگیری لە رایەکەی کاك بارزان دەکەم, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سمکۆ دزەیی.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حوکمی ئەو کابرایەی تاوانبار دەکرێت بە تاوانێکی تۆقێنەر, یەعنی خۆی تەقاندۆتەوە, مەعقول نییە بە کەفالەت بەر بدرێت, یەعنی هیچ کەسێك کە ئەو تاوانەی دەکات, پێویست ناکات بڵێیت بە کەفالەت بەر دەبێت, چونکە دەبێت ئەو کەسە بێ تاوان بێت, بۆیە بە کەفالەت بەر دەبێت, ئێمە چۆن دەزانین کابرا کارێکی ئیرهابی کردووە, شتەکانی ئاشکرایە وەکو خۆی دەتەقێنێتەوە, مەوادی تەقێنەوەی لێ دەگیرێت, دەبێت شتەکان بە نموزج بێت لەو حالەتە, بەڵام ئەگەر کابرایەك مەسەلەن شکی لێ بکرێت, کەوا هاوکاری تیرۆریستان دەکاتن, بە رەئی من حەقی ئەوەی هەبێت پارێزەر بگرێت لە مەراحیلی تەحقیق بە کەفالەتیش بەر ببێت, چونکە مەرحەلەی تەحقیقی یەکەم هەتا دەگاتە حاکم, چونکە کابرا پاشان بێ تاوان دەرچوو پیستی دەچێتە دەباغخانە, ئەوە شەش مانگ, ساڵێك لەوێ دەمێنێتەوە, ئەی کێ تەعویزی ئەو بێ تاوانەی دەکات, من بۆ خۆم بەڕێوەبەری ئاسایش بوومە بە دەیان حەلەتی وا تێپەریوم, سوپاس.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەر کەسێك دەگیرێت تەبعەن جاری یەکەم تاوانبارە, تاوانباریش بێ تاوانە (بريئة), هەتا ئەو رۆژەی ئیدانەی دەکرێت, لەبەر ئەوە هەموو دادگایەك بۆی هەیە یەکێك بە کەفالەت بەر بدات, ئیلا ئەگەر بزانێت زروفی ئەو تاوانبارەی وایە ئامادە نابێت, ئەو کاتە هەتا ئەگەر تاوانەکە زۆر گەورەش نەبوو, دەتوانێت بەری نەدات هەتا ئەو رۆژەی محکەمە دەکرێت, ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە, لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئەوانە ئەو تاوانانە تاوانی خەتیرە, بۆی هەیە ئەگەر بە**

کەفالەتیش بەر بێت, پیاو هەیە تەزحیە بە هەموو کەفیلەکەی خۆی دەدات بەجێی دەهێڵێت, چونکە حوکمەکەی ئیعدامە, ئەگەر لەسەری بچەسپێت, زۆر زۆر تەبیعییە ئەگەر کەسێك بکاتە کەفیلی خۆی, یان دوو سەد هەزار پارە دابنێت بۆ کەفالەت بە خۆی بڕوات, بۆیە محکەمە هەردەم تەقدیری خۆی هەیە, بەڵام ئێمە لێرە تەقدیرمان نەداوەتە محکەمە, بە خۆمان دامان ناوە نابێت ئەو کەسە بەر ببێت هەتا ئەو رۆژەی حوکم دەدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەن خەڵکێك دەگیرێت, کەی ئەمر گەیشتە محکەمە, ئەو کات محکەمە بە کەفالەت بەری دەدات, کەواتە محکەمە یان دەڵێت بەریئە, یان حوکمی دەدات, یەعنی ناکرێت لە محکەمەی بڵێت بە کەفالەت, بە کەفالەت چییە لە مەرحەلەی یەکەمی تەحقیق دەبێت بە کەفالەت بەر ببێت, منیش مەبەستم ئەوەیە کە کابرایەك بێ تاوانە دەگیرێت و شکی لێ دەکرێت, کە ئەو کابرایە هاوکاری تیرۆریستان دەکات, دوایێ دەرچوو هیچ نییە, ئێمەش شەش مانگان ئەو کابرایە حوکم دەدەین, بۆ خۆت دەزانی لە مەرحەلەی تەحقیقی یەکەم ئەو زابتانەی کە هەمانە, ئەو سەقافەتەی تەحقیقیان نییە بیکەن, دەبێت ئەوەش رەچاو بکرێت ئەمە دەزگایە تەحقیقی دەکەن لە زابتە, لە جیهازی ئەمنییە, یەعنی ئەو توانا علیمیەیان نییە تەحقیقێکی بە ویژدان بکەن, چونکە ئێمە خەڵکێکی تووش دەکەین لەو حالەتە ساڵێك لە تەحقیقی بەجێ دەهێڵین, ئێستا چەند کەس هەیە مەسەلەن بە ساڵ ماوەتەوە لە سجن, بەڵام تەقدیمی محکەمە نەکراوە, پاشان دەردەچێت کابرا بەریئە, ئێمە دەبێت داوای لێ بووردنی لێ بکەین, مەسەلەکە لە قانون ئەوەیە دەبێت غەدر لەو خەڵکە نەکرێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیکرەت گەیشت زۆر سوپاس, کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (13) هاتووە وەڵامەکەی کاك سمکۆ, هەر کەسێك زیانێکی بەرکەوت, یان بە هەڵە گیرا, دوایێ دەتوانێت دەعوا قەید بکات, داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە لێی کەوتووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من تەنیا یەك شت روون دەکەمەوە بۆ کاك سمکۆ, ئەویش ئەوەیە محکەمە شتێکە, تا دەگاتە محکەمە شتێکی ترە, ئێمە دەڵێین تا دەگاتە محکەمە رێگا نەدرێت بە حاکمی تەحقیق ئەو کەسانە بەر بدات بە کەفالەت, کە محکەمە قەراریدا تەواو, ئەمە باسی گەیشتنی مەرحەلەی محکەمە دەکەین, تا دەگاتە محکەمە قەراری محکەمە باتە, تا ئەو وەختە ئەو کەفالەتە ئەوانە نەگرێتەوە, کە تاوانبارن بەکاری ئیرهابی فەرقەکە لەوە دایە, یەعنی صیغەکە لەو مەرحەلەدایە, لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە دەگیرێن حاکمی تەحقیق بۆی هەیە بە کەفالەت بەری بدات, ئێمە رێگا دەدەینە ئەو حاکمی تەحقیقە بۆ خۆی تەفسیری بکات, کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە بۆچوونەکەی کاك سمکۆ لە تاوانی عادی راست دەکات, بەڵام ئەو قانونە قانونێکی تەوارییە, ئەو تاوانانە تاوانی عادی نییە بە کەفالەت بەر ببێت, سەبارەت بە زیان لێکەوتنیش ماددەیەکی تێدایە تازە کاك محەمەد ئاماژەی پێدا, لەو ماددەیەدا دەتوانێت قەرەبووی بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەكو جەنابت ئیشارەتت پێدا, دوو مەرحەلە هەیە, مەرحەلەی تەحقیق هەیە, مەرحەلەی موحاكەمە هەیە, لە مەرحەلەی تەحقیق لە ژێر چاودێری قازی تەحقیق تەحقیقەكە بەردەوام دەبێت, قازی تەحقیق بەپێی ئەم یاسایە ناتوانێت تاوانبار بەرەڵا بكات, ئەگەر هاتوو تاوانبار بە تاوانێكی تیرۆریستی گیرا, بەڵام مانای ئەوە نییە قازی تەحقیق ناتوانێت ئەو تاوانبارەی ئیفراج بكات, ئەگەر زانی لە مەرحەلەی تەحقیق ئەو تاوانبارە هیچی لەسەر نییە, بۆی هەیە قەراری دەربێنێت بە ئیفراج (لعدم توفر ادلة), مەرحەلەی تەحقیق لێرە ئەگەر هاتوو مەراحیلی تورق تەعنی خۆی بینی, مانای وایە قەراری قازی تەحقیق یەكسەر حیسابی دەرجەی قەتعی دەكات و, دەبێتە قەرارێكی محكەمە, ئەوەی جانبی دووەمیش عایدی محكەمەیە, كە ئەدیلە موتەفیر دەبێت ئیحالە دەبێت بۆ محكەمەی موختەس, ئەویش بە هەمان شێوە تورقی تەعنی خۆی هەیە, بەس من حەز دەكەم لێرە ئەوە بڵێم هەردووكیان بەنیسبەت قانونی ئێمە كە قانونی یاسای عێراقیە و ئەو یاسایانەی لێرە پیادە كراوە, هەردووكیان سەقفی زەمنی بۆ دانراوە, چ بە نیسبەت مەرحەلەی تەحقیق, چ بە نیسبەت مەرحەلەی موحاكەمات, سەقفی زەمنی موتابەعە كردنی یەك لە كارەكانی ئێمەیە بەڕاستی, یەك لە كارەكانی لیژنەكانی پەیوەندیداری پەرلەمانە بەڕاستی, لە هەمان كاتدا دەزگای تریش هەنە, ئەوانە پیادە دەكەن و موراقەبەی دەكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا مولاحەزەی تریش هەبوو, ئەویش كوێستان خان گوتی لەگەڵ كاك بارزان بوو, ئەوەش كە گەیشتنە سەر ماددەكەی تر لەوێ موناقەشەی دەكەین, ئێستا داوا دەكەم جارێكی تر بخوێننەوە, بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

نابێ ئەو كەسەی بە تاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەكرێت, بە دەستەبەر (كفالة) بەر بدرێت لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەدا هەتا حوكمێك, یان بڕیارێكی بنبڕ لە داواكەی دەرنەچێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة ( السادسة ):**

لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار بات في الدعوى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پخشان عبداللە حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە لە لیژنەی یاسایی (لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار المحكمة). یەعنی پاش ئەوەی قەراری محكەمە دەردەچێت, بۆی هەیە بە كەفالەت بەر بێت, یەعنی وای لێ دێت, لەبەر ئەوە لە رووی صیاغەوە باشە دەقیق تر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقە كوردیەكە یەكلاكەرەوەكەی كردووە بە بنبڕ, بەڵام دەقە عەرەبیەكە وای نەكرد, هەر (فاصل) وتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پاش خوێندنەوەی دەیخەمە دەنگدانەوە, ناحیەی زمانەوانی گوتم عەرەبیەکە ئەساسە کوردیەکە موڕاعات دەکەین چۆنە عەرەبیەکە وای لێ دەکەین, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەکە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی حەوتەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

فەرمانەکانی ماددەی (47)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی کارا, بەسەر ئەو کەسە پیادە دەکات, کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە سەبارەت بە ئاشکرا کردنی ناسنامەکەی, کاتێ هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت و ناکرێتە شایەد.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەی حەوت دەکات و هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (السابعة ):

تطبق احكام المادة (47) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 المعدل النافذ على المخبر في الجرائم الواردة في هذا القانون في عدم الكشف عن هويته لدى اخباره عن الجرائم مع عدم إعتباره شاهداً.

ليس لدى اللجنة اية اعتراض على المادة وتؤيدها باكملها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە لە لای من ڕوون نییە, ئێمە لە پێشتر ماددەیەکمان باس کرد, ئەو کەسەی ئەگەر خەبەر نەدات هەمان سزا دەیگرێتەوە, پێم وا بوو ئەگەر ئەوە باس کراوە, ئەوە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر ڕەبتی بەوییەوە نییە, کاک شوکر فەرموو.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ناکرێتە شایەد ئەوە زیادە, چونکە ئەو کەسەی ئیخباری دەدات, ئەگەر بە تەلەفۆن و شتی وا خۆی بزر دەکات و ئاشکرا نابێت, ئەوە نابێتە شایەد, ئەگەر حازر بێت لەو شوێنەی کە خەبەری بۆ دەبات لەوێ ناسنامەکەی دیارەو ئاشکرایە, ئەوە دەکرێت بکرێتە شاهێدیش, ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەم/ بە تەسەوری من ماددەی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم هەموو ڕەبتن بە یەکەوە, ئەگەر هەمووی بکرێتە بەندێك و بکرێتە فەقەرات و بڕگە (أ و ب و ج) بە تەسەوری من باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتەکان جیاوازن, بەس ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوانی ئیخباری دەدەن و بۆ ئەوەی تەشجیع بکرێت بۆ خەبەر, ئەو کەسەی دێت خەبەری دەدات بە نهێنی دێت و, ناوەکەی تەسجیل دەکرێت لەسجلێکی تایبەت لە محکەمە و, ئەو ناوەی کەشف ناکرێت لەسەری ژمارەیەکی بۆ دادەنرێت, ئەو ژمارەیە دەخوێندرێتەوە لەجیاتی ناوەکە, دوای ئەوەش ناکرێتە شاهێد بێتە بەرامبەری, بۆ ئەوەی تاوانبار نەترسێت و بتوانێت هەموو مەعلوماتێکی راستی بدات.

**بـەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکان بەشێکی دەخوێنمەوە (للمخبر ان يطلق عدم الكشف عن هويته وعدم اعتباره شاهداً, وللقاضي ان يدرك ذلك مع خلاصة الاخبار في سجل خاص يعد لهذا الغرض ويقوم باجراء تحقيق وفق اصول مستفيداً من معلومات التي يتضمنه الاخباربدون بيان هوية المخبر في الاوراق التحقيقية).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەم موخبیرە دەڵێت ئەگەر هەڵەی کرد لە خەبەرەکە, نە عقوبە دەدرێت, نە هیچ دەکەوێتە سەری, یەعنی شتی وا دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەن, ئەو موخبیرە ئەگەر درۆی کرد بێت, ئەوە سزا دەدرێت, خەبەری درۆ قانون سزای بۆ داناوە, ئێمە کە دەڵێین موخبیر راستە مەعلوماتەکەی دەبێتە بەشێك لە ئیدیعا, لەگەڵ لیژنەی تەحقیق و لیژنەی پۆلیسە ئاسایشە بەشێك لەوان حیساب دەکرێتن, دەبێت حیمایەی قانونی بۆ ئەوە هەبێتن, ئەگەرنا تەشجیع نابێت, خەڵکێك خەبەر بداتن لەسەر خۆی دەدرکێت, ئەو تەنزیمەی پشتگیری لە ئیرهاب دەکاتن, دەچێت تاقیبی دەکاتن, لەبەر ئەوە ئەو نەصە دەبێت هەبێتن, لە قانونی جەزائیش هەر هاتووە, بۆیە من پێم وایە بیخەینە دەنگدانەوە پاش خوێندنەوەی جارێکی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

فەرمانەکانی ماددەی (47)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی کارا, بەسەر ئەو کەسە پیادە دەکات, کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەدات, سەبارەت بە ئاشکرا کردنی ناسنامەکەی, کاتێ هەواڵی روودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت و ناکرێتە شایەد.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تطبق احكام المادة (47) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 المعدل النافذ على المخبر في الجرائم الواردة في هذا القانون في عدم الكشف عن هويته لدى اخباره عن الجرائم مع عدم إعتباره شاهداً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە, دەستی بەرز بکاتەوە, ماددەکە بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

أ-ئەو کەسەی پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆرکاری, یان لە کاتی پلان بۆ دانانی, دەزگا تایبەتمەندەکانی پێ ئاگادار بکاتەوەو هەواڵ گەیاندنەکە ببێتە یاریدەر بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران, یان نەیهێلا کارەکە ئەنجام بدرێت, لە سزا دەبووردرێت.

ب-دادگا بۆی هەیە خۆ بە دەستەوەدانی تاوانبار و پێشکەشکردنی زانیاری وا, کە تاوانەکە دوای ڕوودانی ئاشکرا بکات, بە پاساوی یاسایی سزا سووککەر بژمێرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەو ماددەیە نییە, پشتگیری لە ماددەکە دەکات.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

أ-يعفى من العقوبات الواردة في هذا القانون من قام باخبار السلطات المختصة قبل اكتشاف الجريمة او عند التخطيط لها وساهم اخباره في القبض على الجناة او حال دون تنفيذ الفعل.

ب-للمحكمة إعتبار تسليم المتهم نفسه و إدلائه بمعلومات تؤدي الى كشف الجريمة بعد وقوعها عذراً قانونياً مخففاً.

تؤيد اللجنة المادة بكاملها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر دیاری کردنی ئەو کەسەیە کە خەبەرەکە دەدات (يعفى من العقوبات الواردة في هذا القانون من قام باخبار), ڕەنگە پیاوێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بێت, کە تاوانێکی بینی بێت بێ خەبەر بدات, ڕەنگە یەکێك بێت سەر بە دائیرەی ئاسایش بێت, ڕەنگە خودی تاوانبارەکە بە خۆشی بێت لە بەندێك لە بەندەکان, چونکە ئەگەر دیاری نەکرێت لێرە (يعفى من العقوبات الورادة في هذا القانون المتهم الذي يخبر السلطات المختصة قبل اكتشاف الجريمة او عند التخطيط لها وساهم اخباره في القبض على الجناة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر من لە جیاتی لیژنەی قانونی وەڵام بدەمەوە, هێشتا تاوانبار نییە و نەگیراوە, ئەوانەی تر هاووڵاتییە فەقەرەی پێشتر وەکو موخبیرەکەیە خەبەر دەداتن, ئەو خاڵە بۆ ئەو کەسەیە کە تەوەڕوتی کردووە لە تاوان, یان لە هەر قۆناغێکی تاوان بێت, لە ئاخیر لەحزە شعور بە تاوان دەکاتن دێتن خەبەر دەدات, شتەکەی مەفهومە, خاڵی پێشتر هەیە دەڵێت ئەو کەسەی خەبەر دەداتن صیانەتی بە نهێنی دەکرێت و بە شاهێد حیساب ناکرێت, ئەوە بەندێکی جیاوازە لەگەڵ ئەو بەندە, کاک خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان ڕەئی کاک تەڵعەتم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی (ب) هەیە, لەبەر ئەوەی کاتێك تاوانبار خۆی تەسلیم دەکات, دوای ئەوەی کە تاوانەکە بووە, یەعنی حەق نییە ئێمە ئەو ڕێگایە بدەینە محکەمە, کە ببێتە زروف موخەفەف بۆی, لەبەر ئەوەی لەوانەیە

تاوانبار ئەو تاوانەی کردووە, مەسەلەن کۆمەڵێك خەڵکی کوشتووە, بەس بە تەسلیم بوونی حەق نییە ببێتە ئەوەی کە زرووف موخەفەف بێت و عقوبەی لەسەر کەم بکەینەوە, من پێشنیار دەکەم ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێتن (ئەگەر تاوانەکە مردن, یان پەککەوتنی هەمیشەیی لێ نەکەوتەوە), ئەوجا ببێتە زرووف موخەفەفە بۆی, دە کەسی کوشت بێت و کەس پێی نەزانێت, دوایی بێت مەعلومات بدات لەسەری ببێتە زرووف موخەفەفە بۆی, لە ئیعدام ببێتە سجنی هەتاهەتایی, ئەوە نا عەدالەتییە, من دەمەوێ ئەوەی بۆ زیاد بکەن, ئەگەر مردن و پەککەوتنی هەمیشەیی لێ نەکەوتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوە کاك عادل ئاماژەی پێ دەکات, مەسەلە کەشفی تاوانەکە, تاوانەکە کەشف نەبووە روویداوە, بەلأم کەشف نەبووە بۆ سوڵتاتی موختەس, یەك لەو تاوانبارانە, یەك لەو موساهیمانە دێت خەبەر دەدات, کە خەبەری دا خۆی تەسلیم دەکات, ئەوە ئیعتیبار دەکرێت بە عوزرێکی قانونی موخەفەف, وەکو جەنابت دەزانی عوزری قانونی موخەفەف چییە, تاوانەکە روویداوە, بەلأم کەشف نەبووە, نازانین کێ کردوویەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت کاك کەریم, هەرچەندە شەرحەکەت واقی بوو, بەلأم ئیزافەی دەکەم, با بڵێین یەکی شوبات کە روویدا, ئەو هەموو شەهیدەی تێدا رۆیشتن, ئەگەر یەکێك لەوانەی کە هاوکاریان بووە, هاتبوایە پاش رووداوەکە زوو خەبەری دا بوایە, بیگوتابوایە من نەمدەزانی ئەو رووداوە وایە, مەعلوماتەکەم ئەوەیە, ئەو تیرۆریستانە لە فلان شوێن هاتوون, فلان مونەزیمیانە, ئەوە دەبووە هۆی ئەوەی تاوانبارەکانی تر بگیرێن و کاری تیرۆریستی تریش ئەنجام نەدرێت دواتر, لەبەر ئەوە ئەو تەخفیفە بۆ ئەو کەسانەیە, حاکم بۆی هەیە تەقدیر بکاتن, ئەو ئینسانە هاتووە هەستی بە مەسئولیەت کردووە, هەرچەندە دەبوایە زووتر هەستی پێ بکات, عەفو ناکرێتن, بەلأم تەخفیفی دەکاتن.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زۆر ماددەیەکی بایەخدارە, بە رەئی من دەورێکی باڵای دەبێت لە بەشێك لە چارەسەری تیرۆریستان و, ئەگەر باش بەکار بهێنرێت, لەوانەیە گروپەکان لە بارێك هەڵوەشێنێتەوە, تا ئێستا چارەسەری کێشەی ئیرهاب لە کوردستان زیاتر چارەسەرێکی ئەمنی بووە, لە خیلالی ئەو ماددەیە حکومەت دەتوانێت کاری زۆر جددی و باش بکات, من لەو باوەڕەدامە خەڵکێکی زۆر هەڵخەڵەتاون لە دوای دەرفەتێك دەگەڕێت, بۆ ئەوەی بگەڕێتەوەو, ببێتە هاووڵاتیەکی چاك بتوانێت خزمەتی ولأتەکەی خۆی بکات, بۆیە من لێرەدا پێشنیارێکی ترم هەیە بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی کە تاوان روویدا بێت, لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو پێشنیارەی کاك سەردار تەسبیت ببێت کە دەڵێت بە ئەندام بوون لەو گروپانەش بە تاوان حیساب بکرێت, پێویستە برگەیەکی تر زیاد بکەین بۆ عەفو (هەر ئەندامێکی ئەو گروپانە کە دەستی لە هیچ کارێکی تیرۆریستی نەبووە, یەعنی خوێنی کەسی لە ئەستۆ نییە, یەعنی کارێکی نەکردووە, ئەگەر هاتوو خۆی تەسلیم بە یاسا بکاتەوە, خۆی بناسێنێتەوە لە رێی کەفیلێك, یان لە رێی خزمێك تەشجیع بکرێن لەسەر ئەوە, پێم وایە ئەو برگە زیاد بکرێ چارەسەرێکی زۆر زۆر باش و گونجاو دەبێت و لە بار یەکیشی هەڵدەوەشێنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

که دەڵێت فەقەرەی (أ- يعفى من العقوبات الواردة في هذا القانون من قام باخبار السلطات المختصة قبل اكتشاف الجريمة) ئەوە ئەویش دەگرێتەوە, چونکە ئەو کابرایەی کەوا مونتەمییە خۆی تاوانە, بەلاَم کە خۆی دێتن دەڵێت من وابووم و ئێستاکە وابوومە, ئەوە ماددەکە ئەویشی گرتۆتەوە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك زانا دام, بەڕاستی پێش ئێستا ئەو پێشنیارەی کاك سەردار کردی سەبارەت بە ئەندام بوون لەو گروپە تیرۆریستیانەدا, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی, بەلاَم نازانم برادەران ئاماژەیان پێ نەدا, لە ماددەی دووەم لە بڕگە یەکدا شوێنمان بۆ کردۆتەوە لە دوای (او قيادتها, او العضوية فيها), (عضوية فيها) ئیزافە بکرێت, دوای ئەوەی کە ماددەکە تەواو دەبێت ئیزافە دەکرێت, هەروەها کە بە تاوان دانرا, ئەو بڕگەی یەکەم هەمان ماددە دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەی کاك زانای ڕاستە, ئەگەر ئەو فەقەرەیەی تێدا نەبوایە واتا بە ئەندام بوون, دەبوایە مولاحەزاتی جەنابت وەربگرین, بەلاَم کە بە ئەندام بوونەکە بوو بە تاوانێك ئەو فەقەرەیە ئیزافە کرا, کە هات خەبەری دا وتی من ئەندام بوومە عەفوەکە دەیگرێتەوە, ئەوە شتێکی وازیحە, کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت بڕگەك هاتووە دەڵێت (عند التخطيط لها) من پێم وایە داخستنی شتێکی زەحمەتە لە سەرەتاو لە ناوەڕاست, یاخود لە کۆتاییدا, وابزانم صیاغەکە بڕێك بەهێزتر دەبێت ئەگەر بڵێین (من قام باخبار السلطات المختصة قبل وقوع او اكتشاف الجريمة), یەعنی لە جیاتی بڵێن (او عند التخطيط لها) بنووسین (قبل وقوع او اكتشاف الجريمة), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە قسەکانم کران و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین, ئەگەر لیژنەی قانونی لەسەر ئەو وشەیە ئیعتیرازی نەبێت (قبل وقوع او اكتشاف الجريمة), ئەگەر وا بێتن ئەو وشەیە دەوڵەمەندی دەکاتن, بیخوێننەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

أ-يعفى من العقوبات الواردة في هذا القانون من قام باخبار السلطات المختصة قبل وقوع او اكتشاف الجريمة او عند التخطيط لها وساهم اخباره في القبض على الجناة او حال دون تنفيذ الفعل.

ب-للمحكمة اعتبار تسليم المتهم نفسه وإدلائه بمعلومات تؤدي الى كشف الجريمة بعد وقوعها عذراً قانونياً مخففاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

أ-ئەو كەسەی پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆركاری, یان لە كاتی پلان بۆ دانانی, دەزگا تایبەتمەندەكان پێ ئاگادار بكاتەوەو هەواڵ گەیاندنەكە ببێتە یاریدەر بۆ دەستگیر كردنی تاوانباران, یان نەیهێلا كارەكە ئەنجام بدرێت, لە سزا دەبووردرێت.

ب-دادگا بۆی هەیە خۆ بەدەستەوەدانی تاوانبار و پێشكەشكردنی زانیاری وا, پێش ڕوودانی بە پاساوی یاسایی سزا سووككەر بژمێرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بێ هەڵەی زمانەوانی, یەعنی لە ڕووی زمانەوانی چاك دەكرێتەوە, ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ ئەو ماددە نییە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەكە بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی نۆیەم تكایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

دەبێ لایەنە پەیوەندارەكان پاداشتێكی چاك جارِ بدات بۆ ئەو كەسەی زانیاری ڕاست و دروست پێشكەش بە لایەنی تایبەتمەند دەكات و ئاشكرا كردنی تاوانی تیرۆركاری و ئەوانەی دەستیان تێدا بووە لێ دەكەوێتەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی نۆیەم بەم شێوەیە:

سەبارەت بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەكە كەمینەیەك, كەمینەی لیژنە پێی وایە بڕی بەخشینەكەی لە ماددەی داهاتوودا بڕێكی موغری دیاری بكرێت بەپێی بارودۆخ زیاد, یان كەم بكرێتەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

على الجهات المعنية اعلان منح مبلغ مكافئة مجزية لكل من يبادر بتقديم معلومات صحيحة الى الجهات المختصة تؤدي الى كشف الجريمة الارهابية او الاشخاص المساهمين فيها.

ملاحظات اللجنة على المادة الثامنة من المشروع: (اعتبر قليل من اعضاء اللجنة تحديد مبلغ مكافئة الواردة فيها بمبالغ مغرية ومحددة قابلة لزيادة ونقصان حسب تبدل الظروف).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە (كاك بارزان, كاك اسماعیل, كاك جەمال بۆتانی, خاتوو كوێستان, خاتوو گێلاس, كاك خورشید, خوشكە پەخشان, كاك ئیحسان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەمە ئیختیساسی دەوائیری ئەمنییە, ئەوانەش شووئونی موعتەمەدین و میزانیەی خاصی خۆیان بۆ تەرخان كراوە, تەسەور ناكەم ئەم نەصە پێویست بێت لە قانونەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك ئیسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێت پاداشتێکی چاك, حەتمەن پاداشت مەقسەدی لە پارەیە, بەڵام پێم وایە دەست نیشان بکرێت بڵێن پارەیەکی چاك, واتا مەبلەغی پارەکە دیاری بکرێت, یەعنی بڵێن پارەیەکی چاك لە جیاتی پاداشتێکی چاك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال بۆتانی فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بوتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاداشتەکە زۆر چاکە, بەڵام پاراستنی ژیانی لە پاداشتەکەش گرنگترە, چونکە شەبەکاتی ئیرهابی ئەو کەسەی مەعلومات بدات دەیکوژن لە هەر شوێنێك ببینن, جا لەبەر ئەوە لە لای من یەك پاراستنی ژیانی ئەو کەسە زۆر زۆر گرنگترە لەو پاداشتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو کوێستان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر دژی ئەو ماددەیەم, خۆی پێویستە هاووڵاتیان لە حیسێکی نیشتمانیی و نەتەوایەتی, لە حیسێکی بە خەتەری تیرۆر ئیخباری تیرۆریست بکەن, نەك بۆ ئەوەی پارە بدەیت بە خەڵك بۆ ئەوەی خەبەر لە تیرۆریست و ئەوانە بکات, یەعنی ئەمە نازانم جۆرێك لە کڕین, جۆرێك لەوەی کە خەڵك دەکەین بە جاسوس لەسەر هاووڵاتیانەوە, یەعنی من دژی ئەوەم, نەك لە پێناوی پارە خەبەر بدات, پێویستە لە پێناوی مەسەلەیەکی نیشتمانیی نەتەوایەتی, لە پێناوی مەسەلەیەکی وا خەبەر بدات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو گێلاس.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەیە, پێم باشە ئەو ماددەیە لابرێت, لەبەر ئەوەی رەنگە ئەو شتە کاتی بێت, بەپێی گەورەیی ئەو تاوانەی تاوانکار کردوویەتی ئەو دەسەڵاتە خۆی مەبەستی بێت, ئەو مەبلەغە تەرخان بکات, ئەگینا ئەمە پیشەی رۆژانەی هاووڵاتیانە ئاگاداری سوڵتە بکەنەوە لە تاوانی تیرۆری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەو خوشکانە فەرموویان راستە, بەڵام ئایا میللەتی ئێمە گەیشتە ئەو رادەیەی بیرو باوەڕی نیشتمانیی بخاتە سەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی, لەبەر ئەوەی تەشجیعی مادی, ئەوە دەیان ساڵی دەوێت تا فێریان بکەین, ئێمە لە حاڵەتێکی موعەیەن داینە زۆری دەوێت, ئێمە پەنجا ساڵە خەبات دەکەین نەمانتوانی لە 10٪ی ئەوە تەتبیر بکەین, ئەگەرنا مەجال نییە, نەوەك ئەوە باس دەکەم لە مەراحیلی شۆڕش چەند کەس بە پارە خۆی فرۆشت و هەر کوردن و,

ئێستاش کوردایەتی دەکەن و، تەئیدی ئەو بڕیارە دەکەین 100٪، بەڵام پارە تەشجیعە، تەشجیعێکی باشیشەو، خەڵکیش زیاتر هاندەدات، چونکە ناحیەی مادیەکە زیاترە لەسەر ناحیە مەبدەئەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە تەواوەتی لەگەڵ هەموو کارێکی هاندان، یەعنی تەشجیعم بۆ ئیخباری لە کاری تیرۆریستی و ئەوانە، ئەو موقەدیمەی کە کاک زانا وتی سەبارەت بە ماددەکەی پێشوو، یەعنی ئەوە موبەریڕات نییە، لەبەر ئەوە دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام لێرە (علی الجهات المعنية)، یەعنی جیهاتی مەعنی ئیلزام کراوە، من پێم وایە ئەو مەوزوعە عایدی جیهاتی مەعنی خۆیەتی، یەعنی مەرج نییە بە قانون فەرزی بکەین لەسەر جیهاتی مەعنی کە ئەوە بکات، خۆی قەرار دەدات موکافەئەکە چەندەو چۆنەو لە چ حاڵەتێکە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز دگەل دەقی بڕگەم کە هاتیە خوارێ، حافزی مادی کابرایەکی دەنگوباسا سەر مەعلوماتی درستی تاوانێك دێنێتن، ئەڤە شتێکی زۆر گرنگە، تاوانی ژی گەلەك رەنگن، هەم کەشف کردنا جەرێمێ، هەم حجمێ جەریمێ تەفەك دکاتن، نەوعی جەریمێ، مەوقیعێ جەریمێ، ژی بەر هەندێ دەست نیشان کرنا مەبلەغێك بە تەسەورا من هەموو حالەتا دەمج کری، ئیحتیمالە چەند حالەت هەبن فەرقێك هەبێتن لە بەینا حالەتێکی باژێری تاوانێکی ئیحتیمالە جونێك بێتن، یان حالەتێکی تر بێتن، بەر هەندێ پیشتواین حافزی مادیمە بۆ هەر حالەتێك پەیدا دەبێتن بۆ کەشف کردنا جەریمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن لە دوو رەئیەکە، کە یەکیان دەڵێت پێویست ناکات، ئەوە ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیانە، یەکێکیشیان دەڵێت دەبێت بمێنێت و بکرێتە پارەو ئەوانە، من دەمەوێ دوو شت روون بکەمەوە، یەکێکیان ئەوەیە تەحدید کردنی مەبلەغی پارەکە کاری حکومەتە میزانیەی بۆ دابنرێت، بە حەقیقەت ئیشی ئەوانە فەرق دەکاتن لە وەختێك تا وەختێکی تر، بەڵام لێرە ئەگەر یەك وشە ئیزافە بکەین دەبێتە ناوەندی هەردوو پێشنیارەکە، یەعنی بڵێین دەکرێت (یجوز للجهات المختصة)، ئەگەر ئەوەی بڵێین شتەکە موخەفەف دەبێت، دەکرێت نەیکەن و، دەکرێت بیکەن بەپێی زوروفی تایبەتی ئەو وەختی، من پێشنیار دەکەم لە پێشی (یجوز) ئیزافە بکرێت، ئەگەر لیژنەی یاسایی هیچ ئیعتیرازێکیان نییە لە رووی یاساییەوە، ئەگەر موافیقن با بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

للجهات المعنية اعلان منح مبلغ مكافئة مجزية لكل من يبادر بتقديم معلومات صحيحة الى الجهات المختصة تؤدي الى كشف الجريمة الارهابية او الاشخاص المساهمين فيها.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**دەكرێت لایەنە پەیوەندارەكان پاداشتێكی چاك جاڕ بدات بۆ ئەو كەسەی زانیاری راست و دروست پێشكەش بە لایەنی تایبەتمەند دەكات و ئاشكرا كردنی تاوانی تیرۆركاری و ئەوانەی دەستیان تێدا بووە لێ دەكەوێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەی دەیەم تكایە.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**هەر كەسێك هاوكاری بكات وەك بكەر, بەشدار, یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆركاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون, بەهەمان سزا, كە بۆ تاوانەكە دیار كراوە, سزا دەدرێت.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی بەم جۆرەیە:**

**سەبارەت بە ماددەی دەیەمی پرۆژە, لیژنە تێبینی لەسەریان نییە, سەبارەت بە ماددەكانی دیكە, ببوورن.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة العاشرة:**

**كل من ساهم بوصفه فاعلاً او شريكاً او محرضاً في ارتكاب الجرائم الارهابية الواردة في هذا القانون يعاقب بالعقوبة المقررة لها.**

**ليس للجنة اية اعتراض, تؤيد المادة بأكملها.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, فەرموو كاك رەشاد.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو ماددەیە بە تەواوی زیادە, لەبەر ئەوەی حوكمەكە لە ماددەكانی پێشەوە هەمووی موفەرەرە بەنیسبەت ئەو تاوانانەی كە دەكرێت, لێرە تەقریبەن بە رستەیەكی كورتكراوە ئیشارەتێكی داوەو تەحلیلی نەكردووە, لەوێ تەحلیلی كردووەو موبەوەبە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك حاتەم.**

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت ئەو بڕگەوە, بەگوێرەی تەعدیل و داڕشتنی تەعدیلەكەی, هاوشێوەی بڕگە سێیە لە ماددەی چوار, سوپاس.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لێرەدا لەو ماددە مەبەست ئەوەیە كە ئەوانەی هاوكاری لەگەڵ دەكەن, یان هانی دەدەن, ئەوانەش هەمان سزای بكەر دەدرێن, لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە هاتووە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیتنا من ماددەی دەھ لەگەل ھەر سێ فەقەرەی ماددەی پێنجێ دەست نیشان كرن (أ, ب, ج) ئەڤەش ببێتە (د) دێ تەكمیلە وی ماددەی بكەن كو بۆ دەست نیشان كرنا تەشریعا عقوبات وان جیھەتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەو ماددەیە تەئكیدە لەسەر ماددەكانی تر, شتێكی ئەوتۆ نییە خیلاف لەسەر بێت, ھەندێك دەڵێن دووبارەیە, رەنگە دووبارە بێت, بەڵام تەئكیدە لەسەر ئەو ماددانەی كە نووسراوە بە گشتی دووبارە كردنەوەیە, ماددەیەكە بۆ چەسپاندنی ماددەكانی ترە, لە رووی قانونەوە دەڵێت ئەوەی موساھیم بێت, فاعیل بێت, یان شەریك بێت, یان موحەریز بێتن سزایەكەی پێ دەدرێت كە لەو قانونەدا ئاماژەی پێ كراوە, فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ساھم) بابی فاعیلەكەیە, یەعنی لەگەڵ یەكێكە, لەگەڵ كێ موساھیمە؟ خۆی دەڵێت فاعیلەن یەعنی جیایە, چونكە (ساھم) دەبێت بڵێی لەگەڵ یەكێكە, (ساھم) فاعیلەیە, یەعنی لەگەڵ یەكێك بوو بێت منیش لەگەڵیان بم, لەبەر ئەوە منیش ھەر دەڵێم زیادە, چونكە لە پێشەوە باسی موحریزی كردووە, باسی شەریكی كردووە, باسی فاعیلی كردووە, جا تەئكید دەبێت سەبەبێك ھەبێت بۆ تەئكید كردنەوەی, من وابزانم موبەریر بۆ تەئكید نییە لێرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەكەم رەئی لیژنەی قانونی بێتن, چونكە ئەو تەئكیدە پێویستە ئەوان روونی بكەنەوە, فەرموو كاك دلێر محەمەد.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمویست وەك ئەندامێكی لیژنەی قانونی قسە بكەم, لە رووی قانونەوە (فاعل و شریك)و ئەمانە لێك جیان, چونكە ھەموویان یەك حوكم دەیانگرێتەوە چۆن؟ یەعنی كاتێك تاوانێك روودەدات شانەیەك ھەیە بۆ نموونە, یەكێكیان دەچێت عەمەلیەتە دەكات, ئەكێكیان نەچووە بەس لە تەختیت بەشداری لەگەڵ كردووە, یەكێكیان تەحریزی ئیشەكەی كردووە, ئەمە ھەموویان فەرقەكە لە قانوندا لەوە دایە, بۆیە ھەموویان دەبنە یەك عەمەلیە جێ بەجێ دەكەن یەكێكیان تاوانەكە دەكات و, ئەویتریان تەختیتی بۆ دەكات و, یەكێكیشیان تەسھیلاتی بۆ دەكات, ئەمەش ھەموویان دەبێتە یەك تاوان جێ بەجێ كردن, لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زیادە نییە, دەبێت ئەم ماددەیە ھەبێت بەڕاستی, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(فاعل, شریك, محرض) سێ جۆر ھەیە, لێرە موساھیمەكە, بەشدار بووەكە لە فیعلی جورمدایە, فاعیل لە فیعلی جورمەكە دایە, شەریكیش وەكو شەراكەت شەریكی بوو بێتن لە تاوانەكەدا, ئەوەی تریش موحریز, یەعنی ئەوانە خۆی تاوانی ئەسڵین, ئەوی دیكە موساھەمە دەكات لەگەڵ ئەوانە بە ھەمان سزای ئەوانەی دیكە سزا دەدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه که وتمان تیرۆر کارێکی مونەزەمە, ئیتر خۆی کۆمەڵە خەڵکێکە, شەریك و شتی نییە, هەموویان پێکەوەن ئەندامن, شەریك مانای چیە؟ یەعنی ئاسانکاری بۆ دەکات برادەریەتی, یان ئەندامە, دەیهێنێت و دەیبات و هاتووچۆی پێ دەکات هەر ئەندامە, یەعنی وا نازانم لە کاری تیرۆر مادام کارێکی جەماعییە, ئیتر شەریك و شتی نییە, هەمووی ئەندامن پێکەوەن, پێکەوە تەرتیبی دەکەن, مونەزەمەیەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر بۆ تەقویە کردنی ماددەکانی پێشتر نەبێتن, ئەو ماددەیە بەو وجهە نەزەرە هەندێك برادەر قسەیان کرد زیاد بێتن, بەڵام تەنیا بۆ تەئکیدە لەسەر ئەو ماددانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە, مونەفیز کێیە؟ موحریز کێیە؟ شەریك کێیە؟ هەمووی لەوێ شەرح کراوە, منناڵێم لێرە ئەوانە هەموو وەکو یەکن, دەڵێت (ئەو کەسانەی موساهیمن بە فیعل, یان بە شەراکەت, یان بە تەحریز بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆری, ئەو ماددانەی کە لێرە هاتوونە لەو قانونە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر دەیانگرێتەوە, پێم وایە خراپ نییە, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەشی پێنجەمی قانونی عقوبات هەشت ماددە بۆ ئەو شتە دانراوە, چونکە شەریك زۆر جۆری هەیە, یەك پارە دەدات, یەك شوێنی بۆ دەبینێتەوە, یەك شتێکی تر دەکات, ئەوە هەمووی دەبێت باس بکرێت, زۆریش زەرووریە باس بکرێت, چونکە موساهەمەیەکی تەواو لە تاوانەکە دەکات, مومکینە مونەزەمیش نەبێت, لەوانەیە لایەنگیر بێت, یان حەز لە شتەکە بکات سەربکەوێت, پێویستیشە, چونکە هەشت ماددە دانراوە بۆ ئەوانەی موساهەمە لە تاوان دەکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوان تاکە تەبیعییە شەریکی هەبێت, بەڵام جیاوازی لەنێوان تاوان و ئیرهاب, ئەوەیە ئیرهاب کارێکی مونەزەمە, بەڵام تاوان کارێکی تاکە, تەبیعییە فەرد شەریکی هەبێت, بەڵام مونەزەمە و کۆمەڵ شەریکی چی هەبێت, هەموویان هاوکارن, هاوبەشن لە ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستی بە جۆرێك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو بۆچوون هەنە, ئەو ماددەیە بمێنێت, یان نەمێنێت, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێك پێشەکی وەڵامی کاك محەمەد بدەمەوە, کە (ساهم) بە بابی (فاعل)ە دێت لێرە, لێرە (ساهم) بە مانای موساهەمە نییە لەگەڵ یەکتری, بە مانای (سبب) جا (بصفة فاعلا او شریکا او محرضا), پاش ئەوەی کە دەڵێتن مونەزەمە, راستە مونەزەمە و تاوانە, بەڵام گەلێك جار هەیە ئەوانەی بە مەنەزەم کارێك ئەنجام دەدەن دێنە شوێنێکی تر, لەو شوێنە ئەو مونەزەمە نییە, یەکێك لەوێ هاوکاری دەکات, ئەوە دەبێتە شەریکەکە, بەس ئەوەی لە سەرەتاوە لەگەڵی بووەو تەنزیمی ئیشەکەیان کردووە, ئەوە هیچ, بەڵام یەکێکی تر یارمەتی دەدات, هاوکاری دەکات, یان تەحریزی دەکات دەی دەی برۆ ئەو ئیشە بکە, من لەگەڵ ئەوانەمە, عەینی وەکو فاعیلی ئەسڵی حیساب دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو رەئیتیان دا, خاڵی نیزامت هەیە یا شێخ, فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر زەروورییە ببێت, لەبەر ئەوەی (کل من ساهم) فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی هەندێك برادەران بۆی دەچن, چونکە پیاو هەیە لە بەغدا, یان لە مووسڵ, یان لەوێ و لەوێ دەستی هەیە لەو مەوزوعە و ئاشکراش نییە, کەواتە فاعیل, یان شەریك لێرە ئاشکرا نابێت وەکو لەوێ هەیە, بۆیە من تەئیدی ئەوە دەکەم ئەو بڕگەیە هەر بمێنێت, شتێکی زۆر زەروورییە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەو ماددەیە بمێنێت, یان نەمێنێت, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بمێنێت کە تەقویەی ماددەکانی تر دەکات دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەماددەیە کە نەمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەکە دەمێنێتەوە بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە دەمێنێتەوە, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

هەر کەسێك هاوکاری بکات وەك بکەر, بەشدار, یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆرکاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون, بەهەمان سزا, کە بۆ تاوانەکە دیار کراوە, سزا دەدرێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

كل من ساهم بوصفه فاعلاً او شريكاً او محرضاً في ارتكاب الجرائم الارهابية الواردة في هذا القانون يعاقب بالعقوبة المقررة لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پانزدەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو ڕێکخراو, پارت, دەستە, کۆمەڵ, یان ئەو کەسانەدا دەگیرێت کە بە بڕیارێکی دادگا بە تاوانکاری تیرۆر دەردەچن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نییە, پشتگیری لێ دەکات, بەس من تێبینی خۆم هەیە وەکو ئەندام.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (الحادية عشرة):

تصادر الاموال المنقولة وغير المنقولة للمنظمات أو الاحزاب او الجمعيات او الهيئات او الجماعات او الافراد التي تتم ادانتها بالجرائم الارهابية بقرار من المحكمة.

ليس لدى اللجنة اية اعتراضات على المادة وتؤيدها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکی زۆر تەبیعییە, کەس هەیە قسەی لەسەر بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیووە ئەمانەن (چنار خان, کاك عادل ئەمین, کاك ئارام, کاك خورشید, کاك جەعفەر, کاك دیلمان, سید کاکە, کاك زانا, کاك کەریم بەحری, کاك حاتەم, صەبریە خان, کوێستان خان, سۆزان خان, گێلاس خان, پەخشان خان, کاك ڕەشاد, کاك بارزان عبدالله, .........)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ماددەیە من یەکێك لەو کەسانەمە کە قوربانی تیرۆرم, خۆشەویسترین کەسیشم لەو تاوانە لە دەست داوە, بەس لێرە نەك بۆ تۆڵە سەندنەوە, بەڵکو بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەك, بەڵام بەپێی ئەو ماددەیە (تصادر الاموال المنقولة وغیر المنقولة), من لێرەدا لەگەڵم هەتا دەگاتە سەروەت و سامانی تاکەکان, چونکە من پێم وایە زۆر جار خێزانی ئەوانەی تیرۆریستن خۆشیان قوربانیی کەسێکن کە لەناویان فاسد دەرچووە, جا لێرە ئەگەر سامانی ئەوانیش صادر دەکرێت, ئەگەر بە شکلێکی ئینسانی, چونکە فەرقی ئێمە لەگەڵ تیرۆریستان ئەوەیە, کە ئێمە دەبێت زۆر ئینسانیانە بیر بکەینەوە, ئەخلاقیانە بیر بکەینەوە, نەك وەکو ئەوان هیچ ڕێز بۆ مەبادیئ و ئینسانی دانانێین, ئەگەر بێتو لێرە حکومەت هەمووی موسادەرە بکات, باشە چارەنووسی خێزانی کەسی تاوانباری تیرۆریست چی بەسەر دێت, مەسەلەن منداڵێکی یەك ساڵان, یان چەند ساڵانی هەیە, یان خێزانەکەی, یان ژنەکەی, یان کوڕەکەی, باشە کێ بەخێوی بکات, بژێوی ژیانی چی بەسەر دێت؟ ئەگەر قەرارە ئێمە کێشەیەك چارەسەر بکەین بەوە, پێم وایە چەندین کێشەی دیکە دروست دەکەین لە لایەکی تر, کە ئەویش کێشەی کۆمەڵایەتییە, ڕەنگە خەڵك موتەشەڕد دەبن, یان لە تۆڵەسەندنەوەی ئەوەی کە بێ هیچن و بە هەژاری دەبن, ئەو کاتە ئەوانیش دەبنە تاوانبار, بۆیە من داوا دەکەم ئەگەر بێتو هەموو سەروەت و سامانەکەیان حکومەت دەستی بەسەر دادەگرێت, حەقی ژیانی خێزانەکەی ئەوانە حکومەت دەبێت ژیانیان تەئمین بکات, چارەنووسی ئەوانە دیاری بکات, ئەگەرنا پێم وایە ئێمە چارەسەرمان نەکردووە, کێشەیەکمان چارەسەر کرد, بەس کێشەیەکی دیکەمان بۆ دروست دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ئەوانەی ناویان نووسیووە زۆرن, تکایە ئەوەی ڕەئیەکانی وترا بڵێت گوتراوە, کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئی چنار خان دەکەم, بەنیسبەت مونەزەمات و حزبەکان و ئەوانە هەمووی موصادەرە بکرێت, بەڵام یەك پێشنیارم هەیە, بۆ ئەوەی تەنیا سامانی تاکە کەس بەکاری دەهێنێت لەو تاوانە سەیارەیە, خانووە, ئەوانە دەستیان بەسەر دابگیرێت, بەڵام ئەوانی تر من تەئیدی ڕەئی چنار خان دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی من ئەو بڕگەیە بە زەرووری دەزانم بمێنێتەوە, پێم باشە لە دوای ئەوەی کە دادگا بڕیاری دا دەست بەسەر سامانی هەر گروپێك, یان کۆمەڵێك بگرێت ناوی ئەو گروپ و پارتانە ئاشکرا بکرێت, بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان لەو گروپ و پارتانە ئاشنا بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئی چنار خانم هەیە, بەلأم وەکو نموونەیەك بۆ تەئیدی ئەوەی کە قەرارەکەی ئێمە قەرارێکی ئینسانی بێتن, حکومەت مەسئوولە, زیاتریش فەرقمان هەبێت لەگەڵ ئەو کارانە, هەتا بۆ نموونە ئێمە لە ئێران ژیاوین, ئەو برادەرانەی لە ئێران ژیاون باش دەزانن کۆماری ئێرانی بە هەزاران کوردی ئیعدام کردووە, هەمو مانگێ مووچەی دەداتە خێزانەکان, لەبەر ئەوەی ئەو تاوانبارە حەقی خۆیەتی سزا بدرێت, بەلأم دەست بەسەر داگرتنی سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی فەرد گوناحێکی گەورەیە, چونکە تۆ خێزانەکە تەدمیر دەکەیت منداڵی ساوای هەیە, شەش منداڵی هەیە, یان حەوت منداڵی هەیە, کەسەکە خۆی تاوانبارە خێزانەکەشی بێ تاوانە, واتا شەریکی نییە لە تاوانەکەو ئاگادار نییە, منداڵەکان ساوانەو بچووکن, کێ بەخێویان دەکات؟ حکومەت مەسئوولە, ئەگەر ئیجازەم بدەنێ کارەساتێك دەگێرمەوە بە کورتیە, لە ساڵی 1962/7/1 سحافیەك هاتە مەنتیقەی باڵەك ئێمە پێشمەرگە بووین, لە شەڕ دوو جاش کوژرا بوون, ئێمە گرنگیمان پێ نەدا, دوو پێشمەرگەش کوژرا بوون لاشەی هەردوو پێشمەرگەمان هێناوە, سحافیەکە بە ئێمەی گوت ئەی بۆ ئەوانە هەڵناگرنەوە, ئێمە وتمان ئەوانە هی ئێمە نینە, وتی ئەدی ئەوانە چنە؟ وتیان کوردن, ئێمە وتمان ئەوانە جاشن, وتی وەرن وەرن ئێوە عاقڵ نینە, وتی کورد مەکوژن, وتمان ئاخر ئەوانە دەمانکوژن, وتی قەیدی ناکات خۆتان بپارێزن, چونکە ئێوە مەسئوولن عایدی ئەوانن, دەبێت ئەوانەش بەخێو بکەن, ئێوە دەبنە حکومەت, لەبەر ئەوە بە ڕەئی من هی شەریکات و ڕێکخراو و حزبەکان و کۆمەڵ و هەمووی وابێت, بەس ئەو ناحیەی ئینسانییەی لە بیر نەکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن من تەوزیحێك بدەم, بۆ ئەوەی لە موناقەشەکە ڕەچاوی بکەن, دوایێ ئەگەر هەر قەرارتاندا گۆڕانکاریەکانی نەکەین, یەکەم ئەو نموونەی کە کاك خورشید هێنای لەسەر ئەو کەسانە, کە مووچەیان دەدرێتێ بە تاوانی ئیرهاب کەسوکاریان زیندانی کراون و نەکوژراون, خەڵکانێکی موعاریزن زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو حاڵەتە.

دووەم/ ئەگەر بێتو ئەو ماددەیە نەبێتن و ئەفرادەکەش نەبێت دوو جار غەڵەت دەکەین, یەکێکیان ئەوەیە ئەو سامانەی بەجێی هێشتووە, ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئینیتیمای کردووە, بۆ ئەو گروپە تیرۆریستییەو پەیدای کردووە, کەواتە پارەکە لە ڕێگایەکی ناشەرعییەوە هاتووە.

دووەم: ئەو مرۆڤەی کەوا دەچێت خۆی دەتەقێنێتەوە, یان کاری تیرۆریستی دەکاتن, هیچ رادیعێکی نییە, ڕەنگە تەنیا رادیعەکەی کەسوکارو منداڵەکانی خۆی بێت, ئەگەر بزانێتن ئەو پارەیەی کە کۆکردۆتەوە, ڕەنگە بەشێکی ناشەرعی بێت, پاش ئەوەی کە خۆی تیا دەچێتن و زۆر بە ئاسانی قەراری دا خۆی تیا بچێت, بۆ ماڵ و منداڵەکەی دەمێنێتەوە تەشجیع دەبێت, بەلأم ئەگەر بزانێتن خۆی تیا دەچێت و ماڵ و منداڵەکەشی تووشی ناخۆشی دەبن لەبەر ئەو کارو تاوانانەی کە دەیکاتن بیری زیاتر دەکاتن, لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەو قەرارە رادیعە و بەقوەتیشە, دەبێت هەبێتن فەرقی هەیە, بەلأم ماڵ و منداڵی ئەو کەسە ئیرهابیە حەقێکی کۆمەلأیەتی لەسەر حکومەت هەیە, دەبێت بیان ژێنێتن بە ڕێگەیەکی تر, نەك بەو ڕێگەیەی ئێمە قانونەکە بگۆڕین, فەرموو شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەئیەکم هەیە, پێش ئەوەی بێینە سەر حیجز کردنی ئەموالی مەنقولە و غەیری مەنقولە سەحبی ئیجازەی حزبەکە, یان کۆمەڵەکە بکرێت, کە ئیجازەیەکی یاسایی وەرگرتووە, ئینجا ئەو قەرارەی بۆ بدرێت, حزب بێت, یان ڕێکخراو, یان کۆمەڵ سەحبی ئیجازەکان بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەلأم دەدەمەوە, ئەوە چارەسەر کراوە لە قانونی حزبەکان, ئیجازەکەی لێ سەحب دەکرێت, ئەوە چارەسەر کراوە, کاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەیان گوتم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, کاك سید کاکە فەرموو.

**بەڕێز کاکە اسماعیل عمر سید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت قسەیەکتان بۆ بگێرمەوە لەم بارەیەوە, چونکە ئەوەی ئەو ئیشەی کردووە, بۆ هیچ مەبدەئێکی نەکردووە, بەڵکو بۆ پارەی کردووە, بەتایبەتی کورد ئەوەی کە کردوویەتی, چونکە خەڵك زۆر هاتووچۆی من دەکات, ساحێبی قەزیەك هات بە منی وت ئەو ماڵە خزمەی من ئەوەندە پارەیان پەیدا کردووە, سی و سێ کەس کوژراون خوێنی ئەو سی و سێ کەسەی بدەن, قەول بوو من پێی هەڵبستم کە خوێنەکەی بدەن, دوایێ مەجموعەکی تریان هێنا, حەز دەکەم ئەوەی بزانن ئەوەی بە تیرۆر پەیدای کردووە حەقە لێی وەربگیرێتەوە, ئەوەی کە ماڵی خۆیەتی حەق نییە لێی وەربگیرێت, ئەوە دوو خاڵ هەیە ئەوەی کە کاسبی خۆیەتی و هیچی وەرنەگرتووە, واتا پارەی ئەو تاوانەی وەرنەگرتووە هیچی لێ وەرنەگیرێت, ئەوەی پارەی بە تاوان وەرگرتووە حەقی لێی وەربگیرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵە سەید تەتبیق ناکرێتن زۆر زەحمەتە, بەلآم دەبێت بەندێك هەبێتن ئەو ئینسانە کە تیرۆری کردووەو خەڵکی کوشتووە, دەبێت پێش ئەوە پێی بوترێتن ئەگەر ئەو کارەی بکەیت, چونکە قانونەکە هەر ئەوە نییە ئێمە دەمانەوێت تاوانبارەکان سزا بدرێن, قانونەکە بۆ ئەوەیە خەڵك ڕۆشنبیری پەیدا بکاتن, ئەو کارە چەند خەتەرناکە لەسەر خۆی و, لەسەر کۆمەڵ و, لەسەر ماڵ و منداڵیش, ئەو پارەیەی کە کۆشی کردۆتەوە, یان لەبەر ئەوەی ئینتیمای کردووەو بەو کارە تیرۆریستیەی پەیدای کردووە, بۆ ماڵ و منداڵەکانی نامێنێت, ئەمە مەوزوعێکە دەبێت بڕێتەوە, بەلآم حکومەت دەبێت ژیانی ئەو منداڵانە دابین بکاتن, ئینجا بەوەی مووچەیان دەداتن, بەوەی کەوا ئیشیان بۆ پەیدا دەکاتن, یان فەقیرانەیان بداتێ, خۆ ئەوانە لە برسان نامرن, ئەوانە بەشێکن لە کۆمەڵ واجیبی حکومەتە ژیانیان بەردەوام بێتن و مەکتەبیان بەردەوام بێت, بەلآم ئەگەر بێتو ئەو نەصەی تێدا نەبێتن, من قەناعەتم وایە زەعیف دەبێتن و ئیشارەتێکی خراپ دەبێتن لەو ماددەیە بۆ تیرۆریستان, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەند جەنابت ڕوونکردنەوەی باشت دا, بەلآم هەر پشتگیری قسەکەی چنار خان دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕایەی من وترا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لەو قسانەی لای من بوو برادەران باسیان کرد, بەلأم قەناعەتێکم هەیە حەقە ئەم ماددەیە بکرێتە دوو بڕگە بەم شێوەیە (1-ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵ و گروپ و ئەمە بەشێوەیەکی تر ئەمە بگرێتەوەو ئیجازەشی لێ وەربگیرێتەوەو حەلیش بکرێت, چونکە وەکو گروپێك هەڵدەستن بەو ئیشانە, یاسایی نەمێنێت.

2- ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە لە گروپەکەدا کار دەکەن, یەعنی تەنیا ئەندامن لەو حزبانە, لەو کۆمەڵانە و ئەو شتانە) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی کە ئەو کارە تیرۆریستییە دەکەن, ئەگەر کوژران ئیتر ئەو ماڵە ماڵی خۆیان نییە, دەبێتە وەرەسە, یەعنی چۆن دەڵێین ئەموالی مەنقولە و غەیری مەنقولە, کە ئەو کوژرا, یان حوکمی ئیعدامی لەسەر درا ئیتر ئەو خاوەن ماڵ نییە, یەعنی ماڵەکە راستەوخۆ بەبێ هیچ گرێ و گاڵێك دەبێتە ماڵی وەرەسە, ئێمە چۆن دەتوانین تەسەروف بکەین بە ماڵی وەرەسە, یەعنی جگە لەوەی تەئیدی رەئی چنار خان دەکەم, هەر ئێمەش لە سەرەتاوە بڵێین وا, جگە لەوەی لە رووی میراتەوە ئێمە ناتوانین تەسەروف بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەروەت و سامان زۆربەی زۆری خوشك و برایان لەگەڵ ئەوەنە ئەفراد تۆزێك فەرق بکرێت لەگەڵ قانونی ئەوانی تر لەگەڵ جەمعیات و شتی وا, بە رەئی من بڵێن (اموال الافراد المتحصلة من الجريمة), ئەوە حیسابێکی تری بۆ دەکرێت, ئەگەر موتەعفی بێت باشە, بەلأم ئەگەر هی خۆیان بێت با وەکو خۆی بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیش قابیلی تەتبیق کردن نییە, صبریە خان.

**بەڕێز صبریه غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئی چنار خانم هەبوو, ئەگەر دوای تەوزیحەکەی جەنابت و هی مامۆستا محەمەدیش, ئەو وشەیە بمێنێتەوە (کەس) دەبێت بڕگەیەکیشی لەگەڵدا بێت, چونکە ئێمە لەو دیدگایەوە قسە لەسەر ئەمە دەکەین کەسێکی تیرۆریست ئەگەر لەناو بردرا ئیتر خێزانەکەی مەنبوز دەبێت, پەراوێز دەخرێن, هەموو مافێکی ئینسانیان لێ دەسندرێتەوە, مادی و مەعنەوی, ئەگەر بکرێت بڕگەیەك زیاد بکەین, گوناهی منداڵێك نییە ئەگەر مادیەنیش گرفتی نەبێت, بۆ دەبێت مەعنەویشی بۆ تەرتیب بکرێت بەڕاستی کەسایەتی نییە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس رەئیەکەم وترا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خۆم یەكێكم لەوانەی كە زۆرم چێشتووە لە دەست ئەوەی كە سامانی گوێزراوەو غەیری گوێزراوە دەستی بەسەر داگیرا, راستە ئەوە جیاوازە, ئەوە تیرۆرە بە دەستی حكومەتی بەعس ئیعدام كرا, بەڵام ئەوماڵ و منداڵە بەڕاستی گوناهیان نییە, باوكەكە دەیكات بیەوێت و نەیەوێت هیچ ترسێك لەبەر دەمیدا نییە, هیچ ترسێكی نییە ئەسڵەن خەم بۆ ماڵ و منداڵەكانی ناخوات, ئەسڵەن بیریان لێ ناكاتەوە كە قەرار دەدات ئەو كارە بكات, یەعنی بە تەسەوری ئێوە ئەگەر بڵێین وەڵلا تۆ لە دوای ماڵ و منداڵەكە وای لێ دەكرێت و وای لێ دەكرێت, كابرا رادیعێكی لەبەردەمیدا دروست بێت, ئەوان هیچ رادیعێكیان لەبەردەم دروست نابێت, لەبەر ئەوە ئەو ماڵ و منداڵە گوناهن, ئەوان گوناهیان چیە؟ ئەموالی مەنقولە و غەیری مەنقولە خانووش دەگرێتەوە, دەیكەنە كۆڵان, ئەوە گوناه نییە بە رەئی ئێوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئی كاك عادلم هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان دڵە راوكێم هەیە, لەسەر منداڵ و خێزانی ئەو كەسانەی كە بە تاوانی وا حوكم دەدرێن, بەڵام لەگەڵ روونكردنەوەكانی جەنابتم و, پێم باشە ئەگەر بڕگەیەك یەعنی بخرێتە سەری ئێستا حازر نییە لە لام, كە ئەو ماڵ و منداڵی پەرتەوازە نەبن, بەڵام منیش لەگەڵ ئەو رەئیەدام, كە دەچێت ئەو تاوانە ئەنجام دەدات زۆر جار حیسابی ئەوە دەكات كە چی بۆ ماڵ و منداڵەكەی دەمێنێتەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم ماددەیەك دانێین, كە ببێتە سەبەبی پەرتەوازە كردنی ماڵ و منداڵ, شتێكی ترم هەیە شتێكی سادە دەربارەی صیاغە (الجمعیات والهیئات والجماعات والافراد التي تتم ادانتها الذین یتم ادانتهم) وا تەسەور دەكەم جەمعیە, یەعنی ئەگەر ئەوە رەچاو بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیم لەگەڵ رەئی سۆزان خانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە قانونی عقوبات هەیە دەتوانێت حاكم بەپێی قانونی عقوبات ئەو سزای هەر بدات, بۆیە ئەگەر ئیجازەم بدەن دەیخوێنینەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە:

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو رێكخراو, پارت, دەستە, كۆمەڵ, یان ئەو كەسانەدا دەگیرێت كە بە بڕیارێكی دادگا بە تاوانكاری تیرۆر دەردەچن.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة ( الحادية عشرة ):**

**تصادر الاموال المنقولة وغير المنقولة للمنظمات أو الاحزاب او الجمعيات او الهيئات او الجماعات او الافراد التي تتم ادانتها بالجرائم الارهابية بقرار من المحكمة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوانزدە تكایە.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دوانزدە:**

**تاوانی تیرۆر لە تاوانە ئابڕووبەرەكاندا دەژمێردرێت و، دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لە دەقی بڕیارەكەی بنووسێت.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی پیشتگریی لە ماددەكە دەكات و هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**لیژنەی ماڤ مرۆڤ هیچ تێبینی هەیە؟**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هیچ تێبینمان نییە.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية عشرة:**

**تعد الجرائم الواردة في هذا القانون من الجرائم المخلة بالشرف وعلى المحكمة ان تنص على ذلك في قرار الحكم.**

**ليس للجنة اي اعتراض على المادة وتؤيدها.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**(الجرائم المخلة بالشرف) لە جیاتی ئەوە خیانەی عوزما هەبێت باشتر نییە، یەعنی ئەمە خیانەی عوزمایە، بۆ (مخلە بالشرف)، ئەگەر ئەوە بگۆڕن بە خیانەی عوزما، یەعنی خیانەتەكە لە میللەتەكە دەكرێت، بۆچی بیكەن بە شەرەف، شەرەف چ عیلاقەیەكی هەیە بەسەر ئەو مەوزوعەوە، سوپاس.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوە موستەڵەحێكی قانونییە (الجرائم المخلة بالشرف) بۆ ئەو تاوانانەیە كەوا هەندێك ماف هەیە لێی مەحروم دەكرێت، یەك لەوانە روبعی قانونی نایگرێتەوە، ئەوانەی كەوا لە سجن دەبن ماوەی ساڵێكی پێ دەچێت، دوایێ ئەو كەسەی كە حوكم دراوە، ئەگەر سلوكی باش بوو روبعێكی لێی عەفو دەكرێت، بەڵام لەوەی كە (المخلة بالشرف) تا كۆتایی عقوبەكەی دەمێنێتەوەو عەفوی تێدا نییە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا باشتر نییە ئەو بڕگەی لەگەڵ کاک بارزان باسمان کرد, کە هیچ ئاسانکارییەك بۆ بەربوونی نەکرێت, باشترە لەوەی کە بە (المخلة بالشرف) حوکم بدرێت, ئێمە پێمان وایە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت و ئەمە لا ببرێت, واتا (المخلة بالشرف) لابرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر شاوەیس فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی من بۆیە دەستم بەرز کردەوە, چونکە ئەوە مانگێك زیاترە ئێمە موناقەشەی ئەم قانونە دەکەین, لەگەڵ ڕێزمان بۆ خۆمان, من وا تێدەگەم یاخود ئێمە باش ناخوێنینەوە, چونکە بەڕاستی هەر کیفایەت نییە من هەر بیخوێنمەوە, بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەم تێگەیشتنی یاساییانە بۆ ئەم نووسینە چییە؟ چونکە من یاساناس نیم, بەداخەوە ئێمە لەو ماوەیەدا ئەوەمان نەکردووە, دوایی ئێمە ئەسڵەن لە دیاردەکە تێنەگەیشتووین, کە ئێمە یاسایەك دەردەکەین بە ناوی یاسای دژە تیرۆر, تیرۆر دیاردەیەکی مێژووییە, دیاردەیەکی ترسناکە ئەمڕۆ بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە, من بۆیە بەڕاستی ناوی خۆم نووسی, بەلامەوە سەیرە ئێمە تەنانەت موناقەشە لەسەر ئەوەش دەکەین کە گومان دەخەینە سەر ئەوەی ئایا ئەمە ئابڕووبەرە, یان ئابڕووبەر نییە, دەبێت چی لەوە ئابڕووبەر تر بێت تۆ یاری بە گیانی خەڵك و ماڵی خەڵك و بە ئاسایش و هێمنی خەڵك بکەی, ئەم یاسایەی ئێمە موناقەشەی دەکەین, من داوای لێ بووردن دەکەم ئەگەر هەندێك لە بابەتەکە دەردەچم, چونکە پەیوەندی بە سەرجەمییەوە هەیە, تۆزێکی تریش ئێمە موناقەشەی ئەوە بکەین ئایا کاتی بۆ دابنێین, کێ هەیە لە دنیادا کات بۆ دیاردەی تیرۆر دابنێت, تا ئێمە یاسای دژە تیرۆر کاتی بۆ دابنێین, تەحدیدی بکەین بۆ دە ساڵ مەفعولیەتی بۆ ماوەی دە ساڵ, دوایی پێی دادەچینەوە, ئێمە خۆمان تووشی کێشە دەکەین, بۆیە بەڕاستی من بەداخەوە دەڵێم ئێمە بە جددی تەماشای ئەم مەسەلەیە ناکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بەپێی بڕگەکان حوکمەکانمان جیایە, هەندێ کەسی تێدایە بابڵێین بە حەبسی توند, (المخلة بالشرف) ئەوەی ئیعدام کراوە ئیعدام کرا, ئەوەی سجنی هەتاهەتاییە سجنی هەتاهەتایی, هەندێك خەڵك هەیە رەنگە لە تەمەنێکی گونجاودا دەیانهێنینەوە ناو کۆمەڵگا, ئێمە دەمانەوێت تیرۆر بنبڕ بکەین, ئەگەر کابرا هەر وتمان دز کوڕی دز هیچ شوێنێکمان بۆ نەهێشتەوە, کەواتە ئەو ئامادەیە, شەبەکەکان ئامادەن دووبارە بەکاری بهێننەوە, چونکە نەگەڕاوە لای کۆمەڵگا وەکو ئینسانێك, کاتێك کە من ئەو بەند کراوم ئازاد کرد, مانای وایە مافی ژیانم داوە لەناو کۆمەڵگاکە, بۆ ئەوەی من ئاسانکاری نەکەم, راستە تاوانەکە گەورەیە, ئەوانەی بە حوکمی قورس سزا دەدرێن, ئەوە سزاکەو تاوانەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن, بەلام خەڵکانێك هەنە لە تەمەنێکی گونجاودا دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا تاوانەکەیان ئەوەندە گەورە نییە, بۆ ئەوەی مەجالی بەشداری ژیانی کۆمەلایەتیان هەبێت, بە رەئی من ئەوە بۆ چەند حوکمێك تەحدید بکرێت, بەس هەمووی نەگرێتەوە, کە لەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا دەكەین ڕێگا نەدرێت بە هیچ بەڕێزێكی ئەندامی پەرلەمان لە ڕادەی هۆش و ڕووناكبیری ئەندامانی پەرلەمان كەم بكاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی دەربڕین مانای ئەوە نییە كەم كردنەوە لە كەسایەتی هیچ ئەندامێك و ئەو بەڕێزانە لە ڕەئی دەربڕیندا, من عەرزم كردن هەموومان تێدەگەین و خۆشم, ئەوە چەندە سەرۆكی پەرلەمانم لە سەرەتای جەلسەكاندا زۆر شت هەبوو نەمدەزانی, لە كاك فەرسەت فێر بووم, لە كاك شێروان حەیدەری فێر بووم, لە لیژنەی یاسایی فێر بووم, لە ئێوە فێر بووم, لە دەرەوە ڕەخنەم لێ دەگیرا تەبیعی بوو, لەبەر ئەوە ڕەخنە وەرگرتن ئیعتیادییە, ئەو ڕەخنەیەی كە تۆ دەیگریت ئەویش ئیعتیادییە, با فێر بین و لە یەكتری قەبوڵ بكەین, ئەگەر لە پشت ملەش ڕەخنەم لێ بگیرێت, من لە لام ئاساییە بە مەرجێك لە كەم كردنەوەی كەسایەتیدا نەبێتن, بۆ دەوڵەمەندكردنی شتەكە بێتن, بۆ چاك كردن بێت, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لێرە هاتووە ئێمە موناقەشەی قانونی ئیرهاب دەكەین, ئەوەی ناوی خۆی دەنووسێت, بۆ ئەوەیە موناقەشەی ئەو خالآنە بكات, نەك قسە لەسەر قسەی ئەندامانی تری پەرلەمان بكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەو ماددەیەی كە باسمان كرد, ماددەیەكی زۆر تەبیعییە (المخلة بالشرف), ئەگەر ئەو تاوانبارە (المخلة بالشرف) بێت مانای چییە؟ خیانەی عوزما شتێكی ترە, خیانەی عوزما هەموو تاوانباران ناگرێتەوە, مومكینە لە ناحیە سیاسی بگرێتەوە, خیانەی وەتەنییە, جاسوسیەتە, ئەوانە خیانەی عوزمەنە, ئەو وشەیە ڕەدعە, وشەكەش شكاندن و ریسوا كردنە, دەبێت ئەو تاوانبارە بزانێتن ئەو كارەی كە دەیكاتن بە قانون پێی دەڵێ تۆ موخیلی بە شەرەف, بۆیە لەبەر ئەوە من پێم وایە لە جێگای خۆیەتی و, خیانەی عوزمەش نایگرێتەوە, ئەوەش لە بەشی ئەوەیە هەم وەسفە, هەم ڕەدعیشە, فەرموو.

بەڕێز جمال شمعون ایلیا:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرق هەیە لەنێوان شەرەف و عەرزو ناموس, شەرەف یەعنی مەكانەتی ئینسان لە موجتەمەع تێك دەچێت, شەرت نییە مەسەلەن عەرزی تۆ چ موشكیلەیەك بێت, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە لە ڕووی قانونییەوە وایە, لەبەر ئەوە من داوا دەكەم ماددەكە بخوێندرێتەوەو بیخەینە دەنگدانەوە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە:

تاوانی تیرۆر لە تاوانە ئابڕووبەرەكاندا دەژمێردرێت و دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لە دەقی بڕیارەكەی بنووسێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

تعد الجرائم الواردة في هذا القانون من الجرائم المخلة بالشرف وعلى المحكمة ان تنص على ذلك في قرار الحكم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا, ماددەی سیازدەم تکایە.

**بەرێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدە:

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە, مافی خۆیەتی رەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لە گشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا, بە دابینکردنی پارێزەریشەوە بۆ داکۆکی لێکردنی و, نابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی, یان رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت و, پشت نابەسترێت بە دانپێدانانی بە زۆر لێوەرگیراو, بەهەڕەشە, بە ئازاردان, یان بە بەڵێن و گەفو گوڕ, ئەگەر بەڵگەکە پشت راست نەکرا بە بەڵگەی دیکەو, ئەگەر زیانێکی بەرجەستەیی قەبەی لێکەوتبوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوە کرا, تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆمار بکات وەك کەسانی ئاسایی.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ئەو تێبینیەی هەیە, ئەویش وشەی (لێپرسینەوە) لە ماددەی سیازدە هاتووە بە وشەی (شکایەت) کردن بگۆڕدرێتن, سوپاس.

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ( الثالثة عشرة ):

يجب معاملة المتهم بموجب احكام هذا القانون معاملة قانونية عادلة خلال جميع مراحل التحقيق بما في ذلك تأمين محام للدفاع عنه ولا يجوز استعمال وسائل التعذيب الجسدي أو النفسي أو المعاملة غير الانسانية بحقه كما لا يعتد بالاعتراف المنتزع منه بالاكراه أو التهديد أو التعذيب أو الوعد أو الوعيد مالم يعزز ذلك بأدلة قانونية أخرى، وللمتهم حق مسائلة القائمين بالتحقيق معه بصفتهم الشخصية في حالة إصابته بضرر مادي بليغ جراء استعمال احدى الوسائل المذكورة.

تؤيد اللجنة المادة عدا كلمة مسائلة وتبديلها بكلمة مقاضاة.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ هیچی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟

**بەرێز محمد فرج احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

ئەو بەرێزانەی کەوا داوایان کردووە قسە بکەن (کاك خورشید, چنار خان, کاك سەردار, پەخشان خان, کاك جەمال قاسم, کاك رەشاد, هالە خان, کاك زانا)

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەرێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (100٪) تەئیدی هەموو ماددەکان دەکەم, بەڵام پێم وایە بە نیسبەت تاوانبار حقوقی باشی پێ دراوە, حەقی دراوە دیفاعیشی لێ بکرێت, بەڵام بەتەسەوری خۆم نابێت ماددەیەك, یان فەقەرەیەك, یان چەند وشەیەك زیاد بکرێت,

ئەویش ئەو بەند کراوە بەند دەکرێت ئەو هەموو خاڵەی هەیە, بەڵام بەند کراو هەیە دوو ساڵە لە ژێر زیندانە کەس لێی نەپێچاوەتەوە بەخێر بێت و خواحافیز, نە لێیان پرسیوە بۆچی بەند کراوی, نە لێیان پرسیوە بۆچی دەردەکرێت, ئایا ئێمە ناتوانین مودەیەکی زەمەنی قانونی لێرە جێی بکەینەوە, کە بەند کراو نابێت لەوەندە رۆژە بمێنێتەوەو دەبێت بدرێتە دادگا, ئەوە زوڵمێکی زۆر گەورەیە, زۆر کەسان بەربووینە ساڵێك, یان دوو ساڵ گیراون لێی نەپرسراوە تۆ چی و بەریش دراوە, ئەوە ئینسانێکە تۆ ئەو حەقەت داوە بە کەسانێك دوو ساڵە پرسیاری لێ نەکراوە, لەبەر ئەوەی نازانم چۆن جێگای دەکرێتەوە, هەدەفی من لەو خاڵەی شتێکی وا جێی بۆ بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چنار خان فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتا من دەمەوێت بڵێم کاتێك ئێمە قسە لەسەر هەندێك مەسائیل دەکەین, ئەو مەسەلەیە عاتیفی نییە, نامەوێت دیفاع لە کەسی تیرۆریست و تاوانبار بکەین, چونکە ئیدی ئەگەر من دیفاعی لێ بکەم, ئەوی دی دەبێت هەموو خۆشیان بوێت, من تەنیا تەئکید لەسەر ئاسەواری کۆمەڵایەتی ئەو مەسەلەیە دەکەمەوە, ئەنجامی ئەو یاسایە چۆن دەبێت و چەندە ئیسلاحیە, یەعنی موجتەمەعێکی سالم لە داهاتوو دروست دەکات, لێرە قسەی ئێمە هەتاکو ئێستا لەسەر ئەوەیە چۆن تاوانبار کەشف بکەین, چۆن دادگایی بکەین, دوایێ حوکم بدرێت, من هەتا ئێستا لەگەڵ ئەو ماددەیەم, کە دەبێتە ماددەی سیازدە من لەگەڵیم, بەڵام ئەی باشە تاوانبارمان هەیە ئیعدام دەکرێت, هەیە سجنی هەتاهەتایی دەکرێت, هەشە سجنی موئەقەت دەکرێت (15) ساڵ بەرەو سەرەوەیە, یان بەرەو خوارەوەیە, دەبێت ئەو تاوانبارە بێتەوە ناو موجتەمەع, باشە ناکرێت فەقەرەیەك هەبێت بۆ ئیسلاح کردنی ئەو کەسە, یان چۆن ئامادەی بکەیتەوە بێتەوە ناو موجتەمەع, بۆ ئەوەی وەکو هاووڵاتیەکی ئیعتیادی بژیتەوە سەر لەنوێ, رەنگە ژمارەشیان زۆر بێت, ئەگەر بڕیارە هەتاهەتایە ئەو تاوانبار بێت, کە دەریش چوو ئەو هەر تاوانەکەی خۆی دەست پێ دەکاتەوە, ئیشی ئێمە لەو قانونە لە هەمان کاتیشدا رێگە گرتن لە دووبارە بوونەوەی تاوانبارەکە دەبێت ئیسلاحی ئەو کەسش بێت, بۆیە من تەئکید لەسەر ئیسلاحی تاوانەکە دەکەمەوە, بۆ ئەوەی لە داهاتوو بنبڕی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی کەوا زیندانی دەکرێن دەنێردرێنە ناو سجن, سجن ئێستا پێی دەوترێت چاکسازی, کە پێی دەوترێت چاکسازی لەوێ دەمێنێتەوە, ئەگەر ساڵێك و دە ساڵ و بیست ساڵ لەو بەینە خوێندنی هەیە, تەدریبی هەیە, مەواعیزی هەیە, تەقویم دەکرێتەوە, بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە ئەندامێکی بەکەڵك و بە سوود لەناو موجتەمەع, ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە, نەك هەر بۆ ئەوانەی کە ئیرهابین, بۆ هەموو کەسێکی ئەوانەی دەگیرێن, ئێستا دەچنە ناو ئیسلاحی, ناچنە ناو سجنی هەتاهەتایی نەبینرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت کە ئەو ماددەیەی دەخوێنینەوە, یەعنی بە سەریعی وا تێدەگەین, ئەو ماددەیە دژی بەکارهێنانی تەعزیبی جەسەدی و نەفسی و مەعامەلەی غەیر ئینسانییە, بەڵام کە بە وردی دەخوێنینەوە دەبینین هەم تەشجیعی دەکات و, هەم شەرعیەتیش دەداتە تەعزیب, بەتایبەتی لەو بڕگەیەی کە دەڵێت (لا يعتد بالاعتراف المنتزع منه بالاكراه او التهديد او التعذيب او الوعد او الوعيد مالم يعزز ذلك بأدلة قانونية اخرى), یەعنی ئەو (مالم يعزز ذلك), کەواتە ئەو ئیعتیرافەی بە تەعزیب وەردەگیرێت پێی وەردەگیرێت, من پێم وایە ئەو بڕگەیە دەبێت لابرێت ئەو (مالم يعزز ذلك

بأدلة قانونية اخرى), تەنانەت دەبێت ئیعتیماد لەسەر ئەو ئەدیلە قانونیەی تر بکەین, نەك ئەو ئیعتیرافەی بە تەعزیب وەردەگیرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تەسەوری کاك سەردارم هەیە دەربارەی ئەم ماددەیە, ئەم ماددەیە هەمووی لە دەستووری عێراق, دەستووری دائیمی لە بابی یەك و دوودا هاتووە حقوقی مەدەنی و سیاسی و حوریە, ئینجا نازانم کە ئێمە تەسبیتی بکەین لە قانون, یەعنی ئەوەش کە کاك سەردار وتی تەعزیب نابێ و ئەگەر لە ژێر تەعزیب ئیعتیراف کرد, ئەوە مەقبول نییە, ئیلا ئەگەر ئەدیلەیەکی تری نەبێ و, لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە و ئەوەی پشتی وا هەست دەکەم پێویست ناکات, چونکە هەمووی لە دەستووردا هەیە ئەو زەماناتانە, من لەگەڵ هەموو زەماناتێکم, لەگەڵ هەموو ئەو زەماناتانەم, هیوادارم وا تێ نەگەن, بەڵام لە دەستووردا هەمووی هەیە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بۆیە هاتووە, بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێی ئەو خەڵکە نەهێڵین, موحاوەڵەی ئەوەی بکەین کەوا ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ ئەو تاوانبارانە دەکەن, نەچن تەجاوز لەسەر حقووق و حوریەتیان بکەن, ئێستا ئەو ماددەیەی کە کاك سەردار خوێندیەوە مانای ئەوە نییە ئیعتیراف پێ دەکرێت, دەڵێت ئەو ئیقرارەی کە مونتەزەعە بە ئیجبار و بە تۆبزی تەعزیب ئەوە نییە, ئیلا دەبێت دوو ئەدیلەی تر هەبێت تەسبیتی بکات, نەك ئەوەی ئێستا, ئەوەیان هیچ, ئەوە شتێکی زۆر ئیعتیادییە مەنفییە و وەرناگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پڕە پڕی پشتیوانی لەو ماددەیە دەکەم, چونکە پرۆسەی پیادە کردنی ئاسایی و یاسایی پێکهێنانی عەدالەتی تیایە, جگە لە یەك شت پشتیوانی لە قسەکەی کاك خورشید شێرە دەکەم تەحدیدی مودەی زەمەنی نەکراوە, ئەمەش یەکێکە لە هەرە موشکیلەکانی دامودەزگای یاسایی لە کوردستان و لە عێراق و لە شەرق و لە هەمووی, لە دەستووری عێراقیدا دەستنیشان کراوە, دەبێت لە ماوەی (48) سەعاتدا تاوانبار بگاتە بەردەمی دادوەری لێکۆڵینەوە, ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت ماددەکە هەموو شتەکانی تیا دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی کاك جەمال و کاك خورشید, ئەوەیە ئەحکام عامەیە و لە قانونی ئوسولی موحاکەماتی جەزائی چارەسەری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له کۆتایی ماددەکە هاتووە, کە دەڵێت تاوانبار بۆی هەیە موسائەلەی موحەقیقین بکات بە سیفەتی شەخسی, دائیمەن لە قانون تابیع و مەتبوع هەیە, ئەو موحقیقەی تەحقیق دەکات تابیعە بە ئەجهیزەی دەوڵەت, تاوانبار چۆن دەتوانێت موسائەلەی ئەو موحقیقە بکاتن, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مولاحەزاتی خۆمان وتمان موسائەلە نییە موقازاتە, یەعنی ئەگەر هاتو موحەقیقێك تەعزیبی ئەو تاوانبارەی دا, دەتوانێت دوای ئەوەی کە دەرچوو شکایەتی لێ بکات و بیداتە محکەمەی بڵێ ئەوە شێوەی قانونی لەگەڵ من بەکار نەهێناوەو تەجاوزی لەسەر حقوقم کردووە, ئەویش ئەو کاتی سزای خۆی دەدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرمووو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی تاوانبار لێرە لە مەراحیلی تەحقیقە, ئیسپات نەبووە کە تاوانبارە, پێم باشە ئەگەر بگۆڕدرێت بۆ وشەی تۆمەتبار, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوانبار فەرقی هەیە لەگەڵ تاوانکار, تاوانکار موجریمە, تاوانبار موتەهەمە, یەعنی بە ملمان داهێناوەو شەرت نییە بەڕاستی تاوانکارییەکەی کرد بێت, چونکە دوایێ بۆی هەیە بەریێ دەربچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو ماددەیە گونجانە لەگەڵ ئەو ئیتیجاهەی ئێستا لە جیهاندا هەیە, ئەویش دەڵێت موحارەبە کردنی ئیرهاب نابێت بکرێتە پاساو بۆ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ شتێکی زۆر زۆر چاکە, لە هەمان کاتیش چارەسەر کردنی کێشەی ئیرهاب سوڵتەیەکە, زۆر لە برادەران باسیان کرد سوڵتەش ئیرهابی هەیە, بۆ نموونە رەش بگیری, شوێن بزر کردن, بۆ نموونە موزاهەرات کردن, قەمع کردن, ئەوە هەمووی ئیرهابی سوڵتەیە لێرە تا حەددێك چارەسەری کردووە بەرامبەر بە هەندێك کەسی تاوانبار, چونکە ئەو کەسە هەرچەندە تاوانبار بێت, تاوانکاریش بێت, بەلاّم مرۆڤە حەقی خۆیەتی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بۆ دابین بکرێت, من پێم وایە کەموکوڕییەك هەیە, ئێمە گوتمان ئەو یاسایە بە واقیعی کوردستان دادەنێین, واقیعی کوردستانیش هەموو تێیدا دەژین لە لوتکەی دیموکراسی و ئەوە دانین, ئێمە لە سەرەتا داین و هەم سەقافەتەکە, هەم دەزگا ئەمنییەکانمان, هەم ئێمە سەرەتایین لەو شتانە, بۆیە تا زەمانات دابنرێت باشترە, لێرە دەمەوێت چارەسەری یەك دیاردە لەناو ئەو ماددەیە بکرێت, ئەویش دیاردەی شوێن بزر کردنی خەڵکە لە کوردستان, کە بەداخەوە ئێستاش لەوانەیە دەیان مەلەف هەبێتن خەڵکی شوێن بزر, پێم وایە حکومەت هیچ پێویستی بەوە نییە خەڵك لە جادە ئیختیتاف بکاتن و بێ سەرو شوێنی بکات, حکومەت بێ منەت لە دەرگای دەدات و دەڵێت بەو ئەمرە تۆم گرتووەو لەسەر ئەو شتە تۆم گرتووەو ئەوە شوێن و رێتە, بە موستەڵەحێکی قانونی پێی دەوترێت (الاخفاء القسري), شوێن بزر کردنی یەعنی عائیلەی نەیبینێت, بنەماڵەکەی بە مانگ و بە ساڵ بە دوایان دادەگەڕێت ئاخیری لە سجنێك سەری خۆی دەردەکاتن نازانێ بۆچی, پاشان ژیانی تەدمیر دەبێت و سومعەشی لەناو میللەت دێتە خوار, بۆیە پێم باشە لە زیمنی ئەو مافانەی کە بۆ کابرای گیراو دادەنرێت, بنووسین شوێن بزریش نەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەكەم ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی دوایی, كە دەكاتە ماددەی چواردە لە ژێر ناونیشانی زەماناتی موتەهەمە, گرێنتیەكانی تۆمەتبار كۆبكرێتەوەو, پشتیوانی لەو بۆچوونەی كاك جەمال قاسم دەكەم, ئەگەر بكرێت كاتەكەش دیاری بكرێت, بە كاتژمێریش لە كاتژمێرەكانی ئەوەلی گرتنی تۆمەتبارە, موسائەلەی لەگەڵ بكرێت بە دانانی پارێزەری تایبەت بۆی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسێك وا خیلافی لەسەر ماددەكە نییە, هەندێك بۆچوون و زیاد و كەمی هەیە, بەعام ئەوەی كاك سەردار باسی كرد (مالم یعزز ذلك بأدلة قانونیة اخری), یەعنی وەجهەهەتێكی تێدایە, بەڵام مانەوەی باشە, لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت, مانەوەی لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت, زۆر حاڵەت دەبینین, ئێستا مەسەلەن هەتا دادگایی كردنی سەددامیش, هەموویان دەڵێن ئێمە بەزۆر ئیعتیرافاتمان لێ وەرگیراوە, رەنگە هیچ تەعزیبیش نەدرا بن لەبەردەم محكەمە و لەبەردەم مودەعی عام دەڵێن بەزۆری ئیعتیرافاتمان لێ وەرگیراوە, ئەگەر بێتو واش بێتن محكەمە ناتوانێتن تەحقیق لەوە بكاتن, ئایا تەعزیب دراوە, یان نا؟ تەنیا ئەوەندەیە تەحقیق لە قسەكان بۆی هەیە موتەهەم من بەزۆر لێم وەرگیراوەو ئیعتیرافم سەحب دەكەمەوە, ئەوە بە تەعزیب بووە, ئیشی محكەمە نییە تەحقیق بكاتن ئایا ئەوە تەعزیب دراوە, یان نا, ئیشی ئەوەیە ئەو ئەدیلە بە تەعزیب وەرگیراوە, ئەگەر تەنیا دەلیل بێت وەرنەگرێت, ئەگەر دەلیلی تر هەبێت, ئەوە رەچاوی ئەوە ناكاتن, سەددام حوسێن دەیان ئیمزای خۆی هەیە, بڵێتن ئیعتیرافاتەكەم بە تەعزیب وەرگیراوە, چ قیمەتێكی نییە, بەڵێ ئیعتیراڤی تۆ وایە, بەڵام ئەی ئەو ئیمزایانەی تۆ, بە ئیمزای تۆ ئەوەندە كەسە ئیعدام كراوە, خۆ ناتوانێت بڵێ ئەوە وا نییە, بۆیە (مالم یعزز ذلك بأدلة قانونیة اخری) لێرەدا زۆر زەرووریيە.

ئەوەی كاك زانا باسی كرد و ئیشارەتی پێدا لە سیاقی ئێرەدا نییە بەڕاستی بیوورەو, من لە كوردستان و لە عێراقیشدا, لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هێشتا كۆمەڵگای یاسایی بە تەواوەتی نیمانە, ئێستا ناتوانین بڵێین مافی مرۆڤ (100٪) گەیشتۆتە ئەنجامەكانی خۆی, لێرەو لەوێ لەبەر رۆشنایی ئەو وەزعە ناتەبیعییە پێشێل كردنی یاسا هەیە, ئێمە بە حەقیقەت پەرلەمان چەند مانگێكە دەست بەكار بووین, یەكێك لە ئەركەكانمان ئەوەیە بەدوای ئەوە دابچینەوە كۆمەڵگا لە كوێ یاسا پێشێل دەكاتن, لە هەموو وەزارەتەكان ئەو لیژنانەی دروستمان كردووە بۆچییە؟ لەگەڵ ئیعلان كردنی یەكگرتنەوەی حكومەتی كوردستان, لیژنەكان دەبێت كاریگەر بن, ئەگەر لە شوێنێك بێت لیژنەی ناوخۆ دەبێت ماندوو بێت زیاتر دەبێت سەردانی زیندانیەكان بكات, بچێت بزانێت وەزعی مافی مرۆڤ چۆنە, لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ, هەروەها لیژنەكان لێرەدا تەقریرەكە پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات, ئێمەش ئەگەر پێویست بكات دەیخەینە بەرنامەی كار و جیهەی موختەسیش بانگ دەكەین, بەڵام ئێمە ئەوانەمان نەكردووەو دەیان جاریش باسمان كردووە لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی كە هەمان بووە تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە نەكەین, بۆ ئەوەی بە زووترین كات ببنە یەك ئیدارە, كە بووە یەك ئیدارە واجیبی پەرلەمانە, لەبەر ئەوە لەو مەوزوعە كە ئیشارەتی پێ كرد نایگرێتەوە, جێگای ناگرێتەوە, ئیعتیراف دەلیلێكی قانونییە, بەڵام كە موتەهەم نەقزی دەكات دەڵێت بەزۆر وەرگیراوە, ئەو دەلیلە قانونییە حیسابی بۆ ناكرێت, لێرەدا زەرووریيە, هەتا نەقزی ئیعتیرافەكەی خۆی نەكات, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەعقیبێكی یاساییم هەیە لەسەر وتەی جەنابت بەوەی كەوا تۆمەتبار, یان تاوانبار ئەگەر ئیدیعای كرد لە پێش حاكم گوتی من تەعزیب دراوم, یان ئینتیزاعی ئیعتیرافەكەم كرا بەزۆر, محكەمە بۆی هەیە لێی بكۆڵێتەوەو تەحقیق لەوە بكات و بیداتە لیژنە, بۆ ئەوەی بزانێت ئایا تەعزیب دراوە, یان نا؟ بۆ ئەوەی ساغ بێتەوە ئینتیزاعی ئیعتیرافەكە بە زۆر بووە, یان بە ئیرادەی خۆی ئەو ئیعتیرافەی كردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەكە دەخوێننیەوەو دەیخەمە دەنگدان, تكایە بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدە:

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە, مافی خۆیەتی رەفتارێكی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بكرێت لە گشت قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەدا, بەدابینكردنی پارێزەریشەوە بۆ داكۆكی لێكردنی و, نابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی, یان رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بكرێت و, پشت نابەسترێت بە دانپێدانانی بە زۆر لێوەرگیراو, بەهەڕەشە, بە ئازاردان, یان بە بەڵێن و گەفو گوڕ, ئەگەر بە بەڵگەكە پشت راست نەكرا بە بەڵگەی دیكەو, ئەگەر زیانێكی بەرجەستەیی قەبەی لێكەوتبوو لە ئەنجامی بەكارهێنانی یەكێك لەو شێوازانەی باسیان لێوە كرا, تاوانبار بۆی هەیە سكاڵا دژی لێكۆڵەرانی تۆمار بكات وەك كەسانی ئاسایی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ( الثالثة عشرة ):

يجب معاملة المتهم بموجب احكام هذا القانون معاملة قانونية عادلة خلال جميع مراحل التحقيق بما في ذلك تأمين محام للدفاع عنه ولا يجوز استعمال وسائل التعذيب الجسدي أو النفسي أو المعاملة غير الانسانية بحقه كما لا يعتد بالاعتراف المنتزع منه بالاكراه أو التهديد أو التعذيب أو الوعد أو الوعيد مالم يعزز ذلك بأدلة قانونية أخرى، وللمتهم حق مسائلة القائمين بالتحقيق معه بصفتهم الشخصية في حالة إصابته بضرر مادي بليغ جراء استعمال احدى الوسائل المذكورة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەی چواردەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم:

ئەگەر ئەو كەسەی بە تاوانی تیرۆركاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو, بۆی هەیە داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەیی و ناجەستەییانە بكاتەوە, كە لێیكەوتووە لە ئەنجامی پێشێل كردنی ئەو مافە مرۆییانەی لە دەستوور و یاساكاندا هاتوون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی چواردەم ئەندامانی لیژنە ناكۆك بوون لەسەر هێشتنەوەی یان نەهێشتنی, بەڵام لایەنی پشتگیر لە نەهێشتنی, سەرۆكی لیژنە پشتگیری لێدەكات, واتە كاك شێروان.

**بەڕێز عبد الكریم ابو بكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ( الثالثة عشرة ):

للمتهم بالجريمة الأرهابية الذي تثبت برائته عن التهمة المسندة اليه حق المطالبة بالتعويض عما لحقه من ضرر مادي ومعنوي بسبب انتهاك حقوقه الانسانية المنصوص عليها في الدستور والقوانين.

اما بالنسبة للمادة( الثالثة عشرة) فهناك خلاف بشأنها حول الابقاء عليها او إلغائها والرأي الذي صوت له رئيس اللجنة تؤيد الغاءها.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت وەکو ماددەکە هیچ تێبینیم لەسەر ماددەکە نییە, ماددەکەش شتێکی زۆر زۆر باشە, خۆم وەکو پارێزەر, یان ئەوانەی کە لە لیژنەی یاساییین, دەزانن معاناتی ئەوانەی کە لە یاسایەك کاریان کردووە, هەروەها ئەوانەی کە گیرانە بە بێ تومەت لە دادگایەکان, فەترەیەکی زۆر لە سجن دەبن, منداڵ و خێزانیان بەبێ مەعیل دەمێنێتەوە, ئینجا بەردەبێ, حکومەت هیچیان ناداتێ, بۆیە زۆر زەروورییە ئەم تێبینیەم تەنها لەسەر ڕەئی لیژنەی یاسایە و, پێشم سەیرە کە لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی کردیە کە ئەو ماددەیە لا بچێت, کەچی لە گفتوگۆیەکانی خۆمان ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ تەعمیم بکرێ, یەعنی جەریمە ئیرهابییانە نەمێنێ, بەڵکو لە جەرائیمی دیکەش ئیستیفادەی لێبکەن, سوپاس.

**بەڕێز عبد الكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە داوای حقوقی خۆی بکات, لە جەرائیمی عادی ئەوە دانەنراوە لە هیچ دەوڵەتەکانی دەوروبەرو, هەتا لە عێراق لە سیستەمی قەزائی, نە لە عێراق نە لە کوردستان, نە لە دەوڵەتانی دەرووبەر نییە, تا ئێستا بەنیسبەت قانونی ئیرهاب لە دەوڵەتەکانی غەربی و, ئەمەریکا و, ئەوروپاش ئەو جۆرە شتە نەماوە, بەنیسبەت ئیرهاب ناتوانێ حەقی تەعویز وەربگرێ و, داوا بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن لەوەی کە مامۆستا کاکە وتی, تەبعەن ناوی من هات, بۆیە تەوزیحەکەی هەندێك بە تەفصیل دەدەم, هەروەکو بەڕێزتان دەزانن, ئێمە لە لیژنەی یاسا بە صەوت ئیش دەکەین, لەو ماددەیە لەو بڕگەیە, موتەساوی بوو صەوتەکان, کە موتەساوی بوو صەوتەکان, ڕەئیس لەکام لا بێت, ئەو صەوتە جانبی تەرجیح وەردەگری, وەنەبێ فەرزی ڕەئی تێدا بێ, بالعکس ئێمە دائیمەن لە لیژنەی یاسایی ئاڵوگۆڕی ڕەئی دەکەین, کەی ڕەئییەك گەلاڵە بوو, ئەو کاتە ئەگەر موتەفیق بووین, ئەگەر موتەفیق نەبووین, ئیعتیادی کام ڕەئی ئەکسەریەتی هێنا, بەم شێوەیە تەعامول دەکرێ, ئەمە یەك, دوو, من کە لەگەڵ نەبوویمە, لەبەر دوو سێ نوقتەی قانونی لەگەڵ نەبوویمە, یەکەمیان ئەوەیە ئەو مەبدەئە لە دەستووری عێراقی نییە, واتە قەوانینی ئێمە دەبێت قەوانینی دەستوور بێ, چ موعارەزە لەگەڵ دەستووری عێراقی بکات, چ موعارەزە لەگەڵ دەستووری هەرێمیش بکات, ئەوە یەك, دوو, لە پرۆژەی دەستووری هەرێمیش ئەو نەصە تا ئێستا نەهاتۆتە خوارەوە, سێ, لە جەرائیمی عادی ئەو مەبدەئە نییە, باشە من بۆ جەرائیمی عادی و جەرائیمی ئیرهابی فەرقی پێ بکەم, بۆ ئەم ئیمتیازە بدەم بەموتەهەمی جەریمەی ئیرهابی, لە جەریمەی عادی ئەو ئیمتیازەی نەدەینێ, واتە کەی ئێمە هاتین پرۆژەیەکمان تەقدیم کرد هی قانون, یان تەعدیلێکمان تەقدیم کرد, با جیاوازی نەکەین لە بەینی موجریمی عادی و, موجریمی ئیعتیادی, هەردووکیان بە عەینی شکل تەعامولی لەگەڵ بکەین, مەبەستم موتەهەمە, یەعنی مەبەستم موتەهەم بەریئیشە لە جەریمەی عادی بیززەبت, بۆ لە جەریمەی ئەو مەعامەلەی لەگەڵ نەکەین, بۆ بەریئ لە جەریمەی عادی مەعامەلەی لەگەڵ بکەین, مەبەستم ئەو نوقتەیە بەڕاستی, بۆیە ئەو دوو سێ نوقتەی وای لە من کرد, ئیستینادەن لەسەر مەبدئی دەستوریەتی قەوانین, کە پێویستە قەوانینەکانی ئێمە لەگەڵ دەستوورەکانی ئێمە لانصی خۆی هەبێت, تەعاروزی لەگەڵ نەبێت, بەڵکو تەوافقی لەگەڵ هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند من لە دواوە پێشنیارم هەیە, بۆ ئەوە, بەڵام ئێستا ئەوە دەڵێم سەرتا پا دژە بە بنەماکانی مافی مرۆڤ, یەعنی ئینسانێك تۆ دە ساڵ یان دووسێ ساڵ دەیگریت, دوایی دەڵێی تۆ هیچت لەسەر نییە, ئەم تەدمیرە تۆ دەڵێی یاسای عێراقی, ئەوەی کە دایناوە هەڵەی کردووە یاسای عێراقی, لە ژێر دەستی کۆمەڵێك حکوماتی دیکتاتۆری مرۆڤ نادۆستە دایاناوە, ئێمە نابێت پشت ببەستین بە کۆمەڵێك شت, کە لەگەڵ ئەو واقیعی ئینسانە ناگونجێ, یەعنی کابرا چوار ساڵ پێنج ساڵ دەگیرێ, دوایی نەفوەتی ئیشی دەمێنێ, ماڵ و منداڵی پەرتەوازە بووە, ژنی...,  یەعنی کۆمەڵێ شت هەیە, دەبێت ئینسانانە بیری لێ بکەینەوە, من تەبعەن پێشنیارم هەیە, ئەگەر دوایی جەنابت ئیزنت دام دەیخوێنمەوە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت نەمانەوەی ئەو ماددەیە, بەرەئی من زوڵمێکی گەورەیە لەو کەسانە دەکرێت, کە دەگیرێن و ماوەیەکی زۆر وەکو برادەران باسیان کرد و, بەبێ تاوان دەردەچێت, ئێمە چەند رۆژێکە دانیشتینە  دیفاع لە مافی مرۆڤ دەکەین, ئەو ئینسانەی کە  دەگیرێ مرۆڤە, بە تۆمەتێك دەگیرێ, وەکو مامۆستا محمدیش باسی کرد, ساڵێکە دوو ساڵە, شەش مانگە دەگیرێ, پاشان دەدرێتە مەحکەمە یان وەکو پێشتر باسم کرد, چۆن گیراوە پرسیان لێ نەکردووە, ئاواش بەردەدرێ و پرسی لێ ناکەن, ئەو ئینسانە ئەگەر بەو تومەتانەی کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین, بە عەمەلی ئیرهابی بگیرێ و, بە تۆمەتی ئیرهابی بگیرێ, ئەو ئیهانەی کەرامەتی لێدەکرێ و, ئیهانەی کەرامەتی عائیلەکەشی دەکرێ, سووك دەبێ, لە کۆڵانەکەی لە شارەکەی, لەناو خزم و کەسی, هەتا خزم و کەسی سووك دەبن, مەکروه دەبن لەناو خەڵك, باشە ئەو ئینسانە کە بە بەریئ دەرچووو, حەقی رەددی ئیعتیباری نییە, ماددی و مەعنەوی وەربگرێتەوە, تاوانی چییە؟ نابێ دیفاع لە حقوقی ئەو ئینسانە بکرێ, ئەگەر موتەهەمە با سزای خۆی بدرێ, بەڵام لە دنیا بڕوا ناکەم شتی وا بێ, کە ئینسانەك غەدری لێ بکرێ و, حەقی نەبێ دیفاع لە مافی خۆی بکات, لەبەر ئەوە لابردنی ئەو ماددەی بەخۆی بە تاوانێکی دەزانم, ئەمە جانبێك, جانبی دووەم, سوئالێکم هەیە, لە ناحیەی قانونی, من لە ناحیەی قانونی نازانم, ئەگەر ئەو ماددەیە مایەوە, قەرەبۆکردنەوەکە بکرێتن, یان دیفاع لێ بکرێتن, ئەو کەسە کە بێ تاوان دەرچووو, بەربوو, بەدەیان کەس, زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستا گیراون بەو تومەتانە, بەتایبەتی مەسەلەی ئیرهاب و ناحیەی ئەمنیەکە, لەلایەن دادگای حکومەتی و, دادگای رەسمی و مەحکەمە نەگیراون, ئایا ئەو کەسەی کە بەردەبێت ئەگەر ئەو ماددەیە مایەوە, بچێت لەکوێ داوای حەقی خۆی بکات؟ ئایا مەحکەمە, یان دادگا, یان یەکێك لە محەکەمەکان حەقی هەیە, بچێ دیفاع لە مافی ئەو ئینسانە بکات کە لەلایەن ئەو جیهازەی کە ئەو کابرایەی گرتووە و بەریشی داوە و هیچ تاوانی لەسەر نەبووە, چونکە ئەگەر لە لایەن مەحاکم تەبریئە بکرێت, دەتوانێ بچێت لە هەمان مەحکەمە داوای حقوقی خۆی بکات, بەڵام ئەگەر بە دەیان کەس کە گیراوە, لەلایەن مەحکەمە نەگیراوە, دەگیرێ بە تۆمەتێك لێشی ناپرسێ, ساڵێکە شەش مانگە, دووساڵە, دوایی بەردەدرێ, ئایا مەصیری ئەو ئینسانە حقوقی ئەو ئینسانە, مافی مرۆڤی ئەو ئینسانە لە کێ داوا دەکرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

لەڕاستی من پێشتریش ئیشارەم بەوە کردیە, ئێمە لەجەوێکی دیموکراتی دەژین, دەبێت ئەو پەڕی هەوڵ بدەین, عەدالەت بەکار بهێنین, من تەئیدی بۆچوونی هەندێ خوشك و برا دەکەم, کە ئینسانێك بەریئ بێ, بگیردرێ بە توهمەی ئیرهاب و, دەربچێ و بڵێ برۆ بۆ خۆت دانیشە, یەعنی بەڕاستی ئەو گوناحە, یەعنی ئەوە نابێت, بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم کە بمێنێ, ئێمە دام و دەزگای موختەلیفمان هەیە, هی حکومەتمان هەیە, پەرلەمانمان هەیە, مەحکەمەمان هەیە, ئەو شتانە بزر نابێ, ئێم دەبێت پاك بین لەسەر ئەوەی لەم سەر زەمینە عەدالەت رابگرین, تاکو عەدالەتیش ئێمە بپارێزێ, بۆیە لەگەڵ ئەوەین ئێمە ئەوە بمێنێ, پشتیوانی لێ بکەین, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی 14 و 13 من وا دەزانم کە زۆر بە تەواوی ئیزدیواجەتێکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاتم ماددەی 13 تەواو بووە, تکایە لەسەر ماددەی 14 قسە بکە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ماددەی 13 دەبێتە یەك ماددە, ئەگەر ببێتە یەك ماددە, رەنگە باشتر بێت, ئەویش لەدوای ئەوەی کەدەڵێت ئەگەر بەڵگە پشت راست نەکرا بە بەڵگەی دیکە, ئەگەر زیانی بەرجەستەی قەبەی لێکەوتبوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی یاسا کە باسیان لێوە کرا, تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەر تۆمار بکات, وەك کەسانی ئاسایی و داوای قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە, تەنها ئەوە هەیە, ئیتر ئەوانی تریش هەروەکو ماددەی چواردە, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من بەڕێز مام خورشید باسی کرد, منیش تەئیدی رەئیەکەی بەڕێز مام خورشید و, بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکەم, لە هەمان کاتدا دەمانەوێت ئیشارەت بەوەی بدەین, لە زۆربەی وڵاتە دیموکرات خوازەکان مەبدەئی قەرەبوو کردنەوە, واتا(compensation) هەیە, بۆ ئەو کەسانەی کە بەبێ تاوانی دەگیرێن, یاخود لە نەتیجەی لێکۆڵینەوە بێ تاوان دەردەچن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی دووبارەی قسەکان بکەمەوە, منیش موداخەلەیەك دەکەم بە بێ ئەوەی ئیعتیراز لەسەر ئەو رەئییانەی کە درا, لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ, بەڵام دوو نوقتە هەیە دیسان مەجبورم تەئکیدیان بکەمەوە, ئەوە قانونی دژە تیرۆرە, یەعنی موعالەجەی حالەتی تیرۆر, کە حاڵەتێکی تەواریئە, موعالەجەی حاڵەتێك نییە لە موجتەمەعێکی سویسرا و ئەمەریکا نین, تاوانبارێك بگیرێت, ئەو رۆژە لە ئەمەریکا حوکمی یەکێکیان داوە موئەبەد, پاشی بیست ساڵ دەرچوو کە بەریئە, هێشتا مەحکەمە و صەحافە خەریکن چۆن تەعویزی بکەن؟ بەڵام ئێمە لێرە حاڵەتی ئیرهاب کە حاڵەتی تەواریئە, ئەو قانونە دابنێین بۆ لەناوبردنی ئەو ئیرهابە, ئایا ئەو نەصە ئەگەر بمێنێ, کە سەد لەسەد لە ناحیەی مافی مرۆڤەوە باشە, ئەمە کێ ئەو تەعویزە دەدات, برادەرێك ئەو پرسیارەی کرد, زۆر گرنگە, ئایا ئەوە وا ناکاتن ئەو کەسانەی کە ئەو قانونە جێبەجێ بکەن, بترسێن, بترسێن یەکێك بگرن, مام ناوەندی مەعلوماتی لەسەر هەیە, سبەی دەرچێت بەریئە و دوایی بچێت یاقەیان بگرێت, هەر کەسێك بچێت دەعوا تەسجیل بکات, بڵێت من گیرام و بەریئ دەرچووم, بێنن تەعویزم بدەنێ, کێ ئەو حکومەتە و کام دەسەڵاتە, ئاساییشە,پۆلیسە, حاکمە, مودەعی عامەیە, کێ ئەو تەعویزە دەداتن؟ کێ مەسئولە لەو تەعویزە؟ کێ پارەکە دەداتن؟ دووەم, ئەو قانونە لە رۆژی دەرچوونیەوە, جێبەجێ دەکرێت, کەواتە ئەو حاڵەتانەی کە ئێستا هەیە, نایانگرێتەوە, لەبەر ئەوە وازیح بێتن, وەکو چۆن جەریمەکە نایانگرێتەوە, بەو قانونە موحاکەمە ناکرێن, ئەوەی لە سجنە, گیراوە پێش ساڵێك یان شەش مانگ, بەو شێوەیەش ئەوان ناگرێتەوە, بەو قانونە بێن موتاڵەبەی تەعویزی خۆیان بکەن, ئەوە یەك, دوو, ئەوە وا لێدەکات ئەوەی بەدوای ئەو کارە دەڕواتن, بەڕاستی بترسێت, بترسێ بڵێ ئەگەر من ئەم کارە بکەم, سبەی موتەهەم بەریئ دەربچێت, مەجبور بێت حکومەت لەبەر غەڵەتی من تەعویز بداتن, یەك و دوو و دە, پانزە و بیست نییە, من لەلایەکەوە بەڕاستی دوودڵم لەو مەوزوعەدا, لەلایەکەوە سەد لەسەد لەرووی مافی مرۆڤەوە راستە قسەکانتان, بەڵام لەلایەکەی ترەوە حکومەت زەعیف دەکات, ئەو کۆمەڵگایەی کە هەمان هێشتا ئەو کۆمەڵگا یاسایە نییە, هێشتا کۆمەڵگای مەدەنیمان نییە, هێشتا ئەو رۆشنبیریەش نییە, بتوانێ لەناو خەڵکدا ئەوە جیا بکاتەوە, ئەو مەعلوماتە دەقیقەشمان نییە, مەسەلەن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا, هەتا یەکێك دەگرن, ئەگەر ئەدلەیەکی دەقیقی نەبێت, نایگرن, بەدواداچوون و, موتابەعە کردن و,

تەصویر گرتن, ئەوانە هەمووی حازر دەکەن, تا دەیگرن, بۆ ئەوەی هیچ مەهانەیەکی نەمێنێت, هیچ خەلەلێك نەمێنێت, سبەی بەریێ دەربچێت, لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس هەیە, پاشی سێ مانگ یان چوار مانگ, ساڵێك لە مەحکەمەدایە, مەحکەمە بەرائەتی دەکاتن, من نەمبیستییە تەعویز داوا بکاتن, ئیللا ئەگەر حوکم بدرێتن, دواتر حوکمەکە هەڵە دەربچێتن, سەهو دەربچێتن, عەفوو بکرێت, داوای تەعویز بکاتن, ئینجا بە حەقیقەت ئەو ماددەیە, ماددەیەکی زۆر حەساس و گرنگە, بەم شێوەیە تەنیا مەسەلەکە مافی مرۆڤ و, ئینسانییەکە ناگرێ, بێ جانبی قانونی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی قانونی لەوانە بووین, کە داکۆکیمان لە هێشتنەوەی ئەو ماددەیە دەکرد, لە پڕۆژەکەدا, بەڕاستی لەبەر چوار خاڵ بوو, یەکەمیان لەبەر ئەوە بوو کە ئەو ماددەیە کۆکە لەگەڵ مەبادئی عەدالە, یەك, دوو, ڕێگا لە دەسەڵاتداران دەگرێت بۆ ئەوەی بە غەڵەت خەڵك دەستگیر نەکرێت, سێ, لەگەڵ پرەنیسیپەکانی مافی مرۆڤدا کۆکە, چوار, بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران پەلە بکەن لەکۆتایی هێنان و دادگایی کردن, ئەو چوار پاساوە, ئەو چوار خاڵە وای لێکردین, ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بین, ئەوە بمێنێتەوە, دووەم, مەسەلەی ئەو پاساو نییە کە لە ئەحکامی عاممەدا نییە, چونکە ئەو خەڵکەی لێرەدا قەرەبوو دەکرێتەوە ئیرهابی نییە, ئەوەی قەرەبوو دەکرێتەوە, کەسێکە گیراوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ, دوایی بەریێ دەرچووە و بێ تاوانە, من پێم وایە ئەوە لەگەڵ مەبادئی عەدالەدا کۆکە, ئێمە وەکو یاسا دانەر, وەکو موشەڕع, دەبێ داکۆکی لەو مەبدەئە بکەین و, بۆ ئەوەی لەهەموو یاساکانی ئێمەدا, مەبادیئەکانی مافی مرۆڤ ڕەنگ بداتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت بە ناوی لیژنەی قانونی قسە دەکەی, گوتتان نیوە بە نیوە, ئەوە حوجەی تۆ ئەم نیوە بوو, ئەی نیوەکەی تر حوجەتیان چی بوو؟ ئەوە نیوەکەی تریش حوجەتیان ئەوە بوو کە کاك شێروان قسەی لەسەر کرد, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لەو هەڤالانە دەکەم, کە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە, بەلاّم باسی دەستووری عێراقی کرا, ئێمە لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراقی بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی کوردستان, یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەردەکەین, کەواتە زۆر ئاساییە لەوێدا نەبێت و, لێرەدا هەبێت, خۆ یاسای دژە تیرۆر لەوێش هەبوو, ئێمە لێرە یاسای خۆمان دەرکرد, ئەوە یەك....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوو, ئەو مەبدەئە لەوێ نییە, کاك ئارێز, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆمان هەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان, یاسا و بڕیاری تایبەت بە کوردستان و, بە تایبەتی لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کوردستان دەربکەین, ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو گرتیە, مەبەستم ئەوەیە تەعاروزناکات, لەوێ نەبێ, دەبێت لێرەش نەبێت, ئەوە یەك, دوو, یەعنی 100٪ پشتیوانی دەکەین, ئێمە یەعنی ئێمە زۆر دیومانە لە واقیعی خۆمان, باسی واقیع دەکەین, لەناو واقیعی خۆمان دیومانە, کە خەڵکی بێ تاوان دەگیرێ و, بە عەفوویەك(سۆری) یان ببورە, یان نەمانزانی, یەعنی لێ دەردەچیتن, لەبەر ئەوە بەڕاستی بەرای خۆم کارێکی زۆر ناباش دەبێت, ئەو سیاسەتە درێژە پێبدەین و, جەنابت باس دەکەی, دەڵێی خەڵك دەترسێ, خۆ ئێمە خەڵکەکە ڕووبەڕوو ناکەینەوە, حکومەت ڕووبەڕووی ئەو لێپرسینەوە دەکەین, ئێمەش دەمانەوێت چۆن هاوڵاتی بەرپرسیارە بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی یاسا, حکومەتیش بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە قەزا بەرامبەر بە جێبەجێکردنی یاسا, یەعنی بەهەمان شێوە, چۆن ئێمە دەترسین

ڕەدعێك هەیە, حکومەتیش پێویستە بترسێ, یەعنی کارمەندان و دامودەزگاکانی حکومەتیش پێویستە بترسێن لەوەی کە هەموو شتێك بۆیان نەچێتە سەرێ, هەموو شتێك بە ئارەزووی خۆیان بکەن, بەڵام لێرەدا شتێك هەیە, کە باسی زیانی جەستەیی و ناجەستەیی, کە باسی جەستەیی دەکەی, وا هەست دەکەی کە تەعزیب هەیە, ئێمە لە ماددەی پێشوو تردا وتمان تەعزیب نییە, لەبەر ئەوە من پێم باشە تەنها زیان بەسە, کە وشەی جەستەیی بەکار هێنا, جۆرە داهێنانێکە کە تەعزیب هەیە, لە زیندانەکاندا, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە دەستووری عێراقی ماددەی 37:

یەکەم/ج/ تێیدایە نەصەکە بیزەبت,(يحرم جميع انواع التعذيب النفسي و الجسدي والمعاملة غير الانسانية ولا عبرة بأي اعتراف انتزع بالاكراه او التهديد او التعذيب, وللمتضرر المطالبة بالتعويض عن الضرر المادي والمعنوي الذي اصابه وفقاً للقانون), سوپاس.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیا من ئەڤی حەقی شکلەکی موتەڵەق نەدەینە ئەوی سجنی دەرکەڤت بەریێ بێ یەعنی افراج بت, هەگە شکلەکی موتڵەق بدەینێ, هەرگە تو مولاحەزەی بکەی, چی مەرکەزی شوڕتەی بی؟ چی مەحکەمە تو بکەی, چی ئیحتیمالە لە 70٪ یان 80٪, ژ گرتیە ئان بەرائەت دەرچن, ئان ئیفراج دەرچن, جا شولی مەحکەمە بەس ویتە بی تەعویزە ڤان وی خەڵکی بیتن, هەگەر هەر بدەینە وی, ژ حەقی بدەینە وی بشەرت بدەینێ, ئەگەر ئیسباتی کرد, (بسوو النییە) اعتیادیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشەوە بە تەعلیقێك دەست پێدەکەم, ئێوە بە دەبێ مۆراڵەوە بەڕاستی سەیری ئەو مەوزوعانە دەکەن, بۆچی؟ لەلایەکەوە ماڵ و منداڵی ئەخنێکنین, ماڵیان لێ ئەسەنین, هەموو شتێکیان لێدەکەین, لەلایەکەی ترەوە تەعویزیان ئەدەین, ئەوە بەڕاستی دەبێ مۆڕاڵی پێدەوترێت, نەخێر, مەبەستم لە قانونەکەیە, من لەگەڵ ئەوەم کە تەوعویزیان بدرێتێ, بەڵام ئەوەی ئیعتیرازێکە لەسەر ئەوەی ئەموالی (المنقوله و غير المنقوله)کە, تەسجیلیشی دەکەم, ئەوە لەبەر ئەوەیە هەستام, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی سۆزان خان, هیچ ڕەبتی نەبوو, ئەو دوو قسەیەی تۆ, بەڕاستی, عەفووم بکە, ئەوەی تر جەریمەی ئیرهابییە, حوکم بڕیاری دا کە ئیرهابییە, ئەوەی تر بەریئە, دوو حاڵەتی موتانەقیزن, یەکێکیان بەرائەت وەردەگرێ, یەکێکیان حوکم دەدەرێ بەو توهمەیەی بە پێی ئەو قانونە دراوە, دوو شتی جیاوازن عەفووم دەکەی, کوێستان خان, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداوای لێبووردنەوە پێش ئەوەی قسەکەم بکەم, مولاحەزەیەکم هەیە, لەگەڵ ئەوەی کە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە لیژنەی قانونی, بڕیاریان داوە کە هیچ شتێك نەگۆڕن, بەڵام لەگەڵ ئەوەین کە ئەمە بمێنێتەوە خاڵی سیانزە بمێنێتەوە, تەئیدی ئەمە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆێستان خان, ڕەخنەکەت لە جێی خۆی نەبوو, چونکە لیژنەی قانونی بووینە دووبەش, نیوەیان دەڵێن بمنێتەوە و, نیوەیان دەڵێن نەمێنێتەوە, سەرۆکی لیژنەکە, لەگەڵ ئەو لایەنەیە کە دەڵێت نەمێنێتەوە, لەبەر ئەوە دەنگەکە زیاد بووە موختەلیفن, فەرموو.

**بەڕێز تافگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان ئیشارەتتان كرد لێرە دژە تیرۆر گفتوگۆی لەسەر دەكەین, موناقەشاتی دەكەین, بەلاّم بەو ماددەیە ئێمە تیرۆری كەسێك دەكەین, كە بەڕاستی ئەو كەسە بێ تاوانە, یەعنی هەر بەو ماددەیە تیرۆری كەسایەتیەك دەكەین و, زۆرێكیان ئیشارەتیان پێ كرد, كە لە قانونی عاممەدا نەهاتووە, ڕاستە لە قانونی عاممەدا ئەگەر نەشهاتبێ, بەلاّم ئەو قانونی عاممە زۆرێك لەو قانونانەی تیا نییە, كە بە موخیلە بشرف, ئیشارەت پێ بكرێ, یەعنی زۆر گەورەیە لێرە یەعنی كەسێك بگریت, ماوەیەكی زۆر لە سجندا بێت, كە هاتە دەرەوە بە تاوانێكی ئابڕووبەرانە بێت, دواییش هیچ تەعویزاتێكی نەدرێتێ, ئەگەر گرفتیش ئەوەیە تەعویزات چۆن وەربگرێت و؟ كێ بەرپرس بێت لەوە كە تەعویزاتی بدرێتێ, هەر بەم قانونە بڕگەیەكی بۆ زیاد بكرێ, هەر ئەم ماددەیە بكرێتە (ا , ب), دوای ئەوەی كە ئەو كەسە بەریئ دەرچوو, یان بێ تاوان دەرچوو, جیهەیەك یەعنی هەر مەحكەمە دیاری بكات, ئەو جیهەیە كێ تەخویل بكرێ, بۆ وەرگرتنی تەعویزاتەكە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ مانەوەی ئەم ماددەیەم, بەلاّم پێم باشە بەم شێوەی لێ بێت, ( ئەگەر ئەو كەسەی بە تاوانی تیرۆركاری تاوانباره, بێ تاوان دەرچوو, بۆی هەیە, داوای ڕەدی ئیعتیباری ماددی و مەعنەوی بكات, بە پێی ئەو مافە مرۆییانەی كە لە دەستووری یاساكاندا هاتوون, ڕووی ماددەكە دیارە فەرەبووە دەكرێتەوە, ڕووی مەعنەویش ڕەدی ئیعتیبارە لەرووی كۆمەلاّیەتی و سیاسی و ڕوویەكانی ترەوە, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شیعاری دادگا تەرازووە, تەرازووش واتە(واقیمو الوزن بالقسط ولا تخسروا المیزان), مادام تاوانبارە و حوكمی دەدەی, ئەزیەتی دەدەیت و دەیگریت, واتە كە بەریئ دەبێ, دەبێت حقوقی بدەی, ئەوەش مافێكی شەرعی خۆیەتی, پاشان ئەگەر لە دەستوورەك شتەك نەهاتیە, هەڵەیەك كرایە, خۆ ئەمە نابێتە ماڵ لەسەر ئێمە و, دەبێت ئێمەش بەپێی ئەو دەستوورە بڕۆین و غەدر لە هاولاّتی خۆمان بكەین , زۆر سوپاس.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئكید لەسەر مانەوەی ئەو ماددەیە دەكەین و, حەزیش دەكەین و, حەز دەكەم جەختیش لەسەر ئەوە بكەینەوە كە ئەوە ڕاستە, قانونی تیرۆر بۆ عقوبەی ئەو كەسانەیە كە تاوانبارن, بەلاّم با ئەو ئافاقەی بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و تاك, بەڕاستی زیاد ڕەنگ دەداتەوە, چونكە تا ئێستا و لە ڕابردوومانداا, تاك زۆر زەرەرمەند بووە, ئێمە ئەگەر هەر بەم چاوەوە حەل دابنێین, ئیش بكەین, وابزانم هەمیشە بە حاڵەتێكی ڕوعب ئەم ئیشانە وەردەگیرێن, چۆن تاك بە حەقی خۆی بگات, ئەگەر بە سەهووە بە هەر شێوازێكە كەوتۆتە ناو ئەو هەڵەیە, با ئەو دەزگا بەرپرسەش, ئەو كەسە مەعنیەش هەستاوە بەم كارە, بەڕاستی خەوفێكی تێدا بێت, گیانێكی بەرپرسیاریەتی زیاتر تێدا بێت, لەو كاتە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانم دووبارەیە و, پشتگیری لە مانەوەی دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە خەریكە لە قانونی ئیرهاب دەردەچێت و، شكلی گازی وەردەگرێت و، دەچێتە هەموو شوێنێك و، ئەسەر جێ ناهێلێ، تۆ كابرا دەگری كاری هەیە، حەقە حەقی تەعویزی كاری رۆژانەی خۆی بدرێتێ، خۆ مەجهود حەربی نییە، خەڵك بڕوا وەكو عەمەلی موختەبەری كار بكات، هەموو كەسێك حەقی ژیانی هەیە، قانونی مافی مرۆڤ كە مولزیمە بەپێی ئەوە كابرا هەقی تەعویزی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەبیعی پڕاو پڕ لەگەڵ ماددەكەم، بەلاَم بەعزێ تێبینم هەبوو لەسەر قسەكانی جەنابت، مەحكەمە تەبیعی، دادگا و دادگایی كردن، دەبێ لەسەر بنەمای پرۆسەی پیادەكردنی عەدالەت بێت، مافەكانی كەسێتی بپارێزێ لەسەر شك نابێ خەڵك بگیرێ، كاتێك كە شك دەبێ، دەبێ تەنها بیریش نەكرێتەوە لە گرتنی ئەو كەسە، ئەگەر شتێك لەسەرووێكەوە نەبێت، ئینجا دەبێت شتی تریش هەبێت بۆ ئەوەی بنەمایەكی قوڕس هەبێت بۆ گرتنی ئەو كەسە، ئەگەر لە حالەتێكیشدا بەریئ بوو، لە نەتیجەی تەحقیق و لەنەتیجەی پیادەكردنی پرۆسەی عەدالەت، حەقی خۆیەتی هەموو حەقێكی بدرێتی، سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو ورەدكارییانەی كە دەركەوت لە گفتوگۆكاندا، لەوەیە ئەگەر ئەو بەندە بچێتە جێبەجێكردنەوە، كە 100٪ لەگەڵ مانەوەی دام، بەلاَم رەچاوی كاتێك بكەین، چونكە زۆر كەس هەیە، دەگیرێ بۆ ماوەیەك و، بەیانی یان سبەی رەنگە بەردەمی دادگایەكان پڕ بێت لەو كەسانەی داوای قەرەبوو دەكەن، ئێمە لێرە خاڵێك ئیزافە بكەین، بۆ ئەوەی مودەیەك دابنێین لە 15 رۆژ تا مانگێك، لێكۆڵینەوە بگاتە نەتیجە و، خەڵكیش لەدوای ئەو مودەیەوە بتوانێ داوای قەرەبوو بكات، نەك لە هەفتەیەكدا یان خەڵكی واش هەبێت، بە دووساڵ و بە سێ ساڵ ژیانی لێ داگیر بكرێت و، دواییش هیچ قەرەبوویەكی نەكرێت، ئەگەر ماوەیەكی وا كورت دابنێین، هەم لێكۆڵینەوە زوو دەچێتە قۆناغی جێبەجێ كردنەوە، هەم تاوانباریش یان بێ تاوانیش، باجی زۆر نادات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كە زۆرترین ئەندامانی پەرلەمان كە رەئیان لەسەردا، لەسەر مانەوەی یان نەمانەوەی، لەبەر ئەوە من دەیخەمە دەنگەوە، ئەوەی موئیدە بۆ مانەوەی دەستی بڵند بكات، زۆر سوپاس، ئەوەی لەگەڵ مانەوەی نییە، با دەستی بەرز بكاتەوە، زۆرینەی لەگەڵ مانەوەیەتی، ئینجا جارێكی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی چواردەم:

ئەگەر ئەو كەسەی بە تاوانی تیرۆركاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو،بۆی هەیە، داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەیی وناجەستەییانە بكاتەوە كە لێی كەوتووە لەئەنجامی پێشێلكردنی ئەو مافە مرۆییانەی لە دەستوور ویاساكاندا هاتوون.

**بەڕێز عبد الكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (الرابعة عشرة ):

للمتهم بالجریمة الأرهابیة الذي تثبت براءته عن التهمة المسندة الیه حق المطالبة بالتعویض عما لحقه من ضرر مادي ومعنوي بسبب انتهاك حقوقه الانسانیة المنصوص علیها في الدستور والقوانین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، دەیخەمە دەنگەوە، كێ موئیدی ئەو ماددەیەیە با دەستی بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵی نییە، با دەستی بەرز بكاتەوە، زۆرینەی دەنگ، بۆ ماددەی پانزە تكایە، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ من پێشنیارێکم خستە بەردەم پەرلەمان، وتم لەدوایین ماددەکانی یاساکە هەبێت، دامە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاساییش، پێم وایە ئێستا کاتی خۆیەتی پێش ئەو ماددەیە، تەتبیق کردنی ئەحکامی قانونی عقوبات نەصەکەشم دا پێتان، نازانم چی بەسەر هات، ئەگەر نا لام هەیە، جارێکی تر بۆتان دەخوێنمەوە، جیایە لەوانە، من دوێنێ نەصێکم ئیقتیراح کرد، موبەریراتیشم بۆ باس کرد، لەسەر ئەوەی کە هەموو ئەو کاروچالاکییەی نارەزایی و، مانگرتن و، ڕێپێوانەی لەلایەن سەندیکا، یان ڕێکخراوە پیشەییەکان یان حزبە سیاسییە ڕێگەپێدراوە یاسایەکانەوە، بەرامبەر حکومەت یان دامەزراوە فەرمییەکان ئەنجام دەدرێن، هیچ پاڵنەرێکی تیرۆریستیان لە پشتەوە نییە، ناچنە خانەی تیرۆریستی....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووم دەکەی، ئەوە شك دەکەوتە ناوی، پێویست ناکات، شتێکی تەبعییە، حەقێکی دیموکراتی خەڵکە، موزاهەرە دەکات، پێویست ناکات، شك دەکەوێتە سەر خۆمان، ماددەی پانزە تکایە.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی پازدەهەم:

أ- بۆهەرشتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عێراقی کارا پیادە دەکرێت

ب- کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بریارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنە لەسەر ئەو ماددەیە بەم شێوەیە.

پازدەم: لیژنە پێی چاکە دەستەواژەی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکانبخرێتە سەر برگە (أ)ی مادەی چواردەم و ئاماژە بە هەردوو یاسای سزای عیراقی و بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان بکرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

حوکمەکانی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە/111 ی ساڵی 1969و یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان/ی ژمارە 23ی ساڵی 1971 ی کارا لەسەر هەر شتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، پیادە دەکرێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ( الخامسة عشرة ):

أ- تطبق احكام قانون العقوبات العراقي النافذ بكل مالم يرد به نص في هذا القانون.

ب-لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

راي اللجنة على هذه المادة اما بالنسبة للمادة( الرابعة عشرة) فترى اللجنة اضافة قانون اصول المحاكمات الجزائية ايضاً الى الفقرة(أ) منها والاشارة الى ارقام قانوني العقوبات والاصول ولتقرأ كالآتي:-

(أ - تطبق احكام قانوني العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969واصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 النافذة بكل ما لم يرد به نص في هذا القانون).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی دوای ئەوەی کە دەستووری نوێ لە عێراقدا دانرا، لە کوردستانیشدا دەستوور دائەنرێ، ئایا ئەو یاسایەی عقوباتی عێراقییە کۆنە، یەعنی ئێمە ئیسناد بکەینە سەری، وەکو پرسیار ئەوە ئەڵێم؟

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ, ئەو جۆرە قانونانە هەروەکو خۆیان دەمێنێ و, لەکار ناکەوێ, تا ئەو ڕۆژەی ئیلغا دەکرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەو نەصەی ئەو ماددەیەیە زۆر وازیحە, ئەو شتەی لێرەدا نەهاتبێت, لێرەدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو دوو قانونە, بۆیە با جارێکی تر بخوێنرێتەوە, دەیخەمە دەنگدانەوە, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی پازدەهەم:

أ- بۆهەرشتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت, فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عێراقی کارا پیادە دەکرێت

ب- کار بەهیچ دەقێکی یاسایی, یان بریارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە با دەستی بەرزبکاتەوە, تکایە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە, زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ, ماددەی شانزەهەم, تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنە پێشنیاری زیدەکردنی هەندێ ماددەی کردووە لەم پڕۆژەیەدا, بەم شێوەی خوارەوە:

لیژنە بەباشی دەزانێت کاتێکی دیارکراو بۆ کارپێکردنی ئەم یاسایە دیاربکرێت و مادەی پازدەم بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:-

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راوەستە بەتەنیا ئەوە یەکەم جار, یەك, یەك.

لیژنە بەباشی دەزانێت کاتێکی دیارکراو بۆ کارپێکردنی ئەم یاسایە دیاربکرێت و مادەی پازدەم بەم جۆرە دابرێژرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ترى اللجنة تحديد سقف زمني(مدة معينة) للعمل بالقانون وتغيير صيغة المادة الخامسة عشرة من المشروع لتقرأ كالآتي( ينفذ هذا القانون لمدة اربع سنوات من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وقابل للتمديد).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی مافی مرۆڤیش بوو, بەلاَم بە مەرجێ دوو ساڵ بێت, چوار ساڵ زۆرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێش ئەوەی موناقەشەی ئەو ماددەیە بکەین, رەئییەك لامان گەلاَڵە کرایە, ئەوەلەن, چوار ساڵ نەبێت دوو ساڵ بێت, دووەمیش, لە کۆتایی دوو ساڵ پەرلەمان جەلسەیەکی تایبەت دابنێ, بۆ موناقەشەکردنی ئەو یاسایە, چۆن جێبەجێ کراوە, چ گۆڕانێك بەسەر وەزعەکە کراوە, هاتووە, ئەگەر پێویستی کرد, تەمدیدی دەکات و, پێویستی نەکرد, گۆڕانکاری لەسەر دەکات, یاخود ئیلغای دەکات, ئەگەر ئینشا الله زاهیرەکە نەما بێتن, کار بەم یاسایە ناکرێت, دەگەڕێنەو بۆ قانون عقوبات, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە چەند ماددەیەکی ئیزافە کردووە, ئەگەر پێویست کرا, ئەم ماددەیە بیخوێنینەوە, چونکە ئەوە دەکەوێتە ئاخیری, ماددەیەکی نوێیە, حکومەتی نوێی کوردستانی عێراق, دەستەبەری چاودێری خاو خێزانی قوربانیانی کردەوە تیرۆریستەکان دەکات و, قەرەبووی زیان لێکەوتووان دەکاتەوە, ئەوەی زەرەرییان لێدەکەوێت لەکاتی....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق عەفووم دەکەی, با لە ماددەی پێشتر لێبینەوە, یەعنی ئەو صیغەی کە هاتووە, موقتەرەحێکی تریش هاتووە, ببتە دوو ساڵ, ئەو مەوزوعە کەس قسەی هەیە, کاك جمال, فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پرسیارێکم هەیە, لە لیژنەی یاسا, ئایا ئەو یاسایە, بە یاسایەکی تەبیعی دادەنرێ, یان یاسایەکی تەوارئە؟

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناتوانین بڵێین, ئەوە یاسایەکی تەوارئە, تەبعەن یاسایەکی تەبعییە, بەلاَم ئەگەر مودەت بۆ دانا شبهە تاریئ دەبیتن.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم لەم پرسیارە, ئەگەر هاتوو, یاسایەکی تاریئ بێتن, ئەوە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم (الفصل الرابع المادە عاشرە, یامناً: اعلان حالە تەواریئ لە مەهام و لە سەلاَحیاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە), کەواتە دەست نیشان کردنی کاتی دەست پێکردنی.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە با من وەلاَمی پرسیارت بدەمەوە, ئەوە بەندی اعلانی تەواریئ نییە, ئەوە قانونی تەوارئیش نییە, ئەوە مەشروعی قانونێکی خاصە, لە بەغدا پەسەند کراوە, لەلایەن پەرلەمانی عێراقی و, لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەرکراوە,

کەواتە مولزەمە لە عێراقی فیدارڵدا, ئێمە وەکو دە جار تکرارم کردەوە, وەکو هەرێمی کوردستان کە بەپێی دەستوور, بۆمان هەیە هەر قانونێك لە بەغدا دەربچێت, لێرە پەسەندی بکەین, هەمووړای بکەین, ئیعتیرازی لەسەر بگرین, لەبەر رۆشنایی ئەو دەستوورە لێرەدا ئەو قانونە هاتۆتە ئێرە, کە دیاردەکە لە کوردستانیشدا دیاردەیەکە سەری گرتووە, زۆر کاری تیرۆرستی ئەنجام دراوە, زەحایا زۆرە بۆیە کاری پەرلەمان ئەو قانونی تەوارئی نییە, بەڵێ, کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن, تەسەلسولەکە لای من هەر پانزەیە, بۆتە شانزە لای ئێوە.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئیرهاب, تەحدید نایەتە کرن, سالێك یان دوو ساڵ یان سێ ساڵ, وا نەزانین چەندە؟ قانونی تەوارئە ئان ژ قانونەکی ئیعتیادییە, ژبەر ئەوە تەحدید نەیتە کرن, چەند سالاَ چار ساڵ ئان دوو ساڵ, ئان سێ ساڵ ڤێتە کرن, بەس پێدا چوون هەبێتن, هەردوو ساڵ جارەك پێداچوون هەبێتن, هەتا بگونجێتن لگەڵ وەزعێ کوردستانێ بگونجێتن, یەعنی تەحدید نێتە کرن, سەقفی زەمەنی چار ساڵ, ئان دوو ساڵ نێتە کرن, بەس پێداچوون هەبێتن, تەعدیلات هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لەسەر تەمدیدەکەیە، مەفروزە تەمدیدەکە سەقفەکی بۆ دانرێ، پێش کۆتایی دوو ساڵەکە، کە داوای تەمدید بکرێ، حەدی بۆ دانرێ، ئایا دوو مانگ پێشتر، یان سێ مانگ پێش ئینتیهای مەفعولی ئەو قانونە؟ دەبێت تەحدید بکرێ، بۆ ئەوەی لە پرێکەوە ئینتهای پێ بێ، مانای مەحکەمە رادەوەستێ، ناتوانێت هیچ ئیشێك بەو قانونە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆنگریسی ئەمەریکی کە یاسای تیرۆری دەرکرد، ئەوانیش بڕیاریاندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئێستا چەند مانگێکە کۆنگریس دووبارە دانیشتووە، بە مانگ نوێ دەکەنەوە، هەموو جارێکیش موناقەشاتی زۆر گەرم و گوڕ دەبێت، چونکە فعلەن قانونەکە قانونێکی شبە تەواریئە، تەئیدی دوو ساڵەکە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێین دوو ساڵی تر دادەنیشین، لە ئێستاوە ناتوانین بڵێین ئیلغای دەکەینەوە، یان تەعدیلی دەکەینەوە، مەعلومە کە دەڵێین دوو ساڵ پێدا دەچینەوە، تەقیمی دەکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر دیاردەکە مایە، ئیعتیادی ئەگەر بەیانێکی دەرنەکەین، قەرارێك دەرنەکەین، تەمدیدەکە ئۆتۆماتیکییە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، بە تعدیل، یان پێویست بکات بە ئیلغا، پەرلەمان قەراری لێدەدا، ئەو پێشنیارە دەیخەمە دەنگەوە، ئەگەر جارێکی تر بیخوێننەوە، دووساڵەکە، وابزانم کەس ئیعتیرازی نییە، عەفوو کاك دلێرمان لە بیرچوو، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش جارێکی تر ئەڵێم وشەی خۆمان بەکاردەهێنمەوە، چۆن تۆزێك لەمەوپێش هەستام، وتم خۆمان، مەبەستم خۆمە، بەڕاستی، لە پێش را من ئەو قسە رووبەڕووی خۆم دەکەمەوە، ئینجا ئەو خوشك و برا بەڕێزانە، لێرەدا لەگەڵم هاوکار بن، لەبەر ئەوە کەس وای تێنەگات کە خوا نەخواستە رووبەڕووی یەکێکە، یان خوانەخواستە لە نرخی یەکێك کەم بکەمەوە، من ئەوەم بۆ نییە، یەك شتیش دەزانم کە من هیچ نازانم، بۆیە لەو روانگەوە، بەڕاستی ئێمە بەرامبەر بە دیاردەیەکی جیهانی زۆر مەترسی دارین، ئەمە شتێك نییە، تەنها بەس بۆ ئێمە بێت، من زۆرم حەز دەکرد، ئەصڵەن ئێمە خۆشمان و خەڵکیش و کارەباشمان صەرف نەکردایە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بابەتێکی واهی بکەین، ئەصڵەن پێویستیمان پێ نەبوایە، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناچار بووین کە موناقەشەی ئەو بابەتە بکەین و، ناچاریشین لەسەری بڕۆین، من حەزم دەکرد، نەك تەنها ئەوە، ئەصڵەن ئێمە لەزووترین کاتدا، ئەم یاسایە هەڵوەشێنینەوە، چونکە ئەم یاسایە، من بە یاسایەکی باشی نازانم، بەڵام ئێمە ناچارین ئەمە بهێنینە کارەوە و، ئیشی پێ بکەین، بۆ پارێزگاری کردنی خەڵکی ئەم وڵاتە، خەڵکی بێ چارەی ئەم وڵاتە، لەبەر ئەوە ئەم دیاردەیە، کەس نازانێ کەی کۆتایی دێت، ئێمە لە کۆتایی هەموو کاتێکدا، لە هەموو کاتێکدا دە ئەندامی پەرلەمان دەتوانین ئیمزا کۆبکەنیەوە و، پێشنیاز بکەین، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە پێداچوونەوەی پێ بکرێ، لابرێت، بگۆڕدرێت، بۆیە ئێمە کاتێك کە دەست نیشانی کاتێکی دیاری کراو دەکەین، خۆمان دەبەستین بە کۆمەڵە شتێکەوە، رەنگە لە ئایندەدا پێمان جێبەجێ نەکرێت، رەنگە لە ئایندەدا پێویست بەم شێوە نەکات، بۆیە من وای بە باش دەزانم سەقفی زەمەنی بۆ دانەنرێ بۆ ئەمە، بەداخەوە ئەڵێم، یەعنی هیوادارم کەس وا تەصوڕ نەکات، کە من شتێکی تریش دەبینم لە خۆماندا، لەلایەکەوە ئێمە شەدید عیقابین و، لەلایەکی تریشەوە زۆر غفورو رەحیمین، ئەمە لە هەموومانەدا دیارە، بۆچی؟ چونکە دیاردەکە دیاردەیەکی سەیرە، بۆیە بەڕاستی لەلایەکەوە ئێمە گیان بەزەیی و، مرۆڤ پەرەوەری و، دادپەروەری باسمان دەکات، من لەلایەکەوە تەشدید دەکەم، کە ئەڵێم ئەمە یاسایەکی کاتییە، یاسایەکە لەم حاڵەتە، لەلایەکی تریشەوە دەست بەرز بکەمەوە، بۆ قەرەبوو کردنەوە،

ئەمە خۆی لە خۆیدا، ئەگەر بەم جۆرە سەرپێی تەماشای بکەی، جۆرە ناکۆکیەکی تێدایە، بەلاَم ناکۆك نییە، بەلاَم حالَەتەکە غیر تەبیعییە، لەبەر ئەوە من وای بەباش دەزانم ئێمە خۆمان نەبەستینەوە بە کاتێك کە رەنگە لە ئایندەدا باش نەکەوێ لەسەرمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم خیلافێك نییە، لەگەلَ بۆچوونەکەی دکتۆر، هەر ئەوەندە سوو فەهمێك هەبێتن لەشەرح کردنەکاندا، ئەو یاسایە وەکو هەر یاسایەکی تر لە رۆژی بلاَوبوونی لە وقائعی عێراقی، جێبەجێ دەکرێتن، بەلاَم لەبەر ئەوەی یاسایەکی تەبیعی نییە، دیاردەکەش نا تەبعییە، یەعنی ناتەبیعییە لەسەر وەزعی خۆمانەوە، دیاردەی ئیرهابیش ناتەبعییە، بۆیە بۆ ئەوەی تەئکید بکەینەوە کە پەرلەمان اهتمام هەم بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەدات، هەم تەئسیر لەناو کومەلَگا دەداتن، تەئکید لەوە دەکەینەوە کە دوو سالَی تر پەرلەمان جەلسەیەکی تایبەت دەکاتن بۆ تەقیم، مانای ئەوە نییە سبەینێ حکومەت داوای لێ کردین، فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ، یان کەم بکرێتەوە، لەبەر رۆشنایی یاساییدا، ئێمە کۆنەبینەوە و، باسی نەکەین، یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان داوایەکیان هەبێتن، خالَێك هەیە، وەزعێك هەیە، باسی بکەن، ئێمەش پەسەندی بکەین و، نەیخەینە بەردەممان، بەلاَم لێرەدا ئەو نەصە لە قانونەکە دەنووسین، کە دوو سالَی تر، پەرلەمان کۆدەبێتەوە بۆ تەقیمی ئەو یاسایە، ئەمە کارێکە چەند مانایەکی هەیە، لەلایەکەوە ئیهتمام دانە بە یاساکەو، لەلایەکەوە بۆ حکومەتە، بزانن ئەو یاسایە چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ مەحاکم چۆن جێبەجێ دەکات، شورتە چۆن جێبەجێی دەکات؟ ئاساییش چۆن جێبەجێی دەکات، خەلەلەکانی چییە؟ گۆڕانکاری تا چەند بەسەر خەلَکدا هاتووە؟ دیاردەکە لەوەدایە، جا ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، بەلاَم جارێ بخوێنەوە، تکایە.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شانزە:

ئەو یاسایە بۆ ماوەی دوو سالَ کاری پێدەکرێت، لە رۆژی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی(وقائع کردستان) و، دەکرێ بۆ ماوەیەکی دیکە کار پێکردنی درێژ بکرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ینفذ هذا القانون لمدة سنتين من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)، قابلا لتمديد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وامان نەوتووە، کاك کاکە، وتمان قابل تمدیدی ناوێتن، دەلَێین قانونەکە بێ قابیل تەمدید، ئۆتۆماتیکی وایە، دەلَێین ئەو نەصە هەبێتن، پەرلەمان پاش دوو سالَ لە بلاَوبوونی قانونەکە کۆدەبێتەوە، بۆ هەلَسەنگاندنی، ئینجا ئەو کاتە قەراری خۆیەتی، دەتوانی تەمدیدی بکات، دەتوانیت رایبگرێت، یان گۆڕانکاری بکاتن، مەلَێ تەمدید دەکرێتەوە، ئەوە زیادە، بیخوێنەوە، تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ینفذ هذا القانون لمدة سنتين من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەلَ ئەو نەصەیە، با دەستی بەرز بکاتەوە، دوو سالَەکە، کێ لەگەلَی نییە، با دەستی بەرز بکاتەوە، زۆرینەی دەنگ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنه به پەسەندی دەزانێت سێ مادەی دیکه له پرۆژەکه زیاد بکرێت دوای هێشتنەوەی مادەی چواردەم زنجیرەی پرۆژەکه بەم جۆرەی لێدێت:-

مادەی پازدەم: دەبێ دەزگا گشتیەکان رەچاوی بنەمای حوکمەکانی دەستوور ویاسا وپەیمان وبەڵێنامه نێونەتەوییەکانی تایبەت به مافی مرۆڤ بکەن لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم, ئەو ماددەیه بۆ نووسراوە, هیچ نه موبەریرێکی هەیه, نه شتێکی هەیه, خیلافیش دەکات و, دەستی هەموو کەس, کاکه به پێی قانونی دوەلی بێتن, ئەصڵەن ئەو قانونه نابێت, دەر بێت, فەرموو کۆێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێره نووسراوە دوای ئەوەی ماددەی سیانزه لا ئەبردرێت, ئەو ماددەی زیاد دەکرێت, مادام ماوەتەوە کەواته پێویست ناکات, لا ببرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیه نازانم که لیژنەی یاسایی ئیزافەی کردووە, زۆر به زیادی دەزانم, هیچ جێگاشی نابێتەوە, لێرە, عەفووم دەکەن, لەگەڵ نەصی قانونەکه ناگونجێ, مەبەستەکه ناگونجێ, خیلاقی هەیه, تەزادی هەیه, تەعاروزی هەیه, هەر هەمووی زیادە, مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشه, لەم یاسایەدا به ماددەیەك یان به برگەیەك ئاماژە به پابەندبوونی ئەم یاسایه بکات, که ناکۆك نییه, لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا, یەعنی ئەمه پشت ئەستووره بەدوو شت, یەکەم, ئەو وتارەی کۆفی عەنان له شەست ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا له 2004, هەروەها له 2005 له قیمەی مەدرید, تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن, لەهەموو یاسایەکی دژه تیرۆری نیشتمانیدا, دەبێت ئەم یاسایه ببێت, یەعنی بەندێك هەبێت ئیشارەت بکات, بەو یاسایه دژه تیرۆرە, له هەر وڵاتێکدا که دائەنرێ, دەبێت پابەندی خۆی بکات, به بنەماکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە, نەك یاسای نێودەوڵەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت کاك محمد, من تکرار دەکەمەوە له هەر یاسایەکی یەك دەوڵەت ئەو نەصه پێویست ناکات, چونکه ئەو نەصه تەعاروز دەکات لەگەڵ یاساکه یەك, دووەم, ئێمه دەستوورمان هەیه, ئەو شتانەی که ئێوە دەڵێن, لەو دەستوورەدا هاتووە, مادده هاتووە, بۆیه ئیلتیزاممان به قانونی دوەلی به مەبادیئی حقوقی ئینسان هەموو لەوێدا هاتووە, ئەو قانونه مشەوەش دەکاتن, ئەگەر له موئتەمەرێکی نێودەوڵەتیشدا ئەو کێشەیه بێته پێشەوە تەبیعیه, چونکه قەوانینی نێو دەوڵەتان جیاوازە, قەوانینی دەوڵەتی هەندێکیان ئیلتیزام ناکات, به قەوانینی دوەلی, هەندێکیان ئیلتیزام دەکات, لەبەر ئەوەی لەوێندەرێ ئەگەر لایەنێك هەبێتن, یان بۆچوونێکیش هەبێت, ئەو وشەیه یان ئەو ماددەیه هەبێتن, لەبەر ئەوەی مەنتیقی تێدایه, بەلاّم لای ئێمه مەنتیق نییه, لەدەستووردا هاتووە له مەواسیقی که ئیعتیرافمان پێکردووە, وەکو عێراق, وەکو دەوڵەت ئیلتیزاممان کردووە به قەوانینی ئومەمی موتەحیدەی هاتووە ئەم قانونه بەرەئی من به هیچ شێوەیەك نایگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەربارى وتەى بەڕێزت, ئەو ڕوونكردنەوەى كە دات, ليژنەى ياساى پێى وايە كە ئەوە تەحصيل حاصلە, نابێت ئەو ياسايە دژى ئەو مەباديئانە بێت كە لە دەستوور و ئەو ياسايەدا هاتووە, بۆيە ليژنە بڕياريدا كە ئەو پێشنيارە سەحب بكاتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

باشە بارك الله, بچۆ بۆ ماددەيەكى تر, تكايە, ئصولەكە چۆنە؟ موفقتەرەحێكە كە, سەحبيان كرد, ناكرێت بخرێتە دەنگدانەوە, ليژنەى ماڧ مرۆڤيش موفقتەرەحى نەكردووە, تا ئەويش بخەينە دەنگدان, ئەمان سەحبيان كرد, باشە ئەوەى پێى وايە دەيخەمە دەنگدان ئەوەى پێى وايە, فەرموو.

**بەڕێز سمكۆ طاهر محمد دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە بێين, ئەگەر ڕەچاوى ئيقتيراحەكەى ليژنەى ماڧ مرۆڤ بكەين, كە دەڵێت دەبێت ڕەچاوى بنەماكانى ماڧ مرۆڤى جيهان بكرێ, ئەمە هيچمان نەكرديە, چونكە لێرە ئەگەر ڕەچاو بكەين ئەو ياسايە, ئەمرى ئيعدامى تێدا هەيە, دەبێت ئەوە ئيلغا بكرێت و, دەبێت سەرلە نوێ ئەوە موناقەشە بكرێتەوە, چونكە ئەو بنەماكانى جاڕى ماڧ مرۆڤى جيهانى حوكمى ئيعدامى تێدا نييە, پێويست ناكات بيدەينە دەنگ.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەى موفقتەريحى ماڧ مرۆڤە, ليژنەى ماڧ مرۆڤ ساڧ نەكردووە, ليژنەى ماڧ مرۆڤ داوا دەكاتن لەمەشروعەكە نييە, ليژنە داوايەكى هەيە, فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پرسيارێك ئاراستەى ليژنەى ياسايى دەكەم, لەكاتى بەرپابوونى شەرێك لە نێوان حكومەتى هەرێمى كوردستان, يان لە نێوان حكومەتى فيدراڵى لەگەڵ لايەنێكى دەرەكيدا, يان وڵاتێكى ديكە, مونتەسيبێكى سوپاى داگيركەر هەڵدەستێ بە ئەنجامدانى كارێك كە بە گوێرەى تەعريفى ئەو ياسايەى خۆمان بە كارێكى تيرۆرستى دادەنرێ, ئايا بە پێى ياساى قانونى دەولى تەعامولى لەگەڵدا دەكرێت؟ يان ئەم ياسايە دەيگرێتەوە, ئەگەر ئەم ياسايە دەيگرێتەوە, مەفروزە ئەو سنوورە ديارى بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەگەر خوانەخواستە شەڕ بوو, ئەو كاتە قانونى تەواريئ اعلان دەكرێت, بەپێى قانونى تەواريئ, بە هەر حاڵ ئەگەر كەسێك ئەو موفقتەرەحەى پێ باشە, كە ئەو نەصەى كاك محمد وتى, ئەوەى ليژنەى قانونى سەحبيان كرد, پێى باشە بيخەينە موناقەشەوە با دەستى بەرزبكاتەوە, زۆر سوپاس, ئەقليەتە كێ موئەيدە كە تێيدا نەبێتن, هيچ تێيدا نابێتن, زۆر سوپاس, ماددەى تر, فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ليژنەى ياسايى پێشنيارى ماددەيەكى تر دەكات, بەم شێوەيە:

حكومەتى هەرێمى كوردستان-عيراق چاودێرى خاوخێزانى قوربانيانى كارە تيرۆريستيەكان ڕەچاو دەكات و قەرەبۆى زيانەكانى زيان لێكەوتوان دەكاتەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة القانونية اضافة مادة جديدة بعدد السابعة عشرة:

تتكفل حكومة اقليم كوردستان. العراق برعاية عوائل ضحايا الافعال الارهابية و تعويض المتضررين منها.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كێ لەگەڵ ئەو نەصەیە, با دەستی بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵی نییە, بە تێكرایی دەنگ, فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەیەكی نیشتمانی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوەخۆ وداد وئەوقاف كاروباری ئایینی ورۆشنبیری وپەروەردە وپێشمەرگە ودارایی ودەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێك دەهێنرێت بۆ ئەوەی كاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێم دا  تا وەكو نەهێلن رووبدات و لەگۆڕبندرێت بەو شێوازانەی بە گونجاوی دەزانن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنە ناكۆكە لەگەڵ ئەوەی پێشوو كە ئەڵێ پەرلەمان سەرپەرشتی چاودێری جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانە بكا و, پیاچوونەوەی هەبێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لەگەڵ ئەوەی كە پەرلەمان بەدوای جێبەجێ كردنی ئەو یاسایەدا بڕوات, ناكۆك نییە, ئەو دەستەیە كە پێك دەهێنرێت بۆ جێبەجێكردنی ئەو یاسایە, نەك سەپەرشتی كردن و بەدواداچوون, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە مادده عەرەبیەكەی بخوێننەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تشكل لجنة وطنية من ممثلي وزارات الداخلية والعدل والاوقاف والشؤون الدينية والثقافة والتربية والپێشمەرگە والمالية والهيئة العامة لأمن الاقليم لاتخاذ الخطوات اللازمة لمكافحة الارهاب في الاقليم ولتلافي وقوعه والقضاء عليه بالطرق والوسائل التي تراها مناسبة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەوەش زیادە, عەفووم دەكەن, چونكە ئەوە مەسئولیەتی هەمموومانە, پەرلەمان, وەزارەت, چەند رۆژە قسە دەكەین, دەڵێین هاولاَتیە, كاسبكارە, قوتابیە, خوێندكارە, ژنە, هەر هەموویان مەسئولن, بۆ تەحدیدی بكەین, ئەگەر ئیصراری نەكەن, مەمنونین, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دەقە لە زۆر ولاَتانی دەوروبەر هەیە, بەتایبەتی لە ولاَتانی ئیماراتی عەرەبیش هەیە, لە چەند ولاَتێكی تریش هەیە, بۆ ئەوەی موتابەعە بكەن, ئەو باندە تیرۆرە لیستی رەش, بۆ ئەوەی بزانن كێ ئەوە ئەنجام دەدات؟ چونكە بەڕاستی بەس پەرلەمان نییە, دەبێت سوڵتاتی تەنفیزیش بەشدار بكەن, لە شتەكە, ئەو هەیئەیە لە خوارەوە ئیشەكان دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك  تاریق تۆش قسەكانی سید كاكە دەكەیتەوە, قسەكەی سەید كاكە دەتگرێتەوە دەساتیر هەڵیگرتووی, ئەگەر سەحبی ناكەنەوە دەیخەمە دەنگدان, ڕاوەستە با بزانین رەئی لیژنەی قانونی چ دەڵێن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر رەئی هەموو ئەو خوشك برا بەڕێزانە، ئێمەش سەحبی دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو ماددەی تر، دوا مادده بخوێننەوە، تكایە.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ماوەی دوو ساڵ كاری پێدەكرێت لە رۆژنامەی رەسمی وقائیعی كوردستان بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تر، كە دەڵێت(ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی كوردستان) كاری پێدەكرێت، ئەوە شتێكی ترە، چونكە هەندێ برادەر رەئیان وابوو كە ئەسری رەجعییە، ئەو نەصە بمێنێتن بۆ ئەوەی بزانرێت پاشی ئەوەی ئیصدار دەكرێت لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێم لە جەریدەی فەرمی بڵاودەكرێتەوە، لەورۆژەوە بەكاردێت، كاری پێدەكرێت، ئەو ماددەی رۆیی، ئەو یاسایەی بۆ ماوەی دوو ساڵ كاری پێدەكرێت، ئەوە شتێكە، ئەمە ماددەیەكی ترە، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی كوردستان) كاری پێدەكرێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ینفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم ئەوەیە، دامودەزگاكانی ئەمنی ئێمە، بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ زۆرجار سوئالیان لێكرا تەئكید لەوە دەكەنەوە ئەوە قانونێكی ئیرهابتان دەرنەكردووە، ئێستا كۆمەڵێك خەڵك چەند باندێك گیراوە بە توهمەی ئیرهاب، ئەو قانونەی ئێمەش لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی كوردستان ئیعتیباری بۆ دەكرێت، ئایا ئەوانەی كە پێش ئێستا گیراون، بەچ قانونێك موحاكەمە دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە قانونی عقوبات، باسمان كرد، نەخێر، ئەوانی پاشی بڵاوكردنەوەی ئەم قانونە دەگیرێن، ئەوانە فەقەت بەو قانونە دەبێت، بەڕێز عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە یاسای بەرەنگاربوونەی تیرۆر لە كوردستان جێبەجێ كرا، هیواداریین سوودبەخش بێت، من لەبەر ئەوەی وادەبینم ئەو یاسایە، هەم لە شاریعی كوردی، هەم لەناو خودی ئەندامانی پەرلەمانیش دڵەڕاوكێیەك و، شكوكیەتەك هەیە لەو یاسایە، هەم ئیعادەی سیقە لە بەینی ئەندامان و لایەنگرانی حزبە ناكۆكەكان لە كوردستان، نەهاتە ئاستی تەبیعی خۆی، بۆیە من پێشنیار دەكەم، بۆ پەرلەمان ئەو یاسایە لەدوای یەكگرتنەوەی هەردوو ئەنجومەنی قەزا، كاری پێ بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان ببورە، دڵە راوكێ نییە، كەس دڵە راوكێی نییە، لەسەر هەندێ مادده بۆچوونی جیاواز هەبووە، بە ئەكسەریەتی قانون دەرچووە، لەبەر ئەوە دڵە راوكێ موتڵەق نەبوو، كە پێنج برادەر موعاریز بوونە، ئەوە دڵە راوكێ ناكات، بە عەكسەوە، ئێمە دواكەوتووین لە دەرهێنانی ئەو یاسایە، ئەو یاسایە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لەجەریدەی

ڕەسمی جێبەجێ دەکرێت, هیچ موجیب نییە, لەسەر ئەوە ڕاوەسین کە هەیئەی قەزا, تەوحید بێت, یاخود مەحکەمەی تەمیز تەوحید بێت, ئەم یاسایە تەعمیم دەکرێ, بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت, ئاسایش, داخلیە, داد, مەحاکم, خوانەخواستە ئەگەر دواکەوت تەوحیدەکە و, کار گەیشتە ئەوەی هەیئەی قەزا ڕەئی لەسەر بدات, ئەوە هەیئەی قەزا لە هەولێر هەیە و, لە سلێمانیش هەیە, ئەگەر جەریمەکە لە سلێمانی بوو, هەیئەی قەزا لەوێ ڕەئی لەسەر دەدات, مەحکەمەی تەمییز لەوێ ڕەئی لەسەر دەدات, ئەگەر جەریمەکەش لە هەولێر یان لە دهۆك بوو, ئەوە مەحکەمەی تەمییز لێرە ڕەئی لەسەر دەداتن, ئەگەر تەوحیدیش بوو باشترە, یەعنی شتێك ناگۆڕێت, تەعلیقی ئەو قانونە بکەین, بڵێین ئیدارە تەوحید نەبوو, تەوحیدیش دەبێت, لەم دوو هەفتەیەدا حکومەت یەك دەگرێتەوە و, هەنگاوی یەکەمی ئەوەیە کە مەحکەمەی تەمییز و, هەیئەی قەزا یەك بگرێتەوە, پێش هەموو هەیئەتەکانی تر یەك دەگرێتەوە, بەڵام ئەگەر دوا کەوت, ئەو قانونە نابێت دوابکەوێت, ئەگەر گەیشتە ئەوەی تەمییز بێتن, ئەوە تەمییز هەیە لە سلێمانی, خۆ ئیلغا نەکراوە, هەتا یەك دەگرێتن, کاری پێ دەکرێ, مەحکەمەی تەمییز لە سلێمانی تەماشای ئەو قەزایانە دەکاتن کە لە سنووری خۆی ڕوودەدات و, مەحکەمەی تەمییزی هەولێریش تەماشای ئەو قەزایانە دەکات کە لە سنووری خۆیەتی, بەڵام من تەسەوڕم وایە کە زوو ئەو هەیئەتانە تەوحید بکرێن, هیچ دڵەڕاوکێشی ناوێ, پێویست ناکاتن, ئێمە نوێنەری میللەتین لێرە, زۆرینەی دەنگی بۆ ئەو یاسایە داوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ دوو خاڵ پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك عوسمان دەکەم, یەك, لەبەر ئەوەی هەردوو مەحکەمەی تەمیزی کوردستان یەکیان نەگرتۆتەوە, مەجلیسی قەزا یەك نییە, لەوانەیە کە ئەگەر زوو یەك نەگرێتەوە, لەوانەیە لە پیادەکرن و جێبەجێ کردن, ئەو یاسایەدا قەراراتی ناکۆك, لە هەردوو شوێن, سەبارەت بەو یاسایە دەربچێت, یەك, دوو, ئێمە وەکو شارێك ئەگەر بخرێتە سەر هەردوو وەزارەتی داد, کە وەزارەتی هەرێم و وەزارەتی داد هەیە, بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە یەکخستنەوەی هەردوو ئەنجومەنەکە, ئەگەر شتێکی وا هەبێت یاسایە و, ئاساییشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاك کریم, ڕەدی ئەو قسەی تۆش دەدەمەوە, ئەوەلەن ئەو ڕەئیەت یاسایی نەبووە, دووەمیش مەحکەمە ڕاناوەستێ لەبەر ئەوەی مەحکەمەی تەمیز یان قەزا تەوحید نەبووە, چەند ساڵە دوو قەزا هەیە, دوو مەحکەمەی تەمیز هەیە, قەراراتیش دەڕوات و جێبەجێ دەبێت و, ژیانی خەڵك و قەزایای خەڵکیش ڕاناوەستی و, ئەو بابەتەش ڕاناوەستێت, ئەگەر شتێك بوو, دەبێت جێبەجێ بکرێت, لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها مەصدەر موەحەدین, شەرعین, تەشریع دەکەین, ڕاناوەستین, تەشریعەکەمان ناتوانین ڕابگرین, لەبەر ئەوەی دەزگایەك خوار پەرلەمان تەوحید نەبووە, ئەگەر تەوحیدیش نەبێت, دەبێت جێبەجێ بکەین, بەم شێوەیە کە وتم, ئەگەر خیلاف کەوتە بەینی قەراری مەحکەمە و, داوای تەمیز کرا, تەوحید نەببوو, مەحکەمەی تەمیز لە سلێمانی هەیە, وەکو وتم سەرۆکی هەیە, ئەندامانی هەیە, بەت لە قەراراتی مەحکەمەی ئەو مەنتیقەیە دەکەن, مەحکەمەی تەمیزیش لێرە هەیە, بەت لەو قەرارانە دەکەن کە لەو سنوورەدا ڕوودەداتن, تاکو تەمیز دەبێت, دوایش ئێمە ئەو ماددانە دەنگمان بۆ داوە, کۆتایی پێهاتووە, ئەو موناقەشەیە هەر زیادیشە, بۆیە من ئێستا کە ماددەکان تەواو بووە, تەنها ئەسبابی موجبە ماوە, ئەوانی تر پێویست بە موناقەشە ناکات, تەنیا ماددەی ئەخیر کە دەڵێت, ئەو قانونە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی وقائع کوردستان بڵاودەبێتەوە, ئەویش دەخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵیەتی با دەستی بەرز بکاتەوە, کێ لەگەڵی نییە, زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ, قانونەکە بە گشتی خوێنرایەوە, تەبعەن بە ڕەچاو کردنی مەسەلەی زمانەوانی و ئەو وشەو کەلیماتانەی کە ئیتیفاقمان لەسەر کرد, پوختەکەی کە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پێدادەچینەوە, لەڕووی زمانەوانییەوە, لەڕووی قانونیشەوە دەیخەمە دەنگدان....

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە زۆر زەروورییە, پێویستە کە بە نەزەری ئیعتیباریش وەرگیرا, پێویستە ئەو پێشنیازەی کاک سردار کردی سەبارەت بە عزوییەت, لەو مونەزەمە و لەو رێکخراوە تیرۆریستیانەدا ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەسەر ئەوەی رێککەوتین کە ئەو عزویە ئینزیمام بکرێت, لە ماددەی دووەم و برگەی یەك, دوای ئەوەی کە دەڵێت قیادتها او العضوية فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکەی تکایە, بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعد الأفعال الاتية جرائم أرهابية و يعاقب عليها بالاعدام:-

تأسيس أو تنظيم أو إدارة منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة أو تولي زعامتها أو قيادتها بهدف ارتكاب إحدى الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.

ئێمە ئیقتراحێکمان هەیە, لەدوای زعامتها او قيادتها, او العضوية فيها, ئەوە بۆ ئەوەی کە هیچ ئیشکالێك نەمێنێ.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو عقوبانەی کە دادەنرێ, بۆ جەرائیم بە پێی خەتورەت و جەسامەتی عقوبەکە دادەنرێ, من لێرە پێشنیارەکەم ئەوە بوو, کە هەر تیرۆریستێ, ئەندام بێ لە باندێك بەڵام هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدابێت, ئەوە عقوبەی نابێت ئیعدام بێ, پێشنیارەکەی من ئەوە بوو, لە ماددەی چوارەم بێ, صیاغەی ماددەکەشم کردیە, ئەگەر روخسەتم بدەی, بیخوێنمەوە,(من انتمى الى اي حزب او جمعية او هيئة او الجماعة التي تمت ادانتها بجرائم ارهابية بقرار من المحكمة دون ان يرتكب اية جريمة), یەعنی فەقەرەك بێت لە ماددەی چوارەم کە عقوبەکەی لە پێنج ساڵ تا پانزە ساڵ بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیار دەکەم, ئیقتیراحێك وەسەت لەبەینی ئیعدام و, پانزە ساڵیەکە, کە بخرێتە ماددەی دووەم, لەبەر ئەوەی ئەو مونەزەمەی کە کاری ئیرهابی جێبەجێ دەکاتن, ئەندامەکە هاوکارە یەك, خەبەری لێدایە لە جەریمەکە دوو, بەشداری دەکاتن لە تەختیتەکە سێ, یەعنی لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە چەند کەسێك دەگرێتەوە, خەبەر نادەن, ئەندامیەتیشی لەگەڵدا بیتن, مادەم جەریمەی نەکردووە, حوکمی موئەبەد نەیگرێتەوە, حوکمی ئیعدام نەیگرێتەوە, بەڵام حوکمی موئەبەد بیگرێتەوە, یەعنی بەینی ئەوەی لە ماددەی سێدا بیتن, کە حوکمی موئەبەدە, یاخود لە ماددەی دوو بیتن, حوکمی ئیعدامە زۆرە لە ماددەی یەکدا بیتن, فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کابرایەی کە ئەندامە لەو مونەزەمە ئیرهابیانە, یەکێکە ئیشی هەر نووسینە, یەکێکە دەچێت خۆی دەتەقێنێت, یەکێکە دەچێت قنبلەی دەباتن, ئەوە هەمووی موشتەرەکن, بۆ ئیستیسنای دەکرێتن, بەرەئی من هەر لە جێگای خۆی بمێنێت ئیعدام, زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعيد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەنها ئەندام بوون لەناو گروپێکی تیرۆریستی سزادانی بە ئیعدام زۆر قورسە, ئەگەر هاتوو ئێمە حزبی بەعسی لەناو چوو بکەینە نموونە, ئێستا یاسای ریشەکێش کردنی بەعس هەیە, بەڵام کێی گرتۆتەوە, هەموو ئەندامێکی نەگرتۆتەوە, چونکە ئەندامیان زۆرە و, هەمووشیان تاوانبار نین, شەریکی سەددامن لە ئەنفال و, کیمیاباران, لە هەموو شتێك

شەریکن، ئێستاش هەموویان ناگرێتەوە، تەنها ئەوانەی کە دەستیان هەیە، ئەو پێشنیارەی کاك سەردار، لە جێی خۆیەتی کە لەناو ماددەی چوار بنووسرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئێمە دەڵێین ئەندام لە مونەزەمە، زۆر دەوڵەت هەیە، مونەزەمەکەی ئیتیهامیش کردیە، ناویشی لێناوە مونەزەمەی ئیرهابی، بەڵام ئەو مونەزەمەیە جەناحێکی سیاسی هەیە، یەعنی حوکم لەسەر جەناحە سیاسیەکەی زۆر فەرقی هەیە، لەسەر جەناحە عەسکەرییەکە، تەعامولیشی لەگەڵ دەکەین، ئێستا لە عێراق ئەوا هەندێ مقاوەمە هەیە، بە گوێرەی قانونەکەی ئیرهابین، کەچی ئێستا خەریکە مفاوەزاتی لەگەڵ دەکەن، لەبەر ئەوە یەعنی مانای ئەوە نییە، کە ئەندام بێت، حوکمی ئیعدامی بۆ دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەو تەوەجوهە دەکەم، کە نابێت وەکو یەك سەیر بکەین، مونەزیم و، موجیه و موئەسیس، لەگەڵ عزو، من تەشریعاتی نۆ دە دەوڵەتم لە ئیرهاب خوێندووە، فەقەت لە ئیتالیا عزو دانا 10 ساڵ تا 12 ساڵ، یەعنی ئەگەر عزو بێت، ئەوەی هەیە، ئەگەر نا زۆربەی زۆریان پێنج ساڵن یان کەمترن، ئەوانە هەر نابێت، نە لەیەکەم بێت، یان لە دووەم بێت، ماددەکە سەربەخۆ بێت، دەتوانین غەرامەکی ماددی بۆ دابنێین، کە زۆربەی ئەو تەشریعاتانە بە ئیزافەی سجن، غەرامەشی بۆ دانراوە، 10 ساڵێك بێت، یان 15 ساڵێك بێت، یەعنی ئەو ناوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك دەکەم، پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، ئەگەر جەریمەیەك دەکرێت، سەد کەسی تێدا دەکوژرێت، بەمناڵ و ژن و ئەوانە، دوایی لە ئەنتەرنێت بە عەلەنی مونەزەمەیەك دەڵێت من کوشتوومە، سەربڕینەکەش بڵاودەکاتەوە، ئەو کەسەش کە خۆی تەقاندووتەوە، ئەگەر خۆتەقاندنەوەی تێدا هەبێت، بە ئیعتیزازەوە دەڵێت من بووم، باشە ئەندامی ئەو مونەزەمەیە تێ نەگا ئەوە خەتەرە، ئەوە جەریمەیە کە ئەو بەشدارە لەو مونەزەمەیەدا؟ چۆن تەماشای بکەین؟ جەریمەیەکی عادییە، ئینسانێکی عادییە، بەردەوام دەبێت، لەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کە لە پێش چاوی ڕۆژانە تەبەنای ئەو جەرائیمە دەکات، دەڵێت بەڵێ من کوشتوومە، ئەڵێ مەتعەم فلان من تەقاندوومە، حوسەینیەیە یان مزگەوتە من تەقاندوومە، یان چوویتە تازییە خۆی تەقاندووە، دەڵێت من بووم، لە عەینی کاتدا دووکەس دەگیرێت، ئەندامە لەو مونەزەمەیە، لەبەر ئەوەی جەریمەی نەکردووە، پێی بڵێی موخەفەف بکەی، نازانم، تێناگەم بە حەقیقەت، لەبەر ئەوە، یەعنی ئەوە فەرقی هەیە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوێکی سیاسی هەیە، وەکو ئەوەی فەڵەستینی، یاخود ئەوەی ئیرلەندی جەناحی سیاسی هەیە، جەناحی مقاوەمەی هەیە، فەرقێکی زۆری هەیە، هەر گوناحیشە ئەوانە موقارەنە بکرێن لەگەڵ ئەوانە، خەڵك شەڕی ئیسرائیل دەکاتن، ئەرزەکەی موحتەلە، پەنجا ساڵە سیراعیان هەیە، ناکرێتن موقارەنە بکرێتن لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ڕۆژانە لە تەلەفزیۆن لە ئەنتەرنێت، بە ئیعتیزازەوە دەڵێت من فلانم کوشتووە، ئەسیر دەیگرێت، یان سەری دەبڕێت، پیشانمان دەداتن لە تەلەفزیۆن ئەوە منم، باشە ئەندامێك پاش ئەو هەموو شتە، بمێنێتن لەو ڕێکخراوە، چییە؟ چ حوکمەك دەخوا؟ پەخشان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوە نیم، کە موجەرەد ئەندامێتی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ببێ بە باعیسی ئەوەی یەك نەوع حوکمی لەسەر بێت، ئێمە لێرە ئەحکام جیا کراوەتەوە بە پێی نەوعی کارە ئیرهابیەکەی کە ئەیکات، لە بەینی ئیعدام هەتا حەپسی موشەدەد، لەبەر ئەوە زەحمەتە بڵێین موجەرەد ئەندامێتی لە مونەزەمەیەکی ئیرهابی، ئیتر با ئیعدام بێت، یەعنی هی وا هەیە، لە مونەزەمەیەکی ئیرهابیە ئیشی فەقەت دروست کردنی موتەفەجیراتە کە لێرە بە 15 ساڵ حوکمی بۆ دانراوە، کە کردی، لەبەر ئەوە تەسەوڕ ناکەم، یەك حوکم بۆ ئەندامێتی مونەزەمە کافی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی من نازانم رەئیەك دەڵێن, دووبارە مەجبوورین شەرحی بكەین, سێ بارە مەجبوورین, شەرحی بكەین, دەبێت بم بەخشی پەخشان خان, حوكمی یەكێك صونعی موتەفەجیرات دەكات, لەوانە نییە, ئەندام بێت, لەوانەیە قاچاخچییە, ئەگەر قاچاخچی بوو, لەوێ حوكمی پانزە ساڵییەكە دەیگرێتەوە, لێرەش ئەو حوكمە دەیگرێتەوە, كە حوكمی دەدەین بەپێی ئەو یاسایە كە ئەندامە, خۆی مونەفیزیش بوو, لەوێشدا حوكمی جێبەجێ كردنی جەریمەكەش دەگرێتەوە, سێ حوكم دەیگرێتەوە, یەعنی مانای وانییە, لەوێ تەخفیفە, لێرە كەمكراوەتەوە یاخود زیاد كراوە, كاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز ملا فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حقیقەت ئەوەی من لێی تەحەییورم, ئەوەیە, حەقە ئەوەی لەناو ئەو مونەزەمەی ئیرهابە لەو دوو ماددەیە نێتە خوار, یان ئیعدام یان موئەبەد, چونكە ئەوەی لەناو ئەو مونەزەمەیە, هەر ئەندامێك ئەگەر هەر رۆژێك یەكێكیان بانگ بكرێت, بڵێت خۆت بتەقێنەوە و, سەد كەسیان بكوژە, ئایا نایكات؟ كەواتە لە عەمەلەكەی لە فعلەكەی ئامادەیە, هەموو سەعاتێك ببێتە قاتیلی خەڵكانێك, لەبەر ئەوەی من پێم وایە, واش داوا دەكەم, لە بەڕێزتان لەو دوو ماددەیە نێتە خوارێ, بەڵام ئەوەی ئێستا جەنابت باست كرد, من تەئیدی رەئی جەنابت دەكەم, موئەبەد بێت, با ئیعدام نەبێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبعەن, كە من رەئیەك دەڵێم, شەرت نییە, رەئیەكەم فەرز بكەم لەسەر ئێوە, عەفووم دەكەم, بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو موداخەلانەی كە كرا, ئەو رەئیانەی كە درا, دوو رەئی هەیە, رئیەك هی ئیعدامەكە ئەغلەبمان لامان برد, بەینی مۆئەبەدەكە و پانزە ساڵەكە, بەینی ئەوەی لە ماددەی سێدا بیتن, یان لە ماددەی چواردا بیتن, بۆیە دەیخەمە دەنگدان ئەوەلەن, كێ موئەیدی ئەوەیە كە لە ماددەی چواردا بیتن, كە حوكمەكەی پانزە ساڵە؟ هەتا پانزە ساڵە, كێ موئەیدی ئەوەیە كە بخرێتە ماددەی سێ, كە حوكمی موئەبەد با دەستی بەرز بكاتەوە, كەواتە ئەكسەریەت رەئییان لەگەڵ ئەوەیە كە بخرێتە ماددەی سێ كە حوكمەكەی موئەبەدە, صیاغەكەی تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بكەینە فەقەرەك بۆ ماددەی سێ, انتماء الى احدي الفقرات الواردة في الفقرة واحد من المادة الثانية من هذا القانون او كان عضواً فيها.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەم شێوەیە صیاغەم كردیە.

انتماء الى اية منظمة او حزب او جمعية او هيئة او الجماعة التي تم ادانتها بجرائم ارهابية بقرار من المحكمة ودون ان يرتكب او يساهم في ارتكاب اية جريمة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

او كان عضوا فيها, بەس كافییە, من با ماددەكەی بخوێنمەوە, لە ماددەی دوو, فەقەرەی یەك, با من عەرەبییەكەی بخوێنمەوە ئینجا كوردییەكەی,(تاسيس او تنظيم او ادارة او منظمة او جمعية او هيئة او عصابة او مركز او جماعة او تولى زعامتها او قيادتها), لێرە ئیزافەكە دەردەكەوێت, او انتمى اليها بهدف ارتكاب احدى الجرائم الارهابية المنصوص اليها في هذا القانون, تەبعەن ئەوە بۆ تەئیكد, هەدەفەكەی تێدایە, یەعنی مەبەستتان ئەوەیە كە فەقەرەیەكی تایبەت بێت, ببورن لە ماددەی سێ دەنگتان بۆ نەدا, دەبێت فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت, شەرح بكاتن, ئەوەی كە لە ماددەی دوودا هاتووە, بۆ قیادات و مونەزەمات ئەوانە, ئەگەر ئەندام بێت لەوەدا حوكمی موئەبەدە.

له ماددەی سێ ئاخیری ماددەکە فەقەرەیەك ئیزافە دەکرێت, چونکە ماددەکە دەڵێت ئەو کارانەی خوارەوە کاری ئیرهابین و, حوکم دەدرێن بە حوکمی موئەبەد, ئەخیرەکەی دەڵێت, ئەو کەسەی کە ئینتما دەکات بۆ ئەو لایەنی جیهاتانەی کە لە فەقەرەی یەکی ماددەی دوودا هاتووە, وازیحە ئێستا, فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

انتماء واسعة, یەعنی انتمای ئەخلاقی و ئینتمای مەحەبەتیش دەگرێتەوە, یەعنی دەبێت, ئێمە لێرە عزو, عزویەت ئەو کەسەیە کە ئیستمارەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە لە ئاخیرەکەی وا دەکەین, من انتمى الى الجهات الواردة في الفقرة(1) من المادة الثانية من هذا القانون, وكان عضواً فيها, باشە وا, ئەو صیغەیەش باشە ئەگەر لیژنەی قانونیش موافیقن, من كان عضواً, کەواتە وای لێدێت, من انتمى الى الجهات الواردة في الفقرة(1) من المادة الثانية من هذا القانون, وكان عضواً فيها, تەواو, بە کوردییەکەی ئەو فەقەرەیە ئیزافە دەکرێتن لە ماددەی سێ کە حوکمەکەی هەتا هەتایە, دەڵێت ئەو کەسانەش حوکمی موئەبەد دەکرێن ئەگەر ئینتمایان کرد بۆ ئەو لایەنانەی کە ئاماژەی پێکراوە, لە ماددەی یەك مونەزەمات و ئەحزابی تیرۆریستی و ئەوانە,

ئێستا دەنگتان بۆ ئەوەدا وانییە, کێ لەگەڵ ئەوەیە با دەستی بەرز بکاتەوە, کێ لەگەڵی نییە, زۆرینەی دەنگ.

ئێستا قانونەکە هەمووی وەکو یەك, ئەسباب موجبە پێویست ناکات بە موناقەشە کردنی, بەلاَم دەیخوێنینەوە, پاشی وەی وەکو قانونەکە دەنگی بۆ دەدەین, فەرموو ئەسبابی موجبە بخوێننەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارە خوازیاریەکانی ئەم یاسایە**

تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی ترسناکی جیهانی وئامانجی ترس خستنە ناودڵی جەماوەر وتۆقاندنیەتی وتێکدانی باری گشتی وئارامی کۆمەڵگە وئازاردانی خەلکە بۆئەوەی ژیان وئازادیان بخاتە مەترسی وزیان بە ژینگە وسامانی گشتی وتایبەتی بگەیەنێت. لەبەرئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی داوە وهەوڵدەدات چەند یاسایەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە وداوا لە ئەندامانی دەکات بە دڵ هاوکار بن بۆئەوەی سنووررداری بکەن وچارەسەری هۆکارەکانی بکەن ولەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش تووشی مەترسی گشت جۆرەکانی ئەم تیرۆرە بۆتەوە وتووشی دەبێت ودەرەنجام زیانێکی زۆر وگەورەی لە گیانی هاولاَتیانی هەرێم وسامانیان ودەسەلاَتە ڕەواکانی کەوتووە . بۆیە بە پێویست زانرا کە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە دابندرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی ماف وئازادیەکانی تاك و کۆمەڵ دەستەبەر دەکات.

بۆیە ئەم یاسایە داندرا

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

أصبح الإرهاب ظاهرة عالمية خطيرة تهدف إلى إيقاع الرعب بين الناس أو ترويعهم والإخلال بالنظام العام وسلامة المجتمع وأمنه وإيذاء الناس وتعريض حياتهم وحرياتهم للخطر وإلحاق الضرر بالبيئة والأموال العامة والخاصة، وحيث أن المجتمع الدولي حاول ولايزال يحاول وضع تشريعات لمحاربة هذه الظاهرة الخطيرة ومطالبة أعضائه بالتعاون بصورة جادة من أجل

وضع حد لها ومعالجة أسبابها، وحيث أن اقليم كوردستان قد تعرض ولا يزال يتعرض لمخاطر الإرهاب بجميع أنواعه وأسفر عنه أضرار بالغة وجسيمة بأرواح مواطني الاقليم وممتلكاتهم ومؤسساته الشرعية لذا بات من الضروري إصدار تشريع خاص بمكافحة هذه الظاهرة الخطرة مع الأخذ بنظر الاعتبار المعايير الدولية التي تضمن حماية الحقوق والحريات الفردية والعامة..

ولأجله تم تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ئەسباب موجبە هیچ خلافێكی لەسەر نییە, وابزانم, بەڵێ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر ئەو دیاردەیە بۆتەوە, ئەوە كافییە, با تەخەوفی لێ نەكەین.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا هەیە و, تەوەقوعی بۆ دەكەین.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كوردستان تووشی زۆر جۆرە ئەم تیرۆرە بووەتەوە و تووشی دەبێت, بە قەناعەتی من هەڵی بگرین باشترە....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زمانەوانییە, موشكیلە نییە, عەرەبیەكەی چییە؟ عەفووم دەكەن, عەرەبیەكەی دروستە, بەلاّم كوردییەكەی كە بڵێین تووشی بۆتەوە, عەرەبیەكە هەردووكی دەگرێتەوە, یعنی ماضي و حاضریش, مولاحەزەی ئەوە بكەن, تووشی بۆتەوە, یەعنی ئێستا تووشی بووە, ئایندەش بەردەوامە, ئێستا یاساكە بەگشتی بەگۆڕانكارییەكەی كە بەسەری داهات, دەنگتان بۆ دا, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ تەئیدی ئەو یاسایە دەكات؟ دەنگی بۆ بدات تكایە, كێ لەگەڵ ئەو یاسایە نییە, دەستی بەرزبكاتەوە, سێ كەس لەگەڵی نییە, بە زۆرینەی دەنگ, لێرەدا كۆتایی بەو دانیشتنە دەهێنین, زۆر سوپاستان دەكەم, تا كۆبوونەوەیەكی تر خواحافیزتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## هەینی رێکەوتی 2006/4/14

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)ی خولی هەڵبژاردن

## هەینی ڕێكەوتی 2006/4/14

كاتـژمێر (30ر10)ی پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ڕێكـەوتی 2006/4/14 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبـدالله جێگـری سـەرۆك و، بەڕێز فرست احمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن، دانیشـتنی ژمـارە(5)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژارن، سـاڵی (2006)ی خـۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خـولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی 2006/4/14دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وبەرزكردنی ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال كە لە 1988/4/14 شاڵاوە گەورەكە دەستی پێ كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان، بـەناوی گـەلی كوردسـتان كۆبوونـەوەی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەكـەین، ئـەمڕۆ كۆبوونەوەكە تایبەتە بە یاد كردنەوەی قوربانییەكانی ئەنفال كە لـەڕۆژێكی وەكو ئـەمڕۆ لـە 4/14 شـاڵاوە گەورەكـەی دەستی پێكرد، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە، بۆ یادی قوربانیانی ئەنفال، ئەوانەی تـا ئێسـتا زۆربـەیان نـەزانراون لـە كوێن، هەتا گۆڕەكانیان ئاشكرا نەكراون، بـۆ ئـەوان و بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی كوردسـتان سـاتێك دەوەسـتین بـە پێـوە، فـەرموو بەرنامەی كار بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2006/4/14دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال کە لە 1988/4/14 شاڵاوە گەورەکە دەستی پێکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, میوانانی بەڕێز, وەکو عەرزم کردن ئەو کۆبوونەوەیە تایبەتە بە یادی ئەو کارەساتە گەورەیە کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە, ئەم کارەساتە یەکەم کارەسات نەبووە کە بەسەر گەلەکەماندا هاتبێ, مێژوو چەندین جار باسی کردووە و تۆماری کردووە کە دوژمنانی گەلەکەمان گەلێك جار توانیویانە ئەو تاوانە ئەنجام بدەن, و خەڵکمان لێ بکوژن, دێهاتمان لێ بسووتێنن و وێرانی بکەن, شەڕ بەسەر میللەتەکەمان بسەپێنن, بەڵام مێژوو ئەوەشی تۆمار کردووە ئیرادەی ئەو گەلە ئەوەندە بەهێز بووە و بەقوەت بووە, پەیوەندی ئەم گەلە بە خاکەکەی ڕەگی داکوتاوە و لە خاکەکەی چووەتە قوڵاییەکی زۆرەوە کە هەمیشە گەورەترە و بەهێز ترە لە پیلانی دوژمنان, بۆیە گەلی کوردستان هەر ماوەو هەر سەربەرزە, دوژمنەکانیشی ئەو لاپەڕانەی کە دژی گەلەکەمانیان تۆمار کردووە لاپەڕەی ڕەشن, لاپەڕەی بۆگەنن, لاپەڕەیەکە شەرمەزاری بۆ خۆیان هێشتۆتەوە, ئەوان فەشەلیان هێناوە, گەلی کوردستانیش سەربەرزە بەو سەرکەوتنانەی کە بەدەستی هێناوە, بەم کارەساتانە پێیان وابوو وا دەکات گەلی کورد لەناو بچێت, زمانەکەی نەمێنێت, خاکەکەی داگیر بکرێت, ناوی کوردستان, وشەی کوردستان لەناو قاموسدا نەمێنێت, بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر تەماشا بکەین ئەو دوژمنانە خۆیان لەناو چوون, وا سەرکردەکانیان چاوەڕوانی دادگایی دەکەن لەسەر ئەو تاوانەی کە بەرامبەر بە گەلەکەمانیان کردووە, دیارە تاوانی تریشیان کردووە بەرامبەر گەلی خۆشیان, بەرامبەر خەڵکی تر, بەرامبەر گەلەکانی ناوچەکەش, ئەم تاوانانە یەك لەدوای یەك باس دەکرێن و دادگایی دەکرێن لەسەر ئەو تاوانانە, بەم نزیکانە میللەتی ئێمە چاوەڕوانە کەلەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکان تاوانبارەکان ببینێت, لەپێش هەموویانەوە صەدامی خوێنڕێژی گۆڕ بەگۆڕ چووی ڕژێمەکەی, سەرانی ئەم ڕژێمە کە یەکێکیان بە عەلی کیمیاوی ناسراوە مەسئولی ئەو سیاسەتە بوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە لە کوردستان ئەنجام دراوە, ئەگەر تاوانەکانی تر پێویستی بە مەحکەمە هەبێت دادگایی کردن هەبێت, ئەو تاوانانەی کە لەکوردستاندا ئەنجام دراون, بەڵگەنامەکان ئەوەندە زۆرن, ئەگەر بە چاوێکی مرۆییەوە سەیری بکەین, بەچاوێکی عەدالەتەوە تەماشای بکەین, بەبێ مەحکەمەش هەموو ئینسانێك دەتوانێ حوکمیان لەسەر بدات, چونکە زیندوون هەر ئێستا لەبەردەمتان ئەو کەسانەتان دیت کە بەناوی منداڵەکانی ئەنفال, شانۆگەرییەکیان پێشکەش ئێوە کرد, دێیەکان شاهیدی لەسەر دەدەن, منداڵەکانی قوربانیانی ئەنفال شاهیدی لەسەر دەدەن, منداڵانی قوربانیانی چەکی کیمیاوی شاهیدی لەسەر دەدەن, مزگەوتە وێرانکراوەکان شاهیدی لەسەر دەدەن, خواش لەسەرەوە شاهیدە لەسەر ئەوە, بۆیە دادگاییکردنیان تەنیا بۆ ئەوەیە قانونیەن نیشانی دنیا بدەن کە ئەم تاوانە چەند تاوانێکی گەورەیە, من لەزاری علی حسن مەجیدەوە ئیقرارم کرد بەرامبەر ئێمە کە وەفدی مفاوز بووین لە بەغدا لە ساڵی 1991, یەکێك لە سەبەبی نەگەیشتنمان بە ڕێککەوتن لەگەڵیان, مەسەلەی ئەنفالەکان بوون کە بێ سەروشوێنن, داوامان دەکرد کە پێمان بڵێن چییان بەسەر هاتووە, وتمان ناکرێت ئێمە بگەڕێینەوە کوردستان وەڵامی خەڵك نەدەینەوە, چییان پێ بڵێین, ماون, قەبرەکانیان لەکوێیە؟ لە کۆبوونەوەکان زۆر ئیلحاحمان لەسەر ئەوە کرد, بووە کێشە لەبەردەمی خۆیاندا, سەرانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ چوو ڕوویان کردە عەلی حەسەن مەجید ویستیان تاوانەکە تەنیا بەو ببستنەوە, ئەویش بە توڕەیی هەڵساو ڕاوەستا وتی من لە خۆمەوە شتێکم نەکردووە, ئەمە ئیقرارێکە زیاتر لە بیست شاهیدی تێدا بوو, لەوانە نۆی ئەندامی بەرەی کوردستانی ئەو وەختی, کە ئەندامی وەفدی موفاوز بوون, وتی من ئەو شتەی لە کوردستان کردوومە, من لە هەشتاو سێ هاتووم یان لە هەشتاو پێنج نازانم بە تەئکید چی بوو, وتی من

هاتووم سیاسەتێکم جێ بەجێ کردووە لە هەشتاو یەکەوە دەستی پێکردووە, وهیچ شتێکیشم نەکردووە ئیشارەتی بە سەرکردەکانی خۆی کرد کە عەلی و عزەت دوری و تاریق عەزیز و هەموو ئەو سەرانە دانیشتبوون, وتی بە بڕیاری سەرکردایەتی خۆم بووە, ئەمە ئیقرارێکە شاهێدەکان زۆریان ماون زیندوون, بەڵام ئەوەندەیە رووی لەئێمەش کرد وتی ئێوە موبالەغە دەکەن سەدو هەشتاو دووهەزار نین, سەد هەزار تێ ناپەڕن, ئەمە بووە جێی پێکەنینێکی بە سوخریە, لەبەر ئەوە دادگاییکردن بۆ مێژوو باشە, بۆ یاسا باشە بەنیسبەت ئێمەوە, بەڵام کۆتایی پێهاتووە, تاوانبارەکان دیارن, موجریمەکان دیارن, ئاسەواری تاوانەکانیشیان دیارن, ئەو مەسەلەیە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە ئێمە روومان نەبوو لەگەڵیاندا رێك بکەوین, حاجزێکی نەفسی دروست کرد لەنێوانمان, دەرچوو لە کۆبوونەوەکە وتمان دیارە هیچ ئاسەوارێکیان نییە و هیچ کەسێکیان نەماون, هەموویان زیندەبەچاڵ کردوون و کوشتویانن, لەناو قەبردا شاردوویانەوە, نازانین لە کوێیە, هەندێ ئیخبارمان بۆ دەهات, ئەمەو مەسەلەی کەرکووك و مەسەلەی دیموکراتیەت, بوو بەهۆی ئەوەی خۆشبەختانە لەگەڵ رژێمی صەدامدا رێککەوتنەکە سەرنەکەوێت, ئەمڕۆ کە لێرە کۆدەبینەوە یادی ئەنفال دەکەین ئاوڕێك دەدەینەوە دەبێ هەندێ حەقائیقمان لە بیر بێت, ئەو تاوانە گەورەیە کە بەرامبەر بە گەلەکەمان کراوە ئەنفال و چەکی کیمیاوی, دەیان هەزار کەسی تێدا کوژراوە, سەدان هەزار کەسی تر بێ باوك و بێ دایك و بێ کەس وکار بوونە, نابێ هیچ وەختێك لەبیرمان بچێتەوە کە دەڵێم لە بیرمان نەچێتەوە بە دوو جانب دەبێ لە بیرمان نەچێت, یەکێکیان تاوانەکە وەکو تاوانێکی مێژوویی گەورە کە دوژمنانی گەلەکەمان ئەنجامیان داوە, هەمیشە دەبێ خۆمان, نەوەی داهاتوومان, نەوەی داهاتووی داهاتوومان لە بیری نەکات, هەر وەختێك باسی ئەنفال کرا, باسی چەکی کیمیاوی کرا دەبێ پێش هەموو شتێك بزانین ئەو دوژمنانە کێ بوون ئەوەیان کرد و بۆچی وایان کرد, بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرین و دەرسی لێ وەربگرین, جارێکی تر رێگە نەدەین ئەو وەزعە دروست بێتەوە و دوژمنانمان زەفەر بە میللەتەکەمان بێنن, بتوانن تاوانی وا گەورە ئەنجام بدەن, لەلایەکی تریشەوە کە یادی ئەنفال دەکەینەوە, یادی شەهیدانی هەڵەبجە دەکەینەوە, یادی شەهیدانی شێخ وەسانان دەکەینەوە, یادی ناوچەی گۆبتەپە دەکەینەوە, یادی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بادینان و بارزانیەکان و کە ئەوانیش ئەنفال کراون, سەرەتاکە لە هەشتاو سێ دەستی پێکرد, بەڵام بەو شێوەیە مەعالمەکەی دیاری نەکرابوو, ئاوڕێك بدەینەوە بزانین ئەمڕۆ لەسایەی ئازادی لە کوردستاندا هەیە, حکومەتی هەرێمی خۆمانە, وەزعی میللەتەکەمان باشتر بووە لە جاران, چیمان بۆ کەس وکاری شەهیدان کردووە, چیمان بۆ کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال کردووە, ئاوڕدانەوەکە بە چاوێك بێت چی کراوە منەت نییە کرابێ, زۆر شت کراوە وەنەبێ هیچ نەکرابێ, من دیکۆمینتی زۆرم لایە, ئەوەی کراوە منەت نییە, واجبێکی بچووکە لەسەر شانی هەمووومان, لە پێش هەموو کەسێکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان, ئینجا حزبە سیاسیەکان, پەرلەمان, رێکخراوەکان, مرۆڤ دۆستان, دەوڵەتان, چی بکەن بۆ کەس وکاری شەهیدان, کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال, منەت نییە یەك واجبە, بەڵام هێشتاش زۆر ماوە بیکەین, پێویستە زیاتریان بۆ بکرێت, پێویستە بەدوای کێشەکانیان دابچینەوە, کێشەی کۆمەڵایەتی, کێشەی ئابووری, وەزعیان چاکتر بکەین, ئیهتیمام بە منداڵەکانیان بدەین, وابکەین منداڵەکانیان زیاتر لە ناو کۆمەڵدا وەزعیان باشتر بێت, وەزعی دەروونیان باشتر بێت, خوێندنیان تەواو بکەن, گوزەرانیان باشتر بکەین, تەبعەن من کە ئەو قسانە دەکەم مەبەستم ئەوە نییە بە مانگێك دەکرێت یان بە دوومانگ دەکرێت, بەڵام ئەمە دەبێ لە بەرنامەدا بێت, بەرنامە نەك تەنیا بۆ قسە, تەنیا بۆ راگەیاندن نەبێ, بەرنامە ئەوەیە دابنێی کاری لەسەر بکەی, وەزارەتەکان بەدوای دابچنەوە, رێکخراوەکان بەدوای دابچنەوە, پەرلەمانیش, رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش چاودێری ئەو کارانە بکەن کە پێویستە ئەنجام بدرێت, بۆ کەس وکاری شەهیدان, بۆ کەسوکاری ئەنفال, هەروەها بۆ چاك کردنی وەزعی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان, چونکە هەر قۆناغێك پێداویستی خۆی هەیە, هەر قۆناغێك وەزعی تایبەتی خۆی هەیە, دەبێ لەبەر رۆشنایی ئەو قۆناغەدا هەموومان بە بەرنامە کاربکەین, کەم وکوڕی کە هەیە, نا عەدالەتی کە هەیە, شتێکی نادروستە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ناعەدالیەتیە نەمێنێت, نابێ ناعەدالیەتیەکە ساردمان بکاتەوە, یاخود وابکات ئاگامان لە مەسەلە گەورەکان نەمێنێت, تەنیا ناعەدالەتی بیکەینە شیعارێك و بینووسین و لەماڵی خۆمان دابنیشین, باس کردنی گەندەڵی (فەساد) کە هەیە, بۆ ئەوەی نییە خۆی لەخۆیدا ببێتە کێشەیەك لە

بیرمان بچێت چۆن ئازادی دابین دەکەین, لەبیرمان بچێت چۆن موچەی خەڵك زیاد دەکەین, لەبیرمان بچێت چۆن دیموکراتیەت دەچەسپێنین, چۆن کۆمەڵگە یاسایی دەکەینەوە, باسکردنی گەندەڵی بۆ چاکردنیەتی, بۆ نەهێشتنیتی, بۆ چاك کردنی وەزعی کوردستانە, چاك کردنی وەزعی حکومەتە, بۆ چاك کردنی وەزعی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمە, نەك بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئیش و کارمان نەبێت تەنیا گەندەڵی باس بکەین, بەمەبەستی ئەوەی زەرەر لە خۆمان وزەرەر بە حکومەت بگەیەنین, ئێمە دەمانەوێ حکومەتی هەرێم حکومەتێکی باش بێت, بە قوەت بێت, بەهێز بێت, ئێمە تەواوکەری حکومەتین, کە دەڵێن چاودێری حکومەتین, چاودێرین بۆ ئەوەی حکومەت بە قوەت بێت, بەهێز بێت, کە باسی گەندەڵی دەکەین بۆ ئەوەیە کەگەندەڵیەکە لەناو دام و دەزگاکانی حکومەت نەمێنێت, چونکە حکومەتەکە حکومەتی خۆمانە, حکومەتی گەلە, بە خوێنی ئەو شەهیدانە و بەخوێنی قوربانیانی ئەنفال, ئەمڕۆ ئەو ئازادییە هاتۆتە کایەوە, ئومێد دەکەم ئەو کۆبوونەوەیەمان بۆ بەرز راگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال سەرەتایەکی تری باش بێت, چونکە زۆر شتی تر کراوە, بە بەرنامە کارکردن, بۆ خزمەت کردنی کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و هەموو شەهیدان, داوا لە لێپرسراوی مافی مرۆڤ دەکەم بێت بفەرمووێت راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە, دواتریش ئێمە لەو ماوەیەدا چەندین یاداشت و موزەکەرەمان بۆ هاتووە, بەناوی ژنانی ئەنفال, بەناوی رێکخراوەکانی ناوچەکانی کە تووشی ئەنفال بوونە, کۆمەڵە جیاجیاکان هەموو لەبەردەمانن, خولاصەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ کە لە پەرلەماندا هەیە, خولاصەیەکی کردووە کە بۆتان دەخوێنێتەوە, دواتر موناقەشەی دەکەین, زۆر سوپاستان دەکەم, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز ومیوانانی ئازیز.**

ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ چەند دۆسییەکمان هەیە, یەکێك لەو دۆسییە زۆر گرنگ و زیندووانە, دۆسییەی ئەنفال و کیمیا بارانە, کە دوو ئەندام لە لیژنەکە سەرپەرشتی دەکەن, بەڕێز د. شوکریە رەسول و خوشکە گوڵناز عزیز, لەو ماوەیەدا ئەو رێکخراوانەی پەیوەندن بە ئەنفالەوە ژمارەیەکیان ئامادە بوون لە پەرلەمان بۆ گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەو مەسەلەیە, کاری هاوبەش بۆ ئەوەی کە کراوە وئێمەش بتوانین لەسەر ئەو خەرمانە مەڵۆیەکی تر دابنێین بۆ دەوڵەمەند کردن و بەهێز کردنی, بەڵێ ئەمڕۆ ساڵیادی 18 هەمین یادەوەریەکی تاڵ و پڕ سۆیی شاڵاوەکانی ئەنفالە کە رژێمی دیکتاتۆریی بەعس کردیە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە مەبەستی لەناو بردنی خەڵکەکەی و سوتاندنی خاکەکەیشیان.

گەلی کوردستان پێشی مانگێك لەمەوبەر یادەوەریەکی تری پڕ ئازارمان کردەوە ئەویش ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بوو, پێناچێت لە مێژووی دوورو نزیك دا هیچ گەل و نەتەوەیەك لەماوەی دوو مانگ دا بەر دوو کارەساتی ئاوا گەورە وگران کەوتبێت, کە هەردووکیان بەمەبەستی قڕ کردن و لەناوبردنی بووە, هەرکەسێك بەووردی سەیری ئەم دوو کارەساتەی هەڵەبجەو ئەنفال بکات بۆی دەردەکەوێت ئەو رژێمە چەند درندە و دڵ پڕ لەقین بووە بەرامبەر بەگەلی کورد, بۆ مەبەستی لەناوبردنی و پەلاماری هەموو جۆرە چەك و کەرەسەیەکی لەناوبردنی داوە, شاڵاوەکانی ئەنفال تەواوی کوردستانی گرتووە ئەوە جگە لە شارە گەورەکان نەبێت و بە فەرمانی سەرۆکی کۆمار و بەدەستنیشانکردنی علی کیمیاوی بۆ ئەو مەبەستە و هەموو دەسەڵاتێکی پێداوە, ئەو تاوانبارە شاڵاوەکانی بە هەشت قۆناغ تەواو کرد لە 1998/2/23 هەتا 1988/9/25 کە لە دۆڵی جافایەتیەوە بۆ بادینان بۆ گەرمیان و قەرەداغ و دەشتی کۆیە وناوچەکانی خۆشناوەتیەوە, کە دەرەنجامەکەی وێرانکردنی ( 4500) گوند وشارو شارۆچکە و دەربەدەر بوونی نزیکەی ( 1/5) ملیون ونیوێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و بێ سەرو شوێن کردنی (182000) هەزار کەسیان لە ژن و منداڵ و پیرو زیندە بەچاڵ کردنیان بەبێ تاوان, ئەو تاوانە ئەوەندە گەورە وپڕ ئازارە هەتا ئەمڕۆش ئاسەوارەکانی ماوون لە دیار نەبوونی قوربانییەکان و مانەوەیی زۆری لە گوندەکان, وخراپی باری دەروونی هەندێ پاشماوەکانی ئەو قوربانیانە, کە پێم وایە بینینی ئەو ئاسەوار و دیمەنە دڵتەزێنانە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست

دەگرێنێت, هەر بۆیە دەبێت لەمەوپاش یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال چیتر بە تەنها بۆ خۆمانی نەکەینەوەو تەنها و بێ دەنگ خۆمان بۆ خۆمان بگرین, بەڵکو ئیتر کاتی ئەوە هاتووە یادکردنەوەی ئەو دوو کارەساتە بۆ دەرەوەی خۆمان بێت, بەتایبەتی کە ئێستا لەسەرو بەندی دروستکردنی حکومەتی یەکگرتوویی کوردستان داین و بڕیارە وەك تیمێك کار بۆ ئاینده بکەین, لەبەر ئەوە بارودۆخ زۆر لەبار دەبێت ساڵێکی تر ئەو دوو یادەوەرییە بکەینە پێناسەی خۆمان بۆ بەردەم تەواوی گەلانی دونیا و هەموو دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیار و ڕێکخراوە رەسمی و نارەسمییە مرۆڤ دۆستەکان هەموویان بە ئاگا بهێنینەوە لە قورسایی و ئازارەکانی ئەو دوو کارەساتە و دڕندەیی ئەو رژێمەی ئەوەی کردووە.

هەروەها پێیان رابگەیەنین کە گەلی کورد لەناو ئەو خوێن و ئاگر و سوتمان و دووکەڵە ڕەشەدا هەڵسایەوە و ئەمڕۆی دروست کرد, هەروەها دەبێت بە تەواوی ناوەندەکانی بڕیار و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بخەینە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و ئینسانی لەبەرامبەر ئەم دوو کارەساتە گەورەی هەڵەبجە و ئەنفالەدا کە دەبێت وەکو هاوشێوەکانیان حیسابیان بۆ بکرێت و دۆزی ڕەوای گەلەکەیشیان بە هەمان شێوە لە نەتەوەیەکگرتووەکانی دا بنرخێنرێت. ئێمە ئەمڕۆ لەپەرلەمانی کوردستانەوە کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانە و بەناوی شەهیدان و قوربانیانی ئەو دوو کارەساتەوە تەواوی دەوڵەتانی خاوەن نفوزو ناوەندەکانی بڕیارو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەخەینە بەردەم ئەو بەرپرسیاریەتەوە, هەروەها حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەپێی بنەماکانی (عەدالەتی انتقالی) پێویستە بەرەسمی داوای لێبوردنی بکات لە شەهیدان و قوربانیان و کەسوکاری ئەو دوو کارەساتە و قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە, هەر بۆیە داوا دەکەین لە داهاتی نەوت ڕێژەیەك تایبەت بکرێت بەو ناوچانەوە و سەربەخۆ بێت.

هەروەکو لە دەستوریش ئاماژەی پێدراوە بەناوی (ئەو ناوچانەی مەحروم کراون) مادده (112, 132).

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان, پێویستە بە دوو ئاراستەکاری جددی بۆ ئەم مەسەلەیە بکات, بە ئاراستەی دەرەوە کاری پێویستی بۆ بکات و ئەو پەیوەندی و دۆستایەتیەیی هەیە لەو بوارەدا سوودی لێ وەربگیرێت بۆ گەیاندنی بە نەتەوە یەکگرتووەکان, بە ئاراستەی ناوخۆدا کەس و کاری شەهیدان و قوربانیان ئەو دوو کارەساتە کۆمەڵێ داوای ڕەوا و پێویستیان هەیە و بەقەناعەتی بەندە کەمترین داواکاریە دەیکەن, جێگای خۆیەتی کابینەی پێنجەمی حکومەت بە دەمەوەچوونی ئەو داواکاریانە بخاتە ئەولەویەتی کاری حکومەتەوە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکی ئەو داواکاریانەن, کە هەندێکیان کاری باشیان تێدا کراوە ە هیوادارین ئەو هەندەیشی ماوە لەم کابینە نوێیەدا تەواو بکرێت:

1-پەرلەمانی کوردستان 4/14 بکاتە بۆنەیەکی نیشتمانیی هەموو ساڵێك بەم جۆرە یاد بکرێتەوە.

2-کارکردنی جددی بۆ هێنانەوەی ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوەکان لە ڕێگای لیژنەی دوەلی بزربووەکانەوە (ICMP).

3-بڕیا بۆ دروستکردنی یادگاریەکی شایستە بە ئەنفالەوە.

4-موچەی واریسەکان زیاد بکرێت بەشێوەیەکی شیاو وباش.

5-دروستکردنی گوندی هاوچەرخ بۆ ئەو ناوچانەی وێران کراون.

6-خانوو دروستکردن بۆ واریسەکانی قوربانیان.

7-هەڵوەشاندنەوەی ئەویاسا و بڕیارانەی ڕێگرن لە بەردەم داواکارییە ڕەواکانی کەس و کاری قوربانیان.

8-کردنەوەی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەنفال.

9-پێنج پلە بدرێتە قوتابیانی کەس وکاری ئەنفال و کیمیا باران بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆکاندا.

لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو وڕێز بۆ گیانی پاکی ئەوانەی کە ئەمڕۆیان بۆ ئێمە دروستکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوەی دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم مەوزووعە با دەستی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەکان بنووسین, کاك شێروان ناوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. شوكریە, شێخ ئاخیر, كاك دیلمان, چنار خان, شێخ ادهەم, د. ناصح, كاك ئاریز, كاك عادل, كاك هیوا, چرۆ خان, كاك جمال, شێخ جعفر, كاك حاتم, كاك ڕێبین, كاك بەڵێن, كاك شوقی, سوزان خان, كوێستان خان, د. نوری, كاك زرار, تاڤگە خان, صبریە خان, كاك سەردار, كاك شعبان, كاك عوسمان, كاك كریم بحری, كاك احسان, ڤیان خان, گوڵناز خان, هالە خان, گەلاوێژ خان, كاك زانا, كاك محمد صالح, سوارە ئاغا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناوی چل و دوو كەسمان نووسیوە, بەلاَم من سەرەتا داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خەڵكی ناوچە ئەنفالكراوەكانن ئەوان قسە بكەن, كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی زۆر سوپاسی ئەم بڕیارە دەكەم كە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو بڕیارەی دا كە ئەم دانیشتنە بكرێ بۆ ئەو یادە كە بەرزراگرتنی یادی ئەنفالەكانە, بەحەقیقەت من لێرە كۆمەڵێك خاڵ هەیە حەقە باسی بكەن وەكو ئەوەی تر كە باسكرا لەگەڵ كەس وكاری ئەنفالەكان ئەوە بوو كە وتمان ئەنفال ئێستا تەقریبەن بۆتە سێ بەش, بەشێكی ئەوە بوو كە نیزامی عەفلەقی بردی و تاكو ئێستا بێ سەرو شوێنن, بەشی دووەمی ئەوەیە كە لە مەنتیقە جنوبیەكاندا لە سجنەكانی نیزامی عەفلەقیدا مردن وئەوەشی كە مایەوە بە مردوویی گەڕانەوە وئەوەشی نەما, ئەوەی كە ماوە بەشێكی كەمی كەس وكاری ئەنفالەكانە, باشە چی بكرێ بۆ ئەوانە؟ ئەوەی كە ئێمە ئەمڕۆ تەماشای بكەین, ئەوەی كە من ئاگادارم ڕاستە شت كراوە, بەلاَم تاكو ئێستا ئەوەی كە بەقەد قورسایی ئەنفالەكان بێت, بەقەد ئەو تەزحیە گەورە بێت كە كاری ئەنفال تەنیا بۆ ئینتیمایەكی حزبی بووە, مەوقیفێكی كوردانە بووە, بەحەقیقەت هیچ شتێكی وا بۆ كەس وكاری ئەنفال نەكراوە, وەكو خۆی كە ئیحصای بۆ بكرێ, ڕاستە شتی بەو جۆرە كە عەرزم كردن كراوە, لێرە ئیشارەت بدەین بە مۆنیمۆتێك, ئیشارەت بەوە بدەین كە مۆنیمۆتێك دروست بكرێت بۆ كەس وكاری ئەنفالەكان وەكو یادگارییەك, وەكو ڕەمزێك, بەلاَم ئەبێ ئەو مۆنیمۆتە دروست بكرێت بەقەد قورسایی قەزیەكە بێت, بەقەد قورسایی تەزحیەكە بێت, نەك هەروا تەماشا كردنێك و ئیشارەتێك و هیچی تر, دوو شەهیدانە, تاكو ئێستا كە ئاگادارین شەهیدانە هەموو ئەو كەسانەی كە شەهید بوون لە پێناوی كوردو كوردستان, شەهیدانەیەكی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەتوانم بڵێم كەس وكارەكەشی تەقریبەن هەیەتی, بەلاَم ئەنفال تاكو ئێستا شەهیدانەیەكی وای نییە كە حیسابی شەهیدانەی بۆ بكرێت, ڕەنگە واش بێت وەكو منەتێكیش بێت, وەكو مەنحەیەكی حزبیش بێت, لێرەو لەوێ شتێكی حزبی بۆ بكرێت, ئەویش وەكو منەتێك نەوەك وەكو شەهیدانەیەك, حەقە شەهیدانەیەكیش بۆ ئەنفال بكرێت بەشێوەیەكی شەرت و شروت, بەشێوەیەكی یاسایی چۆن شمولی دەكات بەم شێوەیە, خاڵێكی تریشمان هەیە لە ڕووی نیشتەجێبوونەوە, بەحەقیقەت تاكو ئێستا هیچ شتێكی وا بۆ ئەنفالەكان نەكراوە, ڕاستە لەم لا و ئەم لا پارچە زەوییەكی دراوەتێ, بەلاَم پارچە زەوییەك كەدراویەتی لەبەر نەبوونی و لەبەر بێ جێیی و لەبەر بێ ئیمكانیەتی, ئەتوانم بڵێم فرۆشتویەتی بە خەڵكێكی تر و خەڵكێكی تر ئیستیفادەی لێ كردووە و ئەو هیچ ئیستیفادەیەكی لێ نەكردووە, ئینجا من لێرە یەك دوو پێشنیارم هەیە, پێشنیارێكم لەو شوێنانەی كەوا كەس وكارێكی یەكجار زۆر ئەنفال هەیە و ئەنفال بوون تێدا, بۆ نموونە وەكو مەدینەی شۆڕشی چەمچەماڵ, بەحەقیقەت با لەو شوێنانە سێ چوار هەزار خانوو بكرێت لەسەر بودجەی حكومەتی عێراق و كلیلەكەی بدرێتە دەست خانوی شەهیدانی ئەنفالەكان, یا لەشوێنی ناوچەی صمودی گەرمیان كە ئێستا ڕزگاری بووە, لای كەلار, لەو شوێنانە دوو سێ هەزار خانوو بكرێت و بدرێت بە كەس وكاری ئەنفالەكان, نەك پارچە زەوییەك, دوایی خەڵكێك پێشتر جاش بووە, یا پیاوی حكومەت بووە, پارە لەوانە وەربگرێت, هیچ ئیستیفادەی بۆ ئەو نییە, لەوەش گرنگتر لە شوێنێك وەكو دیانا و مێرگەسوور خانوویەكی زۆر بكرێ بۆ كەس وكاری شەهیدانی ئەنفالەكان و ئەو كەسانە ئیستیفادەی لێ بكەن, هەموومان دەزانین لە ساڵەكانی 1988 هەموو ئەنفالەكان جیاكرانەوە لە خەڵكی تر, لەو خەڵكانەی كە پیاوی حكومەت بوون بە تایبەتی, ئەیانبردنە شوێنێك ئوردوگایەكی زۆرەملێی قەسری كە تا ئەو پەڕی لە تێنویەتی و برسیەتی و تۆز وخۆڵدا بخنكێن, با ئێمە جیایان بكەینەوە لە خەڵكی تر, بادیار بن لە

ناوخەڵكدا بڵێن ئەوانە ئەو خەڵكەن كە تەزحیەكی گەورەیان دا لە پێناوی كورد و كوردستاندا, لەسەر مەوقیفی كوردانە تیاچوو, با بەرپرسیاریەتی هەندێ دام و دەزگای مەعنی, بەتایبەتی بەڕێوەبەراتیەكی مۆنۆمێنتێك, شوێنێك, رەمزێك, با ئەوانە بدرێتە كەس وكاری ئەنفالەكان, بدرێتە دەست ئەو خەڵكانەی كە موزەحین, ئەو خەڵكانەی كە سوتاون لەو پێناوە, با كەس وكاری ئەوانە بێت, هەتا ئەو پۆلیس و حەرەسانەش كە ئەكرێنە حەرەس و پۆلیسی ئەو مۆنۆمێنتانە, با ئەو كەسانە بن كە خاوەنی ئەنفالن, خاوەنی شەهیدن, ئەو كەسانە بن كە دەم وچاوێكی جوانیان هەیە, خەڵكێك نەبن كە تا دوێنی خەڵكی ئێمەیان ئەنفال كردووە, ئەمڕۆ قائید بن, ئەمڕۆ مودیر بن, ئەمڕۆ سەركردە بن, ئەمڕۆ ئەوە بن ئێمە دووبارە بچینەوە تكا لەوان بكەین و لەبەردەمیان كرنۆش ببەین, جگە لەمانەش هەندێ پێشنیاری تریشم هەیە دادگایی كردنی سەرجەم ئەوانەی كە كاتێك كە ئەنفالی كوردستان كراوە, مەسئولیاتیان بووە, دەوریان بووە لە ئەنفال كردنی خەڵكی ئێمە وخەڵكی كوردستان, هەر كەسێك بێت حەقە ئەوانەش بكرێنە دادگاوە ودادگایی بكرێن, چونكە بەحەقیقەت یەكێك بوون لە كەسە گرنگەكانی ئەنفال كردنی خەڵكی ئێمە و خەڵكی كوردستانی ئێمە, بەبێ بەزەییانەش, خاڵی تریش ئەوەیە كە عەرزم كردن كەسانی رابردوو پاك تاكو كەس وكاری ئەنفال و شەهیدەكان لەو جێگایانە دابنرێن و لە گشتی گرنگتر دروست كردنی گڵكۆیەك وەكو مەزارێك بۆ شەهیدانی ئەنفالەكان لە جێگایەكی شیاو لەم كوردستانەی ئێمە, بە هێنانەوەی ئێسك و پروسكی ئەو شەهیدانە لە هەر كوێ دۆزیانەوە, لە شوێنێك كۆبكرێنەوە و ببێتە شوێنێك و گڵكۆیەك بۆ یادگاری, هەتاكو كەس وكاری شەهیدان بتوانن بچن رۆژانە, یان هیچ نەبێ ساڵانە یادی كەس وكارەكانیان لەوێ بكەنەوە, بتوانن فاتحایەكیان بۆ بخوێنن, هیچ نەبێ ئەم زام و زوقەی لەناو دڵیاندا هەیە, نەختێك سارێژیان بكەن, دووبارە سوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم كە ئەم هەلەیەی رەخساند و ئەم جەلسەی ئەمڕۆ كە قەرار درا كە یادێكە, وسوپاسیان دەكەین هەموو وەكو كەس وكاری ئەنفال بوو, وەكو ئەندامی پەرلەمانی كوردستان, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كۆمەڵێ پێشنیارم هەبوو, كاك محمد لە راپۆرتەكە باسی كرد, هەروەها كاك حاتمیش باسی هەندێكی كرد, بەڵام یەك دوانەكی هەیە, پێم وایە باس نەكرا, هەڵبەت شایەنی رێز گرتنێكی گەورەیە كە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەمڕۆی وەكو رۆژێكی مێژوویی, رۆژێكی كارەساتباری نەتەوەكەمان تەرخان كرد بۆ ئەم دانیشتنە, وەكو هەموو لایەك ئەزانین كە پەرلەمان نوێنەری گەلی كوردستانە, ئەنفالیش دژ بە گەلی كوردستان كراوە, ئەوە نییە بڵێین دژ بە چینێك یان كۆمەڵێك كرابێت, بۆیە من داوام وایە پەرلەمان هەموو تواناكانی خۆی بخاتە گەڕ, بۆ ئەوەی لە تاوانێكی ناوخۆیی كە زۆر بچوك تەماشا دەكرێت, دەربكرێ لە چوارچێوەی قانونی دەولیدا موعامەلەی لەگەڵدا بكرێت, بەراستی ئەوە بە هەموو پێوەرێكی قانونی دەولی جینۆسایدە دژ بە گەلی كورد, وەكو هەموومان دەزانین ئەوە لە بۆسنە و هەرسك كە ئێستا ئەو سەركردانەی كە بەشدار بوون لەو جینۆسایدە, ئەوانە هەمووی لە دادگای نێو دەوڵەتیدا موحاكەمە دەكرێن, بۆ ئەوەی ئێمە لەو مونتەلەقەوە كە ئەو تاوانە وەكو تاوانێكی نێو دەوڵەتی توانیمان ساغی بكەینەوە, ئەتوانین نەك حكومەتی عێراقی مولزەم كەین بەوەی كە تەعویزی ماددی و مەعنەوی و هەموو زیان لێكەوتەكانی ئەنفال بداتەوە, بەڵكو تەنانەت ئەو كۆمپانیایەش كە هاوكاری رژێمی صەدامیان كردووە, بۆ ئەوەی لە نەتیجەی كیمیا بارانی كۆمەڵێك شوێن لە كوردستاندا خەڵك بەو شێوەیە تەسلیم بێت و خۆی بدات بە دەستەوە, بۆ ئەوەی بتوانین لە دوارۆژدا ئێمە تەعویزی كەس و كاری ئەنفال لەو كۆمپانیایەش وەربگرینەوە, پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە ئێمە راستە لە حكومەتی داهاتوو وەزارەتێكمان دەبێ بەناوی وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفال, من پێم باشە پەرلەمان لیژنەیەكی سەربەخۆ بەناوی لیژنەی كاروباری ئەنفال, بۆ ئەوەی بەدواداچوون بكات بۆ هەموو كێشەكانی ئەنفال, كێشەی ئەنفال تەنیا ئەوە

نییە من خانووی بدەمێ یان زەوی بدەمێ, رەنگە کابرایەك ئێستا بیست کەسی ئەنفالە و پیرەمێردێکی حەفتا ساڵیە, کۆمەڵێ موعاناتی نەفسی هەیە, یان منالێکە لە سۆزی دایك و باوکایەتی بێ بەش بووە, کۆمەڵێك گیروگرفتی نەفسی هەیە, جگە لەوە کۆمەڵێ کێشەی قانونی هەیە کە کەس وکاری ئەنفال پێوەی ئەناڵێنن لە دام و دەزگاکانی کوردستاندا, بۆیە من داوام وایە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە لەپەرلەمان لیژنەیەکمان هەبێت, ئەو لیژنەیە موتابەعەی ئەو وەزعە بێت هەتاکو کێشەی ئەنفال یەکلایی ئەکرێتەوە, ئینجا سەبارەت بە دروست کردنی مۆنۆمێت و هێنانەوەی تەرمی ئەنفال کراوەکان, من پێم باشە سەبارەت بە مۆنۆمێتەکە راپرسی بە کەس وکاری ئەنفال بکرێت لە کوێ دائەنرێ, یانی پەرلەمان با خۆی ببێتە مەرجەعی ئەوە, نەك ئەو حزب و ئەو حزب, بەراستی تا ئێستا ئەوەی بۆ کەس وکاری ئەنفال کراوە رەنگە ئەتوانم بڵێم جهودی شەخصی تاکە کەسێك مەوزوعەکەی هین کردووە, راستە یانی نە حکومەت, نە قیادەی سیاسی نەهاتووە لەسەر بنەمایەکی دراسەیەکی ورد پیاچوونەوە بکات بە حاڵی یەکە بەیەکەی ئەنفالکراوەکان لە چ وەزعێکدان, رەنگە هەندێ عائیلەی ئەنفالمان هەیە ئموری ماددی باشە, بەلام کۆمەڵێ موعاناتی نەفسی هەیە, رەنگە هەندێك ئموری ماددیان زۆر خراپ بێت, سەکەنی نییە, نەخۆشە, صحیەن ناتەواوە, جا بۆیە من داوام وایە ئێمە بتوانین لە داهاتوودا لیژنەیەکی کارا دروست بکەین, بۆ ئەوەی ئەو کێشانە بەدواداچوونی بۆ بکات, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من پشتگیری لە زۆربەی ئەو داخوازیانە دەکەم کە لە راپۆرتە کورتکراوەکەی لیژنەی مافی مرۆڤدا هاتبوو, پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەك لە پەرلەمان کە مەعنی بێت بە کاروباری ئەنفال, بەراستی وەکو ئاشکرایە لای هەمووان پرۆسەی ئەنفال, پرۆسەیەکی هەمە لایەن بوو, هەرچەندە بەسەر زاری یانی شاڵاوێکی عەسکەری بوو, بەلام ئامانجی ئەو پرۆسەیە ئامانجی سیاسی, ئابووری, کلتوری, یانی هەمەلایەن بوو, بۆیە چارەسەر کردنی یان بە پیرەوە چوونی ئاسەواری ئەو پرۆسەیە, ئەبێ بەو شێوەیە هەمەلایەن بێت, واتە هەڵگری ئەو ئەرکەش دیسان هەمە لایەنە, بە پەرلەمانەوە بە حکومەتەوە, بە ئەحزابەوە, بە رێکخراوە کۆمەڵگای مەدەنییەوە, بە هەموو تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە, بەر لە گشت برادەرانی پێش من کە قسەیان کرد باسی ئەوەیان کرد, بەر لەگشت سووك کردنی ئەو ئاسەوارە لەسەر کەس وکاری نزیکی ئەنفال, هەموو کوردستان خاوەنی ئەنفالە, یانی خۆی بە خاوەنی ئەنفال دەزانێ, نەك تەنها ئەو کەس وکارانەی کە نزیکن, چونکە ئەنفال لەسەر کوردستان کرا, مەقصود ئەو عائیلانە نەبوون, مەقصود خەڵکی کوردستان بوو, مەقصود مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بوو, بۆیە ئەڵێم هەموو خاوەنی ئەنفالین, بەلام پێش گشت شتێك سووك کردنی ئاسەواری ئەو پرۆسەیە لەسەر کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال, دووبارەی ناکەمەوە ئەو پێشنیارانەی کە برادەران پێش من باسیان کرد, بەراستی پرۆسەی ئەنفال تەنیا مەسەلەیەکی یاسایی نییە, مەسەلەیەکی سیاسیە کە ئێمە برادەران باسیان کرد لە دەرەوە سوودی لێ وەربگرین نەك بە مانایەکی نەفعی, یانی وەك چۆن بەکاری دێنین, بۆ ئەوەی گەلانی تریش لە دنیا رووبەڕووی ئەم جۆرە کارەساتە نەبنەوە, لەناوەوە چۆن سوودی لێ وەردەگرین, ئەنفال تەنها بەرامبەر بە لایەنێك یان کە هاتن ئەنفال چییەکان, نەیانپرسی ئەمانە کێن, یەك شتیان لە مێشکدا بوو, چۆن جینۆسایدی نەتەوەیەك دەکەن, بۆیە پێم وایە ئەزموونی ئەنفال بۆ ناویشەوە زۆر گرنگە لەڕووی سیاسیەوە, بەڕاستی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری و لایەنەکانی تر, یاسا ئەوە پەرلەمان لایەنێکی یانی بالاترین دەزگای یاسا دانانە, بەلام یاسا چۆن جێبەجێ دەکرێت, یانی پەرلەمان خۆی موراقەبەی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە دەکات, بەلام ئەوە کافی نییە, چۆن ئەو یاسایانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چ لە ئاست مەسەلەی ئەنفالە, و چ لە گشت ئاستەکانی ترە, چۆن جێبەجێ دەکرێن؟ سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونی ئەو برادەرانە دەکەم کە لەو خاڵانە قسەیان کرد, پەیامی من بۆ ئەو دانیشتنەی پەرلەمان ئەوەیە بە دوو ئاراستە ئیش بکەین, یەکێك لەوانەی پەرلەمان لە دوای ئەم دانیشتنەوە کۆمەڵێ پێشنیارمان هەیە, پەیوەندی

به عێراق و پەرلەمانی عێراقەوە هەیە, یەكێك لەوانە دانانی ڕۆژی 4/14 وەكو ڕۆژێكی ماتەمینی لە عێراق, حكومەتی عێراق ئیجبار بكرێت تەكلیفی لێ بكرێت لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەی خۆمانەوە لە پەرلەمانی عێراق, بەرەسمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات, سێیەم شت كە پەیوەندی هەیە بە حكومەتی عێراقەوە دان نانە بە وەفاتی ئەوانە, چونكە ئێمە تا ئێستا ژمارەیەكی زۆری پاشماوەی ئەنفالمان هەیە, لە دەرەوەی سنووری هەرێم دەژین و كێشەی یاساییان هەیە, ناسنامەی شەهیدیان بۆ دەربچێت, چوارەم شت پەلە كردن لە دەست نیشان كردنی شوێنی مۆنۆمێنتەكە, ئەگەر پەرلەمان بە ڕاپرسی لەگەڵ نوێنەری كەس وكاری ئەنفالەكان, یا شوێنێك هەڵبژێرین, چونكە ئەوە یەكێكە لەو پەیامانەی كە ئەمساڵ پەرلەمان دەتوانێ پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی هەبێ لەگەڵ ناوەندا, وەكو ساڵانی پێشوو نییە, كە ڕژێم لەدەسەڵاتدا بووە, بە ئاراستەیەكی تر بۆ ناوخۆ, ئێمە لە تەشكیلەی حكومەتی نوێ كە وەزارەتی شەهید وئەنفالمان هەیە, ئەو بڕیارەی كە بۆ مووچە دانانە, بكرێتە بڕیارێكی سەرتاسەری وڕێژەی موچەكە بەرز بكرێتەوە, لەدوای مووچە پێدانەوە ئاوڕ لە بژێوی شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوڕ لەلایەنی دەروونی بدرێتەوە, چونكە ئێمە تا ئێستا لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا, هەست بە ناهاوسەنگیەكی یادكردنەوەكە دەكەین, هەر ئەمڕۆ بۆ خۆم گوێم لە چەندین كەناڵی ڕادیۆیی گرتووە بە كەمی بایەخیان بەو بۆنە گەورەیە داوە, ئەمە نەقصێكی گەورەیە تەئسیری لەسەر دەروونی كەس وكاری ئەنفالەكان هەیە, و ئەو خاڵانەی تری هاوڕێیان كە باسیان كرد من پشتگیری لێ دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستی جێی خۆشحاڵی و سوپاسیە كە ئەڤرۆكە ئەو یادە ساغر كریەوە, سوپاسێ هەڵوێستێ و هەڤاڵانێ و پشتگیریا ڕەئیا وان دەكەم, دەربڕینیش داخوازیا گشت ئەنفالیێ دەڤەرا بادینان و وەكو هەموو دەڤەرێ دی كە كەڤتە بەر شاڵاوێ ئەنفالێ, دڤێت شتێ مێژوویێ نیشانا بدەین كە كورد حازر بووی لڤێرێ وەكو دیار, لە ساڵا 1983 ئەنفال دژی بارزانیە كریە, و دبێژێ دژی فەیلی هاتیە, ئەوا ڕژێمی بە ڕەنگێكی ڕەسمی ئیعلان كریە ئەنفال, و لەمانگا چوار ساڵا 1988 بوو, لەبەر هەندێ لە مانگا چارێ ساڵا 1987 ڕژێمی خەتا سوور داینا و لەوەختێ خەتا سوور داینا بێ كو ناڤا ئەنفال بێتە سەر, دەست كر بە وێرانكرنا گوندا و هەرچی زیندیەك هەبێت حەیوان بێت, مەڕو ماڵات بێت, تەیر وتوان بێت, ڕژێمێ دەست پێكر, ئەوانە كوشتن و خەلكێكی گرتیە و بێ سەروشوێن كردیە, بەر هەندێ تەمەنێ ئەنفالێ دژی میللەتی كورد, نازانم نە گرێ دەی ئەو ڕۆژا ڕژێما صەدام ئیعلان كری, كە وی ڕۆژی دەست كریە بە جینۆساید كردیە, ئەم وێ ڕۆژێ حیساب بكەین, جینوسایدێ وان كەڤتر بووەش عەمەلیە كو وان ناولێ نای ئەنفال كرن, وان ئەنفال كرنا بێژین ساڵا 1987 دا بە ڕەنگێكی عەلەنی وەكی خەتەكی سوورا دانای, مەنتەقە ڕزگار كری گەل مەنتیقە دی ژێر كۆنترۆلا ڕژێمێ هاتنە ژێر جودا كرنا, ئان كو مەنتیقە لە دەسەڵاتا شۆڕشێ و مەنتیقە ژێر دەسەڵاتا حكومەتێ هاتە ژ تەڤاندن, و ێ هەر شتەكی زیندی و هەر حەركەك هەبایە لە مەنتیقە ڕزگار كری ڕژێمی بەردای بە گولەو تۆپباران و كیمیا باران كرن, كیمیا باران كرن لە ساڵا 1987 دەستی پێكرد, لە مەنتیقا شێخ وەسانان و مەنتیقەی بالیسان و مەنتیقەی بادینان, لە هەیڤا پێنج لە مەنتیقا بادینان مەقەراتێت ئەحزابێ كوردستانێ هاتنە گوللە باران كرن و تەیارە بۆمباران كرن و كیمیا بارانی و لە مشتە جینۆسایدێ ڕەنگێ چەكی كیمیاوی هەنگێ دەستی پێكر, لەبەر هەندێ ئەڤە هەمی دێنە ئیزافە كرن سەر كۆما وان مێژوو هاتیە دەست نیشان كرن لە ڕاپۆرتا لیژنا ماڤێ مرۆڤدا, وەكو بێتە دەست نیشان كرنیش ئەڤ عەمەلیاتەكانی وەكو حەملە جینۆسایدێ و قر كردنا نەتەوەیەكی ژ كەنگێ دەستی پێكردیە, هەمی كریارێ شۆڤینی دەستت ڕژێما دیكتاتۆری بەعسا عەفلەقی دژی خەلكی كوردستانی بگرە ڕاگواستنێ گونداو دەربەدەر كردنا خەلكی و تاڵانكردنا گوندا, چونكە مەفهوما ئەنفال مەفهومێكی دەست كەفتیایە, كە هەر شتەك بوو دەستێت وان كەسان بگریت كە هێرش هێنایە سەر مەنتیقە, وەختێ خەلكی مە ڕای كردیە لەسەر گوندا وگوندی وی كردیە ماڵێ حكومەتێ ڤە جوندێ حكومەتێ یان سەربازێت وان یان چەتێت وان هاتن ماڵ و موڵكی خەلكی بۆ خۆ تاڵانێ بردی, ئەڤە ئەنفال بویە دژی خەلكی مە كری, بەرهەندێ ئەڤە هەمی بێنە ئیزافە كرن, شرایی تر بەراستی باسكردن بەحسا ئەنفالا گەلەك هاتیە كرن ژلایێ ئیعلامیێ, ئەم بلا شتێت ڕەمزی دەربكەوین, نەبەحسێ هێمایێ بكەین, ئەم هەندێ

تشتێ عەمەلی بکەین بۆ ئەڤ خەلکێ برینا ڤیچەك باش بکەین و چارەسەر ببن, برینێت وان بە ئاسانێ چارەسەر نابێت, چونکە برینەکا هی نەتەوە هەمییا, یانی ئیحتیمالە یەکێك هەیە کوڕێ ویە یەکێك هەیە مامێ ویە, یەکێ هەی پس مامێ ویە, یەکێ هەی گوندی ویە, یانی میللەتێك کامل کەڤتیە بەر لافاوا ئەنفالێ و هەمی ناخۆشیت وانە, ئیحتیمالە ئەڤ حالەتێ کەئابە گشت نەتەوەی کورد تێدا ئەنجامێ وێ سیاسەتە ئەنفال کرنا نەتەوەی کوردە, هەتا ئەڤرۆکە میللەتی کورد تێدا دەنالێت, بەر هەندێ ئەم شتەکی عەمەلی بکەین, لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران کو بەر هەیامەکە هاتیە پەسند کردن ژلایی پەرلەمانی کوردستانێدا, تەصور دەکەم فەقەرەیەکی تر وەزارەتی شەهید و ئەنفالە, هەرچی کار بێتە کرن و موئەسەسەیەکی تایبەت ئەڤ شەهیدانە بێتە کرن, ئەڤ موئەسەسەیە موتەکامیل بێت بۆ موعالەجاتێت نەفسی, بۆ موعالەجاتێت صحی, بۆ خەدەماتێت یەك زانستی بۆ حەل کردنا خۆشی بۆ هەر لایەنێکی گرنگا ژیانا ئەنفال کرنێ و پێ چارەسەر ببێت, ئەڤ موئەسەسە ئیختیصاصاتێ هەموو بارێ جیهانا ڤی خەلکی تێدا هەبێ و ئیمکانیاتا باش بەدەستێ هەبێت, ئەم میۆنۆتە بکرێت و سبەی وەکو هەڵەبجە خەلکێك بەس بۆ راگەیاندن بچێت بۆ ئەوێ, نەء , ئەگەر تەحالی وی ئیهتیمامێ پێدا بارێ ژیانا وی چارەسەر کرد, تا راتبێك بۆ کەس وکاری وی دانا, زاروکێکی بردنە خوێندنگهە ئان باخچە ئان کولیەتە قەبول کرن, ڤە خانووی بۆ پەیدا کرن, کو باس کرن بەڵێ ئەوە ئیهتیمامەکی ئەنفال کریە, وەکو ئەم ئیهتیمامێ دەدەینە شەهیدا, هەرچەندە ئەڤە بۆ شەهیدیش دێتە کرن, فەرق و جودایەك هەیە و ئەو حەقەیە بدەینە شەهیدا, بدەینە ئەنفال, بەرەنگێکی بەرز تاکو هەنوکە ناگەیەنێتە خەلکێ, بەر هەندێ هەست کرن بە عەدالیەك دێتە کرن, ئەگەر ئەم بشێین وی بەرنامەی دانێین, ئەم تشتە سەرتاسەری کوردستانێ تەوحید بێت و بەرژەوەندیە تەبایی و بەرچاو بگرین, و ئێك چاو بەرێ خۆ بدەینە هەمیا, ئەو بڕیارە دەرکەین و مەصلەحەتیا هەمیا با هەمیا وەکو یەك بێت, بەر هەندێ ژلایێ دەروونی خەلکێ مرتاح بێت و ژلایێ ئابووری و حالی وێ خۆش بێت, باشتر تەفاعل لەگەڵ وەزعی خۆی ئیجتیماعی و موجتەمەعی مە بکەین, باشتر خزمەتی خەڵکی خۆ بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من لێرە کۆتایی بە قسەکانی برا ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دێنم, کە بەناوی ناوچە جیاجیاکان قسەیان کرد, لەبەر ئەوە بە تەسەلسولم نەکرد, دەگەڕێمەوە سەر تەسەلسول بۆ ئەوان موداخەلەم نەکرد, وەختەکە کراوە بوو, لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی هەیە, ئەگەر قسەکان دووبارەش کرایەوە و وەختی زۆری هێنابێ, بەڵام تکام لەو بەڕێزانەیە کە لەمەودوا قسە دەکەن, یەکەم هەوڵبدەن کە ئەو قسانەی کە کراوە دووبارەی نەکەنەوە, ئیلتیزام بە وەختیش بکەن, فەرموو د. شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەوە سۆزی خۆم پێشکەش بە قوربانیانی ئەنفال کراوەکان, خێزانی پاشماوەی ئەنفالەکان دەکەم, بەراستی مەسەلەی ئەنفال و پڕۆسەی ئەنفال برینێکی گەورە بوو لە جەستەی میللەتی کورددا, هەر لەو کاتەی کە علی حسن مجید کرا بە حاکمی موتڵەق, بە پێی بڕیاری قیادەی سەورە لە 20/4/ 1987وە بۆ کاولکردنی کوردستان, کە چەندین مانگی خایاند بێ جیاوازی بۆ لەناوبردنی وجودی کورد, هەر لە گەرمیانەوە تا دهۆك و زاخۆ و ئامێدی گرتەوە, ئەم مەسەلەی ئەنفالە وەکو باسیان کرد, ئاسەوارێکی گەورەی خستە ناو کوردەوە هەموومان پێوەی دەناڵێین, چ جای پاشماوەی ئەنفال, هەموومان لە چاوەڕوانکردنێکی بێ هودە دەژین, بۆیە ئێمە چیان بۆ بکەین, هێشتا ئەو ئازارە گەورەیەی ئەوان بەراستی سارێژ نابێت, ئێمەش سارێژ نابین, ئەو قوربانیە گەورانەی کەوا کورد داویەتی, سێ قوربانی گەورە چ کیمیا باران, چ مەسەلەی ئەنفالی جینۆسایدی بارزانیەکان, یاخود کیمیا بارانی هەڵەبجە, یان مەسەلەی کۆڕەویەکە, هەر میللەتێکی تر ئەمەی بەسەرهاتبێ ئەگەر پشتگیری دەوڵەتانی لە پشت بووبێت, ئێستا هەر ئەوانە بوون بە دەوڵەت, وەکو چۆن کران بە دەوڵەت و نموونەش زۆرە, کەواتە ئێمە پێویستە لێرەدا چی بکەین, من لێرەوە سوپاسی خۆم ئاراستەی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفال و ئاوارەی سلێمانی, هەروەها ئەو کۆمەڵە رێکخراوانەی کەوا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی سلێمانی و ئەو رێکخراوانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی هەولێردا, هەروەها ئەو خوشك

وبرایانــەی کــە ئــەمرۆ هــاتبوون و ئــەو نمایەشــەیان پێشــکەش کــرد، ئێمــە لێــرەدا ئێســتا کۆمــەڵێك دیکۆمێنتمــان لەبەردەستدایە، بەراستی ئەمە جێگەی دڵخۆشیە، هەر ئەمرۆ پـێش هەفتەیـەك لەمـەوپێش ئەوانـەی لـە سـلێمانی هـاتن توانیان کۆمەڵێك ئامـار پێشکەش بـە ئێمـە بکـەن، چ لەناوچـەکانی کـەوا ئـەنفال کـراون، هـەروەها ئـەوەی کـە ئـەمرۆش بەدەستی ئێمە گەیشتووە، بەتایبەتی ئەم بەیانیە، جێگەی دڵخۆشیە کە ئەگەر ئێمە بتـوانین کـاری پـێ بکـەین، عەمـەلی پێ بکەین، ئەگەر پەرلـەمان هاریکاریمـان بێـت، حکومـەتی هـەرێم کـە لـەدوای ئـەوەی یـەکی گرتـەوە هاریکاریمـان بێـت، دڵخۆشیەکی تەواو ئێمە دەدەین بـە کـەس وکـاری ئـەنفال کـە بتـوانین کـاری بـۆ بکـەین، فـەرموو ئـەوەی کـە ئـەمرۆ مـن بەدەستم گەیشتووە ئەمـە ئەتڵەسـی ئەنفالـە، هـەروەها ئـەو زانیاریـەی کـە چـۆن بەشـێوەیەکی مـەدروس ئـەنفال کـراوە کوردسـتان، هـەموو خەریتـەکانی تێدایـە، هـەروەها چارەنووسـی ئـەو هـەژدە کچـە، کـە ئێسـتا کـەس وکـاری پاشمـاوەی ئەنفالەکان هاتوون سەبارەت بـەو هـەژدە کچـە رێکخراوەکـانی کـە لەکوردسـتانن بـەبێ جیـاوازی، نامەیـەکی تایبـەتی بـۆ سۆزان موبارەك ناردووە، ئێستاش ئەوەتا لە مرۆڤدا گەورەترین خۆپیشاندان لەهەموو جیهان دەکرێ بە پشتگیری چاك و ناوەندی هەڵەبجە کەوا بۆ پاشماوەی ئـەو هـەژدە کچـە، کـە ئاسـەواریان چـۆن نێردراوەتـە یانـەکانی میسـر، لێـرەدا ئێمـە مەسەلەیەکی تر هەیە گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە ئاشکرایە ئێستا نزیکەی چوارسەد و نـەوەت گـۆڕی بـە کۆمـەڵ هەیـە، چـل ودوویـان هـی کـوردن، لێـرەدا سـەرۆکایەتی بـاڵای مـافی مرۆڤـی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـەهات ئەیویسـت بێتـە عێـراق، چەندین دانە جار، بەس لەبەر ئەوەی چەندین ئەمریکی کوژران کە رژێم مابوون لە 2003، ئەوان لە عـەممان توانیـان چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك خـەڵك نزیکـەی (604)پاشمـاوەی ئـەنفال کـرا، جـا لێـرەدا ئێمـە ئـەبێ بـەدوای ئـا ئەمانـە بچین، هانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـدەین، کـە بەراسـتی ئـەتوانم بڵـێم کـاك دینـدار زێبـاری دەورێکـی جـوانی بـینی بـۆ پێشکەش کردنـی پاشمـاوەی ئەنفالـەکان، مـن لێـرەدا کۆمـەڵێك بەڵگـەی ئیسـتیخباراتی عەسـکەریمان ئێسـتا بـۆ هاتووتـە بەردەست، ئەو زابتانەی لـە عەمـەلیاتی ئەنفالـدا دەوریـان بینیـوە، ئـەبێ ئێمـە بیانـدۆزینـەوە، کۆمـەڵێك دیکۆمێنـت کـە ئێستا لەبەردەستمدایە، ئەوە هەموو کارن بۆ ئەوەی بتوانین بەراستی وەکو ئێستا ئاماژەیـان پێکـرد، ئەمـە کـاری یـەك و دوو کەس نییە لەناو پەرلەماندا، بۆیە ئەبێ کارەکانمان هەمە لایەن بێت و زەغتـیش بخەینـە سـەر حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بەراستی بۆ ئەوەی لەپاش یەکگرتنەوە کارێکی بەجدی بکرێت چـیتر ئێمـە ئـەو خەمۆکیـە، ئـەو ئـازارە، ئـەو خەمەی کەوا پاشماوەی ئەنفالەکان و دایکانی پاشماوە، ئەوانەی کەوا لە ئـەنفال رزگاریـان بـووە و هـاوار دەکـەن هـەیهات، هەیهات، ئەم کوردستانە چی بەسەر هات، با ئیتر ئێمە ئەو برینانـە سارێژ بکەینـەوە، دەسـەڵاتمان هەیـە، ئاڵامـان هەیـە، پەرلەمانمان هەیە، حکومەتێکی یەکگرتووی کوردیمـان هەیـە، جەیشـمان هەیـە، سـەتەلایتی کوردسـتانمان هەیـە، گۆڤـارو رۆژنامەمان هەیە، پێنج زانکۆ ئەبێ بە شەش زانکۆمان هەیە، کەواتە چـیتر هـەبێ، ئـیتر کـاتی ئـەوە هـاتووە کـەوا ئێمـە دڵخۆشی ئەوان بکەین، بۆیە لێرەوە دەڵێم با ئێمە کاری جدی بۆ هێشتنەی ناسنامەی ئەنفالکراوەکان بەناوی قوربانیانی ئەنفال، نەیانکەین بە شەهید، دروسـت کردنـی نەخۆشـخانەیەکی هاوچـەرخیان بـۆ دروسـت بکـەین، بەراسـتی ئـەوان لـە صمود و شوێنەکانەوە دێنە سلێمانی یان لە شوێنە دوورەکانەوە دێنە هـەولێر، بـۆ؟ بـەتاڵ کردنـەوەی ئـەو وەفاتنامانـەی بە رێگەیەکی نایاسایی کراوە بەڵێ، دانانی ئێستا ئامارێکی زۆر لەبەر دەستماندایە، ئەگەر بتـوانین ئێمـە یـەکی بخـەین و لەبەر ئەوەی کە خەڵکی تریش هەیە قسە بکات، من لێرەدا نزیکـەی بیسـت و سـێ خـاڵم هەیـە، ئەگـەر بتـوانین کـارێکی چاکتری بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قسەکانت دیکۆمێنت ئەوشتانەی تێدا بوو، لەبەر ئەوە رێگام پێدای، تکام وایە بیدەی بە لیژنەی مافی مرۆڤ، کاك شێخ ادهم ئەویش ماوەی دەدەمێ، کاك شێخ ئاخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەهەموو ئەو یاداشتنامانەی ئەو گفتوگۆیەی کە ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، باسیان لێوە کرد پشتگیریان لێ دەکەم، بەڵام تێبینیەکم هەبوو لەسەر راپۆرتی ماف مرۆڤ، کەوا ناوی قوربانیانی بارزانیانی تێدا نەبووە، ئەنفالی بارزانیەکان، کە لەساڵی 1983 کرابوو، وپێشم وایە باشتر وایە ئێمە تەصحیحی تاریخەکەی بکەین، بیکەینە 1983، هەندێ تێبینی تریشم هەیە، من پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئیدارەی سلێمانی بێ، چی ئیدارەی هەولێر بێ، ئەوانیش بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە لە بۆ ئەنفال، پێم وابوو باشتر وابوو ئاگاداریەکمان لەوان هەبێت، بۆیە پێم باشە ئەو لیژنانەی لێرە تەنسیقێك لەگەڵ ئەوان بکەن، بۆ ئەوەی هەماهەنگیەك بکرێت کە نوقصانی لە راپۆرتەکەمان نەبێت، چونکە ئەوانیش ئیشی باشیان کردووە لەبۆ ئەنفالەکان و ئەوانی لەدەستیان هاتبێ، پێم باشە حکومەتی ئایندەی یەکگرتوو کە وەزارەتی شەهیدانی هەیە، دەزگا دابنرێت، یەکەمین دەزگا با دەزگای گواستنەوەی زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستانی کە بەزۆرەملێ لە ئوردگاکان جێ نشین کراون، چونکە هەموو نەخۆشیەکی کوردستان لە تەرحیلەوە دەستی پێکرد، لە تەهجیرەوە دەستی پێکرد، ئەمە مدیریەتێك دروست بکرێت و دراسەتی ئەو گوندانە بکات، کەم وکوڕی گوندەکان باس بکات، ئاوەدان بکرێتەوە لە هەموو روویەکەوە، دووەمین مودیریەت کە دروست بکرێت ئی ئەنفال بێت، سێیەمین مودیریەت کە دروست بکرێت ئی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە بێت و هی شەهیدانیشمان هەیە شەهیدی پێشمەرگە ولەجیاتی ئەوە هەموو ئیشیان بۆ بکرێت، برادەران باسیان کرد کە چیان بۆ بکرێت و چیان بۆ نەکرێت، تەبعەن سەرژمێری قوربانیانی ئەنفال هەموو ئیش وکارمان لەسەرئەوەیە، سەرژمێریەکە دەبێ ئەو مودیریاتانە پێی هەڵبستن کە دروست دەکرێن، پێم باشە ئێمە یاداشتنامەیەك رێك بخەین، حکومەتی یەکگرتووی کوردستانی ئایندە چارەسەری ئیمرجنسی، حاڵەتێکی تەواری بۆ کەس وکاری ئەنفال کراوەکان بکرێت، ئینتیزار نەکەین کەی حکومەتێکی مەرکەزی دەکرێ، ئیحتیمالە بە دە ساڵی تریش نەکرێ، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان چی لەدەسەڵاتە و چەندی لە دەسەڵاتە خزمەتی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان بکرێ، برادەران ئەوانی تریان باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیسان تکام وایە تیکراری تێدا نەبێت، داواکارییەکان کە کراون دووبارە نەبێتەوە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەنفال کراو وکیمیاباران کراوی کوردستان ومیللەتی کورد، لە ئەنجامی ئەو رووداوە رەشانەی کەبەسەرمان داهاتووە هەمووی دوو لەت وسێ لەت بووبن، خوێنی شەهیدانیشمان دوولەت بوو تا ئێستا، بەداخەوە تا ئێستا نەتوانرایە تەوحیدی نە لیستی شەهیدانی ئەنفال و نە لیستی شەهیدانی کیمیاباران و نە لیستی شەهیدانی هەموو کوردستان یەکبگرێتەوە، هەر دوو ئیدارە مەعلومە لێیان هەر برایەك و خوشکان هەریەك لای خۆیەوە کردوویەتی، مومکینە نیزامەکەشیان جودا بێت، نەوعی یارمەتیشیان جودا بێت، نەوعی سەرپەرشیتیشان جودا بێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا کۆسپێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی نەتوانرێ خزمەتگوزاری بگەینرێتە خێزانی ئەنفال کراوەکان و شەهیدان، برادەران زۆر قسەیان کرد ئومێد دەکەین لەحکومەتی مەرکەزی ئایندەی کوردستان کە ئینشائەڵڵا دروست دەکرێت بەم زووانە، ئەوەی خوشکان وبرایان گوتیان لەو مەوزووعە زوو دەست بەکاربن، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە تەوحید بکرێت ئەم ناوانە، ناوی شەهیدانی ئەنفال تەوحید بکرێت، ناوی واریسەکانیشیان تەوحید بکرێت، ئەو ئیزافەش کە دانرا ئیهتیمام زیاتر بەو مەوزوعە بدرێت، چونکە مەرجەعی موەحەد نییە بۆ موراجەعە کردنی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال، سەر بە هەر لایەنێك و حزبێکە دەچی موراجەعەتی ئەو لایەنە دەکات، ئیدارەی سلێمانی دەزگایەکی کامیلی بۆ خۆی داناوە بۆ شەهیدان و ئەنفال، ئیدارەی هەولێر دەزگایەکی داناوە، مومکینە کۆمەڵێك قەراراتیان هەبێت، ئەو قەراراتانە جیاوازن لە یەکتری، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو قەرارانە زوو تەوحید بکرێت، لەهەمووی موهمتر وەکو من لابەلا بیستوومە تا ئێستا لەبەینی قیادەی سیاسی کورد خیلاف هەیە، ئەمە کارەساتە

خیلاف هەیە لەسەر ئەوەی مینۆمێنتی شەهیدان لەکوێ بکرێت, لەو هەموو کوردستانە پان و بەرینە, لەو شوێنە ئیتیفاقێك نییە لەسەر ئەوەی کە لە فلان جێ ئەو مینۆمێنتە بکرێت, ئەوە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە, لە هەمووی موهمتر جەنابی سەرۆکی بەڕێز, ئەوە سێ ساڵە حکومەتی بەعس رووخاوە ئەگەر ئێمە چاوەڕێی حکومەتی عێراق و ئەو برایانەی کە ئێستا لەسەر حوکمن لەعێراق بکرێت و هێسك و پروسکی شەهیدانمان بدەنەوە, وەڵڵا دەبێ پەنجا ساڵی تر چاوەڕێ بکەین, چونکە مومکینە هەر لێمان بزر بکەن, لەبەر ئەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤی هەولێرو سلێمانی کۆمەڵێك دیکۆمێنت و موستەمسەکاتیان کۆکردۆتەوە, بە خەریتە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی تا ئێستا ئاشکرا بووە, دۆزیتیانەوە, دەبا حکومەتی هەرێم تۆزێك غیرەت بداتە بەرخۆی بچێ ئەو ئێسك و پروسکانە بێنێتەوە, لە شوێنێك دایانبنێ و تەوحیدیان بکات, قەناعەتم وایە ئەویشمان لێ دەفەوتێنن, لێمان بزر دەکەن, گوناحێکی زۆر گەورەیە, بۆچی ئێمە راوەستین لەسەر حکومەتی عێراق تا مەعاشیان دەدرێتێ, تا ئێسك وپروسکمان دەدەنێ, تا ئومەمی موتەحیدە دێتەوە, ئەی ئێمە چین؟ کارمان چییە؟ شەهیدانی ئێمە لە شەهیدانی خەڵك کەمترنین, من قەناعەتم هەیە ئەگەر چەند ساڵێکی تر وەکو ئێستا تاخیر بێت, کەسەکانیشمان دەست ناکەوێتەوە, لەبەر ئەوە من داوا دەکەم پەرلەمان ئیصرار بکات لەسەر حکومەتی ئایندە ئەو ئێسك و پروسکانە بێنێتەوە, قیادەی سیاسی ئیتیفاق بکات لەکوێ مینۆمێنت دروست بکرێت, باقی تر خوشك وبرایان باسیان کرد مەسەلەی دەستنیشان کردنی یارمەتی و ئەو دەزگایانەی کەدروست دەکرێن بۆ گوم نەکردنی یادەوەری شەهیدان, ئەو ولاتانەی ئەوروپا لەوانەیە ئێوە دیتبتان ئێمە نەمانـدیوە فەقیرین, دەزانن کە ژاپۆن چی بۆ کوژراوانی خۆی کردووە, ئیسرائیل چی بۆ ئەوانەی خۆی کردووە, پۆلۆنیا چی کردووە, هەموو ولاتان شتیان کردووە, تا ئێستا ئێمە شتێکمان بۆ شەهیدانی خۆمان نەکردووە, هەر راوەستین تا حکومەتی عێراق شتێکمان بۆ دەکات, لەبەر ئەوە من تەئکید دەکەمەوە رجام ئەوەیە لەپەرلەمان ئیصرار بکرێت حکومەتی یەکگرتوو کە هەرچی زووتر ئەو ئێسك وپروسکانە بێنێتەوە, وەکو گۆڕستانێکی موەحەد دروست بکرێت بە زووترین کات بۆ ئەنفالەکان, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامیدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەردەوام تەئکید دەکەی کە دووبارە نەبێتەوە و هەر دووبارە دەبێتەوە, هەوڵ دەدەم دووبارەی نەکەمەوە و بەکورتیش قسە بکەم, پاڵپشتی ئەو داواکارییانە دەکەم کە لە راپۆرتی مافی مرۆڤدا هاتووە, بە بۆچوونی من حکومەتی هەرێم لە داهاتوودا دەتوانێت ئەو هەموو داواکارییانە جێبەجێ بکات و بەتایبەتی لەرووی ئابووری و دەستوورییەوە, تاکو حکومەت صاحب شەئنە ئیمکانیەتی دەبێت, چوار پێشنیارم هەیە, یەکیان زۆر لەبەڕێزان ئاماژەیان پێکرد, ئەوەی تریان ئەوویش ئەوەیە کە دەزگایەکی تایبەت بە ئەنفال بێتە دروست کردن, سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت, بۆ ئەوەی لە هەموو روویەکەوە وەزعی ئەنفالەکان دیراسە بکات, قسەی دووەممان لە ئیدارەی سلێمانی 150 هەزار مانگانە بۆ ئەنفالەکان صەرف دەبێت, و لە هەولێرو دهۆك ئەنفال کراوەکان بە دوو شێوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە, یەکیان وەکو شەهیدێکی فیعلی ئەوەی دیکە وەکو شەهیدی هاوولاتی, تەبعەن لە پێشمەرگایەتیدا و لەکاتی تێکۆشاندا ئەوانەی کە بەشەهیدی هاوولاتی دێنە حسێب کرن, هەموویان بەرگری میللی بوون, زۆربەیان بەشداری لە چالاکی و رەتکردنی هێرشەکانی رژێمیان دەکرد, دوو ئەم حاڵەتە دەبێ لەسەر میزاجی بەرپرس و رێکخراو و ئەوانە بێت, پێشنیارم ئەوەیە کە هەموو وەکو مووچە و ئیمتیازات وەکو شەهید بێنە حیساب کرن, نەك هەندێکی وەکو هاوولاتی بن, وهەندێك شەهیدی فیعلی بن, قسەی یادگاریەکە دروست بێت من لەگەڵ ئەوەدام مەزارگەیەك دروست بێت, لەو مەزارە لە پایتەختی هەرێم بێت لە هەولێر بێت, ناوی هەموو ئەنفالەکانی تێدا بێت, ئەوە تەنها بۆ یادگارییەکە نییە, بەلام کە وفودی دەرەوەش دێن بۆ هەرێم, مومکینە سەردانیان بکەن و ئەو مەزارە وەکو زۆر ولاتی دونیادا کە ئەوەیان هەیە,

پێشنیارێکی تایبەتم هەیە بە بادینان, ئەنفال کراوەکانی بادینان هەموویان لە قەلعەی نزارەکە کۆیان کردنەوە ولەوێ زۆریان شەهید کردن و کوشتنیان, ئەو قەلعەی نەزارکە تا ئێستا مەجموعەیەك خێزانی تێدایە, دەبێ حکومەت جێگایەکیان بۆ دیار بکات, ئەو قەلعەیە یان ببێتە وەکو قەلعەیەکی ئەنفال کراوەکانی بادینان, یانیش ببێتە پیشانگایەکی بەردەوام, هەموو مۆنێتەکان و تەصویر و وێنەکانی شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی ئەم دەڤەرە لەوێ کۆببێتەوەو پیشانگایەکی بەردەوام بێت, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بەبۆنەی یادی ئەو کارەساتە غەمبارە, دەمەوێ ڕێز و خۆشەویستی خۆم ئاراستەی هەموو خانەوادەی کارەساتی ئەنفال بکەم, بەڵام من لێرەدا دەمەوێ موخاتەبەی بەرپرسانی حکومی و ئەندامانی پەرلەمان, هەروەها بەرپرسانی سیاسی و دەسەڵاتدارانی کوردستان بکەم, دەمەوێ لێرە ئەو هەلە بقۆزمەوە لەگەڵ ئەوان هەندێك موخاتەبە بکەم, بڵێم حەیفە, ڕاستە ئەو کارەساتە غەمگینە ئەوەندەی بمانەوێ تەعریفی بکەین کە ناتوانین, بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئازارمان دەدات, ئەوەیە کە ڕۆژانە یاخود حەفتانە هەر کاتێك کەیادیان دەکرێتەوە دەبینین خەڵکی قوربانیانی ئەو کارەساتانە بە موزەکەرەیەك دێن و لە دەرگای پەرلەمان دەدەن, یان لەدەرگای حکومەت دەدەن, یان لەدەرگای ماڵی بەرپرسان دەدەن, مانای وایە ئەوانە جارێکی تر تاوانیان دەرحەق کراوە, ئەوجارەیان تاوانیان لەلایەن خۆمانەوە بەرامبەریان دەکەین, لەبەر ئەوەی قسە کردن لەسەر خانوو, بژێوی ژیان, مووچە, نازانم ئەو شتانەی کە بەڕێزان ئاماژەی پێ دەکەن, پێم وایە حەقی مەشروعی خۆیانە, ماڤ خۆیانە, ئەصڵەن هەر نابێ باسی لێوە بکەین, ڕەوا نییە قسەیان لەسەر بکەین, لەبەر ئەوەی دەبێ دابین کرابێت پێشتر, بۆیە من داوا دەکەم بەراستی با هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوە, ئەگەر ئەوان تا ئێستا لەبەر دەرگای پەرلەمان و حکومەت و بەرپرسان دەدەن, با لەمەودوا بەرپرس بچێ لە دەرگای ئەوان بدات, ئەندامانی پەرلەمان, ئێمە و حکومەت و هەموو ئەوانەی کە ئێستاکە مەسئولیەتیان هەیە هەر کەسەو لە ئاستی خۆی لە دەرگای ئەو ماڵانە بدات کە داواکارییان چییە, نەك ئەوان بێن لەدەرگای حکومەت و پەرلەمان بدەن, لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئێمە و دەسەڵاتدارانی ئێمە ڕۆژانە لە وتارەکانیان قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە, بەری ڕەنجی ئەوانە, بەری ڕەنجی قوربانی ئەوانە, بەری ئەو فرمێسك و ئەو ئازارەی کە ئەوان چێشتوتیان, کەواتە دەبێ ئەولەویاتی بەرنامەی کاری ئەوان بۆ ئەوان بێت, لە وەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە, دەبوو لەیەکەمین شت خزمەتی ئەوان بکرابایە, بەڵام بەداخەوە دیارە داواکاری ئەوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاترە و وەکو پێویستیش گرنگیان پێ نەدراوە, بۆیە من دەڵێم ئەگەر حکومەت خۆزگە حکومەتی داهاتوو یەکەم کاری زیاتر ئاوڕدانەوە بێت لە کەس وکاری ئەنفالەکان, لە کەس وکاری کیمیا باران, شوێن بزرەکان و هەموو ئەوانەی کە بەراستی ئەگەر ئەو دەسکەوتە لەسایەی ئەوانەوەیە, دەبێ یەکەم ئەولەویات بدەین بە خزمەتی ئەوان, ئەگەر نا من پێم وایە ئەوە زەرەرێکی زۆر گەورەیە لە کوردستانی دەدەین, لەبەر ئەوەی ڕووحیەتی دڵسۆزی و بەرخۆدان دەکوژین, ئەو کەسانەی کە قوربانیان داوە, ئەمڕۆ ماف خوراو بن, مانای وایە کەسانی تر قەد ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لەوە ناکەنەوە خەبات بکەن و گیانی خۆیان بکەنە قوربانی, کە ئەمەش ئاسایشی نەتەوەی کوردستان دەخاتە خەتەر, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یەکەم جار نییە لە پەرلەمانی کوردستاندا یادی کارەساتی ئەنفال دەکرێتەوە, باسی کێشەی ئەنفال کراوەکان دەکرێت, لەم پەرلەمانەدا چەندین کۆبوونەوەی تری ئاوا کراوە, و هەندێك بڕیاریش وەرگیراوە, لەوانەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی لە کوردستاندا هەبوو نەتوانرا بکرێت وەکو پێویست, یان بڕیارەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوونە, یانیش جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە ئاستی پێویستدا نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت, پێش ئەوە من هەندێك تێبینیم هەیە, بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر تێبینیەکانی خۆم بە تەئکید پشتگیری لە پێشنیارەکانی خوشکە چنار دەکەم, کە دوای ئەوەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی پێنجەم دادەمەزرێت, پێش هەموو کێشەیەك ئاوڕدانەوەیەك

لـەم کارەسـاتەی ئـەنفال کراوەکـان و خانـەوادەی شـەهیدان و ئـەو شـەهیدانەی کـە تـاکو ئێسـتا بـێ بـەش بوونـە لـە خزمەتگوزاری ئاوڕ لەوانە بدرێتەوە, هەندێك لە خاڵەکانی بە نیسبەت ئەو راپۆرتەی لیژنـەی مـاف مرۆڤـەوە مـن تـەنها تێبینـیم لەسـەر خـاڵی کۆتـایی هەیـە, کـە دەربـارەی خوێندنـە, ئـەوانی تـر مـن پشـتگیری هـەمووی دەکـەم, بەنیسـبەت هەندێك لە تێبینیەکانی کاك خورشید و کاك حاتم و کاك ئاخیر و کاك عادل, ئەوانیش فیعلەن شتی باشیان وت نامـەوێ ئەوانەی وان دووبـارە بکەمـەوە, تـەبیعی وەکـو ئاشـکرایە ئـەنفال بـەناوی ئەنفالـەوە 4/14 /1988 بـوو, بـەڵام شـێوەی ئەنفالەکە لە پێشتر هەبووە, ئەوەی کە بۆ بارزانیەکان کرا, ئەوەش ئەنفالە, چونکە ئەنفال یـانی بـێ سەروشـوێن کـردن, یانی فڕ کردن, یانی لـەناو بـردن, راسـتە سـوورەتێکی پـیرۆزی قورئانـە, بـەڵام بەداخـەوە لـە ژێـر ئـەو ئایەتـەی پـیرۆزی قورئـان ئـەوەیان جـێ بـەجێ کـرد, بـەڵام لـە حەقیقەتـدا ئـەو هەنگاوانـەی کـە نێـردران, یـانی بـێ سەروشـوێن کـردن و فڕکردنی ئەو خەڵکە بوو, ژمارەی ئەو کەسانەش کە پێکەوە فڕکران, تەبعەن ئەوەی ساڵی 1988 ئەوە جودایـە, ئـەوەی گەرمیان و دوایی لە بادینان و ئەوانە, بەڵام بە تەئکید دەستپێکەکەی وەکو وتمان لە بارزانەوە دەسـتی پێکـرد لـە مـانگی حەوتی 1983 بوو, لەبەر ئەوە پێویستە هەمووی پێکەوە بنووسین, مەسەلەی یادکردنەوەکەی شتێکی زۆر سروشـتییە, پەرلەمانیش کاتی خۆی بڕیاری داوە لـە چـواردەی مـانگ, چونکە بـە نـاوی ئەنفالـەوە بەناوەکـەی بۆیـە 4/14 حیسـاب کراوە, بەنسبەت موچە دەبێ تایبەتمەندیەك هەبێ بۆ واریسـانی ئـەنفال, یـانی لەگـەڵ مووچـەی تـردا تێکـەڵ نـەکرێت, هەرچەندە دوو مووچە لە حکومەتدا نابێ هەبێ, بەڵام من پێم وایە ئەوانە فیعلەن موستەحەقن وەکو واریسی شەرعی, ئـەوە وازیحـە مـن نامـەوێ لـە رووی قانونیـەوە روونـی بکەمـەوە, واریسـی شـەرعی ئـەنفال حـەقی ئـەوەی هەیـە کـە مووچەیەکی تایبەتمەندی هەبێ, مووچەکەی لە ئاستی ئەوەدا بێ کە فیعلەن بتوانێ ژیـانێکی شایسـتە بـەو مووچەیەوە بباتە سەر, من نەك گومـانم لـەوەدا هەیـە, مـن دڵنیـام لـەوەی هـەر بڕیارێـك وەربگـرین, هـەر قانونێـك وەربگـرین, هـەر هەنگاوێك بنێین, ئێمە ناتوانین قەرەبووی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان بکەین, چونکە ئەوان نـە بـەپارە, نەبـە قـانون, نەبە هیچ شتێکی ئێمە قەرەبوو ناکرێنەوە, بەڵام ئێمە ئەتوانین بەشێك لە ئازاری ئەوان بە وەرگرتنی بڕیاری چاك, بـە دانانی قانونی چاك, بە هەنگاو نـان بـۆ سارێژ کردنـی بەشـێك لـە برینـەکانیان, ئێمـە ئـەتوانین فیعلـەن هـەنگاوی بـاش بنێین, باسی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان کرد, باسی دێهاتی هاوچەرخ دەکرێت, دێهاتی هاوچەرخ من تکام وایـە ئێمـە ئەبێ ئەو دێهاتانە پێویستیەکانیشی لەگەڵدا هەبێت, یانی فوتابخانەی هەبێ, نەخۆشخانەی تەندروستی هەبێت, بێ ئاوو کارەبا نەبن, ئەمانـە زۆر زەروریـن, بەنیسـەت یەکخسـتنەوەی رێکخراوەکـان, بـاس کـرا, بـەڵام دەمـەوێ یـەك مولاحـەزە بدەم, کۆمەڵێك رێکخراو هەنە نەك تەنها حکومی, کۆمەڵێك رێکخراوی مەدەنی هەنە کە ئیش وکاریـان لەسـەر ئەنفالـە, تکام وایـە ئـەوانیش هـەوڵ بـدەن یـەك بگرنـەوە, چـونکە یەکخسـتنەوەی ئەوانـەش زۆر زەروریـە, دوو خـاڵی تـر مـاوە, یەکەمیان دەربارەی خوێندن, تکام وایە با ئێمە لاسایی بەعس نەکەینەوە, لاسایی حزبی شیوعی سـۆڤیەتی نەکەینـەوە, ئەمە دەبێتە هۆی شتێکی زۆر زۆر خراپ, چونکە ئاستی خوێندن دێتە خوارەوە, بەڵام تایبەتمەنـدی بـۆ شـتی تـر, ئێمـە ئەتوانین فوتابخانەی تایبەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی ئەنفال کراوەکان بکەینەوە, لە کاتی دامەزراندنـدا, یـان لەکاتی دوو فوتابیدا هەردووکیان نمرەکانیان وەکو یـەك بـن, لـەکاتی دامەزراندنـدا کەسـێکی ئـەنفال کـراو یـان کەسـێکی شەهید لەگەڵ کەسێکی عادیدا, ئەگەر نمرەکانیان وەکو یەك بێ, یان ئاستی توانایان وەکو یـەك بێـت, ئێمـە ئـەو وەختـە ئەفزەلیەت بدەینە کەس وکاری ئەنفال کراوەکان, بەوە ئەتوانین ئێمە بەشێك لە برینەکانیان سارێژ بکەین, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسـەیەکم تەئکیـدە بـۆ قسـەکەی د.شـوکریە, لەسـەر بـێ سەروشـوێن کردنـی ئـەو هـەژدە کچـەی کـە بـە پێـی بەڵگـەکان گەیشتوونەتە میسر, ئێمە وەکو پەرلەمان لە چ رێگەیەکەوە دەتوانین داوا بکەین کە چارەنووسـیان دیـاری بکـرێ, رەنگـە نەك هەر لە میسر من لە چاوپێکەوتنێك خوێندوومەتەوە لە سعودیەش هەیە, و رەنگە لە جـەزائیریش هـەبێت, رەنگـە لە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکانی تر هەبێت, بەڵام ئەوە بەڵگەیە بەدەستەوەیە, ئەوە تەئکیدە, بۆیە ئەمڕۆش لە زۆر لە شوێنەکانی دونیا موزاهەرە و خۆپیشاندان دەکرێ, داوای دیـاریکردنی چارەنووسـی ئەوانـە دەکرێـت, ئـەو مەسـەلەیە بـە

هەنـد وەربگـرين, ئـەوە يـەك, دوو كـاك حـاتم باسـی ئـەوەی كـرد كـە ئەوانـەی بەشـدارييان كـردووە لـە ئـەنفال, منـيش تەئكيدەن لەوە ڕەنگە نەتوانين ئەمڕۆ دادگايی ئەوانە بكەين, چونكە ئەوانە كاتی خۆی لە ڕاپەڕين بە بڕياری لێبوردنی حەكيمانی ئەو سەردەمی سەركردايەتی سياسی كورد كەوتن, ئـەوە نەكـەين, بـەڵام شـتێك هەيـە ئێمـە وەكـو پەرلـەمان ئـەتوانين بيكـەين ئێمـە ئـەزانين ئەوانـەش تاوانبـارن, حەقـە هـەموو سـاڵێ كـە يـادی كيميـا بـاران و كارەسـاتی ئـەنفال دەكەينەوە, نەفرەتيش لەوانە بكەين كـە بەشـدارييان كـردووە, چ ئەوانـە سـوپا بێـت, چ جـاش و بـەكرێ گـيراوی ڕژێمـی بـەعس بـن, چـونكە ئەوانـە كـەوا سـووری بـەر لەشكری بێگانـە بـوون, ئـەوە لايـەنێك, لايـەنێكی تـريش ئەوەيـە ئێمـە هەموومان ئاگادارين لە سايەی ئەو دوو هەلومەرجەی كە دروست بوو, لەسايەی زۆر شتی تريش نازانم چی ناو لێ بنێم, ئێستا باسی مووچەی قوربانيانی ئەنفال دەكەين كە كەمە لە ئاستی بژێوی ژيانی ئـەوان نييـە, بـەڵام مـن و هـەمووشمان دەزانين مووچەی هەندێك لەوانەی كە تاوانيان كردووە لە ئەنفال, لەوانەی بەشدارييان كـردووە لـە كيميـا بـاران كردنـی كوردستان, ئەو سەرۆك جاشانە, ڕەنگە كۆنە موستەشاری وا هەيە, بەتـەنيا مووچـەكەی بەقـەد پـەنجا مووچـەی ئـەنفال كـراوی ئێسـتای كوردسـتان بێـت, لەبـەر ئـەوە مـن وەكـو ئەنـدامێكی پەرلـەمانی كوردسـتان داوا دەكـەم وەكـو پەرلـەمانی كوردسـتان بڕيارێـك دەربكـات مووچـە و ئيمتيـازاتی هـەموو ئـەو خائينانـە و ئـەو خۆفرۆشـانە كـە كـاتی خـۆی بەبـەر لێبوردنی سەركردايەتی سياسی گەلی كوردستان كەوتينە, ئێمە ناتوانين دادگايان بكەين, بـەڵام ئـەتوانين ئيمتيازەكانيـان بـبڕين, ئـەو خاكـەی ئێمـەی لەسـەر شـەهيد دەبـووين, ئـەو خاكـەی خـەڵكی لەسـەر ئـەنفال كـرا, ئێسـتاكەش دەكرێتـە ئيمتيازات پارچە زەوی دووسەد مەتری و شەش سەد مەتری, بەناوی شێخان و بەناوی ئاغا و بەناوی ديوەخان و بەناوی ئەوانەوە, با ئێمە بڕيارێك دەربكەين ئەو ئيمتيازاتانە لەو خائينانە نەمێنێ, ئـەو كۆنـە خائينانـە بـا وابـبڕێن, بـبڕين بـا چيتر دڵ و دەروونی كەس وكاری قوربانيان بريندار نەكەين, بۆيـەش داوا دەكـەم وەكـو پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی ئەوانـە لـە يەكێتی و پارتی تووڕە نەبن, چونكە بەداخەوە يـەكێتی و پـارتی لەسـەركردايەتی كردنـی شـۆڕش پێشـڕەو بوونـە, بـەڵام ئەو جانيبەش گونـاحێكی گەورەيـە و لـە ئەسـتۆی ئێمەدايـە, كـە پێويسـتە لێـرەدا چـاوی پـێ بخشـێنينەوە, پێشـنيارێكی تريشم هەيە, ئەوەيە بە چاودێری پەرلەمانی كوردستان كۆنفراسێك بكرێ نەك تەنيا بۆ ئـەنفال, بـۆ جينۆسـايد كـردن, بۆ تەبويب كردنی مێژوو, بۆ ئەوەی پـۆلين كردنـی كارەسـاتەكان, بـاس دەكـرێ ئـەنفال, ئـەنفال ئۆپراسـيۆنی عەسـكەری بوو, پێش ئەنفال لـە 1987/3/29 بڕيـار درا پێـنج ڕۆژ پاشـی شـێخ وەسـانيان كيميـا بـاران كـرد, پـێش ئـەوە ئـەنفالی بارزانييەكان, ڕاستە ناوی ئەنفال نەبوو, بەڵام جينۆسايد بوو, پێش ئەوە فەيليەكان بوو, پێش ئـەوە ..... ئـەوە, لەبـەر ئەوە بە چاودێری پەرلەمانی كوردستان كۆنفراسێكی هەمەلايـەن بكرێـت, مێـژوويی, كۆمەڵايـەتی, بـۆ تـەبويب كردنـی تاريخەكان, و ئـەو مەسـەلەيە وەكـو جينۆسايد ڕۆژەكـەی يـاد بكەينـەوە و لـەناو جينۆسـايديش دا ڕۆژی ئـەنفال و ڕۆژی كيميا باران و ڕۆژی هەڵەبجەو ڕۆژی شێخ وەسانان و ڕۆژی ئەو شوێنانە بكەينەوە, سوپاس.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشەكی پێم خۆشە بەخێرهاتنی گەرمی ئەو ميوانە بەڕێزانە بكەين, هاوخەمی خۆمانيان ئاراستە بكەين, بەراسـتی بە هۆی ساڵيادی ئەم كارەساتە دڵتەزێنانەوە, پشتگيری هەموو ئەو برايانە و ئەوخوشكانە دەكەم كـەوا داوای بەرجەسـتە كردنی مافی ئەو ستەم لێكراوانە ئەكەن, چـەند خاڵێـك بـە داواكاری ئەوانـەوە ئيزافـە دەكـەم, بەراسـتی مـن پـێم خۆشـە پەرلـەمان كـار لەسـەر ئـەوە بكـەين, ئـەم كارەسـاتانە كارەسـاتی هەڵەبجـە, كارەسـاتی ئـەنفال, هـەر لێـرە پـێم خۆشـە تەصحيحێكی ئەنفال بكـەين, ئـەوە خيانـەتێكی گـەورە بـووە كـە بـەعس بەرامبـەر بـە خـواو بەرامبـەر بـە پێغەمبـەر و بەرامبەر بە ئيسلام, بەرامبەر بە عەقيدە و بيروبـاوەڕی ئـەم گەلـە كردوويـەتی پـێش هـەموو كەسـێكی تـر سـووكايەتی بووە بە ئايين كردوويەتی كە جەريمە و تاوانكار و پياوكوژی بە ناوی ئەنفال و موستەلەحێكی قورئانييـەوە دەكـات, بـۆ ئەوەش بابەتەكە فراوانتر بێت, ئێمـە چـەند جينۆسايدمان هەيـە, لەراسـتيدا منـيش دەنگـی خـۆم دەخەمـە پـاڵ دەنگـی ئەوانە, من خۆم وەكو خوێنـدكارێك بـووم ئـەو سـەردەمە لـە زانكـۆی مووسـڵ دەمخوێنـد, هـەموو جـارێ لـە سلێمانيەوە دەهـاتم بـۆ مووسـڵ بـەلای قوشـتەپە تێدەپـەڕيم, كـچ و خێزانـی بارزانيـەكانم ئـەبينی, گـەورەترين خەفـەتی مـن بـوو

بەراستی کارەساتێکە تەئسیری هەبوو لەسەر پیربوونی من ئەو ستەمە گەورە بوو, لەراستیدا ئەوە بێ ئینصافیە مەسەلەن هەشت هەزار پیاو لە کاتێکدا تیا ئەبرێن, نەخرێتە بەر پرۆسەکەوە, و لەچەندین شوێنی تر, لەبەر ئەوە پێم باشە ناوی جینۆسایدی لێ بنێین و لەساڵی 1983 ەوە بێت, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تر کە تەئکیدی لێ دەکەمەوە پەرلەمان پێویستە کاری لەسەر بکەین, بەتایبەتی لە قۆناغی نوێماندا کە حکومەتەکەمان یەك بگرێتەوە قەرارمان وایە هەموو بێ تاقەتیەکان و نەیارییەکانی قۆناغەکانی پێشوو لە گۆڕ بنێین, بۆ ئەوەی هەموو بەیەك دەست و بەیەك دەنگ و بەیەك دڵ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین, ئەم رووداوە نیشتمانی و نەتەوەییانە لە قاڵبی حزبایەتی دەربکەین, پەرلەمان قسەی هەبێ لەسەر ئەمە, هەر ئێستا ئێمە ئەگەر سەیری مووچەی شەهیدانی ئەو کارەساتانە بکەین, هەم لە ئەنفال, هەم لە کیمیا باران, مووچەکانیان جیاوازە, من داوا دەکەم هەمووی ئەوانە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بە قەرارێکی پەرلەمان هەمووی یەك بگرێتەوە, حیسابێکی تایبەتیان بۆ بکرێت, ئەو بابەتی فیکری و سیاسی لەم قەزییەدا نەخوێندرێتەوە, پێشنیارێکی ترم بۆ بەڕێزتان ئەوەیە کورد وتەنی ئەڵێ ئەوەی کە برسییەتی پێش ئەوەی باسی زۆر شتی بۆ بکەی پاروە نانێکی بەرێ, ئێمە زۆرمان ووتوە هەم حکومەت, هەم پەرلەمان, ئێستا قەرارەکانی ئێمە قسەکانی ئێمە چووە بۆ قیاداتی سیاسی, چووە بۆ حکومەتی کورد, کوردستانیش بەراستی لەبەردەم جەماوەری کوردستاندا بەرامبەر بێ مصداقیەت بوم بووەتەوە, لەبەر ئەوە من داوام وایە ئەم جەلسەی پەرلەمان لەراستیدا مصداقیەت گەڕانەوە بێت بۆ ئەو وەعدانەی کە داومانە و بۆ ئەوەش کە ئێستا دەیدەین, ئێستا ئێمە بێین داواکارییەکان ئەوەی کە قەرارە بۆ کیمیا باران و بۆ جینۆسایدکراوەکان بیکەین, تەصنیفیان بکەین, بە تەدەروج دیاری بکەین و بیکەینە مەشروعێك و بیدەینە کابینەی پێنجەمی حکومەت, بڵێین ئەی حکومەت ئێمە دوای چوار ساڵی تر یان دوای دوو ساڵی تر لەگەڵ تۆ دانیشتنی تایبەتی دەکەین و بزانین چەندت لەو پرۆژەیە جێبەجێ کردووە, چونکە لەگەڵ رێزمدا بەڕێزان بەراستی کە موتابەعە دەکەم بەشێکی زۆر لەو قەراراتانە, بەشێکی زۆر لەو یاسایانە دەردەچێت هەر لەکاتی بۆنەکاندا بیر دەکەونەوە , لەبەر ئەوە من ئەو داوایە دەکەم, داوایەکی تریشم بەراستی ئەوەیە بتوانین بیکەینە یارمەتییەکی جەماوەری, ئەوەی لەشێوەی رەسمی بۆ ئەو ستەم لێکراوانە ئەبرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە, ئێمە بیکەنە موناسەبەتێکی جەماوەری, هەموو ساڵێك, هەموو تاکێکی کوردستان سندوقێك دیاری بکەین, یارمەتیەك بەرین بۆ ئەو سندوقە, بۆ کیمیا باران کراوەکان و بۆ جینۆساید کراوەکان, بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێك لە پێکهاتەی ئەقڵی تاکی کوردی, ئێمە ئەگەر سەیری هەندێ لایەن بکەین, کێشەیەك مەسەلەن هەزارو ئەوەندە ساڵە روویداوە, لەبەر ئەوەی ساڵانە دووبارەی دەکاتەوە بووە بە کێشەی هەموو کاتێك, من ئەو پێشنیارەی ترم هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, هێشتا زۆر ناو ماوە قسە بکەن, تەئکید دەکەمەوە ئەگەر قسەکانتان کرابێ, مەمنون دەبین بڵێ قسەکانم کراوە و پشتگیری بکات, ئەگەر شتێکی تازەی هەیە بیڵێت, بۆ ئەوەی, فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەك بوو دژ بە گەلی کورد کرا, دژ بە ناوچەی دیاریکراوی کوردستان نەکرا, مەبەستیش لەمەدا زەبرێکی کوشندە بوو بۆ شۆڕشی گەلی کورد و بۆ جوڵانەوە ئازادیخوازەکەی, دەستنیشان کردنی ئەو شوێنانەش پەیوەندی هەبوو بە ڕەوتی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەو بە هەڵوێستی کوردانەی خەڵکی کوردستان, بۆیە ئەنفال کردنی کوردستان پرۆسەیەکی بەردەوام بوو بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد, ئەگەر دەسپێکی هەبوو کۆتایی نەبوو, ئەگەر ئەو رژێمە بیتوانییایە بەردەوام بوایە لەسەر دەسەڵاتی مانەوەی لە کوردستاندا, بەڕێزان پێش من ئاماژەیان بە زۆر خاڵی گرنگ کرد, و ئاماژەشیان بەزۆر چارەی کاتی و چارەی موستەقبەلی کرد, پێویستە گەلەکەمان وشیار بێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ئیشی گونجاوی بۆ بکات, ئەوەی من ویستم وەکو نوقات ئاماژەی بۆ بکەم, برادەران ئاماژەیان پێکرد, سوپاس.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەو پێشنیارانەی کە هەم بوو, ئەندامان باسیان کرد, بەڵام یەك پێشنیاری ترم هەیە ئەویش ئەوەیە لەم ڕۆژەدا کە یادی ئەنفال دەکرێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان, لەپەرلەمانی عێراقیشدا یادی بکرێتەوە, لەم ڕۆژەشدا ئەگەر بتوانرێ لە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی کوردستان و ڕێکخراوەکانی نێوە دەوڵەتیەکان لێیان بانگ بکرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان, بۆ ئەوەی راستەوخۆ کاری ئەو ئەنفال وکیمیا بارانە بخرێتە ڕوو, سێیەمین خاڵیشم ئەوەیە بەڕای من کێشەی ئەنفال یان کیمیا باران بەتایبەتی, تەنها بە دابین کردنی مووچەو دابین کردنی هەندێ پێویستی چارەسەر ناکرێت, ئەگەر بتوانرێ بۆ نموونە لە ناوچەی هەڵەبجە کە ناوچەی کیمیا بارانە بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە فەحسی زەوییەکەیان بکرێت, ئایا بە کەڵکی دانیشتن دێت, ئەگەر بە کەڵکی دانیشتن دێت با ئاوەدان بکرێتەوە, ئەگەر بەکەڵکیش نایەت با شوێنێکی تریان بۆ ئاوەدان بکرێتەوە, لە ناحیەی دەروونیەوە با بڵێن چارەسەریان بۆ بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم, سوپاسی لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بۆ راپۆرتەکەیان, حەزم کرد لەبەر گرنگی مەوزووعەکە, هەندێ خاڵ بخەمەوە بیریان ئەگەر ئیمکان بێت تۆمار بکرێت تێدا, تەبیعی ئەنفالەکان, ئەنفال چیەکان شێوە و شێوازی جیاوازیان بەکارهێناوە لە هەموو مەراحیلەکاندا, لە هەندێ شوێن کە خەڵکەکانیان گرتووە ژن و منداڵی بچووکیان لێ جودا کردۆتەوە, باقی ئەوانی تریان بردووە, لەهەندێ شوێن کە پیاوەکانیان جودا کردۆتەوە, بەتایبەتی لەناوچەی بادینان, پیاوەکان لەبەر چاوی خەڵکەکە رەمی کراون, یانی کوژراون, ئەو دام و دەزگایەی کە بەم ئیشەوە هەڵساون توانای ئەوەیان هەبووە کە خەڵکیش بکوژن, تەبیعی لەهەمووی گرنگتر کە لەبیرمان بێت چی کراوە, تەنها ئەوە نییە کە 182 هەزار کەس بێ سەروشوێن کراون, ئێمە هەر لەو پرۆسەیە یەك ملیۆن ونیو خەڵکیان گواستۆتەوە لە شوێنەکانی خۆیان بۆ ناو کەمپ, کەمپە زۆرەملێکان, کە ئەمە مەئاساتێکی یەکجار گەورە و کارەساتێکی یەکجار گەورەیە و کە پێویستە مێژوو قەت لەبیری نەکات, (15) ملیۆن لوغمیان لە کوردستاندا چاندووە بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵکی نەتوانێ لە کوردستاندا نە بژی و نە جارێکی تر زراعەت و فەلاحەت بکات, ئەوانەی کە ماون ئێمە کە باسی دانەوەی ماف دەکەین, من پێم خۆش نییە مەسەلەی قەرەبوو وشەی قەرەبوو بەکاربێنم, چونکە بە ڕەوای نازانم, پێویستە مافی ئەوانە بدرێت, لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی فراوان بچینە مەوزووعەکەوە, ئیمڕۆ ئەو نمایشەی کە میوانەکان کردیان لەبەردەمی پەرلەماندا هەرکەسێك ئەگەر تێبینی بکردبایە هەندێ شتی لێ هەڵدەسەنگاند, ئەتوانی بڵێی کە ئەوانە تووڕە بوون, ئەوانە حەقد لە مێشکیاندا هەبوو, ئەوانە کەس بەدەمیانەوە نەچوو وەکو پێویست, بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین وەکو پێویست خزمەتی ئەو خەڵکە بکەین, وەکو پێویست مافیان بۆ دابین بکەین, پێویستە لەمە فراوانتر تەنها مەسئولیەت نەخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان, یان حکومەتی عێراقی, ئەبێ بیر بکەینەوە کۆمەڵگەی مەدەنی, نەتەوە یەکگرتووەکان, مونەزەماتی ئیسلامی, دەوڵەتە عەرەبیەکان, ئەوانەی کە بێ دەنگ بوون, ئەوانەی کە بە ئاگا بوون و قسەیان نەکردووە, ئەوانەی کە هاوکارییان کردووە لە پرۆسەکە هەموو مەسئول بکەین, ئەبێ ئەوانە هەموو بەشدار بن, یەکەم ئیعتیزار بێننەوە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ کەس وکاری ئەنفال, دووەم رەجمی ئەنفالچیەکان بکرێن, سێیەم دەور ببینن بە ماددی و مەعنەوەی بۆ بوژاندنەوەی ئەو خەڵکە. چاککردنی بارو زروفی ئەو خەڵکەی کە خۆشەویستی خۆیان لەدەست داوە, لەسەرووی ئەمانەشەوە مەئسات هەر ئەمە نییە, ئەو خەڵکەی کە خۆشەویستی لەدەست داوە ناحیەی نەفسی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە, چەندەها نەخۆشی تووش بوون, ئەمە پێویستی بە چی هەیە؟ پێویستی زیاتر بە دیراسە و لێکۆڵینەوە و پلان دانان هەیە, بۆ ئەوەی بتوانین بارێکی لەبارتر بەلانی کەمی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ شەهیدی زیندوون چارەسەر بکرێن, سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم, سلاویش لە گۆڕی بێ گۆڕی ئەنفالەکان, لە ڕاگەیاندنەکان هەندێ شتم گوێ لێ بووە, ئەمەوێ باسی ئەو ئافرەتانە بکەم کە د. شوکریە باسی کرد, ئەو هەژدە ئافرەتە بە بەلگەی ڕەسمی لە دام و دەزگاکانی ئەمنی عێراقی لە کەرکووکدا گیراون, ناوی ئەو هەژدە خوشکەمان هەیە, کەکاتی خۆی فرۆشراون بە میسریەکان, ئەوە جەنابی مام جلال بە نامەیەکی ڕەسمی داوای لە دەوڵەتی میسر کرد, دیاربوو ئەوان داواکەیان بەوە وەلام داوەتەوە کە ئاگایان لێی نییە, وەزارەتی مافی مرۆڤی هەردوو ئیدارە بەدواداچوونیان هەبوو, بەلام دیارە هیچ ئەنجامێکی نەبوو, جگە لەو هەژدە ئافرەتە من گوێم لە قسەکانی کاك عادل تالەبانی بوو لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو وابزانم پار بوو, ئەو زۆر شتی تری لابوو لەسەر مەسەلەی ئەو خوشکانە کە چۆن ئەنفال کراون, یانی من بڕوام وایە جگە لەوە زۆربەی زۆری تری لە خوشکەکانمان فرۆشراون, چونکە ئەو گێڕایەوە وتی ئێمە لە ناو سجندا بووین ئافرەتەکانیان لێ جوداکردینەوە, لە ناو ئافرەتەکاندا گەنجەکانیان هەڵدەبژارد, پاشان کۆمەلێك عەرەب دەهاتن یان شوبە عەرەب دەهاتن و دەیانکڕین, بۆیە من دوو پێشنیارم هەیە, یەکێکیان ئەوەیە داوا دەکەم بەتایبەتی لە لیژنەی مافی مرۆڤ کە پشتیوانی لە هەموو داواکارییەکانیان دەکەم, هەوڵ بدرێت مێژووی هەموو میللەت لەسەر رابردوو نووسراوەتەوە, ئێمە خەریکە رابردووەکانمان لەدەست دەچێت تا ئێستا زیندوون, ئەوانەی کە شاهید عەیانن کە بەلگەی دەستنووسیان لەلا هەیە, کە لەناو ئەنفالەکاندا بوون بەشێکی زۆری ئەوانە قسەکانیان لێ وەربگیرێ و لە داهاتوودا ئەمانە ئیستیفادەی باشیان لێ دەکەین, دووەم لە پەرلەمانی کوردستان مادام دەوڵەتی میسر وا وەلامی مام جەلالی داوەتەوە, ئیحتیماله دەوڵەتی میسر بە ڕەسمی نەیکڕیبێ, کۆمپانیا کڕیبێتی, پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی هەبێت بۆ بەدوا داچوونی ئەو ئافرەتانەی, بەتایبەتی ئەو هەژدە خوشکەی کە ئێستا ناوەکانیان لە بەلگە ڕەسمییەکانی حکومەتی عێراقی هەیە, بەخۆیان پاشان بگەڕێن بەدوای ئەو ئافرەتانەی کە وەکو ئەوان فرۆشراون, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێستا هەرچی بلێی دووبارە بوونەوەی ئەو پێشنیار و داواکارییانەیە کە پێشتر قسەی لەسەر کرا, باس لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئاستی دەرەوە, لەسەر ئاستی عێراق بۆ بەدواداچوونی کێشەی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان و شوون بزرکراوەکان, چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی ژیان و گوزەران و باری دەروونیان و لایەنە یاساییەکان, ئەوانە هەمووی باسکران, من نامەوێ زۆر لەسەر ئەوانە رابوەستم, ئەوەی کە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە لە کوردستان ئێستا چیمان پێ دەکرێ, من پێم باش بوو نوێنەری هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە بووایە, ئێستا بزانین چییان کردووە بۆ ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە؟ وچییان لەبەرنامەدایە؟ چونکە ئەوە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لە کوردستان ئەوەیە مسافەیەك لە بەینی ئێمە و خەڵك دروست بووە, تا مەسئولینی حزبمان, مەسئولی حکومیمان کە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن, خەڵك داخوازییەکانی خۆیان پێشکەش بە مەسئولینی حزبی و حکومی دەکات, ئەوان دەڵێن باشە, لەماوەیەکی کەمدا جێبەجێی دەکەین, هەموو وەلامەکان ئەوە بوو تا ئێستا لە ماوەیەکی کەم جهود صەرف دەکەین و هەمووتان بۆ جێبەجێ دەکەین, تا ئێستا ئێمە بە شەفافیەت لەگەڵ خەڵکی خۆمان بەتایبەتیش ناوچە ئەنفالکراوەکان و مەنتیقەی هەڵەبجە, بە شەفافیەت قسەمان نەکردیە, با بەراستی پێیان بڵێین ئەوەمان لەبەرنامەدایە و لەساڵی ئەم ساڵ ئەوەندەتان بۆ جێبەجێ دەکەین, ئەوەمان لە ئیمکان دایە, بەراستی من داوا دەکەم کە جەلسەیەکی پەرلەمان تایبەت بەو مەسەلەیە بکرێت و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتە ئێرە, بزانین چییان بۆ کراوە و چییان لەبەرنامەدایە, ئەو کاتە پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە داوای دانانی لیژنەیەك لە پەرلەمان بکرێ, پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی بەدواداچوونی هەبێت, هەم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا دایدەنێت, هەم بەدواداچوونی داخوازییەکانی خەڵك, ئەوە یەك, دوو بەراستی من پێم باشە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بریارێك دەربکات بە مەسەلەی مووچەی شەهیدان, مووچەی ئەنفالکراوەکان, مووچەی کیمیابارانی هەڵەبجە, بەراستی ئەوە هیچ پێویستی بە تەئجیل کردنی نییە, با بیانکەینە شەهیدانی سەنگەر لەلایەنی

ماف و حقوقیان, لەلایەنی مووچەوە, لەلایەنی ئەو هەموو مافانەی کەوا وەکو شەهیدێکی سەنگەر حیسابیان بۆ بکرێت, چونکە ئەوەی من ئاگادارم ئەنفالکراوێك بەراستی 150000 هەزار وەردەگرێ, کە ئەصڵەن گونجاو نییە, نە هەم بۆ ژیان و گوزەرانی ئەمڕۆکە, نە هەم بۆ باری قورسی ئەو شەهیدانە و ئەنفالکراوەکان, لەبەر ئەوە من داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ بڕیار دەربکات سەبارەت بەو مەسەلەیە, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەکیدا من حەز دەکەم بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان بکەم, هەرچەند ئێمە باسی کێشەی ئەنفال بکەین هێشتا هەرکەمە, بەڵام من حەز ناکەم ئەو کێشەیە ناوەکەی بگۆڕدرێت, وابزانم یەکێك لە برادەردان پێشنیاری کرد, ئەوە جینۆسایدە, بەڵام ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە و چەند پێشنیارێکم هەیە حەز دەکەم لەبەر چاوی بگرن, یەکەم: هیوادارم چیتر کەس وکاری ئەنفالکراوەکان نەچنە بەردەم ئەنفالچیەکان, بۆ ئەوەی ئیشیان ببەن بەڕێوە, چونکە ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا ئەنفالچیەکان کاربەدەستن و کاریان بەدەستەوەیە. دووەم: حەز دەکەم حکومەتی هەرێمی یەکگرتوو وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان, نەك تەنها شەهید, چونکە ئەمە خۆی مۆرکێکی تایبەتییان دا لە میللەتی کورد, حەز ناکەم بەوەی کە ئەوەی داوا دەکات وەکو شەهید پێناسە بکرێ, وەکو جینۆساید پێناسە بکرێ, ئەوانە لە پێناوی میللەتی کورددا فەوتاندییانن, لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێمە نە ناوەکە بگۆڕین, بەڵام کاتێك کە وەزارەتەکەمان دانا, وەزارەتێك بە پرۆگرام و بە ستراتیجی خۆیەوە ئیش بکات, لەناو هەموو کوردستان ئەنفالی لێ کراوە, بەڵام بەتایبەتی لە مەنتیقەی گەرمیاندا کێشەیەکی زۆر زۆر هەیە, لەناحیەی پەروەردەییدا, لەناحیەی چەند کۆلێژێك کراوەتەوە کە کێشە و پێویستیان زۆر زۆرە, هیوادارم یەکەم هەنگاو ئەوەیە ئەو وەزارەتانەی کە مەعنین بەو کۆلێژانەوە بچن بە دەنگیانەوە بە هانایانەوە, بۆ ئەوەی دانەخرێن, ئەگەر کرا لەداهاتوودا بکرێتە زانکۆیەك کە چەندەها بەشی تێدا بکرێتەوە, تایبەت بێ بە دیراسە کردنی کێشەی ئەنفال, بکرێتە نەریتێکیش بۆ ئەوەی ئێمە چیتر بێ دەنگ نەبین لەسەر ئەم کێشانەی کەبەسەر میللەتی کورددا هاتووە, تا بتوانین گەورەی بکەین و زەقی بکەین, ئەگەر بیگەیەنینە سەر ئاستی نێو نەتەوەیی, توانامان هەبێت بۆ ئەوەی دانی پیابنرێت کە جینۆساید کراوین, برادەران باسی زۆر شتیان کرد, بەڵام بەرای من ناحیەی صحی و خستەخانە و ئیهتیمام دان بە کێشە دەروونیەکان و قەرەبوو کردنەوە, ئەوانە هەمووی باسکرا, بەڵام بۆ دووبارە ئەیڵێمەوە هیوادارم چیتر کەس وکاری ئەنفال دەست پان نەکەنەوە لە ئەنفالچیەکان, سوپاس.

**بەڕێز شوقی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هاوخەمی خۆم لەگەڵ کەس و کاری ئەنفال دەردەبڕم, شتەکان زۆربەی زۆریان باس کران, بەڵام هەندێك شت هەیە بەس بۆ تەئکید, بۆ ئەوەی تەرکیزی بکرێتە سەری, یەکێکیان مەسەلەی ئەو (18) ئافرەتەیە بەدواداچوونی بۆ بکرێت و, پێم باشە لە دەرەنجامی هەموو ئەوە لیژنەیەکی تایبەتی پێك بێتن و بەدواداچوونی ورد بکات, یان لیژنەی مافی مرۆڤ لەلایەن پەرلەمانەوە تەکلیف بکرێت, بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ورد بکات, لەگەڵ حکومەتی ئایندە لەسەر هەموو ئەو داخوازی و کێشەیەی کەسوکاری ئەنفالەکان هەیتیان و, مەسەلەی (18) ئافرەتەکەش, بەتایبەت بورووژێنرێت, بۆ ئەوەی حکومەتی میسری ئیجبار بکرێت بۆ چارەنووسیان, ئەگەر ئاگای لێ نییە, کێ بەو کارە هەڵستاوە؟ بەپێی ئەو وەسائیقانەی کە هەیە, هەروەها پشتیوانی پارێزەرانی بێ سنووریش بۆ خۆمان دابین بکەین, کە ئەوە بەدواداچوونی وردی دەوێت, ماندوو بوونی دەوێت بە حەقیقەت لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی لە دەرەوە, یاخود لە ناوەوە لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەو مەوزوعە بورووژێنرێت.

خاڵێکی تر بەنیسبەت مەسەلەی ناسنامەی شەهید یەك لە برادەران تەرحی کرد, کە ناسنامەی شەهید بۆ ئەوانە بکرێتن, من پێم باشە ئەو مەوزوعە بە هیچ شێوەیەك نەبێت, ئیمیتیازاتی شەهید دەیاندرێتێ, ئەوە شتێکی زۆر باشە, بەڵام ئەوە با وەکو چەکوشی ئامادە هەمیشە کاریگەری هەبێت بۆ ئەوانەی کە تا ئێستاش دژی مافەکانی گەلی ئێمەن و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کارەساتی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە هەرچی لەسەر بوترێ کەمەو, هەرچیشیان بۆ بکرێ کەمە و حەقی خۆیانە, من پشتگیری لە هەموو داواکارییەکانی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال دەکەم, ئەوەی کە خۆیان داویانە و ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد, من دووبارەی ناکەمەوە, تەنها پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك بەڵێن دەکەم, دیارە ئێستاش لێرە کاك مەنصور بەرێوەبەری گشتی ئەنفال لە وەزارەتی ئاوارە و ئەنفال لە سلێمانی هاتووە, ئەگەر رێگەی پێ بدرێت لێرە پێمان بڵێت تا ئێستا ئەوان چییان کردووە بۆ پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال لە ئیدارەی سلێمانی, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل طالباني:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الانفال وما ادراك ما الانفال) ئەنفال یەکێکە لەو تاوانانەی کە بە جینۆساید دەژمێردرێ بۆ مەبەستی لەناوبردنی گەلێك ئەنجام دراوە, لە ژێر ناوی ئەنفالدا ئەم تاوانە جێبەجێ کراوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە, بۆ ئەوەی کەوا میللەتێك بە کافر بدرێتە قەڵەم, کوشتنیان و تالآن کردنی دێهاتەکانیان لەناو بچێت, رەواو شەرعی پێناسە بکرێت, لە ئەنفالدا تەنیا خەڵکی بێ چەك و بە پلانێکی دارێژراو کوژران و لەناو بران, بەرپرسیارانی ئەنفال جگە لە سەرۆك و ئەندامانی بەناو مەجلیسی قیادەی سەورە هەموو دەزگاکانی ئەمنی و موخابەراتی و سەربازییەکانی دەوڵەتی عێراق بەشدارییان تێدا کردووە و هەموویان بەرپرسیارن. لە نیسانی ساڵی 2002دا لە هەولێر کۆنفراسێك بەسترا سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال, لەو سەردەمە پێشنیارمان کرد کەوا پاش رووخانی رژێمی بەعسی بەرپرسیارانی کورد داوایان لە حکومەتی ئایندەی عێراق بکەن کە دەوڵەتی عێراق, ناڵێم حکومەتی عێراق, دەوڵەتی عێراق داوای عوزر بکات لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەو تاوانە گەورەیەی کەوا ئەنجامی داوە بە پێی پلانێکی دارێژراو, من ناچمە ناو ئەو هەموو وردەکارانەی کەوا لە راپۆرتی لیژنەی ماڤی مرۆڤ وهەموو ئەو برادەرانەی پێش من کەوا ئاماژەیان پێکرد, تەنیا تکام ئەوەیە ئێستاش ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە, وەکو رۆژی 16/ی ئازار کەوا سەبارەت بە کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەوە بوو, تەنیا قسەکانمان هەر قسە نەبن, ئەمڕۆکە کۆمیتەیەك پێك بێت, چەند ئەندامێکی پەرلەمان, لەگەڵ نوێنەرانی ئەنفال کراوەکان, لەگەڵ ئیدارەی نوێنەری وەزارەتی ماڤی مرۆڤی هەردوو ئیدارەکە کۆببنەوە, ئەو راپۆرتانە, ئەو قسانە, هەموو داواکارییەکانی ئەنفالکراوەکان هەموو کۆبکرێتەوە, بۆ ئەوەی بە پرۆژەیەکی قانونی بخرێتە بەردەم پەرلەمان پەسند بکرێت, تاکو حکومەتی داهاتووی کوردستان مولتەزم بێت بە جێبەجێ کردنی, بۆیە تکاکارم ئەمڕۆ جارێکی تر ئەیلێمەوە دانیشتنەکەی ئەمڕۆ هەر وا با کۆتایی پێ نەیەت, بڕیار بدرێت لیژنەیەك پێك بێت, بەڵام زۆر نەبێت لە چوار پێنج لە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی ئەو لایەنانە, بۆ ئەوەی کەوا بتوانین ئەو پرۆژەیە ئامادە بکەین, چەند برادەرێك باسی ئەوەیان کرد کەوا لە میسردا چەند کچێك فرۆشراون وەکو جاریە, من یەکێك بۆی گێڕامەوە وتی لە کاتی حەجدا چەند کەسێك لە تەواف دابووین, گوێمان لێ بوو ئافرەتێك, بەکوردی قسەمان دەکرد ئاوڕی لێ داینەوە وتی ئێوەش کوردن, وتی مێردەکەی کابرایەکی زرتە بۆزی سودانی بوو, دەستی راکێشاو وتی گفتوگۆیان لەگەڵدا مەکە, ئەوە دەلیلی ئەوەیە کەوا کچی کورد نەك تەنیا هەر لە میسردا لە وڵاتانی تری عەرەبیشدا فرۆشراون, کەس نازانێ چۆن فرۆشراون و چییان بەسەرهاتووە, دەبێ ئەو کۆمیتەی کە لەناو پەرلەماندا دروست دەبێ بە شوێنی ئەوەشدا بچێت, نامەوێ لەوە زیاتر سەرتان بێشێنم, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە لە 1988/4/14 چەند بیرەوەرییەکی تاڵ, لەیادی ئەنفال بخەمەوە بیر خۆمان و هەموو رۆڵەکانی کوردستان, هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمان ئاماژەی پێکرد, کارەساتی ئەنفال یەکەم کارەسات نەبووە بەسەر میللەتی کورددا هاتبێ, هەموومان لە مێژوو خوێندوومانەتەوە, لەدوای شەڕی یەکەمی

جیهانەوە ماڵی ئێمە کە کوردستانە دابەش کراوە بەسەر پێنج وڵاتدا, روسیا و عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران, ئـەنفال ئەو کارەساتە بوو کەبەسەر میللەتی کورددا هات, تەنها بەسەر شارێك و ناوچەیەك دانـەهات, کـرداری ئـەنفال بۆیـە کـرا کە هەموو میللەتی کورد لەناو بچێت و فڕ بکرێت, لێرەدا داوا لە خۆمـان و هـەموو رۆڵـەکانی کورد و هـەموو رێکخـراوە سیاسی و ماندوو نەناسەکان دەکەم, ئەم یادەوەریە بکەنە هێزێکی پاڵنەر بـۆ یەکگرتنـەوەی هـەموومان بـەدڵ و بـەگیان, بەڕاستی ئەگەر هەموومان بەدڵ و بەگیان یەك نەگرینەوە و دەست نەخەینـە نـاو دەسـتی یـەك, نـاتوانین بەسـەر داگیر کەران ئەوانەی پەتی سێدارەیان خستە گەردنمانەوە بەسەریاندا زاڵ بـین, لێـرەدا جارێکی تـر دووبـارەی دەکەمـەوە ئـەم یادەوەریە ناخۆشە ببێتە هێزێکی پاڵنەری یەکگرتنەوە لەناو هەمووماندا, هەموومان بە سینگێکی فراوان وەکو برایـەکی یـەك دایـك و بـاوك پارمـەتی یـەك بـدەین, بـە پـیر یەکـەوە بچـین, لـە کۆتاییشـدا دەڵـێم منـیش پشـتیوانی لـە هـەموو داواکارییەکانی ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم, هیوادارم ئەو بڕیارانەی کە دەدرێن بۆ کەس وکاری ئـەنفالکراوەکان بـە کـردار بێت نەك بە قسە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە قسەکانم زۆربەی کرا, بـەڵام مـن ئـەوەی تەئکیـدی لـێ دەکەمـەوە حـەز ناکـەم بچمەوە سـەری, یەکـەم ئـەو هـەژدە پاکیزانەی کە فرۆشران بە میسر , تەئکیدی دەکەمەوە پێویستە بەدواداچوونێکی تـەواوی بـۆ بکـەین, خـاڵی دووەمیشـم ئەوەیە کە راپۆرتەکەی مافی مرۆڤ کە جێگەی شانازییەو پاڵپشتی هەموو خاڵەکان دەکەم, بەڵام خاڵی پێنج نمرەکە, ئێمە لەجیاتی ئەوەی پێنج نمرە بە هەدیە بدەین بە منداڵ و کەس وکاری ئەنفال کراوەکان یان پاشماوەی کەس وکاری ئـەنفال کراوەکـان, باشـە وەکـو شـتێکی عالـەمی, رەمزێکـی تایبـەتیان بـۆ دروسـت بکـەین کـە تایبـەت بـە منـداڵ و کـەس وکـاری ئەنفالکراوەکان بێ, لەکاتی سەردانی هەموو دام و دەزگایەك, لە زانکۆ کاتێك کە دەوام دەکەن, هەتا لـە قوتابخانـەکان کـە دەوام دەکەن ئەو باجەیان هەبێت, باجێکی تایبەت بە خۆیان بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بزانێ ئەوە کەس وکـاری ئـەنفال و پاشماوەی ئەنفالە, شتێکی رەمزی بێت کە شانازی پێوە بکەن, و باجێکی تایبەتی خۆیان بێت, سوپاس.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پـاش بـەخێرهاتنی کـەس وکـار و پاشمـاوەی قوربانیـانی ئـەنفالکراوەکان, لەراسـتیدا پاڵپشـتیەکی خۆمـان بـۆ زۆر لـەو داواکارییانەی کە بەڕێزان خستیانە ڕوو دەرەبڕین و, جەخت لەسـەر دوو, سـێ خـاڵ دەکەینـەوە, یـەکێك لەوانـە وابـزانم تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ بەسەر کارەساتێك کە نەوەی نـوێ ئەهێنێتـە کایـەوە, ئەگـەر چـی بـە قسـە کـردن و گێڕانـەوە و موناسـەبات لـە بیرەوەریـان نامێنێـت بـە زیندویـەتی, بۆیـە بـە زووتـرین کـات ئەمـە بکرێتـە مەنهـەجی خوێنـدن, و دەستپێشخەری بکەین کە زەمەنێکی زۆری بەسەردا رۆیشتووە, خاڵێکی تر لەوانە منیش جەخت لەسەر ئـەوە دەکەمـەوە کردەی ئەنفال بەرامبەر بە میللەتی کورد, پێش ئەوەی کردەیەکی دژ بە نەتەوەیەك, زمانێك, کەلتورێك بێت, بەراسـتی کردەیەك بوو دژ بە ئیسلام, شاهیدی ئـەوەش کـە لەگـەڵ ئـەو حەملەیـە سـەدان مزگـەوت و قورئـان سـوتێنران, سـەدان شوێنی خوا پەرستی وێران کران, هەر شوناسی ئیسلامەتی رەسەنیەتی میللەتەکەی بە شێواوی بەدەرەوەی خۆی گەیانـد, بۆیە ئەگەر ناوێکی فـراوانتر بدەینـە ئـەو پرۆسـەیە, وائـەزانین حـەقی خـۆی بێـت, خـاڵێکی تـر کـەس وکـاری پاشماوەی قوربانی ئەنفال بریا ئێستا جۆری خەمەکانیان لە دەوری کۆمەڵێك شت نەبوایـە کـە ئەولەویـەت بـوو, لـەم هـەژدە سـاڵە بۆیان دابـین بکرێـت, شـوێنی نیشـتەجێ بـوون و دابـین کردنـی بـژێوی ژیـان, نـاخی ئەمانـە مردنێکـە زۆر جیـاوازە لـەو کەسەی کە مردوویەك لەبەردەستی هەڵدەگیرێ, ئازاری ئەمان زۆر لەوە فراوانترە, بۆیە تەئکیـد دەکەینـەوە داڕشـتنەوەی

باری دەروونی و بەتایبەتی ژنانی دوای ئەنفال، ئەبێ خەمی گەورەی هەموو لایەکمان بێت، وژنانیان پێشەنگ بن لە مافەکانیان پێش ژنانی هەموو چین و توێژەکانی تر، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من کۆمەڵێك پێشنیارم هەبوو، خوشکان و برایان باسی هەموویان کرد، بۆیە قسەکان دووبارە ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی زیاتر برادەران ئیشارەتیان پێدا وان قسەی مە دکەن، بەس مێ تەئکید لەسەر نوقتەکی بکەم، ئەوژی هەر ئیمتیازەکی ژ بۆ شەهیدی فیعلی هەبێت و ژبۆ شهیدی ئەنفالێت هەبێت، راستی گەلەك شەهیدی ئەنفال ژ هەنە، شعورێ دکەین وەکو فەرقێك ما بەینا وانا و شەهیدێت فیعلی، داخازیا دکەین ئەڤ فەرقیە، ئەڤ جیاوازیا نەمێنێ لە مابەینا وان، یادی ئەز ناڤێ خۆ بە ناڤێ خەلکی بادینان، تایبەتی زاخۆ، سوپاسیا خەلکی هەولێرێ دکەین لوەختێ دا، وەختێ خەلکی مە و خەلکی هەولێرێ و بەتایبەتی خەلکی بەحرکە، گردەچاڵ و وان کۆمەڵگەهێ دی دەستەکی برایەتی درێژ کر بۆ وێ خەلکێ، ئەم سوپاسی وان دکەین و وان هەر وەکی خەلکی دەڤەرێ بادینان وەکو قەرداری خەلکی هەولێرین، سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کە لەیادی کارەساتی گەورەی ئەنفال کەبەسەر میللەتەکەمان هات بەرزو پیرۆز راگیرا، وهەر بەم بۆنەیەوە زۆر بەخێرهاتنی نوێنەرانی پاشماوەی کەس وکاری ئەنفالەکان دەکەین کە ئەمڕۆ هاتن بەشدارییان لەگەڵ کردین لەم کۆبوونەوەیەدا، پشتگیری سەرجەم داواکارییەکانیان دەکەین کە پێویستە فیعلەن لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت لە هەر کوێیەك بێت بە وردی گوێیان لێ بگیرێ، داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت، هەروەها پشتگیری راپۆرتی مافی مرۆڤ دەکەم بەراستی خاڵەکانی بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو کاری لەسەر بکەین و ئەم خاڵەشی بۆ زیاد بکرێت، کە فیعلەن کارەساتی ئەنفال لە دیراسە بخوێندرێ لە سەرەتاییەوە دەست پێبکرێ لەمەودوا، چونکە وەخت نەما چاوەڕێ بکەین، تەنها ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێت و بخرێتە بەرنامەی کارمانەوە، بۆ ئەوەی لەمەودوا کاری لەسەر بکەین، پشتگیری دروست کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی دەکەم، کە لەسەر ئەرکی پەرلەمانە یانی گوێ لە هیچ کەسێ رانەگرێ، وەکو حکومەت و ئیدارە و ئەوانە، لەسەر ئەرکی پەرلەمان بەدواداچوونی ورد بکەن، هەم لەسەر کۆکردنەوەی تەواوی یەك بەیەکی ناوی ئەنفال کراوەکانی میللەتەکەمان، چونکە شتێکی زۆر نوقصتانە، ئێمە هەموومان دەڵێین (182) هەزارە، بەڵام لە کۆکردنەوەی ناوەکان وانییە، پێویستە فیعلەن ئەم لیژنەیە ناو بە ناوی ئەو ئەنفال کراوانە کۆبکاتەوە، هەروەها وێران کردنی دێهاتەکانی کوردستان فعلەن ژمارەیەك دەرهێنن لە دێهاتەکانیش، ئەو ژمارەیە بێ بە بەڵگە، بە بەڵگە بسەلمێندرێ چەند دێهاتی کوردستان تێك درایە و چەند مزگەوت تێك دراوە، چەند کەنیسە تێك درایە، چەند شوێنی موقەدەس تێك درایە، کاك تاریق جامباز ژمارەیەکی کۆکردۆتەوە، بەراستی ژمارەیەکی چاکە، ئەوە بەردەوامی لەسەر بێت فعلەن، بۆ ئەوەی ئێمە هەموو شتەکانمان بە بەڵگە و بەیاسایی لەبەردەستمان بێت، بۆ ئەوەی وەڵام بدەینەوە، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، بەڵام ئەم ئیشانە هەمووی داوا دەکەم پەرلەمان بیکات، خاڵێکی تر واریسی شەهیدان، واریسی شەرعی پاشماوەکانی ئەنفال یەك بەیەك بیبیندرێنەوە، بەبێ جیاوازی خانوویان بۆ دروست بکرێت و نەك زەوییان بدرێتێ، ئەو خانووانەش هێمای ئەنفالی پێوە دیار بێت، یانی هەر کەسێك بە تەکیدا ڕۆیی تێبگات ئەو خانووانە بۆ پاشماوەکانی ئەنفال دروست کراون، خاڵێکی ترم هەیە گڵکۆیەك بۆ قوربانیانی ئەنفال بکرێ، بەرای من لێك بدرێتەوە زۆرترین ژمارەی ئەنفال لە کام ناوچە بووە، لەو ناوچەیە گڵکۆیەکە دروست بکرێت، ناکرێ هەر کەس بە کەیفی خۆی بڵێ لێرە و لەوێ دروست بکرێ، نازانم من چۆنە ئەم مەسەلەیە،

بەڵام پێشنیار دەكەم لە بانیمەڤان بكرێ كە شوێنێكی زۆر ناوەڕاستە, لە مەنتیقەی گەرمیانیش بە پێی هەموو سەرچاوەكان گەورەترین ژمارەی ئەنفالی لێكراوە, و بانیمقانیش هەر لەمێژە دوژمنیش ئەو شوێنەی وەكو شوێنێكی چاودێری دژی میللەتەكەمانی بەكارهێناوە, ئێمە لەو شوێنە گڵكۆی ئەنفالەكان بكەین و لەتەك گڵكۆیەكەش هۆڵێكی زۆر گەورە بكرێ, لەو هۆڵەدا چی پاشماوە و جل وبەرگی گۆڕستانە بە كۆمەڵەكان هەیە, بێنین بە شێوەیەكی علمی لەناو ئەو هۆڵەدا كۆیبكەینەوە, بۆ ئەوەی ئەو شوێنە ئەو شتانەمان لێ ون نەبێ, ئەو لیژنەیەی كە پەرلەمان دروستی دەكات كارێكی ئەوە بێت, نوێنەری لەو گڵكۆیە هەبێ كە هەر میوانێكی بیانی دێتە ئەو شوێنە, كارەساتی گەورەی ئەنفالی بۆ شەرح بكات, نەوەك هەر كەس بە كەیفی خۆی باسی چۆنیەتی روودانی كارەساتی ئەنفال بكات, چۆن تۆ سەردانی وڵاتانی دونیا دەكەی, دەچیە شوێنە مێژووییەكان یەكێك لەوێ هەیە سەر بەحكومەتە یان سەر بە پەرلەمانە, ئەو دێ بۆت دەگێڕێتەوە, وەكو مەسەلەیەكی گرنگ تایبەت بە وڵاتەكەی خۆیان یان بە نەتەوەكەی خۆیان و رووداوەكەت بۆ دەگێڕێتەوە, ئێمەش فعلەن لەو شوێنە لەم لیژنەیە چەند كەسێك تایبەت بێ بەو مەسەلەیە, برادەرێك باسی ئەوەی كرد ئەو شوێنانەی كە شوێنی گڵكۆی لێ دروست دەكرێ ئەو پۆلیس و كارمەند و ئەوانە فعلەن كەس وكاری ئەنفالەكان بن, بەراستی من پشتگیری ئەو داواكارییە دەكەم, داوایەكی زۆرباشە ئەو داوایە, فعلەن بۆ بەرززاگرتن, خاڵێكی تریشم برادەرانیش باسیان كرد, بەڵام من تەئكیدی لێ دەكەمەوە پەرلەمانی كوردستان بەشێوەی رەسمی چۆن دەكرێ, داوا لە پەرلەمانی عێراق و حكومەتی عێراق بكات, ئیعتیزار بۆ گەلی كوردستان بخوازن و داوای لێ بوردن بكەن كە ئەو كارەساتە گەورەیان بەسەر میللەتی ئێمە داهێنا, ئەوە یەك, دوو لە داهاتی وڵاتی عێراق كە ئاوەدانكردنەویەكوردستان وەكو دەڵێ قەرەبوو كردنەوەی پاشماوەكانی ئەنفال و كاولكردنی كوردستان لەسەر حكومەتی عێراقدا هەبێ, ئاوەدان كردنەوەی وڵاتەكە بكاتەوە, ئێمە دەبێ زەغتی لەسەری بكەین و پێدابگرین بەشێك لە داهاتی عێراق سەدا پێنجە, چوارە, دووە, پێدابگرین دەبێ بۆ مەسەلەی جینۆساید لە وڵاتەكە سەرف بكرێت, چونكە كارەساتی ئەنفال فعلەن ئەگەر بكرێ بیگۆڕین بە جینۆساید یان جینۆساید و ئەنفالی كوردستان كراوە, بۆیە حكومەتی عێراق بەرپرس بێت لە قەرەبووكردنەوەی یان ئاوەدان كردنەوەی وڵاتەكەمان, و زۆربەی پرسیارەكانم برادەران كردیان, و پشتگیری زۆربەی قسەكانیان دەكەم, بەراستی قسەی چاك كراو, زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وێڕای پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و زۆربەی ئەو بۆچوونانە و ئەو پێشنیارانەی برادەران باسیان كرد, من پێشنیاری كاك عادل و دكتۆر نوری تاڵەبانی پەسەند دەكەم, پێم باشە كۆمیتەیەكی تایبەت تا ئەو رۆژەی كە كۆمیتەی دائیمی بۆ شەهیدان و ئەنفال كراوەكان پێك دەهێنرێت, دوایی ئەوەی كە حكومەتی یەكگرتوو پێكدێت, پێشنیار دەكەم ئەو كۆمیتە كاتییە پێك بێت لە ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی و لیژنەی داكۆكی كردن لە ژنان, بۆ ئەوەی بتوانن هەر لە ئێستاوە بەدواداچوون بكەن و پرۆژەی یاسایەك گەڵاڵە بكەن, بۆ ئەوەی بتوانن ئەو داخوازیانەی كە پەیوەستن بە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە قوەتێكی ئیلزامی بدرێتێ, بۆ ئەوەی لە بەرنامەی كاریاندا جێبەجێی بكەن, هەروەها پێشنیارێكی تریشم ئەوەیە پەرلەمانی كوردستان یاداشتنامەیەك ئاراستەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بكات, سەرجەم ئەو داخوازیانەی كە پەیوەستن بە حكومەتی عێراقەوە بخاتە ناو ئەو یادداشتنامەیە, بۆ ئەوەی پەیڕەوی بكەن, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی برادەران وتیان دووبارەی ناکەمەوە, بەلام ئەوەی من کەوا مەبەستمە لێرە کە من ئەندامم لە لیژنەی پەروەردەو فێرکردن, دەمەوێ داکۆکی لەسەر ئەوە بکەم 4/14 بخرێتە ناو بەرنامە و مەنهەجی خوێندن, تاکو بەشێوەیەکی رەسمی بخرێتە ناو مەنهەجەکان تاکو هەموو نەوەکانی داهاتوو ئاگادار بن لەو کارەساتەی کە بەسەر میللەتی کورد داهاتووە, دووبارە لەگەڵ ئەوەش داکۆك دەبم لەسەر ئەو دەزگایەی کەوا دەیانەوێ بیکەنەوە, دەزگایەکی تایبەتی بە پرۆسەی ئەنفال, بەلام ئەو دەزگایە لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی بێت, و لێکۆڵینەوەکانی مەیدانی بێت, تاکو لەرێگای ئەو دەزگایە گیروگرفتەکانی ئەنفالەکان بەگشتی و بەتایبەتی هی ژنان لەلایەنی کۆمەلایەتی و دەروونی و یاسایی بۆیان چارەسەر بکرێت, پێشنیارێکی تریشم هەیە نموونەیەك لە گۆڕستانەکانی بە کۆمەڵ بخرێتە موزەخانەی کوردستان یان موزەخانەی نیشتمانیی لە بەغدا, ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران و دووبارەی ناکەمەوە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ژانێ لەدایك بوونا ئازادیا ولاتێ مە گەلەکە, ئەنفال و کیمیا باران و گۆڕی بەکۆمەڵ هەتا دوایی, ئەز دبێژم کەس کورد نەمایە ڤێ نافێ وێ کورد بێ بشێوەیەکی وا زەحمەتی نەدیتبێ و ناخۆشی نەدیتبێت, ئەڤرۆ داخوازکریا مە ئەز پشتگیریا هەمی بۆچوونی هەڤالان دکەم, گەلەك پێشنیارا هەی, بەس پێشنیارا من هاتیە دووبارە کرن, بەس لڤێرێ ئەز دەخەمە دلێ خۆ دبێژم, ئەم هەمی جارا دئاخافین, ئەم گەلەك لاو دزانین بئاخافین, وەختێ لمناسەبا ئەم هەمی دزانین بێژین بەلێ هۆصابی, هۆصابی, بەلێ سەری رێز و نەوازشی لبۆ وان دانێین, بەلێ دهۆکین, مەفروزە هەتا لە ناڤ ئاخافتنا هەڤالانیشدا ئەگەر ئەم هۆ بکەین, ئەگەر هۆ بێتە کرن, ئەگەر, ئەگەر, ئەگەر, لڤێرێ ئەز بە دەرفەت دەزانم ئەز دەنگی خۆ بخەمە ناڤ دەنگی گەلێ خۆ, داخازیش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و عمر فەتاحی دکەم, دامەزراندنا کابینە پێنجێدا مرۆڤێ پسپۆر و هەژیر, لپێوەری زانستی بۆ کابینە پێنجێ بێنە هەڵبژاردنێ, مرۆڤێ دڵسۆزێت کوردستانێ, دڵسۆزی کوردایەتی, ئەو بێنە هەڵبژاردنێ, ئەو کاروبارا بەرێوە ببەن, چونکە هەر سەرەك هەر ئەندامەك لە شیەك شول بکات پێدەڤیا مەژیەکا باشە, پێدەڤی مەژیا دبێت مەژەکی باش هەبێت, لەوانە ئەڤ کابینەیە وەزیری نوێ زۆر زۆر گەنجا گەلەکا گرنگن دروستی بێنە هەڵبژاردن, لەسەر مایەن ئەز زانستی و بنەمای کارکردنێ, لڤێرێ داخازیا مە وەکو مرۆڤێ هەژیر بێنە هەڵبژاردنێ, ژبەرهەندێکا ئەڤ خەلەتیە هاتیە کرنێ راستە کابینە هەردوو حکومەتێت مە و هەردوو ئیدارێت مە زۆر شول هاتیە کرن, بەس گەلەکی گەلەك مەصی ژ هەبن, ئەو کو مەصیە دووبارە نەبنەوە, شولەکی باش بۆ میللەتێ مە بێتە کرنی, هەمی کوردێ هەژی هەندێیە کود ژیانەکی خوشدا بژیت, خەلکێکی مە ڤێگوفکی وەلی هاتێ زێدەتر بێ هزرا هەندێت کانینی شینا چاڤێ وی تەلەفزیۆنا هەندێ سەکەنەت کانینێ ئیخبارێت سیاسێ رۆژان بگهنە کێرێ, زێدەتر چاڤێ وێ هەندە چەند سەعات کەهرەبا هەی, کەنگێ بێ کەهرەبایی کەم بێت, زیاتر چاڤێ لەوەیە ڤێ ڤنینە غازیا بەدەست خۆ بێنێت, زیاتر چاڤێ وێ هەی کەمێ سووتەمەنی و ئاگر دابین بکاتەوە, ئەڤی هەنێ گەلەکا گەلەکا گرنگن, بەس هەمی دەخەمە پشتگیریا ئەو داواکاریەت ئەنفالیا دکەم, بەس بە تایبەتی بەراستی ئەز دبینم وەکی برادەران ژ ئاماژەیان پێکری, داخازیا زیاتر ئەڤ پێنج نمرە بۆ ڤوتابیان نەیە رەوایە, ئەم دڤێ کار بکەین بۆ هەندێ کو هەمی دەرگەهی زانکۆیا لەسەر ئەساسا ڤوتابیا مە بەکەیفی خۆ هەڵبژێرن, ئەو پشکا دڤێن پسپۆریا خۆ پێوەرگرن, نەشنیکە ئەم وەکی چاڤ لە رژێما بەعس بکەین, فەرق و جودایی بخەینە ناڤ بەینا ڤوتابیان, فەرق وجودایی بلاڤکار ئینانە مەژی بێتو زێدەتر, سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش زۆربەی زۆری پێشنیارەکانم برادەران کردیان, بەڵام خاڵە سەرەکیەکە دەمەوێ بیڵێم, ئەو کارەساتەی ئـەنفال کـرا لەلایەن رژێمی بەعسەوە تەنها دژی میللەتی کورد نەبووە, دژی گشت گەلانی کوردستان بووە, کەوا گەلی ئێمە گەلی کلد و ئاشووری لە دەڤەری بادینان بـە دەیـان گونـد و بـەدەیان کەسـی ئـەنفال کـراوی هەیـە, کـە تـا ئێسـتا بـێ سەروشـوێنن, بەسەدان دێرو کەنیسە و مەعبەد رووخاوە, تـا ئێسـتا زۆربـەیان تـەعمیر نـەکراون, تـا ئێسـتا زۆربـەی زۆری گونـدەکانی ئەنفال کراو بەگشتی رێگاو بانی لێ نەکراوە, خەڵکەکە تا ئێستا ناتوانن هاتوچۆی گوندو شار بکەن, سوپاس.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم, هەڵبەتە شالاَوی ئەنفال سێ تـەوەر لـە خـۆی دەگـرێ, یەکـەم لـەناوبردنی 182 هەزار ئینسان, هەڵبەتە ئەوە پێویستی بە مەحکەمەو پێداچوون هەیـە, لـەو سـەردەمەی ئێسـتاش دا قسـە لەسـەر ئەوە دەکرێ کە دادگایی سەرانی رژێم بێتە گۆڕێ, پێم وایە ئەو لیژنەیەی برادەران ئیقتیراحیـان کـرد پەلـەی لـێ بکـرێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە بتوانرێ سەبارەت بەوانەی کە ئەنفالـەکانیان ئـەنجام داوە, یـان ئەوانـەی کـە دەسـتیان هەیـە لـە شـوێن بزرکرنـی ئـەو 182 هـەزار ئینسـانە, بەشـێوەیەك ناوەکانیـان کۆبکرێنـەوە, بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش بخرێنـە بـەر لێپرسینەوەو سـزادان, دوو خاڵەکـەی تـری ئـەوەی کـە بڵێین خـاك و گونـد و شـوێن و جێنشـینی ئـەنفالکراوەکان وێـران کراون و خاپور کراون, هەڵبەتە سەروسامانیان بەهەدەر چووە, پێم وابێ برادەران قسـەیان لەسـەر کـرد, خـاڵێکی تـریش پێم وابوو ئەو کۆبوونەوەیە لە شوێنی رووداوەکە ئێمە ئەنجامبمان بدابایە, نەك هۆڵی پەرلەمان, بۆیە داوا دەکەم کـە بـۆ ساڵی ئایندە ئینشائەڵڵا بتـوانین لەیـەکێ لەوکەرتانـە ئـەو کۆبوونەوەیـە ئـەنجام بـدەین وخاڵـەکانی تـریش هـەموو بـاس کران, سوپاس.

**بەڕێز سوارە محمدامین حمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو قسە جوانانـە دەکـەم کـە بـرادەران کردیـان یـەك لەیـەك, ئەمـە چـەند پێشـنیارێکی خـۆم هەیـە بەنسـبەت ئەنفالـەوە, و بـەخێرهاتنیان دەکـەم و دەردەکانیـان دەردو ئـازاری ئێمـەش لەگـەڵ ئەوانـە و شـەریکیانین, بـەلای منـەوە بەنیسبەت ئەنفال, یانی شتێك بڵێین تەعویز یان بڵێین قەرەبوو کردنەوە ئەمە لابرێ, چونکە هیچ کەسێك ناتوانێ نـە حکومەت دەتوانێ نەهیچ قیاداتی کوردی ئەمڕۆ ئەتوانێ قەرەبووی هـەر یـەکێك لـەو ئەنفالچیانە بکات, ئەوانـەی کـەوا ئـەنفالیان کـردووە و ئـەنفال کـراون بیانکاتـەوە, بـەلای منـەوە چـەند پێشـنیارێکم هەیـە, داوا دەکـەم لـە بـەڕێزتان ئـەو هینەی کە تەقدیمیان کرد و پێشنیاریان کـرد, یـانی دڵیـان بەحـەق هـات, یـانی ئازاریـان دایـن و شـەریکیانین و شـەریکی ئازارەکانیانین, بەلای منەوە ئەوانەی کە دێهاتەکانیان ئەنفالکراون, لە دێهاتەکانیان لـە شـوێنی دێهاتـەکانی خۆیـان لـەوێ شتیان بۆ بکرێت, لەوێ خانووی چاکیان بۆ بکرێـت, لـەوێ یارمەتیـەکیان بـدرێت کـە ئەوەنـدەی پێـی بـژین, نـەك وەکـو بەعزە یارمەتیەك لە بەعزە شوێن, رەنگە هەیە دووسەد دینار بێت, یان هەزار دینار بێت, ئەوەندەی هەموو عائیلەیەك کە زەرەرمەندی ئەو وەزعە بووە کە پێی بژین و ژیانیان پێی تەئمین بکەین, دووەم شت یەك شتی تر هەیـە, بەنسـبەت ئەوانەی کە ئەنفالچی بوون, ئەمانە کێ بوون ئەنفالچیەکان, ناوەکانیـان چ موستەشـارەکان, چ مـەفرزە خاصـەکان, لـە چ مەنتیقەیەکـدا بـوون, هـەر کەسـێك, هـەر مەسـئولێکی بـابڵێین موستەشـار یـان مـەفرەزە خاصـە لـە چ مەنتیقەیـەك ئەنفالکراوە, ناویان لەو مەنتیقەیە تۆمار بکرێت, بۆ ئەوەی ئەولادەکانیان ئیتر موزایەدە بەسـەر خەڵکـە وەتەنیەکانـەوە نەکەن, بزانن کە باوکیان کێ بوونە, باوکیان چ رەوشـتێکیان هـەبووە و چـییان کـردووە, ئەمـە لـە لایـەکی تـرەوە, دووەم شت داوا لە حکومەتی تازەی یەکگرتووی کوردستان دەکەم کە خەڵك زۆر دڵی پێ خـۆش بـووە و ئینشـائەڵڵا سـەرکەوتوو دەبێ, و داوا لە هەردوو قیادات دەکەم, بەتایبەتی بەڕێز کاك مەسعود و مام جـەلال ئـەو خەڵکانـەی کـەوا دادەنـرێن لـەو حکومەتی تازەیە, ئەوانە نەبن کە سەبەبی گلەیی و گازندەی میللەتەکەی خۆمانن بەتایبـەتی گەنـدەڵی ئیـداری, ئەوانـە دانەنێنەوە لەم حکومەتە تازەیە جارێکی تر داوا لە هەردوو بەڕێزان دەکەم چاودێری بکـەن بەسـەر ئـەو خەڵکانـەی کـە بوون بەو سەبەبە, من خۆم یەکێکم لەوانەی زەرەرمەنـدی وەزعـم, یـانی پـێم ناخۆشـە مـن سـاز کـرێم لەگـەڵ ئەوانـەی

ئەمڕۆ دەستیان بۆ درێژ کردین, حەقی خۆیان بوو, هەرچەندە موساعەدەیان کردین, ئەبوایە بە دڵی من بوایە ئەم موساعەدەیەشیان نەکردبایە لەوەی زیاتریان پێ بکردینایە, هەرچەندە شەخصی خۆم, خۆم بە موستەحەق نازانم, بەڵام دەبوایە زیاتریان پێ بکردینایە, بۆچی؟ بۆچی وامان پێ بڵێن, حکومەتێك حکومەتی کوردی بێت, حزبێك کە صاحبی نیزاڵێکی رابردووی دوورودرێژ بێت, چ پارتی, چ یەکێتی, چ حزبێکی تر, بۆچی ئێستا کۆمەڵێ کاربەدەست یانی کارێکی وابکەن کە سەبەبی گەندەڵی حکومەتەکەن, سەبەبی گەندەڵی لەناو حزبەکاندا بۆچی دەستنیشان نەکرێن, ئەمانە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن, تکا ئەکەین پیرۆزیان بێت ئەوەی کە خواردوویانەو بردوویانە, بابچن لە خاریج بیخۆن, لێرە بیخۆن, من پیرۆزباییان لێ دەکەم, ئیتر ئەمانە با دەست لەکار بکێشنەوە, خەڵکێکی موخلیصی وەتەنی, میللەتێك کە سەدەها ساڵە, ئێمە نەك بڵێین لە شۆڕشی ئەیلولی شەست ویەکەوە, لە تاریخی کورددا وابزانم چوارسەد, پێنج سەد ساڵە کورد لە شۆڕشدایە, میللەتێك لە شۆڕشدا بێت, ئەمەندە بە دوورودرێژی بۆچی لە خەڵکێکی ناوەتەنی بترسێت, یانی ناوی بەتایبەتی ئەنفالچیەکان پێویستە لە مەنتیقەکاندا چ مستەشارەکان, چ مەفرەزە خاصەکان, دووبارەی دەکەمەوە ئەمانە دیاری بکرێن کە لە چ مەنتیقەیەکدا ئەنفالیان کردووە, ئەهلی ئەو دێهاتانەش دێهاتەکانیان بۆ ئاوەدان بکرێتەوە بە چاکترین نەوعیەت, بۆیان چاکبکرێتەوە و بگەڕێنەوە دێهاتەکانی خۆیان, بۆ ئەوەی دێهاتەکان بە ئاوەدانی ببینین بە وێرانی نەیانبینینەوە, مەنتیقەیان نەبێ بە مەنتیقەیەکی صحراوی, ئێستا زۆر لە دێهاتەکان صحرا بوون و کەسی تێدا ناژی, یانی شتیان بۆ بکەین, خزمەتگوزاریان بۆ بکەین, هەتا کۆمەڵێ خەڵك تەئمینی خزمەتگوزاریان بۆ بکەین, لەمەکتەب, لە خەستەخانە, عەرزت دەکەم لە تەئمینی پاس بۆ قەزاو ناحیەکان و هەتا بۆ موحافەزەکانیان, یەك بەیەك تێدا بگەڕێن, ئینجا با ئەوان لە دەرگای ئێمە نەدەن, ئێمە مەسئولین, مەسئولی ئەوانین, بەحیساب ئێمە بچینە خزمەتی ئەوان, بچینە خزمەت ئەوانە بڵێین کاکە پێویستیتان چییە؟ داواکاریتان چییە؟ ئێمە کە وەزیفەمان وەرگرتووە لەسەر حسابی ئەوان وەرمانگرتووە, دووەم شت داوا دەکەم ئەو لیژنەیە کە قەرارە بکرێت, لەو خەڵکە زەرەرمەندانە بێت, کە خەڵکی ئەنفال بیناسێ, کە ئەهلی زەرەرومەند بێت, ئەهلی شۆڕشگێڕی واقیعی میللەتی کورد بێت, نەك خەڵکێکی مەصلحەت چی دابنێن, لەبەر خاتری ئەحمەدو مەحمود بیخەنە ئەو شوێنانەوە, داوا دەکەم ئەو کۆبوونەوەیە هەر لێرە نەبێت, بەتایبەتی ئەو نمایشەی کە کردیان, پیشانی بەتایبەتی هەردوو قیاداتی کوردی بدرێ و ببینن و بەتایبەتی هەردوو ئیدارەی حکومەتەکە ببینن و بڵێن خەڵکێك کە زەحمەت کێش وشۆڕشی میللەتەکە ئاوام پێ دەڵێن, من شەخصی خۆم, خۆم بە گوناحبار نازانم, بۆچی شەریکی خەڵکێکی مەصلحەتچی بە خوێنی میللەتەکە, دووەم شت ئەوە زۆر تەئکیدە پێویستە ئەو ئەنفالچیانە ناوەکانیان لە مەنتیقەکە بدرێ وهەر کەسێك ئەزاندرێت, تەبعەن دەزانرێت کێ لە چی مەنتیقەیەك ئەنفالی کردووە, ناوەکانیان بدرێت و هەرچەندە برادەرێك باسی مەحکەمەی کرد, من لەگەڵ مەحکەمە نیم, ئەوانە عەفو کراون, یانی بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوانە میللەتی ئێمەن تازە, چارە نییە لەگەڵ عەفوەکەین, عەفومان کردوون, بەڵام موزایەدە بەسەر میللەتی کوردەوە نەکەن, بەسەر خەڵکە شۆڕشگێڕەکەوە نەکەن, با ناویان لە مەنتیقەکاندا ببێت, شتێکی تر کە زۆر زۆر موهیمە, لە هەر دێیەك کە خزمەتگوزاری پێدەگات, ئەو دێیە چەند کەسی لێ ئەنفال کراوە, ئەگەر بوو بەرەسم, نەبوو بەناوەکانیان, لە مەدخەلی دێیەکە ئەم دێیە صاحبی دە ئەنفالە, یەك ئەنفالە, یان ئەلحەمەدولیلا ئەم دێیە هیچی بەرنەکەوتووە, با ئەم ناوانە ببێ بۆ ئەوەی نەوەکانمان, کوڕەکانمان نەوەکانیان لە بیریان نەچێت, دووەم لە مەکتەبی ئیبتیدائی و متەوەسیتە و سانەوەییەکانی ئێمە, پێویستە قەزیەی ئەنفال بەنەوەکانمان بناسرێت, بزانێ کە ئێمە میللەتێکین ئەم غەدرەمان لێ کراوە, چونکە نەوەکانمان نازانن ئەنفال چییە, نازانێ ناوی ئەنفال چییە, پێویستە لە مەکتەبەکاندا ناوی ئەنفال ببێ بە دەرسێك بۆ هەموو تەلەبەیەکی کورد لەسەر تاسەری کوردستاندا, ئیتر داوا لە بەڕێزتان دەکەم جەنابتان بەتایبەتی ئەوەی کە شتی چاکە بکرێ, با ئیتر لەمە زیاتر خەڵکی وەتەنی و شۆڕشگێر و ئەو خەڵکە زەحمەتکێشە گلەیی لە ئێمە و لە خەڵکێکی تر نەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, به ئەسەرێکی رەجعی رێگام دای حەقی قسەت هەبوو, لەبەر ئەوەی پێشتر کەم قسەت کردووە, بۆیە ئەم یادە بە قسەی هێنایەوە, منیش بە قەرارێکی ئەسەرێکی رەجعی شکاندم و زیاتر حەقم دایێ, فەرموو کامەلا.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران زۆر پێشنیار و داواکارییان کرد کە زۆریان بەجێ بوو و پشتگیریان لێ دەکەم, بەڵام زیاتر کاك عوسمان بانی مارانی ئاماژەی بە شتێك کرد, من تەئکید لەوە دەکەمەوە, کە سەرژمێریەکی ورد بکرێ لەڕێگەی ئیدارەی ناوچەکان, ئەو ناوچانەی کە تێیدایە, بەمەبەستی ئەوەی سەرژمێری بکرێ, سەرەڕای ئەوە باسی یەکێك لە قۆناغەکانی ئەنفال نەکرا, ئەنفالی فەیلیەکان کە زیاتر لە دە هەزار, یازدە هەزار گەنجی فەیلی ئەنفال کرا, سەرەتای ئەنفال لەوێوە دەستی پێکرد, بۆیە دەکرێ ئەوانە بخرێنە چوارچێوەی ئەنفال وبیانگرێتەوە, سەرەڕای ئەوەش کە دەزگای ئەنفال دەکرێتەوە, دەزگای ئەنفال لە چەند بەڕێوەبەرایەتیەك بێت, بەتایبەتی یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکان, بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی تێدا بێت, بەمەبەستی زیاتر ئەو پەککەوتانە و ئەو پیرە ژن و پیاوانەی کە ماونەوە بە چاودێری کردنیان شتێکی زۆر گرنگە و باس نەکرا, وێڕای ئەوەش من پێم باشە حکومەتی یەکگرتوی کوردستان کە لەچەند رۆژی دادێت بڕیارە پێك بێت, ئەم حکومەتە مولزەم بکرێ بە سەقفێکی زەمەنی, لەدوای سەرژمێر کردنی کە مانگێك دابنرێ ئەو سەرژمێریە بکرێت, سەرژمێری ئەو ئەنفالکراوانە هەریەکە لەناوچەیەکدا لەدوای سەقفێکی زەمەنیدا بڵێین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەکرێ, ئەوانەی کە تائێستا خزمەتگوزاریان پێ نەگەیشتوە, ئەوانە پێیان بگات, یان ئەو مافانەی کە دەیانگرێتەوە بیانگرێتەوە, لەوانەیە لەنێوانی ئەو ئەنفال کراوەکان و کەس وکاری ئەنفالکراوەکان دەکرێن بەدوو, بەشێکی وەکو باس دەکرێت کە من زۆر زانیاریم لەسەر نییە, نەبەژمارە نەبەئەوە, بەڵام بەشێکیان خزمەتگوزاریان گەیشتوێ و بەشێکی تریان هەر هیچیان نەگەیشتوێ, یان هیچیان بۆ نەکراوە, ئەوانەی کە هیچیان بۆ نەکراوە بکرێنە ئەولەویات و بدرێتە ئەوانە, سەقفێکی زەمەنیش دابنرێت ومیزانیەکیش لە میزانیەی گشتی حکومەتی یەکگرتویی کوردستان تەرخان بکرێت, بۆ ئەوەی وەکو ئەو شتە سەرەتاییانەی کە دەکرێت, یان ئەو شتانەی کە پێویستە فەوری بکرێ لە دابین کردنی مووچە, لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بە هەموو شێوەکان کە هەیە بکرێت, من پێم وایە ئەگەر هەر کۆبوونەوە بکەین و هیچ کردەیەکان نەکەین, ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەی کە پێشتر کراون, بۆیە باشتر وایە کە لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقفێکی زەمەنی دابنرێت, بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزاریانە کە لەتوانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگەیەندرێت بە کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم, کورد لە 68 هەتاکو 2003 چوار جار ئەنفال کراوە, فەیلیەکان دە هەزار گەنج, پاش ئەو بارزانیەکان, پاش ئەو ئەوەی ئەمڕۆ باسی دەکەین, بەڵام ئەوەی باس نەکرا دوای راپەڕین و کۆڕەوەکە لە کوردستان ئەنفالێکی تر کرا و لەناو هەولێر, تەنیا من ئامارێکم هەیە 147 کەس ئەنفال کراوە, کە هەتا ئێستا بێ سەرو شوێنن, بەو بۆنەیە ئەو شتانە تۆمار بکرێ, کە باسی ئەنفال دەکرێ, ئەنفالەکان لە 1968 دەستی پێبکرێ هەتا رووخانی رژێم, من دوو پێشنیارم هەیە, پێشنیاری یەکەم ئەوەیە بۆساڵی ئاینده ناوی هەموو ئەنفالکراوەکان لە کتێبێك بە چەند زمانێك تۆمار بکرێت, بەداخەوە هەتا ئێستا ناوی ئەنفالکراوەکان بەتەواوی کۆنەکراوەتەوە, و بەساڵێك دەتوانین شت بکەین, من ئێستا ماوەیەکە خەریکم ناوی دوو هەزار و پێنج سەد مزگەوت و کەنیسە و شوێنی پیرۆزی یەزیدیەکانم کۆکردۆتەوە, پێویستە دەستبەکاربین, پشتگیری ئەو لیژنەیە دەکەم کە کارا کاربکەن, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ئەنفالكراوانی كوردستان, سڵاو بۆ گیانی پاكی گشت شەهیدانی كورد و كوردستان, ئەنفال كرا دژ بە شەخسێك یان ناوچەیەك نەكرا, ئەنفال كرا بۆ ئەوەی كورد نەهێڵن, لە ریشەوە هەڵی تەكێنن, كوردستان تەعریب بكرێت, خاكەكەی بكرێتە خاكی میللەتێكی تر, ئەمە حەقیقەتێكە هەموو خوشك و برایەك لە هەموو شوێنێك ئەزانێ, ئەنفاله بەدناوەكان, ئەنفال كە كرا بیرێكی شۆڤێنی مەجموعەیەكی رەگەزپەرست بوو كە كورد نەهێڵێ, سوپاس بۆ یەزدان ئەو بیر خراپانە, ئەو بیر شۆڤینیانە, بیرەكەیان ئەنفال كرا, ئەمڕۆ بەرهەمی خەباتی میللەتی ئێمە, بەرهەمی جەماوەری كوردستان لە هەموو شوێنێك, ئەمڕۆ ئەو ئاواتەی لە مێشكی ئەو بیر پاكانەی ئێمە بوون كە ئەنفال كران, شەهید كران, نەمان, كە ئومێدیان ئەوەبوو رۆژێك ئازادی ببینن, ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین, بۆیە ئەركێكی مێژوویی سەرشانی ئێمەشە لە ئاستی ئەو مەسئولیەتە بین كە ئەو برایانەمان, ئەو خوشكانەمان لە پێناوی شەهید كران, كیمیا باران كران, ئەنفال كران, بەرهەمی بیری نائاسایی شۆڤینی ئەو رەگەزپەرستانە نەما, لەبن چوو, ئەنفال كران, ئەمەش دەسكەوتێكی گەورەی نەتەوەكەی ئێمەیە, ئەمڕۆ كە دەبینین بە بەرهەم و خەباتی میللەتەكەمان پەرلەمانمان هەیە, حكومەتمان هەیە, هەرێمی كوردستانمان هەیە, ناوی پێشمەرگە چووە دەستووری عێراقەوە, سەرۆكی كۆماری گشت دەوڵەتی عێراق ئەمڕۆ برایەكی كوردە, سەرۆكی هەرێمی كوردستانمان هەیە, شەریكین لە عێراق بە پێی دەستووری عێراقی, زمانی كورد زمانێكی رەئیسیە لە عێراق, وەكو زمانی عەرەب, ئیسپات كرا كە كوردستان پارچەیەك نییە لە وەتەنی عەرەبی, شوێنی خۆی هەیە, خەڵكی خۆی هەیە, خاوەنی خۆی هەیە, ئەمە هەموو بەرهەمی خەباتی ئەو میللەتەی ئێمەیە كە قسمێكی شەهید بوون, بەداخەوە ئیمڕۆ لەگەڵمان نین, قسمێكی ئەمڕۆ لە گەڵمانن و ئیدارەیان لەدەستە, حوكم دەكەن, محاوەلە دەكەین هێشتا باشتری بكەین ئەو شوێنانەی لەبەردەستمان نییە, بێنینەوە بەردەست, ئەو خوشك وبرایانەی لێرە كە وتەی بەنرخیان وت, هەموو جێگەی رێزە, زۆر بەرزە, ئێمە پەرلەمانی كوردستان لێرە تەشریع دەكەین, یاسا دەرئەكەین, ئەركمانە و ئەركی ئێوەیە لەگەڵ خەڵكی تری پسپۆر, لەگەڵ ئەو خوشك وبرایانەی كە ئەنفال كراون, كەس وكاریان ئەمڕۆ ماون, لەگەڵ خەڵكی تری كوردستان كە خۆیان بە خاوەن ئەو شەهیدانە ئەزانن, بیر بكەینەوە پرۆژەیەكی كامل موكەمەل ئامادە بكرێت, بەرێگەیەكی یاسایی بدرێتە لیژنەی یاسایی و, لێرە لە پەرلەمانی كوردستان و دراسەت بكرێت, نەك جەلسەیەك یا چەند جەلسەی تر بكرێت, بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسێك رابوەستێ, بكرێتە یاسایەك, چوارچێوەیەكی بۆ دابنرێت, جیهەی تەنفیزی تەكلیف بكرێت, ئەبێ جێبەجێی بكات و خۆمانیش موراقیبیان بین و بزانین چەند بەو ئەركانەیان هەڵدەستن, ئێمە لێرە هەمووومان بە وتە بڵێن, بەڵام ئەگەر بڕیارێكی پەرلەمان لە یاسایەك دەرنەچێت, جێگەی خۆی نەگرێت, ئینجا هەروەكو ئێستا ئەمێنێ, جارێك هەندێ شت ئەكرێت, جارێك هەندێ شت ناكرێت, ئیشارەت بەوە كرا كە شوێن بكەین بۆ شەهیدانی ئەنفالكراو, ئەوە راستە حەقی ئێمەیە وەك نەتەوەی كورد, وەك میللەتی كورد ئەو شوێنانەمان هەبێت, لە بەرزان, لە گەرمیان, لە هەر كوێ ئەنفالی لێ كرابێت, وەكو ئەوروپییەكان كە جەرائیمی نازییەكان لە هەموو شوێنێك جێگایان بۆ كردۆتەوە, رەمزیان بۆ داناوە, لەسەر یەك رەمز و یەك شوێن ناوەستێ, لە گەرمیان كرا, لە بەرزان كرا, لە بادینان كرا, لە هەڵەبجە كرا, لە هەموو شوێنێ ئەبێ رەمزی ئەنفال كراوەكانمان هەبێت, ناوەكانیشیانمان هەبێت, چیش لەسەریان بزانین هەمانبێ, ئەوانەی تاوانەكانیشیان كردووە, بەرەسمی بەناو هەمانبێ, بۆیە ئەمە ئەركمانە, ئەركی پەرلەمانی كوردستانە, بڕیاری پێ دەربكات, حكومەتی هەرێمی كوردستان واجبیتی جێبەجێی بكات, بۆ ئەم مەسەلانە وەكو برایەك ئیشارەی پێكرد, پێویستە ئێمە پێدابكوتین لەسەر بەرنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستان, ئەبێ میزانیەك هەبێ بۆ مەسائیلی ئەنفال و ئەنفالكراوەكان و شەهیدانی كیمیاباران و هەڵەبجە و گشت شەهیدێكی تری كوردستان, ئەبێ بە پێی بەرنامەی ئەومیزانیەی بۆی دادەنرێ لەوێ سەرف بكرێت, كوردستان دەوڵەمەندە, دەوڵەمەندتر دەبین, شوێنەكانی تریش دێنەوە سەر كوردستان, هەموو هی ئێمەیە و هی ئەو شەهیدانەیە و هی كەس وكاریانە, ئەبێ هەموو پێكەوە وەكو یەكتر كار بكەین, بۆ ئەوەی دەستكەوتەكانی میللەتەكەمان باشتر بچەسپێ و باشتر جێگەی خۆی بكرێتەوە, ئەمڕۆ باسی

دیموکراتیەت دەکەین, دوێنێ ئەنفال دەکراین, ئەمڕۆ باسی دیموکراتیەت دەکەین, ئەمڕۆ باسی ماڧ ئافرەت دەکەین, ئەمڕۆ باسی گەنج دەکەین, ئەمڕۆ باسی نارەزابوونی خەڵکی خۆمان دەکەین, خەڵکی ئێمە راستە بەو مستەوایەی کەزیانی پێگەیشتووە بەوە قەرەبوو نەکراوەتەوە, هەموومان, هەمووکوردستان, بەتایبەت ئەوانەی کیمیا باران کران, چەند رۆژ پێش ئێستا هەڵەبجەی شەهید هەڵسان بەو موزاهەرەیە کە لەناو موزاهەرەکە هەندێ گەنج عاتیفە گرتیان و تووشی هەندێ هەڵە بوون, لەوانەیە بەیانی لە شوێنێکی تر هەمان شت رووبدات, بەڵام من پێویستە لێرە هەندێ شت بۆ ئەو بەرێزانەو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان, گرنگە و پێویستە ئێمە بڵێین بەرۆژێك حکومەتی هەرێمی کوردستان, میزانیەی کوردستان ناتوانێ هەموو ئەو مەتالیبانەی کە خەڵکی ئێمە ئەیەوێت بۆی جێبەجێ بکرێت, زۆر شت کراوە, ئەوەندەی باسمان کرد لە حکومەت و پەرلەمان و دەسکەوتی تر, ئەمانە هەمووی هی ئەو شەهیدانەیە, هەموو هی خەڵکی کوردستانە, هەموو هی ئەو دەربەدەرانەیە کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە کوردستان, هەمووش حەقیان لەسەرمانە, بەڵام قەرەبوو کردنی ئەوە دوای ئازادی کردنی تەواوی کوردستان و گەڕانەوەی گشت سنووری کوردستان بۆ سەر سنووری هەرێمی و دەرخستنی نەوت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەکرێت و مەعادنی تر بەکاردێت, بودجەیەکی بە قوەتمان هەبێت, ئەوجا هەموو خەڵکی کوردستان شادو بەختەوەر دەبێت, کەچی ئەوانەی شەهید بوون و گیانیان لەدەست دا نەفەرێکیان هەموو سەروەت وسامانی سەر گۆی ئەم زەمینە بێنێت بە قەدەر رووحێکی منداڵێکی هەڵەبجە, یان ئەنفالێکی گەرمیان, یان بارزان, نایهێنێت, سەروەت و سامان ئەوە ناهێنێ, ئێمە ئەو شەهید و قوربانیانەمان دا بۆ ئەوەی رزگاری بەدەست بێنین, ئازادی بەدەست بێنین, ببینە خاوەنی دەنگی خۆمان, صەوتی خۆمان لە بەغدا و لە عێراق و لەهەموو دونیا, ئەمڕۆ کورد بە دنیا ناساندرا, ئەو شەهیدانە ئەو ئەنفالانەی ئەوانەی ئەنفال کران, ئەوانەی کیمیا باران کران, ئەو پێشمەرگانەی لەسەنگەرەکان شەهید و مەعەوق و پەککەوتوو کەوتن, ئەوانەی کە ئێستاش ماون پیر بوونە و تاقەتیان نییە, ئەمانە واقیعی کوردستانی بە عێراق و بە دەوروبەر و بەدونیا سەلماند کە ئێمە هەین, خاوەن حەقین و حەقی زیاترمان دەوێت, بۆیە من رجام لەو خوشك و برایانە هەیە کە یەئس نەیانگرێت کە کوردستان هیچی بۆ کەس نەکردووە, نەخێر زۆری کردووە, زۆریشمان ماوە بیکەین, پێویستە وەکو تیمێك لەگەڵ یەك ئێمە و کەس وکاری ئەو شەهیدانەی ئەنفال, ئەو خوشك وبرایانەی ئەمڕۆ ئەو نمایشەیان نیشان دا, ئەویش ئەنجامدانی ئەرکێکی سەرشانی مێژوویی خۆیانە, پێویستە هەمووومان وەکو کوڕو کچی خۆمان لەناو خۆمان بیانگرین و پشتیوانیان بین, بەرێگەیەکی زانستی هەوڵ بدەین ئێش و ئازارەکانیان چاك بکەین, نەك هەر قسە بکەین یان مساعەدەیەکی کەمی یەکێکیان بکەین, کە ئەبێ شتێکی لەبن نەهاتوویان هەبێ, ئەبێ موئەسەسەیەکی ئەنفالیان هەبێت, ئەمڕۆ وەزارەتی شەهید و شەهیدانی ئەنفال کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە, میزانیەی ئەبێت, ئەبێ بەدواییدا بچین, ئەگەر نوقصانی هەبوو من سوپاسیان دەکەم بە هێمنی نەفەرێکیان یا دوو نەفەر یا دە نەفەریان بێنە پەرلەمان, ئێمە بە دڵێکی فراوانەوە هەموو وەختمان بۆ ئەوان تەرخان دەکەین, ئەم پەرلەمانە ئەرکێکی سەرشانی مێژوویی نەتەوەییەتی کە هەڵبستێ بە واجیبی خۆی بەرامبەر ئەوانەی روحیان لەدەست داوە, ئەوانەی منداڵیان بێ دایك و باوك گەورە بووە, بەڵام ئەبێ ئصولێکی ئاسایی بۆ دابنێین لە ناو چوارچێوەیەك کەسێکی ئەنفال بتوانێ بەو یاسایە بڕوا و قورگی وەزیر و حکومەت بگرێت لە رۆژێك لە وەختێك, ئەگەر پێشێلکاری مافەکەی بکات, بەڵام ئەگەر لێرە, هەر لێرە ئێمە ئەوەندە هەوڵ بدەین هەموو ئەو شتانە دروست بکەین, یانی ئێمە ئیشتیباه دەکەین, خەڵکی پسپۆڕ هەیە, خەڵکی زانا هەیە, خەڵکی کەس وکاری ئەو شەهیدانە هەیە, دەوڵەمەندمان بکەن بەو مەعلوماتانەی هەیانە, بەرێگەیەکی یاسایی بدرێتە ئەم لیژنەی یاسایی ئەم پەرلەمانە, ئێمە چەند جەلسەی تریان بۆ بکەین, بەیەك جەلسە نەخێر, دە جاری تریش موناقەشەی بکەین, هەتا لەسەر ئەساسێکی کۆنکریت رابوەستین کە بە قەناعەتەوە من ئەمە بە نەفعی شەهیدانی ئەنفال و کیمیا باران و گشت شەهیدانی کوردستان دەزانم, هەموو شەهیدێك, هەموو پێشمەرگەیەك تاجی سەری من و ئێوەو هەموو کەسێکە لەو کوردستانە, ئەبێ ئەوە لەبیر نەکەین, ئیمڕۆ ئێمە لێرەین, خوێنی ئەو شەهیدانەیە, چی تیرۆر کران, چی لە جەبهەی پێشمەرگایەتی شەهید کران, چی زیندە بەچاڵ کران, چی ئەنفال کران, چی بە کیمیا باران شەهید کران, ئەگەر ئەوانەمان لەبیر بچێت, ئێمەش هیچ, بۆیە ئەبێ ئەوانە وەك رەمزێکی بەرز,

وەك قیبلە سەیریان بكەین, ئێمە لە حكومەتی عێراق شەریكین, ئەبێ نوێنەرانمان لەوێن ئەو پێشنیارانەی خوشك وبرایانە وتیان تەكلیفیان بكەین, واجبی ئێوەیە ئەم رۆژانە لەوێندەرن باس بكەن و تەسبیت بكرێت, شەریكی ئێمە بن, ئەگەر شەریكین دەبێ وەكو ئێمە بیری لێ بكەن, ئەنفال لە جنوبیش هەیە, لە ئەهواریش ئەنفال كرا, شیعەش ئەنفال كراوە, خەڵكی تریش ئەنفال كراوە, دەبێت هەموو وەكو تیمێك لەسەرمان دەمێنێت چەند كار بكەین, چەند بە لێزانینەوە كار بكەین, نەك بە عاتیفی و بە عەفەوی, وداواش لەو خوشك وبرایانە دەكەین كە كەس وكاری ئەنفالن كە دڵ و مێشك و خوێن و دەماری ئێمەن, ئەنفالچیەكان لەبیر نەكەن, ئیمڕۆ من مولاحەزە دەكەم وای لێهاتووە ئینجا عەفەویە یان نا خەریكە ئەنفالچیەكان لەبیر بكرێن, حكومەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان تاوانبار بكەین, ئەوە هەڵەیەكی گەورەیە, من قەناعەتم هەیە كەس وكاری شەهیدانی ئەنفال دڵسۆزن وەكو ئێمە و لەئێمەش دڵسۆزترن, بەڵام بابزانین ئەم حكومەتە, ئەم پەرلەمانە, ئەم حكومەتەی كە لەم رۆژانە پێك دێت, ئێمە ئێستا حكومەتمان نییە بە شێوەیەكی یاسایی, چەند رۆژێكی تر كە پێك دێت لێرە سوێندی یاسایی دەخۆن, ئەوجا پێیان دەڵێن حكومەتی یاسایی, سوپاسی ئەو خوشك وبرایانە دەكەم كە داوایان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كرد كە خەڵكێكی بە توانا و زانا و رابردوو پاك لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بێت, تاوانی ئێوەیە ئەگەر یەكێكتان لەو ناوانە دیت دەنگی پێ بدەن, دەنگ بە هەر وەزیرێك نەدەن نابێتە وەزیر, بۆیە ئەو وەزیرانەی كە دێن دەبنە نوێنەری جێبەجێ كردنی یاسای پەرلەمان, ئەبێ رەزامەندی پەرلەمانی لەسەر بێت, موناقەشە دەكەی لەگەڵ ئەو برایە, دەڵێین پەرلەمان لەسەر ئەو برایە رازی نییە, ئەگەر ئەو برایە بیلفیعل زانیتان بە قەناعەتتان ئەمە لە خزمەتی جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانە نابێت, سوپاسی ئەو خوشك وبرایانەش دەكەین هەر زانیاریەكیان هەیە, هەر دیكۆمێنتێكیان هەیە, لەسەر هەر تاوانێك كە دژی ئەو میللەتە و خەڵكی ئەم سەر زەمینە كراوە, بیگەیەننە پەرلەمانی كوردستان, بۆ ئەوەی بگاتە جێگای خۆی, لە جێگای خۆی سوودی لێ وەربگرین, لەم رۆژانە لەسەر ئەنفال دادگایی دیكتاتۆر صەدام و دارودەستەكەی دەكرێت, بۆیە كێ دەزانێ لە كوێ دیكۆمێنتێك هەیە ئەمڕۆ بەكاردێت, بۆ ئەرشیف دەمێنێ لە پاشەرۆژ, بەڵام ئەمڕۆ با لەبەر دەست بێت, ئێمە پەیمان دەدەین بە كەس وكاری شەهیدانی ئەنفال, تا ئاخیر نەفەر لە دوایان دەبین, یان ئەوانەی ئەمڕۆ لە بیابانەكانی جنوبی عێراق سەریان نایەوە و بە پڕ ئومێدی دڵیانەوە نرانە ژێر خاك, لەدوایان دەگەڕێین تاكو ئەوەی بزانین و ئەو پرۆسەیەمان كۆتایی پێ نایەت و بەردەوام دەبین, ئەوەی من دەیزانم ئێستا هەزار كەسی تر لە شەهیدانی ئەنفال خەریكە پەیدا ببێ بە كۆنكرێت و ئەوانەش هی گەرمیانن لە وەختێكی موناسب ئەهێنرێنەوە, ئەو وەزارەتی كە میزانیە دائەنێت تیم دروست دەكات, ئەم پەرلەمانەش بە تەئكید دوای تەشكیلی حكومەت لیژنەی وەزارەی شەهید و شەهیدانی ئەنفالی ئەبێت, هەر ئەو لیژنەیەش كافی نییە, لەگەڵ خەڵكی تری پسپۆر و زانا بەدوای ئەچن, من زۆر سوپاسی ئەو خوشك و برایانە دەكەم كە بەشدار بوون, بەراستی ئەو رۆژە هەندێ برا پێی وایە كە ئەمڕۆ رۆژی ئەنفالە و هەندێك وایە وەختێكی ترە, ئێمە لە جەلسەكانی داهاتوو بە تەئكید هەموو رۆژەكان نابێتە رۆژی ئەنفال, بۆ نموونە بارزانیەكانی قوشتەپە لە 31/ 7/1983 ئەنفال كران, ئەنفال لە وەختی تریش كراوە, لەشوێنی تریش كراوە, هەموو ئەهێنین و دیراسەی دەكەین پێكەوە بەرێگەیەكی یاسایی, لەگەڵ ئەوە رۆژێك دائەنرێت كە لەو رۆژە یاد بكرێتەوە, تۆ ناتوانی هەموو رۆژێك, چونكە ئەوە ساڵە های ساڵە, ئەگەر بێتو هەموو رۆژێكی كە ئەنفالی تێدا كرابێت و بیكەینە رۆژی ئەنفال هەموو ساڵەكە دەبێ دابنیشین و باسی ئەنفال بكەین, ئەگەر هەموو رۆژەكانیش دابنیشین باسی بكەین كەمە, چونكە بەراستی ئینسان عەزیزترین و بەرزترین لەلای هەر ئینسانێك ژیانیەتی, ئەگەر ژیانەكەی لێ زەوت بكەیت و لەوە زیاتر هیچ شتێكی تر نییە, بەڵام ئێمە سەربەرزیە بۆ ئێوە, بۆ هەموومان, كە ئەوانە لە بیر نەكەین زۆر بەوردی وەكو كوڕ و كچی خۆمان بیر بكەینەوە لە ژیانیان, بیر بكەینەوە لە حاڵیان, چۆن وەزعی ئەوانە و هەموو كوردستان خۆش بكەین, هەموو كوردستان, منداڵێك لە زاخۆ لە خانەقین, سلێمانی, هەڵەبجە, یان كەركووك, ئێمە هەموومان كوڕی ئەو میللەتەین, خەڵكی ئەم سەرزەمینەین, بە بێ رەحمی بە قەرارێك هەموومان ئەكوژراین, ئەمڕۆ وشەی ئەم وئەو وعاتیفە تەفریقەمان نەكات لەیەكتری و لەیەك دوورمان نەخاتەوە, دووبارە بەخێرهاتنی ئەم میوانە بەڕێزانە دەكەین, سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز كە ئەمڕۆ لە رۆژی

جومعه كه رۆژێكی عوتڵەی رەسمییه له هەموو عێراق, بەڵام ئەم دانیشتنه رێزێكی تایبەتی بۆ ئـەو حادیسـانه كـرا, بـۆ ئەوەی ئێمه ئەمڕۆ لەگەڵتان دانیشتوین, زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, دوا كەس كه ناومان تۆمار نەكردووە, بەڵام بۆ ئەوەی گلەیی نەكات, فەرموو.

**بەڕێز سارا فقی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەكەم, بـەخێرهاتنی میوانـه بـەڕێزەكان دەكـەم, یـەك خـاڵ هەیـه دەمـەوێ ئیزافـەی بخەمـه سـەر قسـەی برادەران, ئەویش ئەوەیه ئێمه باس لەوە دەكەین كه كارەساتی ئەنفال زیاتر بناسرێت, ببێته كارەساتێكی نێـو دەوڵـەتی, یەكێك لەو هۆكارانەی كه ئەو كارەساته به نەمری دەهێڵێتەوە و دەیناسێنێ به دونیـا, بـەرای مـن هونـەرە, ئێمـه ئـەمڕۆ كه راوەستاین ئەندامانی پەرلەمان له رێگەی نوانـدنێكی شـانۆییەوە تـوانرا ئێمـه بگـریێنێ, یـاخود ئـەو كارەسـاته زیـاتر بناسێنێ به ئێمه, لەبەر ئـەوە بـه پێویسـتی دەزانـین كـه گرنگـی بـه بـواری هونـەری بـدرێ لـه ناوچـەی گـەرمیان و لـەو ناوچانەی كه ئەنفالی تێدا كراوە, فراوانتر بنكەیەك یاخود نێوەندێكی هونـەری زۆر فـراوان بكرێتـەوە, هونەرمەنـدەكان پشتیوانی لێ بكرێت, تاكو بتوانن بچن له دەرەوەی وڵاتیش ئەو كارەساته به دونیا بناسێنن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شتەی من دەمویست باسـی بكـەم زۆربـەی برایـان باسـیان كـرد, بـەڵام مـن تەئكیـد لەسـەر یـەك نوقتـه دەكـەم, ئـەو شەهیدانه شەهیدی هەموومانن, شەهیدی هەموو كوردستانن, شەهیدی رێگەی رزگاری كورد و كوردستانی, ئەوان راسـته دەبی هەوڵ بدەین و پەله بكەین لـه هێنانـەوەی تەرمـەكانیان, بـەڵام مـن پـێم وایـه پاشمـاوەی ئـەو ئەنفالانـه كـه كـەس وكاری ئەوانن له هەموو شت گـرنگترە كـه ئەوانـه گرنگیـان پـێ بـدەین, بـژێوی ژیـان و دابـین كردنـی جێگـه ورێگـەیان, ئەركێكی هەرە سـەرەكی ئێمەیـه لـه ئایندەیـەكی نزیـك, بەرهـەمێكمان هـەبێت بەرامبـەر كـەس وكـاری ئـەو شـەهیدانه, سوپاس.

**بەڕێز شكری صالح تمر(نێرۆیی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەبوایه زووتر نۆبەتم بێت, بەڵام دیـاره چـاوت بـه نـاوم نەكـەوتووە, سـوپاس, وەڵڵا هـەموو شـتێك دووبـاره و سـێ بـاره كراینـەوە, نامـەوێ چـوار بارەیـان بكەمـەوە, بـەڵام یـەك پێشـنیارم هەیـه لەگـەڵ دوو مولاحـەزەی گچكه, ئەگـەر یاسـای دادگاییكردنی موجریمەكان, صەدام وئەوانه كه لەسەر ئەنفال, ئەگەر یاسا رێگه بدات, پێشنیار دەكەم چەند كەسـێك لـه پەرلەمان ئەوانەی كه قانونین لەگەڵ بەڵگه نامەو ئەوانەوە لەو رۆژە ئاماده بن كه دادگایی دەكرێن, بـۆ ئـەوەی دادگـایی كردنەكه به قوەتتر بێت, ئەگەر یاسا رێگه بـدات ئەمـه پێشـنیارێك, مولاحەزەیـەكم هەیـه ئـەویش لـه سـەنتەری دهـۆك وابزانم ئیحصایەكی عام كراوە بۆ ناوی ئەنفالەكان لەگەڵ ئەوانەی كه شەهیدیش بـوون لـەكاتی ئـەنفال كـردن و ئەوانـه ئەتوانین سوودیان لێ وەربگرین, مولاحەزەی ترم ئەوەیه بـۆ ئـەو هەڤالانـەی كـه هەڵدەسـتن تەئییـدی فلانـه پێشـنیاری بـرادەران دەكـەن, جـارێكی تـر پێشـنیاری ئـەو بـرادەره شـەرح دەكەنـەوە, چـونكه زۆر جـار شـەرحەكەی زیـاتره لـه پێشنیارەكه, بۆ ئەوەی وەختەكەمان نەچێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی كه قسەیان كرد, بەراستی قسـەی مەسـئولانه زۆر كـرا, هـەدەف لـەو كۆبوونـەوەش بەرزراگرتنی ئەو یاده بوو, یادی قوربانیانی ئەنفال بوو, بەڵام ئـەو موداخـەلات و ئـەو پێشـنیارانەی كـه هـەمووی كـران, هەمووی لەبەرچاو دەگیرێن, لیژنەی مـافی مـرۆڤ تۆمـاری كـردووە, لێرەش ئێمـه مولاحـەزەكانمان تۆمـار كـردووە, لەبـەر رۆشنایی ئەو هەموو موداخەلەیه به نرخەو راپۆرتی مافی مرۆڤ هەنگاوی بۆ دەنێین, له پێش هەموویەوە موزەكەرەیەك حازر بكەین و ئەو داواكارییانه لەگەڵ وەرگرتنی سیقەی حكومەتی تازە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكـەین,

بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین, لیژنەکانی پەرلەمانیش هەر یەك لیژنە نییە, چەندین لیژنە هەیە پەیوەندی بەو کارەوە هەیە, دەبێ بە دواییدا بچین, ئەگەر پێویستیشی کرد باسی لیژنەیەك هات, لیژنەی کاتی ناکرێت, دەبێ لیژنەی دائیمی هەبێت, بەڵام پێویستی کرد ئەو لیژنەیەش دادەمەزرێنین, من چەند روونکردنەوەیەکی بەسیت ئەگەر ئیجازەم بدەنێ, بۆ ئەوەی هیچ ئیلتیباسێك دروست نەبێت لە شتەکان عەرزتان دەکەین, کوردستان تووشی جینۆساید بووە, هەمووتان ئاماژەتان پێ کرد, ئەو جینۆسایدە چەندین مەراحیلی هەیە, چەندین ناویشی بەخۆیەوە گرتووە, چەکی کیمیاوی بەشێکە ناوی بەخۆ گرتووە جینۆساید, وێران کردنی دێهاتەکان بەشێکە ناوی بەخۆوە گرتووە, بە کۆمەڵ کوشتنی فەیلیەکان بەشێکە ناوی بەخۆوە گرتووە, دەرکردنیان بۆ ئێران, پێش ئەوەش لە حەفتاو شەش لە بڕیاری چۆڵ کردنی دە کیلۆ مەتر هات, بیست کیلۆمەتریش لە سنوری عێراق کە بەستراوە بەسنوری ئێران و تورکیا, سەرەتای ئەو جینۆسایدە بوو بۆ ئەوەی ئێمە دابڕێین لە برا کوردەکانمان لەو دیوی سنوور, بە گواستنەوەی دێهاتەکان و سووتاندنیان و بردنیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان بەشێکە لە جینۆساید, بە کۆمەڵ کوشتنی بارزانیەکانی قوشتەپە لە هەشتاو سێ بەشێکە لەو جینۆسایدە, من لەسەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێکرد, دەکرێ ئەگەر بە کۆمەڵ کوشتن بێت لەوێوە دەست پێ بکەین, بەڵام ئێمە پێش چەند رۆژێك باسی یادی کیمیا بارانی هەڵەبجەمان کرد, وەنەبێت ئەنفالمان لەبیر چووبێت, وەنەبێت فەیلییەکانمان لەبیرچووبێت, وەنەبێت بارزانیەکانمان لەبیرچووبێت, یاخود ئەوانەی کەبەسەر میللەتەکەمان هاتووە لەبیرمان چووبێت, بەڵام هەر یادێك تایبەتمەندی خۆی هەیە, سەبەبێکیشی هەیە, ئەو ناوەی لێنراوە, هەڵەبجە سەبەبێکی هەیە, لەو رۆژە پێنج هەزار کەس شەهید کران, ئەنفال بۆیە ناویان لێنا ئەنفال دوژمنەکانمان ناویان لێنا ئەنفال, ئەگەر نا هەموو جینۆسایدە, کە دەڵێی هەڵەبجە جینۆسایدە, کە دەڵێی بارزانی جینۆسایدە, کە دەڵێی ئەنفال جینۆسایدە, جینۆساید یانی لەناو بردنی میللەتێك, لەناو بردنی خەڵکێك, وێرانکردنی وڵاتەکەی, بەهەموو جۆرێك, لەبەر ئەوە ئەوە لامان روون بێت, پێویستیشە تیکراری دەکەمەوە پێویستە یەك لای بکەینەوە, ئەمرۆ کۆبوونەوەکەمان بۆ بەرزراگرتنی قوربانیانیەکانی ئەنفالە, یادی هەڵەبجە نییە پێشتر کردمان, 7/31 ئەگەر پێویستی کرد, پێشم وایە پێویستیە دەتوانین کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکەین بۆ یادی بارزانیەکان, کە ئەویش بەشێکە لە جینۆساید, دەکرێت بزانین چ رۆژێك گەورەترین لێقەوماویان لێ قەوماوە, دەکرێ رۆژێك لەبۆ ئەوان دانێین, تورکمان بەسەری داهاتووە, تورکمان بەشێکە لە کوردستان, ئەگەر تەماشای وەسیقەکانی رژێم بکەین, تورکمان دەرکراوە, ماڵی تاڵان کراوە, بەزۆر فەرز کراوە بەسەری کە قەومیەتی خۆی بگۆڕی بە بەڵگە, ئەمەش بەشێکە لە تاوانەکانی بەعس, بەشێکە لەو سیاسەتە جینۆسایدەی کە بەرامبەر کلدان وئاشوور هەمان شت کراوە, بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی کوردستان ئەم سیاسەتە کراوە, بۆیە کە یادێك دەکەینەوە پێویستە ئەو یادە لە تایبەتمەندی خۆی دابێت, پێمان وانەبێت ئەگەر ناوی شوێنێکی تر نەهات مانای وایە لەبیرمان چووە, ئەنفال ئەو وشەیەی کە دژی میللەتی کورد بەکار هاتووە, من لەگەڵ ئەوەم کە ناوەکە بمێنێت, هیچ رەبتی نییە بە ئیسلامەوە, خەڵك هەڵە تێدەگات پێیان وایە ئەوە ئیسائەیە بۆ ئیسلام, بەڵکو ئیسائەیە بۆ ئەو تاوانبارانەی کەئەو وشەیان بەکارهێناوە, لە چەند روویەکەوە, ئەمان ئەو تاوانە بەرامبەر بە گەلی خۆیان دەکەن, بەرامبەر بە گەلێکی موسڵمان دەکەن, یانی بە کافریان زانیوین, ناوی پیرۆزی ئیسلامیان بەکارهێناوە ئەمەش تاوانێکی ترە لەسەر ناوچەوانی خۆیان و مێژوو دەنووسرێ, ئەوان ئەو ناوەیان لێناوە, ئەگەر تاوانێك هەبێت, ئەگەر جەریمەیەك هەبێت, بە بەکارهێنانی ئەو ناوەشەوە لەسەر نێوچەوانی ئەوانە, لەسەر ئێمە نییە, ئەو ئەنفالەی بەعسیەکان ئەو ئەنفالە نییە کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە, بڵێت کورد موسڵمانە, ئەو هاتووە ئێمەی بە کافر داناوە, خەڵکیش دەزانێ خۆی ئەگەر خانەی هەبێت لەو جەریمانەی کە کردوویەتی دەبێ بە کافر حیساب بکرێت, ئاماژە بەو هەژدە کچە کرا کە ئەنفال کراون و ناردراون بۆ میسر, بە تەئکید بەدواداچوونی بووە و دەشبێت, بەڵام من حەز دەکەم شتێکتان پێ بڵێم, من خۆم ماوەیەك لە میسر بوومە و یەکێك لە ئەرکەکانم ئەوە بووە سەرچاوەیەك بدۆزمەوە کە رەبتی بەو مەسەلەیە هەبێت, لێپرسراوانی میسر نەیەك و نەدوو و نەدە, داوام لێکردوون لە هیچ جێگایەکی میسری, لە پۆلیسی میسری لەو ساڵانەدا هیچ شتێك تۆمار نەکراوە رەبتێکی بەو قەزیە هەبێت, تا بەدوایدابچین, تۆ چۆن شتێك دەبینیەوە, نەناوێکی هەیە, نە مەعلوماتێکی هەیە لە وەزارەتی خارجییە, نە

**مەعلوماتێك هەیە لە دام ودەزگاكانی ئەمنی، نە كەسێك حیكایەتێكی باس كردووە، دكتۆر نوری باسی حیكایەتێكی كرد لە حەج، بریا یەك دوو حیكایەتیش لە میسر هەبوایە، بۆ ئەوەی بەدوایدابچین، من نالێم وانییە، ئیمكان زۆرە وابێ، چونكە وەسیقە هەیە، بەڵام بابزانین ئەو وەسیقەیە كێ ئیمزای كردووە، چۆنە؟ ئەو بەڵگە راستیە چییە، لەوێوە دەست پێ بكەین، كێ ناردوویەتی؟ وچۆن رۆیشتوون؟ ئەوجا دەتوانین بگەینە نەتیجەیەك، من دڵنیام حیكایەتی شوومی كارەساتی ئەنفال بە رۆژێك و ساڵێك و دە ساڵ تەواو نابێت، لێرەو لەوێ سەد جار سەرهەڵدەداتەوە، ئێمە بەدوای هەموویدا دەچینەوە، قسە كرا حەز دەكەم عەرزی ئەو مەسەلەیەشتان بۆ بكەم، دوو سێ برادەر رەنگە زیاتریش ئاماژەیان بەوە كرد كە ئەنفالچیەكان ئەمڕۆ بوونەتە جێگای متمانە و یاخود لێپرسراو، قوربانیانی ئەنفال یان كەس وكاری ئەنفال دەچنە بەردەم ماڵیان، ئەگەر ئەوە راست بێت گەورەترین كارەساتە لەسەر میللەتەكەمان، بەڵام من پێم وانییە ئەمە راستە، عەفوم دەكەن، حەز دەكەم ئەوەی ناوی ئەنفالچیەكی هەیە بمداتێ، یەك ئەنفالچیم بداتێ كە كەس وكاری ئەنفال مەجبورن بچن رجایان لێ بكەن یاخود مەسئولن، ئەنفالچیەكان راستە عەفو كراون، بەڵام هیچ شوێنیان نییە لە دام و دەزگاكان بە قانون، قەراری خۆمان، دواتریش لە دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوەكراوە، هەرچی بەعسیەك لە مەرتەبەیەكی تایبەتدا و هەرچی تاوانێكی كردبێت بەرامبەر بە گەلی عێراق بە گشتی، نابێت مەسئولیەتی بدرێتێ، بەپێی دەستووری عێراق نابێ ئەوانە مەسئولیەتیان بدرێتێ، بە پێی بڕیاری خۆمان نابێ ئەوانە مەسئولیەتیان بدرێتێ، نالێم لەوانەیە لە جێگایەكدا پەیوەندییەكی باشی هەبێت لەگەڵ مەسئولێك، بەڵام ئەوەندە بیر دەكەمەوە لە قسەكانتان لە جێگایەك مەسئولێك نابینم، مودیر عامێك نابینم، مودیرێكیش نابینم كە ئەنفالچی بێت، كەس وكاری ئەنفال مەجبور بن كە موراجەعەتی بكەن، و ئەگەر هەشە حەز دەكەم ناوەكانیانم پێ بڵێن، دڵنیاش بن بەدوایاندا دەچینەوە، كوێستان خان داوای كرد كە بەڕێوەبەری گشتی ئەنفال لە سلێمانی بێت قسەمان بۆ بكات، بە پێی پرۆتۆكۆلی ئێمە لە وەزیر كەمتر نابێت، دووش تا حكومەتی یەكگرتوو یەك نەگرێتەوە لەو پەرلەمانەدا ناكرێت وەزیریش بانگ بكەین، سێش كاك مەسعود پێش چەند رۆژێك كۆبوونەوەیەكی تایبەتمان كرد، لەگەڵ كەس وكاری ئەنفال هات لەوێندەر ئەو راپۆرتەی خوێندەوە ونیشانیشی دا لە رۆژنامە و لە تەلەفزیۆنیش بڵاوكرایەوە، نیشانی دا زۆر شت كراوە لە سلێمانی، منیش سوپاسم كرد، بەڵام ئەو شتانەی كراوە، ناكرێ بڵێی وەڵلا تەواو، چوار پێنج پارچە زەوی دراوەتە كەس وكاری ئەنفال، چەند كەسێك تەعین بووە، سەدا پێنجەكە دراوەتە كەس وكاری ئەنفال، بۆ ئەوەی داخیلی جامیعە بن، شت كراوە و یارمەتیان دراوە بۆ هاوسەری تەواو كردن، یارمەتیان دراوە بە بەخشینی دانی مەصرەفی عەقار بۆ دروست كردنی خانوو، زۆر شتی تریش، بەڵام ئەمانە هۆكاری چاكن، سوپاسی دەكەین كە بۆی خوێندینەوە، ئەمانە نابێ واتەصور بكەین كە ئێمە توانیومانە خزمەتی كەس وكاری ئەنفال بكەین وەكو پێویست، با ببێتە نموونەیەك شتێك كراوە با دەیان شتی تری وا بكرێت، با سەدان شتی تری وا بكرێت، لەبەر ئەوە ئەو داواكاریانەتان ئێمە كۆی دەكەینەوە و دەیخەینە بەردەم حكومەتی هەرێمی داهاتوو و بەدواشی دادەچینەوە، من لەسەرەتای قسەكانمدا وتم بەرنامە گرنگە، بەڵام بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی بەرنامەكە ئەگەر نەبێت هیچ قیمەتی نییە، بڕیارێك لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، ئەگەر ئەو بڕیارە نەگاتە هەموو دام و دەزگاكانی حكومەت، حكومەت قیمەتی چییە، قانونێك دەردەچێت ئەگەر ئەو قانونە نەگاتە دام و دەزگاكان، ئەگەر خەڵكی كوردستان رۆشنبیری پێ پەیدا نەكەن قیمەتی چییە، قانونێك ئەگەر هەبێت هاووڵاتیەكە نەزانێ ئەو قانونە چ بوارێكە، مومكینە بچێت تاوانەكەی بكات و نەشزانێت سزا دەدرێت، لەبەر ئەوە واجبی ئەوە ئەوەلەن لەدام ودەزگاكان هەمووی بڵاوبكرێتەوە، شەفافیەت هەبێت، بەڵام بەشێوەیەكی بەرنامەیی، بەشێوەیەك بێت بۆ خزمەت، نەك بۆ قسە، تەنیا شیعارات نەبێت، ئێمە موحتاجی شیعارات نین، ئێمە نوێنەری خەڵكین و خەڵك دەنگی بە ئێمە داوە، بۆ ئەوە نەهاتووین بەس شیعارات بكەین، بەڵام واجیباتیشمان دیاریكراوە، دانانی یاسایە و بەدواچوونی كارەكانی حكومەتە، بەدواچوونی داواكانی خەڵكە، ئەوەی بە ئێمە دراوە دەبێ بە دوایەوە بچین، تەبیعی كە حكومەت متمانەمان دایێ، یان لە عەینی رۆژ یان دوو هەفتە دواتر، رەنگە دوو هەفتە دواتر بێت، جارێكی تر دێتەوە ئێرە، بەرنامەی حكومەت دەخاتە بەردەم ئێوە، موناقەشەی دەكەین، لەو ماوەیە پێش ئەوەی بەرنامەكە بێتە ئێرە، ئێمە ئەو موزەكەرەیەی دەدەینێ، ئەو داواكارییانەی كە هەیە، كە هاتنە ئێرە ئەگەر نەیانخستبێتە ناو**

بەرنامەی حكومەتیان كارنامەی خۆیان, لێرە بۆتان هەیە یەكە یەكە موحاسـەبەیان بكـەن, هەڵسن بڵێن كوانێ حـەقی هەڵەبجە, كوانێ حەقی ئەنفال, كوا حەقی بارزانیەكان, كوا حەقی فەیلییەكان, كـوا حـەقی توركمانـە لێقـەوماوەكان, كـوا حەقی ئەوانەی ئاشوور و كلدان ماڵیان وێران كرایە, ئـەوە دەبـێ بـە گوێرەی ئـەو بەرنامەیـە هـەموو ئامـاژەی پێكرابـێ, ئێمە دووبارەی دەكەمەوە هەدەفمان ئەوەیە لەگەڵ حكومەتدا هاوكار بین, بەیەك هەڵوێستی و بەیەك مـەوقیفی و یـەك بەرنامە ئیش بكەین, ئەو بەرنامەیە چییە بەرنامەیەك موخالیفی ئێمە بێت, من دەمەوێ ئەو بەرنامەیـەی جێبـەجێی بكات, كەم وكوڕی نەمێنێت, مـن دەمـەوێ گەنـدەڵی نـەمێنێ لـەناو دام ودەزگاكـانی حكومـەت, نـەك گەندەڵیەكـە فـراوان بێت, وەڵلا ئەو حكومەتە بڕوخێنێ, ئیشی ئێمە بـەقوەت كردنـی حكومەتـە, ئیشـی ئێمـە جێبـەجێ كردنـی بڕیارەكانـە, ئینجا من لێرەدا ئەو رۆژە بەبەرز راگرتنی قوربانیانی ئەنفالـە, ئومێـد دەكـەم ساڵێكی تـر ئەگـەر كۆببینـەوە بـەراوردی ئەوە بكەین لەو ساڵەدا چەند لەو قسانەی كە ئێوە كردتان جێبەجێ كراوە, چیمان كردووە, ئەو وەختی ئەگـەر هیچمان نەكردبوو رەخنەكە و گلەییەكـە لـەخۆمان دەكـەین, بـزانین بۆچـی هیچمان نـەكردووە, ئەگـەر ئێمـە كەمتەرخـەمیمان نەكردبوو, بزانین كێ كەمتەرخـەمی كـردووە ئـەو كـاتی پێتـان دەڵێین, ئەگـەر وەزیـرە بـانگی دەكـەین لێـرە, پێشـتریش تەبعـەن پێویسـت ناكـات راوەسـتین تـا سـاڵی داهـاتوو, ئەگـەر ئیجـاب بكـات ئێمـە پەرلـەمان حـەقی خۆیـەتی بەرنامـەی خۆشیتی هەر وەزیرێك پێویست بكات لێرە بـانگی دەكـەین و رووبـەڕووی ئـەو هـەموو پێشـنیارو رەخنـە و ئـەو شـتانەی دەكەین, كە ئێوە كۆیدەكەنەوە, لیژانەكان كۆیدەكەنەوە, جا ئەگەر هیچمان نـەبوو لـە سـاڵی دااهـاتوو لـە یـادی 4/14 دا دادەنیشین هەڵیدەسەنگێنین و چیمان كردووە لەو ساڵەدا, هەزاران سڵاو بـۆ گیـانی پـاكی قوربانیـانی ئـەنفال, بـۆ گیـانی پـاكی هـەموو شـەهیدانی كوردسـتان, بـۆ گیـانی پـاكی هـەموو قوربانیـانی سیاسـەتی دوژمنـانی گەلەكـەمان كـە بـوون بـە قوربانی بە شەهید, ئێوەش هەر خۆش بن و سەركەوتوو بن, لێرەدا كۆتایی بـە كۆبوونەوەكـەمان دێـنین, زۆر سوپاسـتان دەكەم.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

**عدنان رشاد مفتى**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**یەك شەممە رێکەوتی 7\5\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)**

یەك شەممە رێكەوتی 2006/5/7

کاتژمێر (10,15)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/5/7 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم، ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاردرا دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم شێوەیە بێت:

1- دانیشتنەکە لە هۆڵی پەرلەماندا دەکرێتەوەو، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بابەتی گواستنەوەی کۆبوونەوەکە بۆ هۆڵێکی دیکە لە دەرەوەی تەلاری پەرلەمان، کە بۆ رێورەسمی متمانە پێدان بە حکومەتی هەرێم و سوێند خواردنی یاسایی ئامادە کراوە دەخاتە پێش چاو، لەبەر ئەوەی کە هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان تەنگەو بەشی ئەو دانیشتنە ناکات.

2- پەیڤی بەخێرهێنان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنەوە.

3- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەر یەکە لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات و، داوای متمانە پێدانیان، هەر یەکە بە جیا دەکات.

4- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتەڕوو، ئینجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، یەکە یەکە پێشکەش بە ئەنجومەنیان دەکات تا متمانەیان پێ بدەن.

5- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکاو پاشانیش بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکا بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

6- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، داوا لە بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی دەکا، کە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێندخواردنی یاسایی پێشکەش بکات.

7- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکا، هێڵە سەرەکییە پێشنیار کراوەانی سیاسەتی حکومەت بەرچاو بخات و لە دانیشتنێکی ئایندەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

8- پەیڤی بەڕێز سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ بەبۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

9- پەیڤی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق بەبۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10,15)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/5/7دا بەم شێوەیە بێت.

بەرنامەی کارتان لە پێشە، نۆ خاڵە:

خاڵی یەکەم بریتی یە لێرەوە قەرارێك بدەین، بۆیە خاڵەکان ناخوێنمەوە، لەوێ دەیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی تایبەتە، متمانەدان بە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکگرتنەوەی هەولێر و سلێمانی پێك هاتووەو لەگەڵ رێککەوتن لەسەر بەرنامەی کار و حکومەتێکی یەك لایەنەو ئیئتیلافی، کە هەموو حزبەکانی کوردستان، کە رێژەیان هەیە لە پەرلەمان، هەتا خەڵکی سەربەخۆش تێدا بەشدارن، حکومەتێکی فراوانە، رۆژێکی مێژووییە، ساڵەهای ساڵە گەلەکەمان خەباتی بۆ کردووە، تا بگاتە ئەمڕۆ، بۆیە ئەمڕۆ رۆژێکی گرنگە لە ژیانی گەلەکەماندا، بۆ ئەو موناسەبەیە ژمارەیەك لە مێوانانی ئەزیز لە ناوەوەی وڵات و لە دەرەوەی وڵات دەعوەت کراون، هۆڵەکەشمان بەداخەوە بچووکە، ئینشائەڵڵا لە ئایندەدا بەرنامەمان هەیە هۆڵێکی گەورە دروست بکرێتن بۆ پەرلەمان،

که تیایدا بۆ رۆژێکی وەك ئەمرۆ مێوانیش جیگای تیا ببێتەوە, بەلاَم لەبەر ئەوە ئێوە دەبێت لێرە بڕیار بدەن, بۆ هۆڵی یەکی شوبات کە گەورەترە, دانیشتنەکەمان بگوازینەوە ئەوێ, لەوێ دانیشتنەکەمان بکەین, بۆیە لە خۆمانەوە نەمان دەتوانی بچینە ئەوێ, یەکەم خاڵ لە بەرنامەی کار ئەوەیە کە بڕیار بدەین, کە کۆبوونەوەکەمان بگوازینەوە هۆڵی یەکی شوبات, جا تکام وایە کێ موافیقە کۆبوونەوەکەمان بگوازینەوە هۆڵی یەکی شوبات, دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ ئیعتیرازی هەیە؟ یەك دەنگ موعتەریزە, بەزۆرینەی دەنگ کۆبوونەوەکەمان دەگوازینەوە هۆڵی یەکی شوبات, هەر بۆ زیاتر باس کردنی چۆنیەتی بەرنامە رۆیشتن لە هۆڵەکەدا یەکەم شت کە بەخێر هاتنی مێوانەکان دەکرێت لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە, دواتر سەرۆکی حکومەتی کوردستان و, دواتر جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەخرێتە دەنگ بۆ متمانەدان, لە پاشان سەرۆکی حکومەت دێت کابینەکەی خۆی ئیعلان دەکاتن و ناوەکانیان دەخوێنێتەوە, دواتر ئێمە یەکە یەکە داوا لە ئێوە دەکەین متمانەیان بدەنێ, پاش ئەوەی کە متمانە وەردەگرن, سوێندی یاسایی دەخۆن, ئینجا سەرۆکی حکومەت وتاری خۆی هەیە کە ختوتی عامی بەرنامەی کاری حکومەتەکە پێشکەش دەکات, دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتاری هەیە, ئەگەر بروسکەیەکی تایبەتیش هەبێتن لەو موناسەبەیەدا دەخوێندرێتەوە, جا ئومێدەوارم هەمووومان لەوێ حازر بین بەو پەڕی مەسئوولیەتەوە بەشداری بکەین و دەنگ بدەین بۆ ئەو کابینەیە بەپێی بڕوامان پێیان, بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە گرنگە کۆتایی پێ بێتن, ئەو هەنگاوەی چاوەڕوانمان دەکرد, ئەو دوو ئیدارەیە کۆتایی پێ بێتن, ئەم هەنگاوە دەست پێ بکاتن لەمڕۆوە کە ویستی هەموو خەڵکی کوردستانە, سوپاس.

**دانیشتن لە هۆڵی یەکی شوبات:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, سەرەتا داواتان لێ دەکەم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و رێگای ئازادی عێراق و شەهیدانی هەمیشەیی, کە هەموو رۆژ وەك قوربانی بە دەستی تیرۆریستان شەهید دەبن, ئینشائەڵلا رۆژی نزیك دادێتن, کە کۆتاییان پێ دێتن, بۆ سەرجەم ئەو شەهیدانە داواتان لێ دەکەم دەقیقەیەك بوەستن.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(12,45)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/5/7دا بەم شێوەیە بێت:

سەرەتا وتاری سەرۆکی هەرێم بۆ بەخێر هاتن, دواتر سەرۆکی ئەنجومەن یەکە یەکە داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات, دواتر داوا لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات, کە یەکە یەکە متمانەیان پێ بدرێت و دەیخاتە دەنگەوە هەر یەکە بە جیا, دواتر سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتە روو, ئینجا سەرۆکی پەرلەمان یەکە بە یەکە پێشکەش بە ئەنجومەنیان دەکات, کە متمانەی پێ بدەن.

چوارەم: سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات, پاشان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی, دواتر سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات, کە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێند خواردنی یاسایی پێشکەش بکات, سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات هێڵە سەرەکییە پێشنیار کراوەکانی سیاسەتی حکومەت بەرچاو بخات و لە دانیشتنێکی ئایندەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت لەناو پەرلەمان.

ئینجا وتاری بەڕێز سەرۆکی کۆماری عێراق دەخوێندرێتەوە, دواتر وتاری بەڕێز بالیۆزی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو, دواتر وتاری بەڕێز کوفی عنان, ئینجا لە کۆتاییدا وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە.

بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و جێگرەکەی و ئەندامانی نوێنەرانی عێراق.

بەڕێز جێگری سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ.

بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و وەزیرە بەڕێزەکان.

بەڕێزان لێپرسراوی کارگێڕی و سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوو نوێنەرانی گشت حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

بەڕێزان نوێنەرانی حزبە سیاسیەکانی عێراق و بیانی.

بەڕێزان باڵیۆزانی سەفارەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو روسیا و چین و ئەڵمانیا و ئیمارات و نوێنەری (un).

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

میوانانی ئازیز.. هەموو لایەکتان بەخێر بێن.

بەناوی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم بۆ ئەم دانیشتنە مێژووییە کە پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و دڵسۆزانی گەلەکەمان بە ئەنجام گەیشت, ئەوەتا ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان, لەبەر رۆشنایی ئەنجامی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەو رێککەوتننامەی گرینگەی کە لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیمزا کراوە, وەك بەڵگەنامەیەکی گرنگی باوەڕپێکراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە موسادەقەی لەسەر کراوە, پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاواتێکی گەورەی گەلەکەمانە, کە ماوەیەکی زۆرە هەموولا چاوەڕوانی دەکەین, وەك دەسکەوتێکی گرنگیش لە کاتێکدا بە دەست دێت, کە عێراق و کوردستان بە قۆناغێکی مێژووییدا تێپەر دەبن, کە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەو یەکبوون و یەکگرتنەوەیە هەیە, پاش رووخاندنی رژێمی سەدام و دامەزراندنی عێراقی نوێ, کە عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵە و خاوەن ئەو دەستوورەیە کە هەمووومان دەنگمان بۆی داوە, بەشێکی بەرچاوی مافەکانی گەلەکەمانی تیادا دیاریکراوە, لە پێش هەموویانەوەش داننان بە فیدراڵییەت و دیموکراتی و هەموو دامودەزگا رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان, کە لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە 1991دا دامەزراوە, هەروەها سەرەتای هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ زیاتر چەسپاندنی حوکمی یاساو دادەوەری کۆمەڵایەتی و پتەو کردنی گیانی بەیەکەوە ژیانی برایانەو چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان.

دیارە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کە حکومەتی سەرجەم گەلانی کوردستانە بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشورییەوە, وەك حکومەتێکی نیشتمانیی بنکە فراوانی یەکگرتوو هەموو حزب و پێکهاتە سیاسیەکان بەشداری تێدا دەکەن و تەعبیر لە ویست و خواستی جەماوەرو گشت لایەنەکانی کوردستان دەکات, بۆیە لەم قۆناغەدا گەلێك ئەرکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ, وەك سەقامگیر کردنی زیاتری ئەمن و ئاسایشی هەرێم و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان, کە گەورەترین کۆسپە لەبەردەم هەرێمی کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو دنیا, چونکە تیرۆریستان بە مێشکی رەشی خۆیان دەیانەوێ ناوبانگی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بەها پیرۆزەکان بشێوێنن, مێژووی مرۆڤایەتی بۆ چاخە تاریکەکان بگێڕنەوە دواوە, کاروانی پێشکەوتن و دیموکراتی و ئازادی بوەستێنن, هەروەها یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە دەبێ خەباتی بۆ بکات و ئەرکێکی گەورەی حکومەت دەبێت, جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق, بۆ گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەر هەرێم و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکەو گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ جێگای خۆیان, بۆ ئەمەش پەرلەمانی کوردستان لە رێی لیژنەیەکی تایبەتەوە, کە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 58 لە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دایمەزراندووە, بە هەموو توانایەك هاوکاری و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمدا دەکات, لێرەدا جارێکی دیکە بەناوی گەلی کوردستانەوە داوا لە حکومەتی داهاتووی عێراقی فیدراڵ دەکەین, کە هیوادارین لەم نزیکانە وەك حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانیی بنکە فراوان دەست بەکار بێت, کاری جدی و هەنگاوی پراکتیکی بهاوێ بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)و دەست بەکار بوونی لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك و ناوچەکانی دیکە, بۆ ئەوەی چی دیکە ئەو زوڵمە گەورەیەی کە لەسەردەمی رژێمی سەددام حوسێن لە دژی گەلی کوردستان کراوە, لەوە زیاتر درێژە نەکێشێ, دیارە لە سەرجەم بوارەکانی دیکەشدا پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای هاوکاری و هەماهەنگی کردن, وەك

بنەمایەكی سەرەكی لە سیستەمی پەرلەمانیدا, پشتگیری تەواو لە كابینەی نوێی حكومەتی هەرێم دەكات, بۆ هەموار كردن و یەكخستنی یاساو بڕیارەكانی كە لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا دەركراون, بۆ ئەوەی لەگەڵ قۆناغی نوێی پێكەوە ژیانی برایانە و خزمەتكردنی زیاتری گەلەكەمان بگونجێ, هەروەها ئامانجی ستراتیجی پەرلەمانی كوردستان ئەوەیە كە حكومەتی هەرێم حكومەتێكی بەهێز و كارا بێت, بۆ ئەمەش پەرلەمان لە ڕێی لیژنەكانیەوە چاودێری ئەدائی كاری وەزارەتەكان و جێ بەجێ كردنی یاساو بڕیارەكان و چۆنیەتی خزمەتكردنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەكات, هەر كەموكورِیەكی بەرچاو بكەوێت دەستنیشانی دەكات بە مەبەستی نەهێشتنی هەر دیاردەیەكی نایاسایی و گەندەلی لە دامودەزگاكاندا, ئەمەش بۆ بەهێز كردن و پشتیوانی كردنە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان, جگە لە مانەش, پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا, هەموو لایەك گرنگی زیاتر بە خزمەتكردنی كەسوكاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و قوربانیانی چەكی كیمیاوی بدەن و قەرەبووی زیانەكانیان بكرێتەوە, بایەخی زیاتریش بە چارەسەركردنی كێشەی گەنجان و جێ بەجێ كردنی داخوازی لاوان بدرێ, كە وەك توێژێكی كاریگەری نێو كۆمەڵ ڕۆڵی بەرچاویان لە دیاری كردنی ئایندەی گەلەكەماندا هەیە, پێویستە لاوان و گەنجانیش خۆیان بە چەكی ڕۆشنبیری نوێی یەكتری قبوڵ كردن و دیالۆگی شارستانی و گیانی دیموكراتی بەهێز بكەن, پشت لە فەرهەنگی ڕۆشنبیریی دواكەوتووی دەمارگیری بكەن, پێویستە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش لە پاڵ میدیای ئازاد و ڕاستگۆدا, ڕۆڵی كارای خۆیان لە پێشخستنی كۆمەڵگەو خستنەڕووی دیاردە دزێوەكان و دەست نیشانكردنی كەموكورِیەكان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە دامودەزگاكان ببینن, بۆ ئەمەش دەبێ ڕێكخراوەكان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە سەربەست و ئازادبن و لە ژێر كاریگەری حزب و دەسەلاَت دووربن, ئەمەش بەو مانایە نییە كە ڕێكخراوەكان تەنیا دەبێ لە بەرەی دژ بە حكومەت و دەسەلاَت بن, بەڵكو پێویستە ئەوان هاوكارو پشتیوان بن لە تەواو كردنی هەنگاوەكانی حكومەت و پەرلەمان, بۆ پێشخستنی كۆمەڵ و بلاَو كردنەوەی ڕۆشنبیری دیموكراتی و پێكەوە ژیانی برایانە, بلاَو كردنەوەی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن, ڕۆشنبیری یەكتری قبوڵ كردن, ڕۆشنبیری ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاَتی سیاسی و چەسپاندنی سیستەمێكی دیموكرات و فیدراڵ و دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی مەدەنی پێشكەوتوو لە كوردستاندا. پێویستە لە دابەشكردنی پۆست و ئەرك و كارەكاندا, كەسی شیاو لە شوێنی گونجاوی خۆی دابندرێ, كە لەسەر بنەمای شارەزایی و دڵسۆزی و دەستپاكی و لێهاتوویی كەسەكە دیاری بكرێت, نەك پێوەرێكی تری حزبی یان بەرژەوەندی تایبەتی لەبەرچاو بگیرێت. لە كۆتاییدا بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزان كاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێم و كاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆكی حكومەت و تەواوی خوشك و برا وەزیرەكانی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین, هیوادارین لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەم قۆناغەو متمانەی گەل و پەرلەمانی كوردستاندا بن, ئومێدیشمان سەركەوتن و سەر فرازیان بۆ دەخوازین, داواش لە جەماوەری گەلەكەمان دەكەین, پشتگیری تەواوی كابینەی پێنجەمی حكومەتەكەیان بن, بۆ جێ بەجێ كردنی بەرنامەكەیان و لە پێناو خزمەتكردن و چاككردنی گوزەرانی خەڵكی كوردستان و بەدیهێنانی خواست و ئامانجەكانیان, دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەكتان دەكەین و بە پێزانینەوە سوپاسی ئەرك و ماندوو بوونی ئامادەبوونتان دەكەین, نەمری و وەفاداری بۆ كەسوكاری سەربەرزی شەهیدانی گەلەكەمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری عێراقی دیموكرات و فیدراڵ, زۆر سوپاستان دەكەم.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

وەك پێشتر خۆتان بە تێكرِای دەنگ متمانەتان دا بە سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی, بۆ ئەوەی ئەو كابینەیە تەشكیل بكەن, ئەوەتا پاش هەوڵ و كۆششێكی زۆر كابینەكە حازرە لەبەردەمتانە, بۆیە سەرەتا كاك نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆكی حكومەتی تازە كابینەی پێنجەم, داوا دەكەم دەنگی بۆ بدەن, كێ موافیقە دەنگی بۆ بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی دەدات بۆ پۆستی سەرۆكی حكومەت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ دژە بۆ بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كەواتە بە تێكرِای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزبایی لە كاك نێچیرڤان بارزانی دەكەین بۆ ئەو پۆستە تازەیە.

ئینجا جەنابی کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی کابینەی پێنجەم، ئەویش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ موافیقە دەنگی بۆ بدات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ دژە بۆ کاك عومەر فەتاح وەکو جێگری سەرۆکی حکومەت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، پیرۆزبایی لە کاك عومەر فەتاح دەکەین بۆ ئەو پۆستە، داوا لە کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین بۆ خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان بۆمان.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:**

ناوی ئەم بەڕێزانە دەخوێنمەوە (وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم کابینەی پێنجەم):

1-ڕێزدار کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

2- ڕێزدار عثمان حاجی محمود وەزیری ناوخۆ.

3- ڕێزدار عبدالکریم سلطان شنگاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ.

4- ڕێزدار سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری.

5- ڕێزدار بایز سعید محمد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری.

6- ڕێزدار فارووق جمیل صادق وەزیری داد.

7- ڕێزدار ئازاد عزالدین ملا فندی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد.

8- ڕێزدار عمر عثمان ابراهیم وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

9- ڕێزدار جعفر مصطفی علی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە.

10- ڕێزدار برهان سعید صۆفی وەزیری گواستنەوە.

11- ڕێزدار دڵشاد عبدالرحمن محمد وەزیری پەروەردە.

12- ڕێزدار دکتۆر عبدالرحمن عثمان یونس وەزیری تەندروستی.

13- ڕێزدار عدنان محمد قادر وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی.

14- ڕێزدار محمد احمد سعید شاکەلی وەزیری ئەوقاف.

15- ڕێزدار تحسین قادر علی وەزیری درامەتە ئاویەکان.

16- ڕێزدار عیماد احمد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

17- ڕێزدار عثمان اسماعیل حسین وەزیری پلان دانان.

18- ڕێزدار یوسف محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ.

19- ڕێزدار دکتۆر ادریس هادی صالح وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

20- ڕێزدار عبدالعزیز طیب وەزیری کشتوکاڵ.

21- ڕێزدار خاتوو چنار سعد عبداللە وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

22- ڕێزدار فلك الدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری.

23- ڕێزدار وشیار عبدالرحمن سیوەیلی وەزیری کارەبا.

24- ڕێزدار دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان.

25- ڕێزدار خاتوو نازەنین محمد وەسۆ وەزیری شارەوانی.

26- ڕێزدار طە عبدالرحمن علی وەزیری وەرزش و لاوان.

27- ڕێزدار دکتۆر محمد احسان وەزیری کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

28- ڕێزدار محمد رؤوف محمد وەزیری بازرگانی.

29- ڕێزدار وداد خورشید عثمان وەزیری پیشەسازی.

30- ڕێزدار دارا محمد امین وەزیری ژینگە.

31- ڕێزدار نمرو بێتۆ وەزیری گەشت و گوزار.

32- ڕێزدار حیدر شێخ علی وەزیری گەیاندن.

33- ڕێزدار ابوبکر علی وەزیری هەرێم.
34- ڕێزدار خاتوو دکتۆر جنان قاسم وەزیری هەرێم.
35- ڕێزدار جۆرج یوسف منصور وەزیری هەرێم.
36- ڕێزدار دکتۆر دخیل سعید قاسم وەزیری هەرێم.
37- ڕێزدار محمد حاجی محمود وەزیری هەرێم.
38- ڕێزدار محمود عیدۆ وەزیری هەرێم.
39- ڕێزدار مدحت مندلانی وەزیری هەرێم.
40- ڕێزدار سعد محمد امین وەزیری هەرێم.
41- ڕێزدار عبداللطیف بندر اوغلو وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک نێچیرڤان بۆ خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان و ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی, داوای لێبوردن دەکەم, کە ئاماژەم بە چەند سەفیرێك نەکرد, کە حارزن لێرە, من نەمزانی حازرن لێرە, زۆر بەخێرهاتنی گەرمی ئەو سەفیرە بەڕێزانە دەکەم, سەفیری بەریتانیا, هۆلندا, چین, ئێران, یاخود نوێنەرەکانیان هاتوون, کۆریا, ئەوانی تر ناویانم نەهێنا بەخێر بێن بەسەر چاو.

**برایانی بەڕێز.**

**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

ئێستاش یەکە یەکە ئەو وەزیرانەی سەرۆکی حکومەت ناویانی خوێندەوە دەخەمە دەنگدان:

1- ڕێزدار عثمان حاجی محمود وەزیری ناوخۆ, کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕێزدار عثمان حاجی محمود ببێتە وەزیری ناوخۆ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە عثمان حاجی محمود ببێتە وەزیری ناوخۆ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك عوسمان.

2- ڕێزدار عبدالکریم سلطان شنگاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕێزدار عبدالکریم سلطان شنگاری ببێتە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە عبدالکریم سلطان شنگاری ببێتە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك کەریم.

3- ڕێزدار سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری, کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕێزدار سەرکیس ئاغا جان ببێتە وەزیری دارایی و ئابووری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە سەرکیس ئاغا جان ببێتە وەزیری دارایی و ئابووری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك سرکیس.

4- ڕێزدار کاك بایز سعید محمد بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژی ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك بایز.

5- ڕێزدار کاك فاروق جمیل صادق بۆ وەزیری داد, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژی ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك فاروق.

6- ڕێزدار کاك ئازاد عزالدین ملا فندی بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك ئازاد.

7- ڕێزدار کاك عومەر عوسمان ئیبراهیم بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك عومەر.

8- ڕێزدار کاك جەعفەر مستەفا بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك جەعفەر.

9- ڕێزدار كاك برهان سەعید بۆ وەزیری گواستنەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك بورهان.

10- ڕێزدار كاك دڵشاد عبدالرحمن محمد بۆ وەزیری پەروەردە, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك دڵشاد.

11- ڕێزدار كاك دكتۆر عبدالرحمن عوسمان یونس بۆ وەزیری تەندروستی, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە دكتۆر عبدالرحمن.

12- ڕێزدار كاك عدنان محمد قادر بۆ وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك عەدنان.

13- ڕێزدار كاك محەمەد احمد سعید بۆ وەزیری ئەوقاف, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك محەمەد.

14- ڕێزدار كاك تحسین قادر عەلی بۆ وەزیری دەرامەتە ئاویەكان, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك تەحسین.

15- ڕێزدار كاك عوسمان ئیسماعیل حوسێن بۆ وەزیری پلان دانان, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك عوسمان.

بەڕێزان ئەوەی دەستی بەرز كرد, ئەوەی دەستی بەرز نەكرد ئەوە حیساب نییە, مادام ئیعتیراز نییە, یەعنی ئەو حەقەی دا خۆی دەستی بەرز كردەوە, ئەوەی مومتەنیعە نانووسرێت, یەعنی دەنگدان بە بەڵێ, یان نەخێر, مومتەنیعمان نەكردووە, یان ئا, یان نا.

16- ڕێزدار كاك یوسف محەمەد عەزیز بۆ وەزیری ماڤی مرۆڤ, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك یوسف.

17- ڕێزدار كاك دكتۆر ئیدریس هادی صالح بۆ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە دكتۆر.

18- ڕێزدار كاك عبدالعزیز تەیب بۆ وەزیری كشتوكاڵ, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك عەزیز.

19- ڕێزدار خاتوو چنار سەعد عبدالله بۆ وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە خاتوو چنار.

20- ڕێزدار كاك فلك الدین كاكەیی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك فەلەكەدین.

21- ڕێزدار كاك وشیار عبدالرحمن بۆ وەزیری كارەبا, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك وشیار.

22- ڕێزدار دكتۆر ئاشتی هەورامی بۆ وەزیری سامانە سروشتییەكان, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە دكتۆر.

23- ڕێزدار خاتوو نازەنین محەمەد وسۆ بۆ وەزیری شارەوانی, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە خاتوو نازەنین.

24- ڕێزدار كاك طه عبدالرحمن علی بۆ وەزیری وەرزش و لاوان, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ تەئیدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە كاك تەها

25- ڕێزدار دکتۆر محەمەد ئیحسان بۆ وەزیری کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم, کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك دکتۆر.

26- ڕێزدار کاك محەمەد ڕەئوف محەمەد بۆ وەزیری بازرگانی, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك محەمەد.

27- ڕێزدار وداد خورشید عوسمان بۆ وەزیری پیشەسازی, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك وداد.

28- ڕێزدار کاك دارا محەمەد ئەمین بۆ وەزیری ژینگە, کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك دارا.

29- ڕێزدار کاك نمرو بیتۆ بۆ وەزیری گەشت و گوزار, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك نمرۆ.

30- ڕێزدار کاك حەیدەر شێخ عەلی بۆ وەزیری گەیاندن, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك حەیدەر.

31- ڕێزدار کاك ئەبوبکر عەلی بۆ وەزیری هەرێم, کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك ئەبوبکر.

32- ڕێزدار خاتوو دکتۆرە جنان قاسم بۆ وەزیری هەرێم, کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە خاتوو جنان.

33- ڕێزدار کاك جۆرج یوسف مەنصور بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك جۆرج.

34- ڕێزدار کاك دکتۆردخیل سەعید قاسم بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك دەخیل.

35- ڕێزدار کاك محەمەد حاجی مەحمود بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك محەمەد.

36- ڕێزدار کاك محەمەد عیدۆ بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك محەمەد.

37- ڕێزدار کاك مەدحت مەندەلاوی بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك مەدحت.

38- ڕێزدار کاك سەعد خالد ئەمین بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك سەعد.

39- ڕێزدار کاك عبداللطیف بندر اوغلو بۆ وەزیری هەرێم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە کاك عەبدولەتیف.

زۆر سوپاس پیرۆز بێت لە هەموو برا وەزیرەکان, ئومێدەوارم کە سەرکەوتوو بن.

داوا لە جەنابی کاك مەسعود دەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت لەگەڵ ئێمە بوەستێت, بۆ ئەوەی کابینەکە سوێندی یاسایی بخوات.

ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بفەرمووێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من نێچیرڤان ادریس بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێزدار کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عمر فتاح:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عمر فتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و, ڕێز لە یاسا بگرم و, بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێزدار کاك عوسمان حاجی محمود وەزیری ناوخۆ با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عثمان حاجی محمود وەزیری ناوخۆ, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێزدار کاك عبدالکریم سلطان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم سلطان شنگاری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عبدالکریم سلطان شنگاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار کاك سرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من سرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و, ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار کاك بایز سعید محمد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز بایز سعید محمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من بایز سعید محمد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار كاك فاروق جميل صادق وەزيری داد با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز فاروق جميل صادق:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من فاروق جميل صادق وەزيری داد, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار ئازاد عزالدين ملا فندی وەزيری هەرێم بۆ كاروباری داد با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز ئازاد عزالدين ملا فندی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من ئازاد عزالدين ملا فندی وەزيری هەرێم بۆ كاروباری داد, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار عومەر عوسمان ئیبراهیم وەزيری كاروباری پێشمەرگە, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من عمر عثمان ابراهيم وەزيری كاروباری پێشمەرگە, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار جەعفەر مستەفا عەلی وەزيری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز جعفر مصطفى علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من جعفر مصطفى علی وەزيری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزداربورهان سەعید سۆفی وەزيری گواستنەوە, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز برهان سعيد صوفی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من برهان سعيد صوفی وەزيری گواستنەوە, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار دڵشاد عبدالرحمن محمد وەزيری پەروەردە, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من دڵشاد عبدالرحمن محمد وەزیری پەروەردە, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار دکتۆر عبدالرحمن عثمان یونس وەزیری تەندروستی, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز د.عبدالرحمن عثمان یونس:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من دکتۆر عبدالرحمن عثمان یونس وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار عدنان محمد قادر وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عدنان محمد قادر:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عدنان محمد قادر وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار محمد احمد سعید وەزیری ئەوقاف, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز محمد احمد سعید:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من محمد احمد سعید وەزیری ئەوقاف, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار تحسین قادر علی وەزیری درامەتە ئاویەکان, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز تحسین قادر علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من تحسین قادر علی وەزیری درامەتە ئاویەکان, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار عیماد احمد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن, با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عیماد احمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عیماد احمد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار عوسمان ئیسماعیل حسین وەزیری پلان دانان, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عثمان اسماعیل حسین:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عثمان اسماعیل حسین وەزیری پلان دانان, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار یوسف محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز یوسف محمد عزیز:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من د.یوسف محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار د.ادریس هادی صالح وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من د.ادریس هادی صالح وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار عبدالعزیز طیب وەزیری کشتوکاڵ, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من عبدالعزیز طیب وەزیری کشتوکاڵ, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار خاتوو چنار سعد عبدالله وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من چنار سعد عبدالله وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری, با بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من فلك الدين كاكەیی وەزیری رۆشنبیری, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار وشیار عبدالرحمن سیوەیلی وەزیری كارەبا, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز وشیار عبدالرحمن سیوەیلی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من وشیار عبدالرحمن سیوەیلی وەزیری كارەبا, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار خاتوو نازەنین محمد وسۆ وەزیری شارەوانی, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز نازەنین محمد وسۆ:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من نازەنین محمد وسۆ وەزیری شارەوانی, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار طه عبدالرحمن علی وەزیری وەرزش و لاوان, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من طه عبدالرحمن علی وەزیری وەرزش و لاوان, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار د.محمد احسان وەزیری كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز د. محمد احسان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من د.محمد احسان وەزیری كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار محمد رووف محمد وەزیری بازرگانی, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز محمد رووف محمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من محمد رووف محمد وەزیری بازرگانی, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار وداد خورشید عثمان وەزیری پیشەسازی, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز وداد خورشيد عثمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من وداد خورشيد عثمان وەزیری پیشەسازی, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار دارا محمد امين وەزیری ژینگە, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز دارا محمد امين:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من دارا محمد امين وەزیری ژینگە, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار نمرۆ بێتۆ وەزیری گەشت و گوزار, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز نمرۆ بێتۆ:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من نمرۆ بێتۆ وەزیری گەشت و گوزار, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار حيدر شێخ علی وەزیری گەیاندن, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز حيدر شێخ علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من حيدر شێخ علی وەزیری گەیاندن, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار کاك ئەبوبکر عەلی وەزیری هەرێم, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز ابوبكر علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من ابوبكر علی وەزیری هەرێم, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار خاتوو جنان قاسم وەزیری هەرێم, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز جنان قاسم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من جنان قاسم وەزیری هەرێم, بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

رێزدار جۆرج يوسف منصور وەزیری هەرێم, با بفەرموویێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز جورج یوسف منصور:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من جورج یوسف منصور وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار دکتۆر دەخیل سعید وەزیری هەرێم، با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز د. دخیل سعید قاسم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من د. دخیل سعید قاسم وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار محمد حاجی محمود وەزیری هەرێم، با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من محمد حاجی محمود وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار محمود عیدۆ وەزیری هەرێم، با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز محمود عیدۆ:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من محمود عیدۆ وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار سەعد محەمەد ئەمین وەزیری هەرێم، با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز سعد محمد امین:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من سعد محمد امین وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**رێزدار عەبدولەتیف بەندەر وەزیری هەرێم، با بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.**

**بەڕێز عبداللطیف بندر اوغلو:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**من عبداللطیف بندر اوغلو وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێزان د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان و مدحت مەندەلاوی وەزیری هەرێم ئامادەنین و لە کاتێکی دیکەدا سوێندی یاسایی دەخۆن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

ئێستاش داوا لە جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین، بۆ ئەوەی وتەکەی پێشکەش بکات، کە ئەساسیاتی بەرنامەی حکومەتەکەی دەبێت، با بفەرمووێت.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/سەرۆکی حکومەتی کوردستان:**

من پێش ئەوەی قسەکانم دەست پێ بکەم روونکردنەوەیەك هەیە بە راستی بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەویش مەسەلەی ژمارەی وەزیرەکانە و حەز دەکەم ئەوەتان پێ رابگەیەنم، کە ئەمە ماوەیەکی گواستنەوەیە و رەوشی ئێمە وادەخوازێت، کە ئێمە بەو شێوەیە رەفتار بکەین، لەبەر ئەوە ژمارەی وەزارەتەکان زۆر بوون، بەڵام هەروەکو ئاگادارن ئێمە بەرنامەمان هەیە لە ماوەیەکی کورتدا هەندێك لەو وەزارەتانە دەچنە ناو یەك بە تایبەتی ئەو چوار وەزارەتەو ئەوانی تر دەمێننەوە.

دووەمین شت دەمەوێت تەحەمولم بکەن، چونکە وتارەکە رەنگە نزیکەی نیو سەعاتێك بخایەنێت، ئەوجا لە ئێستاوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەو نیو سەعاتە.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان:

بەڕێز جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

میوانە بەڕێزەکان.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ئێراق د.مەحمود مەشهەدانی.

بەڕێز جەنابی د.عادل عەبدولەهدی جێگری سەرۆکی کۆماری ئێراق.

بەڕێز سەید مەدحەت مەحمود سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای ئێراق.

نوێنەری سکرتێری گشتیی UN.

جەنابی باڵیۆزی ئەمەریکا، روسیا، چین، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، هیندستان، کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆریا، ئەم کاتەتان باش.

هەموو لایەك بەخێر بێن بۆ ئەم بۆنە مێژووییە.

شەرفمەند و سەرفرازین بە ئامادە بوونی نوێنەرانی لایەنە کوردستانی و ئێراقی و نێودەوڵەتییەکان.

سوپاس بۆ ئامادە بوونتان، لە بۆنەیەکی ئاوەها گرنگ لە ژیانی سیاسی گەلەکەمان، گەلی کوردستان ئەمرۆ پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەوە. ئێستا ئێمە بەرەو دوارۆژ هەنگاو دەنێین، بەرو گەیشتن بە ئامانجی خەبات و قوربانیمان، ئەمرۆ پێکهێنانی یەکەم کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای رووخانی رژێمی بەعس رادەگەیەنین. ئەم هەنگاوە نیشانەی گۆڕانێکی بنەڕەتیە، وا لاپەڕەیەکی تازە لە مێژوومانداا تۆمار دەکەین، دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت، کە رووبەڕووبوونەوەی زۆرمان لە پێشدا ماوە. تەبایی و یەکێتی ڕیزەکانمان، هەوێنی سەرکەوتنی ئێستا و دوارۆژمانە.

ئەمرۆ ئێمە بە یەکگرتوویی و ئیرادەیەکی هاوبەش، هاتووینەتە بەردەم پەرلەمان، بۆ راگەیاندنی کابینەی نوێمان.

بایەخدان بە هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی، پاراستنی هەریەکەیان، رەخساندنی دەرفەتی یەکسان، رێزگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیەکانی کوردستان، بەر قەرار کردنی ئاسایش و دڵنیایی، پابەندبوون بە یاسا و ئازادی تاك و کۆمەڵ لە ئەمانجە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیە دەبێت.

وەك حکومەتێکی هاوچەرخ دەمانەوێت بە ئاشتی و تەبایی بژین، چ لە ناو خۆمان و چ لە گەڵ دراوسێکانمان. کەس هێندەی ئێمە، شارەزای باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان نییە. ئێمە دەزانین لە دوورگەیەکی دابڕاو، لە جیهانی دەوروبەرماندا ناژین. باش دەزانین دوارۆژمان، راستەوخۆ گرێ دراوە بە گۆڕانکاریەکانی ئێراقەوە. ئەگەرچی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشەدا دەژین، بەڵام بەردەوام فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری و دۆستایەتی بووین و دەبین. گەلی کوردستان دووچاری مەینەتی زۆر بووە، لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی رژێمە یەك لە دوایەکەکانی ئێراق. ئێمە لە رابردوو کارمان کردووە و ئێستاش کار دەکەین، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری عادیلانە بۆ کێشە رەواکانمان. ئەو مافانەی

بـەزەبر و زەنـگ لێمـان زەوت کـراون, لـە خانـەقین و مەنـدەلی و کـەرکووك و مـەخموور وشـێخان و سـنجار, ئێمـە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە, لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسی و لـە رێـی حوکمی یاساوە وەریـان دەگرینـەوە. ئـەو کارانەمان بەپێی یاسا و دەستووری تازەی ئێراق دەبێت.

دوای چوارده سـاڵ لـە ئـەزموونی دیموکراسیمان پـەیامێکی نـوێ دەنێـرین بـۆ خستنە رووی تێـڕوانین و بـەهێز کردنـی توانمان, دەربارەی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکەمان, ئەرکی سەر شانمانە بەڕاشکاوی روونـی بکەینـەوە: مەبەستمان لە حکومەتێکی یەکگرتوو چییە؟ دەبێ چی بکەین؟ چۆن کار بکەین؟ بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانمان؟ چۆن داهاتوویەکی باشتر و گەشتر مسۆگەر بکەین؟

ئێمـە بڕیارمانـداوە دامـەزراوی دەسـتووری بـەهێز دابمـەزرێنین. پـتر پشـتگیری پرۆسـەی دیموکراسـی بکـەین. کـاری سەرەکییمان بریتی دەبێت لە: پێکهێنانی سیستەمێکی حوکمڕانی باش, ئەویش بە بەشداری هەموو لایەنەکان و پـەیڕەو کردنـی شـەفافیەت و لێپرسـینەوە لـە کارکردنـدا, واتـا حکومـەتێکی هاوچـەرخ و پرۆفیشـناڵ. ئێمـە شـانازی بـە گـەلی خۆمانەوە دەکەین, لە رێگەی سیاسەتی دورست, هەنگاو دەنێین بۆ دابینکردنی دواڕۆژێکی گەش.

شـەرەفمەندین بـەو ئەرکـەی بـە ئێمـەتان راسـپاردووە. هـەوڵ دەدەیـن بـە باشـترین شـێوەکار بکـەین بـۆ رێکخسـتن و رێبەرایەتی تیمەکەمان لەم کابینەیەدا تـا ببینـە نموونـەیەکی سـەرکەوتوو. لـەماوەی سـێ سـاڵی رابـردوو, سـەرکردایەتی سیاسی کوردستان رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی گێڕاوە لـە پرۆسـەی سیاسـی لەسـەر دوو ئاسـتدا: پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و بەشداری کارا لە دروست کردنەوەی دەوڵەت لە ئێراقدا. دەبێ ئـەوەشمان هـەردەم لـە یـاد بێـت, کـە ئـەوە بەرهـەمی رەنـج و خـەباتی گەلەکەمانـە. بەرهـەمی خـوێنی شـەهیدانە. بەرهـەمی فیـداکاری و بـوێری هێـزی پێشمەرگەی کوردستانە. لەم رۆژەدا سەری رێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ هەموو ئەو شـەهیدە قارەمانانـەی کـە لـە پێنـاو گەیشـتن بـەو مافانـە خوێنیـان رشـت و گیـانی خۆیـان کـردە قوربـانی. سـوپاسمان بـۆ هـەموو ئـەو لایەنانـەی کـە بـەبێ هاوکارییان ئەو دەستکەوتانە نەدەهاتنەدی. لێرەشدا سوپاسی ئەمەریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانان و دۆسـتانمان دەکـەین, کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پشتگیرییان کردووین, مێژووی خەبات و ئەزموونی تاڵ و شیرینمان پڕە لە پەنـد بـۆ ئێمە. دیارە ئێمە ناتوانین رابردووی خۆمان بگۆڕین, بەڵام دەتوانین کاربکەینە سـەر ئاینـدەمان. ئـەوەش هاندەرمانـە تـا داهاتوومان لە رابردوومان باشتر بکەین. پێویستە سیستەمی خۆمان تازە بکەینەوە, خۆمان فێری سیسـتەمی حـوکمڕانی باش بکەین. لە وڵاتـی دیمـوکرات و خـاوەن ئـەزموونی سـەرکەوتوو فێـر بـبین و بنـەمای حکومـەتی مـۆدێرن دابڕێـژین. فێری کەلتوور و ژیانی دیموکراسی ببین.

بە پرۆسەی دیموکراسی خۆمان دابچینەوە, کار بکەین بۆ گونجاندنی, تا ببێتە ئەزموونێکی خۆمـاڵی پێشکەوتوو لەسـەر بنەمای سەروەری یاساو فرەلایەنی و لیبووردەیی.

کابینـەی تازەمـان روو لـە ئایندەیـە. بـە هۆشـیاری هەڵسـوکەوت دەکـات لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـدا, بـاری کۆمەڵایـەتی و کەلتووری و ژینگەیی و ئابووری و سیاسی لەبەرچاو دەگرێت.

کاری زۆرمان هەیە ئەنجامی بدەین رێگایەکی درێژمان لەبەردەمدایـە, ئـەوەی تـا ئێسـتاش کردوومانـە تـەنها دەسـتپێکە. پێویستە لەسەر وەزیرەکانمان لە داخوازی و چاوەڕوانی خەڵکی خۆمان تێبگەن.

هەماهـەنگی بکـەن لەگـەڵ پەرلـەمانی کوردسـتان. کاربکـەن بـۆ داڕشـتنی سیاسـەتی راسـت و دروسـت. بـە دڵسـۆزیەوە بەرنامەی حکومەت جێبەجێ بکەن.

ئەم کابینەیە زیاتر بایەخ بە ژیانی هاووڵاتیان دەدات, بەر لە راپەڕینی ساڵی 1991, ژێرخـانی کوردسـتان بـە کـەرکووك و دەڤـەرەکانی تریشـەوە پشتگوێ خرابـوو. جگـە لـە وێرانکـاری و عەسـکەرتاری, هـیچ بایـەخێکی شارسـتانی بـە بـوارە سەرەکییەکانی ژیـان نـەدرابوو. حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـەپێی توانـای سـنووداری خـۆی کـاری جدی کـردووە بـۆ چارەسەری ئەم کێشانە. بەڵام هەروەك ئێوەش دەزانن ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پـاش ئـەو وێرانکاریـە, بـە ماوەیـەکی کورت ئەنجام نادرێت, دەبێت حکومەتی فیدراڵی ئێراق بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات بۆ قـەرەبوو کردنـەوەی ئـەو هەموو زەرەرو زیانانەی کە بە کوردستان کەوتووەو بودجەیەکی عادیلانە بۆ هەرێم تەرخان بکات.

لە کابینەی تازەدا بە جدی بایەخ بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەدەین. هەوڵ و کات و سەرچاوەی زۆرمان دەوێت بۆ ئەوەی سیستەمی ڕێکوپێك لە هەموو بوارەکان دابمەزرێنین. پەروەردەو تەندروستی دوو بواری گرنگی ژیانی هاووڵاتیانن. لە پێشینەی بەرنامەی کارمان دەبێت, کار دەکەین بۆ ئەوەی ئاست و جۆری خزمەتگوزاری باشتر بکەین, وا دەکەین سیستەمی فێرکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستامان و ڕۆحی سەردەم بگونجێت. بایەخ دەدەین بە قوتابخانە پیشەییەکان, لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی بۆ پێگەیاندنی کارمەندی بە توانا. لەم بوارانەشدا هانی دامەزراندنی خزمەتگوزاری کەرتی تایبەت دەدەین.

قوتابخانە و کۆلیژی تایبەت, دەرفەتی کاری زۆر دابین دەکەن. ئەوەش بەشێك دەبێت لە بەرنامەی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکان و پێگەیاندنی کارمەندی شارەزا و لێهاتوو. بایەخ دەدەین بە بواری ڕۆشنبیری و هونەر. کار دەکەین بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلوپووری میللی و ئەدەبی کوردی. پشتگیری گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن دەکەین, کار دەکەین بۆ پەرەپێدانی هونەری شانۆ و سینەما و هونەری شێوەکاری, ڕێز لە کەلتووری تەواوی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان دەگرین و پشتگیرییان لێ دەکەین, لەم کابینەیەدا بایەخی تایبەت بە لاوان و بواری وەرزش دەدەین.

کاری جدی دەکەین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان, گەنج و لاوەکانمان بەباشی ئامادە دەکەین, بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵستن. مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی گەش لە چوارچێوەیەکی واقیعیدا. مافی سروشتی نەوەکانی داهاتوومانە, هانیان دەدەین, ڕۆڵی کاریگەر وبونیاندنەر بگێرن لەناو کۆمەڵگادا, دابینکردنی ئاو و کارەبا, ئەرکی سەرەکی حکومەتی نوێمان دەبێت. بێوچان کاردەکەین, بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان, ئێمە لە نیگەرانی و داواکاری خەڵکی خۆمان تێدەگەین, بەڵام ئاستەنگی زەحمەتیشمان لەبەردەمدایە, ئەگینا قەت درێغی ناکەین, لە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە پرۆژانە, بەهۆی سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی بەعس, وێرانکردنی گوندەکانمان, ڕاگواستنی هاووڵاتیان, ژیان و ئابووری کوردەروایمان لەبەریەك هەڵوەشا, دەبێت حکومەتی نوێمان, پشتگیری گەڕانەوەی بۆ گوندەکان بکات, دەبێت کاربکەین, بۆ دووبارە زیندوو کردنەوەی ئابووری کشتوکاڵیمان, دەبێت سەبەتی خۆراکمان بکەوێتە دەست خۆمان, دەبێت خود بژێوی ببێتەوە بنەمانی ژیانی لادێکانمان, حکومەتی هەرێم, کاردەکات بۆ زانستی کردنی کەرتی کشتوکاڵ, هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم, بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم, کاردەکەین بۆ دەمەزراندنی پیشەسازی خۆراك تا ببێتە پاڵپشت بۆ داهاتی ئابووریمان کاتێك باس لە پێویستیەکان دەکەین, دەبێ کەس و کاری ئەنفال و شەهیدە سەربەرزەکان لە بیر نەکەین, پێویستە خانەنشین و خێزانە بێ سەرپەرشتەکان و پەککەوتە و کەم ئەندامان, جێگەی بایەخی تایبەتی حکومەت بن, پێویستە زانیاری دروست کۆبکرێتەوە دەربارەیان, بەرنامەی تایبەتی دابندرێت بۆ یارمەتیدان, ئێمە کاردەکەین بۆ پاراستن, بەهێزکردنی مافی ئافرەت لە دەستووری کوردستان, دەبێت بە یاساکانماندا بچینەوە, تا لەگەڵ دەستوور و سەردەمدا بگونجێن, دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکانە هانی بەشداری ئافرەت بدات, لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا, پێویستە ئافرەت شانبەشانی پیاو لە زانکۆ و حکومەت و پەرلەمان و لە گشت بوارەکاندا, ڕۆڵی سەرەکی ببینێت, دەبێ خۆشیان کاربکەن, بۆ دەستەبەرکردنی ئەم گۆرانکاریانە, بواری دەستپێشخەری لەبەردەمیاندا کراوەیە, حکومەتی هەرێم حکومەتی هەمووانە, پاڵپشتی لە داخوازییە ڕەواکانی هەموو لایەك دەکات, ئێمە دەزانین سووتەمەنی پێویستیەکی سەرەکی ژیانی هاولاتیانە, ئاگاداری ئەو گیروگرفتانەین کە دێنە پێش, بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی, کاری جدی دەکەین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە, باشترین چارەسەری مسۆگەر و درێژخایەن بۆ ئەم کێشەیە, پەرەپێدان و بەکارهێنانی سەرچاوەی سروشتی خۆمانە, سەرکەوتنمان لەم بوارەدا ژیانمان ئاسانتر دەکات.

ئێمە باش دەزانین ئاسایش و سەقامگیری مەرجی سەرەکین بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی, تا ڕادەیەکی زۆر, ئێمە سەرکەوتوو بووین لەم بوارەدا, نابێ قەت ئەوە لە بیر بکەین, کەسانێك هەن شەو و ڕۆژ لە ئەرکدان, لە پێناو سەلامەتی هاووڵاتیان, ئەم ئارامی و سەقامگیریە, هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە دی, بەهۆی لێهاتوویی سەرکردایەتی و ئەرك و ماندووبوونی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسەوە بووە, لێرەدا بە پێویستی دەزانم, سوپاسی یەکەیەکەیان بکەم بۆ پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتیان, بەڵام بەبێ هاوبەشی و پشتگیری هاووڵاتیان, هێزەکانی

حکومەت بە تەنها ناتوانن ئەم ئەرکە بەجێبهێنن, هەریەك لە ئێمە دەتوانێ و پێویستە بەشدار بێت, لە پاراستنی ئەم ئاسایش و سەقامگیریە, حوکمی یاسا پرەنسیپی سەرەکیمانە, لە سەرووی هەموومانەوەیە, حکومەتی یەکگرتوو بەهەموو یاساکاندا دەچێتەوە, دەبێ یاساکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە و بەپێی بنەمای دیموکراسی و مافی مرۆڤ بن, ئاسایش و مافی هاوولاّتیان ئەو کاتە پارێزراو دەبێت, کە دامەزراوەکانی چەسپاندنی یاسا, ئەرك و لێپرسراوێتی خۆیان بزانن, رێز لە مافی هاوولاّتیان بگرن. بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان, پێویستە دەزگاکانمان زیاتر رێك بخەین, لە رووی تەکنەلۆژیاوە هاوکاری تەواویان بکەین, کاربەدەستانمان مەشق بدەین, لە رووی هزریەوە ئامادەیان بکەین, سەبارەت بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان, بەردەوام دەبین لە نوێکردنەوەی هێزەکانمان.

وەکو لە دەستووری ئێراقدا هاتووە, کاردەکەین بۆ پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتوو, بۆ بەرگری کردن لە هەرێم و پاراستنی هاوولاّتیان, بەپێی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان, هەرسێ وەزارەتی, هەرسێ وەزارەتی, داد و ناوخۆ و مافی مرۆڤ بەیەکەوە کاردەکەن لە پێناو دانانی پلانێکی تازە, بۆ پاراستنی مافی هەموو هاوولاّتیەك و دابینکردنی ئاسایش لەسەرتاسەری هەرێم, هەر هاوولاّتیەك بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ مافی بنەڕەتی هەیە و, پێویستە بپارێزرێت.

ئێمە کە باس لە هەندێك بابەت دەکەین, مانای ئەوە نییە تەنها بایەخ بەو لایەنانە دەدەین, بەڵکو کار لەسەر هەموو بوارێك دەکەین, پێویستە هەماهەنگی تەواو لە نێوان وەزارەتەکان هەبێت, بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پلانی تازە, بۆ راهێنانی هێزی کار بە شێوەیەکی هاوچەرخ, پەروەردە و فێربوونی باشتر, لەگەڵ بەرنامەی راهێنان, مەرجی سەرەکین بۆ ئامادەکردنی هێزی کار, بەبوون وبەهرە و توانای پێویست, هێزی کار ئامادە دەبێت, حکومەتی هەرێم کاردەکات, لەرێگەی هاندان و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت, ئابووری ئێمە بەرەو پێشەوە ناچێت ئەگەر دەرەفەت لە بەردەم کەرتی تایبەت نەبێت, زیاد کردنی دەرفەتی کار, واتە زیادکردنی توانای کڕینی خەڵك, بەمەش ژیانیان مسۆگەر دەبێت و باری گوزەرانیان باشتر دەبێت, لەبەرنەبوونی پێداویستیە سەرەکییەکان و سیستەمی بە بازاڕکردن, بەرهەمە کشتوکاڵییەکان سوودیان کەمە بۆ جوتیاران, کاردەکەین بۆ رێکخستنی سیستەمی بازاڕ و دابینکردنی پیشەسازی خۆراك, ئەوەش دەرفەتی کار لە لادێ بۆ ئافرەت و پیاو دابین دەکات, ئابووری لادێ بەهێز دەکات و داهاتمان زیاتر دەکات, دەبێ وەزارەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی هەماهەنگی تەواو بکەن, بۆ سوود وەرگرتن لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانمان, ئایندەی کوردستان, پێویستی بە پەرەپێدانی کاری بازرگانی بچووك هەیە, ئەو جۆرە هەنگاوانە, دەرەفەتی کار زیاتر دەڕەخسێنن و دەبنەمایەی پتەوکردن و پەرەپێدانی ئابووریمان, حکومەتی هەرێم پشتگیری لە هێنانی بانکی نێودەوڵەتی دەکات, تا هەموو خزمەتگوزارییەکی بانکی ستاندارد پێشکەش بکات, حکوومەت کاردەکات بۆ خستنەگەڕی بەرنامەی تایبەت, بۆ پێدانی قەرزی بچووك بۆ پڕۆژەی جیا جیا, ئەوەش لە بەرژەوەندی ئەوانەدایە کە ئامادەیی کارکردنیان هەیە, بەلاّم توانای داریيان نییە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان, تا ئێستا سوودی باش وەرگیراوە لە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن, دەبێ هێشتا زیاتر کاربکەین, بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای تازە ببێتە بەشێك لە کەلتووری کار و ژیانمان, دەبێ هانی قوتابیان و خوێندکاران و کاربەدەستان بدەین, زیاتر بایەخ بەم بوارە بدەن, هەوڵ دەدەین لەکوردستان تەکنەلۆژیای سەردەم دابین بکەین, دەمانەوێت لە پڕۆسەی فێربوون سوودی لێ وەربگیرێت, هانی بەکارهێنانی گونجاویان بدەین, هەرێمەکەمان پێویستی بە خزمەتگوزاری فڕۆکەخانە هەیە, ئێمە کار لەو پڕۆژانە دەکەین, چونکە باوەڕمان بەدوارۆژە, هەردوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر پەروازی ناوخۆیی نێودەوڵەتی دابین دەکەن, ئەو خزمەتگوزاریە, بۆ گواستنەوەی گەشتیارو بار بەکاردەهێنرێت, ئەوەش دەرەفەتێکی ترە لەبەردەم هەنارده و هاوردە بە ئاسانی, ئەم پڕۆژەیە کاریگەر دەبێت بۆ زیاد کردنی دەرەفەتی کار و بەرزکردنەوەی داهات و هێنانی سەرمایەی دەرەکی, حکومەت کار دەکات بۆ نەهێشتنی ئاستەنگ لەبەردەم بواری بازرگانی و وەبەرهێنان, لەم رووەوە هەنگاوی باشمان هاوێشتووە, کاردەکەین بۆ داڕشتنی سیاسەتی دروست بۆ روونکردنەوەی بۆچوونی خۆمان, دەستمان کردووە بە هاندان و هێنانی سەرمایەگوزاری دەرەکی بۆ ناو هەرێمی کوردستان, هەموو ئامانجمان زیادکردنی دەرەفەتی کار بو باشترکردنی جۆری خزمەتە, کە باس لە هاندانی وبەرەهێنانی دەکەین, مەبەستمان تەنها وەبەرهێنەری بیانی نییە, بەڵکو لەناو هەرێم و ئێراقیش زۆر سەرمایەگوزار هەن, کە دەتوانن رۆڵی بەرچاو بگێڕن, لە بەهێزکردین ئابووریمان, حکومەتی هەرێم

**بڕوای بە تەواوی بە ڕۆڵی کاریگەری کەرتی تایبەت هەیە، بۆیە خاوەن سەرمایەکانی ناوخۆش هەمان پشتگیری و کار ئاسانیان بۆ دەکرێت لە بواری وەبەرهێنان.**

**ئێمە پشتگیری لە کارو پرۆژەی هاوبەش دەکەین، لە نێوان حکومەت و وبەرهێنەری دەرەکی لەلایەك و کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانیەکان لەلایەکی تر، حکومەتی هەرێم بەجدی کاردەکات لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان، دەبێ ئەم یاسایە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای کوردستان بگونجێت و هانی سەرمایەگوزاران بدات و رایان بکێشێت بۆ کوردستان تا ببێتە دەروازەیەك بۆ تەواوی ئێراق. هەرێمەکەمان بوار و دەرفەتی گەشتوگوزاری زۆری تێدا هەیە، ئەوەش دەبێتە مایەی دروست کردن و دابینکردنی دەرەفەتی کار بۆ هەزارەها کەس لە هەرێمدا.**

**گەشتوگوزار خۆی لە خۆیدا پیشەسازیەکە و جۆرەها بەرنامەی جیاجیا دەگرێتە خۆ، لە چوارچێوەی دەستووری تازەی ئێراقدا.**

**دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت وگاز لە هەرێمدا دەستی پێکردووە و بەرنامەی زیاتریش بە رێگاوەیە، ئێمە دەزانین کێشەی زۆرمان هەیە لە ئاکامی سوود وەرنەگرتن لەم سەرچاوە سرووشتییە، ئێستا دەتوانین بە بڕواوە پێتان رابگەیەنین لەگەڵ کۆمپانیای جیهانی ئاست بەرز کاردەکەین بۆ سوود وەرگرتن لەم سامانە نیشتمانییە، بیرمان لە بۆڕی نەوت و پالاوگە و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا کردۆتەوە بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی خەڵکی خۆمان لە هەرێمی کوردستان و لە تەواوی ئێراق، بۆ ئێمە کوردی زمانی دایکە، لە هەمان کاتدا، رێز و پشتگیری پێشکەش بە زمانی تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی وعەرەب دەکەین، هەمیشە پابەندی پرەنسیپی فرە کەلتوور وفرە زمانی و فرە لایەنی دەبین و ئازادی هەموو لایەك لەم بوارانەدا دابین دەکەین، جگە لە قوتابخانە بە زمانی کوردی و عەرەبی، پتر لە** 10 **ساڵە بە پشتگیری تەواوی حکومەتی هەرێم قوتابخانە بەزمانی تورکمانی و سریانی کراوتەوە، لەم ماوەیەی دواییدا بە پشتگیری حکومەتی هەرێم قوتابخانە بە زمانی ئەرمەنیش دەستی پێکردووە، ئێمە هانی رێزگرتن وفێربوونی زمانی ولأتانی دراوسێمان دەدەین، دەمانەوێت باشتر لە یەکتری تێ بگەین، دەمانەوێت پەیوەندی کەلتوری و پەروەردەیی و هونەری و وەرزشی و ئابووری و بازرگانیان لەگەڵ دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهانی ئەمڕۆ تێ بگەین و ببین بە بەشێك لەم جیهانە، پێویستە زانیاری خۆمان و تێگەیشتنمان بە تایبەتی لە زمانی ئینگلیزی بەرەو پێشەوە ببەین، ئینگلیزی زمانێکی نێودەوڵەتییە، پێویستە لەسەرمان زۆر بە باشی هەوڵی فێربوونی بدەین، پێویستە سیستەمی پەروەردەی خۆمان ئامادە بکەین، بۆ ئەم جۆرە بەرنامەیە، پێویستە هەر لە باخچەی ساوایان تا زانکۆ بایەخی تەواو بەو مەسەلەیە بدرێت، حکومەتی هەرێم پاڵپشتی تەواوی بەرنامەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی دەکات لە هەموو قوناغێك بۆ هەموو تەمەنێك، لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە نەك تەنها بۆ منداڵ، بەڵکو بۆ ئافرەت و پیاویش، دەبێ زیاتر لە چەمکی حوکمڕانی باش و شەفافیەت و فیدرلیزم و دیموکراسیەت و ئازادی و فرەیی تێ بگەین، چونکە زۆر پێویستن، بۆ گەشەپێدانی حکومەتێکی تازەی وەکو ئێمە، با هەموومان بەیەکەوە، بە جدی هەوڵ بدەین، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانە.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر داب و نەریتی کوردەواری بەردەوام دەبێت، لە رێز گرتن لە تەواوی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی کوردستان، وەك حکومەتێکی سەردەم ئێمە رێز لە: دەستوور و سەروەری و یاسا و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و مافی منداڵ و ئازادی بیروڕا و ئازادی راگەیاندن دەگرین، ئەرکی ئێمەیە خزمەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکەین، بەرپرسیارێتی ئێمەیە، کەش و هەوایەکی لەبار بهێنینە کایەوە، تا کاربەدەست وکارمەند هەست بە شانازی بکەن لەخزمەت کردنی گەلی خۆیان، دەبێ حکومەت جێگەی شانازی خەڵك بێت بەر لە هەموو شتێك. زۆر گرنگە بڕوا و متمانە لە نێوان حکومەت وخەڵك هەبێت، ئەو بڕوایە ئەو کاتە پتەو دەبێت، کە حکومەت کارەکانی بە شەفافیەت بکات و ئامادە بێت بۆ لێپرسینەوە و لێپێچینەوە، دەمانەوێت هەموو کەسێك بە رێز و حورمەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە دام و دەزگاکانی حکومەت، هەنگاو دەنێین، بۆ کەمکردنەوەی رۆتین و بیرۆکراتیەت لە کارەکاندا، کاردەکەین بۆ لابردنی ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەکان، ئێمە ئاگادارین زۆر باس لە بابەتی گەندەڵی ئیداری و دارایی دەکرێت، ئەم بابەتە جێگەی شەرمەزاریە، بۆ گەل و حکومەتمان**

بۆ هەریەك لە ئێمە, گەندەڵی مایەی نەنگیە بۆ هەردوولای بەشداربوو, حكومەت زۆر بە جدی كاردەكا بـۆ كەمكردنـەوە و بنبڕكردنی ئەم دیاردە نەویستراوە, بەم زووانە حكومەت دەستەیەك پێك دەهێنێت, بۆ بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە لەم مەسـەلەیە, دەبـێ كـەش و هەوایـەكی لـەبار دروسـت بكـات, كـە بـەبێ تـرس و دڵـەڕاوكێ ئیجرائـات وەربگیرێـت, دەبـێ هاووڵاتیانیش پشتگیری حكومەت بكەن لەم كارەدا, لەبەر ئـەوەی ئەمـە ئـەركی حكومـەت و كۆمەڵگایـە, دەبـێ حكومـەت بەكارەكانی خۆیدا بچێتەوە و بزانێت ئایـا وەكـو پێویسـت كارەكـانی جێبـەجێ دەكـات, لێـرەدا میـدیای خـاوەن ئـەزموون ومتمانە, دەتوانێت رۆڵێكی كاریگەر ببینێت لە یارمەتیدان لەم بوارەدا.

بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئیداری خۆمان پێویستە كابینەی تازەمان لە ئاستی ئەم لێپرسراوێتیە مێژووییـە دابێـت, دەبـێ وەزارەتـەكان سیاسـەتی خۆیـان ئامـادە بكـەن و پلانـی سـتراتیژی دابڕێـژن بـۆ تـەواوی هـەرێمی كوردسـتان, دەبـێ جیاوازی بكەین لە نێوان ئامادەكردنی سیاسـەتی وەزارەت و جێبـەجێكردنی پرۆژەكـان, دوای پەسـەند كردنـی سیاسـەتی داڕێژراوی وەزارەتەكان بەرنامەكان دەكەونە پرۆسـەی جێبەجێكردنـەوە, ئێمـە بـە پەرۆشـیەوە كاردەكـەین بـۆ داڕشـتنی دەستووری هەرێم و پەسند كردنی لەسەر بنەمای دابینكردنی ماڧی یەكسان بـۆ هـەموو هاووڵاتیـان بـەبێ رەچـاو كردنـی ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی و كەلتووری یان بڕوای ئایینی, پشتگیری و پابەندبوونی خۆمان بـۆ مـاڧی كلـدان, ئاشـووری, سریان, توركمان بەپێی دەستوور دووپاتدەكەینەوە, بایەخی تەواو دەدەین بە پێداویستی هاووڵاتیانمان لە كوردی فـەیلی بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو زوڵمـە مێژوویـیەی لێیـان كـراوە, دەبێـت كاربكـەین لـە حكومـەتی نـوێی عێـراق و حكومـەتی یەكگرتووی كوردستاندا ماڧیان دابین بكرێت, پێویستە سیستەمی دادوەریمان تازە بكرێتەوە و لە بەرزترین ئاستدا بێـت, بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتیـان بـە گـوێرەی بنـەماكانی دەسـتووری عێـراق و كوردسـتان و حـوكمی یاسـا, بـۆ پاراسـتنی مـاڧی هاووڵاتیـان بـەپێی دەسـتوور دەبـێ دادگـا و دادوەر و پارێزەرانمـان, بەشـێوەیەكی سـەردەمیانە, مامەڵـە لەگـەڵ رووداوو كێشەكاندا بكەن, ئێمە وەكو حكومەت رێز لە هاووڵاتیان و خاكی خۆمان دەگرین, داوا لە هاووڵاتیانمان دەكەین, كـە رێـز لـە خـاك و نیشـتمانی خۆیـان بگـرن, حكومـەت و هاووڵاتیـان هـەردوولامان لێپرسـراوێتی مێـژووییمان لەسـەر شـانە, كـە ژینگەی خۆمان بپارێزین, دەبێ پاك و خاوێنی شار و شارۆچكەكانمان بپارێزین, شەقام و سەیرانگا و شـوێنە گشـتییەكان موڵكی هەموومانن, پێویستە بە پاكی رایـان بگـرین, كوردسـتان دەوڵەمەنـدە لـە ڕووی سروشـتییەوە, ئـەوەش گەنجینـەی میللەتی ئێمەیە, دەكرێت پـاركی نیشـتمانی دروسـت بكرێـت وەكـو هـەنگاوێك بـۆ پاراسـتنی ئـەم سـامانە, لـە زۆر شـوێنی جیهان, ئەم ژینگە پارێزییە بە بەرنامەیـە و سەرچاوەیەكی بـەردەوامی داهاتـە, چونكە بۆتـە وێسـتگەیەكی گەشـتیاری, حكومـەت كـار دەكـات بـۆ رێكخسـتنی ژیـانێكی گونجـاوی هاوچـەرخ بـۆ هاووڵاتیـان, لەبەرامبەریشـدا هاووڵاتیـان مـاف و ئەركیان هەیە, دەبێ بە یاسا و رێنماییەكانی پاراستنی ژینگەدا بچینەوە ئاسـتێك دابنـێین بـۆ پێشـێلكارییەكان, پێویسـتە لێپرسـینەوە بكرێـت لەگـەڵ ئـەو كەسـانەی كـە پێشـێلی یاسا و رێنماییـەكان دەكـەن, مەبەسـتی حكومـەت پەرەپێـدانی كۆمەڵگایـەكی مەدەنییـە كـە ئـازاد و دیمـوكرات و لێبـووردە و یـەكگرتوو بێـت, ئـەم كابینەیـە بودجەیـەكی یـەكگرتوو پێشكەش بـە پەرلـەمان دەكـات, لەسـەر بنـەمای ئەوئەولەویاتـەی كەلەبەرنامـەی كـاری حكومەتـدا دەبێـت, بەرنامـەكان جێبەجێ دەكرێن, لە ماوەی 15 ساڵی رابردوو, زۆر شت فێربووین, بەڵام هێشتا زیاترمان ماوە فێری ببین, راستە ئێستا زۆر دەرگامان لێ كراوەتەوە, بەڵام پێویستە ئێمە بچین و لەو دەرگایانە بـدەین, ئێمـە پشـت ئەسـتوورین بـە سەرچـاوەی مرۆیـی دەوڵەمەنـدی خۆمـان و كاردەكـەین بـۆ سـوود وەرگـرتنی زیـاتر لێیـان, بەختـەوەرین ژمارەیـەكی بەرچـاو لـە هاووڵاتیانی خۆمان لە دەرەوەی وڵات دەرفەتی فێربـوونی ئازادیـان هـەبوو, ئەوانـەی خوێنـدنی خۆیـان تـەواو كـردووە و شارەزایی و ئـەزموونیان پەیـداكردووە, ئەوانـە سـامانێكن بـۆ خۆیـان وگەلەكـەیان, ئـەمرۆ لەپرۆسـەی ئاوەدانكردنـەوەی وڵات, پێویستیمان بە هەموو تاكێك هەیە كە رۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت, پێویستە هـەموو لایـەك رێـز لـە یـەكتری بگـرین, ئەمرۆ رۆژی ئەوانەیە كە بەهرەمەند و بەتوانا وخاوەن ئەزموونن, با بەدەست پێشخەری تازە بێنە پێشەوە, بواری كارو دەرفـەتی ژیـان, تـەنها لەگـەڵ حكومـەت نییـە, ئێمـە هـانی كـەرتی تایبـەتیش دەدەیـن بـۆ ئـەوەی بەشـداری چاڵاكانە لەگەشەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی هەرێم بكـەن, دیـارە هـیچ قەوارەیـەكی سیاسـی سـەقامگیر نابێـت ئەگـەر ئابوورییـەكی

بەهێزی لە پشتەوە نەبێت, لە کابینەی تازەدا کاردەکەین بۆ گەشەپێدانی ئابووری و مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە لـە هەرێم.

پشتگیری تەواو لە هێزی بەرهەمهێنەر دەکەین, کە بەشداری بەرچاو دەکەن لە دەستـەبەرکردنی پەرەپێـدانی بـەردەوام, دەمانـەوێت حکومـەتێکی بـەتوانامان هـەبێت تـا بتوانێـت بـە ئـەرکی خـۆی هەڵبستێت لـە دارشـتنی سیاسـەتی ئـابووری هـەرێم, لـە عێراقـی دوای رووخـانی رژێمـی دیکتـاتۆری دەبـێ بـە پێـی دەسـتوور وڵات بـەرێوەببردرێت, دەبـێ ئـەو مافـە پراکتیکییانە پیادە بکرێن و بچەسپێندرێن, ئەم دەستوورە تازەیە, مـافی هەڵسوڕاندنی کاروبـاری هـەرێم دەداتـە خۆمـان, ئێمە لە کاتێکدا ئـەو بەرنامەیـە پێشکەش دەکـەین, تەئکیـدیش دەکەینـەوە کـە تەحـەدیاتی گـەورەمان لـە پێشـە, دەبـێ هەموو لایەکمان هاوکاری یەکتری بکەین و بە واقیعی هەنگاو بنێین بەرەو ئایندەیەکی گەش.

**ئامادە بووانی بەڕێز:**

حەز دەکەم لێرەدا بەناوی بـرای بـەڕێز کـاك عومـەر فـەتاح و کابینـەی تـازەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و بـەناوی خۆمەوە تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە کە کابینەکەمان, کابینەی هەموو گەلی کوردستان دەبێت, کابینـەی دابـین کردنـی ئاسایش و سەقامگیری دەبێت, کابینەی سەروەری یاسا و پەرەپێـدانی ئـابووری دەبێـت, کابینـەی دابـین کردنـی دەرفـەتی کار وخزمەتگوزاریە سەرەکیەکان دەبێت.

لە کۆتاییدا, دووبارە سوپاسی متمانەتان دەکەین و هەوڵ دەدەین وەکو تیمێك لەخزمەتی گەلی خۆماندا بین و درێغی نەکەین لە کارەکانمان, ئەمڕۆ دەرفەتێکی مێژووییمان لەبەر دەست دایە نابێ ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین, ئێمە بە هەموو توانایەکمان هەوڵ دەدەین بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵ لە عێراقدا, لەسەر بنەمای تەوافوق و پێکهاتن و رێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوە و ئاینەکان, هەر بۆیە پشتگیری تەوافوقی دیموکراتیانە دەکەین لە پرۆسەی سیاسیدا, ئێمە دژی تیرۆر و توند و تیژیین, شان بەشانی حکومەتی فیدراڵی عێراق کار دەکەین بۆ بەرقەرار کردنی ئاسایش و ئارامی, هاوکاری و هەماهەنگی تەواو دەکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی عێراق, ئێمە هەموو پشتگیریەك لەوهەوڵ و کۆششانە دەکەین بۆ دامەزراندنی هەرێمی تری فیدراڵ لە عێراقدا لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە, پێویستە کار بکەین بۆ دارشتنی میکانیزمی گونجاو بۆ شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەك کە مافە دەستووریەکانی کوردستان بپارێزرێت, کاردەکەین بۆ جێبەجێ کردنی ماددە دەستوورییەکان لە بارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو دووەم زمانی رەسمی لەسەر هەموو ئاستێك و تەواوی دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق, هەوڵ دەدەین بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکانی تایبەت بە بودجەی هەرێم, کاردەکەین بۆ مسۆگەر کردنی بەشی رەوای گەلەکەمان لە بودجەی خزمەت گوزاری و پرۆژەکان و وەبەرهێنان و بوارەکانی تر, هەوڵ دەدەین بۆ رێکخستنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات بە پێی دەستوور, عێراقی فیدراڵ ئەو کاتە ئارام و سەقامگیر دەبێت کە گشت پێکهاتە نەتەوەیی وئایینی و مەزهەبیەکان بەیەکەوە پەیمان بدەن بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتی, لە چوارچێوەی ئەم کارنامەیەدا, بە پشتگیری ئێوە و بەشداری چالاکانەی هاووڵاتیان و بەهەوڵ وکۆششی حکومەت, ئەم بەرنامەیە جێبەجێ دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستاش باڵیۆزی ئەمریکا بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**باڵیۆزی ئەمریکا:**

ئەمڕۆ رۆژێکی مەزنەو پشتیوانی بەهێز و بەردەوامی ئەمریکا دووپات دەکەمەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی.

بەڕێز جێگری سەرۆك کۆمار عادل عەبدولمەهدی.

بەڕێز سەرۆك وەزیرانی کوردستان کاك نێچرڤان بارزانی.

بەڕێز کەسانی ناسراوی تر و خوشك و برایان.

جێی شانازیمەو خۆشحاڵییەکی زۆرە کە ئەمڕۆ من لێرەدام لەگەڵتاندا, لەڕاستیدا هەستدەکەم کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی مەزنە, یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان مەسەلەیەکە کە ناوچەکە لە مێژەوە چاوەڕوانیەتی, پیرۆزبایی لە سەرۆك وەزیران و کابینەکەی دەکەم, هەر چل و دووەکەیان, بۆ ئەو بەرپرسیارێتیەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان, هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. لەم بۆنە خۆشەدا گرنگ ئەوەیە رابردوومان وەبیربێتەوە, گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی نەهامەتی ئێجگار چێشت بۆ ئەوەی بگەنە ئەم رۆژە مەزنە.

سەرکردایەتی گەلی کورد لە عێراق بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بوێرانە رابەرایەتی ئەم ناوچەیە و گەلەکەیانیان کرد, هیوایان لە دەست نەدا تەنانەت لە سەختترین ساتەکاندا.

هەروەها دەمەوێت باس لەو قوربانیانەی گەلی کورد, پێشمەرگە, قوربانیەکانی سەرجەم عێراقییەکان لە پێناوی بونیاتنانی عێراقێکی ئازاددا, دوای رووخاندنی دیکتاتۆریەتەکەی سەددام حوسێن بکەم, هەروەها دەمەوێت ئەم هەلە بقۆزمەوە بۆ باسکردنی قوربانیەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان, سەربازانی ژن و پیاو, بۆ ماوەی پانزە ساڵە خەڵکی هەرێمی کوردستان پارمەتیدەر بوون بۆ ناوچەکانی تری عێراق و ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە.

ئەو تەحەدانەی کە چاوەڕوانمان دەکات زۆرن بۆ ئەوەی عێراق لەسەرپێی خۆی بووەستێت, دەبێ ئاسایش سەقامگیربێت بۆ گەلی عێراق, پردەکانی متمانە پێویستە دروستبکرێت لەنێو کۆمەڵگاکانی عێراق, پێویستە شکست بە تیرۆریستان بهێنرێت, دامودەزگا دیموکراسیەکان پێویستە پتەوتر بکرێن, رۆڵی یاسا جێگیر بکرێت, بوارە ئابووریەکان بەرفراوان بکرێن, بۆ ئەوەی هەموو لایەك بگرێتەوە, ئەو پرۆگرامەی لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە راگەیەنرا بۆ هەرێمی کوردستان پرۆگرامێکی ئومێدبەخشەو هەموو مەسەلەکان دەگرێتەوە.

هەروەك لەسەرەتاوە وتم ئەوپەڕی هیوام هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها بۆ حکومەتی مەرکەزی کە نوری مالکی سەرۆکایەتی دەکات, هەروەها بۆ سەرکردایەتیەکانی تری حکومەتەکە.

ئەوپەڕی هیوام بۆ کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتی عێراق بەگشتی هەیە و پشتیوانی بەهێز و بەردەوامی ئەمریکا دووپات دەکەمەوە, ئەوەی لە عێراق روودەدات زۆر گرنگە, بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە بۆ گەلی عێراق و ناوچەکەو جیهان, هەر بۆیە سەرکەوتنی عێراق سەرکەوتنی جیهانە.

دووبارە هەست بەشانازی دەکەم کە ئەمڕۆ لێرەدام و چاوم بەهاورێم سەرۆکی کوردستان بکەوێت, ئەو میواندارى و دۆستایەتیەی بەرز دەنرخێنم و ئەوپەڕی هیوام بۆ کوردستان و عێراق.

خوا یاوەری هەموو لایەك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستاش نوێنەری سکرتێری گشتی (UN) بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**نوێنەری سکرتێری گشتی UN:**

ئامادەیی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ پشتیوانی کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز جێگری سەرۆك کۆمار.

بەڕێز سەرۆکی وەزیران.

خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لەگەڵتاندام, سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (کوفی ئەنان) داوای لێکردم کە رێز و سڵاوی بگەیەنم و رێز و سڵاوی نوێنەرەکەی ئەشرەف قازی بگەیەنم لەم بۆنە تایبەتەدا.

بەدڵنیاییەوە بۆ گەلی هەرێمی کوردستان حەز دەکەین پیرۆزبایی حکومەتەکەتان لێبکەین, دەشزانین کە پلانێکی ئومێد بەخشتان هەیە بۆ حکومەتەکەتان و ئێمەش ئامادەین بۆ یارمەتیدانتان لە جێبەجێ کردنی پلانەکەتان, بەلاْم بەشێوەیەکی تایبەتی پیرۆزبایی لە ڕێکەوتنی یەکگرتنەوەکە دەکەین.

نەتەوە یەکگرتووەکان سەرقاڵی ئاسانکارییە بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا, ئەمەش بە ئاماژەیەکی گرنگ بەدی دەکەین نەك تەنها لێرە لە هەرێمی کوردستان, بەڵکو لە وڵاتدا بەگشتی, لەو بڕوایەدام کە ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە ململانێی درێژخایەن دەکرێت لە ڕێی وتووێژو دیالۆگ سازانەوە چارەسەر بکرێت, دەکرێت ببێتە نموونەیەك بۆ هەموو بەشێکی عێراق, نموونەی کوردستان ئەوە دەردەخات کە سەرکرایەتی هێز و حکومەتێکی یەکگرتوو دەتوانێت ئۆقرەیی و گەشەکردنی ئابووری بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکات.

حەزدەکەم ئەو هەلە نەك بۆ ئێوە, بەڵکو بۆ سەرانسەری عێراق بڕەخسێت و سەرجەم عێراقییەکان ئەمە بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە دابنێن لەم بەشەی عێراقداو بیکەن بە نموونە بۆ بەشەکانی تر.

ئێستاش لە حاڵەتێکی هەستیارداین لە بەغدا, ئەمەش لە کاتێکی باشدا هات بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە بە (سازان)و پێکەوە دانیشتن و دانوستاندن دەکرێت بگەنە ڕێکەوتن و ڕێککەوتنەکانیش جێبەجێ بکەن.

لەلایەن خۆمانەوە ئامادەیی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ پشتیوانی کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەروەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسی لێوە کرد, حاڵی حازر ئۆفیسی ناوچەییان لێرەدا کردووەتەوەو, لە ئایندەشدا ئۆفیسێکی بەهێزترمان دەبێت و ئەو کات دەتوانین لەگەڵ هەموو لایەك کاربکەین بۆ ئەوەی سوود بە گەلی هەرێمی کوردستان بگەیەنین, هەروەها بۆ سەرجەم گەلی عێراق.

دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەم و ئەمەش بەهەنگاوێکی پۆزەتیڤانە دادەنێم و بەردەوامبن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی یەکگرتنەوەو ببنە نموونەیەك بۆ هەموو ئەوانی تر.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش جێگری سەرۆکی کۆماری کاك عادل عەبدولەهدی بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**الدكتور عادل عبدالمهدي نائب رئيس الجمهورية:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

السيد رئيس اقليم كردستان الاستاذ مسعود بارزاني.

السيد رئيس مجلس النواب المحترم الدكتور محمود المشهداني.

السيد رئيس برلمان كردستان الاستاذ عدنان المفتي.

الاخوة الاعزاء, السادة اعضاء برلمان كردستان.

السادة من قيادتي واعضاء الحزبين الكبيرين وبقية القوى السياسية الكردستانية.

السادة ممثلي القوى السياسية من مجلس النواب العراقي من ممثلي الكتل السياسية.

الضيوف الاعزاء.

السادة السفراء.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

نيابة عن السيد رئيس الجمهورية ورئاسة الجمهورية ابدي ايات الاعجاب واقدم التبريكات والتهنئة بهذا اليوم التاريخي الكبير الذي توحدت فيه الادارتان.

كردستان تضرب لنا مثلا عظيما في مسيرتها الرائعة الثورة الواحدة حررت كردستان بل ساهمت في تحرير العراق, المسيرة السياسية التي خضناها سوية بعد سقوط النظام ساهمت وتساهم في معالجة تداعيات النظام البعثي الظالم الذي شن اقسى الحملات على شعبنا العراقي عموما وعلى كردستان خصوصا, الانفال, حلبجة, غير ذلك من المظالم التي تعرض لها شعبنا وعلى راسها حملات التهجير وحملات الاستيلاء على الاراضي والممتلكات.

كردستان رائدة وكردستان تساهم مع بقية العراق بل تتقدم في حالات كثيرة المسيرة العراقية لنبني معها سوية هذه التجربة العظيمة في هذا المسلسل من الانتخابات وفي اعداد الدستور وفي محاربة الارهاب والتخريب وفي اعادة بناء الدولة العراقية فهنيئا لكم ولنا.

البعض يخاف من كردستان قوية, كردستان قوية باهلها وبشعبها وبقيادتها وعندما تكون كردستان قوية يكون العراق كله قويا. عندما تكون كردستان فيدرالية يكون العراق كله فيدرالية.

كردستان لم تعتد على احد, لم تعتد في الماضي ولن تعتدي في المستقبل لان فيها شعبا كريما ولان فيها قيادة واعية, لقد ضربت بالسلاح الكيمياوي وشنت عليها الحملات العسكرية وضربت بالنابالم لكنها لم ترد في اية منطقة اخرى سوى في ساحات القتال وعلى ايدي البيشمركة الابطال.

لم تعمل كما يعمل الارهابيون اليوم وبقايا النظام السابق في ضرب الامنين والاهالي الابرياء في كل مناطق العراق بما في ذلك هنا في كردستان, نتذكر شهداء اعزاء علينا كالاستاذ سامي عبدالرحمن الذي اغتالته ايدي الغدر هنا في اربيل في ايام العيد المبارك, هذا هو الفرق بين الوفاء من جهة والغدر من جهة اخرى.

لقد استمعنا الى البرنامج الذي قدمه الاستاذ الكريم نيچيرڤان ومن على هذا المنبر اتقدم له وللاستاذ عمر فتاح وبقية السادة الوزراء باحر التهاني على تصويت البرلمان بالثقة لهم كما ارى انه قد انجز اول وعد له بان كانت كلمته ثلاثين دقيقة واضاف عليها اكثر من عشر دقائق اضافية وهذا يبين مدى المكاسب التي سيحملها الى الشعب الكردستاني وكذلك الى الشعب العراقي.

هذا البرنامج الواعي يصلح ايضا ان يكون برنامجا للعراق, يصلح ان يكون احد الاسس التي يستهدف بها البرنامج السياسي للحكومة العراقية القادمة فهنيئا لكم هذه الحكومة وهنيئا لكم هذه الانجازات.

مسالة كركوك وحدود المحافظات وبقية المظالم من الاعتداء على الممتلكات ومسائل التوطين والتهجير كل هذه يجب ان تعالج في اطار القانون والدستور ويجب ان ننتهي منها قبل نهاية العام 2007 وبالتالي لا يوجد امامنا وقت طويل لانجاز هذه المسالة الحساسة والكبيرة والتي يعتمد عليها بناء العراق الجديد. سنعمل سوية على بناء المؤسسات الدستورية وان هذا الانجاز الكبير في الوصول الى توحيد الادارتين في كردستان هو مقدمة لانجاز بقية المؤسسات الدستورية.

لقد خضنا انتخابات قبل اشهر وصوتنا على الدستور, نحن الان نعمل هذه الايام بجد من اجل ان تعلن التشكيلة الوزارية القادمة للعراق وسيكون للاخوة الكردستانيين مواقع مهمة واساسية في الحكومة القادمة كاشارة واضحة الى الوحدة العظيمة التي تربط بين مكونات الشعب العراقي ان كانوا كردا, عربا, تركمانا, اشوريين, ايزديين, صابئة, ان كانوا شيعة او سنة كل هذا الامور نحن نعمل عليها بجد ونعتقد ان ما تم في كردستان هو مقدمة عظيمة في هذا الاتجاه.

النظام الفيدرالي الذي عليه الدستور يجب ان ياخذ ابعاده في العراق كليا وكما ذكر الاستاذ نيچيرڤان في كلمته نحن نرى امامنا المنجزات التي يمكن للحكومة الاقليمية والمحلية ان تنجزه من التطور الاقتصادي والثقافي والتعليمي والاجتماعي والسياسي وفي العلاقات الداخلية وفي العلاقات مع دول الجوار والعالم, كل هذا برهان على ان التجربة الفيدرالية هي انسب مايمكن للشعب العراقي ان يحصل عليه من نظام يلبي متطلبات التعددية التي يعيشها العراق.

اسمحوا لي مرة اخرى ان اهنئكم بهذا الانجاز الكبير وابارك لكم.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وتاری خۆی پێشکەش بە بەڕێزان دەکات.

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران.

د.مەحمود مەشهەدانی برا.

برای خۆشەویست د. عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆك کۆمار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا.

بەڕێزان ئەندامان و نوێنەرانی حزبە هاوپەیمانەکان.

وەزیرە بەڕێزەکان.

پەرلەمانتارانی بەڕێز.

سەرەتا بەناوی گەلی کوردستانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم و سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان لە گەڵماندا لەم ڕۆژە مێژووییەدا.

خوشك و برایان, باڵیۆزەکان نوێنەری سکرتێری گشتیی زۆر سوپاس بۆ بەشداری کردنتان زۆر پێخۆشحاڵین کە ئامادەن لەگەڵماندا لەم ڕۆژە مێژووییەدا.

بەناوی گەلی کوردەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

خوشك و برایانی بەڕێز و خۆشەویست.

خوشك و برایان, میوانانی کە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە هاتوون, خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ بەشداری دەکەم لەگەڵ ئێوەی بەڕێز لەم ڕۆژە مێژووییەدا کە بەڕاستی ڕۆژێکی مێژووییە و پەردەدادانە بەسەر لاپەڕەیەك و کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە مێژووی گەلەکەمان, ئینشائەڵلا کردنەوەی لاپەڕەیەکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەریی و سەروەریی.

سوپاسی ئەو برا وەزیرانە دەکەم کە ماوەیەکی دوورو درێژ خزمەتیان کردووەو لەم کابینەیەدا بەشدارنین, بەلاّم جێگای دەستیان دیارەو لەمەوقیعی تر و لە شوێنی تر درێژە بە خەبات و خزمەتی خۆیان دەدەن و پیرۆزبایی لە کاك نێچرڤان و کاك عومەر و کابینەکەیان دەکەم و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

من هیچم نییە بیخەمە سەر قسەکانی کە لە بەرنامەی حکومەتدا هاتووە, تەنها داوایان لێ دەکەم کە ئەو بەرنامەیە هەوڵبدن بەباشترین شێوە جێبەجێ بکرێت.

بێگومان ئەم کابینەیە کابینەی گەلی کوردستانە, دەبێت کابینەی خزمەتگوزاریی بێت نەوەك کابینەی ململانێ و دەبێت هەموولایەك بزانن کاتی ململانێ نەماوە, ئەمڕۆ سەردەمێکی تازەیە, شێوەیەکی تازەیە لە خەبات و لە خزمەتکردن, ئومێدەوارم ئەم کابینەیە سوود لە هەڵەکانی پێشوو وەربگرن و بچنە ناو جەماوەر, لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە بڕوای جەماوەر بە دەستبهێنن ئەمە مەرجی سەرکەوتنە.

هەرچەندە دڵنیام, بەلاّم دیسان دەمەوێ تەئیکیدیش بکەمەوە لەوەی پێشەکی دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی مونسەجم بن, ئینجا وەزیرەکان و ئینجا خۆیان لەگەڵ وەزیرەکانیان دەبێت زۆر زۆر مونسەجم بن و دەبێت بشزانن کە ئەمە کابینەی خزمەتگوزارییە.

من سوپاسی حزبەکانی هاوپەیمانیش دەکەم کە بەشداربوون لەم کابینەیە, پیرۆزباییان لێ دەکەم, بەلاّم لە هەمان کاتیشدا داوایان لێ دەکەم کە بەشدارن لە حکومەت ئیتر دەبێت تەحەممولی مەسئولییات بکەن, نەك بەشداربن و لە هەمان کاتدا موعارەزش بن, ئومێدەوارم کە لەمەودوا وانەبێت, دەتوانن هەرچی گیروگرفت هەیە باسی بکەن, خۆیان تەحەممولی مەسئولییاتی خۆیان بکەن, ئیمڕۆ برایانمان تورکمان, کلدان, ئاشووری نوێنەریان هەیە دیفاع بکەن لە ماڤی خۆیان, دیفاع بکەن لەوەی کە بەڕاستی دەزانن, چونکە حەقی خۆیانە, نوێنەری برایانی ئێزدی هەیە, برایانی فەیلی کە ئەوان کوردن, بەلاّم مومکینە خسوسییەتێکیان هەیە دیسان با دیفاع لە ماڤی خۆیان بکەن ئەوەی کە بەڕاستی بزانن و بە حەقی بزانن, پێویست ناکات لە دەرەوە گلەیی بکرێ, مادام بەشدارن تەحەممولی مەسئولییەتی خۆتان بکەن و ئەرکی سەرشانیشتان بەرامبەر بە جەماوەری خۆتان بەجێ بگەیەنن.

من تا ئیمڕۆ دەتوانم بڵێم بە هیچ شێوەیەك تەدەخولم نەکردووە لە ئیشوکاری حکومەت, بەلاّم بە حوکمی مەسئولییەتێك کە دەکەوێتە سەرشانم ناچارم لەمەودوا کە تەدەخولیش بکەم و یەکسەر ئێمە بەشێك لە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم دروست دەکەین و بۆ وەرگرتنی هەرچی پێشنیار و گلەمەندیی کە جەماوەر هەیانە, داواش لەوانە

دەكەم كە هەمیشە دژایەتی دەكەن بەدیلێكمان پێشكەش بكەن, ئەگەر ئەم وەزعە بەدڵیان نییە و خراپە, با شتێكی باشتر, وەزعێكی باشتر, بەدیلێكی باشتر, پێشكەش بكەن.

سەركەوتنی ئەم حكومەتە سەركەوتنی هەمووماندو پیشتگیریش لەم حكومەتە ئەركی سەرشانی هەمووماندە, لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە من دەڵێم كە هەرچی پێمان بكرێت بۆ پشتگیریتان درێغی ناكەین و ئومێدەوارم ئێوەش درێغی نەكەن لە هەرچی كەپێتان دەكرێت بۆ خزمەت كردنی میللەتەكەتان.

لەمەودوا دەبێت زۆر خەریكی دامەزراندنی موئەسەساتی دەستووری و یاسایی بین و دەست بە چاكسازیی وەزعی ناوخۆمان بكەین و بێگومان دەبێت ئەمە لە ئەولەوییاتی ئەم كابینەیە بێ و, ئێمەش هەموو پشتگیرییەكیان دەكەین و هەوڵی جددی بدرێت بۆ گێڕانەوەی شوێنەكانی كە دابڕاون لە هەرێم وەكو كەركووك و شوێنەكانی تر كە بەشێوەیەكی زاڵمانە هەوڵی گۆڕینی واقیعی ئەو شوێنانە دران, ئێمە دەمانەوێ بەشێوەیەكی دەستووری و یاسایی وەزعەكە ئاسایی بكرێتەوەو ئەو غەدرە كە لە كورد كرا لەو شوێنانە نەمێنێ و, ئێمە كە بەشانازییەوە دەڵێین كوردستان بەشێكە لە عێراقی فیدراڵی دیموكرات و هەر پارچەیەك كە ئێستاش لە ژێر حوكمی هەرێم نەبێ چۆن ئێستا هەرێم پارچەیەكە لە عێراقی فیدراڵ ئەو شوێنانەش هەموو هەر پارچەیەك دەبن لە عێراقی فیدراڵ.

من دەمەوێ زۆر بە دڵسۆزییەوە بەبرایانمان بڵێم لە بەغدا كە كوردستان هەمیشە قەڵایەك دەبێ بۆ پشتگیریی لە عێراقی فیدراڵی دیموكرات و پێشمەرگە هەمیشە هێزێكە بەدەست حكومەتی فیدراڵ بۆ پاراستنی عێراقی فیدراڵی دیموكرات.

ئێمە ئومێدەوارین كە لەم نزیكانە ببینین حكومەتی یەكێتیی نیشتمانیی عێراقیش لە بەغدا پێك بێت و, هەر لەمرۆژانە چۆن ئێستا ئێمە لێرە ئەم رۆژە خۆشە دەبینین ئاوا ئەو رۆژە خۆشە لە بەغداش ببینین و كۆتایی بە مەینەتییەكانی گەلی عێراق بێت و, چیتر نەبینین رۆژانە ژن و منداڵی عێراق شەهید دەبن و بریندار دەبن و بەبێ ئەوەی كە هیچ هۆیەك هەبێ بە دەستی تیرۆریستان.

هەروەها دەمەوێ تەئكید بكەم بۆ دراوسێكانیشمان كە ئێمە دەستی دۆستایەتییان بۆ درێژ دەكەین, پێمان خۆشە باشترین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ هەموویان, بەڵام لە هەمانكاتیشدا ئیتر پێویست ناكات نەزمانی تەهدید و نە دەستی دوژمنایەتی درێژ بكەن, ئێمە داوای دەستی دۆستایەتی دەكەین و تەئكیدیش دەكەینەوە كە ئێمە لە لای خۆمانەوە هەموو هەوڵێك دەدەین كە باشترین عیلاقات دروست بكەین, بەڵام زۆری و زمانی تەهدیدیش لە كەس قەبوڵ ناكەین.

ئەم كۆبوونەوەیە چونكە زۆر درێژەی خایاند و زۆر قسەشكرا من نامەوێت زیاتر درێژە بە قسەكانم بدەم تەنها لە كۆتاییدا دەڵێم جارێكی تریش هەموو لایەك بەخێربێن, داوای سەركەوتنتان بۆ دەكەم, پیرۆزبایی لە كابینەی تازە دەكەم و ئینشائەڵلا سەركەوتوو دەبن و سڵاویش دەنێرین بۆ هەموو شەهیدانی كورد و كوردستان و هەموو شەهیدانی عێراق.

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئامادەبوان ئێستاش كۆتایی بە كۆبوونەوەكەمان دێنین, هەر بژین و سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**یەك شەممە رێكەوتی 2006/6/4**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)ی خولی هەڵبژاردن

## یەك شەممە رێكەوتی 2006/6/4

كاتژمێر(11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2006/6/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(7)ی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2006/6/4دا بەم شێوەیە بێت:

1-پەیڤی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەبۆنەی چواردەمین ساڵیادی بەستنی دانیشتنی یەكەمی ئەنجومەن لە (1992/6/4) دا.

2-راپۆرتی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن لەبارەی سەردانە فەرمییەكەی بۆ سویسرا و ئیتالیا.

3-راپۆرتی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز سردار هەركی لەبارەی سەردانە فەرمییەكەی بۆ ئیتالیا, كە لە سمینارێ تایبەت بە لەناو بردنی مادده بێهۆشكەرەكاندا ئامادە بووە.

4-راپۆرتی هەردوو ئەندامی ئەنجومەن بەڕێزان طارق جامباز و خلیل ابراهیم محمد لەبارەی سەردانەكەیان بۆ ئیتالیا.

5-راپۆرتی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز محمد فرج لەبارەی سەردانەكەی بۆ هۆڵەندە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێدەكەین, بەرنامەی كار بریتی یە لە:

1-پەیڤی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەبۆنەی چواردەمین ساڵیادی بەستنی دانیشتنی یەكەمی ئەنجومەن لە (1992/6/4) دا.

2-راپۆرتی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن لەبارەی سەردانە فەرمییەكەی بۆ سویسرا و ئیتالیا.

3-راپۆرتی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز سردار هەركی لەبارەی سەردانە فەرمییەكەی بۆ ئیتالیا, كە لە سمینارێ تایبەت بە لەناو بردنی مادده بێهۆشكەرەكاندا ئامادە بووە.

4-راپۆرتی هەردوو ئەندامی ئەنجومەن بەڕێزان طارق جامباز و خلیل ابراهیم محمد لەبارەی سەردانەكەیان بۆ ئیتالیا.

5-راپۆرتی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز محمد فرج لەبارەی سەردانەكەی بۆ هۆڵەندە.

خوشك وبرایانی بەڕێز, ئەمڕۆ كە (6/4 )ە, قۆناغێكی تازە بوو لە مێژووی گەلەكەمان پاش راپەڕین و ئەنجامدانی هەڵبژاردن, لە رۆژێكی وەكو ئەمڕۆدا یەكەمین دانیشتنی پەرلەمان بەسترا, ئەمەش سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ گەلەكەمان و بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری كوردستان, دیارە ئەم سەركەوتنە گەورەیە بە بێ یادكردنی ئەو شەهیدانە ناكرێ یادی بكەینەوە, هەمیشە من لە هەموو شوێنەكان دەیڵێم هەرچەندە سەروەریە بۆ گەلەكەمان, سەروەریە بۆ كەس وكاری شەهیدانی نەمرو سەربەرزەكانی كوردستان, ئەو خەباتە دوورو درێژە نە ئەنجامەكەی دەگەیشتە راپەڕین, نە هەڵبژاردن دەكرا, نە پەرلەمانمان دەبوو, نە حكومەت, نە ئەمڕۆش كە كوردستان بووەتە هەرێمێكی فیدراڵ و رژێمە گۆڕبەگۆڕەكەی سەدام لەناو چووە و هەنگاو دەنرێت بۆ عێراقێكی فیدراڵ و دیموكرات, ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە لە خەباتی پەرلەمان ناكرێ باس بەتەنیا لە پەرلەمان بكەین, بێ تێگەیشتنی هەموو مەسەلەكانی تر كە پەیوەندییان بە مەسەلەی گەلی كوردستانەوە هەیە, واتە پەرلەمانیش بەشێك بووە لەم وەزعەی كە لە كوردستان دروست بووە پاش راپەڕین,

بەڵام دەتوانین ئاماژە بەو سەرکەوتنانە بدەین کە پەرلەمان ئەنجامی داوە لەو ماوەی رابردوودا, و توانیویەتی چەند شتێك بکات, یەکەم رەغمی هەموو ناکۆکیەکانی ناوخۆ و شەڕی ناوخۆ, پەرلەمان ئینشائەڵڵا وەکو سونبلێك ماوەتەوە, لەلایەن گەلەکەمان و لەلایەن دونیاوە, کاتێك کە شەڕی ناوخۆ دروست بوو لە کوردستاندا بەداخەوە, هەموو دۆستانی گەلەکەمان کە هەوڵیان دەدا ئاشتی بچەسپێ لە کوردستاندا, سەرەتا باسی پەرلەمانیان دەکرد, هەر لە رەئیسی فەرەنساوە تا ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسی و بەریتانی و تا ئەمریکا, هەموو دۆستانمان کە هاوکارییان دەکردین بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی باسی ئەوەیان دەکرد کە پەرلەمانەکەتان ماوە, کۆیکەنەوە ودانیشتنێکی فراوان بکەن بۆ ئەوەی رێگە چارە بدۆزنەوە بۆ چاککردنی پەیوەندییەکان و رێکخستنی ماڵی کوردی, پەرلەمان توانی لەماوەی رابردوودا دەیان بەڵکو سەدان یاسا و بڕیاری گونجاو دەربکات, بۆ رێکخستنی کۆمەڵگەی کوردی و ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە و یاسایی کردنی وەزعەکە, هەنگاو نان بەرەو دوارۆژ, راگرتنی تەعامول لەگەڵ ئەو بڕیار و یاسایانەی کە رژێمی دیکتاتۆری سەدام کە نەدەگونجان لەگەڵ وەزعی دیموکراتی و نەدەگونجان لەگەڵ وەزعی تازەی کوردستان و ئەوانە, پەرلەمان هەڵسا بە راگرتنی ئەو یاسایانە و تەعامول لەگەڵ ئەو یاسایانە, دیسانەکە دەتوانم ئاماژە بەوەش بکەم ئەندامانی پێشووی پەرلەمان دەورێکی گەورەیان هەبووە و تەحەدای وەزعەکەیان کردووە, ئەو هۆڵەی کە لەپەرلەماندا هەیە, هۆڵی پەناگیری چەند مانگێك و چەند حەفتەیەك لەوێ دانیشتبوون مانیان گرتبوو, نارەزایی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر بەوەزعی ئەو کاتی, کە شەڕی ناوخۆ هەبوو, ئەمەش دەوری هەبوو, بەراستی یەکێك بوو لە دەورەکان کە لەسەر قیادەی سیاسی بۆ ئەوەی ئەو وەزعە ناتەبیعی یە هەرچی زووترە بگۆڕدرێت و ئاسایی بکرێتەوە, ئاشتی دەست پێ بکات و ماڵی کوردی رێك بخاتەوە, کەواتە پەرلەمان توانیویەتی دەوری خۆی ببینی, رەغمی ئەو ناکۆکیانە و مەشاکیلانەی کە هاتبوونە پێشی, دوای ئیتیفاقیەی واشنتۆن هاتە پێشی لە ساڵی 1998 خاڵێك بوو لەو ئیتیفاقیە, کە پەرلەمان دەبێ تەتبیع بکرێت و دەبێ بەدەوری خۆی بەشێوەیەکی باشتر هەڵبستێت, ئەوەبوو پاشی گفتوگۆیەکی زۆر و کۆبوونەوەیەکی زۆر پەرلەمان توانی کۆبوونەوەی خۆی بە تێکڕای ئەندامانی کۆبببێتەوەو دەست پێ بکات بە خەبات, دەست پێ بکات بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی, یەکێك لە بڕیارەکانی پەرلەمان پێشی هەڵبژاردن ئەو وەزعەی باس کرد کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە کە دوو ئیدارەی هەبوو بڕیارێکی دا, بڕیارەکەش ئەوە بوو تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە دەکەین, هەمووتان ئەوە دەزانن, بەڵام موناسەبەیە بەبیر خەڵکی ببینینەوە کە نایانەوێ ئەم حەقیقەتە بزانن, تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە وەکو هەڵبژاردن, یاخود دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو, کامەیان پێشی ئەوەی تر بێت, کە کرا ئەو کاتی تەعامول لەگەڵ حکومەتی تازە دەکەین, تەعامول لەگەڵ ئەوانە ناکەین, بە شەرعیان نازانین, تەنیا بۆ مەسائیلی تایبەت نەبێت بۆ ئەمری واقیع فەرزی دەکات, واتە کە هەڵبژاردن کرا ئەو مەرجە وەکو گوتم تەعامول نەکردنەکە بوو بە بڕیار, لەکاتی هەڵبژاردن بە پێی ئەو بڕیارەی پەرلەمان, ئەو پەرلەمانە تازەیە نابێت تەعامول لەگەڵ ئەو دوو حکومەتە بکات, وەکو زەغتێك بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە هەنگاو بنێن, ئەو دوو ئیدارەیە هەنگاو بنێن, هەردوو مەکتەبی سیاسی هەنگاو بنێن بۆ رێکخستنی ماڵی کوردی و دامەزراندنی یەك حکومەت, ئەم بڕیارە کە پەرلەمانی پێشوو دابووی ئێمە دەستمان پێکرد بە جێبەجێ کردنی, کە دەڵێ هەڵبژاردن بوو, دەبێ جێبەجێ بکرێت, وای لێکردین کە نەتوانین بەدەوری خۆمان هەڵبستین, لە پار ساڵ وەکو ئەمڕۆ دەتوانم بڵێم بەدەوری خۆی هەڵساوە, من پێم وایە پەرلەمان لە رۆژی تەشکیلی حکومەتی هەرێمەوە دەکرێ ئیعتیباری بکەین بە پەرلەمان, نوێنەری میللەت و چاودێر لەسەر حکومەتیش, کەواتە کە تەقییمی ساڵی رابردوو دەکەین, دەبێ بەشێوەیەك تەقییمی بکەین بزانین کە ئەم ساڵی رابردوودا پەرلەمان نەیتوانیوە بە دەوری خۆی هەڵبستێت وەکو پێویست, لە چاودێری کردنی حکومەت و لەدەرهێنانی یاسا, قەبووڵمان نەدەکرد نە ئیدارەی هەولێر و نەئیدارەی سلێمانی یاسامان بۆ بنێرێت یاخود تەعدیلی وزاری بکات, بەقەناعەتیش ئەوەمان دەکرد, پێمان وابوو وەعدێکە داومانە بە میللەت لە دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو لە کوردستاندا, رێکخستنی ماڵی کوردی, لەبەر ئەوە دەبێ پەرلەمان ئەو زەغتە بخاتە سەر هەردوو ئیدارەکە, تەعامولیان لەگەڵ نەکات تاوەکو تەوحیدی حکومەتەکە و دەبێتە یەك حکومەت, بۆیە کە ئەمساڵە هەڵسەنگێنین و تەقییمی بکەین, هەمیشە دەبێ تەقییمەکەمان بەم زووانە بێت, نەخۆمان غەدر لە خۆمان بکەین و نە

قەبوولیش بکەین خەڵك غەدر لە پەرلەمان بکات, دەبێ بزانین ئەو حەقیقەتە کە ئێمە تەعامولمان لەگەڵ ئەم دوو حکومەتە کردووە, ناتوانین تەقییمی حکومەت بکەین, تەقییمی پەرلەمان بکەین, چونکە ئەگەر تەقییم بکەین ببتە ئیسارە کردن بەو وەزعە, دەڵێ پەرلەمان نە موراقەبەی کردووە, نە وەزیرێکی بانگ کردووە موحاسەبەی بکات, نەیاسایەکی حکومەتی دەرهێناوە, یاسای ئیستیسمارە, یاسای تەقاعودە, زەریبەیە, تەوحیدی قانونەکانە, ئەوانەمان هەمووی نەکردووە, گلەییان هەبێت و ئاماژە دەکەینە ئەو قەراری پەرلەمان کە دەڵێ تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە نەکەین, لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی رابردوو حەوت یاسا دەرچووە, هەر بۆ رێکخستنی ماڵی کوردی, تەواو کردنی دام و دەزگاکانی کوردستان, جگە لەیاسای تیرۆر کە ئەویش مەعلومە وەختێکی خایاند کە سێ مانگ بوو, دامانە دیراسەت و کۆنفراسمان لەسەر بەست و بەتێر و تەسەلی موناقەشەمان لەسەر کرد و ئەرکێکی گەورە بوو و ئەنجام درا, لەساڵی رابردوودا 24 دانیشتنی ئاساییمان کردووە و 4 دانیشتنی نائاساییمان کردووە, جگە لەیەك کۆبوونەوە نەبێت هەموو کۆبوونەوەکانمان راستەوخۆ پەخش کراوە و خەڵك چاوی لێ بووە و لە تەلەفزیۆن و لە رادیۆ, هیچ سانسۆرمان لەسەر نەبووە ئەوەش دەلیلی ئەوە بووە کە بڕیارمان دابوو ئیش وکاری پەرلەمان عەلەنی بێت و خەڵك بوێر بێت و ئەندامانی پەرلەمان بوێر بن و قسە بکەن و رەخنە بگرن, جەماوەری کوردستانیش حەقی خۆیانە راستەوخۆ چاویان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت, بزانن موناقەشەکان چۆن دەڕوا, چ روودەدات لە ناو هۆڵی پەرلەماندا, ئەمەش هەنگاوێکی کاریگەر بووە, پێم وایە هەر دەبێ واش بێت, چونکە دەلیلی سیقە بە خۆییە و پەرلەمان ئیشی بەرەو پێش دەڕوات و سەرکەوتن بەدەست دێنێت ئەگەر بەو شێوەیە تەواو بێت, لە موستەقبەلیشدا ئومێدەوارین هەر بەو شێوەیە تەواوی بکەین, من پێم وایە دانیشتنێك دەبێت بکەین سبەی لە کۆتایی هینەکەدا, خۆتان قەراری دەدەن سبەی یان دوو سبەی, بۆ ئەوەی زۆر بە ئازادانە, بە صەراحەتەوە باس لە یەکەم تەقییمی ئەم ساڵە بکەین, بەرنامەی کارمان بۆ ساڵی داهاتوو و چ رەخنەیەکیش هەبێت, رەخنەکان با لێرە بکرێن, رووبەڕوو بکرێن و کەسیش باوەڕ ناکەم لە رەخنە بترسێت, نەئەوەی رەخنەکەی دەگرێت و نە ئەوەی رەخنەکەی لێ دەگیرێت, حەقی خۆیەتی ئەو رەخنە لێ گرتنە, ئەوەی رەخنەکەشی لێ دەگیرێت حەقی خۆیەتی روون بکاتەوە و سوود لە رەخنەکان وەربگرێت, بۆیە من پێم باشە دانیشتنێك بکەین دانیشتنەکە ئەگەر قەرارتان دا داخراو بێت, قەراریشتان دا کراوە بێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان, لەو دانیشتنەدا هەموو کەم وکوڕیەکان بە صەراحەتەوە باسیان دەکەین, بەرنامەش دادەنێین کە چۆن کار بکەین, چونکە ئێستاکە نیزامی داخیلی لە لایەن لیژنەیەکەوە هەموار دەکرێتەوە, چ کەم و کوڕیەك هەبێت لە نیزامی داخیلی ئەوەش چاك دەکەینەوە, بۆ ئەوەی هەندێك گلەیی هەیە, گلەییەکان لەوانەیە بۆ خۆشیان هەیانبێت ئێمە پابەندین بەو نیزام داخلیە, ئەو وەختی دەکرێت بەو شێوەیەی کە ئێوە دەتانەوێ ئێوە بیگۆڕن, بۆ نموونە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێ هەر شتێك ناخرێتە بەرنامە, ئیحتیمالە پێش دوو رۆژ بێت, چل وهەشت سەعات پێشتر بێت, مولزەم نییە سەرۆکایەتی لەناو کۆبوونەوەدا کەمبکەنەوە بڵێن بمانەوێ ئاوا وئاوا بکەین, حەقی خۆتانە, بەڵام دەکریٛت بیخەینە کۆبوونەوەیەکی تر, لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوەتان پێ باشە بیگۆڕین و سەعاتێك پێشتریش حەقتان هەبێت موناقەشەی بکەن و نیزامەکەی بگۆڕن, بەڵام ناکرێت نیزامێکیش هەبێت خۆت نیزامەکە دەزانی, داوای شتێك بکەیت و نەکرا بچی گلەیی بکەیت لە جەریدە و لەتەلەفزیۆن و لە پەیڕەوەکە تێ بگەی یاخود ئیشارەت بەوە بکەیت, ئینجا لەبەر ئەوە ئەو دانیشتنە دوایی قەراری بۆ دەدەین, یاخود ئیشارەتی بۆ دەدەین, دوایی قەراری بۆ دەدەین, ئومێد دەکەم کە ساڵی دادێ, ساڵی پەرلەمانێکی راستەقینەی فەعالی سەرکەوتوو بێت, ساڵێك بێت پەرلەمان لەبەردەم گەلەکەماندا بتوانێ و نیشان بدات کە شایستەی ئەو متمانەیە کە پێی دراوە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە, بتوانێت هاوکاری حکومەت بکات بۆ تەسبیت کردنی ئەو یەکگرتنەی هەردوو ئیدارەیە, بۆ سەرخستنی, لەهەمان کاتیشدا بتوانێ چاودێری بکات لە هەر شوێنێکدا کەم وکوڕی هەبوو دەست نیشانی بکات بەرێگەی لیژنەکانەوە, لیژنەکان فەعال بن بەدەوری خۆیان هەڵبستن و بتوانن لە کوێ کەم وکوڕی هەیە بە راپۆرت بینێرن, ئێمەش لێرەدا دەیخەینە بەرنامە, پێویست دەکات وەزیر بێت یان سەرۆکی وەزیران بێت, یاخود جێگری سەرۆك وەزیران بێت, هەر کەسێك مەسئول بێت لێرە بانگی دەکەین, پرسیاری لێ دەکەین لەبەردەمی ئێوە, بەڵام دەکەوێتە سەر لیژنەکانی ئێوە, ئەو لیژنانە چەند بەدەوری خۆیان هەڵدەستن, بەبێ لیژنەکان

پەرلەمان ناتوانێ هەموو شتێك بزانێت, لیژنەكان لەناوخۆیاندا دەبێ بە دەوری خۆیان دا هەڵبستن, لیژنەی دادە, پەروەردەیە, ئەگەر مەعلوماتی وەرگرت پێویستی كرد پرسیاری هەبوو, پرسیارەكە هی خەڵكە دەیخەینە بەرنامە بانگی وەزیر دەكەین لێرە موساعەدەی دەكەین, لەبەر ئەوە ئومێد دەكەم ساڵی دادێ ساڵی پەرلەمان بێت, ساڵی بەرەو پێشەوە چوون بێت, ساڵی یاسایی كردنەوەی زیاتر بێت لە كۆمەڵگە, ساڵی هەنگاو نانی زیاتر بێت بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگەی مەدەنی, ساڵی چەسپاندنی یاسا, بنەماكان, ئەمەش بە هاوكاری یەكتری كردنمان, وەكو یەك فەریق ئیش بكەین, دوا قسەم ئەوەیە پەرلەمانی ئێمە هەڵبژاردنەكە, خەڵك رای داوە لەسەر لیستی حزبەكان, هەڵبژاردنەكەمان نسبیە, خەڵك دەنگی داوە بە حزبەكان, ئەو حزبانە ئەو خەڵكانەی لێرە دانیشتوون كاندید كراون هاتوونەتە ئێرە, واتە لەلایەكەوە ئێوە پابەندن بە سیاسەتی حزبەكانی خۆتان, بەڵام ئەندامێكی پەرلەمان كە دێتە ناو پەرلەمان دەبێ زیاتر پابەند بێت بەو سوێندەی كە لێرە خواردوویەتی, كە بەرژوەندی گەل سەرووی هەموو شتێكە, بۆ بەرژەوەندی گەل خەبات دەكات, واتە ئەو نوقتەیە هەموومان پێكەوە خۆمانی پێوە دەبەستینەوە, حەدی ئەدنای حزبایەتی لێرە هین دەكات, ئەویش ئەگەر بێتو شتێك بوو پەیوەندی بە سیاسەتی حزبێك بوو, خۆی تەرحی بكات لێرە, بەڵام لە مەسەلەكانی تر دانانی یاسا, موراقەبە كردنی حكومەت, هیچ فەرقێك نابێت لە بەینی ئەو ئەندامەی لەگەڵ ئەندامێكی تر لەو لیستە, هەموو هەدەفەكە ئەوەیە چۆن چاودێری حكومەت بكەین, چۆن یاسا دەربێنین, لەبەر ئەوە ئومێد دەكەم كۆبوونەوەیەكی باش بێت, سوودی هەبێت بۆ هەموو لایەكمان, پاش تەواو كردنی رەئیتان بە سەریعی وەردەگرین, بزانین چۆن قەرارتان داوە سبەینێ یان دووەی ئەنجامی بدەین, داوای لێبوردنتان لێ دەكەم, دەزانم گەرماشە ئینشائەڵڵا مەسەلەی گەرماش بە زووترین كات حەل دەكەین, حەلێكی سەریع هەیە, حەلێكی دووریش هەیە, حەلی دوور پرۆژەیەكمان لەدەستە, بینایەكی زۆر باشتر, گونجاوتر بۆ پەرلەمان دروست بكەین, زووتر لێرە بە هەموو مواصەفاتەوە ساڵ ونیوێكی دەوێ تاكو تەواو دەبێت, بەڵام تا ئەو ساڵ ونیوە دەبێ حەلێكمان هەبێت بۆ ئەو گەرمایەی لەناو قاعە هەیە.

خاڵی دووەم: سەردانەكەی خۆمە بۆ سویسرا و ئیتالیا, نامەوێ بۆتانی بخوێنمەوە ماوەی دەوێ, بیستوتانە لە تەلەفزیۆن و خوێندوتانەوە, بەڵام بە سەریعی دەڵێم كە ئێمە دەعەوەتەكەمان لەلایەن گرووپی كوردی لە پەرلەمانی سویسر بوو, بەڵام پرسیارمان كرد وتیان سەرۆك پەرلەمانیش پێشوازیت لێ دەكات, ئینجا چووین, كە چووینە وێ ئەو گرووپە بیست ئەندامی پەرلەمانی سویسرایە, ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو كە لە ساڵی 1992 وەفدی پەرلەمانی كوردستان, یەكەم سەردانی بۆ ئەوروپا دیسان لە سویسراوە دەستی پێكرد, یەكەم جار بوو چووبوونە ئەوێندەر چەند ئەندامێكی فراكسیۆن و ئەوانەیان دیبوو, خۆیان باسیان كرد, شارەزاییەكیان هەبوو زۆریش پێیان خۆش بوو كە ئەو گۆڕانكاریە لەناو پەرلەمانی كوردستان, بەتایبەتی رێژەی ژن زیادی كردووە, تەعەدودی هەیە, تەنیا دوو حزبەكە نییە, نوێنەری توركمان و كلدان و ئاشوور هەیە, دەیانزانی بەڵام كە باسمان كرد وتیان هەنگاوێكی باش چوونەتە پێش, ئەوەی كە جێگەی خۆشحاڵیمان بوو زیاتر ئێمە كە چووینە پەرلەمانی سویسرا دانیشتنی تایبەتی خۆیان هەبوو, ئێوارەكە منیان بردە جێگەی میوانان لەوێ دانیشتم, بەڵام خەبەریان دا بەسەرۆكی پەرلەمان قەتعی موناقەشەكەی كرد بەئەندامانی وت سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان میوانمانە ئیشارەتی بۆ كردم, پێشوازییەكی گەرمیان لێكردم, بەڵام پیاو دیسان لەسەركەوتنی وادا ئەو خەباتە دوورودرێژە و ئەو شەهیدانە كە لەم رێگەیەدا شەهید بوون دێتەوە بیری, فەخریان پێ دەكات ئەو خەباتە بە فیرۆ نەچووە, ئەوەتا گەلی كوردستان بەو شێوەیە پێشوازیان لێ دەكات, دواییش خۆی هات لەگەڵ هەموو گرووپەكانی ناو پەرلەمان بیست وپێنج كەسێك بوون, یان بیست و دووكەس, كە پارتی سۆسیال دیموكراتە, حیزبی لیبرالە, جۆراوجۆر بوون حزبەكان دانیشتنێكی زۆرمان كرد و زۆریش بە ئیعجابەوە باسی خەباتی گەلی كوردستانیان كرد, لە شوێنێكی وا ناخۆش و دژواردا لە عێراقدا, رووبەرووی هەم تیرۆر بوونەتەوە, هەم سیاسەتی رەگەزپەرستی و رۆشنبیری خراپ, لەگەڵ ئەوەشدا توانیوتانە بۆ خۆتان كۆمەڵگایەكی دیموكراتی دروست بكەن بەرەو پێشەوە برۆن, ئامادەن كەهاوكاریمان بكەن منیش دەعوەتم كردن وتم ئینشائەڵڵا لە سەردانێكی تردا یانی فرسەتێكی تر ئەگەر هاتە پێشەوە لە مانگی نۆ و ئەوانە ئێمەش دێینە كوردستان بە مەمنونیەوە, لەوێوە چووین بۆ ئیتالیا لەوێ لە میلانۆ موحافیز داوەتی كردبووین, سەرۆكی شارەوانی و موحافیز حەدیقەیەكیان ناوناوە بەناوی حەدیقەی شەهیدانی

عێراق کە لەبەرامبەر تیرۆردا شەهید بوونە, موبادەرەیەکی باش بوو لە شارێکی گەورەی وەکو میلانۆ لە ئیتالیادا کە بیر لە خەباتی گەلی عێراق بکەنەوە, بیر لە هاوکاری گەلی عێراق بکەنەوە لەدژی تیرۆر, منیش بە ئیعتیبار هەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم, هەمیش یەکێکم لەوانەی کە لە رووبەرووی ئیرهابدا بریندار بوومە, منیان داوەت کرد کە چووینە وێندەر زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردین و موحافیز هات بۆ خۆی, سەفیری عێراق لە رۆما هات, لەگەڵ نووسەرێکی گەورەی میسری کە لە ئیتالیایە مەجلیس ئیعلامی ناوە, وتاریان خوێندەوە ئاماژەی بە خەباتی گەلی عێراق کرد لە پێناوی دیموکراتیەت و لە دژی تیرۆر و ئەوانەدا, باسی گەلی کوردستان کرد و ئیشارەتی بەوەشدا کە من لەوێ حازرم, پاشان ئێمەش وتارمان خوێندەوە وکەوا پەرۆیەکەمان هەڵگرت لەسەر ناوی تازەی حەدیقەکە, صەحافە لەوێ نووسی, پێم وایە ئەوەش کارێکی باش بوو, بۆ ئەو دوو جێگەیە بەرەسمی چووین, لەبەر ئەوەی کە لەوێمە لەو ماوەی رابردوودا چەندین وەفدی ئیتالی هاتبوونە کوردستان, لەمەوزووعی هاوکاری کردنی هەڵبجە و دانانی خەستەخانەکە, زانیان لەوێم حەزیان کرد سەردانیان بکەم, بۆیە سەردانی رۆماشم کرد, سەردانی فلۆرەنسام کرد, لەگەڵ ئەو گرووپە دکتۆرانە و موحافیزی فلۆرەنساو وەزیرێکی تەندروستی پێشووی ئیتالیا دانیشتین باسی ئەو پرۆژانەمان کرد لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت, بەتایبەتی خەستەخانەیەك لە هەولێر دەکەنەوە, ئەو خەستەخانەیە تایبەت دەبێت بۆ نەخۆشی تەلاسیما و نەخۆشی دڵی منداڵان, وابزانم نزیکەی حەفتا و هەشتا ملیۆن دۆلاری تێدەچێت, وتیان حکومەتی هەرێم ئامادەیە بیست ملیۆن دۆلار بدات و ئێمەش ئەوەی تر دەدەین, پرۆژەکەیان پیشان داین و پشتگیریمان لێکرد و لەدواییدا داوایان لە کاك وشیار زێباری کرد کە هێشتا وەزیرەکان سوێندیان نەخواردبوو, دانیمارك دۆستی گەلی کوردستانە وتم لەگەڵیان قسە بکە, چونکە ئەوە بڕیاری حکومەتی پێشووە, ئەو حکومەتە تازەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکەن, لە پەیوەندیدا ئەوان وتبویان ئەو پرۆژانەی کە هەیە لە عێراق و لە کوردستان زیادیشی دەکەین, نەك هەر بەتەنیا ئەوە دەکەین, بێجگە لەوەش پرۆژەیەکی تر هەبوو منالآنی کوردستان دەعوەت بکەن بۆ ئیتالیا, هەرجارەی 30 منداڵ, 20 منداڵ, بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵانی ئیتالیا قسە بکەن و پەیوەندی پەیدا بکەن, بۆ هاوکاری کردنی روشنبیری و پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ منداڵانی کوردستان و منداڵانی ئیتالیا, لەو نزیکانە وابزانم لە حدودی 30 یان 20 منداڵێك قەولە بیانێرینە ئیتالیا, وەهەم لە سویسراش و هەم لە ئیتالیاش لەگەڵ جالیای کوردی و هەندێ عێراقیش هاتبوون کۆبوونەوەمان کرد و کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو, بۆمان باس کردن ئەو رووداوە لە عێراق هەیە چی یەو وەڵامی پرسیارەکانمان دانەوە, بەراستی ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە من دەمێك لەو تەفصیلەوە نەچووبومە ئەوروپاوە , هەست دەکەم لە ئەوروپادا خەڵکێکی گەنجی زۆری خەڵکی کوردستان کە پێش دە ساڵ پازدە ساڵ هیجرەتیان کردووە, خۆیان پێگەیاندووە, بووەتە دکتۆر و بووتە موهەندیس, پارەی هەیە و جێگەی هەیە بەتایبەتی لە سویسرا قەد نەمدەزانی سەدان کورد لەوێندەر نسبەتێکی زۆریان شەهادەی دکتۆراو بەکالۆریۆسیان پەیدا کردووە لە بوارە جیاجیاکاندا, لە ئیتالیا کورد کەمترە و ئەوانیش هەروا سەرکەوتوون, پێم وایە بۆ ئایندەی کوردستان سوودێکی زۆریان هەبێت, من سوپاسیان دەکەم, هەر ئەو دووشتەم هەبوو, ئێستاش داوا لە کاك سردار هەرکی دەکەم بە موختەصەری ئەویش باسی سەردانەکەی بکات بۆ ئیتالیا.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەردانەکەمان بۆ ئیتالیا بۆ بەشداری کردن بوو لە کۆڕی زانستی بۆ ئاسایشی ناوخۆی عێراق کە ئەو بابەتانەی لەخۆوە گرتبوو:

ناوی کۆڕەکە

کۆڕی زانستی بۆ ئاسایشی ناوخۆی عێراق

(تاوانی رێکخراو, بازرگانی بە مادده بێ هۆشکەرەکان , غسل الاموال)

شوێنی کۆڕەکە/ ئیتالیا موقاتەعەی سەقلیا شاری سیراکوزا

ماوەی کۆڕەکە/ لە بەرواری 2006/2/12 تا 2006/2/22

**لایەنی ئامادەکار بۆ ئەم کۆرە**

**أ-ئەنستیتوی نێو دەوڵەتی بۆ خوێندنی باڵا لە زانستەکانی تاوان لە سیراکوزا- ئیتالیا.**

**ب-ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە زانکۆی دی بول لە شیکاغو – ئەمریکا.**

**ج-لە ژێر چاودێری وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا.**

**ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەشدار بووبون:**

1- **سەردار هەرکی/ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

2- **بەختیار ئەمین/ وەزیری پێشوی مافی مرۆڤ – عێراق.**

3-**پوشۆ عەلی/ بریکاری وەزیری دادی عێراق.**

4-**رازی رازی/ سەرۆکی مفەوەزیەی گشتی بۆ نەزاهەت.**

5-**محمد محمد/ پارێزگاری شاری بەسرە.**

6-**اسامە بەدری/ عمید لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.**

7-**تحسین فلیح/ عمید لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەشی مەشق وتأهیل.**

8-**ثامر الجنابي/ بەڕێوەبەری گشتی تاوانە گەورەکان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.**

9-**حسن المحبوبە/ بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای واسیت.**

10-**خلود مۆید/ داواکاری گشتی لە دادگای مەرکەزی تاوانەکان.**

11-**دلێر ئاکۆ/ سەرۆکی لێکۆڵینەوە تاوانیەکان لە وەزارەتی ناوخۆ – هەولێر.**

12-**دانی بیاع/ یاریدەدەری بەختیار ئەمین.**

13-**رزگار عزیز/ بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی.**

14-**سعد نعمە البتات/ ئەندام لە شەبەکەی عەین بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.**

15-**سلمان عبید عبدالله/ ئەندامی دادگای تەمیزی اتحادی.**

16-**سیف الدین احمد/ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی – سلێمانی.**

17-**شێرکۆ شاکر حکیم/ بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك.**

18-**تاریق ابراهیم/ جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك.**

19-**عبدالحسن ثامر/ بەڕێوەبەری پۆلیسی ناسریە.**

20-**عبدالرزاق فتاح کاکەیی/ بەڕێوەبەری گشتی لە ئەکادیمیای پۆلیس – سلێمانی.**

21-**عبدالرزاق ناسر/ بەڕێوەبەری پۆلیسی ناسریە.**

22-**عوسمان حسین ئەمین/ سەرۆکی ئەکادیمیای پۆلیس – سلێمانی.**

23-**عەلی اسماعیل/ پشکێنەری گشتی وەزارەتی نەوت – عێراق.**

24-**فتاح سعید/ راوێژکار لە دیوانی چاودێری دارایی – عێراق.**

25-**قاسم لفتە/ بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە تەلەفزیۆنی شەرقیە.**

26-**مخلص الحدیثي/ پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی مافی مرۆڤ – عێراق.**

27-**مهدی حسین عەتیە/ سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی لە موخابەراتی عێراق.**

28-**ناهل شکر البیاتی/ بەڕێوەبەری گشتی گومرگەکان لە وەزارەتی دارایی – عێراق.**

29-**هەڤاڵ رەشید/ سەرنوسەری رۆژنامەی ئەهالی.**

30-**هناء احمد الخفاجی/ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهەمهێنان (استثمار) لە بەنکی مەرکەزی عێراق.**

31-**وریا عبدالله حسن/ ئەنستیتۆی نیودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ لە زانکۆی دی بول – شیکاغو.**

32-**وعدالله یوسف/ بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆك.**

بەرنامەی کۆڕەکە:

رۆژی شەممە 2006/2/11 گەیشتن بۆ عەممان

یەك شەممە 2006/2/12 گەیشتن بۆ ئیتالیا

دووشەممە 2006/2/13 کردنەوەی کۆڕەکە بۆ وتەی ئەم بەڕێزانە...

1-بەختیار ئەمین/ وەزیری پێشوی مافی مرۆڤ – عێراق.

2-دادوەر حاتم فؤاد علی/ نوێنەری ئەنستیتۆی نێو دەوڵەتی بۆ خوێندنی باڵا لە زانستە تاوانەکانی میسر.

3-دانیال رەوتنبرغی/ جێگری بەڕێوەبەری جێبەجێ کردنی ئەنستیتۆی نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافی مرۆڤ لە زانکۆی دی بول هەر لە هەمان رۆژدا ئەم موحازەراتانە پێشکەشکرا.

تاوانی رێکخراو نێو نیشتیمانیی و ئاسایشی ناوخۆ: أ- دادوەر حاتم فؤاد, ب- محمد عبدالعزیز نوێنەری اقلیمی مەکتەبی وڵاتە یەکگرتووەکان تایبەتمەند بە موخەدەرات و تاوان (undoc) لە میسر.

أ-رێکەوتنامەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تاوانی رێکخراو, رێکەوتنامەی عەرەبی بۆ نەهێشتنی تاوانی رێکخراو لە لایەن دادوەر/ أ- حاتم فؤاد و /ب- عبدالله گیلان راوێژکاری یاسایی ئەمینداری گشتی جامیعەی دەوڵەتە عەرەبیەکان و /ج- علاء مرسی جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە, د- محمد عبدالعزیز.

سێ شەممە 2006:/2/14

1-هەیکەلی رێکخستنی مەکتەبی نیشتمانیی نەهێشتنی مافیا لەلایەن:

أ-د. بیرو گراسو: داواکاری گشتی تایبەت بەم مەکتەبە.

ب-د. ایمانویلبە ماروتا: بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی هێزەکانی پۆلیس بۆ خوێندنی باڵا لە رۆما.

**چوارشەممە 2006/2/15**

سەردانی بەشی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە نەهێشتنی مافیا لە شاری کاتانیا و لەلایەن بەڕێوەبەری ئەم بەشە پێشوازی کراین و موحازەرەیەکی خۆی پێشکەشکرد و سەردانی هەموو بەشەکانی ئەم مەکنیەمان کرد.

پێنج شەممە 2006/2/16:

هەماهەنگی نێوان ئەجهزەی جێبەجێکەری یاساکان لەلایەن:

أ-محمد عبدالعزیز.

ب-عبدالمجید محمود/ یاریدەدەری جێگری گشتی میسر

ج-پرۆژەی نمونەیی عەرەبی استرشادی لەلایەن – علاء مرسی

**هەینی 2006/2/17:**

1-بازرگانی بە مادده بێ هۆشکەرەکان (اسوار, لێکۆڵینەوەی سەرەتایی, کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان) لەلایەن لواء مدحت زکی: بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی نێو دەوڵەتی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ نەهێشتنی موخەدەرات لە میسر.

2-غسل الاموال و نەهێشتنی گەندەڵی لەلایەن:

أ-سری صیام/ بریکاری وەزیری داد بۆ کاروباری یاسادانان سەرۆکی یەکەی نەهێشتنی غسل الاموال – میسر.

ب-لواء سمیر عبدالمسیح: بریکاری یەکەمی هەیئەی چاودێری ئیداری – میسر.

ج-مستشار علاء مرسی.

1-گفتووگۆی گشتی لەسەر بابەتەکان.

شەممە 2006/2/18:

گەشتێك بۆ شاری تادر مینا

یەك شەممە 2006:/2/19

1-شێوازەکانی فێرکردنی مافی مرۆڤ تعلیم, الیات, پاراستنی هەرێم لە لایەن:

أدادوەر خالید احمد: راوێژكاری یاسایی بەعسەی وڵاتە یەكگرتووەكان لە عێراق (unami).

ب-لواء د. نشأت هلالی: مامۆستای یاسا و سەرۆكی ئەكادیمیەی پۆلیس – میسر.

1-گفتوگۆ لەسەر بابەتەكان.

2-دابەشكردنی ئامادەبووان بەسەر 3 گروپ, گروپەكان كار بۆ صیاغەكردنی توصیاتەكان دەكەن.

3-گروپی نەهێشتنی مادده بێ هۆشكەرەكان: دلێر ئاكۆ: سەرۆكی گروپ, سەردار هەركی: بڕیار دەری گروپ.

أ-گروپی نەهێشتنی تاوانی ڕێكخراو, دادوەر سلێمان عبید عبدالله: سەرۆكی گروپ, ناهل شكر البیاتی: بڕیاردەر.

ب-گروپی مافی مرۆڤ و نەهێشتنی گەندەڵی:

رازی رازی: سەرۆك

مخلص الحدیثي: بڕیاردەر.

دووشەممە 2006/2/20:

گفتوگۆ و خوێندنەوەی تەوصیات لەلایەن هەرسێك بڕیاردەر و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئامادەبووان بۆ صیاغەی كۆتایی.

سێ شەممە 2006:/2/21

1-پێشكەش كردنی راپۆرتی كۆتایی و باوەڕپێ كردن.

2-دابەشكردنی بەڵگەنامەكان بەسەر بەشداربووان لەلایەن كەسایەتی نێو دەوڵەتی د. محمود شریف بسیونی.

چوارشەممە 2006/2/22:

گەڕانەوە بۆ وڵات.

پوختە (خلاصە)

1-لە كۆی 35 بەشداربوو 13 كەسیان كوردستانی بوون ئەمەش ڕێژەیەكی زۆر باشە وهۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چالاكی و لێزانی بەڕێز بەختیار ئەمین.

2-بەشداری كوردستانیەمان زۆر چالاكی و كاریگەر بوو بە تایبەتی لە داڕشتنی تەوصیات و راپۆرتی كۆتایی لە گفتوگۆكان و موداخەلات بە تایبەتی لەسەر بەیانی ئینابەی قەزایی و پرۆژەی نمونەی یاسایی عەرەبیی.

3-توانیمان وێنەی راستەقینەی كوردستان بۆ بەشداربووان روون بكەینەوە, بەتایبەتی لەسەر هەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە كوردستان و هۆیەكەشی گەڕاندمانەوە بۆ ( هەماهەنگی هاووڵاتیان لەگەڵ دەزگایەكی تایبەتمەند و هەبوونی سەقامگیری سیاسی, دڵسۆزی ئەندامانی پۆلیس و ئاسایش لەسەر بڕوا بوونیان بە ئایدەلۆجیای هەرێم و باشی باری ئابووری هەرێم.

4-لەگەڵ بەڕێوەبەرەكانی كۆڕەكە بەتایبەتی بەڕێز محمد عبدالعزیز نوێنەری ئەقلیمی مەكتەبی وڵاتە یەكگرتووەكان تایبەتمەند بە تاوان و مخدرات (undoc) لە میسر پێك هاتووین كە دەوراتی تر بكەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و چینەكانی تر لە ناو هەرێمی كوردستان ودەرەوە لەسەر بابەتی جیاواز, بەڵام داوایان كرد كە بەشێوەیەكی رەسمی لە پەرلەمان داوایان لێ بكەین تاكو هاوكاری و یارمەتی لە دەوڵەتی مانحە وەربگرین ئەمیش هێشتا نەكراوە.

5-بە هەموو لایەكمانەوە هەوڵمان دا كە كێشەی گەلەكەمان بۆ مامۆستایەكان و بەشداربووان شی بكەینەوە لەلایەن خۆمانەوە چەند یاسایەك و بڕیارێكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانمان بەخشی بە ئەنستیتۆی نێو دەوڵەتی بۆ خوێندنەكانی باڵا لە زانستەكانی تاوان (isisc) كە تایبەتمەند بوون بەبابەتەكانی كۆڕەكە و بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆك چەند ئاڵایەكی كوردستانی پێشكەش كرد بە ئەنستیتۆ و مەكتەبی نەهێشتنی مافیا.

6-ئەوەی بۆمان كرا ئەوە بوو كە ئەم ئەنستیتیوتە نیازیان هەیە دەورێكی راهێنان بۆ دادوەرانی عێراق لەسەر بێ لایەنی و نەزاهەتی دادوەران بكەنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری لە عێراق, ئێمە زۆر هەوڵمان دا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری كوردستان بێت.

7-ئەوەی تێبینیمان کرد لە زۆربەی بەشداربووان و مامۆستایەکان کە زۆربەیان خەڵکی میسر بوون نا ئاشنا بوون لەگەڵ کێشەی گەلی کوردستان و بیرێکی ناسیۆنالیستی عروبی توندڕەو ماوە لایان بۆ ئەم مەسەلە پێمان وایە:

أ-هەرچەندە بابەتی ئاشنا بوون ئەرکێکی خوێتی کە پێویستی خۆیان رەوشەنبیر بکەن و ئەرکێکی ئەخلاقیە کە هەوڵ بدەن کێشەی گەلان بزانن, بەڵام چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بە داهاتی گەلەکەمان پێویستە ئێمەش هەوڵ بدەین باشتر کێشەکەمان روون بکەینەوە ئەمەش لە رێگەی راگەیاندنی هادف و مودیرن, چاك کردنی پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و تەرکیز بکرێتە سەر پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ئەم وڵاتانەدا, موئەسەساتی کۆمەڵگەی مەدەنی و وەسائیلی راگەیاندن.

ب-دەبێ هەوڵ بدەین خۆمان بە هێزتر بکەین بە تایبەتی ئابووری هەرێم و پتەوکردنی دیموکراسی و فراوانتر کردنی سنوری ئازادیەکان و هەروەها دەبێ کاریگەر تر و چالاك تر بەشدار بین لە دیموکراسی کردنی عێراق لەبەر ئەوەی کێشەی گەلی کوردستان پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بە مەسەلەی دیموکراتیەت بە گشتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەم جۆرە بڕۆین ئەوا هەموومان دەبورێینەوە بەڕاستی, گەرماکەو ئیعتیرازیشم هەیە لەسەر شێوەی خوێندنەوەکە, ئەوەی ئەخیری هیچی مەفهوم نەبوو, دووەم بەداخەوە راپۆرتی سەردانێك بەم شێوەیە نییە, بەم شێوەیە باس ناکرێت, چونکە ئەو ئیستیفادەی کە لەوێ کردوویەتی, ئەبێ باس لەوە بکات کە چۆن لێرە بەکاردێت, تەفعیلەکەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی یەکەمت نوقتەی نیزامە, بەڵام بەشی دووەمت نوقتەی نیزام نەبوو, گەرماکە حەقتە, ئێمەش وەك تۆ, بەڵام ئینشائەڵڵا بەم زووانە تەواو دەبێت, فەرموو کاك تاریق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتەکەی ئێمە (21) لاپەڕەیە, بەڵام لاپەڕەو نیوێك دەخوێنمەوە, ئەوەی شاندەکەی ئێمە کردوویەتی یەك لاپەڕەیە, ئەوانی تر لەمەوپاش دەتوانی لە کاروباری ئەنجومەن وەریبگری و بیخوێنیەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان

بابەت/ ئەنجامی سەفەرەکەمان بۆ ئیتالیا

لە رۆژانی 12 تاکو 19ی مانگی یازدە ساڵی 2005, لەگەڵ کاك (خلیل ابراهیم) بەشداریمان لە کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لەبارەی فیدرالیزم کرد لەشاری سیراکۆزای – ئیتالی کە بە سێ قۆڵی لەلایەن (پەیمانگەی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی سزایی لە سیراکۆزای ئیتالی و پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای مافی مرۆڤ لە زانکۆی دی پۆلی شیگاکۆ لە ئەمریکا (U.S.A) و وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا) رێکخرا.

بەشداربوانی ئەم کۆنگرەیە نێو دەوڵەتیە لە (44) لە کەسایەتیەکانی پێکهاتەکانی عێراق پێك هاتبوو دوازدەیان شاندی کوردستانیان پێك دەهێنا کەبەشداریمان تیا کرد و لەو حەوت رۆژەی کۆنگرەکەدا (20) لێکۆڵینەوە و بابەتی تیا پێشکەش کراو, ئێمەش چەندان جار بۆچوون و رامان لەبارەی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانەوە خستنە بەرچاوو لە هەموویاندا جەختمان لەسەر فیدرالیزمی عێراق کردەوە ولەماوەی کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکەدا هەردووکمان ئەم چالاکیانەمان نواند:

1-لەسەردانمان بۆ تەلاری پەرلەمانی سیسلیا (سقلیە) لە پالیرمۆ (ئالآی کوردستان و ئارمی پەرلەمانی کوردستانمان بە دیاری پێشکش بەجێگری سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی سیسیلیا (سقلیە) کرد.

2-باسێکمان لەبارەی ئەزمونی پەرلەمانی کوردستانەوە بەسەر بەشداربووانی کۆنگرەکەدا بلآوکردەوە.

3-دوا رۆژی کۆنگرەکە لەسەر پێشنیاری شاندی کوردستان کە دوو دانیشتنی تایبەتی بۆ کەرکووك تەرخان کرابوو داواکرا کە ماددەی (140) لەدەستووری عێراقدا جێبەجێ بکرێت.

4-پێشنیارێکمان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەتەك زمانی عەرەبی دا بەسەرۆکایەتی کۆنگرەکە پێشکەش کرد.

5-پێشنیارێکمان بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لە کوردستان لەبارەی ئەزموونی هەرێمەکانی ولآتانی فیدرالْ (فرەنەتەوە) وە پێشکەش کرد.

6-چاپەمەنیمان بە زمانی( ئینگلیزی, عەرەبی) لەبارەی بزاڤ و چالآکیەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە, بەسەر بەشدرابووانی کۆنگرەکەدا دابەش کردو, پێوەندی دۆستانە و توندو تۆلێشمان لەگەلْ هەموو بەشداربووان بەگشتی و, لەگەلْ هەر (5) پێنج پسپۆڕ ولێزانەکانی بواری فیدرالیزمدا وە دەست هێنا.

7-لەگەلْ شاندی کوردستان توانیمان لەبەیانی کۆتایی کۆنگرەکەدا و لە دوو برِگەدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ئەزمونی سەرکەوتووی پەرلەمانی کوردستان کراو داوا کرا قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوانی جینۆسایدی گەلی کوردستان بکرێنەوە.

لەگەلْ ئەو پەڕی رێزماندا.......

هاوپێچ/

1-ناوی بەشداربووانی کۆنگرەکە.

2-بەرنامەی کاری کۆنگرەکە.

3-دوو پێشنیار بۆ کۆنگرەکە.

4-دەقی ئەو باسەی کە لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە بەسەر بەشداربوواندا دابەشکرا.

5-دەقی بەیانی کۆتایی کۆنگرەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك تاریق, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی کە کاك تاریق ئەو راپۆرتەی خوێندەوە, منیش ئەو پرسیارەم بۆ پەیدا بوو ئەوان شاندێك بوون لە تەوافەی مانگا دەعوەتیان کردین, ئێمەش بە حوکمی ئەوەی پار ئەندام پەرلەمان مەعهەدێکی ئەمریکی دوو ئەندامی پەرلەمانی ئێمە لەسەر حسابی ئەوان وەرگیران, دووش حکومەتی هەرێم ئێمەی لە کۆماری سربیا دەعوەت کرد, ئێمە دوو سەردانمان کرد بۆ دوو پەرلەمان, پەرلەمانی مەرکەزی سربیا و پەرلەمانی هەرێمی بوردینیا, من وامزانی چونکە ئەوە لەدەرەوەی پەرلەمانە پێویست ناکات باس بکەین, بەلآم کە دەبینم ئەوانیش جەنابی کاك تاریق و جەنابی کاك خلیل کە هەر دەعوەتنامەی پەیمانگا بوونە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەندام پەرلەمانێك بچێتە سەردانێکی رەسمی بە ناوی پەرلەمان قسە بکات, حەقە راپۆرت تەقدیم بکات, ئێمەش دەیخەینە بەرنامە و لێرە بیخوێنێتەوە و ئیستیفادەی لێ وەربگرین, ئەگەر نا هیچ ئیستیفادەی نابێت.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتمان پێشکەشی جەنابتانمان کرد, راپۆرتێك بە راپۆرتێکی گەورەی سی لاپەڕەیی, راپۆرتێکیش بە کورتە راپۆرت پێشکەشی جەنابتم کرد, بەحوکمی ئەوەی ئێمە سەردانی دوو پەرلەمانیشمان کرد, لەبەر ئەوە ئەو داوایەم پێشکەش کرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دانیشتنێکی تر بیخوێنەوە, ئیستیفادەی لێ ئەکەین زۆر باشە, مامۆستا محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی دەست پێ بکەم, ئەوەی من لە بەینی راپۆرتی کاك تاریق وکاك سەردارە, راپۆرتی بەشداری لە ڤستیڤالی ئەنفال وهەڵەبجە کە چەند رێکخراوەیەکی کوردی هەڵسابوون بە سازدانی لە شاری لاهای هۆڵەندی لەسەر داوەتی پەرلەمانی کوردستان کردبوو بۆ بەشداری ئەو ڤیستیڤاڵە, بە سوپاسەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمەیان دەستنیشان کرد وەکو نوێنەری پەرلەمان بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە, کە جێگای سوپاس وریز وپێزانینمانە.

دیارە کاتێ دەسکەوت و ئەزمونە نیشتمانیی و سیاسیەکان لە گەشەکردن ودەرکەوتنی زیاتردا بن, لەبەرابەریشەوە بیرۆکەو داهێنانی نوێش رێچکەی خۆنواندن لەبەر دەگرن, ڤیستیڤاڵی ئەنفال وهەڵەبجە کەلە شاری دهناخ – لاهای هۆڵەندی دەستی پێکرد ولە 22 هەتا 2006/4/24 خایاند, کە دەستپێکی کۆمەڵێ رێکخراوی کوردی نیشتمان پەروەرەوە هاتبویە وجود.

بیرۆکەو جێبەجێکردنی ئەو ڤیستیڤاڵە زۆر تەندروست وکاریگەر بوو, لەو رووەی چیتر بەسە خۆمان بەسەر کارەساتەکانماندا بەتەنها بۆ خۆمان بگرین و, هەموو ساڵێك کەسوکاری شەهید وقوربانییەکان بە ئاگری ئەو ئازارانەوە چەند جار بسوتێنینەوە.

ئەو ڤیستیڤاڵە هەنگاوێکی تەندروست بوو بۆ بەرزو گەوروە راگرتنی ئەو دوو کارەساتەی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال لەبەردەم گەل و نەتەوەکانی ترداو, هەروەها لەبەردەم ناوەندەکانی بڕیاری نێو دەوڵەتی ودەوڵەتە خاوەن نفوزەکان و تەواوی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دا بۆ دروستکردنی کاریگەریەکی ئەخلاقی و ئینسانی لەسەریان لەبەردەم ئەو دوو کارەساتە گەورەیەدا کە لەکاتی خۆی دا بێدەنگبوون و, وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەدایەوە, کە بەهەموو پێوەرێك جینۆسایدی نەتەوەیەکی زیندووی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە .

هەروەها ئەو ڤیستیڤاڵە هەنگاوێك بوو بۆ نیشاندانی ئەو دوو کارەساتە وەکو ناسنامە و هێمای مەزلومیەتی نەتەوەیی کورد, کە دەخوازێت هەموو دونیا و ناوەندەکانی بڕیارو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بەلانی کەمەوە وەکو هاوشێوەکانی تری ئەو دوو کارەساتە سەیری بکەن و رێز لە شەهید وقوربانیەکانی بگرن, زەمانی وەیشی بدەن کە جارێکی تر هەڵەبجە و ئەنفال دووبارە نابێتەوە, هەروەکو ڤیستیڤاڵەکە کردبویە دروشمی خۆی.

هەروەها لە ڤیستیڤاڵەکەدا هەوڵیان دابوو ئەو دوو کارەساتە گەورەیە تەنها بە خیتابی سیاسیانە نمایش نەکرێت, بەڵکو کۆمەڵێ بابەتی پزیشکی لە ئاستی زۆر بەرزدا و بابەتی سایکۆلۆژی و مێژوویی ئەکایمیانە لە رووی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوەوە نمایش کران.

هەروەها ناواخنێکی باشی بابەتەکەیان کردبوو بە مۆزیك و لاوانەوە و وێنە و تابۆسازی و کەلتوریی و شانۆگەری تایبەت بەو دوو کارەساتەوە.

لەسەرەتای ڤیستیڤاڵەکەوەو, دوای وتاری بەخێرهێنان. بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە وتارێکمان خوێندەوە کە تێیدا ئاماژەمان بە بەگەورەیی و ترسناکی ئەو دوو کارەساتە کرد. کە لە مێژووی مرۆڤایەتی کۆن و نوێدا ئەوە یەکەمین جارە نەتەوەیەك لە ماوەی کەمتر لەشەش مانگ دا رووبەرووی دوو کارەساتی وەکو هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال

ببێتەوە, کە بووە هۆی دەربەدەرکردنی نزیکەی دوو ملیۆن کەس و لەوانە بە هەزارانیان بە گازی ژەهراوی شەهید و بریندار بوون و, هەزارانی تریان بە کۆمەڵ زیندەبەچاڵ کران, ئەوی تریشیان ئاوارەی شارو ئۆردوگا زۆرەملێکان بوون, هەروەها رژێم تەواوی ناوچەکانی کوردستانی کردە ناوچەی قەدەغە کراو لە دانیشتوانەکەی, جگە لە شارەگەورەکان نزیکەی 4500 گوند و شارۆچکەی وێرانکردبوو.

هەروەها ئاماژە بە بەرپرسیایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتە خاوەن نفوسەکان و دەوڵەتی عێراق و ئەو دەوڵەت و کۆمپانیانەی کە هاوکاری رژێمیان کردەوە بە چەك وکەرەسەی شەڕو یارمەتی ماددی, دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەو یارمەتی و هاوکاری وبێ دەنگیەیان بەرانبەر ئەو دوو کارەساتەوە بخەنە ئەستۆی خۆیان و هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بدەن, ئەویش بە ناساندنی ئەو دوو کارەساتە وەکو جینۆسایدی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێز لە شەهید و قوربانیەکانیان بە فەرمی بگیرێت و گەلی کورد وەکو نەتەوەیەکی مەزڵومو خاوەن هەق نوێنەریان وەکو چاودێر لە نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرن و لەئاستی نێو دەوڵەتی دا بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەوناوچە زیان لێکەوتوانە بکەنەوە, بە شێوازێك کە شایستەی ئەو شەهید و قوربانیانە و گەورەیی هەڵەبجەو ئەنفالەوە بێت.

هەروەها دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیش بە فەرمی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات لەبەرامبەر ئەو دوو کارەساتەدا, هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خزمەتکردنی پێویستی کەسوکاری شەهیدان وقوربانیەکانی ئەنفال و ئاوەدانکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بەو ناوچانە.

ترسناکی وهەرەسی گەورەی ئەو دوو کارەساتە کاتێ وەبەرچاو دەکەوێت کە لەرووی ئەو بابەتانەی لە بواری زانستی پزیشکی و سایکۆلۆژی ومێژوویی لە ئاستی پسپۆری زۆر بەرزدا بوون, کەبەراستی مرۆڤیان سڕو سەرسام دەکرد.

بەڵام لەلایەکی ترەوە گەورەیی و قارەمانی ئەو نەتەوەیان نیشان ئەدا کە لەژێر ئەو هەرەس و ئاگر و ئاسن ووێرانەو دووکەڵە ژەهراویەدا هەڵسایەوە و ئەمرۆی بۆ ئێمە هێنایە کایەوە و بە یارمەتی خوای گەورەیش ئایندەیەکی باشتر بۆ نەوەکانمانی لێدەکەوێتەوە.

لەدوای تەواوبوونی فیستیڤاڵەکە سەردانی پەرلەمانی هۆڵەندیمان کرد و لەو دیدارەدا جەختمان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

1-پشتگیریکردنمان لە ناساندنی هەردوو کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال لە دیوانی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو جینۆسایدی نەتەوەیەك.

2- ئەم دوو کارەساتە ودۆزی رەوای ئەم نەتەوەیە بخرێتە ئەجندای پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاوە وەکو کێشەی نەتەوەیەکی زیندووی رۆژهەڵات, کە دۆسیەکەی خاوێنە لە هەر کاردانەوەیەکی نا مەشروع کە ئەوە ئەمرۆ پێوەرێکی دیارە لە ناساندنی هەر نەتەوە و دەوڵەت و کۆمەڵگەیەك دا.

3-دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوو پەرلەمانی هۆڵەندی و کوردستان, هەرچەند هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ, بەڵام تایبەتمەندی خۆی هەیە, چونکە ئەم پەرلەمان و حکومەتەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی رەنجی هەزاران شەهید و قوربانی وەکو هەڵەبجە و ئەنفالە, جگە لەوەی ئەم پەرلەمانەی ئێمە تەنها پەرلەمانی هەرێمێك نییە, بەڵکو دوای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراقی کە هەرێمی کوردستان جگە لە کورد, تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشووری و ئەرمەنی تێدایە و بەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتی ئەو هەرێمەدا, هەر ئەوەیە کە دەخوازێت بە چاوێکی جیاوازتر سەیری بکرێت.

4-ئێمە بۆ بەدیموکراسیکردنی دامودەزگا و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەرەتا داین, بێگومان ئێوەش بەم قۆناغەدا گوزەرتان کردووەو, ئەوە دەزانن کە چەندە پێویستی بە زانیاریی وفێربوونی ئەزموونی سەرکەوتوو هەیە لەو بوارەدا, وەکو مەشقکردن و فێربوونی شێواز و میتۆدی نوێی بەسوود بۆ ئەو چین و توێژە کاریگەرانەی بواری تەشریعی و حکومی و ئیداری و قەزایی و پۆلیس و ئاسایش و هەر ناوەندێکی تر کە مامەڵەی راستوخۆیان لەگەڵ مرۆڤ وماف وئازادیەکان دا هەیە, هەتا بتوانین ئەو پرۆسەیە بەراست و تەندروست مومارەسە بکەین و, بیکەینە هۆکاری ئاسودەیی وخۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و سەرکەوتنی گەل وپێشکەوتنی ئەزموونەکەمان.

5-دەربارەی پەنابەرانی کورد لەولاتانی ئەورووپا, کە ئێستا نیگەرانیەکی بۆ دروست کردوون, مەرج نییە هەر کاتێ دیکتاتۆرێك هەبێت و خەلك ڕاوبنێ و ئێوەیش پەنایان بدەن, ڕاستە خەلکی ئێمە ترسی رژێمی لەسەر نەماوە, بەلام بەرژەوەندی لەم وولاتانەی ئێوە زیاتر بووە, ئێمە لەدەستووری عێراق دا کە بەحساب لە سەرەتای دیموکراسی داین وتومانە هەرکەسێکی بیانی کە چەند سالێك مایەوە و داخوازی ڕەگەزنامەی عێراقی کرد ماق وەرگرتنی هەیە, خۆ ئێوە زۆرتر لە ئێمە لەو بوارەدا هەنگاوتان ناوە.

6-پێمان باشە دیدارێکی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش بکەین.

بە ئیجابی وەلامی هەموو خالەکانیان دایەوەو ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هەمووو هاوکاریەك, ئیزافەی خالێکی گرنگیان کرد بە قسەکانیان وتیان لەسەری سالی میزانیەدا هەول ئەدەین بڕێکی باش پارە تەرخان بکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەلەبجە.

هەروەها بڕیار بوو لەگەل پەرلەمانی ئەورووپادا دانیشتنێك بکەین, بەداخەوە ئێمە کاتمان نەمابوو لەگەل کۆمەلەی پزیشکانی هۆلەندی کە چەند کادیرێکی بەتوانای کوردیشیان لەگەل دایە ئامادەیی ئەوەیان هەیە بە هەموو جۆرێ هاوکاری کوردستان بکەن و بێن بۆ ئێرە چ بە نەشتەرگەری و کردنەوەی دەورات و مەشقکردن بەبێ بەرامبەر, هەروەها لەبواری فێرکردنی هونەریانەی مندالان, بۆیە داوا لە هەردوو لیژنەی پزیشکی و پەروەردە دەکەم لەگەل وەزارەتە مەعنیەکاندا گرنگی بەو مەسەلەیە بدەن.

لەدوای ئەوە سەردانی هەندێ لەلایەنە سیاسیە کوردستانیەکانمان کرد بە مەبەستی دروستکردنی میکانیزمێك بۆ کاری هاوبەش بەتایبەتی ئەو کارانەی پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

پێشنیارەکان:

1-پەرلەمانی کوردستان یاداشتنامەیەکی رەسمی بداتە نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر هەردوو کارەساتی هەلەبجە و ئەنفال بەمەبەستی ناساندنیان وەکو جینۆسایدی نەتەوەیەك, لەگەل هەولی وەدەستهێنانی پشتگیری ئەندامەکانی ئەو دەزگا نێو دەولەتییە.

2-پەرلەمانی کوردستان کاری جددی بکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی پەرلەمانی لەگەل دەرەوەدا, کە ئەوە بەهێزترین و باشترین کەنالی پەیوەندیە بۆ ئێمە لەگەل دونیای دەرەوەدا.

3-پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پشتگیری ئەو کۆمەلە و ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرانەی لە دەرەوە کار دەکەن لە پێناو ناساندنی مەزلۆمیەت و داوا ڕەواکانی خەلکی کوردستان بەدونیای دەرەوە.

4-دروستکردنی پەیوەندیەکی توندو تۆلتر لەگەل پەنابەران, واتە ئەو جالیەی لە دەرەوەیە, کە بەراستی کادیرێکی بەتوانا و لێهاتوو ودلسۆزی گشت بوارەکانمان هەیە, دەکرێت سوودی باشیان لێوەربگرین بۆ بەهێزکردنی کاری پەرلەمان و وەزارەت و دام ودەزگاو بەرنامەکانی خوێندن و پیشەسازی و کشتوکال و ئابووری و بوارەکانی پزیشکی و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و, چاکتر کردنی گوزەرانی هاوولاتیان و باشترکردنی پرۆسەی دیموکراسی و پاراستنی ماف وئازادییەکان, جگە لەوەی ئەو کادیرانە هەندێکیان بوونەتە بەشێك لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو ولاتانەی تێیدا دەژین, کە دەتوانن لەو ڕێگایەیشەوە سوودی باشتر بگەیەنن.

5-یارمەتی ئەو کۆمەلە ورێکخراوانە بدەین کە لەپشت بەگرتدانی ئەو کۆمپانیانەوەن کە مادەی ژەهراویان بە رژێمی صەدام داوە بۆ قڕکردنی گەلەکەمان.

6-بۆ مەبەستی بەشداری جالیەی کوردستانی لەدەرەوە لەخۆ پالاوتنیان بۆ ئەندامبوون لە پەرلەمان دا بۆ نوێنەرایەتی ئەو جالیەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, پێشنیار دەکەم پەرلەمان لەو بارەیەوە یاسایەك دەربکات.

***محمد فرج احمد***

نوێنەری پەرلەمانی کوردستان

لە فیستیڤالی ئەنفال و هەلەبجە لەشاری لاهای هۆلەندی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك محمد, فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من دوو تێبینـیم هەیـە, لەسـەفەری كـاك تـاریق وئـەوان حـەفت مـانگی بەسـەردا تێپەڕییـە, تـازە دێـن لـە پەرلەمان ئیسارەی دەكەن, سـەفەری كـاك سـەردار وئـەوان نزیكـەی چـوار مـانگی بەسـەردا تێپـەڕیوە, ئێستا مـانگی شەشە, ئەوان لە مانگی دوو چوون, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوە لە موستـەقبەل تیكـرار نەبێتـەوە, ئەگـەر سـەفەرێك ئەكرێ زووتر بە پەرلەمان رابگەیەنرێ, پاشی حەوت مانگ چمان پێ دەكرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, تێبینیەكەت بەجێیە, بەڵام خەتای سەرۆكایەتییە, با ئەو رەخنەیەت لێ قەبووڵ بكەین, بەراستی لەپێشدا زوو نەمانكرد, دواییش گەیشتینە قەناعـەت كـە ئـەو كەسـانەی سـەفەر دەكـەن حەقـە راپۆرتیـان لێـرە بخوێننـەوە, تەقییمێك بكەین و دواتر بزانین سوودی چەندە, بۆیـە هەنـدێكی دواكـەوتووبوو, بـەڵام خستمانە ئێـرە ئـەوە ئـی خاتوونیشمان لـەبیر كـردووە, ئـەویش دەبوایـە بكـەین, رەنگـە ئـی تـریش هـەبێ كـە چـوونە, بەهـەرحاڵ وابـزانم گەرماكە وای لێ كردووین كە دوای بخەین, من پێم وایە سبەینێ كۆببینەوە, فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە و چەند پەرلەمانتارێكی تر داوەت نامەیەكمان پێ گەیشتووە كـە كۆڕێـك لەلایـەن رێكخـراوی شـنەبای هیـواوە ئامادە كراوە, جـەنابتان تێـدا ئامـادە دەبـن بـەیانی, بۆیـە پێشـنیار دەكـەین ئەگـەر بكـرێ بـۆ دوو بـەیانی بیگـۆڕین باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە با دوو بەیانی بێت, فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمـە دووبـەیانی لیژنـەی داكـۆكی كـردن لـە مـافی ئافرەتـان و ژنـان سمینارێـك هەیـە, سـەبارەت بـە مەسـەلەیەكە جەنابیشتان ئاگادارن, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر دەستخۆشی لە كاك محمد فرج دەكەم بۆ راپۆرتەكە, بـەڵام لەهـەمان كاتـدا رەخنەیـەكم هەیـە كەئاراسـتەی دەكەم, كە ئەو بەسەر دوای گەڕانەوەی پەیوەندی نەكرد باسی دوو خاڵی كرد كـە پەیوەسـتە بـەو دوو لیژنەیـە كـە ناوی لیژنەی پەروەردەی هێنا, ئەبوایە ئەو تەوصیاتەی جەنابی پێش وەخت بگەیشتبایە دەست لیژنەكـەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە, ئەوە نوقتەی نیزام نییە, سبەی لە جەلسەكە ئەگەر رەخنەت هەبوو بیكە, باشە رۆژی چوارشـەممە سـەعات یازدە, ئینجا لە جەلسەكە قەرار دەدەین نهێنی بێت, یان عەلەنی بێت, دانیشتنەكە لێرە كۆتایی پێ دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 2006/6/19**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی هەڵبژاردن

## دووشەممە ڕێکەوتی 2006/6/19

کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2006/6/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(8)ی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2006/6/19دا بەم شێوەیە بێت:

1-سوێند خواردنی بەڕێز (د.ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (مدحە مندلاوی) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە.، سەرەتا تکایە موبایلەکانتان بکوژێنەوە.

بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەمان بەپێی حوکمەکانی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمووار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری ژمارەی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی 7ر11 دەقیقەی ڕۆژی پێنج شەممەی 2006/6/19 بەم شێوەی خوارەوە بێت:

1-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز د. ئاشتی هەورامی بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

2-سوێندخواردنی یاسایی بەڕێز مەدحەت مەندەلاوی بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پێشکەش کراوە.

دیارە بە پێی بەرنامەی کار سێ خاڵمان لە پێشە، سوێند خواردنی هەردوو بەڕێزە، لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی، خاڵی یەکەم و دووەم، بەم دواییە، یەعنی لەو ساعاتەی ڕابردوودا، لەلایەن حکومەتەوە ئاگادار کراین، داوایان کرد، یەك دوو ڕۆژ دوا بخرێت، ئەو سوێند خواردنە، لەبەر ئەوەی لەڕووی فەنییەوە ئامادە نین، لەبەر ئەوە ناتوانین جێبەجێی بکەین ئەو دوو خاڵە کە حازرنەبن، بۆیە دەخرێتە کۆبوونەوەی داهاتوو، پاش ئەوەی تەئکید دەکەین، لە کۆبوونەوەی داهاتوو هەموو ئامادە دەبن، بۆ سوێند خواردن،

تەبعەن لەسەر داوای ئەوان بوو، دوا خراوەتەوە، ئاگاداریش کرابوون، بەڵام دیارە هۆیان هەیە، دەتوانن دوایی ڕوونی بکەنەوە، بە هەر حاڵ ئەو سوێند خواردنە دوا دەکەوێت، خاڵی سێیەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای، وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پێشکەش کراوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت وتت, جەلسەی داهاتوو تەرخان دەکەین بۆ قسەی خۆمان, هەندێ جار سەرۆکایەتی کە ئەمر ئەکەن, کابینەیەکمان پێ هەڵدەبژێرن, بەڵام کە لێرە خۆتان قەراردەن, ئەبوایە وابوایە بەرنامەی کارمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە قسەت تکرار بکەوە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم تۆ لە جەلسەی رابردوو وتت, کە جەلەسەی داهاتوو تەرخان بێت, بۆ مەشاکیلی خۆمان موغلەق بێت, یان موغلەق نابێ, دووەم سوێند خواردنی کابنیە وەزیرەکان لە هەردوو کابینەی هەولێر سلێمانی نە بە جەماعی نە بەتاك ئیعفا نەکراون, یەعنی قانونیەن و دەستووریەن, وەزارەت دەبێت هەڵبوەشێتەوە, ئینجا ئەوانی تر سوێند بخۆن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەجێیە و, نوقتەی نیزامیش بوو, بەنیسبەت جەلسەی داخیلی خۆمان, پاش ئەوەی کە ئەوە بخوێنینەوە, ئەوەلەن قاعەکە گەرمە و, دانیشتنەکە درێژەی دەخایەنێت, دەیخەینە باس کردن و دەنگدان, یەکەم بۆ گواستنەوەی کۆبوونەوەکانمان تاوەکو مەسەلەی تەبرید و چاککردنەوەی, دواتریش پاش موافەقەت کردنی سبەینێ دەیکەینە ئەو بەرنامەی کە پێشتر باسمان کرد, بۆ باس کردنی مەسائیلی ناوخۆمان, بەڵام لەبەر ئەو سوێندخواردنە و ئەو پڕۆژەیە پەلە بوو, ئەگەر نا لە بەرنامەمان دایە و, پێشتریش باسمان کرد, وتمان بیکەینە قەرار, یەکەم گواستنەوەی دانیشتنی پەرلەمان لەم هۆڵەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران, پاش ئەوەی کە تەواو دەبین, لە خوێندنەوەی پڕۆژەکە, تەئکیدی لێدەکەینەوە, دووەم, بەنیسبەت وەزیرەکان کە ئیستیقالەیان نەداوە, بەڕاستی چەند جارێکیش باسمان کردووە, لەڕووی قانونیەوە, مولاحەزەیەکی بەجێیە, بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە, ئێمە بەپێی قانون لە هەڵبژاردنەوە بە پێی ئەو قەرارەی پەرلەمانی پێشوو, کە دەڵێ تەعامووڵ لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە دەکەن, تا هەڵبژاردن, یان تا یەکگرتنەوە هەردوو ئیدارە, کە هەڵبژاردن بوو, بەپێی یاسایی و, بەپێی ئەو قەرارەشەوە, ئەو دوو حکومەتە ئیعتیبار دەکرێن, لەڕووی قانونیەوە لەنەزەری پەرلەمان موستەقیلن, بۆیە ئێمەش هەروەها تەعامووڵمان لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە کردووە, نەپڕۆژەمان لێیان وەرگرتوون, نە بە حکومەتێکی تەصریفی ئەعمالی رۆژانەمان زانیوە, تا یەکی گرتەوە, ئیعتیبار دەکرێت کە ئیستیقالەیان داوە بەتەواوی, ئەگەر نا نەدەکرا پاشی وی لە دووحکومەتدا, پاشی دوو مانگ سێ مانگ, لەو رۆژەی هەڵبژاردن ئەنجام دراوە, لێرە سوێندمان خوارد, پەرلەمان ئەم خولەی دەست پێکرد, ئەو دوو حکومەتە ئیعتیبار دەکرێن موستەقیلن, زۆر سوپاس.

بەنیسبەی پڕۆژەی ئیستیسمار, خۆتان دەزانن دەمێکە ئەو مەوزوعە لە ئارادایە, زیاتر لە ساڵێکە تاوتوێ دەکرێتن, باسی لەسەر کراوە, کۆبوونەوەی زۆری لەسەر کراوە, لە هەردوو ئیدارە پڕۆژەی جیاجیامان بۆ هات, هەر لەبەر رۆشنایی ئەو قەرارەی پێشوومان, رەتمان کردەوە وتمان دەبێت هەردوو ئیدارە یەك بگرێتن وەکو یەك ئیدارە تەقدیر بکەن, لەگەڵ ئەوەشدا, ئەو پڕۆژەیە لەلایەن لیژنەی قانونیەوە, پسپۆڕانی پەرلەمانەوە دوورو درێژ بوو, تەرجومەش کرا بووە کوردی, بۆ ئەوەی پێمان وابوو کە ئەو حکومەتە یەك بگرێتەوە, ئەو پڕۆژەیە وەکو ئەوەی دێتەوە لامان کوردیەکەش حازرە, بەڵام کە حکومەت کابینەی تازە کۆبووەوە, پڕۆژەکەیان تەوحید کرد, پڕۆژەکە زۆر اختصار کراوە, ئەو تەرجوومە کوردیە, لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە ناگونجێت, بۆیە لێرە ئەمڕۆ اکتفا دەکەین بە خوێندنەوەی بەزمانی عەرەبی, سبەی یان دووسبەی کە تەواو دەبێت لە تەرجوومەکە, کوردیەکەشتان دەدەینێ, ئێستا کوردیەکەشتان دەدەینێ, ئێستا نیوەی تەواو بووە, ئێستا عەرەبیەکەتان بۆ دەخوێنینەوە, سبەی یان دوو سبەی کوردیەکەشتان دەدەینێ و, بلاویشی دەکەینەوە, وەکو پڕۆژە, لەو رۆژەی کە دیاری دەکرێتن بۆ موناقەشەی پڕۆژەکە, هەردوو نەصەکە حازر دەبێتن, بۆ

ئەوەی لەودوو رۆژەشدا نەکەوینە خیلاف لەسەر کەلیمەیەك, یان لەسەر وشەیەك و, لەڕووی زمانیەوە تەواوی بکەین, داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم کە پڕۆژەکە بخوێننەوە, نوقتەی نیزامیە, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچمان نوسخەمان لەلا نییە, هەندێ کەس دەبینم, نوسخەیان بەدەستەوەیە, ئەی چۆن دەتوانین موتابەعەی بکەین, ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشتر موتابەعەت بکردایە, ئەو نوقتە نیزامیەت نەدەکرد, ئەو قیرائەی ئەوەلیە, دوایش نوسخەی ترتان دەدەینێ, ئاگادارین, نوسخەتان دەدەینێ, بەعەرەبی و بەکوردی, ئێستا بەس قیرائەی ئەوەلییە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.

ئێستا دەقی پڕۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

**مسودة قانون الاستثمار في اقليم كوردستان العراق**

المادة الاولى: يسمى هذا القانون قانون الاستثمار في اقليم كوردستان العراق.

**التعاريف**

المادة الثانية:

تكون للكلمات والعبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبينة ازاءها أدناه:

أ-إقليم: اقليم كوردستان- العراق.

ب-الحكومة: حكومة إقليم.

ج-الهيئة: هيئة الاستثمار في إقليم.

د-المجلس: مجلس إدارة الهيئة.

هـ-الرئيس: رئيس مجلس إدارة الهيئة.

و-رئيس الهيئة: رئيس هيئة الاستثمار.

ز-رسوم الخدمات: الرسوم المفروضة مقابل الخدمات التي تقدم للمشروع من قبل الهيئة والجهات المختصة.

ح-المشروع : أي نشاط اقتصادي يقيمه شخص طبيعي أو معنوي على أرض مخصصة له و برأس مال محلي أو أجنبي تنطبق عليه أحكام هذا القانون والأنظمة والتعليمات الصادرة بمقتضاه.

ط-الموجودات الثابتة: الالات والاجهزة و المعدات واليات اللوازم والابنية والعدد المخصصة لاستخدامها حصراً في المشروع والاثاث والمفروشات واللوازم الفنادق والمستشفيات والمدن السياحية والجامعات والمدارس.

ي-الرسوم والضرائب: وتشمل جميع أنواع الرسوم والضرائب المقدرة بموجب قوانين سارية المفعول بما فيها ضريبة الدخل والعقار والعرصات والمبيعات، والرسوم الكمركية المقررة بموجب التشريعات النافذة.

ك- المستثمر: الشخص الطبيعي أو المعنوي الذي يستثمر أمواله في إقليم وفق أحكام هذا القانون سواء كان وطنياً أو أجنبياً.

ل- الجهات المختصة: تشمل جميع الجهات الحكومية المسؤولة عن القطاع الذي يتعلق بشؤون المشروع.

م- المال المستثمر: القيمة المقدرة بالعملة الأجنبية أو المحلية المستثمرة في المشروع.

ن- نقل التكنولوجيا: ترخيص وتحويل وبيع واستخدام حقوق الملكية الفكرية منها براءات الاختراع، العلامات التجارية، المعرفة الفنية، والخدمات الهندسية و الإدارية والتسويقية وما في حكمها.

س- رأس المال الأجنبي: هو ما يستثمره المستثمر من أموال نقدية أو عينية أو حقوق لها قيمة مالية في إقليم، ومن أهمها ما يأتي:

1-النقد المحول إلى إقليم عن طريق البنوك أو الشركات أو المكاتب أو أية طريقة أخرى بهدف استثماره لأغراض هذا القانون.

2-الموجودات العينية المستوردة مدفوعة التكاليف من خارج إقليم.

3-الأرباح والفوائد الناجمة عن استثمار رأس المال المستثمر في المشروع.

4-الحقوق المعنوية كالترخيص وبراءة الاختراع والعلامات والأسماء التجارية المسجلة في إقليم.

**مجالات الاستثمار**

**المادة الثالثة:**

تطبق أحكام هذا القانون على المشاريع التي توافق عليها الهيئة في احد القطاعات التالية:

أ-الصناعات التحويلية والكهرباء والخدمات المرتبطة بهما.

ب-الزراعة بشقيها النباتي و الحيواني والخدمات المرتبطة بها.

ج-السياحة.

د-الفنادق.

هـ- الصحة والبيئة.

و-الترفيه والمدن العاب.

ز-الابحاث العلمية و التكنولوجية، وتكنولوجيا المعلومات.

ح-النقل والاتصالات الحديثة.

ط-المؤسسات المالية والبنوك وشركات التأمين.

ي-البناء، و الاعمار، ومشاريع الاسكان، والخدمات الاستشارية و الطرق والجسور، و سكك الحديد.

ك-التعليم في جميع مراحله وبذمه التعليم العالي والتقني والرياضة الاطفال. السياسة التعليمية للاقليم.

ل-اي مشروع في أي قطاع اخر تقرر المجلس الموافقة على شموله بأحكام هذا القانون.

**معاملة المستثمر الأجنبي**

**االمادة الرابعة:**

يعامل المستثمر والرأسمال الأجنبي كالمستثمر والرأسمال الوطني، ويكون للمستثمر الأجنبي الحق في أن يمتلك كامل رأس مال أي مشروع يقام بموجب هذا القانون.

**تخصيص الأراضي**

**المادة الخامسة:**

أ-تقوم الهيئة بالتنسيق مع الوزارات و الدوائر المعنية بتحديد المواقع التي تخصص للمشاريع الاستثمارية في كل محافظة والتي ستقام مستقبلاً وفقاً لهذا القانون و تؤشر على صور قيدها بان هذه المواقع مخصصة لاغراض الهيئة.

ب-تقوم دوائر الدولة ذات العلاقة وبالتنسيق مع الهيئة بتحديد وتخصيص مايحتاج اليه المشروع من الاراضي ضمن التصميم الاساسي للمدن وخارجه عن طريق الايجار او المساطحة.

ج- لرئيس المجلس الوزراء وبناءً على اقتراح الهيئة تمليك الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستثمارية وفق أحكام هذا القانون مع مراعاة طبيعة مشروع واهميته ومقتضيات المصلحة العامة عند التمليك.

د-يكون التخصيص مجاناً للمشروع الاستراتيجي الذي يخدم التنمية الاقتصادية في إقليم والذي تقرره الهيئة بالتنسيق مع الوزراة والجهات المختصة يكون التخصيص بسعر تشجيعي للمشاريع الاخرى وذلك استثناءً من أحكام قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذ في إقليم.

هـ-يتم وضع اشارة عدم التصرف على الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستثمارية لدى دوائر التسجيل العقاري المختصة ولا يتم رفعها الا بموافقة تحريرية من الهيئة بعد قيام المستثمر بتنفيذ جميع التزاماته.

و-للهيئة ولضمان تحقيق اهدافها صلاحية تملك الاراضي المملوكة للدولة ملكاً صرفاً بدون بدل وتملك الاراضي المملوكة للدولة المثقلة بالحقوق التصرفية بعد اطفاء الحقوق التصرفية عليها وتعويض اصحابها تعويضاً عادلاً ومناسباً.

ز-للهئية صلاحية استملاك الاراضي المملوكة للاشخاص ملكاً صرفاً لغرض تخصيصها للمشروع والتعويض اصحابها.

ح-للمستثمر تملك واستئجار الاراضي والعقارات اللازمة لتأسيس وتوسيع وتنويع وتطوير المشاريع الاستثمارية التي تقام وفق أحكام هذا القانون في حدود المساحة والمدة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية ووفقاً لضوابط الواردة في هذا القانون.

ط-يتم افراز الاراضي اللازمة للمشاريع الاستثمارية التي ستقام وفق أحكام هذا القانون في حدود المساحة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية لها ووفقاً لضوابط خاصة توضع من قبل الهيئة استثناءاً من الأحكام العامة المرعية بهذا الخصوص.

ي-يخضع تغيير موقع المشروع الى نفس أسس و ضوابط تخصيص الموقع للمشروع لأول مرة.

ك-تقوم الجهات المختصة وبالتنسيق مع الهيئة بتوفير الخدمات العامة من المياه والكهرباء والمجاري والطرق العامة والاتصالات الى حدود المشروع، على ان تخصص لهذا الغرض المبالغ اللازمة في الميزانية الجهات المختصة.

ل-اضافة الى ما يتمتع به المستثمر الاجنبي من حق تملك واستئجار الاراضي والسيارات الانتاجية وفق أحكام هذا القانون، يحق له ان يمتلك او يستأجر لصالح مشروعه الاستثماري عقارات سكنية وسيارات غير انتاجية بما يتطلبه المشروع بعد موافقة الهيئة على ذلك ووفق ضوابط توضع من قبل الهيئة لهذا الغرض.

## الاعفاءات الضريبية والكمركية

المادة السادسة

أ-يعفى المشروع من جميع الرسوم والضرائب غير الكمركية لمدة (10) عشر سنوات اعتباراً من تاريخ بدء المشروع بتقديم الخدمات او تاريخ الانتاج الفعلي.

ب-يعفى المشروع من نسبة 5٪ من الرسوم التي تستوفى بموجب قانون إدارة البلديات بما فيها رسوم إجازة البناء.

ج-تعفى الالات والاجهزة والمعدات والاليات والمكائن المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم و شرط الحصول على إجازة الاستيراد، على ان يتم إدخالها عن الى إقليم خلال سنتين من تاريخ الموافقة على قوائمها من قبل رئيس الهيئة وان تستخدم لاغراض المشروع حصراً وبعكسه لاتشملها هذه الاعفاءات ويلزم بدفع الضريبة ويعاقب بغرامة قدرها ضعف مبلغ الضريبة المستحقة.

د- تعفى قطع الغيار المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم على ان لا تزيد قيمة هذه القطع عن (15٪) من المكائن والمعدات، وذلك بقرار مسبق من رئيس الهيئة بالموافقة على قوائمها و كمياتها.

هـ-تعفى الالات والاجهزة والمكائن والاليات والعدد اللازمة لتوسيع المشروع أو تطويره او تحديثه من الرسوم و الضرائب.

و- تعفى المواد الاولية والمواد نصف المصنعة وقطع تجميع المستوردة للانتاج من الرسوم الكمركية لمدة (10)عشر سنوات على ان تحدد هذه المواد من قبل الهيئة.

ز-يحق للمستثمر وفق أحكام هذا القانون استيراد جميع احتياجات مشروعه، من قبله او من قبل غيره من الآلات والآليات والاجهزة والمعدات، والسيارات العمل وتعفى هذه المستوردات من جميع الرسوم الكمركية شريطة استخدامها حصراً لأغراض المشروع.

## إعفاءات إضافية

المادة السابعة:

أ-للهيئة وفقاً لمقتضيات المصلحة العامة في إقليم منح حوافز وتسهيلات اضافية للمشاريع الاستثمارية المرخصة وفق أحكام هذا القانون في المناطق الاقل نمواً في إقليم.

ب-للهيئة منح المشاريع الاستثمارية الخدمية التي تؤسس وفق أحكام هذا القانون وحسب طبيعتها و خصوصاً مشاريع الفنادق و المستشفيات والمدن السياحية والجامعات و المدارس بضمنها الاهلية اعفاءات اضافية من الرسوم لمشترياتها من الاثاث و المفروشات واللوازم لأغراض التحديث و التجديد مرة كل (3 ثلاث سنوات)، على أن يتم ادخالها الى إقليم واستعمالها في المشروع حصراً خلال سنة واحدة من تاريخ صدور موافقة رئيس الهيئة على قوائم المشتريات وكمياتها.

## الضمانات القانونية

المادة الثامنة:

أ-للمستثمر ان يؤمن على مشروعه الاستثمارى من قبل اية شركة تأمين أجنبية أو وطنية يعتبرها ملائمة، ويتم بموجبه تأمين كافة جوانب العمليات التي يقوم بها.

ب-للمستثمر استخدام العمالة الأجنبية اللازمة وفقاً للقوانين المعمول بها في إقليم.

ج- يسمح للمستثمر الأجنبي ان يحول الى الخارج ارباحة وفوائد راسماله.

د-يحق للعاملين غير العراقيين في المشروع والمتعاملين معهم في خارج إقليم تحويل مستحقاتهم واجورهم الى الخارج

هـ- للمستثمر الاجنبي الحق في اعادة راسماله الى الخارج عند تصفية المشروع او التصرف فيه بما لايتعارض مع أحكام القوانين والاجراءات الكمركية والضريبية المعمول بها في إقليم.

و-يحق للمستثمر أن يفتح لصالح مشروعه المرخص وفق أحكام هذا القانون حساباً بالنقد الوطني أو غير الوطني او كليهما لدى احدى المصارف في إقليم أوخارجه.

ز-مع مراعاة ما ورد في القانون الشركات رقم 21 لسنة 1997 المعدل النافذ بخصوص مجالس ادارة الشركات المساهمة، تعتبر المشروعات المسجلة طبقا لأحكام هذا القانون ايأ كان شكله القانوني للمشروعات القطاع الخاص ايا كان الطبيعة القانونية للاموال المساهمة فيها.

ح-يحق للمستثمر ان يفتح لصالح مشروعه المرخص وفق أحكام هذا القانون حساباً بالنقد الوطني او غير الوطني او كليهما لدى احد المصارف في إقليم او خارجه.

## التزامات المستثمر

المادة التاسعة:

أ-على المستثمر ابلاغ الهيئة باكمال المشروع وبدئه بتقديم الخدمات او الانتاج الفعلي.

ب- على المستثمر ابداء التسهيلات اللازمة لموظفىالهيئة المختصين فيما يتعلق بجمع واستحصال المعلومات الضرورية عن جوانب المشروع المختلفة لأغراض الهيئة.

ج- على المستثمر مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع و المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لأحكام هذا القانون.

د- على المستثمر المحافظة على سلامة البيئة والالتزام بنظم السيطرة النوعية المعمول بها في إقليم والقوانين المتعلقة بالامن والصحة العامة.

## الإجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر

المادة العاشرة:

أ-عند مخالفة المستثمر لأحكام هذا القانون او احدى فقرات العقد المبرم بينه وبين الجهات المختصة تقوم الهيئة بانذار المخالف وطلب الايقاف الفوري للنشاط المتسبب لحصول المخالفة وإمهاله مدة مناسبة تحددها الهيئة تتناسب وطبيعة المخالفة وامهاله مدة محدودة تتناسب وطبيعة المخالفة لازالتها مع اثارها.

ب- في حالة اصرار المستثمر على عدم ايقاف وازالة اثار المخالفة وفق أحكام الفقرة (1) اعلاه، فتسترد منه الارض وتملك الهيئة المنشآت المبنية عليها من قبل المستثمر (ان وجدت) وبقيمتها مستحقة القلع وفق القانون، ويتحمل دفع هذه القيمة

المستثمر الجديد الذي يخصص له الارض لإكمال المشروع وفق أحكام هذا القانون، ويكون المخالف مسؤولاً عن اي ضرر ينتج عن عدم قيامه بتنفيذ التزاماته.

ج-اذا اجر المستثمر الارض المخصصة لمشروعه كلاً أو جزءاً من الباطن أو استغلها لغير الاغراض التي خصصت من اجلها وبدون موافقة الهيئة فتسترد منه الارض او الجزء المؤجر أو المستغل لغير الغرض المحدد، ويدفع مالك المشروع ضعف اجر المثل عن مدة تاجيره الارض او استغلالها لغير الاغراض المخصصة لها ويتم استحصاله وفق أحكام قانون تحصيل الديون الحكومية النافذ في إقليم، وفي حالة استرداد الارض منه كلياً يعامل المستثمر المخالف وفق أحكام الفقرة (ب) اعلاه فيما يتعلق بالمنشآت المبنية عليها وقت الاسترداد.

## هيئة الاستثماروتشكيلاتها و مهامها

المادة الحادية عشرة:

أ-تشكل هيئة باسم(هيئة الاستثمار في اقليم كوردستان)وتكون لها شخصية معنوية واستقلال مالي وإداري ولها القيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لأغراض هذا القانون، وتتولى تهيئة البيئة الملائمة للاستثمار بما يؤدي إلى تحقيق التنمية الاقتصادية في إقليم.

ب-للهيئة رئيس يعين بدرجة وزير وله حقوق وصلاحيات الوزير وهو المسؤول عن توجيه أعمالها والإشراف والرقابة على نشاطاتها وما له علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها وفق أحكام هذا القانون, ويكون للرئيس هيئة نواب يعينون بدرجة خاصة لتولى بعض المهام بتكليفه.

ج-يكون مقر الهيئة في أربيل ولها فروع في محافظات اخرى ويرأس كل فرع نائب للرئيس الهيئة وتتألق تشكيلات فروع الهيئة من مديريات العامة ودوائر حسب الحاجة.

المادة الثانية عشرة:

هيئة الاستثمار و تشكيلاتها ومهامها:

أولاً-يتألف مركز الهيئة من مديريات العامة التالية:

أ-المديرية العامة لدراسات والتقيم الاقتصادي والفني.

ب-المديرية العامة لترويج المشاريع الاستثمارية.

ج-المديرية العامة للشؤون القانونية والادارية.

د-المديرية العامة لترخيص والانجاز المعاملات الاستثمارية.

هـ-المديرية العامة للمشاريع الصغيرة.

و-المديرية العامة للمدن والمناطق الصناعية.

ثانياً-تحدد التشكيلات المديريات العامة للهيئة ومهامها وصلاحيتها بموجب النظام الداخلي يصدره رئيس الهيئة.

المادة الثالثة عشرة:

يراعى في إشغال وظيفة المدير العام للهيئة ما يلى:

أ-ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية ذات علاقة بأختصاص المديرية العامة التي يديرها.

ب-ان يكون من ذوي الخبرة ومارس العمل في المجال الاختصاص.

المادة الرابعة عشرة:

تكون القرارات الصادرة عن الهيئة بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة بجميع الوزارت والمؤسسات والدوائر المعنية في إقليم لاغراض هذا القانون.

المادة الخامسة عشرة:

لرئيس الهيئة التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل إقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم لتحقيق اهداف الهيئة وتحدد حقوقهم والالتزاماتهم من قبل رئيس الهيئة.

المادة السادسة عشرة:

على الهيئة وضع برامج لترويج الاستثمار في إقليم والتعريف بالفرص الاستثمارية في داخل إقليم وخارجه واصدار المطبوعات اضافة الى عقد ندوات وفتح حلقات دراسية وإرسال موظفيها الى دوارت تدريبية بهدف رفع كفاأتهم في داخل إقليم او خارجه بشكل يتلام وطبيعة عمل الهيئة واختصاصاتها.

## مجلس إدارة الهيئة

المادة السابعة عشرة:

1-يؤلف مجلس لإدارة الهيئة برئاسة رئيس مجلس الوزراء، وعند غيابه ينوب عنه نائب رئيس الوزراء، وعضوية وزراء المالية والاقتصاد، البلديات، التخطيط، الزراعة والري، الصناعة، الكهرباء، السياحة ورئيس هيئة الاستثمار وأحد نوابه وممثل عن القطاع الخاص، وأي شخص آخر يقرر رئيس المجلس إضافته إلى هذا المجلس من ذوي الخبرة والاختصاص، ويحدد بنظام داخلي كيفية انعقاد المجلس واتخاذ القرارات فيه.

2-يقوم المجلس بما يلي:

أ-وضع السياسات والاستراتيجيات المتعلقة باختصاصات الهيئة في إطار السياسة العامة للاقليم.

ب-الموافقة على خطط وبرامج نشاط الهيئة في إطار الخطة العامة للاقليم.

ج-النظر في التقارير الدورية التي يقدمها رئيس الهيئة عن سير العمل في الهيئة والمسائل المتعلقة بأوضاع ومناخ الاستثمار في إقليم واتخاذ مايلزم بشأنها.

د-النظر في المركز المالي للهيئة والموافقة على مشروع ميزانيتها السنوية.

هـ-الموافقة على عقد القروض والتسهيلات الائتمانية التي تقدم للهيئة بضمان الحكومة أو المصارف أو المؤسسات التمويلية المتخصصة وذلك طبقاً للقواعد والنظم المقررة وعلى أن تقتصر أغراضها في تمويل الأنشطة التي تقوم بها الهيئة في حدود اختصاصاتها.

و-تحديد رسوم الخدمات التي تقدمها الهيئة للمشاريع الاستثمارية والمستثمرين.

ز-المصادقة على النظام الداخلي للهيئة.

## ميزانية الهيئة

المادة الثامنة عشرة:

للهيئة ميزانية مستقلة وتتكون من مصادر الاتية:

أ- ايرادات المستحصلة مقابل الخدمات التي تقدمها الهيئة او رسوم التي تتقاضاها في سياق نشاطها وفق اوضاع الحدود المنصوص عليها في تعليمات ذات علاقة.

ب- القروض وتسيهلات الائتمانية الجائزة قانونا التي تعقدها الهيئة.

ج-الهبات والتبرعات التي يوافق عليها المجلس.

د-الاعتمادات التي تخصصها الحكومة للهيئة ضمن الميزانية العامة.

## اجراءات ترخيص المشاريع

المادة التاسعة عشرة:

أ-لغرض الاستفادة من الإعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون يجب أن يحصل المستثمر على إجازة تأسيس المشروع صادرة عن الهيئة.

ب-تمنح الهيئة إجازة التأسيس للمشروع بناءً على طلب يقدم إليها من قبل المستثمر وفق الشروط المعدة من قبل الهيئة، ويجب على الهيئة البت فيه خلال (30)ثلاثين يوماً من تأريخ استكمال المتطلبات والشروط الفنية والقانونية والاقتصادية وفق أحكام هذا القانون مع مراعاة الضوابط والمعايير التي تضعها الهيئة.

ج- على الهيئة أن تستطلع آراء الجهات المختصة بشأن جدوى إصدار رخصة التأسيس، وعليها إصدار قرارها بالموافقة أو الرفض أو طلب التعديل خلال مدة معقولة من تاريخ إحالة الطلب إليها من الهيئة، ويعتبر عدم الرد موافقة، وفي حالة الرفض يجب أن يكون القرار مسبباً.

د-للهيئة بناءاً على طلب المستثمر اصدار موافقة المبدئية لترخيص المشروع خلال مدة (15)خمسة عشر يوماً من تاريخ تقديم الطلب لتسجيل اجراء الطلب الاتصالات الداخلية والخارجية للاسراع في تأسيسه.

ج-عند رفض طلب التأسيس لصاحب الشأن التظلم لدى رئيس المجلس خلال (15)خمسة عشرة يوماً من تاريخ تبليغه بقرار الرفض ويبت رئيس المجلس في الاعتراض خلال مدة لاتتجاوز(30) ثلاثين يوماً ويكون قراره بهذا الخصوص نهائياً.

حل المنازعات الاستثمارية والتحكيم

المادة عشرون:

تحل المنازعات الاستثمارية بطريقة ودية بتراضي الطرفين وفي حالة تعذر الحل الودي يجوز للطرفين أن يختارا، في أي اتفاق يتوصلان إليه، استخدام آليات التحكيم المحددة في القوانين المرعية في إقليم، أو وفقاً لأحكام تسوية المنازعات الواردة في أي من الاتفاقات الدولية أو الثنائية يكون العراق طرفاً فيها.

## الفصل الثالث

## أحكام ختامية

المادة الحادية والعشرون:

أ-يلغى قرار رئاسة مجلس الوزراء/ ادارة السليمانية المرقم (89) لسنة 2004 الخاص بتشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان وتنحل هيئة تشجيع الاستثمار وتشكيلاتها المؤلفة بموجب المادة (16) من القرار المذكور وتؤول حقوقها والتزاماتها وممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة الى هيئة الاستثمار التي تشكل بموجب أحكام هذا القانون.

ب-اعتبار جميع المشاريع الاستثمارية التي اجيزت من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المؤلفة بموجب القرار الملغي المشار اليه في الفقرة (1) اعلاه مشاريع استثمارية قانونية وتستمر في التمتع بالامتيازات والحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي أو إدارة أربيل.

ج- تحال جميع المشاريع الاخرى التي هي في طور الدراسة والتقييم والتي لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب أحكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية.

د-يتمتع المستثمر بحسب هذا القانون من المساواة والسرية المعاملات الفنية والاقتصادية الخاصة بالمشروع وحفظ المبادرات الاستثمارية وذلك طبقاً لأحكام والقوانين والانظمة والتعليمات المعمول بها في إقليم ويعاقب كل من يفشى باية معلومات تكون بحوزته بحكم وظيفته وتتعلق بالمبادرة الاستثمارية والجوانب الفنية او الاقتصادية او المالية للمشروع.

المادة الثانية و العشرون:

للهيئة ان تقرر بان يتمتع بأعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون اي مشروع قائم جرت الموافقة على اعتباره مشروعاً استثمارياً بموجب أحكام هذا القانون او بمقتضى أحكام القوانين والقرارات التشريعية النافذة قبل صدوره شريطة عدم تمتعه بالأعفاءات والمزايا في ظل القوانين والقرارات السابقة.

المادة الثالثة والعشرون:

لا يترتب على اي تعديل لهذا القانون:

أ-المساس بضمانات او إعفاءات او الحقوق المقررة بموجب أحكام هذا القانون.

ب-الغاء باثر رجعي لاية ضمانات او حق او اعفاء يكون قد منح لاي مشروع مسجل وفقاً لأحكام هذا القانون قبل سريان التعديل.

ج-تستثنى من ذلك اية توسعات في الاستثمار قائم تتم بعد سريان التعديل.

المادة الرابعة والعشرون:

تخضع حسابات الهيئة للتدقيق من قبل ديوان الرقابة المالية.

المادة الثالثة والعشرون:

تخضع الحالات التي لم يرد بشأنها نص في هذا القانون الى القواعد العامة الواردة في القوانين الأخرى ذات العلاقة بشرط عدم تعارض أحكامها مع أحكام هذا القانون، وعند وجود التعارض يطبق أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة والعشرون:

لرئيس المجلس إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون.

**الأسباب الموجبة**

بهدف خلق مناخ مشجع للاستثمار في اقليم كوردستان- العراق وازالة المعوقات القانونية وفسح المجال لتوظيف رأس المال الوطني والاجنبي في المشاريع الاستثمارية بالشكل يساهم في عملية التنمية الاقتصادية مساهمة فعالة وبغية منح تسهيلات وحوافز تشجيعية واعفاءات ضريبية لرؤوس الاموال المستثمرة ومن اجل ايجاد هيئة استثمارية مختصة لتنظيم الجوانب المختلفة لعمليات الاستثمار في إقليم صدر هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیە، فەرموون بۆ جێگای خۆتان، خوشك وبرایانی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەمە خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پرۆژەیە بوو، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەكی زۆر گرنگە، راستە لە دیمەنێكدا زیاتر لایەنی ئیقتیصادی وەرگرتووە، بەلام پەیوەندی بە هەموو لایەنەكانی تر هەیە، قانونی و ئیجرائی و بەلەدیات و ژیانی خەلك و بنیات نانەوەی كوردستان، لەبەر ئەوە پێویستە هەموومان موشارەكە بكەین لە موناقەشە كردنی و دەوڵەمەند كردنی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك دەربچێت چاكتر و بەباشترین شێوە خزمەتی ئەو هەدەفە بكات كە بۆی دیاری كراوە و بۆی دەردەچێت، بۆیە من داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەم كە لەماوەی دە رۆژدا راپۆرتی پێویست تەقدیم بكەن لەسەر ئەوە، هەروەها لیژنەكانی تریش تەماشای بكەین كە پەیوەندیان پێ هەیە، ئەگەر پێویستی كرد ئەوانیش موقتەرەحاتی خۆیان و راپۆرتی خۆیان بنووسن، بەلام ئەو دوو لیژنەیە زەرووریە، بۆ ئەوەی هەم لایەنی قانونی و هەم لایەنی دارایی لە رای ئێوە و رای لیژنەكان ئاگادار بین، پێم باشە هەموومان بەشداری لە موناقەشە كردنی بكەین، یەكەم بە خوێندنەوەی چاك هەر یەكە بۆ خۆی، دەكرێت هەر یەكە ئیستیشارە بكات بەو قانونانەی كەشارەزاییان هەیە لەو مەسەلەیەدا، ئەگەر نوقتەیەكی لا روون نەبوو بۆ ئەوەی كە موداخەلەی كرد، موداخەلەكەی بە سوود بێت، بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ئەوەی ئەو قانونە گرنگیەكی زۆری هەیە، وەكو قانونەكانی تر نییە، هەموومان رایەكمان لەسەر هەبێت، داوام ئەوەیە كە بە دیقەت بیخوێننەوە، وەكو وتم راوێژ بكەین لەگەڵ ئەو كەسانەی كە شارەزان، بۆ ئەوەی ئەو رایەی كە دەیدەین سوودی هەبێت، بۆ ئەم مەوزووعە سكرتاریەت كە كۆپیەكتان بداتێ كوردی و عەرەبی و لەهەمان كاتدا ئیستیمارەیەك دابەش دەكرێت، ئیستیمارەیەك بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەست نیشانی ئەو خالانە بكەن، كە دەتانەوێ قسەی لەسەر بكەن، بۆ ئەوەی ئەگەر نا ماددەكان هەموو قابیلی ئەوەیە كە قسەی لەسەر بكرێت، هەر ئەندامێكی بەڕێز پێی وایە پێشنیاری خۆی هەیە، دەست نیشانی بكات و لە كۆبوونەوەكە ئەوەلەویەی ئەساسی دەبێت بەو كەسانەی كە لە ئیستیمارەكە دەست نیشانی پێشنیارەكەیان كردووە، دەیانەوێ قسە بكەن لەسەر خالێك كە لەگەڵ بیروبۆچوونەكانی خۆیان دەگونجێت و پێشنیاریان هەیە بۆ دەوڵەمەند كردنی و یان رەخنە لێ گرتنی، بۆیە داوا دەكەم كە ئیستیمارەكەتان وەرگرت و كۆپیەكەتان وەرگرت بە ئەهمیەتەوە وەریگرن، ئێمەش وەكو سەرۆكایەتی پێشنیار دەكەین سبەینێ سێ شەممە نا سێ شەممەیەكی تر دانیشتنێك بكەین كە بتوانین

پـێش ئـەوەی عوتڵـەی پەرلـەمانی بێـت، کۆتـایی پـێ بێـنین، ئومێـد دەکـەم کۆتاییشـی پـێ بێـنین، چـونکە زۆریـش دوا کـەوتووە، ئێمـە سـاڵێکە لەبـەر ئـەوەی کـە حکومەتەکـەمان تەوحیـد نـەبوو، ئەگـەر نـا پێویسـت بـوو ئـەو یاسـایە زوو دەربچێت، زۆر سـوودی دەبێـت بـۆ ئـەوەی کوردسـتان پـێش بکـەوێت لـە ڕووی ئابووریـەوە، لـەڕووی بـازاڕەوە، لـەڕووی پەیداکردنی زیاتر کار بۆ خەڵك، بوژاندنەوەی پرۆژەکان، ئـاوەدان کردنـەوە، هـەموو مەسـەلەکان، ئـەوە کـاك فرسـەتیش دەڵێ گەرمایە لەبەر برادەران و خۆشم ئارەقەم کردووە، لەبەر ئەوە پەلەی لێ بکـەین باشـە، پێویسـتە دەنـگ بـدەین بـۆ ئەوەی ئێمە تاوەکو ئەو تەبریدە چاك دەکەین لە هۆڵەکە، لەمـەودوا کۆبوونـەوەکانمان لـە هـۆڵی یـەکی شـوبات دەبێـت، سـبەینێش کۆبوونـەوەکانمان لـەوێ سـەعات (11) دەسـت پـێ دەکـات و بەرنامەکەشـتان پـێ دەگـات، وەکـو پێشـتر لـە کۆبوونەوەکان باسمان کرد، چونکە بەرنامەکە تایبەتە بە ناوخۆ بە دوو شت دەنگ بـدەین، یـەك بـۆ گواسـتنەوە، ئـەوەی موافیقە بۆ گواستنەوە بـۆ هـۆڵی یـەکی شـوباتی کۆبوونـەوەکان تـاکو تەبریـد چـاك دەبێـت، دەسـتتان بەرزبکەنـەوە، کـێ ڕازییە؟ کێ موافیقە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بچێتە هۆڵی یەکی شوبات تاوەکو چاکی دەکەینـەوە دەسـتی بەرزبکاتـەوە، تکایە؟ سوپاس، کێ ڕازی نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەراستی موشکیلە نییە بچینە ئەوێ، بەڵام بەراستی کە هەموو جارێ دەچینە ئەوێ کۆمـەڵێك شـورتە و کۆمـەڵێك خەڵکی لێیە کە هەندێ جار شعور بە ئیهانە کردن دەکـەین، یـانی نەوعـە ئسلوب و موعامەلـە کردنیـان لەگـەڵمان لـەوێ بەراستی بەپێی پێویست نییە، پێمان باشە ئەگەر دەچینە وێ ئەوە چارەسەر بکرێت و قسەیان لەگەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بفەرموون بۆ ئێرە یەکەم جار، لێرەوە پێکەوە دەچین، ئـەوە حەلێکـە، ئەگـەر نوقتـەی نیزامـی نییـە جارێکی تـر دەبـێ دەنگـەکان بــژمێرین، ئــەو گەرمایــە تەحــەمول دەکــەن ســێ، چــوار ســەعات، ئــەوەی کــە دەنــگ دەدات بــۆ ئــەوەی کۆبوونەوەکانمان تا وەکو سیستەمی تەبرید چاك دەکەینەوە لەو دوو ڕۆژانەدا دەست پێدەکات، چـونکە پێویسـت دەکـات تا مەکائینەکان چاك دەکەینەوە وەختی دەوێت، دوو مانگی دەوێت تاکو چاك دەکرێت، هەرچەندە عوتڵەشمان لـە پێشـە، ئەوەی کە موافیقە کە بچین بۆ ئەوێ، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هۆڵی پەناگیری پێشنیار دەکەم لەوێ دابنیشین موەقەتەن تاکو هۆڵەکە چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سپلیتە عەموودیانەی کە لەخوارەوەیە، سێ سپلیت بێتە ئەم قاعەیە هیچ موشکیلە ناهێڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئــەوەمان باسـکردووە، نابێـت، سـپلیت هـەر ئـەوە نییـە دابنرێـت، دەبێـت بۆڕیەکـەی بگاتـە دەرەوە، قاعەکـەمان هـیچ مەجالێکی نییە، دەیخەمە دەنگدان تکایە، ئەوەی پێی باشە بچینە قاعەی یەکی شوبات دەستی بڵند بکات، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی تر هات ئەبێت پێشنیارە تازەکە بخەینـە دەنگدانـەوە، پێشـنیارێکی تـازە کـە لـەهۆڵی پـەناگیری بێـت، لەبـەر ئەوە دەبێ ئەوە بخەینە دەنگەوە لە پێشدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ پێی باشە بچینە قاعـەی یـەکی شـوبات، دەسـتی بەرزبکاتـەوە، ئـەوەی گەرماکـە قـەبوڵ دەکـات لـەو قاعەیـە دانیشـتن بکەین با دەستی بەرزبکاتەوە، زۆرینەیە با لەجێی خۆیان بمێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

لێرە دەبێ لیژنەکانی پەیوەندیداریش دەستەی سەرۆکایەتی تەحدیدی بکات, با ئیحالەکە بەشێوەیەکی قانونی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مالی و قانونی ئەو دوو لیژنەیە مولزەمن, هەندێك مەسائیل هەیە کە پەیوەندی بە زراعە هەیە ئەوان لە لیژنەکاندا هەن, دەتوانن بە پێشنیار تەقدیمی بکەن, بەڵام ئەو دوو لیژنەیە راپۆرتیان دەوێ, کاکە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین تا سبەینێ زۆر بەخێر بێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 20\6\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە ( 9 )

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2006/6/20

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2006/6/20 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆیەكی گشتی لەبارەی چالاك كردنی ئیش و كاری پەرلەمان لە قۆناغەی پاش یەكخستنەوەی هەر دوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2006/6/20دا بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆیەكی گشتی لەبارەی چالاك كردنی ئیش و كاری پەرلەمان لە قۆناغەی پاش یەكخستنەوەی هەر دوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستاندا.

كۆبوونەوەكە بە نهێنی دەكرێت تكایە.

فرست احمد عبدالله
سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)
جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتى
سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (10)**

**چوارشەممە رێكەوتى 2006/6/21**

**خولى دووەمى هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)ی خولی هەڵبژاردن

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/6/21

كاتژمێر(30ر11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/6/21 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(10)ی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/6/21دا بەم شێوەیە بێت:

1-دەنگدان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز (كۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان و, سوێند خواردنی یاسایی.

2-سوێند خواردنی بەڕێز (د. ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەكان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

3-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (مدحه مندلاوی) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.

4-وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

5-وتاری بەڕێز جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین, سەرەتا داوا لە هەمووتان دەكەم ساتێك بۆ گیانی پاكی شەهیدانی گەلی كوردستان و ڕێگای ئازادی بوەستن.

بەرنامەی كار بەم شێوەیە:

**بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11,50) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممەی 2006/6/21 بەم شێوەیە بێ:**

1-دەنگدان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز مەدحی مەندەلاوی بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.

4-وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

5-وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

زۆر بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

زۆر بەڕێزان لێپرسراوانی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

مێوانە بەڕێزەکان.

هەموو لایەکان بەخێر بێن بۆ ئەم کۆبوونەوەیە.

خاڵی یەکەمی بەرنامەکەمان دەنگدانە لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

بەپێی نووسراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە 204 لە 2006/6/20 لە پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە بۆمان هاتووەو تیایدا جەنابی کاك کۆسرەت رەسول عەلی تەرشیح دەکاتن بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) ساڵی 2005 هەموار کراو بە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2006 بڕیارماندا بە دەست نیشان کردنی بەڕێز کاك کۆسرەت رەسول عەلی وەك جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق, داواکارین کاری پێویست ئەنجام بدرێت لەم بارەیەوە ئاگادارمان بکەنەوە.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم دەنگ بدەن بۆ پاڵاوتنی بەڕێز کاك کۆسرەت رەسول عەلی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان, کێ لەگەڵ ئەو تەرشیحەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنە نییە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, بەتێکرای دەنگ بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی هەڵبژێردرا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان, پیرۆزە کاك کۆسرەت بۆ ئەم پۆستە, داوا لە کاك مەسعود دەکەم بێت لەگەڵمان راوەستێت بۆ مەراسیمی سوێند خواردنی جەنابی کاك کۆسرەت و دوو وەزیرە بەڕێزەکە, داوا لە کاك کۆسرەت دەکەم بفەرمووێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز کۆسرەت رسول علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق سوێند بە یەزدانی مەزن کە ماف و دەستکەوت و یەکێتی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بپارێزم و بە راستگۆیی و دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی سەرشانم جێ بەجێ بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە بەڕێز د. ئاشتی هەورامی دەکەم بفەرموێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە بەڕێز مەدحی مەندەلاوی دەکەم بفەرموێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز مدحی مندلاوی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من ناوم مەدحی مەندەلاوی وەزیری هەرێم سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی گەرم لە جەنابی کاک کۆسرەت رەسول عەلی دەکەین بۆ ئەو پۆستە تازەیەی, کە پێمان وایە شایستەی خۆیەتی, ئەگەر تەماشای رابردووی بکەین تێکۆشەرێکی دێرینمانە, کە بە دڵسۆزی و ماندوو نەناس و وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدان ناسراوە, دڵنیاشین لەوەی ئەو متمانەیەی جەنابی سەرۆکی هەرێم بە کاک کۆسرەت وەکو جێگری خۆی جێگای خۆیەتی, دەبێتە مایەی ئەوەی دامودەزگاکانی حکومەت بەرەو پێشەوە برۆن بۆ بە موئەسەسات کردنی هەرێمی کوردستان پێشم وایە تەجروبەی جەنابی کاک کۆسرەت لە ئیدارە تەجروبەیەکی کەم نییەو کەلەنێکی باش پڕ دەکاتەوە, بۆ ئەوەی گیانی برایەتی و دڵسۆزی و خەبات و خزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدان, خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پێشەوە بڕوات و, سەرکەوتوو دەبێت ئینشائەڵڵا, بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بە باشترین شێوە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات, دووبارە پیرۆز بێت ئومێد دەکەم هەر سەرکەوتوو بێت و هەر واش دەبێت, داوا لە جەنابی کاک مەسعود دەکەم بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز و خۆشەویست.**

زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئیمرۆ بەشداریتان دەکەم لە موناسەبەیەکی تری خۆشی گەلەکەماندا.

رەنگە زۆر پرسیار لای زۆر کەس هەبێ, کە چۆن ئەم وەزعە دروست بوو؟ چۆن وای لێهات؟ بێگومان خەباتی گەلەکەمان خەباتێکی زۆر درێژە, بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە, هەورازو نشێوی زۆری دیوە, دژمنان زۆر هەولیانداوە کە ئێمە وەکو نەتەوەیەك نەمێنین و لەناو بچین, بەڵام هەمیشە گەلی ئێمە گەلی کوردستانە سەری شۆڕ نەکردووە بۆ دوژمنان و هەمیشە بڕیاری ئەوەی داوە کە دەبێ سەرکەوێ لە خەباتی خۆیدا.

وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر ئێمەش شتی خۆش و ناخۆشمان بەسەردا هاتووە, کە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەستی پێکرد ئەو وەختە یەك حزب قیادەی شۆڕشی دەکرد, بەڵام لە دوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلول لە (1975) شتێکی زۆر زۆر تەبیعی بوو, تەنزیماتی تریش دروست بێ, پێشم وایە ئەمە دیاردەیەکی تەندروستە, تەندروستیش بوو, کاك کۆسرەت کادرێکی لێهاتوو بوو لە شۆڕشی ئەیلولداو لە پارتی و یەکەمجار لە ساڵی (1974), بەڵام دوور بە دوور لە مەعهەدی کادیران یەکترمان ناسی, دوای (1975) کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست بوو, کاك کۆسرەت یەکێك بووە لە کادیرە لێهاتووەکانی ئەو تەنزیمەو دوای ئەوە ساڵی (1988) ئێمە یەکترمان بینی لە کاتێکی زۆر ناخۆشدا کە میللەتی ئێمە ئەنفالکراو بوو, رەنگە زۆر کەس بپرسێت بڵێن شتی خۆش و ناخۆشتان بەسەرهاتووە, راستە, بەڵام حکوم لەسەر نەتیجە دەدرێت, بەداخەوە ماوەیەکی ناخۆش بەسەر پەیوەندیی پارتی و یەکێتیدا هات کە هەردوولا زیاتر لە هەموو خەڵکی تر زەرەرمەند بوون, من ناڵێم شەڕی براکوژی, من دەڵێم شەڕی خۆکوژی, کە تووش هاتین, بەڵام حوکم لەسەر نەتیجە دەدرێ, من پێموایە بڕیارێکی زۆر زۆر بە قەناعەتەوەیە لە قاعیدەو قیادەی یەکێتی, لە قاعیدەو قیادەی پارتی

که ئەمجارە تەنها ڕێگا, ڕێگای برایەتی و تەبایی و یەکگرتنەو هەروەها ئەمە پەیامی حزبەکانی هاوپەیمانی تریشە, کەواتە ئێستا ئێمە کوردایەتی دەکەین.

زۆر لە میللەتان وەکو ئێمە بەو تەجروبە ناخۆشانەدا تێپەڕیوون, بەلاّم لە دوای ساڵی (2003) دنیا گۆڕاوە, لەبەر ئەوە پێش هەمووکەسێك دەبێ پارتی و یەکێتیش بۆچوونەکانیان بگۆڕن, شێوەی ئیشکردن بگۆڕن, ئەگەر تووشی شەڕی خۆکوژیش بووین, کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو کە بەتەواوی کێشەی ئێمە لەناو بچێت, بەلاّم دوای (2003) وا نییە, ئێستا بەرژەوەندیی زۆر زۆر گەورە تێکەڵ بووە لەگەڵ وەزعی ئێمە, لەگەڵ وەزعی ناوچەکەو سەلماش کە کاتێك ئێمە تەبا نەبووین هەر شتمان لە دەست دەچوو, هەم هەلمان لە دەست دەچوو و دەستکەوتمان لە دەستدەچوو, کە تەبابووین فەرموون ئێستا دەستکەوتی زۆر زۆر گەورە بەدەست هاتوون, هەر لەوەی کە لە بەغدا سەرۆك کۆمار کوردە کە برای بەڕێزمان جەنابی مام جەلالە, وەزیری دەرەوەمان کوردە, وەزیرە سەرەکییەکانمان کوردن, جێگری سەرۆك وەزیران کوردەو کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێ لە بنیاتنانەوەی عێراقی فیدرالیش نەوەکو بلێی هەر تەنها لە کوردستان.

ئەمە تەنهاو تەنها بەرهەمی ئەو یەکریزییەو ئەو یەکێتییەو ئەو برایەتییەیە, لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك نە مێژوو لێمان دەبوورێ, نە خوا لێمان دەبوورێ, نە میللەتەکەمان لێمان دەبوورێ, ئەگەر ئێمە ئەم دەستکەوتانە لە دەست دەین, لە دەستیشیان نادەین مەگەر دیسان جارێکی تر خوانەخواستە تەبا نەبین و کەلێنێك بکەوێتە بەینمان.

بێگومان کاك کۆسرەت دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ و ئێمە بەو گیانەی کە لە کاتی ڕاپەڕیندا هەبوو بەو گیانەوە ئێمە ئیش دەکەینەوە, ئەو ماوە ناخۆشە دەبێتە دەرس و پەند بۆ هەموومان, ئێمە بەرەو ئەوە دەچین موئەسەسات دابمەزرێنین, بەرەو ئەوە دەچین باڵی برایەتی و تەبایی بەسەر هەموو نەتەوەکەماندا بەسەر هەموو گەلەکەماندا بکێشێ, بەرەو ئەوە دەچین کە هەرچی برینەکانە سارێژ بکرێن و من لێرەدا جارێکی تریش, چەند جاری تریش وتوومەو جارێکی تریش دەڵێم تەنها ئەوانەی کە من داوای لێبووردنیان لێ دەکەم کەسوکاری ئەو شەهیدانەن کە لە شەڕی خۆکوژیدا لە دەستمان دان, جارێکی تریش داوای لێبوردنیان لێ دەکەم و یەکێك لە کارە هەرە سەرەکییەکان دەبێ ئەوەبێ ئێمە ئەو برینە سارێژ بکەین, ئەگینا سوپاس بۆ خوا ئەوەی من دەیبینم هەموو هەنگاوەکان بەرەو پێشەوە دەچن, هەموو دەستکەوتێك یەك لە دوای یەك گەورەترو خۆشترەو من لێرەدا پیرۆزبایی لە کاك کۆسرەت دەکەم و دڵنیایشی دەکەم کە وەکو برایەکم, تەبیعەتی من وایە ناتوانم بەموتەرەددی ئیش بکەم لەگەڵ هیچ برادەرێك, بەلاّم ئەزموونێکی خۆشیشمان هەیە لەگەڵ کاك کۆسرەت, ئەزموونی ڕاپەڕین و زۆر ئەزموونی تریش و من دڵنیام کاك کۆسرەتیش دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر زۆر رنگ ببینێت و داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەکەم و ئینشائەڵلا هەموو حزبەکانیش بەتایبەتی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و حزبە هاوپەیمانەکان پشتیوان دەبن, هاوکار دەبن و پشتیوانیمان لێدەکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش ئەو بەرنامەیەی کە خستوومانەتە ڕوو ئەنجامی بدەین و سەرکەوتوو بین تێیدا, بەڕاستی هیچ ڕێگەی ترمان نییە تەنها ئەوەیە ئێمە دەبێ کۆمەلگەیەکی مەدەنی لە کوردستان دروست بکەین, حزبەکان ببن بە حزبی مەدەنی, دەسەلاّتی هەرێم دەبێ دەسەلاّت بێ بە هەموو مانایەك, بەلاّم دەسەلاّتێکی بە یاسا, دەسەلاّتێك دەبێ شەفافیەتی هەبێ لە هەموو شتێکداو پەرلەمان دەبێ ڕۆڵی خۆبی ببینێ و دوای ئەو هەنگاوانە ئیتر بە جددی خەریکی ئەوە دەبین چۆن پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش و ئەمانە ببن بە یەك و ببن بە موئەسەساتی کوردستان نەك موئەسەساتی حزب.

ئیتر لە کۆتاییدا من جارێکی تریش داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم, پیرۆزبایی لە کاك کۆسرەت دەکەم و هەروەها پیرۆزبایی لە هەردوو برای وەزیر کاك ئاشتی و کاك مەدحی دەکەم و داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەکەم و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وتەکەی کاك مەسعود. جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بە بروسکەیەك ئاراستەی کاك کۆسرەتی کردووە پیرۆزبایی لەو پۆستە دەکاتن, داوا لە جەنابی راوێژکاری ڕاگەیاندن دەکەم بێت بروسکەکە بخوێنێتەوە, کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق جوهر سارمەمی:**

لە بروسکەیەکی پیرۆزباییدا بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم.

سەرۆك تاڵەبانی: دڵنیام یەکێتی ریزەکانمان وەك بیلبیلەی چاوەکان دەپارێزن.

برای خۆشەویست و هەڤاڵی خەباتگێڕ کاك کۆسرەتی تێکۆشەر.

بە سلاّوێکی برایانەی گەرمەوە پیرۆزبایی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان لێ دەکەم کە لە ئەنجامی متمانەی برای خۆشەویستمان جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی بەڕێز بۆتان دیاری کراوە, بەو بۆنەیەوە سوپاس بۆ سەرۆك بارزانی و پیرۆزبایی گەرمیش بۆ خۆتان دەنێرم و ڕێزی زۆریشم بۆ پەرلەمانی کوردستان کە پەسندیان کردووی و ئەم پۆستەیان پێ ڕەوا بینیویت.

من دڵنیام کە ئێوەش وەك رۆڵەیەکی دڵسۆزو کۆڵنەدەرو ژیر ئەهەممیەتی ئەرکی تازەتان دەزانن و لە کاروانی بەڕێوەبردنی حوکمی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی کاك مەسعود, وەك لێتان ڕەچاو دەکرێت دەوری دلێرانەو پڕ لە سەروەریی خۆتان دەنوێنن و وەك هەمیشە پێشمەرگە نەبەز و جوامێرەکەی کوردستان دەبن و بە هەموو هێز و تواناتانەوە گیانی برایەتی و هاوخەباتی پارتی و یەکێتی جۆشتر دەدەن و یەکێتی ریزەکانمان وەك بیلبیلەی چاوەکان دەپارێزن, چونکە یەکێتی ریزەکانی کوردەواری و هاوخەباتی و هەمئاهەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەموو حزبەکان دەستەبەری هەموو سەرکەوتنەکانمان بوونەو دەبن, بە داهێنانی کوردستانی فیدراڵ و پەرلەمان و حکومەتی یەکگرتووشەوە, دڵنیاشم کە هەستی مەسئولیەتی نیشتمانیتان گەشە پێدەدەن و لە پۆستی تازەشتاندا بەسەر بەرزی و سەرکەوتوویی دێنە دەر.

دەبا گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانی هەموو لایەکمان هی پارتی و یەکێتی و هەموو حزبەکان و خەڵکی کوردستان ئیلهام بەخش بن بۆ پتەو کردنی برایەتی و هاوخەباتی داڕێژتن و چەسپاندنی حوکمی قانوون لە کوردستاندا.

ئیتر هەر بژین بۆ برای دڵسۆزتان مام جەلال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە جەنابی کاك کۆسرەت دەکەین بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز کۆسرەت رسول علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

**ئامادەبوانی بەڕێز.**

**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

زۆر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی بە ئێمەتاندا, منیش لە پێش ئێوەدا رایدەگەنم کە هەموو توانای خۆم بەکاردێنم بۆ خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان لە ریزی پێشەوەشیان کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی رۆژانی سەختی خەبات و پەککەوتەو کەمئەندامانی پێشمەرگەو کەسوکاری کیمیاباران و ئەنفالکراوەکان, هاوکاری جەنابی سەرۆکی هەرێم بم بۆ دامەزراندنی موئەسەساتی قانوونی و دەستووری لە کوردستان, پیشتیوانی لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بکەم و هاوکاریان بم.

لە رووی سیاسییەوە, تەعەددودی حزبی رێزی لێبگیرێت و ئازادی تەواو هەبێ بۆ لایەنە سیاسیەکان و هاووڵاّتیان, رێز لەمافی مرۆڤ بگیرێت, ژنان دەوریان بدرێتێ و بەشدار بن لە هەموو بوارەکاندا, بایەخ بە گەنجانی کوردستان بدرێ و لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت کاریان بدرێتێ و کارئاسانیان بۆ کرێ بۆ بەشدار بوون لە کۆنفرانس و میهرەجاناتی دەرەوەی وڵات.

بایەخدان بە کەرتی تایبەتی و هاندانی کۆمپانیا خۆماڵییەکان و بیانییەکان لە بواری وەبەرهێناندا, لە پێناو دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز و پشتیوانی کردن لە بازاڕی ئازاد, بایەخدان بە زانکۆکان و پەیمانگاکانی

کوردستان و بەسەردەمکردنی خوێندن و پەروەردەو گەشەپێدانی توانای مرۆیی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا.

ئەو سلبیاتانەی لەناو حکومەتدا هەیە چارەسەریان بکەین و هەموو کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت لەسەر کاری سلبی, هەموو کەس دەستخۆشی لێ بکرێت لەسەر کاری باشی و دڵسۆزی بۆ حکومەتی کوردستان.

هەوڵبدەین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەین بە سوپایەکی بەهێز لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی و مەشق پێ کردن و پڕ چەك کردن.

هێزەکانی ناوخۆ, پۆلیس و ئاسایش لەسەر ئەساسی سیستەمێکی مۆدێرن دامەزرێنین و ئەوەی کە ئێستا هەمانە بژاری بکەین و پوخت بکرێتەوە.

ئەرکی سەرەکیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاراستنی کورد و کوردستانەو هێزی ناوخۆش بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایش و جێ بەجێ کردنی یاسا بێ, دوور لە هەموو شتێکی تر, هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت نەك هێزی لایەنەکان, هەموو لایەکمان هاوکاری هێزەکانی ناوخۆ بین بۆ لەناو بردن و بەگژداچوونەوەی ئیرهاب و ئیرهابیەکان لە کوردستاندا.

هەوڵ بدەین ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دەست بە جێ بەجێ کردنی بکرێت و بایەخێکی تەواو بە کەرکووك و خەڵکی ناوچە تەعریبکراوەکان بدرێت لە هەموو بوارەکانەوە.

سالأنە میزانیەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان موناقەشەی لەسەر بکرێ و بۆ خەڵکی کوردستان ئیعلان بکرێت و لە لایەن لیژنەکانی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی شەفافیەت هەبێ لە سەرفکردنی میزانیەی حکومەتی کوردستان.

هەوڵ بدەین ئاوەدانکردنەوە بەشێوەیەکی باش دیراسە بکرێت لەلایەن وەزارەتی نەخشە و پلاندانان و هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە لەسەر ئەساسی پێویستی ناوچەکان.

کۆشش بکەین رۆژ بە رۆژ یەکێتی ریزەکانمان بە هێز بکەین و برایەتی و تەبایی بپارێزین و هەر لایەك لەم سیاسەتە لایدا بە هەمووومان بەرەنگاری ببینەوە.

جارێکی تریش رایدەگەنم کە چۆن لەسەردەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و چەکداری دڵسۆز بووم بۆ رزگاری کوردستان, لەم سەردەمەش پێشمەرگەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و جێبەجێ کردنی یاسا و خزمەتگوزاری و سەرخستنی ئازادی و دیموکراسی و برایەتی و تەبایی و بنیاتنانی کیانێکی کوردایەتی بم بۆ خەڵکی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان, جارێکی تر پیرۆزبایی گەرمی لێ دەکەین, هەروەها پیرۆزبایی لە هەردوو بەڕێز کاك دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان و کاك مەدحی مەندەلانی وەزیری هەرێم دەکەین, ئومێدەوارین سەرکەوتوو بن لە ئیش و کارەکانیان, لێرەدا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین, داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ دەبێ بۆ تەواو کردنی کۆبوونەوەکەی دوێنێمان, زۆر بەخێر بێن سەرچاومان نیوەڕۆش میوانی ئێمەن لە خزمەتین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**دوو شەممە رێكەوتی 26\6\2006**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( 11 )

## دوو شەممە رێكەوتی 2006/6/26

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2006/6/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆیەكی گشتی لەبارەی چالاك كردنی ئیش و كاری پەرلەمان لە قۆناغەی پاش یەكخستنەوەی هەر دوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2006/6/26دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆیەكی گشتی لەبارەی چالاك كردنی ئیش و كاری پەرلەمان لە قۆناغەی پاش یەكخستنەوەی هەر دوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستاندا.

كۆبوونەوەكە بە نهێنی دەكرێت تكایە.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**پێنج شەممە رێكەوتی 29\6\2006**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( 12 )

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/6/29

کاتژمێر(11,25)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/6/29 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

*1-پێش چاو خستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (چنار سعد عبدالله).*

2-پێش چاو خستنی پێشنیازی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو دکتۆرە رۆژان عبدالقادر بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن.

3-پێش چاو خستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11,35)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2006/6/29دا بەم شێوەیە بێت:

*1-پێش چاو خستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (چنار سعد عبدالله).*

2-پێش چاو خستنی پێشنیازی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو دکتۆرە رۆژان عبدالقادر بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن.

3-پێش چاو خستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە پێشکەش کراوە.

خاڵی یەکەم/ ئەندامی پەرلەمان خاتوو چنار سعد عبدالله کە بۆتە وەزیر لە کابینەی نوێی حکومەت، داوا دەکاتن دەست لە کار کێشانەوەکەی قەبول بکرێت، ئیستیقالەکەی دەخوێنمەوە دواتر دەخەینە دەنگدان.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان

من چنار سعد عبدالله ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دوای دەست نیشان کردنم وەکو وەزیر لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆر سەرقاڵم بە کاری وەزارەتەکەم، ناتوانم وەکو ئەندام پەرلەمانێکی چالاك لە پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆم هەڵبستم، بۆیە داواکارم لە جەنابتان کە ئیستیقالەکەم قەبول بکەن.

ئەوە شتێکی تەبیعییە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم دەنگی بۆ بدەن و ئیستیقالەکەی قەبول بکەن، تاوەکو ئەوەی دێتە جێی ئەویش باس بکەین، کێ لەگەڵ داوای ئیستیقالەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ قەبولی ئیستیقالەکەی کرا، ئومێدەوارین لە کاری تازەی وەکو وەزیر سەرکەوتوو بێت، وەکو هەمیشە لە ئەندامی پەرلەمانیشدا چالاك و سەرکەوتوو بووە، پیرۆزبایی لێ دەکەین و، دڵنیاشین کە سەرکەوتوو دەبێت ئینشائەڵلا.

خاڵی دووەم/ پێش چاو خستنی پێشنیازی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو دکتۆرە رۆژان عبدالقادر بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن.

دکتۆرە رۆژان عبدالقادر ئەندامی ئیحتیاتە لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، ئەو ئەندامەی کە ئیستقالەی کردووە، یەکەم ئافرەتە و تەنیا ئافرەتیشە لە لیستی ئیحتیات نیشتمانی دیموکراتی کوردستان دەچێتە جێگای، هەم بەپێی قانون، هەمیش لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستان داوا دەکاتن ئەم بچێتە جێگای، پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدەین خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە پێش دەنگدان کورتەیەك باسی ژیانیا رێزدار بزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم سوپاس، بەڵام ئەوە ئەندامە، لە وەختی خۆی لە لیستەکە کە بلاو بۆتەوە، ژیاننامەی بلاو بۆتەوە لە رۆژنامە، لەبەر ئەوە کەسێکی تازە نییە، ئەندامە لە لیستەکەیە، منیش ئەم داوایە دەخەمە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرز بکاتەوە، بە تێکڕای دەنگ قەبول کرا، ئومێدەواری سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، پیرۆزە، ئێستا با بێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من ناوم دکتۆرە رۆژان عبدالقادر سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کارمان: پێش چاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە پێشکەش کراوە.

دیارە پێش یازدە رۆژ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم یاسایە کرا، ماوەیەکیش درا، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ئەندامانی پەرلەمان بیخوێننەوەو، ئیستیمارەشمان دابەش کرد لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دەست نیشانی ئەو تەوەرەی بکەن کە دەیانوێت موناقەشەی بکەن و رەئی لەسەر بدەن، چەند کەسێك ئیستیمارەکەیان پڕ کردۆتەوە،

بەلاًم پێش ئەوەی ڕێگەیان پێ بدەین ڕەئی خۆیان بخوێننەوە, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە بفەرموونە ئێرە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرت, دواتر لیژنەی ئابووری, فەرموون.

داوای لێبووردن دەکەم, پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوە, دەبوایە لە سەرەتاوە بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان بکەم, لەگەڵ ئەوانەی پسپۆڕن لەگەڵیان هاتوون بۆ بەشداری کردن لەگەڵماندا و, ڕەئیدان لەگەڵ ئەو ڕەئییانەی کە دەدرێتن و دیفاع کردن لەو پرۆژەیەی کە پێشکەشیان کردووە, بەوەش دەوڵەمەندی دەکەین, ئەمە ئیسلوبێکە لە پەرلەمانی دنیادا بەکار دێتن, بۆ ئەوەی هەم کەسبی وەخت بکەین, ناکرێتن ئێمە قەراری شتێك بدەین خیلافی ئەو پرۆژەیە بێت, بەبێ ئەوەی جارێکی تر ڕەئی ئەوە بدەین, لەبەر ئەوە جارێکی تر ئەوان لێرەنە بۆ ئەوەی دیفاع لە پرۆژەکە بکەن, ئەگەر شتێکی موخالیفی ئەوە هاتە پێشەوە, زۆر بەخێر بێن سەرچاو, هەمووشتان بەخێر بێن, کاك شێروان ئەگەر ڕەئیەکت هەیە بڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تاکو ئێستا ڕاپۆڕتمان تەواو نەبووە, بەنیسبەت ئێمە تەواو بووە, بەلاًم تەبعی, ئیستینساخی ماوە, دوێنێش ئیتسالًمان کرد ئەگەر ئیمکان بێت جەلسەکە تۆزێك دوا بخرێت, بەلاًم تا ئێستاش تەواو نەبووە, ڕەنگە بە سەعاتێکی تر تەواو بین, بەلاًم لێرە دەبێت ڕاپۆڕتی لیژنەکان بخوێندرێتەوە, ئینجا ڕەئیش ڕەئی ئێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری ڕاپۆڕتی ئامادەیە, جەنابت فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری لە ڕۆژی 2006/6/20 لە کاتژمێر 9ی سەر لە بەیانی کۆبوونەوەی خۆی سازدا بە مەبەستی تاوتۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان,

سلاًو و ڕێز:

لیژنەی دارایی و ئابووری لە ڕۆژی 2006/6/20 لە کاتژمێر (9)ی سەر لە بەیانی کۆبوونەوەی خۆی سازدا بە ئامادە بوونی بەڕێزان

1-د.دلێر شاوەیس

2-احسان ئامێدی

3-پەخشان زەنگەنە

4-چرۆ علی

5-هیوا صابر

6-زرار طاهر

بە مەبەستی تاوتۆێ کردنی پرۆژەی(یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان), پاش خوێندنەوەی یاساکە, خستنەڕووی ئەم تێبینیانەی خوارەوە:

1-لە ماددەی (2) فەقەرەی (س) ئەگۆڕێت بۆ ئەم شێوەیە:

رأس المال الاجنبي: هو ما يستثمره المستثمر الاجنبي من اموال نقدية او عينية او حقوق لها قيمة مالية في الاقليم الى اخره.

2-زیاد کردنی فەقەرەیەکی تازە بەناوی فەقەرە (ب) بۆ ماددەی (3) بەم شێوەیە:

ب. الصناعات الاستخراجية التي تخص المواد الانشائية.

وە بەم شێوەیە قسەکان دەگۆڕێت لە (ج) بۆ (د) و (د) بۆ (و) و هەروەها.

3-فەقەرەی (د, هـ, ز) دەبێت بە یەك فەقەرە بە ناوی فەقەرەی (د) بەم شێوەیە:

د. السياحة والفنادق ومدن الالعاب والترفيه.

بەم شێوەیە تسلسلی فەقەرە دەگۆڕێت لە (ز) بۆ (و).

4-بە زۆرینەی دەنگ ماددەی (4) دەبێت بە (يعامل المستثمر وراس المال الاجنبي كالمستثمر وراس المال الوطني ويكون للمستثمر الاجنبي الحق ان يحتل كامل راس المال اي مشروع يقام بموجب هذا القانون ماعدا ملكية الارض.

5-لابردنی فەقەرەی (ب) لە ماددەی (8).

وەبەم شێوە تسلسلی فەقەرەكان دەگۆڕێت لە (ج) بۆ (ب) و هەروەها لابردنی فەقەرەی (ح) چونكە دووبارەیە.

6-زیادكردنی بڕگەیەكی نوێ بەناوی (ه) بۆ ماددەی (9) بەم شێوەیە:

ه- على المستثمر استخدام العمال والخبراء والمواد المتوفرة في الاقليم وفي حالة عدم توفيرها يحق له استيرادها من الخارج.

7-لە ماددەی(11) بڕگەی(أ) وشەی(المتوازنە) دوای وشەی(الاقتصاد) زیاد دەكرێت, دەبێت بە (بما يؤدي الى تحقيق التنمية الاقتصادية المتوازنة في الاقليم).

8- زیادكردنی بڕگەیەكی نوێ بۆ ماددەی (11)وە بەم شێوەیە:

(ج) يشترط للرئيس ان يكون حاصلاً على شهادة بكالوريس فما فوق في مجال اختصاصه وله خبرة مالا يقل عن (7) سنوات.

بەم شێوەیە بڕگەی (ج) دەبێت بە (د).

9-زیادكردنی بڕگەیەكی نوێ بۆ ماددەی(12) بەم شێوەیە:

ز-المديرية العامة للرقابة والمتابعة.

10-لەماددەی(13) وشەی (يراعى) دەگۆڕێت بۆ وشەی (يشترط).

11-لەماددەی(13) كۆتایی بڕگەی (ب) ئەم دەستەواژەیە زیاد دەكرێت(لمدە لا تقل عن (5) سنوات).

12- لە ماددەی (17) بڕگەی (أ) زیاد كردنی وشەی (التجارة) دوای وشەی (الصناعة).

13- لە ماددەی (19) لە بڕگەی (ج) وشەی (التظلم) دەگۆڕێت بۆ (الاعتراض).

14- لە ناونیشانی (الاسباب الموجبة) وشەی (المتوازنة) زیاد دەكرێت بۆ سەر ووشەی (الاقتصادية) و هەروەها زیاد كردنی ئەم رستەیە دوای وشەی (الاجنبي) بەم شێوەیە:

(وتشجيع المشاريع المشتركة بين رأس المال الاجنبي والوطني).

**لەگەڵ ڕێزماندا**

ئەمە بەشێوەیەكی گشتی بریتی بوو لەو تێبینیانەی كە ئێمە هەمان بوو لەسەر ڕەشنووسی پرۆژەكە, ئەم كۆبوونەوەیە ئێمە لە 6/20/دا سازمانداوە, بەڵام سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەكەی چاك كردووە لەسەر ئەساسی ئەو تێبینیانەی كە ئێمە داومانە, جگە لەوە لەسەر ئەساسی ئەو تێبینیانەی كە لیژنەی قانونیش دابوویان و چەند جارێك پێكەوە دانیشتین و خۆشیان تێبینیان هەبوو, تێبینیەكانی ئێمەشیان وەرگرتبوو, بۆیە بەشێكی زۆر لەو تێبینیانە چارەسەر كراوە لە ڕەشنووسی ئەو پرۆژەیە, كە ئێستا لەبەر دەستمان دایە, بەداخەوە نەمانتوانی وەكو پێویست لەسەر ئەمە كۆ بینەوە, لایەنێكی تر هەیە بەڕاستی ئێمە وەكو لیژنەی دارایی و ئابووری, كاتێك كە باسمان لە موڵكداریەتی كرد بۆ سەرمایەی بێگانە دوو بیرو بۆچوونی جیاواز هەبوو, یەكێكیان ئەوە بوو كە ئێمە بە هیچ جۆرێك ڕێگە نەدەین موڵكیەتی زەوی بدرێت بە سەرمایەداری بێگانە, من یەكێك بووم لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدا بووم, كاك زرار و كاك ئیحسان یەكێك بوون لەوانەی كە دژ بەو بیروبۆچوونە بوون, بێگومان هەریەك لە ئێمە تەبریری خۆی هەیە, دیارە لە پاش كۆبوونەوەمان كە بەداخەوە هەندێك لەو برادەرانە ئامادە نەبوون, لە پاش كۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەو برا بەڕێزانەی لە ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ ئەو پسپۆڕانە و چەند سیمینارێكیش كرا لەو بابەتەو لە تاقی كردنەوەی ڕۆژانە دەركەوتووە, ئەگەر بێتو ئەو ئیمتیازاتە نەدرێت زۆر زۆر زەحمەتە سەرمایەداری بێگانە بێت كاری خۆی بكات و بێتە ناو كوردستانەوەو, لەم یاسایەش ئێمە لێی سوودمەند نابین لەو كاتەدا, بۆیە من پێم وا بێت قەناعەت و تەمەنیات جیاوازە, واقیع و یۆتۆپیاش جیاوازە, كۆمەڵە شتێكن, ڕەنگە لە یەكتریەوە دوور بین, جگە لەوە من دیسانەوە

دەڵێم من یەکێکم لەوانەی کە باوەڕم بەوە هەیە نابێت ببێت, بەڵام باوەڕ هێنانی من و قەناعەتی من و تەمەنیاتی من لەگەڵ واقیعدا دەبێت بگونجێت, ئەگەر ئەو واقیعە دەوڵەمەند نەکات بەڕاستی تەمەنیاتەکە دەبێتە یۆتۆپیاو دەبێتە یۆتۆپیایەك کە لە پراکتیکەوە دوورە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجال بدە خاڵی نیزامیە, راپۆرتەکە ئەو موناقەشەیە نییە, بەس ئێستا راپۆرتەکەت خوێندەوە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس ئەمە لەڕاستیدا مەسەلەیەکە هیوادارم تاقی کردنەوەی ئەو دەزگای وەربەهێنان لە سلێمانی کە دەزگایەك بووە لەوێ ئەوەی سەلماندووە کە سەرکەوتوو نابێت, ئەگەر بێتو ئەو بەندە نەبێت, جگە لەوە وتمان زۆربەی زۆری تێبینیەکان لەوێدا جێگەی خۆی کردۆتەوەو, زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خوشك و برایانی بەڕێز, ئەندامانی پەرلەمان, دوو سێ خاڵ هەیە پێویستە باسی بکەین لەسەر ئەو مەوزوعە.

یەکەم/ بەپێی ئوسوڵی دەبێت لیژنەی یاسا راپۆرتی یاسایی بخوێنێتەوەو, راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری کە خوێندرایەوە, دواتر ماددە بە ماددە دەخوێندرێتەوە, ئینجا جارێکی تر هەردوو لیژنە پێشنیار هەیە لەسەر ماددەکە, ئەگەر نەبێت دەڵێن نیمانە, ئەگەر هەبێت بەدیل پێشکەش دەکات, دواتر ئەوانەی کە ئیستیمارەیان پڕ کردۆتەوە, دەیانەوێت لەسەر ئەو تەوەرە, لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن لامان هەیە داوایان لێ دەکەین قسە بکەن, ئینجا ئەگەر گۆڕانکاری هەبێتن, تەبعەن برا وەزیرەکانیش ئەگەر موافیق بوون لەسەر تعدیلەکە باشە, ئەگەرنا وجهە نەزەری خۆیان بڵێن و دیفاعی لێ بکەن ئەگەر خیلافێکی هەبوو, ئەگەر لیژنەی یاسایی کاك شێروان بۆ ئێوارە حازر دەبن, تکا دەکەم دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ شەشی ئێوارە, لێرەشدا پێشنیارێك هەیە, ئێمەش پەسندی دەکەین جێگاکەمان گەرمە ناگوازینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران, بەڵام دەچینە قاعەکەی خوارەوە لەوێ دادەنیشین و پێویست ناکات دەنگیشی لەسەر بدەین هەر لەناو خۆماندا, کەواتە کاتژمێر شەشی ئێوارە, بۆ ئەو وەختە لیژنەی یاسایی تەواوی کرد بێت, ئینجا چەندمان پێ کرا, ئێوارێش بڕیارێکی تر دەدەین, ئایا چەند جەلسەیەکی نایاسایی بکەین بۆ ئەوەی تەواوی بکەین, یاخود چەند رۆژێك پشوومان دوا بخەین, ئێوارێ باسی دەکەین, ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەردەوام دەبین لەسەر تەواو کردنی بەرنامەی کار.

کە لە خاڵی سێیەمەوە پێش چاوو خستن و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان —عێراقەوە پێشکەش کراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم, کە بفەرموون بۆ سەر مەنەصەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەن.**

هەروەکو هەموو لایەکمان ئاگادارین, پرۆژەی یاسای ئیستیسمار لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئیحالە کرا بۆ لیژانی پەیوەندیدار, هەر لیژنەیەك راپۆرتی خۆی ئامادە کردیە, ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ چەندین لیژنە کۆبووینەوە,لە زومنی وانە, پسپۆڕان لە بواری ئیستسمار و, نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران کە لیژنەی یاسا کۆبوونەوەی لەگەڵ

ئەنجامدان, بیروڕا لەسەر زۆر خاڵ لەگەڵیان کرا, تا ئەوکاتە هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەشداری کۆبوونەوەکانی ئێمەیان کرد و, توانیمان لەگەڵ هەموویان ئەو مولاحەزاتانەی کە هەموویان دایان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین, ئەوەی کە ئێستا دەیخوێنینەوە راپۆرتی لیژنەی یاساییەو هەموو ئەو مولاحەزاتانە, ئەو ئیقتیراحاتانە ئەوەی مەنتیقی و مەعقول بیت, لەسەری رێککەوتین و, پڕۆژەکەمانی پێ دەوڵەمەند کردووە, لەلایەن برای بەڕێزم مامۆستا کاکە راپۆرتی لیژنەی یاسا دەخوێنرێتەوە, بەلأم لێرەدا دەمەوێت ئیشارەت بە شتێك بدەم, بەنیسبەت راپۆرتەکە بە زمانی کوردی توانیما بۆ لیژنەی یاسا و, دەستەی سەرۆکایەتی ئامادە بکەین, بەلأم پێ رانەگەیشتین بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئامادەی بکەین, ئێستا لە ژێر ئیستینساخ دایە, راپۆرتی کوردی دابەش دەکرێت بەسەر ئێوەشدا, بەلأم راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی بەسەر ئێوە دابەش کراوە, سوپاستان دەکەم, ئێستاش با مامۆستا کاکە بفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق

لیژنەی کاروباری یاسایی

ژمارە:

رۆژ:2006/6/29

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان بە تێروتەسەلْ, تاوتوی پڕۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق کرد, کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە رۆژی2006/6/26 لە پەرلەمان بۆی رەوانە کرا بوو.

دوای گفتۆگۆیەکی دوورو درێژ لەسەر گشت مادەو بڕگەکانی و راوێژکردن بە شارەزاو پسپۆران

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون الاستثمار في اقليم كوردستان – العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 6/26 / 2006دراسة مستفيضة و اجرت مناقشات تفصيلية و عميقة بصدد مواده و فقراته واستعانت بالخبراء والمختصين في هذا المجال، وأن اللجنة تؤيد مشروع القانون بشكل عام من حيث المبدأ بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات والتوصيات والمقترحات الاتية :-

اولاً- فيما يتعلق بالديباجة، تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

استناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان- العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /2006/6 تشريع القانون الاتي :-

**قانون رقم ( )لسنة 2006**

**قانون ( )**

ثانياً- فيما يتعلق بالمادة الاولى من المشروع تقترح اللجنة جعل المادة الاولى من المشروع كعنوان للقانون بدلاً من درجها ضمن مادة واحده وتبعاً لذلك تعديل تسلسل بقية المواد وكذلك تقسيم مواد المشروع الى ابواب وفصول وتسلسلات على الشكل الذي سوف يتوضح في متن هذا التقرير.

**ثالثاً:-بالنسبة للعنوان ( ترى اكثرية اعضاء اللجنة بأن يصبح اسم القانون (قانون تشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان – العراق) بدلاً من قانون الاستثمارفي اقليم كوردستان العراق لانه يتضمن نصوصاً تعمل على تشجيع الاستثماربنوعيه الوطني والاجنبي والغاية من هذا القانون هي تشجيع الاستثمارفي اقليم كوردستان.**

**رابعاً:- ان اللجنة القانونية ترى تبديل التعابير التي وردت في اصل المشروع بالنسبة للتعاريف حيث تم تغيير تسلسل المصطلحات التعريفية الواردة في المادة الثانية من المشروع تناغماً مع اهمية التعريف في الموقع الذي ينبغي درجه فيه و تبديل عنوان ادارة الهيئة الى (المجلس الاعلى للاستثمار) و حذف (رسوم الخدمات) و (نقل التكنلوجيا) من ضمن التعاريف وكذلك حذف التسلسلات (4,3,2,1) الواردة ضمن تعريف (رأس المال الاجنبي) وتقرا المادة شكلاً و مضموناً كالآتي :**

**الباب الاول**

**الاحكام العامة**

**الفصل الاول**

**( التعاريف )**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:-**

**1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.**

**2-الحكومة: حكومة الاقليم.**

**3-المجلس: المجلس الاعلى للاستثمار.**

**4-الرئيس: رئيس المجلس الاعلى للاستثمار.**

**5-الهيئة: هيئة الاستثمار في الاقليم.**

**6-رئيس الهيئة:رئيس هيئة الاستثمار.**

**7-المشروع: اي نشاط اقتصادي يقيمه شخص طبيعي او معنوى على ارض مخصصة له وبرأس مال كوردستاني او وطني او اجنبي تنطبق عليه احكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بمقتضاه.**

**8-الموجودات الثابتة: الآلات والاجهزة والمعدات والاليات واللوازم والابنية و العدد المخصصة لاستخدامها حصراً في المشروع واثاث ومفروشات ولوازم الفنادق والمستشفيات والمدن السياحية والجامعات والمدارس والمرافق الاخرى.**

**9-الضرائب والرسوم: وتشمل جميع انواع الضرائب والرسوم المقررة بموجب التشريعات النافذة.**

**10-المستثمر: الشخص الطبيعي او المعنوي الذي يستثمر امواله في الاقليم وفق احكام هذا القانون وطنياً كان ام اجنبيا.**

**11-الجهات المختصة: تشمل جميع الجهات الحكومية المسؤولة عن القطاع الذي يتعلق بشؤون المشروع.**

**12-المال المستثمر: القيمة المقدرة بالعملة الوطنية او الاجنبية المستثمرة في المشروع.**

**13-رأس المال الاجنبي: هو ما يستثمره المستثمر الاجنبي من اموال نقدية او عينية او حقوق لها قيمة مالية في الاقليم.**

**خامساً :-اما بالنسبة للمادة الثالثة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثانية من مقترح اللجنة القانونية تقترح اللجنة : اجراء التغييرات فيها شكلاً ومضموناً وتقرا كالآتي :-**

**الفصل الثاني**

**( مجالات الاستثمار)**

**المادة الثانية:**

**تطبق احكام هذا القانون على المشاريع التي توافق عليها الهيئة في احد القطاعات التالية:**

**الصناعات التحويلية والكهرباء والخدمات المرتبطة بهما.**

**الزراعة بشقيها النباتي و الحيوانى والغابات والخدمات المرتبطة بها.**

**الفنادق والمشاريع السياحية والترفيهية ومدن الالعاب.**

**الصحة والبيئة.**

الابحاث العلمية و التكنولوجية، وتكنولوجيا المعلومات.

النقل والاتصالات الحديثة.

البنوك وشركات التأمين و المؤسسات المالية الاخرى.

مشاريع البنية التحتية، ومنها مشاريع البناء، الاعمار، الاسكان، الطرق والجسور، سكك الحديد، المطارات ، و الري والسدود.

المناطق الحرة والاسواق التجارية المعاصرة والخدمات الاستشارية المرتبطة بها.

التعليم بجميع مراحله في اطار السياسة التعليمية للاقليم.

اي مشروع في أي قطاع اخر يقرر المجلس الموافقة على شموله باحكام هذا القانون.

سادساً:-اما بالنسبة للمادة الرابعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة ( الثالثة ) ضمن الفصل الثالث تحت عنوان معاملة المستثمر الاجنبي فتقرا كالاتي :-

**الفصل الثالث**

**(معاملة المستثمر الاجنبي )**

المادة الثالثة:

يعامل المستثمر والراسمال الاجنبي كالمستثمر والراسمال الوطني، ويكون للمستثمر الاجنبي الحق في امتلاك كامل رأسمال اي مشروع يقام في الاقليم بموجب هذا القانون.

سابعاً:-اما بالنسبة للمادة الخامسة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الرابعة ضمن الفصل الرابع وبعنوان(تخصيص الاراضي)

قامت اللجنة بترتيب تسلسلات المادة الواردة في اصل المشروع و حذف الفقرة (ز) من اصل المشروع باتفاق الاراء لان ذلك يتعارض مع احكام الدستور العراقي الاتحادي ومشروع دستور الاقليم وقانون الاستملاك النافذ في الاقليم لان الملكية الخاصة مصونة ولايجوز نزع الملكية الا لاغراض المنفعة العامة ومقابل تعويض عادل، ولا ترى اللجنة تحقيق النفع العام في نزع ملك شخص وتخصيصه لمستثمر سواء كان شخصا طبيعياً او معنوياً وهو ليس افضل من المالك الاصلي في الانتفاع من ملكه.

اما بالنسبة لموضوع التمليك فترى الاكثرية من اعضاء اللجنة إفساح المجال لتمليك الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستثمارية بعد مراعاة طبيعة المشروع و اهمية و مقتضيات المصلحة العامة عند التمليك فيما عارضت الأقلية ذلك واقترحت الاكتفاء إما بالمساطحة أو بالإيجار أو بحق المنفعة والتخصيص فقط، وتقرا المادة الخامسة من اصل المشروع بعد ان اصبحت برقم المادة الرابعة شكلاً ومضموناً كالآتي:-

**الفصل الرابع**

**( تخصيص الاراضي )**

المادة الرابعة:

تقوم الهيئة بالتنسيق مع الوزارات و الدوائر المعنية بتحديد المواقع التي تخصص للمشاريع الاستثمارية في كل محافظة والتي ستقام مستقبلاً وفقاً لهذا القانون و تؤشر على صور قيودها بان هذه المواقع مخصصة لاغراض الهيئة.

تقوم الدوائر ذات العلاقة وبالتنسيق مع الهيئة بتحديد وتخصيص مايحتاج اليه المشروع من الاراضي ضمن التصميم الاساسي داخل المدن وخارجها عن طريق الايجار او المساطحة وبسعر تشجيعي وفق ضوابط تضعها الهيئة استثناءً من احكام قانون بيع و ايجار اموال الدولة النافذ في الاقليم.

للمجلس وبناءً على اقتراح الهيئة ان تمليك الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستراتيجية بسعر تشجيعي تقترحه الهيئة، أو بدون بدل، على ان تراعى طبيعة المشروع واهميته ومقتضيات المصلحة العامة عند التمليك، وذلك استثناءً من أحكام قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذ في الاقليم.

يتم وضع اشارة عدم التصرف على الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستثمارية لدى دوائر التسجيل العقاري المختصة ولا يتم رفعها الا بموافقة تحريرية من الهيئة بعد قيام المستثمر بتنفيذ جميع التزاماته.

للهيئة ولضمان تحقيق اهدافها صلاحية تملك الاراضي المملوكة للدولة ملكاً صرفاً بدون بدل وتملك الاراضي المملوكة للدولة المثقلة بالحقوق التصرفية بعد اطفاء الحقوق التصرفية عليها وتعويض اصحابها تعويضاً عادلاً ومناسباً بموجب القوانين والانظمة والتعليمات المرعية بهذا الخصوص.

للمستثمر شراء واستئجار الاراضي والعقارات اللازمة لتأسيس وتوسيع وتنويع وتطوير المشروع وفق احكام هذا القانون في حدود المساحة والمدة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية مع مراعاة احكام الفقرة (3) من هذه المادة.

يتم افراز الاراضي اللازمة للمشاريع الاستثمارية التي ستقام وفق احكام هذا القانون في حدود المساحة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية لها وفقا لضوابط خاصة توضع من قبل الهيئة استثناءاً من الاحكام المرعية بهذا الخصوص.

يخضع تغيير موقع المشروع الى نفس اسس و ضوابط تخصيص الموقع للمشروع لأول مرة.

تقوم الجهات المختصة وبالتنسيق مع الهيئة بتوفير الخدمات العامة من المياه والكهرباء والمجاري والطرق العامة والاتصالات وغير ها الى حدود المشروع، على ان تخصص لهذا الغرض المبالغ اللازمة في الميزانية.

اضافة الى ما يتمتع به المستثمر الاجنبي من حق بتملك واستئجار الاراضي والسيارات الانتاجية وفق احكام هذا القانون، يحق له ان يشتري او يستأجر لصالح مشروعه الاستثماري عقارات سكنية وسيارات غير انتاجية بما يتطلبه المشروع بعد موافقة الهيئة على ذلك ووفق ضوابط توضع من قبل الهيئة لهذا الغرض.

لا يجوز للمستثمر تملك الموارد الطبيعية التي تستخرج منها المواد الخام او التي تتم فيها المعالجة الاوليه لتملك الموارد.

ثامناً:-اما بالنسبة للمادة السادسة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الخامسة وادرجت ضمن الفصل الاول من الباب الثاني والخاص بالاعفاءات والالتزامات وتم ترتيب تسلسلاتها بالارقام وتقرا شكلاً ومضموناً كالآتي :-

## الباب الثاني

## الاعفاءات والالتزامات

### الفصل الاول

### الاعفاءات الضريبية والكمركية

المادة الخامسة:

يعفى المشروع من جميع الضرائب والرسوم غير الكمركية لمدة (10) عشر سنوات اعتباراً من تاريخ بدء المشروع بتقديم الخدمات او تاريخ الانتاج الفعلي.

تعفى الالات والاجهزة والمعدات والاليات والمكائن المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم شرط الحصول على اجازة الاستيراد، على ان يتم ادخالها عن طريق المعابر الحدودية للاقليم خلال سنتين من تاريخ الموافقة على قوائمها من قبل رئيس الهيئة وان تستخدم لاغراض المشروع حصراً وبعكسه لاتشملها هذه الاعفاءات ويلزم المستثمر بدفع الضريبة ويعاقب بغرامة قدرها ضعف مبلغ الضريبة المستحقة.

تعفى قطع الغيار المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم على ان لا تزيد قيمة هذه القطع عن (15٪) من قيمة المكائن والمعدات، وذلك بقرار مسبق من رئيس الهيئة بالموافقة على قوائمها و كمياتها.

تعفى الالات والاجهزة والمكائن والاليات والعدد اللازمة لتوسيع المشروع أو تطويره او تحديثه من الضرائب والرسوم.

تعفى المواد الاولية المستوردة للانتاج من الرسوم الكمركية لمدة (10)عشر سنوات على ان تحدد انواع وكميات هذه المواد من قبل الهيئة مع اعطاء الاولوية لاستخدام المواد الاولية المحلية المتوفرة و الملائمة للمشروع الاستثمارى كماً ونوعاً.

يحق للمستثمر وفق احكام هذا القانون استيراد جميع احتياجات مشروعه، من قبله او من قبل غيره، ومنها الالات والآليات والاجهزة والمعدات، وتعفى هذه المستوردات من جميع الرسوم الكمركية الداخلة من المعابر الحدودية للاقليم شريطة استخدامها حصراً لأغراض المشروع.

تاسعاً :-اما بالنسبة للمادة السابعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة السادسة ضمن الفصل الثاني و بعنوان اعفاءات اضافية فتقرأ المادة شكلاً و مضموناً كالآتي :

## الفصل الثاني

## اعفاءات اضافية

المادة السادسة: للهيئة وفقاً لمقتضيات المصلحة العامة في الاقليم منح حوافز وتسهيلات اضافية للمشاريع الاستثمارية المجازة وفق احكام هذا القانون والتي تتوافر فيها ايٍّ من السمتين التاليتين وذلك وفق ضوابط تضعها الهيئة لهذا الغرض:

المشاريع التي تقام في المناطق الاقل نمواً في الاقليم.

المشاريع المشتركة بين المستثمرين الاجانب والكوردستانيين والوطنيين.

للهيئة منح المشاريع الاستثمارية الخدمية التي تؤسس وفق احكام هذا القانون وحسب طبيعتها و خصوصاً مشاريع الفنادق و المستشفيات والمدن السياحية والجامعات و المدارس اعفاءات اضافية من الرسوم لمشترياتها من الاثاث و المفروشات واللوازم لأغراض التحديث و التجديد مرة كل (3ثلاث سنوات)، على أن يتم ادخالها الى الاقليم واستعمالها في المشروع حصراً خلال سنة واحدة من تاريخ صدور موافقة رئيس الهيئة على قوائم المشتريات وكمياتها.

بەرێز شێروان ناصح حيدرى:

بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.

عاشراً:- اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة السابعة ضمن الفصل الثالث من الباب الثاني و بعنوان الضمانات القانونية وباتفاق الاراء تم صياغتها شكلاً و مضموناً كالآتي بعد ان اقترحت اللجنة باتفاق الآراء بالزام المستثمر باستخدام الايدي العاملة المحلية والاجنبية اللازمة للمشروع مع اعطاء الاولوية الى الايدى العاملة المحلية شريطة توافر ما تتطلبه طبيعة العمل في المشروع الاستثماري كماً و نوعاً، كما اقترحت الأقلية من أعضاء اللجنة تحديد نسبة تحويل الأرباح السنوية الناجمة عن الاستثمار بـ (75٪)من مجموع أرباح الاستثمار السنوية وإلزام المستثمر باستثمار الباقي من الأرباح في المشروع ذاته أو في مشاريع استثمارية أخرى.

المادة السابعة:

1-للمستثمر ان يؤمن على مشروعه الاستثمارى من قبل اية شركة تأمين أجنبية أو وطنية يعتبرها ملائمة، ويتم بموجبه تأمين كافة جوانب العمليات التي يقوم بها.

2-للمستثمر استخدام الايدي العاملة المحلية والاجنبية اللازمة للمشروع مع اعطاء الاولوية الى الايدي العاملة المحلية شريطة توافر ما تتطلبه طبيعة العمل في المشروع الاستثماري كماً و نوعاً، مع مراعاة القوانين النافذة بهذا الخصوص.

3-يسمح للمستثمر ان يحول الى الخارج ارباحه وفوائد راسماله وفق احكام هذا القانون.

4-يحق للعاملين غير العراقيين في المشروع والمتعاملين معهم في خارج الاقليم تحويل مستحقاتهم واجورهم الى الخارج وفق القوانين النافذة.

5-للمستثمر الاجنبي الحق في اعادة راسماله الى الخارج عند تصفية المشروع او التصرف فيه بما لايتعارض مع احكام القوانين والاجراءات الكمركية والضريبية المعمول بها.

6-تحويل استثماره كلاً او جزءاً الى مستثمر أجنبي آخر او الى مستثمر كوردستاني او وطني او التنازل عن المشروع لشريكه بموافقة الهيئة ويحل المستثمر الجديد محل المستثمر القديم في الحقوق والالتزامات الناشئة عن المشروع .

7-يحق للمستثمر أن يفتح لصالح مشروعه المجاز وفق احكام هذا القانون حسابات مصرفية بالنقد الوطني أو الاجنبي او كليهما لدى المصارف في الاقليم وخارجه.

8-مع مراعاة القوانين النافذة بخصوص مجالس ادارة الشركات المساهمة، تعتبر المشروعات المسجلة طبقا لاحكام هذا القانون من مشروعات القطاع الخاص بغض النظر عن الشكل القانوني والطبيعة القانونية للاموال المساهمة فيها.

9-يتمتع المستثمر بحسب هذا القانون بحقه في الاحتفاظ بسرية المعلومات الفنية والاقتصادية الخاصة بالمشروع وحفظ المبادرات الاستثمارية وذلك طبقاً لاحكام القوانين والانظمة والتعليمات المعمول بها في الاقليم، ويعاقب كل من يفشي باية معلومات تكون بحوزته بحكم وظيفته وتتعلق بالمبادرة الاستثمارية والجوانب الفنية او الاقتصادية او المالية للمشروع بموجب القانون.

**حادى عشر:-اما بالنسبة للمادة التاسعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثامنة و بعنوان الفصل الرابع (التزامات المستثمر) تم ترتيب تسلسلاتها بالارقام وباتفاق الاراء تم اضافة تدريب و تأهيل العمالة المحلية في المشروع ضمن تسلسلات المادة، كما اقترحت الأقلية بإضافة جملة(والآداب العامة) ضمن فقرة (المحافظة على سلامة البيئة...الخ) و اعادة صياغتها و تقرا شكلاً و مضموناً كالآتي :**

**الفصل الرابع**

**(التزامات المستثمر)**

**المادة الثامنة:**

**يلتزم المستثمر بما يلي:**

1-**تعريف مجال استثماره بخصوص المشاريع المنجزة من قبله وبيان وضعه المالي والعقود التي نفذها.**

2-**ابلاغ الهيئة باكمال المشروع وبدئه بتقديم الخدمات او الانتاج الفعلي.**

3-**ابداء التسهيلات اللازمة لموظفي الهيئة المختصين فيما يتعلق بجمع واستحصال المعلومات الضرورية عن جوانب المشروع المختلفة لأغراض الهيئة.**

4-**مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لاحكام هذا القانون.**

5-**المحافظة على سلامة البيئة والامن والصحة العامة والالتزام بنظم التقييس والسيطرة النوعية وفق المعايير الدولية.**

6-**تدريب وتأهيل العمالة المحلية في المشروع.**

**ثاني عشر:-اما بالنسبة للمادة العاشرة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة التاسعة و ضمن الفصل الخامس بعنوان (الاجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر), ترى اللجنة بالاتفاق تغيير كلمة (مدة معقولة) الواردة في الفقرة (أ) من اصل المشروع الى(مدة مناسبة و تحددها الهيئة) وتقرأ المادة شكلاً و مضموناً كالآتي :**

**الفصل الخامس**

**(الاجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر)**

**المادة التاسعة:**

**لدى مخالفة المستثمر لأحكام هذا القانون او احدى فقرات العقد المبرم بينه وبين الجهات المختصة تقوم الهيئة بانذار المخالف وطلب الايقاف الفوري للنشاط المتسبب لحصول المخالفة وإمهاله مدة مناسبة تحددها الهيئة تتناسب وطبيعة المخالفة لإزالتها مع اثارها.**

**في حالة اصرار المستثمر على عدم ايقاف وازالة اثار المخالفة وفق احكام الفقرة (1) اعلاه، تسترد منه الارض وتستملك الهيئة المنشآت المبنية عليها من قبل المستثمر (ان وجدت) وبقيمتها مستحقة القلع وفق القانون، ويتحمل دفع هذه القيمة المستثمر الجديد الذي تخصص له الارض لإكمال المشروع وفق أحكام هذا القانون، ويكون المخالف مسؤولاً عن اي ضرر ينتج عن عدم قيامه بتنفيذ التزاماته.**

**اذا اجر المستثمر الارض المخصصة لمشروعه كلاً أو جزءاً من الباطن أو استغلها لغير الاغراض التي خصصت من اجلها وبدون موافقة الهيئة فتسترد منه الارض او الجزء المؤجر أو المستغل لغير الغرض المحدد، ويدفع المستثمر ضعف اجر المثل عن مدة تاجيره للارض او استغلالها لغير الاغراض المخصصة لها ويتم استحصال المبلغ وفق احكام قانون تحصيل الديون الحكومية النافذ في الاقليم، وفي حالة استرداد الارض منه كلياً يعامل المستثمر المخالف وفق احكام الفقرة (2) اعلاه فيما يتعلق بالمنشآت المبنية عليها وقت الاسترداد.**

**ثالث عشر:-اما بالنسبة للمواد بدءً من المادة الحادية عشرة الى المادة السابعة عشرة من اصل المشروع ترى اللجنة حذف المادة الثانية عشرة من المشروع واعادة تكوين تشكيلات مركز الهيئة بمديريات بعد دمج بعضها مع البعض بدلاً من المديرات العامة للمحافظة على حجم الهيئة نسبة الى حجم الوزارات وكما تم الاتفاق على تبديل تسمية مجلس ادارة الهيئة الواردة في المادة (17) من المشروع الى تسمية المجلس الاعلى للاستثمار في الفصل الثانى مع اضافة بعض الوزارات المعنية بالاستثمار بصورة مباشرة الى المجلس ويقرأ الباب الثالث ومواده شكلاً ومضموماً كالآتي :**

## الباب الثالث
## (التشكيلات الاستثمارية )
## الفصل الاول
## هيئة الاستثماروتشكيلاتها و مهامها

المادة العاشرة:

1-تشكل هيئة بأسم (هيئة الاستثمار في اقليم كوردستان)، وتكون لها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري، ولها القيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لأغراض تنفيذ احكام هذا القانون، وتتولى تهيئة البيئة الملائمة للاستثمار بما يؤدي الى تحقيق تنمية اقتصادية متوازنة في الاقليم.

2-يكون مقر الهيئة في مركز محافظة اربيل، ويكون للهيئة فروع في محافظات الاقليم، ويرأس كل فرع نائب لرئيس الهيئة بدرجة مدير عام، ويتالف كل فرع من مديريات واقسام حسب ما تقتضيه طبيعة النشاط الاستثمارى في المحافظة.

3-للهيئة رئيس يعين بدرجة وزير وله حقوق وصلاحيات الوزير وهو المسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها وماله علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها وفق احكام هذا القانون، ويكون لرئيس الهيئة نواب يعينون بدرجة خاصة لتولي بعض المهام التي يكلفهم بها.

يتألف مركز الهيئة من التشكيلات الآتية:

أ-مديرية الدراسات وجمع المعلومات.

ب-مديرية ترويج واجازة المشاريع الاستثمارية والعلاقات.

ج-مديرية الشؤون القانونية والادارية .

د-مديرية الشؤون المالية والتدقيق.

هـ-مديرية المدن والمناطق الصناعية.

و-مديرية التخطيط والاحصاء والمتابعة.

تحدد تشكيلات مديريات الهيئة وفروعها ومهامها وصلاحياتها بموجب نظام داخلى يصدره رئيس الهيئة ويعرضه على المجلس للمصادقة.

المادة الحادية عشرة:

يشترط في من يعين في احدى وظائف الهيئة من رئيس ونواب رئيس و مدراء عامين ورؤساء دوائر مايلي:

ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية علىالاقل ذات علاقة بالوظيفة التي يشغلها.

ان يكون من ذوى الخبرة ومارس العمل في مجال الاختصاص.

المادة الثانية عشرة:

تكون القرارات الصادرة عن المجلس بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة لجميع الوزارات والمؤسسات والدوائر المعنية في الاقليم لأغراض هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة:

لرئيس الهيئة التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية في داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم لتحقيق اهداف الهيئة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل رئيس الهيئة.

المادة الرابعة عشرة:

على الهيئة وضع برامج لترويج الاستثمار في الاقليم و التعريف بالفرص الاستثمارية داخل الاقليم وخارجه واصدار المطبوعات وعقد ندوات وتنظيم حلقات دراسية وارسال موظفيها الى دورات تدريبية داخل الاقليم او خارجه بهدف رفع كفاءاتهم بحيث تتلاءم وطبيعة عمل الهيئة واختصاصاتها.

## الفصل الثاني
## (المجلس الاعلى للاستثمار)

المادة الخامسة عشرة:

أولاً-يتألف المجلس الاعلى للاستثمار في الاقليم من رئيس مجلس الوزراء رئيساً ونائب رئيس الوزراء نائبا وعضوية وزراء ( المالية والاقتصاد , التجارة, البلديات , الصحة , التخطيط, الزراعة, الصناعة, الكهرباء, السياحة , البيئة, الثروات الطبيعية) ورئيس هيئة الاستثمار او من ينيبه ورئيس غرفة التجارة والصناعة في الاقليم وأي شخص اخر يقرر رئيس المجلس اضافته الى هذا المجلس من ذوي الخبرة والاختصاص, ويحدد بنظام داخلي كيفية انعقاد المجلس واتخاذ القرارات فيه.

ثانياً-يمارس المجلس الصلاحيات الاتية:

1-وضع السياسات والاستراتيجيات المتعلقة بالاستثمار والتي تقترح من قبل الهيئة في اطار السياسة العامة للاقليم.

2- الموافقة على خطط وبرامج نشاط الهيئة في اطار الخطة العامة للاقليم.

3- النظر في التقارير الدورية التي يقدمها رئيس الهيئة عن سير العمل في الهيئة والمسائل المتعلقة باوضاع ومناخ الاستثمار في الاقليم واتخاذ ما يلزم بشأنها.

4- النظر في المركز المالي للهيئة والموافقة على مشروع ميزانيتها السنوية.

5-الموافقة على عقد القروض والتسهيلات الائتمانية التي تقدم للهيئة بضمان الحكومة او المصارف او المؤسسات التمويلية المتخصصة طبقاً للقواعد والنظم المقررة وعلى ان تقتصر اغراضها في تمويل الانشطة التي تقوم بها الهيئة في حدود اختصاصاتها.

6- وضع نظام لرصد ومتابعة وتقييم اداء الاستثمارات الاجنبية للتعرف على اية عقبات قد تصادفها والعمل على التغلب عليها.

7- المصادقة على النظام الداخلي للهيئة.

## الفصل الثالث

## ميزانية الهيئة

المادة السادسة عشرة:

للهيئة ميزانية مستقلة وتتكون من المصادر الاتية:

1-الايرادات المستحصلة مقابل الخدمات التي تقدمها الهيئة.

2-القروض والتسهيلات الائتمانية الجائزة قانوناً التي تحصل عليها الهيئة.

3-الهبات والتبرعات التي يوافق عليها المجلس.

4-الاعتمادات التي تخصصها الحكومة ضمن الميزانية العامة للاقليم.

5-ارباح المشاريع الاستثمارية التي تساهم فيها الهيئة.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابع عشر: -اما بالنسبة للمادة التاسعة عشرة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة السابعة عشرة في الفصل الاول وبعنوان اجراءات منح اجازة المشاريع ضمن الباب الرابع وتحت عنوان منح الاجازة والتحكيم اتفق اعضاء اللجنة على حذف تسلسل (ت) من اصل المشروع و تبديل اماكن الفقرتين (ث) و (ج) ويقرأ الباب الرابع شكلاً ومضموناً كالآتي :-

## الباب الرابع

## منح الاجازة والتحكيم

## الفصل الاول

## اجراءات منح اجازة المشاريع

المادة السابعة عشرة:

1-لغرض الاستفادة من الاعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون يجب ان يحصل المستثمر على اجازة تأسيس المشروع صادرة عن الهيئة.

2-تمنح الهيئة اجازة التأسيس للمشروع بناءً على طلب يقدم اليها من قبل المستثمر وفق الشروط المعدة من قبل الهيئة، ويجب على الهيئة البت فيه خلال

(30) ثلاثين يوماً من تاريخ استكمال المتطلبات والشروط الفنية والقانونية والاقتصادية وفق احكام هذا القانون مع مراعاة الضوابط والمعايير التي تضعها الهيئة.

3-عند رفض طلب التأسيس لصاحب الطلب الاعتراض لدى رئيس المجلس خلال

(15) خمسة عشر يوماً من تاريخ تبليغه بقرار الرفض ويبت رئيس المجلس في الاعتراض خلال مدة لاتتجاوز (30) ثلاثين يوماً ويكون قراره بهذا الخصوص نهائياً.

4-للهيئة بناء على الطلب المستثمر اصدار موافقة مبدئية لاجازة المشروع خلال

(15) خمسة عشر يوماً من تاريخ تقديم الطلب لتسهيل اجراء الاتصالات الداخلية والخارجية للاسراع في تأسيسه .

ب-اما بالنسبة للمادة العشرين من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثامنة عشرة تحت عنوان (التحكيم ) ضمن الفصل الثاني من الباب الرابع اقترحت اللجنة باتفاق الآراء علىاضافة(الاستناد الى بنود العقد المبرم بين الطرفين لحل المنازعات الاستثمارية)اضافة الى ما ورد في النص الاصلى وتقرا المادة شكلاً ومضموناً كالاتي:-

## الفصل الثاني

## التحكيم

المادة الثامنة عشرة:

تحل المنازعات الاستثمارية وفق العقد المبرم بين الطرفين وعند عدم وجود فقرة بهذا الخصوص تحل بطريقة ودية وبتراضي الطرفين وفي حالة تعذر الحل الودي يجوز للطرفين ان يختارا اللجوء الى التحكيم المبينة احكامه في القوانين المرعية في الاقليم او وفقاً لاحكام تسوية المنازعات الواردة في اي من الاتفاقات الدولية والثنائية التي يكون العراق طرفا فيها.

خامس عشر:- اما بالنسبة للمواد بدءً من المادة الحادية والعشرين الى المادة السادسة والعشرين من اصل المشروع والتي اصبحت ضمن الفصل الثالث وتحت عنوان احكام ختامية وتحت تسلسلات من المادة التاسعة عشرة الى المادة الرابعة والعشرون تقترح اللجنة باتفاق الآراء حذف الفقرة (د) من المادة (21) من اصل المشروع من ضمنها التي سبق نقلها الى الفقرة رقم (8) من المادة السابعة ضمن المواد المقترحة من قبل اللجنة القانونية لكونها من الضمانات القانونية للمستثمر وكذلك حذف الفقرة (ج) من المادة (23) من اصل المشروع والتي اصبح تسلسلها المادة (21) واللجنة تقترح ان يكون حق اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون من صلاحيات رئيس المجلس وليس لرئيس الهيئة لكونه هو رئيس المجلس الاعلى للاستثمار ويقرا الفصل الثالث شكلاً ومضموناً كالآتي:-

## الفصل الثالث

## احكام ختامية

المادة التاسعة عشرة:

يلغى قرار رئاسة مجلس الوزراء/ ادارة السليمانية المرقم (89) لسنة 2004 الخاص بتشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان وتنحل هيئة تشجيع الاستثمار وتشكيلاتها المؤلفة بموجب المادة (16) من القرار المذكور وتؤول حقوقها والتزاماتها وممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة الى هيئة الاستثمار التي تشكل بموجب احكام هذا القانون.

تعتبر جميع المشاريع الاستثمارية التي اجيزت من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المؤلفة بموجب القرار الملغي المشار اليه في الفقرة (1) اعلاه مشاريع استثمارية قانونية وتستمر في التمتع بالامتيازات والحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي.

تحال جميع المشاريع الاخرى التي هي في طور الدراسة والتقييم والتي لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب احكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية.

المادة العشرون:

يتمتع بالاعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون اي مشروع قائم جرت الموافقة على اعتباره مشروعاً استثمارياً بموجب احكام هذا القانون او بمقتضى احكام القوانين والقرارات التشريعية النافذة قبل صدوره شريطة عدم تمتعه بالاعفاءات والمزايا في ظل القوانين والقرارات السابقة.

المادة الحادية والعشرون:

لايترتب على اي تعديل لهذا القانون:

المساس بالضمانات او الاعفاءات والحقوق المقررة بموجب احكام هذا القانون.

الالغاء بأثر رجعي لأي ضمانات او حق او اعفاء يكون قد منح لمشروع مسجل وفقا لاحكام هذا القانون قبل سريان التعديل.

المادة الثانية والعشرون:

تخضع حسابات الهيئة للتدقيق من قبل رئاسة ديوان الرقابة المالية.

المادة الثالثةو العشرون:

تخضع الحالات التي لم يرد بشأنها نص في هذا القانون للقواعد العامة الواردة في القوانين الاخرى ذات العلاقة بشرط عدم تعارض احكامها مع احكام هذا القانون وعند حصول التعارض تطبق احكام هذا القانون.

المادة الرابعة والعشرون:

لرئيس المجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

وتقترح اللجنة اضافة المادتين التاليتين الى مشروع القانون وكالآتي :-

المادة الخامسة والعشرون :-

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

المادة السادسة والعشرون:-

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان )

**الاسباب الموجبة**

بهدف خلق مناخ جاذب للاستثمار في اقليم كوردستان- العراق وازالة المعوقات القانونية امامه وفسح المجال لتوظيف رأس المال الوطني والاجنبي مجتمعاً اوبالمشاركة بينهما منفرداً في المشاريع الاستثمارية بشكل يساهم في عملية التنمية الاقتصادية مساهمة فعالة وبغية منح تسهيلات وحوافز تشجيعية واعفاءات ضريبية لرؤوس الاموال المستثمرة ومن اجل ايجاد هيئة استثمارية مختصة لتنظيم الجوانب المختلفة لعمليات الاستثمار في الاقليم صدر هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض اصل المشروع وراى اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء الرأى المناسب بصدده .

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ لیژنەی قانونی, دەست خۆشیان لێدەکەم, کە ماندو بوونە, ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ بۆ لیژنەی یاسایی جێهێشتووە, تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لیژنە خۆی ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کردووە, خۆی دەخوێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لای من نووسراوە کە لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە, فەرموو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/ رای لیژنە**

لیژنەکەمان لە دانیشتنی ئاسایی دا کە تایبەت بوو بە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی تێکڕای ئەندامان، ئەم چەند پێشنیارانە لە خوارەوە بە پەسەند زانی بۆ ئەم پڕۆژەیە:

أ- لە مادەی (5) بڕگەی (ب) و(ح)لە داگیرکردنی زەوی و زاردا ئەم بڕگەیەمان پێ باشە, هەوڵبدرێت, ئەوەی بەردەلانە دیاری بکرێت, واتە بەمەبەستی پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان, لە ماددەی (5) بڕگەی (ج), ئەم تەعدیلەمان کردووە, لیژنەکەمان پێی باشە کە موڵکداریەتی نەبێت بەڵکو بەکرێ دان(إیجار) وە یان بە (مساطحة) بێت.

ب-مادە(5) بڕگە (و) لەگەڵ (ز):

دەستەی وەبەرهێنان مافی ئەوەی نەبێت دەست بگرێت بەسەر موڵکایەتی تایبەت دا تەنها لە ڕێگەی ڕەزامەندی خاوەنەکەی نەبێت.

مادەی (8)بڕگە (ب)ڕێگە نەدرێت بە هاتنە ناوەوەی کرێکاری بێگانە بکەن تەنها لەکاتی پێویستیدا نەبێت.

لە مادە (8)ی بڕگە -(ج) بەشێك لە قازانج وسودی پڕۆژەوە وەبەرهێنەر دیاری بکرێت بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆ.

بۆ ژنیگەش ئەم سێ خاڵەمان ئامادە کردووە:

1-گرنگی دان بۆ وەبەرهێنانی پڕۆژە کوردستانیەکان بۆ بوژاندنەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان, مسۆگەرکردنی خۆراك و پۆشاکی خۆماڵی.

2-بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی ناوخۆ بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.

3-بەکارهێنانی دراوی ئەجنەبی بۆ بەهێزکردنی سەرمایە

2-پاراستنی مافی بەکارهێنەر(حق المستهلك)لە تەندروستی ژیان و باش کردنی بەرهەمی پڕۆژەکە(القوانین المرعیە)بەرامبەر(کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان)

6-دوای ئەزموونی گونجاو پەرلەمان پێداچوونەوەی ئەم یاسایە بکات, چونکە لێرەدا کەموکورتییەکان ڕەچاو دەکرێت, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز وەزیرە بەڕێزەکان.**

ئەو تێبینیانەی لیژنەی شارەوانی, دایتمانە لیژنەی یاسایی هەندێکانی جێبەجێ کراوە, بەڵام هەندێکیان بەخێرایی دەخوێنمەوە.

1-لە ماددەی دوو بڕگە(ج):بەعەرەبیەکەی نووسیتمان (ان یکون تنظیم الاسثمار بدلاً في هیئة الاستثمار).

2-لە ماددەی دووەم س 1 :الاقلیم عن طریق البنك فقط لان البنوك الجهة الرسمیة.

3-لە ماددە 3 فەقەرەی ك: اقترح استثناء التعلیم الابتدائیة والمتوسطة والاعدادیة من الاستثمار کون التعلیم الزامیة ومن مسئولیة الدولة.

4-له ماددەی 4 من الضروري ان تكون نسبة معينة للمستثمر العراقي.

5-له ماددەی 5 فەقەرەی ب: يكون التخصيص في المناطق الصناعية المخصصة من قبل وزارة البلديات.

6-له ماددەی 5 فەقەرەی ج: اقترح ان يكون التخصيص بعقد مدتها مدة نفاذ اجازة تأسيس المشروع.

7-له ماددەی 5 فەقەرەی د: يكون التخصيص بسعر رمزي وليس مجاناً.

8-له ماددەی 5 فەقەرەی و: لا يجوز للتحقيق بالقيام بمثل هذه الاجراءات حيث انهما من صلاحية وزارة البلديات في حالة وقوع الاراضي الزراعية داخل التصميم الاساسي للمدينة تقوم الوزارة المختصة بطلب اطفائها وتسجيلها باسم البلدية ا المعينة.

9-له ماددەی 5 فەقەرەی ز: من الضروري الغاء الفقرة بالكامل لعدم وجود تحقيق المنفعة العامة فيها بل يكون باباً لتحقيق المنافع الفردية والتجاوز على حقوق المواطنين لان المواطن احق باستثمار ملكه من الغير.

10-له ماددەی 6 فەقەرەی د: اقترح ان تكون النسبة لا تزيد عن 10٪ من قيمة المكائن والمعدات حيث ان نسبة الاندثار في ا لمكائن والمعدات10٪ سنوياً.

11-له ماددەی 6 فەقەرەی ز: اقترح ان تكون لكل مشروع(تقدير حاجة سنوية) من المواد والمعدات.

12-له ماددەی 8 فەقەرەی ب: اقترح ان يكون استخدام العمالة الاجنبية بنسبة معقولة لا يزيد عن 30٪ من المجموع, وانما جاء في المادة تؤدي بطالة في الاقليم.

13-له ماددەی 8ی فەقەرەی ج: يسمح للمستثمر الاجنبي ان يحول جزء من ارباحه و فوائد راس ماله لا يتجاوز نسبة 75٪ والباقي لتطوير ا لمشروع ولسد الخسائر في السنوات القادمة ان وجد.

14-له ماددەی 8 فەقەرەی د: يتم التحويل مستحقات للعامل الاجنبي وفق عقود مبرمة بينه وبين المستثمر وحصته من قبل كاتب العدل.

15-له ماددەی 8ی فەقەرەی ه: اضافة العبارة التالية(بعد الاعلان عن التصفية ولمدة 90يوماً على الاقل ليتسنى لاصحاب الحقوق مطالبة حقهم من المستثمر.

16-له ماددەی 8 فەقەرەی و: اقترح ان يكون فتح حساب لدى احدى المصارف في الاقليم فقط, على ان هذه الفقرة مكرر مع الفقرة ح من هذه المادة.

17-له ماددەی 11ی فەقەره أ : اقترح ان يكون اسم الهيئة(الهيئة تنظيم الاستثمار) كون مهمة الهيئة تنظيمية وتخطيط وارشادية وليست مستثمرة.

18-له ماددەی 11 ی فەقەره ج: اقترح ان فروع الهيئة في المحافظات الاقليم فقط.

19-له ماددەی 13 ی فەقەرەی ب: اقترح اضافة كلمة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

20-له ماددەی 17 فەقەرەی 1 أحد نواب رئيس الهيئة عن غيابه.

21-له ماددەی 17 ی فەقەره دووەمی ب: الموافقة عن خطط وبرامج نشاط الهيئة في اطار الخطة العامة للاقليم من قبل برلمان.

22-له ماددەی 17ی فەقەره 2 ی د: النظر في المركز المالي للهيئة والموافقة على مشروع ميزانيتها السنوية من قبل برلمان.

23-له ماددەی 17ی فەقەره 2ی ه:اقترح الغاء الفقرة بالكامل لان الهيئة جهة منظمة وليست مستثمرة ولا شركة.

24-له ماددەی 18 فەقەره ب: اقترح الغاء الفقرة لان للهيئة ميزانية عامة مخصصة من قبل الحكومة.

25-له ماددەی 18ی فەقەره ب: اقترح ان يكون البت خلال مدة 15 يوماً للابتعاد عن الروتين حيث يتم الان تسجيل الشركات والمشاريع الاستثمراية خلال ساعات في الدول المجاورة.

26-له ماددەی 19 اقترح اضافة فقرة في نهاية المادة 19 على النحو الاتي:

ح- على الهيئة اعداد خطة سنوية للمشاريع الاستمرارية والاعلان عنها عن طريق وسائل الاعلام لاطلاع المستثمرين عليها.

27-له ماددەی 20: اقترح ان يكون حل المنازعات (بطرق ودية او التحكيم او المحاكم في الاقليم فقط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك رشاد بۆ موفتەرەحەکەت, تکا لە لیژنەی یاسایی دەکەم, لەگەڵ هەر لیژنەیەك دابنیشن, لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی پیشەسازیش, کە موفتەرەحیان هەیە, بۆیان باس بکەن, فەرموو, کەواتە پێش ئەوەی دەست بەکار بین, بۆ موناقەشەکردنی مادده بە ماددەی موفتەرەحەکە, دەمەوێت هەندێ روونکردنەوە بکەم, یەکەم ئەم پڕۆژەیە, پڕۆژەیەکی یەك جار گرنگە لە کوردستانی عێراقدا, تەئیسیرێکی زۆری دەبێت لەسەر ئابووری کوردستان و, دابەش بوونی کار بۆ ئەوانەی بێ کارن, هێنانی موستەسمیری ئەجنەبی کە بەشداری بکەن لە بووژاندنەوەی ئابووری و پێخستنی کوردستان, دیارە ئەم مەسەلەیە تازە نییە, چەند ساڵە محاوەلە دەکرێت بەتایبەت پاشی رووخانی رژێمی بەغدا, و لە ئیدارەی سلێمانیش ئەو قانونە هەبووە لەوێندەر, بەشێك بووە لەو موفتەرەحەی کە ئێستا هەیە, داوا کرایە کە بکرێتە قانون, چەند مانگ پێش ئێستا پڕۆژەی ئیستیسمار لەلایەن ئیدارەی سلێمانی بۆمان هات, لەلایەن ئیدارەی هەولێریش بۆمان هات, درا بە لیژنەکانیش, داوا کرایە کە تەعامول نەکەین بە دوو بودجەی جیاواز, دوایی کە کابینەی پێنجەم دانرا, ئەم پڕۆژەیەی کە لەبەر دەستتان دایە, لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرایە, هەمووشتان دەزانن ئەم کابینەیە کابینەیەکی خراپ نییە, ئەم پڕۆژەیە لەلایەن حکومەتێك هاتیە, کە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانە, لێرەش لە پەرلەمان لەلایەن لیژنەی یاسایی دیراسەتی هەموو لایەنێکی کردووە, پێشی ئەو پڕۆژەیە دابێتن, تەبعەن ئەو مەسەلەیە زۆر تاوتوو کراوە, موتابەعەمان کردووە, لە بەغداشدا پڕۆژەیەکی وا هەبوو, لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, ئەندامانی پەرلەمان موتابەعەیان کردووە, چونکە پەیوەندی بە ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە, سەقافەتێکی باشی لێ وەردەگرین, ئێمەش لێرە دیراسەتی ئەو پڕۆژەمان کردووە, بەمن و کاك فرسەت و ئەندامانی پەرلەمان هەموویان ئەو پڕۆژەیە بخوێننەوە و, بەشدار بن لەو کۆبوونەوانەی کە دەکرێت و, کرا, لەگەڵ پسپۆڕان و بۆیان شەرح بکەن چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتر بکەن, هەندێ ئەندامی شارەزا لەگەڵ شئونی قانونی و ئیداری لێرە دانیشتوون, بە سەتەلایت و تەلەفزیۆناتی هەرێمدا بە تێروتەسەلی باسیان کرد, مەفروزە ئەو ئەندامەی مەعلومات وەربگرێت و سوودی لێ وەربگرێت, بێجگە لەوەش ئەو لیژنانەی کە دیراسەتیان کردووە و, لیژنەی قانونی و ژمارەیەکی ئەندامی پەرلەمان, ئەو ئەندامانە بە تێرۆتەسەلی موناقەشیان کردووە, هەروەها لیژنەی ئابووری و لیژنەی پیشەسازی لیژنەی کشتوکاڵ, ئەگەر تەماشا بکەین 70 ئەندامی پەرلەمان بە ئینصافەوە ئەو پڕۆژەیان موناقەشە کردووە, لەراستیدا هەر پڕۆژەیەك کە دێتە ئێرە, ناکرێت هەر 111 بەهەمان موستەوا بەشداری بکەن لە موناقەشە, سەقافەیەکی عامم هەیە, لە ناحیەك کە هەریەکە ئیختیصاصی خۆیتیان, باسی رۆشنبیری بێت, پەیوەندی بە رۆشنبیری بێت, لیژنەی رۆشنبیری بە دەرەجە یەك, ئینجا ئەوانەی کە شارەزان دەتوانن قسەی لێ بکەن, ئینجا لەوانەی لیژنەی کشتوکاڵ بە هەمان شێوە لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری هەمان رەئییان هەبێت, وەکو یەك مەعلوماتیان هەبێت, وەکو یەك بتوانن موناقەشە بکەن, ئەو ئەندامەی کەوا ئەو مەوزوعەی باسی نەکردبێتەوە عەکسی رەئی وی بێت, عەکسی نییە, هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەهەمان مستەوا بتوانێت موناقەشە بکات, ئەو ئەندامەی کە قسەی خۆی تەواو کرد, دواتر مادده بە مادده کە خوێندمانەوە دیسان لێرەدا حەددی ئەدنای ئەو رەئیەی کە داویەتی دەنگی لەسەر بدەین, لێرەدا کۆتایی پێدەهێنم.

ئێستا ئێمە دوو هەنگاومان لە پێشە, پڕۆژەیەکە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە, ئەو پڕۆژەیە پێشتر خوێنرایەوە تەعدیلاتی تێدا کرا, لیژنەی قانونی موراعاتی ئەو تەعدیلانەی تێدا کرد, خۆشیان موفتەرەحیان هەیە, لیژنەی داراییش ئیقتیراحیان هەیە, پیشەسازیش مولاحەزاتی هەیە و, کشتوکاڵیش مولاحەزاتی هەیە, جا من داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم, مادده بە مادده بەعەرەبیەکە و بە کوردیش بخوێننەوە, ئینجا چ موفتەرەحی هەیە, دواتر ئەگەر موفتەرەحی لیژنەی ئابووری لەسەر ماددەکە, پاشی ئەوە ئەو ئیستیمارەی کەوا تەوزیعمان کردووە لەسەر ماددەکە, هەر کەسێك کە دەیەوێت قسەی لەسەر بکات, با دەستی بەرز کاتەوە, تا رەئیەکەی عەرز بکەین, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وابوو لەو مانگەی دادێ, ئەو مانگە عوتڵەی پەرلەمانە, تەسەورمان نەکرد ئەو جەلسەیە ئەو مانگە تەرح بکرێت, لەبەر ئەوە ئێمە نە ئیستیمارەکەمان تەسلیم کردیە, نە لە لیژنەی یاساییش ئامادە بووینە, لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە بە زمانی کوردیش بە تەواوی ئامادە نەبوو, ئەمڕۆش لە سەعات 12 و نیوەوە چاوەڕێین کە مسوەدەی زمانی عەرەبیەکەش تەواو بێت, لەبەر ئەوە نازانین ئەو عەجەلەیە چییە؟ ئەو مانگە عوتڵەی پەرلەمانە, بەڕاستی حەقە ئەندامانی پەرلەمان هەمووی موناقەشەیەکی باشی لەسەر بکەین, داوا دەکەین ئەو پرۆژەیە دوا بخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە حەقیقەت ئێمە نەمان ووتوە لە جەلسەی داهاتوو کۆتایی پێدێت, ئەگەر ئیجاب بکات, کۆبوونەوەی نائاسایی دەکەین, عوتڵەکەمان تەئجیل دەکەین, بەلاَم ئەوە قەت ناکرێت کە بەو جەلسەیە یان بە جەلسەیەکی تر تەواو بێت, ئەوە یەك, دوو, ئەو ئیستیمارەیە ئەوە هەشت رۆژە تەوزیعی سەر ئەندامان کراوە, ئەی باشە لیژنەی قانونی ئەو راپۆرتە دوانزە لاپەرەیەی چۆن تەقدیم کردووە, هەروەها لیژنەی ئابووری و, لیژنەی کشتوکاڵ, کەواتە لەزووەوە خوێندوویانەتەوەو, بۆیەش زوو تەقدیم کراوە, بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان پرس بە پسپۆڕ بکات, نوقاتی خۆی کۆبکاتەوە رەئی خۆی لەسەر تەقدیم بکات و, بیداتە سکرتاریەتی پەرلەمان, بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکات, لەبەر ئەوە هەموو ئەندامێك مولزەم نییە کە لەسەر هەموو خاڵەکان قسە بکات, تەنها ئەو خاڵەی کە نووسیویەتی لەسەر ئەو خاڵە قسە دەکات, ئیشی تەرجوومە کردنی ئەو پرۆژەیە لەلایەن لیژنەی قانونی جێبەجێ دەکرێت, لەوەی کە تەعدیلاتی حکومەتی تێدا نووسرایە, ئەی ئەو تەعدیلاتەی ئێمە لەلایەن چییەوە هاتیە؟ لەلایەن ئەو یازدە لیژنەیەی کە دامان ناوە, حکومەتیش وەکو ئێمە هەریەکە لەبەینی خۆیان کۆبوونەوەیان کردووە, رئییان لەبەینی خۆیان ئاڵوگۆڕ کردیە, ئەوانیش تەعدیلاتی ئیزافیان پێشکەش کردیە, تەبیعییە, لەبەر ئەو من پێم وا نییە کە ئەو پەلەی لێکراوە, لە کاتێکی زۆر باشدا کراوە, تەنها هەندێك کەموکورِی نەبێت, لەسەر تەرجوومەکەی بۆ کوردی, حکومەتیش یەکەم جارە بە موەحدی پرۆژە پێشکەش دەکات, ئەگەر تەماشای بکەین, ئەوە یەك ساڵە ئەو پرۆژەیە تاووتووی لەسەر دەکرێت, جەرائید لەسەری دەنووسێت, لە کۆبوونەوەکاندا باسی لەسەر دەکرێت, ناکرێت ئێمە هەموو جارێك لەبەر ئەوەی کە کەموکورِیەك هەیە لە پرۆژەکە, هیچ پرۆژەیەك بێ کەموکورِی نایەت, پرۆژە هەیە زۆر بە کاملی دێت, هەیە کەموکورِی تێدا هەیە, ئێمەش لەبەر ئەوەی پەرلەمان ئەوە ساڵێکە بەدەوری خۆی هەڵنەستاوە, ئەو قانونە قانونێکی گەورەیە, خۆتان دەزانن چەندین وەفد هاتوون بۆ ئێرە, یەکێك لە تەوەرەکان کە ئیلحاحیان لێ کردووین کە ئەو قانونە کەی دەردەچێت؟ ئەمەریکی هاتووون, بریتانی هاتوون, عەرەب هاتوون, ئەڵمانی هاتوون, ئیتاڵی هاتوون, هەموویان لەوە دەپرسن کە ئەو قانونە کەی دەردەچێت؟ وتومانە کە ئێمە چاوەڕێ دەکەین کە حکومەت تەشکیل بکرێت, ئەوە نزیکەی دوو مانگە حکومەت تەشکیل کرایە, لەبەر ئەوە ناکرێت تەئجیل بکرێت, زانیمان هەمووومان پێکەوە بووین, ئەوە تەواوی دەکەین, ئەگەر نا سبەی تەواوی دەکەین, و دەتوانین عوتڵەکەمان چەند رۆژێك دوا بخەین, هەفتەیەك دوا بخەین و, بۆ هەفتەی داهاتوودا زیاتر موناقەشەی لەسەر بکەین, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیستیمارەکان داوا لە بەڕێزتان دەکەین, کە فەقەت لەسەر ئەو خاڵە نەدوێن کەنووسیومانە, چونکە لەکاتی موناقەشە کردندا بیروبۆچوونی وا دروست دەبێت, بەلاَم ناتوانیت قسەی لەسەر بکەی, من ئێستا مەجموعەیەك تێبینیم هەیە, بەلاَم لە ئیستمارەکە تەقدیمم نەکردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشتر لە کۆبوونەوەی یەکەم ئیقتراحمان کرد قەراری خۆتان بوو, ئیستیمارەکەمان تەوزیع کرد, لەوێ بمان وتبایە کە ئێمە با ئەم ئسلوبە نەهێڵین, بەلاَم ئێستا کە ئیستیمارە تەوزیع کرا, بڵێن ئەو ئیقتیراحە قەبووڵ نییە ناکرێتن, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ, مەرج نییە ئەندام ئەگەر داوای قسە بكات, بە پێی پێڕەوی ناوخۆ بۆی هەیە, لە جەلسە ئەویش لە ڕێگای جەنابتانەوە بە تەسەلسولی ناوەكانیان قسە بكات, شەرتیش نییە ئەوەی لەناو ئیستمارەكە هەبێت و, قسە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕیئاسەت دەزانێ و, دەسەڵاتی ڕیئاسەتە, یەك لە ئسلوبەكان لە كۆبوونەوەی پێشوودا ڕیئاسەت لەگەڵ ئێوەدا باسی كرد, وتی ئسلوبی كۆبوونەوەی داهاتوومان بەم شێوەیە دەبێت, ئیستیمارە تەوزیع كرا, لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیارمان دا هەركەس و لەسەر ئەو خاڵە قسەبكات, كە ئیعترازی هەیە, لەبەر ئەوەی ئەو جەلسەیە وەكو نیزامی داخیلی نییە, فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی ئەو برادەرانە دەكەم, ئەو مەسەلەیە نەخراوەتە دەنگدان, كە موافەقەت كراوە یان نا, ئێوە بۆ خۆتان قسەكتان كردووە باستان كردووە, كەچی ئیستیمارەكمان بۆ هاتیە كە ئەو ئیستیمارە هی مەعلوماتی شەخصییە, ئەوە ئیستیمارەی پرسیارە و, بەڕاستیەكەش ئەگەر وابێت, ئێمە ناتوانین قسە بكەین, ئێمە جگە لەوەش ئێمە نازانین مەسەلەكە چییە, پێش ئەوەش یەعنی گوێمان لێ بوو, دەڵێت سبەینێ تەواو دەبێت, ئێوە وەكو ئەوەی بڕیارتان دابوو, سبەینێ جومعەیە, ئێوە خۆتان مەسەلەكان عەجەلەی تێدا دەكەن, من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم, ئێمە پێمان وایە ئەندامانی پەرلەمان بە تێكرایی دەنگ كە پەلەی لێ بكەین و, زۆر زەرورییە كە شەریكاتی ئەجنەبی و ئەوروپی ئیش بكەن بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان, ئەگەریش نا دەرفەت بدەین بۆ ئەندامی پەرلەمان با حەقی خۆیان بدەن مراجەعەیان پێ بكەین و, قانونێك دەربكەین بۆ خزمەت كردنی خەڵكی كوردستان, نەك دوایی شتێك بكەین و, دوایی لێی پەشیمان ببینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێك ئەوانە هەموویان دانیشتوون, كەس نەیگۆتیە با بۆ مانگێك تەواو بێت, ئێمە باسی ئەوەمان نەكردووە, ئەوە قسەی خۆتە, ئێمە وتمان ئەگەر تەواو نەبوو, دەتوانین عوتڵەكەمان دوا بخەین, ئەگەر نا جەلسەی نائاسایی دەكەین, بەڵام كە پڕۆژەكەتان هێناوتە پێشەوە, ئێمە باسمان كرد, هەموو شتێكیش ناخرێتە دەنگدانەوە, كە كەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوە نییە, مانای وایە ڕازین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من, ئسلوبی جەلسە لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆكایەتییە, ئەوە یەك, دوو, تەنزیمی بەڕێوەچوونی ئیشوكاری ناو جەلسە لە دەسەڵاتی سەرۆكایەتییە, سێ, بە قەناعەتی شەخصی خۆم ئێمە بەردەوامین لەسەر موناقەشەكان, ئێوە باشترە كە عوتڵەكەمان لێ قەتع بكرێت لە ناوەڕاستدا لە پانزە ڕۆژی تر, ئێستا ئەگەر بەدەوام بووین ئەگەر چوار یان پێنج ڕۆژی خایاند, لەوانەیە تەواو دەبێت, باشترە, زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرەی داوا دەكات, كە ئەو یاسایەتاخیر بێت, بەڵام بە تەئكید شتێك ئەگەر مقوماتی ئەساسی بوو بۆ ئیستیسمار جوابتان دەدەینەوە, لە كوردستانی ئێمە بەداخەوە زۆر لاوازە, یەك لەوانە نەبوونی تەشریعاتی پێویست بۆ جێبەجێ بوونی یاساكە, كە بەڕاستی مەفروزە ئەو تەشریعاتانە بكرێت, ئینجا بێیت یاساكە تەتبیق بكەی, لەوانە نەبوونی سیستەمی بەنزین لە هەرێمی كوردستاندا, كە لە ئاست ئەو گۆڕانكارییەدایە كە ئێمە پێویستمانە, دوو, نەبوونی شەریكاتی تەئمین, سێ نەبوونی یاسای زەرائیب و ڕسومات و, هەندێك دوویات دەكرێتەوە كە لەزمنی ئیختیصاصاتی

موشتەرەکن لە نێوان ئەقالیم و, حکومەتی ئیتحادیدا, بۆ نموونە کارەبایە, ئاوە, صیحەیە, فەنی و تەعلیمە, ئەمانە مەفروزە تەنسیق بکرێت, لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیدا, بۆ نموونە من نموونەیەك دەڵێم وەکو ئەساسی ئەمە لەسەر ئیعفائاتی گومرگی وزەریبییە, ئەو ئیعفائاتە بۆ ئاسان کردنی ڕێگا مستەسمری ئەجنەبی کە تەسهیلاتی ئەو مەوادە بکات کە لەرێگەی ئاوییەوە دێت, ئێمە ڕێگای ئاویمان هەیە بۆ نموونە لە بەسرەوە دێت, ئایا ئەو یاسایەی ئێمە لە دەرەوەی هەرێم کاری پێدەکرێت, کە ئێمە ئیعفامان کردووە لە گومرگ, دوو بەڕاستی یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ئێمە لاوازی بوونیەی تەحتی ئیستیسمارە, هەموومان دەزانین کە ئابووری ئێمە پاشڕۆیە, بونیەی تەحتی ئیستسمار لە وڵاتی ئێمە ئیعتیماد بکات لەسەر ئەو هۆکارە, بەڵام ئەوەی لای ئێمەوە زۆر گرنگە, کاری ئەمنییە کە بەڕاستی کاریگەری ئیجابی هەیە, لە کێشەی ئابووری هەر وڵاتێکدا, کە شتێکی جیهانی هەیە, بڵێی ئیستسماری سەرکەوتوو, ئەو ئیستیسمارەی کە بورصە دەردەکەوێت, ئێمە لە هەرێمی کوردستان بورصە موناسیبەکەمان هەیە, بەڵام یاسای پێویست و تەشریعاتی پێویست نییە, بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم, یاساکە ئەگەر چەند ڕۆژێك دوا بخرێت, ئەو تەشریعاتانەی کە پێویستە بۆ ئەو یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا, بەڕاستی یان سەرلەنوێ موصادەقەیان لەسەر بکرێتەوە, بۆ نموونە یاسای تەئمین لە بەغدا دەرچووە, یاسای زەرائیب لە بەغدا دەرچووە, یاسای بنوك ئەویش لە بەغدا دەرچووە, ئێمە تا ئێستا لە سلێمانی لە هەولێر جۆرێك کەموکوڕی هەیە لە بەکارهێنانی یاساکاندا, ئەو یاسایانەی کە لەلایەن بریمەرەوە جێبەجێ کران, جۆرێك لێرەو لەوێ, بۆ نموونە یاسای زەریبە لە سلێمانی کە بەکاردەهێنرێت, یاسا کۆنەکە کاری پێدەکرێت, لە هەولێرو لە بەغدا و شوێنەکاتی تر بە یاسای بریمەر, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم, ئەو کێشەیەش چارەسەر بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام ئەو هەموو شتە بەساڵێکیش تەواو نابێت, بەڵام هەر پڕۆژەیەك کە دێتە پێشمان لیژنەی قانونی تەماشای دەکات, یەکەم ئەو صیغەیەی کە ئیقتیراح دەکات, دەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێت, بۆ ئەوەی سبەینێ گلەییمان لێ نەکرێت, دوو, لەگەڵ دەسەڵاتی خۆمان بین, لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایەش, ئەو شتانە لەبەر چاو گیراوە بەڕاستی, بۆیە با دەست بەکار بین, مادده بە مادده موناقەشەی دەکەین, دواتر لە کۆتایی جەلسەدا بڕیاردەدەین چەند ڕۆژێك, عوتڵەکەمان دوابخەین, یاخود چەند کۆبوونەوەیەکی نائاسی داوا دەکەین, فەرموو کاك شێروان بە عەرەبی بیخوێنەوە, دواییش بە کوردی, ئینجا موقتەرەحاتی لیژنەکان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی یەکەمتان بەزمانی عەرەبی بۆ دەخوێنمەوە.

المادة الاولى: يسمى هذا القانون بقانون الاستثمار في اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

ئەم یاسایە بە ناوی(یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان), ناو دەبرێ.

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە لیژنەی یاسایی ئیقتراح دەکات, ماددەکە نەمێنێتەوە, ببێتە عنوانی قانونەکەی و, هەروەها بەزۆرینەی دەنگ بگۆڕێتەوە بەناوی (قانون تشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان), لەجیاتی (قانون الاستثمار في الاقليم كوردستان), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژەنەکانی تر هیچ قسەیان هەیە, کاك جمال شمعون داوای قسەی کردیە, فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی یەکەم داوای قسەم نەکردیە, بەلأم لەسەر ماددەکانی تر, داوام کردیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, د. رۆژان نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەکەم, کە پێم باشە وشەی تشجیع بگۆڕین بە وشەی (تنظیم), لە کوردیەکەش هاندان بەم شێوەی ڕێکخستن, مەبەست لەدەرکردنی هەر یاسایەك ڕێکخستنی ئەو بوارەیە کە یاسایەکە باسی دەکات, ئێمەش باسی هاندان دەکەین, باسی ئیستیسمار دەکەین, لە ئەنجامی ڕێکخستنەکە دەگەینە ئەو هاندانەی کە مەبەستتە, لە ئەسباب موجەبەش دەتوانین زیاتر تەوزیحی بکەی, یەعنی (قانون تنظیم استثمار), زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئیستیمارەمان تەقدیم نەکردیە, کەواتە ناتوانین قسە بکەین, کە قسە نەکەین, تەواجوودمان ئەگەر مەوجوودیش نەبین, تەبعییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە کە ئیستمارەتان تەقدیم نەکردیە, خەتای ئێمەی نییە, خەتای خۆتانە کە ئیستیمارەتان تەقدیم نەکردیە, بۆ ئەوانی تر نووسیویانە, بۆ ئێوە نەتان نووسیوە, لەبەر ئەوەی مەسئولیەتەکە خۆتان هەڵی دەگرن, بەرەئی من ئەو ببێتە بنەمایەك بۆ تەنزیمی هەندێ مەسائیل, هەندێ قەوانین هەیە وەختی هەیە, کراوەیە, بەلأم ئەوە زۆرە بە دوو مانگیش تەواو نابێت, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە جەلسەی یەکەم, هەمووی خلاس نابێت, ماددە بە ماددە, ئەگەر سبەش ئەو ئیستیمارانە کۆبکرێنەوە لەسەر ماددەکانی تر وەبگیرێتن, ئاسایی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە باشە, ئێستا ئێمە دەتوانین چەند ماددەیەك بخوێنینەوە, ئەوە هەمووی تەواو ناکرێت, تەنها دوو سێ ماددە نەبێت, ئەوانی تر چ سبەی قەرارمان دا؟ ئیستیمارەکان هەیە لاتان دابەش کرایە, لەسەر کام ماددە بتوانن قسە بکەن, دەتوانن سبەی پێشی کۆبوونەوەکە, یان دووسبەی یان ڕۆژی دووشەم, بەلأم ئسلوبەکە وابێت, بڕواتن, یەعنی ئێمە ناتوانین قەرارێك بدەین و پەشیمان ببینەوە, جێبەجێی بکەین, یەعنی قەرارێك هەبێت, دەبێت جێبەجێی بکەین, کاك طلعت قسەت هەبوو, فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر قسەکانی ئەو بەڕێزانە کە جەنابت لەناو کۆبوونەوەکاندا, ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, لەبارەی پرسیار وبۆچوون, جەنابت تەفصیلت دا, ئەگەر لەکاتی پرسیارەکاندا شتێك هاتە پێشەوە, مەفروزە پرسیار بکەین, مەبەستم ئەوەیە, ئەگەر لەکاتی پرسیار ئەو برادەرانەی مادام حەڵ کرا, بەلأم ئەگەر حەڵ نەکرا, ئەوانە لەکاتی پرسیارکردن, شت هاتە گۆڕێ, ئەوانەی نەشیان پرسییە؟ حەقی پرسیار کردنیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت لە برا وەزیرەکانە, وەزیرەکان میوانن و, حەقیان هەیە قسان بکەن.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر مەبەستم ئەوەیە, جەنابت دیفاعت لەوەی کرد, کە لەکاتی پرسیار کردن لە وەزیرەکان ئەگەر شتی نوێ هاتە پێشەوە, بۆمان هەیە, پرسیاریان لێ بکەین, لە زیمنی حدودی خۆیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێکی ترە, ئەگەر بانگهێشتی وەزیرێکمان کرد, بێگومان بانگهێشت نییە, ئەوانە میوانن. فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە, ئایا ئەوەی کە باستان کردووە لە کۆبوونەوەی پێشتر من لێرە نەبووم, ئایا خراوەتەوە دەنگەوە, ئەو سیستەمەتان داناوە بە پێی ئەو فۆڕمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگی ناوێت, شتێکی تەنزیمی ئیدارییە, سەرۆکایەتی قەراری پێدەدات, عەرزی ئێرەش کرا, کەسیش ئیعتیرازی نەگرت, ئیستیمارەکانیش تەوزیع کران, ئێستاکە ئاخیر لەحزە, ئێمە بەو دەقیقەیە ناتوانین پەشیمان بینەوە لە قەراری خۆمان, ئەو ئیقتیراحەی کاک کریم قبوڵ نییە, لەوانەی ئەمڕۆ ئەو شتانەی ئاسان بن تەواوی بکەین, سبەینێ لە ئیستیمارە هەیە, کێ دەیەوێت قسە بکات, لەسەر هەر ماددەیەك, حەز دەکات با لەسەر بیست ماددە قسان بکات, بۆ من ئاسان ترە, زۆریان لێم عاجزن دەستیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی قسە بکەن, من نایانبینم, بەلاَم بە گوێرەی ئەو ئیستیمارەیە هەر کەسێ بە حەقی خۆی قسان دەکات, نوقتەی نیزام کێ هەیەتی, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستەکە لێرە, سیستەمی ئەوە بۆ ئەم جەلسەیە نایەتە سەر ئەو قانونە, ئایا ئەمە ئیتر ساری مەفعولە بۆ هەموو جەلسەکان, دەبێت ئەم فۆرمە پڕبکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو یاسایانەی زۆر هەڵدەگرێت بۆ موناقەشە, هەندێ یاسا هەیە, مومکینە بە دە دەقیقە تەواو دەبێتن, پێویست ناکات بە ئیستیمارە و شتی وا, لەبەر ئەوە ئەو نەوعە یاسایانە سەرۆکایەتی ئیختیاری دەکات, بەو تەریقەیە, ئەگەر یاسای ئیستیسمار تەوزیع بوو, یەعنی بە ڕێگای ئیستیمارەیە, تەریقەیەکی ئیدارییە, ئەگەر ئیستیمارە تەوزیع نەبوو, یەعنی پێویست ناکات.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی زۆری لە ئەندامان پێی رازی نینە, ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە, وەك خۆم یەکێکم لەوانەی کە فۆرمی تەقدیم نەکردووە, چونکە باوەڕم بە مەبدەئەکە نەبوو, پێم وا نییە پێش وەخت کە دەبێت تۆ ئیلا باسی ئەو نوقتەیە بکەی, زۆر جار هەیە, هەندێ نوقتە هەیە, لە ئەنجامی ئیش کردنی لیژنەی یاسای ئەو ماددانە نەماون, لەبەر ئەو چۆن دەتوانی پێش وەخت باسی بکەی, ئێمە کە لێرە دادەنیشین موناقەشەیە, بۆ نموونە تۆ رەئی نوێت بۆ دێت, لەبەر ئەوە من پێم وایە مەبدەئێکی باش نییە, حەقە ئێستا بخرێتە دەنگدانەوە, ئەگەریش نەخرێتە دەنگدانەوە شتەکە فەرز بێت, ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەوە مەبدەئێکی زۆر باشە و, قەراریشمان لێداوە, لەسەر رۆشنایی ئەو موناقەشاتانەی کە کرا, ئیقتیراحەکەی کاک کریممان پێ باشە, بۆ ئەم جارە فەقەت, لەبەر ئەوە حەقە هەندێ ئەندام حەقی خۆیەتی تەمسیلی

ئەو ئیجرائاتانەی نەکردووە, بۆیە پێم وایە ئەو ئیجرائەی کە هەیە باشترە, هەموو ئیستیمارەکانمان بۆ کۆبکەنەوە, سبەینێ هەر ئەندامێك قسەی لەسەر چ ماددەیەك هەیە لەناو ئیستیمارەکە بنووسێ, فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیانی عوتلەیە, بڕیارتان داوە کە بەیانی دابنیشین یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەکەوێتە قەراری دوای کۆبوونەوە, قەراری خۆتانە, ئێمە پێشنیار دەکەین, یان قەرار دەدەین یان قەرار نادەین, چەند ڕۆژێك عوتلەکەمان دوابخەین, یان قەرار دەدەین چەند کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەین و, تا سەرەتایی داهاتوودا چەند ماددەیەك موناقەشە بکەین, دەتوانین تەقدیرێکمان هەبێت, چەند ڕۆژێکی پێویستە بزانی چەند ڕۆژمان پێویستە بۆ ئەوەی عوتلەکەمان دوا بخەین بزانین بەچەند جەلسە تەواو دەبین, کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەین, چ ڕۆژی بۆ دابنێین دایدەنێین, بە هەرحاڵ با دەست پێبکەین باشترە, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە هیچ شك و گومانی تێدا نینە, کە جانابێتە ئیشارەتی پێ بکرێ, هەم پڕۆژەیە لەلای حکومەتێ هەرچەندە کەلیمەکە نەخۆشا بگۆترێ بەڵێ ڤێ حکومەتی ئەم پێکهاتێ سیاسێت و دیموکراتیەتێدا, دوێنێ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران جێگری ئەز دبەر ئیلحاحا ئەڤرۆی لە کوردستانی لەلای ئەنجومەنی وەزیران و جێگری هەمی شتێ حازر هاتنە زکر لە پێویستیەکا دەرچو ناشێ پڕۆژەیەك ڤی هەی, لەبەرگرنگیا پڕۆژەی مە لەلای لیژنەی یاسایی پەرلەمان, هەڵبژاردن لەسەر پڕۆژەی دەوڵەمەند بکرێ و نوقسانیەك هەیە, چ بکەین هەروەك لیژنا دارایی و جەنابێتە ئیشارەت پێ کری بەرەئی من ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکە ئەو کەسانەی پسپۆرێت بەرەئی لیژنەی یاسایش ڤە پڕۆژە هاتیە دەوڵەمەند کرد, ئەز بەگرنگ تر دەبینم مادام کوردستان زروڤ نووکەی میللەتی کوردستانێ پێویستیا کە ڤە پڕۆژە داوەتە لەحزەك, جەنابێتە وەکو سەرۆکی پەرلەمانێ مە, مەبەستا من رەئی برادەران نەهێنە دەنگ, بالعکس هەر کەسك رەئیا خۆ بێژە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند تر بێ پڕۆژە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ماددەی یەکەم ناوی ئەو قانونە قانونی ئیستیسمارە لە کوردستان پێشنیاری لیژنەی قانونی ئەوەیە تەشجیعی ئیستیسمار لە هەرێمی کوردستان, ئیقتیراحێکی تریش هاتووە (قانون تنظیم استثمار) لە هەرێمی کوردستانی, حەز دەکەین کوێ لە لیژنەی یاسایی بگرین لە تحلیلی تەشجیع بۆچی نییە؟

بۆچی تەنزیم نییە؟ ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

التعاريف

المادة الثانية:

تكون للكلمات والعبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبينة ازاءها أدناه:

أ-إقليم: اقليم كوردستان- العراق.

ب-الحكومة: حكومة إقليم.

ج-الهيئة: هيئة الاستثمار في إقليم.

د-المجلس: مجلس إدارة الهيئة.

هـ-الرئيس: رئيس مجلس إدارة الهيئة.

و-رئيس الهيئة: رئيس هيئة الاستثمار.

ز-رسوم الخدمات: الرسوم المفروضة مقابل الخدمات التي تقدم للمشروع من قبل الهيئة والجهات المختصة.

ح-المشروع : أي نشاط اقتصادي يقيمه شخص طبيعي أو معنوي على أرض مخصصة له و برأس مال محلي أو أجنبي تنطبق عليه أحكام هذا القانون والأنظمة والتعليمات الصادرة بمقتضاه.

ط-الموجودات الثابتة: الالات والاجهزة و المعدات واليات اللوازم والابنية والعدد المخصصة لاستخدامها حصراً في المشروع والاثاث والمفروشات ولوازم الفنادق والمستشفيات والمدن السياحية والجامعات والمدارس.

ي-الرسوم والضرائب: وتشمل جميع أنواع الرسوم والضرائب المقدرة بموجب قوانين سارية المفعول بما فيها ضريبة الدخل والعقار والعرصات والمبيعات، والرسوم الكمركية المقررة بموجب التشريعات النافذة.

ك- المستثمر: الشخص الطبيعي أو المعنوي الذي يستثمر أمواله في إقليم وفق أحكام هذا القانون سواء كان وطنياً أو أجنبياً.

ل- الجهات المختصة: تشمل جميع الجهات الحكومية المسؤولة عن القطاع الذي يتعلق بشؤون المشروع.

م- المال المستثمر: القيمة المقدرة بالعملة الأجنبية أو المحلية المستثمرة في المشروع.

ن- نقل التكنولوجيا: ترخيص وتحويل وبيع واستخدام حقوق الملكية الفكرية منها براءات الاختراع، العلامات التجارية، المعرفة الفنية، والخدمات الهندسية و الإدارية والتسويقية وما في حكمها.

س- رأس المال الأجنبي: هو ما يستثمره المستثمر من أموال نقدية أو عينية أو حقوق لها قيمة مالية في إقليم، ومن أهمها ما يأتي:

1-النقد المحول إلى إقليم عن طريق البنوك أو الشركات أو المكاتب أو أية طريقة أخرى بهدف استثماره لأغراض هذا القانون.

2-الموجودات العينية المستوردة مدفوعة التكاليف من خارج إقليم.

3-الأرباح والفوائد الناجمة عن استثمار رأس المال المستثمر في المشروع.

4-الحقوق المعنوية كالترخيص وبراءة الاختراع والعلامات والأسماء التجارية المسجلة في إقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێناسەكان

ماددەی دووەم:

ئەو وشەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون لە هەر كوێیەكی ئەم یاسایەدا ئەم واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.

أ-هەرێم: هەرێمی كوردستان-عێراق.

ب-حكومەت: حكومەتی هەرێم.

ج-دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

د-ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

هـ-سەرۆك: سەرۆكی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

و-سەرۆكی دەستە: سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان.

ز-ڕەسمە خزمەتگوزاریەكان: ڕەسمە سەپێنراوەكان بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی كە لەلایەن دەستەو لایەنە تایبەتمەندەكانەوە پێشكەش بە پرۆژەی دەكەن.

ح-پرۆژە: هەر چالاكیەكی ئابووری لەلایەن كەسێكی سروشتی یان مەعنەوی كەلەسەر زەوییەكی تەرخانكراو بۆ ئەو پرۆژەیە دابمەزرێ, بە سەرمایەكی خۆماڵی یان بیانی كە حوكمەكانی ئەم یاساو ڕێساو ڕێنماییانەی بەو پێیەوە دەرچووینە بەسەریدا پیادە دەكرێت.

گ- هەبووە جێگیرەكان: كەرەستە و ئامێر و میكانیزم و پێداویستیەكانی بیناو ئەو كەرەستانەی تەرخانكراون تەنها بۆ بەكارهێنانی لە پرۆژەكەدا و كەل وپەل و رایەخ و پێداویستیەكانی میوانخانەو نەخۆشخانە و شارەكانی گەشت و گوزار و زانكۆ و قوتابخانەكان.

ی-ڕەسم و باجەکان: هەموو ڕەسم و باجەکانی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان خەملێندراون, لەوانەش باجی دەرامەت و خانووبەرە و زەوی وزارە فرۆشراوەکان و ڕەسمەکانی گومرگی کە بە پێی یاساکانی کارپێکراو داندراون.

ك-وەبەرهێنەر: کەسی سروشتی یان مەعنەوی کە سامانەکەی چ نیشتمانی بێ و بیانی لە هەرێمدا بە پێی یاسایە وەبەردێنێ.

ل-لایەنە تایبەتمەندەکان: هەموو لایەنە حکومیەکان دەگەرێتەوە کە بەرپرسن لەو کەرتەی پەیوەستە بە کاروباری پرۆژەکە.

م-سەرمایەی وەبەرهێنراو: نرخی خەملێنراو بە دراوی بیانی یان نیشتمانی کە لە پرۆژەدا وەبەهێنراوە.

ن-گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا: ماوەدان و گواستنەوەو فرۆشتن وبەکارهێنانی مافەکانی موڵکیەتی هزری لەوانە بڕوانامەی داهێنان, نیشانە بازرگانی یەکانی, هونەرناسی, خزمەتگوزاریی ئەندازەیی و کارگێڕی و بازاڕکاری و ئەوانەی لە حوکمیاندان.

س-سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە یان شتومەکەیە مافانەی کە نرخێکی داراییان لە هەرێمدا کە وەبەرهێنەر وەبەریان دەهێنێ, گرنگترینیان ئەمانەن:

1-دراوی گواستراوە بۆ هەرێم لە ڕێگەی بانك, کۆمپانیا یان نووسینگەکان یان هەر ڕێگەیەکی دیکەوە بە ئامانجی وەبەرهێنانی بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

2-ئەو هەبووە عەینیانەی هاوردەی کە پێشتر ئەو تێچوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا دراوە.

3-ئەو قازانج و سوودانەی کە لە وەبەرهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی سەرمایەی وەبەرهێندراو لە پرۆژەکەدا پەیدا بوون.

4-مافە مەعنەوییەکان وەکو ڕێگەپێدان و پڕوانامەی داهێنان و نیشانەکان و ناوە بازرگانیەکانی لە هەرێمدا تۆمار کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی قانونی لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز کمال عونی سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً:

اللجنة القانونية بعد ان استعان بالخبراء و المختصين, في هذا المجال ان اللجنة القانونية ترى تبديل التعابير التي وردت في اصل المشروع بالنسبة للتعاريف حيث تم تغيير تسلسل المصطلحات التعريفية الواردة في المادة الثانية من المشروع تناغماً مع اهمية التعريف في الموقع الذي ينبغي درجه فيه و تبديل عنوان ادارة الهيئة الى (المجلس الاعلى للاستثمار) و حذف (رسوم الخدمات) و (نقل التكنلوجيا) من ضمن التعاريف وكذلك حذف التسلسلات (4,3,2,1) الواردة ضمن تعريف (رأس المال الاجنبي) وتقرا المادة شكلاً و مضموناً كالآتي :

**الباب الاول**

**الاحكام العامة**

**الفصل الاول**

**( التعاريف )**

المادة الاولى:

**يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:-**

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2-الحكومة: حكومة الاقليم.

3-المجلس: المجلس الاعلى للاستثمار.

4-الرئيس: رئيس المجلس الاعلى للاستثمار.

5-الهيئة: هيئة الاستثمار في الاقليم.

6-رئيس الهيئة:رئيس هيئة الاستثمار.

7-المشروع: اي نشاط اقتصادي يقيمه شخص طبيعي او معنوى على ارض مخصصة له وبرأس مال كوردستاني او وطني او اجنبي تنطبق عليه احكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بمقتضاه.

8-الموجودات الثابتة: الآلات والاجهزة والمعدات والاليات واللوازم والابنية و العدد المخصصة لاستخدامها حصراً في المشروع واثاث ومفروشات ولوازم الفنادق والمستشفيات والمدن السياحية والجامعات والمدارس والمرافق الاخرى.

9-الضرائب والرسوم: وتشمل جميع انواع الضرائب والرسوم المقررة بموجب التشريعات النافذة.

10-المستثمر: الشخص الطبيعي او المعنوي الذي يستثمر امواله في الاقليم وفق احكام هذا القانون وطنياً كان ام اجنبيا.

11-الجهات المختصة: تشمل جميع الجهات الحكومية المسؤولة عن القطاع الذي يتعلق بشؤون المشروع.

12-المال المستثمر: القيمة المقدرة بالعملة الوطنية او الاجنبية المستثمرة في المشروع.

13-رأس المال الاجنبي: هو ما يستثمره المستثمر الاجنبي من اموال نقدية او عينية او حقوق لها قيمة مالية في الاقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی بەزمانی كوردی دەخوێنێتەوە.

سەبارەت بە دابەشكردنی یاساكە بۆ دەروازە و بەش و ڕێكخستنی ڕێزبەندی مادده و بڕگەكان, بەم جۆرەی خوارەوە ڕێكخراون, دوای ئەوەی كە بە پەسندی زانی هەندێ لەو زاراوانەی لە ماددەی دووەمی پڕۆژەكەدا هاتوون, سەبارەت بە پێناسەكانی بگۆڕدرێت, بە (ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان) و لابردنی زاراوەكانی(ڕەسمی خزمەتگوزارییەكان) و (گواستنەوەی تەكنەلۆجیا) لە نێو پێناسەكان و لابردنی زنجیرەكانی (4,3,2,1), بۆ پێناسەی(سەرمایەی بیانی), ئینجا ماددەكە بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

**دەروازەی یەكەم**

**حوكمە گشتیەكان**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی یەكەم:

ئەو وشەو دەستەواژانەی خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.

1-هەرێم: هەرێمی كوردستان – عێراق.

2-حكومەت: حكومەتی هەرێم.

3-ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

4-سەرۆك: سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای وبەرهێنان.

5-دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

6-سەرۆكی دەستە: سەرۆكی دەستەی وبەرهێنان.

7-پڕۆژە: چالاكیەكی ئابووریە كەسێكی سروشتی یان یاسایی دایدەمەزرێنێت, لەسەر زەوییەكی تەرخانكراو بۆی, بە سەرمایەكی نیشتمانی یان بیانی و حوكمەكانی ئەم یاسایەو ئەو پەیرەو ڕێنماییانەی بە گوێرەیەوە دەرچوون, لەسەریان پیادە دەكرێن.

8-هەبووە جێگیرەكان: ئامێر و دەزگا و كەرەستە و مەكینە و پێداویستیەكانی بیناو ئەو كەرەستانەی تەرخانكراون بۆ بەكارهێنان تەنها لە پڕۆژەكەدا كەل وپەل و رایەخ و پێداویستیەكانی میوانخانە و نەخۆشخانە و شارەكانی گەشت و گوزار و زانكۆ و قوتابخانەكان و ئانیشكی دیكە.

9-باج و رەسمەکان: هەموو ئو جۆرە باج و رەسمە خەملێندراوانە دەگرێتەوە کە بە پێی یاساکانی کارا سەپێندراون.

10-وەبەرهێن: ئەو کەسەی سروشتیە یان کە سامانەکەی لە هەرێمدا بەپێی ئەم یاسایە وبەردێنێت, چ نیشتمانی بێت یان بیانی.

11-لایەنە تایبەتمەندەکان: هەموو ئەو لایەنە حکومیانە دەگرێتەوە کە بەرپرسن لەو کەرتەی پەیوەستە بە کاروباری پڕۆژەکە.

12-سەرمایەی وبەرهاتوو: بەهای خەمڵێنراو بە دراوی بیانی یان نیشتمانی کە لە پڕۆژەکەدا وەبەرهاتووە.

13-سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە, شتومەکە جەستەییانە یان مافێکە نرخێکی دارایی هەیە و وەرهێنی بیانی لە هەرێمدا وەبەری دێنێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو مولاحەزەمان هەیە, مولاحەزەی یەکەم, ئەو تەغیراتەی کە لە تەعریف کرایە, نەتیجەی ئەو کۆبوونەوانە بوو کە لەگەڵ خوبەرائمان کردووە, چونکە ئەو مەجالە لە ئیختیصاصی ئێمە نییە, یەك تەسەلسولەکە خۆمان بیکەین, هەندێکیان لەغوو کردووە و, هەندێکیانی دەمج کردووە, ئەوەی یەکەم ئەوەندەی لێدەرچووە, ئەوانیش لەو بوارە رەنگە شارەزاتر بن, بەنیسبەت مولاحەزەی دووەم رەئیسی مەجلیسی ئیدارەی هەیئەمان کردیە, (الممثل الاعلى للاستثمار), تەغیرەکەشمان وا بووە(رەئیسی مەجلیسی ئیدارە), عادەتەن لە موئەسەسات یەکسەر دەنووسرێ رەئیس سەرۆکی وەزیران) یەعنی وەزیری دەبێ لەگەڵ دابێ, حەق وایە ناوی موئەسەسەکە لەسەر ئەوە بێت, بۆیە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە بکرێتە المجلس الاعلى للاستپمار, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی: (وەزیری پلانان دانان و نەخشەکێشان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە زیاتر بگەڕێینەوە بۆ ئەصلی ئەوە و, باقیەکەی تر لە ڕێزکردنیان زۆر ڕێك و پێك کراوە, ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە, لیژنەی قانونی خۆی دەتوانێت هەڵسێت بە دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, داوا لە لیژنەی کشتوکاڵی دەکەم, داوا لە کاك محمد حکیم دەکەم و ئەویش لێرە نییە, بۆیە کاك سردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك دەزانین لە سەرەتای هەموو یاسایێك چەند دەستەواژەیەك روون کردنەوەی ماناکانیان لەبەرامبەر دێن, ئەمەش بۆ ئەوەی کە دووبارە دەبنەوە لە ناو یاسادا پێویست بە روون کردنەوەی بەردەوام نەبێت, بەڵام لەم یاسایەدا لە ماددەی (1)ی فەقەرە (ط) ناوی (الموجودات الثابتة) هاتووە, بەڵام هیچ ئاماژە لەناو ئەم یاسایەدا نەکراوە, کەواتە بۆ چیمانە روون کردنەوەی مانایەکە, پێم وایە ئەم یاسایە بە سوود وەرگرتنی لە چەند یاسایەك وەرگیراو و لە نێو ئەم یاسایانەدا (الموجودات الثابتة) هەیە وەك یاسای وەبەرهەمهێنانی سوری, بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەی (ط- الموجودات الثابتة) لا بردرێت, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە وتەکانی کاك سەردار دەکەم, منیش تێبینی ئەوەم کردووە, کە (الموجودات الثابتة) بە هەڵە هاتووە و دووپاتی لا بردنی ئەم بڕگەیە دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**بابەت: ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان بە تێروتەسەلی، تاوتوێی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان-عیراق کرد، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە رۆژی 2006/6/26 لە پەرلەمان بۆی رەوانەکرابوو.

دوای گفتوگویەکی دوور ودرێژ لە سەر گشت مادەو برگەکانی وراوێژکردن بە شارەزاو پسپۆران، بە بەرچاوخستنی گشت ئەو رەخنەو پێشنیارانەی لە هەندێ لیژنەوە بۆی هات، لیژنە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە پرۆژەی یاساکە دەکات، دوای رەچاوکردنی ئەم تێبینی وراسپاردەو پێشنیارانەی خوارەوە:

یەکەم:-

لیژنە پێشنیار دەکات دیباجەی یاساکە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

" پشت بە برگە (1) لە مادەی (56) ومادە (53) لە یاسای ژمارە (1)ی سالی 1992 ی هەموارکراو ولەسەر خستنەڕووی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی- عێراق لە دانیشتنی رۆژی /2006/6 بریاریدا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە(   ) ی سالی 2006**

**یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

دووەم:-

لیژنە بەپەسەندی دەزانێت مادەی یەکەمی پرۆژەکە بکرێت بە ناونیشانی یاساکە وئینجا بەم گوێرەیە زنجیرەی ماددەکان بگۆردرێت وماددەکان لەسەر دەروازە وبەش دابەشبکرێن، هەروەك لەمەودوا لەم راپۆرتە روون دەبێتەوە.

سێیەم:- زۆرینەی ئەندامانی لیژنە رایان ئەوەیە ناو نیشانی یاساکە (یاسای هاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بێت، چونکە هەندێ حوکمی هاندەر بۆ وەبەرهێنان بەهەردوو جۆریەوە (نیشتمانی و بیانی) لە خۆدەگرێت وئامانج لە یاساکەش هاندانی وەبەرهێنانە لە کوردستان.

چوارەم:- سەبارەت بە دابەشکردنی یاساکە بۆ دەروازە وبەش ورێکخستنی رێزبەندی مادە وبرگەکان، بەم جۆرەی خوارەوە رێکخران، دوای ئەوەی کە بە پەسەندی زانی هەندێ لەو زاراوانەی لە مادەی دووەمی پرۆژەکە دا هاتوون، سەبارەت بە پێناسەکانی، بگۆردرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ گرنگی ئەو شوێنەی لێی بەکار هاتوون بگونجێن وناونیشانی بەرێوەبەرایەتیی دەستە بگۆردرێت بە (ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان) ولابردنی زاراوەکانی (رەسمی خزمەتگوزارییەکان)و(گواستنەوەی تەکنەلۆجیا)  لە نێو پێناسەکان ولابردنی زنجیرەکانی: (4,3,2,1) لە پێناسەی (سەرمایەی بیانی).

ئینجا مادەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

**دەروازەی یەکەم**

**حوکمە گشتیەکان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم:

ئەو وشەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.

یەکەم. هەرێم: هەرێمی کوردستان – عیراق.

دووەم. حکومەت: حکومەتی هەرێم.

سێیەم. ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

چوارەم. سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

پێنجەم. دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

شەشەم. سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

حەفتەم. پرۆژە: چالاكیەكی ئابووریە كەسێكی سروشتی یان یاسایی دایدەمەزرێنێت لەسەر زەویەكی تەرخانكراو بۆی ، بە سەرمایەكی كوردستانی، نیشتمانی، یان بیانی، وحوكمەكانی ئەم یاسایەو ئەو پەیرەو ورێنماییانەی بە گوێرەیەوە دەرچوون، لەسەریان پیادە دەكرێن.

هەشتەم. باج ورەسمەكان: هەموو ئەو جۆرە باج و رەسمە خەملێندراوانە دەگرێتەوە كە بە پێی یاساكانی كارا سەپێندراوون.

نۆیەم. وەبەرهێن: ئەوكەسە سروشتیە یان یاساییەیە كە سامانەكەی لە هەرێمدا بەپێی ئەم یاسایە وەبەردێنێت، چ نیشتمانی بێت یان بیانی.

دەیەم. لایەنە تایبەتمەندەكان: هەموو ئەو لایەنە حكومیانە دەگرێتەوەكە بەرپرسن لەو كەرتەی پەیوەستە بە كاروباری پرۆژەكە.

یازدەم. سەرمایەی وەبەرهاتوو: بەهای خەملێنراو بە دراوی بیانی یان نیشتمانی كە لە پرۆژەكەدا وە بەر هاتووە .

دوازدەم. سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە، شتومەكە جەستەییانە، یان مافێكە نرخێكی دارایی هەیەو وەبەرهێنی بیانی لە هەرێمدا وەبەری دێنێت.

پێنجەم:- مادەی سێیەمی پرۆژەكە، دەبێتە مادەی دووەم، لیژنە بەچاكی دەزانێت، كە لە شێوەو ناوەرۆكدا بەمجۆرەی خوارەوە بگۆردرێت:

**بەشی دووەم**

**بوارەكانی وەبەرهێنان**

ماددەی دووەم:

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پرۆژانە پیادە دەكرێن كە دەستە لە یەكێك لەو كەرتانەی خوارەوە دا رەزامەندیان لەسەر دەدات:

یەكەم. پیشەسازی وكارەبا وئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

دووەم. كشتوكاڵ بەهەر دوو لایەنیەوە، رووەكی وئاژەڵی، ودارستان وئەوخزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

سێیەم. هوتێل وپرۆژەكانی گەشتیاری وكات رابواردن وشارەكانی یاری.

چوارەم. تەندروستی وژینگە

پێنجەم. توێژینەوەكانی زانستی وتەكنۆلۆژی وتەكنۆلۆژیای زانیاریەكان.

شەشەم. گواستنەوە وگەیاندنی سەردەم.

حەفتەم. بانكەكان وكۆمپانیاكانی دڵنیاكاری (تأمین) ودەزگا داراییەكانی دیكە.

پرۆژەكانی ژێرخانی ئابووری، وەك بنیاتنان وئاوەدانكردنەوە وپرۆژەكانی نیشتەجێكردن ورێگاوبان وهێلی شەمەندەفەر وفرۆكەخانە وئاودێری وبەنداوەكان.

نۆیەم. ناوچە ئازادەكان وبازارە بازرگانیە سەردەمی یەكان وئەو خزمەتگوزاریە راوێژكاریانەی پێیانەوە بەندن.

دەیەم. فێركردن لەهەموو قۆناغەكان دا، لە چوارچێوەی سیاسەتی فێركاری لە هەرێمدا.

یازدەم. هەر پرۆژەیەك لە هەر كەرتێكی دیكە كە ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر خستنەبەر حوكمەكانی ئەم یاسایەی بدات.

شەشەم:- مادەی چوارەمی پرۆژەكە دەبێتە سێیەم، ودەكەوێتە بەر بەشی سێیەم، بە ناونیشانی (مامەڵەكردن لەگەڵ وەبەرهێن) , بەمجۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**بەشی سێیەم**

**رەفتار لەگەڵ وەبەرهێنی بیانی**

مادەی سێیەم:

رەفتار لەگەڵ وەبەرهێن وسەرمایەی بیانی وەك وەبەرهێن وسەرمایەی نیشتمانی, دەكرێت ووەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە هەموو سەرمایەی ئەو پرۆژەی بەناو بێت كە بەپێی ئەم یاسایە, لە هەرێمدا دایدەمەزرێنێت.

حەفتەم:- مادەی پێنجەمی پرۆژەكە دەبێت بە چوارەم ودەكەوێتە بەر بەشی چوارەم بەناونیشانی (تەرخانكردنی زەوی وزار).

لیژنە رێزبەندی زنجیرەی مادەكانی پرۆژەی رێكخستەوە وبەكۆی دەنگ برگە (ز) ی لادا, چونكە لەگەڵ حوكمەكانی (دەستووری عێراقی فیدرال) و(پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان) و(یاسای ئیستملاك) ی كارا لە هەرێمدا ناكۆكە وخاوەنداریی تایبەت (الملكية الخاصة) پارێزراوە وبۆ ئامانجی بەرژەوەندی گشتی وبەرامبەر قەرەبۆیەكی دادوەرانە نەبێت, نابێ لەكەس بسەندرێت. هەروەها لیژنە هیچ بەرژەوەندیەكی لە لێسەندنی مولكی كەسێك وتەرخانكردنی بۆ وەبەرهێنێك نابینێت, سروشتی بێت وەبەرهێنەكە, یان یاسایی, نیشمانی بێت یان بیانی.

سەبارەت بە بابەتی مولك بەناوكردنیش, لیژنە رای وایە ماوەبدرێت ئەو زەویانەی بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخان دەكرێن بەناوی وەبەرهێن بكرێن, بەرەچاوكردنی سروشت وگرنگیی پرۆژەكە وبەرژەوەندی گشتی لەكاتی بەناوكردنی.

لەلایەكی دیكە, كەمینەیەك لە ئەندامان دژی ئەم بۆچوونەیەن وپێشنیار دەكەن كە زەویەكە تەنها بە بانەوانی (مساطحة), یان بە كرێ, یان بە مافی سوود لیوەرگرتن وتەرخانكردن بە بەرهەمهێن بدرێت.

مادەكەش بەمجۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە

## بەشی چوارەم
## تەرخانكردنی زەوی وزار

ماددەی چوارەم:

یەكەم: دەستە, بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت وفەرمانگە پەیوەندارەكان دەستنیشانی ئەو شوێنانە دەكات كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هەر پارێزگایەك تەرخان دەكرێن ولە ئایندەدا بەپێی ئەم یاسایە دادەندرێن و لەسەر وێنەی تۆمارەكانیاندا ئاماژە دادەندرێت كە ئەم شوێنانە تایبەتن بە مەبەستەكانی دەستە.

دووەم: فەرمانگە پەیوەندارەكان, بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەدا دەستنیشانی هەر شتێك دەكەن كە پرۆژە پێویستی بێت لە  زەوی و زاری نێو نەخشەی بنەرەتی شارەكان و دەرەوەیاندا وتەرخانیان دەكەن بە شێوەی كرێ و بانەوانی (مساطحة) بە نرخێكی هاندەر وبەپێی ئەو رێكسازیانەی دەستە دایان دەنێت, بەدەر لە حوكمەكانی یاسای كارای فرۆشتن وبەكرێدانی سامانەكانی میری لە هەرێمدا.

سێیەم: ئەنجومەن بۆی هەیە, لە سەر پێشنیاری دەستە, ئەو زەویانەی كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون بەپێی ئەم یاسایە, بەناویان بكات بە نرخێكی هاندەر بە مەرجێك سروشت و گرنگیی ئەو پرۆژانە وپێویستیەكانی بەرژەوەندی گشتی لە كاتی بەناوكردندا لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش بەدەر لە حوكمەكانی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی سامانەكانی میریی كارا لە هەرێمدا.

چوارەم: لە فەرمانگەكانی تۆماركردنی خانووبەرەی تایبەتمەند, ئاماژەی گلدانەوە لەسەر ئەو زەویانە دادەندرێت كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون، ونابێ ئەم ئاماژەیە لاببردرێت تەنها بە رەزامەندی نووسراوی دەستە نەبێت، دوای ئەوەی كە وەبەرهێنەر هەموو پابەندیەكانی خۆی جێبەجێ دەكات.

پێنجەم: لە پێناو هێنانەدی ئامانجەكانیدا, دەستە دەسەڵاتی هەیە ئەو زەویانە بەناو خۆی بكات كە موڵكی دەوڵەتن, وەك موڵكێكی صرف و بەبێ پارە. هەروەها ئەو زەویانەش كە مافی رەفتاركردنیان (حق التصرف), بەسەرەوە هەیە, دوای كوژاندنەوەی مافەكانی رەفتاركردن لەسەریاندا وقەرەبوو كردنەوەیەكی دادپەروەرانە وگونجاوی خاوەنەكانیان.

شەشەم: وەبەرهێن مافی كڕین و بەكرێ گرتنی ئەو خانوبەرانەی هەیە كە پێویستن بۆ فراوانبوون و هەمە جۆركردن و پەرەسەندنی ئەو پرۆژە وەبەرهێنانەی بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن ولە سنووری ئەو رووبەر وئەو ماوەیەی لە

ڕۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکە وپێداویستی ڕاستەقینەیدا دەخەملێنرین, بەرەچاوکردنی حوکمەکانی برگەی (3) ی ئەم مادەیە.

حەفتەم: ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرانەی کە بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە بە ئەنجام دەگەیەندرێن جیادەکرێنەوە لە سنووری ئەو رووبەرەی کە لە رۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکە وپێداویستی ڕاستەقینەی دەخەملێنرێن بە پێی ئەو مەرجە تایبەتیانەی کە لە لایەن دەستەوە دادەندرێن بە دەر لەو حوکمە گشتیانەی کە لەم بارەوە رەچاوکراون.

هەشتەم: گۆڕینی شوێنی پرۆژەو فراوانکردنی دەکەوێتە ژێرباری هەمان بنەماو مەرجەکانی تەرخانکردنی شوێنی پرۆژەکەی, کە یەکەم جار رەچاو کران.

نۆیەم: لایەنەکانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە، خزمەتگوزاریە گشتییەکانی وەك ئاوو کارەبا وئاوەڕۆو رێگای گشتی و پەیوەندییەکان بۆ سنووری پرۆژەکە فەراهەم دەکەن بە مەرجێك بۆ برێکی پێویست لە بودجە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت.

دەیەم: جگە لەوەی کە وەبەرهێنی بیانی مافی موڵکداریتی و بەکرێگرتنی زەوی و ئوتومبێلی بەرهەمهێنانی هەیە, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ، مافی ئەوەشی هەیە خانوو بەرەی نیشتەجێ کردن و ئۆتۆمبێلی بەرهەم نەهێن، وئەوەی پرۆژە پێی دەوێت بیانکرێت یان بەکرێیان بگرێت لە پێناو بەرژەوەندی پرۆژە وەبەرهێنەرەکەی, دوای وەرگرتنی رەزامەندی دەستە لەسەریدا وبەپێی ئەومەرجانەی کە لەلایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستە دیار دەکرێن.

یازدەم: وەبەرهێن بۆی نیە خاوەندارییی ئەو سامانە سروشتیانە بکات کە مادەی خاوی لێ دەردەهێندێن, یان ئەوانەی کە مامەڵەی سەرەتاییان لەگەڵدا دەکرێت بۆ دەرهێنانی ئەو مادانە.

هەشتەم:- مادەی شەشەمی پرۆژەکە دەبێتە مادەی پێنجەم ودەکەوێتە بەشی یەکەم لە دەروازەی دووەم دا کە تایبەتە بە لێبوورن وپابەندییەکان ورێزبەندی برگەکانی لە جیاتی ئەبجەدی کرایە ژمارە وبەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

## دەروازەی دووەم

## بەخشینە کان وپابەندیەکان

### بەشی یەکەم

### بەخشینەکانی باج وگومرگ

مادەی پێنجەم:

یەکەم: پرۆژە لە هەموو رەسم وباجەکان دەبوردرێت بۆ ماوەی (10) ساڵ لە رۆژی دەستکردنیەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی, یان لە رۆژی بەرهەمهێنانی بە کردەنی.

دووەم: ئامێرو دەزگا و مەکینە هاوردەکانی پرۆژە لە رەسم و باجەکان دەبوردرێن, بەمەرجێك مۆڵەتی هاوردنی پێدرابێ ولە خاڵەکانی دەربازبوونی سنوورەکانی هەرێمەوە بێنە ژوورەوە ودەبێ لە ماوەی (2) دووساڵ لە رۆژی رەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستەکان, بهێندرێنە ناو هەرێم، وتەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژە کە بەکاربێن. بە پێچەوانەوە ئەو لێخۆشبوونانە ناگرنەوەو وەبەرهێن ناچاردەکرێت باجەکە بدات و دووهێندەی باجەکەش غەرامەی لێوەردەگیرێت.

سێیەم: لە رەسم و باجی ئەو پارچە یەدەگە هاوردانەی پرۆژەکە دەبووردرێت بە مەرجێك بەهاکەیان لە (15٪)ی بەهای ئامێرو مەکینەکان پتر نەبێت، ئەویش بە بڕیارێکی پێشینەی سەرۆکی دەستە ورەزامەندی لەسەر لیستەکانی وچەندایەتیان دەبێت.

چوارەم: لە رەسم و باجەکانی ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی پێویست بۆ فراوانکردنی پرۆژە, یان نوێپەرەپێدانی یان نوێکردنەوەی دەبووردرێن.

پێنجەم: ڕەسمی گومرگ بۆ ماوەی (5) ساڵ لە سەر ئەو کەرەستانەی بۆ بەرهەمهێنان هاوردراون دەبووردرێن، بە مەرجێك جۆر وبڕەکانیان لەلایەن دەستەوە دیار بکرێن, بەڵام دەبێ بە پلەی یەکەم ئەو کەرەستە خاوە خۆماڵیانەی لە هەرێمدا چنگ دەکەون وبۆ پرۆژەکە بەکەلك دێن لەلایەنی چەندی چۆنیەوە بەکاربێن .

شەشەم: وەبەرهێن, چ بەخۆی, چ بەهۆی کەسێکی دیکەوە بۆی هەیە, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکە بهێنێتە ناو هەرێم، وەك ئامێر ومەکینە ودەزگا وکەرەستە وئوتومبێلی کارکردن، ئەو هاوردانەش لە هەموو باجی خاڵەکانی گومرگی سنووری هەرێم دەبەخشرێن، بە مەرجێك تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن.

نۆیەم:- ماددەی حەفتەمی پرۆژەکە دەبێتە شەشەم ودەکەوێتە بەشی دووەم, بە ناونیشانی (لێبووردنەکانی سەربار) وبەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

## بەشی دووەم

## بەخشینە کانی سەربار

ماددەی شەشەم:

یەکەم: بەپێی بەرژەوەندییەکانی گشتی لە هەرێمدا دەستە بۆی هەیە هاندان و ئاسانکاری زیاتر بۆ ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریە وەبەرهێنانەی ڕێپێدراوون بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, پێشکەش بکات, کە یەك لەم دوو ئاکارەیان تێدا بەدی بکرێت:

أ) ئەو پرۆژانەی لە ناوچە کەم پەرەسەندووەکاندا دادەندرێن.

ب)ئەو پرۆژانەی بە هاوبەشیی وەبەرهێنی بیانی وکوردستانی ونیشتمانی دادەمەزرێن.

دووەم. دەستە بۆی هەیە لێخۆشبوونی زێدەتر بدات بە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێن و بە گوێرەی سروشتەکەیانەوە, بە تایبەتی پرۆژەکانی هۆتێل ونەخۆشخانە وشارە گەشت و گوزارییەکان و زانکۆو قوتابخانە وبە قوتابخانە ئەهلیەکانیشەوە, لە ڕەسمی شتەکڕاوەکانیان لە کەل وپەل ورایەخ و پێداویستیەکانی نوێکردنەوە بۆ هەر (3) سێ ساڵ جارێك بە مەرجێك تەنیا بۆ بەکارهێنانیان لە پرۆژەکەدا بێت ولەماوەی ساڵێك لە مێژووی دەرکردنی ڕەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستی شتەکڕاوەکان وچەندێتیانەوە بهێندرێنە ناو هەرێم.

دەیەم:- ماددەی هەشتەمی پرۆژەکە دەبێتە مادەی حەفتەم ودەکەوێتە بەشی سێیەم لە دەروازەی دووەم, بە ناونیشانی (دەستەبەریە یاساییەکان). بە تێکڕای دەنگ پێشنیارکرا وەبەرهێن پابەندبکرێت کە کرێکاری خۆجێی وبیانی پێویست بە پرۆژەکە بەکاربێنێت وکرێکاری خۆجێی لەبەکارهێنان پێش بخرێن, ئەگەر مەرجی پێویست بۆ سروشتی کار لە پرۆژەکە, لەبارەی چەندی وچۆنی لە ئارادابوو. کەمینەیەك لەئەندامانی لیژنە پێشنیاریان کرد کە ماوە بە ڕەوانەکردنی ڕێژەی 75٪ لە قازانجی ساڵانەی وەبەرهینان بۆ دەرەوەی هەرێم بدرێت وبەرهەمهێن ناچاربکرێت ڕێژەکەی دیکە لە پرۆژەکە, یان لە پرۆژەی وەبەرهێنانی دیکە خەرج بکات. مادەکەش بەم جۆرەی خوارەوە دارێژرایەوە:

## بەشی سێیەم

## گرەنتیە یاساییەکان

ماددەی حەفتەم:

یەکەم: وەبەرهێن بۆی هەیە پرۆژەکەی وەبەرهێنانی دڵنیا (تأمین) بکات لەلایەن هەر کۆمپانیایەکی دڵنیاکاری کە بەگونجاو دەزانێت, بیانی یان نیشتمانی، کە بەهۆیەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات دڵنیای بکات.

دووەم: وەبەرهێن بۆی هەیە کار بەکریکاری خۆجێی وبیانی بکات لە گەڵ بەپێشخستنی کرێکاری خۆماڵی ئەگەر ئەو مەرجانەی لەلا بەدی دەکرا کە سروشتی پرۆژەی بەرهەمهێنانەکە پێویستی دەکرد سەبارەت بە چەندی وچۆنی, لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساکانی کارا لەم بارەیەوە.

سێیەم: وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە سوود وقازانجی سەرمایەکەی بۆ دەرەوە بنێرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

چوارەم: کرێکارە غەیرە عیراقییەکانی پڕۆژە وئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن بۆیان هەیە پارە وکرێیەکانیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن.

پێنجەم: وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە دوای پاکتاوکردنی پڕۆژەکەی, سەرمایەکەی رەوانەی دەرەوەبکاتەوە یان بەجۆرێك رەفتاری لەسەر بکات کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاساو رێکارەکانی گومرگی وباجیی کارا لە هەرێمدا نەبێت.

شەشەم: وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە پڕۆژە وەبەرهێنەکەی بخاتە سەر ناوی وەبەرهێنێکی دیکەی بیانی یان وەبەرهێنێکی کوردستانی یان نیشتمانی. یان لە بەشی خۆی لە پڕۆژەکە دەرچێت بۆ هاوبەشەکەی, بەرەزامەندیی دەستە. وەبەرهێنی نوێ جێگەی وەبەرهێنی کۆن دەگرێتەوە لەو ماف وپابەندیانەی لە پرۆژەکە دا کەوتۆنەتەوە.

حەفتەم: وەبەرهێن بۆی هەیە بۆ بەرژەوەندی پڕۆژە رێپێدراوەکەی وبەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, حیسابێك بە دراوی نیشتمانی, بیانی یان بە هەردووکیان لە یەکێك لە بانقەکانی هەرێم یان لە دەرەوە بکاتەوە.

هەشتەم: وێرای لەبەرچاوگرتنی یاساکانی کارا سەبارەت بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا هاوکاریەکان، ئەو پڕۆژانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون و شێوە یاساییەکەیان  هەر چۆنێك بێت بە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دادەندرێن, سروشتی یاسایی ئەو سامانانەی تێیاندا پشکداری کراوە هەر چۆنێك بێت.

نۆیەم: بەپێی ئەم یاسایە, وەبەرهێن ماف هەیە نهێنی زانیارییە هونەری و ئابووریەکانی تایبەت بە پڕۆژەکەی پارێزگاری لێبکرێت ودەست پێشخەریە وەبەرهینەریەکانی بپارێزرێت, ئەمەش بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسا ورێسا ورێنماییانەی لە هەرێمدا کاران. هەرکەسێك زانیاریەك سەبارەت بە دەستپێشخەریەکانی بەرهەمهێنی ولایەنە هونەری وئابووری ودارایی‌یەکانی پڕۆژەکەی بڵاو بکاتەوە کە بەحوکمی فەرمانەکەی بەدەستی کەوتوون, بە پێی یاسا سزا دەدرێت.

یازدەم:- ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکە دەبێتە مادەی هەشتەم ودەکەوێتە بەشی چوارەم بە ناونیشان (پابەندییەکانی وەبەرهێن) ورێزبەندی برگەکان کرایە ژمارە و بە تێکڕای دەنگ بڕگەی زنجیرە(6)ی بۆ زیاد کرا سەبارەت بە راهێنانی کرێکاری خۆجێی پڕۆژەکان وکەمینەی ئەندامان پێشنیاری کرد رستەی (داب ونەریتی گشتی) بخرێتەسەر بڕگەی (5) وماددەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

## بەشی چوارەم

## پابەندییەکانی وەبەرهێن

ماددەی هەشتەم:

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

یەکەم: پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات سەبارەت بەو پڕۆژانەی پێشتر ئەنجامی داون وباری دارایی وئەو گرێبەستانەی جێبەجێی کردوون.

دووەم: دەستە, بە تەواوبوونی پڕۆژەکە ودەستکردن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی یان بەرهەمهێنانی راستەقینەی, ئاگادار بکاتەوە.

سێیەم: ئاسانکاری پێویست بۆ فەرمانبەرانی تایبەتمەندی دەستە دابین بکات، سەبارەت بە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی پڕۆژە بۆ مەبەستەکانی دەستە.

چوارەم: تۆماری تایبەتی ئەوکەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە, کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسمی گومرك بەخشراون.

پێنجەم: پاکی ژینگە وئاسایش وتەندروستی گشتی بپارێزێت وپابەندبێت بە سیستەمی پێوانە وکۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان.

شەشەم: مەشق بەکریکاری خوجێی پڕۆژەکە بکات ورایان بهێنێت.

دوازدەم:- ماددەی دەیەمی پڕۆژەکە دەبێتە نۆیەم ودەکەوێتە بەشی پێنجەم بەناونیشانی (ڕێکارەکانی یاسایی لەکاتی سەرپێچیکردنی وەبەرهێن) ولیژنە بەباشی دەزانێت لە بڕگە (أ) پڕۆژەکە دا زاراوەی (کاتێکی مەعقول) بگۆڕێت بە (کاتێکی گونجاو, کە دەستە دیاری دەکات) ومادەکە بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

## بەشی پێنجەم

## ڕێکارە یاساییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێن

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە, یان لە بڕگەکانی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان ئەو ولەنێوان لایەنە تایبەتمەندەکانەوە, وەك جێبەجێ نەکردنی پڕۆژەکە لەلایەن وەبەرهێن, بەپێی نەخشە ئەندازەییەکانی لەسەری ڕێککەوتوون ولەمیانەی ئەو ماوە یاساییەی لەلایەن دەستەوە دیار کراوە، دەستە سەرپێچیکار ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو چاڵاکیەی بۆتە هۆکاری سەرپێچیەکە یەکسەر بیوەستێنێت، وماوەیەکی بۆ دادەنێت کە لەگەڵ سروشتی سەرپێچیەکە گونجاو بێت, بۆ ئەوەی لای بەرێت وشوێنەوارەکانی بسڕێتەوە.

دووەم: لە حاڵەتێکدا وەبەرهێن پێیداگرت لەسەر رانەگرتنی سەرپێچیەکە ولانەبردنی شوێنەوارەکانی بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی سەرەوە، دەستە, زەویەکەی لێ دەسێنێتەوە، وئەو بینایانەی لەسەریشی دروست کراون، ئەگەر هەبن, بەناوی خۆی تۆماریان دەکات بە نرخی کەرەستەکان بە هەڵکەندراوی, بەپێی یاسا. ئەو بەهایەش دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی پڕۆژەکە تەواو بکات. سەرپێچیکاریش بەرپرسە لەهەر زەرەرو زیانێك کە لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی پابەندییەکانی بێنە ئاراوە.

سێیەم: ئەگەر خاوەن پرۆژەکە, بەبێ رەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پڕۆژەکە تەرخانکراوە, یان بەشێکی لە ژێرەوە بەکرێ دا، یان بەکاری هێنا بۆ مەبەستێکی دی لە پڕۆژەکەدا، زەویەکەی یان ئەو بەشەی بۆ مەبەستێکی دیکەی بەکار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە. ئەو کاتە خاوەن پڕۆژە دەبێ دوو هێندەی کرێی هاوتا(أجر مثل)بدات لە بڕی بەکرێدانی زەویەکە وبەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیکەی پڕۆژەکە. ئەو پارانەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتی کارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حاڵەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەکەی, مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنی سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی بڕگە(2)ی سەرەوە دەکرێ، سەبارەت بەو بینایانەی کە لە کاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست کراون.

سیازدەم:- سەبارەت بە ماددەکانی یازدەم تاکو حەڤدەمی پڕۆژەکە, لیژنە وای بۆ دەچێت کە ماددەی دوازدەم لابردرێت ودووبارە پێکهاتەی سەنتەری دەستە بە بەڕێوەبەرایەتیەکان رێك بخرێت, بە لێکدانی هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان وپێکهاتەی بەڕیوەبەرایەتیەکانی گشتی کەم بکرێنەوە, بۆ ئەوەی لە قەبارەی وەزارتەکان تێپەڕنەکات وپێشنیارکرا ناوی (ئەنجومەنی دەستەی کارگێڕی) لە بەشی دووەم, ببێتە (ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان) وهەندێ وەزارەتی دیکەی تیدا بخرێت کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئەنجومەنەوە هەیە, ئینجا دەروازەی سێیەم ومادەکانی بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

## دەروازەی سێیەم

## پێکهاتە ووەبەرهێنەریەکان

## بەشی یەکەم

## دەستەی وەبەرهێنان و پێکهاتە و ئەرکەکانی

ماددەی دەیەم:

یەکەم: دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان) وکەسایەتیەکی یاسایی وسەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێ، وبۆی هەیە هەموو رەفتارە یاساییەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات.

دووەم: دەستە, سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیر وگشت ماف ودەسەڵاتێکی وەزیری دەبێت وخۆی بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکان وسەرپەرشتی وچاودێریی چاڵاکیەکانی وهەرشتێکی پەیوەندی بە ئەرك وفەرمانەکان وکاروبارەکانی دیکەی دەستەوە هەبێت. ئەو فەرمانگانەی خوارەوەشی پێوە بەندن:

أ) فەرمانگەی لێتۆژینەوە وزانیاریەکان.

ب) فەرمانگەی بەرێکردن وهەڵسەنگاندن ومۆڵەتپێدانی پرۆژەکان.

ج) فەرمانگەی کاروباری یاسایی وکارگێری ودارایی.

د) فەرمانگەی شارو ناوچە پیشەسازیەکان.

سێیەم: بارەگای دەستە لە هەولێر, پایتەختی هەرێم دەبێت ولەهەر پارێزگایەك لقێکی دەبێت و هەر لقێك فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبات.

چوارەم: دەستە بۆی هەیە لەکاتی پێویست, چەند بەش هۆبەیەك بێنێتە کایەوە, لێکیان بدات, یان لایان بدات.

پێنجەم: پێکهاتەی بەرێوەبەرایەتیەکانی دەستە و لقەکانی و ئەرك و فەرمان ودەسەڵاتەکانیان بە پێرەوك دەکرێت کە دەستە دایدونێت وئەنجومەن پەسەندی دەکات.

شەشەم: دەستە کەشی لەبار بۆ وەبەرهێنان دەرەخسێنێت, کە بووژانەوەی ئابووری لە هەرێمدا بێنێتەدی وستراتیژی وپلان وسیاسەتی وەبەرهێنان ئامادە دەکات ودەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی وهەماهەنگی لە نێوان لقەکانی لە هەرێمدا دەکات.

ماددەی یازدەم:

دەبێ ئەو کەسانەی دادەمەزرێن بە سەرۆکی دەستە وبەرێوەبەرە گشتیەکان:

یەکەم: بەلایەنی کەمەوە, خاوەن بروانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بێت کە پەیوەندی هەبێت بەو فەرمانەی لێی دادەمەزرێت,

دووەم: شارەزا بێت وکاری کردبێت لە بواری پسپۆریەکەیدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ, بەلای کەمەوە.

مادەی دوازدەم:

دەبێ گشت وەزارەت و دەزگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەندبن بەو بریارانەی تایبەتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان, بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ولە دەستەوە دەردەچن.

ماددەی سیازدەم:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی ناوەوە ودەرەوەی هەرێم مۆربکات بۆ راپەراندنی ئەو ئەرکوفەرمانانەی پێیان دەسپێرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دەستە. ماف و ئەرکەکانیشیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی دووەم

## ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

ماددەی چواردەم:

یەکەم: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێمدا پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆك وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە جێگری ولەکاتی ئامادەنەبوونی جێی دەگرێتەوە وبە ئەندامەتی وەزیرانی: دارایی وئابووری وبازرگانی وشارەوانی وپلاندانان وکشتوکاڵ وپیشەسازی وسەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان. پێویستە دەستە بەرنامە دابنێت بۆ برەوپێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا و هەلی وەبەرهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بناسێنێ وچاپەمەنیەکان دەربکات وسیمینار وکۆرسەکانی لێتۆژینەوە رێکبخات و فەرمانبەرانی رەوانەی خولەکانی راهێنان, لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بکات, بە ئامانجی بەرزکردنەوەی رادەی تواناکانیان ، بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی کاری دەستەو تایبەتمەندیەکانی کۆك بن.

دووەم: أ) سەرۆكی ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە وەزیرێكی دیكە بكات بەشداری لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن بكات, كە تایبەت بێت بە وەزارەتەكەیەوە.

ب) سەرۆكی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی نوێنەری كەرتی تایبەتی پەیوەنددار بە پڕۆژەكە بكات

ج) ئەنجومەن پێڕەوی ناوخۆی دادەنێت، سەبارەت بە كۆبونەوەی ئەنجومەن و بڕیاردان تیایدا.

سێیەم. ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەكات:

أ-دانانی ئەو سیاسەت و ستراتیژیانەی پەیوەنددارن بە وەبەرهێنان ودەستە پێشنیاریان دەكات لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

ب-پەسەند كردنی پلان وبەرنامەی چالاكی دەستە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێمدا.

ج-تێڕوانینی ئەو راپۆرتە خولەییانەی سەرۆكی دەستە سەبارەت بە راپەڕاندنی كار لەدەستەدا پێشكەشی دەكات، وئەو پرسانەی پەیوەندن بەبارو كەشی وەبەرهێنان لە هەرێمدا وچی پێویستە لەبارەیەوە بكرێت.

د) تێڕوانینی پێگەی دارایی دەستە و پەسەند كردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی.

هـ) پەسەند كردنی گرێبەستی ئەو قەرز وئاسانكاریە دەستەبەریانەی پێشكەش بەدەستە دەكرێن بەدەستەبەری حكومەت وبانكەكان ودەزگا داراییەكانی تایبەتمەند بە پێی ئەو رێكار وسیستەمانەی داندراون. بەمەرجێ مەبەستەكانیان تەنها بۆ دارایی كردنی ئەو چالاكیانە بێت كەدەستە لە سنوری تایبەتمەندیەكانیدا ئەنجامیان دەدات.

و) دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری وبەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی كارەكانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەوەی لەو كۆسپ وتەگەرانەی دێنە ڕێیان تێبگەن وكاربكەن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

ز) پەسەند كردنی پێڕەوی ناوخۆی دەستە.

ماددەی پازدەم:

یەكەم: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێمدا بە سەرۆكایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وجێگرایەتی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وئەندامەتی وەزیرەكانی: (دارایی و ئابووری, بازرگانی, شارەوانی, تەندروستی, پلاندانان, كشتوكاڵ, پیشەسازی, كارەبا, گەشت وگوزار, ژینگە, سامانە سروشتیەكان, گواستنەوە, گەیاندن), وسەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان, یان ئەو كەسەی لە جیاتی خۆی رایدەسپێرێ ونوێەرێكی كەرتی تایبەت وهەر كەسێكی دیكەی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ كە سەرۆكی ئەنجومەن بڕیاری هاتنە ناو ئەنجومەنی دەدات. بە رێسایەكی ناوەخۆش رێكاری سازدانی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن وبڕیار دەركردنی دیاردەكرێن.

دووەم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەكات:

1. دانانی ئەو سیاسەت و ستراتیژیانەی پەیوەستن بە وەبەرهێنان, كە دەستە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێمدا پێشنیاریان دەكات.

2. رەزامەندی دان لەسەر پلان و بەرنامەكانی چالاكی دەستە, لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

3. تێڕوانینی ئەو راپۆرتە خولەییانەی كە سەرۆكی دەستە پێشكەشی دەكات سەبارەت بە بەڕێوەچوونی كار لە دەستەكەدا وئەو پرسانەی پەیوەستن بە بارودۆخ و كەش و هەوای وەبەرهێنان لە هەرێمدا وچی پێویستە دەربارەیان ئەنجام بدرێت.

4. تێڕوانین لە ئاستی دارایی دەستەو پەسەندكردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی.

5. پەسەندكردنی گرێبەستی قەرزەكان و ئاسانكاریی بۆ پێشكەشكردنی ئەو دەستەبەریانەی بە دەستە دەدرێن بە گەرەنتی, بەدەستەبەریی حكومەت, بانقەكان یان دەزگاكانی داراییكردنی تایبەتمەند, بەپێی ریساو سیستەمی بریار لەسەر دراو، بە مەرجێك مەبەستەكانی تەنیا بۆ داراكردنی چالاكیەكانی دەستە ولە سنووری تایبەتمەندیەكانی دا بێت.

6. دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری وبەدواداچون وهەڵسەنگاندنی كاری وەبەرهینانە بیانیەكان بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لەهەر كۆسپێكی دێتە رێیان وكار لەسەر لابردنی بكات.

7. پەسندكردنی پەیرەوی ناوخۆی دەستە.

## بەشی سێیەم
## بودجەی دەستە

ماددەی پازدەم:

دەستە بودجەیەکی هەیە لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا.

چواردەم: أ) لە ماددەی نۆزدەمی پرۆژەکە دەبێتە حەڤدەم دەکەوێتە بەر بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ڕێکارەکانی مۆڵەتپێدانی پرۆژەکان) لە دروازەی چوارەم, بەناونیشانی (مۆڵەتپێدان وناوبژیوانی), لیژنە کۆك بوون لەسەر لابردنی زنجیرە (ت)ی پرۆژەکە وشوێنی برگەکانی (پ) و (ج) بگۆڕدرێن و دەروازەی چوارەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

## دەروازەی چوارەم
## مۆڵەتپێدانی پرۆژەکان وناوبژیوانی
## بەشی یەکەم
## ڕێکارەکانی مۆڵەت پێدانی پرۆژەکان

ماددەی حەڤدەم:

1. لە پێناوی سوودوەرگرتن لەو بەخشین وتایبەتکاریانەی (امتیازات) لەم یاسایە داهاتوون، پێویستە وەبەرهێن مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەکەی لە لایەن دەستەوە بەدەست بێنێت.

2. دەستە, لەسەر داوای وەبەرهێن, مۆڵەت بە دامەزراندنی پرۆژە دەدات, بەپێی ئەو مەرجانەی لەلایەن دەستەوە دەستنیشانکراون. پێویستە دەستەش لەمیانەی(30)ڕۆژ لە ڕۆژی تەواوکردنی پێداویستی ومەرجەکانی هونەری ویاسایی وئابووری, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, بڕیاری لەبارەیەوە بدات, وێڕای لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕێکسازی وپێوەرانەی دەستە دایان دەنێ.

3. ئەگەر وەبەرهێن داوای دامەزراندنی ڕەتکرایەوە, بۆی هەیە لەماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی بە بڕیاری ڕەتکردنەوەکەیدا, توانج لە بڕیارەکە بدات و دەبێ سەرۆکی ئەنجومەن لەماوەی (30) ڕۆژ دا بریار لە توانجەکە بدات, بریارەکەشی کۆتاییە.

4. دەستە بۆی هەیە لەسەر داوای وەبەرهێن ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر مۆڵەتپێدانی پرۆژەکە بدات لەماوەی (15) ڕۆژ لە بەرواری داواکەیەوە، بۆ ئاسانکردنی ڕێکارەکانی پەیوەندی کردنی ناوەوەو دەرەوەو بۆ خێراکردنی دامەزراندنەکەی.

ب) ماددەی بیستەمی پرۆژەکە دەبێتە هەژدەم بەناونیشانی (ناوبژیوانی) ودەکەوێتە بەشی دووەمی دەروازەی چوارەم و بە تێکرای دەنگ پێشنیارکرا, ڕستەی (پشت بە بەندەکانی گرێبەستی مۆرکراو لە هەردوو لایەنەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکانی وەبەرهێنان) زیاد بکرێت ومادەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

## بەشی دووەم
## ناوبژیوانی

ماددەی هەژدەم:

کێشەکانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان هەردوو لادا یەکلا دەکرێنەوە. ئەگەر لە گرێبەستەکەش هیچ برگەیەکی وا نەبوو ئەوا بە ڕێگەیەکی دۆستانە و بەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەردەکرێن، لە حاڵەتێکدا ڕەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات، هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی کە حوکمەکانی لە یاسا ڕەچاوکراوەکانی هەرێمدا دیارکراون, ، یان بەپێی حوکمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی هەر ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی، یان دووقۆڵی کە عیراق لایەنێك بێت تیایاندا.

پازدەم: سەبارەت بە ماددەکانی بیست ویەکەم تاکو بیست وشەشەمی پرۆژەکە, کە کەوتوونەتە بەشی سێیەم بە ناوی حوکمە کۆتاییەکان, کە ڕێزبەندییان دەبێتە نۆزدەم تاکو بیست وچوارەم, لیژنە پێشنیار دەکات برگە (د) لە مادە (21) ی پرۆژەکە لابردرێت چونکە پێشتر گوازراوەتەوە برگەی (8) لە ماددەی حەفتەم لە نێوان ئەو ماددانەی لیژنەی یاسایی

پێشنیاری کردوون, چونکه یەکێکه له گرەنتیەکانی وەبەرهێن هەر وەها برگە (ج) له مادده (23) ی پرۆژەکە لابردرێت, که زنجیرەی دەبێتە مادده(21). لیژنه پێی وایە سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەبێ رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات, نەك سەرۆکی دەستە, چونکه خۆی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانە.

مادەکانی بەشی سێیەمیش بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:

## بەشی سێیەم

## حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی نۆزدەم:

1. بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئیدارەی سلێمانی ژمارە 89ی ساڵی 2004 تایبەت بە هاندانی وەبەرهێنان له هەرێمی کوردستاندا هەڵدەوەشێندرێتەوە، ودەستەی هاندانی وەبەرهێنان و دامەزراوەکانی کە بەپێی مادە(16)ی بڕیارەکە دامەزراوە هەڵدەوەشێندرێتەوە وهەموو ماف وپابەندی و سامانەکانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی، دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

2. هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن دەستەی هاندانی وەبەرهێنانی هەڵوەشایەوە رێپێدراون بەپێی بڕگە(1)ی سەرەوە، بە پرۆژەی وەبەرهێنانی یاسایی دادەندرێن وبەردەوام دەبن لە سوودمەندبوون لەو ئیمتیازات و هاندانانەی کە بەپێی بڕیاری هەڵوەشایەوە پێیان دراوون.

3. هەموو ئەو پرۆژانەی دیکەی کە لەژێر تێڕوانین وهەڵسەنگاندن دان وئەوانەی تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییان لە دەستەی هەڵوەشایەوە بۆ دەرنەچووە وەك پرۆژەی وەبەرهێنان, دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان, کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکهاتووە. فەرمانگە تایبەتمەندەکانی دەستەش بەردەوام دەبن لەو رێکارانەی کە لەلایەن دەستەی هەڵوەشایەوە وەرگیراوون.

ماددەی بیستەم:

هەر پرۆژەیەکی ئێستا هەیە و بە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان داندراوە, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسا وبڕیارە تەشریعیە کارایانەی پیش دەرچوونی ئەو یاسایە دامەزراوە,, سوودمەند دەبێت لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی لەم یاسایەدا هاتوون, بەمەرجێك لە سایەی یاساو بڕیارەکانی پێشوو سوودمەند نەبووبێت.

ماددەی بیست ویەکەم:

هیچ هەموارکردنێکی ئەم یاسایە کار ناکاتەسەر::

1.ئەو دەستەبەری ولێبووردن ومافانەی بەپێی ئەم یاسایە دیارکراون.

2.هەڵوەشاندنەوەی هەر دەستەبەریەك, مافێك یان بەخشینێك کە بەهەر پرۆژەیەکی تۆمارکراو درابێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێش دەستپێکی جێبەجێ کردنی هەموارکردنەکە.

ماددەی بیست ودووەم:

ژمێریاریەکانی دەستە لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییەوە وردبینی دەکرێت.

ماددەی بیست وسێیەم:

ئەوحاڵەتانەی دەقێکی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، دەکەوێتە بەر ئەو رێسا گشتیانەی لە یاساکانی دیکەی پەیوەندااردا هاتوون, بە مەرجێك حوکمەکانی لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن. لەکاتی ناکۆکی لە نێوانیاندا, حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن.

ماددەی بیست و چوارەم:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە رێنماییەکانی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

شازدەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەم دوو مادەی خوارەوە بخرێنە سەر یاسای پێشنیارکراو:

ماددەی بیست وپێنجەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی بیست وشەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت ولە رۆژنامە فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**هۆی دەركردنی یاساكە**

بە ئامانجی دروستكردنی كەش و هەوایەكی هاندەر بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستانی عیراق ولابردنی كۆسپەكانی یاسایی لە بەردەمیدا، وماوەدان بۆ كارپێكردنی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی لە پرۆژەكانی وەبەرهێنان، بەو شێوەیەی هاوكارییەكی كاریگەر لە پرۆسەی بوژانەوەی ئابووری بكات، وبۆ ئەوەی ئاسانكاری و پشتگیری هاندەر بكرێ و لەهەندێ باجی سەرمایەكانی وەبەرهێنراو ببووردرێت، ولە پێناو هێنانەكایەی دەستەیەكی وەبەرهێنانی تایبەتمەند بۆ رێكخستنی لایەنە هەمە جۆرەكانی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا ئەم یاسایە داندرا.

تكایە بۆ ئاگاداری بەرێزتان وپرۆژەكە وبۆچوونی لیژنەی یاسایی بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بۆ تاوتوێكردنی ورادەربرین لەبارەیەوە.

لەگەڵ رێزدا

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسا, لێرەدا كۆتایی بە كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دەهێنین, كۆبوونەوەی داهاتوو رۆژی یەك شەممە لە 2006/7/2 دەبێت, بەخێر بێن سەرچاوان.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

# یەك شەممە رێكەوتی 2\7\2006

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە ( 13 )

## یەك شەممە رێكەوتی 2006/7/2

كاتژمێر(11)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەمە شەممە رێكەوتی 2006/7/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, به ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان – عێراق, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان – عێراقەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) له پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن له كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2006/7/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان – عێراق, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان – عێراقەوە پێشكەش كراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەم كە لەجێگەی خۆیان دابنیشن, لە جەلسەی پێشوو مادده یەك و مادده دوومان تەواو كرد, ئێستا داوا لە لیژنەی قانونی دەكەم مادده سێ بخوێنێتەوە لەگەڵ ئیقتراحەكەی, دواتر رای لیژنەی دارایی لەسەر ماددەكە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەكە گەیشتینە مادده چوار, مادده چوار بەنسبەت مەشروعەكەیە چونكە دەستكاریمان كردووە, مادده یەك حەزف كرا, ئێمە لەسەر ئەصڵی مەشروعەكە بەرەقەم دەڕۆین پاشان دەسكاری دەكەین, نەوەك بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێیان تێك بچێت, ئێستا دەست پێ دەكەین بە خوێندنەوەی مادده چوار, برای بەڕێزم كاك عونی مادده چوار دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز پخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە جەلسەی پێشوودا لیژنەی قانونی راپۆرتەكەی خۆیان خستە بەردەست, دەنگ لەسەر مادده یەك و دوو درا, بەڵام ئەوە لە هەیئەی پرۆژەكە گۆڕانكاریان كردووە, دەنگ لەسەر ئەوە نەدرا كراوە بە فەصڵ و ماددەكانیش پاش و پێش كراوە, لام وایە ئەبوایە ئەوەمان بكردبایە, نازانم چۆن دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئێستا لەگەڵ برادەران موناقەشەی ئەو مەسەلەیەمان كرد, بەڵام نەگەیشتینە نەتیجە و تەصویتیشی لەسەر نەكراوە, ئێستا دەست پێ دەكەین و مەشروعەكە دەخوێنینەوە, تەنها مادده یەك و دوو بە هەموو تەعدیلات و شتەوە دەنگی لەسەر درا, باسی ئەوەمان كرد كە دەسكاریمان لە تەرتیبەكەی كردووە, چ لەسەر ئاستی فصوڵ و چ لەسەر ئاستی فەقەرەكان, ئینجا ئەوە دوای ئەوە لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی ئێمە تەرتیبەكەی بەم شێوەیەی كە هەیە دایدەڕێژینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی كە ئێوە ئیقتراحاتی خۆتان بڵێین دوایی ئێمە چاكی دەكەینەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڵێ, ئێستا مادده سێ:

المادة الثالثة:

تطبق احكام هذا القانون على المشاريع التي توافق عليها الهيئة في احد القطاعات التالية:

أ-الصناعات التحويلية والكهرباء والخدمات المرتبطة بهما.

ب- الزراعة بشقيها النباتي والحيواني والخدمات المرتبطة بها.

ت-السياحية

ث-الفنادق.

ج- الصحة والبيئة.

ح-الترفيه ومدن الالعاب.

خ-الابحاث العلمية والتكنولوجية, وتكنولوجيا المعلومات.

د-النقل والاتصالات الحديثة.

ذ-والمؤسسات المالية والبنوك و شركات التأمين.

ر-مشاريع بناء الاعمار, و مشاريع الاسكان, والخدمات الاستشاريةو الطرق والجسور, وسكك الحديد.

ز-التعليم بجميع مراحله في ضمنه التعليم العالي وتقني ورياض الاطفال.

س-أي مشروع في أي قطاع اخر يقرر الهيئة الموافقة على شموله باحكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددە سێیەم:

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پرۆژانە پیادە دەكرێن كە دەستە لەیەكێ: لەو كەرتانەی خوارەوەدا ڕەزامەندیان لەسەر دەدات.

أ-پیشەسازییە گواستراوەكان (التحويلية) وكارەبا و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

ب-كشتوكاڵ بەهەردوو لایەنیەوە, رووەكی و ئاژەڵی, وئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

ت-گەشت وگوزار.

پ-هۆتێلەكان.

ج-تەندروستی و ژینگە.

ح-خۆش گوزەرانی و شاری یاری.

خ-توێژینەوەكانی زانستی وتەكنۆلۆژی وتەكنۆلۆژیای زانیاریەكان.

د-گواستنەوە وگەیاندنی سەردەم.

ژ-بانكەكان و كۆمپانیاكانی دڵنیاكاری(تأمين) ودەزگا داراییەكانی دیكە.

ر-پرۆژەكانی ژێرخانی ئابووری, وەك بنیاتنان و ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن و ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر وفرۆكەخانە و ئاودێری و بەنداوەكان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان صورەتێكی وازحیان هەبێ لەسەر ئەو ماددەیەی كە گۆڕانكاری لەسەركراوە, لێرەدا حەز دەكەم هەندێ نوقات روون بكەمەوە, بەنسبەت ئەصڵی مەشروع تەبعەن فەقەراتی ماددەكان پاش و پێش كراون, بەنسبەت ئەهمیەتی فەقەرەكە ئێمە تەسەلسولەكەمان دووبارە كردۆتەوە, بەنسبەت فەقەرە دوو (غابات) ئیزافە كراوە, بەنیسبەت فەقەرە سێ (فنادق و مشاريع سياحيه ) دەمج كراوە (ترفيهى) ئیزافە كراوە, بەنیسبەت فەقەرە حەفت كە دەڵێ (البنوك و الشركات التأمين)(المؤسسات المالية الاخرى) ئیزافە كراوە, بەنیسبەت فەقەرە هەشت ئیعادەی صیاغە كراوەتەوە, بنایەی تەحتی ئیزافە كراوە لەگەڵ (مشاريع البناء و مطارات والري والسدود), لەهەمان كاتدا فەقەرە نۆش فەقەرەیەكی تازەیە ئیزافە كراوە (المناطق الحرة والاسواق التجارية المعاصرة والخدمات الاستشارية المرتبطة بها), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددە سێ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لە ئیستمارەكە ناویان نووسیوە بۆ ئەوەی قسە بكەن, دەیخوێنمەوە, ئەگەر كەسێكمان لەبیر كردبێت , محمد احمد صالح, شێخ ادهم, محمد حكيم, عزالدين باقەسری, دلێر محمد شريف, قادر

سعيد، سەردار هەركی، زرار تاهیر امین، عادل امین، عمر عبدالرحمن، ئارام رەسول، مامۆستا رشاد، شرین عبدالرحمن، گوڵناز عزیز قادر، خەمان زرار، فەرموو كاك محمد احمد صالح.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەم ئەوە بوو قوتاعی تەربیە و تەعلیم بە پێی سیاسەتی تەعلیمی بێت لەگەڵ سیاسەتی تەربەوی بێت، لیژنەی یاسایی سیاسەتی تەعلیمی خستیە لەگەڵی، بەڵام سیاسەتی تنمیە ناگونجێ لەگەڵی، بە قەناعەتی من ئامانجی سەرەكی تەعلیمی عالی و هەموو بوارەكانی تەعلیم تنمیە نییە، دوو سیاسەتێكی وازیحی تەعلیمی لە كوردستان نییە، هیچ فەلسەفەیەكی تەربەوی وازیحمان نییە، لێرە دە كۆلیژی یاسامان هەیە، بەڵام یەك كۆلیژی هەندەسی معماری هەیە، یان دە كۆلیژی یاسا بەرامبەر یەك كۆلیژی صەیدەلی، لەبەر ئەوە دەبێ ئەساسی تەعلیمەكە كە ئیستیسمار بێت، هەدەفی ئەو كۆلیژەی كە دروستی دەكەن لەگەڵ هەدەفی هەرێم چییە، بۆ چ كەوادرێكە، بۆ چ مەجالێكە، بۆ زراعەیە یان بۆ صناعەیە، نەوەزیری تەعلیم و نەوەزیری تەربیە ئەندامن لەدەستەی بەرهەمهێنان، نە ئەندامن لەئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان، دەبێ لە بوارێكی وا هەبن، چونكە بوارێكی یەكجار گرنگە، پێشنیاری ئەوە دەكەم، دوو فەقەرەی (أ وی) كە صناعات تحریریە لەگەڵ بنیەی تەحتی بە تەصوری من نەدەبوو لەگەڵ هەیئەی ئیستیسمار بوایە، بەڵام بۆ لیژنەی باڵای ئیستسمار بێت، بە پێی یاسایەكی تایبەت بێت، چونكە ئەو بوارانە ئیعتیماد دەكەنە سەر مەواد ئەوەلیە (مواد خامە) ئەوە زمنی موارد تەبیعیەیە، زیمنی مولكی عامەیە، یەعنی زەحمەتە ئینسان تەصور بكات رەئسمالێك بێت جسرێك دروست دەكات دەبێتە جسری ئەو سەرمایەدارە، یان تەریق عامێك دروست دەكات ئینجا تیمێكی لەسەر دادەنێت كە دێت باج لەو سایقانە وەردەگرێت كە بەسەر ئەو جسرە دەڕۆن، ئەوانە نموونەیە دێنم، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوانە بەپێی یاسا ئیستفادەی لێ بكەین و ئەنجومەنی باڵا وەبەرهێنان بێت، نەك تەنها هەیئەی بەرهەمهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارم لەسەر ماددە سێ بەندا ئەلیف كە باسی كەهرەبای دێتە كرن و بەندا هەشت تورق و جسور و سكك الحدید، دەلێم لیژنا یاسایی و (مطارات)یش دێتە كرنێ، كە ئەویش دەبێتە یەك لە تێبینیەكانم، من بەباشی دەزانم ئەڤ شتە هەر لە زمنێ دەسەڵاتا حكومەتێ بێت، ئان نەكتنە كەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوای تەوزیحێك دەكەم لەسەر مەشاریعی تەرفیهی، مەبەستیان چییە؟ یانی مەشاریعی تەرفیهی ئەگەر بۆمان شەرح بكەن بزانین مەبەستەكەی چییە، سوپاس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیا من لەسەر ماددە سێ فەقەرا (ك) تەعلیمی ئەو لیژنایا یاسایی دروست كریە، هەمان تێبینیا كاك دیلمان، سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ هەموو ئەو پرۆژانەی دیاری کردووە کەوا ئەم قانونە دەیانگرێتەوە, بەڵام لەناو ماددەکاندا هەموو بڕگەکان, یان هەموو ئەو پرۆژانەی کەوا پەیوەندیان هەیە بە پرۆژەی ستراتیژین و لەگەڵ ناستراتیژی تێکەڵ کراون, زائیدەن ئەوەی من لە لیژنەی قانونی گفتوگۆمان زۆر کردووە, بە ئەکسەریەتی را ئەمانە دیاری کراوە, ئەقەلیەتێك هەبوو کە جیاوازی هەبوو, من پێم باشە و پێشنیاریشم کردووە کە بڕگەیەك ئیزافە بکرێ بەم شێوەیە, حوکمەکانی ئەم یاسایە پیشەسازیە دەرهێنراوەکان نەوت و کانزاکان ناگرێتەوە (لایشمل احکام هذا القانون الصناعات الاستخراجية في مجال النفط والمعادن)مەبەست لەوە ئەوەیە ئەم دوو سەرچاوەیە هەردووکیان دوو سەرچاوەی سەرەکی سامانی نیشتمانین و پەیوەندیان هەیە بە سیاسەی ئیقتیصادی دەولی, سیادەی سیاسیمان, پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە چۆنیەتی دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم دوو سەرچاوە سەرەکیەیە, من ناڵێم بەشەکانی تری کەوا سدود و مەتار و ئەوانە ئەکرێ لە زیمنی پرۆژەی ئیستسماری بن, بەڵام ئەمە ئەکرێ بە شێوازی تر لە زیمنی ئەو پرۆژە ئیستیراتیژیانەی قیودی بۆ دابنرێ, یانی مەرج هەبێت, هەندێ مەرج کە هەم ئیفتیتاحێك بێ بۆ ئەو مەجالانە بکرێنەوە, لەهەمان کاتیشدا حکومەت لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئەم شتانە بکێشێتەوە, چونکە لە کۆتاییدا پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە, پەیوەندییان بە تەمویلی گشتی, پەیوەندییان بە ژێرخانی ئیقتیصادی هەرێمی کوردستانەوە هەیە, ناکرێت بە ئاسانی تێپەڕێنرێ و بخرێتە دەست ئەفراد, و زائیدەن لەو خراپتر بکەوێتە دەست شەریکاتی ئەجنەبی کە لەدەرەوەی ئێمەن, لەوانەیە ئەوە تەئسیری لەسەر سیادەی ئیقتیصادی سیاسیمان بکەن, بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە تەسبیت بکرێت و نەم وتووە مەعادن ناوێ نییە, ئیحتیماله موبەرر ئەوە بێ بڵێین لە دەستووری عێراقی, یان لە دەستووری هەرێمی کوردستان ئەم دوانە دەچنە زمنی ئیتفاقاتی تایبەتەوە, یان ئەچنە زمنی قەوانینی ترەوە, من پێم وایە راستە ئەمە, بەڵام لەهەمان کاتدا تەسبیت کردنی زەرەرمان پێ ناگەیەنێ و وازحتریش دەبێ بۆ موستەسمری ئەجنەبی, بەتایبەتی کە تێبگات لە کوردستان دا ئەم دوو بەرهەمە دەگرێتەوە و باشترە تەسبیت بکرێ, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (و) وشەی (الترفيهي) هاتووە, من پێشنیار دەکەم بیگۆڕن بە (الحدائق و المتنزهات) چونکە وشەی (ترفيه) لەوانەیە هەندێ مانا بگرێتەوە نەگونجێ لەگەڵ ئادابی گشتی کۆمەڵگاکەمان, ئەگەر مەبەست لە شاری یاری بێ هەیە, ئەگەر مەبەست لە سیاحە بێت هەیە, بەڵام ئەگەر مەبەست لە پارك و حدائق و متنزهات) بێت, بۆیە پێشنیار دەکەم وشەی تەرفیه بگۆڕێ بۆ حدائق و متنزهات, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من دوو تێبینیم هەیە, تێبینی یەکەم دووبارەیە لە بۆ قسەکانی کاك دلێر, بەڵام من رەئییم لەگەڵ ئەوە نییە کە شەریکاتی ئەجنەبی مواردی تەبیعی دەربێنن, بەڵام وەکو تەنها موڵکی مواردی تەبیعی لەبۆ حکومەتی هەرێم بێت, تێبینی دووەمم ئەوەیە (فنادق) زیادە, لەبەر ئەوەی کە باسی سیاحە دەکرێت, خۆی لەخۆیدا فنادق دەگرێتەوە, بۆیە پێشنیارم ئەوەیە فنادق لابدرێ و سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێ بڕگەی (ج) بڕگەی (د)و(و) لەخۆی بگرێت, واتا بڕگەی (ج, د, و) بکرێ بە یەك بڕگە, وشەی (مشاريعی) بۆ زیاد بکرێت, بەم جۆرەی خوارەوە (الفنادق و المشاريع السياحية والترفيهية ومدن الالعاب), هەر لەسەر ماددە سێ بڕگە (4) رستەی (كافة الانشطة) (وكالات التجارية)زیاد بکرێت, بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێت (المؤسسات المالية و البنوك و شركات التأمين وكافة الانشطة او الوكالات التجارية), سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەرلەوەی تێبینی خۆم لەسەر ئەو ماددەیە بدەم, ئەمەوێ وەبیری هەمووتان بێنمەوە, ئێمە وەکو هەموو لایەك دەزانین ئابووری کوردستان, ئابووریەکی ناچەقیوە و پاشماوەی بیروبۆچوونێکی ئیشتراکیانەی بەعسیانەش هەیە لە کوردستان لە دروست کردنی کۆمەڵێك کارگە, لەوانە کارگەی رستنی کفری و چەند کارگەیەکی چەمەنتۆ لە سلێمانی, کۆمەڵێ لەوانە کە ئەوانە کەرتی گشتین, یانی من زۆر بە پێویستم ئەزانی بەر لەوەی ئێمە ئەو قانونەی دەرکەین ئەو کەرتە گشتییانە بە قانون بیکەینە کەرتی تایبەت, بۆ ئەوەی هەم ئەو توانایەی کە لەوێ قەتیس ماوە و ئەو مومتەلەکاتەی کە هەیە, بتوانرێ لە بواری ئیستیسمار و لەبواری ئابووریدا بتوانێ بەشداری بکات لە گەشەکردنی ئابووری کوردستان, من تەنیا بۆ نموونە بۆتان دەهێنمەوە, بۆ نموونە کارگەی رستنی کفری لە ساڵی 1978 دامەزراوە, هەر بۆ مەعلومات بۆ هەموو لایەك, ئەو کارگەیە لە ساڵی 1995 حکومەتی هەرێم وەریگرتووە, بەرهەمی ئەو کارگەیە کە ئێستا 346 فەرمانبەر کاری تێدا دەکات لە رۆژێکدا, 30 تا 50 کیلۆ بەن ئەتوانێ رەنگ بکات, کە لەمانگێکدا نزیکەی سی وشەش ملیۆن دیناری ئێستا دەکات, بەڵام معاشی ئەو فەرمانبەرانە لەوێ چەندە لەمانگێکدا؟ سەدو یازدە ملیۆنە, حەوت سەدو بیست و نۆ هەزار و هەشت سەد وبیست و پێنج دینارە کە لەساڵێکدا دەکاتە یەك ملیار و سێ سەد و چل ملیۆن و حەوت سەد و پەنجاو حەفت هەزارو نۆسەد دینار, ئەگەر ئەو یازدە ساڵە حیساب بکەین چواردە ملیارو پەنجاو دوو ملیۆن و سێ سەدو سی وشەش هەزارو نۆسەد دینار, ئەوە حکومەت صەرفی دەکات لەو بوارە کە هیچ بەرهەمێکی ئینتاجی نییە, ئەمە تەنها لە کارگەیەك لە شارێکی بچووکدا ئایا کارگەکانی چەمەنتۆ و جگەرەو شەکر وئەوانی تر لە هەولێر و سلێمانی چەند هەیە, بۆیە ئەگەر بێتو ئێمە بڵێینەوە ئەو قانونە ئیستیسمارە موستەسمر دەتوانێ ئەوە بکات, خۆ موستەسمر بانگ ناکەین بڵێین وەرە ئەو کارگەیەی تەسلیم بکەین, بۆیە پێویستە قانونێك دەربکەین بۆ بەتایبەت کردنی ئەو کەرتانە, بۆ ئەوەی هاوسەنگ و هاوکار بێت لەگەڵ قانونی ئیستیسمارەکە, من پێشنیار دەکەم دوای ماددە دوو ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بەناوی ماددە سێ (لاغراض هذا القانون تحدد المناطق التي تتمتع المشاريع فيها بالاعطاءات من الرسوم والضرائب بثلاث مناطق تنموية أ,ب,ج) واتا ناوچە تەنمویەکانی کوردستان دابەش بکرێت بە سێ ناوچە (أ و ب و ج), لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانین راستە ئێمە ئابووری لێرە دواکەوتووە, جیاوازی هەیە لەنێوان ناوچەیەك و ناوچەیەکی تر, شارێك و شارێکی تر, من هەر بۆ نموونە ئەڵێم ئەگەر بەرهەمهێنێك بێت لە بواری نیشتەجێکردندا خانوو بکات, لە بینایە هەتاکو هەولێر و سلێمانی هەبێت قەت ئامادە نییە بچێتە شارێکی بچووك خانوو بکات, بۆیە پێویستە ئێمە ناوچەکان دیاری بکەین وەکو ئەو ماددەیەی من پێشنیاری دەکەم فەقەرەی ئەلفی ئەوە بوو, فەقەرە بائیشی (اذا نقل على المشروع خلال مدة الاعفاء الممنوحة من المنطقة التنموية الى منطقة تنموية اخرى ويعامل لغايات الاعفاء خلال مدة المتبقية معاملة مشاريع المنطقة التنموية اليها بعد موافقة الهيئة الخطية على ذلك) بۆ ئەوەی بتوانرێ هەموو ناوچەکانی کوردستان کە گەشە دەکات لەرووی ئابوورییەوە هاوسەنگ بێت, بێگومان بەرهەمهێن کە دێتە کوردستان بێگومان ئامانجی سەرەکی قازانجە, ئەوانە ئەگەر ئێمە دیاری نەکەین و ئەو صەلاحیەتە نەدرێتە مەجلیس بە خشتە بە نەخشەیەك دیاری نەکات, من پێم وایە ناتوانرێ هاوسەنگی و یەکسانی هەبێت لەگەشەسەندنی ئابووری لەهەموو روویەکانەوە, بێگومان هەتاکو زەوی شارەزوور و دەشتی هەولێر هەبێ, موستەسمر ئامادە نییە بچێتە ناوچەیەك وەکو گەرمیان ئەرزی بێ پیتە و ئاوی نییە و ئەوانە, ئینجا بۆیە حەقە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ و ئەو ماددەیە وەکو پێشنیار, سەبارەت بە ماددەی سێ من پێشنیار دەکەم پێشەکی ماددەکە ئاوای لێ بکرێ (تطبق احكام هذا القانون على المشاريع) وا نووسراوە بنووسرێ (تطبق احكام هذا القانون على المستثمر الذي يستثمر امواله في احدى القطاعات او المجالات الاتية) لەدەرەوە عادەتەن قانون تەعامول لەگەڵ شەخصدا دەکات, موستەسمر شەخصە نەك مەشاریعەکە, ئینجا ئەگەر شەخص تەبیعی بێت یان مەعنەوی بێت, ئینجا ئێمە ئەو مەجالانە بە موافەقە و بەهەیئەوە بێت, واتا ئیرادەی موشەریع بەستراوە ئەگەر هەیئە موافەقەی لەسەر ئەو مەجالە نەکرد , یانی ئەو قانونە لەو مەجالە تەتبیق نابێ, بۆیە من پێم باشە هەیئە لابدرێ مەشاریع بکرێتە موستەسمر , من بەقانونی تری دەزانم, لەبەر ئەوەی قانون لەگەڵ ئەشخاص تەعامول دەکات, لەگەڵ مەواد تەعامول ناکات,

لەتەعریفەکەش هاتووە موستەسمر کێیە, کە هەموو ئەموالی عەینی و شەخصی و مەعنەویەکە دەگرێتەوە, من پێشنیاری ئەوەم هەیە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت ئەویش کە بواری ئیستیسمار بگرێتەوە ئەمەش دەقەکەیەتی (انشاء ثلاجات خاصة لحفظ الحاصلات الزراعية والمنتجات الصناعة والزراعة والمواد الغذائية) لەسەر ئەوە هیچ لە کێشەکانی جووتیار لەم وڵاتە کەم ناکاتەوە, کاتێك بەروبومێکی دەبێ زیاد لەبازاڕدا, یان بەوەی کە بێتە بەرهەم شوێنێك نییە حفزی بکات, یانی کە دەچێتە بازاڕ هەندێك جار ئەو پارەش ناکات کە جوتیارەکە بەرهەمەکەی پێ نەقڵ دەکاتە بازاڕ, بۆیە ئەم بوارە من بە بوارێکی پێویستی دەزانم بۆ کشتوکاڵ, کە ئێمە لە ژێر ئەم ماددەیە جێگەیەکی بۆ بکەینەوە بۆ ئیستسمار بیگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە بڕگەی دەی ئەم ماددەیە کە ڕێز لە تەعلیم بگرێ و لە مەراحیلی ئەساسی تەعلیمی بێت, بگەڕێینەوە بۆ ماددە پازدە لەبەر ئەوەی وەزیری موختەص لە هەردوو بوارەکە چ لە تەربیە و چ لە خوێندنی باڵا موشارەکەی مەجلیسی ئەعلاکە ناکەن, ئەو بڕگەیە لەو ماددەیە زیاد بکرێت, یان ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە ئیزافە بکرێ بۆ مەجلیسی ئەعلا, بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر ڕەبتیان بە تەربیەی تەعلیمی ئیقلیمی زیاتر موختەصن وەك لەهەیئەی ئیستیسمار, چونکە فەقەرەکانی تر هەموویان پرۆژەی ئیستیسماری خدمینە, بەڵام ئەوە تەنیا تەعلیمیە, لەبەر ئەوە, ئەوە پەیوەندی بە وەزیری پەروەردە و وەزیری تەعلیمی عالیەوە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ ماددە سێ بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوەیە لە زمنی بوارەکانی بەرهەمهێنان (پرۆژەکانی بواری وەرزشی و کردنەوەی یانەی تایبەت و خاوەنداری کردنی تیپی تایبەتی وەرزشی), زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی سێ بڕگەی (ك) پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە ئیلغا بکرێ, لەبەر ئەوەی تەعلیم مەسئولیەتی دەوڵەتە, داخلی ئیستیسمار و تیجارەت نەبێت باشترە لەو مەرحەلەیەی, دەکرێ مەرحەلەیەکی دیکەدا ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, لەبەر ئەوە ئەو مەرحەلەیە بەباشی نازانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شرین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم ئەوەیە کە بڕگەی (فنادق وترفيه و العاب) بکەوێتە زیمنی سیاحە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (ك) لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا باخچەی ساوایان, بەڕای من بەهیچ شێوەیەك نەدرێتە کەرتی بیانی, لەبەر ئەوەی دەکرێ بەمەبەستی ئەو دەزگایە لە ڕێگە لابدرێ, هەرچەند لە گۆڕانکاریەکەی لیژنەی یاساییدا پێشنیارەکە کراوە و بەشەکانی تری پەروەردە لە ژێرچاودێری ئەمنی نیشتمانییدا بن, چونکە ئەوە لایەنێکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ وڵاتانی دەوروبەر یان وڵاتانی تر بەئاقارێکی تر دەرۆن, ئێمەش هێشتا لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیی داین, سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی قسەکان زۆر دووبارە نەبێتەوە, بەڵام تەئکیدەن و پشتگیری کردن لە قسەکانی کاك دلێر کە لە روونکردنەوەکەی هەموو ئەو بوارانەی کە پەیوەندی بە نەوت وکانزاکان هەیە, ئەم قانونە نەیگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی مولاحەزەیەكی زۆر درا, بەڵام ئەوەی بتوانین وەڵامی بدەینەوە, ئێستا وەڵامی دەدەینەوە, بەنسبەت كاك دیلمان كە دەڵێ تەربیە بەم شێوەیە ئەوە قانونی تایبەتی دەوێ, ئێمەش لەگەڵ ئەوەین, چونكە ئەمە یاسای تایبەتی دەوێ, ئەو یاسایە بە تەفصیل حەقی خۆی بدرێتێ, بەنسبەت كاك شێخ ادهم دەڵێ مەطار لە كەرتی تایبەت دووربخرێتەوە, ئێمەش پێشنیارمان داوە بەراستی بۆ ئەوەمان بەجێهێشتووە, ئەوە ئیقتراحێكە, دوا رەئییم رەئیی برایانی ئەندامانی پەرلەمانە, مەسەلەی تەرفیهی, یەك لەبرادەران دەڵێ بۆمان روون بكەنەوە تەرفیهی چییە, تەرفیهی وەسائیلی حەوانەوە بە تەرفیهی لە قەڵەم دەدەین, ئەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونیە, ئەگەر نا پێتانیش باشە ناوێكی تر بڵێین ئەو ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەو مەسەلەیە, مەسەلەی فەنادق سیاحی بێت ویاخود بكرێتە غیر سیاحی كاك سردار دەڵێ هەموو فنادق سیاحی كۆبكرێتەوە, لەوانەیە مەشروعێكی ئیستیسماری بێت و فندق بێت, بەڵام سیاحی نەبێت, بەنسبەت كاك عادل كە كوردستان تەقسیم بكرێت, تەبیعی لە پرۆژەكە تەقسیم نییە, بەڵام ئەوەی كە هەیە ئەو مەناتیقەی كە بچووكە وەكو دێ, ناحیە, قەزا, ئەبێ حەوافیزی تەسیهلاتی زەماناتی زیاتر بدرێتێ لەو پرۆژانەی كەدەكرێ, بەنسبەت كاك عمر عبدالرحمن و وەزیری تەربیە و وەزیری تەعلیم ئیزافە بكەن, ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەكەین, لەبەر ئەوەی فەقەراتی پەیوەندار هەیە بەو مەسەلەیە لە قانونی ئیستیسمار, ئەوەی كاك ئارامیش باسی كرد ئیمكان هەیە لە تەرفیهی جێگای بكرێتەوە, بەنسبەت كاك دلێر نەوت وكانزاكان ئەصڵەن لەو ماددەیە نەهاتووە, بەڵام لە ماددەیەكی تر كە هاتینە سەری موناقەشەی ئەو مەسەلەیە دەكەین, بەنسبەت ئیلغای فەقەرەی تەعلیمی, بەحەقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە فەقەرە تەعلیمیەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەحەقیقەت كاك دلێر دووبارە پێشنیارەكەت بڵێوە, چونكە دوو كەسی تریش تەئییدیان كرد, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی ئیقتراحەكەی خۆم بخوێنمەوە, فعلەن ئێمە لە لیژنەی قانونی موناقەشەمان كردووە, تەقریبەن لە شوێنێكی تر لە مادده پێنجمان داناوە, بەڵام من پێم وایە لێرە زەرووڕە, زەروریشە بەم شێوەیە بێت من تەحدیدم كردووە, بەعەرەبیەكەی دەڵێم و ئینجا بە كوردیەكە, (لایشمل احكام هذا القانون الصناعات الاستخراجية في مجال النفط والمعادن) بەكوردیەكەی (حوكمەكانی ئەم یاسایە پیشەسازییە دەرهێنراوەكان نەوت و كانزاكان ناگرێتەوە) محددە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە بۆ بێتە ئێرە؟

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە لێرە پرۆژەكانی هەموو باس كردووە, من تەوزیحم داوە وتم بەپێی دەستوور بێت, دەستووری هەرێمی كوردستان كە ئێستا لە تەواو كردنی داین, بەهەمان شێوە لە زمنی سامانی ژێرخانی ئابوورییە, هەر خۆی حەقی تەصەروف لەو مەجالە بێتە سەر حكومەت و دەوڵەتی هەرێمی كوردستان, بۆیە پێم وایە هیچ تەناقوضیك نابێت لەگەڵ دەستووری هەرێمی كوردستان لە داهاتوودا, چونكە ئەم دوو مادەیە بڕبڕەی پشتی سیاسەی ئیقتیصادی دەوڵەتن, یانی ناكرێ هیچ بواری بۆ بهێنینەوە, ئەبێت لە ئیتیفاقاتی دەولی ئەكرێ, لە ئیتیفاقاتی سیاسی دەكرێ, ئیتیفاقاتی جیاجیا هەیە لە زمنی شەریكات ئەكرێ, باشترە لێرە تەسبیت بكرێت, بۆ ئەوەی هەبێت لێرە باشترە, ئەو ماددەیە لەولا وازح نییە معادن ونەوت نەهاتووە, ئەو مەوادانەی كەوا كەرەستەی خاوی سەرەكین ئەوانە مەقصەدە, بەڵام لێرە لە مادده یەكدا شتێك هەیە بۆیە من دەڵێم ئەمە بنووسرێ, چونكە دەڵێ صناعاتی تحویلیە, ئەمەش هەمووی شمل دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەخشینی زەوی جگە لەوانەی کە باسمان کردن چ دەورێکی گەورەی هەیە, کۆمپانیایەك دێتە کوردستان دەیەوێ خانوو دروست بکات, یان هۆتیل دروست بکات, یا هەر پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری دروست دەکات, با بڵێین هۆتێلێك دروست دەکات, ئەم هۆتێلە تەکلیفی پەنجا ملیۆن دۆلار دەکات, ئەگەر حکومەت خانووەکەی نەداتێ و ئەرزەکەی نەداتێ, مانای وایە دەبێ ئەو ئەرزەی پێ بفرۆشی, خۆ ئەگەر یەکێك بیەوێ ئەرز بکرێ, پارەکەی زیاد دەبێت, من عەرزم کردن نایەوێت بە موصاتەحە, تەبیعەتی بەشەر وایە, پێی وایە تا دونیا مایە دەژی, ئەگینا بە موصاتەحە بێت سەد ساڵ زۆریشە, بەڵام ئینسان تەبیعەتی وایە تەمەنی دەگاتە هەشتا, نەوەت ساڵ قەد بیر ناکاتەوە کە سبەینێ دەمری, هەر پێی وایە تا دونیا ماوە دەژی, یاخود پێی وایە تەواصولی هەیە, پاشی خۆشی دەیەوێ منداڵەکانی و جیلی نوێ هەر وەدەزانی ئەوان ئیستیسماری خۆینە, لەبەر ئەوە دائیمەن حەزی لەوەیە کە شتێکی هەتاهەتایی هەبێ, موڵکی صرفی خۆی بێت, ئەو پەنجا ملیۆنە و کە ئەو ئەرزەی دەدەیتێ, بەو پەنجا ملیۆنە هۆتێلێك دروست دەکات, ئەگەر نا پێی بفرۆشی فەرزمان کرد, (10) ملیۆن دۆلار زیاتر دەکاتە (60) ملیۆن دۆلار, ئەگەر ئیعفائاتی گومرگی بۆ نەکەی, پێنج ملیۆنیش بۆ ئەوێ, لەوانەیە ئەو مەکائینانە بێتەوە ببێتە (65) ملیۆن, ئەگەر باجی لێ وەرگری لەخیلالی پێنج ساڵ بەپێنج ملیۆن باجی لێ وەردەگری دەبێتە (70) ملیۆن دۆلار, هەموو تاجرێك و هەموو پیاوی صناعی لە نەتیجەدا لەسەر ئەساسی کولفەی هەر مەشروعێکدا نرخی دوایی کە دەگاتە هاووڵاتی, لەبەر رۆشنایی ئەو کولفەیەی کە صەرفی کردووە لە مەشروعەکەدا, ئەگەر کولفەکەی حەفتا ملیۆن بێت, نرخەکەی دوایی دەکەوێتە سەر هاووڵاتی, بەرزی دەکاتەوە, ئوتێلە نرخی بەرز دەکاتەوە, سیاحیە نرخی بەرزدەکاتەوە, چەمەنتۆیە لەجیاتی بە پەنجا دۆلار بێت بیفرۆشێ دەیکاتە شەست دۆلار, ئەو دەیەوێ پارەکەی بۆ بگەڕێتەوە, کەواتە تۆ کە تەسهیلاتی دەدەیتێ تەنیا بۆ تەشجیع کردنی هاتنی ئەو نییە, ئەو تەسهیلاتە بۆ ئەوەی نرخەکەی دوایی لەبەر رۆشنایی تەکلوفەی کوردی, چونکە تەکلوفەی کوردی کەم دەکاتەوە بەو تەسهیلاتەی کە تۆ کردووتە, کەواتە ئەو تەسهیلاتە لە کۆتاییدا بۆ قازانجی هاووڵاتییە کە خزمەتەکە دەیگاتێ, لەبەر رۆشنایی کولفەکە کەمتر بۆتەوە بە تەدەخولی حکومەت, کەواتە نرخەکەی کە دەگاتە هاووڵاتی کەمتر دەبێتەوە, من دوێنێ برادەرێك ئەو موناقەشەیە لە هەموو شوێنێك بڵاوبۆتەوە, شەویش هەر موناقەشاتمان هەر بەردەوام بوو, برادەرێکی شارەزا بیری خستینەوە وتی لە ساڵی 1974 ئینگلتەرا ئەو قانونەی دانا, مەدام تاتشەر کە سەرۆك وەزیران بوو ئەو وەختی, ئەو خاوەنی ئەو قەرارە بوو و خاوەنی تەملیك بوو, لەوەختەوە تەملیك لە بەریتانیادا هەموو کەسێك دەتوانێ تەملیك بکات ئەرز بکرێ و ئوتێل بکرێ, پاش ماوەیەك موئتەمەرێکی صوحوفی گرت, یەکێك لە رۆژنامە نووسەکان لێی پرسی وتی عەرەب ئێمەی خوارد, ئوتێلاتەکان بەناوی عەرەبدا ئەرزیان کڕیوە و خانوویان کڕیوە ئێمەیان خوارد, ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە, وتی کەینێ دیتتان عەرەبێك هارۆڵد گەورەترین مەخزەنی شمەك فرۆشتنە لە لەندەن, محمد فاید هەیەتی موڵکێکی میسریە, وتی کەی دیتتان هارۆڵد یاخود هەر بینایەکی تر عەرەبێك بەسەر شانییەوە کردوویەتی و دەیەوێ بیباتە دەرێ, ئەو وەختی حەقتانە نیگەران بن, گوتی ئەوە هەر لە ئینگلتەرایە و هەر بۆ ئینگلتەراش دەمێنێ, چارەی نییە ئەگەر فرۆشتی ئنگلیزێك دەتوانی لێی بکڕێ, بەڵام موڵکەکە ئی ئێمەیە وبا بەناوی ئەو بێت, لەبەر ئەوەی ئەم قانونە هەمووی یەکە, ناکرێ بڵێین وەڵڵا من قانونێکم دەرهێناوە و دەمجی بکەین, یان لە نوقتەیەکی گرنگی دا وەکو ئەوەی هیچت نەکردووە وایە, دوا قسەشم ئەوەیە ئەو قانونە دەسەڵات دەداتە کێ, دەسەڵات دەداتە هەیئەی عولیای ئیستیسمار کە پێك هاتووە لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و هەشت نۆ وەزیری لێپرسراو کە هەموویان وەکو ئێمە, هەست بە لێپرسراویەتی دەکەن, هەست بە خۆشەویستی حکومەت دەکەن و بەرژەوەندی گەلیان لا مەبەستە, لەبەر ئەوە نابێ لەوە بترسێن, ئێمە دەسەڵاتێك نادەینە یەکێك کە خاوەنی ئەم وڵاتە نییە, دەسەڵاتێك نادەینە بێگانەیەك کە بە کەیفی خۆی تەصروف بکات, دەسەڵات دەدەینە حکومەتێك کەوەکو ئێمە لێپرسراوە, بەرپرسە, خۆشەویستی ئەم وڵاتەی لایە و ئەگەر بێتو خوانەخواستە خیلافی ئەوە بوو, ئێمە دەگەڕێینەوە لێرە موناقەشەی دەکەینەوە, بابەکە دەکەینەوە, هەم دەتوانین موحاسەبە بکەین و هەم دەتوانین گۆڕانکاری بکەین, لەبەر ئەوە ویستم ئەو دوو قسەیە لەخزمەتتان بکەم بۆ ئەوەی تۆزێك وەکو رەئیەك عەرزتان بکەم ئەو لایە کە هەیە تێنەگەیشتنێك, موساهەمە بکەم بۆ ئەوەی تێبگەین ئەم قانونە

ئەهمیەتەکەی چەندە و بۆ ئەوەی تێبگەین ئەو ماددەیە بزات لەناویدا دەنگدان بۆی ئەهمیەتی چەندە, سوپاستان دەکەم و داواش لە لیژنەی یاسایی دەکەم رای کۆتایی خۆی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا دوای ئەوەی کە گوێمان لە مولاحەزەکان هەمووی گرت, وتاوتوومان کرد, بەحەقیقەت هاتینە سەر ئەو قەناعەتەی کە بتوانین ئەو مولاحەزاتانەی کە درا لە چەند تەوەرێك وەڵامی بدەینەوە, یەك لەوانە ئەوەبوو زۆر لە برادەران وتیان نابێ زەوی کشتوکاڵ بۆ مەشاریع تەخصیص بکرێت یان بدرێتە مەشاریع, لێرەدا من دەڵێم زەوی ئەوەی لەم یاسایەدا هاتووە سێ جۆرە زەویە, یەك موڵکی صرفە, کە عایدی هاووڵاتیانە کە ئەوە دوێنێ رامان لەسەردا لەیاساکە حەزف بکرێت, زەوی ئەمیری صرفە ئەوە عاید بە حوکمەتە و کەس عیلاقەی پێوە نییە, نەهاووڵاتیان عیلاقەیان پێوە نییە بۆ کێ تەخصیصی دەکات ئەوە دەیکات, سێ (الاراضي مملوكة للدولة) کە پێشان پێیان دەگوت (المفوضة بالطابو) کە ئەوەش حەقی تەصەروف بۆ هاووڵاتیانە و رەقەمەکەشی بۆ دەوڵەتە, ئەوەی تا ئێستا تەعامولی لەگەڵ کراوە, چ پێش دروست بوونی ستاف ئێمە, چ ئێستاش مەسەلەی مەبدەئێکە (اطفا) بەکارهێنراوە , ئەم (اطفا) یە بەینی دوو وەزارەت بووە, وەزارەتی بەلەدیە و وەزارەتی ئیصلاحی زراعی, هەر زەویەك لە ناو شار بێت و لەدەرەوەی شار بێت, پێویستی هەبێت و مەشاریعی لەسەر بکرێت, یان پێویستی ئەوەی ئیفرازی لەسەر بکرێت بدرێتە هاووڵاتیان, ئەوە بەلەدیەی ئیصلاحی زراعی موعامەلەی ئیتفایان روون بووە, موعامەلەی ئیتفا لە هەرێمی کوردستان دوای دروست بوونی ستاف ئێمە یاسای تایبەتی بۆ دەرچووە, لەسەر ئەم یاسایە چ لێرە, چ لە سلێمانی پیادە کراوە, واتە حەقی صاحب موڵکیان نەداوە کە حەقی تەصەرروفەکەیە, ئەوی تر گەڕاوەتەوە بۆ دەوڵەت, بەلەدیە هەڵساوە بە گوێرەی تەصمیمی ئیحصای شارەکان ئەو قتعانە تەخصیص دەکات لە بۆ قوتاعاتی موختەلەف لە زمنی ئەو قوتاعەش قوتاعی صناعی بێت, هەروەکو ئێستا دەبینین صناعەی شیمالیمان هەیە و صناعەی جنوبیشمان هەیە, لێرەدا هەندێ لە برادەران وتیان عەلا ئەساس هەیئە نابێ حەقی تەمەلوکی هەبێت بەنسبەت ئەرازی, لێرە بە قەناعەتی ئێمە هەیئە حەقی تەمەلوکی هەبێت ونەبێت, هەر دەبێ ئەرز وەربگرێت, لە کێ وەربگرێ یان لە ئەمیریە صرف وەردەگرێ کە هی دەوڵەتە یانیش لە بەقایەی ئیتفایەکە وەردەگری, تەنها و تەنها ئێمە حەلقەی بەلەدیەمان حزف کردووە, ئەو حەلقەی بەلەدیە بەینی زراعە و بەینی ئیصلاحی زراعی هەڵبستێت وببێتە هەیئە, وابزانم ئەوەش هەر بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە, هیچ لایەنێك لێرە تەرەف نییە لە مەسەلەی ئەو مەوزوعە, خاڵێکی تریش هەیە کە ئیشارەتی پێدرا, مەسەلەی ئیستملاك و تەمەلوك و تەملیك, مەسەلەی ئیستیملاك وازیحە بە گوێرەی قانونی ئیستیملاك بێنین حەسم کرا هەروەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا, مەسەلەی تەمەلوك بەنسبەت ئەجانب بەگوێرەی دەستووری ئیتیحادی جائز نییە و هەمان شێوە بەنیسبەت دەستووری هەرێمیش, (الا من استثنى بها القانون) ئەمە یەك, دوو بۆ گۆڕینی واقیعی دیموگرافی ئێمە نەصێکی صەریح هەیە لە قانون, ئەگەر لێرە و لەوێ ئیختیصاصێك دەکرێ لەلایەن هەندێ لایەنەوە موڵك دەکرێ بەناوی مواتنی عێراقیەوە, ئەوە ئیختیصاصە لەسەر قانون, ئەبێ ئەمە حەدێکی قانونی بۆ دابنرێ, خاڵێکی تریش دەمەوێ ئیشارەتی پێدەم ئەویش مەسەلەی تەعاروزە بەنیسبەت سوڵتاتی ئیتیحادی یاخود دەستووری ئیتیحادی, لێرە من عەرز دەکەم بۆ برادەران سێ ماددە هەیە بە روونی بیخوێنەوە (121, 114, 110) لەدەستووری عێراقی, هەروەکو ئێمە پێشنیارمان کردووە و رایەکانمان لەناو لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەوی هیچ موخالەفەیەکی تێدا نییە, تەنها و تەنها لە سوڵتاتی موشتەرەك بەینی ئێمە و ئیتیحاددا, ئێمە ویستومانە هەندێ شت بۆ خۆمان بچەسپێنین, چونکە وەزعەکە ئەمڕۆ مولائیمە بۆ خۆمان بچەسپێنین, کێ دەیزانی قەوانین و قەراراتی ئێمە لە 1992وە هەتا 2003 شەرعیەتی تێدا بێ, زۆر قەرارمان دەرهێنا, زۆر قانونیشمان دەرهێناوە و لەدەستووری عێراقی هەمووی شەرعیەتی پێدرا, بۆیە بە حەقیقەت من پێم وایە لەو روانگەشەوە هیچ تەعاروزێکی نییە لەگەڵ دەستووری ئیتیحادی و لەگەڵ صەلاحیاتی سوڵتاتی ئیتیحادی ئیقلیم, ئەمڕۆ بە حەقیقەت ئەوەی لە لیژنەی یاسا تاوتومان لەسەر کرد مەوزوعی تەمەلوك, مەوزوعی تەمەلوك تەبعەن هەروەکو پێم وتن لە دەستووری ئیتیحادی مەنع کراوە و بەهەمان شێوە لەدەستووری

هەرێمیش, واتە تەمەلوك ئەوەیە ئەجنەبیەك دێت بە رێگەی بەیع و شیرا لە هاووڵاتیەكی عێراقی بچێ موڵك بكرێ و بەناوی خۆی بكات, ئەمە مەحزورە دەستووریە, دەمێنێ ئێرە موستەسمری قانون, موستەسمری قانون ئەمە قانونەكەیە, ئەویش كێیە بە گوێرەی قانونی ئیستیملاك حكومەت تەملیكی موستەسمر دەكات بەراستی, ئەوەش مەحصورە تەنیا بۆ خزمەتی مەشروعەكە و بۆ سەكەنی خاوەن مەشروعەكە و دارو دەستەكەی, بۆیە بە حەقیقەت حەزم كرد ئەو روونكردنەوەیە بدەم بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان صورەتێكی وازحیان هەبێت لە كۆی موناقەشەكەی دوێنێكە, دوا رەئیش رەئیی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان تەنها فەقەرەی یازدە, پێشنیارێك هەبوو كە بكرێتە جێگایەكی تر, یانیش موقتەرەحێك لەلایەن برادەرێك هاتووە (لایجوز للمستثمر تملك الاراضي التي فيها المواد الطبيعية) یان شتێك لەو دوو موقتەرەحە, پێم وایە یان مەوقیعی بگۆڕین, یان برادەرێك ئەندامێكی پەرلەمان وابزانم كاك محمد بوو كە نوسیت (لایجوز للمستثمر تملك الاراضي التي فيها المواد الطبيعية)بۆ ئەوەی لەگەڵ ماددەكە بگونجێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەسەلسولی ماددەكە پێم وایە جێگەی تەواوە, بەڵام بەنیسبەت ئەوە ئێمە ئیزافەیەكمان كردووە ئەگەر كاك عونی بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حادي عشر: لايجوز للمستثمر تملك الاراضي التي توجد فيها المواد الطبيعية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێ ئێستا تەبیعی بوو, من پێم باشە بنووسرێ الموارد الطبيعية و قەوس بكرێتەوە و بنووسرێ (النفط والغاز ومشتقاته) كاك عوسمان پێشنیارەكەت بنووسەوە بۆمان بنێرە, بۆ ئەوەی صیغەیەكی قانونی بۆ دابنرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش موستەقیل نەبووین لەسەر ئەم مەوزوعە بەحەقیقەت, رەئیی جیا جیا هەبوو, بەس من دوێنێ هەر بۆ تەوزیح, دوێنێ خۆم گوێم لێ بوو لە بەغدا دەڵێ بەنیسبەت مواردی تەبیعی و ئیستیسمارات یاسایەكی تایبەت دەردەچێ, خەریكی تەهیئەی یاسایەكی تایبەتن, ئەوە خۆم گوێم لێ بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین لە هەموو شتێك ئیعتیماد لەسەر ئەوێ بكەین, باشە ئەگەر بێتو فەقەرەكە هەر لاببەین چییە, مادام لەوێ یاسایەكی تایبەت دەردەچێ, ئەگەر ئەو فەقەرەیە ببەینە جێگایەكی تر, دواتر موناقەشەی لەسەر بكەین و لێرە هەڵیبگرین, ئێستا موهیم دەچێتە جێگایەكی تر, لەوێندەر جێگاكەشی بۆ دادەنێین, ئەگەر توانی لە ئەحكامی خیتامی, ئەوە باشترە و بەقوەتریشە و تایبەتمەندییەكی خاصی دەدەینێ, ماددەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**الفصل الرابع**

**تخصيص الاراضي**

المادة الرابعة: اولاً: تقوم الهيئة بالتنسيق مع الوزارات والدوائر المعنية بتحديد المواقع التي تخصص للمشاريع الاستثمارية في كل محافظة والتي ستقام مستقبلاً وفقاً لهذا القانون وتؤشر على صور قيودها بان هذه المواقع مخصصة لاغراض الهيئة.

ثانيا: تقوم الدوائر ذات العلاقة وبالتنسيق مع الهيئة بتحديد و تخصيص ما يحتاج اليه المشروع من الاراضي ضمن التصميم الاساسي داخل المدن وخارجها عن طريق الايجار او المصاطحة و بسعر تشجيعي وفق ضوابط تضعها الهيئة استثناءً من احكام قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذ في الاقليم.

ثالثاً: للمجلس وبناءً على اقتراح الهيئة تمليك الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستراتيجية بسعر تشجيعي تقترحه الهيئة, او بدون بدل, على ان تراعي طبيعة المشروع واهميته ومقتضيات المصلحة العامة عند التمليك, وذلك استثناءً من احكام قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذ في الاقليم.

رابعاً: يتم وضع اشارة عدم التصرف على الاراضي التي تخصص للمشاريع الاستثمارية لدى دوائر التسجيل العقاري المختصة ولا يتم رفعها الا بموافقة تحريرية من الهيئة بعد قيام المستثمر بتنفيذ جميع التزاماته.

خامساً: للهيئة ولضمان تحقيق اهدافها صلاحية تملك الاراضي المملوكة لدولة ملكاً صرفاً بدون بدل وتملك الاراضي المملوكة للدولة المثقلة بالحقوق التصرفية بعد اطفاء الحقوق التصرفية عليها وتعويض اصحابها تعويضاً عادلاً ومناسباً بموجب القوانين والانظمة والتعليمات المرعية بهذا الخصوص.

سادساً: للمستثمر شراء واستئجار الاراضي والعقارات اللازمة لتأسيس وتوسيع وتنويع وتطوير المشروع وفق احكام هذا القانون في حدود المساحة والمدة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية مع مراعاة احكام الفقرة (ثالثا) من هذه المادة.

سابعاً: يتم افراز الاراضي اللازمة للمشاريع الاستثمارية التي ستقام وفق احكام هذا القانون في حدود المساحة التي تقدر في ضوء اهداف المشروع والحاجة الفعلية لها وفقاً لضوابط خاصة توضع من قبل الهيئة استنثاء من الاحكام المرعية بهذا الخصوص.

ثامناً: يخضع تغيير موقع المشروع الى نفس اسس وضوابط تخصيص الموقع للمشروع لاول مرة.

تاسعاً: تقوم الجهات المختصة وبالتنسيق مع الهيئة بتوفير الخدمات العامة من المياه والكهرباء والمجاري والطرق العامة والاتصالات وغيرها الى حدود المشروع, على ان تخصص لهذا الغرض المبالغ اللازمة في الميزانية.

عاشراً: اضافة الى ما يتمتع به المستثمر الاجنبي من حق بتملك واستئجار الاراضي والسيارات الانتاجية وفق احكام هذا القانون, يحق له ان يشتري او يستأجر لصالح مشروعة الاستثماري عقارات سكنية وسيارات غير انتاجية بما يتطلبه المشروع بعد موافقة الهيئة على ذلك و وفق ضوابط توضع من قبل الهيئة لهذا الغرض.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەشی چوارەم**

**تەرخانكردنی زەوی وزار**

ماددەی چوارەم:

1-دەستەبەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندارەكان هەڵدەستێ بە دەستنیشانكردنی ئەو شوێنانەی كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هەر پارێزگایەك تەرخانكراوە و لە ئایندەدا بەپێی ئەم یاسایە دادەندرێن و لەسەر وێنەی تۆمارەكانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكرێت كە ئەم شوێنانەی تایبەتن بە مەبەستەكانی دەستە.

2-فەرمانگە پەیوەندارەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەدا هەڵدەستن بە دەستنیشان كردن و تەرخان كردنی هەرچی پرۆژە پێویستی بێت لەزەوی وزاری نێو نەخشەی بنەڕەتی شارەكان و دەرەوەیدا لەرێگای كرێ و بانەوانیەوە.

3-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەپێی پێشنیارەکانی دەستە ئەو زەویانەی کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراون بە پێی ئەم یاسایە بە ناویان بکات وێرای لەبەرچاوگرتنی سروشت و گرنگی ئەو پرۆژانە وپێویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی لە کاتی بەناوکردندا.

4-تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژە ستراتیژییەکانی کە خزمەت بە بووژانەوەی ئابووری هەرێم دەگەیەنێ بە خۆڕایی دەبێت, کە دەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان بڕیاری لەسەر دەدات, زەوی تەرخانکردنبە پرۆژەکانی دیکە بە نرخێکی هاندەرانە دەبێت بەدەر لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی سامانی دەوڵەتی کارپێکراو لە هەرێمدا.

5-ئاماژەی دەستداری نەکردن لەسەر ئەو زەوییانەی کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراون لە فەرمانگەکانی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دادەندرێت, نابێ ئەو ئاماژەیە لابرێت تەنها بە رەزامەندی نووسراوی دەستە نەبێت, دوای ئەوەی وەبەرهێنەر هەموو پابەندیەکانی جێبەجێ دەکات.

6-لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی دا, دەستە دەسەڵاتی بە موڵکدار کردنی ئەو زەویانەی هەیە کە موڵکی دەوڵەتە وەك موڵکێکی صرف و بەبێ پارە کە باری گرانکراوە بە مافەکانی دەستکاری دوای کوژاندنەوەی مافەکانی دەستکاری لەسەریدا و قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بە قەرەبوو کردنەوەیەکی دادپەروەرانە وگونجاو.

7-دەستە دەسەڵاتی بە موڵکداری ئەو زەوی وزارانەی هەیە کە موڵکی تەواوی کەسانێکن, وەك موڵکێکی خۆسەر بۆ ئەوەی بۆ پرۆژەی تەرخان بکات و قەرەبووی خاوەنەکانیان بکاتەوە.

8-وەبەرهێنەر بۆی هەیە ببێتە موڵکداری زەوی یان بەکرێی بگرێ یان خانوبەرەی پێویست بۆ فراوانبوون وهەمە جۆر کردن و پەرەسەندنی پرۆژەی وەبەرهێنان کە بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێ و لەسنووری رووبەرەکەوە ئەو ماوەیەی کە لەبەر رۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکە پێداویستی راستەقینەی دەخەملێنرێ و, بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەو یاسایەکەدا هاتووە.

9-ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ئەو پرۆژە وەبەرهێنانەی کە بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە بە ئەنجام دەگەیەندرێن جیادەکرێتەوە لە سنووری ئەو رووبەرەی کە لە ژێر رۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکەو پێداویستی راستەقینە دەخەملێنرێن بە پێی ئەومەرجە تایبەتیانەی کەلەلایەن دەستەوە دادەندرێن بەدەر لەو حوکمە گشتیانەی لەو بارەوە رەچاو کراون.

10-گۆڕینی شوێنی پرۆژەو فراوانکردنی بۆ هەمان بنەماو مەرجەکانی تەرخانکردنی شوێنی یەکەم جاری پرۆژەکە دەگەڕێتەوە.

11-لایەنەکانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە, هەڵدەستن بە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان لە ئاوو کارەبا و ئاوەڕۆ رێگای گشتی و پەیوەندییەکان بۆ سنووری پرۆژەکە بەمەرجێك بۆ ئەم مەبەستە دراوێکی پێویست لە بودجەی لایەنە تایبەتمەندەکانەوە تەرخان بکات.

12جگە لەوەی کە وەبەرهێنەری بیانی ماڤ بە موڵکداریەتی و بەکرێگرتنی زەوی و ئوتومبێلی بەرهەمهێنانی هەیە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, ماڤ ئەوەشی هەیە خانوو بەرەی نیشتەجێ کردن و ئۆتۆمبێل بەرهەم نەهێن و, ئەوەی پرۆژە پێی دەوێت موڵکدار یان بە کرێ بگرێت لە پێناو بەرژەوەندی پرۆژەی وەبەرهێنانەکەی, خانووبەرەی نیشتەجێ کردن و ئوتۆمبێلی بەرهەم نەهێن و, ئەوەی پرۆژە پێی دەوێت خاوەنداری بکات یان بە کرێ بگرێت لە بەرژەوەندی پرۆژەی وەبەرهێنانەکەی دوای رەزامەندی دەستە لەسەریدا و بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەلایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستە روون دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا ماددەی پێنج کە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بووەتە فەصلی چوارەم ماددەی چوارەم, بە لابردنی فەقەرەی یازدە بۆ شوێنێکی تر, ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ ...

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالم بدەی ئەو پرۆژەیە حەسم بکەم, ئەم ماددەیە دوو شتە, تەملیك هەبێ یان نەبێ, ئەوە داوا دەکەم بدرێتە دەنگدان, بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە حەسم بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برا گیان دوێنێ ئەم مەوزووعە موناقەشە کراوە, دوا رەئیشی لەسەر دراوە, لیژنەی قانونی و لیژنەکانی تریش رەئییان لەسەر داوە, هەروەها حکومەتیش رەئیی لەسەردا و روونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر کرا, ئێستاش خوێندرایەوە و جارێکی تر دەیخەمە دەنگدانەوە, فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامم هەبوو, ئەم ماددەیە بڕیتی یە لە دە بڕگە, ناکرێ دەستنیشانی بکەی کام بڕگە و کام بڕگە وهەمووی ئەهمیەتی خۆیان هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئێمەش گوێمان لە ئیقتراحی هەموو ئەندامان بوو, لەسەر ئەم مەوزووعە.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوودەکەشی ئەوەیە وەکو زراعەتێکی پێشکەوتوو بدەنە میللەتی ئێمە, ئێستاش مەترسی ئەوە هەیە, رەنگە مەترسیەکە بۆ ناوەخۆ زیاتر بێت, چونکە بەیانی کۆمپانیایەکی پرۆژەیەکی پیشەسازی هەیە لەناوچەیەکی وادا , بەڵام رەنگە لە زرووفێکی ناوخۆی بە دوو بیری ئیرتیوازی دەیان دۆنم زەوی تاپۆ بکات بەناوی خۆی و هیچ سوودێکی ئەوتۆ بە ناوچەکە نەبێت, بۆیە من دژی ئەوەم, لەخاڵی ج دا کە ئەڵێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو زەویانە ببەخشێت, هەرچەندە لیژنەی یاسایی زۆر گەڕاندویانەتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی, ومن دەیگەڕێنمەوە, پێم وایە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان باشترە, چونکە ئەوە ستراتیژی نییە, هەرچەندە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت, یەکێك لەوانەی کە سەرۆکی دەستە پلەی وەزیری هەیە, دەکرێ وەك هەر بەرنامەیەکی وەزارەی تر بڕیارەکان بگەڕێنێتەوە پەرلەمان و ئەویش لە خاڵی (ل)دا هاتووە لە بڕگەی نامە, بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەو برادەرەم کە دژی بە موڵکداری کردنم لەو روانگەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك کرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا من دوو سێ خاڵم هەیە بەنسبەت تەملیك هەر ئەو بابەتانەی کە برادەران بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد, ئێوە خۆتان دەزانن سەفەرێکمان کرد لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمدا بۆ ئەمریکا و ئەوروپا, لەوێ زیاتر لە 36 کۆمپانیا و لێپرسراوی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵیان چاوپێکەوتنمان کرد لەسەر سێ خاڵی زۆر گرنگ راوەستاین, یەکێك لەو خاڵە گرنگانە تەملیك بوو, یەکیان باسی ئەوەی دەکرد نیزامەکەتان چۆنە, باسی قانونەکەیان دەکرد کە یەکیان تەملیك بوو, ئەوی دیش نیزامی گومرگیش, ئەوی دیش خاوەنداریەتی سەرمایە, ئێستاش وابزانم زۆر بە تێروتەسەلی لەسەر ئەو نوقتەیە راوەستاین, ئەوان زۆربەی زۆریان لەگەڵ ئەوە بوون کە خاوەنداریەتی سەرمایەی

موتڵەقیان هەبێت, تەملیکیشیان بۆ بکرێت, نیزامی گومرگیەکی واشیان هەبێت کە بکرێ سەرمایەکانی خۆیان بە ئاسانی بێنن و قازانجەکانیشی ببنەوە, لەراستیدا ئێمە ناکرێ هەر تەنیا وەکو پرۆژەیەکی ئیقتیصادی تەماشای ئەو مەوزوعە بکەین, ئێمە دەبێ بە رای شەخصی خۆم بەرژەوەندی باڵای کوردستان ببەستین بە بەرژەوەندی چەند کۆمپانیایەکی زۆر گەورەوە, وەهەر بە ئاسانییەوە تەماشای وەزعەکەی خۆمان بکەین, دیارە ئێمە بۆ کاتی ئێستا ئەمنی عەسکەری و ئەمنی ژیانی خۆمان هەیە, بەڵام تاکەی و هەتا چەند دەڕوات, بۆیە ئێمە دەبێ شتێکی دائیمی بکەین کە بەرژەوەندیەکەمان لەرووی ئیقتیصادییەوە ببەستین بە چەند کۆمپانیایەکی زۆر گەورە کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا کاریگەری زۆر گرنگیان هەیە بەسەر حکومەتەکانیان, هەر بەلای کەمی دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن کە دێنە ئێرە, بۆیە پێمان وابێت کە ئەو تەملیکە بابکرێ بۆ کاتی ئێستاشمان, لەوانەیە بۆ ئایندەش گۆڕانکاری تێدا بکرێ, بەڵام بۆ کاتی ئێستا ئێمە زۆر بە زەرووری دەبینین, ئەو ترس و دڵە راوکێیەش تەبیعییە, زۆر راستە, هەر فەردێکی ئەم کوردستانە, دڵسۆزانە بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە دڵە راوکێی لەلا پەیدا دەبێت, ئەصڵەن دڵەراوکێ پەیدا نەبێ ئەوە تەبیعی نییە, بەڵام ئەگەر بێتو موقارەنەیەکی بکەین لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە ئەوەیان پەیڕەو کردووە, ئەو قانونەیان پەیڕەو کردووە, تەماشا دەکەی هیچیان زەرەر نەکردووە, بەڵکو زۆر قازانجیان کردووە, بۆیە ئێمەش پێمان وایە ئەو پرۆژەیە وەکو خۆی بڕوات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجدا و لە بڕگە دوودا تەناقوضي تێدا بەدی دەکرێت, لەسەرەتاوە دەڵێ (یکون التخصیص مجانا للمشروع), و لە دێری سێیەمدا دەڵێت (یکون التخصیص بسعر تشخیص) بۆیە ئەگەر (مجانا) بێ واتە بە خۆرایی باشترە بۆ هاندانی خەڵك بۆ خستنەگڕی سەرمایەکانیان, سوپاس.

**بەڕێز د.هاڵە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیی لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە تەملیکی زەوی تەنها بۆ ستراتیجیەت بێت, ئەوە شتێکە قابیلی گۆڕان هەیە, ئەم ئیستیراتیجیە بەنسبەت کوردستان لەوانەیە دوو ساڵی تر ستراتیجی نەبێت, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژانەی کە هەیئە بڕیاری لەسەر دا تەملیکی دەکات موافەقەتی پەرلەمانی لەسەر وەربگری, ئەو کات موناقەشە دەکرێ, لەم بارەیەوە لەوانەیە پەرلەمان موافەقەت بکات لەسەر هەندێکی و لەسەر هەندێکی نەکات, وەکو ئێمە خۆمان بە چاودێر دەزانین لەسەر کاروباری حکومەت, دەبێ چاودێریەکی ئەویش بکەین, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە زۆر باسی لێ کرا, لێرە دوو پێشنیاری جیاواز هەیە, پێشنیارێك تەملیك بکرێت یان تەملیك نەکرێت, تەبیعی من پێش ئەوەی روونی بکەمەوە من لەگەڵ تەملیکم, بەڵام بۆچی لەگەڵ تەملیکم؟ چونکە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی پرۆژەی ستراتیژی و بەرهەمداری گەورە و گرنگ لە کوردستان هەبن.لە بڕگە پێنج من پێشنیار دە کەم تەنها بگوترێ (للهیئة ولضمان تحقیق اهدافها صلاحیة تملك الاراضي المملوکة للدولة ملکاً صرفا بدون بدل) ئەوی دواتر پێویست ناکات, چونکە کێشەیەکی گەورە دروست ئەکات بەتایبەتی لە هاوینەهەوارەکاندا, بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بڕگە (و) و بڕگە(ز) هەردووکیان پێکەوە لابدرێن و بڕگە (ج) ئیزافەی سەر(مملوکة للدولة) بکرێت, ئەو وەختە موشکیلەکە حەل دەبێت, ئەگەر بڵێن نەخێر هەر پێویستە بمێنێتەوە, ئەو وەختە بۆ ئەوەش هەر حەلێکی تر هەیە, ئەو پێشنیارەم بۆ ئەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە ناتوانین باس لە مەشروعێکی حەساس وەکو ئەم پرۆژەیە بکەین بەبێ ئەوەی باس لە ئەمنی قەومی وەتەنی بکەین, تەبعەن ئەمنی وەتەنی مەسئولیەتی هەموومانە, هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان, ئەمنی قەومی دەبێ رەچاو بکرێت, ئەمنی قەومی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان, ئێمە زۆربەی زۆری کلدان وئاشووریەکان وەختی خۆی لەگەڵ هاتنی زروفێکی تایبەت کە زەوی و زارێکی زۆریان برد, نازانم تا ئێستا ئەو زەوی و زارانە بە چ عینوانێك و کێ تەصەروفی پێ دەکات, پێویستە ئێمە بەراستی ئەمنی قەومی خۆمان مەترسی هەیە, پێویستە رەچاو بکرێت, نەك هەر ئی ئێمە, بەڵکو تورکمانەکانیش. ئەوە یەك, بەنیسبەت مەترسی ئەمنی قەومی بەس لە موڵکداری نییە, بەڵکو لەشتی تریش هەیە مەترسی تێدایە, بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی تەقدیرات پێنج ملیۆن کەسە, ئەو پێنج ملیۆن کەسە زۆربەی زۆری دابەش کراوە بەسەر سێ و چوار, ئەوە ئەگەر هاتوو لا سمح الله شەرێکی جیهانی گەورەی بەپێی تەطوراتی ئەو ئەسلحە زۆر خراپ دەبێ, پێویستە دابەش کردنی مەشاریع بە شێوەیەکی وا رەچاوی دابەش بوونی دانیشتوان بێت, چونکە پەیوەندییەکی بە ئیسکانیشەوە هەیە, بۆیە پێویستە بۆ ئەمنی قەومی رەچاو بکرێت, شتێکی تر بەپێی مەعلوماتی صەحەفی ئەوەی لە ئیستیسمار دایە بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە لەسەدا حەفتی ئیرانییە و لەسەدا سێی ئەوروپییە لە مەصیف, تەبعەن ئەوە لە دەولەتی ئیقلیمی زۆر مەترسییەکی لەسەر قەراری سیاسی لەو بارەیەوە دەبینین, برادەران هەندێك لێرە ئاماژەیان پێکرد و سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز جمال يوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم یاسایە یاسایەکی حەیاتییە و پێم وایە دەبێ پەلەی لێ بکرێ, تاکو بەتەواوی ئیستیقلالی هەبێت و بەباشی ئیستیغلال بکرێت, وڵاتی عێراق یەك لا بێتەوە, ئێمە ئیقتیصادێکی یەکگرتووی باشمان هەبێت لە کوردستان, بتوانین لەسەر تاقەتی خۆمان رابوەستین, جگە لەوە یاسای تریش ئەوەی پەیوەندی هەیە بەیاسای ئیستیسمار ئەوەش ئیشی لەسەر بکرێت, چونکە موکتەملی یەکە, پێم وانییە ئەو یاسایە دەرچوو و تەواو بێت, پێم وایە  هەندێ یاسای تریش عیلاقەی بەو مەوزووعەوە هەبێت حەقە ئێمە بیری لێ بکەینەوە و پەلەی لێ بکەین, بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە, بەنسبەت ئەو فەقەرەی کە برادەران ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان لەسەر کرد, من دەڵێم ئێمە وڵاتێکین بەرپرسیاریەتی تەواومان نییە, لەبەر ئەوە ئەو مەترسییە مەرحەلەیەکی ئینتیقالیە و پێشێل کردنی دام و دەزگاکانی فیدرالییە, لەبەر ئەم وەزعە دەوڵەتانی ئیقلیم و مەترسی ئەملا و ئەولا لەوە دەترسین کە عەقار جوزئێکە رەنگە لە سیادە, من پێشنیارم ئەوەیە ئێمە لە پەرلەمان دوو رەقابەمان هەبێت لەسەر زەوی, ئێمە لیژانمان هەیە, لیژنەیەکی رەقابەشمان هەبێت لەسەر زەوی, بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە فلتەرێك بێت بتوانین زیاتر تەحەکوم بەو وەزعە بکەین و ئەو مەترسییە نەهێلین, فەقەرەیەکی تر هەیە مەشاریعی ئیستیراتیژی, تەحدیدی ئیستیراتیجیەت بکرێت, رەنگە بتوانین ئەو ستراتیژیە وا لێ بکەین کە زیاتر خزمەتی وڵاتی ئێمە دەکات بۆ بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتەکەمان, لە فەقەرەی (ز) من پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم بەباشی, چونکە ئێمە لەو وەزعە رزگارمان دەبێت, تەعویزی زەوی بدرێتە خەڵك بە پارە بێت یان بە هەر شتێك بێت لەو کێشەش رزگارمان دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پرۆژەی ئیستیسمار پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ژیانی خەڵکی ئێمەوەیە, لەلای هەندێ خەڵکی کوردستان گرنگییەکی گەلەك مەزنی هەیە, ئەڤ پرۆژەیە ژ هەندێ مەترسی تێدایە بۆ خزمەتا خەڵکی کوردستانێ, ئەڤ پرۆژەیە هەم خزمەتی خەڵکی کوردستانێ تێدایە و هەم خزمەتی ئابووری مەیە, خەڵکی مە ژێرخانێکی ئابووری گەلەك خراپی هەیە, خەڵکی مە ژیانێکی خراپ و هەژارا هەی هەمی فەرمانبەر بارا ئابووری خراپا, ئەڤرۆکە بڕیارا مە لە دەستی حکومەت دایە, بۆیە پێشنیارا من ئەڤەیە کە زەوی کە موڵك بێت یان کرێ بێت وەکو خۆی بمێنێتەوە, تاکو

هاندانێك بێت بۆ موستەسمیر، و لە ئیستیسمار نابێ فرۆشتن هەبێت، و بەنیسبەت موستەسمری ئەجنەبی پێشنیارا من ئەم زەویە تملیك بكرێ بۆ ئەم مەشروعە بۆ ئەوەی مەشاریعی ئیستیراتیژی تێدا بێتە كرنێ، بۆ هاندانا ئابوریا كوردستانێ، بەلام بەم مەرجەی كە لە سی سالێ كەمتر نەبێ خزمەتەكە، ئەم مەشاریعانەی كە دێتە كرنێ لە كوردستانێ حصر نەبێ بۆ یەك شەخص سەبەب نەبێ بۆ ئیحتیكار و تەنها بۆیەك جۆرە بیزاعە و سلع نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو رۆژەی ئێمە كۆمەڵەی مامۆستایانی زانكۆمان بانگهێشت كرد بوو، كاك شێروان تەوزیحی كرد فەرقی تەمەلوك و تەملیك، پێویست بوو ئەمڕۆش ئەو روونكردنەوەی دابوایە، چونكە بەرچاومان زیاتر روون دەبوو، برادەران باشتر لێی حاڵی دەبوون، چونكە بەراستی لە زمانی عەرەبی ئەو وشەیە جیاوازیەكی زۆری تێدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوەی كە كاك شێروان تەوزیحی كرد لەو كۆنگرەیەدا وتی ئەمە تەنها پارچە زەویەكە تەنها بۆ ئەو پرۆژەی كە هەیە و هەر كاتێك كە ئەو پرۆژەیە تەواو بوو، ئەو موڵكە هی ئەو موستەسمرە نییە كە هاتووە، بەلام تەمەلوك و تاپۆكردنی زەویەكە كە هەندێ لە هاوڕێیان باسیان كرد وەكو موڵكداریەتی، ئەو ترس و لەرزەی كە هەیە لێرە، بەشێكی زۆری كوردستان بكەوێتە ژێرتاپۆ كردنی خەڵكی بیانی، بۆ مەبەستی شتی تر ئیستیفادەی لێ بكرێ، ئەو مەوزوعە بوو حەزم دەكرد كاك شێروان ئیشارەی پێدابایە و شی بكرابایەوە، و لەتەرجومەكەشی لە بەعزە شوێن نووسرایە خاوەنداریەتی، لە هەندێ شوێن نووسراوە موڵكداریەتی، ئەوەی جیاوازە لە مەعنادا دەبێ ئەمەش چاك بكرێ، پێشم باشە و پێشنیار دەكەم كە لیژنەی یاسایی لە تەنیشتی ئەو ئیصتیلاحە حەساسە وشە ئینگلیزیەكە بەرامبەری بنووسرێ، چونكە چ كارێك دەكات ئیستیسمار بۆ حاڵەتێكی ئەنتەرناشناڵی هەیە، ئەوەی بیانەوێ زیاتر ئاشنایە بەو ئیصلاحە زاراوەی كە ئینگلیزیە، بۆیە پێم باشە وشە ئینگلیزیەكە لە شوێنی تەمەلوك دابنرێ تاكو بزانین كامەی مانای موڵكداریەتیە، حەز دەكەم ئەوەش باس بكەم با ئێمە ئەو حەقیقەتە بزانین كوردستان یەكجار ئەو سەرزەمینە سەرنج راكێشە نییە كە بەراستی ئەگەر ئێمە ئیغرای بێگانەكان نەكەین، هەر ئاوا بە ئاسانی بێن و هەموو ئەو ئیستیسمار و رەئسمالەی خۆیان بێن لە كوردستاندا دروست بكەن، ئێمە وڵاتێكی داخراوین، ئێمە ئازاد نین، بۆیە ئەو رەغبەتە وا بەئاسانی لای بیانی نابێ كە هەر بەخۆی بێت و سەرمایەكی گەورەی خۆی بێنێ لە كوردستان بەكاری بێنێ، بۆیە ئێمە پێویستمان نیە بۆ ئاوەدان كردنەوە بە جۆرێك لەجۆرەكان بێن بۆ كوردستان، هەروەها دەبێ ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت كە ئەمڕۆ سەردەمی عەولەمەیە، ئەوان ئەگەر تۆش دەرگات لەسەر داخستن ئیمتیازاتت پێ نەدان، وڵاتانی دونیا زۆر هەیە كە زۆر بەئاسانی دەچن و لەوێ مومارەسەی كاری ئیستیسماری خۆیان دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من واتێ دەگەم بەراستی وائەزانم لە ئیبراهیم خەلیلەوە تاكو سەرحدود، هەموویان هاتوون بۆ بەرهەمهێنان و ئێمە رێگەیان پێ نادەین بێنە كوردستانەوە، بەراستی ئێمە دەبێ واقیعانە سەیری وەزعەكان بكەین، توركیا خۆی بۆ خۆی لە كوردستانی توركیا ئەوە ناكات دەترسێ لەبەر وەزعەكە، عێراق پێش چل ساڵ كارگەی ئاسنی لە بەصرە دروست كرد و لێرە دەستی هەڵگرت بۆ ئەوەی كورد ئیستیفادەی لێ نەكات، من پێم وانییە خاكی كوردستان ئەوەندە ئەوان داگیری بكەن و نەتوانین لێیان بسێنینەوە، ئەگەر ئێمە سەیری وەزعەكان بكەین، لەناو پەرلەماندا ئاوی پیس دەخۆینەوە و ئاوی پیس دەخۆینەوە، ئاوی دەوروبەر و وڵاتانی دونیا دەخۆینەوە، ئەو كلینیكس و شتانەی دانراون هیچی هی خۆمان نییە، هیچ شتێك لێرە دروست ناكرێت، باشە ئێمە پێویستمان بەوان هەیە، یان ئەوان پێویستیان بە ئێمە هەیە، ئەگەر مەسەلەی دیموكراتی نییە، ئەوە خۆڵ و بەرد و ئاسن كە پرە لێرە لەسەداچەندە، ئەوە بەردی زاخۆ،

ئەوە گۆگرد و ئەوە کەلار و جەلەولا، ئەڵێین فەرموو بیکەن بە چەمەنتۆ، نایکەن، ئێمە ئەو ئوردوگا زۆرە ملێیانە کە هەیە تائێستا چاوەڕێی ئازووقەی مانگانەن، چاوەڕێین ئەوەین مەعاش وەربگرین لە بەغدا، ئێمە ئەبێ ئەوانەمان ئەو باری ئیقتیصادی و مالی هی خۆمان هەبێت، ئەو قانونەی ئێمە دەریدەکەین ئیستیسنائیە، دەتوانین گۆڕانی تێدا بکەین، بۆیە ئێمە ئەبێ واقیعانە سەیری بکەین، بڕۆ سەیری بازاڕ بکەن سێوی ئوردنییە و تەماتەی سوریە و خەیاری ئیرانییە، هیچ شتی کوردستانی تێدا نییە، باشە ئێمە بۆ بترسێین وەڵڵا داگیرمان دەکەن، ئەگەر خۆمان هەبین هیچ کەس منەتمان لەسەر ناکات، ئێمە ئەبێ ئێستا خزمەت بێنین بۆ کوردستان، سفرەیەکیان بۆ داخەین و بڵێین فەرموو وەرن، بەڵام بۆ ماوەکان کەمی بکەینەوە، بۆ نموونە دوای پێنج ساڵی تر ئێمە بێین حدودیان بۆ دابنێین، دوای دە ساڵی تر حدودیان بۆ دابنێین، بەڵام ئێستا پێویستیمان بەوان هەیە، بۆیە حەقە ئێمە واقیعیانە بیر بکەینەوە، لە مەترسی خۆمان بیر بکەینەوە، حدودێك دابنێین و من لەگەڵ تەملیك کردنم سەد لەسەد، بەڵام بەو مەرجەی بۆ فراوان کردنی پرۆژەکان، ئەوە دەبینین چەندین پرۆژە کراوە و بە نیوەچڵی بەجێ ماوە، بۆیە ئێمە دەبێ بە دڵ فراوانییەوە موعامەلە بکەین لەگەڵیاندا، من خۆم سەد دۆنم عەرزم هەیە و تەنها یەك دۆنمم کردووە بە صناعە، باوەڕ بکەن صناعەکە باشتر ئیستیفادەی لێ وەردەگرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی تەصەروفی قانونی کرا، وەك بڵێی ئەسەری هەرهەموویان لەسەر ئیستیسمار هەیە، باسی عەقدی موصاتەحە کرا، باسی ئیجاریان کرد، باسی تەمەلوکیان کرد، بەرەئیی من ئیجار و موصاتەحە ئەگەر بێتو ئیحتیمال هەیە بۆ مەشاریعی ئیستیسماری کشتوکاڵ و ئاژەڵ باش بێت، ئەگەر عەقدی ئیجار تەواو بوو یان عەقدی موصاتەحە تەواو بوو شتێکی وا لەسەر عەردەکە نامێنێ یان شتێکی بەسیت دەمێنێ، دەتوانێ وازی لێ بێنێ و بڕوات، خوا حافیزی لە ئێمە بکات، بەڵام باشە ئەگەر بێتو پرۆژەکە پیشەسازی بێت و مەعمەلێکی گەورە بێت، ئی سەیارات بێت یان هی تەرەکتەر بێت یان هی کارەبا بێت، ئەو کابرایە ئەگەر بێتو مودەی بۆ تەحدید بکرێت، یەك حەقی هەیە تەفسیری بکات و تاقیبی ئەو مونشەئاتانە چی لێ دێت، ئەگەر هاتوو دەوری موصاتەحە تەواو بوو، چونکە پاش تەواو بوونی مودەی موصاتەحە ئەو مەعمەلە دەبێتە حوکمی دەوڵەت، ئەگەر بووە موڵکی حکومەت کابرای موستەسمیر دێت سەد جار تەفسیر دەکات، پارەی خۆی لەو مەجالە ئیستیسماری بکات یان نا، سەدی هەشتاش ئیستیسماری ناکات، چونکە مەجبور نییە، دووەم شت ئەوەیە هەر مەعمەلێك دائیمەن بە پێشکەوتنی عومر موحتاجی بە تەجدید هەیە، کابرای موستەئجر، ئەگەر موستەسمر موستەئجر بێت، یان موصاتح بێت پاش گۆڕینی نیوەی مودەی یان زیاتر پاشی موحاوەلە دەکات هیچ پارەیەك صەرف نەکات لەسەر مەعمەلەکە، یانی مەعمەلەکە وەکو خۆی ئەمێنێ و بەرەو ئیندیسار دەڕوات، لەبەر ئەوە رەئییم ئەوەیە ئەو سوڵتەیە سوڵتەی تەملیك ببێتە سوڵتەیەکی تەقدیری بۆ ئەنجومەنی ئیستیسمار، بۆ هەیئەی ئیستیسمار بە خۆیان دیراسەتی هەر پرۆژەیەك بکەن، ئەگەر بزانن موستەحەقی تەملیکە و مەصلەحەتی عامی تێدایە و تەملیك بکرێت بۆ موستەسمر، ئەگەر بزانن تەملیك تەئسیر لە ئیستیسمارەکە ناکات تەملیك بکرێت یان موصاتەحە بکرێت یا بە موصاتەحە پێی بدرێت، یان بە ئیجار پێی بدرێت وەك یەك بێت، ئەوانە با تەقدیر بکەن، بە ئیجار یان بە موصاتەحە پێی بڵێن، سوپاس.

**بەڕێز محمد رؤوف محمد/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند بەراستی کاتەکە ناوەختە، بەڵام داوای لێ بوردن دەکەم، ئێمە وەکو نوێنەری حکومەت تێبینیمان لەسەر صیاغەی قانونی لیژنەی قانونی نییە، سوپاسیان دەکەین، ئێمەش رعایەتی پێش وەختی هەموو مولاحەزاتی ئەوانمان کرد بوو پێشتر، زۆر بەکورتی باس دەکەم با وەختەکە زۆر نەبەم، خاڵی دووەم نهێنی ئەم پرۆژەیەی کە خراوەتە

بەردەم پەرلەمان لەراستیدا سێ خاڵی سەرەکی زەقە, خاڵی یەکەم لادانی 49 بە 50 یە کە لە مادده دوو کرا و دەنگتان بۆ دا, سوپاستان دەکەین, خاڵی دووەم لە مادده سێ کە باسی تەملیکە, ئەوە سڕی ئەم مەشروعەیە, ئەگەر ئەوە نەکرێت وەکو ئەڵێن سحرەکەی بەتاڵ دەبێ, ئەوە گرفتێکی گەورە دەکەوێتە ناو قانونەکە, خاڵی سێیەم کە ماددەی چوارەم ئیعفایە ئەوەش دوایی ئەمانە دێت, ئەوە دە ساڵەکە تەقریبەن حەل کراوە لەوانە نییە گرفتی زۆرمان بۆ دروست ببێت, ئەم سێ خاڵە حەوافزن بۆ موستەسمری ئەجنەبی, ئەگەر ئەمانەی تێدا نەبێ موستەسمری ئەجنەبی نایەت, قسەی ئەو برایانە دووبارە ناکەمەوە, ئەگەر ئێمە بوارێکی وا نەرەخسێنین هیچ موستەسمرێك نایەت کە ئیش بکات لە کوردستانی عێراق, چونکە کوردستان بەشێکە لە عێراق و ئەوان تەصەوری ئەو ئاسایشە ناکەن کە لێرە هەیە, ئێمە جگە لەو قانونە بەم مەفتوحیەی هەمانە, بەپێی ئەم سیستەمە ئابووریەی کە لە موستەقبەلدا چاوەڕێمان دەکات ئابوریەکی کراوەیە, بۆیە دەمانەوێ لە ئیقتیصادی قازانج و بچینە ئیقتیصادی ئینتاجی, بەجۆرێك لەو مەشروعە ئێمە ناگەینە نەتیجە, ئینجا ئەوان و ئێمە هیچ زەمانێکی بانقی و نەچووینەتە هیچ شەبەیەکی بانقی دەولی و موئەسەساتی عەولەمەی ئێستا هیچ ئیعتیرافێکی بە ئێمە نەکردووە, پێویستمان بەم جۆرە هەیە, بۆ ئەوەی ئەوان ئەگەر شەریکاتی ئەجنەبی هاتە ئەم وڵاتە ئەو کاتە کۆمەڵێ گرفت بۆ ئێمە حەل دەکات, بۆ نموونە بوارەکانی صەفقەکە, ئەگەر کۆمەڵێك شەریکاتی گەورە هات, ئەیدی عاملەیەکی زۆری لەم وڵاتە تەوزیف کرد لەو رەقەمەش نەجاتمان دەبێ کە ئێستا کوردستان بەشی شەش دەوڵەت موزەفی هەیە, ئێمە چوار ملیۆن و نیوین, نۆسەد و پەنجا هەزار کەس مەعاش خۆرمان هەیە, ئەو رەقەمە بەهیچ جۆرێك صندوقی نەقدی دەولی و بانقی دەولی و ئەوانە هیچیان قەبووڵ نییە و هیچ مەجالاتی بۆ ئێمە ناکەنەوە, هەر لە ئێستاوە بیرێکی ستراتیژی بکەینەوە لە چارەسەرکردنی کێشە و ئێستا ئەو رەقەمە کێشەیەکە لە کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم, سێ دەوڵەت هەیە لەو دەوڵەتانەی کە لە ئایتدۆلۆژیا و سیاسەتی ئیقتیصادی لە عەقل و لەعەلاقاتی شازیان لە هەموو ئەو وڵاتانە, یەکێکیان سعودیە, یەکێکیشیان لیبیایە, یەکێکیان سوریایە, هەر سێکیان قانونی تەملیکیان دەرکردووە بۆ موستەسمری ئەجنەبی, کە ئەگەر ترسی حەقیقی بێ دەبێ ئەوان بترسن, لە ئەمریکا دەترسن لە ئیسرائیل ئەترسن, لە ئەوروپا ئەترسن, حەقی ئەوانە چونکە هەریەکێ بەجۆرێك کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە, لەگەڵ ئەو دەوڵەتە گەورانە, بەنیسبەت زەوی عەقاری یان زەوی کشتوکاڵی یان هەر زەویەکی تر, ئەوە تەبیعەتی مەشروع زەویەکە دیاری دەکات, کابرا خۆ ناچێ مەشروعێکی زراعی لە مەنتیقەیەکی صناعی بیکە, یان ئەگەر مەسەلەن ئێمە شەریکەیەکی گەورە هات مەعمەلی چیمەنتۆی بۆ دروست کردین, حەتمەن دەچێ لە مەنتیقەیەکی صەخەری دەیکات, خۆ نابێ لە مەنتیقەیەکی زراعیدا دروستی بکات, بەنیسبەت گۆڕینی دیموگراسی کە زۆرێ لە برایان و خوشکان لێی دەترسن, ئەوە دەستوور رێی لەو حاڵەتە گرتووە, نەفسی دەستوریمان هەیە کە نابێ تەملیکی ئەرازی بۆ ئەوە بێ کەوا دیموگرافی لە عێراق و لە کوردستاندا بگۆڕێت, ئەوە ترستان نەبێ لەو حاڵەتە, خاڵی یانزە کە برایەك ئیشارەتی بەوە کرد کە ئەو خاڵە دەبێ بگۆڕین و ماددەیەکی تر ببەین بۆ ئەوێ, من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو خاڵە ئەگەر یەك فەقەرەی بۆ زیاد بکرێت لەشوێنەکەی خۆی بێ کۆمەڵێ گرفت حەل دەکات, ئەڵێ (لا يجوز للمستثمر تملك الموارد الطبيعية) دوای تەمەلوك ئەگەر لیژنەی قانونی پێیان باش بێت شتەکە عیلمیەن من پێشنیار دەکەم بنووسرێ (لايجوز للمستثمر تملك الاراضي التي توجد فيها الموارد الطبيعية والتي تستخرج من المواد الخام) ئەوە باس ئەو پێشنیارانەی ئەو برایانەی ئەیکەن هەندێك لەو کێشانە چارەسەر دەکات, خاڵی ئەخیرم ئەوەیە ئەم مەجلیسی ئەعلای کە لێرە تەسبیت کراوە ناوەکەی پێشوو پێك دێت لە سەرۆکی حکومەت, جێگرەکەی و یانزە وەزیر, ئەو یازدە وەزیرە تەقریبەن نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکان وحزبەکانی کوردستانی تورکیایە, نوێنەری ئەمانەی کە لەپەرلەمانیش دانیشتووە هەمووی تێدایە, هەر کەس بە تواناو ئیختیصاصی خۆی, ئینجا جگە لەو یازدە کەسە سەرۆکی غورفەی تیجاری کە دیفاع دەکات لە موستەسمری وەتەنی و دیفاع لە مەصالحی خۆی و کۆمپانیاکانی ناوخۆیی دەکات, رەئیسی هەیئەکەشی کە ئەندامە لەو مەجلیسی ئەعلا و هەر کەسێکی تر کە پێویستە, لەبەر ئەوە ئێوە قەناعەتتان وابێ ئەو پرۆژانەی کە ئەخرێتە بەردەم ئەو ترسانەی کە

دەوترێ لێرە, حەتمەن ئەو یازدە کەسە کە لە نەتیجە لەوانەیە بکاتە چواردە تا پانزدە کەس ئەوانە هەموو ئەم شتانە لەبەر چاو دەگرن, لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو شەرحە باشە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆربەی زۆری قسەکانمان برای بەڕێزمان کردی, بەڵام من لێرەوە دەڵێم لە وەتەی حکومەتی عێراق دروست بووە هەتا ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردستان, گۆڕەپانی شەڕو شۆڕو جەنگ بووە لە پێناوی خەباتی میللەتی کورد, لەوەتەی میللەتی کورد تێنوی ئازادی بووە, تێنوی دیموکراتی بووە, تێنوی مافە ڕەواکانی بووە, بەهەمان شێوە کوردستان تێنوی پرۆژە وبنیاتنانەوە وئاوەدان کردنەوە بووە, بۆیە بەرەئیی شەخصی خۆم ئێمە هەر تەسهیلاتێك بکەین بۆ موستەسمری ئەجنەبی کە دێت لێرە ئیستیسمارێك بکات, ئێمە ئەبێ پێشوازی لێ بکەین, باسی مەعمەلی ئاسنیان کرد, هەتا ئێستا لە کوردستان مەعمەلێکی ئاسن نییە, کام موستەسمر هاتووە مەعمەلێکی ئاسنی لە کوردستان دروست کردووە, ئەگەر ئێمە عەردی بۆ تەخصیص نەکەین و ئیشی لۆ نەکەین, نایکات, کوردستان بەم شێوەیە دەمێنێتەوە, ئەمە یەك, دوو لە رووی ئەمنی و لەرووی ئاسایشەوە ئەمڕۆ بارەکە لە بارێکین ئێمە ئەو دوو فاکتەرە رەئیسیە هەڵبقۆزینەوە زائیدەن فاکتەری یەکبوونەوەی هەردوو حکومەت, بۆ ئەوەی بتوانین باشترین پرۆژە لە کوردستان ئەنجام بدەین, سێ مەسەلە قانونیەکە دێتە پێشەوە ئەمڕۆ ئەو یاسایە دەردەکەین, سبەینێ ئەم یاسایە قابیلی تەعدیلە, ئەمڕۆ پێویستیمان بەو یاسایەیە سبەینێ پێویستیمان پێ نییە, ئەمڕۆ ئەو یاسایە پێویستی بەو قۆناغەیە, ئەو قۆناغەش پێویستی بەو یاسایەیە, بۆیە ئەوە بینا کراوە لەسەر مەبدەئێکی قانونی کە دەڵێ (لایمکن تغییر احکام تغییر الاجمع), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, لێرەدا کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێ دێنین سبەینێ سەعات یازدە لێرە بەردەوام دەبین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**یەك شەممە رێکەوتی 3\7\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( 14 )

یەك شەممە رێكەوتی 2006/7/3

کاتژمێر (11,35)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/7/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق, کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراقەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11,35)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/7/3دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە پێشکەش کراوە.

لە سەرەتاوە دەنگەکان دەرنەچووە.

هەتا جەنابی سەرۆکی هەرێم لە ئەمریکادا بووە لەگەڵ رجالی ئەعمالی ئەمریکی قسەیان کردووە, لە قانونەکە تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردووە, ئایا ئەو قانونە تەملیکی تێدا دەبێت یان نا, کەواتە ئەگەر تۆ بتەوێ موستەسمیر بێنی و پێی بڵێی قانونێکی تازە لەگەڵ عەصرەکە دەگونجێ, لەگەڵ عەولەمەی ئیقتیصادی دەگونجێ, لەگەڵ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەگونجێ, ئەوەی دەبی تێدا بێت, لەبەر ئەوە نییە کە تۆ ئەوەی دەتەوێ پێی وەربگری و لە دونیادا شتی وا نییە, تۆ بتەوێ رەئسمال بیت و هەموویان بێنە ئێرە ئیستیسمار بکەن و پارەیان صەرف بکەن, بەڵام تۆ هیچی نەدەیتێ و تەسهیلاتی بۆ نەکەی و عەردی نەدەیتێ, ئەو بەتەنیا بەوەی کە پێی بڵێی لە پارەی ئازادی بۆ خۆت نایکات, ئیتمیئنانێکی دەوێ کە تەمەلوکی هەبێت, حەقی تەمەلوکی هەبێت, بەهەرحاڵ زۆر قسەمان لەسەر ئەوە کرد, فەرموو کاك عوسمان نوقتەی نیزام.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر ( بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بگەینە بڕیاری کۆتایی, مەسەلەی تەملیك بدەنە دەنگ, هەموو دەنگی دەدەین, ئەگەر نادەنە دەنگ پێمان بڵێن مەسەلەی تەملیك نادەینە دەنگ لەبەرژەوەندی کۆمەڵگا نییە, پێمان ناکرێ بەسەرماندا بڕوات.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە ئاخر رای لیژنەی یاسایی بدرێتێ, بدرێتە دەنگ دان, لەبەر ئەوە با بخرێتە دەنگ دان وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنـەی قـانونی، تـەملیکی تێدایـە ئـەو قانونـە، تەخصیصـی ئـەرازی و تـەملیکی تێدایـە، وەکو هەموو ماددەکانی تر موناقەشەمان لەسەر کرد، ماددەکە دەخەمە دەنگ دان، لیژنەی قانونی بە ئەکسـەریەتەکەیە، و ئەقەلیەتەکەش تەعدیلی رەئییان کرد، ئێمەش پێتان دەڵێین ئەو ماددەیە تەملیکی تێدایە، ماددەیەکە نـاتوانین بڵێین کێ لەگەڵ تەملیکە، کێ لەگەڵ تـەملیك نییـە، ماددەیـەك بەتـەنیا نییـە، تەخصیصـی ئـەرازی تێدایـە، تەفصـیلی تێدایـە چوار وپێنج، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە رۆیشتووە لەو پەرلەمانە پیادەمان کردووە بە گوێرەی نیزامی داخلی بەم شێوەیە، مەشروعی حکومەت دێت، ئـەو مەشـروعە هـات، هاتـە لیژنـەی قـانونی ئەکسـەریەتی لیژنـەی قـانونی لەگـەڵ مەشـروعی حکومـەتین بـۆ تـەملیك، حکومەت تەئییدی مەشروعی خۆی کردووە لێرە، لێـرە ماددەکـە فەقـەرە فەقـەرە نادرێتـە دەنـگ، مەشـروعی حکومـەت لەبەر ئەوەی تەئییدی ئەکسەریەتی لیژنەی قانونی وەرگرت، دەدرێتە تەصویت و کۆتایی بە مەسەلەکە دێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ لە بابی دووەمدا , ماددە دوو یازدە نوقتە بوو هەموومان بەیەك وەجبە خستە دەنگەوە، ناکرێ دوێـنێ خـاڵ بەخاڵ نەرۆیشتین، ئەمرۆ خاڵ بەخاڵ بڕۆین، شتێکمان کردە ئەساس ئەبوایە ئەم موجادەلـە و وەزعـە لـەبابی دووەمـدا بکرایایە، مادام لەوێ نەمان کرد و هـەموومان بەیـەك جـار خسـتە دەنگـەوە، حەقـە ئـەمڕۆش بەیـەك پارچـەوە بخەینـە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جـارێکی تـر بـۆ دواجـار مـن عـەرزی شـتێکتان دەکـەم، ئـەو پـرۆژە لەحکومەتـەوە بۆمـان هـاتووە، ئـەو حکومەتـە لێـرە سـەرۆکەکەو جێگرەکـەی موافەقـەتیان لەسـەر کـردووە، جگـە لـەوەزیرەکانیش، سـەرۆکی حکومـەت و جێگرەکـەی دوو کوتلەی گەورەی پەرلەمان لەوان دەست پێ دەکات، ئەو وەزیرانەش کە موافەقەتیان لێرە کردووە، هەموو لێـرە کوتـەلیان هەیە، نوێنەریان هەیە، یانی هەمان کوتەلی لەپەرلەماندا هەیە لەوێ ئیقـرار کـراوە بـە تەفصـیلەوە، بێجگـە لـەوەش کـە قانونێك لە سلێمانی دەرچووە ئیدارەی سلێمانی وەختی خۆی هیچ فەرقێکی گەورەی لەگەڵ ئـەوەدا نییـە، رەفتـار کـراوە بە قەراراتی حکومەتی ئیدارەی هەولێر، دوو سێ ساڵ لەمەوبەر کە قەرارەکە قوەتی هەبووە و فەرقی نییە، لەبەر ئـەوە ئەوە تەعبیر لە هەمان کوتەلی پەرلەمان دەکات، تەعبیر لە ئەحزاب دەکات، تەعبیر لە حکومـەت و لەهـەمان شـتە، یـانی شتێکی تازەمان نەهێناوە لێرە تاوەکو بڵێین خیلافی واقیع بێت، یاخود خیلافی ئیرادەی حکومـەت بێـت، حکومـەت ئـەوەی داوا کردووە، ئەوانیش دیراسەیان کردووە کە لە قازانجی میللەت دایە، چ لە قازانجی بنیاتنانەوەی کوردستان دایە، لەبـەر ئەوە ناتوانین زۆر راوەستین، ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە تەملیکی تێدایە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئـەو ماددەیـە کە لیژنەی قانونی خوێندیەوە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ کەواتە ئەکسـەریەت لەگەڵیەتی، پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاعفاءات الكمركية**

المادة السادسة:

أ-يعفى المشروع من جيمع الضرائب والرسوم لمدة (10) عشر سنوات, وذلك اعتباراً من تاريخ بدء المشروع بتقديم الخدمات او تاريخ الانتاج الفعلي.

ب-يعفى المشروع بالنسبة 50٪ من الرسوم التي تستوفى بموجب قانون ادارة البلديات بما فيها رسوم اجازة البناء.

ج-تعفى الالات والاجهزة والمعدات والاليات والمكائن المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم وشرط الحصول على اجازة الاستيراد, على ان يتم ادخالها الى الاقليم خلال سنتين من تاريخ الموافقة على قوائمها من قبل رئيس الهيئة وان تستخدم لاغراض المشروع حصراً وبعكسه لاتشملها هذه الاعفاءات ويلزم المستثمر بدفع الضريبة ويعاقب بغرامة قدرها ضعف مبلغ الضريبة المستحقة.

د-تعفى قطع الغيار المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم على ان لا تزيد قيمة هذه القطع عن (15٪) من المكائن والمعدات, وذلك بقرار مسبق من رئيس الهيئة بالموافقة على قوائمها و كمياتها.

هـ- تعفى الالات والاجهزة والمكائن والاليات والعدد اللازمة لتوسيع المشروع او تطويره او تحديثه من الضرائب والرسوم.

و-تعفى المواد الاوليةو المواد نصف المصنعة من قطع تجمع المستوردة للانتاج من الرسوم الكمركية لمدة (10) عشر سنوات على ان تحدد هذه المواد من قبل الهيئة.

ي-يحق للمستثمر وفق احكام هذا القانون استيراد جميع احتياجات مشروعه من قبل غيره من الآلات والآليات والاجهزة والمعدات وسيارات العمل, وتعفى هذه المستوردات من جميع الرسوم الكمركية شريطة استخدامها حصراً لاغراض المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثامناً:-

اما بالنسبة للمادة السادسة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الخامسة وادرجت ضمن الفصل الاول من الباب الثاني والخاص بالاعفاءات والالتزامات وتم ترتيب تسلسلاتها بالارقام وتقرا شكلاً ومضموناً كالآتي :-

**الباب الثاني**

**الاعفاءات والالتزامات**

**الفصل الاول**

**الاعفاءات الضريبية والكمركية**

المادة الخامسة:

1-يعفى المشروع من جميع الضرائب والرسوم غير الكمركية لمدة (10) عشر سنوات اعتباراً من تاريخ بدء المشروع بتقديم الخدمات او تاريخ الانتاج الفعلي.

2-تعفى الالات والاجهزة والمعدات والاليات والمكائن المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم وشرط الحصول على اجازة الاستيراد، على ان يتم ادخالها عن طريق المعابر الحدودية للاقليم خلال سنتين من تاريخ الموافقة على قوائمها من قبل رئيس الهيئة وان تستخدم لاغراض المشروع حصراً وبعكسه لاتشملها هذه الاعفاءات ويلزم المستثمر بدفع الضريبة ويعاقب بغرامة قدرها ضعف مبلغ الضريبة المستحقة.

3-تعفى قطع الغيار المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم على ان لا تزيد قيمة هذه القطع عن (15٪) من قيمة المكائن والمعدات، وذلك بقرار مسبق من رئيس الهيئة بالموافقة على قوائمها و كمياتها.

4-تعفى الالات والاجهزة والمكائن والاليات والعدد اللازمة لتوسيع المشروع أو تطويره او تحديثه من الضرائب والرسوم.

5-تعفى المواد الاولية المستوردة للانتاج من الرسوم الكمركية لمدة (10)عشر سنوات على ان تحدد انواع وكميات هذه المواد من قبل الهيئة مع اعطاء الاولوية لاستخدام المواد الاولية المحلية المتوفرة و الملائمة للمشروع الاستثمارى كماً ونوعاً.

6- يحق للمستثمر وفق احكام هذا القانون استيراد جميع احتياجات مشروعه، من قبله او من قبل غيره، ومنها الالات والآليات والاجهزة والمعدات، وتعفى هذه المستوردات من جميع الرسوم الكمركية الداخلة من المعابر الحدودية للاقليم شريطة استخدامها حصراً لأغراض المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکەی مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنە بە کوردی دەخوێنمەوە:

هەشتەم:

ماددەی شەشەمس پرۆژەکە دەبێتە ماددەی پێنجەم و دەکەوێتە بەشی یەکەم لە دەروازەی دووەمدا کە تایبەتە بە لێبووردن و پابەندییەکان و ڕێزبەندی بڕگەکانی لە جیاتی ئەبجەدی کرایە ژمارەو بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

**دەروازەی دووەم**

**بەخشینەکان و پابەندیەکان**

**بەشی یەکەم**

**بەخشینەکانی باج و گومرگ**

ماددەی پێنجەم:

1-پرۆژە لە هەموو ڕەسم و باجەکان دەبووریێت بۆ ماوەی (10) ساڵ لە ڕۆژی دەستکردینەوە بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی, یان لە ڕۆژی بەرهەمهێنانی بە کردەنی.

2-ئامێر و دەزگاو مەکینە هاوردەکانی پرۆژە لە ڕەسم و باجەکان دەبووردرێن, بە مەرجێك مۆڵەتی هاوردنی پێدرا بێ و لە خاڵەکانی دەرباز بوونی سنوورەکانی هەرێمەوە بێنە ژوورەوەو دەبێ لە ماوەی (2) دوو ساڵ لە ڕۆژی ڕەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستەکان, بهێندرێنە ناو هەرێم و تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکار بێن, بە پێچەوانەوە ئەو لێخۆشبوونانە نایگرێتەوەو وەبەرهێن ناچار دەکرێت باجەکە بدات و دوو هێندەی باجەکەش غەرامەی لێوەردەگیرێت.

3- لە ڕەسم و باجی ئەو پارچە یەدەگە هاوردانەی پرۆژەکە دەبووردرێت بە مەرجێك بەهاکەیان لە (15٪)ی بەهای ئامێرو مەکینەکان پتر نەبێت, ئەویش بە بڕیارێکی پێشینەی سەرۆکی دەستە و ڕەزامەندی لەسەر لیستەکانی و چەندایەتیان دەبێت.

4-لە ڕەسم و باجەکانی ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی پێویست بۆ فراوان کردنی پرۆژە, یان بۆ پەرەپێدانی یان نوێکردنەوەی دەبووردرێن.

5-ڕەسمی گومرگ بۆ ماوەی (5) ساڵ لەسەر ئەو کەرەستانەی بۆ بەرهەمهێنان هاوردراوون دەبووردرێن, بە مەرجێك جۆر و برەکانیان لەلایەن دەستەوە دیار بکرێن, بەڵام دەبێ بە پلەی یەکەم ئەو کەرەستە خاوە خۆماڵیانەی لە هەرێمدا چنگ دەکەون و بۆ پرۆژەکە بە کەڵك دێن لە لایەنی چەندی و چۆنیەوە بەکار بێن.

6-وەبەرهێن, چ بە خۆی, چ بەهۆی کەسێکی دیکەوە بۆی هەیە, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, هەموو پێداویستییەکاانی پرۆژەکە بهێنێتە ناو هەرێم, وەك ئامێر و مەکینە و دەزگا و کەرەستەو ئۆتۆمبێلی کار کردن, ئەو هاوردانەش لە هەموو باجی خاڵەکانی گومرگی سنووری هەرێم دەبەخشرێن, بە مەرجێك تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکار بێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سوڕەتێكی وازیحیان هەبێت لەو ماددەیە, ئەو گۆڕانكارییەی لەسەر ئەو ماددەیە هاتووە بەم شێوەیە:

1-بە ئیتیفاقی هەموومانە ئەوە فەقەرە (ب) ئیلغا كراوە, كە تایبەتە بە رسومی بەلەدیات, چونكە روسوم و زەرائیب لە فەقەرە (أ) بەشكلێكی موتلەق هاتووە, بۆیە پێویست ناكات روسومی بەلەدیات لە فەقەرەیەكی تردا دووبارە بێتەوە, ئێمە بە زیادمان زانی.

2-بەنیسبەت مەعابیری حدودی ئیزافە كراوە, ئەوە لە فەقەرە دوو.

3-ئیعفائات بەنیسبەت مەوادی ئەوەلی لە پرۆژەكە دە ساڵە, ئێمە وا پێشنیار دەكەین ببێتە پێنج ساڵ, زۆر سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر هیچ تێبینت هەیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەلایەن لیژنەی قانونییەوە سەر لەنوێ ریز بەند كراوە, بە بیرو بۆچوونی ئێمەش شێوەیەكی باشتری دراوەتێ, چ لە شێواز, چ لە ناوەڕۆكدا, لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانكاریانەی لێ كراوە, ئێمە پشتگیری دەكەین بە دەوڵەمەند كردن, پێمان وایە دەوڵەمەند كراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە كە داوای قسە كردنیان كردووە, (ئەدهەم بارزانی, عیزەدین باقەسری, تاریق جامباز, جەعفەر شێخ موستەفا, سەردار هەركی, زرار تاهیر, بارزان عبداللە, كەژاڵ مەجید, كوێستان عبداللە, بەكر فتاح, خەلیل ئیبراهیم, عوسمان بانی مارانی, رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم, باپیر كاملا, شیرین عبدالرحمان, فەخریە موستەفا, گوڵناز عەزیز قادر, دكتۆرە هالە سوهیل, بەلێن عبداللە, دكتۆر فوئاد بابان, جەمال یوسف, محەمەد فەرەج, نەسرین محمد صالح), كاك ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی شەش برگا (أ), رەئیا من بوویتە (اعفاءات ضریبي) بێتە ئین كردن لە دەه ساڵە و ئو پێنج ساڵە, من دووبارە كردنەڤەك برگە (ج و ه)دا كە ئێت دووبارە بوویە, یەعنی تیكرارك هاتیە برگە (ج و ه), هەروەها برگە (و) (اعفاءات گمرگی), ئەویش لیژنا یاسایی پێن كرا دەه ساڵ ئەڤە رەئی من, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها من پێشنیارێك هەبوو لە برگا (ج-تعفى الالات والاجهزة والمعدات والاليات والمكائن المستوردة للمشروع من الضرائب والرسوم), دەڵێ ئەگەر مەشروعەكە ئیستیسمار یەك كەس بێت باشە, ئوتومبێل مەشروع بێتن, دەڵێ هەتا چەند رادە حەقی هەیە دەبێت ئۆتۆمبێل, شەش هەیڤا جارێك, سێ مانگ جارێكە, چەند بێت بمێنێت, دەبێت تەحدید بێتە كرن, یان بە شروت بێتە تەحدید كرن, (لمدة خمس سنوات) كە عومرێ ئالەتێ پترە ژی, بەس تەشجیعە بۆ وی (سنوات) كرن, یەعنی بنووسن (مرة كل خمس سنوات), چونكە نالێت ڤە كرین بێتن, یەكە پێویستی بە مەشروعێكە سەد ساڵە, هەیە پشتی سێ هەیڤا دەبێژیتن, من سەد ساڵی دی بێتە كرن, فە دەبێت بێتە تەحدید كرن ئالیات و موعیدات چەند ساڵێك جارێك, پێشنیارێ من ئەوەیە چەند ساڵێك جارێك بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ خاڵی باس دەكەم:

1-قانونی ئیستیسماری ئەجنەبی لە عێراق دەرنەچووە, چونكە ئاماژە كرا كە دەرچووە, هی ئێمە پێشتر دەردەچێت.

2-پێویستە بە زووترین كات بۆ كارا كردنی ئەو قانونە, بۆ ئەوەی كارا بكرێت و بە تەواوی دەربچێت, من باسی ئەوە دەكەم لەو ماددەیە حەوت جار باسی (یعفی) و (تعفی) كراوە, ئەو سەلاحیەتە هی هەرێمە, یان موشتەرەكە, یان تەقریرە, منیش دەخوێنمەوە ماددەی 115 دەڵێت (كل مالم ينص عليه في الاختصاصات الحصرية الاتحادية يكون من صلاحية الاقليم), ئەوە یەك.

دوو/لە ماددەی چوارەم كە حەوت فەقەرەیە (يكون اختصاصات مشتركة بين السلطات الاتحادية والسلطات الاقليمية:

اولا:ادارة الكمارك بالتنسيق مع حكومات الاقاليم والمحافظات غير مقدمة في الاقليم وينظم ذلك بالقانون).

سێیەم/كە باسی دەكەم فروقاتی حەسریە ئەویش نۆ ماددەیە, ماددەی (110), (السلطات الاتحادية اختصاصات الحصري الاتية).

سێیەم:رسم السياسية المالية والكمركية والاصدار الانظمة وتنظيم السياسة الادارية عبر حدود الاقاليم والمحافظات في العراق, وضع ميزانية العامة للدولة, وانشاء البنك المركزي وادارته).

چونكە لەگەڵ بەڕێزان ئەوانەی لەو مەجالانە قسەمان كرد, وەڵامیان نەبوو و, لیژنەی یاسایی وەڵامێكی وامان نەبوو, بۆ ئەوەی نەبێتە ئاست تەنگێك بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو یاسایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر شێخ موستەفا فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددە شەش بڕگە (أ) ماوەكەی دە ساڵ زۆرە, ئەگەر بكرێت بە شەش ساڵ باشە, بڕگەی (ب) لیژنەی یاسایی هەڵیانگرتووە, ئێستا مولاحەزەیەكم هەبوو لەسەر ئەوی, ئەگەر بكرێت بڕگەكانی پێش كاك عیزەدین باقەسری و ئەو كۆمپانیانە نەیكەنە وەسیلەیەكی تیجاری دیكە, چونكە كە كەسێك دێت بۆ كۆمپانیا كۆمەڵێك ئەدەوات و ئیحتیاتاتی خۆی چەند مەكائین و چەند شتی تری پێویستە, دەبێت مەجالی پێ نەدرێت بێت تیجارەتی پێ بكات, یەعنی هەر بە عەددی ئەو شتەی كە پێویستە مەكائینی ئەو مەشروعە بێتە كاراوە, نەك زیاتر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت بڕگەی (أ) باسی ئەوەی دەكات (اعفاء المشروع جميع الرسومات والضرائب لمدة عشر سنوات), واتا ئەو ئیعفایە (100٪)ە, كەچی ماددەی (ب) باسی ئەوە دەكات كە (50٪) ئیعفا بكرێت, بەپێی پێشنیاری لیژنەی یاسایی, ئەو ئیعفایەی رسوم زیاد كرا بۆ (100٪), ئێمە یاخود ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەبێت تەبنی بكەن, یاخود بڕگەی (أ) رسوم هەڵبگیرێت و بڕگەی (ب) بمێنێتەوە, واتا تەنها لە (50٪) ئیعفا بكرێت, ئەوە یەك.

دوو/بڕگەی (ج) باسی ئەوەی دەكات (يتم ادخالها الى الاقليم خلال سنتين), بەحەقیقەت مەشاریعی ئەوانە مەشاریعی موستەسمیری ئەجنەبی وەكو مەشاریعی خۆمان نییە, پێم وایە زۆر زۆر سەریع ئەنجام دەدرێت, لە ماوەی دوو ساڵدا

لەوانەیە مەشروعەکە تەواو بێت، کە ئەو حەقەت دایەتێ، لە ماوەی دوو ساڵ ئەو ماددانە داخیل بکات، لەوانەیە تەحایولی لەسەر بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە یەك ساڵ (یتم ادخالها لسنة واحدة فقط).
خاڵی سێیەمم/دووبارەیە بۆ قسەی کاك تارق، کە بڕگەی (و) موخالیفە بۆ دەستووری عێراق، لەبەر ئەوەی زمنی سەلاحیاتی حەسرییە، هەروەها بڕگەی (ز) باسی رسوم گومرگی دەکات، بەڵام پێمان وایە ئەگەر بمێنێت باشترە، بۆ ئەوەی حەوافیز بدرێتە موستەسمیری ئەجنەبی بێتن، با ئەو بدرێتە محکەمەی ئیتیحادی ئەوان ئەو شتەی حەسم بکەن، نەك هەر لە خۆمان لە ئێستاوە بیکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار تاهر ئەمین فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ماوەی بەخشین لە باجی دەرامەت بۆ پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان لە مەرکەزی پارێزگاکان پێنج ساڵ بێت، بەڵام بۆ قەزاو ناحیەکان زیاتر بێت، زیاد کردنەکەش بە قسە نەبێت، ئێستا لەناو یاسایەکەدا دیاری بکرێت، مەسەلەن ئەگەر بۆ مەرکەزی پارێزگاکان پێنج ساڵ بێت، بەڕاستی پێویستە بۆ مەرکەزی قەزاکان بەلایەنی کەمەوە شەش ساڵ، حەوت ساڵ، هەشت ساڵ کەمتر نەبێت، بۆ گوندەکان با نۆ ساڵ بێت، چونکە ئەو کەسەی دێت وەبەرهەرهێنەر پرۆژەیەك دروست دەکات، هەتاوەکو مەرکەزی پارێزگاکان هەبێت هەنگاو نانێت بۆ ناو قەزاو ناحیە پرۆژە دروست بکات، ئێمەش دەمانەوێت کوردستان بەتێکڕایی هەمووی ئاوەدان بکەینەوە، بەڕاستی دەبێت جیاوازییەك هەبێت، ئەو جیاوازییەش بە قسە نەبێت، لەناو یاساکەدا دەبێت ئێستا دیاری بکرێت، پارێزگاکان جیاوازییەکی تەواویان هەبێت لە مەرکەزی قەزاو ناحیەکان و گوندەکان، چونکە زۆر وەبەرهەرهێنەر هەیە ئامادەیە لەناو گوندەکاندا پرۆژە دروست بکات، بەڵام بەڕاستی ئەگەر جیاوازی نەبێت، من خۆم خەڵکی گوندم هەتا لە سلێمانی هەبێت ئامادە نیم لە چوارقورنە و رانیە ئیش بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان عبداللە فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جاری پێشوو باسی ئەوەم کرد، ئەگەر موستەسمیرێك لە مەرزی بەسرە، یان خوسرەوییەوە ئیستیرادی شتەکەی کرد، یان وەریگرت، یان بیهێنێتە ناو وڵاتەوە، ئایا ئەم یاسایەی ئێمە کاری پێ دەکرێت، برایان چارەسەریان بۆ ئەوە کردووە، ئیلا لە مەرجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت، من ئەوە بە چارەسەرێکی یاسایی نازانم، چونکە مەرجی حکومەتی هەرێم لەوانەیە لە کۆتایی ساڵی 2007دا گۆڕانکاری بەسەر رووبدات، ئەمە یەك.
دوو/ئەو بەڕێزانە باسیان لەوە کرد، ماوەکە کەم بکرێتەوە بۆ پێنج ساڵ، من بە پێچەوانەوە وای دەبینم کە زیاد بکرێت، چونکە ئەو مسودەدیە کە ئەمڕۆ قانونی ئیستیسماری ئەجنەبی لە عێراق دەردەکرێت، ئەوان بۆ ماوەی دە ساڵیان داناوە، دەکرێت ئێمە زۆر لە ئەوان زیاتر دانێین، بۆ ئەوەی جەزبی ئینیباهی موستەسمیر بۆ لای هەرێمی کوردستان راکێشین، نەك ئیعفائاتەکە کەم بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو کەژاڵ مەجید فەرموو.

**بەڕێز کژال مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو سێ پێشنیارم هەبوو، پێشنیارەکانم پێشکەش کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو كوێستان محەمەد عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی مولاحەزەكانی ئێمە هیچ شتێك لە پرۆژەكە ناگۆڕێت, سوپاس ئەمڕۆش داوای قسە ناكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەرچەندە قەناعەتەكەت لەسەر بنەمایەكی ڕاست دروست نەكردووە, سوپاس, كاك بەكر فەتاح فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو پێشنیارانە نیازم هەبوو بیكەم, برادەران كردیان, تەنها تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە ئەوەی كاك بارزان باسی كرد, یەعنی حەز دەكەم تەوزیحی بكەم لەسەر ئەوەی مەوادی ئەوەلیە بۆ هەر مەشروعێكی ئیستیسماری, ئەو مەوادانەی كە تاقی دەكرێتەوە بۆ هەرێم, ئەگەر لە ڕێگای نوقتەی مەرزی مەسەلەن لە بەسراوە بێت, ئایا بەپێی یاسا چارەسەر كراوە, شمولی قانونی ئیستیسماری عێراقی دەكات, شمولی قانونی ئیستیسماری هەرێم دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن تەعلیقێك لەسەر قسەكەی كوێستان خان, منیش بە هەمان ڕێگاوە پێی دەڵێم شەرت نییە تۆ ڕەئییەكەت وت, ئێمە هەموو گوێڕایەلی ڕەئی تۆ بین, سوپاس.

**عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

***الفصل الثالث***

***الضمانات القانونية***

**المادة السابعة:**

**1-للمستثمر ان يؤمن على مشروعه الاستثماري من قبل اية شركة تأمين أجنبية أو وطنية يعتبرها ملائمة، ويتم بموجبه تأمين كافة جوانب العمليات التي يقوم بها.**

**2-للمستثمر استخدام الايدي العاملة المحلية والاجنبية اللازمة للمشروع مع اعطاء الاولوية الى الايدي العاملة المحلية وفقاً للقوانين النافذة بهذا الخصوص.**

**3-يسمح للمستثمر الأجنبي ان يحول الى الخارج ارباح وفوائد راسماله وفق احكام هذا القانون.**

**4-يحق للعاملين غير العراقيين في المشروع والمتعاملين معهم في خارج الاقليم تحويل مستحقاتهم واجورهم الى الخارج وفق القوانين النافذة.**

**5-للمستثمر الاجنبي الحق في اعادة راسماله الى الخارج عند تصفية المشروع او التصرف فيه بما لايتعارض مع احكام القوانين والاجراءات الكمركية والضريبية المعمول بها.**

**6-تحويل استثماره كلاً أو جزءاً الى مستثمر أجنبي آخر او الى مستثمر وطني او التنازل عن المشروع لشريكه بموافقة الهيئة ويحل المستثمر الجديد محل المستثمر القديم في الحقوق والالتزامات الناشئة عن المشروع .**

**7-يحق للمستثمر أن يفتح لصالح مشروعه المجاز وفق احكام هذا القانون حسابات مصرفية بالنقد الوطني أو الاجنبي او كليهما لدى المصارف في الاقليم وخارجه.**

**8-مع مراعاة القوانين النافذة بخصوص مجالس ادارة الشركات المساهمة، تعتبر المشروعات المسجلة طبقا لاحكام هذا القانون من مشروعات القطاع الخاص بغض النظر عن الشكل القانوني والطبيعة القانونية للاموال المساهمة فيها.**

**9-يتمتع المستثمر بحسب هذا القانون بحقه في الاحتفاظ بسرية المعلومات الفنية والاقتصادية الخاصة بالمشروع وحفظ المبادرات الاستثمارية وذلك طبقاً لاحكام القوانين والانظمة والتعليمات المعمول بها في الاقليم، ويعاقب كل من يفشي باية**

معلومات تكون بحوزته بحكم وظيفته وتتعلق بالمبادرة الاستثمارية والجوانب الفنية او الاقتصادية او المالية للمشروع بموجب القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

***بەشی سێیەم***

***گەرەنتییە یاساییەكان***

**ماددەی حەوتەم:**

1-وەبەرهێنەر بۆی هەیە پرۆژەی وەبەرهێنانەكەی دڵنیایی تەئمین بكات لەلایەن هەر كۆمپانیایەكی دڵنیاكاری كە بە گونجاوی دەزانێ و پێی باش بێ, چ بیانی بێ, یان نیشتمانی، كە بەو پێیەوە لەسەر هەموو لایەنەكانی كارەكانی كە دەیكات دڵنیا دەبێ.

2-وەبەرهێنەر بۆی هەیە كار بە كرێكاری بیانی و خۆجێی بكات, لە پرۆژەكەوە پێشینە بداتە كرێكاری خۆجێیی و بە ڕەچاو كردنی سروشتی كار لە پرۆژە وەبەرهێنەكە و بەپێی یاساكانی كارا لە هەرێمدا.

3- وەبەرهێنەری بیانی بۆی هەیە سوودو قازانجی سەرمایەكەی بۆ دەرەوە بنێرێت, بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

4- بۆ كرێكارە غەیرە عیراقییەكان لە پرۆژەكەدا وئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن بۆیان هەیە پارەو كرێیەكانیان بۆ دەرەوە ڕەوانە بكەن بەپێی یاساكانی كارا.

5- وەبەرهێنەری بیانی بۆی هەیە دوای پاكتاوكردنی پرۆژەكەی یان دەستداری كردنی، سەرمایەكەی ڕەوانەی دەرەوە بكاتەوە, بەجۆرێك پێچەوانەی حوكم و ڕێكارەكانی گومرك و باجی بەركار لە هەرێمدا نەبێت.

6-وەبەرهێنەری بیانی بۆی هەیە پرۆژە وەبەرهێنەرەكەی بخاتە سەر ناوی وەبەرهێنەرێكی دیكەی بیانی, یان نیشتمانی, یان لە بەشی خۆی لە بەشەكە دەربچێت بۆ هاوبەشەكەی و بە ڕەزامەندی دەستە, وەبەرهێنەری نوێ جێگای وەبەرهێنەری كۆن دەگرێتەوە لەو ماف و پابەندانەی لە پرۆژەكەدا كەوتۆتەوە.

7-وەبەرهێنەر بۆی هەیە لە پێناو بەرژەوەندی پرۆژە ڕێپێدراوەكەی وەبەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بە حیسابێك بە دراوی نیشتمانی یان بیانی یان هەردووكیان لە یەكێك لە بانقەكانی هەرێم یان لە دەرەوە بكاتەوە.

8-وێڕای لەبەرچاوگرتنی یاسای كۆمپانیاكانی ژمارە21ی ساڵی 1997ی هەمواركراودا هاتووەو بەركارەو تایبەت بە ئەنجومەنی كارگێڕی كۆمپانیا پشكدارەكان، ئەو پرۆژانەی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە تۆماركراون و شێوە یاساییەكان هەر چۆنێك بێت بە پرۆژەكانی كەرتی تایبەت دادەندرێت سروشتی یاسایی و ئەو سامانانەی پێیدا پشكدارە هەر چۆنێك بێت.

9-بەپێی ئەم یاسایە وەبەرهێنەر مافی هەیە نهێنی و زانیارییە هونەری و ئابوورییەكانی تایبەت بە پرۆژەكە پارێزگاری لێ بكرێت و دەستپێشخەری و وەبەرهێنەرەكانی بپارێزێت, ئەمەش بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایەو ڕێنماییانەی لە هەرێمدا كاران, هەر كەسێك زانیارییەك سەبارەت بە دەستپێشخەرییەكانی بەرهێنی و لایەنە هونەری و ئابوورییە داراییەكانی پرۆژەكە بڵاو بكاتەوە, كە بە حوكمی فەرمانەكەی بە دەستی كەوتووە, بەپێی یاسا سزا دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە, خاڵی نیزامیە لێرە پێویست ناكات بیانییە, لەبەر ئەوەی كردنەوەی حیسابە, وەتەنیشی دەتوانێت بیكاتەوە, لەوێ نەقلی ئەموال بۆ دەرەوە, بۆیە وتمان بەس بیانی, چونكە تەنیا كردنەوەی حیسابە لە بانك, یەعنی هاووڵاتی كە هی ئێرە بوو حەقی خۆیەتی, بۆیە لێرە بە دیقەت هاتووە, نووسراوە مستەسمیر, بەڵێ خاڵی نیزامیە فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له خاڵی چواردا هاتووه (للعاملين غير العراقيين), (للعاملين) عومال نييه, بەلأم به كوردييەكه دەڵێ (بۆ كرێكارەكان), لەبەر ئەوه پێم وايه تەدقيقی دەوێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(للعاملين) كرێكار و فەرمانبەر و هەمووی دەگرێتەوه, ئەوه شاملترە, فەرمانبەريش حەقی خۆيەتی هەر لەویَ غەيری عێراقی له مەشروعێكدا.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قوربان من دەڵێم به كوردييەكه دەڵێ بۆ كرێكارەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشه دەيكەينه كارمەند, سوپاست دەكەين بۆ چاك كردنی زمان, ماددەكه هەمووی دەخەمه دەنگدانەوه, كێ تەئيدی ماددەكه دەكات دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس, كێ تەئيدی ناكات دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس, ماددەكه به زۆرينەی دەنگ وەرگيرا, زۆر سوپاس, ماددەی نۆيەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددەی نۆيەم دەخوێنمەوه:

***الفصل الرابع***

***التزامات المستثمر***

المادة التاسعة:

يلتزم المستثمر بما يلي:

أ-على المستثمر ابلاغ الهيئة باكمال المشروع وبدئه بتقديم الخدمات او الانتاج الفعلي.

ب-على المستثمر ابداء التسهيلات اللازمة لموظفیالهيئة المختصين فيما يتعلق بجمع واستحصال المعلومات الضرورية عن جوانب المشروع المختلفة لأغراض الهيئة.

ج-على المستثمر مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لاحكام هذا القانون.

د-على المستثمر المحافظة على سلامة البيئة والالتزام بنظم التقييس والسيطرة النوعية المعمول بها في الاقليم والقوانين المتعلقة في والامن والصحة العامة.

**بەڕێز عونی احمد سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای ليژنەی ياسايی:

اما بالنسبة للمادة التاسعة من المشروع التي اصبحت برقم المادة الثامنة وبعنوان الفصل الرابع (التزامات المستثمر) تم ترتيب تسلسلاتها بالارقام, وباتفاق الاراء تمت الاضافة وتدريب وتأهيل الاعمال المحلية في المشروع ضمن تسلسلات المادة الثامنة, كما طرحت الاقلية بالاضافة الجملة (والاداب العامة) ضمن فقرة المحافظة على سلامة البيئة, واعادة صياغتها, وتقرأ المادة شكلاً ومضمونا كالأتي:

**الفصل الرابع**

**(التزامات المستثمر)**

المادة الثامنة:

يلتزم المستثمر بما يلي:

1. تعريف مجال استثماره بخصوص المشاريع المنجزة من قبله وبيان وضعه المالي والعقود التي نفذها.

2.ابلاغ الهيئة باكمال المشروع وبدئه بتقديم الخدمات او الانتاج الفعلي.

3.ابداء التسهيلات اللازمة لموظفىالهيئة المختصين فيما يتعلق بجمع واستحصال المعلومات الضرورية عن جوانب المشروع المختلفة لأغراض الهيئة.

4.مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لاحكام هذا القانون.

5.المحافظة على سلامة البيئة والامن والصحة العامة والالتزام بنظم التقييس والسيطرة النوعية وفق المعايير الدولية.

6.تدريب وتأهيل الاعمال المحلية في المشروع.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنە بە زمانی کوردی:

یازدەم: ماددەی نۆیەمی پرۆژەکە دەبێتە ماددەی هەشتەم و دەکەوێتە بەشی چوارەم بە ناونیشانی (پابەندییەکانی وەبەرهێنەر) و ڕێزبەندی بڕگەکان کرایە ژمارەو بە تێکڕای دەنگ بڕگەی زنجیرەی شەشی بۆ زیاد کرا, سەبارەت بە راهێنانی کرێکاری خۆجێیی پرۆژەکان و کەمینەی ئەندامان پێشنیاری کرد رستەی (دابونەریتی گشتی) بخرێتە سەر بڕگەی پێنج و ماددەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

**بەشی چوارەم**

**پابەندییەکانی وەربەرهێنەر**

ماددەی هەشتەم:

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

1-پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات سەبارەت بەو پرۆژانەی پێشتر ئەنجامی داوون و باری دارایی و ئەو گرێبەستانەی جێبەجێ کردوون.

2-دەستە, بە تەواوبوونی پرۆژەکە و دەستکردن بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی یان بەرهەمهێنانی راستەقینەی ئاگادار بکاتەوە.

3-ئاسانکاری پێویست بۆ فەرمانبەرانی تایبەتمەندی دەستە دابین بکات, سەبارەت بە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی پرۆژە بۆ مەبەستەکانی دەستە.

4-تۆماری تایبەتی ئەو کەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە, کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسمی گومرك بەخشراون.

5-پاکی ژینگە و ئاسایش و تەندروستی گشتی بپارێزێت و پابەند بێت بە سیستەمی پێوانە و کۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی نێونەتەوەییەکان.

6-مەشق بە کرێکاری خۆجێی پرۆژەکە بکات و رایان بهێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیەکمان هەبوو لە ماددەی پێشوودا چارەسەر کرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە بۆ قسە کردن, فەرموو کاك شێروان تەوزیحێکیان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه وەکو لیژنەی یاسا دەقی پرۆژەکە تەئید دەکەین, ئەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان پرۆژەی ئەسڵی و نێوان پێشنیاری لیژنەی یاسایی دوو فەقەرەیە:

یەکەمیان: (تدريب وتأهيل العمال المحليين) ئیزافە کراوە.

دووەمیش: (بنظم التقييس والسيطرة النوعية وفق المعايير الدولية) لە جیاتی (المعايير الاقليمية), کردمانە (المعايير الدولية), ئەمە دوو, کەمینەیەکیش هەیە, دەڵێن لە فەقەرە پێنج کەمینەی ئەندامانی بەڕێز دەڵێن ( الاداب العامة) ئیزافەی فەقەرە پێنج بکرێت, زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی داوای قسە کردنیان کردووە, ئەو ئەندامە بەڕێزانەن:

(محمد احمد صالح, دلێر محمد شريف, پەخشان زەنگەنە, غەفوور مەخمووری, سەردار هەرکی, زرار تاهر ئەمین, شەهاب عبدالله, ئارام رەسول مامند, خلیل ابراهیم محمد, عبدالرحمن احمد رضا, شیخ حەوێزی, گوڵناز عزیز قادر, دکتۆرە هالە سوهێل), یەکەم کا محەمەد ئەحمەد صالح با بفەرمووێت.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك پێشنیارم هەبوو ئەویش (على المستثمر تنظيم عقود قانونية للعاملين في المشروع) ئیزافە بکرێت, چونکە لەو پرۆژەیە هیچ شتێك لەسەر عاملین نەهاتووە, ئەگەر خۆ لە (ضمانات قانونية معمول في الاقليم), ئەوە ئیلتیزام بێت ئەوە تەواو پێشنیارم نییە, ئەگەر نا حەز دەکەم شتێك ئیزافە بکرێتن لەسەر (تنظيم عقود قانونية للعاملين في المشروع)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر محەمەد شەریف فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من راستی لەگەڵ لیژنەی قانونی و لەگەڵ تەواوی پێشنیارەکانی لیژنەی قانونی بووم, ئەوەی ئیزافاتم هەبوو دانراوە, تەنها لە ئەوەندی روباعیەکە لەگەڵ بووم سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك دیلمانم, لەبەر ئەوەی ئەو کارمەندو کرێکارانەی لەو پرۆژە ئیش دەکەن دەبێت زەمانێکیان هەبێت, ئەوەی لە فەقەرەکانی تر هاتووە, من وەکو زەماناتێکی تەواو تێ نەگەیشتم.

پێشنیارێکی ترم هەیە ئەویش (ان يقدم المستثمر سيرة ذاتية واضحة), چونکە موستەسمیر هەیە لە شوێنێك تووشی ئەنواع ئیشکال و گێچەڵ بووە, دێتە کوردستان یەعنی سیرەی نازانین, لە صیاغەی کوردی و عەرەبیەکەیدا دیسان مادام قسەم هەیە با خاڵی نیزام داوا نەکەم, جیاوازی هەیە لەنێوان بە دەستخستن و بەدەستهێنان, دەڵێ (هەیئە موساعەدەی بکات بۆ بەدەستکەوتنی زانیاری و ئیستیحسالی هەتا دوایی), ئیستیحساڵ بەدەست هێنانە هەیئەکە نایداتێ, بەدەستخستن هەیئەکە دەیداتێ مەعلوماتەکە, دەڵێ یارمەتی بدات بۆ بەدەست هێنان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفوور مەخمووری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من لەسەر بڕگە پێنجی ماددەكەیە, كە باس لە پاراستنی ژینگەی كوردستان دەكات, ئێمە لەبەر ئەوەی یاسایەكەمان نییە تایبەت بێت بە پاراستنی ژینگەو, ئەو كارگانەی كە وەبەرهێن دێنێتە كوردستان, لەوانەیە كارگەی گەورە بێت ببێتە هۆكارێك بۆ پیس كردنی ژینگەش, بۆ ئەوە پێشنیاری ئەوە دەكەین, كە ئێمە نیسبەتێك لە داهاتی ئەو كۆمپانیایانە تەرخان بكەین بۆ ئەو ناوچانەی كە كارەكەی تیایە بۆ پاك راگرتنی ژینگەو, بۆ پاك كردنەوەی ژینگە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار هەركی فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت دوو تێبینیم هەیە:

تێبینی یەكەم: لەسەر ماددەی یەكەم ئەوەی لیژنەی قانونی پێشنیاری كردووە (تعريف المجال الاستثماري بخصوص المشاريع المنجزة من قبله) ئەگەر یەك ئیزافە بكرێت (وتقديم الجدوى الاقتصاديه للمشروع) یەعنی ئیلتیزامی تەقدمی جەدوەلی ئیقتیصادی با بیخەینە ئەستۆی موستەسمیر, ئەوە كار ئاسانییە بۆ هەیئەو ئەو مەجلیسە.

تێبینی دووەمم بە حەقیقەت هەمان تێبینی لیژنەی یاسایی بوو لەسەر بڕگەی پێنج (وفق المعايير الدولية) ئەمە شتێكی زۆر باشە, بەتایبەتی تاكو ئێستا ئێمە یاسای بیئەمان نییە پاراستنی ژینگە, بۆیە دەبێت ئێمە مەعاییری دەولە بەكار بێنین, هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو مەعاییر دەولە نەبووە, من ناوم نەنووسیووە بۆ ئەو ماددەی پاش ئەوە قسە بكەم, بۆیە ماددەی پاش ئەوە دەبێت عوقوباتی بۆ دابنرێت, كە موخالەفەی ئەو بڕگەیە بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار تاهیر ئەمین فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێبینیەكانی لیژنەی یاسا دام, بەس پێم باشە ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت (على المستثمر ان يكون لديه مشاور قانوني وحسابي, وان يلتزم بقوانين وتعليمات الرقابة المالية في اقليم كوردستان), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شەهاب عبدالله فەرموو.

**بەڕێز شهاب عبدالله صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە لە خاڵی یەكەم, ئەویش پێشنیارەكەم ئەوەیە ئیزافەیەكی بچووك بكرێت ئەوەیە (تعريف المجال الاستثماري بخصوص المشاريع المنجزة من قبله, وبيان وضعه المالي والعقود التي نفذها بوثائق رسمية مصدقة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام رەسول مامەند فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەم گوترا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل ئیبراهیم محەمەد فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەڵێم خاكمان رۆیی تەملیكی ئەرز كراو, فەریقی ئێمە بەرازیل دەوڵەتێكی فیدرالی ئەویش گۆڕاو, عەمەلەش هەمووی بۆ ئەجنەبی و, ئەم شتانە هەمووی كرا بۆ ئێمە , بۆ بڕگە پێنج موحافەزە لەسەر ئاداب عامە, من لە چەند قانونی دەوروبەر هەیە, هەمان ئەوەیە لەگەڵ سەلامەتی بیئەو ئەمنی عام و سحەی عامە كەلیمەی ئاداب عامە و نیزامی عام هەیە, موحافەزە لەسەر میزاجی نەفسی و ئاداب و كەلتوور و عادات و تەقالیدی خۆمان لەگەڵ بیئەی ئەخلاقی شتێكی زۆر زەروورە, پێم وایە ریعایەتی ئەوەش بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردل حەوێزی فەرموو.

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینم نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز عزیز قادر فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینەكەم گوترا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو فەقەرانە هیچ باسی زەماناتی ئیجتماعی عەمەلەكانی نەكردووە, پێشنیار دەكەم فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت (على المستثمر توفير الضمان الاجتماعي اذا استخدم العامل لاكثر من سنة) لە وڵاتان عەقد دەكرێت بۆ ساڵێك, پاش ساڵێك ئەو كرێكارە حەقی تەقاعودی دەبێت, لەبەر ئەوەی ئەوان هەڵدەستن بە یانزدە مانگی فەسخی عەقدەكە دەكەن, كرێكارەكان فەسل دەكەن, یان هەندێكی تر تەعین دەكەن, یان ئەوانە لە یەكەمەوە عەقدیان بۆ دەكەن, بۆ ئەوەی حەقی تەقاعودیان نەبێت, پێم باشە لیژنەی یاسا موڕاعاتی ئەو شتە بكەن بەنیسبەت كرێكاری مەحەلی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی منیش هەر ئەوە بوو, لیژنەی یاسایی فەقەرەیەكی ئیزافە بكات ئەویش فەقەرەی شەشەم, هەرچەندە حەقیشمان خورا, نازانم پێم وایە هەر ئیستیمارەكەی ئێمە بزر كرا بێت, یان شەنصەكەمان وایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەقریبەن هەر ئەو پێشنیارەی كاك زرار بوو, بەڵام من پێشنیار دەكەم كە موستەسمیر مولزەم بكرێت بەوەی كە مەدەقیقێك لە حیساباتی قانونی دابنێت, بۆ ئەوەی موصادەقە لەسەر موازەنەی ساڵانەی خۆی بكات, بۆ ئەوەی هەیئە بزانێت بەڕاستی قازانجی ئیستیسمارەكە چەندە, چونكە لە كاتی تەحویل كردنی بۆ دەرەوەی وڵات, پێم وایە ئەوە رێگەی نایاسایی بۆ تەحویل كردنی پارە دەكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان هیچ تێبینیەكەت نییە.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری تخطیط):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەسەور دەکەم خۆی حەل بووە ئەو کێشەیەی کاك زرار و کاك بارزان ئیشارەتیان پێدا, لەبەر ئەوەی هەر موستەسمیرێك کە دێتە ئێرە شەریکەی هەیە تەسجیل دەکرێتن, لە تەسجیل کردنیشی یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە کە محاسبی هەبێتن و, موشاور قانونی هەبێتن و, میزانیەی ساڵانە تەقدیم بکات, بەڵام دەبوایە لە بڕگەی یەکدا ئیشارەتەکەمان بە وازیحی بدایە, کاتێك کە یەکەم جار دێتە کوردستان دەبێت میزانیەی ئاخیر ساڵی خۆی تەقدیم بکات, چونکە میزانیە لە بانقەوە دێتن و, مەدەقیقێکی قانونی تەدقیقی کردووە, ئەوە وەڵامە بۆ پەخشان خان, نەوەك کۆمپانیایەك بێت موفلیس بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە کورتی وەڵامی ئەم بەڕێزانە دەدەمەوە.

بەنیسبەت کاك دیلمانەوە دەڵێت تەنزیمی عقودی قانونی بۆ کرێکاران, ئەوە لە قەوانینی نافیز هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامی هەیە کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە بڕگەی (ج)دا هاتووە, (مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لاحكام هذا القانون), لەوەی تر کە دەنگمان لەسەردا دەڵێ (يعفى المشروع من جميع الضرائب ورسوم غير الكمركية), دوو ماددە هەیە لێرە یەك لە (إعفاءات كمركية) بەنیسبەت موستەسمیر, لەوێ دەنگمان بۆ دا کە راپۆرتی بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەڵێ (يعفى المشروع من الجميع الضرائب ورسوم غير الكمركية), یەعنی گومرگی ناگرێتەوە, کەچی لێرە لە بڕگەی (ج) هاتووە لە ماددە نۆ دەڵێ (مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الكمركية طبقاً لاحكام هذا القانون), لێرە ناگرێتەوە لە دوای یەك دەبێت تەعدیل بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان بەردەوام بە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەڵامی کاك دیلمانمان دایەوە, هەمان بۆچوون کاك دلێریش هەی بوو, پەخشان خان باسی سیرەی موستەسمیر دەکات, ئەگەر تەماشای فەقەرەی یەك بکەین دەبینین سیرەی موستەسمیر لەوێ داوا کراوە بە حەقیقەت, زەماناتیش قانونی زەمانمان هەیە پیادە کراوە لە هەرێمدا, کاك غەفوور مەخمووری باسی ژینگەو پاراستنی ژینگە دەکات, تا ئێستا وەزارەتی ژینگەمان دانەمەزراوە بە حەقیقەت, ئێستا خەریکی تەنزیمی هەیکلی ئیدارییەنەو, وەزیرەکەش ئەندامە لە مەجلیسی ئەعلا, لە هەمان کاتدا بەپێی زانیاری ئێمە یاسای ژینگە بەرێوەیە بۆ پەرلەمان.

کاك سەردار باسی جەدوای ئیقتیصادی, ئێمە پێمان وایە جەدوای ئیقتیصادی لە موستەسمیر داوا ناکرێت, بەڵکو لە هەیئەی ئیستیسمار و مەجلیسی ئەعلا جەدوەی ئیقتیصادی مەشروعەکە دەبێت ئێمە داوا بکەین, جەدوای ئیقتیصادی چییە لە مەشروعەکە؟ نەك لە موستەسمیرەکە.

کاك زرار باسی ئەوە دەکات کاك عوسمان وەڵامی دایەوە هی موحاسیب و موشاور قانونی, کاك بارزانیش هەر هەمان رەئی هەبوو, شەریکە دانامەزرێ ئەگەر ئەو سێ شتەی نەبێت, موحاسیبی قانونی و موشاوری قانونی و شەریکەکە دامەزرا, ئەوە لە داوایەکانی دامەزراندنی شەریکەیە.

تەعریفی مەجال ئیستیسمار لە فەقەرەیەکدا هاتووە, پێویستە ئەوەی کاک شەهاب وتی دەبێت لێی بپرسن چ مەشاریعێك لەویَ ئەو موستەسمیرە کردویەتی, یان نەی کردووە, یەعنی وەسیقەی رەسمی پێویستە لێی داوا بکرێت, بەڕاستی ئەوانە هەمووی لە فەقەرەیەکدا هاتوون.

کاك خەلیل باسی ئادابی عامی کرد, بە حەقیقەت ئەوە رەئیەکی کەمینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایە بە حەقیقەت, من نازانم کەفالەتی ئادابی عام لە دەستووری ئیتیحادی هاتووە, لە دەستووری هەرێم هاتووە, ئەمە یەك.

دوو/ پێمان وایە ئەوە پێویست ناکات لە قانون دووبارە بێتەوە, چونکە ئەمە مەبدەئێکی دەستوورییە.

سێیەم/ رەنگە ئادابی عامە تەفسیرەکەی لە شەخسێکەوە بۆ شەخسێکی تر جیاوازی هەیە, بەڕاستی بۆیە ئێمە بە پێویستمان نەزانی ئەو داخیلی ئەمە بکەین.

هالە خان باسی مەسەلەی زەمان ئیجتیماعی و قانونی تەقاعود دەکات, هەردوو قانونمان هەیە, مەفروزە کرێکارەکان مەشمولی ئەو قانونە بن و, فیعلەن دەبێت لەسەریان فەرز بکرێت, چونکە قانون هەیە, ئەگەر قانون نەبێت حەتمەن ئەو شەریکەیە, یان ئەو ئیستیسمارەیە دەدرێتە موحاکم ئەگەر قانون زەمان ئیجتماعی تەتبیق نەکاتن, خیلافی ئەو بجولێتەوە, ئەوە بە حەقیقەت وەلامەکانی ئەو بەڕێزان بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بەنیسبەت خاڵە نیزامەکەی کاك رەشاد.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی نیزامی کاك رەشاد بەڕاستی مەسەلەیەکی مەرحەلییە ئەوەی کاك رەشاد ئیشارەتی پێدا, چونکە ئەوە نامینێت وەقتییە, بۆیە پێویست ناکات ئێمە ئیشارەتی پێ بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر ئیزافەیەکی تر دەکەم (مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع) چونکە ئێمە (اعفاءات) دەدەینە ئەوانە, بۆ ئەوەی بزانین لە هەمان کۆمپانیادا هاتووە, نەوەك ئەو (اعفاءات)ە ئیستیغلال بکات, لە شوێنێکی تردا کە ئیستیسمارِی نییە بیفرۆشێتن, بزانن (اعفاءات)ەکە کراوە لەناو سجلاتی خۆی تەسبیت بکرێتن لەبەر ئەوەی زەروورییە مەسکی دەفاتری بەو مەوادانەی کە عەفو کراون لە گومرگ هەیان بێت.

بەنیسبەت ئەو تەوزیحاتانەی کە داتان زۆر چاکە, بەس یەك خاڵ دەمێنێت مەسەلەی ئادابی عامە لە فەقەرەی پێنجدا هاتبوو, هەرچەندە من بە رەئی خۆم دەڵێم (المحافظة على سلامة البيئة والامن) موحافەزە لە ئاداب عامە لە ئەمندا دەیگرێتەوە, بەلام من شەخسی چ زەرەرێکی نابینم دووبارەی بکەینەوە بۆ ئەم وشەیە, لەدەستووریشدا هاتووە, لێرەشدا هاتووە, ئەمنیش هاتووە لە دەستوور, دەکرێت ئەوەش ئیزافە بکرێت (المحافظة على سلامة البيئة والامن والاداب العامة), ئەگەر مانعتان نییە ئیزافەی بکەین, ئەوە چ زەرەرێکی نییە, حکومەت رەئی چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی ( وەزیری تخطیط):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قانونی ئیستیسمارِە قانونی قەیدی ئیستیسمارِ نییە, عەفوم بکەن ئەو هەموو قیودە لەو هەموو موناقەشەدا, من خۆم پێم خۆشە قانونەکە, بەلام ئادابی عام چ پەیوەندی بە قانونی ئیستیسمارەوە نییە, مادام لە دەستووردا هاتووە, دەستوور مەبدەئی عامە, پێویستیش ناکات لێرە دووبارە بکرێتەوەو بە زەروریشی نازانین, لای ئێمە موناقەشەی ئەوەشمان کردووە, پێشمان وایە ئەوەش دەبێتە قەیدێك, چونکە تەفسیرات هەڵدەگرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل خاڵی نیزامیت هەبوو, فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵی نیزامیم لەسەر ئەو قەیدە هەبوو لە ئیعفائاتی گومرگی (اعفاء رسوم) و (ضرائب غیر كمركیة) نازانم ئەو (غیر كمركیة) لە كوێ هاتووە, نە لە پرۆژەی حكومەتدا هەیە, لە موناقەشەی ئێمە لە دەستووری لیژنەی قانونیدا هەیە, یەعنی وابزانم هەر ئەو مەقتەعەیە زیادە, هیچ ماناو مەبنایەكی نەبوو, شتی تر هەبێت هی برادەران من لە بیرم نەبێت نازانم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رسوم غەیر گومرگی, ئێمە رسوم غەیر گومرگی كە لە فەقەرە یەكدا هاتووە بەشێوەیەكی عام هێناومانە, رسومی گومرگی لێرە بە دوو فەقەرە هاتووە, چۆن ئیعفا دەكرێتن؟ مودەكەی فەرقی هەیەو مەوادەكانیش فەرقیان هەیە, بۆیە جیاواز كراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا لە لات وازیح بوو, بەنیسبەت مەوادی موستەوەرەد هەر تەنیا گومرگی دەگرێتەوە, كە گوتت مەواد موستەوڕەد هەر گومرگەكەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وابزانم كاك عەونی هەر ئەو مەوزوعە بە سەهو هاتووە لەناو نووسینی ئێمە, لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی, یەعنی ئەو كەلیمەیە نەبووەو موناقەشەش نەكراوە لەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی تۆ پێشنیارەكەت كام خاڵە؟

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەو غەیر گومرگییەی تێدا نییە ئەسڵەن, یەعنی موتڵەقە (اعفاء الرسوم والضرائب).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندامانی لیژنەی قانونی باش دەزانن ئێمە دوو كۆبوونەوەمان كرد لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران, مولاحەزاتی خۆمان ئاڵوگۆڕ كرد لەگەڵیان, ئەو فەقەرەیە لەوێ هاتووە, ئەو مولاحەزاتە هەردوولامان لەسەر ئەو فەقەرەیە موافیق بووین, كە مەسەلەی رسومی گومرگی تەعامولێكی تایبەتی لەگەڵ بكرێت, بۆیە بەم شكلە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەو تەفسیرەی كە كرا بەنیسبەت ئەو خاڵەی دوو سێ برادەرەی كردیان, كە ئادابی عامە رەئیەكە دەڵێ مادام لە دەستووردا هاتووە بیخەینە ئێرە تەفسیری زیاتر هەڵدەگرێت, ئەوەی لە دەستوور هاتووە ئێمە مولزەمین پێی, هەموو موقیمێكیش لەو وڵاتە كاری بەدەست بوو, جێ بەجێی بكات و ئەوانە, ئەو پێشنیارە ئیزافەیەكە, كەلیمەی ئادابی عامە, دەكرێت ئیستیسنائەن لەبەر ئەوەی ئیزافەی رستەیەكە, ئەو كەلیمەیە دەخەمە دەنگدانەوە, ئەو كەلیمەیە دوو رەئی هەیە حكومەتیش رەئی وایە تێیدا نەبێت, لیژنەی قانونیش هەر وایە, هەندێك ئەندامیش وایان وت, هەندێك ئەندامیش دەڵێن تێیدا بێت باشترە, لەبەر ئەوەی ئەو كەلیمەیە ئیزافە بكرێتن بۆ نەصەكە, واتا ئیلتیزام كردن لەسەر موحافەزە كردن لەسەر سەلامەتی بیئەو ئەمن و صحەی عامەو ئادابی عامە ئیزافە بكرێت, ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە ئەو كەلیمەیە ئیزافە بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە, (22) كەس زۆر سوپاس, ئەوەی لەگەڵی نییە, دەستی بەرز بكاتەوە, بەزۆرینەی دەنگ ئەو كەلیمەیە ئیزافە ناكرێت, زۆر سوپاس, كەلیمەیەكە, فەقەرە نییە, یەك كەلیمەیە پێشنیار هەبوو

خارجى پێشنیارى یاسایى، ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت، یان نا، یەعنى لە پێشنیارى یاسایى نەهاتووە، لە پێشنیارى حکومەتیش نەهاتووە، بەڵکو چەند ئەندامێك پێشنیاریان کرد ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێتە سەر نەصەکە، بۆى خستمانە دەنگدان، تەواو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

ئەوە خاڵى نیزامى، خاڵى دووەم داوا کردنى قسە کردن ئەوە تەڵەبە و تەسجیل دەکرێت، ئاخیر کەس کە قسەى کردووە، ئیتر بۆى نییە قسە بکات دیسان کە ناوى نەنووسراوە، بەڕاستى هەم کاتمان لێ دەگرێت، ئەمە بەڕاستى موخالەفەى نیزامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

مەبدەئییەن قسەکانت راستە، بەڵام هەندێ جار کە ئیختیلاف دەبێت لەسەر وشەیەك، ناکرێتن رانەوەستین لەسەرى، فەرموو ئێستا هەموو ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونى احمد سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالێکم بدەیت تەوزیحێك بکەم، بەنیسبەت ئەو (یعفى المشروع من جمیع الضرائب والرسوم غیر الکمرکیة) کاك خەلیل ئیشارەتى پێدا، دەڵێت ئێمە لە لیژنەى یاسایى ئەوەمان ئاگا لێ نییە، چۆن داخیلى ئەو ماددەیە بوو، بەڵێ ئەوە داخیلى ئەو ماددەیە بوو لەسەر تەڵەبى نوێنەرى حکومەت، کە هاتن موناقەشەیان لەگەڵ ئێمە کرد، خۆیان بە نووسین نووسیتیان، ئەوە مەکتوبە لەلاى ئێمەیە (یعفى المشروع من جمیع ضرائب والرسوم غیر الکمرکیة لمدة عشر سنوات وذلك اعتبارا من تاریخ بدء المشروع بتقدیم خدمات او تاریخ انتاج فعلي)و، بە ئیتیفاق ئێمە ئەوەمان تەسبیت کردووە، هەرچەندە بە وازیحى لە تەقریرەکە ئیشارەتمان پێ نەداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

بەڵێ زۆر باشە مەفهوم بوو تێگەیشتین، هەم لەکاك خەلیلى تێگەیشتین و هەم لە تەوزیحەکە، ئێستا نەصى پێشنیارەکە بخوێنەوەو بە عەرەبى و بە کوردى بۆ ئەوەى بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونى احمد سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

***الفصل الرابع***

***التزامات المستثمر***

**المادة الثامنة:**

**یلتزم المستثمر بما یلي:**

1- **تعریف مجال الاستثماري بخصوص المشاریع المنجزة من قبله، وبیان وضعه المالي والعقود التي نفذها.**

2- **ابلاغ الهیئة باکمال المشروع وبدئه بتقدیم الخدمات او الانتاج الفعلي.**

3-**ابداء التسهیلات اللازمة لموظفىالهیئة المختصین فیما یتعلق بجمع واستحصال المعلومات الضروریة عن جوانب المشروع المختلفة لأغراض الهیئة.**

4-**مسك سجلات خاصة بالمواد المستوردة للمشروع المعفاة من الرسوم الکمرکیة طبقاً لاحکام هذا القانون.**

5-**المحافظة على سلامة البیئة والامن والصحة العامة والالتزام بنظم التقییس والسیطرة النوعیة وفق المعاییر الدولیة.**

6- **تدریب وتأهیل الاعمال المحلیة في المشروع.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

## بەشی چوارەم

## پابەندییەکانی وەبەرهێنەر

ماددەی هەشتەم:

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

1-پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات سەبارەت بەو پرۆژانەی پێشتر ئەنجامی داوون و باری دارایی و ئەو گرێبەستانەی جێبەجێ کردوون.

2-دەستە, بە تەواوبوونی پرۆژەکە و دەستکردن بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی یان بەرهەمهێنانی راستەڤینەی ئاگادار بکاتەوە.

3-ئاسانکاری پێویست بۆ فەرمانبەرانی تایبەتمەندی دەستە دابین بکات, سەبارەت بە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی پرۆژە بۆ مەبەستەکانی دەستە.

لێرەدا پێم خۆشە وەڵامی خوشکە پەخشان بدەمەوە کە دەڵێت (استحصال) بەمانای دەستکەوتنە, نەخێر (استحصال) یەعنی (طلب الحصول), یەعنی بەدەست خۆی بێنێت, ئەوی تر (الحصول)ە ئەوە یەعنی دەستکەوتن.

4-تۆماری تایبەتی ئەو کەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە, کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسمی گومرک بەخشراون.

5-پاکی ژینگە و ئاسایش و تەندروستی گشتی بپارێزێت و پابەند بێت بە سیستەمی پێوانە و کۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی نێونەتەوەییەکان.

6-مەشق بە کرێکاری خۆجێی پرۆژەکە بکات و رایان بهێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا ماددەی هەشت دەخەمە دەنگدانەوە کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا, ماددەی دەیەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الإجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر

المادة العاشرة:

أ-عند مخالفة المستثمر لأحكام هذا القانون او احدى فقرات العقد المبرم بينه وبين الجهات المختصة كأن لا يقوم المستثمر بتنفيذ المشروع بموجب التصاميم الهندسية المتفق عليها, او ضمن المدة القانونية المحددة من قبل الهيئة تقوم الهيئة بانذار المخالف وطلب الايقاف الفوري للنشاط المتسبب لحصول المخالفة وإمهاله مدة معقولة تتناسب وطبيعة المخالفة لازالتها مع اثارها.

ب- في حالة اصرار المستثمر على عدم ايقاف وازالة اثار المخالفة وفق أحكام الفقرة (1) اعلاه، فتسترد منه الارض وتملك الهيئة المنشآت المبنية عليها من قبل المستثمر (ان وجدت) وبقيمتها مستحقة القلع وفق القانون، ويتحمل دفع هذه القيمة المستثمر الجديد الذي يخصص له الارض لإكمال المشروع وفق أحكام هذا القانون، ويكون المخالف مسؤولاً عن اي ضرر ينتج عن عدم قيامه بتنفيذ التزاماته.

ج-اذا اجر مالك المشروع الارض المخصصة لمشروعه كلاً أو جزءاً من المواطن أو استغلها لغير الاغراض التي خصصت من اجلها وبدون موافقة الهيئة فتسترد منه الارض او الجزء المؤجر أو المستغل لغير الغرض المحدد، ويدفع مالك المشروع ضعف اجر المثل عن مدة تاجيره الارض او استغلالها لغير الاغراض المخصصة لها ويتم استحصاله وفق أحكام قانون تحصيل الديون الحكومية النافذ في إقليم، وفي حالة استرداد الارض منه كلياً يعامل المستثمر المخالف وفق أحكام الفقرة (ب) اعلاه فيما يتعلق بالمنشآت المبنية عليها وقت الاسترداد.

**بەڕێز عونی احمد سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راى ليژنەى قانونى:

**ثاني عشر:-**

اما بالنسبة للمادة العاشرة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة التاسعة و ضمن الفصل الخامس بعنوان (الاجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر )

ترى اللجنة بالاتفاق تغيير كلمة (مدة معقولة) الواردة في الفقرة (أ) من اصل المشروع الى ( مدة مناسبة و تحددها الهيئة) وتقرأ المادة شكلاً و مضموناً كالآتي :

**الفصل الخامس**

**(الاجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر)**

المادة التاسعة:

1-لدى مخالفة المستثمر لأحكام هذا القانون او احدى فقرات العقد المبرم بينه وبين الجهات المختصة تقوم الهيئة بانذار المخالف وطلب الايقاف الفوري للنشاط المتسبب لحصول المخالفة وإمهاله مدة مناسبة تحددها الهيئة تتناسب وطبيعة المخالفة لإزالتها مع اثارها.

2-في حالة اصرار المستثمر على عدم ايقاف وازالة اثار المخالفة وفق احكام الفقرة (1) اعلاه، تسترد منه الارض وتستملك الهيئة المنشآت المبنية عليها من قبل المستثمر (ان وجدت) وبقيمتها مستحقة القلع وفق القانون، ويتحمل دفع هذه القيمة المستثمر الجديد الذي تخصص له الارض لإكمال المشروع وفق أحكام هذا القانون، ويكون المخالف مسؤولاً عن اي ضرر ينتج عن عدم قيامه بتنفيذ التزاماته.

3-اذا اجر المستثمر الارض المخصصة لمشروعه كلاً أو جزءاً من المواطن أو استغلها لغير الاغراض التي خصصت من اجلها وبدون موافقة الهيئة فتسترد منه الارض او الجزء المؤجر أو المستغل لغير الغرض المحدد، ويدفع المستثمر ضعف اجر المثل عن مدة تاجيره للارض او استغلالها لغير الاغراض المخصصة لها ويتم استحصال المبلغ وفق احكام قانون تحصيل الديون الحكومية النافذ في الاقليم، وفي حالة استرداد الارض منه كلياً يعامل المستثمر المخالف وفق احكام الفقرة (2) اعلاه فيما يتعلق بالمنشآت المبنية عليها وقت الاسترداد.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

راى ليژنەى قانونى بە كوردى:

دوازدەم:

ماددەى دەيەمى پرۆژەكە دەبێتە نۆيەم و دەكەوێتە بەشى پێنجەم بەناونيشانى (ڕێكارەكانى ياسايى لە كاتى سەرپێچكردنى وەبەرهێن) و ليژنە بەباشى دەزانێت لە بڕگە (أ) پرۆژەكەدا زاراوەى (كاتێكى مەعقول) بگۆڕێت بە (كاتێكى گونجاو, كە دەستە ديارى دەكات) و ماددەكە بەم شێوەى خوارەوە بخوێندرێتەوە:

**بەشى پێنجەم:**

**ڕێكارە ياساييەكان لە كاتى سەرپێچى كردنى وەبەرهێن**

ماددەى نۆيەم:

1-لەكاتى سەرپێچى كردنى وەبەرهێن لە حوكمەكانى ئەم ياسايە, يان لە بڕگەكانى گرێبەستى مۆر كراو لە نێوان ئەو و لەنێوان تايبەتمەندەكانەوە, وەك جێبەجێ نەكردنى پرۆژەكە لە لايەن وەبەرهێن, بەپێى نەخشە ئەندازەييەكانى لەسەرى ڕێككەوتوون و لە ميانەى ئەو ماوە ياساييەى لەلايەن دەستەوە ديار كراوە, دەستە سەرپێچكار ئاگادار دەكاتەوە, كە ئەو چالاكيەى بۆتە هۆكارى سەرپێچيەكە يەكسەر بيوەستێنێت, ماوەيەكى بۆ دادەنێت كە لەگەڵ سروشتى سەرپێچيەكە گونجاو بێت, بۆ ئەوەى لاى بەرێت و شوێنەوارەكانى بسرێتەوە.

2-لە حاڵەتێكدا وەبەرهێن پێيداگرت لەسەر ڕانەگرتنى سەرپێچيەكە و لانەبردنى شوێنەوارەكانى بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى سەرەوە, زەويەكەى لێ دەسێنێتەوەو, ئەو بينايانەى لەسەر پشتى دروست كراوون, ئەگەر هەبن, بەناوى خۆى تۆماريان دەكات بە نرخى كەرەستەكان بە هەڵكەندراوى بەپێى ياسا.

ئەو بەهایەش دەكەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەكرێ بۆ ئەوەی پرۆژەكە تەواو بكات، سەرپێچیكاریش بەرپرسە لە هەر زەرەرو زیانێك كە لە ئەنجامی جێبەجێ كردنی پابەندییەكانی بێنە ئاراوە.

3-ئەگەر خاوەن پرۆژەكە بەبێ رەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پرۆژەكە تەرخانكراوە، یان بەشێكی لە ژێرەوە بەكرێدا، یان بەكاری هێنا بۆ مەبەستێكی دی لە پرۆژەكەدا، زەویەكەی یان ئەو بەشەی بۆ مەبەستێكی دیكەی بەكار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە، ئەو كاتە خاوەن پرۆژە دەبێ دوو هێندەی كرێی هاوتا (اجر مثل) بدات لە برگە بەكرێدانی زەویەكە و بەكارهێنانی بۆ مەبەستێكی دیكەی پرۆژەكە. ئەو پارانەش بەپێی حوكمەكانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەكانی حكومەتی كارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حاڵەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەكەی، مەماڵە لەگەڵ وەبەرهێنی سەرپێچیكار بەپێی حوكمەكانی برگە (2)ی سەرەوە دەكرێ، سەبارەت بەو بینایانەی كە لە كاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست كراون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر هیچتان هەیە، ئەو بەڕێزانەی داوای قسەیان كردووە، (كاك سەردار هەركی، كاك بارزان عبدالله، كاك سالم، عوسمان بانی مارانی، رەحمان ئەحمەد، كاك شێردل حەوێزی)، كاك سەردار داوات نەكردووە، كاك بارزان، كاك شێخەڵلاّ وابزانم وەرەقەیەك بێ ناو هەبووە ئیهمال كراوە، رەنگە ئەوە هی تۆ بێتن، ناوت لە بیر كردووە بینووسی، ئەوە تازە كاك فەرسەت دەڵێ یەك وەرەقە هەیە ناوی لەسەر نەنووسراوە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم لە حاڵەتێكدا حەق بە هەیئە بدرێت ئەو بەیانات و وەسائیق و موستەنەداتانەی كە موستەسمیر پێشكەش بە هەیئەی دەكات راست نەبوون، یان مزەووەر بوون لەو حاڵەتەدا هەیئە حەقی هەبێت ئیلغای ئیجازەكە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سالم محەمەد عەلی فەرمووو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتوو موستەسمیری لسەر واجیباتێ ئیسرار كر موستەمر لەسەر موخالەفە، چونكە لەوی هاتە راستە، ئەز بێژم عوقوبە كێمە دای، كو ئیستیعدادا عاردی بكەن و قیمەتی مونشەئاتی موستەحەق بدات، قانونەن هەیئە ئیحتیمالە بچێتە سەر حیسابە خۆ مونشەئاتی راگریت ئیزالەی بكات، ئەگەر وەنەبێت ژی ئەز بێژم دژی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمان احمد ئەویش لێرە نییە، كاك شێردڵ حەوێزی.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من ئەوەیە بەنیسبەت ئەو شەریكاتانەی كە موساهیمن سەهمەكانیان دەفرۆشن، ئەو شەریكاتانەی كە بینایەی سەكەنی دەكەن، ئەوانە پێش وەخت پارە وەردەگرن، هەموو رەئسمال و قازانجیان ببەنە دەرەوە، دەتوانن شەریكەی تەئمینش هەر لە دەرەوە بكەن، باشە ئەگەر ئەوانە نەیان كرد و بە وەفا نەبوون بۆ عەقدەكانیان و چوونە دەرەوە، ئەوانە چۆن تەعامولیان لەگەڵ دەكرێت لە ناحیە قانونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، سۆزان خانیش بۆ ماددەیەكی تر ناوی نووسی بوو، بەلاّم با قسە بكات، فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە برگەی پێشەوە داکۆکیمان لەسەر بیئە کرد, حەقە لەو ماددەیەشدا ئیزافەی بەندێك بکەین ( اذا لم یلتزم المستثمر بشروط المحافظة علی البیئة او اخل بها, ان تنطبق علیها القوانین السائدة في الاقلیم), ئەوە چونکە ئەو حاڵەتانە هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك شێروان وەڵامی ئەمانە بدەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك بارزان باسی تەزویری کرد, تەبعەن ئەگەر تەوزیر لە مەعلومان ببێت, ئەوا ئیعتیادی دەگەڕێینەوە سەر قەوانینی عامی خۆمان ئەوەی کە هەیە, بەو شکلە موعامەلەی لەگەڵ دەکەین.

بەنیسبەت کاك سالم وەکو دەڵێی تەعامولەکە تۆزێك توند بێت لەگەڵ موستەسمیر, تەبیعی ئەو تەعامولەی کە کرایە بەپێی ئەو یاسایەی کە ئێستا هەیە ئیستیسمار لەگەڵ موستەسمیر لەسەر ئەحکامی قانونی مەدەنی کرایە, کە دەڵێتن موستەحەقە و چۆنیەتی ئیعادە دەکرێتەوە لە ئەحکامی قانونی مەدەنییە بزەبت نەقلی ئێرەیان کردووە, بۆتە حەکەم لە مەسەلەکە.

کاك شێردڵ باسی زەمانات دەکات, بەنیسبەت ئەو شەریکاتانەی کە بینایان کردووە, نەك بە قەناعەتی من, بەڵکو بە زانیاری من حکومەت لەو مەسەلەیە تەرەفە, یەعنی بەو سوهولەتە نییە, ئەوان بتوانن هەڵبێن و بڕۆن و مەشروعەکە نەکەن و, وابزانە حیسابی تایبەت کراوەتەوە, حکومەتیش لەو حیسابە تەرەفە, تەسلیم و تەسەلوم دەبێت پارەکان بە ئاگاداری حکومەت بێت, ئەوەی کە من مەعلوماتم هەیە.

بەنیسبەت بیئەش نازانم سۆزان خان باسی بیئەی کرد, یەعنی دەبێت شوروتی عەقدەکە تەسبیت بکرێت بەڕاستی ئەو مەسائیلانە هەموویان لە ئاراداں, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من پێم وایە ئەو پرسیارەی کاك شێردڵ پرسیارێکی زۆر وەجیهە, دەبێت نەصێکی قانونی هەبێت, حکومەت کافی نییە کە تەرەفە لە مەوزوعەکە, نەصێکی قانونی هەبێتن بۆ مولاحەقەی ئەو کەسانە, تەئمیناتێك دابنێن, یاخود لە ناحیەی قانونی بڵێین مولزەمی دەکەین قانونیەن مولاحەقەیەك هەبێتن بۆ ئیستیحصالی ئەو پارانەی کە لە خەڵك وەرگیراوە, لە حاڵەتی موخالەفەوە, مەسەلەن ئێستا زۆر مەشاریعیان هەیە پارەیان وەرگرتووە, ئەقساتیان وەرگرتووە, بۆ ئەوەی شوقەیان بۆ دروست بکەن, مومکینە ئەگەر نەتوانێت ئیلتیزامی پێ بکاتن, سبەینێ ڕۆیی زەمانات چییە؟ فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشەو پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەسەور دەکەم ئەوە بە قانون حەل نابێت, بەڵکو دەبێت بە تەعلیمات دەربچێت و, هەر کەسێك کە ئەو ئیشە دەکات وەکو کاك شێردڵ گوتی حیساب بکاتەوە پارەکە لە بانکی مەحللی دابنرێت و, حکومەت موراقبەی سەحب کردنی پارەکە بکاتن, تەنها ئەو زەمانەتەی هەیە, چونکە جەنابت گوتت لە میسر بە دەیان حاڵەتی وا ڕوویداو هیچ موستەسمیرێکی ئەجنەبیش نەبوو, موستەسمیری مەحلی میسریش بوون, مەحلیش بوون مەحلییەکە ڕوودەدات, مەحلەکە هەر ئەوەیە لە بانك دابنرێت, بانکەکەش مەحلی بێتن, حکومەت ئاگاداری سەحب کردنی هەبێتن, چونکە ئەوە زەماناتی ماڵی خەڵکە, واجیبی حکومەتیشە, ئەوە زمنی واجیبات و حقووقی حکومەتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕاستە, لەحەقیقەتدا هەتا لە موسەلسەلات و ئەفلامیش دەبینین, دوور لە موستەسمیرین کە ئێستا لێرەنەو خەڵکی موحتەرەمن, بەڵام لە میسر زۆر تەماشای دەکەیت پارە کۆ دەکەنەوە بەناوی ئەوەی کە بینا دروست دەکەن و شەریکەی وەهمی دروست دەکەن, دوایێ هەڵدێن و پارەکەش دەڕوات و حکومەتیش هیچی پێ ناکرێت, لەبەر ئەوە دەبێت

زەماناتێکی قانونی هەبێت, من نالێم بە قەرارات, قانونیەن دەبێت نەصێك هەبێت بۆ مولزەم کردنی, خالی نیزام, لە خۆتەوە قەرار مەدەو ئەو حەقەی مەدە خۆت, من قەرار دەدەم, لە خۆتەوە مەڵێ ئەو حەقەم هەیە.

**بەڕێز کریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو شەریکاتانە, ئەو موستەسمیرەی کە دێتن یەك لەوە دەبێت تەئمین بکرێت, هەمیشە لەلای شەریکەی باوەڕ پێکراو شەریکەی تەئمین تەئمین بکرێت, من دەڵێم لێرەوە ئەگەر ماددەیەك ئەوە بکەین, ئەو تەئمینە لە بەرژەوەندی موستەسمیرە لە خارج دەکات, یان لێرە دەکاتن, بەلام لە بەرژەوەندی هەیئە ئەگەر تەئمین بکرێتەوەو ئیلزام بکرێتن ئەو شەریکاتانە, پێم وایە دەتوانین ڕێ لەو فروفێڵانە بگرین کە کاك شێردڵ ئاماژەی پێدا, ئەگەر پێت بکرێتن سبەی رۆژێ ئێمە دەتوانین یاخەی شەریکەی تەئمین بگرین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە راستیدا ئەگەر ئەو هینەش نەبێتن, ئەگەر حکومەت ئەو زەماناتەی دا, یان ئەو ئیجازەی دا ئەو شەریکەیە, دوایێ ئەو شەریکەیە وەهمی دەرچوو مەنتیقەن دەبێت حکومەت مولزەم بێتن بە تەعویزی ئەوان, ئەگەرنا پێشتر دەبێت زەمانات دابنێتن, یان پارەیان لێ بسێنن و لە بانکی دابنێن, یان ئەموالیان هەبێتن, یان نەصێکی قانونی هەبێتن بە موتابەعە و مولاحەقەیان, کاك شێروان ئێوە چ پێشنیارتان نییە بۆ چارەسەری ئەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بەنیسبەت شەریکاتی تەئمین, تەئمین ئەنواعی هەیە, نازانم مەسەلەن مەشاریعی ئیستیسماری ئەوەی کاك شێردل ئیشارەتی پێدا عەجەبەن ئەوە شمولی تەئمینی دەکات, یان ناکات نازانم بۆ ئەوەی تەعویزی ئەوە بکات, ئەگەر هاتوو موستەسمیرەکە پارەی لێداو هەلات, ئەوە من مەعلوماتم لەسەر ئەوە نییە, من تەسەوریش ناکەم شەریکاتی تەئمین ئەو بارە قورسە هەڵبگرێتن بەقەناعەتی من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارێك دەکەم بۆ ئێوە, لە ئەحکامی خیتامی ئەگەر نەصێك پەیدا بکەن بۆ حیمایەتی هاوولاتی, نەصێك بنووسن حوکمێکی قانونی لە ئەحکامی خیتامی بنووسن و بکرێتن, بۆ ئەوەی شمولیەتی هەبێت و ئەوە باشترە, باشە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی احمد سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الخامس**

**(الاجراءات القانونية لدى مخالفة المستثمر)**

**المادة التاسعة:**

**1-لدى مخالفة المستثمر لأحكام هذا القانون او احدى فقرات العقد المبرم بينه وبين الجهات المختصة تقوم الهيئة بانذار المخالف وطلب الايقاف الفوري للنشاط المتسبب لحصول المخالفة وإمهاله مدة مناسبة تحددها الهيئة تتناسب وطبيعة المخالفة لإزالتها مع آثارها.**

**2-في حالة اصرار المستثمر على عدم ايقاف وازالة آثار المخالفة وفق أحكام الفقرة (1) اعلاه، تسترد منه الارض وتستملك الهيئة المنشآت المبنية عليها من قبل المستثمر (ان وجدت) وبقيمتها مستحقة القلع وفق القانون، ويتحمل دفع هذه القيمة المستثمر الجديد الذي تخصص له الارض لإكمال المشروع وفق أحكام هذا القانون، ويكون المخالف مسؤولاً عن اي ضرر ينتج عن عدم قيامه بتنفيذ التزاماته.**

**3-اذا اجر المستثمر الارض المخصصة لمشروعه كلاً أو جزءاً من الباطن أو استغلها لغير الاغراض التي خصصت من اجلها وبدون موافقة الهيئة فتسترد منه الارض او الجزء المؤجر أو المستغل لغير الغرض المحدد، ويدفع المستثمر ضعف اجر المثل عن مدة تاجيره للارض او استغلالها لغير الاغراض المخصصة لها ويتم استحصال المبلغ وفق احكام قانون تحصيل الديون**

الحكومية النافذ في الاقليم، وفي حالة استرداد الارض منه كلياً يعامل المستثمر المخالف وفق احكام الفقرة (2) اعلاه فيما يتعلق بالمنشآت المبنية عليها وقت الاسترداد.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم**

**ڕێکارە یاساییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێن**

ماددەی نۆیەم:

1-لەکاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە, یان لە بڕگەکانی گرێبەستی مۆر کراو لە نێوان ئەو و لەنێوان تایبەتمەندەکانەوە, وەك جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکە لە لایەن وەبەرهێن, بەپێی نەخشە ئەندازەییەکانی لەسەری ڕێککەوتوون و لە میانەی ئەو ماوە یاساییەی لەلایەن دەستەوە دیار کراوە, دەستە سەرپێچکار ئاگادار دەکاتەوە, کە ئەو چالاکیەی بۆتە هۆکاری سەرپێچیەکە یەکسەر بیوەستێنێت, ماوەیەکی بۆ دادەنێت کە لەگەڵ سروشتی سەرپێچیەکە گونجاو بێت, بۆ ئەوەی لای بەرێت و شوێنەوارەکانی بسرێتەوە.

2-لە حاڵەتێکدا وەبەرهێن پێیداگرت لەسەر ڕانەگرتنی سەرپێچیەکە و لانەبردنی شوێنەوارەکانی بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی سەرەوە, زەویەکەی لێ دەسێنێتەوەو, ئەو بینایانەی لەسەر پشتی دروست کراوون, ئەگەر هەبن, بەناوی خۆی تۆماریان دەکات بە نرخی کەرەستەکان بە هەڵکەندراوی بەپێی یاسا.

ئەو بەهایەش دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکات, سەرپێچیکاریش بەرپرسە لە هەر زەرەرو زیانێك کە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی پابەندییەکانی بێنە ئاراوە.

3-ئەگەر خاوەن پرۆژەکە بەبێ ڕەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە, یان بەشێکی لە ژێرەوە بەکرێدا, یان بەکاری هێنا بۆ مەبەستێکی دی لە پرۆژەکەدا, زەویەکەی یان ئەو بەشەی بۆ مەبەستێکی دیکەی بەکار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە, ئەو کاتە خاوەن پرۆژە دەبێ دوو هێندەی کرێی هاوتا (اجر مثل) بدات لە بڕگە بەکرێدانی زەویەکە و بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیکەی پرۆژەکە. ئەو پارانەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتی کارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حاڵەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەکەی, مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنی سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی بڕگە (2)ی سەرەوە دەکرێ, سەبارەت بەو بینایانەی کە لە کاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەڵامی دایەوەو عەفو خاڵی نیزامیش نەبوو, قانونی بیئە لەپێشمانە, قانونی بیئە لەم نزیکانە نافیز دەبێتن, لێرەشدا نووسراوە دەڵێت موراعاتی ئەوە بکاتن, لە قانونی بیئە کە لە حکومەتەوە لەم ڕۆژانە پێمان دەگاتن, سزاشی هەیە بۆ ئەو شەریکاتانەی کە موخالفەی دەکاتن, کۆی ماددەکە دەخەمە دەنگدان, فەرموو لیژنەی قانونی.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەشروعەی جەنابت گوتت لەبارەی تەعویزەکە شتێکمان گەلاڵە کردووە, ئەگەر پێتان باشە بێت لەگەڵ ئەوەی حەسمی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێتن کاك شێروان, کێ لەگەڵ ئەو ماددەی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ئێمە هەموو جار بە قسەی لیژنەی قانونی ناکەین, ماددەی یازدە کە بۆتە ماددەی دە تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هيئة الاستثماروتشكيلاتها و مهامها**

**المادة الحادية عشرة:**

**أ-تشكل هيئة باسم(هيئة الاستثمار في اقليم كوردستان)وتكون لها شخصية معنوية واستقلال مالي وإداري ولها القيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لأغراض هذا القانون، وتتولى تهيئة البيئة الملائمة للاستثمار بما يؤدي إلى تحقيق التنمية الاقتصادية في إقليم.**

**ب-للهيئة رئيس يعين بدرجة وزير وله حقوق وصلاحيات الوزير وهو المسؤول عن توجيه أعمالها والإشراف والرقابة على نشاطاتها وما له علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها وفق أحكام هذا القانون, ويكون للرئيس هيئة نواب يعينون بدرجة خاصة لتولى بعض المهام بتكليفه.**

**ج-يكون مقر الهيئة في أربيل ولها فروع في محافظات اخرى ويرأس كل فرع نائب للرئيس الهيئة وتتألف تشكيلات فروع الهيئة من مديريات العامة ودوائر حسب الحاجة.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راى ليژنەى ياسايى:**

**ثالث عشر:-**

**اما بالنسبة للمواد بدءاً من المادة الحادية عشرة الى المادة السابعة عشرة من اصل المشروع ترى اللجنة حذف المادة الثانية عشرة من المشروع واعادة تكوين تشكيلات مركز الهيئة بمديريات بعد دمج بعضها مع البعض بدلاً من المديرات العامة للمحافظة على حجم الهيئة نسبة الى حجم الوزارات وكما تم الاتفاق على تبديل تسمية مجلس ادارة الهيئة الواردة في المادة (17) من المشروع الى تسمية المجلس الاعلى للاستثمار في الفصل الثانى مع اضافة بعض الوزارات المعنية بالاستثمار بصورة مباشرة الى المجلس ويقرأ الباب الثالث ومواده شكلاً ومضموماً كالآتي :**

**الباب الثالث**

**(التشكيلات الاستثمارية )**

**الفصل الاول**

**هيئة الاستثماروتشكيلاتها و مهامها**

**المادة العاشرة:**

**1-تشكل هيئة بأسم (هيئة الاستثمار في اقليم كوردستان)، وتكون لها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري، ولها القيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لأغراض تنفيذ احكام هذا القانون، وتتولى تهيئة البيئة الملائمة للاستثمار بما يؤدي الى تحقيق تنمية اقتصادية متوازنة في الاقليم.**

**2-يكون مقر الهيئة في مركز محافظة اربيل، ويكون للهيئة فروع في محافظات الاقليم، ويرأس كل فرع نائب لرئيس الهيئة بدرجة مدير عام، ويتالف كل فرع من مديريات واقسام حسب ما تقتضيه طبيعة النشاط الاستثمارى في المحافظة.**

**3-للهيئة رئيس يعين بدرجة وزير وله حقوق وصلاحيات الوزير وهو المسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها وماله علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها وفق احكام هذا القانون، ويكون لرئيس الهيئة نواب يعينون بدرجة خاصة لتولي بعض المهام التي يكلفهم بها.**

**1-يتألف مركز الهيئة من التشكيلات الآتية:**

**ا. مديرية الدراسات وجمع المعلومات.**

**ب. مديرية ترويج واجازة المشاريع الاستثمارية والعلاقات.**

**ج. مديرية الشؤون القانونية والادارية .**

**د. مديرية الشؤون المالية والتدقيق.**

**ه. مديرية المدن والمناطق الصناعية.**

و. مديرية التخطيط والاحصاء والمتابعة.

2-تحدد تشكيلات مديريات الهيئة وفروعها ومهامها وصلاحياتها بموجب نظام داخلي يصدره رئيس الهيئة ويعرضه على المجلس للمصادقة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سیازدەم:

سەبارەت بە ماددەكانی یازدەم تاكو حەڤدەمی پرۆژەكە, لیژنە وای بۆ دەچێت كە ماددەی دوازدەم لابردرێت و دووبارە پێكهاتەی سەنتەری دەستە بە بەڕێوەبەرایەتیەكان رێك بخرێت, بە لێكدانی هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتیەكان و پێكهاتەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی گشتی كەم بكرێنەوە بۆ ئەوەی لە قەبارەی وەزارەتەكان تێپەر نەكات و پێشنیار كرا ناوی (ئەنجومەنی دەستەی كارگێری) لە بەشی دووەم, ببێتە (ئەنجومەنی بالآی وەبەرهێنان) و هەندێ وەزارەتی دیكەی تێدا بخرێت, كە پەیوەندی راستەخۆیان بە ئەنجومەنەوە هەیە, ئینجا دەروازەی سێیەم و ماددەكانی بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

**دەروازەی سێیەم**

**پێكهاتە وەبەرهێنەریەكان**

**بەشی یەكەم**

**دەستەی وەبەرهێنان و پێكهاتە و ئەركەكانی**

ماددەی دەیەم:

1-دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان)و كەسایەتیەكی یاسایی و سەربەخۆیی دارایی و كارگێری دەبێ, هەروەها بۆی هەیە هەموو رەفتارە یاساییەكانی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات و ژینگەیەكی گونجاو بۆ وەبەرهێنان ئامادە دەكات, كە بووژانەوەی ئابووریی هاوسەنگ لە هەرێمدا بێنێتەدی.

2-بارەگای دەستە, لە مەڵبەندی شاری هەولێر دەبێت و لە هەر پارێزگایەك لقێكی دەبێت و هەر لقێك جێگرێكی سەرۆك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەری دەبات و لە چەند بەڕێوەبەرایەتی و بەش پێك دێت, بەپێی پێویستی و جۆری چالآكی وەبەرهێنان لە پارێزگاكەدا.

3-دەستە, سەرۆكێكی هەیە كە بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت و ماف و دەسەلآتەكانی وەزیری هەیە و بەرپرسە لە ئاراستەكردنی كاروبار و سەرپەرشتی كردن و چاودێری چالآكیەكانی و لە هەر شتێك كە پەیوەست بێت بە ئەرك وفەرمانەكانی دەستەو هەر كاروبارێكی دیكەی, بەپێی حوكمەكانی یاسا.

هەروەها سەرۆكی دەستە چەند جێگرێكی دەبێت كە بە پلەی تایبەت دادەمەزرێن بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەو ئەركوفەرمانانەی پێیان دەسپێردرێن.

4-مەڵبەندی دەستە لەو پێكهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتی لێتۆژینەوەو كۆكردنەوەی زانیاری.

ب-بەڕێوەبەرایەتی بەرێكردن و مۆڵەت پێدانی پرۆژە وەبەرهێنەكان و پەیوەندیەكان.

ج-بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی و كارگێری.

د-بەڕێوەبەرایەتی دارایی و وردبینی.

هـ-بەڕێوەبەرایەتی شارو ناوچە پیشەسازیەكان.

و-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و سەرژمێری و بەدواداچوون.

5-پێكهاتە و بەڕێوەبەرایەتیەكانی دەستە و لقەكان دەسەلآتەكانیان بە پێرەوێكی ناوخۆیی رێكدەخرێن كە سەرۆكی دەستە دایدەرێژێت و دەیخاتە پێش ئەنجومەن بۆ پەسند كردنی.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەصەكە نەخوێندرایەتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەصەكە خوێندرایەوە, راستە واتزانی نەخوێندراوەتەوە, راست دەكەی خاڵی نیزامی تەواوە, چەند خۆشە خاڵی نیزام تەواو بێت, بەڵام تەبعەن تێكەڵاوە لەنێوان خاڵی نیزام و پێشنیار, هەندێ جاریش تێدەگەن لەبەر پەرۆشی مەوزوعەكە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشتر ئیشارەتم پێدا هەردوو ماددە دەمج كراوەو نەخوێندراوەتەوە, ئێستا ماددەی دوازدە دەخوێنمەوە:

المادة الثانية عشرة:

هيئة الاستثمار و تشكيلاتها ومهامها:

أولاً-يتألف مركز الهيئة من مديريات العامة التالية:

أ-المديرية العامة للدراسات والتقييم الاقتصادي والفني.

ب-المديرية العامة لترويج المشاريع الاستثمارية.

ج-المديرية العامة للشؤون القانونية والادارية.

د-المديرية العامة لترخيص والانجاز المعاملات الاستثمارية.

هـ-المديرية العامة للمشاريع الصغيرة.

و-المديرية العامة للمدن والمناطق الصناعية.

ثانياً-تحدد التشكيلات المديريات العامة للهيئة ومهامها وصلاحيتها بموجب النظام الداخلي يصدره رئيس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوردیەكەی مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

یەكەم: سەنتەری دەستە لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوەكان و هەڵسەنگاندنی ئابووری و هونەری.

ب- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەرمێن كردنی پرۆژەكانی وەبەرهێنان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێڕی و یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رێپێدان و تەواو كردنی مامەڵەكانی وەبەرهێنان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژە بچووكەكان.

و- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەكان و ناوچە پیشەسازیەكان.

دووەم: دامەزراوەكانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی دەستە, ئەرك و دەسەڵاتەكانی بەپێی پەیڕەوێكی ناوخۆ دەستنیشان دەكرێت و لە لایەن سەرۆكی دەستەوە دەردەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو لیژنەی دارایی و ئابووری ئێمە پێمان باش بوو لە ماددەی یازدە بڕگەی (أ) وشەی (المتوازنة) دوای وشەی (الاقتصاد) زیاد بكرێت, ببێت بە (بما یؤدي الی تحقیق التنمیة الاقتصادیة المتوازنة في الاقلیم), ئەمەش لەلایەن پێشنیازەكە لیژنەی یاسایی جێ بەجێ كراوە, جگە لەوە زیاد كردنی بڕگەیەكی نوێ بۆ ماددەی یازدە بەم شێوەیە:

كاتێك كە باس لە بەڕێوەبەری هەیئە دەكات دەڵێت (للهیئة رئیس تعین بدرجة وزیر ..........), ئێمە پێمان باشە ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت (یشترط للرئیس ان یكون حاصلا علی شهادة بكالیورس فما فوق).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوە دوایێ چونكە ئەوە ماددە دوازدەیە, ئێمە هێشتا نەهاتوینە سەری ماددەی دە و دوازدە كە دەمج كراون, ماددەی یازدە كەوتە پاش ئەوەی, ئەوە ماددەیەكی ترە, ئەوەی تۆ باسی دەكەی ماددەی سیازدەیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر لە ماددەی دە هەیە لە پێشنیازە نوێیەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سیازدەیە لە ئەسڵی مەشروعەكە, ئەوەی جەنابت باست كرد, تەواو ئەوە ماددەیەكی ترە مامۆستا.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان چاكە لێرەش موئەهیلاتی تیا بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخیر باسی موئەهیلاتەكە لە ماددەیەكی تر هاتووە, ماددە سیازدەیە, پاش ئەوە دێینە سەری.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان چاك بوو, پێشنیازێكمان هەبوو, كە بڕگەیەكی تر بۆ ماددەی دوازدە زیاد بكرێت, مودیریەتێكی نوێ زیاد بكرێت (مدیریة الرقابة والمتابعة), لێرە لە پێشنیازی لیژنەی یاسایی مودیریەتێكیان زیاد كردووە بەناوی (مدیریة التخطیط والاحصاء والمتابعة), ئێمە ئێستا پێمان چاكە لەسەر پێشنیازەكەی لیژنەی یاسایی ئەم تەسەلسولی ناوەكە بگۆڕدرێت (مدیریة التخطیط والاحصاء والمتابعة) ببێتە (مدیریة الاحصاء والتخطیط والمتابعة), چونكە هیچ تەختیتێك پێش ئیحصا نییە, ئیحصا لە پێش هەموو پرۆسەیەكی نەخشە كێشانە, بۆیە وشەی ئیحصاكە بچێتە پێش وشەی تەختیتەكە, راسترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی بەجێیە, ئەو برادەرانەی ناومان نووسیووە بۆ قسە كردن لەسەر داوای خۆیان (كاك محەمەد ئەحمەد ساڵح, كاك زرار تاهیر, كاك دكتۆر ناصح, خاتوو شیرین, گوڵناز عەزیز, دكتۆرە هالە, خاتوو پەخشان), كاك جەمال یوسف ناوی نووسیووە, كاك محەمەد ئەحمەد ساڵح فەرموو, بەڵێ تۆ حەقت هەیە لە هەموو ماددەكان قسە بكەیت, كاك محەمەد ئەحمەد قسەت نییە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر قەوسێكمان بدەیێ زەحمەت نەبێ, ئێمە لێرە بە حەقیقەت یەك دوو كۆبوونەوەمان كرد, بە جەنابتم گوت لەگەڵ لیژنەی یاسا, لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران و, لە هەمان كاتیشدا لێرە سیمینارێكیش كرا, كە لێی ئامادە بووین, زۆر باسیان لەوە دەكرد كە ئەو هەیكەلەی پێشكەش كراوە تەزەخومی تێدایە, پاشان ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حكومەت, ئێمە تەقلیسی ئەو مەسەلەمان كردووە بە حەقیقەت و, مودیریاتە عامەكانمان تەقریبەن لابردووە, پێشنیاری حكومەت ئەوە بوو كە ببێت بە دەوائیر, ئێمەش دائیرەمان زۆر پێ شتێكی چاك نەبوو, بۆیە گوتمان بە مودیریات بە لای كەمی لە جێی مودیر بێت, بەڕێز كاك عوسمان ئەمرۆ موناقەشەیەكمان لەگەڵ كرد, ئیشارەتی

بەوەدا کە ئێمە بۆیە کردمانە دەوائیر, لەبەر ئەوەی ئێمەی ئەوەی دادەنێین لەوێ بە دەرەجەی مودیر عامە, پێمان باشە دەوائیر بمێنێت بەو شکلەی کە خۆیان داوایان کردووە, ئەوە ویستم بۆتان تەوزیح بکەم, خۆشیان لێرە تەوزیحیان باشترەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك پێشنیارم هەیە, بەنیسبەت بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە سلێمانی و دهۆکدا داواکارم لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەسەلاَتێکی وایان بدرێتێ وەبەرهێنەر بۆ یەك ئیمزا لە دهۆکەوە, یان لە سلێمانیەوە نەیەتە هەولێر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر ماددەکەی ترە ئەگەر روخسەت هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لەسەر ماددەکەی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت ئێمە بۆ ئاسانکاری ئیستیسمار حەقە ئێمە تەعقیدی ئیداری و رۆتینی کەم بکەینەوە, پێم وایە ئەو هەموو مودیریاتە خۆی لە خۆیدا تەعقیدێکە, چەند کەمتر بێت, چەند بکرێت مودیریاتەکان دەمج بکرێن, ئیختیساساتی ئەوە لە یەك دائیرە بێت, یاخود یەك مودیریەت بێت پێم وایە ئاسانکاریترە بۆ موستەسمیر زیاتر ئیشەکانی جێ بەجێ بکرێت و تەعقیدی ئیداری کەمتر دەبێتەوە, ئەوە یەك.

دوو/ پێم وایە ئێمە ئەگەر بێتو تەشکیلی ئەو مودیریاتانە چەند خۆمان لێی بەدوور بخەین, یاخود باشتر بلێین خەلکی تەکنۆکرات لەو ئیشانە هەلسن رەنگە بۆ موستەسمیر ئاسانتر بێت و خۆشتر بێت, ئیشەکانی بە باشتر بەڕێوە بچێت, بکەوێتە حالاَتی سیاسی و ئەوە, رەنگە لەو مودیریاتانە موستەسمیر تووشی مەتاهات بن, ئەو وەختە ئەگەر خەلکێکی تکنۆکرات بێت, خەلکێکی موختەس بێت ئیختیساسی دەقیق, هەروەها خەلکێك بێت لە رووی ئەکادیمی شارەزایی هەبێت و عەمەلی بێت, خیبرەی هەبێت, من پێم وایە ئیشەکان باشتر بەڕێوە دەچن و موستەسمیریش تەشجیع تر دەبێت بۆ کار, ئاسانکاری زیاتر دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان, منیش هەر لەسەر مەسەلەی تەشکیلەکە قسە دەکەم, مەسەلەی تەشکیلەکە بە تەسەوری من تەشکیلەکە زۆر گەورە کراوە, هەمووشتان ئاگادارن زۆر گەورەتریش بووە, کاتی خۆی کە یەکەم جار نووسی بوویان سێ لقی هەیە یەك لە هەولێری, یەك لە سلێمانی, یەك لە دهۆك, هەرسێکیان بە دەرەجەی نائیب و بە دەرەجەی وەکیل وەزیر, پێمان بچووك کردنەوە ئەمجارە ئاوایان لێکردووە, بەلاَم ئێستا من بە تەسەوری خۆم دەخەمە بەردەمی جەنابتان, من پێم وایە مادام دەرەجەی وەزارەتە, دەرەجەی وەزیرە ئەو کەسەی رەئیسی هەیئەی ئیستیسمارە, پێم وایە حەقی خۆیەتی کە مودیریەکی عامەی هەبێت بەناوی دائیرە, بۆیە ناومان ناوە دائیرە, لە عێراقدا دائیمەن بە مودیریەی عامە دەگوترێت دائیرە, یەعنی وشەی دائیرە لەگەلّ مودیریەت جیاوازی هەیە, مودیریەت مودیر عام ئیشراف ناکات, بەلاَم دائیرە یاخود مودیریە عامە مودیری عامی دەبێت, من دەلّێم دوو مودیریە عامەی هەبێت, یان سێ, یەکیان بە زەرورەت دەبێت دائیرە عامەی دیوانی هەبێت, کە پێی دەوترێت (المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية والقانونية), ئەوەی دووەمیان دائیرەیەکی هەبێت بۆ تەرویج, چونکە تەرویج زۆر گرنگە لەگەلّ ئیجازاتی ئیستیسمار, ئەوەی سێیەمیان دائیرەی دیراسات, من لەگەلّ رەئی لیژنەی ئیداری و دارایی و ئابووری نیم, چونکە باسی ئیحصا و تەختیت دەکات, چونکە ئەوە ئیشی تەختیت و ئیحصا نییە ئەم دەزگایە, ئەم دەزگایە خەلّك دێت موراجەعەتی دەکات, دووەمین هەیئەی عولیای ئیستیسمارِ کە سیاسەتی عامی ئیستیسمارِ دادەرێژێتن, کە کۆمەلّێك وەزیری تێدایە, چونکە خۆی ناتوانێت بچێت ئیحصا بکاتن, مەشاریعی زراعی هەیە, چەند صناعی هەیە, ئەمە وەزارەتی صناعە دەیکات, یان وەزارەتی زراعە دەیکات, یان ئەو وەزارەتەی تەختیت دەیکات, وەزارەتی صناعەیەکی تر دەیکات, مەسەلەن مودیریەتێکیان نووسیووە بۆ (المدن والمناطق الصناعية), بەڕاستی من هەر بە زەروریشی نازانم, چونکە ئەوە ئیشی وەزارەتی صناعەیە, وەزارەتی صناعە ئەو ئیشە دەکات و بە تەعاون لەگەلّ وەزارەتی بەلەدییەیە, تەبعەن ئەو دەرەجەیەی کە من دەیبینم ناویان لێ ناوە (نواب), یەعنی دەبێت چەند نائیبی هەبێت, نازانم ئەوە دیار نییە, بە تەسەوری من ئەو رەئیسی هەیئەیە ئەگەر یەك نائیبی هەبێتن, ئەوانەی لە موحافەزەکانن دەرەجەی مودیر عامیان هەیە مەرج نییە نائیب بن, بەلاَم یەك شت لە کۆتایی ئیزافە بکەین رەئیسی هەیئە بۆی هەبێت هەیئەیەکی راوێژکاری بە عەقد بێنێت دابنێت کە خەلّکی پسپۆرِ و شارەزا بن لە موختەلەفی بوارەکاندا, ئەمە زیاتر یارمەتی سەرۆکی هەیئە دەداتن, لەم تەشکیلە گەورەیەی, ئەو هەموو مودیر عام و ئینجا وەرە سکرتێر و فەرمانبەر و ئەنواع تەشکیلات دروست دەبێت, من وای بە باش دەزانم کە ئەمە بچووك بکرێتەوەو عەددی نوابەکان کەم بکرێتەوە, تەنها سێ مودیریەی عام هەبێت, یان دوو مودیریەی عامە هەبێت لەناو دیواندا, یاخود سێش لە موحافەزاتی دهۆك و سلێمانی هەبێت, یاخود سێیان هەبێت هەولێریشی لەگەلّ دابێت, هەولێر, سلێمانی, دهۆك, بە رەئی من وا باشترە لەو هەموو فەرەبالّغەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

لەڕاستی ئەمەی لە پێش کوردستانە بۆ هێنانی ئیستیسمار زۆر دەقیقە, زۆریش گەورەیە, واش ئاسان نییە چەند کەسێك بیکات, بۆیە بە رەئی من لە بواری موختەلیف مودیریاتی خۆیان هەبێت, خەلّکی پسپۆرِ دابنێن ئیختیساسی لێ هەبێتن و کار بکەن, بۆ ئەوەی تووشی خەلەل و کاری هەلّە نەبن, تەعامولە لەگەلّ خەلّکێکی خاوەن ئەزموون, خاوەن تەجروبە, خاوەن رابردوویەکی زۆر, بۆ ئەوەی هەروا بزر نەبێتن, یەك فەرمانبەرێك, یەك دائیرەیەك چەند ئیشی گەورە بگرێت, مەسەلەن لێرە مودیریەی عامەی کاروباری یاسایی زۆر زەرورییە هەیان بێت, بۆ ئەوەی ئیختساسیان هەبێت, ناڕۆم بۆ مەسائیلی تر, راستە مەحاکممان هەیە, بەلاَم کارەکانیان بۆ ئەو ئیشانە بێت, قەوانینی ئەو دەولّەتانە بخوێنن بۆ ئەوەی سەریان لێ دەربچێت, هەروەها ئەو مودیریاتانەی کە لێرەوە هاتووەو بەڕێزان پێشنیاران کردووە, بە

رەئی من زۆر زۆر گرنگە, بۆ ئەوەی لە هەر بوارێك خەڵكێكمان هەبێت پرۆشمەند بن و موختەس بن, بۆ ئەوەی فێڵمان لێ نەكرێت و ئیشەكان بە باشی بڕوات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر حكومەت پێی باش بێت بە ئیعتیباری هەیكەلەكە حكومەت لێی مەسئوولە, دەبێت رەئی حكومەتی تێدا بێت, ئێمە ئەو شەش مودیریەتەی كە هەیە بمێنێتەوە, دوو مدیریەی عامە دروست بكەین, یەكێكیان (مدیریة عامة للدیوان), سێ مودیریە تابیعی بێت, ئەویتریشیان مودیریەتێك دروست بكەن سێیەكەی تریش تابعی ئەو مودیریەتە بن, پێم وایە ئەوە چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەكات, بەنیسبەت موحافەزاتیش دەرەجەی مودیر عام بێت, ئەو بەڕێزانەی كە ئیشارەتیان پێدا, كە ئیشەكان لە موحافەزەكان جێ بەجێ بكرێن, دەسەڵات بدرێتە مودیر عامەكانی موحافەزەكان, كە ئەو هاتوچۆیە تەقلیص بكرێت بەڕاستی, كە دەسەڵات درا, ئیتر هاووڵاتی هاتۆچۆ ناكات بۆ هەیئەی ئیستیسمار, بەڵكو ئەو دەسەڵاتانەی كە بدرێتە مودیر عامەكە ئیش و كارەكەی خۆی لە هەمان موحافەزە جێ بەجێ دەكرێت, ئێمە ئەوە پێشنیار دەكەین, ئەگەر حكومەت پێی باش بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەڵێم لەجیاتی دوو با سییان بێت, منیش هەر تەئیدی رەئی جەنابت دەكەم, سییان بێت, یان دووان بێت موشكیلە نابێت لە مانە, بەڵام ناوەكەی چی بێت؟ چونكە بەلای منەوە ئەو مەسەلەی كە باسم كرد, گرنگ ئەوەیە چۆن تەرویج ئیستیسمار دەكەی, یەعنی خەڵك وا تەسەور نەكەن لەبەر دەرگای پەرلەمان وەستاوەو دەڵێت فلان كەس واستەم بۆ بكە, بۆ ئیستیسمارەكە, ئێمە پێویستمان بەوەیە تەرویجی كوردستان بكەین, چۆن تەرویج بكەین؟ چونكە خەڵك دێت بۆ كوردستان بۆ ئەوەی تەرویجی ئیستیسمار بكات, من تەسەور دەكەم مودیریە عامەیەك هەبێت بەناوی تەرویج و ئینجازاتەكە, ئەوە زۆر گرنگە, ئەوانی پێشوو ئیداری دەتوانین تەمج بكەین, ئیدارە, مالی, قانونی, ئەوانەی جەنابی كاك كەمال ئیشارەتی پێدا, دەكرێت تەعویزی بكەینەوە بە موستەشار, بە رای من موستەشاری عەقد بێنین, خەڵكی شارەزا لە وڵاتان لە بواری پسپۆڕی شارەزایی بێنین بۆ ئەم ئیشە, چەند پارەی بدەێنێ كە ئەوەندە قازانج دەكەین, بەڵام مودیری عامە, یەعنی مەسەلەیەكی تەنها تەشكیلاتی ئیدارییە, بەڵام موستەشارێك بێنین بۆ ماوەی شەش مانگ خەڵك لەبەر دەستی فێرە ئیش ببێت زۆر لەوە باشترە مودیر عامێك بێنین لەوانەیە دەرچووی كۆلیژی خۆمانە ناتوانێت ئەو ئیشە بكات, ئەگەر دوو بێت, سێ باشترە بە رای منیش كاك شێروان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**مڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت هەروەكو ئیشارەتمان پێدا دەیكەینە دوو مودیریەی عامە (مدیریة الدیوان العامة), ئەو مودیریانەی كە تابعی دیوانی عامەن.

1- مدیریة الادارة والذاتیة.

2-مدیریة المالیة والتدقیق.

3-مدیریة التخطیط والاحصاء والمتابعة.

ئەوانە عايد بە ديوان بن ئەوە يەك.

دوو/موديريەی دووەم ناوی لێ بنێين (المديرية العامة للمشاريع), ئەو موديرياتانەی كە رەبتينە:

1-مديرية البحث وجمع المعلومات.

2-مديرية الترويج المعاملات والاجازات والعلاقات.

3-مديرية المدن والمناطق الصناعية.

ئەگەر پێتان باش بێت ئەو شەش موديريەتە لەو دوو موديريەی عامە, ئێمە جێی بكەينەوە, ئەم هەيكەلە وەكو خۆی بمێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وايە لەو مەسەلەيەی تەنزيمی ئيداری و ئەوانە, رەئی حكومەت وەربگرين باشترە, چونكە ئەوان لەنێوان خۆيان كۆبوونەتەوەو باشتر دەزانن ئيحتياجيان چييە؟ ئەگەر دوو موديريەت بێ باشە بەو شكلەی, ليژنەی قانونی دەڵێت باشە.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزيری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بمبوورن, ئەوە هەڵەيەك هەبووە لەو ئيشە كە روويداوە, وەزيری صناعە رازی بوو كە ئەو رۆژەی لەگەڵمان دانيشتبوو, لەبينی خۆماندا دەڵێت نابێت موديريەی صناعە عايدی تۆ بێت, وەختی خۆی موديريەی مەشاريعی بچووكيشيان نووسيبوو, ئەوەش وتی نابێت لە لای ئێوە بێت, چونكە ئەمە ئيختيساساتە, مەسەلەن كێ دێت موديريەی صناعە دروست دەكاتن, ئەگەر بێتو خەڵكێك هات دروستی كرد, كە تەقديمی ئەو هەيئەی كرد, ئەم هەيئەيە بۆی هەيە ئيستيشارە بە وەزارات بكاتن و, پەيوەندی بە وەزارات بكاتن, چونكە ئەم هەيئەيە, راستە موستەقيلە, بەلام لە رووی ئيدارييەوە لەناو تەشكيلەكەی حكومەت دايە.

دووەميان/موديريەی تەختيت و موتابەعە و ئيحصای ناوێت, موديريەی موتابەعەی دەوێت, ئەوە ئيشی تەختيت و ئيحصا نييە, ئەم دەزگايە من بە عەمەلی و بە تەجروبە لەویَ هەبووە پێويستی بە ئێمە نييە موديريەتێك بە ناوی موديريەی موتابەعە و ئيحصا, ئەمە ئيشی وەزاراتی ترە, ئيشی دەزگای ترە, ئەو تەنها ئيشی موتابەعەی هەبێت قەيدی ناكات, موديريەی موتابەعەی هەبێت خراپ نييە, بەلام موديريەتی تەختيت و موتابەعە و ئيحصا, كەواتە ئەو حكومەتە بۆ خۆی مەجليس وزەرايە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وايە ئەوەی هاتووە لە هينەكە باشە وەكو خۆی, فەرموو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستيدا ئەمڕۆ ئامار بووە بە زانستێكيك, هيچ شتێك لە دوكانێكی سەر جادەوە تا دەگاتە گەورەترين دەسەڵات و گەورەترين دەوڵەت و كۆمەڵگەی شارستانی بەبێ ئامار ناڕوات, ئەمرۆ لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكان ئاماری ئەوەيان لايە, لە دەقيقەيەكدا چەند ئۆتۆمبێل بەسەر پرد دا دەپەڕێتەوە, بەسەر شەقامێك چەند ئۆتۆمبێل و چەند خيرايی دەبێت, ئاماری منداڵ چەند منداڵ لە دايك دەبێت و چەند دەمرێت و, چەندە دانيشتوان و ........... هەتا دوايی, چەند پێويستيان هەيەو چەند خۆراكيان دەوێت, لەبەر ئەوەی ئامار مەسەلەيەكی زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەم دەزگايە, ئەم دەزگايە لە ئاستی وەزارەتێكدايە, سەرۆكی دەزگاكە بە پلەی وەزيرە, بۆيە دەبێت ياسايەك دابرێژرێت بۆ ئەم دەزگايە, هەموو وەزارەتێك دەبێت ياسايەكی تايبەتی هەبێت, لە ياساكەشدا دەبێت خاڵێكی تيا بێت, پێويستە خاڵێكی تيا بێت, بۆ وەزير هەيە موديرياتی تريش دروست بكات لە كاتی پێويستدا, دەبێت ئەو سەلاحياتە بدرێتە سەرۆكی ئەم دەزگايە.

بێمە سەر مەسەلە, ئێمە تێڕوانينێكی زۆر هەڵەمان هەيە بۆ ژيان, وا تەسەور دەكەين كە يەكێتی سۆڤيەت نەما, كە ئۆردوگای رۆژهەلات نەما, ئيتر زانست و عيلم و مەعريفەت و ئيحصا و تەختيت نەماوە, ئەمرۆ لە ولاتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لە ئەوروپای رۆژئاوادا پلان دانان یەکێکە لە بنەماکانی ئەو کۆمەڵگایانە, ئامار یەکێکە لەوانە, هیچ ولأتێك و, هیچ کۆمەڵگایەك و, هیچ رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی گوێ لە ئێمە ناگرێت, کاتێك کە باسی ئەنفال و مەزڵومیەتی خۆمان دەکەین بەبێ ئامار دەچینە پێشەوە, بەبێ ژمارە دەچینە پێشەوە, لەبەر ئەوە بەڕاستی راستە لەسەر فەلسەفەی ئابووری ئازاد ئەمە دروست کراوە, یەکێك لە بنەماکانی ئابووری ئازادی سەردەم, یەکێك لە بنەماکانی سەرمایەداری سەردەم و نوێ تازە بووژیانەوە, لەڕاستیدا بریتییە لە ئامار, بریتییە لە پلان دانان و بەدواداچوون, هیچ دەزگایەك ئەگەر بێتو ئاماری تەواوت نەبێت, زانیاری تەواوت نەبێت, ناتوانی نەخشە و پلانی بۆ دابنێیت, هیچ بەرنامەیەکیش بەبێ نەخشەو پلان ناڕوات و, هیچ شتێکیش بەبێ بەدواداچوون ناڕوات, لەبەر ئەوە بوونی دەزگایەکی پلان و هتد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فکرەکەت گەیشت سوپاس, من پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشە, دەسەلأتیش بدرێتە وەزیر, کە رەئیسی هەیئەیەکە بە دەرەجەی وەزیر بەپێی پێویستی خۆی, ئەو مودیریەتەی تەختیت ئیحصایەکەی پێش بخەن بەپێی تەفسیرەکە, (مديرية الاحصاء والتخطيط والمتابعة), ئەو ئیشکالەی کاك دلێریش چارەسەر دەکرێت, بەلأم ئیحصا لێرە ئیحصایە تەنها بۆ مەشاریعانە, ئیحصای عام نییە, عیلاقەی بە ئیحصای عامەوە نییە, تەنها ئیحصایە بۆ ئەو مەبەستە.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەزگایە مەفروز وایە نەخشە وپلانی هەبێت, ئیستیسماڕات دەدات بەکێ؟ لەکوێ؟ ئەو پرۆژانە لە کوێ دەکرین؟ ئەمە هەمووی خەریتەی تایبەتی هەبێت, لە وردەکاریەکەشدا تیایەتی, کە ئەمە نەخشە و پلانی بۆ دەکرێت و, لەسەر نەخشە و پلان شوێنەکان و بەپێی پێداویستییەکان جێ بەجێ دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی تەواوی قسەکانی کاك دکتۆر دەکەم, ئەگەرنا هەر لەبەر خاتری خۆم چونکە وەزیری تەختیتم, من خۆم دەرچووی کۆلیژی ئحصام, ئەگەر من نەڵێم ئیحصا گرنگە, کاك دکتۆر ئیحصا بەم دائیرەیە ناکرێت, مەبەستەکەی من تەنها ئەوەیە, مەبەستەکەی من ئیحصا دائیرەیەکی ئەوەندە گەورەو گرنگە, دەبێت ئەهمیەتێکی وای پێ بدرێت, نەك لە بەشێك لەناو مودیریەتێك لەناو دەزگای ئیستیسمار ئەم ئیشە بکاتن, دەبێت جیهازی مەرکەزی ئیحصای بۆ بکرێتن, دەبێت وەزارەتی تەختیت پلانی بۆ دابنێتن, بمبوورە بەس دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە, ئەم دەزگایە پلان دانانێت, ئەم دەزگایە لەگەڵ هەیئەی عولیای ئیستیسمار بەیەکەوە پلان دادەنێن, چونکە ئەگەر بێتو فەقەرەکەی دوای ئەو بخوێنیەوە, دەبینی دەسەلأتەکان تەحدید کراون, دەسەلأتی لیژنەی هەیئەی عولیای ئیستیسماڕ تەحدید کراوە, بۆیە من وا دەڵێم, ئەگەرنا من لەوە زیاتر تەئیدی جەنابت دەکەم, کە دەبێت ئیحصا هەبێت, دەبێت تەختیتی هەبێت, دەبێت هەموو ئەو شتانەی هەبێت, بەلأم من بە عومومەن دەڵێم ئەو هەموو نائیبەی ناوێت, ئەو هەموو مدیریات و مدیریەی عامەی ناوێت, دەڵێم تەحدید بکرێتن, بۆ ئەوەی دەزگای فەعال بە شکل نییە, دەزگای فەعال بە خەڵکی فەعالە, دڵێم با دەسەلأت لە برگەیەکدا زیاد بکەین, دەسەلأت بدەینە سەرۆکی دەزگا بۆ هێنانی خەڵکی پسپۆڕ و وەکو راوێژکار و خەبیر بۆ دەزگاکەی باشترە لە تەشکیلاتی گەورەو فەرەباڵغە, بۆیە یان دوو مویریەی عامە بێت, یان سێ بێتن لەناو ئەوەدا لە موحافەزەکانیشدا بن زۆر باشترە لەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئەوە لە ئەسڵی مەشروعەکەتانەوە هاتووە, ئەو نائیبانە.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری نەخشە و پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر تەعدیلمان کردووەو، تەعدیلەکەشمان داوە، ئێمە لە تەعدیلەکەدا چوار دانەمان نووسیووە (دائرة الدراسات والمتابعة، دائرة الترويج وتخطيط المشاريع الاستثمارية والعلاقات، دائرة الشؤون المالية والقانونية، دائرة المدن والمناطق الصناعية) رەشمان کردۆتەوەو رۆژی پێشی هینمان کردووە، ئەوە گۆڕانی بەسەر داهاتووە ئەوەی یەکەم جار هات بوو، ئێمە ئەو چوارەمان نووسییوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو تەعدیلەی کە کردوویانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، پێشنیاری لیژنەی قانونی، یەعنی چارەسەری بکەن، ئەمە فعلەن عەمەلی ترە و رۆتینیشی پترە، چەندی کەمی بکەیتەوە باشترە، بۆ کەم کردنەوەی رۆتینی، ئەو تەعدیلەی کردووتانە نەصەکەی باشتر کردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر دوو فەقەرەمان زیاد کردووە، یەعنی شتمان زیاد نەکردووە، ئەمە یەك.

دوو/ئەو شەش مودیریەتەی کە ئێمە داماناون حەز دەکەم ئەوەی بزانن، ئەوە مودیریاتی عامە نیین، ئەوەی دەرەجەی مودیریە فەقەت، یەعنی مودیریەی عامەمان هیچ دانەناوە لەناو ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان دەڵێن نائیبەکان، هەیئەتەکە ئەو هەموو نائیبەی بۆ چییە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە موحافەزات چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، دەرەجەی مودیر عامی دەدەیێ، نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا مودیر عامەکە راستیشە، دەسەلاتی بدەیتێ لە نائیبی باشترە، نائیب دائیمەن لە هەر شوێنێك بێتن کە وەزیری لێیە، بەلام مودیر عامەکە بە دەسەلاتەو هەمان دەسەلاتی وەزیری دەبێت، یەك نائیبی هەبێت.

**بەڕێز عونی احمد سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە تەحدیدمان کردووەو فەقەرە دوو (يكون مقر الهيئة في مركز محافظة اربيل، ويكون للهيئة فروع في محافظات الاقليم، ويرأس كل فرع نائب لرئيس الهيئة بدرجة مدير عام، ويتالف كل فرع من مديريات واقسام حسب ما تقتضيه طبيعة النشاط الاستثماري في المحافظة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نائیب چۆن مودیر عام دەبێت، ئەوەش نابێت، دوو دەرەجەی موختەلیفە، کە وتت وەکیل وەزیر دەرەجەیەکی بەرزترە لە مودیر عام، هەر بە عەینی دەرەجە نابێت، ئەوە تەناقوزە، لایبەن یەك نائیبی هەبێت و سێ مودیریەی عامە، یەك مودیریەی دیوان، دوو مودیریە لە موحافەزات، خۆی راستە کە گوتت دەرەجەی مودیر عام، دەبێت مودیریەت نەبێت، مودیری عام بێت، یان دائیرە بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه زۆر پێمان لەنگه موديريەی عامه له موحافەزات هەبێت, له زمنی هەيئە موديريەكی عامه نەبێت, ئێمه ئەوەمان پێ لەنگه بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمه وتمان سێ موديريەی عامه هەبێت, موديريەی عامه بۆ ئيستيسمارِ له هەولێر نيمانە, موديريەی عامه بۆ ئيستيسمار له دهۆك نيمانە, بلێ ديوان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موديريەی عامه بۆ ديوان ئيلا دەبێت تابيعی ئەو بن, ئەوەش لەنگه بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو شتانه تابيعی ديوانن زاتييەو ماليیه, حيساباته, ئەم شتانەيه تابيعی ديوانن, پێم وايه ئيدارييەن وايه, دكتۆر نوری خاڵی نيزامييه.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سبەينێ هەريەك لەگەڵ ليژنەی قانونی دانيشين پێكەوه به هاوكاری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشه سوپاست دەكەم, ئەو ئيشكالەمان بۆ حەل بوون تا بەيانی, كاك شێروان لەگەڵ كاك عوسمان و دانيشن چەند نائيبه و موديريات و ئەوانه تەواو بكەن, تا بەيانی, ماددەی يازده.

**بەڕێز عونی احمد سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

يشترط في من يعين في احدى وظائف الهيئة من رئيس ونواب رئيس و مدراء عامين و رؤساء دوائر مايلي:

أ-ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية على الاقل ذات علاقة بالوظيفة التي يشغلها.

ب-ان يكون من ذوي الخبرة ومارس العمل في المجال الاختصاص.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی يازدەم:

ئەو كەسەی دادەمەزرێت له يەكێك له فەرمانەكانی دەسته له سەرۆك و جێگرەكانی و بەڕێوەبەره گشتيەكان و سەرۆكی فەرمانگاكان دەبێ:

أ-بەلايەنی كەمەوه خاوەن بڕوانامەيەكی رانكۆيی سەرەتايی بێت كه پەيوەندی هەبێت بەو فەرمانەی لێی دادەمەزرێت.

ب-شارەزا بێت و كاری كرد بێت له بواری پسپۆڕيەكەيدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئيتان هەيه فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوەيس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمه پێمان چاكه يەكێك له مەرجەكانی سەرۆكی هەيئەكه, دەبێت خيبرەی هەبێت و له حەوت ساڵ كەمتر نەبێت له ئيختيساسەكەی خۆيدا, موديرعامەكانيش خيبرەيان له پێنج ساڵ كەمتر نەبێت, بەڕاستی ئەم دەزگايه كەسێكی به خيبرەی دەوێت, دەبێت پسپۆڕ بێت, بەلای كەمەوه بڕوانامەی بكالۆريۆسی هەبێت له ئيختيساسی خۆيدا, بەنيسبەت

سەرۆكی هەیئەكەوە حەوت ساڵ كەمتر خیبرەو تەجروبەی نەبێت, مودیر عامەكانیش لە پێنج ساڵ كەمتر نەیان بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مودیر عام بە قانون حەوت ساڵە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ, بەداخەوە ئێمە كۆمەڵە مودیر عامێكمان تەعین كردووە, تازە تەخەروجیان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێت ئەوانە هەمووی ئیعادەی نەزەریان لێ بكرێتەوە, لە حەوت ساڵ كەمتر خیبرە نابێت بكرێتە مودیر عام, نابێت بكرێتە موستەشار ئەگەر لە دە ساڵە نازانم چەندە كەمتر نەبێت, وابزانم دوازدە ساڵە, لەبەر ئەوە لەمەودوا هەرچ خەلەلێك هەیە دەبێت ئیعادەی نەزەر بكرێتەوە, ئەو عەناوینانە بگۆڕن, بەلاَم من پێم باشە رەئیەك بدەم, بەس با برادەران قسە بكەن, با پێشەكی قسە نەكەم دوایێ رەخنەم لێ بگیرێت, ئەوانەی كە داوای قسەیان كردووە (كوێستان خان رۆیشتووە, كاك محەمەد فەرەج, كاك سەردار, كاك شێردل, شیرین خان), كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت دوو تێبینیم هەبوو, یەكەم: لیژنەی یاسایی پێشنیاری كرد, كە لە ئەسڵی قانونەكەدا هاتووە دەڵێت (یراعی), خۆی دەبێت (یشترط) بێت, نابێت (یراعی) بێت ئەوە تەعدیل كراوە بە سوپاسییەوە.
دووەم/لەبەر ئەوەی ئەو دەزگایە دەزگایەكی زۆر حەساسە, ئێمە دەبێت لە رێگای ئەو یاسایەوە هەوڵ بدەین, وەزیرێكی خاوێن و موستەقیل بكرێتە بەرپرسی ئەو پلانە, مەرجێكی تر دابنێن دەبێتە (ج-ان یكون متمتعا بكامل حقوقە المدني), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەحصیل حاصلە, ئەوە هەموو فەرمانبەرێكی عادی دەرچووی تازەش دەبێت ئەوەی هەبێتن, ئەگەر نا تەعین ناكرێت, شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمان دینو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فێرێ (علی الاقل) ئیزافە بكرێتن, بەلای كەمیەوە مودیر عام شەهادەی جامیعی هەبێتن, فەرعی (ب-ان یكون من ذوي الخبرة), یەعنی خیبرەی تەحدید بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانە هەمووی هەیە, فەرموو خاڵی نیزامی.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژە ئەسڵییەكەی كە دەخوێنیەوە بە عەرەبی, بەلاَم لیژنەی یاسایی بە كوردیەكەی ناخوێننەوە, نازانم ماندوو بووینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە هیچ فەرقێكی ئەوتۆی نییە, ئەو ماددەیە بیزات, پرۆژە ئەسڵییەكە و پێشنیارەكە فەرقێكی ئەوتۆی نییە, ئێستا تەنیا خاڵێك هەیە كە تەحدیدی خیبرەی چەند ساڵێك تەحدید بكرێتن, لەبەر ئەوەی راستە بە دەرەجەی وەزیری ئەو مەرجەی لەسەر نییە, بەلاَم دەرەجەكەی وەزیرە, ئیشەكەی فەنییە, ئیختیساسییە, لەبەر ئەوەی دەبێت خیبرەی هەبێتن, خیبرەكەش تەحدید بكرێتن, بەلای كەمی دە ساڵ بێت بە رەئی من, كاك عوسمان ئێوە پێتان باشە دە

ساڵ, دەزگایەکی تایبەتیە یەکێك دەبێت دەرچووی زانکۆ بێت, لە مەوزوعی وا کافی نییە بەس دەرچووی کۆلیژ بێت, نابێت چەند ساڵێك دنیای دیبێت, قەوانین شارەزا بێت, ئیحصا شارەزا بێت, ماوەیەکی دەوێت, بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا تەسەور دەکەم ئەگەر ئێمە بیکەینە دە ساڵ, رەنگە کادیری وامان نەبێتن دە ساڵ لە ئیستیسمارِ ئیشی کرد بێت بە حەقیقەت, ئێمە دەستی هەیئەکە دەبەستینەوە بەڕاستی ئەگەر ئەو مەرجە دابنێین, لەبەر ئەوەی تەجرووبەی ئیستیسماریمان کەمە, با مودەکە مودەیەکی مەعقول بێت, تاکو بتوانین ئەو کادیرە پەیدا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێك ئێمە ئیستیسمارِمان نییە, ئەگەر پێنج ساڵ بێت, دوو ساڵیش بێت کەس خیبرەی نییە لە ئیستیسمارِ, شەرت نییە خیبرەی هەبێت لە ئیستیسمارِ, بەلاَم خیبرەی لە ئیدارە هەبێتن, با بەلای کەمی حەوت ساڵ بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با پێنج ساڵ کەمتر نەبێت مەفتوح بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێت تۆ مودیر عامت داناوە بە حەوت ساڵ, ئەوە لە مودیر عام گەورە ترە, حەوت ساڵەکە باشە, هەردووکیان لە حەوت ساڵ کەمتر نەبن, باشە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە ئەوەی دەبێت بە سەرۆکی دەزگا خیبرەو تەجروبەی هەبێت لە مەجالی ئیستیسماری, دەکرێت کاتی خۆی مودیر عام بوو بێت, یاخود مودیری کارگەیەك بوو بێت, یاخود مودیر لە بواری ئیدارە کاری کرد بێت, ئەمانە هەمووی خیبرە و تەجروبەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی حەوت ساڵ خیبرەی هەبێت و کاری کرد بێت لە ئیدارە, کاری کرد بێت لە دەزگاکان, هەتا ئەگەر مامۆستای جامیعەش بێتن پێنج ساڵ خزمەتی لە تەدریس هەبێتن مانای وایە, حەوت ساڵ هەیبێتن موئەهەلە, حەوت ساڵەکە من پێم باشە, باشە بخوێنەوە ئەو وشەیەی حەوت ساڵ بۆی زیاد بکرێتن, موافیقن حەوت ساڵەکە ئیزافە بکرێتن, ئەوەی موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ موعاریزە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, باشە ئەو حەوت ساڵە بۆ هەردووکیان ئیزافە بکرێتن, ماددەکە بخوێنەوە بە کوردی.

**عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت مولاحەزەی بکەین رستەی یەکەم لە ماددەکە سبەینێ حەسم دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ماددەی دە دواخراوە بۆ بەیانی.

**عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەك ماددەی دە, بەڵکو هەر لە ماددەی یازدە (یشترط في من یعین في احدی وظائف الهیئة من رئیس ونواب رئیس و مدراء عامین و رؤساء دوائر), ئەوە حەسم نەبووە جارێ, بەیانی گوتمان چاکی دەکەینەوە, چونکە دەیگۆڕین, چونکە نواب نامێنێت, نەتانگوت نواب نەمێنێت, بەس نائیبەکە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە حەز دەکەن ئەوەش تەئجیل دەکەین بۆ بەیانی, ئێمە ئیتیفاقمان کرد گوتمان لیژنەی قانونی لەگەڵ حکومەت بگەنە صیغەیەك, بۆ ئەوەی ئەو صیاغەیە بدەینە دەنگدان ماددەکەی تریش ئیعیتماد دەکەینە سەر ئەو صیاغەیە, پێویستی بە گۆڕانکاری کرد, ئەویش دەخەینە دەنگدان, ماددەی تر.

**عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

تكون القرارات الصادرة عن المجلس بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة لجيمع الوزارات والمؤسسات والدوائر المعنية في الاقليم لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەصە ئەسڵیەکەشی وایە.

**عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەمان شتە, بەس هەیئەکە گۆڕاوەو کردوومانە بە مەجلیس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەسڵیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده ئەسڵیەکە بەم شێوەیە:

المادة الرابعة عشرة:

تكون القرارات الصادرة عن الهيئة بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة بجميع الوزارت والمؤسسات والدوائر المعنية في إلاقليم لاغراض هذا القانون.

تەنها ئەو گۆڕانکاریەی بەسەردا هاتووە هەیئە بۆتە مەجلیس

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەسڵی مەشروعەکەیە.

ماددەی چواردە:

بڕیارەکانی لە دەستەوە تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەردەچێت دەبێت لە هەموو وەزارەت و دەزگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە پێیەوە پابەند بن.

ئەمەش پرۆژەکەی ئێمەیە:

ماددەی دوازدە:

دەبێت گشت وەزارەت و دەزگا و فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەند بن بەو بڕیارانەی تایبەتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان, بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە و لە دەستەوە دەردەچن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ کەس داوایان کردووە قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەن (پەخشان خان, دکتۆرە هالە, کاك سەردار), خیلافتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, کاك سەردار هیچ مولاحەزەت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, باشە دکتۆرە هالە مولاحەزەت هەیە, زۆر باشە پەخشان خان مولاحەزەت هەیە, جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

تكون القرارات الصادرة عن المجلس بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة لجيمع الوزارات والمؤسسات والدوائر المعنية في الاقليم لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە:

دەبێت گشت وەزارەت و دەزگا و فەرمانگەكانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەند بن بەو بڕیارانەی تایبەتن بە پرۆژەكانی وەبەرهێنان, بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە و لە دەستەوە دەردەچن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەستە نا بیكە بە ئەنجومەن, بە عەرەبیەكە ئەنجومەنە, ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ تەئیدی دەكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ ماددەكە وەرگیرا, دوو ماددەی سەریعیمان ماوەو زوو تەواو بكەین, بۆ بەیانی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

لرئيس الهيئة التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل إلاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم لتحقيق اهداف الهيئة وتحدد حقوقهم والالتزاماتهم من قبل رئيس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارتان بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە هەر عەینی ئەسڵی ماددەكەیە بە كوردی:

ماددەی پازدە:

بۆ سەرۆكی دەستە هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی سروشتی و مەعنەوەی گرێ بدات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بۆ راپەڕاندنی ئەو گرنگی و ئەركانەی پێیان دەسپێرێت, بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی دەستە, ماف و ئەركەكانیان لە لایەن سەرۆكی دەستەوە دەستنیشان دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكە بە عەرەبی بخوێنەوە.

**عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسڵی مەشروعەكە نەقل بووە بۆ ماددەی سیازدە, بەس تەنیا رەقەمەكەی گۆڕاوە, لەوێ رەقم پازدەیە, لێرە بۆتە سیازدە:

المادة الثالثة عشرة:

لرئيس الهيئة التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل إلاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم لتحقيق اهداف الهيئة وتحدد حقوقهم والالتزاماتهم من قبل رئيس الهيئة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدە:

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی سروشتی و یاسایی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم مۆر بكات, بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركوفەرمانانەی پێیان دەسپێرێت, بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی دەستە, ماف و ئەركەكانیشیان لە لایەن سەرۆكی دەستەوە دەستنیشان دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو كەس داوایان كردووە قسە بكەن, كاك محەمەد ئەحمەد, كاك ئەدهەم بارزانی, كاك ئەدهەم فەرموو, قسەی نییە, كاك عوسمان هیچ مولاحەزەت هەیە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو هەیئەیە بەپێی ئەو یاسایە شەخسیەتی مەعنەوی موستەقیلی هەیە مالیەن و, ئیداریەن, كە شەخسیەتی موستەقیلیشی هەبوو, مانای ئەوەیە حەقی تەعاقودی هەیەو, حەقی هەموو تەسروفاتێكی قانونی هەیە, بەڵام نازانم ئیقتیران بكات بە هەیئەی مەجلیس ئەوە بۆ ئێوەی بەڕێز دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی بە حەقیقەت ئەگەر دەسەڵاتەكەی بدرێتێ, ئەوە لامەركەزیەتەو, كەم كردنی ڕۆتینە, ئەگەر تۆ رەئیسی هەیئەتێكت هەبێت, سیقەت پێ هەبێت, دەبێت ئەو دەسەڵاتەشی بدەیتێ, بۆ ئەوەی بۆ هەموو شتێكی وا نەگرێتەوە بۆ لای مەجلیس, چونكە مەجلیس هەتا كۆدەبێتەوە, هەتا وەزیرەكان بانگ دەكات, بەڵام لە راستیدا ئەو دەسەڵاتەی تەعاقود هەموو رەئیسی دائیرەیەك, رەئیسی موئەسەسەیەك بۆ جێ بەجێ كردنی بەرنامەی موئەسەسەكە حەقی هەیە تەعاقود بكات, نەیگوتووە بۆ هەموو شتێك, دەڵێت بۆ تەنفیزی جێ بەجێ كردنی ئەو واجیباتانەی كە تەوكیل دەكرێتن, بۆ تەحقیقی ئەهداف, كە ئەهدافی بەحەقیقەت دیاری كراوە, یەعنی بۆ جێ بەجێ كردنی ئەهدافی هەیئە, سەرۆكی هەیئەكە دەتوانێت تەعاقود بكاتن و ئەوامر دەربكات, نەیگوتووە بۆ مەسائیلی تر كە لە دەسەڵاتی مەجلیس دایە, ئەگەر شتێك لە دەسەڵاتی مەجلیس دابوو, دەبوایە بگەڕێتەوە مەجلیس, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ماددەكەی تر بخوێنینەوە, دەبینین (تكون القرارات الصادرة عن المجلس بخصوص المشاريع الاستثمارية ملزمة لجميع الوزارت والمؤسسات والدوائر المعنية في إقليم لاغراض هذا القانون بما فيها الهيئة), یەعنی وازیحە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو دەسەڵاتەی بدرێتێ حەقی تەبیعی خۆیەتی, نەصەكەی بخوێنەوە دەیخەینە دەنگدان.

**عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

لرئيس الهيئة التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية داخل إقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم لتحقيق اهداف الهيئة وتحدد حقوقهم والالتزاماتهم من قبل رئيس الهيئة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی سروشتی و یاسایی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم مۆر بكات, بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركوفەرمانانەی پێیان دەسپێرێت, بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی دەستە, ماف و ئەركەكانیشیان لە لایەن سەرۆكی دەستەوە دەستنیشان دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ تەئیدی ناکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو بۆ ماددەی دوایی ئەم جەلسەیە, ماددەی چواردە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده شازدەیە لە ئەسڵی مەشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

**على الهيئة وضع برامج لترويج الاستثمار في إقليم والتعريف بالفرص الاستثمارية في داخل إقليم وخارجه واصدار المطبوعات اضافة الى عقد ندوات وفتح حلقات دراسية وإرسال موظفيها الى دورات تدريبية بهدف رفع كفاءأتهم في داخل إقليم او خارجه بشكل يتلآم وطبيعة عمل الهيئة واختصاصاتها.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدە:

**پێویستە دەستە پرۆگرامەکان دابنێت بۆ بە هەرمێنکردنی وەبەرهێنان لە هەرێمدا و ماوەکانی وەبەرهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بناسێنێ و, دەرکردنی چاپەمەنیەکان, جگە لە رێکخستنی سیمینار و کردنەوەی ئەڵقەکانی لێکۆڵینەوەو, ناردنی فەرمانبەرانی بۆ خولەکانی راهێنان بە ئامانجی بەرز کردنەوەی رادەی تواناکانیان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا, بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی کاری دەستەو تایبەتمەندیەکانی کۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پێشنیارتان بخوێنەوە.

**عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة عشرة:**

**على الهيئة وضع برامج لترويج الاستثمار في الاقليم و التعريف بالفرص الاستثمارية داخل الاقليم وخارجه واصدار المطبوعات وعقد ندوات وتنظيم حلقات دراسية وارسال موظفيها الى دورات تدريبية داخل الاقليم او خارجه بهدف رفع كفاءاتهم بحيث تتلاءم وطبيعة عمل الهيئة واختصاصاتها.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدە:

**پێویستە دەستە بەرنامە دابنێت بۆ برەو پێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا و هەلی وەبەرهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بناسێنێ و, چاپەمەنیەکان دەربکات و سیمینار و کۆرسەکانی لێتۆژینەوە رێك بخات و فەرمانبەرانی رەوانەی خولەکانی راهێنان, لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بکات, بە ئامانجی بەرز کردنەوەی رادەی تواناکانیان, بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی کاری دەستەو تایبەتمەندیەکانی کۆك بن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا خاتوو فەخریە داوای قسەی کردووە.

**بەڕێز فخریه مصطفى محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە داوای تەرویجی ئیستیسمارِ بکرێت, ئێمە داوا دەکەین تەرویجی نۆژەنکردنەوەش بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, منیش پرسیارێکم هەیە, ئەو ماددەیە پێتان زیاد نییە, ئەوە تەحصیل حاصلە, هەمووی زیادەو واجیبی تەبیعی خۆیەتی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم ئێمە مودیریەتمان داوە تەرویجمان هێناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەوە واجیبە پێی هەڵدەستێت, مانای ئەوەی هەر ئیلغای بکەین, موافیقن ئیلغای بکەین, ئەوەی موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, ئەوەی موافیق نییە دەستی بەرز بکاتەوە, بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا, باشە ئەوەشمان لە کۆڵ بۆوە, ئەگەر ماندوو بووینە دانیشتنەکە دەخەینە بەیانی, پێم وابێت بیخەینە بەیانی, بێجگە لەوەش با وەخت بدەینە لیژنەی قانونی و حکومەت, ئەو صیاغەی کە باسمان کرد بەیانی سەعات (11) حارز بن بۆ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین, سوپاس.

| عدنان رشاد مفتی | محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی) | فرست احمد عبدالله |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 4\7\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( 15 )

## سێ شەممە رێکەوتی 2006/7/4

کاتژمێر (12,20)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/7/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به سەرۆکایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەرێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم، ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-زیاد کردنی بەڕێز (د.رۆژان عبدالقادر) بۆ سەر:

أ-لیژنەی کاروباری یاسایی.

ب-لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا.

2- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراقەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(12,20)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/7/4دا بەم شێوەیە بێت:

1-زیاد کردنی بەڕێز (د..رۆژان عبدالقادر) بۆ سەر:

أ-لیژنەی کاروباری یاسایی.

ب-لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا.

2- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراقەوە پێشکەش کراوە.

بەنیسبەت خاڵێ یەکەم کە ئیقتیراح کراوە لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە دکتۆرە رۆژان کە بوو بە ئەندامی پەرلەمان و سوێندی یاسایی خوارد بۆ لێژنەی کاروباری یاسایی و کاروباری پەروەردە، راستە ئێمە خستومانە بەرنامەی کارەوە، بەلاّم لەسەرۆکایەتی باسمان کرد پێش ئەوەی بێینە ئێرە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر بڕیارێکمان هەیە کە ئێمە بە لێژنەکاندا بچینەوە وە ئیعادەی نەزەر بکەینەوە، لەبەر رۆشنایی تەشکیلاتی وەزارەتی تازەوە، تەشکیلاتی تازە هەیە، دەبێ لیژان زیاد بکەین و هەندێ لیژان پێیدا بچینەوە بەپێی قەراری خۆتان، بۆیە ئێمە ئیقتراحەکەمان وایە کە ئێمە دکتۆرە رۆژان تا ئەو کاتەی لیژانە تازەکان دروست دەکەین بێتە ئەو لیژنانەی کە چنار خان پێشوو ئەندام بوو تێدا، تا ئەو رۆژەی هەڵبژاردنێك دەکەین، ئەگەر رازین بەو ئیقتراحەی سەرۆکایەتی دەستی بۆ بەرزبکەنەوە، سوپاس پیرۆزە، خاڵی دووەم داوا لە لیژنەی یاسایی و لێپرسراوی لیژنەی دارایی دەکەم لە جێگەی خۆیان دابنیشن، بەڵی لە پڕۆژەی عەفوەکە ئێمە لە سەرۆکایەتیدا باسمان کرد پێش ئەوەی بیخەینە بەرنامەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، پەیوەندی بە تەفصیلاتەوە هەیە و بزانین چەند زیندان هەیە و کێ شمول دەکات، بەبێ ئەوەی ئەو تەفصیلاتە بخەینە بەردەمی ئێرە نوقصانیەکە، لەبەر ئەوە دوامانخست تاوەکو ئیحصائیەك وەردەگرین و هەم رای حکومەتیی لەسەر وەردەگرین، ئینجا

بەبێ ئەوە پڕکردنەوەی نوقصانیەکە نایخەینە بەردەمی پەرلەمان و قەراری لێ وەربگرین ئەسەرێکی زەعیفی دەبێت, دەبێ هەم حکومەت رای لەسەر بدات و هەمیش ئیحصایەکمان هەبێت و بزانین ئەو زیندانیانە چەند کەسن, حوکمەکانیان چەندە, کێ دەگرێتەوە؟ تاوەکو قەرارەکەمان وزوحی هەبێت و هەموو ئەندامان شارەزای بن و ئینجا دەیخەینە بەرنامەوە, دوێنێ دوو مادده داوا کرا لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکانی کە بەشدارن لەگەڵماندا لە حکومەتی هەرێم صیغەیەکمان پێشکەش بکەن لەسەر دوو ماددەکە, هەم لەسەر تەشکیلاتی و هەم لەسەر صیغەکە داوا لەلێژنەی قانونی دەکەم ئەو صیغەیەی کە ئیتفاقمان لەسەر کردووە بیخوێننەوە وبیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێراوان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر راسپاردەی جەنابتان لە کۆبوونەوەی دوێنێ ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ئەم بەیانییە سەعات (10) لەگەڵ بەڕێزان نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران کۆبووینەوە, لەدوای ئەوەی کە موناقەشەیەکی تەفصیلیمان کرد, بەحەقیقەت هاتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو خاڵانەی کەگفتوگۆی لەسەر کرا ماددەکە ئیعادەی نەزەر ی لێ بکەینەوە, محاوەلەمان کردووە هەردوو لا تەشکیلاتی هەیئەی ئیستیسماری تەقلیص بکەینەوە, ئێستا لە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو صیغەیە دەخوێنینەوە کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران ئیتیفاقمان لەسەر کردووە و بۆ ئێوەی بەڕێز دەیخوێنینەوە, رەئییش رەئیی ئێوەی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمانە, بەڕێزان مادده یازده لەدوای ئەو دانیشتنە صیغەکەی بەو شێوەیە:

الماده العاشره کەدەکاتە مادده یازده لە پرۆژەکە.

المادة العاشرة:

اولا: تشكل هيئة باسم (هيئة الاستثمار في اقليم كوردستان) وتكون لها شخصية معنوية و استقلال مالي واداري و لها القيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لاغراض تنفيذ احكام هذا القانون وتتولى البيئة الملائمة في الاستثمار بما يؤدي الى التنمية الاقتصادية في الاقليم, واعداد الاستراتيجية والخطط و السياسات الاستثمارية لعرضها على المجلس الاعلى للاستثمار لغرض المصادقة عليها و اجراء التنسيق بين فروع الهيئة في المحافظات و يتالف مركز الهيئة ممايلي:

أ-مديرية الديوان العامة ويرتبط به الدوائر التالية:

1-دائرة الدراسات و المعلومات.

2-دائرة ترويج وتقييم وتنفيذ المشاريع.

3-دائرة الشؤون القانونية و الادارية و المالية.

4-دائرة المدن و المناطق الصناعية.

ثانيا: للهيئة رئيس يعيين بدرجة وزير وله حقوق و صلاحيات الوزير وهو المسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف و الرقابة على نشاطاتها وكل ما له علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها.

ثالثا: يكون مقر الهيئة في اربيل عاصمة الاقليم و لها فتح فروع في محافظات اقليم كوردستان يدير كلا منها موظف بدرجة مدير عام.

رابعا: للهيئة استحداث اقسام وشعب و دمجها او الغائها عند الاقتضاء.

خامسا: تحدد تشكيلات دوائر الهيئة وفروعها ومهامها و صلاحياتها بنظام تضعه الهيئة ويصادق عليه المجلس.

سادسا: تتولى الهيئة تهيئة البيئة الملائمة للاستثمار بما يؤدى الى تحقيق التنمية الاقتصادية في الاقليم واعداد الاستراتيجيات و الخطط و السياسات الاستثمارية وعرضها على المجلس لغرض المصادقة عليها و اجراء التنسيق بين فروعها في محافظات الاقليم.

**الفصل الثانى:**

**التحكيم**

**المادة الثامنة عشرة:**

**تحل المنازعات الاستثمارية وفق العقد المبرم بين الطرفين وعند عدم وجود فقرة فيه بهذا الخصوص تحل بطريقة ودية و بتراضي الطرفين, وفي حالة تعذر الحل الودي يجوز للطرفين اللجوء الى التحكيم المبينة احكامه في القوانين المرعية في الاقليم او وفقا لاحكام تسوية المنازعات الواردة في أى من الاتفاقيات الدولية او الثنائية التى يكون العراق طرفا فيه.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راى لێژنەی یاسا**

**ب-اما بالنسبة للمادة العشرون من اصل المشروع والتى اصبحت برقم المادة الثامنة عشرة تحت عنوان (التحكيم) ضمن الفصل الثانى من الباب الرابع اقترحت اللجنة باتفاق الاراء على اضافة (الاستناد الى بنود العقد المبرم بين الطرفين لحل المنازعات الاستثمارية) اضافة الى ما ورد في النص الاصلى و تقرا المادة شكلا ومضمونا كالاتي:-**

**الفصل الثاني**

**التحكيم**

المادة الثامنة عشرة:

**تحل المنازعات الاستثمارية وفق العقد المبرم بين الطرفين وعند عدم وجود فقرة بهذا الخصوص تحل بطريقة ودية وبتراضي الطرفين, وفي حالة تعذر الحل الودي يجوز للطرفين ان يختارا اللجوء الى التحكيم المبينة احكامه في القوانين المرعية في الاقليم او وفقا لاحكام تسوية المنازعات الواردة في اى من الاتفاقات الدولية و الثنائية التي يكون العراق طرفا فيها.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیستی پرۆژەكە دەبێتە مادده هەژدەم بەناونیشانی ناوبژیوانی دەكەوێتە بەشی دووەم و دەبێتە دەروازەی چوارەم بەتێكڕای دەنگ پێشنیار كرا رستەی پشت بە بەندەكانی گرێبەستی مۆركراو لەهەردوو لایەنەوە و بۆ نەهێشتنی ناكۆكیەكانی وەبەرهێنان زیاد بكرێت و ماددەكە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە.**

**بەشی دووەم**

**ناوبژیوانی**

ماددەی هەژدەم:

**كێشەكانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆركراو لە نێوان هەردوولادا یەكلا دەكرێنەوە, ئەگەر لە گرێبەستەكەش هیچ برگەیەكی وا نەبوو ئەوا بە ڕێگەیەكی دۆستانە و بەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەر دەكرێن, لەحاڵەتێكدا رەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات, هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی كە حكومەكانی لەیاسا رەچاو كراوەكانی هەرێمدا دیاركراون, یان بەپێی حوكمەكانی یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكانی هەر ڕێككەوتنامەیەكی نێو دەوڵەتی, یان دوو قۆڵی كە عێراق لایەنێك بێت تیایاندا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو بەڕێزانەی كە داوایان كردووە قسە بكەن لەسەر ئەم ماددەیە, بەڕێز كاك ادهم بارزانی, بەڕێز محمد احمد صالح, بەڕێز د0نوری, بەڕێز بارزان محمد نصرالله, بەڕێز محمد فرج, بەڕێز كاك رشاد, فەرموو كاك ادهم.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر وێ ماددەی پێشنیار کری (تحت المنازعات الاستثمارية بطريقة ودية و بتراضي الطرفين وفي حالة الحل الودى يجوز استخدام أليات التحكيم المحددة في القوانين المرعية في الاقليم), مەبەست لێرەدا بۆ ئەزیەت بکێشی بۆ هەندێك شتی دوەلی وئەم قانونە, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە کافیە کە دەڵێ (وفق القوانين المرعية للاقليم) بەڵام ئیزافەیەکم هەیە لەدوای ئەو بڵێ (ووفق بنود العقد الكبرى ومن خلال الحقوق القانونية في الاقليم فقط) باتووشی مەشاکیلی دوەلی نەبین هەروەکو کاك ادهم ئیشارەتی پێدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە هیچ تێبینیتان هەیە, لێژنەی قانونی لەسەر ئەو دوو مولاحەزەیە هیچ تێبینیتان هەیە؟ فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مولاحەزەکەی کاك شێخ ادهم, بەنیسبەت تەحکیم کە پیادە دەکرێ لە هەرێم و زیادەتەن لەبۆ فەقەرە یەك زۆربەی زۆری قەوانینی ئیستیسماری ولأتمان ئێمە مولاحەزەمان کردووە بەرەو تەحکیمی دوەلی دەڕۆن لەمەسائیلی ئیستیسماراتی ئەجنەبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر یەك نوقتەیە ئەو ئیتیفاقیە نێو دەوڵەتیە, ئەوانە بێگانەن زۆریان عێراقی نین, لەبەر ئەوە ئەگەر خیلافێك هەبێت, لەوانەیە بڵێن ئێمە پابەند نین تەنیا بە قانون, ئەگەر عەقەدەکە نەبێ, بۆیە ئەو جوملە ئیزافە کراوە ئیتمئنانێکە و هاندانێکی قانونیە بۆیان, ئیتیفاقی دەولی لەسەر ئەوەیە کە حیمایەی حوریەتی تیجارەیە, ئەمە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئیلتیزام لە ئیتفاقاتی دەولی دەکەین, زەمانێکە بۆ ئەوان, عێراقیش هەر لەدەستووردا هەیە و ئیمزای کردووە, مولزەم بووە بە ئیتیفاقی دەولی, یانی دەوڵەمەند کردنی شتەکەیە.

بەنیسبەت بنودی تەحکیم لە ئیقلیم ئەوە ئیهمال نەکراوە, چونکە ئیشارەتمان دایە بە گوێرەی (حل المنازعات وفق العقد المبرم بين الطرفين) ئیمکان هەیە تەحکیمی ئیقلیم لە زیمنی عقدەکە هەبێت, بەڵام ئەگەر ئەوە نەبوو ئینجا بۆ تەحکیم دەچین.

داوا دەکەم ماددەکە دیسان بخوێننەوە, بۆ ئەوەی بیدەینە تەصویت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**الفصل الثاني:**

**التحكيم**

المادة الثامنة عشرة:

تحل المنازعات الاستثمارية وفق العقد المبرم بين الطرفين وعند عدم وجود فقرة فية بهذا الخصوص تحل بطريقة ودية و بتراضى الطرفين وفي حالة تعذر الحل الودى يجوز للطرفين اللجوء الى التحكيم المبينة احكامه في القوانين المرعية في الاقليم او وفقا لاحكام تسوية المنازعات الواردة في اي من الاتفاقات الدولية او الثنائية التي يكون العراق طرفا فية.

**بەشی دووەم**

**ناوبژیوانی**

**ماددەی هەژدەم:**

**کێشەکانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆرکراو لەنێوان هەردوو لادا یەکلادەکرێنەوە, ئەگەر لە گرێبەستەکەش هیچ برگەیەکی وا نەبوو ئەوا بەرێگەیەکی دۆستانە وبەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەر دەکرێن, لەحاڵەتێکدا رەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات, هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی کە حوکمەکانی لەیاسا رەچاو کراوەکانی هەرێمدا دیارکراوون, یان بەپێی حوکمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی هەر رێککەوتنامەیەکی نێو دەوڵەتی, یان دوو قۆڵی کە عێراق لایەنێك بێت تیایاندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ماددەی هەژدە وەکو خوێندرایەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا, فەرموو بۆ ماددەکەی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**احكام ختامية**

**المادة الحادية والعشرون:**

**أ-يلغى قرار مجلس الوزراء/ ادارة السليماينة المرقم (89) لسنة 2004 الخاص بتشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان وتحل هيئة تشجيع الاستثمار وتشكيلاتها المؤلفة بموجب المادة (السادسة عشرة) من القرار المذكور وتؤول حقوقها والتزاماتها وممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة الى هيئة الاستثمار التى تشكل بموجب احكام هذا القانون.**

**ب-اعتبار جميع المشاريع الاستثمارية التي رخصت من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المنحلة بموجب الفقرة (اولا) اعلاه والمشاريع الاستثمارية القانونية وتستمر في التمتع بالامتيازات والحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي.**

**ج-تحال جميع المشاريع الاخرى في طور الدراسة والتقييم والتى لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب احكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية.**

**د-يتمتع المستثمر بحسب هذا القانون بمبادىء المساواة وسرية المعلومات الفنية والاقتصادية الخاصة بالمشروع و حفظ المبادرات الاستثمارية و ذلك طبقا لاحكام القوانين والانظمة و التعليمات المعمول بها في الاقليم, ويعاقب كل من يفشي اية معلومات تكون بحوزتة و بحكم وظيفته و تتعلق بالمبادرة الاستثمارية والجوانب الفنية او الاقتصادية او المالية للمشروع.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی**

**اما بالنسبة للمواد بدء من المادة الحادية والعشرون الى المادة السادسة والعشرون من اصل المشروع و التي اصبحت ضمن الفصل الثالث وتحت عنوان احكام ختامية وتحت تسلسلات من المادة التاسعة عشرة الى المادة الرابعة والعشرون, تقترح اللجنة باتفاق الاراء حذف الفقرة (د) من المادة (21) من اصل المشروع من ضمنها التي سبق نقلها الى الفقرة رقم (8) من المادة السابعة ضمن المواد المقترحة من قبل اللجنة القانونية لكونها من الضمانات القانونية للمستثمر وكذلك حذف الفقرة (ج) من المادة (23) من اصل المشروع و التي اصبح تسلسلها المادة (21) واللجنة تقترح ان يكون حق اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون من صلاحيات رئيس المجلس وليس لرئيس الهيئة, لكونه هو رئيس المجلس الاعلى للاستثمار ويقرا الفصل الثالث شكلا و مضمونا كالاتي:-**

**الفصل الثالث**

**احكام ختامية**

**المادة التاسعة عشرة:**

1-يلغى قرار رئاسة مجلس الوزراء ادارة السليمانية المرقم (89) لسنة 2004 الخاص بتشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان وتحل هيئة تشجيع الاستثمار و تشكيلاتها المؤلفة بموجب المادة (16) من القرار المذكور وتؤول حقوقها والتزاماتها و ممتلاتها المنقولة وغير المنقولة كافة الى هيئة الاستثمار التي تشكل بموجب احكام هذا القانون.

2-تعتبر جميع المشاريع الاستثمارية التي احيزت من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المؤلفة بموجب القرار الملغي المشار الية في الفقرة (1) اعلاه مشاريع استثمارية قانونية وتستمر في التمتع بالامتيازات والحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي.

3-تحال جميع المشاريع الاخرى التي هي في طور الدراسة والتقييم والتي لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب احكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسا سەبارەت بەو ماددەیە بە كوردی.

پازدەم:

سەبارەت بەماددەكانی بیست و یەكەم تاكو بیست و شەشەمی پرۆژەكە, كەكەوتوونەتە بەشی سێیەم بەناوی حوكمە كۆتاییەكان, كە ڕێزبەندییان دەبێتە نۆزدەم تاكو بیست و چوارەم, لیژنە پێشنیار دەكات بڕگە (د) لەمادده (21)ی پرۆژەكە لابردرێت, چونكە پێشتر گوازراوەتەوە بڕگەی (8) لەماددەی حەفتەم لەنێوان ئەو ماددانەی لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردوون, چونكە یەكێكە لە گرنتیەكانی وەبەرهێن, هەروەها بڕگە (ج) لە مادده (23) ی پرۆژەكە لابدرێت, كە زنجیرەی دەبێتە مادده (21). لیژنە پێی وایە سەرۆكی ئەنجومەن بۆی هەبێ ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەربكات, نەك سەرۆكی دەستە, چونكە خۆی سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانە.

ماددەكانی بەشی سێیەمیش بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:

**بەشی سێیەم**

**حوكمە كۆتاییەكان**

ماددەی نۆزدەم:

1-بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ئیدارەی سلێمانی ژمارە (89)ی ساڵی 2004 تایبەت بە هاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستاندا هەڵدەوەشێندرێتەوە, دەستەی هاندانی وەبەرهێنان و دامەزراوەكانی كە بەپێی مادده (16)ی بڕیارەكە دامەزراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو هەموو ماف و پابەندی و سامانەكانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان, كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

2- هەموو پرۆژەكانی وەبەرهێنان كە لە لایەن دەستەی هاندانی وەبەرهێنان هەڵوەشایەوە ڕێ پێدراون بەپێی بڕگە (1)ی سەرەوە, بە پرۆژەی وەبەرهێنانی یاسایی دادەنرێن و بەردەوام دەبن لە سوودمەندبوون لەو ئیمتیازات و هاندانانەی كە بەپێی بڕیاری هەڵوەشایەوە پێیان دراون.

3- هەموو ئەو پرۆژانەی دیكەی كە لە ژێر تێڕوانین و هەڵسەنگاندن دان و ئەوانەی تاكو ئێستا بڕیاری كۆتاییان لە دەستەی هەڵوەشایەوە بۆ دەرنەچووە وەك پرۆژەی وەبەرهێنان, دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان, كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە پێكهاتووە, فەرمانگە تایبەتمەندەكانی دەستەش بەردەوام دەبن لەو ڕێكارانەی كە لە لایەن دەستەی هەڵوەشایەوە وەرگیراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە قسە بکەن لەسەر ئەم ماددەیە، ئەم بەڕێزانەن، کاک قادر سعید(زانا)، کاک محمد فرج، کاک شێردڵ، پەخشان خان، د0نوری، سۆزان خان.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەبڕگەی (ب) لەم ماددەیە، ئێمە بەڕاستی نازانین ئەو پرۆژە ئیستیسماریانەی کە کراون، چۆن کراون و چۆن نەکراون؟ ئێمە لێیان بەرپرس نینە کە لێرە شەرعیەتیان بدەینێ، با بەپێی ئەو عەقدانەی کە کراوە، بەپێی ئەو عەقدانە جێبەجێ بکرێن، بەلاَم ئێمە بەپێی ئەو یاسایە شەرعیەت بدەینە شتێك کە چۆن کراوە وچۆن نەکراوە و لەسەر چ ئەساسێك کراوە، ئەوە یاسایەکی وازیحە، ئەزانین لە داهاتوو چۆن هاتووە و چۆن کراوە، بەلاَم ئەوەی لە رابردوو کراوە، یان دەبێ تەوزیحمان بدەنێ چۆن کراوە، یان ئێمە ناتوانین شەرعیەت بدەینە شتێك کە لەرابردوو کراوە و بەپێی ئەو یاسایە ئەنجام نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبداللە حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من لێرە ئەوە بوو کە لێرە زەمانەتێك بدەنە ئەو ماددەیە، ئیشارەتێکمان بدایە، سوپاس.

**بەڕێز پخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ئەحکامی خیتامی بەعام، یەعنی لەو ماددەیە نەبوو، پێشنیاری ماددەیەکم دەکرد کە ئیزافە بکرێت، جا ئێستا با بیڵێم، من پێشنیار دەکەم کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت کە هەردوو لایەن کە گرێبەستی دەکەن لە پرۆژەکاندا، ئەگەر حکومەت و پرۆژەیەك بێت کە شتێکی تێدا بێت مافی هاوولاَتیان بپارێزێ، مافی موستەهلیك، هەتاکو بزانین قانونێك دەردەچێت بۆ حیمایەی موستەهلیك، یان شتێك هەبێت کە حیمایەی موستەهلیك بکات، سوپاس.

**بەڕێز د0نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند رۆژێکە لێرە خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەی قانونێکین بۆ دیاریکردن و بەقانونی کردنی سیستەمی ئابووری بۆ لەمەوپاشی هەرێمی کوردستان، تاکو بەپێی پلانی داڕێژراو ئەو سیستەمە بەڕێوە بچێت کە تا ئێستاکە بەدی ناکرێت، ئێمە لە لیژنەی قانونی پتر لە حەفتەیەك رۆژانە دووجار کۆدەبینەوە، گوێمان لەڕاوبۆچوونی چەند پسپۆڕێ گرتووە و راپۆرتی هەموو لیژنەکانمان خوێندەوە، پەیوەندیمان کرد بە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی  کوردستان، تاکو پرۆژەیەك ئامادەبکرێت، تاکو کەم وکوڕی تێدانەبێت، بەپێی پرەنسیپی دیموکراتی زۆرجاران زۆر را هەبووە، بەلاَم ئەوەی زۆرینە لایەنگر بووین ئەوەمان پەسند دەکرد، مەبەستم لەو قسە ئەوەیە کەوا ئێمە ئەو پرۆژە بۆ پاشەرۆژی کوردستان، بۆ لەمەودوا ئامادە دەکەین، بۆیە دەبێت ئەو پرۆژانە کەوا پێشتر پەسند کراون جیابکرێنەوە لەو پرۆژانەی کە لەمەودوا بەپێی ئەو قانونەی کە ئومێدەوارم ئەمڕۆ پەسند بکرێت لێی بکۆڵێنەوە، پێویست ناکات بە تێکەڵ کردنی ئەو دوو پرۆژەیە، ئەوەش وادەزانم لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، لەبەرژەوەندی پەرلەمانی کوردستانە، لەبەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پێش ماوەیەك متمانەمان پێدا، ئەو کۆمەڵە پرۆژانەی کە پێش ماوەیەك جێبەجێ کراون و کۆتایی پێ هاتووە، ئەوە تەواو، بەلاَم قسەکەمان سەبارەت بەو پرۆژانەیە کەوا تاکو ئێستاکە جێبەجێ نەکراون، وەکو ئەندامی لیژنەی قانونی کاك زانا ئاماژەی بۆ کرد، ئەو پرۆژانە ئێمە هیچ زانیاریەکمان نییە سەبارەت بەوەی چۆن و بۆچی پەسند کراون و بۆچی جێبەجێ نەکراون، پەرلەمانی کوردستانیش پێویستە پرۆژەیەك کەوا بەسەدان ملیۆن دۆلاری بۆ صەرف کراوە و پەسند نەکات، بێ ئەوەی کەوا هیچ جۆرە زانیاریەك لەبارەی ئەو پرۆژانە نەبێت، لەراستیدا قسەکانی من پەیوەندییان بە دوو ماددەوە هەیە، ماددەی بیست و یەك و بیست و دووش، بۆیە چاکترە ئەو پرۆژانەی کەوا پەسند نەکراون یان جێبەجێ نەکراون، بۆ تەقییم کردنیان بدرێنە دەستەی

وەبەرهێنان, ئەو تەماشای هەریەك لەو پرۆژانە بكات لە هەموو روویەكەوە, ئەگەر هاتوو هیچ كەموكورتیەكی تێدا نەبوو, ئەوە بەپێی ئەو قانونە پەسندی بكات و هەرچی ئەو ئیمتیازاتەی پێیان بدات, بەڵام ئێمە لە پەرلەمان ناتوانین پێشەكی هەموو ئەو پرۆژانە بخوێندرێتەوە, بۆیە پێشنیازی من ئەوەیە لە برگە (ب)ی ماددەی نۆزدەی ئەصڵی رستەی (بەپرۆژەی وەبەرهێنانی یاسایی دادەنرێت) تەنیا ئەو رستەیە نەمێنێت, بنووسرێت (هەر پرۆژەیەك ئێستا هەیە بە پرۆژەیەكی وەبەرهێنان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان دادەنرێت, ئەگەر حكومەكانی ئەم قانونە بیانگرێتەوە, لەم حاڵەتەدا لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی لەم قانونەدا هاتوون سوودمەند دەبێت, بەمەرجێك لەسایەی بڕیار و قانونەكانی پێشتر سوودمەند نەبووبێت) برگە عەرەبیەكە دەڵێت (تستمر جميع المشاريع الاستثمارية المجازة من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المؤلفة بموجب القرار الملغي المشار الية من الفقرة (1) اعلاه في التمتع بالامتيازات و الحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي) من هەمان پێشنیار سەبارەت بە ماددەی پاشتر, نازانم ئێستا باسی بكەم یان دوایی, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ لە كاتی موناقەشەكردندا لە فەصلی چوارەم لەتەخصیص ئەرازی ژمارە (11) قسەمان لێنەكردو دەنگمان نەدا لەسەر ژمارە (11) وتمان دەیخەینە ئەحكام خیتامی, بۆ ئەوەی بە قوەتر بێت, بەڵام ئەمڕۆ برادەرانی لیژنەی قانونی هیچ باسێكیان لێوە نەكرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر وەڵامی ئەوەمان داوە, وتمان هێشتا ئەحكامی قانونی مەوادی تری هەیە.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ, بەڵام وتمان ئەگەر بخرێتە ئێرەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئێستا خەریكی باسكردنی ئەحكامی خیتامین, لەوە زیاتر بچێتە كوێوە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر جێگەی لێرەیە, ئەو ماددەیەی كە دوێنێ وتمان بیخەینە ئەحكامی خیتامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ, هەمان رەئیی و پشتگیری لە رەئیی دكتۆر نوری وكاك زانا دەكەم بەنسبەت فەرعی (ب), زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت دەتوانم بڵێم كاك قادرو د0نوری و خوشكە سۆزان, هەر هەمان بۆ چوونیان هەبوو سەبارەت بەمەوزووعی ئەم فەقەرەیەی كە باسكرا بەنسبەت ئەو مەشاریعە ئیستیسمارەی كە لە سلێمانی و لە هەولێر ئەنجام درایە, بەحقیقەت من لێرە دەمەوێ ئەو تەوزیحە بدەم, هەر مەشروعێكی ئیستیسماری ئەگەر لە ئیدارەی سلێمانی ئەنجام درابێت, لە ژێر قانونی (تشجیع الاستثمار) بووە, هەر مەشاریعێكی ئیستیسماری كە لەئیدارەی هەولێر, واتا مەشاریعی ئیستیسماری لە ژێر زڵی ئەو قانونانە كە حەقێكی موكتەسبیان وەرگرتووە, هەرحەقێكی موكتەسب لە زیمنی هەر قانونێك وەربگیرێت كەس ناتوانێ ئیختیلافیان بكات, ئەوە مەبدەئێكی (قانونيه و موتەفیق علیه)یە, ئەمە یەك, دوو د0نوری دەڵێ هەندێك مەشاریع هەیە ئیحالە نەكراوە, ئەگەر فەقەرە (ج) بخوێنێتەوە دەڵێ (تحال جميع المشاريع الاخرى التي هي في طور الدراسة و التقييم والتي لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب احكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية) ئەمەش موعالەجەی جانبێكی مەسەلەكە دەكات, ئەگەر هاتوو هەندێ مەشاریع تەواو نەبوو بەتەئكید كە ئێمە

مەشروعیەتی دەدەینێ, ئەو عەقدەی کە لەنێوان جیهەتی مەعنی ئیمزا کرا لەگەڵ موستەسمیرەکە بەتەئکید ئەو قانونە شمولی دەکات, یانی ئەبێ شمولی بکات, چونکە حەقێکی موکتەسبی وەرگرتووە و ئیجرائەتەکانیان لە زلّلی ئەو قانونە کراوە, ئێمە بە قانونێکی سەلیم لەقانونی دەدەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلاّم یەك شت هەیە پرسیارێك هەیە, فەقەرە (2) ئو مەشاریعانەی کە پێشتر هەبووە, پێش ئەو قانونە, ئێ بەپێی ئەو قانونەی کە هەبووە تەعامولی لەگەڵ دەکرێ, یانی ئەو ئیمتیازات و حەوافیزە مەمنوحەی ئەو قانونە, یانی ئەو قانونە نایگرێتەوە, وازیحە لێرەدا, ئەو قانونەی کە ئێستا دەریدەکەین, ئەو پرۆژانەی کە پێشتر دەستیان پێکردووە, یاخود پێش دوو مانگ دەستیان پێکردووە, ئەو قانونە نایگرێتەوە, یانی ئەو نەصە, هەر ئەو قانونەی پێشتر دەیگرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەنسبەت حەوافز و بەنسبەت تەسهیلات و ئەوانە, لە زلّلی قانونەکە چ بووە ئەوە دەیگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەو نەصەی تازە, مادام نایانگرێتەوە ئەو ئیزافەیە نەشبێت زۆر گرنگ نییە, یەك وشە هەیە بەعەرەبیەکە زۆر وازیح نییە (تنحل) نازانم ئەوە موشتەقاتی انحلال نییە, کاك نوری فەرمووو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەبۆچوونی کاك شێروان, من هیچ ئیشکالێکم نییە, چونکە ئەو پرۆژە کۆنانە بەپێی ئەو رێککەوتننامانە کە پێشتر مۆرکراون دەبێ جێبەجێ بکرێن, ئەگەر هاتوو لەدوارۆژدا کێشەیەك دروست بوو بەپێی بنچینە سەرەکیەکان, واتە لە ئەحکامی عامە کە لە قانونی مەدەنیدا هاتبوون, بەپێی ئەوانە ئەگەر کێشەیەك دروست بوو چارەسەر دەکرێت, مەبەستی من ئەوەیە ئێمە لێرە پێشەکی نەڵێین کەوا ئەو پرۆژانە پرۆژەیەکی قانونین و شەرعیەتیان پێ بدەین, تا لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە یەکە یەکە بەجیا جیا دیراسە بکرێن, ئەوکات ئەو بڕیارە بدات ئەمانە کەوا مەشمول دەبن بەئمتیازاتی قانونی تازە یان نا, ئێمە باس لەوە ناکەین کەوا حەقی موکتەسبیان هەیە بەپێی قانونی پێشوو, منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەوان حەقێکی موکتەسبیان هەیە بەپێی قانونی پێشوو, منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەوان حەقێکی موکتەسبیان هەیە بەپێی ئەو ئیتفاقەی کەوا مۆرکراوە لەنێو ئەوان و لەگەڵ ئەو لایەنەیەدا, ئەگەر هاتوو کێشەش دروست بوو بەپێی قانونی مەدەنی دروست دەکرێت, بەلاّم باتێکەڵ نەکرێن لەگەڵ بەندەکانی ئەم قانونە تازەیە, سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەشاریعانە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ مەشاریعی قانونین, ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ مەسئوولین لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و ئەو مەشاریعانەش کە حەقێکی موکتەسبیان وەرگرتبێ لە زلّلی قانونێك بەتەئکید ئەو حەقی موکتەسبە ئەبێ پارێزراو بێت, باشە مەعقولە من قانونێك لەغو بکەم و عقودەکانیشی لەغو بکەم و بەموعەلەقی بەجێی بێڵم و حقوق وموموتلەکاتەکەش چارەسەر نەکەم و ئەوە نازانم بەراستی چۆن دەبێ, بەنسبەت ئێمەوە ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە, زۆر ئیعتیادیشە, ئەو حەقە حەقێکی موکتەسبە, ئەبێ ئێمە کە دەزگایەك موعالەجە دەکەین دەبێ چارەسەری کێشەکانیشیان بکەین, چۆن بەهەڵواسراوی بەجێیان بێڵین, مەسەلەی قانون مەدەنی مەسەلەیەکی ترە, مەسەلەی قانونی ئیستیسمار مەسەلەیی ترە, قانونی مەدەنی لەسەر قەواعیدی عامە دەڕوا, راستە من لەگەڵ د0نوریم هیچ خیلافمان نییە, بەلاّم ئەم قانونە قانونی تەشجیعی ئیستیسماری سلێمانی قانونێکە بەدەیان مەشاریع وعقودی بۆ کراوە, بەدەیان شەریکات هاتووە وا ئیش وکار دەکات لەوێ, ئێمە دەبێ چارەسەری ئەو

مەسەلەیە بکەین، دەبێ بە حوکمێکی وابکەین کە دەبێ ئێمە شەرعیەتی بدەینێ و تەعامول لەگەڵ واقیع بکەین کە دروست بووە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی کاك د0نوری دەڵێ مەنتیقیکی هەیە، مەبەستی ئەو مەشاریعانەی بە پێی قانونی ئیستیسماری سلێمانی ئیجازەی پێدراوە، و بەپێی قەراراتی مەجلیسی وەزەرای هەولێر ئیجازەی پێدراوە، جیاوازن لەگەڵ ئەو ئیستیسمارە، لێرە ئیشارەتی پێکردووە، ئەوانە بەپێی ئەو عقودانەی کە کردوویانە لەبەر رۆشنایی ئەو دوو قەرارەی لێرەو لەوێ بەردەوام دەبن صیغەی قانونی وەردەگرن، بەلأم هیچ ئیمتیازاتێکی لێرە هەیە نایاندرێتێ، تەواوکردنی کار حکومەت لێی مەسئولە، وازیحە لەو قەراراتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی مەسئولە، ئیدارەی سلێمانی لێی مەسئولە، لۆی تەواو کردووە و میزانیەی خۆشی هەیە، ئەدەواتی خۆی هەبێت، بەردەوام دەبێت، هەروەها هەمان حکومەت مەسئولن لەم پرۆژانە لە هەولێر دەکرێن، عەینی ئالیەت موتابەعەی دەکات و سەرپەرشتی دەکات تاکو تەواو دەبێت، بەلأم صیغەی قانونی دەبێ وەربگرێ، لێرەدا چییان بەسەر دێتن، ئیتمینانێکە بۆیان، ئەوان قانونینە، بەلأم بەپێی ئەو قەرارەی پێشوو، ئەو قانونە ئەسەری رەجعی نییە، لە ئیمتیازات وەردەگرن، بۆیان نییە ئەو قانونە لە کوێوە بێن داوا لە مەجلیسی ئەعلا بکەن بڵێن ئێمە شمولمان بکەن بەو قانونە، ئەو ماددەیە لێرە زەروریە هاتووە، بەڵێ کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێکەڵی هەیە بەنسبەت ئەو مەشاریع و ئەوانەی کە بەپێی قانونی مەجلیسی وەزەرای ژمارە (89) ئەوە تەمەتوع بەو مەزایاو حەوافیزی ئەو قانونە ناکەن، بەلأم ئەوانەی بە قەراری مەجلیسی وەزەرای ئیدارەی هەولێری پێشوو ئەوانە تەمەتوعی پێ دەکەن، لێرە دەڵێ مەرجە عدم تەمەتوع بێت، دەڵێ (يتمتع بالاعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون) ئەو مەشاریعانەی کە لەئیدارەی هەولێر قائیمن، لەماددەی بیست جیاوازییەك هەیە دەڵێ (في هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## احكام ختامية

**المادة الحادية والعشرون:**

أ-يلغى قرار رئاسة مجلس الوزراء/ادارة السليمانية المرقم (89) لسنة 2004 الخاص بتشجيع الاستثمار في اقليم كوردستان و تحل هيئة تشجيع الاستثمار وتشكيلاتها المؤلفة بموجب المادة (السادسة عشرة) من القرار المذكور وتؤول حقوقها والتزاماتها وممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة كافة الى هيئة الاستثمار التي تشكل بموجب احكام هذا القانون.

ب-اعتبار جميع المشاريع الاستثمارية التي رخصت من قبل هيئة تشجيع الاستثمار المنحلة بموجب الفقرة (اولا) اعلاه والمشاريع الاستثمارية القانونية وتستمر في التمتع بالامتيازات و الحوافز الممنوحة لها بموجب القرار الملغي.

ج-تحال جميع المشاريع الاخرى في طور الدراسة والتقييم والتي لم يصدر بعد قرار نهائي من الهيئة الملغية باعتبارها مشاريع استثمارية الى هيئة الاستثمار المؤلفة بموجب احكام هذا القانون وتستمر الدوائر المختصة في الهيئة باكمال الاجراءات التي اتخذت من قبل الهيئة الملغية.

د-يتمتع المستثمر بحسب هذا القانون بمباديء المساواة وسرية المعلومات الفنية والاقتصادية الخاصة بالمشروع و حفظ المبادرات الاستثمارية وذلك طبقا لاحكام القوانين والانظمة و التعليمات المعمول بها في الاقليم، ويعاقب كل من يفشي اية معلومات تكون بحوزته و بحكم وظيفته و تتعلق بالمبادرة الاستثمارية و الجوانب الفنية او الاقتصادية او المالية للمشروع.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی سێیەم**

**حوكمە كۆتاییەكان**

**ماددەی نۆزدەم:**

**1-بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ئیدارەی سلێمانی ژمارە (89)ی ساڵی 2004 تایبەت بە هاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمی كوردستاندا هەڵدەوەشێندرێتەوە, وەدەستەی هاندانی وەبەرهێنان و دامەزراوەكانی كە بەپێی مادده (16)ی بڕیارەكە دامەزراوە هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەموو ماف و پابەندی و سامانەكانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی, دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.**

**2-هەموو پرۆژەكانی وەبەرهێنان كە لەلایەن دەستەی هاندانی وەبەرهێنانی هەڵوەشایەوە رێپێدراون بەپێی بڕگە (1)ی سەرەوە, بەپرۆژەی وەبەرهێنانی یاسایی دادەنرێن و بەردەوام دەبن لەسوودمەندبوون لەو ئیمتیازات و هاندانانەی كە بەپێی بڕیاری هەڵوەشایەوە پێیان دراون.**

**3-هەموو ئەو پرۆژانەی دیكەی كە لەژێر تێڕوانین و هەڵسەنگاندن دان ئەوانەی تاكو ئێستا بڕیاری كۆتاییان لەدەستەی هەڵوەشایەوە بۆ دەرنەچووە وەك پرۆژەی وەبەرهێنان, دەگوازرێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان, كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە پێكهاتووە, فەرمانگە تایبەتمەندەكانی دەستەش بەردەوام دەبن لەو رێكارانەی كە لەلایەن دەستەی هەڵوەشایەوە وەرگیراون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدان, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرزبكاتەوە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, فەرموو ماددەی تر بخوێنەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة (22):**

**للهيئة ان تقرر بان يتمتع بالاعفاءات والمزايا الواردة في هذا القانون أي مشروع قائم جرت الموافقة على اعتباره مشروعا استثماريا بموجب احكام هذا القانون او بمقتضى احكام القوانين والقرارات التشريعية النافذة قبل صدوره شريطة عدم تمتعه بالاعفاءات و المزايا في ظل القوانين والقرارات السابقة.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة العشرون:**

**من مقترح اللجنة القانونية:**

**يتمتع بالاعفاءات و المزايا الواردة في هذا القانون اي مشروع قائم جرت الموافقة على اعتباره مشروعا استثماريا بموجب احكام هذا القانون او بمقتضى احكام القوانين والقرارات التشريعية النافذة قبل صدوره شريطة عدم تمتعه بالاعفاءات والمزايا في ظل القوانين والقرارات السابقة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست:**

**هەر پرۆژەیەكی ئێستا هەیە و بە پرۆژەیەكی وەبەرهێنان داندراوە, بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە, یان بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسا و بڕیارە تەشریعیە كارایانەی پێش دەرچوونی ئەو یاسایە دامەزراوە, سوودمەند دەبێت لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی لەم یاسایەدا هاتوون, بەمەرجێك لەسایەی یاساو بڕیارەكانی پێشوو سوودمەند نەبووبێت.**

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی نەصەکەین بەنسبەت ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەحقیقەت پێش ئەوەی دەست بکەین بە موناقەشە و لەگەڵ کاک فرست و کاک کمالیش موناقەشەمان کرد, ئەو ماددەیە پێم وایە زیادە, چونکە ئیشکالیەتێك دەخاتە رووەوە, هەرچ مەشروعێك پێش ئەو قانونە, قانونی ئیستیسماری سلێمانی وقانونی هەولێری لەگەڵ بێت, ئەو ماددەیە ئیشکال دەخاتە ناوەوە, لەبەر ئەوەی ئەگەر حکومەت مانعی نییە هەر ئیلغای دەکەین, چونکە پرۆژە هەیە دوو شت دەیگرێتەوە یان قانونی ئیستیسماری سلێمانی یان قانونی هەولێر, بەڵێ موافقن بۆ ئەوە, کێ لەگەڵە شەتبی بکەین دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ مانەوەیەتی؟ بەتێکڕای دەنگ ئیلغا بۆوە.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ, بەلاَم موشکیلەی هەولێر حەل نابێت, ئێمە لێرە دەڵێین (تعتبر جميع المشاريع الاستثمارية التي اجيزت من قبل هيئة تشجيع الاستثمارية المؤلفة بموجب القرار الملغي) ئەدی ئەو مەشاریعانەی هەولێر جێبەجێ کراوە, ئەوانە چۆن دەبێت, دەبێت تەشجیع ئیستیسمارەکە بکەین (بموجب القوانين النافذة سواء كان في ادارة اربيل او في ادارة سليمانية).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئیزافەیەکی بۆ بکەین لەدووم (تعتبر جميع المشاريع الاستثمارية التي اجيزت من قبل هيئة تشجيع الاستثمارية المؤلفة بموجب القرار الملغي المشار اليه في الفقرة (اولا) اعلاه والمشاريع الاستثمارية التى اجيزت من قبل هيئة ادارة اربيل) ئەوەندە ئیزافە بکرێت, دەبێ دەنگ بۆ ئەو ئیزافەیە بدەین, کێ لەگەڵ ئەو ئیزافەیە؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی بیست و یەك کاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکاتە مادده بیست وسێ لە ئەصڵی مەشروع.

المادة 23:

أ-المساس بالضمانات او الاعفاءات و الحقوق المقررة بموجب احكام هذا القانون.

ب-الالغاء بأثر رجعي لاي ضمانات او حق اعفاء يكون قد منح لاي مشروع مسجل وفقا لاحكام هذا القانون قبل سريان التعديل.

ت-تستثنى من ذلك اية توسعات في استثمار قائم تتم بعد سريان التعديل.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مقترح اللجنة القانونية

المادة الحادية والعشرون:

لايترتب على أي تعديل لهذا القانون:

أ-المساس بالضمانات او الاعفاءات و الحقوق المقررة بموجب احكام هذا القانون.

ب-الالغاء باثر رجعي لاي ضمانات او حق اعفاء يكون قد منح لاي مشروع مسجل وفقا لاحكام هذا القانون قبل سريان التعديل.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك: هیچ هەموار کردنێکی ئەم یاسایە کار ناکاتە سەر:

1-ئەو دەستەبەری و لێبوردن ومافانە بەپێی ئەم یاسایە دیارکراون.

2-هەڵوەشاندنەوەی هەر دەستەبەریەك, مافێك یان بەخشینێك كە بەهەر پرۆژەیەكی تۆمار كراو درابێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە پێش دەستپێكی جێبەجێ كردنی هەموار كردنەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا من پێم وایە ئەوەش وەكو بڕگەكەی پێشوو زیادە, بەراستی چونكە لەماددەی پێشوو ئەو سێ خاڵە زۆر وازیحە, ئەو نوقتەیەش دەگرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە تەنیا تەئكیدە لەبۆ ئەو حەقی موكتەسبەی بەموجەبی قەوانینی نافز, قانونی تەشجیعی ئیستیسماری سلێمانی لەگەڵ ئەوەی هەولێر تەئكیدە, ئەگەر تێیدا بێ و ئەگەر تێیدا نەبێ ئەوە تەمەتوعی هەر دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر حكومەت موافیقە, ئێمە ئیقتراح دەكەین ئەو ماددەیەی بیست وسێ یەلای ئێوە تیكرارە لەبۆ ماددە بیست و یەكەكە, تێیدا نەبێت باشترە, چونكە تیكرارە, تەبعەن ئەسەری رەجعی نییە هیچ قانونێك, من دەیخەمە دەنگەوە ئەوەش ئیلغا بكەین, كێ لەگەڵ مانەوەیەتی؟ بەتێكڕای دەنگ ئەوەش ئیلغا بۆوە. ئەگەر نەصێك نەبێت قانونی جەزائی ئەسەر رەجعی نییە, قەوانینی تر ئەگەر ئەسەری رەجعی نەبێت بڵێت بە ئەسەری رەجعی نییە, تەنیا دەبێ وەكو ئەوە لە قانون نەصێك هەبێت بڵێ ئەو قانونە لە فلان تاریخی پێشتر جێبەجێ دەكرێ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) نائاسایی**

**دووشەممە رێکەوتی10\7\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( 1 )ی نائاسایی
## دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/7/10

کاتژمێر (11,7)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2006/7/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە یەکی مادده شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, و بەپێی برگە یەکی مادده بیستی پەیڕەوەکە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی, بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە کاتی (11,7)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2006/7/10 دا ساز بدرێت , بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی وەزارەتە تازە دامەزراوەکان (وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی بازرگانی, وەزارەتی گواستنەوە, وەزارەتی کارەبا, وەزارەتی پیشەسازی, وەزارەتی گەیاندن, وەزارەتی ژینگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- پێشوازی کردن لە بەڕێز جواد مالکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی یەکگرتوو, لەگەڵ وتاری بەڕێزیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی (1)ی نائاسایی دەست پێ دەکەین, بەخوێندنەوەی بەرنامەی کار:

پشت بەستن بە برگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەکە و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی, بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کات (11,7)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/7/10دا ساز بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی وەزارەتە تازە دامەزراوەکان (وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی بازرگانی, وەزارەتی گواستنەوە, وەزارەتی کارەبا, وەزارەتی پیشەسازی, وەزارەتی گەیاندن, وەزارەتی ژینگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- پێشوازی کردن لە بەڕێز جواد مالکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی یەکگرتوو, لەگەڵ وتاری بەڕێزیان.

لە سەرەتا کاك فەرسەت سکرتێری پەرلەمان غائیبە, بەپێی یاسا دەبێت سکرتێرمان هەبێت, من جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە, مەسەلەی هەڵبژاردنی سکرتێر لەسەر ئەساسی ژمارەی فراکسیۆن و هەڵبژاردن نییە, هەروەکو کاتی خۆشی کاك فەرسەتمان هەڵبژارد لەبەر ئەوەی خیبرەی هەیە چواردە ساڵ, سیازدە ساڵ, پێشتر هەر سکرتێری پەرلەمان بووە, کارێکی فەنییە, کە ئەویش غائیب دەبێتن, چەند جار کاك شێروانمان هەڵبژارد, دیسان تەئکید دەکەینەوە کە ئەو مەسائیلە لەسەر هەڵبژاردنی ڕێژەی فراکسیۆن و حزبەکان نییە, بەڵکو لەسەر ئەساسی خیبرەیە, کاك شێروانیش بە حوکمی ئەوەی مەسئوولی لیژنەی یاساییە, ئەو خیبرەیەی کە هەیەتی وەکو کاك فەرسەت وایە, بۆیە من دیسان داواتان لێ دەکەم ڕەزامەندی بفەرموون بۆ هەڵبژاردنی کاك شێروان بۆ ئەوەی بەو ئیشانە ڕاپەڕێت, ئەوەی موافیقە دەستی

بەرز بكاتەوە, زۆر سوپاس, ئەوەی لەگەڵ نییە, زۆر سوپاس, فەرموو كاك شێروان, دیارە كاك فەرسەت لەبەر ئەوەی نەخۆشە, پێویستی بەوە بوو بۆ عیلاج رۆیشتووە, دیارە ئەمڕۆ ئێمە جگە لە بەرنامەی كاردا, بڕیار وایە لە هەر ساتێكدا بەڕێز نوری جەواد مالكی بەسەردانێك بگاتە هەولێر و خۆشی داوای كردووە بێتە ئێرەو وتارێك پێشكەشتان بكات, وەفدێكی یاوەری لەگەڵ دایە چەند وەزیرێكی گرنگن فەرسەتێكە بۆ پەرلەمان و بۆ گەلی كوردستان, گوێی لێ رابگرین و گفتوگۆی لەگەڵ دەكرێتن لە مستەوای ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی هەرێم و خواستەكانی گەلەكەمان پێ رادەگەیەنین, گوێ لە راوبۆچوونی ئەویش رادەگرین, جا ئێستا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر بەنامەكەمان, بەلاَم كاتێك كە هاتە ئێرە بەرنامەكەمان رادەگرین, مەراسیمی وتارەكەی دەست پێ دەكات, كاتێك كەی رۆیشت ئیتیفاق دەكەین, یان موباشەرەتەن, یان پاشی ئەو, یان ئێوارە سەعاتێك دادەنێین, بۆ ئەوەی بەرنامەی خۆمان تەواو بكەین, ئەگەر تەواویشمان كرد پێ هاتنی ئەو, ئەوە خێر عەلا خێر, داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە جێگای خۆیان دابنیشن, كە هات تەعویزی دەكەینەوە.

بڕگەی یەكەم لە بەرنامەی كار:

-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسایی وەزارەتە تازە دامەزراوەكان (وەزارەتی كاروباری دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی بازرگانی, وەزارەتی گواستنەوە, وەزارەتی كارەبا, وەزارەتی پیشەسازی, وەزارەتی گەیاندن, وەزارەتی ژینگە.

فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسایی وەزارەتی كاروباری دەرەوە هەرێم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەندامانی لیژنە بەپێی زنجیرەی پرۆژەكان خوێندنەوەكان دەست پێ دەكەین, لە لایەن كاك دلێرەوە پرۆژەی یاسای دەرەوەی هەرێم با بفەرمووێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەس ئیجازە هەبێتن, ئەو پرۆژانە وا بزانم بە عەرەبیە, بۆیە ئێمە خستمانە ئەمڕۆ, ماوەیەكی باشمان لە پێشە, لەو ماوەیەدا زوو تەرجوومەی دەكەین بۆ كوردی, بۆ ئەوەی مەجالیان هەبێت و دیراسەی بكەن, ئەندامەكان دیراسەی بكەن, لە ماوەیەكدا كەی زانیمان لیژنەكانی پەیوەندیدار راپۆرتیان حازر كردووەو ئامادەن, یان كۆبوونەوەیەكی نائاسایی دەكەین, بۆ ئەوەی پرۆژەكە وەكو یاساكە دەربچێت, یانیش ئەگەر دواكەوت, ئەوە لە مانگی ئەیلوولدا تەواو دەكەین, فەرموون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## قانون رقم ( ) لسنة 2006

### *قانون وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان*

المادة الاولى:يقصد بالتعابير التالية المعاني المدرجة ازاءها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة المناطق خارج اقليم كوردستان.

3-الوزير:وزير شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

5-المناطق المقتطعة من كوردستان:جميع المناطق التي تعرضت الى الصهر القومي وسياسة التعريب والترحيل القسري وتغيير الهوية القومية وبسببها فصلت عن كوردستان.

المادة الثانية:

6-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وممارسة الاشراف والرقابة على فعالياتها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

7-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير.

المادة الثالثة:تتولى الوزارة المهام التالية:

1-اعادة ربط المناطق المتقطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

2-التنسيق في السلطات والوزارات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق اقليم كوردستان واعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان وفقا للدستور.

3-التنسيق مع الاقاليم الاخرى في العراق.

4-تمثيل حكومة الاقليم في المناسبات القومية والوطنية خارج الاقليم.

5-دعم الجاليات الكوردستانية لبناء اواصر المحبة والتعاون وربطهم بوطنهم الام.

6-تشجيع العلاقات الثقافية والتجارية والاقتصادية بين الاقليم والاقاليم الاخرى.

7-تشجيع الثقافة الكوردستانية في العالم وربط العلاقات مع الكوردستانيين في خارج الاقليم.

8-تنظيم امور الهجرة ومتابعة شؤون المهجرين.

9-التنسيق مع الحكومة الاتحادية في قضايا الاتفاقات الدولية التي تكون للاقليم طرف فيها.

10-تمثيل حكومة الاقليم في قضايا الاتفاقات الدولية التي تقوم بها الحكومة الاتحادية.

11-الاشراف على ممثليات حكومة اقليم كوردستان وتوجيه ممثلي الحكومة بما يخدم سياستها والتوصية بفتح ممثليات جديدة في دول العالم حسب الحاجة لذلك.

المادة الرابعة:

تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

1-مكتب الوزير:يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.

2-مكتب الوكيل:يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.

3-المستشارون على ان لا يزيد عددهم عن (5) خمسة.

4-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

5-المديرية العامة للهجرة والمهجرين.

6-المديرية العامة للعلاقات والتنسيق.

7-المديرية العامة للمناطق المقتطعة من الاقليم.

المادة الخامسة:

تحدد تشكيلات الوزارة بنظام.

المادة السادسة:

للوزير استحداث او دمج او حذف المديريات ضمن تشكيلات وزارته.

المادة السابعة:

على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة:

يلغى اي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

ينشر في جريدة وقائع كوردستان ويعمل به من تاريخ نشره.

**الاسباب الموجبة**

لما كانت الكثير من المناطق, من الاقضية والنواحي فصلها النظام السابع من حدود كوردستان الادارية وقام بتغيير هويتها دون مسوغ قانوني وطبقاً لدستور جمهورية العراق الفيدرالي الذي كفل معالجة هذا الموضوع وضمان حق شعب كوردستان على اراضيه المتنازع عليها حيث اوجب الدستور وجوب السلطة التنفيذية في الحكومة الفيدرالية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية, بكل فقراتها ولما كانت المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية. والمنصوص عليها في المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية, تمتد وتستمر الى السلطة التنفيذية المنتجة بموجب هذا الدستور, على ان تنجز كاملة (التطبيع, وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها, لتحديد ارادة مواطنيها) في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنة الفين وسبعة ولما كان برنامج الحكومة الفيدرالية قد وضع خارطة الطريق لحل المشكلات المتعلقة بشؤون المناطق خارج الاقليم, ولغرض ضمان حقوق اقليم كوردستان على اراضيه واعادة المناطق المستقطعة والخارجة عن هذه الحدود, ولغرض دعم الجالية الكوردستانية وبناء اواصر المحبة بينها ولتشجيع ودعم الثقافة الكوردستانية في العالم والاشراف على شؤون الجالية المذكورة من خلال الممثليات الحكومية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایە ئەو لیژنانەی خوارەوە دیراسەتی بکەن و ڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەن, لیژنەی یاسایی, لیژنەی (58), لیژنەی پەیوەندیەکان, فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون وزارة التجارة**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير المعاني المبينة ازاءها:**

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة التجارة.

3-الوزير:وزير التجارة.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة التجارة.

**المادة الثانية:**

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الوزارة في تنمية وتعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري في حدود الاصلاح الاقتصادي الشامل, بما يعمل على الاستغلال الامثل للموارد والقدرات والامكانات المتاحة, بما فيها تقديم المقترحات السياسية والاقتصادية والتجارية وفق توجهات التنمية والتوازن الاقتصادي والاجتماعي في الاقليم.

**المادة الثالثة:**

تتولى الوزارة المهام التالية:

1-تنظيم النشاط التجاري الداخلي والخارجي للقطاعات التابعة لحكومة اقليم كوردستان.

2-تشجيع القطاع الخاص والمختلط بما يخدم سهولة حركة انتقال عناصر الانتاج بين مدن الاقليم وخارجه.

3-المساهمة في تنظيم علاقات اقليم كوردستان مع الدول والمنظمات والشركات التجارية ذات الطابع التجاري والاقتصادي بما يخدم شعب كوردستان.

4-تشجيع توظيف رؤوس الاموال الوطنية, وجذب رؤوس الاموال الاجنبية لضمان تشجيع الاستثمارات في الاقليم وتنميتها في القطاعات المختلفة, وتوفير المناخ الملائم لها.

5-تطوير وتعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري للقطاع الخاص بشكل يمكنه من اداء دوره في تحقيق توجهات التنمية الاقتصادية والتجارية, وبالتنسيق مع القطاعات الاقتصادية.

6-العمل على معالجة الوضع القانوني والاقتصادي للشركات القائمة التابعة للوزارة ضمن اختصاص حكومة الاقليم في رسم السياسة الاقتصادية والتجارية الداخلية, وايجاد اليات تنفيذ تتلائم ومتطلبات تطبيق تلك السياسات.

7-عقد الاتفاقات الاقليمية والدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية والتجارية الداخلية والخارجية, بما يخدم ويعزز النشاطين الاقتصادي والتجاري في الاقليم.

8-ضمان مساهمة الاقليم في مفاوضات وابرام الاتفاقيات والعقود الدولية ذات الطابع الاقتصادي والتجاري ضمن مفاوضات السلطة الاتحادية في تلك الاتفاقيات والعقود وفقا للقوانين النافذة.

9-التنسيق مع كافة الوزارات في الاقليم بما يخدم تعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري.

10-تولي مهمة تسجيل ورقابة نشاط الشركات المحلية والاجنبية وفروعها والوكالات التجارية.

11-توجيه السياسة التجارية لتفعيل الانشطة الانتاجية لتشجيع التصدير بما يتلائم الاوضاع الاقتصادية السائدة.

12-تشجيع وتوفير الدعم للقطاع الخاص وتشجيعه لاقامة وتنظيم المعارض داخل الاقليم والتهيئة للمشاركة في المعارض الدولية.

المادة الرابعة:

تتشكل الوزارة من:

اولا:الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر لشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا:وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة الجامعية الاولية.

ثالثا:مكتب الوزير:يرأسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعا:مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامسا:المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

سادسا:المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية وتتألف من:

أ-مديرية الافراد.

ب-مديرية الادارة.

ج-مديرية الشؤون المالية.

د-مديرية الرقابة والتدقيق الداخلي.

هـ-مديرية الشؤون القانونية.

و-مديرية التخطيط والمتابعة.

سابعا:المديرية العامة لتسجيل الشركات.

ثامنا:المديرية العامة للتجارة.

المادة الخامسة:

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل و خارج الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليه للمدة التي تراها مناسبا وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير وبعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

المادة السادسة:

يحدد مهام اعمال وتشكيلات الوزارة بنظام.

المادة السابعة: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من الدوائر او الاقسام او المنصوص عليها في هذا القانون وفقا لمتطلبات عمل الوزارة.

المادة الثامنة:لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة:على الوزارات تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة:ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش پێویستە لەسەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئابووری دیراسەتی بکەن, تاکو راپۆرتیان هەبێت, دیارە (اسباب الموجبە)ی تێدا نییە, (اسباب الموجبە) دوایێ بۆی زیاد دەکەین, بەلاّم ئەو ئەسبابی موجیبە وەکو دوو کەلیمە بلێین لەبەر ئەو وەزارەتە دامەزراوە, دەبێت ئەم پرۆژەیە بخرێتە بەردەم ئێوەو ئیقراری بکەین, فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**قانون وزاره النقل لاقليم كوردستان**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير المعاني المبينة ازائها:

الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

مجلس الوزراء:مجلس الوزراء الاقليم.

الوزارة: وزارة النقل

الوزير:وزير النقل.

الوكيل: وكيل الوزارة

سلطات الوزارة:الوزارة هي المسؤولة عن جميع شؤون النقل بانواعها في الاقليم.

النقل البري:نقل المسافرين والركاب والبضائع داخل المدن وبين مدن الاقليم وخارجها وكذلك خارج العراق بواسطة السيارات والقطارات.

النقل الجوي:نقل المسافرين والبضائع بين مطارات الاقليم والعراق وخارجها.

الكراج:منطقة محددة من الارض مشيدة عليها مشيدات ومسقفات لغرض تسهيل عمليات نقل المسافرين داخل وبين المدن وخارجها.

المطار الدولي:مطار تعينه حكومة الاقليم في اقليمها للحركة الجوية دخولا وخروجا وتتخذ الاجراءات المتعلقة بالكمارك والهجرة والصحة والحجر الصحي للحيوانات والنباتات وغيرها من الاجراءات المتشابهة.

المطار:مساحة محددة على سطح الارض او الماء بما فيها من مباني ومنشات ومعدات مخصصة كليا او جزئيا لوصول ومغامرات وتحرك الطائرات.

المادة الثانية:

اهداف الوزارة:

1-انشاء شبكات السكك الحديدية وربطها مع مدن العراق وخارجها وتأمين كافة مستلزماتها من الابنية.

2-تنظيم قطاعات النقل البري والجوي.

3-الاشراف على كراجات نقل المسافرين والبضائع.

4-تنظيم وادارة الاجواء والمطارات المدنية.

5-توفير متطلبات ادارة الحركة الجوية بما يؤمن من سلامتها وانسيابها بشكل سريع ومنظم.

6-انشاء المطارات والاشراف عليها وفق السياقات الدولية المعتمدة من منظمة (ICAO).

7-وضع السياسة العامة للنقل والاشراف على تنفيذها والتعاون مع الجهات ذات العلاقة.

8-تحسين مستوى اداء النقل ومنح التراخيص باستثناء النقل السياحي وفقا لضوابط تصدرها الوزارة.

9-انشاء وتوسيع واشراف محطات الانواء الجوية في عموم الاقليم.

10-المساهمة في حماية البيئة مع الجهات ذات العلاقة.

11-تشجيع المنافسة وتقدير قدرته التنافسية عن طريق الشركات والقطاع الخاص بما يخدم المصلحة العامة.

12-وضع جميع التعليمات اللازمة لضمان وتشغيل المطارات وفق السياقات المتبعة والمعمول بها دوليا.

13-تحسين مستوى اداء النقل الجوي وايجاد افضل البدائل والسبل لهذا الغرض.

14-منح تراخيص لشركات الخطوط الجوية للعمل في الاقليم لهذا الغرض.

15-احترام تطبيق جميع الاتفاقيات الدولية ذات الصلة بالنقل الجوي والبري.

16-زيادة نشاط محطات الانواء الجوية والرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية وتوفير الاجهزة والمعدات اللازمة.

**المادة الثالثة:**

اولا:الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا:وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.

ثالثأ:المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

**المادة الرابعة:**

**المجلس الاستشاري**

يتألف المجلس الاستشاري للوزارة من:

1-الوزير:رئيسا

2-وكيل الوزارة:نائب الرئيس.

3-رئيس مؤسسة المطار الدولي في اربيل:عضوا.

4-رئيس مؤسسة المطار الدولي في السليمانية:عضوا.

5-المدراء العامين في الوزارة:عضوا.

6-مستشارين وخبراء في مجال النقل اعضاء على ان لا يزيد عددهم عن اربعة:عضوا.

7-مدير الشؤون القانونية:عضوا.

8-خبراء ومستشارين من خارج الوزارة التي يراه المجلس حضورهم ضروري وليس لهم حق التصويت:الاعضاء.

**المادة الخامسة:**

صلاحيات المجلس:

1-رسم واقرار السياسة العامة السنوية والمرحلية وبفيد المدى الوزارة.

2-اعداد الميزانية السنوية والحسابات الختامية للوزارة ورفعها الى الجهات المختصة.

3-ابرام الاتفاقات والعقود في مجال النقل مع الشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بعد استحصال موافقة الجهات المعنية.

4-اقرار خطة تطوير عمل الوزارة.

5-تنفيذ مشاريع النقل مع الشركات المحلية وفق المعايير المعتمدة.

6-استحداث ودمج والغاء مديريات واقسام عند الاقتضاء.

**المادة السادسة:**

يجتمع المجلس مرة واحدة كل شهر على الاقل وكلما دعت الحاجة وبدعوة من الوزير ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء وتتخذ القرارات باكثر الاصوات وعند التساوي يرجح الجانب الذي فيه الوزير.

المادة السابعة:

تشكيلات الوزارة:

اولا:تتألف الوزارة من:

1-مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3-دائرة الشؤون الادارية والمالية:يراسها موظف بدرجة مدير عام ذو الخبرة والاختصاص حاصل على الشهادة الجامعية الاولية.

4-دائرة شؤون النقل البري والسكك الحديدية:ويراسها موظف بدرجة مدير عام ذو الخبرة والاختصاص وله شهادة جامعية اولية.

5-دائرة الانواء الجوية والمرصد الزلزالي: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية.

6-مؤسسة المطار الدولي في اربيل:ويراسها موظف بدرجة وكيل وزارة حاصل على شهادة الجامعية الاولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

7-مؤسسة المطار الدولي في السليمانية:ويراسها موظف بدرجة وكيل وزارة حاصل على شهادة الجامعية اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

المادة الثامنة:

تحديد تشكيلات ومهام الوزارة بنظام.

المادة التاسعة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون وعلى مجلس الوزراء تنفيذ احكامه.

المادة الحادية عشرة:

على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین, لیژنەی گواستنەوەمان نییە لە هەرێمی کوردستان دایدەنێین, بەلآم پێم وایە نزیکترین لیژنە بەو کارە هەڵبستێت لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە, ئەگەر شارەوانیش, راستە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە پێکەوە, سوپاس, فەرموو بۆ پرۆژەی وەزارەتێکی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون وزارة الكهرباء لاقليم كوردستان العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة الكهرباء للاقليم.

3-الوزير:وزير الكهرباء للاقليم.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة الكهرباء.

5-المجلس:المجلس الاستشاري للوزارة.

المادة الثانية:

تتولى الوزارة المهام التالية:

اولا:توليد وتأمين الطاقة الكهربائية وتوزيعها.

ثانيا:تشغيل وصيانة محطات التوليد وشبكات النقل والتوزيع.

ثالثا:المساهمة في دعم الاقتصاد الوطني في مجال انتاج ونقل الطاقة وايصالها للمشتركين بجميع اصنافهم والسيطرة على المنظومة الكهربائية وجباية اجورها ورفع مستوى الاداء بهدف التعجيل في عملية التنمية الاقتصادية والاجتماعية والثقافية في كافة ارجاء الاقليم من خلال انشاء محطات توليد جديدة لتامين الحاجة الحالية والمستقبلية للطاقة الكهربائية اضافة الى انشاء وتطوير وتوسيع شبكات النقل والتوزيع لتتلائم مع متطالبات زيادات الاحمال ورفع درجة الوثوقية وضمان ايصال التيار الكهربائي الى المشتركين بموجب المواصفات القياسية المطلوبة.

رابعا:اعداد الخطط السنوية وبعيدة المدى في قطاع الكهرباء والاشراف على تنفيذ الخطط المقررة وتقويم نتائج التنفيذ.

خامسا:اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية لمشاريع الوزارة واقتراح ادراجها ضمن خطط الوزارة وتنفيذ المشاريع المقررة مع مراعاة سلامة البيئة.

سادسا:العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الاجنبية في القطاعات ذات العلاقة باعمال الوزارة.

سابعا:التنسيق والتكامل مع الوزارات الاتحادية.

المادة الثالثة:

اولا:الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر لشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا:وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية الاولية.

المادة الرابعة:

تتألف الوزارة من:

1-مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية الاولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية الاولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3- المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

4-المديرية العامة للتخطيط وتنفيذ المشاريع الكهربائية:ويراسها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية بدرجة مدير عام.

5-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وتتألف من:

1-مديرية الافراد.

2-مديرية الشؤون المالية.

3-مديرية الشؤون القانونية.

4-مديرية الادارة.

6- المديرية العامة لتوليد ونقل الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وتتألف من:

أ-مديرية توليد الطاقة.

ب-مديرية نقل الطاقة.

7- المديرية العامة لتوزيع الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

8- المديرية العامة للسيطرة والاتصالات: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

9- المديرية العامة لكهرباء اربيل: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

10- المديرية العامة لكهرباء السليمانية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

11- المديرية العامة لكهرباء دهوك: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص.

المادة الخامسة:

اولا: يؤلف المجلس الاستشاري للوزارة من:

-الوزير/الرئيس

2-وكيل الوزارة/نائب الرئيس.

3-ممثل وزارة المالية والاقتصاد على ان لا يقل درجته عن مدير عام/عضواً.

4-ممثل وزارة الموارد الطبيعية/عضواً.

5-ممثل وزارة المواد المائية/عضواً.

6-مستشارون/على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة/عضواً.

7- المدراء العامون.

8- اي خبير اختصاصي يختاره الوزير من داخل الوزارة او خارجها/عضواً.

ثانيا:يعقد المجلس الاستشاري اجتماعا (اعتيادياً) كل ثلاثة اشهر على الاقل وكلما دعت الحاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه ويتولى تقديم الاستشارة في الامور الاتية:

1-سياسة توليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية و وضع الخطط الاستراتيجية لها.

2-اعداد الميزانية السنوية للوزارة.

3-تنظيم الاستثمار الاجنبي في مجال الكهرباء.

4-تحدد اجور الكهرباء بقرار من المجلس الاستشاري للوزارة وباقتراح من الوزير.

المادة السادسة:

اولا:تحدد بنظام مهام واختصاص تشكيلات الوزارة.

ثانيا: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثا:للوزير استحداث و دمج او الغاء مديريات واقسام عند الاقتضاء.

المادة السابعة:

للوزارة ابرام العقود الخارجية والداخلية بشأن مشاريع الكهرباء.

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

المادة التاسعة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون وعلى الوزارات تنفيذ احكامه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی دەکەین, بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و راپۆرتیان هەبێت, دیارە هەموو پرۆژەکان پێویستیان بەوە هەیە, کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار بکرێت, بۆ ئەوەی هەر پێشنیارێك زیادی کرد, یان کەمی کرد, یان چاك کردنی, یان تەعابیرەکان غەڵەتە, یاخود زیاد کردنی, یان کەم کردنی پێویست بە کۆبوونەوە دەکات, ئەوەی تریش بخوێنینەوە, بەلأم هەر لەحزەیەك مێوانەکان هاتن بەرنامەکانمان رادەگرین, بۆ ئەوەی پێشوازی لە مێوانەکان بکەین, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش لەگەڵ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای پیشەسازی.

**قانون وزارة الصناعة المقترح**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازائها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة الصناعة.

3-الوزير:وزير الصناعة.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة الصناعة.

5-المجلس:المجلس الاستشاري للوزارة.

المادة الثانية:

تتولى الوزارة توجيه النشاط الصناعي في الاقليم وتطوير وتنمية القطاع الصناعي العام والمختلط والخاص في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية, وتمارس لتحقيق اهدافها ما ياتي:

1-اقتراح سياسة التصنيع و وضع الاهداف والمؤشرات للقطاعات الصناعية في اطار خطط التنمية في الاقليم.

2-اعداد الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى للقطاعات الصناعية.

3-اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع الصناعية واقتراح ادراجها في خطط التنمية في الاقليم.

4-تنفيذ المشاريع الصناعية والخدمية المقررة.

5-الاشراف على انشطة القطاعات الصناعية وتوجيهها وتقويم نتائج تنفيذ خططها كما ونوعا وايجاد الحلول المناسبة لها.

6-اجازة تأسيس المشاريع الصناعية او توسيعها وتغيير اغراضها بعد اعداد دراسة الجدوى الفنية والاقتصادية للمشروع.

7-الرقابة على نوعية المنتجات الصناعية بما يضمن مطابقتها للمواصفات المعتمدة وتقديم الارشادات والتوجيهات بشأن تحسين نوعية هذه المنتجات.

8-تأسيس المجمعات الصناعية والخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم.

9-وضع خطط البحث والتطوير الصناعي للقطاعات الصناعية بما يخدم اهداف خطط التنمية من اجل تحسين نوعية المنتجات والخدمات الصناعية وتطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفها وادخال تقنيات جديدة.

10-اتخاذ الاجراءات الخاصة بحماية البيئة ودراسة مشاكل تلوثها بالتنسيق مع وزارة البيئة في الاقليم وايجاد الحلول لها بقدر تعلق الامر بأنشطة الوزارة.

11-تنمية وتطوير القوى العاملة في الوزارة من خلال الدورات التدريبية والتعاون مع الجامعات والمعاهد الفنية والمراكز والمؤسسات المتخصصة ذات العلاقة داخل وخارج الاقليم.

12-تطوير انظمة عمل الادارات الصناعية بأنشطتها المختلفة ومتابعة تطبيقها.

13-ادارة قاعدة معلومات للمعرفة العلمية والتكنولوجية والمواصفات الفنية المتعلقة بمختلف انشطة الوزارة.

14-متابعة تنفيذ الظوابط والتعليمات الخاصة بالسلامة الصناعية المهنية في العامل.

15-تشجيع تصدير المنتجات الصناعية الوطنية.

16-للوزارة الحق في المشاركة في المعارض الصناعية داخل وخارج الاقليم.

17-التعاقد مع الخبراء الاجانب والشركات والمؤسسات الصناعية والمتخصصة للعمل في دوائر ومعامل الوزارة بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

18-التعاون والتنسيق مع مراكز البحوث العلمية والتكنولوجية الدولية والمكاتب الاستشارية لتطوير عمل الوزارة بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

المادة الثالثة:

1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.

3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

المادة الرابعة:

تتكون تشكيلات الوزارة مما ياتي:

1-مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1-مديرية الشؤون الادارية.

2-مديرية الافراد.

3-مديرية الشؤون القانونية.

4-مديرية المالية.

5-مديرية الاعلام والعلاقات.

6-مديرية الرقابة وتدقيق الداخلي.

4-المديرية العامة للتخطيط والمتابعة:

ويراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

أ-مديرية الشؤون الفنية.

ب- مديرية المشاريع والاستثمارات.

ج-مديرية تخصيصات الخطة والكلفة.

د-مديرية مركز المعلومات والمعرفة العلمية.

5- المديرية العامة للصناعة:

يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

أ-مديرية المعامل الحكومية.

ب-مديرية المعامل الاهلية.

ج-مديرية السيطرة النوعية.

د-مدير الشؤون التجارية.

المادة الخامسة:

اولا/المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:

1-الوزير:رئيساً

2-وكيل الوزارة/نائباً.

3-مستشاريين/اعضاء.

4- المدراء العامين/اعضاء.

5-اي موظف اخر يراه الوزير مناسبا/عضواً.

ثانيا:يعقد المجلس الاستشاري للوزارة اجتماعاً اعتيادياً شهرياً او كلما دعت الحاجة, ولا ينعقد المجلس الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه, ويتولى تقديم الاستشارة في الامور التالية:

1-ستراتيجية التصنيع و وضع الخطط لها وفق سياسة التنمية الاقتصادية في الاقليم.

2-تنسيق العمل بين المديريات العامة للصناعة وتوحيد اساليبه في القضايا المشتركة بينها واقتراح التعليمات وتقديم التوصيات بهذا الشأن.

ثالثا: استحداث او الغاء او دمج مديريات ضمن المديريات العامة.

المادة السادسة:

1-للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

2-للوزير منح المخصصات للعاملين وفقا لطبيعة العمل او الموقع الجغرافي او المسؤولية الوظيفية او الخبرة و وفقا للتعليمات.

المادة السابعة:

تحدد مهام وتشكيلات الوزارة بنظام.

المادة الثامنة:

ترتبط مديرية الصناعة في المحافظات بالوزارة.

المادة التاسعة:

لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**الاسباب الموجبة**

نظرا لفك ارتباط دوائر الكهرباء عن وزارة الصناعة والكهرباء واستحداث وزارة الكهرباء, ودمج قطاعي الصناعة في الادارتين (اربيل – السليمانية) في الوزارة الواحدة, ويهدف تنظيم اعمال الوزارة والمديريات العامة التابعة لها, فقد اصبح من الضروري اصدار قانون يحدد مهام واهداف هذه الوزارة والمديريات العامة المرتبطة بها وينظم مهام كل منها ولتحقيق ما تقدم, فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی دەكەین, بۆ ئەوەی دیراسەتی بكەن و راپۆرتیان هەبێت, فەرموو بۆ پرۆژەكەی تر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای وەزارتی گەیاندن.

**قانون وزارة الاتصالات لاقليم كوردستان العراق**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازائها:**

**1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.**

**2-الوزارة:وزارة الاتصالات للاقليم.**

**3-الوزير:وزير الاتصالات للاقليم.**

**4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة الاتصالات للاقليم.**

**5-المجلس:المجلس الاستشاري للاتصالات.**

**المادة الثانية:**

**تهدف الوزارة الى:**

**1-تأمين ادارة وتشغيل وصيانة وتطوير أجهزة البدالات وشبكات خطوط الهاتف السلكية والهاتف النقال و وسائل الاتصالات الاخرى في مدن الاقليم بالسعة الملائمة.**

**2-بناء وتنظيم وتطوير شبكة الاتصالات باستخدام التكنولوجيا الحديثة باستخدام الكيبل الضوئي واجهزة الربط الخارجي بين مدن الاقليم ومحافظات العراق وربطها بالعالم الخارجي وفق الجدوى والحاجة.**

**3-بناء وتنظيم وتطوير مراكز البريد واصدار الطوابع البريدية وتقديم الخدمات البريدية باستخدام انظمة البريد السريع المتطور في مدن الاقليم بحيث تتوفر فيها كافة وسائل الاتصالات البريدية.**

**4-بناء وتنظيم وتطوير الشبكات المعلوماتية والانترنيت في مدن الاقليم.**

**5-تنظيم الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتية والمرئية.**

**6-منح واشراف ومتابعة الاجازات لكافة المرافق الخاصة بالاتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والخارجية بموجب ضوابط وعقود يتم الاتفاق عليها قانونا بين الوزارة والشركات المستثمرة.**

**المادة الثالثة:**

**1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.**

**2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.**

**3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.**

**المادة الرابعة:**

**تتكون تشكيلات مركز الوزارة من:**

**1-مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**3- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:**

**1-مديرية الادارة والذاتية.**

**2-مديرية المالية**

**3- مديرية الرقابة وتدقيق الداخلي.**

**4-مديرية الشؤون القانونية.**

5-مديرية الخدمات.

6-مديرية المخازن.

4-مديرية خدمات البريد والتوفير:

ويرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

5-مكتب التخطيط والمتابعة:

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:

أ-مديرية الشؤون الفنية.

ب- مديرية المباني والتصاميم.

ج-مديرية البحوث والتطوير.

د-مديرية الاحصاء والمعلومات.

6- دائرة الاتصالات:

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:

أ-مديرية المراسلات.

ب-مديرية البدالات.

ج-مديرية الشبكات والتصاميم.

د-مديرية المعلومات (IT).

هـ-مديرية القدرة والتكيف.

و-مديرية الاستيراد والمشتريات.

المادة الخامسة:

اولا/يشكل في الوزارة مجلس استشاري باسم (مجلس الاتصالات) برئاسة الوزير وكالاتي:

1- وكيل الوزارة/نائباً للرئيس.

2-مدير عام الشؤون المالية والادارية/عضواً

3-مدير عام دائرة الاتصالات/عضواً.

4- مدير الشؤون القانونية/عضواً.

5-عضوا واكثر يرشحه الوزير من داخل او خارج الوزارة.

ثانيا:مهمات المجلس:

1-اعداد وصياغة الاهداف العامة لخطط الوزارة على ضوء توجيهات مجلس وزارة الاقليم.

2-مناقشة الخطط الاولية المعدة من قبل مكتب التخطيط والمتابعة على ضوء الخطط المقدمة من قبل التشكيلات التابعة للوزارة واقرارها مبدائيا ومتابعة تنفيذها.

3-اقتراح الخطط العامة للاتصالات وبرامج التشغيل والتسويق والمالية والاقتصاد.

4-مناقشة التقرير الدوري العام للوزارة والذي تعده مكتب التخطيط والمتابعة وبيان مايراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوجيهات.

5-دراسة المشاريع والقوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال واهداف الوزارة وما يراه مناسبا بهذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

6-دراسة كل ما يعرض عليه الوزير من قضايا وبيان الرأي فيها وتقديم المقترحات والتوصيات المناسبة بهذا الشأن.

7-يجتمع المجلس كل ثلاثة اشهر لاتخاذ القرارات اللازمة.

8-استحداث ودمج والغاء مديريات واقسام عند الاقتضاء.

المادة السادسة:

يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

المادة السابعة:

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكامه.

المادة الثامنة:

على الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گەیاندن دەکەین, بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و راپۆرتیان هەبێت, فەرموو بۆ پرۆژەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

**مشروع قانون وزارة البيئة لاقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازائها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة البيئة.

3-الوزير:وزير البيئة.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة البيئة.

5-المجلس:المجلس حماية البيئة.

المادة الثانية:

تهدف الوزارة الى حماية البيئة بالحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال.

المادة الثالثة:

تمارس الوزارة المهام التالية:

1-اقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث والعمل على تحسين توعيتها وتعرض على مجلس الوزراء للمصادقة عليها.

2-اصدار التعليمات الخاصة بالمحددات والضوابط لملوث البيئة ومراقبة سلامة تنفيذها.

3-وضع الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى لحماية البيئة وتحسينها.

4-التعاون والتنسيق بين الوزارات والجهات المعنية بحماية البيئة.

5-اقتراح انضمام الاقليم الى الاتفافيات والمعاهدات والبروتوكولات الاقليمية والدولية المتعلقة بالبيئة ومتابعة تنفيذها مع الجهات المعنية.

6-متابعة سلامة البيئة من خلال اجراء الفحوصات المتعلقة بالملوث البيئية والعوامل المؤثرة في سلامة البيئة بالتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية.

7-اجراء المسوحات البيئية بالتنسيق مع الجهات المعنية.

8-ازالة ومعالجة اثار الاسلحة الكيمياوية والتعاون مع الجهات ذات العلاقة لتنظيف حقول الالغام والمخلفات من الاسلحة والعتاد المسببة للتلوث البيئي.

9-نشر واعداد وتشجيع الدراسات والبحوث الخاصة بحماية وتحسين البيئة.

10-التنسيق والتعاون مع مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي والوزارات الاخرى بخصوص الدراسات والتعاون والبحوث البيئية واستحداث مركز البحوث البيئية في الوزارة.

11-العمل على نشر الوعي والثقافة البيئية وتفعيل دور المجتمع المدني في هذا المجال وبناء القدرات البشرية عن طريق اقامة الندوات والدورات التدريبية الخاصة بحماية البيئة وتشجيعها.

12-دراسة تقارير تقدير الاثر البيئي التي تقدمها الجهات المسؤولة عن المشاريع التي تقام والقائمة حاليا واقرارها او رفضها خلال ثلاثين يوما من تاريخ تقديمها للوزارة.

13-العمل على حماية الطبيعة وانشاء المحميات الطبيعية بالتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية.

14-اتخاذ الوسائل اللازمة لحماية الانسان والبيئة من مخاطر الاشعاع المؤين والتلوث البيئي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەبێت بەرنامەكەمان رابگرین, تاوەكو پێشوازی لە مێوانەكان بكەین, من پێشنیار دەكەم دانیشتنەكەمان بۆ سەعات پێنجی ئێوارە دوابخرێ, چونكە پرۆژەكانمان زۆرن, پاش ئەوەی كە پێشوازییەكە تەواو دەبین, بۆ ئەوەی ئەمرۆكە تەواوی بكەین.

**بەڕێزان.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

رێگام بدەن بەناوی ئێوەوە, بەناوی گەلی كوردستانەوە بەخێرهاتنی گەرمی زۆر بەڕێز مامۆستا نوری مالیكی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وەفدە یاوەرەكەی بكەم, بەئیجازەی ئێوە, بۆ ئەوەی دانیشتنەكەمان زیاتر سوودی هەبێتن بە عەرەبی قسەی بكەم.

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

الصديق العزيز الاستاذ نوري المالكي رئيس وزراء العراق المحترم.

الاستاذ نيچرڤان بارزاني رئيس وزراء اقليم كوردستان المحترم.

الاستاذ د.برهم صالح نائب رئيس وزراء الحكومة الاتحادية المحترم.

الاستاذ عمر فتاح نائب رئيس حكومة اقليم كوردستان المحترم.

السادة الوزراء د.حسين شهرستاني, د.صافي, د.نوري الحريري, د.رافي عيساوي.

ارحب بكم ترحبا حارا في كوردستان, مع تقدير عالي لزيارتكم المهمة وتوقيتها واهميتها, نحن نعتقد ان التواصل بين اقليم كوردستان وبقية اجزاء العراق له اهمية لبناء المستقبل الذي نريده, المستقبل الذي ضحينا كثيرا وناضلنا كثيرا من اجل الوصول اليه, ولازال شعبنا يقدم التضحيات والتضحيات من اجل بناء هذا المستقبل.

اسمحوا لي ان اعرف استاذ نوري المالكي قليلا, ولو انه غني عن التعريف, لكنه كمعرفة شخصية استطيع ان اصفه بكلمتين, او ثلاثة لها دلالات كبيرة, وهو انه رجل صادق, ورجل مناضل, ورجل ضحى كثيرا, و وهب حياته من اجل تحقيق عراق ديمقراطي اتحادي حر, كذلك اخوانه اعضاء الحكومة الذين يشرفوننا هنا الان والاخرين ايضا وكل من اسهم في تحرير العراق, الصدق عند الدكتور نوري المالكي معروف لمن عرفوه خلال سنوات الظلم والاضطهاد, وعرفناه عن قرب يكافح ويناضل ويعمل جاهدا من اجل اسقاط الدكتاتورية لذلك عندما حاز على ثقة الشعب بان اصبح رئيسا للوزارة كنت في بغداد قبلها بيومين او ثلاثة قلت (ونعم الرجل) لاننا بحاجة الى رجل صادق يحمل في وجدانه ارادة قوية وايمانا لايلين بالشعب العراقي وبقدرات كوردستان ايضا, نعرف الدكتور نوري المالكي من خلال مواقفه المدافعة عن الشعب الكوردي حيث كان معنا ليس الان بل في السنوات الصعبة التي عشناها معا, كان معنا قبل الانتفاضة واثناء وبعدها لذلك نعتقد ان السفينة في امان وفي يد امينة وسنبذل كل جهدنا من اجل نحاح حكومته في تنفيذ البرنامج الذي اعلنه امام مجلس النواب

العراقي, هذا البرنامج الذي هو طموح ابناء الشعب العراقي ونأمل ان تتحقق الاهداف الواردة فيه, قبل ان اطلب ان يلقي الدكتور نوري المالكي كلمته اقول:ان شعبنا يدعمه ويدعم حكومته ويدعم المسيرة الديمقراطية في العراق وهو مستعد لتقديم كل الجهود والعون للسير على هذا الطريق وينتظر ايضا من حكومته ومن السادة الوزراء المحترمين الذين يشرفوننا الان العمل الجاد بتنفيذما وعدنا به شعبنا وفي مقدمته استتباب الامن والاستقرار ويحز في نفسنا ان نسمع يوميا هذه الجرائم التي ترتكب بحق ابناء الشعب العراقي, ونتألم كثيرا لهذه الضحايا التي تسقط على درب النضال بيد اناس جهلاء ارهابيين لا يعرفون قيمة الانسان والحرية ولا يقدرونها, علينا ان نتكاتف ونتعاضد لتحقيق الامن والاستقرار لابناء الشعب العراقي لذلك نأمل ونتمنى نجاح جهوده على طريق المصالحة الوطنية وعلى طريق البرنامج الذي طرحه في مجلس النواب وكذلك نجاح الخطة الامنية من اجل ان يعمل شعب العراق ويكون قادرا للمحافظة على امنه وسلامة اراضيه, واشير هنا الى ان شعب كوردستان ينتظر ايضا الى جانب المسائل المشتركة لجميع الشعب العراقي ان تخطو الحكومة خطوات ملموسة نحو الالتزامات الدستورية وتنفيذ المادة (140) لقد صوتنا لهذا الدستور ولهذه المادة ولها سقف زمني حدد بحلول نهاية سنة 2007 وان اهم الانجازات التي تحققت للشعب العراقي بعد سقوط النظام البائد هي تلك التي كانت لها وقت محدد والتزمنا به سواء في الانتخابات حيث التزمنا باجرائها في الوقت المحدد رغم الصعوبات والمشكلات والاعتراضات التي واجهتها, حيث اجرينا انتخابات مرتين لاننا التزمنا بالموعد وصوتنا للدستور لاننا التزمنا بالسقف الزمني له, لذلك ينتظر شعبنا من الحكومة الفدرالية الالتزام بتنفيذ المادة (140) ونحن سنكون عونا وسندا ودعما وفق التفاصيل الواردة في الدستور المتعلقة بهذه المادة, ايضا شعب كوردستان ينظر لهذه الحكومة بعين الرضا لبرنامجه وطموحاته لكن هناك مناطق في كوردستان عانت كثيرا مثلما هناك مناطق في الجنوب وفي الوسط هذه المناطق وجماهيرها تنتظر لكي نلتفت اليها ونهتم بها بشكل اكثر حيث لدينا مناطق استخدمت فيها الاسلحة الكيمياوية وفي المقدمة منها حلبجة الشهيدة التي تنتظر من حكومة اقليم كوردستان ومن الحكومة الاتحادية ان تلتفت اليها اكثر من ذي قبل وان تكون قادرة بشكل اكثر من ذي قبل وان تكون قادرة ان شاء الله بعد ان يستقر الوضع بشكل اكثر لتعويض ابنائها بالشيء القليل عما خسره شعب هذه المناطق في اقليم كوردستان, ننتظر ايضا من الحكومة الاتحادية ان تنظر الى ابناء العراق بنظرة واحدة وان تحقق العدالة للجميع, عندما نقول العدالة نعني بها العدالة الانسانية والقانونية والمالية وتوزيع الثروات بشكل عادل لذلك نحن ننتظر ان تولي هذه الحكومة اهتماما اكبر بتأمين احتياجات منطقتنا, انا لا اريد ان أطيل عليكم ارجو من الاستاذ نوري المالكي رئيس الوزراء الحكومة الاتحادية والديمقراطية ان يتقدم ويلقي كلمته مع تقدير وشكر له مسبقا.

**السيد نوري جواد المالكي رئيس الوزراء الحكومة الاتحادية:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**السيد رئيس المجلس.**

**السيد رئيس الوزراء.**

**السادة الاعضاء, وسيادات اعضاء المجلس الوطني لاقليم كورستان العراق.**

**السلام عليكم جميعا ورحمة الله وبركاته.**

ابتداءا اتقدم بالشكر الجزيل على الكلمات الطيبة والمديح الذي سمعته من اخي وصديقي القديم السيد عدنان المفتي رئيس المجلس واشكركم جميعا على اتاحة هذه الفرصة لكي نتحدث فيما هو املنا وهدفنا والقاعدة المشتركة التي نريد ان نقف عليها من اجل بناء عراق جديد على انقاض الدكتاتورية وانقاض الارهاب والقمع والتمييز الطائفي والعرقي, احييكم واحيي مجلسكم المحترم واحيي حكومة الاقليم وانها الفرصة طيبة ان شارككم هذه الجلسة بعد النجاحات التي تحققت والحمدلله في توحيد الادارتين وتهيئة اجواء العمل القائم على اسس قانونية واضحة لاطلاق عملية بناء الاقليم على قاعدة بناء العراق الديمقراطي الاتحادي, ليسعد العراقيون جميعا في ظل القيادات التي ورثت ركام الدكتاتورية واجواء القمع والتخريب.

ايها السيدات والسادة.

لقد كانت التحديات التي واجهتنا كبيرة والمخاطر جسيمة, البلد تتنازعه حزمة من المشكلات الموروثة والمستجدة كذلك وكان رهاناً على ارادة شعبنا وقواه السياسية التي ناضلت ضد الدكتاتورية رهان اعداء المسيرة على تفجير العقد

والاحتقانات التي خلفتها سياسات التمييز القومي والعنصري والطائفي, رهان اعدائنا, ومن قبلهم حكومة البعث الصدامي على زرع بذور الفتنة الدائمة لتظل سلاحا بايديهم لاضعاف وحدة الشعب العراقي وتطلعاته لبناء عراق على اسس من المساواة, والعدالة وهدم التمييز لكي يعيدوا العراق الى المربع الاول متى ما شاءوا لذلك حينما هزم النظام الدكتاتوري البائد وحلت محله الديمقراطية التي كنا ننشدها توجهت فلوله فورا نحو تفجير القنابل الموقوتة التي زرعها في جسد الوطن والمجتمع, لقد حققنا نجاحات واسعة ومتعددة والحمدلله في الساحات التي شهدت الحرائق والتحديات وتمكنا من تحقيق النظام السياسي الذي يقوم على اساس دولة الثوابت والتعهدات, دولة الدستورية والقانون والالتزامات دولة الشراكة الحقيقية التي تذهب معها كل معالم القهر والالم وتقسيم الشعب الى درجات ومستويات وحقوق متباينة, العراقيون اليوم اصبحوا سواسية امام القانون وامام الحقوق والواجبات ولا فضل لاحد على احد في انتماء قومي او مذهبي الا بمقدار ما يقدم لشعبه ولوطنه من خدمات تنقذ هذا الشعب من مخلفات الماضي, راهنوا على تمزيق وحدة العراق وانتصرنا بحماية هذه الوحدة وتثبيتها بفتح افاق تجمع اركان الدولة الاتحادية على قاعدة تشجيع الصلاحيات بتخفيف المركزية الحديدية التي صادرت الارادات ومنعت تطوير وتنمية القدرات واعمار المناطق والاقاليم والمحافظات ولم نغفل حماية وحدة العراق وسلامته والعمل على تقوية بنيته واعادته الى دوره الاقليمي والدولي, راهنوا على عجز القيادات السياسية الجديدة في لم الشمل واطلاق عملية بناء الدولة المأزومة بحملة تحديات ضخمة ولكن ارادتنا وتصميمنا عبر مراحل عملية البناء نجحت في اعادة هيكلة الدولة بعدما انهارت كل مؤسساتها ونجحنا في اطلاق الديمقراطية والتعددية السياسية وحقوق الانسان واشراك المرأة في العملية السياسية بعد تغييبها واصبح بلدنا لاول مرة في تاريخه يعيش اعراس الانتخابات الحقيقية التي كانت محط الاعجاب لانها تحدت كل العقبات الحقيقة والمصطنعة ونجحنا في صياغة دستور دائم ومرن للبلاد بعدما قضينا عقودا من الزمن على الدستور المؤقت وما جره على البلاد من ويلات ومحن وما تحكم من خلاله الدكتاتور بارادة البلاد كل هذه الصلاحيات التي كان يعطيها الحاكم الدكتاتوري لنفسه على حساب الشعب الذي اريد له ان يكون محكوما واخيرا كانت الضربة القوية لقوى التحدي حينما نجحنا في تشكيل برلمان عراقي تحت قبته كل شرائح المجتمع العراقي ولم تغب عنه شريحة او لون من الوان الطيف كل القوميات والمذاهب والقوى السياسية كانت حاضرة وبفعالية قوية ومشاركة حقيقية لينتج لنا هذا البرلمان ولاول مرة في تاريخ العراق حكومة الوحدة الوطنية التي ترسم صورة التآخي والتساوي في ظل الدستور لاول مرة في تاريخنا نملك هذه الحرية في المجالات السياسية والاعلامية والاقتصادية بعد الحرمان والحجر والاسوار الحديدية ولاول مرة يتنفس العراقيون نسائم هذه الحرية التي صادرها نظام البعث الصدامي. المشهد العراقي اليوم في واقعه يحقق انتصارات ويسجل هزائم للتحديات وهذه الصورة التي تبعث علىالامل تشوبها رائحة الدم والقتل اليومي الذي تمارسه عصابات الارهابيين والتكفيريين والصداميين الذين فقدوا كل امل فتوجهوا نحو الانتقام واثارة الفتنة الطائفية لتمزيق وحدة العراقيين وتدمير البلد.

ايها السيدات والسادة.

قدرنا ان نعمل متآخين متصافين متكاتفين فيما بيننا لنهزم الارهاب والمتمردين على مسيرتنا السياسية, ليس امامنا خيار الا هزيمة هؤلاء الذين يريدون ان يعيدوا علينا الايام السود ولن يتحقق هذا الا بالوحدة والتماسك ورص الصفوف والوعي الدقيق على الاحداث والمتطلبات واعطاء كل ذي حق حقه والالتزام بالدستور الذي هو السند الاساسي والكفيل بمعالجة كل الموروثات, كل شيء سيكون على الاساس الدستور وكل مشكلة موروثة او مستجدة اصبحنا اليوم نواجهها تحت ظل دستور لابد وان نحتكم اليه وانه يمثل الوثيقة العليا لارادة البلاد يقف معنا في هذا كل الخيرون من العالم المتحضر المعادي للارهاب والجهل والتخلف وتلك فرصتنا الثمينة التي يجب ان نجني ثمارها وثمار هذا الموقف الذي رافق كل عملية اسقاط النظام وعملية البناء وقدرنا ومستقبلنا يتوقف على دقة التزامنا بالدستور وحمايته والاحتكام اليه لنثبت لاعدائنا اننا شعب حضري يحسن الالتزام والاحتكام الى ما اتفق عليه الشعب من وثيقة دستورية ومهما كانت في عملية الالتزام من ملاحظات هنا وهناك الا ان المحصلة النهائية للشعب الذي يلتزم الدستور والياته هي النجاح والتقدم والتطور والاستقرار في ظل بلد والحمد لله يملك كل مقومات النجاح وقدرنا ايها الاخوة والاخوات ان نعيش سوية في هذا البلد نحميه من شرور العدوان ونعيش في كنفه احرارا سعداء بما وهبنا الله به من خيرات وثروات اذا احسن استخدامها سنكون في طليعة الدول التي تشهد اروع عمليات الاعمار والخدمات والرفاء الذي طالما حرم منه شعبنا المظلوم وقدرنا ان نطوي صفحات الماضي المؤلم لنتجه نحو الحاضر بخطوات ثابتة لاصلاح الواقع وتشييد البنية المتماسكة لذلك فان خطواتنا في هذا الاطار تستند الى مسارات ثلاثة يكمل بعضها الاخر, الاول اطلاق الخدمات والاعمار وتنمية الاقتصاد ورفع مستوى المعيشة

ليشعر العراقيون بالفارق بين حكومات دكتاتورية دمرت و موطنية عمرت والثاني المصالحة الوطنية رغم عدم وجود عداوات بين الحكومات العراقية الا انها ضرورة, تفرضها المهمات الجسيمة والتحديات الكبرى وهي وسيلة لتشكيل جبهة وطنية متراصة لمواجهة اعداء العراق الجديد واسسه التعددية الديمقراطية الاتحادية الفدرالية والمسار الثالث ان نبني قوة عسكرية واجهزة امنية بحجم التحدي الارهابي لمواجهة من لا يريد ان ينسجم مع العراق الجديد بمعالمه وقيمه ومبادئه ويعمل على هدم التجربة السياسية ليعيد النظام الفاسد على اسس الطائفية والعنصرية ونظرية التهميش والالغاء والحزب الحاكم او الطائفة الحاكمة.. ان هذه الافاق حظيت بمزيد من الاهتمام من الكثيرين الذين توقفوا عن المشاركة السياسية او عارضوا العملية كما حظيت بتقدير الذين يحبون مساعدة العراق على النهوض والنجاح من دول الجوار والاشقاء والاصدقاء في العالم, مرة اخرى اقول اننا لم تنته بعد من تحقيق دعائم الضمان والامان لمسيرتنا السياسية ومازالت التحديات تواجهنا ومازال الدم يسفك يوميا في شوارعنا ومازال الابرياء يستهدفون من اولئك القتلة المجرمين لكنهم هيهات ان يتمكنوا من هزيمتنا وما يتطلبه الواقع هو ان نتجه بسرعة الى تثبيت اسس الدولة الفدرالية الديمقراطية وتشريع القوانين لنظامنا لاستمرارها ونجاحها وحل كل الاشكالات العالقة, هناك كركوك وهناك مناطق مختلفة عليها وهناك الاليات التي ينبغي ان تكون واضحة سليمة نستطيع ان نبني عليها اسس العلاقة بين الدولة الاتحادية بين المركز والاقاليم المشكلة حاليا او التي ستشكل لاحقا او مع المحافظات التي ينبغي ان تأخذ دورا في صلاحيات لا مركزية كما هو معهود في العهدالسابق مدعوون الى الاهتمام بالاقتصاد والخدمات لتحقيق رفاهية الشعب وبناء علاقات داخلية وطنية تشيد اركان الجبهة الداخلية وتمتن بنيتها فضلا عن العلاقات الخارجية مع الدول التي دعمت العراق او التي تحرص على نجاحه ليعود الى محيطه بلدا قويا محترما بعدما غيب عن محيطه الاقليمي والدولي وغيب عن المؤسسات الدولية والمنظمات الدولية واصبح معزولا عن التواصل مع كل ما جرى في العالم من انجازات ومعطيات وتطور والحمد لله ها هو بلدنا يعود مرة اخرى الى واقعة وموقعه الذي يليق به في العلاقات الخارجية والمؤسسات الدولية وان نتجه بسرعة لبناء قدراتنا في كل المجالات وبالذات الجانب الامني لتسلم الملفات الامنية والنجاح في ملاحقة الارهاب ومن يقف خلفه والتسلم الكامل للملف واستعادة كامل السيادة, ان سر نجاحنا وقوة موقعنا يستند الى تاريخنا الجهادي النضالي الى التضحيات الكبيرة التي قدمها شعبنا والدماء الغزيرة والارواح الطاهرة التي سفكها الجلادون, الاعتقالات والعمع والاعدامات في السجون واستخدام الاسلحة الكيمياوية في حلبجة والاهوار عمليات الانفال البشعة والمقابر الجماعية المرعبة وضحايا الحروب والمغامرات هذه كلها تشكل ضمانات للنجاح اولا ومسؤوليات جسيمة في اعناقنا ثانيا ان الذين ضحوا من اجل العراق الجديد الذين قدموا ارواحهم فداء لهذا العراق الذين نحن الان نتحمل هذه المسؤولية في هذا العراق الجديد ارواحهم تستصرخنا وعوائلهم التي ضحت تطلب منا ان نتقدم بخطوات ثابتة على طريق الاعمار وتقديم الخدمات ان تشهد كل هذه التضحيات نتائج ايجابية كما ذكر الاخ رئيس المجلس واننا لابد وان نقدم الخدمات للشعب العراقي بما يليق به بغض النظر عن انتمائه والمناطق التي هو فيها في كوردستان في الوسط وفي الجنوب وفي كل زاوية من زوايا العراق ذهب التمييز لابد وان تكو ن الخدمات متساوية لكل العراقيين وان ينعم العراقيون بهذا الرفاه الذي يمكن ان يوفر لهم بما تمتلكه الدولة كما قلنا من طاقات وقدرات, المهم ان نبني نظاما سياسيا متماسكا قويا على اسس دستورية وعلى قواعد واضحة ليس فيها اختلافات ولاتناقضات كل يعرف حقه, اساس العدل اساس المساواة هذا هو طريقنا الذي يمكن ان نحقق به ما ضحى من اجله الشهداء رضوان الله تعالى عليهم وما ينتظره منا شعبنا, صحيح لقد طال الانتظار بسبب الهجمة المرعبة التي يقوم بها الارهابيون ومن يقف خلفهم ونحن نعرف من يقف خلف الارهاب ولماذا يدعمونه؟ ولكن اذا كانوا يراهنون على كسر ارادة الشعب العراقي فها هو الشعب قد التف على بعضه وقد احتضن بعضه البعض الاخر وتشابكت الايدي بعدما راهنوا على التناقضات الخلافات وها هي دولتنا مرة اخرى تحت ظل حكومة وحدة وطنية وفي ظل عملية شعور واسع بالحرية والانتماء وعدم وجوب ما يميز بين بناء الشعب العراقي الا على اسس ما يقدمه كل منا لهذا البلد, المسيرة مازالت امامنا حتى لانتصور باننا بلغنا ما نريد لكن ما حققناه في اعتقادي يشكل القاعدة المتينة التي تبني دولة عصرية حضارية تقوم على اساس التعددية والديمقراطية وحقوق الانسان وعلى اساس الاتحاد بين مكونات هذا البلد, ما تحقق لحد الان من انتخابات وقواعد انتخابية وبرلمان منتخب وحكومة وحدة وطنية ودستور هذه هي الركائز الاساسية لبناء الدولة العراقية لم يبق شيء الا عملية ترميم لهذه المشكلات

الموروثة التي تواجهنا في عملية البناء اذا هزمناها فان الدولة ستكون مستقرة على اسس متينة من القواعد الدستورية والقواعد الانتخابية والشعور بان الماضي قد ولى قد يكون من حقنا ان يخاف البعض من البعض الاخر لان مأسي الماضي مازالت شاخصة في اذهاننا, الكل يريد ان يحقق لنفسه ضمانات وهذا مطلب حق, الكل يريد ان يبعد المخاوف التي عاشها والهواجس التي مازالت تظهر بين فينة واخرى, هذه المطالب طبيعية وانا اعتقد من خلال الحرص على ابعاد شبح المخاوف وابعاد شبح الممارسات تعيد علينا جزءا من الظواهر السلبية هذا حق طبيعي ولكن والحمدلله ولم يأخذ الخوف لم تأخذ المطالب بتحقيق الطموحات ابعادا على حساب ايجاد العلاقات الاخوية الوطنية المتينة بين مكونات الشعب العراقي, جعلنا من المخاوف منطلقا للبناء وليس عملية للمواجهات, جعلنا من الشعور بالغالبية والاقلية والاكثرية والانتماءات القومية والطائفية معالم وحدة وتنوع وعلمنا جميعا وعرف العالم بان تنوعنا ليس مدعاة لتنازعنا انما حينما سلمنا بهذا النظام الجديد الذي يستند الى الدستور ويستند الى قاعدة الدولة الديمقراطية الاتحادية علمنا بأننا سنأخذ وسيأخذ كل منا حقه بالشكل الذي لايظلم في هذا البلد احدا مرة اخرى لم تكن هناك حكومة يظلم فيها عراقي وليست حكومة وطنية يظلم فيها احد من العراقيين بسبب انتمائه وهويته, من يحمل هذه الهوية هو العراقي الذي من حقه ان يعيش كريما ويتساوي مع غيره وليست الاسس والقواعد, الكل محترم الانتماءات محترمة القوميات الاحزاب محترمة منظمات المجتمع المدني والمنظمات الاخرى كلها محترمة والانتماءات المذهبية محترمة ولكن هذه ينبغي ان لا تكون اساسا للتخاذل بين ابناء الشعب العراقي وانما هذه واحدة من معالم الحرية التي ينبغي ان يتمتع بها الناس مع اختلاف هوياتهم وانتماءاتهم وما يؤمنون ويفكرون اخي ان اكون قد اطلت عليكم ولكني جئت الى كوردستان العزيزة لالتقي بهؤلاء الاخوة الاعزاء والاخوات الذين طالما عملت معهم وطالما عشت في هذه المدينة كثيراً وطالما ترددت عليها قبل سقوط النظام وبعد سقوط النظام وقبل وبعد الانتفاضة واجد نفسي بين اهلي واخواني وبين ابناء شعبي الذي ينبغي ان اعيش معهم ويعيشوا معي في ظل هذا البلد الذي نريد له ان يكون بحبوحة جنة ان شاءالله في هذه المنطقة ينعم فيها الجميع, اشكر لكم هذا الحضور وهذا الاستماع واتمنى ان شاء الله ان نؤسس من هذا اللقاء مسيرة تقوم على اساس الاحترام والالتزام والعدالة التي تضمن الحقوق للجميع شكراً جزيلا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكرا جزيلا لهذه الكلمة التي القاها الاستاذ نوري المالكي رئيس وزراء الحكومة الاتحادية العراقية, اعتقد ان هذه فرصة طيبة لحكومة الاقليم كوردستان لكي تتباحث وتعقد الجلسات الرسمية مع الوفد العراقي الاتحادي لحل الاشكالات, اذا كانت هنالك اشكالات, وخاصة مع وفد الوزراء استاذ د.حسين الشهرستاني وزير النفط, وكنا لا نعرف ان هذه الوزارة مهمة, وشعبنا كله ينتظروا حلا للمشكلات, فنأمل ان يكون حضوره مع الاستاذ نوري المالكي عاملا اخر لحل الاشكالات, كذلك استاذ فوزي الحريري وزير الصناعة الذي نرحب به ايضا هنا, وارحب ايضا بالدكتور فؤاد واستاذ دلشاد, كذلك ارحب بممثل الامم المتحدة الذي يشارك هنا رغبة منه ان يكون حاضرا ليستمع الى كلمة رئيس الوزراء, نحن كان بودنا ان نناقش استاذ الدكتور نوري المالكي, لكنني اعرف ان هناك برنامجا طويلا له للمناقشة مع الحكومة, وهناك صحفيون ينتظرون مؤتمراً صحفيا يجب ان يسأل, لذلك اكتفي هنا بالشكر الجزيل لهذا الحضور ولهذه الكلمة القيمة وانهي جلستنا, وسنعيد جلستنا الساعة الخامسة مساءا, وشكرا لكم.

**دانیشتنی ئێوارە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنی ئێوارەمان بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی کاری بەیانی دەست پێ دەکات, ئەمڕۆ بەیانی پرۆژەی یاسایی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم و, وەزارەتی بازرگانی و, وەزارەتی گواستنەوەو, وەزارەتی کارەباو, وەزارەتی پیشەسازی, وەزارەتی گەیاندمان خوێندەوە, لەنیوەی وەزارەتی ژینگە بووین, کە مێوانەکەمان هات, داوا دەکەم لەو شوێنەی کە راگیرا بوو بیخوێننەوە, بەڵێ یا شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە هەبی ئەڤا قانونا وەزارەتی بیئا وەکو مولاحەزەیەکێ, من لە لیژنا یاسایی بوو, سبەینێ نا دوو سبەی وەزیرێ ژینگە بە حەقیقدا وێ ئەڤ قانونا قانونێکە یەعنی هیچیان نەنووسیا, یەعنی ناتوانی بڵێی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بیئە, بە رەئیە من ئەگەر موافەقەت بێتە کرن ئەوە لیژنەی یاسایی ئەگەر وەزیرا بیئە ئیعادە نەزەرێك بكات, چونکە ئەڤە دەبێتە قیرائەتە یەکەمی لە پەرلەماندا, بەمنیش لە هەموو بوارەکاندا نەقصی هەی, یەعنی هیچ شتێکی تێدا نییە, ئەڤە پرۆژەی تایبەتە بە وەزارەتێ بیئە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس, خۆی لە راستیدا منیش بەیانی مولاحەزەم کرد کەموکوڕییەکی زۆر هەیە لە پرۆژەکە بەڕاستی, هەتا لە ناحیەی زمانەوانیش, هەندێك وەزارەتیش هەیە زۆر فراوانی کردووە, بەڵام ئەمە خوێندنەوەی یەکەمە, لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار بۆیان هەیە هەموو مولاحەزەتەکان بنووسێتەوە, بۆی هەیە پرۆژەیەکی هەموار کراوی تازە, بەڵام دەبێت لەگەڵ وەزیر دابنیشێت, وەکو بەیانیش عەرزم کردن لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار دادەنیشن پێیان دەڵێن ئەوە (1, 2, 3, 4)نابێتن, ئەگەر هەر ئیسرارِیان کرد, بێت لێرە دیفاع بکاتن لە ئێوە, یەعنی وەکو پرۆژەی وەبەرهێنان, لە هەندێ مەسائیل خیلافمان هەبوو وەزیرەکان هاتن لێرە رەئی خۆیان دا, ئێوەش رەئی خۆتان دا, ئەو شتەی کە پێویست بوو موعالجە کراوە, ئەوەش هەر وایە ئێمە ئێستا دەیخوێنینەوە وەکو خۆی هاتووە, لە پاشاندا لیژنەکان پرۆژەیەکی بە قەناعەتی خۆیان هەم یاسایی بێتن, هەم مەنتیقی بێت پێشکەشی دەکەن, فەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە ئامادەیە پرۆژەکە لەو جێیەی راوەستاون یاسایی ژینگە بخوێنێتەوە, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

15-اعتماد المكاتب والمختبرات والجهات الاستشارية لاعداد تقارير تقدير الاثر البيئي واجراء الدراسات والتحاليل والقياسات في مجالات حماية البيئة وفق شروط تحددها الوزارة وتصدر بتعليمات.

16-وضع الاسس السليمة لمعالجة المخلفات والنفايات والمواد الضارة والخطرة.

المادة الرابعة:

1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر لشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية الاولية.

المادة الخامسة:

تتألف الوزارة من:

-مكتب الوزير:يرأسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

المادة السادسة:

مجلس حماية البيئة:

اولا:يشكل المجلس من:

1-الوزير/رئيسا.

2-وكيل الوزارة/نائبا للرئيس.

3-مدير عام الديوان/عضوا ومقررا.

4-ممثل الوزارات الاتية على ان يكون بمستوى مدير عام.

1-وزارة البلديات.

2-وزارة التخطيط.

3-وزارة الموارد المائية.

4-وزارة الداخلية.

5-وزارة الزراعة.

6-وزارة الصحة.

7-وزارة الصناعة.

8-وزارة الثروات الطبيعية.

9-وزارة السياحة.

10-وزارة الكهرباء.

5-عضو من الخبراء المختصين في حماية البيئة يسميه الوزير.

ثانيا:تعد توصيات المجلس التي يصادق عليها مجلس الوزراء ملزمة وواجبة التنفيذ من الجهات المعنية.

المادة السابعة:

اولا:يؤسس في كل محافظات مجلس يسمى (مجلس حماية البيئة في المحافظة) يراسه المحافظ او من ينوب عنه يرتبط بالمجلس.

ثانيا: يتولى المجلس تشكيل مجلس المحافظة من الجهات المعنية بحماية البيئة في المحافظة وبتعليمات يصدرها المجلس.

المادة الثامنة:

مديريات ديوان الوزارة والتشكيلات التابعة بها:

1-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية وترتبط به الاقسام التالية:

أ-مديرية الافراد.

ب-مديرية الادارية.

ج-مديرية الحسابات.

د-مديرية الرقابة والتدقيق الداخلي.

هـ-مديرية التخطيط والمتابعة.

و-الدائرة الشؤون القانونية.

ثانيا:دائرة حماية البيئة والتوعية والاعلام البيئي: يرأسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية وذو خبرة اعلامية وتتكون من الاقسام الاتية:

أ-قسم الاعلام.

ب-قسم التوعية.

ج-قسم التنسيق.

ثالثا:دائرة الشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع: يرأسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية ومن ذوي الاختصاص.

المادة التاسعة:

1-يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

2-للوزير استحداث او دمج مديريات او اقسام او شعب او وحدات عند الاقتضاء.

المادة العاشرة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثانية عشرة:

على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی تەندروستی دەكەین, بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بكەن, خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق, فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەشنووسی پرۆژەی یاسایی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستاندا.

## مسودة قانون السلطة القضائية لأقليم كوردستان العراق

## الباب الاول

## احكام عامة

المادة الاولى:

يعصد بالتعابير الواردة في هذا القانون مايلي:

المجلس:مجلس قضاء اقليم كوردستان.

مجلس قضاء الاقليم:اعلى السلطة قضائية في الاقليم.

رئيس المجلس:رئيس مجلس قضاء اقليم كوردستان, ويكون رئيس محكمة التمييز رئيسا لمجلس القضاء.

المادة الثانية:

القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون.

المادة الثالثة:

تصدر الاحكام وتنفذ باسم الشعب.

المادة الرابعة:

للسلطة القضائية ميزانية مستقلة عن السلطتين التشريعية والتنفيذية.

المادة الخامسة:

تسري ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة.

المادة السادسة:

تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم.

المادة السابعة:

تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للاداب او المحافظة علىالنظام العام, ويكون تفهيم الحكم في جميع الاحوال علنية.

المادة الثامنة:

1-لاتنظر المحاكم في الدعاوي المدنية والاحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم يكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الاول من شهر تموز الى الاول من شهر ايلول من كل سنة وتعين الدعاوي المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء.

2-لرئيس مجلس القضاء تقليص مده العطلة لمدة لا تزيد عن (30) يوما عند الضرورة.

## الباب الثاني

## التشكيلات القضائية

### الفصل الاول

### انواع المحاكم

المادة التاسعة:

تتكون المحاكم المدنية من:

1-محكمة التمييز.

2-محاكم الاستئناف.

3-محاكم البداءة.

4-محاكم الاحوال الشخصية.

5-محاكم الجنايات.

6-محاكم الجنح.

7-محاكم الاحداث.

8-محاكم العمل.

9-محاكم التحقيق.

10-محاكم المواد الشخصية لغير المسلمين (المسيحين واليزيدين والديانات الاخرى).

### الفصل الثاني

### اختصاصات المحاكم

### الفرع الاول – محكمة التمييز

المادة العاشرة:

محكمة التمييز: هي الهيئة القضائية العليا لجميع المحاكم المدنية في الاقليم وتتألف من رئيس ونواب و قضاة لا يقل عددهم جميعا عن تسعة ويكون مقرها في اربيل.

المادة الحادية عشرة:

اولا:تكون هيئات محكمة التمييز كما يلي:

أ-الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز او احد نوابه او اقدم قاضي فيها عند غيابهم او وجود مانع قانوني في اشتراكهم فيها وعضوية نوابه والقضاة العاملين فيها كافة وتختص بالنظر فيما يأتي:

1-الدعاوي التي صدر فيها الحكم بالاعدام.

2-الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الاحكام والقرارات الصادرة من محكمة التمييز.

3-ما يحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته احكام سابقة.

ب-الهيئة الموسعة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز او اقدم قاضي فيها عند غيابهم او وجود مانع قانوني من اشتراكهم فيها وعضوية مالايقل عن ستة من قضاتها وتختص بالنظر في مايأتي:

1-النزاع الحاصل حول تنفيذ حكمين مكتسبين الدرجة القطعية متنافضين صادرين في موضوع واحد اذا كان بين الخصوم انفسهم او كان احدهم طرفا في هذين الحكمين وترجيح احد الحكمين وتقرير تنفيذه دون الحكم الاخر, ولرئيس محكمة التمييز وقف تنفيذ الحمين المتنافضين لحين صدور القرار التمييزي.

2-النزاع الحاصل حول تعيين الاختصاص في نظر الدعوى الذي يقع بين الحكمتين.

3-ما يحيله عليها الرئيس للبت فيه من الاحكام وقرارات تقع ضمن اختصاص المحكمة وفقا للقانون الذي صدرت بموجبه تلك الاحكام والقرارات.

ج-الهيئة المدنية:وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي المدنية والمواد المتفرقة الاخرى الصادرة من المحاكم واللجان وفقا لاحكام القانون.

د-هيئة الاحوال الشخصية: وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الاحوال الشخصية والمواد الشخصية طبقا لاحكام القانون.

هـ-الهيئة الجزائية:وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الجزائية وفقا لاحكام القانون.

ثانيا:تنعقد كل من الهيئة المدنية وهيئة الاحوال الشخصية والهيئة الجزائية برئاسة احد نواب الرئيس او من تختاره هيئة الرئاسة وعضوية اثنين من قضاة المحكمة على الاقل.

ثالثا:تنعقد الهيئة المدنية برئاسة احد نواب الرئيس وعضوية اربعة من قضاة المحكمة على الاقل عندما تنظر في الاحكام الصادرة من محاكم الاستئناف وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في احكام وقرارات محكام الجنايات بصفة اصلية.

رابعا:

أ-يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة.

ب-تؤلف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونائبيه وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة.

المادة الثانية عشرة:

اولا- يجري اختيار رؤساء الهيئات في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة.

ثانيا: يتم تشكيل الهيئات بما في ذلك الهيئة الموسعة في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة ولا يتبدل عضو الهيئة الا اذا اقتضت الضرورة بذلك وبالطريقة ذاتها.

المادة الثالثة عشرة:

اولا: تكون صلاحيات رئيس محكمة التمييز كما يأتي:

1- ادارة المحكمة.

2- رئاسة هيئة الرئاسة.

3- رئاسة الهيئة العامة والهيئة الموسعة او اية هيئة من هيئات محكمة التمييز.

4- تفتيش اعمال محكمة التمييز.

5- احالة الطعون التي تقدم للمحكمة لاستيفاء الرسوم والامانات وتسجيلها.

6-منح الاجازات لقضاة المحكمة وموظفيها.

7-رفع التقارير السنوية عن الموظفين.

8- توقيع المخابرات لرسمية الى الوزارات.

ثانيا: تكون صلاحيات النائب الاقدم لرئيس محكمة التمييز كما يلي:

1-القيام باعمال رئيس المحكمة التمييز عند غيابه.

2- رئاسة هيئة او اكثر من هيئات محكمة التمييز.

3- الاشتراك في هيئة الرئاسة.

4-توقيع كتب اعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفقة بقرارات محكمة التمييز.

5-ما يخوله الرئيس من صلاحيات اخرى.

## الفرع الثاني – محاكم الاستئناف

المادة الرابعة عشرة:

اولا- محكمة الاستئناف هي الهيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة او اكثر وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس والقضاة وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.

ثانيا: تشكل محاكم الاستئناف على الوجه الاتي:

1-محكمة استئناف منطقة اربيل وتشمل محاكم محافظة اربيل ومركزها مدينة اربيل.

2- محكمة استئناف منطقة دهوك وتشمل محاكم محافظة دهوك ومركزها مدينة دهوك.

3- محكمة استئناف منطقة كركوك وتشمل محاكم محافظة كركوك ومركزها مدينة كركوك.

4- محكمة استئناف منطقة السليمانية وتشمل محاكم محافظة السليمانية ومركزها مدينة السليمانية.

5- يجوز احداث محكمة او محاكم استئناف او فك ارتباط محكمة او اكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء.

المادة الخامسة عشرة:

اولا: تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه او احدهم وقضاة محكمة الاستئناف او عضوية قاضيين من قضاتها.

ثانيا: تتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها بقرار يصدره مجلس القضاء.

المادة السادسة عشرة:

يتولى رئيس محكمة الاستئناف الاشراف على المحاكم واعمالها في منطقته وتوزيع العمل بين قضاتها وله ان يخول احد نوابه ما يراه من الصلاحيات.

المادة السابعة عشرة:

اولا: يؤلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الاستئناف) يشكل من رئيس المحكمة وعضوية نوابه وقضاة محكمة التمييز.

ثانيا: يجتمع المجلس اجتماعات فصلية ولرئيسه دعوته الى الاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور مالا يقل عن ثلاثة ارباع عدد اعضائه.

ثالثا: يتولى المجلس ممارسة الاختصاصات الاتية:

1-بحث احتياجات المحاكم وملاكاتها على ضوء الاحتياجات السنوية.

2- دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجه المحاكم.

3-تقديم المقترحات بشان استحداث مختلف المحاكم.

4-تحسين اساليب العمل ورفع مستوى الاداء في المحاكم.

المادة الثامنة عشرة:

اولا: تكون صلاحيات رئيس محكمة الاستئناف كما يلي:

1-الاشراف على الامور الادارية وتوزيع العمل ضمن منطقته.

2- رئاسة مجلس منطقة الاستئناف.

3- رئاسة محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية وله ان يرأس محكمة الاستئناف بصفتها الاستئنافية او محكمة الجنايات.

4- رفع التقارير السنوية عن القضاة والموظفين الى مجلس القضاء.

5- توقيع المخابرات الرسمية.

6-منح الاجازات لقضاة المحكمة وموظفيها.

ثانيا: تكون صلاحيات نائب رئيس محكمة الاستئناف كما يلي:

1-القيام باعمال رئيس محكمة الاستئناف عند غيابه.

2- رئاسة احدى هيئات محكمة الاستئناف او محكمة الجنايات.

3-توقيع كتب اعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفعة بقرارات محمكمة الاستئناف الى محكمة المختصة.

4- مراقبة دوام القضاة والموظفين.

5- ما يخوله رئيس محكمة الاستئناف من صلاحيات اخرى.

**الفرع الثالث – محكمة البداءة**

المادة التاسعة عشرة:

تشكل محكمة بداءة او اكثر في مركز كل محافظة او قضاء ويجوز تشكيلها في النواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء وله توسيع الاختصاص المكاني للمحكمة الى اكثر من قضاء او ناحية.

المادة العشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة بداءة للنظر في نوع واحد واكثر من الدعاوي.

المادة الحادية والعشرون:

تنعقد محكمة البداءة من قاض واحد وتختص في النظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصاتها وفقاً لاحكام القانون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**الفرع الرابع – محكمة الاحوال الشخصية**

المادة الثانية والعشرون:

تشكل محكمة الاحوال الشخصية او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة.

المادة الثالثة والعشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس الاستئناف تشكيل محكمة الاحوال الشخصية للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوي.

المادة الرابعة والعشرون:

اولا:تنعقد محكمة الاحوال الشخصية من قاض واحد وتختص بالنظر في مسائل الاحوال الشخصية وفقا لاحكام القانون.

ثانيا: يعتبر قاضي محكمة البداءة (المسلم قاضيا لمحكمة الاحوال الشخصية ان لم يكن لها قاضي خاص).

**الفرع الخامس - محكمة المواد الشخصية**

المادة الخامسة والعشرون:

اولا: تشكل في مركز كل محافظة محكمة للمواد الشخصية لغير المسلمين وتنعقد من قاض واحد وتختص بالنظر في القضايا المواد الشخصية لغير المسلمين ويجوز تشكيلها في مركز الاقضية والنواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء عند الاقتضاء.

ثانيا: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضيا لمحكمة المواد الشخصية ان لم يكن لها قاضي خاص.

الفرع الخامس – محكمة الجنايات

المادة السادسة والعشرون:

اولا:تشكل في مركز كل محافظة محكمة جنايات تنظر في الدعاوي الجزائية المعينة لها وفقا لاحكام القانون.

ثانيا: يجوز تشكيل اكثر من محكمة جنايات في المحافظة بقرار من مجلس القضاء يحدد فيه اختصاصها النوعي والمكاني ومركز انعقادها.

ثالثا: يجوز ان تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصده رئيس محكمة الاستئناف بناء على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

المادة السابعة والعشرون:

اولا:تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الاستئناف من ثلاثة قضاة برئاسة رئيس محكمة الاستئناف او احد نوابه وعضوية نائبين اخرين او احدهما وقاض او عضوية قاضين لا يقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.

ثانيا: تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.

ثالثا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الجنايات الاصليين منهم والاحتياط بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف.

## الفرع السادس – محكمة الجنح

المادة الثامنة والعشرون:

اولا:تشكل محكمة جنح او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة وتختص بالنظر في الدعاوي المعينة لها وفقا لاحكام القانون.

ثانيا: تنعقد محكمة جنح من قاض واحد.

ثالثا: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضيا لمحكمة الجنح ان لم يكن لها قاض خاص.

المادة التاسعة والعشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناءا على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة جنح للنطر في نوع او اكثر من الدعاوي.

## الفرع السابع – محكمة الاحداث

المادة الثلاثون:

اولا:تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة قاضي وعضوية اثنين من المحكمين الملمين بقضايا الاحداث وتنظر في الجنايات وتصدر احكامها فيها وفق قانون رعاية الاحداث.

ثانيا: يتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الاصليين والاحتياط ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

ثالثا: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل قضاة الجنح في الاقضية والنواحي.

## الفرع التاسع – محكمة العمل

المادة الحادية والثلاثون:

تشكل محكمة العمل في مركز كل محافظة من قاضي واحد وتختص بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون.

## الفرع العاشر – محكمة التحقيق

المادة الثانية والثلاثون:

اولاً: تشكل محكمة التحقيق او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة ويكون قاضي محكمة البداءة قاضيا للتحقيق مالم يعين قاض خاص لها.

ثانيا: لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس الاستئناف ان يخصص محكة تحقيق لنوع او انواع معينة من الجرائم.

ثالثا: لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس الاستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة برئاسة احد القضاة للتحقيق في جريمة او جرائم معينة وتكون لها قاضي تحقيق.

## الباب الثالث

## الخدمات القضائية

### الفصل الاول

### مجلس القضاء

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**اولا:**

**أ-مجلس القضاء هو اعلى سلطة قضائية في الاقليم ويشكل برئاسة رئيس محكمة تمييز القيم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم قاضٍ من محكمة التمييز ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف في الاقليم او من ينوب عنهم.**

**ب- اذا غاب الرئيس يقوم مقامه اقدم نوابه وعند غيابهم يترأس مجلس اقدم الاعضاء من قضاة التمييز.**

**ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه وما لايقل عن ثلاثة ارباع اعضائه وتتخذ القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.**

**ثالثا: يكون للمجلس مكتب يرأسه موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وله خدمة لا تقل عن خمسة عشرة سنة ويتم تعينه بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء ويعاونه عدد من الموظفين يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة وتبليغ قراراته والمهام الادارية الاخرى.**

**المادة الرابعة والثلاثون:**

**يتولى المجلس الاختصاصات الاتية:**

1-**اعداد الخطط لجهاز القضاء ومناقشتها وابداء ملاحظاته عليها.**

2- **النظر في تعيين ترفيع وترقية ونقل واعادة القضاة والتحقيق من سلوكهم وكفائتهم والاشراف فى الاستقلال القضاء.**

3- **يجوز منح المجلس مهام اخرى وفقا للقانون.**

4- **تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسري عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية.**

### الفصل الثاني

### تعيين القضاة

**المادة الخامسة والثلاثون:**

**يعين القاضي وفق الشروط التالية:**

1-**ان يكون حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها.**

2- **ان يكون له خدمة قضائية فعلية لا تقل عن (10) سنوات.**

3- **ان لا يزيد عمره عن (40) سنة.**

4- **ان يكون عراقيا.**

5- **ان يجيد اللغة الكردية قراءة وكتابة.**

6-**ان يجتاز امتحان تحريري من قبل مجلس القضاء.**

7- **يجب ان يكون سالما من العاهات البدنية.**

8- **ان يتمتع بالسمعة والسيرة الحسنة.**

**المادة السادسة والثلاثون:**

1-**يحدد مجلس القضاء المحكمة التي يباشر القاضي عمله فيها بعد صدور المرسوم الاقليمي بتعينه.**

2- **لا يمارس القاضي اعماله الا بعد ادائه اليمين التالية امام رئيس الاقليم (اقسم بالله ان اقضي بين الناس بالعدل وان اطبق القوانين بامانة ونزاهة وحياد).**

المادة السابعة والثلاثون:

1-يعين رئيس محكمة التمييز من بين نواب الرئيس او من اقدم قضاتها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لاتقل عن خمس وعشرين سنة.

2- يعين نائب الرئيس من بين قضاة محكمة التمييز اذا كانت مدة ممارسة خدمته القاضائية لاتقل عن اثنين وعشرين سنة.

3- يعين القاضي في محكمة التمييز من بين قضاة الصنف الاول والذين لهم خدمة قضائية لمدة لاتقل عن عشرين سنة وامضوا مدة لاتقل عن سنتين في المناصب القضائية التالية:

أ-رئيس محكمة الاستئناف.

ب- نائب رئيس محكمة الاستئناف.

ج- قاضي محكمة الاستئناف.

د- رئيس هيئة الاشراف العدلي.

4- يعين رئيس محكمة التمييز ونوابه وقاضي محكمة التمييز بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء.

المادة الثامنة والثلاثون:

يكون رئيس محكمة التمييز بدرجة وزير ويتقاضي راتب ومخصصات الوزير.

المادة التاسعة والثلاثون:

5- تحدد درجات و رواتب ومخصصات قضاة محكمة التمييز والقضاة الاخرين القضاة بنظام خاص.

## الفصل الثالث

## ترفيع الحكام وترقيتهم

المادة الاربعون:

اولا: يكون ترفيع القاضي من درجة الى درجة اعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضائه المدة القانونية.

ثانيا: يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع القاضي تقارير رؤساء المناطق الاستئنافية والمشرفين العدليين فيما يتعلق بكفاءته وحسن ادارته وفيما يتعلق بسلوكه.

ثالثا: يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع القاضي اذا تأيدت اهليته للترفيع.

رابعا: لمجلس القضاء ان يؤجل بقرار مسبب ترفيع القاضي مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنة ولاكثر من مرة واحدة اذا وجد انه غير اهل لذلك.

المادة الحادية والاربعون:

اولاً: تكون اصناف القضاة كما يلي:

| الدرجة | الصنف |
|---|---|
| أ | الاول |
| ب | الثاني |
| ج | الثالث |
| د | الرابع |

ثانيا: يرقى القاضي من صنف الى اخر بقرار من مجلس القضاء بناء على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط ان يقدم بحثا قانونيا وان يكون قد نال راتبه الحد الادنى للصنف المراد الترقية اليه.

ثالثا: على مجلس القضاء عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع راي محكمة التمييز ورئاسة محكمة استئناف ورئاسة هيئة الاشراف العدلي عن كفاءة القاضي واهليته للترقية.

رابعا: يرفع رئيس مجلس القضاء الطلب مع اهلية القاضي للترقية بالمطالعة المذكورة في البند ثالثا من هذه المادة مشفوعا برايه الى مجلس القضاء.

خامسا: يستعين مجلس القضاء في تقدير اهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثا و رابعا) من هذه المادة والتقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه وتقارير المشرفين العدليين والاحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهدا متميزا او ضمنها اراء قانونية تؤيد متابعته للنشاط الفقهي والقضائي ويصدر قرارا بترقيته اذا كان اهلا لها و بخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة اشهر بقرار مسبب وبات يبلغ اليه.

## الفصل الرابع

## المناصب القضائية

**المادة الثانية والاربعون:**

اولا: يعين رئيس محكمة الاستئناف من قضاة الصنف الاول من بين نواب رؤوساء محاكم الاستئناف بقرار من مجلس القضاء.

ثانيا: يتم اختيار نائب رئيس محكمة الاستئناف وقضائها من بين قضاة الصنف الاول او الثاني بقرار من مجلس القضاء بناء على ترشيح من رئيس محكمة الاستئناف.

**المادة الثالثة والاربعون:**

يكون قدم القضاة حسب مناصبهم وتاريخ تعيينهم فيها وعند التساوي في ذلك يكون وفقا لما يقرره مجلس القضاء.

## الفصل الخامس

## الاجازات والحقوق التقاعدية

**المادة الرابعة والثلاثون:**

اولا: يستحق القاضي اجازة اعتيادية براتب تام بمعدل يوم واحد من كل ثمانية ايام من مدة خدمته.

ثانيا: على القاضي ان يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوما من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوما.

ثالثا: يجوز تراكم الاجازات الاعتيادية التي تدور وفق البند ثانيا من هذه المادة بما لا يزيد على سنة واحدة.

رابعا: تدور للقاضي الاجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**المادة الخامسة والاربعون:**

اولا: لمجلس القضاء ان يمنح القاضي الذي امضى ثلاث سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق او داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالاختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير او الدكتوراه وله تمديد هذه الاجازة لمدة سنة اخرى.

ثانيا: يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انتهى اجازة دراسته الاولى وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة الدكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (اولا) من هذه المادمة وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته ولمجلس القضاء تمديد هذه الاجازة لسنة اخرى.

ثالثا: تعتبر الاجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدما لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة الدكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير.

**المادة السادسة والاربعون:**

1- يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الاقليم تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات.

2- عند وفاة القاضي اثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي ما كان يتقاضاه من راتب مخصصات.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة اما بناء على طلبه وفقا لاحكام القانون المدني او لاسباب صحية وتطبق بحقه احكام الفقرة (2) اعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الاجازات الاعتيادية التي يستحقها كاملة على اساس مجموع ما كان يتقاضاه شهريا قبل احالته على التقاعد على ان تزيد على سنة واحدة.

المادة السابعة والاربعون:

للقاضي ان يستقبل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي او الاكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية ولا يفقد حقه في الاجازات التي يستحقها.

المادة الثامنة والاربعون:

تقام الدعوى في الحقوق الناشئة عن هذا القانون لدى لجنة شؤون القضاة وتكون قراراتها في هذه الدعاوي قابلة للطعن فيها امام الهيئة الموسعة في محكمة التمييز من قبل رئيس محكمة الاستئناف ومن قبل القاضي الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به ويكون قرارها من هذا الشأن باتا.

المادة التاسعة والاربعون:

تسري احكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الامور التي لم ينص عليها في هذا القانون وبما لا يتعرض مع احكامه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر تۆ تەواو بکە.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**النقل والانتداب**

الماده الخمسون:

اولا:أ-لا يجوز نقل القاضي الى وظيفة غير قضائية الا بموافقته التحريرية.

ب- يجوز انتداب القضاة من الصنف الاول والثاني بما فيهم قضاة محكمة التمييز وبموافقتهم التحريرية وبقرار من مجلس القضاء الى وظيفة مستشار قانوني في رئاسة الاقليم او مجلس الوزراء او رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل او لغرض التدريس في الجامعات او الهيئات الدولية على ان يحتفظ بصفة قضائية فيها.

ثانيا: لا تتجاوز مدة الانتداب المنصوص عليها في البند الاول من هذه المادة ثلاث سنوات قابلة للتمديد لسنة اخرى.

ثالثا: يجوز انتداب القاضي للعمل في محكمة اخرى عند اقتضاء المصلحة العامة وذلك بأمر رئيس محكمة الاستئناف ويتم الانتداب من منطقة استئنافية الى اخرى بقرار من مجلس القضاء على ان لا تزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.

المادة الحادية والخمسون:

يجري نقل القضاة خلال شهر تموز من كل سنة ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء النقل في غير الشهر المذكور ويتم النقل بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

**الفصل السابع**

**واجبات القضاة**

المادة الثانية والخمسون:

اولا: يلتزم القاضي بما ياتي:

1- المحافظة على كرامة القضاء بالتزام الحيدة والنزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث الريبة في استقامته.

2- كتمان الامور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم وظيفته والمتعلقة بأجهزة الاقليم او الاشخاص ويظل هذا الواجب قائما حتى بعد انتهاء خدمته.

3- عدم مزاولة التجارة او اي عمل لا يتفق و وظيفة القضاء.

4- ارتداء الكسوة الخاصة اثناء المرافعة وذلك رفق تعليمات يصدرها مجلس القضاء.

5- الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله. الا اذا اذن له رئيس مجلس القضاء بالاقامة في مكان اخر لظروف يقدرها.

ثانيا: يحظر على القاضي الاشتغال بالعمل السياسي ولا يجوز له الترشيح لانتخابات المجلس الوطني او الهيئات المحلية او التنظيمات السياسية الا بعد تقديم استقالته.

المادة الثالثة والخمسون:

لا يجوز ان يشترك في هيئة قضائية واحد قضاة بينهم مصاهرة او قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولا يجوز ان ينظر القاضي طعنا في حكم اصدره قاضي اخر تربطه به العلاقة المذكورة.

## الفصل الثامن

## الاشراف على اعمال القضاة والامور الانضباطية

### الفرع الاول

### الاشراف على القضاة

المادة الرابعة والخمسون:

اولا: أ-لرئيس مجلس قضاء حق الاشراف والمراقبة على كافة المحاكم والقضاة والمخولين سلطات قضائية من موظفين وهيئات ولجان.

ب- يتم الاشراف والمراقبة بواسطة الاشراف العدلي او بواسطة القضاة المنتدبين لهذا الغرض.

ج- يجري الاشراف على اعمال محكمة التمييز وقضاتها من قبل الرئيس على ان يقدم تقريراً سنوياً عن اعمال المحكمة الى مجلس القضاء.

ثانيا: أ-لرئيس محكمة الاستئناف حق الاشراف على جميع المحاكم والقضاة في منطقته وتفتيشها وابداء التوجيهات المتقتضية والتنبيه الى كل ما يقع خلافا للواجبات الوظيفية وحسن سير الاعمال الادارية والحسابية وعليه ان يرفع الى مجلس القضاء تقارير سنوية عن القضاة في منطقته تتضمن ملاحظاته عن سلوكهم وكفاءتهم وعن الامور الادارية في محاكمهم.

ب- لرئيس محكمة الاستئناف ان ينحدب احد نوابه لتفتيش اية محكمة في منطقته.

المادة الخامسة والخمسون:

على الهيئات التمييزية وهيئات محاكم الاستئناف ومحاك الجنايات ان تنظم تقارير فصلية تبين فيها الاحكام والقرارات التي ارتكب فيها القاضي خطأ فاحشا نتيجة جهله بالمبادى القانونية الاولية او اغفال الوقائع التي تظهر لها عند تدقيقها والاحكام والقرارات وان ترسل صورة منها الى مجلس القضاء لحفظها في الاضبارة الشخصية للقاضي لاخذها بنظر الاعتبار عند النظر في ترفيعه او ترقيته.

المادة السادسة والخمسون:

اولاً: لرئيس مجلس القضاء ان ينبه القاضي الى الاخطاء القانونية والادارية التي تظهر بنتيجة التفتيش على عمله والى كل ما يقع منه مخالفا لواجبات ومتقضيات وظيفته.

ثانيا: لرئيس محكمة التمييز ورئيس محكمة الاستئناف ان ينبه القاضي الى الاخطاء القانونية التي تظهر اثناء التدقيقات التمييزية.

ثالثا: لرئيس محكمة الاستئناف ان ينبه القاضي في منطقته الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعا: يكون التنبيه بكتاب يوجه الى القاضي وتبليغ نسخه منه مجلس القضاء وتودع اخرى في الاضبارة الشخصية.

### الفرع الثاني

### الامور الانضباطية

المادة السابعة والخمسون:

اولا: تشكل لجنة باسم لجنة شؤون القضاة تتالف من ثلاثة اعضاء يختارهم مجلس القضاء من بين اعضائهم في بداية كل سنة للنظر في الامور الانضباطية لهم.

ثانيا: تفرض لجنة شؤون القضاة في الدعاوي الانضباطية المقامة على القاضي احدى العقوبات الانضباطية الاتية.

اولا: الانذار ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة اشهر.

ثانيا: تأخير الترفيع او العلاوة او كليهما مدة لا تقل عن سنة والا تزيد على ثلاث سنوات من تاريخ القرار اذا كان قد اكمل المدة القانونية للترفيع والامن تاريخ اكمالها.

ثالثا: انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف الوظيفة القضائية او اذا ثبت عن محاكمة تجريها اللجنة عدم اهلية القاضي للاستمرار في الخدمة القضائية.

المادة الثامنة والخمسون:

ثانيا: لا يعاد الى القضاء من تنهى خدماته وفق احكام هذا القانون على ان ذلك لا يمنع من تعيينه في وظيفة مدنية.

المادة التاسعة والخمسون:

اولا:تقام الدعاوي الانضباطية على القاضي بناء على قرار من رئيس محكمة الاستئناف باحالته على لجنة شؤون القضاة على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه الادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار للقاضي والادعاء العام.

ثانيا: أ-تحدد لجنة شؤون القضاة موعدا للنظر في الدعوى تبلغ به رئيس محكمة الاستئناف و رئاسة الادعاء العام والقاضي.

ب- تكون المحاكمة سرية ويفهم القرار علنا.

ج- تجري المحاكمة بحضور ممثل رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام او من ينسبه من المدعين العاميين وعلى القاضي الحضور بنفسه وله ان يحضر محاميا معه.

د- للجنة ان تجري بنفسها ما تراه مناسبا من التحقيقات.

هـ- تفصل اللجنة في الدعوى بعد اكمال التحقيق وسماع اقوال ممثل رئيس محكمة الاستئناف والادعاء العام ودفاع القاضي وتبلغ قرارها الى رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي.

و- تتبع اللجنة في اجراءاتها القواعد المنصوص عليها في قانون اصول المحاكمات الجزائية.

المادة الستون:

اولا: اذا وجدت لجنة شؤون القضاء اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانيا: اذا قررت المحكمة المختصة براءة القاضي او الافراج عنه او اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى الانضباطية وفقاً لاحكام هذا القانون.

ثالثا: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقا لاحكام المادة (55) من هذا القانون.

المادة الحادية والستون:

لرئيس محكمة الاستئناف و رئيس الادعاء العام والقضي حق الطعن لدي الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة الصادر وفق احكام هذا القانون خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به وللهيئة العامة اذا اقتضي الحال ان تدعو ممثل رئيس محكمة الاستئناف وممثل رئيس الادعاء العام والقاضي لاستماع اقوالهم ثم تصدر قرارها بتصديق قرار اللجنة او الغائه او تعديله ويكون قرارها في هذا الشأن باتا.

## الباب الرابع

## احكام متفرقة

المادة الثانية والستون:

اولا: اذا غاب رئيس المحكمة او رئيس الهيئة او شغرت وظيفته او قام لديه مانع يحول دون مباشرته العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من النواب او الاعضاء.

ثانيا: اذا وجد اكثر من قاضي في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولا عن الادارة وتوزيع العمل بينهم.

المادة الثالثة والستون:

لا يجوز توقيف الحاكم او اتخاذ الاجراءات الجزائية ضده في غير حالة ارتكابه جناية مشهودة الا بعد استحصال اذن من مجلس القضاء.

المادة الرابعة والستون:

تعيين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء على ان لا تقل مدة الدوام عن ست ساعات يوميا ويجوز تعيين اوقات دوام خاصة في شهر رمضان على ان لا تقل عن خمسة ساعات.

المادة الخامسة والستون:

لرئيس مجلس القضاء اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة والستون:

يلغي قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992.

المادة السابعة والستون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون ولا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الثامنة والستون:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لمرور فترة طويلة نسبيا على صدور قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق رقم 14 لسنة 1992 والذي جاء صدوره في بداية اقامة المؤسسات الديمقراطية لاقليم كوردستان العراق ولحصول تطورات ايجابية كبيرة في هذه الفترة وبخاصة تطور مرفق القضاء وازدياد وتوسع المحاكم في كوردستان كما ونوعا وضرورة استحداث مناطق استئنافية جديدة فقد دعت الحاجة الى ضرورة تشريع قانون جديد للسلطة القضائية في اقليم كوردستان يستوعب كل هذه التطورات ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دوورو درێژ بوو, ئەم پرۆژەیە تەنیا ئاراستەی لیژنەی یاسایی و پەیوەندیدارە ئیشێكی گرنگە, ڕاستە دوورو درێژە, بەڵام ئەوەندە زەحمەت نییە, لەبەر ئەوەی جیاوازیەكی وا زۆری نییە لەگەڵ قانونەكەی پێشوو, بەڵام گرنگە بەڕاستی سوڵتەی قەزائی پێویستە بەقوەت بكرێتن و بەدەوری خۆی هەڵبستێتن, بەتایبەتی لە دانانی مەحكمەی تەمییز و هەموو پێداویستیەكانی تر.

بڕگەی دوایی خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژكاری لە هەرێمی كوردستانی عێراق, فەرموو كاكە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم الاصدار/

تاريخ الاصدار/

استنادا الى احكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناء على ما عرضه ووافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتاريخ / /2006 وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة الثالثة من المادة الثانية من القانون رقم (10) لسنة 1997 قررنا اصدار القانون الاتي:

## قانون المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان العراق

## الباب الاول

## التأسيس والاهداف

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:**

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- المجلس: مجلس الاستشاري لاقليم كوردستان العراق.

3- الرئيس: رئيس مجلس الاستشاري لاقليم كوردستان العراق.

**المادة الثانية:**

يؤسس في الاقليم مجلس يسمى (المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان العراق) يرتبط اداريا بوزير العدل ويتألف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لا يقل عددهم عن سبعة ومستشارين مساعدين لا يزيد عددهم على نصف عدد المستشارين.

**المادة الثالثة:**

يهدف المجلس الى النظر في المنازعات الادارية وضمان وحدة التشريع وتوحيد اسس الصياغة التشريعية والمصطلحات والتعابير القانونية في الاقليم.

**المادة الرابعة:**

يتكون المجلس من:

اولا: الهيئة العامة:

1-تتألف من الرئيس ونائبه والمستشارين والمستشارين المساعدين وتعقد جلساتها برئاسة الرئيس وعند غيابه برئاسة نائبه ويتم النصاب القانوني بحضور ثلاثة ارباع اعضائها.

2- لا يحق للمستشارين المساعدين الاشتراك في التصويت.

ثانيا: هيئة الرئاسة: تتألف من الرئيس ونائبه واقدم المستشارين.

ثالثا: هيئة انضباط الاقليم: تتألف من الرئيس وعضوية احد المستشارين تسمية هيئة الرئاسة وحاكم من الصيف الثاني على الاقل يسميه مجلس القضاء وتنعقد برئاسة الرئيس وعند التعذر برئاسة نائبه.

**المادة الخامسة:**

للمجلس سكرتير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها ويرتبط بالرئيس ويتولى:

اولا: تنظيم المراسلات.

ثانيا: الاشراف على الامور الادارية والمالية.

ثالثا: تهيئة اوليات القضايا المعروضة على المجلس.

## الباب الثاني

## اختصاصات المجلس

**المادة السادسة:**

يختص المجلس باالتقنين وابداء الراي والمشورة في الامور القانونية والقضاء الاداري في الاقليم.

### الفصل الاول

### التقنين

**المادة السابعة:**

يمارس المجلس في مجال التقنين:

اولا: اعداد وصياغة مشروعات القوانين في الاقليم بطلب من مجلس الوزراء او الوزارات المختصة او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

ثانيا: تدقيق مشروعات القوانين المعدة من قبل مجلس الوزراء او الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة من حيث الشكل والموضوع.

ثالثا: ترسل مشروعات القوانين الى المجلس بكتاب موقع من الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة مع بيان اسبابه الموجبة وجميع الاعمال التحضيرية.

رابعا: استطلاع رأي الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة بمشروعات القوانين الواردة اليه وله طلب حضور ممثل عنها لا تقل درجته عن مدير عام للغرض المذكور.

خامسا: يقوم المجلس بدراسة المشروع واعادة صياغته عند الاقتضاء واقتراح البدائل التي يراها ضرورية ورفعه مع توصيات المجلس الى مجلس الوزراء وارسال نسخه من المشروع والتوصيات الى الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة.

## الفصل الثاني

## ابداء الراي والمشورة القانونية

المادة الثامنة:

يتولى المجلس ابداء المشورة القانونية في المسائل التي تعرضها عليه الجهات العليا.

المادة التاسعة: يمارس المجلس في مجال الرأي ما ياتي:

اولا: ابداء الراي في المسائل المختلف عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رأيه ملزما لها.

ثانيا: توضيح الاحكام القانونية بناء على طلب احد الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

المادة العاشرة:

اولا: لا يجوز لغير الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة عرض القضايا على المجلس.

ثانيا: يحظر على المجلس ابداء الرأي او المشورة القانونية في القضايا المعروضة على القضاء او التي لها مرجع قانوني للطعن.

المادة الحادية عشرة:

لوزير العدل ان يحيل على المجلس القضايا التي يرتأي احالتها عليه لدراستها وابداء الرأي فيها او اعداد مشروعات القوانين التي يرى تشريعها.

## الفصل الثالث

## القضاء الاداري

المادة الثانية عشرة:

1-تشكل في مركز كل محافظة محكمة ادارية برئاسة قاض من الصنف الاول او مستشار وبعضوية قاضيين من الصنف الثالث او الرابع او مستشارين مساعدين.

2- يجوز انتداب قضاة من الصنف الاول او الثاني الى المحكمة الادارية من غير المنتدبين لعضوية مجلس شوري الاقليم.

3- تنظر الدعاوي الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية ويكون بحضور عضو الادعاء العام.

المادة الثالثة عشرة:

تختص المحكمة الادارية بما يلي:

1- النظر في صحة الاوامر والقرارات الادارية التي تصدر من الموظفين والهيئات في دوائر الاقليم بعد نفاذ هذا القانون والتي لم يعين مرجع للطعن فيها (وبناء على طعن من ذي مصلحة محتملة وتكفي ان كان هناك ما يدعو الى التخوف من الحاق الضرر بذوي الشأن).

2- الطعون الخاصة بانتخابات الهيئات المحلية.

3- الطلبات التي تقدمها الهيئات والافراد بالغاء القرارات الادارية النهائية.

4- الدعاوي الجنسية.

5- طلبات التعويض من الاضرار الناجمة من القرارات الادارية الصادرة خلافا للقانون.

6- المنازعات الخاصة بعقود الالتزام او الاشغال العامة او التوريد او اي عقد اداري اخر لم ينضم بقانون خاص.

7- الطعون من القرارات النهائية الصادرة من الجهات الادارية في قضايا الضرائب والرسوم وفق القانون الذي ينظم كيفية النظر في هذا المنازعات.

8- الطعن في رفض او امتناع الموظف او الهيئات في الدوائر واجهزة الاقليم عن اتخاذ قرار او امر كامن من الواجب عليه اتخاذه قانونا.

المادة الرابعة عشرة:

1-يكون قرار الادارة خاضعا للتمييز خلال (30) يوما من تاريخ اليوم الثاني للتبلغ من الادعاء العام.

2- يكون قرار الهيئة العامة الصادر بنتيجة الطعن باتا.

**بەرێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

اذا تنازع اختصاص محكمة القضاء الاداري ومحكمة مدنية فيعين المرجع هيئة قوامها ستة اعضاء ثلاثة اعضاء يختارهم رئيس محكمة التمييز وثلاثة اخرون يختارهم رئيس المجلس من بين اعضاء المجلس وتجتمع الهيئة برئاسة رئيس محكمة التمييز وقراراها الصادر بالاتفاق او الاكثرية يعتبر باتا وملزما.

المادة السادسة عشرة:

لا تختص محكمة القضاء الاداري بالنظر في الطعون المتعلقة فيما ياتي:

1-اعمال السيادة وتعتبر من العمال السادة المرسيم والقرارات التي يصدرها رئيس الاقليم.

2- القرارات الادارية التي رسم القانون طريقا للتظلم منه او الاعتراض عليها او الطعن فيها.

المادة السابعة عشرة:

يشترط قبل تقديم الطعن الى المحكمة الادارية ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الادارية المختصة التي عليها ان تبت في خلا (30) يوما من تاريخ تسجيل التظلم لديها وعند البت في التظلم او رفضه تقوم المحكمة الادارية بتسجيل الطعن لديها بعد استيفاء الرسم القانوني.

المادة الثامنة عشرة:

على المتظلم ان يقدم طعنة الى المحكمة خلال ستين يوما من تاريخ انتهاء مدة الثلاثين يوما المنصوص عليها في المادة (18) والا سقط حقه في الطعن ولا يمنع ذلك من مراجعة المحاكم العادية للمطالبة بحقوقه في التعويض عن الاضرار الناشئة عن المخالفة او الخرق للقوانين.

المادة التاسعة عشرة:

تبت المحكمة في الطعن المقدم اليها ولها ان تقرر رد الطعن او تعديل الامر او القرار المطعون به مع الحكم بالتعويض ان كان له مقتضى بناء على طلب المدعي ويكون قرارها قابلا للطعن به تمييزا لدى الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به او اعتباره مبلغا ويكون قرار المحكمة غير المطعون فيه وقرار الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم الصادر نتيجة الطعن باتا وملزما.

المادة العشرون:

تمارس الهيئة العامة في مجلس شورى الاقليم الاختصاصات التي تمارسها محكمة التمييز المنصوص عليها في قانون المرافعات المدنية عند النظر في الطعن في قرارات المحكمة الادارية.

المادة الحادية والعشرون:

اولا: تنظر هيئة انضباط الاقليم في الدعاوي التي يقيمها الموظف بموجب احكام قانون الخدمة المدنية.

ثانيا: يكون قرار الهيئة قابلا للطعن فيه لدى الهيئة العامة للمجلس خلال خمسة عشر يوما من اليوم التالي للتبليغ.

ثالثا: يكون قرار الهيئة العامة للمجلس الصادر بنتيجة الطعن باتا.

رابعا: تنظر الدعاوي الواردة في الفقرة اولا من هذه المادة وفق احكام قانون المرافعات المدنية.

المادة الثانية والعشرون:

اولا: تنظر هيئة انضباط الاقليم في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي العلاقة بخصوص العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانيا: يكون قرار الهيئة الصادر بنتيجة الطعن باتا.

ثالثا: تنظر الاعتراضات الواردة في الفقرة اولا من هذه المادة وفق احكام قانون اصول المحاكمات الجزائية.

## الباب الثالث

## سير العمل في المجلس

المادة الثالثة والعشرون:

تسجل مشروعات القوانين والقضايا المحالة على المجلس في سجل خاص لدى السكرتير.

المادة الرابعة العشرون:

يجري تدقيق مشروعات القوانين والقضايا المحالة على المجلس من قبل هيئة الرئاسة ولها ان تطلب من الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة استكمال النواقص قبل احالتها على الهيئة العامة.

المادة الخامسة والعشرون:

تحيل هيئة الرئاسة مشروعات القوانين والقضايا على الهيئة العامة لدراستها واتخاذ اللازم بشأنها.

المادة السادسة والعشرون:

تتخذ الهيئة العامة قراراتها باغلبية عدد الاعضاء الحاضرين واذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

## الباب الرابع

## الخدمة في المجلس

المادة السابعة والعشرون:

يشترط في تعيين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار والمستشار المساعد اضافة الى توافر الشروط العامة للتعيين في الوظيفة العامة ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها وله ممارسة فعلية بعد التخرج من الكلية لمدة لا تقل عن عشرين سنة في الوظيفة القضائية او المحاماة بالنسبة للرئيس ونائب الرئيس والمستشار وخمس عشرة سنة بالنسبة للمستشار المساعد.

المادة الثامنة والعشرون:

تنزل من المدة الواردة من المادة السابقة مدة سنتين بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه وتعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من هاتين الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.

المادة التاسعة والعشرون:

اولا: يعين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح رئيس مجلس الوزراء.

ثانيا: يعين المستشار المساعد بقرار من رئيس مجلس الوزراء بناء على اقتراح من هيئة الرئاسة.

المادة الثلاثون:

اولا: يكون الرئيس بدرجة خاصة.

ثانيا: يتقاضي نائب الرئيس راتب الدرجة الخاصة.

ثالثا: يتقاضي المستشار راتب الدرجة الخاصة صنف (ب).

رابعا: يتقاضي المستشار المساعد راتب الدرجة الاولى.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية والثلاثون:**

**يجوز تعيين المستشار المساعد بوظيفة مستشار عند توفر الشروط الواردة في المادة الخامسة عشرة من هذا القانون على ان يكون قد قضى مدة لا تقل عن ثلاث سنوات في وظيفته في المجلس واثبت خلالها كفاءة عالية وذلك بتوصية من هيئة الرئاسة.**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**اولا: لوزير العدل وبناء على تسمية وزير التعليم العالي والبحث العلمي انتداب اثنين من اعضاء الهيئة التدريسية في جامعات الاقليم ممن يحملون شهادة الدكتوراه في القانون ولا تقل مرتبتهم العلمية عن استاذ مساعد وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.**

**ثانيا: لوزير العدل وبموافقة مجلس القضاء انتداب حكام الصنف الاول وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.**

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**لا يجوز توقيف الرئيس او نائب الرئيس او المستشار او المستشار المنتدب او المستشار المساعد او اتخاذ الاجراءات الجزائية بحقهم الا بأذن من وزير العدل باستثناء ارتكابهم جناية عمدية مشهودة.**

**المادة الرابعة والثلاثون:**

**لا يجوز احالة الرئيس او نائب الرئيس او المستشار او المستشار المساعد على التقاعد الا بعد اكمالهم الخامسة والستين من العمر.**

**المادة الخامسة والثلاثون:**

**يطبق قانون الخدمة المدنية فيما لم يرد به نص في هذا القانون.**

**الباب الخامس**

**احكام انتقالية وختامية**

**المادة السادسة والثلاثون:**

**تحل عبارة (مجلس شورى اقليم كوردستان العراق) محل عبارة (ديوان التدوين القانوني) اينما وردت في القوانين والانظمة الاخرى.**

**المادة السابعة والثلاثون:**

**لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.**

**المادة الثامنة والثلاثون:**

**على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة التاسعة والثلاثون:**

**لوزير العدل اصدار التعليمات لتسهيل تنيفذ احكام هذا القانون.**

**المادة الاربعون:**

**ينفذا هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, دەستتان خۆش بێتن, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین, هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە بخوێننەوەو خۆیان حازر بکەن, بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکەن, ئەو هەڵانەی تێدایە نەیهێڵن, بۆ ئەوەی قانونەکە بە ڕێکوپێکی کاتی موناقەشە وەکو یاسا دەربێتن.**

پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بهێنین, حەزم کرد لەسەر دوو خاڵ راوبۆچوونی خۆم عەرز بکەم.
یەکەم/مەسەلەی ئەم دانیشتنەمان کە حیسابی قانونی لە سەرەتاوە دادەنرێت, سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانە کە بە تەلەفۆن داوامان کردن هاتن, هەندێکیان ئیزنیان وەرگرتبوو بەڕاستی, هەندێکیشیان ئیشیان هەبوو, هەندێکیان لە کاری خێر بوون, بەلأم بەڕاستی ئەوەی سەرنج رادەکێشێتن بۆ خاڵێك کە کەم تەرخەمیەکە لە ئێمەیە, ئەویش ئەوەیە غیاب نانووسین و, دانیشتنی داهاتوو ئەوانەی پێشتر غائیب بووینە, وەکو غائیب ناویان ناهێنین, لەمەدوا ئینشائەڵلا ئەو نیزامە دووپات دەکەینەوە غائیبەکان ناویان دەخوێنینەوە بەلای کەمی, دووەمینیش چاوەڕوان دەکەین نیزامی داخیلی تەواو بێتن, تا ئێستا ناڵێم موحاسبە نەبیتن, بەلأم نیزامی داخیلیەکە تەئکید لەسەر محاسبەش بکاتەوە, ئەوەش جێ بەجێ دەکەین, بۆ ئەوەی سێ جار بێت ئەو کەسەی غائیب بێت مووچەی دەبڕێت, ئەوەش حەقێکی تەبیعییە لە هەموو شوێنێکدا هەیە, ئومێد دەکەم ئیتر (25) کەس بە ئیجازە غائیبن ئەوەی بە سەفەر چۆتە دەرەوە, ئەوەی بە ئیجازە لە پشوودان و, یان ئەوەی بۆ نەخۆشی چۆتە دەرەوە, بەلأم ئەوانی تر کوا عوزریان؟ بە حەقیقەت حەق نییە رێگا بە خۆیان بدەن لە دانیشتنی پەرلەمان کە واجبی سەرشانی ئەندامی پەرلەمانە غائیب بن.
خاڵی دووەم/ تۆزێ باسی سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانتان بۆ بکەم, بۆچی ئەو دانیشتنەی بەیانی بەو شێوەیە بوو؟ هەندێ برادەر دیارە نیگەران بوون, پرسیار نەبوو, موناقەشە نەبوو, لەڕاستیدا یەعنی هەموو دانیشتنێك بانگهێشت کردن نییە, تاوەکو بێن موناقەشەی لەگەڵ بکەین, خۆی لەوێوە داوای لە حکومەت کرد بوو, سەردانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتن, جگە لەوەی لەگەڵ حکومەت دادەنیشێتن, لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم دادەنیشێتن, لەگەڵ حزبەکانیش وابزانم دادەنیشێتن, داوای کرد بوو بێت وتارێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات, بەڵێ تەبیعییە وتارێك پێشکەش بکاتن, ئەندامی پەرلەمان حەقی خۆیەتی موناقەشەشی بکاتن و پرسیاریشی لێ بکاتن, بەلأم ئەو حەقە ئەگەر لێك بدەینەوە بە چاکی, دەبێت بزانین هەدەفی پێشەکی, هەدەفی ئێمە چییە, وتارەکەمان گوێ لێ بوو, ئایا بە پرسیار و وەلأم تەنیا ئیشەکەمان ئیعلامییە؟ عەمرو موسایە سەردانی ئێمەی کردووە, جارێکی تر تا شەش ساڵی تر نایبینینەوە, ئیشمان پێ نەبێتن, لامان ئیعلام گرنگ بێتن, یاخود سەردانەکە بۆ بینا کردنی عیلاقەیەکی پتەوە لەگەڵ ئەو حکومەتە تازەیە و وەزارەتە تازەیە, کە ئیشەکانمان زۆری پەیوەندی بە چاکە عیلاقەی هەیە, پەیوەندی بە بینا کردنی ئەو دۆستایەتیە هەیە, کە سەرەتایەکە ئێستاکە, چونکە جگە لەوەی میزانیەمان لەوێ بۆ دێت, زۆر قەوانین هەیە کە هاوبەشە ئیختیلافمان لەگەڵیاندا هەیە, مەوزوعی نەوتە, مەسەلەی کارەبایە, جگە لە مەسەلەی ماددەی (140), ئەو رەئیس وزەڕایە جگە لەوەی کە لە ماددەی (140), وەکو ئیلتیزامێك بۆ خۆی لە بەرنامەی کاری حکومەتدا نووسیویەتی چەندین جار دووپاتی کردۆتەوەو لە دانیشتنی تایبەتی خۆیدا, لەگەڵ سەرۆك کۆمار, لەگەڵ وەزیرەکانی خۆماندا, لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لە بەغدا, کە ئەو سوورە لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)و, هەنگاویشی بۆ هاوێشتووە, نامەوێت لێرە تەفسیلاتەکەی بڵێم چییە؟ باس بکەم, بەلأم هەنگاوی بۆ کاریگەری هاوێشتووە, ئێمە دەبێت پشتگیری لێ بکەین, کەسبی سیقەی ئەو برادەرە بکەین, منیش وەکو بەیانی کە وەسفم کرد, باوەڕتان هەبێتن شتێکم نەگوتووە کە باوەڕم پێ نەبێتن, پیاوێکە دەیناسم نەمگوتووە کورد پەروەرە, نەمگوتووە دیموکراتییە, گوتم راستگۆیە, فعلەن راستگۆیە ئەو قسەی کە دەیکاتن ئیلتیزامی پێ دەکاتن, وەکو گوتم تێکۆشەرە, سی ساڵە دەیناسم, (28) ساڵە دەیناسم, کابرایەکە باوەڕی بە مەبادئی خۆی هەیە, ئیشی بۆ کردووە, دژی رژێم بووە, یەك رۆژ نە موساوەمەی کردووە, نە لای داوە لەو خەتە, هاوکاریش بووە لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانیەکان, کەواتە پیاوێکی تێکۆشەرە, ماندووش بووە, خۆشی تەزحیەی داوەو خێزانەکەشی تەزحیەی داوە, هەر لە ساڵی 1991 پاشی راپەرین هاتن لێرە بە تەمای ئیشێکی گەورە بوون لەگەڵ چەند کەسێکدا, من هەندێك ئاگادار بووم گیران رەفیقەکان لە حزبەکانی تردا ئیعدام کران لە مووسڵ, رەنگە کەسیش نەیبیستبێتن و ناشزانن, بۆیە فورسەدانی ئەو پیاوە کە هاتووە لەگەڵ چەند وەزیرێکی بەڕێز و جێگری سەرۆکی وەزیران کە هاتووە, ئێمە هەدەفمان لەو زیارەتە باشترین عیلاقە دروست بکەین, بینا بکەین, بەڵی بە سەعاتێك ئیعلام دەڵێت ئەو ئەندامە ئازا بوو بوێر بوو, دەست کرد بە چاوی وتی چۆن دەبێت کەرکووك وا بێتن, فلان شت وا بێت, ئەو ئیشە ئیشی دوو رۆژ سێ رۆژییە, ئیعلام تەواو دەبێتن, بەلأم بینا

کردنی عیلاقات نابێت بەم شێوەیە, ئێمە دەبێتن وا بکەین هەست بکاتن کەوا هەرێمی کوردستان پشتگیری ئەو حکومەتەی دەکات, دەبێت هەست بکاتن ئێمە هاوکاری دەکەین لە دژایەتی ئیرهاب, بۆ موسالەحەی گشتی و چاك کردنی وەزعی ئەمنی گشتی, موقابیل بەوە کە داوای شتی تری لێ دەکەین ئیستیعدادی زیاتر دەبێتن بۆ ئەوەی پشتگیریمان لێ بکات, کە تۆ هاوکاری کرد نیشان دا هاوکاری لەگەڵدا دەکەی بە پیلی بەرنامەکەی دادەچووی, ئەو وەختی دەڵێ ماددەی (140) دەبێت وا بێت و وا بێت, ناتوانی بڵێی وا نییە, یەکەم ئیستیحقاقێکی دەستوورییە, دووەمیش کە تۆ بوویە دۆستێك تەعامولی لەگەڵ بکەیت, بە شوکوکیەت لەسەر مەساویەی دوو برادەر, ئەگەر بەینیان خراپ بێتن, هەتا ئیتفاقەیەکیش لە نێوانیاندا هەبێتن, ئیتیفاقیەکە جێ بەجێ ناکرێتن بە گومان لەگەڵ دەبێتن, وەکو دوو حکومەتەکەی جەعفەری کە شکوکییەت پەیدا بوو لە عیلاقەت لەگەڵیدا سەردانی تورکیای کرد و لەو لا قسەی دەکرد و ئیلتیزامی پێ نەدەکرد بە چ کەڵك دێت, سەد جار رەخنەی لێ بگرین, گرنگ ئەوەیە تەعتیلی ماددەی (58)ی کرد و هیچی جێ بەجێ نەکرد, بەڵێ ئەم برادەرەش ئەگەر کەمتەرخەمی بکات رۆژێك لە رۆژان هەستمان کرد بە واجیبی خۆی هەڵناستێت, هەستمان کرد کە ساردی هەیە, یەعنی دەیەوێت تەئجیلی بکاتن جێ بەجێی ناکاتن, ئەو وەختی دێینە سەر تەلەفزیۆن دەڵێین کاکە تۆ ئیلتیزامت نەبووە بە بەرامبەر بەرنامەکەی خۆت بە دەستوور, رەخنەی لێ دەگرین, بای ئەوەندەش خەڵکی کوردستان ئازایەو, پێش ئەوەش بگاتە ئەوەی رەخنەی لێ بگرین, بەلاَم ئەو زیارەتە زیارەتێکی یەکەمە بۆ کوردستان, خۆشی داوای کردووە بێت لە پەرلەمان وتار پێشکەش بکات, کەواتە دەبێت ئێمە باشتر ئیستیغلالی بکەین, بۆ ئەوەی بینای بکەین فورسەتی بدەینێ, پێشتر قسەمان لەگەڵ نەکردووە, هەتا کە بووە رەئیس وەزرا دوو سێ جار هەوڵم دا دەستم نەکەوت قسەی لەگەڵ بکەم, خۆی کە هاتۆتە ئێرە قسەی بکات و گوێی لێ رابگرین, بێجگە لەوەش ئێمە دوێنێ ئەو قەرارە بە تەنیا وەکو سەرۆکایەتی ئەوەمان نەکرد, سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەوانەی لێرە بوون کۆمان کردنەوە, ئەو قسەنەمان کرد و ئیتیفاقمان کرد لەگەڵیان, چی بکەین ئەمڕۆ, سەرۆکی فراکسیۆنەکان مەفروزە یەعنی زۆرینەی نەمانتوانی کۆبوونەوەی بکەین بڵێین چی بکەین و چی نەکەین, هەموویان رەئیان وا بوو کە من تەخویل کرام ویستی ئێوە پێی بڵێم لە بەخێر هاتنەکەی ئەوە لە جیاتی هەموو ئەندامان, هەمووشم باس کرد.

یەکەم/باسی ماددەی (140)م کرد, کە لە دەستووردا ئیستیحقاقەی کە چاوەڕوان دەکرێت, لەوەش گرنگتر ئەگەر باشی هین بکەن قسەکانم زۆر دەقیق بوو لەسەر ئەوەی گوتم سێ سەرکەوتنی عێراق هەیە, ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو سەرکەوتنانە هەبووە, چونکە ئەو ئیلتیزامەمان بە وەقتەکەی نەخۆ لە کاتی خۆیدا جێ بەجێمان دەکرد, دووی ئینیتخابات, یەکیش دەنگدان بۆ دەستوور, کەواتە ئیلتیزام بە وەقتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) دەکەین, کە لە کۆتایی 2007 پێم گوت, یەعنی قابیلی ئەوەی بیگۆڕن, قابیلی ئەوەش نییە ئێمە قەبولی بکەین, باشترین رێگاش ئەوەیە تۆش جەنابت ئیلتیزام پێ بکە, ئەو سێ سەرکەوتنە لە پێش دەم بێتن, کەواتە ئەوەش وا دەبێتن, دوایێ باسی هەڵەبجەم کرد کە دەبێت قەرەبوو بکرێتن, بەپێی ئەو ئیتیفاقەی کە دوێنێ کردمان لەگەڵ برادەران.

باسی میزانیەم کرد کە دەبێت رەچاوی میزانیە ئێرە بکرێت, بە عەدەلەت تەوزیع بکرێتن, تەبعەن هەموو شتێك ناچێتە ناو تەفاسیل دەیگوت ئەی حکومەت چی بۆ بمێنێتەوە, لە مەوزوعی میزانیە تەفسیلێکی زۆر هەیە, ئیشی حکومەتە دەبێت قسەیان لەگەڵدا بکات, ئەگەر من هەموو قسەیەك لە پێش ئیعلام و ئەوانە بکەم, ناکرێتن, ئەگینا ئەرقام هەیە مولزەمە حکومەتی ئیتیحادی دەبێت بیداتە حکومەتی هەرێم, بەلاَم من لێرە بیلێم ئەی بۆ کاك نێچرڤان چی دەمێنێت باسی بکات, بۆ کاك مەسعود چ دەمێنێت داوا بکات.

نەوت ئەنواع ئەشکال تەفسیلاتی هەیە, ئەوە ئیشی حکومەتە ئیشی ئێمە نییە, ئێمە ئەو هەموو شتە هێشتا لێرە قسەمان نەکردووە, نازانین ئەو چۆنە بە نیسبەت ئەو نوقاتە ئیختیلافاتانەی کە هەمانە, ئەگەر دەرگامان بکردابوایە بۆ موناقەشە, مومکینە برادەرێك رەئی وا هەیە ئەو زیارەتە بۆ چی هاتووی, بۆچی تۆ وا هاتووی بۆ ئێرە, هیچت نەکردووە ئەوە چەند مانگە, ئەو هەموو قسانەی ئێمە کردمان, ئەو هەموو پێشوازیە, ئەو هەموو کۆبوونەوەی کە قەرارە, هەموو دەبووە هیچ, لە دڵیدا دەبووە گرێیەك دەیگوت میللەتی کورد منی خۆش ناوێتن, هاتووم رێزم لێ گرتوون رەخنەم لێ دەگرن, ئەو پێی خۆش بوو موناقەشەتان لەگەڵدا بکات بۆ مەعلوماتتان مانیعی نەبوو, رەنگە وەکو

گوتم بۆ دوو رۆژ ئیعلام بۆ چەند سەعاتێك شتێکی جوان بێت, بڵێم پەرلەمان وایان کرد و وایان کرد, بەلاَم ئەو قسانە بینا ناکات, ئێمە دەمانەوێت شت بینا بکەین, مەسئوولیەتمان هەر ئەوەندە نییە سەحافە بمان بینێت و خەڵك باسمان بکات و رەخنەمان گرتووە, مەسئوولیەتمان ئەوەیە ئەو میللەتە رزگار بکەین, لەو میحنەتە رزگار بکەین, کەرکووك بگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان, خزمەتی خەڵکی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیاباران بکەین, وەزعی ئیقتیصادی خەڵك چارەسەر بکەین, خەتەری ئیرهاب لەلای خۆمان نەهێڵین, تەبعەن رەچاو بکەن لە عێراقدا روودەدات رۆژانە, جا لەبەر ئەوە من داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر خەڵکێك وا تەسەوری کرد بێت, ئێمە بە مەقسەد نەمانهێشتووە, بە پێچەوانەوە, یەعنی بۆ منیش جوانترە, بۆ سەرۆکایەتیش جوانترە موناقەشە هەبێتن, بەلاَم موناقەشە لەگەڵ کێ, ئەو رۆژەی قانونی ئیستیسمارمان موناقەشە کرد بەو پەڕی حوریەتەوە, بەو پەڕی هینەوە ئەندام هەبوو چووە دەرەوەش, حور بوو بۆ خۆی کەیفی خۆیەتی, سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی دەنگی دا لەگەڵ چوار کەسی تر دژی هینەکە, ئازادە بۆ تەملیکی ئەرز (32) کەس دەنگی دا لە دژی, (48) دەنگی دا لەگەڵ, ئەوە حوریەتە ئەوانە موناقەشە دەکرێتن, چی دەکەن بیکەن, دوو رۆژ موناقەشەمان کرد بە کاملی حوریەت موناقەشەتان کرد, عەمرو موساش دێتن قەیدی ناکات لێی بپرسن, بۆچی دەڕوات, بێجگە لەوەش دوێنێ هینمان کرد گوتمان لە وتارەکەیدا هەستمان کرد شتێکی رەخنەی تێدایە, یان شتێکی تەمەلوسی تێدایە, دەرگای دەکەینەوە خۆمان رەخنەی لێ بگرین, بەلاَم راستە خۆشمان بەو شێوەیە نەبوو, بەلاَم تەئکیدی کرد ئیلتیزامی بە دەستوور هەیە, ئیلتیزامی بە جێ بەجێ کردنی ماددەکان هەیە, ئیلتیزامی بە ماددەی (140) هەیە, هەموو مەسائیلەکانم باس کرد بەشێوەیەکی گشتی, دیسان دەیلێمەوە با بەجێ بهێڵین موناقەشە لەگەڵ حکومەت بکات, لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم بکات, لەگەڵ حزبەکان بکات, ئێستا کۆبوونەوەیان هەیە, جا من دەزانم لە دڵی هەندێك برادەر وەکو گرێیەك مابوو بۆ رێگایان نادان, دیسان رێگایان نەداینێ و پرسیارمان هەبوو, کاکە پرسیارت هەیە بەسەر چاو پێشی تۆ ئێمە وەکو داوایەك کردمان لێی, فەرموو کاك محەمەد حەکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

من دوو خاڵم هەیە:

یەکەم/سوپاسی جەنابت دەکەم بە حەقیقەت گوێم بە دەقیقی لە وتارەکەی جەنابت گرتبوو, بۆ ئەمڕۆ زۆر بە پێز بوو دەقیق بوو, بە تەوازون بوو تەعبیری لە ئەکسەری رەئییەکانی ئێمەی دەکرد, ناڵێین هەمووی, بەلاَم مەرجیش نییە ئەوەی لە دڵی ئێمەدا بێت هەمووی جەنابت بیلێیت فەرق و خیلافاتمان هەر دەبێت, بەلاَم شتێکی چاك بوو دەست خۆشیت لێ دەکەین, من تێبینیم ئەوەم کرد پێشوازی نازانم, پێموایە پێشوازی ئێمە نا, بەس وەکو حکومەت, یان وەکو هەردوو حزب لە ئاستێکی پێویستدا نەبوو وەکو تێبینێکی خۆم, ئەوەشم هەیە, پێموا بوو دەبوو وەکو مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب یەکێتی و پارتی دوو سێ نەفەری لەگەڵ بوایە, کە دەهاتن بۆ ئێرە.

خاڵێکی تر ئەویش لەسەر یاساکان بەڕێز من تێبینی ئەوە دەکەم کە ئەو تەعدیلە, یان ئەو پێشنیارە کە لیژنەی یاسایی دەیکات, پێش دانیشتنی ئاسایی خۆمان پێمان بگات, چونکە زۆر جار ئەو ئیقتیراحاتانەی ئەوان دەبێتە ئەسڵی مەشروعەکە, یەعنی پێش هەفتەیەك پێمان بگات, بەتایبەتی لەمەودوا یاساکان یەعنی کە شتی ئیختیصاصین, یەعنی ئێمەش هەمووی لێی نازانین, تاکو ئێمەش ئیستیشارە بە خەڵکێك بکەین, بۆ نموونە ئێستا لە یاسای وەبەرهێنان زیاتر ئەو برادەرانە شتی چاکیان نووسیبوو, ئەو بووە بە ئەسڵی موناقەشەو ئەوانە, بەلاَم ئێمەش کە تێبینی و شتەکانمان کە پێشکەش کرد بوو لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت رەوانی کرد بوو, جا پێم باشە ئەوانەی کە ئەو برادەرانە ناردیان بۆ ئێرە تەعدیلی بکەن بۆ ئێمە, بە ئوسلوبێك پێش هەفتەیەك بە ئێمە بگات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەنیسبەت ئیهتیمام, ئیهتیمامێکی باشی پێدرا لە پێشوازی جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و, چەندین وەزیر بەشدار بوون, دوایێش کە هەتا ئێرە سەرۆکی

ئەنجومەن وەزیران و جێگرەکەی و چەندین وەزیر لەگەڵی هاتبوون, پاشان جەنابی کاك مەسعودیش چاوەڕوانی دەکرد و لە ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە نانیان خوارد, هەورەها کاك کۆسرەتیش لەوێ بوو, لە سلێمانیش جەنابی کاك نێوشێروانیش هاتبوو ئەویش نێوەڕۆ لەوێ بوو, بڕیارە یەعنی لەگەڵ حزبەکانیش دابنیشن, ئێستا لەگەڵ حزبەکانیش دانیشتوون یەعنی کۆبوونەوەیان هەیە, بەیانیش لەگەڵ حکومەت دادەنیشن, ئەگەر بە تەنیا مەقصەدی ئێرە بێتن ئەوەی نەزانی وایە, بەنیسبەت لیژنەی قانونی پێم باشە راستیەکەی مەشروعەکە لاتان بێت باشە و موشکیلە نییە, لیژنەی قانونی دەتوانێت پێی هەڵبستێت, پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبداللە زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کاك محەمەد حەکیم دەرگای قسەیەکی بۆ کردمەوە زۆر دەمێکە دەمەوێت لە ئەنجومەندا بڵێم, ئەویش تێکەڵ کردن لەنێوان حزب و دەزگای حکومەت, یەعنی پێشنیارێکی وای کرد بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵدا نەبوو, من دەڵێم زۆر باش بوو کە حکومەت خۆی وەکو حکومەت هاتبوو, پەرلەمان وەکو پەرلەمان, ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە دانیشتێکی تردا.

یەك تەعلیقی بچووکیش من کە رۆیشتمەوە یەك دوو کەسم بینی, یەعنی من گوتم  دکتۆر مالیکی قسەی باشی کرد, یەعنی ئەوە بۆ خۆمان بۆ پەرلەمان گوتیان هەردووکیان باشیان قسە کرد, یەعنی ئەو شتانەی کە پێویست بوو بگات لە هەردوولاوە بە بەرقیە گەیندرا, هەر بۆ زانین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو ئیستیمارەش وابزانم ئەگەر لێی را بێن کارێکی زۆر باشە, راستە رەخنەی لێ گیرا, بەلاّم بەڕاستی ئیشەکەمان مونەزەمتر بوو, ئێستا باشتر تێدەگەین, ئەو ئیستیمارەشتان بۆ تەوزیع دەکرێت, تەنزیم دەکرێت وەختمان هەیە ئێستا عوتلەیە, پێش ئەوەی لە هەموو روویەکەوە خۆمانی بۆ حازر نەکەین کۆبوونەوەی بۆ ناکەین, ئیستیمارەکە وەختی موحددە بۆتان دێت, ئێوەش مەجالتان هەیە بیخوێننەوە, لیژنەکانیش تەقاریرەکان ئامادە بکەن, کەی زانیمان لیژنەکان لیژنەی یاسای و لیژنەی تر راپۆرتیان حازرە هەموو پێکەوە نا, مەسەلەن دوو دوو, یان سێ پرۆژەی یاسا حازر بێت, ئێوەش ئیستیمارەتان بۆ تەوزیع کرا بێت, ئەگەر پەلەی بوو حکومەت کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ دەکەین, ئەگەر پەلەی نەبوو دەیخەینە مانگی سێپتەمبەرەوە, بەڵێ دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ ئەم مەراسیمەی ئەمڕۆ منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی پەخشان خان, فعلەن هەردوولا بەباشی وتارەکانیان پێشکەش کرد, بەقەناعەتی من مالیکیش ئاماژەی بە هەموو ئەو کێشانە کرد, وەکو وەعدیدا ئیلتیزام بە دەستوور بکات ناوی کەرکووك و ئەو ناوانەی کە کێشەیان لەسەر باس بکات, من ئەوەی راستی بێت زیاتر تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە لەگەڵ رێزمدا بۆ برایانی لیژنەی یاسایی, مەفروز وایە ئەو برایانەی کە دێن پرۆژەکە دەخوێننەوە, ئێمە تەبعەن هەموومان عەرەبیزان نین, تەمەنامان دەکرد مالیکی ئەمڕۆ لێرە دابنیشتبوایە گوێی لە خوێندنەوەی پرۆژەکان بوایە بە عەرەبی, ئەمە سەببەبی ئەوانە, دەبێت عەرەبیش بیر لەوە بکەنەوە (35) ساڵە بەزۆر تەعریبمان دەکەن ئینجا نەیانتوانیووە ئێمە فێرە عەرەبی بکەن, باوو باپیرانمان تەعریب ناکەن باشتر لە ئێمە فێرە عەرەبییان دەکەن, من لەگەڵ رێزمدا, تەبعەن ئەو برادەرانەی کەوا لە لیژنەی یاساییدان, بەڕاستی چونکە ئەوە تەسجیل دەکرێت, دیکۆمێنتێکە هەم بە دەنگ تەسجیل دەکرێت, هەم بە نووسینیش تەسجیل دەکرێت, لەبەر ئەوەی تکام وایە ئەو برادەرانەی کەوا دێن پرۆژەکان دەخوێننەوە عەرەبیزان بن ئەوانەی بە عەرەبی دەخوێننەوە, ئەوانەی کوردیش دیسان کوردیزان بن ئەوانەی بە کوردی دەخوێننەوە, چونکە بەداخەوە جاری وا هەیە خەلەل لەناو کوردیەکەشدا دروست دەبێت, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, خۆی ئەگەر غەلەتی عەرەبی تێدا نەبێتن باشترە, بەلاّم خوێندنەوەی یەکەمی زۆر موشکیلە نییە, گرنگ ئەوەیە کە یاسایەکە دەردەچێتن غەلًەتی تێدا نەبێتن ئەلف لامێکی نوقسان نەبێت, وەختی خۆی من لە سلێمانی بووم, هەندێك قەرارات دەردەچوو لە ئەنجومەن بەڕێوەبەری دارایی بووم, کە دەهات بۆ لای من قەڵەمە سورەکەم دەردەهێنا قەرار دەرچووە, صادیر بووە یەعنی, ئەو برادەرەی کە نووسیویەتی ناوی نا هێنم برادەری خۆمە, هیچ لاپەرەیەك نەبوو هەشت نۆ غەڵەتی قەواعیدی لێ نەگرم, دەمگوت کاکە تۆ موستەشارت هەیە, دەیگوت دەی دەی ئەلف ولام کوردی ئیعتیرافی پێ ناکات, مەسەلەن با لە دەرچووندا دیقەتمان هەبێتن, لە دەرچوون نابێتن یاسایەك ئێمە ئیمزامان کرد بێت غەڵەتی تێدا بێتن, ئەوە جوان نییە, بەلاّم لێرە خوێندنەوەی ئەگەر عەرەبیزانی باشمان هەبێتن هیچ غەڵەت نەکات قەیدی ناکات, بەلاّم ئەگەر غەڵەتیش بێتن زۆر شتێکی هین نییە, تەرتیب دەکرێت, بەلاّم خۆش نییە بڵێن ئەم شتانەی کە ناردوویانە غەڵەتی زۆر تێدایە, جارێك زۆربەی کورد ئیعتیراف بە ئەلف و لام ناکەن, دایدەنێن بەبێ موجیب, لای دەبەن بەبی موجیب بە کەیفی خۆیان, بە هەر حاڵ چاکی دەکەین لە خوێندنەوەی داهاتوودا, کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین و زۆر سوپاستان دەکەم هەر شاد بن تا کۆبوونەوەیەکی تر.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**چوار شەممە رێکەوتی 23\8\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی
## چوار شەممە رێكەوتی 2006/8/23

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2006/8/23 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێراق به سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبـدالله(د.كمـال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی ژمـاره (2)ی نائاسـایی خـولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـەپێی حوكمـەكانی برگـە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خـولی گرێـدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-كێشەی كارەبا.

2-كێشەی نەوت.

3-گرانی بازاڕ و كرێی خانوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان ئەم كۆبوونەوە نائاساییە دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە یەكی مادده شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی برگە یەكی مادده بیستی پەیڕەوەكەو لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2006/8/23 دا ساز بدرێت , بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

باسكردنی:

1-كێشەی كارەبا.

2- كێشەی نەوت.

3- گرانی بازاڕو كرێی خانوو.

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆكی حكومەت بە وەكالەت و هەموو وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین كەوا هاتن و زەحمەتیان كێشا و ئامادە بوون لەم كۆبوونەوەیەدا, كاك سەعد محەمەد ئەمین وەكو وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان هاتووە بۆ ئێرە, وەزیری هەرێمە و ئەندامی پەرلەمانە.

سەرەتا پیرۆز بایی لە گەلی كوردستان دەكەم كە ئەمرۆ سێیەم رۆژی دادگایی كردنی دیكتاتۆر صەدام حسین لەسەر تاوانی گەورەی دژ بە گەلی كوردستان, تاوانی ئەنفال كە ئەمرۆ دادگایی دەكرێ كە لەوانەیە ئێستا دەستی پێكردبێ, تاوانێك بوو دژ بە گەلەكەمان, لەو بڕوایە نەبووین كە بگەینە رۆژێكی وا كە لەبەردەم گەلەكەمان و هەموو دونیادا دادگایی بكرێن لەسەر ئەم تاوانەی كە بەرامبەر بە گەلی كوردیان كردووە, موژدەیەكە بۆ هەموو گەلی كوردستان كە ئەمە نەتیجەی هەموو ئینسانێكی دیكتاتۆرە, هەموو گەلی كوردستان و دونیا داواكارە كە بگەن بە حەقی خۆیان و سزای راستەقینەی خۆیان, كە ئەمە دیاریەكی بچووكە بۆ كەس وكاری ئەنفالكراوەكان, زۆر بەداخەوە كە لەم ئەنفالەدا بە هەزارەها خەڵكی ئەم ناوچانە بوونە قوربانی دەستی رژێم و لەوانە كە چەندین جار باس كراوە و دوێنیش محامیەكان پرسیاریان لەو ئافرەتانە دەكرد كە زەحیەی ئەنفال بووە, و ئەوانەی كە هاتبوون كە نەیاندەزانی كە بالیسان

و شێخ وەسان هەر لەسەر سنووری بالیسانە و نەیاندەزانی وا دوورە, لە سەدا نەوەدی ئەو گوندو ناوچانەی کە وەبەر ئەنفال کەوتوون لەسەر سنووری ئێران نین, تا دونیا بزانێت هەڵسوکەوتی رژێم بەرامبەر بە گەلەکەمان چۆن بووە و زۆر دوورە لە سنووری عێراق و ئێران, لە ساڵی 1975 کە هێشتا ئێران جمهوری ئیسلامی نەبوو, زەمانی شا بوو کە بە رێکەوتننامەی جەزائیر هاوکارییەکی تەواو بوو بۆ عێراق و ئێران, ئەنفال لە کۆتایی ساڵی 1975 و سەرەتای 1976 دەستی پێکرد, و ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە کوردستانی عێراق دابڕێ لە کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا, هەموو ئەو حەقیقەتە دەزانن, بەڵام چاویان دادەپۆشن لە راستیەکان و لە تاوانەکانی رژێم, پیرۆز بێت لە گەلەکەمان و پیرۆز بێت لە هەموو کەسێك کە ئەمرۆ دەبینین کە وا موحاکەمە دەکرێت لەسەر ئەو تاوانە و لەسەر تاوانەکانی تریش, چاوەڕوان دەکەین ئینشائەڵلا لە هەموو تاوانەکانی تریش سزای خۆی وەربگرێ.

دەگەڕێینەوە سەر دانیشتنەکەمان کە دانیشتنێکی نائاساییە, وەختی خۆی پاش هەڵبژاردن پرسیار لە ئێمە دەکرا پەرلەمان چی کردووە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی خۆی کە لەبەرنامەی خۆی هەیە و کارەکانی حکومەت, ئێمە دائیمەن جوابێکمان وابوو کە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە کە دوو ئیدارە نابێت هەبێت, ئێمە ئینجا دەیخەینە ئەستۆی خۆمان, ئێمە دەمانەوێت ئەو هەنگاوانە بکەین و ئینجا ئیشەکانمان بکەین, لەوانە یەکبوونی هەردوو ئیدارە, خۆشبەختانە گەیشتینە ئەو ئەنجامە و حکومەتی نوێ دەست بەکار بوو و پیرۆز باییمان لێ کردن, وابزانم لە ئەرکی پەرلەمانە کە چاودێری ئیش وکارەکانیان بکات, ئێمە و حکومەتی هەرێم یەك ئامانجمان هەیە و ئەویش خزمەت کردنی ئەم کوردستانەیە, هەردوو لا ماندوون و ئەوانیش کاردەکەن شەو ورۆژ بۆ خزمەتی گەلەکەمان و بتوانین هەموو بەیەکەوە کێشەکان حەل بکەین, ژیان بۆ خەڵك دابین بکەین, باری داراییان باش بکەین و باری ئەمنیان باش بکەین, هەرچەندە چەند کێشەیەك هەیە لە کوردستان لەوانە کێشەی کارەبا وکێشەی بەرزو نزمی بازاڕ هەیە و کێشەی سووتەمەنی هەیە, خەڵکەکە نیگەرانە و خۆمان نیگەرانین و لەو دوو سێ رۆژە ناکرێ و بڵێین وەڵلا حکومەت هیچی نەکردووە, هەندێ رووداو روویداوە ئەم رووداوانە بەداخەوە کە ئەگەر بێتو تەماشای بکەین, موزاهەرە کردن حەقێکی تەبیعی دیموکراسی خەڵکە, شێوەیەکی تەبیعی یە لەهەموو دونیادا, بەڵام موزاهەرە کردن بەتەئکید دەبێ بە قانون بێت, چونکە کاتێ بەڕێوە دەچێت پۆلیس حیمیایەی دەکات, ئەگەر لە خەتی خۆیان دەربچن, حەقی خۆیەتی دفاع لە حکومەت بکات و دیفاع لە مومتەلەکاتی حکومەت بکات, بەڵام دەبێ هەموو لێی ئاگادار بکرێنەوە, لەلایەك حەقی خۆیەتی پۆلیس دیفاع لە سەروسامانی دام و دەزگاکان بکات, ئەمە واجبی حکومەتە, پەرلەمانە, خەڵکە, هەمووی بەیەکەوە بەستراوە, بەڵام ئێمە دەبێ لێی بکۆڵینەوە بۆچی موزاهەرە دەکرێ, کێشەیان هەیە, بەڵێ کێشەیان هەیە, کێشەی کارەبامان هەیە, کێشەی سووتەمەنیمان هەیە, کێشەی بازاڕمان هەیە, کێشەی تریش هەیە, بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم سێ کێشەیەمان داناوە, ئەم دانیشتنەمان دانیشتنێکی تایبەتە کە سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان هەموو لێرەن, دانیشتنێك نییە بڵێین لەگەڵیاندا موسائەلەیان بکەین, جەلسەی موسائەلە نییە, ئەبێ بەرنامە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بنووسین و دەست نیشانی کێشەکە بکەین, نوقاتەکان بنووسین و جوابەکەی کە بۆمان هات, ئینجا جەلسەیەك بکەین ئەوە جەلسەی موسائەلەی پێ دەڵێن, ئەم جەلسەیە جەلسەی گفتوگۆ کردنە, جەلسەی پرسیارو وەڵامە, گفتوگۆکردنە چونکە کێشەکان هەموو لایەکمان دەگرێتەوە, و ئەو کێشانە چۆن چارەسەر بکرێن و حەلیان چییە و دەست نیشانی بکەین, نەك تەنیا ئێمە بەڵکو خەڵکی کوردستانیش گوێیان لە رەئیی حکومەت بێت, لەو بەینەشدا وەکو عەرزم کردن کاری باشیان کردووە و کۆبوونەوەی باشیان ئەنجام داوە, کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ سەرۆکی هەرێم گفتوگۆیان کردووە و ئەمانەیان خستۆتە روو, داوا لەو ئەندامانە دەکەم ئەوانەی کە پەیوەندیان بەو مەسەلانە هەیە, بە کورتی باسی بکەن و مەجال بدەین با ئەندامان قسەی خۆیان بکەن و دواتر سەرۆکی حکومەت باسی ئەو شتانە بکات کە چی بۆکراوە و, دواتر وەزیرە پەیوەندارەکان وەڵامی خۆیان بدەنەوە, داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە پرسیارەکانیان ئاراستەی وەزیری تایبەتمەند بکەن, دیسان تەئکید دەکەمەوە کە جەلسەی موسائەلە نییە, جەلسەی گفتوگۆ کردنە لەسەر ئەو مەسەلانەی کە باسمان کردن, تەبعەن سێ خاڵە, کارەبایە, سووتەمەنییە, مەسەلەی بازاڕە, هەر سێ کێشە بەیەکەوە

بەستراوە بۆیە پێویست ناکات هەر یەکە و بەتەنیا باسی بکەن, کاك رشاد با بفەرمێ بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی کە لێپرسراوی لیژنەی شارەوانییە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی شارەوانی چەند خاڵێکمان هەیە چەند داواکارییەکمان هەیە لە وەزیرە پەیوەندارە بەڕێزەکان کە ئەگەر بکرێ جێبەجێ بکرێت:

یەکەم: دابین کردنی کارەبا, ئەو برە کارەبایەی هەیە با بە عەدالەت دابەش بکرێت, ئەو زێدەڕۆییەی هەیە با لابدرێت, بەعەدالەت.

دووەم: دابین کردنی کارەبا بۆ هەولێر و سلێمانی لە وڵاتانی دەوروبەر, هەروەکو بۆ دهۆك دابین کراوە.

سێیەم: دەستنیشان کردنی پلانی وەزارەت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی پلانی کاتی و دوورخایەن, ئایا ئەو پرۆژانەی کە بڕیاری لەسەر درابوو گەیشتە کوێ؟.

چوارەم: دانانی سەعات بۆ سەرف کردنی کارەبا بۆ ئەوەی زیاد صەرف نەکرێت, وەك لە حەددی خۆی.

کێشەی سووتەمەنی:

یەکەم: داوا لە جەنابی وەزیرو لایەنی پەیوەندیدار دەکەین, روونکردنەوەیەك بۆ کێشەکە ئاراستە بکات. سووتەمەنی ئەسباب و چارەسەر کردنی.

دووەم: دابین کردنی سووتەمەنی لەچەند وڵاتێکی دەوروبەر نەوەك هەر لە تورکیا, ئایا خەتی ئیستراتیجی لەچ ئاستێکدایە لە کوردستان.

سێیەم: دەکرێ بەرێگای بازرگانی کەرتی تایبەت هەموو جۆرە سووتەمەنیەك ئامادە بکرێت بۆ هەرێم.

گرانی بازاڕ:

یەکەم: پێشنیار دەکەین بۆ دروست کردنی جەمعیاتی تەعاونی بۆ یارمەتیدانی چینی فەرمانبەران.

دووەم: دەبێ چاودێری بازرگانی بەکاری خۆی هەڵسێ بۆ دەستنیشان کردنی ئەو کەلوپەلەی کە لەبازاڕ کەمە, قەدەغەی بکات و نەچێتە دەرەوەی هەرێم, وەکو حەیوان و شتی تر.

سێیەم: دانانی نرخ لەسەر سەوزەو گۆشت, با بە ئارەزووی دوکانداریش بێت, بەڵام نیمچە مونافەسەیەك دروست دەبێت.

چوارەم: دانانی ئالیەتێکی گونجاو بۆ دابەش کردنی بەرووبومی سووتەمەنی وەکو غازو نەوت بەرێگەی وەکیلی خۆراك, نەوەك سەیارە بەکەیفی خۆی دەگەڕێت و بە گران بفرۆشێت و بەبێ ئەوەی حساب بۆ کەسیش بکات.

گرانی کرێی خانوو:

لەو دوو سێ مانگەی رابردوودا دیاردەیەکی تازە هاتۆتە پێش, ئەویش بەراستی هاتنی خەڵکانێك بۆ ناو شاری هەولێر, بووە هۆی گرانبوونی کرێی خانووبەرە, هەتا زۆر کرێ خانوو گەیشتۆتە 22و 23 وەرەقە, بۆیە داوا دەکەین بووژاندنەوەی جەمعیاتی دروست کردنی خانووبەرە دەست پێ بکاتەوە, هەروەکو پێشان هەبوو, باشترین نموونەش ئەوەیە موجەمەعی ئازادی لەهەولێر کاتی خۆی دروست کرا بەو رێگایە, ئیسکان بەهەردوو بەشی دروست کرا, خەڵکانێکی زۆر بوونە صاحێب موڵك, بەبێ ئەوەی تەئسیریان لێ بکات و جەمعیەی شۆڕش, ئەو سێ بەشە بەرێگای جەمعیاتی ئیسکان دروست کرا, دروست کردنی بەرێگای باڵەخانەش بێت, چونکە سیستەمی ئێستا عیماراتی سەکەنییە لە بۆ ئەوەی خەدەماتی سەهل تر دەبێت, حیمایەی سەهل تر دەبێت, خەڵکانێکی زۆریش ئیستیفادەی لێدەکات, ناشمەوێ زیاتر وەخت وەربگرم لەبەر ئەوەی برادەرانی تریش قسەیان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئێستا لیژنەی دارایی و ئابووری راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن, فەرموو.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەرامبەر بە کێشەیەکی زۆر گەورەین, کێشەیەکی هەمەلایەنە وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێکرد, کێشەکە تێهەڵکێشە ناتوانین لەیەکی جودا بکەینەوە, بەشێك لەو کێشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی عێراق ولکاندنی ویلایەتی موصڵ بەو قەوارە سیاسیەوە کە هەمیشە دەسەڵاتدارانی عێراق وەکو دەوڵەتێکی داگیرکەر تەماشای ئەو وەزعەیان کردووە و, هیچ پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە و ستراتیجیان تێدا دروست نەکردووە, ئەوەتا ئێمە لەوڵاتێکی بەرهەمهێنەوە بەتایبەتی لەماوەی ئەم 35 ساڵەی دواییدا لە وڵاتێکی بەرهەمهێن ومیللەتێکی بەرهەمهێن وکارکەری بەتواناوە بووین بە میللەتێکی بەرکاربەری, ئەمە بەشێکە لەو کێشەیەی کە هەیە, لەبەر ئەوەی چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە, ئەم کێشە هەمەلایەنە بە پلانێکی دوورخایەنی تۆکمەی داڕێژراو بێت, لەبەر ئەوە ئەو بابەتانەی ئێمە باسی دەکەین هەوڵدان بۆ هەڵدانەوەی ئەو گرێیانە, هەڵدانەوەی ئەو کێشانە و چارەسەر کردنی ئەو کێشانە, بێجگە لەوە بۆ چارەسەر کردنی و باسکردنی ئەو کێشانە بەراستی ئێمە هەموومان دەگرێتەوە, جگە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان, جگە لەو سیاسەتە داگیرکاریانەی کە بەرامبەر بە کوردستان بەکارهاتووە, ئێمەش وەکو پێویست نەمانتوانیوە مامەڵە لەگەڵ ئەوە بکەین, حکومەتی کوردستان وەکو پێویست نەیتوانیوە چارەیەك بکات, حکومەتی کوردستان کەمتەرخەمی لەو بارەدا هەیە, دەبێ ئێمە ئەو راستیە بزانین, ئێمەش کەمتەرخەم بووین, خەڵکیش کەمتەرخەم بووە, چونکە بەراستی ئەو کێشانە کێشەیەکی هەمەلایەنەیە ئەبێ بە هەموو لایەکمان چارەسەری بکەین, تاکو بەرپرسیاریەتی زیاتر بێت مەسئولیەتمان بەرامبەر ئەو کێشانە زیاتر دەبێت, لایەنێك لەو لایەنانەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسە, ئێمە تاکو ئێستا یۆریایەکی ئابووریمان نییە, یۆریایەکی ئابووری روونمان نییە, کە ئێمە بتوانین سیاسەتێکی وازیحی ستراتیجیمان هەبێت, ئێمە زۆر جار باس لەبازاڕی ئازاد دەکەین, بەڵام نازانین بازاڕی ئازاد چییە, لەراستیدا بازاڕێکی ئازادمان نییە, بازاڕێکی بەرەڵڵامان هەیە, ئەم بازاڕە بەرەڵڵایە ئەم فەوزا ئابووریەی دروست کردووە و کێشەیەکی ئابووری بۆ دروست کردووین, بەشێك لەو کێشانە خۆی لە کێشەی کرێ خانوو, نەبوونی خانووبەرە ئەبینێتەوە, بەشێکی خۆی لە کێشەی پێداویستیەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستاندا دەبینێتەوە, بەشێکی خۆی لە کێشەی سووتەمەنی و کارەبا دەبینێتەوە, و چارەسەرکردنی ئەمانە بەراستی ئێمە پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە, پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە بەرپرسەکان دیراسەیەکی تەواو بدەن لەو بوارەدا, هەوڵ بدەن پەیوەندی بکەن بەو دەزگا زانستیانەی کە ئێمە هەمانە لە هەرێمی کوردستاندا, بەتایبەتی زانکۆکان و کۆلیژەکانی کارگێڕی و ئابووری و ئەو پسپۆڕانە, من لێرەوە رووم دەکەمە هەموو کەسێکی رۆشنبیر, هەموو کەسێکی دڵسۆز بەرامبەر بە نیشتمان و بەرامبەر بە گەلەکەمان کە هەوڵ بدەین ئێمە هەر یەك لەشوێنی خۆیەوە رۆڵی خۆمان ببینین بەراستی, هەمووشمان بەرپرسین, بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود وەربگرێ لەو هێز وتوانایەی کە هەیە, ئێمە پێمان چاکە وەکو هەندێك هەنگاوی سەرەتایی بنێین لەو بارەدا, پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراشکاوی دەزگا بەرپرسەکان لە هەر ئاستێك و لەهەر بارودۆخێکدا بن, بەراشکاوی لەگەڵ خەڵك قسە بکەن, راستیەکان لەخەڵك تێبگەیەنن, هەوڵ نەدەین خەڵك چەواشە بکەین, راستیەکانیان لێ بشارینەوە, چونکە شاردنەوەی راستیەکان بەراستی ئەنجامەکەی ئەبێتە دڵ زویر کردنی ئەو جەماوەرەی ئێمەی دروست کردووە و ئەو جەماوەرەی ئێمە دەپارێزێ و ئەو جەماوەرەی کە دیفاعمان لێ دەکات, ئەمە هیچ کاتێك لەبیری ئێمە نییە, بۆیە دەبێ دام ودەزگاکانی حکومەتی کوردستان و دام ودەزگا بەرپرسەکانیش نەك تەنیا هەر حکومەت, ئەبێ رێکخراوە کۆمەڵگای مەدەنی بەراشکاوانە هەوڵ بدەن و بەشداری بکەن لە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە, راستیەکان لە خەڵك تێبگەیەنن, راگەیاندن دەبێ رۆڵێکی بەرچاو ببینێ بەراستی,

ئەبێ ڕۆڵێکی چاك ببینێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان, نەك بۆ ئاڵۆز کردنی کێشەکان و هەندێ جار بۆ چەواشە کردنی, بەناوی ئەوەی کە خەبەری نییە وشتی نییە و شتی ناراست هەندێ جار دەبێتە شێواندنی ڕاستیەکان و ڕاستیەکان بەشێوەیەکی تر دێتە بەرچاوی جەماوەران, ڕاگەیاندن چ ڕاگەیاندنی ڕەسمی و چ ڕاگەیاندنی ئازادی و نارەسمی کە وەکو پێویست دەوری خۆیانیان تا ئێستا نەبینیوە, هەندێك خاڵ هەیە پێویستە ئێمە لەسەری بووەستین بۆ چارەسەرکردنی, بەڕاستی حکومەت و دام ودەزگا بەرپرسەکان ئەبێ بازاڕ ڕێك بخەن, بازاڕی ئازاد ئەوە نییە کەدام و دەزگاکانی دەوڵەت دەست نەخاتە ناو بازاڕەوە, لە پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداری جیهاندا خۆی دەچێتە ناو بازاڕ وچارەسەری بازاڕ دەکات, ئەمە ڕاستیەکە دەبێ لێرە بیزانین, بزانین بازاڕی ئازاد مانای ئەوە نییە حکومەتی دەوڵەت تایبەتی کردووە لەلایەنی بازاڕ و لایەنی ئابووری, ئێمەش پێمان چاکە ئەو کۆمەڵە هەروەزیانەی کاتی خۆی هەبوو تاقی کردنەوەیەکی خراپ نەبوو لە پراکتیکدا, بەڕاستی دەبێ جێی ڕوون بکرێنەوە وەکو هەروەزیەکانی دەستگیرکردن و فرۆشتنی پێداویستیەکان, نەك تەنها بۆ فەرمانبەران, بەڵکو بۆ توێژوچینە کۆمەڵایەتیەکان وهەموو, ئەبێ دەوڵەت وەکو فرۆشیارێك بێتە ناو بازاڕەوە بۆ ئەوەی بتوانێ دەست نیشانی یاخود بەلایەنی کەمەوە بەشێك لەو نرخانە کۆنترۆڵ بکات, بتوانێ بۆ بەرژەوەندی خەڵك دەوری ئیجابی و دەوری خۆی ببینێ, نەهێشتنی ڕزگاری بازاڕ لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراو, ئەمە بەشێکە لەوەی بەڕاستی کێشەیەکی گەورەی بۆ خەڵك دروست کردووە کە کۆمەڵە کەسانێك هەیە بازاڕ و بازرگانیەکانیان بۆ ڕێکخستووە, کەسیش بۆی نییە دەبێ بازاڕ ئازاد بێت و دەبێ دەرگا بکرێتەوە لەبەردەمی هەموو کەسێکدا کەبتوانێ خزمەتی باشتر بەم وڵاتە بکات, لایەنە وێران و چۆڵکراوەکانی ئەم وڵاتە ئاوەدان بکاتەوە, چاودێری بازرگانی دەبێت کارا بکرێت, دەبێت تەفعیل بکرێت, دەبێ هەوڵ بدرێت دەستنیشانی لایەنێك بکرێت ئەو پێداویستیانەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چینی زەحمەتکێشەکانی کوردستان دەبێت هەوڵ بدرێت دەستنیشان بکرێت, بەلایەنی کەمی نرخی ئەو شتومەکانە, سوود وەرگرتن و کارکردنی یاسای وەبەرهێنان, ئێمە یاسای وەبەرهێنانمان دەرکردووە, بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە و کارا نەکراوە, کەسانێك هەیە لێرەو لەوێ کە کەسانێك هەیە سوود لەم یاسایە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی, بۆیە پێویستە دام و دەزگاکان وەکو پێویست بەتایبەتی دەزگای حکومەت ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەو یاسایە کارا بکات و سوودی لێ ببینێ بۆ بەرژەوەندی و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان, چ لەلایەن سەرمایەدارە بێگانەکان یاخود سەرمایەی بێگانەو یاخود لەلایەن سەرمایەی نێوخۆ ئەو دەرگایانە بکرێتەوە ورێگەیان بدرێتێ وڵاتی پێ ئاوەدان بکەنەوە, چاکتر وایە لە وڵاتدا حکومەت سیستەمێکی باجی گونجاو دابنێت, چونکە بەڕاستی ئێمە سیستەمێکی باجی وامان نییە کە خەڵك هەست بە مەسئولیەت بکات, ئێمە چاوەڕوان دەکەین, هەندێ جار هاووڵاتی چاوەڕوان دەکات, ئەبێت دەوڵەت هەموو شتێکی بۆ بکات, کەمن وەکو هاووڵاتیەك چاوەڕوان بکەم دەوڵەت هەموو شتێکم بۆ بکات, ئەبێ چاوەڕوان لەو دەوڵەتەش بکەم هەموو شتێکم بەسەردا بسەپێنێ و هەموو شتێکی دەبێ لێ قەبووڵ بکەم, کە کاتێك دەوڵەتێك و دەزگایەك هەموو شتێك بۆ من ئامادە بکات, ئەبێت من هەموو شتێکیش لەو دەزگایە قەبووڵ بکەم کە ئەیسەپێنێ بەسەرمدا, بۆ ئەوەی ئەو شتە نەبێت لەڕاستیدا دەبێت هەموومان هەست بە مەسئولیەت بکەین, دەوڵەت ئاویشم بداتێ و کارەباشم بداتێ, پارێزگاری ماڵ و موڵك و سەریشم بکات, هەموو پێداویستیەکی کلتور و خوێندن و تەندروستیم بۆ دابین بکات, منیش هیچ نەدەم و هەر خەریکی بۆڵە بۆڵ بم, بەڕاستی ئەبێت سیستەمێکی باجی لەو بابەتانەمان هەبێت, بەڕاستی باسی هەندێ شت کرا ئێمە بەرامبەر بەکێشەی سووتەمەنی بۆ چارەسەر کردنی ئەمانە, ئەگەرچی ئێمە ئەمڕۆ نەتوانین پاڵاوگەی گەورە دابنێین, بەڵام ئەو سەرچاوە کەمەی کە لەبەردەستدایە پێویستە پاڵاوگەی بچووك دابنێین, بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە بەشێك لەو کێشەیە چارەسەر بکات, ماوەیەکی کەمیشی پێ بچێت, کەمکردنەوەی کێشەی کارەبا بە بیروبۆچوونی ئێمە بە ئیعتیماد کردنە سەر دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ ناکرێت, چونکە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ تا ئەمڕۆ هیچ هەڵوێستێکی ئیجابیانەی بەرچاوی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نەبووە, ئەوەی ئاشکرایە کە بەشێك لەو حصەیەی کە دەدرێ بە هەرێمی کوردستان, حکومەتی عێراقی تائێستا گلی دەداتەوە و هیچ جۆرە گۆڕانکاریەك لە تێڕوانینی ئەو دەسەڵاتدارانەی بەغدا ڕوویندداوە تاکو ئێستا بەرامبەر بە هەرێمی

کوردستان, ئەو دەسەڵاتدارانەی لە ساڵانی سیەکان و چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و تا رووخانی صەدام تا ئەمڕۆش بە هەمان شێوە, لەبەر ئەوە ئیعتیماد کردنە سەر دەوڵەتی عێراق و ئیعتیماد کردنە سەر دەوڵەتەکانی دەوروبەرمان بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە چ سووتەمەنی, چ کارەبا, چ ئاو, چ کێشەیەکی تر بێت لەراستیدا ئەمە برینەکانی ئێمە سارێژ ناکات, ئەمە رەنگە دوا رۆژ برینەکانمان ئەوەندەی تر چڵکن و خراپتر بکات, بۆیە ئەبێت چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە ئەو کێشانەش بەوە دەدۆزرێتەوە کە سەرچاوەی خۆماڵی سووتەمەنی ئێمە بەدەست بێنین, ئەبێ ئێمە کۆمەڵە بەنداوێکی ئاو دروست بکەین و پرۆژەی سەدی بێخمە یەکێك لەو پرۆژانەی ئەبێ بەجدی بیری لێ بکرێتەوە, ئەبێ نەخشەو پلانی بۆ دابنرێ, ئەو پارانەی هەرچەندە ژمارەی تەواومان لەبەردەستدا نییە و زانیاریمان نییە بەداخەوە, بچینە هەر شوێنێك هیچ زانیاریەکمان نادرێتێ, بەڵام ئەو پارانەی کە ئێمە دەیدەین بە هێنانی ئەو پێداویستیانە, من پێم وایە لەماوەی چەند ساڵێکدا دەتوانین ئێمە کۆمەڵە پرۆژەیەکی گەورەی پێ دروست بکەین, دیسان مەسەلەیەکی تر هەیە من پێم چاکە بیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان و هەموو لایەکی لێ ئاگادار بکرێتەوە, ئێمە ئەو کێشانە یەك لایەنە چارەسەر ناکرێت, ئەبێ لە هەموو لایەك هەوڵ وتەقەللای بۆ بدەین, دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان پلانی تۆکمە وکارای هەبێت هەنووکەیی و درێژخایەن بۆ چارەسەر کردنی بنەڕەتی ئەو کێشانە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان, ئەوەی ئاشکراشە مەسەلەیەکی تریش هەبوو پێم خۆش بوو لێرە باسی بکەم, حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی هەیە بۆ پێداچوونەوەی بودجەی فەرمانبەران, لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە لایەنێکی ئیجابیە, بەڵام ئەبێ هاوشان لەگەڵ بازاڕ و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ بەراستی, چونکە هەموو زیاد کردنێکی بودجە لەلایەکەوە کارێکی سلبی دەکاتە سەر بازاڕ, ئەبێ ئەوە بزانین جگە لەوە بۆیە دەبێ هاوشان لەگەڵ زیاد کردنی بودجەی فەرمانبەراندا, ئەبێ بازاڕیش کۆنترۆڵ بکرێت وچاودێری بکرێت, جگە لەوەش بەشێکی لە ئەگەرچی بەشێکی بەرچاوە لە خەڵکی کوردستان مووچە خۆرن, بەڵام بەشێکی تر هەیە لە جوتیار و لە کرێکار و لە کاسبکار و لە خەڵکی تر کە مووچە خۆر نییە, دەبێ رەچاوی بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش بکرێت لەرێگەی بازاڕەوە, بەراستی ئەمانە هەندێ شتی پەلە و کورت بوو, بۆ ئەوەی زیاتر کاتیشتان نەگرم لە ئایندەدا رەنگە برایان و رەنگە خۆشمان هەر بێینەوە ئێرە هەندێ قسەی لێ بکەین و لەگەڵ برایانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوان چییان پێیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز اندریوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند هەندێ لە پرسیارەکانی ئێمە بەڕێز کاك دلێر ئاماژەی پێکرد, بەڵام لیژنەی پیشەسازی هەندێ پێشنیارو پرسیاری هەیە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیرەکان, بەنسبەت کارەبا وامانزانی موشکیلەی ئاو هەیە, وموشکیلەی سووتەمەنی وهێنانی سووتەمەنی لە محەتاتی بێجی بۆ کوردستان, موقتەرح هەبوو ئەگەر بە موافەقەی حکومەتی بەغدا کە ئەگەر رێگای بێجی تەئمین بکرێ بۆ هێنانی سووتەمەنی بۆ کوردستان لەلایەن پێشمەرگەی کوردستان, پرسیارمان ئەوەیە ئەو بابەتە گەیشتە کوێ, دووەم موقتەرح هەیە بۆ زیاد کردنی حصەی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا, چونکە ئیعتیماد لەسەر دەوڵەتی دەوروبەر زۆر زەحمەتە, بۆیە ئێمە داوا دەکەین وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا بکات بە زیاد کردنی حصەی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا, سێیەم سەیتەرە بکاتە سەر تەوزیع کردنی سووتەمەنی لە محەتات, بەراستی پرسیاری هاووڵاتیان یەك شتە, بۆ بەنزین لە محەتاتی تیجاری هەیە, بەڵام لە محەتاتی حکومەت نییە, ئایا مەعقولە تاجر زیاتر دەتوانێ بەنزین بێنێ وەك لە حکومەت, پێشنیاری چوارەم ئەوەیە کە مستەودەعی گەورە ئامادە بکرێ, تاکو موقعێکی ستراتیجی هەبێت, نەوەکو هەر ئەزمەیەك ببێت لەلایەن ئەو جیهەتەی کە سووتەمەنی لێ دێنن بۆ کوردستان قەدەغە بکرێت, بۆیە داوا هەیە کە مستەودعی گەورە دروست بکرێت وەکو خەزینەیەکی ئیشتیراکی, ئەوەی تر کە ئیتیفاقاتی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی دەوروبەر ئیتیفاقاتی رەسمی بێت, یانی

تەئمین کردنی ئیتیفاقاتی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بۆ هێنانی سووتەمەنی بۆ هەولێر, ئەمە بەنسبەت سووتەمەنی, بەنسبەت کارەبا, کیمیاویمان هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوەی محەتاتی گەورە لە هەرێمی خۆمان ئیعتیماد لەسەر خۆمان بێت, لێرە پرسیارمان لە وەزیری کارەبا ئەوەیە ئایا محەتەی تەق تەق بۆ ئاوەدان ناکرێتەوە و گەیشتۆتە کوێ؟ دووەم هەر لێرە ئێمە داوا دەکەین تەقییم بێتە کرن لە تەوزیعی کارەبا, هەندێ شوێن هەیە بەراستی پێویست ناکات کە کارەبای عامی هەبێت, یان وەتەنی بێت, حەقە ئەوان ئیمکانیاتی خۆیان هەیە, بۆ نموونە فنادق, هەندێ فنادق سعری یەك ژوور گەیشتۆتە (50) دۆلار, مەعقول نییە کارەبای لەسەر حکومەت بێت, با بۆ خۆیان مولداتی زەخم بکڕن, کارەبای ئەوان لەسەر حکومەت نەبێت با لەسەر خۆیان بێت, پرسیارێکمان هەیە لە وەزیری کارەبا, پێش ماوەیەك بڕیار هەبوو لەلای جێگری سەرۆکی هەرێم بە بڕینی کارەبا لە مەسئولەکان, کە کارەبای بەردەوامیان هەیە, ئایا ئەمە جێبەجێ کراوە یان نە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, داوا لە سەرۆکی حکومەت کاك عومەر فتاح سەرۆکی حکومەت بە وەکالەت دەکەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە, دواتر دەرگا دەکەینەوە بۆ گفتوگۆ.

**بەڕێز عمر فتاح/سەرۆکی حکومەت بە وەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەم کۆبوونەوەیەتان ساز دا, بۆ ئەوەی لوتکەی هاوکاری و پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان فراوان بێت, بۆ ئەوەی بتوانین ئیستیفادە لە کەفائات و توانا و بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵانی خەڵك بکەین, بەتایبەتی کە ئێوە نوێنەرایەتی دەکەن, دیارە ئێوە چوونەتە ناو خەڵك و بزانن گیروگرفتەکان چییە و حەتمەن هەوڵی چارەسەریشتان داوە کە پێمان وایە ئەوە پشتیوانیەکی باشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێوە دیاری دەکەن, ئەم رۆژانە رۆژی خۆشن بەتایبەتی لەم رۆژە کە رۆژی دادگایی کردنی جەلادی کوردستان و خەڵکی عێراقە, رۆژی دادگایی کردنی ئەو کەسانەیە کە دەستیان سوورە بە خوێنی دەیان هەزار رۆڵەی ئەم کوردستانە و خاپوور کردنی ئەم کوردستانە, ئەم کوردستانەی کە بۆ ئێوەیان بەجێهێشتووە, ئێستا ئێمە دەبێ ئاوەدانی بکەینەوە, ئەوانە ئەو کەسانەن کە خاپووریان کرد و وێرانیان کرد کە گوندیان تێك دا و کە رێگاو بان و قوتابخانە و خانووەکان و کەنیسە و مزگەوت و هەموو ئەو شتانەیان تێك دا, ئەوانە ئەو جەلادانەن کە لەبەردەمی دادگای میللەتدا لێیان دەپرسێتەوە بۆ ئەو کارەتان کرد, بۆ ئەو وڵاتەتان وا خاپوور و وێران کرد, من خۆم شەخصی فەخر دەکەم کە تا ئاخیر رۆژی کە ئەو جەلادە دەستگیر کراوە بەشداریم کردووە لە خەباتدا, لە پێناوی لەناوبردنیدا و لەسەنگەرەکان بووم لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێستاش بۆ دوا جاریش شایەدیم داوە دژی, چونکە یەکێك بووم لە بەشدارەکان لە کاتی ئەنفالدا کە ئەو هێرشانەی کراوەتە سەرم, لەبەر ئەوە ئێستاش ئامادەم کە بچم بۆ بەغدا و ئیفادەکەم تۆمار کراوە لەلای حاکمی تەحقیق کە دژی ئەو جەلادە و ئەو جەلادانەی کوردستان شایەدیم داوە و ئامادەشم بچم شایەدی بدەم, شایەدیەکەی منیش واقیعیە, چونکە لەناو حەوادیسەکان بووم.

خوشك وبرایانی بەڕێز, ئێمە گیروگرفتمان زۆرە وەك باسم کرد یەکێك لە گیروگرفتەکان ئەوانەیە کە ئەو جەلادانە و ئەو داگیر کەرانە و ئەو دیکتاتۆرەیان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە, و ئاوەدانکردنەوەی ئەوە کە سەدان ملیار دۆلاری دەوێ, بەڵام ئەوەی گوێم لێ بووە لە کوردستان زەرەرو زیانی ئێمە کە ئێستا حکومەتی هەرێم بتوانێ چاکی بکاتەوە, بایی (170) ملیار دۆلارە, کە بتوانین شتەکان بخەینەوە سەری خۆی, کە بتوانین خانوو دروست بکەینەوە و مەکتەب دروست بکەینەوە و رێگاوبانەکان دروست بکەینەوە و کارەبایان بدەینێ, ئەو پێداویستانە و خەدەماتیان بۆ دابین بکەین, زۆر لە ئیقتیصادیەکانمان باس لەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە میزانیەکی 250 ملیۆن دۆلاری بۆ ئیستیسمار ئەم هەموو پێداویستیانە جێبەجێ بکات, منیش لێرەوە دڵنیاتان دەکەم کە نەمانتوانیوە, بەڵام هەنگاومان ناوە, بەردی بناغەی چاککردنەوەی کوردستانمان داناوە, رەنگە بەردێك بێت, یان چەند بەردێك بێت, بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی کە هەیە, ئەو گیروگرفتانەی کە هەیە یەکێکیان مەسەلەی کارەبا و سووتەمەنییە, حەز دەکەم

ئێوە مەعلوماتی تەواوتان هەبێت, ئێمە بەحیساب حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 17٪ میزانیەی عێراق وەردەگرین, بەڵام ئەو 17٪ مەیە ڕاست نییە, ئێمە 4ر8٪ وەردەگرین, باقیەکەمان لێ دەبڕن بە حیساب بۆ نەفەقاتی حاکمە و نەفەقاتی سیادی, کە ئەمیش بریتی یە لە پارەی کارەبا و پارەی نەوت و پارەی مەوادی غیزائی و پارەی دەرمان و جگە لەوە پارەی مەصاریفی وەزارەتەکان و پەرلەمانی عێراق و ریئاسەو هەموو ئەو شتانە, هەروەها پارەی پاراستنی حدود و ئەو دام و دەزگایانەی کە لە حسابی ئیقلیمی کوردستان, بۆ ئەوە لێمان دەبڕن, لەبەر ئەوە ئێوە ئەبوایە دیراسەیەکی ئەوە بکەن کە ئەو میزانیەی ئێمە کە 4ر8 وەردەگرین چەندە و چۆن صەرف دەکرێت؟ وچ پێداویستیەك جێبەجێ دەکات, ئێمە چەند ساڵە ئەناڵێنین بەدەست موشکیلەی کارەبا و سووتەمەنییەوە و کە باسیش دەکەین لەدەسەڵاتی ئێمە نییە, وادەزانن ئێمە پێمان ناکرێ و خۆمان بچین کرێکاری بکەین, هەوڵبدەین و دەسەڵاتەکە ئەوەیە لە سنووری ئیمکانیەتەکەی ئێمە نییە, بە ئێمە ناکرێ, ئێمە بۆ کارەبا عێراق وەکو خۆی سوڵتەکەی پارەمان ناداتێ و میزانیەکەمان ناداتێ و خۆیشی بووە بە موشکیلەیەکی تر, خۆیشی مەسەلەی ئەمنیەکەی بووە بە موشکیلەیەکی تر کە شەریکات, خەڵك نایانێرێت ئیشمان بۆ بکەن, لەبەر ئەوەی دەڵێن وەزعی ئەمنیمان تەواو نییە, جەنابتان مەعلوماتتان هەبێ و پێشیدا بچنەوە, ئێمە ئەو گرێبەستانەی کە بۆ کارەبا کردوومانە, سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندە ئیحتیاجاتی کارەبای کوردستانە, بەڵام هیچ یەکێك لەوانە نەهاتووە, دوای ئەوەی گرێبەستمان لەگەڵ کرد, دوای ئەوەی پارەمان بۆ تەرخان کرد, دوای ئەوە چوون موراجەعەتی دەوڵەتی خۆیان کرد, دەوڵەتەکانیان وتیان ئێمە ئامادەنین کرێکار یان موهەندیس یان خەڵکی خۆمان بنێرین بۆ عێراق, هەرچەندە ئێمە وتمان بابە ئێرە کوردستانە, مەشاکیلی وای تێدا نییە, بەڵام ئەو دەڵێ من ئامادە نیم چەندین بڕیار بدەم بۆ هێنانی کرێکارێك, لەبەر ئەوە عێراق وەکو پارەکەمان ناداتێ و ئیمکانیەتەکە ناخاتە بەردەستمان, لە هەمان کاتدا موشکیلەی ئەمنییەکەشی بووە بە موشکیلەی ئێمە, ئەوانە هەر بۆ زانیاری بۆتان باس دەکەم, ئەوانەی ئێمە عەقدمان لەگەڵ کردوون و لەگەڵ هاری برتون کردوومانە کە بەتەما بوو لە ماوەی ساڵێکدا دوو هەزار مێگا کارەبای ئینتاج بکات لە غازی چەمچەماڵ کە پێم وایە ئێمە بە هەرسێ موحافەزەکەی کوردستان و هەموو هەرێمی کوردستان پێویستمان بە نزیکەی 1400 میگایە, مانای وایە هەر ئەو شەریکەیە ئەگەر بهاتایە ئێمە ئەمانتوانی 600 میگاوات لەشوێنەکانی تری وڵات دابەش بکەین, عەقدمان لەگەڵ باك تیڵ دا کردووە بە 200 میگا نەهاتەوە, عەقدمان کردووە لەگەڵ پرادەرمیتنی کردووە بە 200 میگا نەهاتەوە, عەقدمان لەگەڵ کۆمەڵێ شەریکەی تر بەلاغا کردووە هێشتا جێبەجێ نەبووە, لەبەر ئەوە بەراستی ئەوە لەو مەسەلانە نین کە ئێمە بیرمان لێ نەکردۆتەوە یان وەکو پێمان ئەڵێن خەمساردین, زۆر خەم گەرمین, زۆر بەدوای ئەوە دادەچین, زۆر هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین, جگە لەمە ئێمە لەم فەترەیە توانیومانە مەجموعەیەکی زۆر مەحەتاتی کارەبای سووك بێنین, جاران من هی سلێمانیم لە بەرە, ئیحتیاجاتی سلێمانی بریتی بوو لە 110 میگاوات, ئێمە تەنها بەو مەحەتە بچووکانە 81 میگا لەگەڵ 30 میگا لەگەڵ زائیدەن 1500 مولیدەمان دابەش کردووە بەسەر دێهاتەکاندا, کە پێم وایە ئەمە ئەگاتە نزیکەی 200 میگای ئەو کارەبایەی کە پێشتر پێویستمان بوو, بەڵام ئێستا خەڵك وەزعی باش بووە, ئێستا خەڵك کارەبای زیاتر بەکاردێنێ, ئێستا ئیحتیاجاتی سلێمانی 505 میگاواتی دەوێ, ئیحتیاجاتی هەولێر 400, 500 میگایە, ئیحتیاجاتی دهۆك 300 میگایە, ئەو پێداویستیە زۆرە لەگەڵ ئەو ئیمکانیەتە کەمەی ئێمە و لەگەڵ نەهاتنی خەڵك, ئێمە لەگەڵ ئەوەش هەر داوامان کردووە زیاد ببێ, ئێستاش حازرین و دەمانەوێ ئێوەش هاوکاریمان بکەن و پشتیوانیمان بکەن کە بێن ئەو موشکیلەمان بۆ چارەسەر بکەن, ئەو موشکیلەی کە لەو ئەخیرە ڕوویدا بەراستی یەکێك کەمی کارەبا و یەکێك سووتەمەنی بوو, چونکە دیارە ئەو مەحەتە کارەبایەی کە ئێمە دامانناوە بە سووتەمەنی ئیش دەکات, کە سووتەمەنیەکە نەبوو, هەم سووتەمەنی نییە, هەمیش کارەبا نییە, ئێمە ئەو محاوەلاتانەی کە کردوومانە دەمێکە داوا لە بەغدا دەکەین کە ئەو پارەیەی لێمان دەبڕن بیدەنەوە بە خۆمان, یانی ئێوە تەصور بکەن هەتا پارەی گازوایلی مەحەتاتی کارەبا لە ئێمە دەبڕن, یانی حیسابیان کردووە مەحەتاتی کارەبا چەندە بەحساب کارەبا مەرکەزییە و ئەبێ ئەو بیدات ئەو پارەیەشمان لێ دەبڕن, یانی نەك بڵێی هەر پارەی سووتەمەنی بەگشتی, لەبەر ئەوە داوامان کردووە و کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کرد و داوامان کرد بە هەموومان هەوڵ

بدەین و سێ داوای بە عەجەلەمان کرد لە بەغدا کەئەگەر چارەسەری نەکات بەراستی ئێمەش وەزعی ئەمنیمان تێك دەچێت و هەموو شتێکمان تێك دەچێت، خەڵکەکانمان داوایان هەیە و یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە ئەو پارەی سووتەمەنییەی کە لێمان دەبڕن بیدەن بەخۆمان، ئێمە خۆمان بچین گرێبەست بکەین لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ئەوەی بتوانین ئیحتیاجاتی سووتەمەنی خۆمان تەرتیب بکەین، یەکێکی تریان بریتی بوو لەوەی کە ئێمە قسە بکەین کە ئامادەی هاوکاری عێراق بکەین بۆ ئەمن و ئیستقرار، ئەویش بەوەی بەشداری بکەین لە حیمایە کردنی رێگای کەرکووك وبێجی و مەصفای بێجی، کە پێمان وایە بەوە ئەتوانین هەم تەئمینی بەشی خۆمان لە سووتەمەنی و هەم تەئمینی بەشێکیش لە عێراق بکەین بۆ ئەوە، جگە لەوە دیارە کۆمەڵێ ئیجرائاتیشمان وەرگرتووە لەوانەی کە سووتەمەنی و کارەبا بە عەدالەت تەوزیع بکرێ وئەو کەمیەی کە دێت، ئەگەر کەمیش بێت وەکو خۆی بەشی هەموو هاوولاتیانی لێ بدرێ، حصەی تایبەت نەمێنێ و هیوادارم نەمێنێ.

بۆ ئەزمەی سەکەن ئێمە بەشداریمان کردووە لە چارەسەری، بەڵام تەتەوورەکە و نەقصەکە ئەوەندە زۆرە کە چارەسەر ناکرێ، بۆ نموونە 110 ملیون دۆلار ئێمە پارەی سلفەی عەقاریمان داوە، ئێمە میزانیەی ئیستیسمارەکەمان 250 ملیۆنە و 110 ملیۆنمان داوە بە عەقاری، پێم وایە ئەمە نەوعێکە ئەوەی کە بەتەساوی بە خەڵکی بدەی بۆ ئەوەی ئیحتیاجی هەیە بۆ شوێنی سەکەن و بۆ ئەوە بەخەڵکی بدەین، بۆ ئەوە توانیمان یانی نەمانتوانیوە، نسبەتێکمان داناوە نەمانتوانیوە چارەسەری موشکیلەی کرێ خانوو بکەین، چارەسەری موشکیلەی سەکەن بکەین، جگە لەوە بەبەرچاوی خۆتانەوە چەندین شەریکەمان هانداوە کە هاتوون بەعزێکیان خەریکی 25 هەزار خانوون، بەعزێکی خەریکی 5 هەزار خانوون، بەعزێکی خەریکی 10 هەزار خانوون، پێمان وتون ئێمە هەموو تەسهیلاتێکتان بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بێنە ئێرە یەکەی نیشتەجێ بۆ خەڵك دروست بکەن، چونکە بەراستی ئەزمەیەکی گەورەیە ومن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکم کە ناکرێ و نابێ مانگانەکەی بەو شێوەیە  بێت، بەڵام ئەوەندە کرێ خانوو بدرێت و بەکەس نادرێت، لەبەرئەوە ئەوە یەکێکە لەو گرفتانەی کە دەبێ چارەسەری بکەین، داوامان لە ئێوەش و لە هەموو لایەکیش هەیە کە پشتیوانیمان بکات و هاوکاریمان بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەوە. بازاڕ ئێمە وەنەبێ عیلاجمان نەکردبێ و ئیستیعابەمان نەکردبێ، بەڵام بەراستی خوشك وبرایانی بەڕێز بەداخەوە خەبیرەکانی ئێمە هەموو خەبیری ئەو حکومەتانەی پێشوون، خەبیری ئەو حکومەتانەن، چونکە ئەو چارەسەریەی کە بۆمان دەدۆزنەوە هەموو چارەسەری کۆنترۆڵی دەوڵەتن، چارەسەری حەلی ئیشتیراکیە، چارەسەری ئەو شێوەیە نییە، ئێمە ئەم گۆڕانە گەورەی کە بووە لەبەینی وەکو باسیان کرد سیاسەتی ئیقتیصادیمان لە بازاڕی ئازادەوە بۆ بازاڕی کۆنترۆڵ و بازاڕی دەوڵەتی گۆڕانێکی گەورەیە، ئێمە خۆمان خیبرەمان نییە و کەفائاتمان نییە و ئیمکانیاتمان نییە، خەبیرەکانمان هەتا ئوستازی جامعەکانمان ئەوانەی کە مەقال دەنووسن چارەسەری ئیقتیصادیمان بۆ دەدۆزنەوە و ئەیخوێنمەوە ئەڵێ وەڵڵا عەصرەکە عەصری گەشە کردنە، من هیچم بنیات نەنانەوە، یەك بەردم دانەناوە هێشتا، ئینجا بەراستی ئەو خەبیرانەی ئێمە هەمانە زۆر کەمن، ئێمە ئەو لیژنانەی کە بەو ئەخیرە لێرە دامانمەزاندووە ئەو لیژنانە بۆ ئەوەیە کە ئیستیعانە بە خیبرەی دەرەوەش بکەن و ئیستیعانە بەو کەسانە بکەن کە خیبرەیان هەیە لە چۆنیەتی دابەش کردنی مووچە، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بازاڕ، لە چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ، بەداخەوە بازرگانەکانی لای ئێمەش، دەوڵەمەندەکانی لای ئێمەش ئەو ئیستیفادەیان تێدا نییە، کە مونافەسە لەسەر ئەساسی ئەوە بکەن کە باشترین کاڵا بێنن و کەمترین قازانج وەربگرن، بە عەکسەوە یانی خراپترین کاڵا دەهێنن و زۆرترین قازانج وەردەگرن، زۆر پەلەیانە ویستویانە ناردن و هێنانیان زۆرە، ئەوانیش ئەیانەوێ بەیەك تەن لە قوتی عەمیلەکەی ئێمە ببن بەوە، منیش لەگەڵتانم ئەبێ ئێمە کۆنترۆڵی بازاڕ بکەین، دەبێ کۆنترۆڵی ئەو بازاڕانە بکەین، ئەبێ رێنماییان بکەین، بەڵام بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەو سیاسەتە بگونجێ، من لێرەوە بە ئێوەی بەڕێز ئەڵێم لە کوردستاندا لەو جۆرە خیبرەیە زۆر زۆر کەمە، تەشجیعی خوبەرای ئەجنەبیشمان کردووە کە بێن لێرە کاریان پێ بسپێرین و بە کاریان بێنین بۆ ئەوەی ئەو ئیشانەمان بۆ بکەن، ئەو موشکیلانە گەورەن، موشکیلەی خەڵکن، ئێمەش بەشێکین لە خەڵك، ئێمە خەباتمان کردووە بۆ ئازادی و رزگارکردنی خەڵك، ئەگەر خەڵك نانی نەبێت، خەڵك کارەبای نەبێت، خەڵك ئاوی نەبێت، ئێ رزگاریەکەی کامەیە، رزگاریەکەی هەر ئەمەیە لە کوشتن رزگاری بووە، ئێ خۆ ئەوەش

هەر نیمچە کوشتنێکە, لەبەر ئەوە من سوپاستان دەکەم ئەم کۆبوونەوەیەتان حازر کرد و داواکارم کە موستەمر کۆبوونەوە هەبێت و بتوانین ئیستیعانە بە هەموو خوبەرا و بەو خەڵکانە بکەین کە چۆن چارەسەری ئەم کێشە و گیروگرفتانەمان بۆ بکات, کێشەی خەڵکن, کێشەی ڕەوان, داوای ڕەوان, بەراستی منیش بم لەباتی خەڵك هەر خۆپیشاندان دەکەم, ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە کە شێوەی خۆپیشاندانەکانیان باش نییە و تەعبیر نییە لە خەڵك, من ئەوە بە زیندوویی خەڵکی کوردستانی دەزانم کە دیفاع لە مافی خۆیان بکەن, کە دیفاع لە داخوازییەکانیان بکەن, و بەشدار بن لەوەی بە خەبات و حکومەت و بەهەمووومان بڵێن کەم و کوڕی هەیە ونوقصانی هەیە و ئەوە بە زیندوویی خەڵك دەزانم, ئێمە چەندین هەزار کەسمان ئەنفال کرا و کیمیا باران کرا لە پێناوی ئەوەی کە داخوازییەکانمان بێتە دی, کە مافەکانمان بێتە دی, ئەو کاتە زۆربەی زۆری داخوازیەکانمان سیاسی و نەتەوەیی بوو, ئێ باشە ئێستا داخوازیەکەی ئیقتیصادیە و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و ژیانی باشە بۆ خەڵك, لەبەر ئەوە ئێمە پشتیوانی لە هەموو ئەو داواکارییانە دەکەین و ئومێدەوارین بتوانین لە داهاتوودا بەرنامەی باش دابڕێژین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان بکەین, و ئەو نموونە جوانەی کە داومانە بە دونیا, کە لێرە ڕژێمێکی دیموکراتی هەیە و, لێرە ئازادی هەیە و, لێرە سەربەستی هەیە, بەردەوام بیپارێزین, من بەوەندە کۆتایی بە قسەکانم دێنم داواکارم برا وەزیرەکانیش ئەگەر روونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە پێشکەشتانی بکەن, داواکارم ئێمە خۆمان و پەرلەمان و حکومەت هەمووومان وەکو یەك کاربکەین, بۆ ئەوەی بتوانین کەم وکوڕیەکان دەست نیشان بکەین و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە, سوپاس هەربژی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت کاك عمر فتاح, دیارە ئەندامانی پەرلەمان تەقریبەن هەموویان داوایان کردووە قسە بکەن, پێم وایە بە تەئکید هەندێ لەو قسانەی کە دەیانەوێ بیکەن لە ڕاپۆرتی لیژنەکان هاتووە, هەندێ لەو قسانەی دەیانەوێ بیکەن لە جوابەکەی کاك عمر هاتووە, کە هەندێ شتی روونکردەوە, بەراستی بۆ منیش تازە بوو, بەتایبەتی لەسەدا هەشتەکەی کە صەرف دەکرێت, دەمزانی کەمێك کەمی دەکەنەوە لە بەغدا بەڵام رەقەمەکەم نەدەزانی, هەروەها باسی هەنگاوەکانی حکومەتی کرد, بۆیە ئەو برا ئەندامە بەڕێزە پرسیارەکەی یاخود موداخەلەکەی وەڵام دراوە یاخود کراوە لەو برادەرانەی کە قسەیان کرد, ناوی هات بڵێ قسەکەم کرا, ئینجا تەبعەن دوو شت هەیە ئەوەندە قسە کراوە تەبعەن هەندێکی پەیوەندی بە وەزیرەکانەوە هەیە, کاك عمر هەندێکی باس کرد, حەقی خۆیەتی وەزیرەکان قسە بکەن, بەڵام من پێم باشە با ئەندامانی بەڕێزیش ئەوانیش هەندێ قسە بکەن, ئینجا ڕێگە بدەن بە وەزیرە بەڕێزەکان قسە بکەن, من ناوەکان لە شوێنەکان هاتووە محاوەلە دەکەم, تۆ ئەگەر محاوەلەت کرد یانی نیەتت باشە, ناوەکان بە پێی ئەو تەسەلسولەی لەلام هاتووە بەشێوەیەکی ناعەدالەت هاتووە, بۆیە محاوەلە دەکەم ناوەکان دەڵێم بەشێوەیەك بێت, بەتێگەیشتنی کوتلەکانی ناو پەرلەمان بێت, بەرەچاو کردنی ڕێژەی ئافرەت بێت, ئەوەی فریای کەوتین ئینشائەڵڵا قسە دەکات, ئەوەی فریاشی نەکەوتین, چونکە زۆرە بڕوا ناکەم بەو وەختەی کە هەمانە بتوانین هەموو قسەیەك بکەین, کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە و حکومەت, هاووڵاتی و حکومەت, دوو بەرپرسیاریەتی گەورەمان هەیە, بەرپرسیاریەتی هاوبەش و پاراستنی ئەو دەسکەوت و ئەزموونەیە و گەشەپێدانیەتی, لەلایەکی ترەوە هەریەك بۆ خۆمان وبەرپرسیاریەتی تایبەتمان هەیە, حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی هاووڵاتی, هاووڵاتیش کۆمەڵێك داواکاری هەیە, داواکارییەکانی هاووڵاتی بە تەبیعەتی حاڵ دەبنە دووبەش, بەشێکی زۆر زەرووری, بەشێکیشی سادەن, ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا رەچاوی دەکرێ هیچ کۆمەڵگە وحکومەت و گەلێك بەبێ ئەزموون نابێ, بەبێ پەیڕەو نابێت, بەڵام زۆر دەگمەنە کۆمەڵێ قەیران بەیەکەوە کۆببنەوە, ئێمە هەموو جارێ ئەزمەی کارەبامان بووە, هی سووتەمەنیمان بووە, بەڵام ئاوا بەدەم یەکەوە نەبوونە, نەبوونی کارەبا و نەبوونی نەوت و غازو بەنزین و گرانی بازاڕ, ئەمە هەمووی

بەیەکەوە کۆببێتەوە, بەڕاستی دەگمەنە, لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم ئەوە قەیرانێکە رووی لە ئێمە کردووە, من کۆمەڵێ پێشنیار و چەند پرسیارێکم هەیە, پرسیارەکانم ئایا ئەو 13٪ ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك کە هەموو شەش مانگ جارێك فستی هەیە, بەشێك لەوە بۆ کارەبایە, بۆ سووتەمەنییە, ئەوە پرسیار دەکەم لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوە چی بەسەردێت و چی لێهات؟ دووەم ئەو حاڵەتەی کە ئێستا ئەیبینین لە بازاڕدا, بەراستی ئەتوانین بڵێین بازاڕ بەدەستی خەڵك, ئێمە بۆ چارەسەری ئەو سووتەمەنییە ئایا ناکرێ بۆ نموونە دابنێین وەکو بومەلەرزەیەك لاسمح الله لە کوردستاندا روویداوە, بەراستی ئەم هەموو قەیرانە بەیەکەوە وەکو بومەلەرزە وایە, ئایا حکومەت میزانیەکی تەواری بۆ ئەمە دانەناوە, ئەمە شتێکی سروشتیە کە شتێك, حاڵەتێکی نائاسایی دروست دەبێت پێویستە خێرا حکومەت میزانیەکی تایبەت بۆ چارەسەری ئەوە دابنێ, بۆ ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم بە هاوکاری ئەو خەڵکەی کە سووتەمەنی دەهێنن حکومەت هاوکاری بکات لە کڕینەوەی, بۆ نموونە کابرایەك ئاسانە بۆ ئەو سووتەمەنی لە شوێنێکەوە بێنێت بۆ ئێرە, بەڵام دیارە بەهۆی رێگەوە بۆ حکومەت ئاسان نییە, حکومەت بەشداری بکات لە کڕینەوەی, بەڵام ئەو سیعرەی کە بۆ هاووڵاتی باشە حکومەت دەتوانێ تەحەکومی تێدا بکات, دووەم هێنانی لە وڵاتانی دەوروبەر, مەسەلەن وەکو ئێران, ئێستا ئێمە دەزانین ئێران لەشارەکانی سەرسنوور غازی هەیە بە بۆڕی, یانی ئێمە بەپێی عەقد, بەڵام تەمەننا دەکەم ئەوە دوور بێت لە کاریگەری سیاسی, ئێمە ئێستا پێویستی ئەو قۆناغەمانە ودیاریشی بکەین رێژەیەك بێنین, بۆ نموونە لە 40٪ پێویستیەکانی سووتەمەنی لە نەوت و غازو بەنزین لەوڵاتێکی وەکو ئێرانەوە ئەهێنن, کە ئاسانتر بێت, یانی هەر وڵاتێکی تر یا ئەو یان یەکێکی تر, بۆ چارەسەری گرانی بازاڕ پێم وایە بەستراوە بە سووتەمەنی, یانی ئێمە ئەزانین لەو رۆژەوە سووتەمەنی گران بووە, سیعریش لەبازاڕ گران بووە, مەسەلەن ئەچی بۆ لای هەر کەسێك ئەڵێی بۆچی ئەمە گران بووە؟ ئەڵێ نەوت نییە, غاز نییە, کەوا بوو بەچارەسەرکردنی سووتەمەنی هەموو شتەکان ئەگەڕێتەوە جێگەی خۆی, بۆ چارەسەری سەکەن و نیشتەجێ بوون من پێشنیار دەکەم ئەوە فراوان بکرێ سولفەی عەقار, یانی ئەم یەکەی نیشتەجێ بوونەی کە بە شوقە دروست دەکرێ, پێم وانییە ئەوە چارەسەرە, بەڵام خەڵکێکی زۆر زەوی وەرگرتووە, لەوە دەچێ وەزیری شارەوانی ژمارەکەی بە دەقیقی لەلا بێت, نزیك لە پەنجا هەزار زیاتر زەوی لە هەولێر و دەوروبەر دابەش کراوە, ئەگەر سولفەی عەقار بدرێ مانا هەموو ئەیکەن بە خانوو ئەو ئەزمەیە بەوانە چارەسەر دەکرێ, ئەگینا لەوانەیە خەڵکی دەوڵەمەند سێ و چوار و پێنج شوقە دەکڕێ, دەتوانێ بەکاری بێنێ بۆ شتی تر, بەڵام بەمە ئەتوانین چارەسەری بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشەکیدا بەخێرهاتنی حکومەت دەکەم هەر هەموویان, حەزم دەکرد زۆر زووتر ئەم جۆرە دانیشتنەمان هەبووایە, ئێمە لە ناو کوردستاندا یەك کێشەمان هەیە ئەویش کێشەی سەرەکییە, نەبوونی شەفافیەت لە هیچ لە کاروبارەکانماندا, بەڕێزی سەرۆکی حکومەت بە وەکالەت باسی لە میزانیە کرد هەتا ئێستا حەقی خەڵکی کوردستانە بزانێ کە ئێوە لە 17٪ وەرناگرن, کاتێك ئێوە کە گلەییەك رووبەرووی حکومەت دەبێتەوە, حەقی خەڵکە جوابەکە وەربگرێ, یانی بۆ هەتا ئێستا ئێمە نەزانین کە میزانیە لە 4ر8٪ ە, یانی بوونی شەفافیەت زۆر لە کێشەکان حەل دەکات, ئەگەر دیالۆگ و ئەوانە نەبێت لە بەینی پەرلەمان و خەڵکدا خەڵك دائیمەن قسە بە حکومەت دەڵێ, ئێستا بە پەرلەمان دەڵێن یەك شت ناکات بۆ خەڵك, حەقی خۆشیانە, من کۆمەڵە پرسیارێکم هەیە لەسەر قەیرانی سووتەمەنی, بەڵێ لە کەلار تاجر هەیە داوای یەك ملیۆن لیتر بەنزینی لێ بکە بە شەو ورۆژێك بۆت پەیدا دەکات, ئەو ئەتوانێ پەیدای بکات, حکومەت ناتوانێ پەیدای بکات, بەڵام خۆ دەتوانن ئێوە لەرێی ئەو تاجرانەوە بکەن, نەك لە شەو ورۆژ لە سرەی بەنزینا نەوەستێ و شەو بنوێ لە سرەی بەنزیندا, گوناحی ئەو خەڵکە چییە, کێشەکە هەیە لە عێراقەوە هەیە, بەڵام چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە, ئێمە داوای چارەسەری عەمەلی دەکەین, نامانەوێ تەنها بە قسە پێمان بڵێن وەڵڵا ئێوە وایە و کێشەکە هەیە, چارەسەرە عەمەلیەکە چییە و ئەبێ بۆمان بدۆزرێتەوە و ئەبێ بکرێ, بەنسبەت کارەباوە ئێمە دوو بەنداومان هەیە هەتا ساڵی پاریش ئێمە لە هاویندا 24 سەعات کارەبامان هەبوو, ئەمساڵ بەو بەنداوانەشەوە

شەو ورۆژ نۆ سەعاتمان هەبووە, قەیناکە خەڵك لە زستاندا تەحەمول دەکات, بەڵام لە هاوینە گەرمەکە نەخێر, باشە بەنداوەکان بۆ تۆربینەکانیان کار ناکات, ئەگەر کێشەیان تێدا هەیە با چارەسەری بکەن, ئەگەر لەتوانای ئێوەدا نییە باسی بکەن, چونکە باس نەکردنەکەی بە رەئیی من پێشێل ترە لەوەی بڵێن هەیە و جوابی مەنتقی نەدرێتەوە. گرانی بازاڕ ئەگەر تۆ کۆنترۆڵێکی بازاڕت نەبێت, رەقابە نەگەڕێ لەناو بازاڕداو سعرەکان دانەنێ و پێیدا نەچێتەوە, ئەو کەسەی کە سەرپێچی دەکات و سزا نەدرێت, تەبعەن جارێکی تر تیکراری دەکاتەوە, سەیتەرە نەوعی نییە, خواردنی ئیکسپایەر هاتووتە ناو کوردستان و بێ لە دەرمانی ئیکسپایەر, بەڕێز وەزیری تەندروستی خۆی لە خەستەخانەکاندا بینیویەتی, ئەی ئەمانە کێ لێی مەسئولە, ئێوە مەسئولن و ئێمە مەسئولین بەرامبەر بە میللەت, میللەتیش داوای روونکردنەوە دەکات لەسەر هەموو کێشەکانی کە هەیە, ئەگەر بە قسە بێ ئێمە بە قسە قەناعەتمان نایە, ئێمە داوای حەللی عەمەلی دەکەین, خەبیرەکانتان بەکەڵك نایەت, بۆ داتانناوان لە شوێنی خەبیر, ئەزانن کە ئەو بەکەڵك نایەت لای ئەبەم یەکێك دەهێنم کە فیعلەن شارەزا بێت, ئەگەر هەر بۆ تەرزیە کردن و مەعاشە, ئەتوانێ جەنابی بچێتە ماڵەوە ئەو خەبیرە لەجیاتی ئەوەی خیبرەی سەقەتمان بداتێ, با بچێتەوە ماڵێ مەعاشی خۆی وەربگرێ, بەڵام خبرەیەکمان نەداتێ ئەوەندەی تر قەیران لەسەر شانی ئێمە زیاد بکات, بۆیە ئێمە داواکارین ئەمڕۆ تەنها بە قسە وەڵاممان نەدەنەوە, کاری عەمەلیمان ئەوێ, راستە ئێوە دانیشتوون کۆبوونەوەی خۆتان کردووە, چوونەتە لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم داواتان کردووە وەکو حکومەتی عێراق هاوکاری کێشەکان بکات و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە, بەڵام حەللی عەمەلی بۆ ئەم قەیرانە, چونکە زستان کەس ناتوانێ بەبێ سووتەمەنی بژی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت و هەموو برا وەزیرەکان دەکەم, پێم خۆشە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و لەناو خەڵك سووڕامەوە, هەندێ شت ئەگەر ئیجازەم بدەیێ هەندێ وردەکاری هەیە باسی بکەم, بۆ ئەوەی برا وەزیرەکان و حکومەتی هەرێم ئیستیفادەی لێ بکەن, ئەگەر مەعلوماتیشیان نەبێ, با تێیان بگەیەنم, جەنابی سەرۆکی حکومەت بە وەکالەت باسی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کرد کە حکومەتی مەرکەزی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی دروست کردووە, هەروەها ئەو هۆیانەشی نیشان دا کە نەهاتنی شەریکاتی ئیستیسمارو هۆیەکانی روونکردەوە, سەرەتا باسی سووتەمەنی دەکەم, مەوزوعی سووتەمەنی بەڵێ راستە, حکومەتی مەرکەزی پارەکە ناداتە ئێمە, بەڵام کە باسی سووتەمەنی دەکەین بە هەموو نەوعەکانیەوە بڕۆ بازاڕەکانی کوردستان, لە هەر بازاڕێك دەگەڕێی لە کوردستان, ئەگەر موبالەغە نەبێت بە ملیۆن لیتر بەنزین و گازو نەفت لە بازاڕەکان دەگری, هەروەها غاز,,بەڵێ بە قاچاغ دێت, بەنزین لە تورکیاش دێت, بەڵام بێ کۆنترۆڵ, دراوەتە دەست کۆمەڵێك ئەژدیها, ئەو ئەژدیهایەی کە خوێنی هەمووان دەمژێ, ئەو قاچاغچیانەی کە دەیهێنن لە بەنزیخانەکان و لە هەندێ بەنزیخانەی تایبەتدا دەیبینین, جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خۆم بەچاوی خۆم شتێکم بینیوە, ئەگەر مەجالم بدەنێ بیڵێم, هەژدەی ئەو مانگە دەچووم بۆ مەخمور, لەبەینی دیبەگە و مەخمور هەژدە تانکەری شازدە تایەکان کە سووتەمەنی تێدا بوو بەرەو هەولێر دەهات, گەیشتم بە فولکە پێنج تانکەر لەو تانکەرانە بەرەو هەولێر دەهات, بەڵام یەك تاکە مولیدە لە مەخمور هەبوو پێویستی بە یەك بەرمیل گازوایل هەبوو پێیان نەدەکرا, بەنزینخانە هەیە بە چاوی خۆم بینیومە, ناویان ناڵێم, بەڵام ئەگەر بێن نیشانتان دەدەم, رۆژانە زیاتر لە حەفت تا هەشت تانکەر رادەوەستێ و بەتاڵی دەکات لە بەنزینخانەکان, بەڵام خواهەڵناگرێ رۆژێك لە رۆژان ئۆتۆمبێلێك رانەوەستاوە بەنزین پڕ بکات, ئایا ئەوە بووەتە مستەودەعی حکومەت, بەدەیان بەنزینخانەی وا هەیە لە هەولێر حصەی خۆی وەردەگرێ ودەرگاش قەپات دەکات, دام و دەزگای حکومەتیش ئەغلەبی ئەوە دەزانن, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم من ناڵێم حکومەتی هەرێم مەسئولە لەوە, بەڵام مەسئولە لە کۆنترۆڵ کردنی, با موعامەلە لەگەڵ قاچاغچیەکان بکات, با ئەوەی قاچاخچی دەیهێنن بۆ بەنزینخانە و ئەوانە و دەیفرۆشنەوە بازاڕی ئازاد, با بەدەیان جار ئێمە زیاتریان دەدەینێ و با حکومەت لێیان وەربگرێتەوە, با حکومەت خۆی ئەو قاچاغچیانە سەرپەرشتی بکات, بەرمیلی نەوت ئێستا گەیشتۆتە دووسەدو پەنجا تا سێ سەد هەزار دینار, ئەگەر

وابێت دەگاتە چەند ملیۆن دینار, ئایا کارمەندێك مەعاشی چەند سەد هەزار دینار بێت, ئەتوانیّ بەسیّ مانگ بەرمیلێك نەوت بكڕیّ, یەكێك لە خاوەن بەنزینخانەكان لای من نەء , گوێم لیّ بووە و تەئكید دەكەمەوە گوێم لیّ بووە ناویشی دەزانم, لەشوێنێك گوتویەتی لە یەكی مانگ تا هەژدەی مانگ (70) دەفتەرمان پیّ براوە, بەلاّم خۆم نەمدیوە بۆم هاتووە و تەئكید دەكەمەوە, حەفتا دەفتەری لە هەژدە رۆژ پیّ براوە, ئینجا نازانم موبالەغەیە یان موبالەغە نییە, ئەمە وەك قسە گوێم لیّ بووە, لەناو خەڵكی باوە ئەو قسەیە دەگێڕنەوە, مەسەلەی غاز من نازانم بوتڵی غاز لە كوێوە دێت, بەلاّم لە هەندیّ مەعمەلەكانی غاز كاریسەیە, لە كارگەی غازی مەعمەل ڤیر چەند رۆژ لەمەوپێش دووسەد, سیّ سەد كەس راوەستابوون بۆ وەرگرتنی غاز, نیوەی وەریگرت و نیوەی گوتی كۆتایی پێهات, دەیان شایەد عەیان هەیە دە دەقەی پیّ نەچوو پێنج پیكاب فول غاز هاتە دەریّ بۆ فرۆشتن, جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئەو غازانەی كە بە 32 هەزار دەیفرۆشن, دوو بوتڵە غاز دەكرێتە سیّ بوتڵە غاز و تەوزیعی دەكەن بەسەر خەڵك, حكومەت دەتوانیّ ئەوە كۆنترۆڵ بكات, خەڵك هەیە و دڵسۆز هەیە, جیهازی قوەت هەیە, ئەگەر شتەكانی پیّ تەنزیم نەبیّ خۆ بەدەستێتی ئەو سووتەمەنی و ئەو غازانە كۆنترۆڵ بكات, مەسەلەی گرانی بازاڕ, ئاخر ئێمە هەر فێر بووینە وەختمان درەنگە و زرووفەكەمان ناسكە, ئێمە دە ساڵە لەو حاڵەتەین, با دە رۆژ كۆبوونەوە بكەین, با هەموو كێشەكان باس بكەین, ئێمە دەمانەویّ یارمەتی حكومەت بدەین خۆ ئێمە دوژمنی ئەوان نین و نە ئەوان دوژمنی ئێمەن, حەقیقەتەكە رووندەكرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بكەن, بەلاّم واقیعەكە ئەوەی بیستومە ئەوەی دەڵێم, مەسەلەی بازاڕی ئازاد, ئایا بازاڕی ئازاد بۆ چەوساندنەوەی كۆمەلاّنی خەڵك دروست بووە, بۆ نان بڕینی خەڵك دروست بووە؟ هەرچەندە من زۆر شارەزا نیم, بەلاّم جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن لە زۆر ولاّت هەیە كە زرووف ئیستیسنائی دێتە پێش, لە ولاّتانی پێشكەوتو خواز كە بەسەدان ساڵ لە پێش ئێمەن, لە حاڵەتی حەرب, لە حاڵەتی ئیستسنائی, رووداوێك دێتە پێش حكومەت مەجبورە بازاڕ كۆنترۆڵ دەكات, باشە ئێمە ئەوەمان پیّ ناكریّ, جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن, دكتۆرێكی زۆر ناسراو رۆژێك بە ئێمەی گوت بیكە بۆ خاتری خوا ئاگاداری مەسئولەكانی خۆمان بكەن بگەنە دەرمانخانەكانی دەرمانسازی خۆمان ئەوانەی كەدەرمان دەفرۆشنەوە پڕی جورج و مشكە, نیوەی ئیكسپایەرە بیكەن بۆ خاتری خوا, باشە ئەمە كەی وایە, كەی حەقیقەتە, بۆ موحاكەمە نەكرێن, ئەمە تەنیا موراقەبەی دەویّ چی تری ناویّ, بۆ جورج و مشك لەناو دەرمانخانەكانی ئێمە بن, ئەو دەرمانانەی كە دیّ زۆربەی دكتۆرەكان پێمان دەڵێن هەندیّ دەرمان هەیە مەكرن, چونكە تاجرەكانی ئێمە چووینە لەگەڵ شەریكات پێك هاتینە, ئەو كەمیەی كە پێویستە لەو شرینقەیەی, لەو حەبەی, لەو شروبەی كە تێیدایە كەمیەكەی كە پێویستە لە ماددە ئەساسیەكەی كە تێیدا بێت كەمیان كردۆتەوە, لەگەڵ شەریكە ئیتیفاقیان كردووە كە نسبەتەكەی 50٪ بێت بیكەنە 20٪ , بەلاّم بە سعری 50٪ كە دەفرۆشریّ, ئەوە دوژمنكاری ئەو میللەتە نییە, ئەوە موراقەبەی ناوێت؟ جگە لەوە بەتایبەتی موعەلەبات كە دێت ئەگەر موبالەغە نەبێت 30 تا 40٪ ئیكسپایەرە لەناو بازاڕ, باشە بۆ موراقەبە ناكەن, خەڵك هار بوونە لەدەست ئەو گرانیەی, كارمەندێك مەعاشی دوو سەد, سیّ سەد هەزار دینارە, كیلۆی گۆشت سەد دیناری ئەسڵیە ئێستا, چۆن دەكڕیّ. جەنابی سەرۆك, ئەمە نانێك و سەمونێكە لەگەڵ خۆم هێناومە, ئەم نانە هەشتا غرامە, ئەم سەمونە شەست و سیّ غرامە, هیچ خێزانێكی هەولێریّ ناتوانیّ ئێستا بە خۆی نان بكات, چونكە سووتەمەنی نییە, مەجبورە ئاردەكەی بفرۆشێتەوە, كیّ لێی دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەیارمەتیت دەمەویّ یەك نوقتە ئیشارە بدەم, ئەم مەوزووعە نان و ئیكسپایەر و ئەوانە, بەینی خۆمان باسمان كردووە, جەلسەیەكی تایبەتی دەویّ, چونكە وەزیری تەندروستی باسی نەكردووە, ئەگەر چی وەزیری پلاندانان لێرەیە بەشێكی پەیوەندی بەوەوە هەیە, چونكە سەیتەرەی نەوعی دەبێت هەبێت, ئەمە دەبیّ دیراسەتی بكەین و خۆمانی بۆ حازر بكەین, ئینجا لەبەر ئەوە نەمانخستۆتە بەرنامەوە.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیجازەم بدە تکا دەکەم, فەردەیەکیان پەنجا کیلۆیە, ئەغلەبی فڕنیەکان ئەو ئاردەمان لێ دەکڕنەوە, فەردەی ئاردی بە سێ هەزار دیناری لێمان دەکڕنەوە, هەر فەردە ئاردێك (660) سەمونی لێ دروست دەکرێت, هەر فەردە ئاردێك (57) هەزار دیناری پێ دەگرنەوە, هەر نانێك نەوەد غەرامە (600) نانی لێ دروست دەکرێت, هەر فەردە ئاردێك (52) هەزار دیناری لێ دەگیرێتەوە, ئایا فڕنێك لە رۆژێك چەند فەردە نان دەکات, لێی دەپرسی بۆ وا, دەڵێ بەرمیلی نەوت بە 250 هەزار دینار دەکڕم, بەڵام رۆژانە دە فەردە ئارد سەرف دەکات, حساب بکە چەند قازانج دەکات, بۆ موراقەبە لەسەر ئەمە دانانێن, جگە لەمەی پڕی سیسرکە و کرم و پێشکەیە, لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین موراقەبە دابنێن و مەسئولیەتیان کۆنترۆڵی بازاڕە, مەسئولیەتیان موراقەبەی ئەو شوێنانە بکەن,ئەو میللەتەش خەریکە هار دەبێت, رجامان ئەوەیە بەرپرسانی حکومەتی ئێمە بەخۆ بکەون و موراقەبەی بازاڕەکە بکەن و سەیتەرە بکەن, لەبەر ئەوە وەزعەکە لەوەی دەرچووە چاوی لێ بپۆشین, هەموو شتێکیش ئێستاکە ئەوەی دەخرێتە سەر پەرلەمان, پەرلەمان بۆ ئەوە ناکات, پەرلەمان بۆ خۆی کڕ کردووە, پەرلەمان لە هەموو دەزگاکانی حکومەت زیاتر دەسەڵاتی هەیە, بۆیە رجام ئەوەیە ئەو جۆرە شتانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین و داوای لێبوردنیشتان لێ دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەو شتانەی کە من لە خەیاڵم بوو باسکرا, بەڵام تەنها چەند خاڵێك ماون دەمەوێ باسیان بکەم, یەکەمیان ئەو پارەیە بوو کە کاك عومەر باسی کرد کەوا ئێستا 4ر8٪ دەدرێ بە ئێمە, بەراستی من داوام وایە وەکو فشارێك بخرێتە سەر حکومەتی ناوەند, بۆ ئەوەی هەر لەسەدا حەڤدەکە هەمووی بدرێ بە حکومەتی هەرێم, حکومەتی هەرێم خۆی هەڵسێ بە دابینکردنی دەرمان و کەل وپەلی خواردەمەنی و سووتەمەنی, بەراستی ئەو گرفتەی کە ئێستا لە بەغدا هەیە, ئەو گەندەڵیەی کە لە بەغدا هەیە, بەشێکی زۆری لەو پارەیە بە خۆڕایی دەڕوات, من دڵنیام ئەو پارەیە هەمووی نادرێتەوە کەوا لە ئێمەی دادەبڕن, لەبەر ئەوە ئەگەر هەوڵ بدرێ هەموو پارەکە بدرێ بە حکومەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم خۆی هەڵسێ بە دابینکردنی هەموو ئەو پێویستیانەی کە حکومەتی ناوەندی پێی هەڵدەستێ, خاڵی دووەمیشم ئەوەیە کەوا ئاراستەی بەڕێز وەزیری پلاندانانی دەکەم کە لەساڵی داهاتوودا هەوڵ بدرێ پلانێکی تۆکمە دابنرێ بۆ ئەولەویاتەکانی دانیشتوانی کوردستان, بەهەڕەمەکی نەکرێ وەکو زۆرێکی لەو ئیشانەی کە کراون لەم چەند ساڵە, بەراستی زۆری بە ئارەزووی وەزیرە بەڕێزەکان کراوە و گەلێك پارە بە هەدەر رۆیشتووەو بە خۆڕایی لەوانەیە سەرف کرابێ, لەبەر ئەوە هیوامان وایە کەوا پلانێکی رێك و پێك هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پارانەی کەوا لە داهاتی ساڵی داهاتوودا جێی خۆی بگرێتەوە, داوایەکی ترم لەوەزیری ناوخۆ ئەوەیە کەوا ئەو خەڵکانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە, گەلێك خەڵکی لەگەڵ تێکەڵ بووە کەوا زەرەریان بە دام و دەزگاکان گەیاندووە, هەندێ خەڵکی تریش هەن کە لەوانەیە حەقی خۆیانە وەکو کاك عومەریش خۆی باسی کرد کەوا ناڕەزایی دەربڕن و خۆپیشاندان بکەن و داواکانیان بخەنە بەردەمی لێپرسراوان, بەڵام لەگەڵ ئەوانە تێکەڵ بوون و گیراون, داوامان وایە ئەوانەی بێ تاوانن, تەنها خۆپیشاندانیان کردووە, خۆپیشاندان مافێکی سروشتی هاووڵاتیانە بەربدرێن, ئەوانەی تریش کەوا خەتایان کردووە بە چاوێکی هاووڵاتیەکەوە کە هەڵەی کردووە لێبوردنیان هەبێ, هەوڵ بدرێ ئێمە هاووڵاتی خۆمان رابێنین لەسەر خۆپیشاندان, بەڵام دەبێ خۆپیشاندان بەپێی یاسا و رێنماییەکان بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش محاوەلە دەکەم زۆر بە چڕی لەبەر وەختەکە دیارە زۆر فەراهیم نییە, تەئییدی قسەی کاك خورشید شێرە دەکەم, تەئییدی قسەی سوزان خان دەکەم سەبارەت بە شەفافیەت, لەلایەن دەزگاکانی دەسەڵاتەوە, خاڵێك بەکورتی باس لە گرانی بازاڕ دەکەم ئەوەی کە پێی دەڵێن بازاڕی ئازاد, چونکە حەقیقەت مەبەست لە ئابووری بازاڕدا کە بازاڕ خۆی یاسا بۆ خۆی دادەنێ, واتا یاسایەکی موحەدەد نییە لە بازاڕ, بازاڕ خۆی یاسایەك دادەنێ, جەوهەری ئەو یاسایە ئەوەیە

چی هەیە لە بازاڕ بۆ خەڵك کەمیشن, ئینجا بۆیە ئەمە تەئکید دەکەم لێرە من پرسیارێك لە بەڕێز وەزیری پەیوەندار بەو مەسەلەیەوە دەکەم, ئایا میکانیزمی وەزارەتەکەی سەبارەت بە تەعامول کردن لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی بازاڕ, هەلومەرجی ئابووری بازاڕ, یا ئەوەی کە پێی دەڵێن بازاڕی ئازاد چییە؟ بۆمان روون بکاتەوە, چونکە ئەوەی دەیزانین کە بازاڕی ئازاد, یان ئابووری بازاڕ, یانی بازاڕ خۆی حوکمی خۆی بکات, قەد بەدەر نییە لە کۆنترۆڵی حکومەت کە بۆ پارێزگاری کردن لە کۆمەڵانی خەڵك لەو گرانیەی بازاڕدا کار دەکات, لەلایەکی ترەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەت بە وەکالەت باسی ئەوەی کرد کە شەریکاتی تایبەتی نایەن ئیش بکەن لێرە, بەتایبەتی لەبواری سووتەمەنی و کارەباو ئەوان, لەگەڵ وەزعی نائەمنیەت و ئەوانە نایانەوێ موهەندیس و کرێکاری خۆیان بێن, تەنها پرسیارە ناکرێ ئێمە بە کرێکار و موهەندیسی خۆمان بە حدودێك و نەوعە تەعامولێك بکەی کە بەشی زۆری ئەوان نەبێت و باشتریش, کرێکار و موهەندیسی خۆمان لەو ئیشانە بن, راستە مەوزوع کرێکار و موهەندیس نییە, مەوزوع مەلایینە و مەوزوع شتی ترە, بەڵام ئەگەر مەسەلەی کرێکارو موهەندیسەکەی بە کرێکار و موهەندیسی خۆمان چارەسەر دەکرێ, منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە بەراستی بەخێر بێن حکومەت و نوێنەرانی حکومەت وشتەکانیان واقیعیەت دەردەخات, یانی روونبکاتەوە عیلاقەی بە دەسەڵاتی حکومەتەوە چەندە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە, بەڵام ئەو واقیعەی کە باسکرا هەندێکی روون کرایەوە, ئەوەی کە دەبینرێ بەچاو وا لە خەڵکی دەکات یانی زەحمەتە, گونجان هەبێ لەگەڵ ئەو قسانەو لە بەینی ئەو واقیعەی کە بە چاو ئەبینرێ, لەبەر ئەوە من هیوادارم و تەئکیدی ئەکەمەوە کە پەرلەمان و حکومەت یەك یەکەن هەموو بۆ خزمەتی گەلە, ئەم پرسیارانەش تەنیا بۆ ئەوەیە روونبێتەوە, بۆ ئێمەش و بۆ کۆمەڵانی خەڵکیش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم, چونکە ئێستا من کرێچیم, هەندێ پێشنیارم هەیە و قسەی برادەرانم دووبارە ناکەمەوە, یەکەم ئەو یاسایەی کە ئێستا حوکم دەکات لە کرێ خانوو پێویستی بە تەعدیل کردن هەیە, ئەو کاتی داندرابوو بارودۆخێکی ئابووری هەبوو, ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە, بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی کرێچی نییە, دووەم پێشنیارم ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە خانووی سەکەنی ئێستا لەلایەن بارەگا حزبیەکان, رێکخراوەکان, کۆمپانیاکان, مەسئولەکان, نووسینگەکان داگیر کراوە, زۆربەی لایەنیش ئەو کرێیە لەوانەیە لە میزانیەی حکومەت بدرێ بۆیان, بۆیە داوا دەکەم بەشێوەیەکی مەسئولانە هەر حزبەکان بە خۆیاندا بچنەوە, پارەکە ئەگەر زەروور نەبێت کەمی بکەنەوە بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان, حکومەتیش بڕیارێك بدات پێشنیاری کردبایە کە نووسینگەکان, کۆمپانیاکان, رێکخراوەکان بچنە باڵەخانەکان, بەم شێوەیە ئێمە دوو فازانج دەکەین, یەکەم خانووی سەکەنی زۆر بەتاڵ دەبێ و خاوەن خانوەکان ناتوانن تابلۆ لەسەر خانووکانیان بنووسن تەنها بۆ نووسینگەو بۆ کۆمپانیا, دووەمیش ئێمە پشتگیری دروست کردنی باڵەخانە ئەکەین, ئەو سەرماگوزاریانەی کە هەیانە باڵەخانەی گەورە دروست بکەن و شەریکات و نووسینگەکان و رێکخراوەکان بچنە باڵەخانەکان, خاڵێکی تر کردنەوەی ئوردوگا بۆ لاجئین, ئەوانەی ئێستا روویان لە هەولێر کردووە و لەشارەکانی کوردستان, لەبەر قەزیەی ئینسانی باوەشیان بۆ ئێمە کردۆتەوە, قەیناکە, بەڵام ئۆردوگای تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و خزمەتگوزاری باشیان پێشکەش بکرێت, ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مەسەلەی کرێ خانوو, خاڵێکی تر پەلە کردن لە دابەش کردنی ئەو شوقانەی کە هەندێکی وابزانم تەواو بووە و هەندێکی لە تەواو بووندایە, بەشێوەیەکی عادیلانە کە خەڵکی پێویست سوودی لێ وەربگرێ, خاڵێکی تر حکومەت تەشجیعی دروست کردنی نهۆمی دووەم بکات بۆ هاووڵاتیان, ئەوانەی کە توانایان هەیە نهۆمی دووەم دروست بکەن, بۆ نموونە ژن بۆ کوڕەکەی دێنێ, پێویست ناکات بچێتە دەرەوە هەر لە خانووەکەی خۆی نهۆمی دووەم دروست دەکات, حکومەتیش وەسائیلی خۆی هەیە, دەتوانێ تەشجیع بکات بە سلفەی عەقار یان بە باری تردا, خاڵێکی تری گرنگ پشتیوانی و هاندانی گوندنشینەکان, بۆ ئەوەی رێگە بگرێ لە کۆچی خەڵك لە دێهاتەکانەوە بۆ شارەکان, بۆیە ئێستا خەڵك زۆر روو لە شار دەکات, چونکە بارودۆخی گوندنشینەکان و جوتیارەکان خزمەتگوزاریان وەکو پێویست نییە, ئەمە سەبارەت بە کرێ. سەبارەت بە

بازاڕ, نەهێشتنی ئیحتیکار لە ئیستیراد, هەندێ بازرگان و هەندێ کۆمپانیا تەنها ئەوان مافیان پێدراوە شت بێنن, با کراوە بێ, ئەو خەڵکەی توانای هەیە کەل وپەلی باش بۆ کوردستان بێنێ,حکومەت ڕێی لێ نەگرێت و ئاسانکاری بۆ بکات, خاڵێکی تر کردنەوەی ئەسواق مەرکەزی بۆ هاووڵاتیان لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە, بۆ ئەوەی حکومەت مونافەسەی بازاڕ بکات لە نرخ, چ بەداشکاندن بێت, چ بەنرخی حەقیقی خۆی بێت وبە فازانجێکی زۆر ڕەمزی, نەك بەو شێوەیەی کە ئێستا فازانجێکی زۆر دەکرێ, دانانی زەریبەی تەصاعودی لەسەر فازانج, بۆ ئەوەی بازرگان کە بیر لە فازانج دەکاتەوە, بیریش لەوە بکاتەوە کە زەریبەکەی لەسەر زیاد دەکات, بەنسبەت سووتەمەنییەوە ڕێگە دان بە هەموو کەس, ئەوەی توانای هەیە سووتەمەنی بێنێ بۆ کوردستان حکومەت ئاسانکاریان بۆ بکات, لێیان بکڕێتەوە لە بەنزینخانەکان دابەش بکرێت, بەڵام لەسەر جادەکان نەبینرێ, زۆر جار کارەساتی گەورەی لێ دروست بووە و ماڵی خەڵك سووتاوە, تەنسیقێك بکرێ لەگەڵ پارێزگای موصڵ و پارێزگای کەرکووك, چونکە ئێمە زۆر جار  دەیانبینین میوانی کوردستانن و هەردوو پارێزگارە بەڕێزەکان دۆستایەتی باشیان هەیە لەگەڵ ئێمە, بەڵام سەیتەرەکانی دیبەگە و سەرگەڕان و سەیتەرەی  پردێ و ئەوانە زۆر کۆسپ دروست دەکەن لەڕێی ئەو هاووڵاتیانەی کە سووتەمەنی دێنن بۆ کوردستان, ماوەیەك پێش ئێستا ئیجرائاتی زۆر توندیان کرد, نرخی یەك بەرمیل بەنزین بووە سێ سەد هەزار, بەڵام چەند ڕۆژێك ئاسانکاریان کردووە بووە دووسەد هەزار, ئەگەر تەنسیقێکیان لەگەڵ بکرێ بەداخەوە زابتی وا هەیە لە سەیتەرە کە لە هەولێر دادەنیشێ و کوردە, بەڵام لەبەر ئەوەی لە سوپای عێراقییە و تەعلیماتی ئەوان جێبەجێ دەکات, بەڵام بەداخەوە لەڕێی پیکەپی تایبەتییەوە قاچاغچیەکان ئەیدزن و ئەینێرن بۆ تورکیا, ئەمەش لەو سنوورە دەتوانێ ئیجرائاتی توندتر بکات و, بۆ ئەوەی چیتر گازو بەنزین لێرەوە نەچێت بۆ ئەوێ, لە گومرگی قەڵادزێ, گومرگ وەردەگیرێ لەو بەنزین فرۆشانەی کە بەنزین لە ئیران دێنن بۆ ئەو سنوورە, حەق وایە ئاسانکارییان بۆ بکرێت, نەك ئەوەی تەنها وەرەقەی تایبەتیان هەبێت ئەوان بەنزین بێنن, ئەو ئاسانکارییەشیان بۆ بکرێت زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من لەسەر ئەو شەفافیەتەیە کە لەسەر گیروگرفتەکان کە لە کوردستان و حکومەتی هەرێم هەیە, حەز دەکەین کە ئەو شەفافیەتە بەردەوام بێ و بەبەردەوامی ئێمە بزانین کێشەکانمان گەیشتۆتە کوێ و بەربەرستەکان چین, خۆی ئەمە بەشێکە لە چارەسەری, بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم کێشانە هەن و زۆر ڕاستە بەشێکیان کێشەی سیاسین, بەڵام ئەی بۆ ئێمە دەسەڵاتدارین ئەگەر نەتوانین ئالیەتی گونجاو ببینینەوە و ڕێگا بدۆزینەوە, یەك لەو خەلەلانە کەجەنابی دەستنیشانی کرد و ئێمەش دەمێکە قسەی لەسەر دەکەین, نەبوونی خەبیر و خەڵکی شارەزای گرانی و تەکنوقراتە لە هەموو دەوائیرەکانی ئێمە, باشە دەبێ ئەمەش ڕێگای بۆ بدۆزینەوە, هەروەکو خۆی باسی کرد هێنانی خەبیری ئەجنەبییە, کە ئەمەش ئەبێ بە زووترین کات بکرێ و پەلەی لێ بکرێت, چونکە بەراستی بەپێی ئەو سیستەمی پەروەردەیی و خوێندنی باڵایە کە ئێمە هەمان بووە لەو وڵاتە نەمانتوانیوە ئەو کاریگەرە پێك بێنین کە ئەمڕۆ بتوانین ئیدارەی دام و دەزگاکانی خۆمان بکەن, زۆر ئاساییە وڵاتێکی داگیرکراوین و بێ بەش کراوین و خەڵکمان نەتوانیوە پێ بگەیەنین, ئێستا ئێمە داوای یارمەتی لە دەرەوە بکەین بۆ ئەوەی لەو ناحیەوە یارمەتیمان بدەن, بۆیە ئێمە بۆ حەللی هەموو ئەو کێشانە لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانە چ سەرۆك لیژنەکان کە هاتن قسەیان کرد و چ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە قسەیان کرد و دەست خۆشیان لێ دەکەین, لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە خاڵێکی تریش نابێ لە بیر بکەین پێویستیمان بە کەلتورێکی نوێ و دەستوورێکی نوێ هەیە بۆ هاووڵاتیانی خۆمان, بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە مەسئولیەت بکەن بەرامبەر ئەو کێشە وگرفتانەی کە هەیە, چونکە بەشێك لە کێشەکان خودی ئەو کەلتورەیە کە ئێمە هەمانە و ئەو پەروەردە نەگریسەیە کە تووشمانیان کردووە و تووشی بووینە, بۆیە ئەمە ئەرکی هەر هەموو حکومەتە, نەك تەنها وەزارەتی پەروەردە کە هەستێکی بە چەند قۆناغێکی نوێ و پەروەردەیەکی نوێ بۆ نەوەکانمان, بەڵکو هەموو پێویستە هەماهەنگی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە, لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێك ئالیەتی زۆر بچووك هەیە بۆ کورتخایەن, ئێمە دەتوانین بەکاری بێنین بۆ ئەوەی کێشەکان کەم بکەینەوە, لەوانە ئەوەی

کە کاك رشاد باسی کرد کە جەمعیاتی تەعاونی زۆر دروستە دەبێ هەبێ, دانی یارمەتی بە نانەواکان, حکومەت یارمەتیان بدات, چونکە دەزانێ نان شتێکی زەرووری هەموو هاوولاتیەکە, با یارمەتی زۆر زیاتر لەوە یارمەتی نانەواکان بدرێ نرخیان بێنە خوارەوە, هەروەها رێگە گرتن لە ناردنە دەرەوەی مەڕومالات بۆ ولاتی تورکیا, کوردت خاینەکە دیسان دووبارە تەئیید دەکەینەوە کە هێنانی سووتەمەنی و کارەبا لە ولاتی ئێران و تورکیا شتێکی زۆر زۆر زەرووری تاکو ئێمە دەگەین بە بەرهەمهێنانی خۆمان, ئەمانە هەمووی ئالیەتی بچووکن و دەشکرێ و هیچ کامەی زەحمەت نییە, ئێمە نەتوانین تێیدا سەرکەوتووبین, هەروەها لەگۆڕینی کەلتوور, لە گۆڕینی رووبەڕووبوونەوە بەشێك دەکەوێتە سەر ئەستۆی وەزارەتەکان, بۆ نموونە ئێمە دەمێکە باس لەوە دەکەین لە راگەیاندن زۆر باسکراوە , بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی سووتەمەنی و بەنزین, کە شەقامەکانمان دروست دەکەین, بەشێك لە شەقامەکانمان کە دروست دەکەین لەسەرەتا بۆ لێخوڕینی بایسکل بێت, ئەمە خۆی یەکێکە لەو رێگە چارەسەریانە, لەوانەیە بلێین خەونە, بەلام هیچ شتێك خەون نییە دەکرێ بێتە دی, بۆ نموونە شارێکی وەکو هەولێر کە دەشتە زۆر بەئاسانی دەتوانین ئێمە رووبەڕووی ببینەوە, شازدە هەزار قوتابیمان هەیە دەچێتە زانکۆ هەمووی سوود لەسەیارە وەردەگرن, ئەمە هەمووی سووتەمەنییە, هەمووی قورساییە لەسەر ئابووری ئێمە, بۆیە هەندێ ئالیەتی نوێ هەیە ئێمە دەتوانین داهێنانی تێدا بکەین و ببین بە موجتەمەعێك کە تەقەبولی شتی نوێ بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆك حکومەت بەوەکالەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, بەراستی ئەو شتانەی کە دەمویست کە لێرەدا باسی بکەم, زۆرینەی دەنگم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە باسی هەموو شتەکانیان کرد, بەتایبەتی کاك خورشید شێرە, کە زۆر بەووردی لەسەر بابەتەکە راوەستا, بەلام ئەوەی سەرنجی راکێشام بەراستی جەنابی سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت شکایەتی لەدەست ئەو خەبیرانە دەکرد کە راپۆرتی سەقەتیان پێشکەش کردوون, بەراستی من پرسیار دەکەم ئەو خەبیرانە کێ تەعینیانی کردوون؟ ئەو خەبیرانە لە رۆژگارێکدا تەعین کراون کە خۆیان مەسئولن لە تەعین کردنەکە, ئەوانە لەرۆژگارێکدا تەعین کراون کە مەسەلەی حزبایەتی و منافەسەی حزبایەتی لە گۆڕێدا هەبووە, ئێستاش پێم وابێ هەر خۆیان مەسئولن بۆ ئەوەی چاکسازیەکە بکەن و ئەو خەڵکانەی کەشارەزان و بە حەقیقی شارەزان ئەوان بێنە سەر کارو, ئەوانی تریش چۆن حەلیان بۆ دادەنێن, هەر خۆیان دەبێ ئەو شتە بکەن, ئەوە یەك, ئەوی تریش زۆر درێژەی پێ نادەم لەبەر ئەوەی زۆر قسەکان کران, من داوا دەکەم کاتێك کە کۆبوونەوەی وا زۆر فراوان کرا, پارێزگاری هەر سێ موحافەزەش ئامادە بن, ئەوانیش مەسئولن لە زۆر مەسائیلدا, سوپاس.

**بەڕێز شیردل عبدالله حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رووبەڕووی ئەو ئەزمەی سووتەمەنی بووینەوە, ئەوە لە زۆر دەوڵەتی تریش هەیە, لە زۆر جێگا بووە, ئەوە مەترسی سەبەبی گرنگی هەیە, یەکیان ناوەوەیە, ئێمە هەموومان دەزانین ئێمە لە هەموو کوردستان مەخزەنێکی تێدا نییە, کەوا بەنزینی تێدا خەزن بکرێت یاخود سووتەمەنی تێدا خەزن بکرێت, هیچ مەصفایەکمان نییە, نەقلی زۆر زەحمەتە, دەشزانین ئەو شوێنانەی کە لەبەردەستی حکومەتە لێدەدرێ و ئەمنی کەمە, لە دەرەوەش کە دێت لە خارجی عێراق ئەوەیە کە سعودیە موشتەقاتی نەوت نافرۆشێ, بەو بیانوویەی کەوا زیاترین نەفتی هەیە, کوێت ناماندانێ, سوریا و ئوردن ئەوە نیانە, هەتا ئێستا زیاتر لە رێی تورکیاوە هاتووە, هەروەها ئێستا خەریکن لە ئێران دێنن, حکومەت ئەو ئەزمەیەی تۆزێك لای زەحمەتە چارەی بکات, بەتایبەتی لە کوردستان, بەلام هەندێ شت هەیە وەکو کاك خورشید شێرە وتی تەئییدی دەکەم, کە هەندێ شتی ناو بازاڕ دەتوانرێ کۆنترۆڵی بکەن, بۆ نموونە بەنزینخانەکان کە ئەوان لە پێش خەڵك دەزانن ئەزمە پەیدا دەبێ, لەپێش خەڵك دەزانن کە بێجی لێدراوە, هەر یەکسەر بەنزینخانەکان قفل دەدەن و دەڵێن نییە, ئەوە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێ و ئەو بەنزینخانە چەندی بەنزین وەرگرتووە و چەندی صەرف کردووە و چەندی دەمێنێتەوە, ئەو قاچاغچیانە ئیمکانیەتی زۆریان هەیە, بەکەیفی خۆیان لە هەر سنوورێك دەتوانن

بەنزین بێنن, بەنزین کە دێنن لە هەر شوێنێك لە کوردستان لە کۆلانان, لە جادەکان, لە جادەی خارجی دەتوانن بیفرۆشن, هەتا پەمپێکی ئاگر کوژێنەوەشیان نییە, دووەمین بەکەیفی خۆیان نەوعیەتەکە کەس نازانێ چییە, رەنگی تێ دەکەن, بەکەیفی خۆیان دەبە پڕ دەکەن, باشە ئەوە کێ بەرپرسیارە, ئەوانە ئەو هەموو ئیمتیازەیان هەیە وهیچی کۆنترۆڵ ناکرێ, ئەوە باشترین شت ئەوەیە کە کۆنترۆڵ بکرێ, دەشکرێ بەرێوەرسمی مروری کە هەندێك لەوانە لە جادەکان کەمبکرێنەوە, لەبەر ئەوەی جەنابت و جەنابی سەرۆك حکومەت بەوەکالەت باسی ئەنفالتان کرد, لەبەر ئەوە ئەگەر رێگەم بدەن دوو پێشنیارم هەیە لەسەر مەحکەمەکە, یەك ئەو مەحکەمە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە هەموو گەلی کوردستانەوە هەیە وەکو دوێنێ و پێرێ موراقەبەمان کرد بەراستی موتەرجیمەکە زۆر لاوازە و شتەکان بە تەواوی تەرجومە ناکات, لەبەر ئەوە ئەگەر داوا بکەن چەند موتەرجمێك دابنرێ و موتەرجمی شارەزاش, دووەم ئەگەر نەخشەیەکی کوردستان یان عێراق هەڵواسن, بۆ ئەوەی پیشانی خەڵکی بدەن کە ئەو گوندانە چەند لە سنووری ئێران دوورە, چونکە هەموو وا دەزانن کە لەگەڵ ئێران بووین و ئێران قەصفی کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت.**

**بەڕێزان وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**

دیارە ئێمە گەورەترین گرفتمان ئەوە بووە لە تێکدانی گوندەکانەوە, تێکدانی گوندەکانی کوردستان لەلایەن رژێمی عێراق لەوێندەر گرفتی ئێمە دروست بوو, لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر بووین, ئەوەی لە گوند بوو زیاتر ئیعتیمادی لەسەر خۆی دەکرد بۆ ژیانی رۆژانە, کە ئەو گوندانە تێك درا, مەبەستی یەکەم داروخاندنی بنەمای ئابووری کوردستان بووە, لە کۆمەڵگاکان کە خەڵك کۆکرایەوە, خەڵکەکە بووە خەڵکێکی موستەهلێك, ئەوە بەتایبەتی گیروگرفتەکانمانیان بۆ دروست کرد, تەماشا دەکەین لەگەڵ تێکدانی ئەو گوندانە, باس لە گرانی بازاڕ دەکەم ئێمە هەموو بیستانەکانمان نەما, هەتا ئێستا تەماتە و خیار و ئەوشتانە لە ئێرانەوە دێت, ئەوەش کە ئەیهێنێ هەم کرێ گواستنەوە و هەم کڕینەکەی لەوێندەر سعرەکە زیاد دەکات و ئەوەش دەکەوێتە سەر کڕیار, بۆیە وەکو ئەرکێکی بەپەلە دەبێ ئێمە کاربکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و زیاتر تەئمین کردنی پێداویستەکانی گوندەکان, بۆ ئەوەی خەڵك بگەڕێتەوە, بۆ ئەوەی ئێمە بەرووبوومی ناوەخۆمان هەبێ, بتوانین لێرەوە کۆنترۆلی بازاڕ بکەین, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تریش ئەو بەرووبوومانەی کە لەگومرگ بەقاڵەکان دەیکڕن و لە بازاڕ دەیفرۆشن, جار هەیە لەوانەیە کیلۆی تەماتە بە سەد دینار لەسەریان بکەوێ, سەد دیناری تەبع هی ئێستاکە, بەڵام دێ لە بازاڕ بە هەزار دینار دەیفرۆشێ, یانی قازانجەکەی نەك سەدا سەد, قازانجەکەی سەدا سێ سەد و سەدا چوار سەدە, بگرە سەدا هەزاریش دەبێ هەندێ جار, ئەوە لەهیچ وڵاتێك نییە, هەتا کڕینی جل وبەرگ ئەوانەی کە لەدەرەوە دێنن, تاجرەکانمان دەچنە صین, چی ئەشیا کە لەوێ نافرۆشرێ پارچەی بە پەنجا سەنت بە شەست سەنت کەمتر لەدۆلارێك دێننە ئێرە و بە دە دۆلارو دوازدە دۆلار دەیفرۆشنەوە, ئێمە بەراستی پێویستیمان بە کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ هەیە لە هەموو ماددەکان, نەك تەنها لە مەجالی خواردەمەنی, دواتر مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی خانوو, ئەوەش لە رێگەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و تەشجیع کردنی خەڵك بۆ گەڕاندنەوە بۆ گوندەکان, هۆکارێکە بۆ چارەسەرکردنی کرێی خانوو, من پێشنیاری ئەوە دەکەم جگە لەو یاسای ئیدارەی کە ئێستا هەیە, ئێمە یاسایەکی تایبەت بە کوردستانمان هەبێت, ئەوە لەسەر بنەمایەك دابڕێژرێت خانووەکان لەسەر ئەساسی مەتر بێت, بۆ نموونە سەد مەتر کرێیەکەی چەند بێت, هەر مەتری خانووی سەکەنی, مەتری مەبلەغێکی لەسەر دیاریبکرێت, نەك هەموو رۆژ خاوەن موڵك ملی کرێچی بگرێت و لەسەری زیاد بکات و لەسەری کەم بکات بە بیانووی جۆراوجۆرەوە, لەهەمان کاتدا خانووی ئەوەی کە دەدرێتە مەسائیلی تیجاری, چ دەدرێتە شەریکات ویا حزبەکان, ئەوانەی لەسەر شەقامە گشتییەکان, ئەوانەش سیعرێکی تری بۆ دیاری بکرێت, ئەو شووقە و ئەو شتانەی کە ئێستاکە دروست دەکرێت بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت, ئەوە خاڵێکی تر هەر بۆ چارەسەرکردنی کرێی خانوو, بەنسبەت سووتەمەنیشەوە ئەوەی تێ گەیشتم زەحمەتە بتوانرێ وا بەخێرایی چارەسەر بکرێت, بەڵام من

سەیرم بەیەك شت دێت, بۆ قاچاغچی بتوانێ هەمووی بێنێ, حکومەت نەتوانێ؟ یانی قابیلە حکومەت لە قاچاغچی بێ دەسەڵاتتر بێت, قاچاغچی بەدەسەڵاتتر بێت, من لێرەوە سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت دەکەم کە شتەکانی روون کردەوە, ئیمکانیەتی حکومەت بەراستی ئیمکانیەتی زۆر زۆر کەمە, ئەو 4ر8٪ کە دێت بەشی زۆری بۆ مووچە دەڕوات, لێرە دەبێ زەغت لە حکومەتی مەرکەزی بکرێت, 17٪ وەکو پێویست هەمووی بدرێتێ, لێرەوە پرۆگرام دابندرێ لە رێگەی وەزارەتی پیلاندانانەوە چی دەکرێ, خۆمان چ دەرمانێك دەکڕین, خۆمان چۆن چارەسەری گرفتەکانی خۆمان دەکەین لە رووی سووتەمەنییەوە, ئەگەر ئەوە نەکەین خۆشتان دەزانن ئەمڕۆ گەندەڵیەکی زۆر لە دەزگاکانی حکومەتی عێراقی هەیە, رۆژانە دەزگای نەزاهە بانگی وەزیرەکان دەکات, لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکات, ئەوە تەئسیر لە ئێمەش دەکات, ئەو بەشە پارەیەی ئێمەش کە لەوێندەر دەمێنێت خەڵکێك هەیە لەوانەیە لەرێی ئەو بۆندانەی کە دەیبەستن لەگەڵ کۆمپانیا بەنرخێکی هەرزانتر بیکڕن و پارەکەی زیاتر بۆ صەرف بکرێت, بۆیە دەبێ بەراستی ئێمە لەرێی گروپی کوردی لە پەرلەمانی بەغدا, لەرێگەی گروپی وەزیرە کوردەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق, لە رێگەی دەستەی سەرۆکایەتی عێراقەوە زەغت بکەین کە رەچاوی تایبەتمەندی کوردستان بکرێت و ئەو ئمکانیەتە بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان, ئەگەر ئەو ئیمکانیەتە کەمە ناتوانێ حکومەتی هەرێم گرفتەکان چارەسەر بکات, خەڵکیش ئەوەندە گازاندەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات, بەوە ناتوانێ کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات بەو ئیمکانیەتەی کە لەبەردەستدایە, بۆیە وەکو دڵسۆزیەك ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە بدەین شاندێکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدا بکەن, لەوێ ئێمە ئەو گرفتانە رووبەرووی کاربەدەستانی بەغدا بکەینەوە و پێشیان رابگەیەنین ئەو رەوشەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە تەئسیر لەرەوشی ئەمنیمان دەکات, تەئسیر لەرەوشی بژێوی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك دەکات, دەبێت چارەسەری گرفتەکانی ئێمە بکات, بە هەموو لایەك ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین چارەسەری ئەو گرفتانە بکەین, من نموونەیەکی بەسیتتان دەدەمێ, سەرەتا رۆژی رابردوودا حکومەتی عێراق کارەبای مەخمور لە گەیارەوە دێت, کارەبای مەخموری بڕی, ئاویش لەوێوە پێشتر دەهات ئاوەکەش بڕا, یانی خەڵك لە ناخۆشترین ژیاندا بوو, لەرووی سووتەمەنی وەك مام خورشیدیش ئاماژەی پێکرد, مولیدەکانیش کارەبایان نەدەدا خەڵك لەبەر ئەوەی گازیان نەبوو, بەڵام رۆژانە ئەو تەنکەرە گازو نەوت و بەنزینەی کە لەرێگەی مەخمورەوە بۆ هەولێر دێت, کە قاچاغچیەکان دەیهێنن دەتوانم بڵێم بەشی هەموو هەولێر دەکات, بەڵام نازانم چی بڵێم بەراستی, لەهەمان کاتیشدا دەکرێ خاڵێکی تر من بەپێویستی دەزانم کە حکومەت بیکات لەسەر رێگەی مەخمور کە هەموویان لەوێ کۆدەبنەوە, بەر لەوەی کە داخلی هەولێر بن ئەو تەنکەرانە یەکسەر تەحویل بکرێن بۆ خەزائینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, حکومەت فەورەن لێیان بکڕێتەوەو نەیهێننە بازاڕ, نرخەکەش دیارە لەوێ بەچەندی دەیکڕن, بەو شێوەیە ئێمە دەتوانین تا رادەیەك سەیتەرە بکەین, ئەگەر نا لە دوو مانگی داهاتوو ئێمە بەرەو زستان دەڕۆین بەراستی ژیانەکە زۆر قورستر دەبێت, نارەزایی خەڵکیش زیاتر دەبێت, ئێمە ئەو کات ناتوانین وەکو پێویست کۆنترۆڵی رەوشەکەش بکەین, لە ئێستا را ئێمە دەبێ کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەین, هاوکاری حکومەتی کوردستانیش بکەین, بەڵام تەئکید دەکەمەوە لەسەر پێشنیارەکەم ئێمە بەزووترین کات ئەو وەفدە هاوبەشەی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان رەوانەی بەغدا بکەین, بۆ ئەوی لەوێوە ئێمە زەغتی زیاتریان لێ بکەین, نەگەڕێینەوە بێ ئەنجامیش, ئەو ئیمکانیەتەش لە میزانیەی ساڵی داهاتوو با راستەوخۆ بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان, بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین پێداویستەکانمان چییە و چۆن چارەسەری گرفتەکانیشمان بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە ئەندامان باسی نەوعیەتی سەیتەرە لەسەر دەرمانیان کرد, راستە ئەمە کێشەیەکی زۆر گرنگە, ئێمە زۆر داکۆکیمان لێ کردووە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی, ئێستا پلانیان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە و خەریکە ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکرێ, بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە حکومەت دەتوانێ کۆنترۆڵی یاخود سەیتەرەی نەوعی لەسەر کاڵاکانی بازاڕ دابنێ, بۆ نموونە ئەو چیمەنتۆیەی داخیلی کوردستان دەبێ مواصەفاتی کەمە, بۆڕی ئاو کە دێ لەگەڵ مواصەفەکان

ناگونجیٚ, من داوا دەکەم وەزارەتی بازرگانی یاخود وەزارەتی پەیوەندیدار گرنگی بەو مەسەلەیە بدات کە سەیتەرەی نەوعی لەسەر هەموو کاڵاکان دابنیٚ, بەراستی ئەوە کێشەیەکی دیارە ئەمڕۆ کە کوردستان بووەتە بازاڕێکی پاك کردنەوەی ئەو مەوادانەی کە لەهیچ وڵاتێك صەرف نابێت, بۆیە ئێمە پرۆژەکانمان فەشەل دێنیٚ و هیچ سەرناگریٚ, خاڵێکی دی ئەوەیە کە کۆنترۆڵ کردنی نرخی بازاڕ, یەکێکە لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی پارێزگا, بەداخەوە پارێزگای هەولێر تا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگا سیٚ دانیشتنیان هەبووە, بەڵام لە سلێمانی پەنجاوپێنج دانیشتنیان هەبووە و لە دهۆك یازدە دانیشتنیان هەبووە, توانیویانە هەندیٚ ئەو مەحەلانە دابخەن کە نرخەکانیان بەرزبۆتەوە, توانیویانە ئەو مەحەلانە دابخەن کە مەوادی ئیکسپایەری زۆرە, داواکارین لە هەولێریش ئەمە دووبارە بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی وەزیران بەوەکالەت و هەموو برا وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, ئەوەی کە دەمویست باسی بکەم بەراستی کاك عومەر وەڵامی داوەتەوە, تەنها تەئکید لەسەر دووخاڵ دەکەمەوە, یەکەم دروست کردنی خەزائینی گەورە لە هەرسیٚ پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك و هەولێر, بۆ سووتەمەنی شتێکی زۆر گرنگە, دووەم راستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات عەقد لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان بکات وەکو ئێران و تورکیا بۆ هێنانی سووتەمەنی, چونکە بەراستی ئەگەر لەرێگەی حکومەتی بەغداو لەرێگەی وەزارەتی نەوتەوە بێت, ئێمە ناتوانین سوود لەو سووتەمەنییە وەربگرین کە دێت بۆ هەرێمی کوردستان, ئەگەر ئێمە راستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ بکەین دەتوانین ئەو برە پارەیەی کە پێویستە بۆ کڕینی سووتەمەنی هاووڵاتیان پێشەکی دەیکرن, بەڵام ئەگەر لە رێگەی وەزارەتی نەوتی عێراقیەوە بێت, ئیشی ئەو کێشانە دەکەین نەك جارێك و دووجار, دەیان جار و سەدان جاری تریش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکە اسماعیل عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆك وەزیران بەوەکالەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, بابەتی من لەسەر کرێی خانووە, کرێی خانوو هەموو برادەران باسیان کرد, بەڵام خاڵێك هەیە باسیان نەکرد ئەویش قەزیەی گوندەکان, باسی هاوکاریان کرد و خانوویان بۆ بکرێت, ئێستا مودیر ناحیەکان پێچەوانەوە, سیٚ زەلامی بەقوەتیان داناوە هەرچی شتێك بکات پاڵێکی پێوە دەنێن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمجارەش بەخێرهاتنتان دەکەم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان, بەراستی قسە و باس کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە, منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوان, لەسەر هەندیٚ شتی موحەدەد پرسیارم هەیە لە حکومەت, ئەو بڕیارەی کە حکومەتی داویەتی بۆ ئازاد کردنی هێنانی سووتەمەنی, دەمانەویٚ بە موحەدەدی بزانین ئەو سووتەمەنیەی کە بەرێگەی کۆمپانیا و یاخەڵکی دەرەوەی حکومەت دێتە ناو هەرێمی کوردستان لە بێجی یاخود شوێنەکانی تر و مەصفایەکانی تر, بە قاچاغ دێت, ئایا ئەوە لە حیصەی هەرێم کەم دەبێتەوە یاخود لە خارجی حصەی هەرێم دەبێت؟ ئەگەر لە حصەی هەرێم بێت ئەوە کارەساتە بەراستی, هیچ گۆڕانکاریمان نەکردووە دەبێتە هۆی ئەوەی موزایەدە بکرێت و فێڵ بکرێت, من شتێکتان دێنمەوە بیر کاك بایز لێرەیەو کاك عوسمان شوانیش لێرەیە, وەختی خۆی لە بەغدا چیمەنتۆمان دەکری, زەحمەت دەهات بۆ ئێمە, دواییش رێگامان دا خەڵك بچیٚ چیمەنتۆ بهێنیٚ, پاش ماوەیەك تێگەیشتین ئەو خەڵکەی کە ئیزنمان داوە چیمەنتۆ بێنن لەو حصەیەی کە بۆ ناوچەی سلێمانی دانراوە حساب دەکریٚ لەگەڵ ئەو حصەیەی هەرێم, کەواتە نرخەکەی زیاد کرد, رەنگە ئەو کەسانەی کە کاربەدەستن لە شوێنی تر پێیان خۆش بێت ئەو شتە, نەوەك قازانجێکی لیٚ وەربگرن, بۆیە داوا دەکەم لە حکومەت ئەگەر ئەوە وایە ئەم نوقتەیە بە پەلە چاودێری بکەن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان, ئەگەر لە حصەی ئێمەیە خۆمان بیهێنین, بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی حصەی ئێمەیە, کارێکی باشە و بڕیارێکی باشیشە, دەربارەی بازاڕ کە باسی بازاڕ کرا و نرخی بازاڕ, ئێمە

لەگەڵ بازاڕی ئازادین، ناتوانین دوور لەلایەکەوە باسی چارەیەکی ئازاد دەکەین، بڕوات بێت قانونەکان و یاساکان کە دەرتهێناوە هەمووی پشتگیری لەوە دەکات، ناتوانی تۆ بێی تەدەخول بکەی لە دیاریکردنی نرخ، بەڵام حکومەت دەتوانێ بە هەندێك شت هەڵبستێت، ڕێگە دان بە کردنەوەی بازاڕی شەعبی، شوێنێك دابین بکات بۆ شتومەکێك بەتایبەتی ئەو شتومەکانەی کە ڕۆژانە خەڵك پێویستی پێیەتی، سەوزەیە، گۆشتە، میوەیە، ئەنواع شتە کڕیان لێ وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئەو نرخەی کە لەوێ دەیفرۆشن هەرزان بێت، بەو شێوەیە مونافەسەی نرخی بازاڕ بکات، ئەوە لە هەموو شوێنێك موتەبەعە، لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا داوا هەیە و حکومەت تەدەخول ناکات لە دیاریکردنی نرخی بازاڕ، بەڵام ڕێگە دەدات هەم پشتگیری لەو بازاڕە دەکات کڕێیان لێ وەرناگرێ و کارەبایان لێ وەرناگرێ، شتێکی تریشیان هەیە لە هەر ناوچەیەکدا جێگایەك تەحدید دەکات، هەفتەی جارێك ئەو خەڵکانەی کەبازاڕی موتەنەقلیان هەیە بە عارەبانەوە دێن یاخود بەسەیارەوە دێن بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی مەجبور نەبن پارەیان سەرف بکەن، بەو شێوەیە دەتوانین تەئسیر لە نرخی بازاڕ بکات، نەك بەشێوەیەکی تر، بەڕاستی من ئەو دانیشتنە بەدانیشتنێکی باشی دەزانم داوا دەکەم تیکرار بێتەوە، سینگی حکومەت فراوان بێت، ئەو دانیشتنە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستانە و بۆ پشتگیری کردنی حکومەتی کوردستانە، کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە با بفەرمێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی زۆر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەوەکالەت کاك عمر فتاح و گشت برا وەزیرە بەڕێزەکان و خوشکە بەڕێزەکان دەکەین، کە ئەمڕۆ لێرە ئامادە بوون، مەبەست لەم جەلسەیە ئەوە بوو بۆ گشت خەڵکی هەرێمی کوردستان نیشان بدەین کە حکومەت و پەرلەمان و قەزاو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە پێکەوە وەك یەك کاردەکەین لە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان کاردەکەین، یانی هەدەفمان لەوەیە کە خەڵکی کوردستان حەقیقەتەکان بەچاوی خۆیان ببینن و بەگوێی خۆیان ببیستن کە ئەم بەڕێزانە و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و قەزا کە زۆربەی خەریکی کارەکانن، زۆر بەوردی بیر دەکەنەوە کە باری ژیانی خەڵکی کوردستان بەرەو باشتر ببەن، خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی و حەقی خۆیەتی کە ئینتیزاری هەبێت لە حکومەتەکەی لە پەرلەمانەکەی و لەسەرۆکایەتی هەرێم، لە قەزاکەی، لە هەموو موئەسەساتی مەدەنی و ئیداری کە لە کوردستان هەیە کە ئیشەکانی باری ژیانی بەرەو باشتر ببات، بۆیە واجبی ئێمەشە کە خەڵکی کوردستان ئەو ئاستەنگانەی کە لە پێشی ئەم ئیدارەیە، لە پێشی ئەم پەرلەمانە، لە پێش ئەم حکومەت و سەرۆکی هەرێم و قەزایەکە ئەگەر بیزانن کە ئاستەنگەکان لەکوێیەوە سەر دەگرێ، بۆ ئەوەی هەموومان وەك یەك بین لەیەك سەنگەر حەرەکەت بکەین، زاڵ بین بەسەر ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی کە دێتە پێش حکومەتەکەمان، کە حکومەتێکی پیرۆزی میللەتێکی سەربەرزی کوردستانە، بەرهەمی خەباتی نەتەوەی ئێمە زیاتر لە سەدەیەکە کە ئەمڕۆ ئەو بەرهەمە هاتۆتە کایەوە، پێویستە بە هەمووومان بیپارێزین، خەلەلەکان دەست نیشان بکەین، یەکتری لێ ئاگادار بکەینەوە، بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەریاندا، باسی میزانیە کرا ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجوانی شی کردەوە، ئێمەش ئەو ئەخیرە پێمان گەیشت کە من خۆم لەگەڵ لیژنە هەمیشەییەکانی ناو پەرلەمان بۆیانم باس کردووە کە نسبەکەی ئێمە 2ر8٪ ئێمە وامانزانیبوو 4ر8٪ ڕێزدار سەرۆکی حکومەت فەرمووی، ئەوەی کە عێراق لە کوردستان کەمی دەکات، گوایە سووتەمەنی دەگەیەنێتە کوردستان، بەڵام ئاستەنگی هەیە، عێراق ئەمڕۆ لە حەربێك دایە، سوپاس بۆ یەزدان، سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئەمڕۆ ئامادە بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماوە دەدەین بە وەزیرە پەیوەندارەکان ئەگەر ڕوونکردنەوەیان هەیە، چونکە لەوانەیە ئیشی تریان بەدەستەوە بێت، فەرموو کاك وشیار وەزیری کارەبا.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کارەباوە ئیشی زۆری بۆ کراوە, کە چەندەها ویستگە کە لەحاڵی تەواو بووندایە, بێجگە لەو وێستگانە ئێمە کارەبا لە هەندێ مولیداتی حکومی کە کراون, بەرهەم دێنن و ئەم مولیدانەش تەقریبەن دەتوانم بڵێم لە نزیکەی 165 تا 170 میگاوات کارەبا دەدات, ئەم مولیدانە بەشێوەیەکی سەرەکی تووشی پەککەوتن دەبن, واتە سووتەمەنی ئەگەر تووشی تەنگژە بێت یان تووشی گرفتێك بێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئیش کردن و کارکردنی ئەو مولیدانە, ئێستا حالیەن ئێمە بەدەستی ئەو گرفتە دەناڵێنین, بێجگە لەو مولیدانە حکومەت لە هەردوو پارێزگا بەتایبەتی بێگومان کارەبا لە تۆڕی کارەبای عێراقی فیدراڵیشەوە دەیهێنین, ئەم برە کارەبایە وەکو چەند جارێك لە راگەیاندنەکانیش رامانگەیاند برێکی جێگیر نییە, برێکە لە بەینی سفر تا 120 یا 130 میگاوات بووە, دوای هەوڵدانێکی زۆر و دوای ئەوەی کە سەرۆکایەتی حکومەت لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە, گوشارێکی زۆر خرایە سەر بەغدا, توانرا بڕی ئەو کارەبایە لە پەنجا میگاوات کرا بە 120 میگاوات, ئێمە لەو رۆژانەدا شاندێکمان ناردووتە بەغدا لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوەی کردووە,لەگەڵ وەزیری کارەبای عێراق, وەعدی ئەوە وەرگیراوە بڕی ئەو کارەبایەی کە دەدرێ بە هەرێمی کوردستان زیاد بکرێ بۆ 180 میگاوات لە مانگی هەشتەوە, بەڵام دوێنێ نەك نەکرا بە 180 میگاوات, لە 120 میگاواتەوە کرا بە 70 میگاوات, واتە موعاناتی ئێمە تەبعەن تەنها ئەوە نییە کە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان سەرچاوەی بەرهەم هێنانمان کەمە یاخود نییە, ئەو کارەبایەش کە پێویستە لە تۆڕی کارەبای عێراق بۆمان بێت و حصەیەکی ڕەواو شەرعی خۆمانە, بەداخەوە ئەو حصەیەش وەکو پێویست لەو لایەنەوە نایەت, دەربارەی پارێزگای دهۆك بێجگە لەو سەرچاوەی کە باس کرا, ئێمە کارەبا لە تورکیا وەردەگرین, نزیکی 190میگاوات لە تورکیا دێ, بەشێکی کەمی دەچێتە موصڵ, بەڵام بەشی زۆری بەشێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگای دهۆك بەکاردەهێنرێ, کە ئەمە بە کولفەیەکی گرانیش دەکرێت, بەڵام کارەباکە تا رادەیەك بەردەوامە, هەرچەندە لەرووی فۆڵتی و لەرووی هەندێ شتەوە گرفتمان زۆرە لەگەڵیدا, واتە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای ئێمە جێگیر نییە, چ ئەوەی لە تۆڕی نیشتمانیی عێراقیەوە دێت, چ ئەوەی لە دەربەندیخان بەرهەمدەهێنرێت, چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوو مانگی هاویندا دەتوانین پشتیان پێ ببەستین, لە دوو مانگی هاویندا دەتوانین کاریان پێ بکەین, چونکە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە بڕی ئاو لەو بەنداوە هەیە, تا بەکارهێنانی زیاتر بێت, ئاستی ئاو لە بەنداوەکان کەمتر دەبێت, وەکو وتم مولیدەکانی حکومەتیش لەبەر نەبوونی سووتەمەنی بێگومان ناتوانێ بە بەردەوامی کارەبا بدات, بێجگە لەمە لەناو هەولێر بەتایبەتی و دهۆکیش ئێستا پێویستیان پێ یەتی, موەلیداتی ئەهلی هەیە کە گرێبەستی تایبەتیان لەگەڵ ماڵەکان ئیمزا کردووە و کارەبایان دەدەنێ و پارەیان لێ وەردەگرن, بەڵام دیسانەوە ئەویش هەرچەندە ئەوانیش بارگرانیەکی زۆر گەورەوباشیان لەسەر ئێمە و لەسەر وەزارەتی کارەبا لابردووە, بەتایبەتی پارێزگای هەولێر, بەڵام ئەویش دیسان پشت بە سووتەمەنی دەبەستێت, پشت بە گاز دەبەستێ, کاتێك کە گازوایل نییە شێوازی ئیش کردنی ئەم مولیدانەش بێگومان دەگۆڕێت, ئەوەی ئێستا هەیە تەبعەن بریتی یە لەم سەرچاوانە, بەڵام ئێمە بۆ داهاتوو بەتەماین لە ساڵی داهاتوودا برێکی دەتوانم بڵێم باش لە کارەبا بخەینە تۆڕی هەرێمی کارەبای کوردستان بەتایبەتی ئەگەر ویستگەی 450 میگاواتی هەولێر کە بەغازی سروشتی ئیش دەکات تەواو بێت, بە پێی ئەو گرێبەستییەی کە ئیمزا کراوە و پێویستە لە مانگی سێ بەتەواوی واتە 3/20 نزیکی 250 میگاوات کارەبا لەو ویستگەیە بەرهەم دەهێنرێت, بەڵام دیسان دەبێ تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئیش کردن لەو ویستگەیە پەیوەندی راستەوخۆی بە چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی بەتایبەتی غازی سروشتییەوە هەیە, کە چ ئێمە و چ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەوڵی بەردەوام دایە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا, لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کە چارەسەری ئەو گرفتە بکات, ئێمە بێجگە لە 450 میگاوات بێگومان گرێبەستی ترمان ئیمزا کردووە بۆ دانانی محەتەیەکی سی میگاواتی و دانانی محەتەیەکی سەد میگاواتی, ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا دوو گرێبەستمان ئیمزا کردووە بۆ راکێشانی کارەبا لە هەردوو سنووری حاجی ئۆمەران و لەسلێمانی لە دەربەندیخان, بەڵام بەداخەوە ئاخیر سەردانی وەزیری کارەبای عێراق بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هێنانی کارەبای بۆ هەرێمی کوردستان رەت کردەوە, ئێستا دیسان دەست دەکەینەوە بە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراق

که قەناعەتیان پێ بکەین بۆ راکێشانی کارەبا لەو دوو خاڵەوە بۆ هەرێمی کوردستان, واتە ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا و وەکو حکومەت هەوڵەکانمان بەردەوامە, بەڵام کۆسپەکان زۆر جار لەوە گەورەترن کە بتوانین چارەسەری بکەین بەو خێراییەی و بەو شێوەیەی کە ئێمە و ئێوە دەیخوازین بۆیان بکەینەوە, ئێمە بێجگە لەو محەتانەی یان ئەو پرۆژانەی کە ئێستا باسم کردن لە ماوەی درێژ خایەندا, یاخود لەماوەی 2007 و2008 بەتەمای چەندین گرێبەستی تر ئیمزا بکەین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا, بەتەماین لە ماوەیەکی نزیکدا تا بڕی 600 میگاوات محەتاتی گەورەی چ لەشێوەی گرێبەست لەگەڵ کەرتی تایبەت بەپێی ئەو نیزامانەی کە پێی دەوترێت BOT چ لەرێگەی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست ئیمزا بکەین, بۆ ئەوەی بتوانین بڕێکی باش کارەبا بخەینە ناو تۆڕی کارەبای هەرێمەوە, بێجگە لە محەتاتی کە پشت بە سووتەمەنی دەبەستێت, ئێمە بێگومان لەبەرنامەمان دایە, بەڵام وەکو بەرنامەیەکی درێژ خایەن تارادەیەك, کە کەڵکێکی تەواو لە سەرچاوەکانی ئاو وەربگرین, کەڵکێکی تەواو لەتوانای کە پێی دەوترێت کەهرومائیە وەربگرین, رەنگە لە ئایندەدا سەدی بێخمە یاخود پرۆژەی بێخمە کە یەکێکە وەکو پرسیارێك هاتە پێشەوە ئەو پرۆژەیە, پرۆژەیەکی ئیستیراتیجی و توانایەکی ماددی زۆر گەورەی دەوێ, لەوە دەبێت کە ئێمە ئێستا بتوانین دابینی بکەین, بێگومان بۆ ساڵی 2007 ئەو عەقدەی کە لەگەڵ تورکیا هەیە, ئێمە داوامان کردووە لە وەزارەتی کارەبای عێراق کە تازە بکرێتەوە, وەکو ئەوەی کارەبا لەساڵی داهاتوودا بۆ پارێزگای دهۆك بەردەوام بێت, دەتوانین لە رێگەی دانانی محەتات چارەسەری کێشەی کارەبا لە دهۆك بکەین, ئێمە دیسانەوە لەو هەوڵانەی بەرنامەی وەزارەت دانانی محەتەیەکی حەرارییە, چارەسەری ئێمە زۆر زەحمەتە بە دانانی محەتات لەرێگەی نەوتی رەش, بەتایبەتی ئەم جۆرە سووتەمەنییە دابین بکرێت, زۆربەی وڵاتانی دونیا چارەسەری کێشەی کارەبا یاخود بێ کارەبایی یان کردووە لەرێگەی دانانی محەتاتی حەراری, کە لەرووی کولفەوە بێگومان هەرزانترە و دەتوانرێ زیاتر و باشتر پشتی پێ ببەسترێت, بێگومان ئەو هەوڵانە کە لەبەرنامەی ئێمەدان لە داهاتوودا و زۆریش ئیشیان لەسەر دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەیە کە هەموو لایەك بەدەستی دەناڵێین, وەکو وتم هەوڵەکانمان بەردەوام دەبێت لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراق, بۆ ئەوەی هیچ نەبێ قەناعەتیان پێ بێنین کە کارەبا لە ئێران رابکێشین, تەنانەت ئەگەر وەزارەتی کارەبا تەحەمولی کولفەکەی و دابین کردنی پارەکەی نەکرد, دەتوانین بیر لە سەرچاوەی تر بکەینەوە, تا دابین بکرێ, بێگومان ئێمە بە تەئکید لە ساڵی 2007 پێویستیمان بە موەلیدە ئەهلیەکان دەبێت, بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر و لەپارێزگای سلێمانی, هەرچەندە لە پارێزگای سلێمانی موەلیدەی ئەهلی نییە, بەڵام هەوڵەکانمان بەردەوامن کە موەلیدەی ئەهلی لە پارێزگای سلێمانی دابنێین, بێگومان ئەو خاڵانەی کە باسم کرد بەشێوەیەکی وردتر و باشتر و درێژتر دیراسەی لەسەر دەکرێت و پلانی گونجاو رێك و پێکیان بۆ دادەنێین, خاڵی تر کە بێگومان پەیوەندی بە کارەبا و بڕی بەکارهێنانی کارەبا هەیە, ئەوەش بەڕێوەبردنی داخوازی پێ دەڵێن, یاخود سەیتەرە کردنی و کۆنترۆڵکردنی ئەو بڕە کارەبایەی کە هاووڵاتیان بەکاری دەهێنن, کە ئەمەش رەنگە تارادەیەکی بنبڕترو, پەیوەندییەکی پتر بە تەجاوزات و کە هاووڵاتیان دەیکەن و هاووڵاتیان ئیقتیصاد ناکەن دەست بە کارەباوە ناگرن, بەڵام پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە نرخی کارەباوە هەیە, نرخی کارەبا کە ئەو کارەبایەی هەیە لە کوردستان زۆر زۆر کەمە, ئەو نرخەی کە ئێمە بڕی کارەبای پێ بەرهەم دێنین زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە لە هاووڵاتیانی وەردەگرین, هەروەها وەزارەت دیسان لەبەرنامەی دایە شێوازێك یان سیستەمێك بۆ گۆڕین و زیاد کردنی نرخی کارەبا دابنێت, بێگومان بەو شێوەیەی کە کارنەکاتە سەر هاوڵاتیانی کەم دەرامەت, هەرچەندە توانای مادیان کەمە بۆ دانی پارەی کارەبا, خاڵی تر زۆر کە دەکرێ باسی بکەین, بەڵام لە هەمووی گرنگتر هاوکاری و پشتیوانی و پشتگیری ئێوە بەڕێزان وەکو پەرلەمانی کوردستان هاوکاری و پشتگیری هاووڵاتیانی کوردستان, بەتایبەتی دەزانین کە پشوویان درێژەو تەحەمولیان کردووە, بەڵام وەکو وەزارەتی کارەبا ماوەیەکی زیاتری دەوێ تا دەتوانین چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانە دادەنێین ئینشائەڵڵا لە داهاتوودا, من حەز دەکەم ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم بدات باسی ئەو خاڵانە بکەم کە لە راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار باس کرا, هەندێك لەو پرسیارانەی کە لەرێی ئەندامانی بەڕێز خرانە روو, یەکەم مەسەلەی زێدەڕۆیی یاخود مەسەلەی عەدالەت لە تەوزیع, ئێمە ئەو پەڕی هەوڵمان داوە کە وەکو وتم زێدەڕۆیی نەهێڵین, لەرێگەی هەڵمەتی وشیاری و لەرێگەی

وشیارکردنەوەی خەڵك, ئەمە دیاردەیەکی دزێوە, دیاردەیەکی ناشارستانیە کە هاووڵاتیان دەیکەن, دوور لە ڕێگەی پەنابردنە بەر ڕێگەی یاسایی بەتایبەتی مەحکەمە, ئێمە لەمەوپێش لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد کۆبوونەوەمان کردووە, بەتایبەتی بەڕێز پارێزگاری هەولێر کۆبوونەوەمان کردووە میزانیەکمان داناوە بۆ ئەو دیاردەیە, لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر حەملەیەکی یەکجار گەورە دەستی پێکرد بۆ بڕینی ئەو هێڵانەی کە بەشێوەی تەجاوز ڕاکێشراون, یاخود بەشێوەی نایاسایی خەڵك کارەبا وەردەگرن, من باسی کارەبام کرد بەتایبەتی لەو ڕاپۆرتەی کە کاك ڕشاد باسی تورکیای کرد, بەڵێ ئێمە ڕەنگە تا ئێستا کەڵکمان لێ وەرگرتووە, بێگومان پلانی قورس و مام ناوەندی و درێژخایەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا هەیە, من ئاماژەم کرد بە کورتی لەو پرۆژانەدا کە بەتایبەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە تەولید و بەرهەمهێنانی کارەباوە هەبوو, مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی بڕی ئەو کارەبایەی بەکاردەهێنرێت لە ڕاپۆرتی بەڕێز حاجی داهاتبوو, پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەعات نییە, یانی گرفتی ئێمە پەیوەندی بە سەعاتەوە نییە, من ئەتوانم بڵێم ژمارەیەکی باش لە سەعات لە پارێزگاکاندا هەیە, زۆربەی زۆری ماڵەکان سەعاتیان هەیە, بەڵام گرفتەکەمان نرخی کارەبایە, نرخی کارەبا هێندە کەمە و هێندە هەرزانە, بەداخەوە ئەگەر سەعاتیش هەبێ هاووڵاتی زۆر دەست ناگرێ بە کارەباوە, یاخود سڵ ناکاتەوە لەبەکارهێنانی کارەبا, لەبەر ئەوە وەزارەتی کارەبا و سەرۆکایەتی ئەنجومەن بیری ئەوە دەکەینەوە کە بتوانین بە چ شێوەیەك نرخی کارەبا بگۆڕین, کە لەلایەکەوە وا لە هاووڵاتیان بکات کە دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە بگرن, لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە تا رادەیەك دەرامەتێك بێت, سەرچاوەیەکی مادی بێت بۆ وەزارەتی کارەبا بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر و باشتر خزمەتی خەڵکی کوردستانی پێوە بکەین, تەبعەن لە لیژنەی دارایی و ئابووری چەند خاڵێك باسکرا کە پەیوەندییان بە کارەباوە هەبوو, من وابزانم باسی هەندێکیانم کرد, باسی پرۆژەی بێخمە کراو, پرۆژەی بێخمە تاقە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە, بەڵام پرۆژەیەکی ستراتیژیە, ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ دەست بە پرۆژەی بێخمە بکەین تا چوار ساڵی تر تەواو نابێت, ئەگەر بەتەمای ئەوە بین لەماوەیەکی کورتدا پرۆژەی بێخمە چارەسەری گرفتی کارەبامان دەکات, بێگومان ناتوانێ چارەی بکات, چونکە پرۆژەکە ماوەیەکی دەوێ تا تەواو دەکرێ, بەنداوەکە ماوەیەکی دەوێ تا پڕ دەبێ لە ئاو, لەبەر ئەوەی وەکو پرۆژەیەکی ستراتیژی بێگومان لەبەرنامەدا هەیە, بەتایبەتی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو, ئێمە بێگومان دیسانەوە باسی ئەو گرفتانەمان کرد لەگەڵ وەزارەتی عێراقی فیدراڵ, تەجروبەی ئێمە و شێوەی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بە تەنها نییە, هەموو وەزارەتەکانی تر موعاناتیان هەیە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا, زۆر جار باس کراوە, خاڵێکی تر محەتاتی گەورە وەکو باسم کرد زۆر بەجدیش هەوڵی بۆ دەدەین, لیژنەی پیشەسازی باسی ئەوەی کرد کە هۆتیلەکان یاخود مەتعەمەکان یاخود هەندێ شوێن بۆچی کارەبایان دەدرێتێ, ئەمە خاڵێکە بڕوا هەبێ ئیحتیماله جارێ لەرووی بڕی کارەباوە کە ئەو شوێنانە بەکاری دێنن بڕێکی زۆر نییە, بۆ ئەوەی مەترسیەکی گەورە نەکاتە سەر زیاد کردنی بڕی کارەبا لە پارێزگاکانی هەرێم, دوو پەیوەندی بەسیاسەتی حکومەتەوە هەیە, ئێمە تازە یاسای پشتگیری بەرهەمهێنانمان دەرکردووە, ئێمە دەمانەوێ کەرتی تایبەت دەورێکی باڵاو سەرەکی ببینێ لە بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان, ئێمە دەبێت پشتگیری ئەو کەسانە بکەین کە پرۆژەی تایبەتیان هەیە, ئێمە دەبێت موستەلزەماتی پێویستیان بۆ دابین بکەین, یەکێك لە موستەلزەمات بریتی یە لە کارەبا, ئایا ئێمە بچین کارەبا لەسەر هۆتێلەکان ببڕین, کارەبا لەسەر پرۆژە تایبەتیەکان ببڕین, ڕەنگە کاریگەرییەکی سلبی هەبێت لەسەر پرۆسەی بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان, بڕینی کارەبا لە بەرپرسە بەڕێزەکان کێشەیەکە دائیمەن ڕووبەڕوومان دەکرێتەوە, ئەویش هەوڵی زۆر جدی دراوە, بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی لەم ماوەیەی پێشدا کارەبای بەردەوام لەسەر ماڵی چەند بەرپرسێکی بەڕێز بڕاوەو, پارێزگای هەولێریش ئەوە بەردەوامە, من ڕەنگە تارادەیەك شێوەحاڵیەك ببن لە ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە, بەڵام بەرنامەیەکی جدیە و هەموو کەسێکیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئەوانەی چ بەرپرس بن و چ بەرپرس نەبن کارەبای بەردەوامیان هەیە, یاخود کارەبایان بەشێوەیەکی نایاسایی ڕاکێشاوە, ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵدا بکرێت, خاڵێك باس کرا و تەبعەن خاڵەکان زۆرن ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان وتی کە پار ئێمە 24 سەعات کارەبامان هەبوو لە سلێمانی, تەبعەن ڕەنگە لەگەڵ 24 سەعاتەکەی پار بم لەگەڵتان, بەڵام

لەگەڵ 24 سەعاتی ئەمساڵ نیم, چونکە تەحدید کردنی سەعاتەکان زەحمەتە, چونکە ئێمە سەرچاوەکانی دوکان و دەربەندیخان تارادەیەك جێگیرە, بەڵام ئەوەی کە لەعێراقەوە بۆمان دێت سابت نییە, رۆژێك سەد میگاواتە و رۆژێك 120 میگاواتە, لەبەر ئەوە رەنگە چەند رۆژێك نۆ سەعات کارەبا هەبێت, بەس هەندێ رۆژ لەوانەیە 13 , 14 سەعات کارەبا هەبێت, یانی برەکە لەبەینی نۆ سەعات تا 12 سەعات, 13 سەعات کارەبا گۆڕا بێت, من وەکو زانیاریەك دەیخەمە بەردەمی بەڕێزتان, تەبعەن ئەوەی پارێزگای سلێمانی مولیداتی ئەهلی نییە, ئێمە ماوەیەکی زۆر 45 میگاوات لە حصەی هەولێر داومانە بەسلێمانی, بۆ ئەوەی بتوانێ تەعویزی نەبوونی موەلیداتی ئەهلی بکاتەوە, ماوەیەکیشە ئێستا وەحدەیەکی دوکان بەتایبەتی لەکاردایە لە سەعات یەك تا حەوتی بەیانی بۆ پارێزگای سلێمانی, چونکە پارێزگای سلێمانی موەلیداتی ئەهلی نییە, وەکو وتم بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕووەوە هاوکاریان بکەین, خاڵێکی تر کاك محمد فرج باسی کرد مەسەلەی لە 13٪ ئەوەی پەیوەندی بە کارەباوە هەبێت, ئەم بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە ساڵی 2003 ەوە نەماوە, لەمانگی 11ی 2003 بەرنامەی نەوت وخۆراك بەرەسمی کۆتایی پێ هات, ئەو بڕیارەی کە بەپێی بڕیاری 986 لەعێراقدا جێبەجێ دەکرا, لەبەر ئەوەی وابزانم بەرنامەی نەوت بە خۆراك کە نەمایە هیچ پەیوەندییەکی بەکارەباوە نییە, رەنگە ئێستا بارودۆخ لەگەڵ سێ ساڵ و چوار ساڵ پێش ئێستا گۆڕا بێت, لەوانەیە زەمینەیەکی لەبارتر و باشتر و پتەوتر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا, ئەوەی کە ئێستا ئەیڵێم پێش سێ ساڵ نەبوو, دەمەوێ ئەوەش عەرزتان بکەم کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئێمەی وتووە کە هەموو ئیمکانیەتمان پتەوتر بێت لەگەڵ وەزارەت بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە چارەسەری فەیران و کێشەکانی کارەبا بکەین, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە, ئومێدەوارم بەرنامەی وەزارەتی کارەبا سەرکەوتوو بێت, تاوەکو بەکۆتایی ئەو کێشەیە تەواو دەبێت, کوردستانیش شاد دەبێت بە کارەبای 24 سەعاتی, چونکە ئەگەر کارەبا بوو یانی موشکیلەی سووتەمەنیش حەل دەکرێت, موشکیلەی بازاڕیش حەل دەکرێت, گرانیش باش دەبێتەوە, سووتەمەنی و کارەبا بەیەکەوە بەستراون, داوا لە دکتۆر ئاشتی دەکەم بفەرمێت بۆ ڕوونکردنەوە.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دەڵێم دوای سی ساڵ لە دەرەوە بووم, هەر موشکیلەی نەوتمان هەیە, بەڵام ئینشائەڵڵا پاش ساڵێك و دوو ساڵی تر ئەو موشکیلانەش نامێنێ, من دوو مولاحەزەم هەیە کە عیلاقەی بە سوڵتە و قیادەوە هەیە, ئێمە پێخۆشحاڵم کە وەزارەتمان هەیە و پەرلەمانمان هەیە و حورەیەتمان هەیە, بەڵام دەبێ سەیتەرە لەسەر میزانیەی فورس ئەوە تەواو نییە, جا ئێمە چیمان هەیە لە 50٪ی میزانیەکەمان لە سەیتەرەیەو بەغدایە, ئەویش بە خەدەمات بە ئێمەی دەدات, مانای وایە هەموو خەدەماتی وڵاتەکەمان لە ژێر سەیتەرەی بەغدایە, دوو موشکیلە هەیە, یەکەم ئەوان ناتوانن خەدەمات دانێن, خۆیان چۆن دەتوانن خەدەمات بە ئێمە بدەن, پارەکەی ئێمە بە هیچ ناچێ, موشکیلەی دووەم ئەوەیە ئەوان بڕیار دەدەن لەجیاتی ئێمە, ئێمە پەرلەمانمان هەیە, حکومەت هەیە, بەڵام سەیتەرەمان لەسەر هیچ خەدەماتێك بۆ میللەتەکە نییە, حکومەت لەکوێیە؟ حکومەت لەوێیە, پاشان لەسەر خەدەمات بڕیار لە بەغداوە دێت, من لەمڕۆوە تێگەیشتم کە 50٪ی میزانیەکەمان بەدەستی بەغدایە, بەخوا نەمئەزانی, وامئەزانی کەمترە, من نازانم چۆن ئەوەمان ئیکتیفا کردووە و لەکوێیوە هاتووەو کێ ئیتیفاقی کردووە؟ وابزانم ئەوە پێش دەستووری عێراقە, ئینجا ئەو لە 50٪یەی کە دەبێ بگۆڕێ, کاك فوئاد وابزانم وتی بگۆڕێ و ئەو 17٪ بێت بۆ ئێرەو ئێمە مەسئولین, ئینجا ئەگەر موشکیلە بوو میللەت دەتوانێ بڵێ بۆ وابووە, ئەوە عیلاج نییە, بەڵام بڕوا ناکەم قەناعەت بکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق کە ئەمە حەل بکەین بە تەواوی, شتێکی تر هەیە من ئیقتیراحی دەکەم لە ناحیەی قانونی نەوتەوە, دەتوانین ئەوە زەبت بکەین, ماددەی 112 ی دەستووری عێراق, 115 ئەو صەلاحیەی داوە بە ئێمە, ئێمە ئەتوانین لە ماددەی 112 دا قانونی نەوتی کوردستان دروست بکەین, لەوەدا ئێمە بەشی هەموو نەوتی عێراق دێتە سەر صەلاحیەتی خۆمان, میزانیەتی هەموو عێراق 98٪ هی نەوتە, مانای وایە کە ئەوەمان کرد لە 17٪یە لە20٪ چەندە هەمووی دێت

بۆ ئەم پەرلەمانە و حکومەتە, ئینجا ئەم مسوەدەمان مسوەدەی قانونی نەوت گەینراوەتە سەر ئیش کردن, ئینشائەڵلا دوو هەفتەی تر ئەیهێنمە پەرلەمان بۆ موافەقە کردن, ئەمە بۆ ئەوەی سەیتەرە لەسەر مەوادی تەبیعی بکەین و سەیتەرە لەسەر میزانیەی خۆمان بکەین, چونکە میزانیەکە دێتە ئێرە, ماددەی 112 دەڵێ ئەگەر ئەوان ئیتیفاق نەکەن لەسەر میزانیەکە دەتوانین بەخۆمان حوریەتمان هەیە کە نەوتەکە بفرۆشین, ئێمە وەریدەگرین و بەشی ئەوانی لێ دەدەین, ئینجا ئەبێ ئەوە فەرز بکەین, فرسەتمان هەیە کە ئیشێکمان کردووە لەپێشدا خراپ بووە ئێستا راستی بکەینەوە, لەبەر ئەوە من حەز دەکەم ئێوە ئامادە بن, بەتایبەتی ئەندامی پەرلەمان کە دوو هەفتەی تر من داواتان لێ دەکەم و بڕیاری لەسەر بدەن بەتەواوی بە بەغدا دەڵێین ئەمە حوریەتی خۆمانە و لەدەستووری عێراق ئێمە ئەیبەین بۆ خۆمان, کە ئەوەمان هەبوو موشکیلەکەمان تەواو نابێ, بەڵام ئەوە باشە بۆ دوو ساڵی تر لێرە دانانیشین باسی عەینی موشکیلەکان بکەین, موشکیلەکەمان حەل دەبێ بۆ ساڵێك و دووساڵی تر, ناحیەی تر ئەوە سایکۆلۆژیە هینی زۆر موهیمە, کاك عمر باسی شەریکاتی ئەجنەبی کرد کە دێن مەعمەلان بۆ دەکەنەوە و کارەبامان بۆ دابین بکەن, نەدەهاتن و ئەوە سەبەب زۆر بوو, سەبەبێك سکایکۆلۆژی بوو, ئەوان سەیری وەزعی عێراق دەکەن کە هێشتا ناخۆشی مایە, سەبەبی تر هەبوو کە ئەوان بڕوایان نەدەکرد کە ئێمە ئەتوانین لەگەڵ ئەوانە ئیتیفاق بکەین, قانونی ئیستیسمارمان نەبوو, ئێستا هەمانە, قانونی نەوتمان نییە, بەڵام زوو دەبێ, من ئیتیفاقم کردووە لەگەڵ چەند شەریکاتی نەوت لە لەندەن و لێرە, چەند شەریکاتی گەورە کە هەموو وتیان کە ئەوان ئامادەن کاتێك قانونی نەوت تەواو بوو کە بێن بۆ کوردستان عەقد بکەن لەگەڵ ئێمە, ئەگەر عەقدیان کرد لەگەڵ ئێمە مەشروعی نەوتی تازە ئەکەن و کارەباشمان بۆ دروست دەکەن, بەڵام ئەمە ساڵێك دوو ساڵی تری دەوێ, ئێمە ئێستا سەرو شەش مانگ, نۆمانگی تر ئینتاجمان دەبێ لە حەقلی تەق تەق, ئەوە تەقریبەن نزیکەی 60 تا 100 هەزار بەرمیل لە سەعاتێکدا ئەدات, ئەتوانین بیفرۆشین, پارەکە وەردەگرین و ئەگەر موشکیلەمان لەگەڵ بەغدا هەر نەبوو, موشتەقاتی خۆمانی پێ دەکڕین, ئەمە ناحیەی عەمەلی ئێمە ئەوەیە, لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو دانیشتووین و وەزیرین, وەزیری چین؟ مالیەکە لە بەغدایە, چۆن دەتوانین خزمەتی وڵاتەکە بکەین, ئەگەر نەتوانین ئەو موشکیلانە حەل بکەین, ئینجا لەبەر ئەوە نامەوێ باسی بەنزین و ئەوە بکەم, برادەران هەموو موشکیلەکەیان باس کرد, بەڵام حەلەکە دانەنراوە, حەل نییە, یان ئەبێ میزانیەکەی لە بەغدا وەربگرین و هەتا ئەوەش وەربگرین ئەبێ قانونی نەوتەکە دروست بکەین , بۆ ئەوەی ساڵێك, دوو ساڵی تر ئەم موشکیلانە ئەڕوات, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ دکتۆر ئاشتی کە زۆر شتی روونکردەوە, کاك عمر فتاح سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت تەوزیحی هەیە, با بفەرمێ.

**بەڕێز عمر فتاح/سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

دەربارەی بەنزین, لەدەرەوە کە هەیە و لە بەنزینخانەکان نییە, ئەوە موشکیلەیەکی گەورە بوو, دیارە پەیدا کردنی بەنزین بەرێگەی بەرتیل و رەشوە ئەوە بە خەڵك و بە قاچاغچی و ئەوانە دەکرێ, بە حکومەت ناکرێ, چونکە یەکەم لە حکومەتی وەرناگرن, دووەمیش حکومەت ناکرێت بچێت ئەو کارانە بکات, لەبەر ئەوە ئەزمەیەکی گەورە بوو, خەڵك هاتن وتیان ئێمە ئەتوانین بچین لە رێگەی ئەو تانکەرانەی کە ئەدزرێ و ئەهێنرێ و لە رێگەی پارەی زیاد و هەتا لە رێگەی بەرتیل دان, بەوانەی کە رێ دەگرن لە تانکەرەکان ئەتوانین لەگەڵ ئەوانەشدا رێك بکەوین و خۆمان بیهێنین و بیفرۆشین, ئێمەش داوامان کرد وتمان نابێ بە هیچ شێوەیەك بەنزینخانەکانی حکومەت و لە بەنزینحانەکانی حکومەت بەو نرخە بفرۆشرێت, چونکە وەکو باستان کرد, لە پڕێك ئەمرۆ بەرز ئەبێتەوە, لە بەنزینخانەیەك 20 هەزار لیتریش ماوە, ئەڵێ هیچ نەماوە, ئەو 30 هەزار لیترە بەو سیعرە گرانە دەفرۆشرێت, لەبەر ئەوە ئێمە تەحدیدمان کرد, وتمان خەڵك بۆی هەیە بیهێنێ و لەبازاڕ بیفرۆشێ, بەڵام بەنزینخانەی حکومی ئەبێ بە سیعری حکومی بێ, ئەو بەنزینانەی

که دەیهێنن نابێ لە کەمیاتەکانی حکومەت دەربچێ، ئەوەی کە ئەو گرێبەستیەی هەیە بۆ هێنانی بەنزین لە بێجی، یان ئەوانەی لە تورکیاوە بۆمان دێت، حصەکەی حکومەت دەبێ بە کاملی بگاتە دەست حکومەت و ئەبێ بە سعری خۆشی بفرۆشرێ، بەراستی باس لەوە کرا ئەگەر بێتو ئەو رێگەیەش بگرین و بە رێگەی قاچاغ و بە تەهریب نەیەت، ئێمە تووشی ئەزمەیەکی گەورە دەبین کە کەمیەکەی زۆر زۆر کەمە، لەبەر ئەوە ناچار بووین کە رێگەی ئەوانەمان دا وەکو بەشێك لە بازاڕی ئازاد لە دەرەوەی بەنزینخانەکانی حکومەت و بەجیا لە بەنزینخانەکانی حکومەت بفرۆشرێ، داواشمان کردووە کە چاودێری ئەوە بکرێت، ئەو کەمیەتەی لە بۆ کوردستان دائەنرێ چ لە بێجی و چ لە تورکیا وەکو خۆی بگاتە بەنزینخانەکان و وەکو خۆشی دابەش بکرێت، جا بەراستی خۆشم پێم خۆش نەبوو بە حەقیقەت ئەو جۆرە، ئەگەر بەخۆشتان ئێستا بڕیار دەدەن، حەز دەکەن بەیانی ئەیبڕین، بەڵام ئەو تۆزەی کە هەشە لە بازاڕ ئەوەش نامێنێ، دیارە ئەوانەی کە پارەو ئیمکانیەتیان هەیە بۆیە دەیکڕن، زۆر جاریش ئەم ئەزمەیە لە کوردستان بووە، جاری وا هەیە بەنزین لیتری لە دینارێکەوە بووە بە 20 دینار، بووە بە 10 دینار، بووە بە 15 دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئێمە  زۆر سوپاسی کاك عمر فتاح دەکەین، ئێمە پشتگیری لە هەموو هەنگاوەکانی حکومەت دەکەین بۆ ئەوەی سووتەمەنی بە شێوەیەکی باش بگاتە هاووڵاتیان، بەڵام داوامان ئەوەیە کە حکومەت چاودێری بکات و تەدەخول بکات بۆ عەدالەت ئیحتیکار بکات و ئیحتیکار نەکات، کەس ئیستیغلالی نەکات، شەریکاتی تایبەت بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکی بەدەسەڵاتەوە هەیە، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، ئەو دەسەڵاتە بەکارنەهێنێ ئەگەر نا ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت کردوویەتی، هەنگاوی باشن، پێش ئەوەی کە موناقەشەکە بکەینەوە، بەراستی من دەزانم هەندێك بە ئیشارەت حەز دەکەن تەعلیق لە قسەکانی کاك عوسمان بدەن، بۆیە من لەجیاتی ئەوانە تەوزیحێك دەدەم، ئەو قسەیەی کە فەرمووی لە بەرنامەی کاردا نەبوو، ئێمەش نەدەبایە بچینە ناو مەوزوع، بەڵام هەروەکو روونکردنەوەیەك، یەك مووچەی ئەندامانی پەرلەمان چ مووچەی حکومەت و وەزیرەکان، پەرلەمان نەیکردووە، بە قەراری پەرلەمانی کوردستان قەراری لێ نەدراوە، هەتا بە قەراری حکومەتی هەرێمیش نەبووە، قەرارێك بوو لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا بۆ خۆی داوە، بۆ ئەندامی پەرلەمانی خۆی، بۆ وەزیرەکانی خۆی، بۆیە لێرەش دەنگی لەسەردرا خۆ ئێمە کەمتر نین، ئێمە خۆمان دەڵێین با یەکسان بین لەگەڵ ئەوان وەکو یەك بین، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمیش وەکو ئەوان قەراری دا، ئێستا کەمتریشە، ئەندامی پەرلەمان ئێستا مووچەی لێرە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان حسابمان کرد 60٪ نابێت، بەڵام لەوێ زیادە، ئەوە یەك، دووەمیش لەلایەن ئێمەوە تەبعەن وەزیریش هەر وایە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە بۆتە ئەندام پەرلەمان زەرەری کردووە، دکتۆر هەیە مانگانە سێ قاتی و چوار قاتی ئەوە پارە کۆدەکاتەوە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان نەبێت، هەیە موهەندیسە، ئوستازی جامیعەیە، مامۆستای جامیعەمان هەیە لێرە مووچەکەی زیاترە لەوەی کە ئێستا وەریدەگرێت، من بۆ خۆم ئەگەر لێرەش نەبم لە حزبەکەم هەمان مەعاش و زیاتریش دابین دەکرێت، لەبەر ئەوە رەخنەکە باشە، رەخنەکە جێی خۆیەتی، بەڵام یەکەم ئێمە مەسئول نین و پەرلەمانیش لێی مەسئول نییە، دووەمین با ئێمە بیر بکەینەوە با مووچەی ئەوانەی کەمە زیاد بکەین، خەریج کولیە زۆر کەم وەردەگرێ، ئێمە لێرە زۆر باسمان کردووە، بەڵام کۆسپەکە ئەوەیە حکومەت ناتوانێ ئەو پارەیە تەرخان بکات بۆ ئەو زیاد کردنە، دەبێ بە حەقیقەت یان لە بەغدا قەرار بدرێت، باسیشمان کردووە و داواشمان لە ئەندامانی خۆمان کردووە لە بەغدا کە ئەم مەوزووعە پشتگیری لەهەر هەنگاوێك بکەن بۆ زیاد کردنی مووچەی خوارەوە، نەك مووچەی سەرەوە، خەریجی کولیەیە، خەریجی مەعهەدە، موزەف بەسیت هەر مووچەیان لەچاو زیاد بوونی نرخی بازاڕو گرانی و شتی وا زۆر کەمە، هەر هیچ نییە، لە چاو سێ سەد دیناری ساڵی 2000 یان ساڵی 1999 لە مووچەی 1500 دیناری ئێستا بە سویسری بە قوەتتر بوو، بۆیە دەبێ هەدەفمان ئەوە بێ، ئەوەی من دەیڵێم هەستێکی باشە کە ئینسان ئیش بکات و تەزحیە بدات و مەعاشەکەی کەم بکاتەوە و بۆ ئەوەی عەدالەت بێت، بەڵام لەو شوێنە دەست پێ بکەین، ناعەدالەتیەکە لە خوارەوە بێت، دەیان هەزار کەس دەگرێتەوە، کە ئەوانەمان چاك کرد، خەڵکی تریش باش دەبێت، موناقەشەکە بە ئیجازەی برادەران تەبعەن دوو رێگەمان هەبوو، یان بەردەوام بین یان رۆژێکی تر دابنیشین، کاك عمر دەڵێ با بەردەوام بین، بۆیە

من داوا له ئەندامانی پەرلەمان دەکەم رەئیی بدەن لەسەر ئەو ئیقتیراحەی کاك عمر بۆ بەردەوام بوون لەسەر کۆبوونەوەکەمان, ئەوەی موئەیەدە بۆ بەردەوام بوون دەستی بەرزبکاتەوە تکایە؟ سوپاس, ئەوەی موعارزە یاخود دەیەوێ رۆژێکی تر تەواوی بکەین با دەستی بەرزبکاتەوە؟ کەواتە بەردەوام دەبین, سوپاستان دەکەین, ڤیان احمد.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە جەنابی سەرۆك وتی ئەوانەی سەرەکی قسەیان کرد, ئەوانی تریش با بمێننەوە, نازانم دیارە ئەوانی تر فەرعینە, سەرەکیەکان ئەگەر حەقێکیان هەبێ ئەوانی تریشیان حەقۆکەیان هەیە, ئەوان قسەیان کرد و خۆشت قسەت کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن تەسجیل کراوە قسەی وام نەکردووە, وتم قسەی سەرەکی کراوە.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماناکە وا دەدات, ئەوە بووە پاش نیوەڕۆش کەس تاقەتی نەما گوێی لێ رابگرێ, دائیمەن ئەو شتە هەیە, ئەوە یەك, دووەم ئەوەی دەمویست باسی بکەم هەرچەندە خۆشم بێ تاقەتم و جەماعەتیش هەر بێ تاقەت بوونە, ئەوەی باس کرا هەمووی روون کردنەوەی گیروگرفتەکان بوو و بارودۆخەکان بوو, چارەسازیەکە نەبوو بەراستی, یانی بەگشتی بەشی زۆری روونکردنەوە بوو, بەلآم چاکسازی نەبوو, ئەوەی من دەمەوێ بیلێم پێویستیمان بە پەروەردەیەکی بازرگانی وئابووری هەیە کە ئەوەش لەلایەن بە هاوکاری کردن لەلایەن حکومەتەوە, لەلایەن دەزگای هاندان و وەبەرهێنان, ئەو کەسانەو ئەو هاوولآتیانەی کە تازە خەریجن یان گەنجەکان, دەیانەوێ لە پرۆژەی گچکە دەست پێ بکەن, چونکە لە هەموو جیهان واباوە, دروشمێکی واباوە کەوا پرۆژەی گچکە و دائیمەن پرۆژەی وەبەرهێنان لە پرۆژەی بچوکەوە دەست پێ دەکات کە بەرە بەرە گەورەتر دەبێت, ئەوەی کە سەرۆکی حکومەت باسی کرد بەوەکالەت گوتی ئێستاکە موشکیلەمان هەیە کەوا شەریکە جیهانیەکان نایانەوێ بێنەوە کوردستان, ئێمە ئێستا هەر پابەندین بە ئەمن و ئاسایشی عێراق, کەواتە ئەمە لەلایەك, لەلایەك هاندانێك و متمانەیەك کە بەگەنجەکان و خەریجە تازەکانمان هەیە, لەلایەکیش پێویستیمان بەو موستەسمەرە بیانیانە نییە کەوا لە وڵاتەکەمان بەکاربێنین, دوولایەن دەگرینەوە, کەواتە زۆر زۆر گرنگە بە بودجەی کەم, چونکە ئەو گەنج و خەریجانە بیرۆکەی باش و پرۆژەی گچکەی باشیان لە مێشکدایە, بەلآم توانای مادیان نییە, لە ئەستۆی حکومەت و لە دەزگای هاندان و وەبەرهێنان ئەوە گرنگە پشتگیری و متمانە بداتە ئەو گەنجانە کە بەوە ئیشەکی بۆ خەڵکی دەبینیتەوە و بازاڕیش دەبوژێنتەوە, مەبەستم پرۆژە لە گچکەوە دەست پێ دەکات, یانی بدرێتە خەریجەکان, ئەگەر تەماشای بازاڕ بکەین, بازاڕەکان لە هەموو شتە بەسیتەکان لە ئاوەکان لە کانزاکان, بگرە تا دەگاتە میوەو سەوزەو هەتا ڤاپە نایلۆنەکان هەمووی لە دەرەوە لۆمان دێت, ئەگەر ئەو پرۆژە بچووکانە دەست پێ بکەین, پرۆژەکان دەدرێتە گەنجەکان و خەریجەکان, ئەی دەدرێتە کێ؟ کەواتە بەوە کەلێنێکی گەورەمان پڕ کردەوە و بازاڕیش بوژایەوە, ئەمە بووژانەوەی بازارە ئەوەیە مەبەستەکەم, ئەو لیژنەیەی کە تەشکیل کراوە هەرچی زووە دەست بەکاربکات و بچێتە ناو خەڵك, کە کۆڕو کۆبوونەوە و رای خەڵك وەربگرێ و چارەسازیەکەش لە خەڵك وەربگرێ, چونکە ئەوە بۆ خەڵکەکە دارێژراو, لە هەمان کاتیش کەوا لە دەزگاکانی راگەیاندن باس بکرێ, بەهەر شێوەیەك بێت نابێت کەمتەرخەمی بکرێت و بەهانای خەڵکەکە بێن, چونکە کاتەکە زۆر لەبارو ناسکە, خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم, ئەو هەڵئاوسانەی بازاڕ و ئەو نرخ گرانیە کەوا دیاردەیەکی ناسروشتییە, کەوا ئێستا حاڵی حازر بە یاسا ئەگەر چارەسەر نەکرێ, بەلآم هەرکوەکی بێت, دەبێ چارەسازیەکی واقیعانە و زانستیانەی بۆ بکرێت و هەرچی زووە بۆی بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەجموعی ئاخافتنێ بەڕێزان هاتیە کرنێ, بەرەئیا من شتەکی گرنگە کە هەبێ ئەویش ئەمە نەوعی پەیوەندیە و عیلاقە هەرێما کوردستانێ لەگەڵ حکومەتا فیدرالیا عیراقێ, پاش لەناڤ چوونا رژێما صەدام, سەرکردایا سیاسیا کوردی هەموو توانای کە پێی هەڵسێ جیهەکی و موقیعەکی گرنگ بۆ کوردستانێ لە دەستووری داهاتی عێراقیدا پەیدا بکات, بۆ ئەوەی تا ئەو موشکیلە و مەشاکیل و گیروگرفت و ناخۆشی و قەتل و عامی میللەتی کورد کە چەند ساڵەی رابردوو دووبارە نەبێتەوە, وەلیهات سەرکردەیا سیاسیا کوردی چ جەنابی مام جلال تاڵەبانی و چ جەنابی بارزانی, هەروەصا پەرلەمانتارێ پەرلەمانا کوردستانێ, ڤە پەرلەمانتارێ کورد لە پەرلەمانا عێراقێ هەمیا دەبنە کارکەرێکی دڤێ چەندی دا کە پێی هەڵستێ لەسەر دەستوورا عێراقا نوێدا, ئەم ئیمتیاز و دەستکفتنێ مەزن بۆ کوردستانێ و بۆ گەلی کورد دەربېرێ, وگەلەك ژ داهاتا  راگەیاندن کە بەری مە و بەشێکی زۆر مافا کورد لە دەستوورا نوێی عێراق تێبینی بکرێ و دەری بخەن کە بەراگەیاندنا یا بەشکلێك یان بەشێوەیەك کە میللەتێ کورد لە پارچەیی داهاتا ئاگادار کرن و کە لە میللەتێ کورد نادیار بوو, ئەڤرۆ بەنسبەتا من لەم کۆبوونەوەیا گەلەك شت دیار کەڤتن کە جەنابی کاك عمر فتاح ئیشارەتی پێکرن, میزانیەتا کوردستانێ و چەند بۆ مەیا دێت و چەند لەسەدا وێ و لەوێ چەند سەدێ بۆ کوردستان دێ, هەروەکی جەنابی وەزیری کارەبای ئیشارەتی پێکرد, دوو مە ئیتیفاق کرد لە گەڵ ئیرانێ کە لەسەر دوو خالا, کەهرەبا بۆ کوردستان کە بێ, بەلێ وەزیری کەهرەبای عێراقێ موافەقەت نەکرد, هەروەکی جەنابی وەزیری نەفتیش ئیشارەتی پێکرد کە هەندێ سەدێ لە میزانیە کە بۆ کوردستانێ دێت ئەگەر نەیزانیبێ, ئەمرۆ ئاگادارە کە چەند بۆ کوردستان دێ, یانی ئێمە هاتینە ئەو رەئیە کە موشکلاتێ مە هەمیا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدایە, ئەگەر بۆیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمانێ ئایا ماڤ کورد چەندە درایە لە عێراق, ئان تا کەنگێ بەو شێوەیە ڤێ رەفتارێ لەگەڵ میللەتێ کورد دەبن, سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو کێشانەی کە ئێستا باسی دەکرێ, ئەوەی گرانی بازاڕ و سووتەمەنی و کارەبا, هەموو ئەو کێشانە لە کێشە سیاسیەکان پەیدا بووە, ئێمە لە ئەنجامی هەموو ئەو کۆبوونەوانە و هەر یەکێك لە کۆمەڵگای ئێمە وادەزانێ کێشەکە زیاتر کێشەی سیاسیە, لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقی و لەگەڵ دەوروبەر, ئەو کێشانەی تێدا هاتووتە کایەوە, بەڵام بەشێکیش ئەو کێشانە پەیوەستە بەخۆمانەوە, لە رێکخستن و دابەش کردنی ئەو شتانەی کە لەبەردەستدانە چ لە سووتەمەنی, چ لەکارەبا, بەشێوەیەکی وا بێ هەوڵ بدرێ چارەسەری بکرێ, من چەند پێشنیارێکم هەیە نامەوێ ئەو قسانەی برادەران دووبارە بکەمەوە, دابەش کردنی کارەبا دەکرێ بە سیستەمی ئەمپێر بۆ هەر ماڵێك دە ئەمپێر دەتوانرێ بدرێت, ئەوەش هەموو کەس دەتوانێ ئیدارەی پێ بکات لە ئەمڕۆدا, نەوەك ئەو شتانەی کە باسیان کرد باش بوونی گوزەرانی خەڵك بەهۆیەوە کارەبا زیاتر صەرف دەبێ, بە بەراورد لەگەڵ پێشتر 200 میگاوات لە سلێمانی بەشی دەکرد, بەڵام ئێستا دوو ئەوەندە بەش ناکات ئەویش بەهۆی ئەو کارەبایەی کە لەماڵەکان صەرف دەکرێ, بەتایبەتی سپلیت و ئەوانەی تر, دەکرێ بۆ ئیدارەکردنی خەڵك و رازی کردنی تەواوی خەڵك بۆ ئەوەی کەوا چینەکانی خوارێ سوودی لێ ببینن, ئەو وەسائیلانە کەمتر بێت, ئەوەی ئەو وەسائیلانە بەکاربێنێ بۆ خۆی کارەبا دابین بکات, بەشێوەیەکی تر لە رێگەی مولیدەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم دابەش کردنی کارەبا بەشێوەی سیستەمی ئەمپێر بێت باشترە, بەنسبەت چارەسەری هەمیشەیی, بەنداو وەکو ئاماژەیان پێکرد, ئەو بەنداوانەی کە دروستی دەکەن بۆ وەبەرهێنانی کارەبا, هێنانی کارەباش چارەسەر نییە, مەسەلەی بەنزین ئەوە کێشەیەکی تر هەیە بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی ئەو بیتاقەی دابەش کردنی بەنزین بۆ ماوەی سێ رۆژە, ئەمە کەمە ئەم سێ رۆژە, بۆیە بەرای من ئەو سێ رۆژە بکرێ بە هەفتەیەك, هەروەها لە هەولێریش بەمە دەتوانرێ ئەو قەرەباڵغیە نەمێنێ, ئەمەش وادەکات کە نە سائیقی تەکسی و سەیارەی تر شەوان لە بەنزینخانەکان نەمێنن, من پێشنیار دەکەم ئەو پسولەیە درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك, دەربارەی کرێی خانوو کە هەم گرانی کرێی خانوو و هەم گرانی بازاڕ, کرێ خانوو ئەمە زیاتر

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی تازە هاتوون, واتە هاتنی گوندنشینەکان بۆ شارەکانی کوردستان, بۆیە بەرنامەیەك دابنرێ, کە ئەمە ڕێگەی لێ بگیرێ بەرێك و پێکی و بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان, لەلایەکی تر ئەو بەرهەمانەی کە جوتیار بەرهەمیان دێنێ لەبازاڕی خۆمان حکومەت لێیان بکڕێتەوە, نەوەك بەرهەمی دەرەکی, لەلایەن گرانی بازاڕ وپارەی گواستنەوەی لەو ولاتە, لەلایەکیش ئەوەی کە دێتە شار جێنشین دەبێ هەم خانووی دەوێ وکرێی خانوو گرانتر دەبێت, هەروەها بەنیسبەت کرێی خانوو, داوا دەکەم کە سولفەی عەقار بدرێت لە هەولێر و دهۆك وەکو سلێمانی و ڕێژەکەشی زیاتر بکرێت, هەروەها ئەو پارچە زەویانەی کە دابەش کراون بەتایبەتی ئەو زەویانەی کە پێشتر بەپێی مێژووی دابەش کردنی, ڕێکخستنی بارەگاکان و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و بارەگای ڕۆژنامە ڕێك بخرێت بەپێی یاسایەك, بۆ بنبڕ کردنی ئەو ئەزمەیە, ڕێ گرتن لە جێنشین بوونی ئەو خەڵکانەی دەرەوەی کوردستان, زۆربەی ئەو کێشانە ئەوانە لەگەڵ خۆیان دێنن لە هەموو ڕوویەکەوە, تەبعەن ئەوانە سووتەمەنیان دەوێ, کارەبایان دەوێ, جگە لەوەش کێشەی ئەمنیش, دەربارەی بازاڕی ئازاد زۆر قسە کرا من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە, بەڵام شتێکی تر کە باس نەکرا, عیادەی دکتۆرەکان کە ئەمەش شتێکە, بارێکە لەسەر ژیانی خەڵك, بەتایبەتی ئەو دکتۆرە ناودارانە, بەتایبەتی حکومەت دەتوانێ چەند خستەخانەیەکی تر بکاتەوە, ئەوانە لەدوای دەوام هەفتەی دوو ڕۆژ بتوانن لەوێ دەوام بکەن بە نرخێکی گونجاو, کەمتر لەو نرخە کە بەشێکی بۆ حکومەت بێت و بەشێکی بۆ خۆیان بێت لەو دوو ڕۆژەدا, سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت و هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, دیارە ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگە, کۆبوونەوەیەکە تەعبیر لە ژیان و گوزەرانی خەڵك دەکات, زۆر سوپاسی سەرۆك حکومەت دەکەین کە ڕاپۆرتێکی شەفەوی پێشکەش کرد کە هەم لە خەڵك و هەم لە ئێمەش هەندێ شت شاراوە بوو و زۆر سوپاسی دەکەین, ئەوەی هەموو برادەران تەئکیدیان لەسەر کردەوە ئەو میزانیە بوو کە لە 17٪ی 4ر8٪ بۆ کوردستانە و 6ر8٪ بۆ بەغدایە, بەداخەوە دەبوایە ئەو برادەرانەی کە لە بەغداشن پەرلەمانتارەکان و نوێنەری کوردن لە بەغدا, چ ئەو وەزیرانەی کە لەوەزارەتەکانن لە بەغدا, دەبوایە ئەوان هەڵوێستیان هەبوایە, لەوان دەستی پێکردبایە, چۆن ئەوان ئێستا کە هاتبوون باسی بەرنامەی خۆیان دەکەن, خۆزگە بانگی ئەوانیش دەکرا ولێیان دەپرسن, چونکە ئەوان نوێنەری کوردستانن, بانگیان بکەین لێرە و لێیان بپرسین بۆ وایان کردووە, ئەمە برادەران باسیان کرد کە 420 ملیۆن دۆلار لە میزانیەی ساڵی 2006 لە حکومەتی خۆمان دوورکراوەتەوە, تەبعەن ئێمە دەپرسین ئایا لەتوانای ئەو برادەرانە نەبووە, کە هەردوو ئیدارەی هەولێرو ئیدارەی سلێمانی بەدوای ئەو پارەیە دابچن کە هێشتا بەدەستیان نەگەیشتووە, 420 ملیۆن دۆلار زۆر زۆرە, یانی دەتوانرا سووتەمەنی بەدەست بهێنن, سەبەبی چییە ئەو پارەیە ون بووە تا ئێستا, جگە لەوەی کە 6ر8٪ لەوێیە و 4ر8٪ کەش 420 ملیۆن دۆلار لە میزانیەی ساڵی 2006 دیار نییە, دەبێ حکومەت لێرە زەغت بکات لەسەری, من نامەوێ قسە زیاتر لەسەر ئەمە بکەم هەم لەسەر مەسەلەی کارەبا و هەم لەمەسەلەی گرانی و هەم لەسەر مەسەلەی سووتەمەنی, دیارە برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد, بەڵام تەئکید لەسەر هەندێ شت دەکەمەوە بەتایبەتی بوونی ڕەقابە لەسەر هەموو شتەکان, ڕەقابە لەسەر هەموو شت هەبێت, کاك عمر باسی کرد لەسەر سووتەمەنی ئەو کەمیەی کە ئێستا دەگاتە کوردستان حەقە باس بکات بزانین چەندە, چی هەیە, با لە ڕۆژنامەکان بنووسن, خەڵك بزانێ چەندە هاتووە و لە بەنزینخانەیە, با هەموو خەڵك بزانێ ئەوەی کە دێت کەمە و با لە ڕۆژنامەکان بڵاوبکرێتەوە, بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانێ و گلەییمان لێ نەکات, حەقە لە ئێستاوە بە خەڵك بڵێین ئەو کەمیەی لە عێراق دێت, حکومەت چەندی هەیە و, خەڵکەکە با بزانێ حصەی سلێمانی ئەوەندەیە و هی شارەکانی تر ئەوەندەیە با هەمووی بزانێ, لە خەڵك نەشارینەوە و با لەرۆژنامەکان بڵاوبکرێتەوە, من پێشنیارێکیشم بۆ حکومەت هەیە بەراستی بەتایبەتی ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە ئێستا مەعنین بەو هۆکارانە, سەفەر نەکەن, هەروەها دەبینین دەڵێن فلانە وەزیر ئەمڕۆ سەفەری کردووە لە فلانە ولاتیە, شەریکەیەکی بچکۆڵە لەولاتەکان دەعوەتی جەنابی وەزیر دەکات, شەریکەیەکی بچکۆلە, ڕێك دەڵێن جەنابی وەزیر و وەفدێك ڕۆیشتووە, نابێ وەزیر بۆخۆی بچێت

بەراستی، بەتایبەتی ئەو وەزیرەی کە تازە حکومەت پێك هاتووە، جارێ هەوڵ بدات شت بەدەست بێنێ و تەجروبە لە وڵاتەکەی بکات، بەراستی ئەوە گلەییەکە و خەڵك لێمان دەکات، با هەتا ساڵێك و دوو ساڵی تر تەجروبە بکات، بەنسبەت گرانی بازاڕ من باسی گرانی ئۆتێلەکان دەکەم، ئوتێل هەیە ئێستا شیراتۆنی ئێرە من میوانم هاتۆتەوە دەڵێ 250 دۆلار بۆ یەك شەو، بەراستی ئەوە جەریمەیە، لە هەموو وڵاتەکانی دەوروبەری خۆمان گەڕاوم هیچ شوێنێك وانییە بەراستی، ئەو وەزعە وەفدەکان هەر ناوێرن شەو لێرە بمێننەوە بۆ ئەوەی پەنجا هەزار دۆلار لێرە صەرف بکات، حەقە چاوێك بە هۆتێلەکان دابخشێنن و هۆتێلی پێنج ئەستێرە لە حەقیقەتدا بە مواصەفاتی خۆیەوە راستە، بەڵام نەوەك بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی دوو سێ تەوزیحم هەیە، دوو، سێ لە برادەران باسیان کرد کە بۆچی مەخزەن نییە بۆ نەفت و گازو ئەوانە، لە هەولێر مستەودعێکی گەورە کە لەناوەندی شار بوو کە پازدە ملیۆن لیتر بوو، یەکێکی تر لە مەنتیقەی خەبات کە ئەویش بە مساحەیەکی گەورەیە. یەکێکی تر لە دهۆك ئێستا خەریکە مانگی دە هەموو تەواو دەبێت ئەویش سیعەی چل ملیۆن لیترە، من موتەئەکیدم لە سلێمانی مستەودع هەیە و لەوێش دروست دەکرێت، ئەمە یەك، دوو وەزعێك خولڤاوە لەناو شارەکانی ئێمە بەنسبەت بەنزین و گازو ئەوانە، بەراستی بەس لە هەولێر سیاراتی تایبەت ژمارەیان گەیشتۆتە 110 هەزار سەیارە، بە تایبەت و بەکرێ و بەهەموو، ئێستا بەس تایبەت 110 هەزارمان هەیە، کرێ و بارهەڵگر و تەکسی و ئەوانە ئەمەش تەقریبەت 70 هەزارە، هی شارەکانی تریش، کە ژمارەی شاری تری هەیە و ئێستا لە هەولێرە، خەڵکی هەولێر کرێویەتی یان موحافەزەی هەولێر ئەوانیش ژمارەیان دەگاتە 250 هەزار سەیارە، تەوفیر کردنی سووتەمەنی بەراستی بۆ ئەم سەیاراتانە ئیشێکی ئاسان نییە، لەسەر ئەوەشدا حکومەتی هەرێم تا ئێستا بەنسبەت سەیاراتی تەکسی هەر سێ رۆژ جارێك 40 لیتر بەنزین دەدات، بۆ سەیاراتی تایبەت هەر هەفتەی جارێك 30 لیتر دەدات، بەنسبەت موەلیدات و بیرەکانی ئاو وئەوانە چ لەناو شارو چ لە دەرەوەی شار، ئێستا یەك لەحزە نەبڕاوە وهەمیشە نسبەی خۆیان وەرگرتووە، برادەرێك پێشنیاری کرد کەوا غاز بدرێ بە کۆبۆن و بەبایع، ئێستا لێرە بڕیار دراوە لەمەودوا بەرێگەی بایع تەوزیع بکرێ، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان وەزیری ناوخۆو کاروباری ناوخۆ پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە کە هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە خۆپیشاندان بکەن، بەڵام ئەوەش بە یاسا بێت، ئێستا ئێمە مەشروعێکمان حازر کردووە، تەقریبەن تەواو بووە، دەینێرین بۆ پەرلەمان، ئیشی رۆژانەی ئێمە نەوەك ئێمە وەزارەت تووشی هەڵە بین کە هاووڵاتی چۆن حەقی هەیە خۆپیشاندان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەراستی هەندێ مەعلوماتی زیادی بۆ داین لەسەر عەمبارەکان، خاتوو گەلاوێژ فەرمووە.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا جەبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت ئەوە کەرتی تایبەت کە پارچە زەوی تایبەت ئامادە بکات تەنها بۆ شەریکات و بۆ رێکخراوەکان، بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی کە لەدەرەوە هاتوون، ئەگەر ئەوانیش بخرێنە ناو کەرتی تایبەتەوە، بەنسبەت گرانی بازاڕ بێجگە لەوەی کە موراقەبە نییە لە بازاڕ لەسەر مەوادەکان، پێشتر کە نرخی بازاڕ بەرزدەبۆوە ئەوە بوو کە بەنسبەت کەرتە تایبەتەکان ئەوەبوو رێگا داخراوە، سەیتەرەکان لەلای حکومەت و ئێمەوە، بەزەحمەت ئەشیاکان بێتەوە ئێرە، کە یەکێك لە ئەسبابەکان ئەوە بوو، بەڵام دوایی کە رێگە دەبۆوە و حەل دەبوو، سعرەکان هەر گران بوون، هیوادارم ئەمە چارەسەر بکرێت، بەنسبەت کرێی خانووەکان من پێشنیار دەکەم ئەو شوقانەی کە ئێستا هەیە ئەوانە تەوزیعی بکەن لەسەر لاجئین، مەوزوعی لاجئین مەوزوعێکی کاتییە، هیوادارم کەرتی تایبەت زوو موعالەجە بکرێت، چونکە زۆر تەئسیری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، بەنسبەت سووتەمەنی بۆ وەزیری ناوخۆ هیوادارم کە تەوزیعی نەوتیش هەر وابێت، پێشتر هەر عائیلەیە لەلایەن وەکیلەوە دوو بەرمیل نەوتی وەردەگرت، یان هەندێ جار هەبوو سێ بەرمیلیان

تەوزیع دەکرد, کە یارمەتیەکی باش بوو بۆ خەڵك, بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە, تەئکیدەن لەسەر لیژنەکانی کە لەناو ئەنجومەنی وەزیران کە هەروەکو ڤیان خان باسی کرد, چوار لیژنەی ڕێك و پێك دانراوە لەناو ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو کارانە, هیوادارم بە زووترین کات دەست بەکاربن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا کاك شێروان قسەی هەیە وەکو سەرۆك فراکسیۆن و سەرۆکی لیژنەی یاسایی, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تەوزیحێکم هەیە, یەکەم ئەو کۆبوونەوانە لەمەودوا پێویستە بەردەوام بێت, ئەو کۆبوونەوانە سوود بەخشە بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەت, ئەو هەماهەنگیە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان, ئێمە زۆر شتمان چارەسەرکردووە, ئەوەی کە کاك عمر باسی کرد ئەو شەفافیەتەی حکومەت, بەراستی ئێمە لەپەرلەمان یەکەم جارە ئەو مەعلوماتەی وەردەگرین, میللەت هەر ئاگاداری ئەو مەعلوماتە نییە, بۆیە بە هەماهەنگی پەرلەمان و حکومەت ئێمە دەتوانین ئەو مەعلوماتە لەرێگەی پەرلەمان بۆ میللەتیش روون بکەینەوە, جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی نەفەقاتی حاکمی کرد, من دەزانم نەفەقاتی حاکم چەندە, چۆنە و چۆن موعالەجە کراوە, بەنسبەت ئەو گرێبەستانەوە ئێمە ئاگادارین بۆ کارەبا کە کراوە, ئەو گرێبەستانە ئینتیزاری ئەوە دەکەن کارەبایەکان بەگوێرەی ئەو عەقدەی کە کراوە کۆتایی پێ بێت, سوود لەو کارەبایە وەرگرین, ئەو مەعلوماتانە بە حەقیقەت لەلای میللەتەوە نییە, بۆیە من دەڵێم ئەو کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی زۆر سەرکەوتووە, ئومێدەوارم کە بەردەوام بێت, خاڵێکی تریش هەیە من دەمەوێ ئیشارەتی پێ بکەم, ئەویش ئەوەیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ ئەبێ روون بکاتەوە بۆ میللەت چ لەرێگەی خۆی بێت, چ لەرێگەی پەرلەمان دەسەڵاتی چییە بۆ چارەسەرکردنی سووتەمەنی, دەسەڵاتی چییە بۆ چارەسەرکردنی کارەبا, دەسەڵاتی چییە بۆ چارەسەرکردنی نرخی بازاڕ, ئەمانە قۆناغ بە قۆناغ روون بکاتەوە, رەنگە زۆر تەبریراتی زۆر مەعقول و مەنتیقی هەبێت کە میللەت لێی بێ ئاگایە, جگە لەوەش پێویستە بەحەقیقەت پەرلەمانیش موتابەعەی حکومەت بکات و هاوکارییەکی زۆر هەبێت, بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوەی حەقائیقە لە رێگەی پەرلەمانەوە بە خەڵکی خۆمانی تێبگەیەنین, بۆ ئەوەی صورەتێکی وازحیان هەبێت بۆ ئەو مەسەلانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم زۆری کرا ئەوانەی ئیشارەتم بۆ کرد, بەڵام من دەڵێم کارەساتی میللەتان ئەگەر ئەولەویات لەکارەساتی میللەتان باس بکەین ترس و برسیەتی, ئەلحەمدولیلا کوردستان ترسیەکەی نییە, بەڵام برسیەتیەکەی زۆر زۆرە, هەر نموونە ئافرەتێك لەم رۆژانە لە رادیۆ قسەی کرد, خۆی مامۆستایە و هاوسەرەکەشی مامۆستایە باسی لە کرێ خانوو کرد, وتی خۆم و هاوسەرەکەم راتبمان بدەین بە کرێ, بەیانیان عەبا بدەم بەسەرم لە گەرەکێکی غەیری خۆمان دەچم سواڵ دەکەم, کەواتە کێ بەرپرسە لەوە, کێ بەرپرسە لەوەی کە ئافرەتێك چەند ساڵ بخوێنێ, ئەمرۆ پارەکەی خۆی و هاوسەرەکەی تەنها بەشی کرێ خانوو بکات, یان چەند لە هاوسەرداران یاخود دەزگیراندار لە مەحکەمەکانی کوردستان دەستبەرداری یەك دەبن, لەبەر ئەوەی ناتوانن کرێی خانوو دابین بکەن, کەواتە یەکێ لە ئیشەکانی حکومەت رێك خستنی ژیانی هاووڵاتیانە بەراستی ئەولەویەتی ژیانی هاووڵاتیان ئەمرۆ نەهێشتنی برسیەتیە بە هەموو مەعنایەکەوە, ئیتر برسیەتی سووتەمەنی بێت, یاخود برسیەتی پارە بێت, یا هەر برسیەتیەك بێت, ئەمرۆ شاڵاوێکە هاتووەو کوردستان بەرەو خەتەرێك دەبات وئەو ئاسایشەی کە هەشە ئەگەر بێتو بەردەوام نەتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین, ترسیش پەیدا دەبێت, کە نسبەتێك لە دەستدرێژی بۆ سەر ماڵان زیاد دەبێت, بەوەی کە ئینسان ناتوانن ژیانی

خۆیان دابین بکەن و حدودی ماڵی خەڵکیش دەبەزێنن, خاڵێکی تریش بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە وەکالەت باسی لەوە کرد کە شتمان زۆر کردووە, خەڵکمان زۆر هێناوە و عەقدمان نووسیوە, هەمووی کراوە, بەڵام نەبووە, ئێمە ئێستا دەپرسین ئەی پلان چییە بۆ ئەوەی ببێت, ئەگەر جاران قانونی ئیستیسمارمان نەبووبێت, ئەمڕۆ قانونی ئیستیسمارمان هەیە, ئێمە باس لەوە دەکەین کە کوردستان بەرەو سەربەخۆیی تەواو بڕوات, ئێمە ئەمڕۆ بۆ هەر شتێك بگەڕێینەوە بۆ مەرکەز, ئەی کوا دەتوانین و چۆن دەتوانین ژیان بەردەوام بەو شێوەیە بڕوات, یانی وەکو پرسیارێك پلان چییە بۆ داهاتوو؟ بۆ ئەو هەموو کێشانەی باس کران, کارەبا یان سووتەمەنی, یان بەنزین یان کرێ, خاڵێکی تر باس کران, خەبیرمان نییە, ئەی باشە من دەپرسم ئێمە هەموو ڕۆژێ گوێمان لێ دەبێت لە فلان شار و لە فلان شارۆچکە دەمانەوێ زانکۆیەك لە کوردستان بکەین, ئەی کوردستان چەند ساڵە چی کردووە, نەیتوانیبێ خەبیر لەو زانکۆیانە تەخەروج پێ بکات, ئەی خەبیرێك بێت قوتابیانی زانکۆ فێرە خیبرەت بکات لە مومارەسە, تاکو پسپۆر بن لە بوارەکانی خۆیان, ئەی ئێمە بۆچی بچین خەبیرێك لە خارج بێنین, لێرە مومارەسەی خیبرەی خۆی بکات, بۆ کەسانی پسپۆر و کارامەی خۆمان نەنێرین دوو ساڵ لەوێ بن بۆ ئەوەی ببن بە سەرمایەك بۆ خۆمان, سەرمایەکی کوردەواری, خەبیر بن لە هەموو بوارەکان, خاڵێکی تریش کە کاك زانا ئیشارەتی پێکرد منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی, ئەو موجەمەع, ئەوانەی کە دێن لە جنوبەوە بۆ کوردستان, من وەکو کاك خورشید ئیشارەتی پێدا بیستومە بەتەواوی کە دەڵێ هەر کەسێك لە جنوبەوە دێ بۆ کوردستان هەر خێزانێك, هەر سەر خێزانێك, سێ سەد هەزار دیناری دەدەنێ, ئەگەر خێزانێك پێنج کەس بن, دەکاتە ملیۆنێك وچەند, کەواتە دێن لەسەر ئێمە, لەو بیئەی ئێمە و کارەبای ئێمە و غازی ئێمە, ئەوانیش هەموو بەشدارن, ئێمەش سەفقەیەکی تیجاری بکەین لەگەڵیاندا, مادام بانگ دەکرێن بۆ کوردستان, ئێمەش حصەی نەوتی خۆمان زیاد بکەین لەوێوە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام لەکاتی قسە کردندا نابی بڵێی بیستوومە, دەبێ ئەندام پەرلەمان بەڵگەی پێ بێت, بە بەڵگەوە قسە بکات, من ئێستاش دەڵێم بەبێ ئەوەی حکومەت قسە بکات دەڵێم ئەو قسەیە ڕاست نییە, چونکە مەنتیقی تێدا نییە, ئەگەر بێتو لەڕووی ئیقتیصادیەوە هەموو جەنابتان لێرەن و ئیقتیصادین, ئەگەر ئەزمەی سەکەن زیادی کردبێت بە هاتنی ئەوانەوە, کێشەی ئەمنی نەبێت کە مەترسیمان هەیە, هاتینە ئەوانە کۆمەڵێك پارەیان هێناوە, هەریەکە چوار دەفتەر و پێنج دەفتەر و موڵکی فرۆشتوە و هاتووە لێرە صەرفی دەکات, بەڵام ئێمە جانبەکەی ترمان لا مهیمە, یەك جانیبە ئەمنیەکەی, یەکیش کرێ خانووەکە بەرزبۆتەوە, ئەگینا ئەو قسەیە مەنتیقی تێدا نییە, لەبەر ئەوە بێ ئەوەی بپرسم دەڵێم ڕاست نییە.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لاجئین ئێمە ئیحصامان هەیە, ئەوەی کە نیشتەجێ بووە لە هەولێر نەگەیشتۆتە هەزار نەفەر, هەزار نەفەر یانی دەکاتە 200 عائیلە, یانی ئێمە با مەسەلەکان زۆر گەورە نەکەین, ئەوەی کە دەڵێ هەر نەفەری سێ سەد هەزاری دەدەینێ, ئەوە هەر عائیلەی چەند دەکات, ئەی عەزوی پەرلەمان مەعاشی چەندە, ئێمە هەر عائیلەیەك ئەگەرحەوت نەفەر بێت, ئەوە دەکاتە دوو ملیۆن و دووسەد هەزار, لەکوێی بێنین, یانی بەڕاستی دەبێ ئەم دیعایات و ئەو شتانە دەبێ زۆر تەئسیرمان لێ نەکات, ئێمە ئەو لاجیئانەی کە هاتوونە هەموو لای ئێمە تۆمار کراون, دەزانین هەر کەسێك کە لەکوێ خانووی گرتووە و لەکێ بەکرێ دانیشتووە, باوەڕ بکەن نەگەیشتۆتە هەزار نەفەر لە هەموو موحافەزەی هەولێر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت, بەڕاستی لەجێی خۆی بوو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆكی حكومەت بەوەكالەت و وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم, من دوو خاڵم هەیە, ئێمە لەپەرلەمان چواردە لیژنەمان هەیە, ئەگەر لیژنەكان چاودێری ئیش وكاری وەزارەتەكان بكەن, پاش ئەوەی سەردانیان بكەن و هەرجارەی یەك وەزیر بانگ بكەن, لێرە دەتوانین بەتێروتەسەلی باس لە هەموو كێشەكان بكرێت, بەڵام من دەپرسم ئایا ئێمە ئەو پارەی هەمانە چەندی دەتوانین صەرفی بكەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەوزیح, ئێمە وتمان لە بیدایەتەوە ئەو دانیشتنە, دانیشتنێكە بۆ گفتوگۆ, دانیشتنێكی نائاساییە, یەك دانیشتنی بانگهێشتی سەرۆكی حكومەت و ئەندامانی كابینە, ئەم دانیشتنە بۆ ئالوگۆڕكردنی ڕەئییە, بۆیە وا كراوە, ئەگینا بەنووسین بنووسرێ دەبێ, پێشتر بۆیان بنووسرێ, پرسیارەكان تەحدید بكرێ.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئاینده, ئاینده ئەو شتە بكرێت و وەزیری پەیوەندار بانگ بكرێت, لێرە قسە بكرێت, ئێستاش قسەی باش كرا, بەڵام لە ئاییندەدا وابكرێت, سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی كاك عمر فتاح و وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم, ئەم كۆبوونەوەیە بە سەرەتایەكی باشی دەزانم بۆ ئایندەی كاری پەرلەمانی لە هەرێمی كوردستاندا, من سەرەتا حەز دەكەم باسی گرانی بازاڕ بكەم, لای هەمووماں ئاشكرایە كە سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرەو بازاڕی ئازادە, كە ئەویش بە مەبەستی گۆڕینی ئابووری كوردستان لە ئابوورییەكی ناوەندی ئاراستە كراوەوە بۆ ئابووریەك كە ئیعتیماد دەكاتە سەر كەرتی تایبەت, بێگومان كەرتی تایبەت, لەسەر سیستەمێك كاردەكات كە سیستەمێكی تایبەتی صەرفە, كە لەسەر عەرض و قازانج و تەلەب و بەپێچەوانەی ئەو سیستەمەی كە هەرێمی كوردستان كاری لەسەر دەكات كە ئاستەنگە كۆمەڵایەتیەكان ڕەنگدانەوەی هەیە لەسیاسەتەكانی حكومەتدا, خەدەمات و شت پێشكەش دەكات بەبێ ئەوەی ڕەچاوی زەرەرو قازانج بكات, لەبەر ئەوە دانانی هەر تەقییدێك یان ڕێگرێك لەبەردەم كەرتی تایبەت, كاریگەری خراپی دەبێ بۆ سەر ئیقتیصادی وڵات, من وای بەباش دەزانم كە پێویستی هەیە بە یاسای تایبەت چارەسەر بكرێت, ئەو یاسایەش یاسای پشتگیری ئیحتیكار لە هەرێمی كوردستان سەربگرێ, بۆ دانانی ئاستێك بۆ ئەو بەرزبوونەوەیە, بەنسبەت كارەبا و سووتەمەنیەوە, هەمووماں دەزانین بەهۆی ئەو زیاد و كەمەی ئەو نێردراوەی كە هەر لەسەردەمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق, لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ لە كوردستاندا پەیڕەویان كردووە, هیچ پرۆژەیەكی ستراتیژی گرنگ لە هیچ بوارێكدا نەكراوە, نەلەبواری سووتەمەنی و ئەوانەوە جێبەجێ نەكراوە بەمەبەستی بە پاشخستنەوەی ئابووری كوردستان, ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە گوێرەی دەستووری تازەی عێراق ماددەی 110 كە ئەمڕۆ ئێمە باسی كارەبا دەكەین, كارەبا لە زمنی صەفقاتی هاوبەشی نێوان حكومەت و هەرێمدایە, لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر ئەو قەیرانانەی كە لێرەو لەوێ ناو بەناو سەرهەڵدەدات, بنەمای سەرهەڵدانەوەیان هەر لە كوردستاندا بەردەوامە, لەبەر ئەوە ئەو قەیرانە ئەگەر بەدەرەجەیەكی زۆر بیكەینە ئەستۆی حكومەتی عێراق و بەشێكی لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان, بەڵام بەشێكی پەیوەندی بە كەلتور و فەرهەنگی كۆمەڵگای ئێمەوە هەیە, لە خراپ بەكارهێنانی ئەو دوو ماددە سەرەكیەی كە لەكوردستاندا ئەمڕۆ زەرووره, ئێمە مادام كێشەكەمان لە بەغدایە  وزۆربەی زۆری كێشەكان دەبێت لەبەرچاو بگرین, ئێمە ژمارەیەكی زۆر كەوادیری پسپۆری تایبەت لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا ئاستی وەزارەتەكان بەتایبەت لە وەزارەتی صناعە و نەوت و كارەباو جێگر وەزیرەكانمان هەیە, من پێشنیار دەكەم كە میوانداری ئەو بەڕێزانە بكرێ بۆ پەرلەمانی كوردستان, چونكە ئەوان زیاتر لە ناو كێشەكاندا دەژین و زیاتر هەڤاڵگیری

سیاسەتی وردو درشتی ئەو وەزارەتە مەعنیانەن, بەتایبەت وەزارەتی کارەبا و سووتەمەنی, بانگ بکرێن بۆ ئێرە و لەرێگەی ئەوانەوە بەراستی سەرەتای داواکارییەکان بە حکومەتی عێراقی پێشکەش بکرێت, من پێشنیار دەکەم بودجەیەکی ئیزافی بەدەر لە بودجە بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ وەزارەتەکانی سووتەمەنی و وەزارەتی نەوت و وەزارەتی کارەبا, بودجەیەکی ئیزافی دابندرێ بۆ دەعمی ئەو مەسەلەیە, ئەو بودجە ئیزافیە بەتایبەت ئێمە کە لە بواری بەرهەمهێناندا, کارەبا بواری بەرهەمهێنان دەگرێتەوە, بێگومان ئەو ئوسلوبە لە دونیا موتەبەعە کە شەریکاتی ئیستسماری لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا, محەتاتی تەولید بێننە ئەم وڵاتانەوە, ئەوان لەوانەیە بەسعرێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رێك بکەوێت کە لەگەڵ ئاستی گوزەرانی ژیانی خەڵکدا نەگونجێت, مەبەستم لە دانانی ئەو بودجەیە, بۆ دەعمی مەسائیلی کارەبا و سووتەمەنییە, ئێمەش بڕیار بوو لە هەرێمی کوردستاندا دوو پاڵاوگە دروست بکرێت, لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە وەزارەتی صناعەی عێراقییە, من ئەپرسم تا ئێستا ئەوەندەی من ئاگادار بم وەزارەتی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان دانیشتنێکی لەگەڵ وەزارەتی صناعەی عێراقی نەکردووە, ئەگەر کرابێتیش من ئاگادار نەبوومە بەراستی, کە ئەوە دوو پرۆژەی ئیستراتیجی زۆر گرنگە لە 70٪ پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان لە سووتەمەنی دابین دەکات, ئەوە پەلەی تێدا بکرێت و ئەو گرێ و عەرقەلانەی کە دێنە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ بکرێت, وەزارەتی کارەبای عێراقی دەڵێت تا ساڵی 2012 کێشەی کارەبا بەردەوام دەبێت, لەبەر ئەوە مەفروزە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیعتیماد نەکەینە سەر بەغدا, چەند پرۆژەیەکی ئیستراتیژی بەدیل بکرێتەوە, هەروەها بۆ نەوتیش بەهەمان شێوە, هەندێ کێشە و گیروگرفتی ئیداری دروست بووە بەتایبەتی لە بواری کارەباو ئەوانەوە, ئێمە ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزاو کەوادیری خۆمان لە مەجالی کارەبا زۆر دروست ببوو, موعالەجەیەکی زۆریشیان کرد چ لەگەڵ undp, چ لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی کوردستاندا کە ئەوان زیاتر لە تەفاصیلی ئەزمەی ئەو مەسەلەی کارەبا لە کوردستاندا شارەزا بوون, بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران, وا بڕیارە کە زۆرێك لەوانە ئیحالەی تەقاعود بکرێن, من پێشنیار دەکەم کە ئەوانە وەك موستەشار کەڵکیان لێ وەربگیرێ دەربارەی راوێژ کردن بەمەسەلەکانەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندام زۆر ماوە قسەی نەکردوە و وەختیش کەم ماوە, دوایی ئەو ناوانە دەخوێنمەوە کە ناویان نووسیوە بۆ قسە کردن, جەلسەی داهاتوو بۆ ئەوانەیە کە قسەیان نەکرد, ئێستاش کاك بکر فتاح بەڵکو دوو قسە دەکات دژی براکەی, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو کۆبوونەوەی کە کردمان بەراستی کۆبوونەوەیەکی زۆر بەسوود بوو, گفتوگۆیەکی زۆر کرا, ئەو قسانەی کە برایانی ئەندامان کردیان دووبارەیان ناکەمەوە, بەڵام تەنها یەك مولاحەزەم هەیە, ئەویش ئەوەیە کە مەسئولینی حکومەتەکەمان بۆ ئەوەی رووبەرووی ئەو کێشە و گیروگرفتانە ببنەوە, پێویستە ئەوان رووبەرووی ببنەوە لەکاتی خۆیدا, ئێستا دەنگۆیەك هەبوو کە پێش ماوەیەك خۆپیشاندانێك دروست بوو, دوای ئەوە وەزعی کارەبا تۆزێك باشتر بوو, خەڵك وای باس دەکەن, من دەپرسم ئایا ئەو ئەزمەیە لەکوێوە دەستی پێکرد؟ ئەو رۆژنامانەی کە خۆیان بە ئازاد دەزانن باس لەو مەسەلەیە بکەن, کە مەسەلەیەکی گەورەیە و چارەنووسی میللەتەکەمانی پێوە بەندە, ئەویش مەسەلەی کەرکووکە ئەوەتا هێرش دەکەنە سەر گەلی کورد لە کەرکووکدا کەگوایە ئێمە هەوڵی بە کورد کردنی کەرکووك دەدەین, کەچی لە کاتێکدا کە ئەو ئەزمەیە بووە هۆی ئەوەی کە ئەزمەی نەوت دروست بکات لای ئێمە, بەڵام کەناڵەکانی راگەیاندن هەر ئیهتیمامیشیان پێ نەدا, من بۆیە دووبارە تەئکیدی دەکەمەوە کە مەسئولینی حکومەتی ئێمە پێویستە رووبەرووی کێشەکان ببینەوە, لەکەناڵەکانی راگەیاندن بۆ خەڵکی روون بکەنەوە, تاکو خەڵکیش لای ئاشکرا بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام من تەعلیقێکم هەیە بۆ قسەکانت، ئەو موزاهەرانەی کە دەکرێت حەقی خۆیەتی ئێمە بزانین ئەو موزاهەرەیە بۆچی دەکرێت، ئەگەر داواکارییەکانیان حەق بێت، لەو مەوزووعە حەقە، نەوتە، کارەبایە، تەبیعی یە حکومەتیش کۆبوونەوە دەکات لەسەری، پەرلەمانیش کۆبوونەوە دەکات لەسەری، ئەگەر حەق بێت، تەبعەن ئەگەر ناحەق بێت، حکومەت موعانەدەی دەکات، بەڵام کێشە بەراستی هەیە، کێشەی کارەبا هەیە، کێشەی نەوت هەیە، کێشەی بازاڕ هەیە، حکومەتیش هەستی پێکردووە و چەندین کۆبوونەوەی کردووە و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبوویتەوە، لەپەرلەمانیشدا ئێمە باسمان کردووە، چووینەتە شارەکان و چووینەتە بازاڕ، ئەو کۆبوونەوەش لەبەر رۆشنایی ئەوە بووە، بۆیە واجبی پەرلەمانە بەدوای ئەو کێشانە بچێتەوە، فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت منەوە تەنیا خاڵێکم هەبوو کە ئەویش کێشەی کارەبایە، ئەو نرخەی موەلیدات کە بۆ سلێمانی دابین بکرێت و ببێتە نرخێکی گونجاو، خەڵك بتوانێ بەو سیعرە کارەبا راکێشێ بۆ ماڵەکانیان، لەکاتێکیشدا بۆمان دابین بکەن کە کارەبای عام کوژایەوە ئەوەمان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی کێشەکە گەورە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمی ئەو بۆچوون و پێشنیارانەی هەڤالان کردیان ل جێی خۆدانەو پشتەڤانیا دکەین بەراستی، ئەز لە بواری کارکردندا ئەز دبێژم ئەمانە هەمی وەکی پلانن، لسەر مە بۆ جێبەجێ کرن، ئەگەر ئەم وەکی حکومەت و دەسەلات نەچین بە پێویستی بە خەلکی دابین بکەین، کە کو سبەی دەوڵەتەکی سەربەخۆ پێ رابگەیەنین، بەس لێرەدا شتەکی دەبێژم کە سەرنجی خەلکی راکێشن و کە دانانا سەقفەکی بۆ دابین کرنا کەهرەبێ کە دوو سێ ساڵان بێت، ئەمە شتە ناکرێ، بەرێ سێزدە ساڵە تا نوکە ئەگەر هەر سێ ساڵا دانانا سەقفەکی ئەوە زۆر شتمان دەکرد، ئەڤە لایەنێك لایەنێکی ئەڤ مولاحەزاتانە لەسەر گرانی و لسەر سووتەمەنی، باسا مستەودع دی ئیحصاییێ بەڕێز کریم سنجاری ئیشارەت پێداین، مەزنترین مستەودع کە ببێتە مستەودعێ ستراتیژی بێتە کرنێ ئەو هەندێ مستەودع چارەسەری ئەڤ موشکیلانە ناکات، پێویستا مە بەنزین و سووتەمەنی وەکی ئاوێیە، کە رۆژانا مە یەك تەن دێتە صەرف کرن، کو مەخزەنێکی بچووك رۆژانە کە ئینتاجی بێت، مەسەلا گرانی بازاڕ مەسەلە هەرزانکردن، دەبێت حکومەتا مە هەندێك مەناتیقی تیجاری پەیدا بکات و حکومەت کەرتی ئەهلی هەندە پێویست بێت، ئیحتیماله ژ گەلەك هەرزانتر پەیدا ببێت، چونکە هەندەك مەناتیق ببێتە شوێنی تیجاری، با هەندە زەریبەی تەصاعودی هەبێت، کە ئەمە وارداتێ بۆ حکومەتا پەیدا کری، کە واریدا حکومەتا زێدە بوو، دشێت مەشاکیلێ مەعاشی چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەهەموو شێوەیەك چارەسەری وەزعەکە دەکەین، هەوڵێکی یەکجار زۆریشمان داوە لە رێگەی بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی کە خاوەن موەلیدەکان هان بدەین بۆ ئەوەی موەلیدەکانیان دابنێن، دەتوانم بڵێم لە 95٪ی ئەو مەرجانەی کەخاوەن موەلیدەکان بەتایبەتی کۆمەڵەی موەلیدە ئەهلیەکان داوایان کردووە لە وەزارەتی کارەبا لە 95٪ مان بۆ جێبەجێ کردوون، بۆ نموونە داوای هەندێ پارمەتیان دەکرد بۆ ئەوەی موەلیدەکانیان زیاد بکەن، ئێمە وەکو وەزارەت بڕیارمان داوە کە بەدابین کردنی ئەو وایەرانەی کە بۆ ماڵەکان رادەکێشن بۆیان دابین بکەین، ئێمە رازین لەسەر ئەوەی کە فەرمانبەران و کارمەندانی وەزارەتی کارەبا هێڵەکانیان بۆ دابنێن، تەنانەت صیانەشیان بۆ بکەن، ئێمە وامان کردووە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ پەیوەندیمان لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لەگەڵ شارەوانی سلێمانی کە شارەوانی داوا لە خاوەن موەلیدەکان نەکەن کە موەلیدەکانیان لاببەن، ئێمە وەکو پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆکیش بەڵێنمان پێداون کە بەرێگەی پارێزگای سلێمانیەوە لە 75٪ ی ئەو گازۆیلەی کە صەرفی دەکات بە نرخی رەسمی کە حکومەت دەیدات بۆیان دابین بکەین، تەبعەن بڕی ئەو گازەش پەیوەندی هەیە بە هێنانی لە شوێنەکان، واتە ئێمە ئەو پەڕی

هاوکاریمان کردوون و هەوڵمان داوە, چونکە دەزانین لە کاتێکدا موەلیدە ئەهلیەکان لە هەولێر هاوکارییەکی باشی هاووڵاتیان دەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاک اسماعیل محمود بەناوی نوقتەی نیزام موداخەلەی هەیە با بفەرمێ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دوای قسەکان وەکو باسم کرد ئەهمیەتێکی گرنگی هەیە, یەکێك لە برادەرانی ئەندام پەرلەمانی عێراق کە کاك اسماعیل یوسف موتابەعەی قسەکانم کردووە, دەڵێ پێنج رۆژە داوای بینینی وەزیری مالیە دەکەم نەمتوانیوە بیبینم, حەقە وەزیرەکان رێگە خۆش بکەن بۆ بینینی هاووڵاتیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەیەکی باشە, وەزیری مالیە فەرموو وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ داوایەك پێشکەش ئێمە نەکراوە, هەر وەخت حەز دەکات سەردانمان بکات, دەتوانێ تەشریف بێنی, بۆ ئەوەی باس لە مەسەلەی بودجە بکات ئەگەر ئەوە مەقصەدیتی یاخود هەر بابەتێکی تر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو ناوانە دەخوێنمەوە کە قسەیان نەکردووە, بەڵام داوای لێبوردنیشیان لێ دەکەم, کە وەختی بەسەردا چووە و تەئکیدی دەکەمەوە وەکو ئەوانەی قسەیان کرد, رەنگە هەندێکیان زیاتر قسەیان پێ بێت و سوودی هەبێت, بەڵام هەر وایە دەبێ هەندێ کەس لەو جەلسەیە مەغدور بێت, بەڵام وەعدیان پێدەدەم لە جەلسەی داهاتوودا ناوەکانیان لای خۆم بمێنێ, جەلسەی داهاتوومان زۆرە, تەندروستیمان لەپێشە, وەزارەتی ناوخۆمان لەپێشە, زراعەیە, شارەوانییە, زۆرن, ئینجا لە جەلسەی داهاتوودا ئەو ناوانەی کە قسەیان نەکردووە, ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان نەکردووە کاك فتاح نقشبندی, کاك ایدن عوسمان, کاك عزالدین, کاك ئاخر شێخ جمال, کاك جمال بۆتانی, صبریە خان, کاك محمد احمد صالح, کریم بحری, کاك عوسمان احمد محمد صالح, خاتوو سارە, کاك رەمەزان عبدالرحمن, کاك دلێر محمد شریف, کاك شهاب عبدالله, کاك مەلا سعدالدین, خاتوو فخریە مصطفی, کاك عزالدین باقسری, کاك شعبان محمد صالح, خاتوو کوردستان پیرداود, کاك تەلعەت محمد صالح, خاتوو شرین دینۆ, دکتۆرە شکریە رسول, خاتوو رەمزیە رشید, کاك عبدالرحمن احمد, کاك شێخ الله ابراهیم, کاك شێخ جعفر, خاتوو گیلاس خان, ئەوانە قسەیان نەکردووە, من زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم, سوپاسی کاك عمر فتاح سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت و برا وەزیرە بەڕێزەکان بەگشتی دەکەم, ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو و کۆیدەکەینەوە ئەو پێشنیار و شتانە و بەرەسمی دەدەینە حکومەت, ئومێد دەکەم لە کۆبوونەوەی داهاتوودا, ئەگەر دانیشتنێك بوو, ئەوە ئاگادارتان دەکەینەوە, بەتەئکید سەرەتای مانگی نۆ کۆبوونەوەی خۆمان دەکەین و بەرنامەی ئینشائەڵڵا زۆرمان لە پێشەو ئیشێکی زۆرمان لەپێشە و سەرکەوتووبن و زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێرى ئەنجومەنى نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)**
**جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتى**
**سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**